

٢

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی

ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

سەرجەمی بەرهەمی

شاکر فەتاح

تصوير أبو عبد الرحمن الكردي

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

سەرجەمی بەرهەمی

شاکر فەتاح

کتێبی دووەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

سەرجەمی بەرهەمی

شاکر فەتاح

کتێبی دووەم

ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی
ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی

ناوی کتێب: سەرجەمی بەرهەمی شاکر فەتاح- کتێبی دووەم
ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٢٧٥
دەرهێنانی هونەری و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی + دڵشاد مستەفا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٤)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دراوەتێ

پێشەکی

چیرۆکی کوردی کە (حیکایەت و نەقڵ) بوو، سەرەتاکەی زۆر ڕۆچۆتە قووڵایی مێژووی نەتەوەکەمانەوە، دەماو و دەم، جار جار لە شێوەی (بەیت) و (چامە)دا گەلێ لایەنی بەزیندوویی پارێزراوە ماوەتەوە.

کێ دەڵێ، لەوانەیە لە پەناو قوژبنەکانی مزگەوت و قسن و گوندە دوورە دەستەکانی ناو دۆڵ و دامێنی کێو و شاخەکان و دێر و کڵێساکانی کوردستاندا دەسنووسی پواوی هەلا هەلا مابن و لە پاڵ چەندان چامە و پارچە شیعری شاعیراندا بەیت و حیکایەتی کۆنی ئەم نەتەوەیان گرتبێتە خۆ... بەڵام تا ئێستا پەیی پێ نەبراوە.

هەتا چەند ساڵێ لەمەوبەر ئێمەی هەڵوەدای وشەی کوردی، (لە خەوما)کەی جەمیل سائیب، ١٩٢٥مان دادەنا بە(سەرەتای چیرۆکی هونەریی کورد)، بەڵام پاش ماوەیە ئەوە خرایە ڕوو کە دەبێ لایەکیش بەلای ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ١٩٢٠-١٩٢٢ دابکرێتەوە و بڕوانرێتە (ئەو چیرۆکە کوردییە بڵاوکراوانەی ناو ڕۆژنامەکە و... لەهەمان کاتدا بڵاوکردنەوەی چیرۆکی تەرجەمەکراوی ئەورووپی)[1]. لە ڕاستیشدا بڕیار و بیرکردنەوەیەکی بەجێیە و دەبێ ئەوە بزانرێ کە ئەوانەی ناو پێشکەوتن-یش هەروا لە پڕ بێ بنەماو پێشینەیەک پەیدا نەبوون و نەخراونەتە سەر لاپەڕەکانی ئەو ڕۆژنامەیە.

دوای ئەمەش دەنگوباسی بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکەی (فوئاد تەمۆ) لە ١٩١٣دا هاتە گۆڕێ و مێژووی ئەو سەرهەڵدانەی قۆناغێک بردەوە دواتر.

د. فەرهاد لەمە دەڵێ: «لە ژمارە ١ و ٢ی گۆڤاری ڕۆژی کورد لە ئەستەمبوڵ ساڵی ١٩١٣، زاراوەیەکی ئەدەبی تازە، کە واتای ژانرێکی ئەدەبی نوێ دەگەیەنێ لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا سەری هەڵدا: چیرۆک، لێرە بەملاوە -چیرۆک- وەک ژانرێکی تازە، ناوێک بۆ خۆی وەردەگرێت و دەچەسپێت و بڵاو دەبێتەوە.

ئەم یەکەمین چیرۆکە بەپێنووسی فوئادی تەمۆ نووسراوە، هەرچەندە کورتە و تەواویش نەبووە، بەڵام سیستەمی دەرەبەگایەتی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لە ڕووی هونەریشەوە، دیالۆگ و مەنەلۆگ و گرێ و شیکردنەوەی سۆز و ئەندێشەی پاڵەوانی تێدایە، جگە لەمەش بەپێچەوانەی حەکایەت و هەبوو نەبوو، کاتی ئێستای بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەکاهێناوە، لە هەمان گۆڤاردا، لە ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩١٣، چیرۆکا کرمانجی، لە نووسینی: کندۆ، بڵاوکرایەوە».[2]

هەر لەم بەرهەمە دەستنیشانکراوەی د. فەرهاددا، ئەوە سەلمێنراوە (بەبەڵگەوە) کە (مەلا مەحموودی

(١) مامۆستای کورد - گ: ژ (١١ و ١٢)، فەرهاد پیرباڵ - چیرۆکەکان.

(٢) د. فەرهاد پیرباڵ: مەلا مەحموودی بایەزیدی ١٧٩٩ - ١٨٦٧ یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ژمارە ٢٨١، ساڵی ٢٠٠٠، هەولێر، ل: ١٧١ - ١٧٢.

بایەزیدی ۱۷۹۹ - ۱۸٦۷) دەبێتە یەکەم چیرۆک - پەخشاننووسی کورد، ئەویش لە ڕێی ئەو چیرۆکانەی کە مەلا مەحموود بەپەخشان نەک بەشیعر تۆماری کردوون.[١]

ئەو ڕایەی سەروتری ئێمەیش لەوەوەیە کە ئاینده و داهاتوو تا دێت شتی تازەیان پێیە و سەبارەت پەخشان و چیرۆکی کوردی، مێژووەکەی زۆر ڕۆ دەچێتە قووڵایی مێژووەوە.

هەرچەندە پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار لەم بارەیەوە ڕایەکی جیاوازی هەیە و ئەوەی لە دانیشتنێکدا بۆ روون کردمەوە کە: مەسەلەی ئەو پێشینانەی چیرۆکی کوردییە (مەلا مەحموود و فوئاد تەمو و ئەوانی دی) بۆیە نابنە بنەما و دەسپێکی ئەم ژانرە چونکە بەدویاندا بەرهەم نەهات و نەبووە خوویەک و نووسەران لەسەر هەمان شێواز بەرهەم بدەن، هەر ئەو هەوڵدانانە -محاولات- بوون و تەواو.[٢]

بەڵام دەبێ لە بەرامبەر ئەم بۆچوونەدا ئەوە بوترێ کە: بەپێی بار و زروفی رۆشنبیری ئەو سەردەمە، هەر ئەوە بووە کە کراوە، ئەو کارانەش وەک هەموو سەرەتایەک نابێ داببڕێن لەوانەی بەدوایاندا هاتن، کە ئێمە بەدوای نموونەی چیرۆکدا بگەڕێین لە مێژووی ئەدەبەکەماندا، لەوانە زیاتر چنگ ناکەون، ئەوانی دوایی درێژبوونەوەیەکی دەسپێکەکەی ئەو پێشەنگانەن کە بەحوکمی بەرەو پێشەوەچوونی باری رۆشنبیری و هێنانی کەرەستەی نووسینی خێرا -چاپخانە- ئیدی شێوازە نووسینەکە یا ئەو ژانرە کەم کەم زیاتر و سفتتر خۆی دەخستە روو و سوودیشی لە تەجرەبەی گەلانی تریش وەردەگرت.

ئەوەندە هەیە، وەک مامۆستا د. مارف خەزنەدار دەڵێ: «لە چارەکی دوایی سەدەی نۆزدەمیشەوە پەخشان بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە لە ئەدەبدا، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی نەتەوایەتی ڕێنیسانسی کولتووری دەستی پێ کردووە، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا رۆژنامەی کوردی پەیدا بێ، رۆژنامەی کوردستان ۱۸۹۸ لە قاهیرە»[٣] تا رۆژگارەکە بەرەو پێش دەهات دەسکەوتەکانی وێژەی کورد لە پەخشان و دانانی بناغەی ئەم شێوە نووسینەش زیاتر لەو زەمینەیەیدا سەری دەردەهێنا، هەتا کە چاپ و چاپخانە گەیشتە کوردستان، ئیدی بابەتەکە برەوی سەند و بووە بەشێکی سەرەکی لە هونەری نووسین و ئەدەبیاتی کوردی.

لە بیستەکانی چەرخی رابردویشەوە هونەری پەخشان تان و پۆی لێ بۆوە، دەستی بەخۆیدا هێنا و نووسەران هەوڵی ئەوەیان دەدا لە ڕێی ئەو جوانکاریانەوە مەبەست و مەرامەکانیان بچەسپێننە دڵەوە و کاریگەرتربێ... بەتایبەت کە ئەم هونەرە تازەیە دەستی دایە ململانێکردن لەگەڵ شیعری شاعیراندا.

ساڵانی بیستی چەرخی بیست کۆتایی نەهات کە (چەندانێ) لە نووسەرانی ئەم بابەتە بەدیارکەوتن و ناویان لە دنیای نووسینی وتاردا کەوتە سەر زاری خوێنەران، دیارە سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی و

(١) هەمان سەرچاوە: ل ١٦٧.

(٢) لە دانیشتنێکدا شەوی ٢٨/٢٩-١٠-٢٠٠٢ لە ماڵی خۆیان.

(٣) باسکار - گ: ژ (١) هاوینی ١٩٩٨ لەندەن، پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار، پەخشانی هونەری کوردی ١٩٤٥ - ١٩٦١، ل: ٧٣.

دەرچوونی (هەر لە قاهیرە و ئەستەمۆڵ و بەغدا و ورمێ و سلێمانی و شام و ڕەواندزەوە) وای کرد کە بەرە بەرە لقەکانی پەخشان لێک جوێ ببنەوە و هەریەک تایبەتمەندی خۆی بگرێتە ئامێز، ئەوەی مەبەستی ئێمەشە پەخشانی هونەریی کوردییە.

کەم نین ئەوانەی لە باشووری کوردستاندا خوویان دایە ئەم لایەنەی ئەدەبی نەتەوەکەیان، بابەتەکانیان لە شێوەی پارچەی هونەریدا بووایە یان چیرۆک یا وتا، بڵاو دەکردەوە، کتێب چاپکردن هێجگار کەم بوو، لە تواناد نەبوو، مەگەر و تاک و تەرا لێرە و لەوێ: «دیوانی مەحوی، چیرۆکی پێغەمبەران، حاجی قادری کۆیی، گۆرانی کورد... هتد) بەپەنجەکانی دەست دەژمێرران. لەو نووسەرە پێشینانەش: (م. نوری، زێوەر، ع. و. نوری، عەلی عیرفان، سائیب زادە جەمیل، ئەحمەد موختار، مەحموود جەودەت... هتد) لە سلێمانی، (حوسێن حوزنی، لاوێکی کورد، حەسەن کوردستانی) لە هەولێر، (جەلادەت و کامەران بەدرخان، مستەفا بۆتی، عوسمان سەبری، قەدری جان و جەمیل حاجۆ) لە شام و باکووری کوردستان.

شاکر فەتاح... داهێنان

لە دوا ساڵەکانی بیستەوە، مامۆستا شاکیر فەتاح قەڵەمەکەی دەخاتە کار و دەست بەنووسینی وتار و پەخشانی هونەریی و چیرۆک دەکات، هەر لەو کاتە زووەشەوە خولیای ئەوە دەبێ کە (بەکوردییەکی پەتی و ڕەوان و دوور لە وشەی بێگانە) بنووسێ و بڵاوکاتەوە. یەکەم بابەتێکی کە من دیبێتم چیرۆکێکی هونەریی کورتی مەجازییە بەناوی (هاواری وەتەنە خۆشەویستەکەمان)، لە (ژیان) ساڵی ١٩٢٧ بڵاوکراوەتەوە.

(لەو ساڵانەدا – چلەکان أ. ب. تا پلەیێکی بەرز بابەتی تر لە پەخشانی کوردا پەیدا بوو، بابەتی پەخشانی بچووک و کورت کە دەشێ ناوبنرێ چیرۆکی مەجازی allegory لە ئەدەبی کوریدا، ئەم هونەرە پەخشانییە پێوەندی بەفۆلکلۆرەوە هەیە، ئەم جۆرە بەرهەمە تازەیە زوو لەناو خەڵکیدا بڵاوبووەوە، بەشەوقەوە خوێنەری کوردی وەری دەگرت، لێرەدا دەتوانین ئەوە بڵێین هەڵوێستی خوێنەر و خوێندەواری کورد بۆ پێشوازی ئەم جۆرە نووسینە تازەیە بەپێچەوانەی پێشوازی کردنی شیعری تازە بوو. لە شیعری تازەدا هەڵوێستی خوێنەر سارد بوو، ماوەیێکی پێویست بوو تا گوێی بەکێش و قافیە و ڕیتمی تازە ڕابێ، کەچی بۆ چیرۆکی ئەلیگۆری پێشوازییەکە گەرم بوو).[1]

د. مارف باس لەو دیاردەیە دەکات، لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکاندا، بەڵام لەلای مامۆستا لە کۆتایی بیستەکانەوە دەستی دابوویە و بابەتی پێ بڵاودەکردەوە، لێرەوە بەردەوام دەست دەداتە نووسین (کۆمەڵایەتی، سیاسی، زانستی، ئەدەبی)، جگە لە گرتنەبەری ڕێبازێکی تازە و دەگمەن بۆ ئەو ڕۆژگارە:

نووسینەوەی (یادنامە – مذکرات)ەکانی کە ساڵ لە دوای ساڵ نووسیونی و بەسەرهاتی خۆی و کۆمەڵی کوردەواری و شارەکەی -بەپێی دەرفەت- تیا تۆمارکردوون، لە شەشی سەرەتایی دەبێ کە دەست دەداتە نووسینەوەی (گەشتنامە)، ئەمە لەو سەردەمەدا، لەناو نووسەر و پیاوانی قەڵەم و کۆمەڵایەتی

---

(١) باسکار – گ: ژ (١) هاوینی ١٩٩٨ – ل٧٨.

کورددا زۆر دەگمەن بووە، ئەو سەفەرانەی کە بۆ ناوچە جیاجیاکانی دەوروبەری سلێمانی دەیکردن (شارباژێر، پێنجوین، هەورامان و هەڵەبجە، سرۆچک، لوبنان، شام و ئاکرێ)...

ئەم جۆرە لە نووسین کە لەناو عەرەبەکاندا (أدب الرحلات)ی پێ دەبێژرێ، بایەخێکی گەلێ تایبەتی و بەپرشتی خۆی هەیە؛ لە ڕووی مێژوویی و سیاسی و کۆمەلایەتی و ئەتنیەوە، گەلێ لەو لایەنانە کە نادیارن دەیانپارێزێ و باسیان دەکات. هەر بۆیە (د. کەمال مەزهەر) دەربارەی نووسینەکانی دەڵێ: «... ناوی ئەو بەرهەمانەشمان تۆمار کردووە کە لەوانەیە تەنها بەشێکیان باسی مێژوو بکات، یا وەک سەرچاوەی مێژوویی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ئەدەبی و هی تر بایەخیان بۆ کاری مێژوونووس هەبێ، وەک بەرهەمی بەپێتی مامۆستا شاکر فەتاح».[1]

جا لە ڕووی بایەخ و ئەو دوو جۆرە نووسینەوە (یادنامە، گەشتنامە)، دەتوانم بیانخەمە ڕیزی گەشتنامەکانی: ئەولیاچەلەبی، سۆن، نۆئێل و ئەدمۆندس، کە لە دوای ئەم زانای گەورە، بەهەشتی، عەلائەدین سەججادی بە ۲۵-۳۰ ساڵێک دەستی دایە تۆمارکردنی گەشتنامەیەکی و چاپی کرد: (گەشتێ لە کوردستاندا).

کە ئەو بەرهەمانە دەبینی، ئاواتەخواز دەبێ کە: کاشکای نووسەران و گەورە پیاوانمان هەریەک لە ئاستی خۆیەوە (نیوەی) ئەوەی مامۆستا کردوویە بیانکردبا و ئەو هەموو تۆمار و دیکۆمێنت و بەڵگەنامە بەنرخانە لەم پەناو لەو کەلاوە و لەو حوجرە و قسنانەدا نەڕزینایە و نەپوانایە، تا زۆر لایەنی شارراوەی مێژووەکەمان ئێستا لە (موعەمما!!)دا نەمانایەوە و تا هەر کەس بەئارەزووی خۆی و بۆچوونی تایبەتی، ئەمڕۆ، لێکیان نەداتەوە و ڕایان گەیەنێ.

پەخشانی هونەریی لەلای مامۆستا لایەنێکی سەرەکی نووسینەکانێتی، بایەخ و گرنگی پێداوە و بەدرێژایی تەمەنی دەیان پارچەی جوان و بەرزی لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبەکانی خۆیشیدا خستۆتە بەر دیدی خوێنەران... بەجۆرێک ئەمڕۆ وای لێهاتووە کە ئەگەر باس لەم ڕووکارەوە بکرێ و ناوی (شاکر فەتاح) نەهێنرێ وەک بنیاتنەر و شۆڕەسوارێکی ئەو مەیدانە، بێگومان و بەتەئکید باس و لێکۆڵینەوەکە نابووت و ناتەواو دەردەچێ.

ئەمە ڕاستییەکە خۆی دەسەپێنێ و وەک ڕۆژ دیارە، هەر بۆ زانیاری دەربارەی ئەم بەرهەمە، نامەی ماجستێری برایەکم کەوتە بەردەست کە لە کۆتایی هەشتاکاندا پێشکەشی کردبوو (ئەو کاتە شاکر فەتاح گەیشتبووە پلەی شەهادەت)، ئەو برایە لە باسی چیرۆک و پەخشان و وتار و... هتد هەرچەندە دەیهێنێ و دەیبا ناوی ئەو ناهێنێ، دەیبوێرێ، سا لەبەر ئامۆژگاری لیژنەکە بێ یا لە ترسی ڕژێمی ئەوکاتە، ناوی کەسانی وا دەبات کە بەیەک دوو بەرهەم ناویان چۆتە ناو ناوانەوە، دوایی ناچار ناوی بەرهەمەکانی دەبا، بۆ نموونە: (خاوەنی شەبەنگەبەڕۆژ، نووسەری پرشنگ)، دواجار ئەو (ڕاستییە) هەر خۆی دەسەپێنێ و لە یەک دوو جێگا ناوی هەر دەهێنێ!!

---

(۱) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو، چاپخانەی (دار آفاق عربیە)، بەغدا ۱۹۸۳، ل: ۲۵۷

ئەمە بەلامەوە نیشانەی مەزنی و گەورەیی ئەو پیاوەیە، نیشانەی ئەوەیە کە ئەپارتمان و تەلارێک لە بناغەکەیەوە دەست پێ دەکات... ڕاستییەکی سادە و بەرچاو. چیرۆک وەک ڕەگەزێکی تری ئەدەبی لەلای ئەو خۆی نواندووە و مامۆستا بۆتە نووسەرێکی بەتوانا و دیاری ئەم مەیدانە، زیاتر لە هاوەڵانی ئاگاداریی لە تەجرەبە و ڕەوتی چیرۆک و چیرۆکنووسینی عەرەبی و بیانی بووە، بەحوکمی ئەوەی کە هەر لە پلەی ئامادەییەوە چۆتە بەغدا و ساڵێکیش ۱۹۳۱-۱۹۳۲ چۆتە لوبنان بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگەی (برومانا).

هەر لێرە خەیاڵی فراوان و بەپێزی خۆی دەخاتە کار، بەخوێندنەوەی چیرۆکە ئینگلیزییە بیانییەکان... بەهرەی خۆی زاخاو دەداتەوە.

خوێندنەوەی یادداشتەکانی ئەو ساڵەی دەری دەخات کە چ کۆششێکی کردووە لەو ڕێیەدا. هەر لێرە دەبێ کە یەکێ لە دەستپێشخەرییە دەگمەنەکانی دەخاتەڕوو؛ نووسینی چیرۆکی خەیاڵی زانستی و پێشبینی کردنێکی ڕاستی ژیانی کوردەواری لە ئایندەیەکی دووردا (نێوان ۱۹۵۰ - ۲۰۰۰).

بەمە شاکر فەتاح بەداهێنەر و پێشەنگی ئەم جۆرە نووسینە لە چیرۆکی کوردیدا دەژمێررێ، هەرچەندە تا ئێستا لە یەک دوو چیرۆک و چەندێکی وەرگێڕاو زیاتر چیدی شک نابەین، چونکە نووسینی لەو جۆرە خۆخستنە ئەو بوارەوە سەلیقە و زانیاریی و زانینێکی فرەوان و هەمە جۆری پێویستە.

گومانیش لەوەدا نییە کە مامۆستا و چەندانی تر لە چیرۆکنووسانی هاوزەمانی کە لە دوای سییەکانەوە دەرکەوتن، بەهەر شێوەیەبێ سوودیان لە چیرۆکنووسانی قوتابخانەی ئەدەبی و نووسینی شام وەرگرتووە، (نووسەرانی گۆڤاری هاوار و ڕوناهی و ڕۆژانوو) کە بوونە هاندەر و پاڵنەر بۆ ئەمان، ئەخاسما لە ڕووی شێوە و چۆنێتی داڕشتنی بابەتەکانیانەوە.

بۆ ئەمە زۆر لەگەڵ ڕایەکەی د. فەرهاد پیرباڵ دام، کە لەو خاڵانەی دەستنیشانیان دەکات بۆ خاسیەت و دیاردە پێشکەوتووەکانی چیرۆکی کوردی لە نێوان ۱۹۳۲ - ۱۹۳۵، یەکیان ئەمەیە کە: (ئەم چیرۆکە بلاوکراوانەی گۆڤاری هاوار کاریگەرێتییەکی بەزەبریان هەبووە بەسەر نووسەرە گەنجە کوردەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانی عێراق، لەوانە: شاکر فەتاح، حوسێن حوزنی، برایم ئەحمەد، عەلائەدین سەججادی، واتە بەسەر بوێژانەوە و پەرەسەندنی چیرۆکی هونەریی کوردی لە کوردستانی عێراقدا لە ماوەی ۱۹۳۹ - ۱۹٤۹...)[1] چونکە ئەگەر بڕوانرێتە گۆڤاری (هاوار) و ئەوانی دی، وە لە ئاستی ئەو چیرۆکانەی کە تیادا بلاوکراونەتەوە، وە ئەوانەش کە لە فەرەنسییەوە یا ئینگلیزییەوە وەرگێڕاون، ئەو کاتە ئاستی پێشکەوتنی ئەو کارانە دەردەکەوێ، گومانیش نییە کە کاریگەریی بۆ سەر قەڵەمەکانی لای خۆمان بووبێ، چونکە ئەمانە لەوانە دانەبڕاون و هەر لەم کتێبەدا و لە بەخشانەکاندا نموونەی نووسینی مامۆستای تێدایە کە بۆ هاواری ناردووە و بلاویش کراوەتەوە.

لەم پێوەلکان (تواصل)ە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەی مامۆستاوە بەبزووتنەوەی ڕووناکبیری و ئەدەبی

---

(۱) مامۆستای کورد - گ: ژ (۱۲،۱۱)... ل ۱۹.

دەوروبەر، وای کردووە کە ببێتە کەسایەتییەکی دیار و بەتوانا لە بنچینە دانانی گەلێ لە بابەتە وەیا رەگەزە ئەدەبییە کوردییەکاندا.

د. مارف لەم رووەوە دەڵێ: «شاکر فەتاح یەکێکە لە نووسەرە بەراییەکان کە پەخشانی بۆ نووسینی کوردی هەڵبژاردووە، بەمە بووە بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی چیرۆک لە ئەدەبی کوردیدا. نووسەرێکی دیار و کەسێکی بەدیەنی کۆمەڵی کوردە).[1]

داهێنانەکانی لە بوارە جیاجیاکاندا راستەوخۆ کاریگەریان هەبووە بۆ سەر لاوانی ئەو سەردەمە، چونکە لە بەرهەمە جۆراوجۆرەکانیدا دەیویست وەک چاکەخواز و دڵسۆزێکی دوور لە توندوتیژی و زەبروزەنگی رۆژانە، ئەو چاکسازیانە بەرپا کات، لە کۆمەڵەکەیدا، بەمەش نموونەیەکی بەرجەستەی: تۆلستۆی و گاندی و رۆمان رۆلان و چەندانی تری چاکەخوازی بێ وەین.

(کەسێکی دیاری ناو کۆمەڵ و رۆشنبیرێکی هێمن و لەسەرخۆی دوور لە هەڵە پاچی و بزێوی بووە، ئەمەش لە سەرەتای سییەکانەوە دەست پێ دەکا، ئەم کۆمەڵە داهێنانە بەرزەی کارێکی گەورەی کردە سەر لاو و پێگەیشتووانی ئەو سەردەمە و دەورێکی بالای هەبوو لە پەروەردەکردنی نەوەی ئەو رۆژگارە بەشێوەییەک چێژ لە جوانی ژیان و سروشت وەربگرن).[2]

هەر ئەم سەرەتای (لاعنف)ە بووە کە شاکر فەتاحی دوورەپەرێز گرتبوو لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و حزبێ کە سیاسەت بکات، لە ژیانیدا (جارێک) تەکانێکی داوە بۆ بەشداربوون لە کۆمەڵەیەکدا لە بەغدا، ئەویش تەنیا لەبەر گەیاندنی مەرام و مەبەستی خۆی[3] و زیاتر بلاوکردنەوەی بابەتە ئەدەبی و کۆمەلایەتییەکانی بەفراوانترین و ئاسنترین شێوە.

دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە مامۆستا کەسایەتییەکی دوورەپەرێز و گۆشەگیر و تەریک بووە، پەیوەندی و دۆستایەتی بەهێز و پتەوی لەگەڵ هاوچەرخانی خۆی و کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکاندا هەبووە، لایەنی سیاسی دڵسۆز و راست و تێکۆشەری لە پێناوی مافی رەوای نەتەوەکەیدا هەمیشە خۆشویستووە و بگرە نزیک بووە لێیان و هاوکاریشی کردوون... بەلام لەو ئەندازەیەی کە خۆی بڕوای بووە (لاعنف). وتمان تەنیا بەشدارییەک و تەقەللایەک کە مامۆستا داویە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی کوردی لە بەغدا، تەنیا ئەمەیە کە د. کەمال مەزهەری مێژوونووس دەیخاتە روو: «لاپەڕەیەکی ون لە خەباتی دەستەی رووناکبیری کوردی عێراق -یانەی سمکۆی شوکاک-.

لە کۆتایی بیستەکانەوە بەشێک لە رووناکبیرە تێگەیشتووەکانی عێراق هاتبوونە سەر ئەو بیرەی کە ئەوانیش وەک ئەوروپاییەکان دەتوانن لە رێگەی یانە و دەستەی رووناکبیری تایبەتییەوە رۆڵی خۆیان لە وریاکردنەوەی خەڵکدا ببینن.

---

(١) باسکار - گ: ژ (١)... ل ٨٣.

(٢) هەمان سەرچاوە: ل ٨٤.

(٣) دیارە مەبەست لەمە: مەرام و مەبەستی لە ناوەرۆکی وتار و نووسینەکانێتی.

سەرەتای ساڵی ١٩٣٢ یانەی (جماعە الاهالی) دروست بوو... لە ٢٤ تشرینی یەکەمی ١٩٣٤ (نادی القلم) لە بەغدا دامەزرێنرا، شاعیری گەورەی عەرەبی بەڕەگەز کورد جەمیل سدقی زەهاوی بەیەکەم سەرۆکی هەڵبژێررا.

شوباتی ساڵی ١٩٣٥ دەستەیە رووناکبیری نەتەوەپەرست وەک: د. سائیب شەوکەت، فەهمی سەعید، دەرویش مقدادی و د. خالید هاشمی. داوای دامەزراندنی (یانەیەکی رووناکبیری وەرزشی)یان کرد و ناوی (المثنی بن حارثة الشیباني)یان بۆ هەڵبژارد.

پاش چەند مانگێک وەزارەتی ناوخۆ ئەو داوایەی پەسەند کرد و یانە بەگورجوگۆڵی هاتە مەیدانەوە. یانەی المثنی نەک هەر هیچ ئاوڕێکی دۆستانەی لە کورد نەدایەوە بەڵکو زۆربەی ڕابەرانی بەرامبەر بەکورد تەواو شۆڤێنی و کورد نەویست بوون.

... بیری حەوت کەس لەو قوتابییە کوردانەی لە بەغدا دەیانخوێند دێتە سەر ئەوەی کە دەبێت ئەوانیش یانەیەکی رووناکبیری سەربەخۆ بۆ کورد دابمەزرێنن. ئەوانە: ئیبراهیم ئەحمەد، فازیل تاڵەبانی، عارف تاڵەبانی، شاکر فەتاح و بەهادین عارف کە هەر پێنجیانی قوتابی کۆلێجی یاسا بوون و عەبدولڕەحمان عەبدوڵلا کە قوتابی کۆلێجی پزیشکی بوو لەگەڵ شێخ رەئووفی شێخ مەحموود کە لە فێرگەی ئەمریکی لە بەغدا دەیخوێند... بڕیار دەدەن ئەو یانەیەی دەیانەوێ دایمەزرێنن ناوی لێ بنێن (سمکۆی شوکاک) کە برینی کوشتنی بەغەدر لەلایەن ڕەزا شاوە هێشتا لە ناخی دەروونیاندا سارێژ نەبووبوو... ڕۆژی ٤ مارتی ساڵی ١٩٣٥ بەئیمزای هەر حەوتیان داوایەکی ڕەسمیان پێشکەش بەوەزیری کاروباری ناوخۆ کرد کە ئەوسا (عەبدولعەزیز قەساب) بوو... داواکەیان لە شەش خاڵی سەرەکی پێکهاتبوو. خاڵی سێیەم دەڵێت: «مەبەستەکانی یانە بریتین لە بڵاوکردنەوەی رووناکبیری نەتەوەیی کورد و بووژاندنەوەی گیانی وەرزشی لەنێو لاوانی کوردا و کۆشش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەوشت و ژیانی کۆمەڵایەتی و زانست لە کوردستان بەتایبەتی و لە عێراق بەگشتی».

بەڵام لە ئەنجامدا وەزارەتی کاروباری ناوخۆ ڕێگای دامەزراندنی ئەو یانەیەی نەدا. د. کەمال زیاتر دەڵێ: «ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یانەکە بۆ خۆشیان دونیایان لێ هاتبووە یەک؛ ئەگەر هات و میری ڕێگەی دا ئەو ساکە دەبێ ئەوانی بێ دەرامەت کارەکە چۆن مەیسەر بکەن، تایبەت کە پارەدارانی کوردیش ئەو ساکە هەموویان پولپەرستی بێ هەست و هۆشی نەتەوەیی بوون».

***

لەم پێشەکیە چڕوپڕەدا، ئەوەی دەمێنێتەوە لایەنەکانی نووسینی شاکر فەتاح کە لەم کتێبی دووەمەدا بەپێی بابەت جیامان کردوونەتەوە:

١- زمان و فەرهەنگ

٢- چیرۆک و پەخشان

٣- شیعر

٤- ئەدەبی منالآن

٥- لێکۆڵینەوەکان

بۆ هەریەک لەمانەش کورتە پێشەکییەکی شیاو بەبابەتەکەمان نووسیوە، ناوە ناوەش باری سەرنج و بۆچوون و روونکردنەمان لە دوو توێی باسەکانیشدا لە پەراوێزدا نووسیوە.

ئاستەنگێکی دیار کە هاتە رێگای ئامادەکردنی ئەم کتێبی دووەمە ئەوەبوو کە زۆر جار بابەتێکمان لە زیاتر لە سێ گۆڤار و رۆژنامە و کتێبدا چاو پێ دەکەوت کە لە سێ یا چوار قۆناغی جیاوازدا بلاوی کردۆتەوە، جاری واش هەیە دەستکاریشی کردووە (بەزیادکردن یا کورتکردنەوەی).

لە حالەتێکی ئاوهادا، ناچار هێناومانە لەو شوێنەی بەشیاومان زانیوە هێشتوومانەتەوە و بەپەراوێزیش ئاماژەمان کردووە بۆ ئەو گۆڤارە، یا رۆژنامەیە، یا کتێبەکەی تیادا بلاوکراوەتەوە.[1]

بۆیە بابەتی وا هەیە، بۆ نموونە، لە (پرشنگ، شەبەنگە بەرۆژ، هاواری رۆشنبیران، زێوەر، بێکەس...) کە تەنیا ناونیشانەکەیان هێشتۆتەوە، لاماندا‌وە، بەلآم لە پەراوێزدا هۆکەیان نووسیوە.

لە زنجیرەی ئەو باس و لێکۆلینەوانەشی کە لە چوارچێوەی (پرۆژەی خوێندەواری کورد) نووسیونی و لیستی بۆ کردوون، ئەو باسەمان لە دوو شوێنی جیاوازدا کەوتە بەردەست: (دەسنووسێکی شاکر فەتاحی شەهید) کە کاتی خۆی مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی و مەحموود زامدار ساغیان کردۆتەوە و وەزارەتی رۆشنبیری چاپی کردووە. هەروا (گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٣ و ١٠٤ی سالی ١٩٨٤). لە بەراوردکردنی ئەو دوو سەرچاوەیەدا جیاوازی لە ناوی وتار و کتێبەکانیدا هەبوو، بەروار و ژمارەی ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی تیایدا بلاوکردوونەوە، یان کتێبە بەرچڤەکراوەکانی، یا ئەو وتارانەی لە ئێزگەی رادیۆی بەغدا داونی، کە دووبارەکردنەوەی زۆربانی تێدایە؛ چونکە زۆریان دووبارەکردنەوەی وتار و پەخشانەکانی خۆین کە لەوەبەر بلاوی کردوونەوە و لەوێدا بەکورتکراوەیی خوێندوونیەوە.

جا دەربارەی ئەو پرۆژەیە وا چاک بوو کە دەقاودەق نووسینەکەی خۆی دانێینەوە (دوای بەراورد و رێکخستنیان).

لێکۆلینەوە و بەدواداچوونە ئەدەبییەکانی مامۆستاش جێگایەکی بەنرخیان هەیە لەناو بەرهەمەکانیدا؛ مێژووی گۆرانی ئینتیباه (دلاوەران) کە چەندانێکی زۆر بووە مایەی لێکدانەوە و راوبۆچوون دەربرین لە نێوان دەستەیە لە نووسەرانی گەورە و ناوداری کوردی باشوور، مێژووی کۆمەڵەی زانستی کوردان، کە مامۆستا خۆی ئەندامێکی چالاکی ئەو کۆمەڵە رۆشنبیری و زانستییە بووە. هەڵسەنگاندنی

---

(١) بۆ زیاتر بروانە: (د. کەمال مەزهەر، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، ٢٠٠١، ئامادەکردنی عەبدوللا زەنگەنە، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر. ل ٣٣١ - ٣٤٤).

لە ئەسلدا ئەم وتارە لە (رۆشنبیری نوێ، گۆڤار: ژ (١٤٣) سالی ١٩٩٩ لە ل ٧-١٢دا بلاوکراوەتەوە، دەزگەی رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی - بەغدا). بلاوکراوەتەوە.

یادداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی، ڕەخنە و لەسەر نووسینێک دەربارەی نامیلکەکەی مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم: (هەندێ لای ئەو دیوەکەی بیری قانیع/١٩٧٢) کە لە ڕاستیدا تەنیا وەک بەرهەمیکی مامۆستا لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و فیکریدا حەزمان بەبڵاوکردنەوەی کرد، نەک تازەکردنەوەی ئەو مشتومڕانەی کە ماوەیان بەسەردا چووە و بۆ ئەمڕۆکە کەڵکێکی ئەوتۆیان نەماوە.

ئەمانە هەمووی بابەتی بەرز و بەنرخن لە ڕێڕەوەکەی مامۆستادا دەهێنن کە نەفەوتێن، بۆیە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا دامانناون.

کتێبی (ئاکرێ) کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی چڕوپڕی فرەلایەنی ژیانی ئەو دەڤەرەیە کە شوێن و جێگایەکی پڕ بایەخ و مەترسیداری بووە لە قۆناغە مێژووییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورددا، بەتایبەت لە دەستپێکی چەرخی بیستەوە: بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکەی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ١٨٧٩ ـ ١٢/١/٢-١٩١٤ و شۆڕشی شێخ ئەحمەدی بارزانی و ١٩٢٧ - ١٩٣٢ و بارزانیی ئەمر (یەکەم و دووەم ١٩٣٣ - ١٩٤٥)، وە بەحوکمی ئەوەی مامۆستا خۆی دەسەڵاتدار و سەرۆکی یەکە ئیدارییەکە بووە زۆر باش توانیویە زانیارییە فرەلایەن و هەمە چەشنەکان دەستخات و تۆماریان کا، بەتایبەت ئەگەر ئەوە بزانین کە شاکر فەتاح لە دوو سەردەمی جیاوازدا بۆتە قایمقامی ئەو دەڤەرە و لە ئەنجامی دڵسۆزی و خزمەتگوزاریی خۆیدا بۆ نەتەوە و خەڵکی دەڤەرەکە، دانیشتوانەکە گەلێ ڕێز و خۆشەویستیان بەرامبەری بووە و لە ڕێنمایی و دەسگرتنی لە بەڕێوەبردنەکەیدا دریغیان نەکردووە، چونکە ئەویش هەر هەلێکی بۆ ڕەخسابێ لە دەستی نەداوە بۆ خزمەتکردنی قەزاکەیان... مامۆستا کەریم شارەزا بۆی گێڕامەوە[(١)]:

«سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی نووسەران بووم، مامۆستا ئێوارەیەک سەردانی کردین، لەگەڵ یەک دوو برادەری خەڵکی دەڤەری بادینان باسی خوێندنی کوردیان دەکرد لەو ناوچانە. مامۆستاش گوتی: کە قایمقامی ئاکرێ بووم، ڕۆژێکیان نوری سەعیدی سەرەک وەزیرانی عێراق هات بۆ ئاکرێ، دەیویست باری ژیان و کاروباری قەزاکە بەچاو ببینێ، دەعوەتێکی باشم بۆ کرد کە لە ئاستی یەکێکی وەک ئەودابێ، لە گەڕانەوەیدا سەرو بیست دیناری بۆ کارگوزارەکان دانابوو، بۆ ئەرک و ماندووبوونیان، ئەوانیش هاتن پرسیان بەمن کرد، کە ئایا ئەو پارەیە وەرگرن یان نا؟. وتم: وەری مەگرن، خۆم دەتاندەمێ.

نوری پاشا پرسی: بۆ نایەڵی وەری گرن؟ ئەوە بەخشیشە و هەر بووە، ئەوانە ماندووبوون. پێم وت: پاشا، من لە جیاتی ئەمە داواکاریم هەیە دەمەوێ بۆمان جێبەجێ بکەیت. وتی: فەرموو. وتم: دەمەوێ ڕێگەی ئاکرێ - موسڵ قیرتاو بکەن و ئیترەش قەزایەکی کوردییە دەمانەوێ خوێندن لە قوتابخانەکاندا بەزمانی کوردی بێت.

نوری سەعید گورج وتی: هەر ئێستا ئەو داخوازییەی دووەمت جێبەجێ بکە، یاسای زمانە ناوخۆییەکانت لەبەر دەستدایە لە ١٩٣١ەوە، لە هەر کوێیەک کورد زۆرینەن با بەکوردی بخوێنن.

---

(١) مامۆستا کەریم شارەزا: هەولێر لە ٢٠٠٢/٨/٢٦.

مامۆستا وتی: بۆسیەی نووسراوێکم دەرکرد بۆ هەموو ئاغا و موختارەکانی گوند و هۆزەکان تا لە قایمقامیەت ئامادەبن. تا پرس و ڕایان لەم بارەیەوە پێ بکەم. دوای دوو مانگیش بڕیاری بەغدا هات و دەستکرا بەقیرتاوکردنی ڕێگاکەی نێوان ئاکرێ و موسڵ».

ئەمە نموونەیەکە لە هەل بەدەستهێنانەکانی ئەو پیاوە بۆ خزمەتکردنی خەڵکەکە، جا بۆیە کتێبەکەیشی ژێدەرێکی بەنرخ و بەهێزی باوەڕپێکراوە بۆ هەر یەکێک کە بیەوێ لەو دەڤەرە بکۆڵێتەوە یا توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر ئەنجام بدات، وەیا بۆ قوتابیانی قۆناغی خوێندنی باڵا.

خزمەتەکانی مامۆستا ئالێرەدایە، کە بەڕاستی وێنەی پیاوێکی ئیداری ئاوا لەو شوێنانەی کاری تیا کردووە زۆر کەم و دەگمەنە.

دەمێنێتەوە کتێبی (یەزیدییەکان و ئایینی یەزیدی) کە لە ڕووی مێژووییەوە نرخ و بەهای لە باسکردن نایە؛ چونکە جگە لەوەی کە نووسەر خۆی وەک کاربەدەستێکی قەزای شێخان لەناو جەرگەی بابەتەکەیدا ژیاوە و لەگەڵ زۆر سەرچاوەی باوەڕپێکراودا دوواوە، گەڕاوەتەوە بۆ زۆر ژێدەری تر لەم ڕووەوە. دیارە نووسین لەسەر ئێزدیەکان و مێژوو و بەسەرهات و ئەو ئاسۆر و نەهامەتیانەی بەدرێژایی مێژووەوە بەسەریاندا هێنراوە، لەلایەن داگیرکەرانی کورد و ناحەزانیانەوە، بەبیانووی نابەجێ، وە هەوڵدان بۆ دابڕینیان لە نەتەوەی کورد... بایەخی کتێبەکە ئالێرەدایە کە مامۆستا زۆر بوێرانە چۆتە ناو یەکەیەکەی باسەکانیەوە و بەئەمانەتەوە تۆماری کردوون.

***

هیوادارم بەم کۆششەی ئەمجارەش توانیبێتمان گیانی پاکی مامۆستا ئاسودەکەین و ئەرکێکی بچووکیش کە لەسەر شانمانە بەرامبەری بەجێمان هێنابێ.

سوپاس و پێزانینیش بۆ هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە هیچ سێ و دوویان نەکرد لە دەستی یارمەتی درێژکردن بۆمان و حەز دەکەین لێرەدا ناوی ئەوانە تۆمارکەین وەک ئەمەکدارییەک بۆیان:

مامۆستا خالید محەمەد خاڵ، مامۆستا د. مارف خەزنەدار، مامۆستا عەلاء نوری بابە عەلی قەرەداغی، مامۆستا محەمەد سالح سەعید، مامۆستا س. ع. شادمان، مامۆستا شێخ محەمەد حاسڵی، مامۆستا شێخ سدیق مەحموود بەرزنجی، مامۆستا کەریم شارەزا، مامۆستا کەریم زەند، مامۆستا مستەفا سەعید لە کالیفۆرنیاوە و چەند بەڕێزی تر کە ناویان نەهێنراوە.

خوای گەورە نموونەیان زۆر کات و تەمەنیان درێژ کات بۆ خزمەتکردنی نەتەوەکەمان.

ئەحمەد

٢٠٠٢/١٠/٢٢

شاکر فەتتاح لە بواری زماندا

لە ڕووی زمان و زمانەوانییەوە، مامۆستا تەقەللا و کۆششێکی چاکی داوە، هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە خەمی ئەم لایەنەی خواردووە، زانیوویە کە زمان پێناسی گرنگی هەر نەتەوەیەکە، هەروا پێشکەوتنی نەتەوەکەشی بەندە بەڕادەی زانین و ئاگاداربوونیەوە بەزمانە زیندووەکانی تری جیهان.

لەم ڕووەوە لە سەرەتای سییەکاندا، کە هێشتا قوتابی حقوق بووە، فەرهەنگۆکێکی کوردی – ئینگلیزی داناوە، بەشێوەیەکی ساکار و سادە، تا قوتابییانی سەرەتایی و ناوەندی لێی سوودمەند بێن و هۆ و مەبەستی خۆیشی لەو پێشەکیەدا ڕوونکردۆتەوە کە بۆ ئەو فەرهەنگۆکەی نووسیوە.

لە سەرەتای شەستەکانیشدا دوو هەوڵی تری داوە؛ بۆ هاندانی فێربوون لەلایەن عەرەبەکانەوە کە کورد وەک نەتەوەیە لە تەکیاندا دەژی و (زمانیش هۆیەکە بۆ لە یەک نەگەیشتن لەیەکتری) چونکە عەرەبەکان زمانی کوردی نازانن و هەروا زۆر کوردیش عەرەبی نازانن.

لە ١٩٦١دا کتێبی (مامۆستا) ئامادە دەکات بۆ چاپ، کە بریتییە لە هەوڵدانێ بۆ فێربوونی هەردوو زمانەکە چ لەلای کورد و چ لای عەرەب، دەڵێ:

«شادمانم بەوەی پێشکەشی شاگردانی هەردوو زبانەکە: عەرەبی و کوردی بکەم، نووسراوەکەم کردووە بەسێ بەش: یەکەم بۆ وشەکان کە لە فەرهەنگێک ئەکات کراوە بە(٢٧) بابەتەوە، هەریەکەی لە کەرەسە و کاروبارێکی ژیان ئەدوێ، وەک ئەندامەکانی لەشی، گیانلەبەران، پەلەوەران، گژوگیا، کەلوپەلی ناو ماڵ، دین، خوێندنگا... تاد. تا شاگردان بتوانن لە کاتی پێویستا بەئاسانی سەیری بکەن. بەشی دووەم: بۆ گفتوگۆ دانراوە لە هەموو کاروبارێکی ژینی هەردوو نەتەوە ئەدوێ. بەشی سێیەم: دانراوە بۆ هەڵبژاردەی وێژەی کۆن و نوێی کوردی و عەرەبی، بەرە، بەرە لە سووکەوە تا گران».

جێی سەرنجە کە کتێبەکە لاپەڕەکانی کراوە بەدوو بەشەوە، چی بەکوردی لە لای ڕاستی نووسراوە، دەقاودەق بەعەرەبی لەو بەری چەپی نووسراوەتەوە.

دیسان لە ساڵی ١٩٦٢دا، مامۆستا کتێبێکی تری داناوە هەر بەمەبەستی فێرکردنی زمانی کوردی بۆ عەرەبەکان، بەناوی (خوێندنەوەی نوێ)وە.

وا دیارە ئەو کاتە کە مامۆستا لە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا وەک (وانەبێژ)ێک بابەتی خۆی دەوتەوە، لەلایەن دەزگا پەروەردەییەکانەوە ڕووی لێنراوە کە ئەو کارە بکات، چونکە کتێبەکە بۆ پلەی سەرەتایی نییە، بەڵکو بۆ ئەوانەیە کە ئاستی خوێندەواریان بەرزە، لە پێشەکی بابەتەکەیدا، مامۆستا دەڵێ:

«دڵنیاین کە مامۆستا بەڕێزەکان، پێش ئەوەی دەس بکەن بەگوتنەوەی ئەم نووسراوە بەشاگردە

عەرەبەکان، تێ ئەکۆشن بۆ ئەمەی دڵیان بنووسێنن بەکورد و کوردستانەوە، بەزیانی کوردییەوە.
وامان بەباش زانی کە دەستووری زمانی کوردی بەجێ بهێڵین بۆ مامۆستاکان، بەشێنەیی هەر جارە تاوێک تەرخان کەن بۆ شارەزاکردنیان لە دەستوورەکە.
سێیەم هەنگاو وا بەباشی ئەزانین تا یەک دوو هەفتە نووسراوەکانی (ئەلف و بێی کوردی) کاک ئیبراهیم ئەمین بالدار و (بابخوێنین)ی کاک نوری عەلی ئەمین بەشاگردە عەرەبەکان بخوێنن. تا ئاشنا کرێن بەپیتە کوردیەکان بەوشە کوردیەکان بەشێوەی نووسینی کوردی، بەسووکی و ڕەوان و ئاسان».

مامۆستا کتێبەکەی کردووە بە(٢٥) بابەتەوە کە لە هەریەکەیان باسێکی ژیانی کۆمەڵایەتی تێدایە لە شێوەی گفتوگۆکردندا و دوایی (ڕاهێنان) کە کۆمەڵێ پرسیارە لەسەر بابەتەکە، دوای ئەمە وشە قورسەکان و ماناکانیان بەعەرەبی لە بەرامبەریدا.

ئەم دوو کتێبەی مامۆستا لە کتێبخانەکەیدا پارێزراون و لە چوار دەفتەری ٦٠ لاپەڕەیدان و ئامادەی چاپکردنن، بەڵام لەبەر ئەوەی (بۆ ئێستامان) هەردوو بەرهەمەکە کەڵکێکی ئەوتۆی نەماوە، بەچاکمان زانی تەنیا بەڕاگوزارییەکی ئاوا بیخەینە بەرچاو.

ئەوەی جێی بایەخ و شیاوی پێشکەش کردنە، ئەو بابەتی (نرخی وێژەیی- النقد الأدبي) یەیەکە مامۆستا لە ساڵانی ١٩٦٢ هەتا ١٩٦٤ لە زانکۆی بەغدا بەقوتابیانی پۆلی سێ و چواری بەشی کوردی وتووتەوە، بۆیە لە دوو دەفتەری دەسنووسدا لە کتێبخانەکەیدا بەرچاومان کەوت و بۆ دڵنیایی لە هەندێ بابەتی ناویان و جیاکردنەوەیان باشتر خوێندنەوەیان پەنامان بردە دەفتەری یەکێ لە قوتابییەکانی مامۆستا لە ١٩٦٢-١٩٦٣، ئەویش مامۆستا محەمەد سەید عەلی بوو کە بەسوپاسەوە هەردوو دەفتەری ئەو بابەتەی خستە بەردەستمان و سوودێکی چاکمان لێ بینی و دوا بەدوای ئەم پێشەکیە دەیخەینە بەردەست.

مامۆستا وەک شارەزایەک لە زمانەکەدا لە زۆر لەو قۆناغانەی کە لێژنەکانی زمان و دانانی زاراوە و فەرهەنگی لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە دامەزراین، بەشداری کردووە و چالاکانە کاری خۆی ئەنجام داوە تیایاندا، بەتایبەت لیژنەی (زاراوەی پارێزگاری سلێمانی) لە ١٩٧٠/٢/٢٢ (بۆ دانانی ئەو وشەو زاراوە کوردیانەی کە بەکارهێنانیان پێویستە لە نووسینی نێوان بەڕێوەبەرێتی و قوتابخانەکان لەلایەک و دەزگاکانی فەرمانڕەواییدا لەلایەکی تر) هەروا (لێژنەی وشە و زاراوە عەرەبییەکان و وەرگێڕانیان بۆ کوردی) لە ١٤/ ٣/ ١٩٧١.

دیسانەوە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو تەقەللا گەورەیەی مامۆستا لە ١٩٣٤دا داویە بۆ دانانی نامیلکەیەک بەمەبەستی فێرکردنی نووسین بەپیتی لاتینی و دوایی نووسینەوەی چیرۆکی (شۆغالی چەپخون) بەو پیتانە، ئەمە لە دوای بلاوکردنەوەی کارەکەی مامۆستا تەوفیق وەهبی دێت کە (بۆ فێربوونی نووسین بەلاتینی- خوێندەواری باو) لە ١٩٣٣دا بلاوی کردەوە، مامۆستا ئەو چیرۆکەی خستۆتە سەر پیتی لاتینی و ئامادەی چاپکردنی کردووە، لە ناو دەسنووسەکانیدا چاومان پێکەوت و

لەگەڵ ئەم بەشەدا وەک خۆی دەیخەینە بەرچاوی خوێنەر، بەڵام سەد داخ کە شێوەی نووسینەوەکەی (بەسەریەکەوەیە) کە ناتوانرێ بەباشی بخوێنرێتەوە.

دیسان بەشداریەکی بەرچاوی مامۆستا لە گۆڕین و دانانی کتێبە تایبەتەکانی بەپرۆگرامی خوێندنی قۆناغە جیاجیاکان لە کوردستاندا و کارکردنی لە لیژنەکان زمانی و زاراوەکانی (بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی) لە بەغدا، بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە ئەو دەزگایە ماوەی کار و بەرهەمی بۆ دەڕەخسا.

گەواهی ئەمەش ئەو وتارەیە کە لە ١٩٢٨دا نووسیویە: «خوێندن بەزمانی کوردی» و بۆ ڕۆژنامەی ژینی ناردووە دەربارەی «خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ کە کاربەدەستی زانست بوو، چووبووە سلێمانی و پێی گوتبوون: خوێندن لە خوێندنگاکاندا بەزمانی عەرەبی بێ چاکترە لە کوردی... جا ئەم وتارەم لە دژی ئەم قسەیە نارد بۆ ڕۆژنامەی ژین بەڵام بڵاوی نەکردەوە.» [1] ... مامۆستا هەر لە سەرەتاوە بەگیان و دڵ بەرۆشی سەرخستن و بووژاندنەوە و پەرەپێدانی زمانی کوردی بووە.

فەرهەنگۆکە

فەرهەنگۆک[2] «چەند ساڵ لەمەوپێش لە ئەستەمۆڵ تەحاتەوە لە (تەرمن)دا هەندێ یادداشتم نووسیبوو کە تاسەی سلێمانی و هیوای خوێندەواران بوو... یەکێکی ئەوەبوو:

به چاومـابێ ئەگـەر تۆزێ لە تۆزی یاد سلێـمـانی
کـە نوری طورە طوری نایەنی سـورمـەی سلیـمـانی

دووەمیشیان ئەمەبوو:

شـەمـاڵ دێنێتـە گـوێم دەنگی منالانی قـوتابخـانە
نەشیدی میللی یان وەک زەمزەمەی لاهوتی ڕەحمانە
هیوام پێیانە ئەم دەستەی کوڕانە میشەعلێ هەڵکەن
لە تاریکی نەزانینا، بەزانســـتی، وەتەن دەرکـــەن

ئێستا وا بەرەبەرە ئەم هیوایەم دێتەدی؛ لاوانمان دەستە دەستە گوڵدەستەی تر (فندە؟) ئەکەنە شاباشی شایی شەوکەتی ئایندەی ئێمە؛ من ڕاستوڕەوان و بێ پەروا وتومە و ئەڵێم: هیچ میللەتێک بەتەقەوڕەقە و تەقەودەو نابێ بەکەس. جەسارەت و فیداکاریشی لە چەنبەری خوێندەواری و تێبینیدا نەبێ فیڕۆیە، بێ هودەیە.

---

(١) بڕوانە: فەلەکەدین کاکەیی و مەحمود زامدار- دەسنووسێکی شاکیر فەتاحی شەهید، وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر ١٩٩٨- ل: ١٨ وە ٨٢

(٢) ژیان- ڕۆژنامە: ژ ٣٩٩ لە ٨ مایس ١٩٣٤، ل (١، ٢).

بۆ ئەم فەرهەنگۆکە هیچ شتێ لەو (بەباڵابڕینە)ی پیرەمێردی نەمر بەباشتر نازانین کە لەکاتی چاپ و بڵاو بوونەوەیدا لە (ژیان) بۆی نووسیوە و دەسخۆشی لێ کردووە.

هەزار سـواری زەرەپۆش ببـینم و دە ئەسـەری عـیلمی: دە ئەسـەرەکـەم لە لا پەسـەندترە، ئەخـوازەڵا یادگارێک کە ئێمە فێری زمانی ئەوروپا بکات.

چونکە ئێستا رێوشوێنی فەن و سنعەت کە میللەت دەوڵەمەند ئەکا، هەمووی بەزمانی رۆژئاوایە.

ئەمجـارە (شـاکـر فـتـاح) کـە کـورێکە جگەرگۆشەی ئەم خـاکـە و بەراستی هەمـوو شـتـێکی چاکـە: (فرهنگوک)ی رێکخستووە لەسەر شێوەی (ئەحمدی)، لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی، شێوەییێکی جوانە.

لە بیـرمە کە لێرە ئەمخوێند هەرچی کتێبێکی فـارسی و تورکی بوو، ئەمەندە لۆغەتی رەقی عەرەبی تیابوو ئێمە ناچار ئەماین (کنز و قاموس واختری)[1] چی و چی لەبەرمان ئەکرد، بەڵام هیچیان بەقەد (نصاب الصبیانی ظهیری فارابي)[2] خۆشتر نەبوو؛ چونکە بەشیعر بوو، بەمەقام لەبەمان ئەکرد. ئەو وەقتە فارسی باوبوو، هەموو ئەمانزانی و نووسین و خوێندنەوەمان فارسی بوو، دوایی کە فارسی باوی کەمبوو، (ئەحمدی) شێخ مارفی نۆدێ کە بۆ کاک ئەحمەدی کردبوو کەوتە برەو. بەڵام لە جیهاندا لە ئەحمەدی بەکارتر نییە. چونکە کوردی ئێستای شاکیریش هەر بەو شێوەیەی ئەحمەدی، ئینگلیزی داناوە.

یاخـوا بەرخـوردار بێ و زۆری تری وایشـمـان بۆ پێ بکا. ئەم فـەرهەنگۆکـە بۆ رەهبـەریی فـێربوونی ئینگلیزی زۆر بەکارە.»

-پیرەمێرد-

***

پێشکەش

بۆ ئەو گیانە پاکانەی بەتەنگ خوێندەواریی منالانی وڵاتەکەی خۆیانەوە بوون.

بۆ احمدی خانی، بۆ شێخ مارفی نۆدێ، بۆ طاهر بەگی عثمان پاشای جاف.

بۆ ئەو سەروەرەی فێری (احمدی)ی کردم و کەڵکەڵەی دانانی ئەم فەرهەنگۆکەی خستە سەرمەوە، بۆ باوکم ئەم نامیلکەیەم پیشکەشە.

-ش. ف-

---

(١) (٢) دەربارەی ئەم دوو کـتـێبەی پیـرەمێرد ناوی بردون، زۆر پرسم لە مـامۆسـتـا ئاینییـە بەرێزەکـان کـرد، بەتایبەت بەتەمەنەکانیان، خوا تەمەن درێژیان کات. سەرەنجام گەیشتمە ئەوەی کە:

أ- کنز و قـاموس و اختری: هەر کـتـێبێکە بەفـارسی، ناوەکـەی (کنزی قـاموسی اختری)ە و فـەرهەنگێکی (فارسی- عربی) بووە کاتی خۆی قوتابی ئاینی بەکاری هێناوە و لەبەریان کردووە. دانەرەکەی نازانرێ.

ب- نصاب الصبیان ظهیری فارابی: ئەمەش فەرهەنگێکە بەفارسی:

(نصـاب الصـبـیـان) لەلایەن (ابو نصر الفـراهی)یەوە دانراوە؛ (فـەراهی) لە پەراوێزدا دەربارەی نووسراوەکە: شـارێکە لە نێـوان (سیـسـتـان و هەرات)دا لە ئەفـغـانسـتـان. هەروەک ئەوی پێشـوو (فـارسی- عـربی)یە، دانەیەکی دەستنووسی فۆتۆکراویم لەلای مامۆستای بەرێز (نوری فارسی حەمەخان) چاوپێکەوت.

ئینگلیزیی بۆ چ بخوێنین؟

هیچ حەلێک ڕۆژهەلات ئەوەندەی ئیمرۆ تێکەڵی لەگەڵ ڕۆژئاوادا نەبووە. لە هەر کووچە و پەنایەکەوە سەیر ئەکەی ئەوروپایی و ئەمریکاییێ بەلاتا تێئەپەڕن؛ لە هەر شارێکا لاتەکەیتەوە ئەبیینی بەلای کەممەوە دوکانێ یان خانووێکی ڕۆژئاوایی تیایە.

ئەگەر ئەو قسەیەی «ڕۆژ لە بەیداغی ئینگلیز ئاوانابێ» کە ئینگلیزەکان پێوەی ئەنازن؛ بیکەین بەئاگاداری قسەکەمان: هیچ گومانی تیا نییە کە تیپرەی ئەنگلۆ سەکسۆن ئیمرۆ لە هەموو گەلەکانی تری ڕۆژئاوا زووتر لەگەڵ ولاتی ڕۆژهەلاتدا لەتێکەڵی دان؛ ئایا هیچ شارێک ئەبینی ئینگلیزی تیا نەبێ، یان بەشێکی کاروباریان دەستی ئینگلیز نەیگرێ؟ ئەگەر بلاوبوونەوەی ئینگلیز لە جیهاندا بەم تەرحەبێ؛ بێ درۆ زبانیشیان بەو چەشنە بلاوبۆتەوە

بۆ چ هیچ کەلوپەلێکی کڕین و فرۆتن هەیە بەم لە جێگاکانی گشتەوە دروست کرابێ و هێترالی-ناونیشانەکەی بەئینگلیزی نەنووسرابێ؟

ئایا لەمرۆدا لەمپەر و لەوبەری جیهاندا هیچ ئیشتەمالێک هەیە لە قوتابخانەکە یا ئینگلیزیی بەمناڵەکانی نەخوێنێ؟

بەهەموو توانامەوە ئەڵێم: نا!

لە ئێمە بام یەکێ گەشتوگوزارێک بکا؛ بام لە کلاوەی زەمیندا هەچ کەلیکی ئەوی: بچێتە ناوی و هەچ شارێکی ئەوی ڕووی تێ بکا- بێ گومان ئەگەر ئینگلیزیی زانی، هیچ ناخۆشییەکی نایەتە بەر و لە هیچ لایەکادا نامێنێ!

چونکو؛ لە زەمیندا: هەر کوچە و کەناریم بێ پشکنی لە هەر کەلێکا سەرنج بدەی: هەر لە پێشکەوتووەکانی ڕۆژ ئاواوە هەتا کێوییەکانی ئەفریقیا و ئوستراڵیا؛ بەدەر نییە، نەبێ چەند کەسێکی ئینگلیز یان چەند کەسێکی ئینگلیزیی زانی تیابێ، لەگەڵتا بدوێن و کاروبارت بۆ ڕێک بخەن.

لە بابەت ڕەنگاوڕەنگ نووسراوە[1] و ڕۆژنامە و گۆڤاری چاک چاک و نایاب و بەکەڵکەوە، هیچ درۆی تیا نییە ئینگلیزیی لە هەموو زمانەکانی تری ڕۆژ ئاوا، بلاوتر، پەلی هاوێشتووە، لە مرۆدا کەم گەلی پێشکەوتوو هەیە لەسەر ئاوازی ژێی تاری شیعرەکانی شکسپیر و بوێژ (شاعر)ە ناودارەکانی کەیان گۆرانی ئەوتبێ؛ کەمیان هەیە لە کانی دلیاندا، بۆ ئەو جۆرە پیاوانە جێگای بەرز و بلندیان نەکردبێتەوە.

گەورەبوون و هێز سەندن و بلاوبوونەوەی زبانی ئینگلیزی بەم ئەندازەیە، بەڕاستی شتێکە سەری لێ سوورئەمێنی چونکی بەم هێز و تەوانایە کە ئیمرۆ ئەیبینین، پێش چوارسەد ساڵ چرای زمانی ئینگلیزیی

(١) ڕەنگاوڕەنگ نووسراوە: کتب مختلفە، متنوعە.

هێندە کز بووە: نەک ئەمەش کە پرشنگ بۆ وڵاتانی تر بهاوێژێ، ئینگلتەرەشی بەتەواوی ڕووناک نەکردۆتەوە! هێرشی ئادابی لاتینی و فەرانسزیی، زۆربەی تێکەڵاوبوونی زبانی تیرەکانی گۆی دەریای ژووروو بەم زمانە، ئەمەندە بەهێز بووە، بەرتی زبانی ئینگلیزی نەداوە بەرکەوی و دەرکەوی و سەرکەوی!

لەبەر ئەمەیە کە ئەبینین ئینگلیزی بەو هەموو سووکیی و ئاسانی دەستوورەیەوە کە هەیەتی؛ بەهۆی کاریگەریی ئەو زبانانەوە، هێندە جیاوازی (شاذ) لە شێوەی نووسیار (إملا)ەکەیا پەیدا بووە، یەکێک زۆری لێ نەکۆڵیتەوە و کوششی تیا نەکا، بەئاسانی خوێندنەوە و نووسینەکەی بۆ داگیر ناکرێ، چە لە زمانی گەلەکانی ڕۆژئاواوە، چە لە زمانی هیندییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە ئەوەندە وشە (کلمة) و تیپ (أدات) و پیت (حرف)ی بێگانە لە ئینگلیزیدا ئەبینرێ لە فەرهەنگ (قاموس)ی زبانی ئینگلیزییدا بۆ وشەکانی خۆیان کەم جێگا ئەمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەمانەشا هەمووی، ئینگلیزیی بۆ کورد لە هەموو زبانەکانی تری ئەورووپا سووکتر و ئاسانتر و ڕەوانترە، جگە لەمەش کە کوردێک بەزوویی فێری ئەبێ؛ بەهۆی ئەو وشە بێگانانەوە کە تیایەتی، زبانی ئینگلیزیی: بۆی ئەبێتە ڕەهبەرێکی باش، ڕاستەوخۆ بەزبانەکانی تری ئەورووپای ئەناسێ.

***

سا ئایا لەبەر ئارمانج (غـایە)ێکی سیاسی بێ، یان لەبەر نیازێکی زانستی، ئایا لەبەر دڵگیریی چاوئەندازە ڕەنگینەکانی کوردستان بێ، یاخود لەبەر میوانپەرستی و جوانمێری و کارڕەندینیی کوردەکان... ئینگلیزەکان لە دەمێکەوە گەشتوگوزاری کوردستان ئەکەن، کە ئەتوانم بڵێم لە هەموو ڕۆژئاواییەکانی تر پتر تێکەڵی و ئاسیاوییان لەگەڵ کوردەکانا هەیە و، چاکتر شارەزای کردەوە و کار و زبان و هەڵسان و دانیشتنمانن.

لە ڕاستیشا چەند کەسێکیان هێندە بەتەنگ زمانەکەمانەوە بوون و ڕەنجیان لەگەڵ تەئریخەکەماندا داوە - کە بەو سایەیەوە کورد لە جیهانی تەئریخ و زباندا جێگایەکی بەرزی لەناو گەلاندا گرتووە، لەسەرمان پێویستە تا ئەمینێین لە بیرمانیان دەرنەکەین و لە کانی دڵمانەوە سوپاسیان بکەین.

کورد و ئینگلیز، هەر وەک لەیەکچوونی ڕەنگ و بۆ و، پەلوپۆ و، بەژن و باڵایان، هەندێک لە زاناکانی خۆیانی خستۆتە سەر ئەو بیرەی کە هەردووکیان لە مێژەوە- جگە لە ئاریایەتی لەیەک تیرە بوون؛ هەروەها؛ لە یەکچوونی دەستووری زبانەکەیان گومەلەیەکی گەورەی وشەکانیان کە ئێستاش لەیەک جیا ناکرێنەوە، بڕوای پێ کردوون کە زبانەکەشیان لە پێشا یەک ڕەگ بووە، پاشان بەسایەی جیابوونەوە و ڕەوی بەرەو ڕۆژئاوای تیرە ئارییەکانەوە، بەم تەرحە جیاوازی یان کەوتووەتە ناو.

***

لەم قسانەوە هەمووی بۆمان دەرئەکەوێ:

لەم ڕۆژەدا کەوا پێویستە لە خۆشمان و لەوانیش بگەین و بزانین لە دەوروپشتماندا چی هەیە و چی ڕووئەدا؛ دیسانەوە لەم کاتەدا کە وا پێویستمانە لە سەرچاوانی فەن و زانستێکی ڕاستەقینەوە بۆ

ئاودانی «وریابوونەوەی تازەمـان»[1] ئاوی زانست و فـەن هەڵیـەنجین؛ ئەشێ جـامی زانـیـینی زبانێکی ئەوروپایی بەکاربێنیین- ئەو زبانەش، لەپێش هەموویاندا ئینگلیزییە.

منیش کـە ئەم نامـیلکەیەم دانا: نیـازم ئەوە بوو لە ئەرک و ئازاری وشـە دۆزینەوە، لە فـەرهەنگانی زبانانی بێگاناندا، تۆزێ، شاگردانی زبانی ئینگلیزیی ڕزگار بکەم!

ڕاستەوخۆ مـانای وشە ئینگلیزییەکان بەزبانی کوردی بدۆزنەوە، نامیلکەکەشم، بەش بەش، بە: «دین، جیـهان، خزمـایەتی، ئەندام، مـیوە و درەخت و گـوڵ، گـیـانلەبەر و پەرندە و مـێش و مـەگـەز، ئالات، پیشـەوەران، ژمـارە، باس، تیپ...» دابەش کـردووە، هەر بەشـەی باسی شـتـێک ئەکا، تا هە چ حـەلێ، شاگرد ویستی مانای وشەیەکی کوردی یان ئینگلیزی بدۆزێتەوە، تەماشای ئەو بەشە بکا کە بەتایبەتی لەو بابەتەوە باس ئەکـا، لەبەر هێنانەوە لەنگەر (وزن)ی شـعـر ناچار بووم تاکـوتەرا جـێگۆڕکێ بەچەند وشەیەک بکەم، لە وەدا تکای لێ بوواردن ئەکەم.

بەڵام لەبەر ئەمـەی کە مەبەسی ڕاسـتەقینەم ئەوەبوو مناڵ بخەمە سـەر هەوەسی کـۆشش و هەوڵدان لە فێربوونی زبانەکەدا، حەزم کردک بەهۆی شتێکەوە کە دڵی کێش بکاتە سەر ئەو کۆششە، نامیلکەکەم برازێنمەوە لەبەر ئەمە نووسراوەکەم خستە شێوەی شیعرەوە، کە هیچ گومانی تیا نییە، مناڵ، بەبۆنەی ئەو ئاهەنگ و بەزم و ئاوازەوە کە لە شیـعـرەکاندا ئەی بینێ، زوورتر ئارەزووی فـێـربوون و لەبەرکـردنی ئەو وشانە ئەکات و هەتایەت زبانەکەی لاشیرین ئەبێت.

هیوادارم؛ براکوردەکانم، نەخوێندەوارانی زبانی ئینگلیزی، بەم نامیلکەیە کەمەکێ کەلکەوەر بێن.
لەسەر خوا.

لە قوتابییانی کلیەی – حقوق عێراق

٢٠ چلە «کانونی ثانی» ١٩٣٤ شاکر فتاح

---

(١) ساڵی بەر لەمە، واتە لە ١٩٣٣دا مامۆستا (تۆفیق وەهبی) نامیلکەیەکی بۆ فێربوونی نووسینی کوردی بەلاتینی بەچاپ گەیاند و بڵاوی کردەوە.
(خوێندەواریی باو- تۆفیق وەهبی، خاوەنی دەستووری زمانی کوردی، بغداد – دار الطباعە الحدیثە ١٩٣٣).
ئەم نامیلکەیە (بریتییە لە چوار بەش:
١- باسی چەشن و کاری تیپەکان، هەموو خوێندەوارێکی بەسەرنج دەتوانێ لێیەوە فێری بەکارهێنانی بێت.
٢- مەشق کردن.
٣- باسی نوسیار- إملا- بۆ ئەو مامۆستایانەی ئاگایان هەیە لە دەستووری زمانی کوردی.
٤- وێنەیە بۆ نووسیار.
لەبەر ئەوە بەکاری خوێندەوار و نەخوێندەوار دێت، بێجگە لەوە بەکاری ئەوانە یێت کە ئەیانەوێ فێری کوردی بێن.)
(ئەم نامیلکەیەم لە کتێبخانە تایبەتییەکەی مامۆستا عـەبدوڵلا جەوهەری خوالێخۆشبـوودا دییەوە، لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی.)

(ئاگاداریی)

١- هەروەکو وتمان نووسیاری ئینگلیزی جیاوازی زۆرە. لەبەر ئەوە ئامۆژگاری شاگردان ئەکەین، چاک لە حوینجە و نووسینەکەی وورد بینەوە و شارەزای ببن ئینجا دەست بکەن بەفێربوون و لەبەرکردنی وشەکان.

٢- لەگەڵ ئەوەشا، لەبەر ئەوانەی، کە ڕاستەوخۆ، مەراقی زوو فێربوونیان هەیە، ئەوا چەند دەستوورێکی خوێندنەوەی تیپەکان و وشەکانمان لە خوارەوە نووسی، بەشکو- بەجەورێکی[١] تێکرایی، کەمەکێ فێری نووسین و خوێندنەوەیان بکا.

(ئەلفبای ئینگلیزی (٢٦) تیپە)

تیپەکان وەکو ئەخوێنرێنەوە	وەکو بەکار ئەهێنرێن
A «ئەی» [ئا]:	وەکو (Arm - ئارم)، (ی)ی کراوە ئەویش حەلێک کە تیپێکی بێ دەنگ (Consnant) (1) و (e)- یەکی ئەکەوێتە دواوە: وەکو (Change - چینج)، (make - میک).
B بی [ب]:	وەکو «Back» باک.
C سی [ک]:	وەکو «Car» کار.[٢]
D دی [د]:	وەکو «Duck» دەک.
E ئی [ئی- یی کراوە]:	وەکو (Else - ئیلس) (ە): وەکو (Celebrate - سەلەبریت)، (یی کراوە): وەکو «Bench» بینچ.
F ئێف [ف]:	وەکو «Fort» فۆرت.
G جی [گ]:	وەکو «Gun» گەن.[٣]
H ئێچ [هـ]:	وەکو Hound - هاوند.
I ئای «[ئای]:	وەکو «Bite» بایت) (ئی): وەکو (ink - ئینک) (ژێر): وەکو Brick - بڕک، Bit - بت (ی) وەکو Pink - پینک.
J «جەی» [ج]:	وەکو Jew - جوو.

(١) جەورێک: شێوەیەک، تەرحێک، جۆرێک.

(٢) بەڵام ئەگەر لە پاش (C) یەوە (y, i, e) هات بە(س) ئەخوێنرێتەوە وەکو (Circle - سێرکل)، (Centre، سێنتر)، (Cycle، سایکل)،

(٣) بەڵام ئەگەر (y, i, e) لە دواوە هات، هەندێ جار بە(ج) ئەخوێنرێتەوە وەکو: (Germ - جیرم)، (Ginger - جینجەر)، (Gypsum - جیپسم).

K «کی» [ک]: Kite - کایت.

L «ئێل» [ل]: Lamb - لامب.

M «ئێم» [م]: Man - مان.

N «ئێن» [ن]: Noon - نوون.

O «ئۆ» [ئۆ- بەواوی کراوە]: وەکو Orchard - ئورچارد، (واوی کراوە): وەکو Boy - بۆی.

P «پی» [پ]: Pipe - پایپ.

Q «کیو» [کو]: Quite - کوایت، Queen - کویین.[1]

R «ئار» [ر]: Rust - ڕەست.

S «ئێس» [س]: Star - ستار.

T «تی» [ت]: Too - توو.

U «یو» [یو]: Cure - کیور، (ئە): وەکو- Unkle ئەنکل» (ە): وەکو Struck - سترەک.

V «ڤی» [ڤ]: وەکو: Very» ڤەری.

W «دەبل یو» [و]: White - وایت، Cow - کاو.

X «ئێکس» [کس]:[2] Ax» - ئاکس، Expel - ئیکسپیل، Taxation - تاکسیشن، Exact - ئێکزاکت.

y «وای» [ی]: وەکو: Yard - یارد، Copy - کۆپی، (ئای): وەکو: Cry - کرای، Type - تایپ.

Z «زیت» [ز]: وەکو: Zeal - زیل، Zinc - زینک.

جگە لەمانە چەند تیپێکی لێکدراویکەش هەن، دەنگێک ئەهێننە بوون:

(٤) - [چ - CH] وەکو Church - چەرچ.

(٥)- [چ - Tch] Catch - کاچ.

(٦)- (ک - Ck] Suck - سەک.

(٧)- [ج - Dge] Judge - جەج.

(٨)- [ف - PH] Geography - جیۆگرافی.

(٩) - [ش - SH] Shrub - شرەب.

---

(١) Q هەمیشە لەگەڵ (U)دا ئەبێ.

(١) کەم هەڵئەکەوێ X (لەسەری وشەوە) بەتەنیابێ؛ هەمیشە (e)ی لە پێشەوە ئەبێ، ئەگەر بکەوێتە ناوەڕاستی وشەوە ئەبێ تیپێکی دەنگداری پێشکەوێ.

(١٠)- [TH - ث، ذ] Three - ثری. Those» ذۆس.
(١١)- [TU - چ] picture - پیکچەر.
(١٢)- [tio - ش] Nation - نیشن،
(١٣)- [Lgh - ئای] Night - نایت، Thigh - ذای.
(١٤)- [ough] ئەگەر دوا کەرتی وشەیێ بە(ف) و ئەگەر بکەوێتە ناوەراستی وشەوە بە(0 - ئۆ) ئەخوێنرێتەوە، وەکو: Enough - ئینەف، Rough - رەف، Bought - بوت، Brought - بروت. (Augh)یش بە[ف] هەندێ جار ئەخوێنرێتەوە وەکو: Laughter - لافتەر.
(١٥)- (Kn - ن) وەکـــو Knife - نایف، Knee - نی، لە (Vewel)ەکـــان- بەلێکدراویی- هەندێ جـار (Vouxl)ێکی بەهێز و هەندێ جاریش تاقـە (Voueel)ێک دێتە بوون:
(١٦)- (ea) ئەبێتە [ئی، یی]: وەکو Eager - ئیگەر، Teacher - تییچەر.
(١٧)- (ai) ئەبێتە [e یی کراوە]: وەکو Hair - هیر، Chair - چیر.
(١٨)- (ee - یی): وەکو Strcet - ستریێت.
(١٩)- (oo - وو): Root - رووت.
(٢٠)- (ou - ئاو): Stout - ستاوت.

***

(RELIGION- دیین)[1]

God بۆ خوایە، Prophet پێغەمبەر
Angef فریشتە، Majesty سەروەر
Eook بۆ نامەیە، Religion بۆ دیین
Paradise بەهەشت، Hell جێی ئاگرین
Satan شەیتانە، pray To نوێژکردن
Pious خواناسە، Fast رۆژووگرتن
Preacher مەلا، church یش (کلێسە)
Feast لە بۆ (جەژن)ە، Mosque یش (مزگەوت)
Niche قبلەی نوێژە، Wicked گوناهبار
Hermit خەڵوەتکێش، Poor بۆ (هەژار)

(١) دیین: وشەیەکی کوردییە: بە زبانی زەندیی Deene بۆ قانوون دانراوە، عەرب لە ئێمەیانەوە وەرگرتووە.

Islam ئیسلامه، zoaraster زەدەشت
christian گاوور، Handful پڕ لە دەست
Qoran قورئانە، Gospel بوانجیل
The Bible تەورات، key لە بوکلیل

(WORLD- گیتی)

World گیتییە[1] Sky ئاسمان
Earth زەمینە، Stars ئەستێران
Mountain چیا، Hill بەگرد ئەڵێن
بە ئاویش Water، بەڕۆژ Sun ئەڵێن
Moon لایان (مانگە)، Valley لایان (شیبو)
Stream جۆگەیە، Half یش لایان (نیو)
Cloud بۆ هەورە، Snow بۆ بەفرە
Sea بۆ دەریایە، Gigantic گەورە
Plain دەشتە، River بۆ زێیە[2]
Spring سەرچاوە، Way, Road ڕێیە
با Rain, Air باران، Warm بۆ (گەرم)ە
Cold سارد، Solid ڕەق، Soft بۆ (نەرم)ە
Lakc بەگۆم ئەڵێن، I sland جزیرە[3]
Pool بەحەوز ئەڵێن، Well یش بۆ (بیر)ە
East ڕۆژهەلاتە، North بۆ ژوورروو[4]
West ڕۆژئاوایە، South بۆ (خواروو)
Rasy تیشکی ڕۆژە، Dark (تاریک)ە
Day ڕۆژ Nighs شەو Thin بۆ (باریک)ە

---

(١) بەزبانی زەندیی: Geetaiye مانای «دنیا» بووە، پاشان بووە بەگیتی کە دییسانەوە مانای جیهان یان دنیا ئەبەخشێ.

(٢) زێ: ڕووبارەکە لە (River)ەوە نزیکترە.

(٣) کوردی سۆران بە(جزیرە) ئەڵێن دورگە

(٤) ژووروو بۆ (شمال) خواروو بۆ جنوب دانراوە لەگەڵ ئەمەشا خۆمان (باکور) بەشمال ئەڵێن.

(خزمایەتی RELATONSHIP)

Animal گیانلەبەر، Plants گژوگیا

Woman ئافرەتە، Different جیا

Man پیاو Girl کچ، Child (منال)ە

Sweet بۆ شیرین، Bitter بۆ (تاڵ)ە

Insects حەشەرات، Bird پەرندە

Tame بۆ ماڵییە، Fierce درندە

Human بەپیاو، Lad بە(کوڕ) ئەڵێن

Father بە(باووک)، Mother بە(دایک) ئەڵێن

Son ڕۆڵە Boy کوڕ، Daughter بۆ (کچ)ە

Big بۆ گەورەیە، Little بۆ (گچک)ە

Brother برا، Sister بۆ (خوشک)ە

Wet لەبو (تەڕ)ە، Dry بۆ (وشک)ە

Relation خزم، Frienb (هاودەم)ە

Husband بۆ (مێرد)ە، Gameیش بۆ (گەمە)

Servant مفردی، Wife بۆ (ژن)ە

Tree (درەخت)ە، Shrub (دەوەن)ە

Parent دایک و باوک، Uncle بۆ (مام)ە

Grand -Father باپیر، Cousin (کوڕمام)ە

Grand- Mother (نەنک)ە، Aunt بۆ (پور)ە

Descnbabts نەوە، Angry تووڕە

Nephew (برازا) هەم، (خوشکەزا)یە

Aunt (خاڵۆژن)ە، Sorrow سزایە[1]

Virgin کچێکە شووی نەکردبێ

Bachclor کوڕێکە کەوا بێ ژن بێ

Widow بێوەژن، Oivarce (طلاق)ە

Will (وصیت)ە، Only The (تاق)ە

---

(١) لای هەندێک وەکو لێرە شاییشان دراوە سزا بەخەفەت دائەنێن. بەڵام خەفەت لە پاش سزا دەردەکەوێ. چونکی سزا بەکوردی «جزاء عقوبة»ی من پێ ئەگرێتەوە. بێ گومان «جزاء» لە سزای ئێمە وەرگێڕاوە.

(LIMBS ئەندام)[1]

Head (سەر)ە، Poey (لەش)ە

Brain مێشک، Black (رەش)ە

Eye (چاو)ە، Mouth (دەم)ە

Very (زۆر)ە، Little (کەم)ە

Nose (لوت)ە، Ear گوێیە

Wrist (مەچەک)ە، Foot یش (پێ)یە

Hair (قژ)ە، Tooth (ددان)ە

Finger پەنجە، Toungue (زبان)ە

Heart (دڵ)ە، Chest «سنگ»ە

Lip بۆ «لێو»ە، Colour «رەنگ»ە

Hand بۆ «دەس»ە، Stomach «ورگ»ە

Tos پەنجە پێ، Lever «جەرگ»ە

Knee ئەژنۆیە، Nail «نینۆک»ە

Blood «خوێن»ە، Ginn جنۆکە

Leg «قاچ»ە، Flesh «گۆشت»ە

Breath هەناسە، Dressed پۆشتە

Bone (ئێسقان)ە[2] Skin (پێست)ە

Jaw شەویلگە، وچان (Rest).

Wound (برین)ە، Toweap گریان

Tear فرمێسک، Shoulder بۆ (شان)

To go رۆین، Speech قسە[3]

Shout (هاوار)ە، Inough بەسە

Tired ماندوو، To eat خواردن

---

(١) ئەندام: پەلوپۆ... (ئەندامەکانی لەش. أ. ب)

(٢) کوردی کرمانج بەئێسقان ئەڵێن (هەستی)، (ئیسک)یشی پێ ئەبێژرێ هیچ دوورنی یەکە وشەی (ئەسکەلە) و (ئەسکەلەت) لە (ئێسک)ەوە هاتبێ

(٣) قسە: لە نوسراوەی (زەندەووستا)دا هەیە، جگە لەوە (Q[illegible])ی ئینگلیزی کە هەر ئەوە ئەگیرێتەوە، بەتەواوی بەرپەرچی ئەوانە ئەداتەوە کە ئەڵێن لە (قصە)ی عەرەبییەوە هاتووە.

To sce بینین، To kill کوشتن
Careful وریا، Sleepy نوستو
To die مردن، Alife زیندوو
Sour (ترش)ە، Sweet شیرین
Drink بخۆرەوە، Honey هەنگوین
Learning بیستن، Visiting سەردان
Learnd زانا، To put دانان
To tadte چێشتن (تامکردن)، Smell (بون)ە
New تازە، Ancient (کۆن)ە
To beat لێدان، To know زانین
To wash شووشتن، To rain بارین
Face دەموچاو، Cheek بۆ (کولْم)ە
Rib پەراسوو، Mucus (چلْم)ە
Eyebrow برۆ، Lash (برژانگ)ە
Bowols (ناو)ی (ریخۆلان)ە
Chin چەناگە، Beard (ریش)ە
Mustache سمێل، Habit پیشە
Neck سپل، Revenge تۆلە
Pharyn گەروو، Buck بۆ (پشت)ە
Sweat عەرەق،[1] Side (تەنشت)ە
Call (زراو)ە، Belly (سک)ە
Muscle ناوە بۆ (ماسولکە)
Kidney مانای (گورچیلە)یە
Pupil ناوی (بیل بیلە)یە
Joint جومگە، Lung بۆ (سی)یە
Thigh بۆ (ران)ە، Theft (دزی)یە
Phlegm بەلغەم، Spittle (لیک)ە
Fat بۆ (بەز)ە، Abit تیپکە

(١) عرقی لەش.

(جلوبەرگ WEARING APPAREL)

Clothes جل، Vest سوخمەیە

Botton (قۆپچە) یان (دوگمە)یە[1]

Cloack جبە، Mantle عەبا

Felt (بەرگن)ە، Gown کەوا

Coat (چاکەت)ە، Suit دەستەجل

Veil پەچەیە، مەکوک Shuttle

Hat (کلاو)ە، Clog قبقاب

Leather (چەرم)ە، Cock کەڵەباب

Collar (یەخە) یان (ملیوان)

Wool (خوری)یە، Linen کەتان

Sewing- Machine مەکینەی دوورین

Stockings, Socks (گۆرەویی)یە

Glove دەستکێش، thread دەزوو

Beads ناوی (متو موروو)

Pin (دەرزی)یە، Lining (بەر)ە[2]

(کەفی سابوون)یش (Lather)ە

FaShion (باو)ە، Razor گوێزان

Brush فرچە، Ribbon قەیتان

Fez (فێست)ە، Turban (مێزەر)ە

Silk ئاوریشم، Damp یش (تەڕ)ە

Sleeves (چمک)ە یان (داوێن)ە

Fan یش مانای (باوەشێن)ە

Drawers (شەرواڵ) یاخود (دەرپێ)

Slippers پاپووچ، کەوشی سەرپێ

Belt (پشتێن)ە، Chain (زنجیر)ە

---

(١) ڕەنگە (قۆپچە) لە (گۆپکە) وە هاتبێ، لە زاخۆ پێی ئەڵێن (پشکوک).

(٢) لێرەدا (بەر) وەک بەری کەوا بەکار ئەهێنرێ. (بطانە. ا. ب)

Salt ئەتڵەس، Sword (شیر)ە[1]

Velvet قەیفە، Comb (شانە)یە

Cuffs لە بۆ (فەقیانە)یە

ژێرکراس (Undershirt)ە

Night- Gown (کراسی شەو)ە

Trousers (پانتۆل)ە

Migration یش لە بۆ (ڕەو)ە

***

Seissors مەقەستە یان بڕنگ

Neektie, Cravet بۆیباغ

Trousseau (جیازیی)یە

Cloth قوماش

***

Thimbke ئەموستیلەی دورین

Necklace لە بۆ (گەردانە)یە

Ear- ring یش (گوواره)یە

Sewing دوورین، Cutting بڕین

***

Anklet بەکوردیی (خلخاڵ)ە

Braceletیش بۆ (بازن)ە

Umbrella, parasol چەتر

Towel خاولی Pink (ئاڵ)ە[2]

Sponge (هەور)ە[3] Pocket گیرفان

Spectacles چاویلکەیە[4]

Whip قەمچییە، Stick گاڵۆک

Flannel لە بۆ (فانیلە)یە

---

(١) شیری برین. (شمشیر. ا. ب)

(٢) ڕەنگی ئاڵ- قرنفلی- وەبەمانای- ڕادیکالی معتدل- دێ (ا. ب)

(٣) هەور: گیانلەبەرێکی درەختیە لەبن دەریادا ئەژیی، ئەو هەورەیە کە شتی پێ ئەشۆری. (ئیسفەنج. ا. ب).

(٤) لە دەوری ڕەواندز بە(عەینەک) ئەڵێن چاویلکە.

(HOUSEHOLD REQUIREMENT كەلوپەلی ناو ماڵ)

Building (خانوو)ە، Room ناوی (ژوور)ە

Hut (قۆختە)یە، Oven (تەنوور)ە

House (خانوو)ە، Passage (ڕاڕەو)ە

Corridor دالان، Dream بۆ (خەو)ە

Ladder پەیژە، Verandahe هەیوان

Kitchen بۆ جێگای کردنی چێشتان (مەتبەخ. ا. ب)

Ceiling (بن میچ)ە، Window پەنجەرە

door دەر، یان دەرگا، Fight, war (شەڕ)ە

Holl دیوانخانە، Glass شووشەیە

Pillar کۆڵەکە، Quilt لێفەیە

Home (ماڵ)ە، Bath- room ژووری خۆشتن (حەمام)

Stable پشتیر[1] Lantern فانۆس

Stair- case مانای (پلیکانە)یە

Roof بۆ (سەربان)ە، Picture (وێنە)یە[2]

Well (بیر)، دیوار Wallی پێ ئەڵێن

بە Foundation (بنچینە) ئەڵێن

Shelf بۆ (تاق)ە، Hinge یش (دولایی)

Pump (ترۆمپا)یە، Sight بیینایی

Lock کلۆم، Curtains مانای (پەردە)یە

Blanket پەتوو[3] Bag (توورەکە)یە

Bed پێ خەف، Pitcher مانای (مەسینە)

Cupboard (دۆلاب)ە، Cushion (سەرین)ە

Sheets (مەتیل)ە،[4] Frame چوارچێوە

Clock (سەعات)ە، Wax بۆ (مێو)ە[5]

---

(١) پشتیر: طویلة. (تەویلە - ا. ب).

(٢) وێنە: صورت، رسم، عکس.

(٣) پەتوو: بطانیە.

(٤) بەرگی دیوی ناوەوەی لێفە (ا. ب)

(٥) مێوی شانەی هەنگ، نەک دارمێو (ا. ب).

Satchel هەگبە، Mat حەسیر Rag بەرە

Carpet سوجادە، مەنجەل (Boiler)ە

Wick (پلیتە)یە، Candle بۆ (مۆم)ە

Cup فنجان، Bellows بۆ (مووشەدەمە)

Table- cloth سەرمێز، Table بۆ (مێز)ە

Mirror ئاوێنە، Strong بۆ (هێز)ە

Plate (دەوری)یە، Tray بۆ (سینی)

Scoop (کەوگیر)ە، Kettle بۆ (کەتری)

Fork (چنگاڵ)ە، Bowl بۆ (کاشی)

Glass (پەرداغ)ە Funnel راحەتی

Knife چەقۆیە، Stove ئاگردان

Pestle, Mortar هەردوو: دەسکەوان

Tea- pot (قۆری)یە، Broom بۆ (گەسک)

Wide بۆ (فراوان)، Narrow بۆ (تەسک)

Sieve بۆ (بێژنگ)ە، Basket سەبەتە

Tongs (مەقاش)ە، Match بۆ (شقارتە)

Coffee- pot (جەزوە)، Toigrind هارین

Balance تەرازوو، To Sweep ماڵین

Sauce- pan تاوە، Salt- cellar خوێدان

بە Sugar- Basin ئەڵێن (شەکردان)

گیانلەبەر Animals

بۆ پەلەوەر[1] Birds And

Insects بۆ (حشرات) مێروو. آ. ب

Mare (ماین)ە، Donkey (کەر)ە

Goat (بزن)ە، Sheep (مەڕ)ە

Horn (شاخ)ە[2]، Ox گایە

Cat پشیلە، Cow مانگایە

---

(١) پەرندە، باڵدار، مەل.

(٢) شاخی گیانلەبەر.

کارژۆلە Kid، Flock (ڕان)ە[1]

Bear (ورچ)ە Ran (بەران)ە

Tiger پڵنگ، Dog بۆ (سەگ)ە

Jackal چەقەڵ، بەراز (Pig)ە

deer (ئاسک)ە، Camel حوشتر

Rabbit کەروێشک، Mule ئێستر

Colt جوانووە، Filly نۆما[2]

Ioo بۆ (سم)ە، Dance بۆ (سەما)

Baor (بەرازی دڕندە)یە

Lion شێرە، Self (بەندە)یە (خودی خۆی. ا. ب)

Rat (مشک)ە، Muoce مشکی بچووک

Bitch دێڵەسەگ، (کەڵەشێر)ە Cock

Hen (مریشک)ە، Chich جووجەڵە

Calf گوێرەکە، Ewe (مەڕ)ە

Cub بێچوە شێر، Fur (فەروە)یە

Sable لە بۆ (سمۆرە)یە

Monkey مەیموون، Elephant (فیل)ە

Dove (کۆتر)ە، mile (میل)ە

ئەسپ (Horse)ە، Wolf (گورگ)ە

Hound تاژی، Dress (بەرگ)ە

***

Turkey عەلیشیش، Hedgehog (ژیشک)ە

Tartedove قومریی، Cradle بێشکە

Eagle بۆ (داڵ)ە، Nightingale بلبل

Duck (مراوی)یە، To the Neck تامل[3]

Stork (لەقلەق)ە، Valture (هەڵۆ)یە

---

(١) ڕانە مەڕ.

(٢) بێچووی مێیە ماین، بەمانای (کچ)یش دێت. (ا. ب)

(٣) هەتا ئاستی مل. (ا. ب)

Hoopoo بۆ (پەپوسلێمانکە)یە

Partridge (پۆڕ)ە، Swan (سۆنە)یە

Goose لە بۆ (قاز)ە، Cause یش (بۆنە)یە (**)

Parrot تووتییە، Kite کولارە

Falcon بۆ (باز)ە، Rider (سوار)ە

***

Starling (ڕیشوڵە)یە، Sparrow چۆلەکەیە

Owl لە بۆ (کوندەبەبۆ)، Chicken (گەلەی جووجەلە)یە

Feather (پەڕ)ە، Bill (دەندووک)ە

Throat (قورگ)ە، Gum یش (پووک)ە

Bee (هەنگ)ە، Wasp زەردەواڵە

Sting چزوو، Dumb بۆ (لاڵ)ە

Snail هێلکە شەیتانۆکە

Leech (زەروو)ە، Hurryup زووکە، (خێرکە، گورجکە. ا. ب)

Flea (کێچ)ە، Bug مێشوولە(1)

Louse ئەسپێ، Ant مێروولە

Scorpion لایان (دووپشک)ە

Spider یش (جاڵجاڵۆکە)

Scolopendra (هەزارپێ)یە

Serpent (مار)ە، Female (مێ)یە

***

Warm بۆ (کرم)ە، Cocoon قۆزاخە

Moth (مۆرانە)یە، Ah (ئۆفو ئاخ)ە

Silkworm لە بۆ (کرمی ئاوریشم)ە

Locust کوللەیە، Saturday شەممە

Butterfly (پەپوولە)یە

Pup و Puppy بۆ (توولە)یە

(**) بەمانای: (سبب، علة، داع، قضية)ش دێت (ا. ب)

(1) لای ڕواندز: (پیشکە)شی پێ ئەڵێن.

Fly (مێش)ە، Wax (مێو)
Owner (خاوەند) یاخود (خێو)ە

(TREES. FRUITS. AND FLOWEES) درەخت و میوە و گوڵ

Garden (باغچە)یە، Wood (دارستان)ە[1]
Branch لق و پۆپ، Orchard (بێستان)ە
Flower (گوڵ)ە، Rose (گوڵەباغ)
Grapes (ترێ)یە، Flag (بەیداغ)ە
Pear (هەرمێ)یە، Melon Water شووتی
Cuember خەیار، Apricot قەیسی
Cherry (گێلاس)ە، Peas لە بۆ (نۆک)ە
Fig بۆ (هەنجیر)ە، Kerchief دەسرۆکە
Seed (توو)ە رەگ، Root Shrul (دەوەن)ە
Leaf گەڵا، Peach قۆخ، Age بۆ (تەمەن)ە[2]
Park بۆ (تویکڵ)ە، Thorn بۆ (درک)
Pine سنەوبەر، Twig بۆ (برک)
Cak (داربەڕوو)ە، Walnut داری گوێز
Hawthorn گوێژ، Powerful بەهێز
Corn خەڵەیە، Crushed wheat ساوەر
Wheat گەنم Rye جۆ، Carrot بۆ (گێزەر)
Onion (پیاز)ە، Radish بۆ (تووڕ)ە
Mint نەعنا، Beet سلق، Red ڕەنگی (سوور)ە
Scent (بۆنی خۆش)ە، Mulberry (توو)ە
Almonds (باوی)یە،[3] Surface بۆ (ڕوو)ە
Orange پرتەقاڵ، Lemon لیمۆیە
Quince بەهێیە، To you (بۆ تۆ)یە
لای ئەوان (هەنار) (Pomegranate)ە

---

(١) بەمانای (تەختە)ش دێت، یاشتی لە تەختە و دار کرابێ (ا. ب)
(٢) تەمەن: عمر، نالی بەکوردیی لە سونعو تەمەنی چواردە ساڵە دابو؟
(٣) لە هەولێر بە(بادام) ئەڵێن (باوی).

Olive (زەیتوون)ە، گەورە (Great)ە
Apple لایان (سێو)ە، Raisins (مێووژ)ە
Sunflawer یش (گوڵەبەڕۆژە)
Narcissus نێرگس، Bouquet دەسکە گوڵ
Lettuce (کاهوو)ە، Boiling بۆ (لەکوڵ)
Bringol باینجان، Lentils (نیسک)ە
Beans بۆ (پاقلە)یە، Stem (لاسک)ە
Beetroot چەوەندەر، Bamiah بامیە
Sumach بۆ (ترش)ە، Cumin زیرەیە
Millon (کالەک)ە، Tarnip (شێلم)ە
Rice (برنج)ە، Blace «قەڵەم»ە[1]
Tree «درەخت»ە، Cluster هێشوو
Dates (خورما)یە، Cotton بۆ (پەموو)
Sugar- cane لایان (قامیشی شەکر)
Plum هەڵووژە، Petter یش چاکتر
Bud بۆ (غونچە)یە، Vine بۆ (مێو)ە
Stoues «ناووک»ە،[2] Mountain (کێو)ە

کانْ و بەردی نرخدار (METALS AND PRECLOUS STONES)

Gold (زێڕ)ە، Silver (زیو)ە
Copper (مس)ە، Sand بۆ (لیو)ە[3]
Brass (زەرد)ە،[4] Iron ئاسن
zenc چینکۆیە، Huge مەزن[5]
Sulpher گۆگرد، Tar (قەتران)ە

---

(١) قەڵەمی گوڵ
«٢» ناووکی میوە. وەک: ناوکە بەهێ.
(٣): لە.
(٤) بەڕەنگی زەردیش ئەڵێن: Yellow
(٥) گەورە.

Steel پۆلا، Mine (کان)ە

Magnet ناوی (موغناتیس)ە

Lead بۆ (مز)ە،[1] Rope (گوریس)ە

Gem (گەوهەر)ە، Ruby یاقووت

Emerald بەئینگلیزی (زمرووت)

Mercury جیوە، Coral مەرجان

Crystal بلوور، Heavy گران (قورس. ا. ب)

Turqnoise ناوی (پیرۆزە)یە

Lustre (شەوق و بریسکە)یە

(ولات و ئەوی لە ناویایە GOUNTRY AND ITS PART)

Country ولات، Town (شار)ە

Street شەقام، Stick (دار)ە

Village (گوند)ە،[2] House خانوو

Market بازار،[3] Piea بیانوو

Palace (کۆشک)ە، Police پۆلیس

Clean (پاک)ە، Dirty بۆ (پیس)

Nation (گەل)ە،[4] Master سەردار

State دەوڵەت، Camp یش (هەوار)

(حکومت) لایان (Government)ە

King پاشایە، Desert (دەشت)ە

Hospital ناوی (خەستەخانە). نەخۆشخانە. ا. ب

Vesir وەزیر، Court (دیوان)ە

Officer (مأمور) یان (فەرمانبەر)

Brave ئازا، Bold دلاوەر

Office جێگەی فەرمانبەران

---

(١) مز: کوردیی پەتییە، مانای قورقوشمە.

(٢) دێ

(٣) بازێریشی پێ ئەڵێن

(٤) ملت. میللەت (ا. ب)

Order فەرمان، To give بۆ (دان)
Army لەشکر، Soldier عەسکەر
Migl. ty هێزدار، Warrior شەڕکەر
Capital پایتەخت، Ship (پاپۆڕ)ە
Alley کووچە، Grave (گۆڕ)ە
Restaurant مانای (چێشتخانە)یە
Museum (ئەنتیکەخانە)یە
Quarter گەڕەک، Boat (کەشتی)یە (بەلەم. ا. ب)
ئیجزاخانە Pharmacy یە، (دەرمانخانە ا. ب)
Harbour مانای (ئەسکەلە)یە
Swimming بەکوردی (مەلە)یە

(پیشەوەران CRAFTSMEN)[1]

Peasant لادێیی، Printer چاپ گەر
Actor (ممثل)، Dancer سەماکەر
Book- Seller ، مانای (کتێب فرۆش)ە
Green- grocer (سەوزە فرۆش)ە
Book- Binder بۆ (جز و بەندکەر)ە
Masson بەنایە، Cook یش (چێشتکەر)ە
Carpenter دارتاش، Turner(خرات)ە
Tailor (بەرگدروو) یاخود «خیاط»ە
Butcher گۆشت فرۆش، Grocer بەقاڵ
Porter بەکوردی (هەڵگر)یان (حمال) (کۆڵ هەڵگر ا. ب)
Shepherd (شوان)ە، Cutler چەقوگەر
Hunter (راوکەر)ە، Wizard جادووگەر
Tanner دەباغ کەر، Cobbler پینەچی
Coffee. shop keeper لە بۆ (قاوەچی)
Barber (سەرتاش)ە، Miller ئاشەوان

---

(١) صنعتکاران

Groom (مەیتەر)ە، Watchman پاسەوانە
Goldsmith (زەرەنگەر)ە، Coavh, Cab (گالیسکە)یە
Shoe- maker کەوش دروو، Blacksmith (ئاسنگەر)ە
Gunsmith چەخماخ ساز، Shoe- blsck (بویاغچی)یە
Gardener بۆ(باغەوان)، Confectioner (حەلواچی)یە
Sweeper گەسک لێ دەر، watchmaker سەعات چییە
Sculptor هەیکەل تاش، Politician سیاسییە
Copperamith بۆ (مسگەر)ە، Photographer (وێنەگر)ە[1]
Tinsmith تەنەکەچی، Plasterer (تەراو دەر)ە
Lawyer (محامی)، Engineer (مهندس)ە
Singer لە بۆ (گۆرانیبێژ)، pharmacist (إجزاچی)یە[2]

(حاجەت، ئالات TOOLS)

Serew (جەر)ە،[3] Saw (مشار)ە
Hammer چەکوش، Nail (بزمار)ە
Muttock (پاچ)ە، Axe (تەور)ە
Wheel ڕەورەوە، Greesy (چەور)ە
Valve دەرک، Wire (تەل)ە
Piug سەرقاپ، Hurry پەلە
Awl درەوش، Peg بۆ (مێخ)ە
Cutter برنگ، Root یش (بێخ)ە
Vice گیرە، Adze تەشوێ
Dhissl ئەسکەنە، Plane ڕەنگە
Anvil دەزگا، Late (دەرەنگ)ە
File برپەند، Furnace کوورە
Mould (قالب)ە، Angry توورە

---

(١) فتۆغرافچی
(٢) صیدلی. ا. ب
(٣) جەر: برغو (ا. ب)

Foreceps مانای (دەموقەلە)
Piston دەسک، Group گەلە
Crucible بۆ (بۆتە)یە
Fetter (پێوەند) و (کۆتە) یە

قوتابخانە (SCHOOL)

قوتابخانە School، Puple (شاگرد)ە (قوتابی - ا. ب)
Teacher مامۆستا، Bridge بۆ (پرد)ە
Class دەرسخانە، Lesson بۆ (دەرس)ە
Teaching فێرکردن، Question (پرس)ە
chair بۆ کورسیە، Drawer چاوی مێز
To sit دانیشتن، Table, Desk مێز (ریحلە. ا. ب)
To learn فێر بوون، Listening گوێ گرتن
Stand up هەڵسان، To take وەرگرتن
To Write (نووسین)ە، Peneil بۆ (قەڵەم)
Paper (قاقەز)ە، کۆڵەکە Column[1]
Duster تەختەسڕ، Black-Board تەختە[2]
Inkstand (دوێت)ە، Difficult (سەختە)ە
مەرەکەب (Ink)ە، (Chalk)ە دەباشیر
Ruler ڕاستەیە، Old (کۆن) یاخود (پیر)
History تاریخ، Rubber (لاستیک)ە
Date هەم بۆ (خورما)، هەم بۆ (تاریخ)ە[3]
Arithmetic حساب، Algebra (جبر)ە
Physic فیزیایە، Page بۆ لاپەڕە
Number ژمارە، Failing دواکەوتن
English ئینگلیزی، Passin سەرکەوتن[4]

---

(١) ستوون
(٢) تەختەی ڕەشی نووسین،
(٣) تاریخی یەکەم دەرسی تاریخ. هی دووەم تاریخی ساڵ و مانگ و ڕۆژ... هتد
(٤) دوا کەوتن و سەرکەوتن لە تاقی کردنەوە (إمتحان)دا.

Geography ناوی (جوغرافیا)یە
Slow (هێواش)ە، Rapid (خێرا)یە
Drill بۆ (مەشق)ە، Language (زبان)ە
Science (زانست)ە،[1] Artist (فنان)ە
(هندسە) لایان Geometry یە
Drawing ڕەسم، Kurdish کوردییە
Grammer دەستوور، To read (خوێندن)ە
Exercise وەرزین،[2] Doiug (کردن)ە
Chemistry کیمیا، Football تۆپی پێ
Runing ڕاکردن، Alittie کەمی
Teaching- staff (دەستەی مامۆستایان)ە
Play ground (جێی یاریکەران)ە (یاریگە. ا. ب)
Examination تاقی کردنەوە
To Forget بۆ شت (لەبیر چوونەوە)
Dictation نووسیار[3] Duty فرمان
Clever زیرەک، Pretty جووان
Composition انشا،، Reader خوێندەوار
Tidings دەنگوباس، Magazine گۆڤار[4]
Scout دیدەوان،[5] Picnes (سەیران)ە
Library ناوە بۆ (کتێبخانە)
Copy Book دەفتەر، Bell مانای (زەنگ)ە
Dictionary قامووس، Silent (بێ دەنگ)ە
Line ناوی (دێڕ)، Word بۆ (وشە)یە[6]
Phrase, sentdnce (گەلەی قسە)یە[7]

---

(١) زانست: (علم)ە.
(٢) وەرزین: لەش بزواندن، مەشق، سپور (لێرەدا- مەشق- یا - ڕاهێنان- ٥. ا. ب)
(٣) نوسیار: (املا)یە،.
(٤) گۆڤار: (مجلە)یە.
(٥) دیدەوان: (کشافە)یە
(٦) کلمە
(٧) جملە

Letter ماناى تيپ[1] Map ناوى (نەقشە)[2]
Blotting Paper (مەرەكەب هەلمژ)ە (ورق نشاف. أ. ب)
Pen- Knife قەلەمبر، Satchel كتێبدان[3]
Compass (پەرگال)ە، Recess بۆ (وچان)
Mark بۆ (نمره)یە، Reward بۆ (خەلات)
Vacation پشوو، (لەبەر)یش Byheart
Recitation بۆ دەرس (گوێ لێ گرتن)ە
Runishment لايان (تەمێ كردن)ە
Spelling حوێنجە، Presence ديار
Monitor يەكەم، Absence نادیار
(شهادت) لايان (Cerstificate)ە
(بێ هەلە) و (ڕاستى) Corret), right)ە
Envelope (ظرف)ە، Permission ڕێدان
signature امضا، Ignorant نەزان
to study كۆشش، Behaviour ڕەووشت
Gum يش (جەوى)يە،[*] Failure نوشوست
Nourishment خۆرشت، Food بە(چێشت) ئەلێن
To act بە(تمثيل)، Bread (نان) ئەلێن
(ترجمة) لايان Translation
بۆ (تێگەياندن) Explanation

---

(١) حرف
(٢) خريطه
(٣) هەگبەى كتێب. (جانتا. أ. ب)
(*) جەوى: كەتیرە، صمغ، بەماناى- بنێشت-یش دێت (أ. ب)

(Time کات)[1]

Saturday شەمە، Sunday یەکشەمە

Friday هەینی،[2] Monday دووشەمە

Tueday سێشەمب، Wednesday چوارشەمب

کرمانج بەThursday، ئەبێژن (پێنجشەمب)

century سەد ساڵ، Year لە بۆ (ساڵ)ە

Next year دوا ساڵ، year Laet (پار)ە

Season (گونەر)ە،[3] Spring (بەهار)ە

Month مانگ، Day ڕۆژ، Evening ئێوارە

Autum (پایز)ە، Winter (زستان)ە

Summer (هاوین)ە، Morning (بەیان)ە

Week هەفتە، Night شەو، Midnight نیوەشەو

Noon (نیوەڕۆ)یە، Fortnight چواردە شەو

بە(پاش نیوەڕۆ): Afternoon ئەڵێن

To morruw بە(سبەی بەیانی) ئەڵێن

Forenoon چێشتەنگاو، Second (ثانیە)

Minute (دقیقە)، End بۆ (دوایی)یە

Day, Dawn Of Break (بەری بەیان)ە

Middle (ناوەند)ە، Heavy (گران)ە

Early (زوو)ە، Late (دواکەوتوو)ە

Beginning سەرەتا، Past (ڕابوردوو)ە

Always هەموودەم، Present ئێستا

Aftewards پاشان، Future لەمەودوا

---

(١) Gathe: گاثە: بەزەندیی: (وقت)ی عەرەبی ئەگرێتەوە، پاشان بووە بە(کات)، ئینجا بە(سات)، (ساعە)ی عەرەبی کە مانای ژماردنی (کات)ە، هەر لەمەوە وەرگیراوە، چونکی لە کوردیا لە بریتی: (ساعە) ئەڵێن (سەعات) یاخود (سات).

(٢) کوردی ژوورو بە(جمعە) ئەڵێن (هەینی) یاخود (ئین).

(٣) موسم (وەرز. ا. ب)

(VERBS [1](باس))

Absorb (مژیین)ه[2]

Call (بانگ کردن)ه، Boil (کوڵان)

Add بۆ (خستنەسەر)، Advance پێشکەوتن

Arrest (گرتن)ه، Agree رێککەوتن

Acqure, Gain بۆ (دەستکەوتن)ه

Alter (گۆڕین)ه، Bury (ناشتن)ه

Bow نوشتانەوە، Borrow قرض کردن

Command فەرماندان، Crush وردکردن

Accumulate یش بۆ (کۆکردنەوە)

Count ژماردن، Cover شاردنەوە[3]

Accompany بۆ (هاودەمی کردن)

Cowpare (with)یش بۆ (بەر ئاوردکردن)ه

Bathe بۆ (خوشتن)، Blaze گرگرتن

cheat خەڵەتاندن، Close داخستن

Alarm ترساندن، Cry up هەڵدان[4]

Dye (رەنگکردن)ه، Corrupt تێکدان

Cure, Heal هەردو: بۆ (چاکبوونەوە)

Fear (ترسان)ه، Stay مانەوە

Cook (چێشت لێنان)ه، Capturo (گرتن)

Connect withیش بۆ (پێوەبەستن)ه

Conduct, Lead بۆ (رێ پیشاندان)ه

Damage بەکوردی (زیان لێدان)ه

To beat بەزاندن، Cross تێپەڕبوون

---

(١) لە دەستوورەکەی تۆفیق وەهبی بەگدا لە بریتی (فعل) دانراوە، (باس) لە (بحث)ی عەرەبییەوە وەرنەگیراوە.

(٢) هەر وشەیە (To)ی بخەیتە سەر مانای کوردییەکەی نەگرێتەوە وەکو To Absorb: مژیین.

(٣) داپۆشین، پاراستن (ا. ب)

(٤) مدح: (پیاهەڵدان. ستایش. ا. ب)

Defeat شکاندن، Unite بۆ (یەکبوون)
Coudescend لە بۆ (واز لێ هێنان)ە
Depart کۆچ کردن، Guess (هەڵهێنان)
Delay دواخستن، Bribe بەرتیل دان
Heat گەرم کردن، Swallow قوت دان
Invent داهێنان، Lift بەرز کردنەوە
Grill برژاندن، Open کردنەوە
Follow دواکەوتن، Knock لە دەرگادان
Patch پینەکردن، Slip خلیسکان
Tease تووڕە کردن، Pour (ڕشتن)ە
Swell (ئاوسان)ە، Rub (لێک خستن)ە
Shave تاشین، Scold سەرزەنشت کردن
Roll خولانەوە، Err هەڵەکردن[1]
Wish (ویستن)ە، Weigh کێشان
Wager (گرەو کردن)ە،
Yield (خۆهاویشتنە لا)یە[2]
Wait یش (ئارام گرتن)ە،[3]
Debide (دابەش کردن)ە، Extinguish کوژاندنەوە
Excite (وروژاندن)ە، Distinguish جیا کردنەوە
Accept (قبول کردن)ە، Dislike حەز لێ نەکردن
Believe (باوەڕ کردن)ە، Disgrace ئابڕووبردن
Disperse بڵاو کردنەوە، Free (ئازاد کردن)ە
Squeeze بەکوردی: گوشین، Pick up بۆ (هەڵگرتنەوە)
Yawn لە بۆ (باوێشک دان)، Consult (پرس پێ کردن)ە
Whisper لە بۆ (چرپە چرپ)، Complete (تەواوکردن)ە

---

(١) غلط کردن.
(٢) تسلیم بوون.
(٣) چاوەڕوانی، دواخستنی کارێک (ا. ب)

(NUMBERS ژماره)

One یەک، Two دوو

Three سێ، Blow فوو

Four چوار، Five پەنج

Six شەش، Labour ڕەنج

Seven حەوت، Eight هەشت

Nine نۆ، Basin تەشت

Ten دە، Twenty بیست

Thirty سی، List لیستە

Fourty چل، Sixty شەست

Fifty پەنجا، Rust ژەنگ

Seventy حەفتا، Hundred سەد

Eighty هەشتا، Ninty نەوەد

Eleven یانزەیە، Twelf دوانزەیە

Fourteen چواردەیە، Thirteen سیانزەیە

Sixteen شانزە، Seventeen حەڤدە

Fiffteen پانزە، Eighteen یش (هەژدە)

Ninteen نۆزدە، Thousand (هەزار)ە

Million بۆ (ملیون)، Burden بۆ (بار)ە(*)

Seventh (حەوتەم)ە، Second (دووهەم)ە

Twelfth دوانزەهەم، Third بۆ (سێ هەم)ە

Once بۆ (جارێک)ە، Twice بۆ (دووجار)

Double دووهێندە، Thrice بۆ (سێ جار)

Dozen دەستەیە، Fair (جووتێک)ە

Afourth چارەکێک، Third بۆ (سێ یەک)ە

First بۆ (یەکەمین)، Thirty one سی و یەک

Score (بیست دانە)، One by one یەک یەک

Single (تەنیا)یە (صفر) zeroo یە

Fingle وردە، Rag یش (پەرۆ)یە

(*) کۆڵ و بار، قورسایی سەر شان (ا. ب)

(بۆ ناو[1] و پیتەکانی تر PRONOUNS AND OTHER ARTCIES)

I من، You تۆ

He ئەو،[2] You بۆ

We مە،[3] You ئێوە

ئەوان: They، And وە

No نەء، Yes ئا

With لەگەڵ، So وا

How چۆن؟، لەسەر: On

Why بۆ؟، کەس[4] None

At لەسەر، For بۆ

His هی ئەو،[5] Yours هی تۆ

هی من Mine، حەلی When

Let them come بام بێن

What چی؟، That کە

Don't do it مەی کە

Is هەیە، Are هەن[6]

Which, that بۆ (کەن)[7]

There لەوێ، Here لێرە

Since لەوساوە، کوێ؟ (Where)

This ئەمە ، ئەوە That

These ئەمانە، کام؟ What[8]

---

(١) ضمیر بەکوردی (بۆ ناو)ی پێ ئەڵێن.

(٢) بۆ ژن ئەڵێن she.

(٣) مە: ئێمە.

(٤) هیچ کەس،

(٥) بۆ ژن: Her.

(٦)Was هەبوو، Were هەبوون.

(٧) That بۆ پیاو، Which بو گیانلەبەر و دار و بەرد بەکار ئەهێنرێ.

(٨) وەکو: کام شت؟

About له بابەت، After له پاشا
Also هەروەها، Atfirst له پێشا
Above لەسەروو، Again هەمیسان
Ago لەمەوپێش، Between له نێوان
All (گشت) یان (هەموو)، Aside بەتەنیا
Always هەمیشە، Behind لەدوا
Anew سەرلەنوێ، Against بەرامبەر
Beford له بەردەم، If یش بۆ (ئەگەر)
As وەکو، Besides (ئەوەی لێ دەچێ)
Below ژێر، له خوار، But بەلام، وەلێ
Already ئێستا، (له پێش پێی تۆ دا)
Although ئەگەرچی، Inside له ناوا
Away (له دوور)، Nothing هیچ نییە
At Iength, At Iat بۆ (دوایی)یە
Altogether گشتی، هەمووی، سەرتاپا
At Once کوتوپڕ، Till, Until هەتا
Round دەوروپشت، At Ieast لای کەمی
Some هەندێ، کەمێ، Because له بەرئی
Beside لا، له کن، Beyond له ژووروو
Both هەردوو، By بە، Towards بەرەوڕوو
بۆی هەیە Perhaps ، Possibly ڕەنگە
Quickly خێرا، Sound بۆ (دەنگ)ە
Some times جارجار، Save جگە لەوە
Outside بەدەر، Since لەوساکەوە
From لە، Henceforth له ئێستاکەوە
Instead of یش (له جیاتی ئەوە)
Much زۆر More، (زۆریی) یاخود (زۆرتر)ە
(هەرگیز) بۆ Never، Least بۆ (کەمتر)ە
Too دیسانەوە، Near (نزیک)ە
Off له دوور Often، بۆ (چەند جارێک)ە

Down خوار، Under ,Underneath له ژێر

Upward بەرەو ژوور، Hero بۆ (دلێر)

Yes بەڵێ، هێشتا Without, Yet بێجگە

Time (حەل) یان (کات)، Place بۆ (جێگە)

Carelessly بەبێ پەروا، Cowardly بەشێتانە

Certainly بەبێ گومان، Kindly برایانە

Amialy بەنازکی

Surely بەراستی

Barely بەرەنج، بەنەرک

Boldly بەبێ باکی

Scarcely بەگرانی

Slowly بەهێواشی

Entirely بەکۆمەڵە

Easily بەئاسانی

***

Apparentiy وەکو دیارە

Annually هەموو ساڵێ

Bustly بەرەنجی شان

Active (تەوانا) و (بەکار)ە

***

Vainly بەخۆڕایی

Urgently بەخێرایی

Usually بەپێی رەوشت

Entirely بەتەواویی

***

FERHENGOK

AVOCABULARY
of
ENGLISH- KURDISH and KURDISH- ENGLISH

By

FATTAH SHAKIR

Rowanduz zarikirmanji 1934

نووسینی بەلاتینی

-٥-هەوڵدانێکی شاکر فەتاحە بۆ نووسین بەپیتە لاتینییەکان.

لێرەدا چیرۆکی (شوغاڵی چەپخوون)ی تایبەت بەمناڵانی گۆڕیوەتە سەر ئەو جۆرە نووسینە.


Çîroq bo minalan
Jimare: 7
ŞUXALÎ
çepxûn.
Danerî:
Qamil Ceylanî
Qandî nûse:
Şagir Fettah.

(١)


QUREQÎ
çepxûn.
1. Suxal.
Suxal qun ê qi çepxûn, yecgar çepûn bu. Qun ê qi dil-pîs, yecgar dil-pîs bu.
Male weş beyyan le Suxal ne eqird, çunqi yec-

(٢)


gar çepxûn, yecgar dilpês bu.
ÇEPELÎ i ŞUXAL.
2.
Suxal qun ê qi çepel bu, zoriş çepel bu, çunqi beyanyan dem u çaw i ne deşit.
mêş i şi eqird u eyguşt.

(٣)


yaye azar i eda, lê i eda. u eyguşt. Çige le we heş gian-le-ber ê qi besezman î şi ber-dest biqewtaye azar i eda.
Îçû balinde besezmane gan î şi equşt u kefeze gan i eşqandin.

(٤)

Nesrîn i xuşgi pê bilin-
sînê. Qe Nesrîn i xuşgi
bew terhe çaw i pê gut,
le tinsa Kurişgandi, weg-
ganî şêr e : hate we lê-
xwa.

Daigi Nesrîn îş be he-
le-dawan geyişte ser Nes-
rîn, qe Şuïali di eytinsine.
lesie ew bed-xû î ye i geli
Kise i naşîrin i pê gut.

(٥)

SEÇEME

Şuïal egrê

.......7........

Inca qe seg e qe dî :
Şuïal wag le lêdan i wi
nehênê, gor rik i helsa.
Itir seg çar i nema,
pelaman i kac i Şuïal i
da u pie nûsa, ta twa-
nî gestî u azar i da.
Şuïal îş le taw îş ta hêzi

(٦)

tia bu Kijandi

.... *** ....

[illegible]

Şuïal Nexoş Egewê

........8........

Lewe wet Şuïal nexoşî yegi gran i
gut. Ebû lemû roj pispor

(٧)

derman i bidayê. Derm
an e qeş tal bu. Şuïal iş
le ber tali i derman e
qe u azar i gestin e qe
roşnayî i le dila we ma

[illegible]

(٨)



bu. wa i lê hatibu may
etwanî rast biłêtewe, her
ebû le cêga qe ya bi-
mênête we. Êş u azar i
nexoşî ye qeşi wa i
dil-teng girdebû; le tawa
desti egird le giyan.
Belam sege qe. rex i
egird. yarî i egird, le
ser mêze qe i Suxal iş

(٩)



nebwaye nan i ne e-
xward.

Suxal

PEŞÎMANEBÊWE

— 9 —

Zor i pê çû ta Su-
xal çaq bu we we.
Suxal iş le bîr i neçu-
bu we we qe sege qe i

(١٠)



Çî i be ser hêna bu.
Itir bew roje we Su-
xal i çepxîn qurêqi
jîr i dil-nerm i baş
i ke hate dere we.
Itir bew roje we Su-
xal le qes i ne eda,
azar i hîç gian le
ber ê qişi ne eda.

(١١)



Bilaw bûn e way em nûsîne
le Qurdistan da, rahenêye gewre
ye bo bilaw girdinewey zanist.

(١٢)

نرخی ویژەیی -١-

بۆ پۆلی سێهەمی زانستگای

ویژە «بەشی کوردی»

وەرگر و وەرگێڕی

شاکر فتاح

١٩٦٣-١٩٦٢

هۆنراوەی کوردی

بەرهەمی ویژەیی بریتییە لە دوو شت:

١- هۆنراوە

٢- پەخشان

لەویژەی کۆنی کوردیدا پەخشان زۆر کەم نووسراوەتەوە.

لە برانەوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە، پەخشان دەستی کردووە بەگەشەکردن، بەڵام (هۆنراوەی هونەری : الشعر الفني) سەرەتای دەست پێکردنی ئەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ لەمەوبەر، کە لە شێوەی کرمانجیدا (عەلی تەرموکی)، لە شێوەی (گۆران: هەورامی)شدا (بابەتاهیری هەمەدانی) هۆنراوەیان بۆ نووسیوینەتەوە. بڕواش وایە کە (هۆنراوەی فۆلکلۆر) کە بەهۆنراوەیەکی هونەری ناژمێررێ، لە هۆنراوەی هونەریی ناوبراو کۆنتریێ.

ئینجا لەبەر ئەو بایەخەی (هۆنراوە) لە مێژووی ویژەکەماندا هەیەتی، هەمدیسان لەبەر ئەو جێگا زۆرەی لەناو بەرهەمی ویژەییماندا داگیری کردووە، پێویستە لێکۆڵینەوە لە هۆنراوەدا پێشبخەین، بایەخی گەورەتریشی پێ بدەین.

پێشینان، ناونیشانی هۆنراوەیان بە(کێشی) و سەروا (قافیە) هەڵداوە. گوتوویانە: «هۆنراوە ئەو وتانەیە کە کێش و سەروایان هەیە». بەم پێیە، ئەبێ فەرهەنگەکەی شێخ مەعروفی نۆدێیی کە ناوی (ئەحمەدی)یە بەهۆنراوە دابنرێ. ئاشکرایە ئەمە قسەی هەڵبەستراوە، نەک هۆنراوەی ڕاستەقینە.

هۆنراوەی ڕاستەقینە سەرەڕای هۆنینەوەی وشەکانی ئەبێ ئەم کەرەستانەشی تیابێ، ئەگینا بەهۆنراوەی هونەری دانانرێ: (سۆز، بیر، ئەندێشە و ساز و ئاواز).

پێشینان کە وەک سەرەوە لە هۆنراوە دواون، تەنیا سەرنجیان لە دیمەنی دەرەوەی هۆنراوە داوە. تەماشای کەرەستەکانی تری هۆنراوەیان نەکردووە، وەک : (سۆز، بیر و ئەندێشە).

هەروەها ئەگەر پەخشانێکیش پڕ بێ لە کەرەستەکانی هونەر وەک: (سۆز، بیر و ئەندێشە) پێی نابێژرێ هۆنراوە، پێی ئەبێژرێ (پەخشانی هونەری: النثر الفني)، پێی نابێژرێ (هۆنراوە)، چونکی کەرەستەی ساز و ئاوازی تیا نییە وەک: (کێش و سەروا ڕێکوپێکی وشەکان و ناسکی و ئاوداریان) کە گرنگترین کەرەستەی هونەرین بۆ هۆنراوەی ڕاستەقینە.

کەواتە پێش ئەمەی لە (نرخی وێژەیی: النقد الأدبي)ی هۆنراوەوە بدوێین، بام هەندێ لە کێشی هۆنراوەی کوردییەوە بدوێین، ئینجا لە سەروای هۆنراوەی کوردییەوە.

کێش: الوزن

* کێش لە هۆنراوەی بێگانەدا: لە هەموو زبانەکانی جیهاندا هۆنراوە هەیە، هەر زبانەش بەپێی سروشتی تایبەتی خۆی، جۆرە ساز و ئاوازێکی هەیە؛ جیاوازە لە ساز و ئاوازی هونەری پەخشان. ساز و ئاوازی هۆنراوە (کێش: وزن)ی پێ ئەڵێن.

کێشی هۆنراوە، لە زبانە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، لەسەر بنچینەیەک دامەزراوە، ئەو بنچینەیەش ئەوەیە کە وشەکان، دەنگەکانیان، دەستەکراون، لەناو ئەم دەستە و ئەو دەستەدا پشوویەک ئەدرێ؛ ئەم دەنگە دەستە دەستە کراوانە پێیان ئەڵێن: (پێ: Foot: تفعيلة)، بەواتایەکی تر لە چەند برگە (مقطع)ێکی دەنگ (پێی هۆنراوە: تفعيلة الشعر) پەیدا ئەبێ. ئەمەش لە هەموو زمانێکا وەک یەک نییە، بەڵکو جۆێ جۆرییە، هەر زبانە پێی تایبەتی خۆی هەیە لە هۆنراوەکانیدا، جیاوازە لەوانی تر.

پێی هۆنراوە لە زبانی یۆنانیدا:

لە هۆنراوەکانی زبانی یۆنانی کۆنی لاتینیدا، بایەخیان داوە بەکورتی و درێژی برگەکان، بۆ ئەمەی (پێی هۆنراوە)یان لێ دروست بکەن. لە یەک پێدا: دوو برگەی درێژ، یاخود برگەیەکی درێژ و دوو برگەی کورت، یاخود دوو برگەی کورت و برگەیەکی درێژیان کۆکردۆتەوە.

چەند پێیەکی ئاوەهایان لە دێڕێکا ڕیز کردووە؛ لەمانە جۆرە کێشێکی هۆنراوەیان بۆ خۆیان داهێناوە. پێوانەی درێژی و کورتی برگەشیان لەسەر ئەم شێوازە داناوە:

١- برگەی درێژ: المقطع الطويل:

أ- یان لە پیتێکی مات (حرف صامت) و پیتێکی بزێوی درێژ (حرف متحرك طويل) پەیدا ئەبێ، وەک: ژا، ژوو، ژیی.

ب- یاخود لە دوو پیتی مات و پیتێکی بزێو لە ناوەڕاستی هەردووکیاندا پەیدا ئەبێ، وەک: باز، بەز، ڕیز، تۆز. لێرەدا پیتە بزێوەکە کورت بێ یان درێژ مەبەس نییە.

جـ- یاخود لە پیتێکی مات و پیتێکی بزێو و دوو پیتی مات پەیدا ئەبێ، وەک: بەرز، ئارد، ماست.

د- یاخود لە پیتێکی مات و پیتێکی بزێوی کورت و پیتێکی (لێکدراو: مرکب) پەیدا ئەبێ، وەک: جە-نگ، ڕە-نگ، پە-نگ.

٢- برگەی کورت:

برگەی کورتیش لە پیتێکی مات و پیتێکی بزوێی کورت پێک دێ. وەک: بە، لە، وە.

وشەی (پەڵە): بریتییە لە دوو برگەی کورت: یەکێکیان (پە) یەکێکیشیان (ڵە). هەروەها وشەکانی: خەلە، تەڵەییێ.

هۆنراوە لە زبانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و روسیدا:

لەم سێ زبانەدا، پێی هۆنراوە، لەسەر بنچینەی کورتی و درێژی برگە دروست ناکرێ، لەسەر بنچینەی (سووکی) و (گرانی)ی برگە دروست ئەکرێ؛ لەم سێ زبانەدا، قورساییەکی قسە هەیە، ئەخرێتە سەر کەرتێکی دیاریکراوی وشەیەک لە وشەکانی، پێی ئەڵێن:

(لەنگەر: إرتكاز: تەکیە: ئەکسەنت)[1].

لە کێشی ئەم زبانانەدا (برگەی لەنگەردا: المقطع الارتكازي) جێگەی برگەی درێژ ئەگرێتەوە. هەروەک برگەی (بێ لەنگەر)یش جێگەی برگەی کورت ئەگرێتەوە.

لە ئینگلیزیدا چوار جۆر کێشی هۆنراوە هەیە، (پێ)یەکانیان بەم جۆرەی خوارەوە لە برگەی (سووک) و برگەی (گران) دروست ئەکرێن:

١- برگەی گران + برگەی سووک

٢- برگەی سووک + برگەی گران

٣- برگەی گران + برگەی سووک + برگەی سووک

٤- برگەی سووک + برگەی سووک + برگەی گران

پێی هۆنراوە لە زمانی فەرەنسزیدا:

جۆرێکی تر لە کێشەکانی هۆنراوە لە زبانی فەرەنسزیدا بەرچاو ئەکەوێ.

فەرەنسزی هەرچەندە لە بنچینەدا ئەچێتەوە سەر زبانی لاتینی، بەڵام چونکە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە رووی (پێی هۆنراوە)وە لە زبانی لاتینی جیابۆتەوە، لە پێوانەدا برگەکانی زبانی فەرەنسزی لە یەکتری نزیک بوونەتەوە، هەروەها (لەنگەری دەنگ)یشیان لەسەر لاچووە، لەبەر ئەوە کێشی هۆنراوە، لە زبانی فەرەنسزیدا، لەسەر ساز و ئاوازێکی تربەدار (إيقاعي) ناڕوات، وەک زبانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و رووسی. بەڵکو لەسەر ساز و ئاوازێکی خاوتر و رەووانتر ئەڕوا.

بەواتایەکی تر، لە زبانی فەرەنسزیدا (کێشی هۆنراوە) لەسەر بنچینەی (درێژی و کورتی)ی برگە، یاخود لەسەر بنچینەی (سووکی) و (گرانی)ی برگە دانەمەزراوە. بەڵکو لەسەر (ژمارەی برگە) دامەزراوە، بێ ئەمەی تەماشای درێژی و کورتیی برگەکان بکرێ.

---

(١) ئەم زاراوانە بەپێی ڕیزکردنەکەیان سەربەزمانی: (کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی)ن.

بۆ وێنە: لە کێشی (ئەسکەندەری)دا کە کێشێکی تایبەتی هۆنراوەی زمانی فەرەنسزیە، (١٢) برگە هەیە. هەر سێ برگەی خراوەتە (پێ)یەکەوە، واتا چوار پێ، کە ئەکاتە دووانزە برگە ئەکەوێتە دێڕە هۆنراوەیەکەوە، ئەوەندە هەیە، بۆ ئەمەی جۆرە ترپە (إیقاع)یەکی سووکەڵە لە ساز و ئاوازی (هۆنراوە)کەدا پەیدا ببێ، لەنگەرێکی دەنگ (الارتکاز الصوتی) ئەخرێتە سەر (دوابرگە)ی هەموو (پێ) یەکو هەموو (دوا برگە)ی (دێڕە هۆنراوە) یەک.

ئەم لەنگەرە (لەنگەری هۆنراوە)ی پێ ئەڵێن، بەڵام جیاوازە لەو لەنگەرەی کە لە هەندێ زماندا ئەخرێتە سەر برگەی ناو وشە. سەیرکەن ئەمە دێڕێکی هۆنراوەی ئەسکەندەرییە، پێیەکان و برگەکانی وا دروست ئەکرێن:



دێڕەکە بریتیە لە: ٤ پێ
١٢ برگە
٤ لەنگەر

*** کێشی هۆنراوە لە زمانی کوردیدا:**

لە هۆنراوەی تازەی زمانی کوردیدا دوو ڕێچکەی جیاوازی کێشی هەیە:

١- ئەو بوێژانەی لەسەری ئەڕۆن کە پەیڕەویی بوێژە کۆنەکانمان ئەکەن کە لە سەردەمی زۆر کۆنەوە لە ڕێگای وێژەی فارسییەوە هەندێ دەریایان لە کێشی (عروض)ی عەرەبی وەرگرتووە.

کێشی عەرەبی، وەک زاناکانی عەرەب و ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەڵێن لەسەر بنچینەی (درێژی و کورتی برگە) دروست بووە؛ واتا وەک کێشی هۆنراوەی زمانی یۆنانی کۆن و لاتینی وایە.

٢- ڕێچکەی بوێژە تازەکانمان کە لەسەر بنچینەی (ژمارەی برگە) ئەڕوا، بێ ئەمەی تەماشای درێژی و کورتی برگەکان بکرێ، واتا وەک کێشی هۆنراوەی زمانی فەرەنسزی وایە.

هۆی گرتنی ئەم ڕێچکەیەش، پەرەسەندن بەهێز بوونی گیانی کوردایەتی بوو لەناو ڕۆشنبیرەکانی کورددا. بوێژەکانمان گەڕان بەدوای کێشی تایبەتی نەتەوەیی کوردا، لەم پێناوەدا ڕەنجیاندا، تەقەلایاندا، دوایی ئەو کێشەیان دۆزیەوە.

لەمەدا فۆلکلۆر: وێژەی نەتەوەییە ڕەنگینەکەی گەلی کورد لە لایەکەوە، کێشە (دەبرگەیی)یەکەی

هۆنراوەی (شێوەی گۆران: هەورامی)ش لەلایەکی ترەوە، لەگەڵ هونەرە بەرزە جوانەکەی (مەولەوی)، یاریدەیەکی زۆری ئەو بوێژانیەدا، بۆ گەیشتن بەئامانجەکەیان، لە چاو نالەباری کارەساتی جیهاندا، لە ماوەیەکی چل پەنجا ساڵی کەما، توانیان بەدوو ئەنجامی زۆر گرنگ بگەن:

١- چەند جۆرێکی کێشی نەتەوەیی ڕەسەن بۆ هۆنراوەی کوردی دۆزرایەوە.

٢- بەلێکدانی (پێ)یەکانی ئەو کێشانەش، چەند جۆرە کێشێکی تازە داهاتوو هێنرایە کایەوە.

بەم ڕەنگە لەسەر بنچینەی کۆنی کێشی کوردی، دووەم جۆری کێشی هۆنراوەی کوردی دامەزرا، کە ئەتوانین ناوی بنێین (کێشی برگەیی).

*** زبانی کوردی و کێشی برگەیی:**

بۆ ئەمەی ڕادەی پەیوەندی کێشی برگەیی بەهۆنراوەی کوردییەوە تێ بگەن، پێویستە سەرنج بدەینە دوو شت:

١- سەرنج بدەینە ئەو بەرهەمەی کە ئێستا لە وێژەی شێوەی (گۆران) و فۆلکلۆری نەتەوەییدا بەدەستەوەیە.

٢- سەرنج بدەینە ئەو سەرچاوە کۆنانەی کە زبان و وێژەی کوردی ئێستایان لێ پەیدا بووە.

وێژەی (گۆران: هەورامی) کە لەناو کوردی عێراقدا لقی (هەورامی)یان زۆرتر ناسراوە، تاقە کێشێکی هەیە کە هی هۆنراوەی هونەریشە و هی هۆنراوەی نەتەوەییش (فۆلکلۆر).

ئەم کێشە کە ناسراوە بە(کێشی دە برگەیی) = ٥ + ٥، ئەم کێشە، کێشی هۆنراوەی نەتەوەیی هەموو شێوە کوردیەکانە. هۆنراوە هونەرییەکانی (مەولەوی) و هەموو بوێژەکانی تری شێوەی (گۆران) لەسەر ئەم کێشە هۆنراونەتەوە، لەم ڕووەوە بام لێکۆڵینەوەیەک لەم هۆنراوە (گۆران)یەدا بکەین:

چۆن دێوانەی شـۆر// ئازیز نەسەردا

شەتاو سەرهۆر گرت // وە دەشتو دەردا

ئەگەر بەدەنگێکی بەرز ئەم دوو دێرە بخوێنینەوە، بۆمان دەرئەکەوێ کە (لەنگەر: إرتكاز)ێک ئەکەوێتە سەر وشەی (شۆر) لە دێری یەکەم و سەر وشەی (گرت) لە دێری دووەمدا، دوابەدوای ئەو دوو لەنگەرەش دوو جار پشوودان، لە خوێندنەوەدا ڕوو ئەدا، دیسانەوە ئەو لەنگەر و پشوودانە لە برانەوەی هەردوو دێرەکانیشا ڕوو ئەدا. واتا، دوابەدوای وشەکانی (سە-دا) و (دە- دا) هەستیان پێ ئەکرێ.

ئەم شوێنی پشوودانانە، شوێنی دیاریکردنی (پێ)یەکانی هۆنراوەکەن.

دێری یەکەم لە دوو پێ پێکهاتووە، پێی یەکەم (چۆن دێوانەی شۆر)، پێی دووەم (ئازیز نەسەردا).

دێری دووەمیش، هەروەها لە دوو پێ دروست بووە: پێی یەکەم (شەتاو سەر هۆر گرت)، پێی دووەم (وە دەشت و دەردا).

ئەم هۆنراوەیە لە دوو دێرە، هەر دێرەی بریتییە لە دوو پێ، هەر پێیەی بریتییە لە پێنج برگە؛ کەواتە

هەر دێڕەی بریتییە لە (دە برگە). بەواتایەکی تر، کێشی ئەم هۆنراوەیە (دەبرگەیی)یە.

لێرەدا هەمیسان بۆمان دەرئەکەوێ کە گوێ نەدراوەتە (کورتی) و (درێژی)ی برگەکان کە ریزکراون لەناو پێیەکاندا.

هەروەکو دەرئەکەوێ، (یەکەم پێ) لەم هۆنراوەیەدا لە پێنج برگەی درێژ پێک هاتووە، برگەی کورتی هیچ تێ نەکەوتووە.

چۆن دیـوانـەی شـــــۆر// ئـازیـز نـەســـــەردا
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠

شـــەتاو ســـەر هۆر گـــرت // وە دەشـــتـــو دەردا
١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠

کەچی بەرامبەر بەو، لە دێڕی دووەما، (پێ)ی یەکەم برگەی یەکەمی کورتە، چوار برگەکانی تریشی درێژن.

هەروەها لە دێڕی یەکەما، (پێ)ی دووەم تەنیا برگەی سێهەمی کورتە، چوارەکەی تر درێژن. کەچی بەرامبەر بەو لە دێڕی دووەما، پێی دووەم جگە لە برگەی سێیەم، برگەی یەکەمیشی هەر کورتە.

هەروەها ئەبینین کە لە دێڕی یەکەما تەنیا یەک برگەی کورت هەیە کەچی لە دێڕی دووەما سێ برگەی کورت هەیە.

هەر لەم جۆرە کێشی دە برگەییە، گەلێ هۆنراوەی تریشمان بەرچاو ئەکەوێ، کە جیاوازی ڕوونەدا لە ناوەند ژمارەی برگەی کورت و برگەی درێژ لەناو پێیەکاندا. هەروەها جیاوازی ڕوونەدا لە ناوەند جێگای برگەی کورت و درێژدا لەناو ریزە برگەی دوو پێی بەرامبەردا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەروەکو فۆلکلۆری (شێوەی گۆران) ئەگرێتەوە، هەروەها فۆلکلۆری هەموو شێوەکانی تری زبانی کوردی ئەگرێتەوە، لە کێشی دە برگەیی و هەموو جۆرە کێشەکانی تردا.

لەپاش کێشی دەبرگەیی، کێشی هەشت برگەیی (٤ + ٤) و حەوت برگەیی (٤ + ٣) لە فۆلکلۆری کوردیدا باون، لێکۆڵینەوەکەی سەرەوە ئەم دوو کێشەش ئەگرێتەوە، بەڵام کێشی (حەیران) و (لاوک) پێویستە لەم لێکۆڵینەوەیە بەدەرکەین. بۆ ئەمەی لە دوارۆژدا بەتایبەتی لەلایەن شارەزایانی شێوەی کرمانجییەوە، لێیان بکۆڵرێتەوە، بۆی هەیە (لەنگەر) جێگایەکی گرنگی گرتبێ لە ساز و ئاوازیاندا.

ئاوڕێک بۆ پاشەوە

ئێستا، لای ڕۆژهەڵاتناسەکان، گومان نەماوە کە زمانی کوردی یەکێکە لە خێزانە زبانەکانی ڕەگەزی ئاری و لە زبانی فارسی ئێستا کۆنترە. تەنانەت ئەوانەی لە شێوەکانی زبانی کوردی شارەزاترن، باوەڕیان بۆ ئەوە ئەچێ کە زبانی کوردی لە بابەتی خزمایەتیدا لەگەڵ شێوە زبانەکانی (پەهلەوی) پەیوەندیی لە (فارسی) بەهێزترە.

هەروەها بەرامبەر بەزبانە کۆنەکانی پێش (پەهلەوی)ش، هیچ نەبێ، ئەوەندەی زبانی فارسی ئێستا مافی هەیە خزمایەتی و نزیکی خۆی بنوێنێ.

جا لەبەر ئەوەی ئێمە سامانی وێژەیی زۆر کۆنی کوردیمان لە بەردەستدا نییە، مافمان هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە، سەیری سامانی وێژەیی زبانە کۆنەکانی ئێران بکەین؛ تا بەهۆی ئەمەوە چۆنیەتی کێشی هۆنراوەی کوردیمان بۆ دەرکەوێ.

خۆش بەختانە، لەو زبانە کۆنانەی ئێران، دوو زبانیان کۆمەڵێک هەڵبەستیان لەپاش بەجێ ماوە:

١- زبانی پەهلەوی، بەهەموو شێوە ناسراوەکانییەوە.

٢- ئەو شێوەی زبانەیکە لە نووسراوی (ئاڤێستا)دا بەشی (گاتەکان)ی پێ نووسراوەتەوە.

لە سایەی ڕەنج و تێکۆشینی ڕۆژهەڵاتناسە پسپۆڕەکانەوە کە لەم دوو زبانەدا داویانە، ڕێگای لێکۆڵینەوەی ئێمە بۆ ئەوەی (کێشی کوردی) بدۆزینەوە، سووک و ئاسان بووە.

هۆنراوەکانی ئاڤێستا

بەزبانی ئاڤێستا، وشەی (گات) واتاکەی (سرود) یاخود (گۆرانی)یە. (چس تشتی) واتای (هۆنراوە) ئەگرێتەوە، (ئەفسمەن): جووت دێڕی هۆنراوە، (وچ): واژە: وشە ئەگرێتەوە.

جا پسپۆڕەکانی (ئاڤێستا) دەستووری هۆنینەوەی هەر پێنج بەشەکەی (گاتەکان) یان بەم جۆرە دۆزیوەتەوە:

١- بەشی (ئاهو نەڤایتی)یە کە بەپەهلەوی (ئەهنوتگات)ی پێ ئەڵێن. ئەم بەشە بریتییە لە هۆنراوەیەک لەسەر کێشی (١٦) برگەیی: (٧ + ٩)، ئەم بەشە بریتییە لە حەوت (ها: فصل: کەرت)

٢- بەشی (ئۆشتا ڤایتی)یە کە بەپەهلەوی (ئۆشتۆگات)ی پێ ئەڵێن. ئەم بەشەش بریتییە لە پێنج (ها: فصل: کەرت) لەسەر کێشی (١١) برگەیی: (٤ + ٧).

٣- بەشی (سپنیتا مینیو)یە کە بەپەهلەوی (سپند مزگات)ی پێ ئەڵێن. بریتییە لە هۆنراوەیەک چوار (ها: فصل: کەرت)ە، ئەمیش لەسەر کێشی (١١) برگەییە: (٤ + ٧) وەستان یاخود لەنگەر لەپاش برگەی چوارەمە.

٤- بەشی (ڤۆهۆخ شاترا)یە کە بریتییە لە هۆنراوەیەکی یەک (ها: فصل: کەرت)ی لەسەر کێشی چواردە برگەییە: (٧ + ٧) وەستان یاخود لەنگەر لەپاش برگەی حەوتەمەکە لە ناوەڕاستایە. لەم بەشەدا، هەر سێ دێڕە هۆنراوەیە سەروا (قافیة)یەکی هەیە.

٥- بەشی (ڤاهیشتۆ هیشتای)یە، کە بریتییە لە هۆنراوەیەکی یەک (ها: فصل: کەرت)ی، لەسەر کێشی (١٩) برگەیی: (٧ + ٧ + ٥). وەستان لە پاش برگەی حەوتەم و برگەی چواردەهەم.

سەرنجێک لە گاتەکانی زەردەشت

١- وەک ئەبینین، کێشی هۆنراوە، لەم گاتانەدا چوار جۆرە:

(١٦) برگەیی، (١١) برگەیی، (١٤) برگەیی، (١٩) برگەیی.

بەلام بەناوی (یەشت)ەکانەوە بەشێکی تر لە (ئاڤێستا)دا هەیە. وەک نووسراوی (پاڕانەوە و نزا: صلوات و دعاء)ی زەردەشتی وایە. لەوەدا بەشی زۆری کێشی هۆنراوەکان (٨) برگەییە ناوبەناوێکیش کێشی (١٠) برگەیی و (١٢) برگەییان تیا ئەبینرێ.

٢- لە هەشت برگەییەکاندا، پشوودان، یاخود وەستان ئەکەوێتە ناوەڕاستەوە (٤ + ٤)ە، هەندێ جاریش ئەکەوێتە پاش برگەی سێیەم (٣ + ٥) یان برگەی پێنجەم (٥ + ٣) جارجارێکیش ئەکەوێتە پاش برگەی دووهەمەوە (٢ + ٦).

٣- کێشە (دە برگەیی)یەکان لە بارەی وەستانەوە دوو جۆرن؛ وەستان یان لە ناوەڕاستدا ئەبێ (٥ + ٥) یاخود لە پاش برگەی چوارەمەوە ئەبێ (٤ + ٦).

٤- بەلام کێشە (١٢) برگەییەکان لە بابەت وەستانەوە چوار جۆرن، یا لە بابەت پشوودانەوە؛ وەستان یا لە پاش برگەی سێیەم دەست پێ ئەکات (٣ + ٩)، یان لە پاش برگەی چوارەم (٤ + ٨) یان لە پاش برگەی پێنجەم (٥ + ٧) یان لە پاش برگەی هەشتەم (٨ + ٤).

٥- لە هۆنراوەکانی (ئاڤێستا)دا، وەک پسپۆڕەکان دەریان خستووە، بنچینەی (کێش) لەسەر چۆن یەکی ژمارەی برگە بووە، جگە لەوەیش لە هەموو دێڕە هۆنراوەیەکدا ناوبەناو شوێنی وەستان یان پشوودان هەبووە، بەلام بوێژ ئازاد بووە، بەپێی دڵی خۆی ئەو شوێن وەستانانە لەملا و لەولادا بگۆڕێ.

هۆنراوەکانی زمانی پەهلەوی

لەبارەی وێژەی زبانی پەهلەوییەوە، ڕۆژهەلاتناسی بەناوبانگ (کریستێن سن) ئەڵێ: «ئەو کەسەی کە بۆ یەکەمجار هەستی بەهەبوونی هۆنراوە کرد لە زبانی پەهلەویدا (ئاندریاس) بوو، ئەم زانایە لە بەردە نووسراوەکانی (شاپوری یەکەم) لە (حاجی ئاباد)ی ئێرانەوە، توانی پەی بەرێ بەوە، کە ئەم یادگارەی زبانی پەهلەوییە، هی سەردەمی ساسانییەکانە و بریتییە لە هۆنراوەیەکی هەشت برگەیی یاخود حەوت برگەیی، تەنانەت جێگای لەنگەری ناو دێڕە هۆنراوەکانیشی تیا نیشانە کراوە».

جگە لەم بەردە نووسراوەی حاجی ئاباد لەناو دۆزراوەکانی (تورڤان)یشدا، لە تورکستانی ئاسیای ناوەڕاست، ژمارەیەک لە نووسراو و نووسینەکانی (مانی)یەکان کەوتە دەست زانا ڕۆژهەلاتناسەکان.

لەناو ئەم نووسینانەدا گەلێ (سرود و پارچە هۆنراوە) کەوتە دەست هەرچی بەردە نووسراوی حاجی ئاباد بوو، بەئەلف و بێی پەهلەوی نووسرابووەوە کە پێی بزێوی تیا نییە.

لەبەر ئەوەش خوێندنەوەی دروست و تەواو بەم ئەلف و بێیە زۆر گرانە. بەلام (پاش جێماو)ی مانییەکان بەئەلف و بێی ئاشوری نووسرابووەوە، جۆری ئاخافتنی بنجی وشەکانی گەلێک باشتر ئەدا بەدەستەوە.

ئەم دۆزینەوەیە یارمەتییەکی باشی پسپۆرەکانیدا لە لێکۆڵینەوەی بنج و بناوانی هۆنراوەی زبانی پەهلەویدا.

زانای فەرەنسزی (نیڤەنیست) زۆرتر لە هەموویان تیکۆشا بۆ دەرخستنی هۆنراوەی پەهلەوی و کۆڵینەوە لە چۆنیەتی هۆنینەوە و ڕێکخستنی... ئەم زانایە بۆ یەکەمجار لە بابەت دانراوەی (درەخت ئاسوریک)ەوە دەستی بەلێکۆڵینەوە کرد، ئەمە نامەیە کە بەزبانی پەهلەوی.

وا دەرئەکەوێ کە لە بنجینەدا بەزمانی (پەهلەوی ئەشکانی): (پارثییەکان) نووسرابێتەوە. بەڵام لەپاشا لە سەردەمی (ساسانییەکاندا) دەستکاری کراوە و دەمێکی درێژی بەسەردا ڕۆیشتووە، (نیڤەنیست) لە ناوونیشانەی نامەکە و لەم واتەیەی کە بەدەم بزنەوە زوو زوو دووبارە ئەبووەوە:

(نیوم ئەپەرتر هەچ تو درەخت ئاسوریک): واتاکەی: (هەم لەبەرتر لە تۆ درەختی ئاسوریک).

باوەڕی بۆ ئەوەی ئەچوو کە ئەم نامەیە سەرتاپا (هۆنراوە)بێ.

ئینجا لەم سەرەتایەوە کەوتە ڕێ. توانی بەشێکی زۆری واژەکانی نامەکە دابەش بکات بەسەر ژمارەیەک لە دێڕە هۆنراوەکانی (١١) برگەییدا.

بەڵام ئەمەی کاتێک بۆ کرا کە هەرچی وشە و واژەی تێ هەڵکێشی سەردەمی ساسانییەکان هەیە، بەپێی دەستووری پێوانەکانی زانستی (زانناسی) هەمووی لە بنجی دەرهاوێشت. دیارە تا ئەمەی بۆ پێکهاتووە، ڕەنجێکی زۆری داوە، بەم ڕەنگە بنچینە (ئەشکانی)یەکەی لە وێنەی هۆنراوەیەکی درێژا پوختە کردووە و دەریخست.

لە پاش دوو ساڵ (بنڤەنیست) هەر ئەم ڕێبازەی لە نامەیەکی تری پەهلەویدا بەکار هێنا کە ناوی: (ئەیاتکار زریران) بوو نامەی سێهەم کە هەر ئەم ڕێبازەی بۆ گرت ناوی (جاماسب نامگ) بوو. لە نامەی (ئەیاتکار زریران)دا ئەم جوت دێڕەی هۆنراوەیەش کە لە خوارەوە پیشان دەدرێ، وەک دێڕە هۆنراوەکەی (درەخت ئاسوریک) لەسەر کێشی یانزە برگەیی دانراوە:

«زەمان ئوزو مەندتر هەچ هەردو دامان». واتاکەی: (زەمان و زەمەندتر لە هەردوو دنیا)

«زەمان هەنداچک ئوکاری داتستان». واتاکەی: (زەمان ئەندازەی بنکەکانی گشت شتان)

جگە لەم کێشە، لە هۆنراوەی (مانی)یەکانی (تورفان)دا کێشی (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠) برگەییش هەیە. شارەزاکان، ئەم کێشە (١١) برگەییە، بەسەرچاوەی ئەو کێشە (عروض)یە دائەنێن کە (فیردەوسی) شاهنامەی پێ هۆنیوەتەوە: (دەریای موتەقاریبی هەشتی مقصود).

هەروەها بنڤەنیست لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیا، کە بەراوردێکی کێشی هۆنراوەی زمانە کۆنەکانی ئێران ئەکات لەگەڵ هی فۆلکلۆری (فارسی تازە). ئەنجامی قسەکەی ئەگەیەنێتەوە سەر (زمانی کوردی)ش، ئەگەرچی ئەویش وەک گەلێ کەسی تر بەهەڵەدا ئەچێ و شێوەکانی زبانی کوردی، لەگەڵ شێوە زبانێکی فارسیدا تێکەڵ ئەکا، وەک بیەوێ ئەمانیش بەشێوە زبانێکی فارسی دابنێت. بەڵام بۆمانی ڕوون ئەکاتەوە:

که (کێشی هۆنراوەی کوردی لەسەر بنچینەی برگەیی دامەزراوە، هیچ پەیوەندییەکی بەکورتی و درێژی برگەوە نییە) بنڤەنیست ئەڵێ: «یادگاری زەریران، هەروەک لە مێژووی وێژەی ئێرانیدا بووە بەهۆی پێکەوە بەستنی سەردەمی (ئاڤێستا) و سەردەمی (دەقیقی) و (فیردەوسی).

هەروەها لە بابەت ڕێبازی هۆنینەوەشەوە سنووری نیشانەکردووە لە ناوەند (کێشی هۆنراوەی ئاڤێستایی) و (کێشی هۆنراوەی فۆلکلۆری فارسیی تازە)دا. ناوونیشانی بنچینەیی و گرنگی ئەم سێ جۆرە کێشە: (کێشەکانی ئاڤێستایی) (پەهلەوی) (فولکلۆری فارسی)، ئەوەیە کە هەرسێکیان لەسەر بنچینەی (ژمارەی برگە) دامەزراون، نەک (چەند) و (چۆنی) برگە، هەروەها لە هۆنراوەی شێوە زمانەکانی (کوردی، گۆران، هەورامی، خۆراسانی)دا کێشەکان بریتین لە (ژمارەی برگە) نەک چەندیی و چۆنیی برگە.»

لە بارەی سەروا (قافیە)وە، بنڤەنیست سەرنجمان ڕادەکێشێ و ئەڵێ: «لە هەردوو نموونەی هۆنراوەکانی (یادگاری زەریران) و (پارچە هۆنراوەکانی تورفان)دا زۆربەی پارچەکان پێنج خشتەکین، سەروای دێڕەکانی یەکەم و سێیەم وەک یەکە. هەروەها سەروای دێڕەکانی دووەم و چوارەمیش یەکە، بەڵام دێڕی پێنجەم سەروایەکی جیاوازی هەیە.»

ئەو کێشە برگەییانەی ئێستا باون

لە پێشەوە وتمان کە لە (وێژەی نەتەوەیی کوردی)دا کێشی هەرەباو (دە برگەیی: ٥ + ٥)یە. ئەوەبوو وێنەمان لە هۆنراوەکانی مەولەوی هێنایەوە. لە پاش (دە برگەیی) لە وێژەی نەتەوەیی فۆلکلۆریدا، کێشی (هەشت برگەیی: ٤ + ٤) دێت، دوای ئەویش (حەوت برگەیی: ٤ + ٣)، لە تاکە تاکەی هەڵبەستی (لاوک) و (حەیران)یشا ئەتوانین کێشی (یانزە برگەیی): (٦ + ٥ = ٤ + ٤ + ٣) بدۆزینەوە.

بوێژە تازەکانمان لە ماوەی ئەم دەستە ساڵانەی دواییدا، لە بەرهەمی هونەریاندا، ئەم جۆرە کێشانەیان هەموو ژیاندۆتەوە، جگە لەوەش چ بەچاولێکەری بێگانە، چ لە ڕێگای داهێنانەوە، چەند جۆرێکی تازەش، کێشیان دۆزیوەتەوە.

وا لە خوارەوە، یەکە یەکە، لەو جۆرە کێشە برگەییانە ئەدوێین، کە تا ئێستا، لە شێوەی سۆرانیدا هۆنراوەیان لەسەر دانراوە:

١- کێشی دە برگەیی ٥ + ٥

ئەم کێشە لە هۆنراوەی کوردیدا ئەوەندە باوە، زۆر بەئاسانی دەتوانرێ ناوی لێ بنێ (کێشی نەتەوەیی گەلی کورد).

هەروەک لە زمانی فەرەنسیزیدا کێشی ١٢ برگەیی پێی ئەڵێن (ئەسکەندەری) دانراوە بە(کێشی نەتەوەیی گەلی فەرەنسزی).

یان وەک لە زمانی ئینگلیزیدا کێشی (ئەیامبیک) دانراوە بەکێشی نەتەوەیی بۆ ئینگلیزەکان، وەیا کێشی یانزە برگەیی ٦ + ٥ دانراوە بۆ تورکەکان... پیاو بچێتە هەر کوێرێکی ژن یان پیاوەوە لەناو کوردەواریدا لە هەموو کێشێک زۆرتر گوێی لەم کێشی دە برگەییە ئەبێ لە هۆنراوەدا، هیچ هۆنراوەیەک نییە، ئەوەندەی هۆنراوەی ئەم کێشە لە (چیرۆک، گۆرانی، شیوەن، بەستە و لای لایە)ی کوردیدا بەکار بهێنرێ، هیچ هۆنراوەیەک نییە ئەوەندەی هۆنراوەی ئەم کێشە بۆ بوێژەکانی کورد بەئاسانی ڕێک بخرێ.

دێرە هۆنراوەکانی کێشی دە برگەیی، بەزۆری لە دوو پێی پێنج برگەیی دروست ئەبن بەڵام دروستیشە دێری هۆنراوە لە سێ پێی پێنج برگەیی بهۆنرێتەوە؛ وەک لەمەی خوارەوە:

مەلی سەر بنچک، پەلوپۆ ڕەنگین، خۆ من هەڵۆ نیم
٥ ٤ ٣ ٢ ١ ٥ ٤ ٣ ٢ ١ ٥ ٤ ٣ ٢ ١

لێم مەفڕن بەجووت، مەفڕن ئاخر، پێتان بڵێم چیم

منیش وەک ئێوە، لە دنیای گەورە، گەردێکم بچووک
ناشتوانم بۆ خۆم، بفڕم بخوێنم، بەباڵ بەدەنووک
٥ + ٥ + ٥

٢- کێشی هەشت برگەیی ٤ + ٤

کێشی هەشت برگەیی لە وێژەی نەتەوەیی کورددا زۆر باوە، واش دێتە بەرچاو هەتا بەرەو ناوچەی (شێوەی کرمانجی) برۆی باوی زۆرتر ئەبێ. بەپێچەوانەی کێشی دە برگەیی کە لەناو جەرگەی (شێوەی گۆران)دا یەکجار لە برەودایە. دێری هۆنراوەی ئەم کێشە لەسەر دوو پێی چوار برگەیی دامەزراوە، زۆربەی بەرهەمی بوێژە تازەکانمان بەم کێشە و (بەجۆرە دەستکاری کراوەکانی ئەم کێشە) هۆنراوەتەوە.

ئەم پارچەیەی خوارەوە، وێنەیەکی ساکاری ئەم کێشەیە:

وەنەوشەی بن درک خزاو چاوی ڕەشی کردەوە، دیی
٨ ٧ ٦ ٥ ٤ ١ ٢ ١ ٤ ٣ ٢ ١+٤ ٣ ٢ ١

نێرگسە جارِ بەهەزار چاو پێ ئەکەنی؛ زەرد و سپی
٤ + ٤ ٤ + ٤

٣- کێشی حەوت برگەیی ٤ + ٣

لە وێژەی نەتەوەیی کوردیدا برەوی کێشی حەوت برگەیی، لە پاش کێشی هەشتی دێت، لەبەر نزیکی ساز و ئاوازەکەی لە (کێشی هەشت برگەیی)، لە هۆنراوەی نەتەوەیی (فۆلکلۆر)دا هەندێ جار تاکە تاکەی لەناو دێرە هۆنراوەکانی (کێشی هەشت برگەیی)دا بەرچاو ئەکەوێ.

لەم ساڵانەی دواییدا ژمارییێکی زۆر هۆنراوەی تازەی لەسەر دانراوە.

هۆنراوەی لای خوارەوە نموونەیەکیەتی:

هەرچەند کــــە ئەیدی ئاوا
کــەشــتی بۆ گــەرداو ئەڕوا
هــەزاران هــاوار بــکــرێ
کەس نییە ڕێی ڕاست بگرێ
ناچار خـۆی سەرخۆش ئەکرد
هەســتی فــەرامـۆش ئەکــرد
جــار جــار زۆر پەست ئەبوو
کەمێکیش بەدەمەست ئەبوو

داخی دڵــــی خــۆی ئەڕشت		به جــوێن، توانج، ســەرزەنشت
٧ ٦ ٥ ٩ ٩ ٩ ٨		٧ ٦ ٥ ٤ ٣ ٢ ١
٣ + ٤		٣ + ٤
(٧)	=	(٧)

کێشی هۆنراوەی عەرەبی

هۆنراوەی عــەرەبی، هەتا مــاوەی ســەد ســاڵیش پتــر لە پاش پەیدابوونی ئیــسـلامـەتی کــێشی بۆ نەدۆزرابووەوە. بوێژەکانی عەرەب، لەسەر کێشی ئەو هۆنراوانەی لە ناودا بوون، بەپێی سروشتی زبانی عـەرەبی، هۆنراوەیان دائەنا. بەڵام زبانزانێکی زانای عـەرەب (خەلیل ئەحـمـدی فـراهیـدی)[1] کـە لە (١٠٠ هـ)دا لەدایک بووە، توانی لە پاش ڕەنج و تەقەللایەکی زۆر هەر لەو هۆنراوە عەربیانەوە کە لەبەر دەستیا بوون، کێشەکانی هۆنراوەی عەرەبی بدۆزێتەوە و لەسەر بنچینەیەکی زانستی دایان بمەزرێنێ.

بنچینەکەش بریتییە لە پیتی بزێو (حرف متحرك) و پیتی مات (ساكن).

دوای وردەکارییەکی زۆر توانی هەموو هۆنراوەی عەرەبی لە (١٥) جۆر کێشیدا جێ بکاتەوە؛ ناوی نان (بحر: زرێ)[2] یاخود (البحور القروضية = ؟)[3].

(١) خليل بن احمد الأزدي: سيد أهل الأدب، اول من استخرج العروض، علم سيبوية والأصمعي وغيرهما، من أئمة العربية، توفي في البصرة، له كتاب (العين) وهو أول قاموس عربي- المنجد في الأعلام، ط ٢٦ دار المشرق بيروت ١٩٧٣ ص ٢٧٣-

(٢) لە ڕاستیدا (زەریا- دەریا) لە بارترە، وەک ئێستا بەرامبەر ئەو زاراوەیە (دەریا) بەکاردێ. (زرێ) مانای خۆی هەیە، دەوترێ: زرێ پۆش.

(٣) مامۆستا بەرامبەرەکەی ئاوا هێشتۆتەوە، کە (دەریا عەروزییەکان) بووایە باشتر بوو.

ناوی زرێکان ئەمانەن: (طویل، مدید، بسیط، وافر، کامل، هزج، رجز، رمل، سریع، منسرح، خفیف، مضارع، مقتضب، مجتث، متدارك).

هێشتا خەلیل خۆی مابوو کە (أخفش)[1] ناوێک پەیدا بوو، (زرێ)یەکی تری داهێنا بۆ کێشی هۆنراوەی عەرەبی، بەوەوە زرێکان بوون بە(١٦) زرێ.

بەلام خەلیل ئەمەی پەسەند نەکرد، لەگەل ئەم هەموو تەقەللایەشدا، ئەم کێشانە، بەتەواوەتی هۆنراوەکانی عەرەبیان پێ نەدەکێشرا، کەموکوڕیان دەرکەوت، خەلیل خۆی ناچار بوو (٢٢) (زحافە؟)ی داهێنا بۆ ئەمەی ئەو کەم و کوڕیانەی پێشووی پێ پڕ بکاتەوە.

(زحاف) بریتییە لە گۆڕین و کەم کردنەوە و زۆرکردنی پیتی بزێو و پیتی مات لە کێشەکاندا، گوتی: هەر هۆنراوەیەکی عەرەبی لەم زەحافانەی تێ کەوێ دروستە.

(زانستی عروض) لای عەرەب وەک زانستەکانی تری (صرف، نحو، بلاغة) ڕێگای گۆڕان و پێشکەوتنی بەستووە لە زبان و هۆنراوەی عەرەبی؛ لەبەر ئەوە بوێژانی عەرەب گەلێ تەنگ و چەڵەمەی زانستییان هاتۆتە پێش، بوێژە تازەکانیان نەیانەوێ هۆنراوەکانیان لەسەر ساز و ئاواز بروا تا بتوانێ لەگەڵ پێویستی شارستانێتیدا بروا بەرێوە.

ئەمەش پێویستی بەئازادی بوێژ هەیە لەو کێشانەدا، کەچی (عروض)ی خەلیل ڕێگای هۆنراوە هۆنینەوە تەنگ ئەکاتەوە و سنوور بۆ بوێژ دائەمەزرێنێ کە نابێ لێی تێپەڕ بکات.

کێشی عەروزی عەرەبی تەرازوی هۆنراوەی (فارسی) بووە، بێگومان لە کێشانی هۆنراوەی فارسیدا بەعەروز کە کێشی زبانێکی جوێیە لە فارسی: لە دەستوور و چەشە و ساز و ئاواز و خوێندنەوەدا، گەلێک ئەرک هاتۆتە بەر بوێژە فارسەکان، ناچار بوون، زۆر جاران دەنگی پیتە فارسییەکان بگۆڕن بۆ ئەمەی لە کێشەکانی عەرووزدا دابڕێژرێن. جا بۆ ئەوەی لە لاسایی کردنەوەی عەروزی عەرەبی لانەدەن، هێناویانە هەندێ زرێی تازەیان داهێناوە لەسەر شێوەی خەلیل بۆ ئەوەی هۆنراوەیان بەئاسانتر بۆ دابنرێ، زرێکانیان ناوناوە (غەیب یان - جدید- قریب، مشاکل) دیسانەوە زەحافەکانی خەلیل بەشی نەکردوون؛ هێناویانە (١٣) زەحافی تریان داهێناوە.

هەروەکو سەرنج دراوە، فارسەکان هەندێ زرێیان زۆرتر بەکارهێناوە، ئەوانەش ئەو زرێیانەی کە (بەش: نسبت)ی برگە درێژەکانیان زۆرتر تیایە وەک: (رجز، رمل، هزج، متقارب) و ئەو زرێیانەی کە لەوانەوە دەریان هێناوە.

کەچی بەپێچەوانەی فارسەکانەوە، بوێژە عەرەبەکان زرێکانی وەک: (طویل، مدید، کامل، وافر) یان زۆرتر بەکار ئەهێنا.

---

(١) (سعید بن مسعدة- اخفش- قوتابی- سیبەوەی- بووە، ماوەیە لەگەل خەلیل دابوو، کتێبێکی هەیە بەناوی -معاني القرآن- سەربە موعتەزیلەکان بوو، لە سالی ٢١٥ ک. دا لە دنیا دەرچووە) . هەروا (الاخفش/ لغة: الصغير العين في سوء بصرها.)

هەروەک لەوە پێش پیشانماندا، زمانی کوردیش لە زمانی فارسی و ئێرانییەکانەوە نزیکە، بوێژەکانی کورد، چ لەبەر ئیسلامەتی چ لەبەر تێکەڵیشیان بەفارسەکان و وێژەی فارسی، لە فارسەکانەوە تووشی ئەم زرێ عەروزیانەی عەرەبی بوون.

ئەوەندە هەیە، بوێژانی کورد، تەنیا لە وەچەکانی ئەم زرێ عەرەبیانەوە کێشیان پەسەند کرد، وەک زرێکانی: (هزج، رمل، رجز) لەگەڵ کەمێک لە وەچەکانی زرێی (سریع) و (بسیط).

ئەتوانین لێرەشا بگەینە ئەنجامێک، ئەویش ئەوەیە کە کێشی عەروز ئەگەرچی بۆ زمانی عەرەبی دەست ئەدا، بەڵام کەڵکێکی ئەوتۆی بۆ زمانی کوردی و فارسی نییە؛ لێرەدا بەپێویستی ئەزانین هەندێ جیاوازی هۆنراوەی زمانی کوردی و عەرەبی پیشان بدەین:

١- لە زمانی کوردیدا بەشی برگەی درێژ زۆرترە لە برگەی کورت.

٢- لە هۆنراوەی کوردیدا، لەنگەری برگەیی، لەناو وشەیەکدا بەدەگمەن دەست ئەکەوێ.

٣- پیتە ڕاکشاوەکان (حروف المد) لە زمانی کوردیدا کورتن.

٤- لە دەنگی هەندێ پیتی زمانی کوردیدا، کۆمەڵەی ساز و ئاواز کەمترە لەهی زمانی عەرەبی.

سەروا «قافیة»

سەروا: بەو وشانە ئەڵێن کە ئەکەوتە دوایی دێرە هۆنراوەکانەوە، بەمەرجێ:

لەکێش و ئاوازدا لەیەک بچن، پیتی دواییشیان یەکبێ؛

جاری وا هەیە دێرە هۆنراوەکان، لە پارچە هۆنراوەکەیدا هەموویان یەک سەروایان ئەبێ، جاری واش هەیە لە پارچە هۆنراوەیەکدا، هەردوو دێرەی سەروایەکی ئەبێ، جاری واش هەیە لە کۆمەڵە هۆنراوەیەکدا کە کرابێ بەچەند پارچەیەکەوە، لەهەر پارچەیەکدا جۆرە سەروایەک ئەبێ.

سەروا، مەرجێکی گرنگ و پێویستە بۆ هۆنراوەی کوردی، ئەو هۆنراوانەی لە بەردەستماندان، هیچیان بێ سەروا نین.

هەندێک بڕوایان وایە کە سەروا لە عەرەبەوە داهاتووە، نەتەوەکانی تر لە عەرەبیان وەرگرتووە؛ ئەمانە ئەڵێن لە کۆندا هۆنراوەکانی (سانسکریتی، یۆنانی، لاتینی، ئاوێستا، پارثی، پەهلەوی) سەروایان نەبووە.

هەروەها لە زمانی ئینگلیزی کۆندا، لە جیاتی سەروا (ئاواز) لە هەندێ (بیت)دا بووە. زۆربەی هۆنراوەکانی شکسپیریش لە چیرۆکە شانۆییەکاندا بێ سەروا بوون، هەروەها هۆنراوەی نەتەوەیی کۆنی زمانی ڕووسیش بێ سەروا بووە.

ئەم زمانانە لە پاشدا سەروایان تیا پەیدا بووە... بەڵام بۆ هۆنراوەی کوردی بەڵگەمان بەدەستەوە نییە، کە لە کۆنا بێ سەروا بووبێ، یاخود سەروادار بووبێ، ئەوەندە هەیە وەک لە بابەتی (هۆنراوەکانی زمانی پەهلەوی)دا پێشانماندا، بەپێی وتەی زمانزان بنڤەنیست، لە پەهلەوی کۆندا، هۆنراوەکان سەروایان

هەبووە، بەڵگەی ئەم قسەیەش هەردوو پارچەکەی (یادگاری زەریران) و (پارچە هۆنراوەکانی نورڤان)ە، کە لە هەردووکیاندا (سەروا) هەبووە، کەواتە ئەو بیروباوەڕەی کە لە سەرەوە پیشان درا لە بابەت نەبوونی سەرواوە لە زبانە کۆنەکانی (هیند و- ئەوروپایی) و (هیند و- ئێرانی)دا کە زبانی پەهلەوی و کوردی دووانن لەوان، درۆ دەرچوو.

ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە، دوور نییە هەموو زبانێک لە پێشا هۆنراوەکانی بێ سەروا بووبن، پاشان بەهۆی پێشکەوتنی هونەری و وێژەوە لەو زبانانەدا، بەرە بەرە سەروا پەیدا بووبێ. بەلام ئەمە ناچێتە دڵەوە کە ئەم هەموو زبانانە سەروایان لە عەرەبییەوە وەرگرتبێ، چونکە زۆربەیان، بەتایبەتی زبانی کوردی، وێژەیان لە وێژەی عەرەبی کۆنترە و، شارستانێتی نەتەوەکانیان لە شارستانێتی عەرەب لە پێشترە.

ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست نەبوایە، ئەبوو، لە وێژەی کوردیدا، تەنیا شێوەی سەروای عەرەبیمان بدیایە. کەچی لە وێژەی نەتەوەییماندا (فۆلکلۆر)، سەروای کوردی ڕەسەن و خۆماڵی ئەبینین کە هیچ پەیوەندییەکی بەشێوەی سەروای عەرەبییەوە نییە، بۆ بەڵگەی قسەکەمان، کە بوێژەکانی کورد بەوپەڕی ئازادییەوە تەنیا لەبەر دەربڕینی بیروباوەڕی خۆیان بەکاریان هێناوە لە: (بەیت، لاوک، حەیران، هۆنراوە ئاینییەکانی یەزیدییەکان)دا کە شان بەشانی (کێشە خۆماڵییەکانمان ڕۆیشتوون).

هەروەها ئەو (سەروا جووت)ە بەنموونە ئەهێنینەوە کە لە (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانیدا بەکار هێنراوە.

لەگەڵ ئەمەشا پێی لێ ئەنێین کە بەشێکی گەورەی هۆنراوەی کوردی لە دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی بەناو کوردەواریدا، لەسەر شێوەی (سەروای عەرەبی) هۆنراوەتەوە.

. (یەکێتی سەروا) لە هۆنراوەی کوردیدا، شێوەیەکە لە عەرەبی وەرگیراوە. لەم لایەنەوە ئەبینین کە گیانی هۆنراوەی عەرەبی لە سەروادا، زۆرتر ئاشکرا و دیارە، نەک لە کێشیدا.

بوێژی کورد لەم بابەتە سەروایەدا، هەموو دێڕە هۆنراوەکانی، لەسەر یەک کێش و یەک سەروا ڕێک ئەخات، واتا دوایی هەموو دێڕە هۆنراوەکان بەیەک سەروا ئەبڕێتەوە، وەک (بێخود) ئەڵێ:

دڵم مەفتوونی چاوی دولبەرێکی نوکتە پەردازە
کە محضی حوسنە، عینی شوخیە سەرچاوەیی نازە

لەم هۆنراوە دڵدارییەدا، سەروای دێڕەکان ئەم وشانەن:

(پەردازە، نازە، ممتازە، تازە، ئەندازە، ڕازە، إعجازە، بازە)

بەکورتی: ئەگەرچی هۆنراوەی کوردی (یەکێتی سەروا)ی لە عەرەبییەوە وەرگرتبێ، بەلام (سەروای جووت) و (سەروای بزێو و ڕەنگاوڕەنگ) هی کەس نییە هی خۆیەتی.

*** وشـەکانی سـەروا**

بۆیان هەیە، سەرواکان، یەک پیت بن، یان زۆرترین یان چەند پیتێک و وشەیەک بن لە هەموو دێڕە هۆنراوەیەکدا دووبارە ببنەوە، وەک: جا، مەرحەبا، وەفا

گوڵ، چقڵ، چڵ، دڵ

خەلات، نەجات، بەرات، نەبات

ژیایەوە، کوژایەوە، شکایەوە

سەیرانت دەوێ، کوێستانت دەوێ

صبایی ڕاست و چەپی، سەمائی ڕاست و چەپی

بوێژەکانی کورد، هەموو جۆرە پیتێکیان کردووە بەسەروا، تەنانەت، پیتە عەرەبییەکانیش وەک (ق، ص، ض، ط، ظ، ث، ذ) هەروەها لە (پاش سەروا) دا: (ناو، پاش ناو، فەرمان، ڕستە، ولژە)یان بەکار هێناوە، وەک (شەو، ڕۆژ کوڕ، کچ، کورد، محەممەد، دۆست، کەمتر، زیاتر، بەس، نوور، ڕەنگینە، زوو، حرام، ڕوح، ئەکا، کرد، نەکەی، ناکەم، ئەکرد، چوون، چووم، شکا، نابەم، ڕۆیی، دڵی من، ئەم شەو، یا ڕەسوڵ اللە، ئۆف و ئاخ، زلفی یار، تا مردن، بێ تۆ، چیبکەم، ماهی نەو، ڕاست و چەپ، لە هیچ)

*** گیروگرفتەکانی سـەروا**

سەروا، هەرچەندە پێویستییەکی گرنگە بۆ هۆنراوە، بەڵام لە جۆری (یەکێتی سەروا)دا، هەندێ جار ئەبێتە گیروگرفتێک بۆ بوێژ، بەتایبەتی ئەگەر هۆنراوەکان زۆربن و لە چامە (قصیدة)یەکی درێژ کۆبووبنەوە، بوێژ بەهۆی خەریک بوونییەوە بەدۆزینەوەی سەرواکاندا زۆر جار بیروباوەڕەکەی بەناچاری بەکزی و کەموکوڕی دەرئەبڕێ، یاخود گەرمایی هەستەکەی سارد ئەبێتەوە. ئەو ساکەش چامەکەی باش دەرناچێ؛ نە جوان ئەبێ نە کاریگەر نە بەهێز نە کەڵکدار.

جا لەبەر ئەم خەوشانەیە کە هەر لە زووەوە لە هەموو زبانێکا، تەنانەت لە عەرەبیشدا، بوێژەکان زۆر جار وازیان لە یەکێتی سەروا هێناوە و پەنایان بردۆتە بەر (سەروای جووت) یاخود (سەروای ڕەنگاوڕەنگ و بزێو) یاخود (سەروای سەربەست)، بۆ ئەمەی بەهۆی گیروگرفتی سەرواوە، هۆنراوەکانیان لە کەڵک نەکەوێ.

خۆشبەختانە، بوێژە کوردەکانیش، چ لەوەدا کە چوونەتەوە سەر ڕێ و شوێنی باووباپیریان، چ لەوەشدا کە ئەیانەوێ بەهۆی هۆنراوەوە: (ئاوات و ئازار و پێویستی گەلی کورد) دەربڕن و نەتەوەی کورد ئاراستەکەن بۆ گرتنی ڕێگای پێشکەوتن.

بۆیە لەم ساڵانەی دواییدا بەزۆری هۆگری: سەروای جووت، سەروای ڕەنگاوڕەنگ و بزێو، سەروای سەربەست بوون، کە لە ڕاستیدا بریتین لە کەلەپوری وێژەیی باووباپیریان... ئەوەندەی نەماوە بوێژانی

کـورد هەروەک دەسـتـبـەرداری: وشـەی بێگانە و نووسـیـاری بێگانە و کـێـشی بێگانە بـوون، ئاواش دەسـتـبـەرداری سـەروای بێگانە بن، بۆ ئەمـەی وێژەی کـوردی بەرەو تەواوی و بڵندی و جـوانی بڕوات، هەروەها بۆ ئەمەی بەو ئامانجە پیرۆزە بگات کە کوردەواری پێویستییەتی.

سەرنجێکی کورت لە هۆنراوەی کوردیدا

١- هۆنراوەی نەتەوەیی هەمـوو شـێـوەکـانی زبانی کـوردی بەکـێـشی خـۆمـاڵی واتا (کـێـشی برگـەیی) کێشراون.

٢- بەشـێکی زۆر لە هۆنراوەی هونەریی کـلاسـیکی شـێـوەی هەورامی بەکـێـشی خـۆمـاڵی (برگـەیی) کێشراون.

٣- بەشێکی زۆر لە هۆنراوەی هونەری کلاسیکی شێوەی کرمانجی سەروو و خواروو (سۆرانی و بادینی) بەکێشی عەروزی عەرەبی کێشراون.

٤- ئەو کـێشـانەی بەخـۆمـاڵـیـمـان داناون لە هۆنراوەی زبانی کوردیدا کـێشـانـیـان بە (کـێشی برگـەیی)، ڕووداوێکی (ئایدۆلۆژی)یە، ئەگینا ئەگەر بمانەوێ بەکێشی عەروزی عەرەبی بیانکێشین، نەکێشرێن.

٥- هۆنراوەی هونەری تازەی کـوردی لەسـەر کـێشـە خـۆمـاڵـیـیـە برگـەییـەکـان دامەزراوە، کـە لە کـێـشی هۆنراوەی نەتەوەیی (فۆلکلۆر)ی کوردی وەرگیـراون... پاڵەوانانی ئەم کۆڕە ئەمـانەن: پیرەمێرد، گۆران، لە شێوەی کرمانجی خوارووا، جگەرخوێن و بوێژەکانی کوردی سۆڤیەت لە شێوەی کرمانجی سەروودا... ئەمەش لەم سەدەی بیستەمدا دەستی پێکرد.

٦- لە حەیران و لاوک و هەندێ لە بەیتەکان و پاڕانەوە (دوعا) ئاینییەکانی یەزیدییەکاندا، کە نموونەی هۆنراوەی نەتەوەیی کوردن، چ کێش، چ سەروا: ڕەنگاوڕەنگن، بزێون، سەربەستن، ئەمەش دیاردەیەکی بنچـینەیی مێـژوویی زبانی کـوردییە. هۆنراوەی کـوردی تازە لە ڕووی ڕوخـسـارەوە ئەیەوێ بگەڕێـتـەوە سەر ئەو یاسا ئازادە کۆنە، وە ڕزگاری ببێ لە دەست (یەکێتی کێش و سەروا) کە لە بێگانەوە تووشی بووە.

٧- حەیران و لاووک، لە لایەن (کێشی و سەروا) وە لە (بەیت) سەربەست ترن.

٨- لە حەیران و لاوک دا خەمی سەروا زۆرتر خوراوە لە کێش.

وێژە

هەر نووسینێک بەهۆی شێوەی دارشتنەکەیەوە دڵ و دەروونمان ببزوێنێ، یاخود هەستمان پێ بکات بەجوانی، ئەوە (وێژە)ی پێ ئەڵێین.

جۆرەکانی هۆنراوە

هەر لە سەردەمی یۆنانییە کۆنەکانەوە سێ جۆرە هونەری گەورەی هۆنراوە داهاتووە:

١- هۆنراوەی داستان (شعر الملحمي)

٢- هۆنراوەی لاساییکردنەوە (شعر التمثيلي)

٣- هۆنراوەی گۆرانی (شعر الغنائي)

هۆنراوەی داستان لەناو چووە، هۆنراوەی لاسایی کردنەوەش، لاسایی کردنەوەی پەخشان جێگای گرتۆتەوە، بەڵام (هۆنراوەی گۆرانی)، بەزیندوویەتی ماوەتەوە، تاقە هۆنراوەیەکیشە کە لە ڕۆژئاوادا حەزی لێ بکەن و گەشەی پێ بکەن و ناوبەناو تازەی بکەنەوە و باوی تیا دابهێنن.

ئاینەکانی وێژە «مذاهب الأدب»

ئاینەکانی وێژە زۆرن، بەڵام دووانیان لە هەموویان گرنگترن:

١- ئاینی کلاسیکی

٢- ئاینی ڕۆمانتیکی

ئەم دوو ئایینە هەموو دەم لە شەڕوشۆڕدان، ئاینی کلاسیکی توانیی (هۆنراوەی لاسایی کردنەوە) بگەیەنێتە ئەوپەڕی سەرکەوتن.

کەچی (هۆنراوەی گۆرانی) لای کلاسیکییەکان نەگەیشتە ئەو پلەیە.

بەڵام ئایینی ڕۆمانتیکی (هۆنراوەی گۆرانی)ی گەیاندە پلەیەکی ئەوتۆ کە لە کۆڕی مرۆڤایەتی و هونەردا، (هۆنراوەی لاسایی کردنەوە) لای ڕۆمانتیکییەکان نەیگەیشتبوێ.

مایەوە سەر (هۆنراوەی داستان)، ئەمە نە لە لای کلاسیکییەکان سەری گرت و نە لە لای ڕۆمانتیکییەکان وە نە لە لای ئایینە تازەکان.

هۆنراوەی داستان

ئەو هۆنراوەیەیە کە دەنگوباسی شەڕوشۆڕ و پاڵەوانی و پاڵەوانان بەشێوەیەکی سادە و سووک و ڕەوان ئەگێڕێتەوە. هەر لەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە هۆنراوەی داستان گەشەی کردووە.

- (ئەلیادە، ئۆدیسە) دوو هۆنراوەی داستانن، (هۆمیرۆس)ی ئەمر، بوێژی بەناوبانگی یۆنانی دایناون. لە هەردووکیاندا هۆنراوەی ناوازەی تیایە، سادەییەکەی چاوبەستمان ئەکات، جوانییەکەش کە وەک جوانیی مناڵ وایە، دڵمان کێش ئەکات.

- له سەردەمی پێنجەمی پێش زایندا (بزستراتۆس) فەرمانداری (ئەتینا) فەرمانیدا بەپێکهێنانی لیژنەیەک لە بویژەکان بۆ نووسینەوەی ئەم دوو داستانە (ئەلیاذە) و (ئۆدیسە).

هۆمیرۆس گۆرانیبێژێکی کوێر بوو، ناوبانگی وا دەرکردبوو کە ئەو دوو داستانەی بەگۆرانییەوە دەخوێندەوە و کەمانچەکەشی لەگەڵا لێ ئەدا، بۆیەکا ئەو دوو داستانەیان بەهی ئەو دائەنا.

دوو داستانەکە باسی ئەو شەڕە خوێنینە ئەکەن کە لە ناوەندی سەدەی دەهەم و یانزەهەمی پێش زایندا قەوماوە لە ناوەند یۆنانییەکان و تەروادەییەکاندا؛ ئەمیش لەسەر ئەوەبووە کە (پاریس) شاهزادەیەکی تەروادەیی (هیلانە)ی ژنی (مەنیلاس) شای یۆنانی فڕاندووە. لەو دەمەدا کە بەناو زریدا گەشتێکی ئەکرد بۆ خاکی یۆنان. دانراوەکانی هۆمیرۆس بەسەرچاوەیەک دائەنرێن بۆ هەموو چیرۆکە لاسایی کردنەوەکان لە جیهاندا.

(ڤرجیل)یش کە بویژێکی ڕۆمانی بوو داستانێکی بۆ هاونیشتمانەکانی خۆی دانا، ناوی نا (ئەنیادە)، لە ئەینادەدا سەرگوزەشتەی باپیرە گەورەی ڕۆمانییەکان (ئەیتوسی) پاڵەوانی گێڕاوەتەوە، کە چۆن شاری ڕۆمای دامەزراندووە و چۆن شەڕوشۆڕی کردووە و خۆی خستۆتە تەنگوچەڵەمەوە، لەم جیهان و لەو جیهاندا. بەڵام وێژەوانانی جیهان ئەلیاذە و ئۆدیسە یان پێ باشترە لە ئەنیادەی ڤەرجیل.

هەر لەسەردەمی ڕاپەڕینی ئەوروپاییەکانەوە (سەدەی پانزەهەم) تا سەدەی نۆزدەهەم، گەلێک بویژ هەوڵیاندا داستان دابنێن، بەڵام بۆ هیچ کامیان سەری نەگرت. مرۆڤایەتی تەنیا ئەم داستانانەی بەدڵا چوو:

١- ئەلیاذەی هۆمیرۆسی یۆنانی
٢- ئۆدیسەی هۆمیرۆسی یۆنانی
٣- ئەنیادەی ڤەرجیلی ڕۆمانی
٤- میهراتای هیندی
٥- ڕمیانای هیندی
٦- شاهنامەی فیردەوسی فارسی
٧- مەم و زینیی ئەحمەدی خانی کوردی

لە سەردەمی ئێستادا هونەری وێژە، داستانی بۆ (وێژەی نەتەوەیی = فۆلکلۆر) بەجێ هێشتووە. بەڵام داستانە نەتەوەییەکانیش بەرە بەرە لەناودا نەمان، چونکە بویژە خاوەن کەمانچە گەڕۆکەکان بەرە بەرە لەناو چوون، ئەو گیانە پاکە منالییەی ناو مرۆڤایەتی وا دیارە لەناو چووە... چونکە مرۆڤایەتی گۆڕاوە، هۆی ڕابواردنی زۆر بووە لەبەر ئەوە دڵ و دەروونیشی بەو پێیە گۆڕاوە و ئاڵۆزاوە.

هونەری وێژەی لاسایی کردنەوە «فن الأدب التمثيلي»

ئەم هونەرە لای یۆنانییەکانی کۆن بەهۆنراوە بوو، لاسایی کردنەوە لای ئەوان وابوو:

١- گفتوگۆ (بەهۆنراوە)

٢- گۆرانی (بەهۆنراوە)

٣- هەڵپەڕین و سەما

٤- ساز و ئاواز (مۆسیقا)

لە سەردەمی ڕاپەڕینی ئەوروپاییەکانەوە (سەدەی پانزەهەمی پاش زاین) وێژەوان و بوێژەکانی ئەوروپا لە شوێن پێی (وێژەی یۆنانی کۆن)ەوە ئەڕۆیشتن، بەڵکو بابەتی چیرۆکە لاسایی کردنەوەکانیان لەوەوە وەرئەگرت... لە پێشدا (گفتوگۆ) و (گۆرانی)یان لە چیرۆکەکانیاندا کۆ ئەکردەوە، بەڵام کە (کلاسیکی) دامەزرا (هونەری لاسایی کردنەوە) کە بەگفتوگۆوە بەندە لە (گۆرانی) جوێ بۆوە. لە دواییدا (چیرۆکی لاسایی کردنەوە) جوێ بووەوە لە (لاسایی کردنەوەی گۆرانی).

ئێستا (لاسایی کردنەوەی گۆرانی و ساز و ئاواز) وەک (ئۆپێرا) و (ئۆپێرا کومیک) و (ئۆپەرێت) لە بابەتی وێژە و مێژووی وێژە دانانرێن، لە بابەتی (ساز و ئاواز) و مێژووی ساز و ئاواز دائەنرێن.

***

لە سەردەمی تازەدا کەم وێژەوان هەیە کە چیرۆکی لاسایی کردنەوە بەهۆنراوە دابنێ، تەنانەت ڕۆمانتیکییەکانیش چیرۆکی لاسایی کردنەوە بەهۆنراوە دانانێن. نووسینی (پەخشان) لە چیرۆکی لاسایی کردنەوەدا جێگای هۆنراوەی گرتۆتەوە.

ئەمیش لەبەر ئەوەیە کە (وێژەی لاسایی کردنەوە) بەهۆی پەیدابوونی (مەرگەسات: دراما)وە بەرەو (ڕووداو: واقعیە) ئەڕوا کە لە بریتی خونکار و سەرۆکەکان، بەتەنگ چارەکردنی دەرد و ئازاری گەلەوەیە.

هۆنراوەی گۆرانی «الشعر الغنائي»

بریتییە لە هۆنراوەی (چامە: قصیدة) و (پارچەکان: مقطوعات). لای ڕۆژئاواییەکان هەر لەکۆنەوە بووەتە جۆر جۆر، هەر جۆرەی مۆسیقییەکی تایبەتی خۆی هەبووە، لەناو خۆیدا بابەت (موضوع) و (خۆیەتی: الذاتیة)ی کۆ ئەکردەوە.

کەچی هۆنراوەی کوردی زۆرتر خۆیەتی تیا دەرئەکەوت.

هۆنراوەی گۆرانی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشدا گۆڕانی بەسەردا هات، لە گۆرانییەوە بوو بە(خوێندنەوە) پاشان بوو بە(خوێندنەوەی بێ دەنگ). بەڵام هۆنراوە هێشتا کەرەسەی مۆسیقای لەناو خۆیدا گل داوەتەوە، کە بریتییە لە (کێش: وزن، تریە: إیقاع، یەک و پێکی دەنگ: الأنسجامات الصوتیة)، بەڵکو ئەتوانم بڵێم: تا دێت نرخی هۆنراوە گرانتر ئەبێت.

هۆنراوە، لای (نیشانەگەر: رمزیین)ەکان، لەپێش هەموو شتێکا بریتییە لە ساز و ئاواز، ئەوان ئەڵێن: هۆنراوە ڕاز و نیازێکە ئەکەوێتە دڵی گوێگرەوە، بەهۆی ساز و ئاوازەوە، پتر لە دەربڕینی ئەو ڕاز و نیازە بەوشەکان. ئەم دەمە، هۆنراوە زۆری نەماوە کە هەمووی لە بەشی (هۆنراوەی گۆرانی)دا جێی بێتەوە.

هۆنراوه ،شعر،

لای یۆنانییـــەکـانی کـۆن، واتای هۆنراوه (دروستـکردن: خلق) و (داهێنان: إبداع)ی ئەگـرتەوه. (ئەرستوو) ئەیگوت:

«هۆنراوه بریتییـه له نواندنی سروشت یاخـود کـارەسـاتی ژیان بەڕەنگی ئەوەی هەیە و رووی داوه پیشانی بدات، هەروەها ئەوەی که پێویستیشه ببێ یاخود ڕەنگه ببێ دەری بخات»

لێرەدا (مێژوو) له (وێژه) جیا ئەبێتـەوه، چونکه (مـێژوو) بابەتی تاک و تایبەتی ئەگـێرێتـەوه، بەستراوه بە(دەم: زمان) و (جێگا: مکان)ەوه.

بەلام وێژه بابەتی گشتی ئەگێرێتەوه، خەمی بابەت (موضوع) ئەخوات، نابەستریٚ بەدەم و (جێ)وه.

هونەرمەند، سروشت ڕاستەوڕاست ناگوێزێتەوه ناو بەرهەمەکەی بەڵکو کاریگەریی سروشت و ژیان له دڵ و دەروونیا ئەگوێزێتەوه ناو بەرهەمەکەی.

کەواته واتای (دروستـکردن: خلق)ی یۆنانییـەکـان و واتای (نواندن: مـحـاکـات)ی ئەرستـۆ لەیەک جیاوازنین، ئەگەر بێتو له هۆنراوه بدوێین.

ئەرستـۆ له نووسراوەکەیدا (هۆنراوه: الشـعـر) له بابەت (هۆنراوەی لاسـاییکردنەوه) و (هۆنراوەی داستان)ەوه ئەدوێ، بەلام له بابەت (هۆنراوەی گۆرانی)یەوه قسەناکات. تەنیا ناوی ئەبات.

ئەمەش ڕەنگه لەبەر ئەوەبێت که (پێشبینی: نظرية)ی (نواندنی سروشت و ڕووداوی ژیان: محاكاة الطبيـعة وواقع الحيـاة) لەگەڵ (هۆنراوەی لاسـاییکردنەوه) و (هۆنراوەی داسـتان) ڕێک ئەکەوێ، نەک لەگـەڵ (هۆنراوەی گـۆرانی)دا. یاخـود لەبەر ئەوەبێ که ئەرسـتـۆ هۆنراوەی گـۆرانی بەبابەتی سـاز و ئاواز داناوه نەک بابەتی وێژه.

(ڕاستی پەرستی کلاسیکی: الفلسفة الكلاسيـكية) خۆی بەبیروباوەڕی ئەرسـتۆوەی بەسـتەوه هەروا بە(پێـشـبـینی نواندن: نظرية المحـاكـاة)ەکـەیەوه، لەبەر ئەوه بەتەنگ هۆنراوەی لاسـاییکردنەوەوه بوو، بەجۆرێکی نایابیش بەرهەمی لێ پێک هێنا.

بەلام (پێشبینی و ڕۆمـانتـیک: النظرية الرومـانسـية) ڕاستبووەوه له پێشبینی کلاسیکی. خۆیشی نەبەستەوه بەبیروباوەڕ و پێشبینی ئەرستۆوه، بڕیاری دا که: «هۆنراوه بریتییه له دەربڕینی هەستی دڵ و دەروون، نەک نواندن سروشت یاخود ڕووداوی ژیان».

لەبەر ئەوه له (هۆنراوەی گۆرانی)دا سەرکەوت.

بەهۆی ڕۆمانتیکییەکانەوه بنچینەی ڕاستی پەرستی هەموو هونەرێک بەتایبەتی (هونەری هۆنراوه) زۆری گۆڕا. له (نواندن: مـحاکـاه)ەوه بوو بە(دەربڕین: التـعبير)، هەروەها بەهۆی ڕۆمـانتـیکییـەکانەوه (هۆنراوەی گـۆرانی) پەرەی سـەند و بەهێـز بوو، بەلام (هۆنـراوەی بابەتی: الشـعـر الموضـوعي) گـەڕایەوه دواوه، بەتایبەتی له هونەری لاسایی کردنەوەدا، بۆ ئەمەی جێگای خۆی بەجێ بهێڵێ بۆ (پەخشان).

وێژەوانانی یۆنانی کۆن (پێش ئەرستـۆ) هەمـیسـان وەک ئەرستـۆ خۆی، بڕوایان وابوو کـه بنچـینەی

هۆنراوە وەک هەموو هونەرەکانی تر (نواندنی سروشت: محاكاة الطبيعة)یە. بوێژی گۆرانی یۆنانی کۆن (سامدیندس) ئەیگوت: «وێنە هۆنراوەیەکی بێ دەنگە، هۆنراوەش وێنە-ڕسم- یەکی دەنگدارە».

ئەم قسەیە ڕاستە لە (هۆنراوەی پێ ناسین: الشعر الوصفي)دا، بەڵام لە (هۆنراوەی دەروونی: الشعر الوجداني)دا ڕاست نییە. لە پاش پەیدابوونی ڕۆمانتیکییەکان هۆنراوە. بوو بە(پێویستی بۆ دەربڕین) نەک (ئارەزووی دڵ بۆ نواندن).

ڕاستی پەرست (تۆلستۆی) ئەڵێ: «بوێژ بەرهەمی ئاوازە پێک ئەهێنێ بۆ ئەمەی بیدابە گوێی ئەم و ئەودا، تووشی ئەو هەستی دەروونییەی خۆی بکات کەوا دەری ئەبڕێ».

ڕاستی پەرست (کروچی) ئەڵێ: «هۆنراوە دەروون سارێژکردنە، بێ ئەمەی گوێ بدرێتە ئەوانەی گوێی لێ ئەگرن».

لە ڕاستیدا« هۆنراوە دەربڕینی هەستی دەروونییە، بۆ ئەمەی بوێژ دەردی دڵی خۆی پێ سارێژ بکات، یاخود بۆ ئەمەی گوێ گران تووشی دەردی دڵی خۆی بکات.

بوێژ لەباری خۆیدا، دوو دەروونی هەیە، یەکێکی دەروونی خۆی و یەکێکیش دەروونی کۆمەڵەکەی، بوێژی خۆ ئاسایی ئەم هەستی دوو دەروونەی پێکەوە دەرئەبڕی، چونکە بوێژ لە ڕابردووی خۆی و گەلەکەی، لە ئێستای خۆی و ئێستای گەلەکەی، دروست بووە، هەروا هیوای دوارۆژی خۆی و گەلەکەی.

کەواتە ئەبێ هەستی دەروونی خۆی و هەستی دەروونی گەلەکەی دەربڕێ، ئەبێ ئاوات و ئازار و هیوای گیانی خۆی دەربخا، هەروەها ئەبێ ئاوات و ئازار و هیوای گەلەکەشی دەربخا.

کەرەستەی هۆنراوە «عناصر الشعر»

کەرەستەی هۆنراوە چوارە:

١- هەستی دەروونی (عاطفة)ی ڕاست و ڕەوان.

٢- بیروباوەڕ (فکر)ی ورد و بەهێز.

٣- خەیاڵ (خیال)ی نازک و بەرز و جوان.

٤- ساز و ئاواز: کێش، سەروا، وشەی ناسک و ڕێک و پێک، فنسەی کورت و کاریگەر.

ئەم چوار کەرەستەیە لەهەر هۆنراوەیەکدا بوو، هۆنراوەکە جوان و بەهێز و بەرز و کاریگەر ئەبێ، لە دڵی گوێ گراندا.

هۆی دەربڕین و شێوەکانی «وسائل التعبير وطرائقة»

توێژەرە ڕۆمانتیکییەکان ڕاستەوڕاست ئەوی لە دڵ و دەروونییاندایە دەری ئەبڕن، بەشێوەی گێڕانەوە کە بێ پێچ و پەنا، دڵ و دەروونی خۆیان دەرئەخەن، هەچ ڕاز و نیازێکیش لە دڵ و دەروونییان دابێ پێشانی خوێندەواران و گوێگرانی ئەدەن.

بەڵام بوێژە نیشانەگەرەکان (الشعر الرمزيون)، ئەوی لە دڵ و دەروونییان دایە ڕاستەوڕاست دەری

نابرن، بەوێنە و نیشانە پێشانی ئەدەن. بوێژی یۆنانی کۆن (سامونیدس) ئەیگوت: «وێنە هۆنراوەیەکی بێ دەنگە. هۆنراوەش وێنەیەکی بەدەنگە».

کۆڕی هۆنراوە «مجالات الشعر»

نرخزان (ناقد)ی ئەڵمانی گەورە (سنج: Lasing) ئەیگوت: «هۆنراوە کۆڕێکی تایبەتی خۆی هەیە، نابێ لەوە تێپەڕ بکات»، بەڵام نرخزان و ڕاستی پەرستە تازەکان ئەڵێن:

«بوێژ مافی هەیە بچێتە هەموو کۆڕێکەوە، بێ ئەمەی لەوە بترسێ کە لە هێزی دەربڕین و کارتێکردنا لە هاوڕێکانی خۆی، واتا لە هونەرمەندەکانی تر وەک وێنەگر و پەیکەرتاش و سازلێدەرەکان پاش بکەوێ!»

وێنەی هۆنراوە «الصورة الشعرية»

زۆرجار وێنەی هۆنراوە بەند ئەبێ بە(خوازە: و لێکچوون: تشبية) و (خواستن: إستعارة).

هەندێ ئەڵێن مەبەس لەوێنەی هۆنراوە ئەوەیە کە گفتوگۆ لەگەڵ هەستدا (حواس) بکات

هەندێکیش ئەڵێن مەبەس لە وێنەی هۆنراوە ئەوەیە کە گفتوگۆ لەگەڵ گیاندا بکات.

هەندێک ئەڵێن (تشبية) لە ناوەند (مشبة) و (مشبقبة)دا ئەبێ کاتێ بکرێ کە شتێکی وەک یەک هەبێ لە سەروسیمای هەردوو لایاندا.

هەندێکیشی ئەڵێن (تشبية) لە ناوەند (مشبة) و (مشبقبة) دا ئەبێ لەسەر بنچینەی کارتێکردنی هەردوو لایان بکرێ لە دەرووندا.

مەبەس لە وێنەی قسە (التصوير البياني) ئەوەیە کار بکاتە دڵ و دروون، نەک شت بگێڕێتەوە.

ساز و ئاوازی هۆنراوە، زۆر گرنگە لە دەربڕینی هەستی دەروونیدا.

بوێژە نیشانەگەرەکان ئەڵێن: «ساز و ئاوازی هۆنراوە پێویستە بۆ دەربڕینی هەستی دەروون».

ڕۆمانتیکییەکان ئەڵێن: «ساز و ئاوازی هۆنراوە تەنیا بریتییە لە هۆیەک لەو هۆیانەی کە هەستی دەروونیی پێ دەرئەبرێ».

کلاسیکی و ڕۆمانتیکی

سەردەمی حەڤدەهەمی پاش زاین سەردەمی کلاسیکی وێژەیی هونەرییە، چونکە ڕاستی پەرستی ئەرستۆ گەش و بەزەبر و زەنگ بوو، لە سەرەتای جووڵەی ژیانەوەی زانستی (مبدأ حركة البعث العلمي)یەوە کە لە سەردەمی پانزەهەم و سەردەمی ڕاپەڕیندا دەستی پێ کردبوو.

بەڵام ڕاستی پەرستی (ئەفلاتوون) لە پەنادا خۆی شاردبووەوە، لە سەردەمی نۆزدەهەمدا، ڕۆمانتیکییەکان ژیاندیانەوە و جێگایان بۆ کردەوە.

ڕاستی پەرستی ئەرستۆ: (نواندنی سروشت و ژیان) بنچینەی کلاسیکی وێژەیی هونەریە. ڕاستی

پەرستی ئەفلاتوون: (سروش: الوحي والألهام) بنچینەی ڕۆمانتیکی وێژەیی هونەریە.

ڕۆمانتیکییەکان ئەڵێن: «هۆنراوە سروشێکی خواییە لە خواوە دێتە بەرگوێی بوێژ. سەرچاوەکەی بریتییە لە پێویستی مرۆڤ بەدەربڕینی هەستی دەروونی خۆی کە بەهۆی سروشت و ژیان و خواوە بزوێنراوە. ئارەزووی نواندنی سروشت نابێتە سەرچاوەی جوڵەی وێژەیی و هونەری، وەک ئەرستۆ ئەڵێ».

لەبەر ئەمە (پێشبینی نواندن: نظرية المحاكاة) بەسەر ئاینی کلاسیکیدا زاڵ بوو، هیچ هۆنراوەیەک لەم ئاینەدا گەشەی نەکرد، (هۆنراوەی بابەت: الشعر الموضوعي) نەبێ کە بریتی بوو لە هۆنراوەی لاسایی کردنەوە، کە لەلایەن هەندێ بوێژە گەورەکانی فەرەنساوە نووسرابوونەوە. بەڵام هۆنراوەی گۆرانی، کز بوو و، بەرهەمی کەمبوو. سەردەمی کلاسیکی سەردەمی حەڤدەهەمە.

لەگەڵ ئەمەشا، لە پرانەوەی سەردەمی هەژدەهەمەمدا هۆنراوەی گۆرانی گەشەی کرد، لەسەر بنچینەی کلاسیکی (پێشبینی نواندن).

ئەویش لەو کاتەدابوو کە وێژەی فەرەنسزی ببووە وێژەیەکی جیهانی، لەو پشووەدا هۆنراوەی گۆرانی لە (بابەت: الموضوع)ەوە ئەدوا، بەڵام لە شێوەی یۆنانی کۆندا داڕێژرابوو.

ئەمەش بوێژێکی لاوی فەرەنسزی (ئەندرێ شینێ) ناو دایهێنا، بانگیدا بۆ (کلاسیکییەکی نوێ) کە بیروباوەڕی تازە لە بەرگێکی یۆنانی کۆندا پێشان بدرێ. ئەم بوێژە لاوە چەند پارچە هۆنراوەیەکی دانا، ناوی نا (سەربەستی)؛ لەسەر زبانی دوو شوان (بابەتی سەربەستی: موضوع الحرية)ی پێشان ئەدا، لەگەڵ ئەمەشا هەستی دەروونی خۆیشی لەسەر زبانی هەردوو شوانەکە دەرئەبڕی.

ئەم هۆنراوەیە ناوبانگی زۆر دەرکرد، چونکە هەم بیروباوەڕی گەلی تیا دەرخرابوو، هەم لە شێوەیەکی هۆنراوەی کلاسیکیشدا بەجوانی و سادە و ڕەوانی پیشان درابوو؛ بەواتایەکی تر (ئەندرێ شینێ) کلاسیکی و ڕۆمانتیکی لە هەڵبەستەکەیدا کۆکردبووەوە و هەست و ئارەزووی هەموو ئازادیخواهانی جیهانیشی دەربڕیبوو.

هۆنراوەی گۆرانی هەر لە کۆنەوە تا ئێستا، لە هەموو سەردەمێکا بەزیندوێتی مایەوە؛ چونکە لە سەرچاوەی پێویستی دەربڕینی هەستی دەروونییەوە هەڵقوڵاوە.

بەڵام ئەوەی ڕۆمانتیکییەکان پێکیان هێناوە ئەوەیە کە سەرچاوەی (سروش: الوحي والألهام)یان بەیەکەم سەرچاوە داناوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کۆمەڵە هۆنراوە گەورەیەی کە بوێژەگەورەکانی جیهان بۆیان بەجێ هێشتووین.

هۆنراوە لەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە کەوتۆتە ناوەند دوو پێشبینییەوە، یەکێکیان (کلاسیکی) ئەوی تریان (ڕۆمانتیکی) یاخود (کارەساتی ڕووداو) و (ڕۆمانتیکی). سوکرات بڕوای وابوو کە (سروش) سەرچاوەیەکە بۆ هۆنراوە، ئەفلاتوونیش لەمەدا پشتگیری سوکراتی ئەکرد، بەڵام ئەرستۆ بڕوای وا نەبوو کە سروش سەرچاوەیەکە بۆ هۆنراوە، ئەو بڕوای وابوو کە ئارەزووی نواندنی سروشت و ژیان، بەواتایەکی فراوان، سەرچاوەی هۆنراوەیە.

ئەم پێشبینیانە بوونە تۆوی (ڕۆمانتیکی) و (کلاسیکی)، ئیمڕۆیش پێیان ئەڵێن (ڕۆمانتیکی) و (ڕووداو).

پاشەجار پێشبینی ڕۆمانتیکی (پێویستی بۆ دەربڕینی هەستی دڵ و دەروون) زاڵبوو بەسەر پێشبینی کلاسیکیدا: (ئارەزووی نواندنی سروشت و ژیان) کە لە (بابەت: موضوع)ەوە ئەدوێ.

تەنانەت ئەم (دەروون: وجدان، نفس، ذات) زاڵبوو بەسەر هەموو هۆنراوەیەکی ڕۆمانتیکیدا هەتاکو (هۆنراوەی پێناسین و بابەتی: الشعر الوصفي الموضوعي).

ڕاستی پەرست (ڤیکۆ) ئەڵێ: «بابەتی وێژە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەمووی، بەرە بەرە گۆڕا، لە پیاهەڵدانی خواکانەوە هاتەسەر پیاهەڵدانی پاڵەوانەکان، پاشان هاتە سەر پیاهەڵدانی مرۆڤ»

ئاینی نیشانەگەری «المذهب الرمزي»

ئاینی ڕۆمانتیکیش لە ئاینی نیشانەگەری جیا ئەبێتەوە. ئەمیش بەهۆی شێوەی دەربڕینی هەستی دڵ و دەروونەوە، ڕۆمانتیکی بەشێوەیەکی شت گێڕانەوە[1] ڕاستەوڕاست هەستی دڵ و دەروونی دەرئەبڕێ.

بەڵام (نیشانەگەری) بەشێوەی لابەلا، بەوێنە و بەنیشانە هەستی دڵ و دەروونی دەرئەبڕێ.. ئەمیان بەئاشکرا دەری ئەبڕی، ئەویان لەژێر پەردەوە دەری ئەبڕێ.

ئەگەر لە نیشانەگەرێک بپرسیت: بۆچی دەربڕینی ئێوە لەژێر پەردەوە ئەبێ؟. لە وەرامدا پێت ئەڵێ:

- چونکە زۆر هەستی دەروونی هەیە، بەقسە پێشان نادرێ، ئێمە ناچارین بەوێنە و نیشانە، هەمووی یاخود هەندێکی، پێشان بدەین. کە زۆر خوێندەوار بیروباوەڕ و هەستەکانی ئێمە لەناو تارماییدا ئەبینی و بەئاستەم تێیان ئەگات![2]

١٩٦٢/١٠/٢٥

(١) شێوازێکی ڕاپۆرتی- أسلوب تقريري.

(٢) مامۆستا لە کۆتایی ئەم باسەدا، لە دامێنی لاپەڕەکەوە نووسیویە: (تا ئێرە هی پۆلی سێهەمە).

نرخی ویژەیی -٢-

بۆ پۆلی چوارەمی زانستگای وێژە

بەشی کوردی

وەرگر و وەرگێری

شاکر فتاح

١٩٦٣-١٩٦٢

نرخی وێژیی چییە؟

بەکورتی مێژووی نرخی وێژەیی

لای یۆنانییەکان:

نرخی وێژەیی لەگەڵ وێژەدا پەیدا بووە، یۆنانییەکان هەر لە زووەوە خاوەنی زمانێکی پاراو و هەستێکی ناسک بوون. کە هۆنراوەی بوێژێکیان چاوپێ ئەکەوت، بیروباوەڕی خۆیان دەرباری دەرئەبڕی، لە بابەت وشە و واتا و کێش و دارشتنیەوە ئەدوان و بڕیاری خۆیان لەسەری پێشان ئەدا.

بەڵام ئەمە بەشێوەیەکی ساکار ئەکرا، هێشتا دەستوورێکی وای نەبوو کە نرخزان لەسەری بڕوا.

پاشان نووسینەوەی (ئەلیادە) و (ئۆدیسە) هاتە پێشەوە، لەسەر ئامۆژگاری (سۆلۆن)[1]، ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی (نرخ دانان و لێکۆڵینەوە و بژار) لە هەردوو چیرۆکەکەدا بکرێ، بۆ ئەمەی وەک هۆنراوەیەکی ناوازە پەسەندبن لای یۆنانییەکان، کە ئەوە تەواو بوو ئیتر ماوە نەما بۆ کەس کە دەستکاری ناوەرۆکیان بکات.

کە سەدەی پێنجەمی پێش زاین دەستی پێ کرد و هۆنراوەی لاسایی پەیدابوو و لە ئەتینادا جێگیربوو، نرخ دانانی وێژەیی پێشکەوت، فراوان بوو، لێکۆڵینەوەشی زۆرتر تیا ئەکرا. (نرخ دانانی وێژەیی) نوێشی لەمەوە پەیدابوو؛ کە فەرمانڕەوایی یاسایەکی دانا بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو چیرۆکانەی هەموو ساڵێک بوێژەکانی یۆنانی پێشکەشی فەرمانڕەواییان ئەکرد، بۆ پەسەندکردنی ئەوانەی کە بەکەڵکی گشتی دێن، تا لاسایی بکرێنەوە.

دیارە ئەو لێژنەیەش کە فەرمانڕەوایی دایانابوو بڕیاریان لەسەر بدات، ناچاری لێکۆڵینەوە و سەرنجدان

---

(١) سۆلۆن Solwn - ٤٦٠ - ٥٥٠ دەوروبەری پ. ز. یاسادانەرێکی ئەسینایی بوو، یەکێکە لە حەکیمەکانی یۆنانی، باری باج و سەرانە سەندنی لەسەر شانی داماوان و هەژاران سووک کرد، گەلێ یاسای چاک و سەرفرازکەری لە سەردەمەکەیدا دانا و جێبەجێ دەکران.

و نرخ دانانی وێژەیی ئەبوون، بۆ ئەمەی کام چیرۆکیان بەکەڵک بێت ئەوەیان پەسەند بکەن.

فەرمانڕەوایی تەنیا شێوەی دەرەوەی نرخ دانانەکەی دیاریکردبوو، گوێی نەدابووە ناوەڕۆکەکەی، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە بوێژەکان بایەخ بدەن بەچیرۆکەکانیان، بەربەرەکانێی یەکتریش بکەن، لەوەدا کە (بابەتەکان) و (واتاکان) و (شێوەی نووسینەکان) یان قاڵکراو و پوختە و پەسەندبن.

ئەمانە هەموو لە نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەمی پ. ز پەیدابوو.

کە یۆنانی گەیشتە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەم، ژیان لە زۆر ڕووەوە گۆڕابوو، بەتایبەتی (هۆش: فکر). بەهۆی پێشکەوتنی (ڕاستی پەرستی: فەلسەفە)یەوە لەگەڵ دەسەلاتی (سۆفسەتاییەکان)دا کە ئەیانویست بەهۆی (وتار: خطابة)ەوە کار لە دڵی ئەم و ئەو بکەن... پێشکەوتن بەرپابوو.

ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی لە (وتار، شێوەی نووسین و ناوەڕۆکی و واتای) هەروا (پەیوەندی وتاریێژ بەگەلەوە) بکۆڵنەوە، هەرچی هونەریش بوو وەک: وێنەکێشان، ساز و، ئاواز، ئەوانیش هونەرمەندی و شارەزایی و ئاوازەیی تیا دەرکەوت.

جگە لەوە، بیروباوەڕی ڕاستی پەرستیش پەیدابوو، مرۆڤایەتی لە (بتپەرستی و کەلەپووری بیری یۆنانی)ی دوو دڵ ئەکرد. بەرەیەکیش پەیدابوو دانیان نەئەنا بەوەی پێشوویاندا، پاشان ئەم بەربەرەکانێیە کە لەناوەند هەردوو بەرەی سەدەی پینجەمدا پەیدابوو؛ گڕی سەند، تا بوو بەهۆی پەیدابوونی دەستەیەکی (تازە پەروەران: المجدون) لەوێژەدا، بەتایبەت لە (وێژەی مەرگەسات).

گەلێک بابەتی نرخی وێژەیی نووسرانەوە کە بەرەنگاریی پێشینانیان ئەکرد، لە بابەت بیروباوەڕیانەوە دەربارەی واتای لاسایی کردنەوە و شێوەی نووسینەوەی وشەو واژەکانی و بابەت و ناوەڕۆکەکانی، یەکێک لەوانە چیرۆکی (بۆقەکان) بوو کە (ئەریستۆڤان) لە ٤٠٦ی پ. ز. دایبابوو.

بەپاڵ ئەم نرخی وێژەییەوە کە وێژەوانەکانی کۆن و تازەی یۆنانییەکان هێنابوویانە ناوەوە، جۆرێکی کە لە نرخ دانان پەیدابوو، پێشکەوتووتر بوو، ئەوەی ڕاستی پەرستەکان هێنا بوویانە بەرهەم، هەر ئەم جۆرە نرخ دانانەبوو کە وێژەی یۆنانی و ڕۆمانی پێوەی ئەژیان، هەر ئەمیش بوو کە کاری کردە سەر وێژەی عەرەبی کۆن و وێژەی ئەوروپایی تازە.

ئەمە لە (وشە و واتاو بابەت)ی ئەکۆڵیەوە، ئەلیادە و ئودیسەشی کردبوو کۆڕی[1] لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوە. ڕاستی پەرستەکان کە سەرنجیاندا هۆمیرۆس هاوڕێکانی، (خواکان) بەپێچەوانەی هۆش پێشان ئەدەن؛ جا دەستەیەکیان هورووژمیان بردەسەر (هۆنراوە) و بێزارییان دەربڕی بەرامبەری، بەلام دەستەیەکی تریان، لەسەر هۆنراوە یان دەکردەوە و ئەیانگوت: «چەقەیدی هەیە، هۆنراوە خواکان لە شێوەیەکی ئەندێشەیی وا جواندا پێشان بدات، پێویستە بەو ڕەنگەبێ»، بەلام هەردوو دەستەکە پێیان لەوە ئەنا کە لە هۆنراوەدا جوانییەک هەیە کە چاوەستی هەموو کەسێک ئەکا، کەواتە دەبێ ڕازی ئەم جوانییە تێ بگەین. سەرنجیاندا، جوانی لە کێشدا دەرئەکەوێ؛ دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوەی کێشەکان و

---

(١) ڕاستتر: تەوەری، میحوەری

پەیوەندی هەریەکـەیان بە(واتا) و (بابەت)ی تایبـەتی خـۆیەوە، سـەرنجـیـاندا جـوانی لە (زیان)دا دەرئەکـەوێ، چونکە زیانی هۆنراوە و بویژ جـوتییـە لە زیانی ڕەمـەکی، پڕیەتی لە ناسکی و جـوانی و ڕازاوەیی، ئەم سەرنجانەیان نووسی... لەکاتی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کە لە (زیان)دا ئەیانکرد لە بابەت تاک و تەرای وشەکانەوە و لێکدراوەکانیەوە.

بۆ یەکەمجار لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا (زانستی زیان)[*] پەیدا بوو، پاشان کە لێکۆڵینەوەکە فراوانتر بوو لە بابەت (واژە، ڕستە)کانەوە، زانستی واتا (علم المعانی) پەیدا بوو.

بەتەنیشت ئەمانەشەوە ڕاپەڕینێکی (سیاسی) لە هەر چوار لای یۆنانستـانەوە پەیدا بوو، بووە هۆی پەیدابوونی گـەلێک بەرەنگاری و چەندوچوونکردن لەگەڵ یەکدا، لەبەردەم دادگـادا، ئەمـەش پێـویستی بەگـفتـوگۆ و وتـاردان و لەسەرخۆ کـردنەوە هەبوو، لەمـەوە وتار پێشکەوت، (پەخشـان)یش دەرکـەوت، چونکە کەڵکی کۆمەڵایەتی و گەوهەری هونەری تیابوو.

لەم کاتەدا سۆفسەتاییەکان کەوتنە جووڵە جووڵ، ئەمانە لە ڕەوشتیاندا بو، دانیان نەئەنا بەڕاستیدا بەدوای ئەوەدا ئەگەڕان: (خۆشی لەوە ببینن) کە کار لە کۆمەڵ بکەن بەهۆی دڵنیاکردنیانەوە، بێ ئەمەی گوێ بدەنە ئەنجامی کردەوەکەیان.)

ئەمـەش هەڵێکبـوو بەکـەڵکی ئەمە ئەهات کە بەتەنشت لێکۆڵینەوەی هۆنراوە و (نرخ پێـدان)یەوە، لێکۆڵینەوەش لە (وتـار)دا بکرێ و لەهەمـوو ڕوویەکـیشـەوە نرخی پێ بدرێ. کـە سـوکرات لە ئەوانەوەی سـەدەی پێنجـەمـدا پەیدابوو -ئەویش لە پێشـدا سـۆفستـایی بوو- ڕاسـتی شـتـومەکی دامـەزراند و دەریخـست، ئاییـنی مـامۆستـاکـانی خۆی ڕووخـاند، گـوتی: «زیان پاراوی- بلاغە، بەیان- هونەرێکە ڕاستی دەرئەخات» بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگەی گفتوگۆی گرتەبەر.

دوای ئەو (ئەفـلاتوون) خـاوەنی پێشـبینی (نموونە: مـثـل) لە ڕاسـتی پەرسـتیـدا، پەیدابوو و گـوتی: «وێژە یان قسە هونەرێک نییە مرۆڤ دای بهێنێ و دروستی بکات. بەڵکو نیاز و خوریەیەکە بەدڵا دێت: دەروونی پاک پەی بەڕاستی شت ئەبات، پاش ئەوە بەهۆی هۆنراوە، پەخشان، ڕاستی پەرستییەوە لەم و لەوی ئەگەیێنێ، مـرۆڤـیش پێـویسـتی بەزمـانێکی پاراو هەیە، بۆ ئەمـەی ئەوەی لە دڵـیـایە بیگەیەنێ بەهەمـوو کەس».

قسـەلای ئەفـلاتوون دوو بەشـە، بەشـێکی لەخـۆیەوە هەیە، هونەری ئێـمەی تیا نیـیـە، ئەویش هێـزی دەروون و پاکژیەتی کە ئەتوانێ پەی بەڕاستی شت بەرێ و نیاز وەرگرێ.

بەشەکەی تری قسە: دەستکەوتە، واتا ئەو هونەری زیان پاراویەیە کە قسـەکـەر ئەینوێنێ، بەجۆرێکی وا کە کار لە دڵی گوێگر و خوێندەواربکا.

لای ئەفـلاتوون (نرخی وێژەیی) بریتـیـیـە لە زانسـتی دەروون و کـاروباری دەروون و هێـز و هەڕەتی دەروون، بۆ ئەمەی بکرێ بەبنچینە بۆ قسـەی ڕەوان (الکلام البلیغ).

(*) مەبەس لە: زانستی زیان (علم النحو)ە... (ش. ف)

کە گەیشتینە سەدەی چوارەمی پ. ز، چاومان بەئەرستۆ ئەکەوێ؛ ئەو ڕاستی پەرستەی کە هەرچی ڕاستی پەرست و بوێژ و زبان زانەکانی پێش خۆی نووسیویانە و خوێندونیەتەوە، لەناو مێشکیا تواندویەتییەوە، بەڵکو قاڵ و پوختەشی کردون و تەواویشی کردون... نووسراوەنە مرەکەی دائەنێ بەناوی (وتار و هۆنراوە)وە کەتا ئێستاش یەکە سەرچاوەیە لە زانستگا بڵندەکانی جیهاندا. بۆ ئەوانەی کە بەدوای (بنچینەی قسەڕەوانی و نرخی وێژەیی)دا ئەگەڕێن.

پەیدابوونی نرخی وێژەیی لەزبانی کوردیدا

هی کۆن- هی تازە

داخەکەم، هەتا ئێستا نووسراوێکی کوردیمان لەبەر دەستا نییە کە لە بابەت نرخی وێژەییەوە نووسرابێتەوە، تا بتوانین بزانین پێوانەی نرخی وێژەیی لە کۆن و تازەدا لە زبانی کوردیدا چۆن بووە و چۆنە. هەروەها بەڵگەیشمان بەدەستەوە نییە کە بتوانین بڵێین؛ نووسراوێکی کوردی لە بابەت نرخی وێژەییەوە نووسراوەتەوە و لەناوەچووە؛ بەڵام بەڵگەیەکیشمان بەدەستەوە نییە کە بتوانین بڵێین: نووسراوێکی کوردی لە بابەت نرخی وێژەییەوە نەنووسراوەتەوە.

لەگەڵ ئەمەشا بەپێی یاسای گشتی وێژە، لە ناو هەرگەلێکا پەیدابووبێ، شان بەشانی ئەو نرخی وێژەییش لەناو ئەو گەلەدا پەیدا بووە؛ بەوێنە، وێژەی یۆنانی کۆن لە سەدەی پێنجەمی (پ. ز)دا لە (ئەتینە)دا دامەزرا. شان بەشانی ئەو نرخی وێژەییش هەر لەو سەدەیەدا پەیدابوو، چونکە ئەو (چیرۆکە لاسایی)یانە خۆیان نرخدانانێک بوون بۆ ژیان و کاروباری ژیان، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی کە نرخی وێژەیی بۆ ئەو وێژەیە پەیدابێ و شان بەشانی ئەو گەشە بکا و پەرە بسێنێ، ئەم نرخی وێژەییە لە ئەنجامدا کاری کردە سەر وێژەی (یۆنانی و ڕۆمانی و عەرەبی کۆن و وێژەی ئەوروپایی نوێ).

کەواتە لە زبانی کوردیشدا ئەبێ بەتەنشت پەیدابوونی وێژەکەیەوە (کە هۆنراوە و پەخشان)ە نرخی وێژەیی پەیدا بووبێ.

بەڵام هەروەک بەشێکی یەجگار گەورە لە هۆنراوە و پەخشانەکانی وێژەی کوردی، بەدەست کارەساتی ناهەمواری ڕۆژگارەوە لەناوچوون، هەروەها دوور نییە ئەگەر نووسراوێکیش هەبووبێ لە بارەی نرخی وێژەیی کوردییەوە، لەبەر ئەو هۆیە لەناو چووبێ.

ئەگەر سەرنجێک بدەین لە مێژووی نەتەوەی کورد: ئەبینین کە نزیکەی سێ هەزار ساڵ پتر لە پێش زایندا فرمانڕەوایی و شارستانێتی هەبووە، بەواتایەکی تر شارستانێتی نەتەوەی کورد نزیکەی دوو هەزار ساڵ پێش شارستانێتی یۆنانییەکان کەوتووە کە مێژووی وێژەیان لە هەزار ساڵ پێش زاین تێپەڕ ناکا.

کەواتە وێژەی کوردیش کە پەیوەندی بەشارستانێتی یەکەیەوە هەیە ئەبێ مێژووەکەی بەدوو هەزار ساڵ پێش وێژەی یۆنانییەکان کەوتبێ.

هەروەها ئەگەر سەرنجێک بدەین لەو بابەتانەی کە لە ناوەرۆکی چیرۆکە نەتەوەییەکانی زبانی کوردیدا

هەیە، وەک ناوێ: (بازگەردانی، چەرخ و فەلەک، سیمرغ، جادوو) کە جۆری تێگەیشتن و بیرکردنەوە و شارستانێتی کوردمان پێشان ئەدەن، تێ ئەگەین کە مێژووی وێژەکەی، بەتایبەتی پەخشانەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ دوو سێ هەزار ساڵ یان پتر لە پێش زایندا.

کەواتە بەم پێیە نرخی وێژەیی زبانی کوردیش مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە کە لە سێ هەزار ساڵ پ. ز. کوردەکان فەرمانڕەوایی و شارستانێتی یان بووە.

جا هەروەک لەمەوپێش وتمان (نرخی وێژەیی)ی کوردیش وەک زۆربەی بەرهەمە وێژەییەکانی کوردی، کارەساتی سامناکی ڕۆژگار کە دوژمنانە بەرامبەر کورد ڕوویداوە، لەناوی بردووە.

لەگەڵ ئەوەشا کە کوردەواری، ئایا لەبەر کارەساتی ڕۆژگار بووبێ یان لەبەر نەخوێندەواریی، یاخود لەبەر کەمتەرخەمی خۆیان کە نەیانتوانیوە زۆربەی بەرهەمە وێژەییەکانیان بەنووسراویی بپارێزن، بەڵام توانیویانە بەهەزاران چیرۆک و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و مەتەڵ و کۆمەڵە هۆنراوەمان لە سنگی خۆیاندا بۆ بپارێزن لەگەڵ نرخی وێژەیی ئەو بەرهەمانەدا.

ئەگەرچی ئەو هۆنراوانەی لەبەر دەستدایە تەمەنیان لە هەزار ساڵێک پتر نییە، بەڵام وەک لەمەو پێش پێشانماندا پەندی پێشینان و چیرۆکە کوردیەکانمان تا نزیکەی پێنج هەزار ساڵێک ئەگرێتەوە.

ئەوی بەنووسراوی لە کوردیدا، لە نرخی وێژەیی بەرهەمە کوردیەکانمان و زبانەکەمان دواین، بەپێی ئەو هۆنراوە و پەخشانانەی لەبەر دەستماندان، ناودارەکانیان، ئەمانەن:

١- ئەحمەدی خانی	١٦٥٠- ١٧٠٦	بەهۆنراو
٢- حاجی قادری کۆیی	١٨١٥- ١٨٩٢	بەهۆنراو
٣- نالی	١٧٩٧- ١٨٥٥	بەهۆنراو
٤- سالم	١٨٠٠- ١٨٦٦	بەهۆنراو
٥- کوردی	١٨٠٩- ١٨٤٩	بەهۆنراو
٦- شێخ ڕەزای تاڵەبانی	١٨٣٥- ١٩٠٩	بەهۆنراو
٧- ئەمین فیضی	١٣٩٩هـ	پەخشان
٨- شێخ نوری شێخ سالح	١٨٩٢- ١٩٥٩	بەهۆنراوە و پەخشان
٩- ڕەفیق حلمی	١٨٤١- ١٩٥٦	بەهۆنراوە و پەخشان
١٠- علاءالدین سجادی	- ١٩٥٢	بەهۆنراوە و پەخشان

جگە لەمانە، لەم ڕۆژنامە و لەو ڕۆژنامەیشدا، گەلێک وتار لە بابەت (نرخی وێژەیی) و (نرخی وێژەیی کوردی)یەوە لەلایەن هەندێ نووسەران و وێژەوانانەوە نووسراونەتەوە، لەم چەرخەدا، وەک: (گۆران، مەعروف خەزنەدار، محرم محەممەد ئەمین، دکتۆر کامەران بەدرخان، دکتۆر جەلادەت بەدرخان، ڕەوشەن بەدرخان، ئەسرین محەممەد، سالح زەکی بەگ، گیوی موکریانی، حوسێن حوزنی، شێخ سەلام، ئەمین زەکی بەگ، پیرەمێرد).

ئەمانە هەموویان، یان بەجۆرێکی گشتی باسی وێژەیی کوردیان کردووە، یان لە چەن ڕوویەکەوە باسی هەندێ لە بوێژ و نووسەرە کوردەکانیان کردووە، یان تێکەڵ لە هەردوو بابەتیان نووسیوە و نرخیان بەوێژەکانیان داوە. بەڵام هیچیان لەسەر بنچینەیەکی زانستی بەتەواوەتی و لە هەموو ڕوویەکەوە کێشانەی وێژەی کوردی یاخود وێژەی ئەو وێژەوانەیان نەکردووە، وەک تیمرۆ لەناو (نرخزان)ەکانی ڕۆژئاوادا باوە، لە ڕاستیدا وێژەی کوردی پێویستی بە(لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ) و (شیکردنەوەیەکی ورد) و(لێکدانەوەیەکی فراوان) و (بژارێکی پوختە) هەیە، لەگەڵ بەستنەوەی بەرهەمەکان بەمێژووی ژیانی وێژەوانەکان و ناوچەی کوردستان و کاروباری کۆمەڵایەتی کورد و ئەو کارەساتانەی کە لە هەر چوارلای کوردستاندا ڕوویداوە لە تەمەنی بوێژ و نووسەرەکاندا.

هەروەها پێویستی بەپێشاندانی ڕێگای پێشکەوتنی وێژەی کورد و گەشەکردن و پەرەسەندنی هەیە، لەگەڵ تیژکردنی هونەرمەندانی کورد بۆ فەڕ بەخشین بەزبان و وێژەی کوردی.

لەگەڵ ئەمەشا ئەو تێکۆشینانەی ئەو بوێژ و نووسەرانە کردوویانە لە بابەت نرخدان بەوێژەی کوردی و نرخ دان بەژیانی کوردەواری و دۆزینەوەی هۆی دواکەوتنی وێژەی کوردی و هۆی پێشکەوتنی کوردەواری و وێژەکەی.

هەنگاوێکی گەورەن بۆ داهاتنی نرخی وێژەیی لە زبانی کوردیدا لەسەر بناغەیەکی زانستی و گەشەکردن بەوێژەکە و پەرەسەندنی، هیواش هەیە لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا هەچ کەموکوڕیەک هەیە لەم ڕووەوە تەواو بکرێ، تا نرخی وێژەیی کوردیش بگاتە ڕیزی زبانە پێشکەوتووەکانی جیهان.

نرخی وێژەیی چییە؟

لێکۆڵینەوەی بەرهەمی وێژەییە، ڕوونکردنەوەیەتی، پێشاندانی گەوهەرەکانیەتی، پێشاندانی هونەرەکانیەتی، پێشاندانی هۆی جوانی و ناشرینیەتی، لێکدانەوەیەتی، شیکردنەوەیەتی، بەراوردکردنێتی لەگەڵ بەرهەمی تردا، بژارکردنێکی، بڕیار لەسەر دانە بەپێشاندانی (نرخ و پلەی) وێژەکە، هەروەها ورباکردنەوەی خوێندەواریشە بۆ شتی باش و پەسەند وە شتی خراپ و ناپەسەند لە وێژەکەدا.

لەگەڵ یاریدەدانیان لە تێگەیشتن و نرخ دانانی وێژەکە.

هەروا چاکترین ڕێگا پێشان بدرێت بۆ (بیرکردنەوە هەست دەربڕین و پێشاندان) بۆ گەیشتن بە(بەرزترین ئامانج) لە وێژەدا. پەیوەندی نرخی وێژەیی: بەدووشتەوە بەندە:

١- نرخزان (ناقد)

٢- نرخ بۆدانراو (منقود) یاخود بەرهەمی وێژەیی.

نرخزان: یاخود نرخدانەری وێژەیی ئەبێ تیژبین بێ، زیرەک و دڵتەڕێکی زرنگ بێ، ئەبێ بتوانێ لەگەڵ وێژەوانان‌دا هاودڵی بکات، ئەبێ دووریشبێ لەو شتانەی کە کاری خراپ لە دەروونی بکەن و بڕیاری نادروستی پێ بدەن، ئەبێ لە وێژەو زانستدا خوێندەواری تەواوبێ، شارەزاییەکی زۆری هەبێ لەوێژەدا لە

مێژووی گۆڕانی وێژەدا، لە پەیوەندی وێژە بەهونەرەکانی ترەوە.

ئەبێ ئەوەندە مەشقی لەوێژەدا کردبێ کە بتوانێ باش لە بەرهەمی وێژەکە تێبگا و لێیشی بکۆڵێتەوە. بۆ ئەمەی بتوانێ بڕیارێکی ڕاست و دروست و دادپەدوەرانەی لەسەر بدات.

سەرنج: هەندێک هەن بۆ وشەی (نقد)، (ڕەخنە)یان داناوە لە بریتی (نرخ دانانی وێژەیی) یاخود (نرخی وێژەیی). لام وایە وشەی (ڕەخنە) جگە لەوەی لە کوردی ناکات، واتاکەشی دوورە لە واتا و مەبەستی (نقد: نرخی وێژەیی)ەوە: وشەی ڕەخنە واتاکەی هەر پێشاندانی کەموکوڕی و خەوش و نەنگییە، ئەوەش لە وێژەوان ناوەشێتەوە، لە پیاوی بەدخوو و دڵڕەش و ناپاک ئەوەشێتەوە بەڵام (نرخ دانانی وێژەیی) پڕ بەپڕی وشەی (نقد)ە کە بەواتای ئەم چەرخە بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵکو ئەتوانم بڵێم لە وشەی (نقد)یش پڕ واتاترە بۆ ئەو مەبەسەی بۆ (نقد) دانراوە.

چێشکەی وێژەیی

* چێشکەی وێژەیی چییە؟ بریتییە لەو هێزەی کە (نرخ و پلە)ی بەرهەمی وێژەیی پێ دەرئەخرێ، وە ئەتوانین بەهۆی ئەوەوە چەند و چۆنی (تقدیر)ی جوانی دەربخەین، خۆشی لە جوانی وەرگرین، ئەو جوانیەش بەپێی توانامان لە کردەوە و قسەو بیرماندا دەربخەین.

چێشکەی وێژەیی شتێکە تێکەڵ لە تەزوو (عاطفە) و هۆش و (هەست پێکردن)، بەڵام تەزووی لە هەموویان زۆرتر تیایە.

* بەشەکانی چێشکە: لە لایەکەوە کراوە بەدوو بەشەوە:

١- چێشکەی باش، یان جوان، یان تەواو.

ئەوەتا کە بەرهەمی چاک لەهی خراپ جوێ ئەکاتەوە.

٢- چێشکەی خراپ، ئەوەتا کە فڕی بەسەر چاک و خراپەوە نییە.

خاوەن چێشکەی باش، کەمن. هەموو دەم ناچار ئەبێ چێشکەکەی خۆیان لە دەرد و نەخۆشی بپارێزن.

لەلایەکی تریشەوە چێشکە کراوە بەدوو بەشی ترەوە:

١- چێشکەی بەرجەستە، ئەوەیە کە پەیوەندی بەشتی هەستپێکراوەوە بێ وەک: خواردەمەنی، ڕەنگ، دەنگ، بۆن، چاوئەنداز.

٢- چێشتکەی واتایی، ئەوەیە کە پەیوەندی بەئەندێشە و بیر و ڕەوشت و خوو و ئایین و یاسا و دەستوورەوە بێ.

دیسانەوە، کراوەتەوە بەدووبەشی ترەوە:

١- چێشکەی نەکردن (الذوق السلبي)، ئەوەیە کە پەی بەجوانی ئەبات و ئەیچێژێ، بەڵام ناتوانێ ئەو پەیبردنە دەرببڕێ و لێکی بداتەوە و ڕازەکانی دەربخا.

٢- چێشکەی کردن (الذوق الأيجابي)، ئەوەیە کە پەی بەجوانی ئەبات، لە ناشرینی جیای ئەکاتەوە، لە

بەرهەمەکەدا شوێنی جوانی و ناشرینی دەرئەخات، ڕازی هەردووکیشیان دەرئەخات، ئامۆژگاری خۆیشی دەرئەبڕێ.

جگە لەوانە چێشکەیان کردووە بەسێ جۆری ترەوە:

١- چێشکەی گشتی: ئەوەتا هەموو کەسێک لە نەتەوەیەکا، لە شارێکا، لە هۆزێکا، لە ناوچەیەکا، دەربارەی شتێک یەک چێشکەیان هەیە.

٢- چێشکەی تایبەتی: ئەوەیە کە جگە لە جێگەی گشتی، هەریەکە چێشکەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و کەسی تر لەگەڵیا نییە.

٣- چێشکەی جیهانی: ئەوەیە کە هەموو جیهان تیا هاوبەشن، لەبەر سروشتی مرۆڤایەتی خۆیان کە حەز لە جوانی ئەکەن و چێشکەی جوانی ئەکەن: ڕەوشتی جوان، کردەوەی بڵند، سروشتی ڕەنگین، وێژەوانە گەورەکان وەک: شکسپیر و هۆمەر و ئەحمەدی خانی... ئەمانە هەموو لەو بابەتانەن کە خوێندەوارانی هەموو جیهان خۆشیان ئەوێن و بەسەرسوڕمانەوە سەیریان ئەکەن.

* گۆڕانی چێشکە: چێشکەی وێژەیی؛ بەپێی (کات و جێگا و ڕەگەز و پەروەردەکردن و کەس) ئەگۆڕێ. مێژووی چێشکەی وێژەیی بەتەنیشت مێژووی وێژە و نرخی وێژەییەوە ڕۆیشتووە و گۆڕاوە.

* پێکهێنانی چێشکە: ئەگەر یەکێک لە خۆیدا چێشکەی وێژەیی نەبێ، پێی پەیدا ناکرێ، بەڵام ئەگەر هەر تۆزێکیش چێشکەی هەبێ، ئەتوانرێ بەهۆی خوێندەواری و پەروەردەکردنی وێژەییەوە ئەو چێشکەیە باشتر و جوانتر و بەهێزتر بکرێ. تا وای لێدێ ڕازی جوانی و ناشرینی بەرهەمی وێژەیی دەربخات.

(چێشکەی جوان) بەم جۆرە بەهێز و گەشەی پێ ئەکرێ:

١- ڕێگای نەکردن: وەک خۆپاراستن لە خوێندنەوەی وێژەی خراپ، لە بینینی چاو ئەندازەی هۆنەری ناشرین، لە یانە و مرۆڤ و ناوچەی پڕ لە قسەی پڕوپووچ و کردەوەی نەنگ... ئەویش بۆ ئەمەی چێشکەکە بریندار نەبێ و دەردی کاریگەری تووش نەبێ.

٢- ڕێگای کردن: ئەویش هۆگر بوون بەو شتانەوەیە کە چێشکە گەشەی پێ ئەکات پێی پووختە ئەبێ، بۆ ئەمەی پەی بەرێ بەجوانی و ناشرینی، بەووردی هەست بەشت بکات، بەتوندی و دروستی بڕیاریش بدا، ئەم ڕێگایەش دوو پلەیە:

أ- پلەی گشتی: ئەویش ئەوەیە کە پیاو بەباشی خۆی بگەیەنێتە هونەرە جوانەکان، تێیان بکات، چێشکەی بکات، چاوئەندازانی ناوازە و ڕەنگین تەماشا بکات؛ سروشتی بێ یا دەستکرد، خۆی ڕابهێنێ بەپۆشینی جوان و ڕێکوپێک و خاوێن، بەیاساوە، بەکردەوەی باش و ژیانی کۆمەڵایەتی باشەوە، بایەخیش بدا بەخوێندەوارییەکی ڕاستەقینە...

ئەمانە هەموویان جوانی ئەخەنە ناو دەروونەوە، چێشکەش ئامادە ئەکەن بۆ وەرگرتنی وێژەی بڵند و چێشتنی، چاولێکردنی وە خۆ دوورخستنەوە لە هەموو شتێکی ناشرین و نەنگ.

ب- پلەی تایبەتی: ئەویش ئەوەتا کە ڕاستەوڕاست خوو بداتە خوێندنەوەی چاکترین بابەتی وێژەیی لە هۆنراوە و پەخشان، بەڵام خوێندنەوەکەشی وا بێ کە کەڵکی لێ وەرگیرێ، واتا هەوڵ بدات کە لێی تێ بگات، گەوهەرەکانی لە یەک جوێ بکاتەوە، پەیوەندی ناو گەوهەرەکانی و ڕازی ڕاستی و هێز و جوانی هەر یەکەیان بۆ دەرکەوێ، پاشان لە گیانی وێژەوانەکە و هۆش و کەسێتیشی تێ بگات، شتێ لە بەسەرهاتی ژیانی تا زوو بچێتە دڵیەوە و تێی بگات.

ئەمیش ئەوە ئەگەیەنێ کە چێشکەی وێژەیی، نرخی وێژەیی پەروەردە ئەکات، گەشەی پێ ئەکات، وە نرخی وێژەیش چێشکەی ڕاستەقینە پەروەردە ئەکات و پێی ئەگەیەنێ.

* نرخ و کەڵکی چێشکەی وێژەیی: چێشکەی باش داردەستی نرخزانە، بەهۆی ئەوەوە پەی بەجوانی و بەرهەمی وێژەیی ئەبات، کەموکوریی تێ ئەگات، بەرهەمەکە لێک ئەداتەوە ڕازی جوانی و ناشرینییەکەی دەرئەخات. دیسان بەهۆی ئەوەوە ئەتوانین چاکترین ڕێگا پێشان بدەین بۆ بەرهەمهێنانی کاریگەرترین بەرهەمی وێژەیی... بەهۆی چێشکەی باشەوە بەرهەمی وێژەیی باش پێک ئەهێنرێ، بیرەکان پوختە ئەکرێن و بڵند ئەکرێنەوە، وشەکان بەجوانی ڕێک ئەخرێن تا دڵ کێش بکەن و کار لە دەروون بکەن.

هەروا کارێکی گرنگ ئەکات لە ژینی بیروباوەڕ و ڕەوشتی کۆمەلایەتی، چاکبینی و هۆگری زیند و ئەکاتەوە، کامەرانی ئەخاتە ژیانەوە.

جاری واش هەیە چێشکەی وێژەیی پێش هۆش ئەکەوێت لە بڕیاردان بەسەر بەرهەمی وێژەییدا.

نرخی وێژەیی زانستەیان هونەر؟

تا ئێستا لە ناوەند زانیارییەکاندا هەر مقۆمقۆیە کە ئایا (نرخی وێژەیی) زانستەیان هونەر؟، لە ڕاستیدا نە ئەتوانین بڵێین ئەم بابەتە بەتەواوی (زانستی نرخی وێژەیی)یە، نە ئەشتوانین بڵێین (هونەری نرخی وێژەیی). ئەم نرخی وێژەییە ئەکەوێتە ناوەند زانست و هونەرەوە، بەڵکو ئەتوانین بڵێین (هونەرێکی ڕێکخراوە)، بەواتایەکی تر: لە سەرێکەوە زانستە و لە سەرێکی تریشەوە هونەرە.

داهاتنی زانستێک بەناوی (زانستی نرخی وێژەیی)یەوە شتێکی (پەیدانەبوو: مستحیل) نییە، ئەوەندە هەیە بەگران دروست ئەبێ، ئەبێ دەستوورەکانیشی ساکار و کەم بن و لە باریشیاندا هەبێ کەم و زۆر بەپێی پێویست بکشێن.

چونکە هیچ دەستوورێکی گشتی ئەم هەموو چێشکە ڕەنگاوڕەنگانە، نرخزانە هەڵکەوتووانە و جۆری هونەری وێژەییانە ناگرێتەوە، لەبەر ئەوە، پێویستە ئەم پێڕەوەیە زانستییە کە دائەنرێ بۆ نرخی وێژەیی، تەماشای ئەم بەرهەڵستانەی تیابکرێ. پێویستە دەستوورەکانی کەم و ساکاربن؛ چونکە نرخی وێژەیی تەنیا دان بەو دەستوورە کەم و ساکارانەدا ئەنێ، ئامانجیشی بەرهەمی وێژەییەکەیە، نەک وێژەوان. بەتەنیشت ئەم دەستوورانەشەوە ئەبێ دان بنرێ بەچێشکەی (نرخ زان)دا، بەهەست و تەزووی نرخ زاندا، کە ئەبێ نرخ زانەکە پێش ئەمەی بڕیارەکەی خۆی لەسەر بەرهەمەکە بدا باش لێی بکۆڵێتەوە و تێی بگات.

ئەم دەستووری نرخی وێژەییانە، هەر چەندە ناتوانن هەستمان بەجوانی پێ بکەن ناشتوانن دەروونمان بەجۆرێکی وا بووروژێنن کە پشتیان پێ ببەستین بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکە و نرخ دان پێی؛ بەڵام یارمەتیمان ئەدەن لە پوختەکردن و قاڵ کردنی هەستەکانماندا، ڕێگا پێشان ئەدەن بەچێشکەکانمان، هەروا بڕیارەکانیشمان دەربارەی بەرهەمەکە نزیک ئەخەنەوە لە ڕاستی و دروستی و تەواوی.

هەرچەندە نرخی وێژەیی بەپێی نرخ زان ئەگۆڕێ، بەڵام هەندێ جار چێشکەی هەموو لایەک لە جیهاندا لەسەر بەرهەمێک یاخود هی وێژەوانێک یەک ئەگرێ؛ بەرهەمەکانی: شکسپیر و هۆمەر و ئەحمەدی خانی لە هەموو دەمێکا لە هەموو گەلێکا لەلایەن هەموو نرخ زانێکەوە پەسەندن.

هەروەها هەرچەندە نرخزان و وێژەوانان لەسەر (یەکێتی کات و جێگا) ڕێک نەکەوتوون، بەڵام هەموو لایەک لە جیهاندا لەسەر (یەکێتی بابەت) لە چیرۆکی لاساییدا لە هەموو دەمێکا ڕێک کەوتوون؛ هەر لە سەردەمی یۆنانییە کۆنەکانەوە تا ئیمرۆ.

کەواتە لەگەڵ ئەوانەشا شتێکی گشتی مرۆڤایەتی وا هەیە کە هەموو چێشکەیەک پەسەند بکا، جا لەمانەوە چەند یاسایەک بۆ نرخی وێژەیی دەردەهێنین، وەک: ئەگەر بمانەوێ بڕیار بدەین بەسەر ئەو تەزوانەدا کە لە بەرهەمێکدا ئەیانبینین، دەبێ تەماشای ئەم دەستوورانە بکەین (ڕاستی، هێز، بڵندی)، ئایا ئەمانە لە تەزوەکەدا هەن یان نا؟

ئەگەر بمانەوێ بڕیار بدەین بەسەر ئەو ئەندێشانەدا کە لە بەرهەمێکی وێژەییدا ئەیبینین، ئەبێ تەماشای ئەم دەستوورانە بکەین: (جوانی، ڕێک و پێکی، سازبوون لەگەڵ هەستدا، توانای هەست پێکردن- شعور-) ئایا ئەمانە لە ئەندێشەکەدا هەن یانا؟

هەروەها شێوەی نووسینیش: بەپێی دەستوورەکانی: (سووکی و ڕەوانی، هێز و جوانی) بڕیاری بەسەردا ئەدرێ. ئەو ساکە ئەو تاقیکردنەوانەمان کرد، ئەتوانین بڵێین هۆنراوەکە (بەرهەمەکە) کاریگەرە یان نا؟ پەخشانەکە باوەڕ ئەخاتە دڵمانەوە یان نا؟، وتارەکە کار ئەکاتە دڵمان، باوەڕمان پێ ئەهێنێ بەئامانجەکانی یان نا؟.

بەم ڕەنگە نرخی وێژەیی دائەنێین... بۆ بەرهەمە وێژەییەکان.

فرمانی نرخی وێژەیی

نرخی وێژەیی بەکەڵکی وێژەوانان و خوێندەواران و وێژەدێ.

* بەکەڵکی وێژەوانان دێ چونکە:

١- بەرهەمەکانیان ڕوون ئەکاتەوە بۆ خوێندەواران، بۆ ئەوەی بەئاسانی تێی بگەن هەروەها ئاشنایەتی پەیدا بکەن لەگەڵ وێژەوانەکان.

٢- وێژەوانەکان شارەزا ئەکات لە ڕاستی و هەڵەیان، ڕێگایان پێشان ئەدا بۆ پێشخستنی بەرهەمەکانیان.

٣- وێژەوانەکان شارەزا ئەکات لە بیروباوەڕی خوێندەواران دەربارەی بەرهەمەکانیان، یارمەتی لەناوەند خوێندەواران و وێژەوانناندا پەیدا ئەکات بۆ کەڵکی وێژە و کەڵکی گشتی.

* هەروەها نرخی وێژەیی بەکەڵکی خوێندەواران دێ، چونکە:

١- یارمەتی خوێندەواران ئەدا لە تێگەیشتنی بەرهەمی وێژەیی و نرخەکەی.

٢- ڕێگای خوێندنەوەی باشیان پێشان ئەدا.

٣- یارمەتیان ئەدات لە هەڵبژاردنی نووسراوانی خۆشی و بەکەڵک.

* بەکەڵکی وێژەش دێ، چونکە.

١- وێژە بەهێز ئەکا و پێش ئەخا، چونکە وێژەوانان ئەخاتە سەر هەوڵ و تێکۆشین بۆ پێشخستنی بەرهەمەکانیان.

٢- ڕێگا پێشان ئەدات بۆ زیندووکردنەوە و پێشخستنی و بەرزکردنەوەی وێژە و گەشەپێکردنی.

٣- دۆست و ئاشنا بۆ وێژە زۆر ئەکات، پایەی بڵند ئەکاتەوە، نرخی پێ پەیدا ئەکات، دەسەڵاتی بۆ پەیدا ئەکات، جێی بۆ ئەکاتەوە لەناو زانست و هونەرەکاندا.

بەکورتی (نرخی وێژەیی) پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە کەڵکی بۆ وێژە و وێژەوانان و خوێندەواران و کۆمەڵ هەیە، نابێ پشتگوێ بخرێ.

هەندێ ئەندازەی نرخی وێژەیی

لەوەپێش وتمان: هەتاکو ئێستایش نرخی وێژەیی بەیەکێ لە زانستە خاوەن تاقیکردنەوەکان دانانرێ. وەک (زانستی سروشت، کیمیا، ژمێرکاری -الریاضیات-) ئەمیش لەبەر ئەوەیە کە ئەم زانستانە بابەتین، لە شتومەک و کۆمەڵە و ژمارە بکۆڵنەوە، وەک هەن، بەوردییەکی وەها کە دووربێ لە دەسکاری تەزوو و چێشکە: مزاج.

بەڵام نرخدانانی وێژەیی دوو لای هەیە: لایەکی بابەتی گشتییە، کەینە و بەینەی ڕێزمان و زبان پاراوی و هەندێک لە چێشکەی گشتی ئەگرێتەوە، لایەکیشی (خۆیەتی: ذاتي) ئەگرێتەوە، پاڵی داوە بەچێشکەی تایبەتی، مەگەر بەدەگمەن ئەگینا کەسی تر لەگەڵیا هاوبەشی نییە.

لەبەر ئەوە نرخی وێژەیی کەوتۆتە ناوەند زانست و هونەرەوە، وە بەسێ شتەوە بەستراوە:

١- بەزانستی وێژەییەوە.

٢- بەو بەرهەمی وێژەییەوە کە کەسێکی تر دایناوە.

٣- بەکەینە و بەینەی (هونەر)ی و (دەروونی) و (ڕاستی پەرستی)یەوە.

بێینەوە سەر (ئەندازەکانی نرخی وێژەیی)، ئایا چۆنیان دابمەزرێنین؟

ئێمە ئەڵێین: بنچینەی هەرە گرنگی نرخی وێژەیی ئەو چێشکە تایبەتییە کە بەپێی مرۆڤ ئەگۆڕێ، تۆ بڵێی لەو ئەندازە دامەزراوە دیاریکراوانەی کە بۆمان داناون، سەرکێشی نەکەن؟

وەرامی ئەمە ئاوایە: لای زانستی نرخی وێژەیی جێگای مقۆمقۆ نییە، هەموو نرخزانەکان ڕێز لە زبان و دەستوورەکانی ئەگرن. هەروا پێکەوە ئەڵێین کە وێژەی بڵند لە هەڵەی بیرەوە دوورە، بەلام یارۆی چێشکە بۆتە بابەتی مقۆمقۆ و گیروگرفت لە ناودا.

پێویستە بزانین کە ئەندازەکانی نرخی وێژەیی یا دەستوورەکانی، وەک ئەوانەی زبان و زبان پاراوی وردنین، بەلام گشتین، هەموو چێشکەیەک ئەگرنەوە، ئەکشێن بۆ هەموو چێشکەیەک. بەڵکو ئەتوانین بڵێین:

«دەستوورەکانی نرخی وێژەیی، بریتین لە لێکۆڵینەوەی چێشکەی تەواو لە ڕوونکردنەوەی ئەملا و ئەولادا کە پێڕەوی کردنی» لەبەر ئەوە بەزۆری مەزانە کە دەستوورەکانی نرخی وێژەیی کەم بن، گشتی بن، بکشێن. لەهەر شتەش شتێکیان تیابێ، بۆ ئەمەش ئەگەڕێین کە (جوانی و هێز و ڕۆشنی) لە وێژەدا پێک بهێنێ و بیکەن بەچاکترین و تەواوترین و کاریگەرترین هونەر لە ژیاندا.

ئەمانە دەستوورەکانی نرخی وێژەیی باوی ناو فەرهەنگن، جا لەبەر ئەوەی وێژەی کوردی لە هەندێ ڕووەوە لە وێژەی فەرهەنگی جیاوازە، دوور نییە کە دەستوورەکانی نرخی وێژەیی فەرەنگیش لە هەندێ شوێندا نەگونجێن کە ئەندازەی وێژەی کوردییان پێ بگرین.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە زۆر بیروباوەڕ و ڕەفتاری کوردەواری لە هی فەرهەنگەکان ناکات، لەبەر ئەوە چێشکەی هەردوو لاشیان لە هەندێ شوێندا جیاواز ئەبێ. کەواتە هەموو جارێک و لە هەموو شوێنێکا ناشێ وێژەی کوردی بەئەندازەی نرخی وێژەی فەرهەنگی بکێشین.

(ڕاستی تەزوو)، (جوانی ئەندێشە)، (ڕەوانی شێوەی نووسین)، ئەمانە هەموو لە دەستوورەکانی نرخی وێژەیین.

هەر وێژەیەک ئەمانەی تیابێ بەبڵند و نەمر ئەژمێرێ. ئینجا ئەبێ پرس بە(چێشکەی باش)یش بکەین، بزانین چی بەباش ئەزانێ لە بابەت بەرهەمی وێژەییەوە، پێشانی بدات، بەلام بۆ ئەمەی ئەم (چێشکەی باش)ە بەهێزبێ و هەڵەش نەکات پێویستە هەندێک لە زانستەکانی:

(دەروون، جوانی، ساز و ئاواز و ڕاستی پەرستی). بخوێنینەوە وەپێڕەویان بکەین.

ئێمەلە شوێنی خۆیدا گوتمان: گەوهەرەکانی وێژە چوارن: تەزوو (عاطفە) ئەندێشە (خیال) بیر (فکرە) و ساز و ئاواز یاخود واژە یان (وێنە).

وا لەمەودوا بۆ هەر یەکێ لەم چوار کەرەستانە، دەستوورەکانی نرخی وێژەیی پێشان ئەدەین، لەگەڵ چۆنێتی و واتای ئەو کەرەستانە. بەلام ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەم ئەندازانە تێکڕاین، یاخود ڕوونکەرەوەن، یارمەتی نرخزان ئەدەن، چێشکەی قاڵ ئەکەن بۆ ئەمەی بتوانێ (دوا بڕیاری هونەری)ی خۆی لەسەر بەرهەمە وێژەییەکە بدات.

* سۆز «عاطفە»[1]

سۆز چییە؟، بریتییە لە بزوتنی دڵ و دەروون. لە نرخی ویژەییدا لە سێ جۆرە سۆز ئەکۆڵینەوە:

١- سۆزی ویژەوان

٢- سۆزی خوێندەوار

٣- سۆزی زەلامەکانی ناوچیرۆک[2].

کە وتمان ئەبێ سۆز ڕاستەقینەبێ، مەبەستمان ئەوەیە: ویژەوان جارێ ئەبێ لە دڵی خۆیدا هەستی بەدڵ تەنگی یاخود سەرگەرمی یاخود سەرسوڕمان کردبێ، ئینجا داواش لە ئێمە بکات کە هەست بەو سۆزە بکەین.

کەوتمان: چیرۆکەکە هەستی بەهێز و گرنگی تیادەرئەکەوێ. مەبەستمان ئەوەیە: ئەو (سۆز)انەی تیایەتی، بەهۆی زەلامەکانییەوە، بەهێز و هەرەتەوە پێشان ئەدرێن.

بەڵام ئەگەر وتمان: ئەم نامەیە یا ئەم چامەیە: دڵتەنگی، سەرگەرمی، ناوازەیی تیا دەرئەکەوێ. مەبەستمان ئەوەیە: ئێمە کە دەستەی خوێندەوارین نامە و چامەکە ئەو سۆزانە لە دڵماندا ئەبزوێنێ. لەگەڵ ئەمەشا وا باشە سەری خۆمان گێژ نەکەین، تەنیا لەو ئەندازانە بدوێین کە پەیوەندییان بەخوێندەوارەوە هەیە.

کەواتە (سۆزی ویژەیی) بریتییە لەو هێزەی کە ویژە لە دڵ و دەروونی خوێندەواراندا ئەیبزوێنێ. لە ڕاستیدا خوێندەواران بریتێن لە نرخ دانەران، لەبەر ئەوە کە وترا (سۆز) مەبەس لە (سۆزی خوێندەواران)ە سۆزی خراپ: پێویستە بزانین کە لەناو سۆزەکاندا دوو جۆرە سۆز هەن، کە زۆربەی خوێندەواران و نرخ زانانی ویژە بەسۆزی ویژەییان دانانێن:

١- سۆزی تایبەتی: وەک سۆزی چاوبرسێتی و ڕاکردن لە مەیدان و تۆڵەسەندن، سۆزی ستایش کردن بەمەبەستی کەڵکی تایبەتی[3]. ئەم سۆزانە پەسەند نین، چونکە دەروون هان ئەدەن بۆ خۆپەرستی و سووکی و پەستی.

---

(١) دەبێ ئاگادارین کە مامۆستا کەمێ لەمەوپێش (تەزوو)ی بۆ (عاطفة)بەکارهێناوە.

(٢) (زەلامەکانی ناو چیرۆک)؛ دیارە مەبەستی: کەسایەتی و پاڵەوانەکانی ناو بەرهەمە ئەدەبیەکەیە، چونکە تەنیا (چیرۆک) کەسایەتی و پاڵەوان ناگرێتە خۆ، لە چیرۆکە شیعر و چامە و پەخشانی هونەریشدا کەسایەتی و پاڵەوان خۆیان دەنوێنن و بەدیار دەکەون.

(٣) ئەگەر لە ڕووکاری زانستی دەروونناسییەوە بڕوانینە ئەم دیاردانەی کە مامۆستا بە(سۆز) یان دادەنێ، هەموو (پاڵنەر- دافع)ن و هەرکام لە مانەش هۆکارێکی دەرەکی خۆی هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو هەڵویستانە، بۆ نموونە (ڕاکردن لەمەیدان- پاڵنەری ترس و مانەوە) هۆکاری سەرەکییە. جا زاراوەی (سۆز- عاطفە) لە خۆیدا بۆ ئەو بزاوتنە دەروونییە ناسکەیە کە هەست وەک پەرەیەکی تەنک دەلەرێنێتەوە سا بەباری نێگەتیڤی دابێ یا پۆزەتیڤی، (سۆز) هەرگیز پاڵنەر نابێ بۆ (تۆڵە سەندنەوە) و کاری توندوتیژ و ناقۆڵا.

٢- سۆزی ناخۆشی: وەک سۆزی چاوپیسی (حسد)، سۆزی وەڕسبوون، زۆرداری و بۆڵە بۆڵ. چونکە فرمانی وێژە دڵخۆش کردن و خەم ڕەواندنە نەک دڵتەنگکردن. هەروەها دەروون پوختەکردنە نەک پیسکردن.

کەواتە بەرهەمی وێژەیی بڵند، ئەبێ خۆی لەو دوو جۆرە سۆزانەی سەرەوە بپارێزێ. بەڵام ئەو دووانەی سەرەوەی لێ دەرکەوی ئیتر هەموو سۆزێک بەکاری وێژەی نەمردێ. لێرەدا لەبیرمان نەچێ کە ناوبانگ دەرکردن جیایە، زیندوێتی وێژەیش جیایە؛ چونکە بۆی هەیە، وێژەکە ناوبانگ دەرکات بەڵام تاسەر بەزیندوێتی نەمێنێتەوە.

ئەندازەکانی سۆز: پێنج ئەندازە هەیە کە سۆزی پێ بپێورێ یاخود نرخی بۆ دابنرێ:

١- ڕاستی سۆز: دەبێ لەکانی دڵی وێژەوانەوە هاتبێتە دەرەوە، ئەگینا ڕاست نابێ و کارناکاتە دڵ، پێشینان و تویانە: «دڵ ئاوێنەی دڵە»

٢- هەڕەتی سۆز: سۆزی وێژەوانەکە ئەبێ بەهێز و هەڕەت بێ، تا شێوەی نووسینەکەشی بەهێزو هەڕەت بێ، ئەگینا کاریگەر نابێ لە دڵی خوێنەر.

٣- تینی سۆز: سۆزەکە ئەبێ لە سەرەتای بەرهەمەکەوە تا دوایی وەک یەکبێ لە هێز و هەڕەت و کاریگەریدا.

٤- هەمەڕەنگی سۆز: ئەبێ وێژەکە چەند جۆرە سۆزێک لە دڵ و دەروونی خوێندەواردا ببزوێنێ، کەم وێژەوان هەیە گەیشتبێتە ئەو پایەیە، مەگەر یەکێکی وەک شکسپیر.

٥- بڵندیی سۆز: وێژەکە ئەبێ سۆزی بڵند لە دڵ و دەروونماندا ببزوێنێ. دەرکەوتووە کە ئەو سۆزانەی واتا ئەیان بزوێنێ بڵندترن لەو سۆزانەی کە کێش و سەروا و شێوەی نووسین ئەیان بزوێنێ.

هەروەها دەرکەوتووە کە سۆزی واتایی بڵندترە لە سۆزی هەستی، ئەو وێژەیەی کە دەماری مەردایەتیمان ئەبزوێنێ بۆ ڕاپەڕاندنی فرمانی خۆیەتی کۆمەڵایەتی بڵندترە لەو وێژەیەی کە هەستمان سارد ئەکاتەوە و لە ژین دوورمان ئەخاتەوە.

وێژەی پەسەند، ئەوەتا کە پڕ بێ لە سۆزی زیندووی بڵند وەک دڵسۆزی و خۆشەویستی و دادپەروەریی گشتی و یەکێتی مرۆڤایەتی و ئاشتی جیهانی.

* ئەندیشە «خیال»

ئەندیشە چییە؟، ئەو هێزە دەروونییەی کە لە وێنەیەکی وێژەیی و کاریگەردا سۆزی وێژەوان پێشان ئەدا، کەرەستەی نووسەر و بوێژ و وتاربێژ و چیرۆک نووسە. ئەندێشە لەو کارەساتی ژیانەوە پێک دێ کە لە مێشکی وێژەواندا کۆبوونەتەوە.

جۆرەکانی ئەندێشە: سێ جۆرە:

١- ئەندیشەی داهێنان (الخيال الأبتكاري) ئەوەتا لە کارەساتەکانی کۆنەوە شتێکی تازە بابەت دابهێنێ.

٢- ئەندێشەی پێکەوەنان (الخيال التأليفي)ئەوەتا کە لە وێنەی شتێکی هەست پێکراوەوە یەکێکی تری واتایی پێک بهێنرێ، بەو مەرجەی هەردوو وێنەکە لەگەڵ یەک ڕێک کەون و بسازێن و لەیەک بچن.

وەک: ئەتوانین لە چاوئەندازەی درەختێکی ڕووت و قوتی ناو کەشی زستاندا، وێنەی کزی و بەسەزمانی و سەرگەردانی مرۆڤمان بیرکەوێتەوە؛ بەدەست زۆرداریی زۆردارانەوە.

٣- ئەندێشـەی لێکدانەوە (الخـيـال التـفـسـيـري) ئەوەیە کـە جـوانی لێک بداتەوە واتای بڵندی لێ دەربهێنێ، وەک ئەو واتایانەی لە فراوانی و قووڵی و سامناکی زریوە دەرئەهێنرێ.

ئەم سێ جـۆرە ئەندێشـەیە، لەیەک جوێ نابنەوە، بەڵکو پێکەوەن، بەهەمـووشـیـان سـۆزی وێژەوانان ئەنوێنن، لە وێنەیەکی وادا کە کار بکاتە دڵی خوێنەواران و گوێگران.

کـەڵکی ئەندێشـە: ئەندێشـە هەروەک بەکـەڵکی وێژەوان و نرخ زانی وێژەیی دێ، هەروا بەکـەڵکی مێژووزانیش دێ، چونکە هەر ئەندێشـەیە کە ڕاستییەکانی مێژوو ڕوون بکاتەوە و تەواویان بکات، گیان و سەردەمیشیان بۆ زیندوو بکاتەوە.

ئەندێشە و سۆز یەجگار بەیەکەوە بەندن؛ بەهۆی ئەندێشەوەیە کە سۆز بەبەرجەستەیی پێشان ئەدرێ، ئەگـەر سـۆز ڕاست و بەهـێـزبێ، ئەندێشـەش ناوازە ئەبێ، ئەگـەر سـۆز ناسـاز و خـۆ هەڵبـەست بێ، ئەوا ئەندێشە کز و پووچ ئەبێ.

ئەندازەی گشتیی ئەندێشیەی وێژەیی:

١- هێزی داهێنان.

٢- هێزی لەیەکچوونی وێنەی هەستپێکراو وێنەی ئەو سۆزانەی کە لە دەرووندا ئەیان بزوێنێ.

٣- پێشـاندانی سروشت بەجوانی، بەجۆرێکی وا کە وامان لێ بکات حەزی لێ بکـەین، لە جوانییەکەی وردبینەوە، لە ڕازی جوانییەکەی بگەین.

٤- وێنەیەکی نوێی وێژەییمان پێشان بدات.

٥- (واتا) وەها پێشان بدات، وەک هەستی پێ بکرێ و بەبەرجەستەیی ببینرێ و بنوێنێ.

بەکورتی ئەبێ ئەندێشە لە توانایدا هەبێ کە سۆز لە شێوەیەکی پڕ لە ڕاستیی و هێز و جوانی دا پێشان بدات.

* ڕاسـتی - بیر «الحقيقه- الفكر»

دەربارەی وێژەی گشتی:

مەبەس لەبیر؛ گـەوهەری هۆشـە، ڕاسـتی و دروسـتـییـە کە بنچینەن بۆ هەمـوو وێژەیەکی بەنرخ، ئەگـەر تەمـاشـای وێژەی گـشـتی بکـەین وەک (مـێـژوو) و (نرخ دانانی وێژەیی)، ئەندازەکـانی نرخی وێژەیی ئەمانەن:

١- ئەبێ ڕاستییەکان زۆربن.

٢- ئەبێ ڕاستییەکان تەواوبن.

٣- ئەبێ ڕاستییەکان ڕۆشنبن. هەموو نووسەرێک، سا مێژووناسبێ، یان نرخزان، نووسەری کۆمەڵایەتی بێ، یان هی فرۆفێڵ[1]؛ پێویستە لە بەرهەمە نووسراوەکانیا دوو شت کۆ بکاتەوە:

١- ڕاستییەکان زۆربن و دروست بن و ڕۆشنبن.

٢- شێوەی نووسینەکەشی بەهێز و جوانبێ، بۆ ئەمەی کار لە دڵی خوێنەر بکات.

گەوهەری سۆز، پێویستە یارمەتی گەوهەری بیر بدات، بۆ ئەمەی وێژەکە ڕەنگین و کاریگەر بێ. ئەگین بەرهەمەکە وێژەیەکی نرخدار و جوان ناژمێررێ.

دەربارەی وێژەی تایبەتی:

بەڵام دەربارەی وێژەی تایبەتی وەک (هۆنراوە، چیرۆک) ئەڵێین؛ هەندێ ئەندازەی نرخی وێژەییان ئەمانەن:

١- چەندێتی بیرەکان

٢- تازەییم بیرەکان

٣- ڕاستیی بیرەکان

٤- نزیکی بیرەکان لە ڕووداوی ژیانەوە.

فرمانی وێژەوان: بەکورتی ئەبێ وێژەوان خەمی ئەوە بخوات کە ڕاستییەکان بەدروستی و دڵسۆزیەوە لە شێوەیەکا بنوێنێ، ئەو شێوەیە چەند لەو ڕاستیانەی تیابێ ئەوەندە نرخی هونەریی بەرز ئەبێتەوە. پێویست نییە ئەو وێنەیەی وێژەوان دروستی ئەکات، زۆر بەوردی لەو ڕاستیانە بکات، هەر ئەوەندەی لەسەرە کە لە شێوەیەکا بیان نوێنێ و لێکیان بداتەوە.

پێویستە وێژەوانان بزانن، کە نرخی وێژە لەوە دایە، کە کارەسات و ڕووداوی ژیان بکرێن بەهۆیەک بۆ لێکدانەوە و ڕۆشنکردنەوەی یاساکانی ژیان و سروشتی ڕەگەزی مرۆڤایەتی.

شێوەی نووسین «الصورة»

شێوەی نووسین یاخود وێنەی وێژەیی: ئەو هۆیەیە کە بیر و سۆزی وێژەوان ئەگوێزێتەوە بۆ دڵ و مێشکی خوێندەواران و گوێگران.

بنچینەی شێوەی نووسین، ئەندێشەیە. وێژەوان بەهۆی وێنەی وێژەییەوە دەروونی خۆی پیشان ئەدا.

* بزواندنی سۆز: بۆ ئەمەی سۆزی خوێندەواران و گوێگران ببزوێنرێ:

١- ئەبێ زبانی شێوەی نووسین خۆماڵی و سووک و ڕەوانبێ، دووربێ لە وشەی وشک و ڕەق نەزانراو و نەبیستراو، هەروەها ئەبێ لە شێوەی نیشانەگەری یاخود پێشنیازدا پیشان بدرێ، نەک ڕاستەوڕاست.

٢- ئەبێ واژە ڕستەکە بەپێی سۆزەکەبێ، بۆ سۆزی کورت و ناوئجی واژەی سووک و کورت و جوان بەکار بهێنرێ. بۆ سۆزی قووڵ و ئەمریش کە پەیوەندی بەژیان و سروشتی مرۆڤایەتییەوە هەبێ، واژەی

---

(١) مامۆستا (فرۆفێڵ) بەرامبەر «سیاسەت» بەکاردێنێ.

ڕاست و دروست وێنەی وێژەیی قاڵکراو دابنرێ.

٣- ئەبێ وێنەی وێژەییەکە پڕ بێ لەو وشانەی کە واتایان قووڵە و ئەزرنگێنەوە لە گوێدا، واتای تریان لێوە ئەوەشێتەوە، لەگەڵیەکا باش ڕێک ئەکەون، ئەویش بۆ ئەمەی زوو کار لە سۆز بکەن.

٤- ئەبێ وشەکان واتاکان بەتەواوەتی پڕ بکەنەوە، بۆ ئەمەی هەست و هۆشی وێژەوان بەتەواوەتی دەرخەن، هەروەها ئەبێ ئەندێشەکانیشی پڕ بەپڕی وشەکان بن.

*** پەیوەندی گەوهەرەکانی وێژە:** بیر و سۆز پێکەوە بەستراون و سازاون.

هەروەها وێنەی وێژەیی یاخود زبان لەگەڵ ئەندیشەدا پێکەوە بەستراون و سازاون، زبان بیر بەباشی پیشان ئەدا، بەڵام ناتوانێ، هەموو دەم سۆزی بێ سنوور بەباشی پێشان بدا.

لەبەر ئەوە وێژەوان ناچار ئەبێ بەوێنەیەکی وێژەیی ئەو سۆزە پێشان بدات.

بنچینەکانی وێنەی وێژەیی دوو شتن: (ئەندێشە) و (واژەی پڕ لە ساز و ئاواز).

* گەوهەرەکانی ئەندێشە و واژە: هەندێ لە گەوهەرەکانی ئەندێشە بریتین لە (لێک چوون: تشبیة) و (خواستن: استعارة) و (درکە: کنایة) و (دژبوونی: طباق) و (جوانی بایس: حسن التعلیل).

بەڵام گەوهەرەکانی واژە بریتین لە: کورتی وشە، جوان زرنگانەوەی وشە لە گوێدا، لە دووری وشە لە هەڵەکانی ڕێزمان و زبان پاراییەوە، لە جوان هۆنینەوەی وشەو و جووتبوونی لەگەڵ واتادا. بەڵام جاری وا هەیە لە توانای زباندا نییە کە بەتەواوی سۆز دەربڕێ.

*** ئەندازەی نرخی وێژەیی بۆ وێنەی وێژەیی:** ئەوەیە کە بتوانێ بەتەواوی (بیر) و (سۆز)ی وێژەوان دەربڕێ، لەمەوە تێ ئەگەین کە بەرهەمی بەنرخ ئەوەتا کە بەهێز و ناسک بێ. هێزەکەی بۆ ئەمەیە کە خوێنەر وریا بکاتەوە و واتای شەنگ و زیندوو بخاتە مێشکیەوە. ناسکیش بۆ ئەوەیە کە سۆزێکی ڕاستەقینە و تەواو لە دڵی خوێنەردا زیندوو بکاتەوە.

هەروەها گیانیش بەبەر بیرەکاندا بکات و بەگەشیەوە دەریان بخات.

*** وێژەی بەهێز و نەمر:** ئەم دووانە لەمانە پێکدێ؛

١- سۆزی ڕاست و بیری دروست.

٢- ئارەزوویەکی دڵسۆزانە بۆ گوێزانەوەی (سۆز و بیر) بۆ (دڵ و هۆشی) خوێندەوار وەکو هەن، بەتەواوی.

٣- توانای زبان پاراوی کە لە دروستکردنی (وێنەی وێژەییدا) دەرئەکەوێ.

*** واتای وێنەی وێژەیی: دوو واتای هەیە؛**

١- ئەوەی کە لە (ئەندێشە و واژە)دا دەرئەکەوێ.

٢- لە (یەکێتی بەرهەم)ەکەدا دەرئەکەوێ.

* یەکێتی بەرهەمی وێژەیی: ئەمە بەمجۆرە پێکدێ:
١- لە بەرهەمەکەدا کەم و کووڕی ڕوونەدا.
٢- لە ناوەند بەشەکانیا هۆگرێ هەبێ.
٣- بەشەکانی لەگەڵیەکا ڕێککەون.

* ئەندازەکانی شێوەی نووسین: ئەمانەن:
١- نووسینەکە ڕۆشنبێ.
٢- نووسینەکە بەهێزبێ.
٣- نووسینەکە جوانبێ
ئەمەشمان لەبیر نەچێ کە (بابەت و وێژەوان)یش لەم سێ ئەندازەیە کار ئەکەن.

١٩٦٣/٣/١٩

پەخشان[1]

«بەو واتایە ئەڵێن کە هەست و هۆش لە شێوەیەکا پیشان بدا و نەشبەسترابێتەوە بەکێش و سەرواوە».

* لەیەکچوونی پەخشان و هۆنراوە:

لەمەوپێش لە هۆنراوە دواین، لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە (هۆنراوە و پەخشان) هەردووکیان وێژەن، چونکە هەردووکیان هەست و هۆشمان پێشان ئەدەن، تەنانەت هەندێ هونەری پەخشان هەیە وەک:
(چیرۆک، پێناسینی خەیاڵی- الوصف الخیالي-، نامەی دەروونی- الرسائل الوجدانیة) لە وێنە و کاریگەریدا زۆر نزیک ئەبنەوە لە هۆنراوەی گۆرانی؛ چونکە هەردوو لایان بەشێوەیەکی هونەرمەندی لە ژیان ئەدوێن، بەسۆز و ئەندێشەوە.

* جیاوازی پەخشان و هۆنراوە:

لەگەڵ ئەوەی سەرەوەشا، پەخشان و هۆنراوە لە هەندێ ڕووەوە لە یەکتری جوێ ئەبنەوە:
١- ڕووی مێژوویی: هەروەکو دووانی ڕەمەکی[2] پێش هۆنراوە کەوتووە، هەروەها هۆنراوەش لە مێژوودا پێش پەخشان کەوتووە، هۆی ئەمەش هۆنراوە زبانی سەرەتایی مرۆڤایەتی بووە، ئەو دەمەی کە هێشتا ئادەمیزاد بەسۆزێکی سروشتییەوە ئەژیا. بەڵام کە لە تێگەیشتن و پێ گەیشتن و شارستانێتیدا پێشکەوت، هۆشی پێگەیشت؛ ژیر بوو، ئینجا ناچاربوو پەنا بەرێتە بەر (پەخشان) بۆ ئەمەی بیروباوەڕی خۆی پێ دەربڕێ، هەروەکو لەوەپێش پەنای بردبووە بەر (هۆنراوە) بۆ ئەمەی هەستی دەروونی خۆی پێ دەربڕێ.

(١) لە دەستنووسەکەیدا ئەم بەروارەی لە لاوە نووسراوە: ١٤/ ١١/ ١٩٦٢
(٢) دووانی ڕەمەکی: قسە و گفتوگۆی ئاسایی

لەمەوە تێ ئەگەین کە پەخشان زبانی (هۆش)ە بەڵام هۆنراوە زبانی دڵ و دەروونە، هەروەها تێ ئەگەین کە پەخشان بریتییە لەو زبانە پاک و پوختەیەی کە پێویستی ژیانێکی پێشکەوتووی تێ گەیشتوو دەرئەبڕێ. نەک ئەو گفتوگۆ ڕەمەکییەی کە لەناو ئەم و ئەودا هەیە.

چونکە گفتوگۆ ڕەمەکییەکە پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە و پێش پەخشان کەوتووە

٢- ڕووی بابەتی: پەخشان بابەتی هۆشە، لەبەر ئەوە زۆرتر ئارەزووی شت گێڕانەوە و ڕوون کردنەوە ئەکات. بەڵام بابەتی هۆنراوە بابەتی وێنەکێشان و کارتێکردنە، چونکە بابەتی هەستی دەروونە، ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ کە پەخشان زۆرتر لە گفتوگۆ (جدل) و شت گێڕانەوە (تقرير) و کاروباری ئایینی و فرۆفێڵ بازی (سیاسی) و کۆمەڵایەتی و وتارانی زانستیدا دەرئەکەوێ، کەچی هۆنراوە زۆرتر لە لاواندنەوە (رثاء) و پیاهەڵدان (مديح) و گلەیی و پەشیمانی و بابەتی دەروونی تردا دەرئەکەوێ.

٣- ڕووی واتای (معنوی): لە هۆنراوەدا سۆز یەکەم کەرەستەیە و بیر دووەمە. بەڵام لە پەخشاندا؛ بیر یەکەم کەرەستەیە و سۆز دووەمە. لە پەخشاندا سۆز بەکار ئەهێنرێ بۆ ئەمەی گرنگی و هەڕەتی ژیان بخرێتە ناو بیروباوەڕەوە، بەو مەبەسەی تێگەیشتنیی ئاسان بکرێ و بەزوویی بخرێتە ناو دڵ و دەروونەوە. واتای هۆنراوە بەستراوە بەجوانی و کاریگەرییەوە، لەبەر ئەوە بەکورتی پێشان ئەدرێ، بەڵام هی پەخشان بەدرێژی پێشان ئەدرێ چونکە ئامانجی فێرکردن و کەڵک بەخشینە.

٤- ڕووی وێنەیی (صوري): لێرەدا دووشت پێشان ئەدەین؛ ئەندێشە و شێوەی: الأسلوب. هەرچی ئەندێشەیە لە هۆنراوەدا بەپێی ئەو سۆزەی تیایەتی کەم و زۆر ئەبێ، پاش ئەوە بەهۆی کەرەستە بەهێزەکانی خۆیەوە وەک -استعارة- و تەشبیهی ڕەوان و خۆپێشاندانێکی جوان - بەهەڕەت و هێزەوە دڵ و دەروونی خوێندەواران ئەبزوێنێ.

بەڵام ئەندێشە لە پەخشاندا کەمتر و کزترە، چونکە لە پەخشاندا شت ڕوون ئەکرێتەوە، تەشبیه و قسەی ڕاست و ڕەوانیشی زۆرتر تیایە، ئەمە باسی (ئەندێشە).

بەڵام شێوە: الأسلوب، لە هۆنراوەدا بریتییە لە کێش و سەروا و ناسکیی وشەکان و دووربیان لە نەکلۆکی و ڕەمەکێتی و سنووری زانستی، هەروەها بریتییە لە کورتی (واژە: عبارة)کان و ڕزگاریان لە دەستوورەکانی زبان لە هەندێ کاتا.

بۆ ئەوەی ئەم جیاوازییە باشتر تێبگەین، ئەوەندەی بەسە کە تاکە هۆنراوەیەک بکەین بەپەخشان.

٥- ڕووی ئامانجی (الناحية الغائية): وەک لەمەپێش پێشانماندا، مەبەس لە پەخشان زۆرتر کەڵک بەخشین و فێرکرنە، چونکە پڕە لە بیروباوەڕ و پێشبینی دامەزراو، بەڵام مەبەس لە هۆنراوە کارتێکردن و دڵخۆش کردنە، چونکە هۆنراوە خۆی وا دروست بووە کە زۆرتر هونەری تیا بێ، پڕ تریشبێ لە هەستی ڕاست و ئەندێشەی جوان و دەربڕینی ورد و ڕەنگین.

بەکورتی، هۆنراوە و پەخشان لە سەرێکەوە لەیەک نزیکن، لە سەرێکیشەوە لەیەک جوێ ئەبنەوە، چامەیەک و چیرۆکێک دوو نموونەی باشن کە جیاوازی ناوەند هۆنراوە و پەخشان پێشان بدەن.

بەشەکانی پەخشان

لەڕووی سروشتی گشتییەوە ئەکرێ بەدوو بەشەوە:

١- پەخشانی زانستی

٢- پەخشانی هونەری

ئەوەی مەبەستی پێشاندانی ڕاستییەکانی هۆش و بیروباوەڕە پاک و پوختەکانبێ، پێی ئەڵێن: پەخشانی زانستی، وەک: ڕاستی پەرستی، ژمێرکاری، زانستی سروشت، دەرمانگەریی-کیمیا- ئەوی لەم بەشەن:

وتارە، مقۆمقۆ -جدل-، لێکۆڵینەوە -بحوث-، نووسراوی زانستی.

ئەو پەخشانەش مەبەستی زیندووکردنەوەی سۆزبێ، یاخود کارتێکردن بێ لە دەروون، پێی ئەڵێن: (پەخشانی هونەری) وەک: نامەی دەروونی، دوان: خطابة، پێناسینی وێژەیی: الوصف الأدبي.

لە میانی ئەم دوو بەشەشدا، جۆرە هونەرێکی پەخشانی تر هەیە، لە سەرێکەوە لە پەخشانی زانستی ئەکات، لە سەرێکی تریشەوە لە پەخشانی هونەری، ئەویش پێی ئەڵێن (پەخشانی زانستی گشتی) یاخود (پەخشانی هونەری گشتی). لەم جۆرەدا مەبەس دەربڕینی ڕاستییەکانە بەڵام بەیارمەتی (سۆز)، بۆ ئەمەی ڕاستییەکان بەهێز و ڕەنگینییەوە دەرکەون، وەک: مێژوو، نرخی وێژەیی و فروفێڵبازی (سیاسە).

لێرەدا نرخزان بەپێی ئەو پێوانانەی سەرەوە چی بخرێتە بەردەم پێوانەیان ئەکات. دەری ئەخات کە ئەو پەخشانە لەکام بەشیانە.

* **جیاوازی پەخشانی زانستی و هونەری:** پەخشانی هونەری تێکڕا هەر چوار کەرەستەکەی تیایە؛ سۆز، بیر، واژە، ئەندێشە.

بەڵام پەخشانی زانستی هەر تەنیا (بیر، واژە)ی تیایە، ئەگەر جار جارێک (تشبیة، استعارة)ی تیا ببینرێ؛ ئەوە لەبەر ئەوەیە کە ڕوون بکرێتەوە دوایی پێشان بدرێ نەک بەجوانی برازێنرێتەوە و کاریگەربێ.

* **بەشەکانی پەخشان لای ڕۆژئاواییەکان:** ڕۆژئاواییەکان پەخشان ئەکەن بەچەند بەشێکەوە، وەک: وتار، چیرۆک، مێژوو، ژیننامە، پێ ناسین: وصف... بنچینەی ئەم دابەشکردنەش ئەوەیە کە پەخشان کاتێ کە لەشت ئەدوێ دوو ڕێگا ئەگرێ:

١- لەو شتانە ئەدوێ کە بەزۆری بەئەندامەکانی هەست هەستیان پێ ئەکرێ، واتا ئەو شتانەی کە ئەبینرێن. ئەبیسترێن. بۆن ئەکرێن و پاشان ئەخرێنە مێشکەوە و (بیر) لێیان ئەکۆڵێتەوە. لەمەشەوە دوو هونەر پەیدا بووە: یەکێکیان پێناسین: وصف، یەکێکیشیان سەرگوروشتە: ڕوایە. جیاوازی ئەم دووانەش ئەمانەن:

پێناسین وەک وێنەگرتن و وێنەکێشان وایە، چاوەنداز: مشاهد و کارەسات بەماتی پیشان ئەدا. بەڵام سەرگوروشتە ئەو چاوەنداز و کارەساتانە بەبزێوی: متحرک، پێشان ئەدا، ئاراستەبوون بۆ ئامانجێکی تایبەتی. سەرگورشتە وەک سینەما کارەسات و کردەوەکان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و لە دوای یەک پێشان ئەدا.

(پەخشانی پێناسین) وەک: نووسراوانی گەشتوگوزارەکان. (پەخشانی سەرگوروشتە) وەک چیرۆک، مێژوو و ژیننامە.

٢- لەو شتانە ئەدوێ کە بەبیرێکی ڕێک و پێک هەست پێ ئەکرێن، چونکو لێکیان ئەداتەوە، نرخیان بۆ دائەنێ، لێیان ئەکۆڵێتەوە، هەروەها بەڵگە ئەدۆزێتەوە بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕێک یا پێشبینییەک، ئەمەش بۆ هەموو جارێک بەکار ناهێنرێ بەڵکو بۆ زۆربەی جاران، لێرەدا گێڕانەوە و مقۆمقۆ دوو بابەتی گرنگن لەم جۆرە پەخشانەدا.

ئەمانەش لەگەڵ یەکا جیاوازیان هەیە، پەخشانی گێڕانەوە بەشێوەیەکی مات و بێ دەنگ لە شتەکە ئەدوێ؛ مەبەسەکەی وەک مەبەسی لێکۆڵینەوە و نواندنی پێشبینی: نظریة، وایە.

بەڵام پەخشانی مقۆمقۆ بەشێوەیەکی بزێوانە لە شتەکە ئەدوێ، بۆ ئامانجێکی چەسپاندن ئاراستە ئەبێ، بۆ ئەوە ئەگەڕێ شتێک بکرێ.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پەیوەندی بەو ئایین و باوەڕانەوە هەیە کە دەماری مرۆڤ ئەبزوێنن و کاریش ئەکەنە سەر ڕەوشتی.

ئەوانەی لە دەستەی (گێڕانەوە) ئەژمێرێن، ئەمانەن: نرخی وێژەیی، وتار، هەندێ نووسراو. ئەوانەی لە دەستەی (مقۆمقۆ) ئەژمێررێن: گفتوگۆ: مناظرة، دوان: الخطابة، بۆ هەریەکێ لەم هونەرانە، وێژەی ئەوروپایی، شێوە و دەستوورێکی نووسینی بڕیار داوە.

* بەشەکانی پەخشان لای کوردەواریی: دابەشکردنی پەخشان لەلای خۆمان هەر چەندە لەسەر بنچینەی سروشتی قسەکانە کە لەیەک جیاوازن بەڵام لەگەڵێ ڕووەوە لە دابەشکردنی پەخشانی ڕۆژئاوایی ئەکات، زبانی کوردی هەر لە کۆنەوە پەخشانی هەبووە، بەڵکو زۆر کەس لەو باوەڕەدایە کە پەخشان لە زبانی کوردیدا پێش هۆنراوە کەوتبێ، بەپێچەوانەی زبانی ڕۆژئاواییەکان کە هۆنراوەیان پێش پەخشانیان کەوتووە.

لە ڕاستیدا ناتوانین ئەمە. بچەسپێنین کە کامیان لەپێشەوە بووە.

بەڵام ئەوی ئەچێتە مێشکەوە ئەوەیە کە هۆنراوە و پەخشان هەردووکیان شان بەشانی یەکتر پەیدا بووبن و پێشکەووتبن.

هۆی ئەم باوەڕەش ئەوەیە کە سەرچاوەی هەردوو جۆرە وێژەکە (هۆنراوە و پەخشان) دڵ و دەروون و هۆشی کوردەوارییەکە خۆیەتی، لە گەڵ سروشتەکەی کوردستان و ئەو کارەساتانەی کە لە ژیانی کوردەواریدا ڕووی داوە، بەڵام شارستانێتی لە هەر پلەیەکا بووبێ بۆ کورد، بەو پێیە دڵ تەڕان و خاوەن

هۆشانی کوردەواری توانیویانە هەستی دڵ و دەروون و هۆشی خۆیان دەربڕن. بەپەخشان بووبێ یاخود بەهۆنراوە.

پەخشان لە زبانی کوردیدا بەم بابەتانەوە بەشکراوە: (پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، چیرۆک، داستان، مەتەڵ، بەیت)... بەیتەکان زۆرتر لە پەخشان ئەکەن تا هۆنراوە، هەندێکیشیان تێکەڵن لە پەخشان و هۆنراوە هەندێکیشیان بریتین لە هۆنراوەی پەخشان.

ئەمانە هەموو بەرهەمی پەخشانی کۆنی کوردین، هەریەکەیان شێوە و دەستووری نووسینی تایبەتی خۆی هەیە. لەگەڵ هی ئەم چەرخەدا جوتییە. ئەمانە زۆربەیان دەمبەدەم ئەکەوتن و لە سنگدا ئەپارێزران، نە ئەنووسرانەوە، تا لەچەرخی نۆزدە و بیستەم لەلایەن وێژەوانانی کورد و ڕۆژهەڵات ناسەکانەوە کۆکرانەوە و نووسرانەوە و لە چاپ دران و بڵاوکرانەوە. بەڵام گەنجینەی پەخشانی زبانی کوردی هێشتا زۆری ماوە بدۆزرێتەوە و بنووسرێتەوە و لەچاپ بدرێ.

داخەکەم چەرخی کە چ ڕەفتارگەلێکی لەناو بردوون. لەم چەرخی بیستەمەدا چ لەسەر شێوەی کوردەواری، چ لەسەر شێوەی ڕۆژئاوایی گەلێک نووسراو: وتار، نامە، دوان، چیرۆک، ژیننامە، گەشتنامە، داستان، چیرۆکی لاسایی، گفتوگۆ، مقۆمقۆ لەلایەن وێژەوانانی کوردەوە نووسراونەتەوە. بەڵام ئەمە چەند ساڵێکە شێوەی نووسینە کوردییەکان بەرەو شێوەی ڕۆژئاوایی ئەچن چ لە ئاهەنگ و چ لە ناوەرۆک و چ لە ئامانجدا، ئەمیش لەبەر ئەوەیە کە کوردیش وەک هەموو ڕۆژهەڵات لە سەرچاوەی ڕۆژئاواوە زانست و هونەر وەرئەگرێ، بۆیەکا بەشەکانی پەخشانی ڕۆژئاواییش خەریکن بەرە بەرە جێگیر بێن لە پەخشانی کوردەواریدا. لەگەڵ ئەمەشا گیانی کوردایەتی و هەستی کوردایەتی لەناو ئەو بەرهەمە پەخشانانەدا ڕۆژ بەڕۆژ گەشە ئەکەن و بەهێز و هەرەتەوە خۆیان پێشان ئەدەن و پێویستی و ئازار و ئاواتی کوردەواری لە جیهان تێ ئەگەیەنن.

مێژووی جووڵانی پەخشانی کوردی

لە برانەوەی سەدەی نۆزدەهەمەوە ئەم مێژووە دەست پێ ئەکات، کە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ئەستەموڵ ١٨٩٧ لە چاپ درا، ڕۆژنامەکە ناوی (کوردستان) بوو(١)، هەرچەند گیان و ئامانجی پیرۆز و بەرز بوو بەڵام نووسینەکانی پڕ بوون لە وشەی بێگانە، نووسیارەکەی - إملاء-، لەسەر دەستووری نووسیاری فارسی و تورکی و عەرەبی بوو، پیتەکان دیسانەوە لە شێوەدا عەرەبی بوون. ناوەرۆکەکەشی لە ڕووی وێژەوە بەپیت و بەهێز نەبوو.

---

(١) لێرەدا مامۆستا کەوتۆتە هەڵەیەکەوە کە دەبێ ڕاست بکرێتەوە: یەکەمجار کە ناوی سەرەتای ڕۆژنامەگەری کوردی ببرێ، لە ١٩٦٨دابوو، کە د. مارف خەزنەدار لە ڕۆژنامەی (برایەتی)دا لە بەغدا باسێک و وێنەیەکی لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی بڵاوکردەوە کە لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە دەرچووە، لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان)ەوە... دوای ئەوە لە ئارشیفی ئاکادیمی زانستی لە (لینینگراد)ی ئەو ڕۆژانەی دیبویەوە. لە ئەستەموڵ ڕۆژنامەی (کورد) لە ١٩٠٧ وە (ڕۆژی کورد) لە ١٩١٣ دەرچووە.

جوولەی نووسراوانی کوردی، یاخود پەخشانی وێژەیی کوردی لە پێشدا زۆر کز و سست بوو. لە پاشدا بەتایبەتی لەم بیست سی ساڵی دواییەدا، ڕۆژ بەڕۆژ بەهێز ئەبوو. ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار بەرەنگاری نەتەوەی کوردی نەکردایە، ئێستاکە سامانێکی زۆر گەورە لە وێژەی پەخشانی نوێی کوردیدا پەیدا ئەبوو، هەر بەم ٦٥ ساڵی دواییەش ئەمانتوانی تۆڵەی هەزاران ساڵانی پاشکەوتوویی وێژەکەمان بکەینەوە.

هۆی پاشکەوتوویی وێژەی پەخشانی کوردی ئەمانەیە:

١- دوژمنایەتی ئەو فەرمانڕەوایانەی کوردستانیان خستۆتە ژێر چنگیانەوە، بەرامبەر بەکورد و بەزیانەکەی.

٢- کەمتەرخەمی زۆربەی زانا و وێژەوانەکانی کورد بەرامبەر بەزیانی کوردی و زانیاری کوردی، لەبەر کەڵکی ناپوختە و خۆپەرستی خۆیان.

لەکاتێکا کە ئەمانە بەهەزاران نووسراوی گرنگ و بەنرخیان بەزیانەکانی فارسی، تورکی، عەرەبی، دائەنا، پشتیان ئەکردە گەلەکەی خۆیان، یەک نووسراویان بەزیانی کوردی دائەنا.

٣- کەمتەرخەمی گەلی کورد، بەرامبەر وێژەوانان و زیانەکەی خۆی.

٤- گرفتاریی گەلی کورد بەدەست چەرخی کەج ڕەفتارەوە، بەدەست نەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشیەوە. کە وێژەوانەکان لەپێش هەموو کەسێکا بەرچەپۆکیان ئەکەوتن.

لەگەڵ ئەمانەشا پێویستە بڵێین کە هەموو سووچێکی کوردستان وەک یەک گرفتار نەبوو، هەمو دەمێکیش وەک یەک سەرگەردان نەبووە، لەو پشووە مێژووییانەدا کە کوردستان سرەوتێکی تێ ئەکەوت و کزەبایەکی سەربەستی بەلادا تێ ئەپەڕی، خوێندەوارانی کورد بەهەموو هێز و هەرەتیانەوە تێ ئەکۆشان بۆ پەرەپێدان و گەشەپێکردن و بەرزکردنەوەی پەخشانی کوردی.

لە ئەنجامی ئەم هەوڵ و تەقەللایانەدا، لەم ٦٥ ساڵەی دواییەدا، نزیکەی دوو هەزار نووسراوێک لە چاپ دران، نزیکەی ٥٠٠ یان بەپیتی عەرەبی نووسراونەوە، نزیکەی ١٥٠٠ یشیان بەپیتی لاتینی نووسراونەتەوە لە یەکێتی سۆڤیەت و سوریادا، ئەمانە هەرچەندە هەموویان بەنووسراوی وێژەیی نازمێررێن، بەڵام بەپێی چەشن، نەک بەپێی ژمارە، هەنگاوێکی گەورەبوون بۆ پەرەپێدان و گەشەکردن و بەرزبوونەوەی وێژەی پەخشانی کوردی.

لەم ماوەکەمەدا بەم ئەنجامە بەنرخانە گەیشتین:

١- شێوەی نووسینی کوردی سێ جۆرە لاتینی بۆ دانرا، بەزەهمی زۆری پەخشانی کوردی بەلاتینییەکەی کوردی یەکێتی سۆڤیەت چاپکراوە، کەمێکیش بەهی سوریا، ئینجا بەهی عێراق، بەمە دەرگایەکی پان و فراوان بۆ زیانی کوردی کرایەوە کە ڕزگاری بێ لە دەست ئەو تەنگوچەڵەمەیەی لە ئەلف و بێی عەرەبییەوە تووشی بووە. بۆ پێشکەوتنی زیانی کوردیش لە دوارۆژا ڕێگایەکی گرنگی کرایەوە.

٢- لە عێراقدا گۆڕانێک هێنرا بەسەر ئەلف و بێی عەرەبیدا تا هیچ نەبێ بۆ سەردەمێک بتوانرێ زیانی کوردی لەو تەنگ و چەڵەمەیە ڕزگارکرێ، ئەمەش هەنگاوێکی ترە بۆ پێشکەوتنی وێژەیی کوردی.

٣- چەند دەستوورێک بۆ زمانی کوردی دانرا. هەروەها چەند فەرهەنگێک.
بەمەش بنچینەی زمانی کوردی تاسەر توندو بەهێزکرا، وێژەی کوردیش کەڵکێکی زۆری لێ وەرگرت.

٤- نووسینی کوردی بژارکرا، لە وشە بێگانەکان لە جێگای ئەوان وشەکانی کوردی بیستراو یاخود هەڵبەستراو دانران[1]، بەمەش وێژەکەمان یەجگار بەهێز و بەرز و جوان و ڕازاوە دەبوو. کە هێشتا نە تورکەکان، نە فارسەکان ئەمەیان بۆ نەچۆتە سەر.

٥- بەو نووسراوە گرنگ و بەنرخانەی لەلایەن هەندێ زانا و وێژەوانە گەورەکانمانەوە دانران بنچینەیەکی بەهێز تاسەر بۆ (مێژووی کورد) بۆ (وێژەی کوردی) بۆ (زمانی کوردی) بۆ بووژاندنەوە و پەرەسەندن و گەشەکردن و بەرزبوونەوەی زمان و وێژەی کوردی و چارکردنی گیروگرفتی نەتەوەی کورد دامەزرا.

٦- بۆ هەموو جیهان دەرخرا کە زمانی کوردیش زمانێکە گرنگ و ناسک و ڕەوان، لە توانایا هەیە وەک هەموو زمانێکی پێشکەوتووی جیهان هەموو بابەتێکی زانستی و هونەری و پیشەیی و وێژەیی پێ بنووسرێتەوە. ئەو وتار و نووسراوانەی کە لە بابەت: وێژە، مێژوو، نرخی وێژەیی، ژیننامە، فروفێلبازی: سیاسەت، چیرۆک، داستان، زانست، هونەر، ڕاستی پەرستی، خواپەرستی، پیشەوەری... یەوە لەم سالانەی دواییدا نووسراونەوە لە کوردستانی عێراق و یەکێتی سۆڤێیت و ئێران و سووریادا، بەڵگەن بۆ ئەمە، کە ئەگەر بهێڵرێ و چاودێری بکرێن، خوێندەوارانی کورد لە توانایاندا هەیە، وەک هەموو خوێندەوارانی سەرزمین. وێژەی زمانەکەی خۆیان دەربخەن و سەربخەن و پێشبخەن.

بەڵێ ئەمە ڕاستە، ئەم بەرهەمانە بەتایبەتی بەم پچڕ پچڕیە و لەناو ئەم گێژەڵووکەی کارەساتانەدا، یەجگار کەمن لە چاو پێویستی نەتەوەیەکی گەورەی وەک کوردا کە لە پانزە ملیۆن پترە... بەڵام هیوای زۆر بەو گیانی گەورە و بەهێزە هەیە کە لەناو کوردەواریدا پەیدا بووە.

بێگومان ئەو گیانە پەخشانی کوردی ئەگەیێنێتە ئەوپەڕی چاکی و پاکی و جوانی و بڵندی.

(١) دەبوو ڕستەکە ئاوا بووایە: لە جێگەی ئەوان وشەی بیستراو و یاخود هەڵبەستراوی کوردی دانران.

چیرۆک

مێژووی چیرۆک

شێوەی چیرۆک گۆڕانی زۆر بەسەردا هاتووە، ڕێچکەی ئەو گۆڕانە لەداستانەکان و سرووده ئاینییەکان و چیرۆکە نەتەوەییەکاندا ئەبینین کە هەر گەلە بەشی خۆی لەمانە هەیە.

لای یۆنانییەکان ئەلیادە و ئۆدیسە، لای ڕۆمانییەکانی ئەنیادە، لای هیندییەکان ڤیدا و مهابهاراتا، لای ئێرانییەکان شاهنامە، لای کوردەکان مەم و زین ئەبینین کە ئەمانە هەموو چیرۆکبوون، بەهۆنراوەیەکی جوان و ڕەنگین هۆنراونەوە، بەتەنیشت ئەمانەشەوە چیرۆکە نەتەوەییەکان بەپەخشان نووسرابوونەوە، وەک چیرۆکە کوردییەکانی: شاهـ ڕوخ و گوڵ ڕوخ، میـوان و خانەخوێ، لەپاش چەند سەد ساڵێک لای یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان چیرۆکی گەشتوگوزار و پاڵەوانیی: مخاطر[1] داهاتن، ئینجا ئەو چیرۆکانەی ئیسۆبی یۆنانی و کلیلە و دەمنەی هیندی و مام ڕێوی کوردی.

لە ئەورووپادا تا ماوەیەکی دوور چیرۆکی پاڵەوانیی ماوەی بەهونەرەکانی تری چیرۆک نەئەدا، ناوەرۆکەکانی بریتی بوون لە بابەتی ئەندێشە، و هەڵبەستراو و دێو و درنج و جنۆکە و ئەو وشانەی کە بڕوا ناکرێ بقەومێن، پاش ئەوە چیرۆکی سوار چاکی داهات، کە لە ڕێژگاوی: خرانە و خۆشەویستیدا نوقوم بووبوو، داستانی (گۆرانی ڕۆلان) نموونەیەکە لەو چیرۆکانە، ئینجا دانتی (کۆمیدیای خوایی) بەزمانی ڕەمەکی ئیتالیایی دانا کە بابەتەکانی دەربارەی ئاین و نەتەوە بوون، لە دوای ئەو (سەرڤانتسی)ی ئیسپانیایی پەیدا بوو کە چیرۆکی (دۆن کیشۆت)ی دانا، ئەم چیرۆکە ئەمەندە ڕووداوی ژیانی تێخستبوو بەڕاستی بەیەکەم نموونەی چیرۆکی نوێ دائەنرێ، دوای ئەم گەڵێ چیرۆکی تر دەرکەوتن کۆمەڵایەتییان ئەنوواند. ڕەوشت و کرداری گشتیان کێشانە ئەکرد و، نرخیان بۆ دائەنان، بەم ڕەنگە چیرۆک لە تافی ئەندێشەوە تێپەڕی و چووە تافی ڕووداوی هەست پێکراوەوە، بگرە لە سەدەی حەڤدە هەمەوە دەستی کرد بەشیکردنەوەی سۆز و دەروون، بەڵام هێشتا بەتەواوەتی ڕزگاری نەبووبوو لە دەس بابەتی پاڵەوانی.

کاتێ گەیشتینە سەدەی نۆزدەهەم، چیرۆک خەمی چینەکانی کۆمەڵ و تاک و تەراکانی ناوکۆمەڵ و مافی خوارویانی ئەخوارد، لە فەرەنسە و ئینگلتەرە و ڕووسیا و ئیسکاندینا و یادا، چیرۆک ڕاپەڕینێکی جوانی کرد، تا ئەهات چیرۆک بەرەو پێشکەوتن ئەچوو، لە پێشدا چیرۆکە ڕۆمانتیکییە کۆمەڵایەتییەکان پەیدابوون، پڕ بوون لە سۆزی کسپەدار، پاشان (بلزاک) هاتە پێشەوە، بەخۆی و کۆمەڵە چیرۆکە ناوازەکانییەوە کە ناوی نابوو (کۆمیدیای مرۆڤایەتی). نووسەرە ڕووسەکانیش لە پێشاندانی ژیانی ئادەمزادیدا چەند هەنگاوێک چیرۆکیان بردە پێشەوە، زۆری پێ نەچوو چیرۆک بەهەموو بارێکی خۆشی و تەنگانەوە ژیانی گرتەوە، سنگی خۆیشی بۆ وەرگرتنی هەمو گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی

---

(١) ڕاستتر: مغامرات.

دەروون بردە پێشێ و فراوانکرد. تا وای لێهات لەم سەردەمەدا بوو بەگرنگترین لقی وێژەیی مرۆڤایەتی، کانی ژیانی ئادەمیزاد و ڕازی دەروونی ئاگادار و نا ئاگاداری بۆ دەرخستین. هەروەک بووبێ بەکانگایەکی زانستی مرۆڤ. هەستمان دەبا بەلای مرۆڤدا؛ بەگیروگرفتەکانی، بەدیوی دەرەوە و ناوەوەی، هەم بەتەنیایی هەم لەناو ئەو کۆمەڵەدا کە تیایەتی، دیارە ئەمەش بەهۆی ئەو نووسەرە بلیمەتانەوە پێک هاتووە کە لە ڕۆژئاوادا پەیدا بوون و ژیانی مرۆڤیان پشکنیووە و لە هەموو بارێکدا تاقیان کردۆتەوە و لە ڕاز و نیاز و زۆرانبازی مرۆڤ لەگەڵ ژیان و مردنا تێگەیشتوون.

مێژووی چیرۆکی لاسایی

پێش هەموو گەلێک، یۆنانییەکان هونەری چیرۆکی لاساییان بەهەموو بابەتێکیەوە، دامەزراند. ئەو کاتە سەدەی پێنجەمی پ. ز بوو کە بەهونەرمەندیی (ئیسکۆلۆس و سۆفۆکلیس و یۆریپید)ەوە هونەری مەرگەسات: التراجیدي، گەیشتە ئەوپەڕی تەواوی.

بەڵام هونەری گەمە و پێکەنین: الکومیدیا ، بەهۆی هونەرمەند (ئەریستۆڤان)ەوە گەلێک پێشکەوت، هی مەرگەسات لەسەر بنچینەی چیرۆکە هەڵبەستراوەکان و سەرگوروشتە خواکان دائەمەزرا. بەڵام هی گەمە و پێکەنین لەسەر بنچینەی گیروگرفتەکانی ژیان و نرخ دانان بۆ کۆمەڵ و پێشاندانی کۆمەڵ دائەمەزرا، چیرۆکی لاسایی گەمە و پێکەنین بەتەواوەتی لە دەست کارەساتی ڕوونەدا و ڕزگاری بوو. لەسەر دەستی (میناندر)دا لە برانەوەی سەدەی چوارەم و سەرەتای سێ هەمی پ. ز دا، واتا ئەو شتانەی کە بەبیردا نایەن بقەومێن، لە چیرۆکی گەمە و پێکەنین دوورخرانەوە. ئیتر بابەتی چیرۆکی گەمە و پێکەنین بوو بەژیانی ڕۆژانەی نەتەوە و ڕەوشت و خوویان و کەم و کووڕی کۆمەڵایەتیان.

پاش یۆنانییەکان، ڕۆمانییەکان هاتنەکایەوە، ئەمانیش پەیڕەوی یۆنانییەکانیان کرد، نە لە نموونەی چیرۆکە لاساییەکانیاندا نە لەوێنە و دەستووریاندا، لێیان جوێ نەبوونەوە. لە هەندێ مەرگەساتدا هیچ شتێکیان نەخستە سەر؛ بەڵام لە هونەری گەمە و پێکەنیندا گەشەیان پێ کرد.

ئینجا سەدەکانی ناوەڕاست پەیدا بوون، شانۆی بتپەرستانەی یۆنانی و ڕۆمانییەکان بەهەموو ڕەنگ و ڕوو و کردارێکیەوە لەناودا نەما و خۆی شاردەوە، لە جێی ئەو شانۆیەکی کزی ئایینی هاتە ناوەوە.

هەندێ چیرۆکی لاسایی ڕیوەڵەی لەسەر پێشان ئەدرا، ڕەنگ و بۆی وێژەیەکی ڕاستەقینەیان پێوە دیارنەبوو، زۆرتر لە کۆڕی کەنیسەکاندا لاسایی ئەکرانەوە، کەم ڕێ ئەکەوت کە لە ژیانی (پیر: قدیس)ەکانیان بەولاوە لە هیچی تر بدوێن. پاشان سەردەمی ڕاپەڕین دا هات، بەهەموو هێز و هەڕەتێکیانەوە ئەوروپاییەکان دەستیان دایە زیندووکردنەوەی کەلەپووری یۆنانی و ڕۆمانی و گۆڕییانە سەر زمانە تازەکانی خۆیان. ئەوروپاییەکان کە شارەزای (وێژەی لاسایی کۆن) بوون (وێژەی لاساییە ناونجی)یەکەی خۆیان فرێ دا و هۆگری چاولێکەری یۆنانی و ڕۆمانییەکان بوون. دەستیان کرد بەدانانی چیرۆکی (مەرگەسات و گەمە و پێکەنین) بەزمانە ڕەمەکییەکانی خۆیان پاشان لەسەر شانۆکانیشیان لاساییان کردنەوە بەشێوەیەکی تێکەڵ لەگەڵ شێوەی یۆنانی و ڕۆمانی و سەدەکانی ناوەڕاست.

لە ئیتالیادا، جوولەیەکی نرخی وێژەیی گورج و گۆڵ بەفراوانی دەرکەوت، بنچینەکەی لەسەر ئەوە

دامەزرا کە چاولێکەری نموونە شانۆییەکانی کۆن بکرێ، دەستوورەکانیان پێشان بدرێ، پێرەویان بکرێ بەو یاسایانەوە کە نرخ زانەکان لە بارەی چیرۆکی شانۆییەوە دۆزیویانننەوە، وەک هەرسێ یاسای (یەکێتی: کات، جێگا، بابەت). ئیتالیا فەرەنسەشی خستە سەر ئەم ڕێیە، ڕەنگە هەر ئەم پاڵپێوەنانەش بووبێ، کە فەرەنسەی والێکرد لە ئینگلتەرە بەپەرۆشتربێ بۆ بەکارهێنانی ئەو دەستوور و کرداری شانۆییانە. بەتایبەت لەسەردەمی کلاسیکدا.

ڕاستیەک هەیە کە لە سەردەمی ڕاپەڕیندا فرمانی خواکانیان (إزادة الألهة) گۆڕیەوە بەڕاستییەکانی دەروونی مرۆڤایەتی، بەلام لە (مەرگەساتدا) هێشتا هەر لە سەرچاوەی مێژووی کۆن و چیرۆکە هەڵبەستراو (الاساطیر)ە کۆنەکانەوە بابەتیان دەرئەهێنا، چیرۆکە لاساییەکان دوورخرابوونەوە لە ژیانی ئاسایی مرۆڤ، بایەخیان بەچینە بەرزەکانی کۆمەڵ ئەدا، وەک سەرۆک و خونکار: (ملک)ەکان، کەچی چیرۆکی لاسایی گەمە و پێکەنین بەپێچەوانەی ئەو بابەت و زەلامەکانی لە ژیانی نەتەوە و تاک و تەرای نەتەوەوە دەرئەهێنا. زبانی مەرگەساتەکان هۆنراوەیەکی ناسک و بڵند بوون، بەلام زبانی گەمە و پێکەنینەکان وەک زبانی ڕۆژانە وا بوون.

لای (راسین) هۆنراوە گەیشتە ئەوپەڕی ڕۆشنی. کەچی لای (مۆلییێر) پەخشان بەکار ئەهێنرا، هەندێ جاریش هۆنراوە و پەخشان، بەو مەبەسەی لە ژینی مرۆڤ نزیکتر بێتەوە، چونکە لەسەر زبانی زەلامەکانی خۆی ئەو کۆمەڵە چیرۆکە کە لاسایی ئەکرانەوە، بەو زبانە نووسرابوونەوە کە زبانی گەل بوو؛ لە زبانی چیرۆکەکەدا هۆنراوە و هەڵبەستراو هەبوو، لە زبانی ڕەمەکیدا ئەو هونەرە نەئەبینرا.

گرنگترین شت کە خاوەنی بیروباوەڕی کلاسیکی لە سەردەمی نوێدا لە سەری ڕێککەوتن کە نەکرێ ئەوە بوو کە لە چیرۆکی لاساییدا بەشەکانی گۆرانی لابرێن.

لە چاخی یۆنانییەکاندا و لەو پشووانەدا ئەکەوتنە ناوەند پەردەکانەوە هەڵپەرکێ و گۆرانی و ساز و ئاواز هەبوو. (ئیسکلۆلۆس) لە چیرۆکە مەرگەساتەکانیدا بایەخی زۆری بەگۆرانی و هەڵپەرکێ و ئاوازدا بوو. کەچی (سۆفۆکلیس) و (یوریپیدس) لە چیرۆکە مەرگەساتەکانی خۆیاندا هەڵپەرکێ و گۆرانی و ساز و ئاوازیان بەکەرەستەیەک دائەنا لە چیرۆکەکانیان، لەگەڵ ئەوەشا هەر بەکاریان ئەهێنان.

لەسەردەمی ڕاپەڕیندا، هەندێ بوێژ، ویستیان جۆرێکی نوێ لە چیرۆکی لاسایی دابهێنن، کە لەشێوەی هونەرێکی ساز و ئاوازی سەربەخۆدابێ، ناویاننا (ئۆپێرا).

ئۆپێرا لەپێش هەموو شتێکا بایەخ بەگۆرانی دەدا، گفتوگۆیەکی سەر شانۆی تێ ئەخرێ، بەلام تەنیا بەکەڵکی ئەم گۆرانیە دێت، کەواتە گۆرانی و ئەو ساز و ئاوازەی کە پێیەوە ئەنووسێ، هەردووکیان کەرەستەی ئەم هونەرە تازەیەن. هەرچۆنێک بێ، چیرۆکی لاسایی لەدەست بەشە گۆرانییەکانی ڕزگاری بوو، تەنیا پەروای بەگفتوگۆی لاسایی ڕووت بوو.

کلاسیکییەکانی فەرەنسە هەر بەم دەستوورانەوە ئەنووسان، ئەیانویست چیرۆکەکانی خۆیان بنووسێن بەسێ یاسای، یەکێتی: کات و جێ و بابەتەوە، دیوارێکیشیان خستە ناوەند هونەری مەرگەسات و هونەری بەزەمەساتەوە، مەرگەساتیان دانا بۆ نواندنی ژیانی گەل. نەیان ئەهێشت ئەو دوو جۆرە چیرۆکە

تۆزێک تێکەڵ کرێن، تەنانەت یەجگار بایەخیان ئەدا بەمەرگەسات و بەزیانەکەی و بەهۆنینەوەکەی کە ئەبوو سەرواکانی جووت یاخود بەرامبەر بوونایە (لەبیرمان نەچێ کە شکسپیر ئەم بەندەی شکاند و بەسەروای ئازاد چیرۆکەکانی خۆی ئەنووسیەوە.)

بەڵام لە سەدەی هەژدەهەمدا جووڵەی بیر پەرەی سەند و گەشەی کرد، ڕاستی پەرستەکان چاوێکیان خشاندەوە بەسەر بیری یۆنانی کۆندا، لە بازرگان و پیشەوەر و فەرمانبەر و خاوەن بیرانیش، چینێکی ناوئجی پەیدا بوو، کەوتە ناوەند گەل و سەرۆک و خونکارانەوە... ئەمانە هەمووی بوو بەهۆی گۆڕانی مەرگەسات بۆ ئەمەی ژیانی ئەم چینە تازەیە بنوێنێ. هەروەها بوو بەهۆی تێکەڵکردنی (مەرگەسات و بەزمەسات) بۆ ئەمەی ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیان بدات کە تێکەڵە لە خۆشی و ناخۆشی. لەوەپێش شکسپیریان کردە بەڵگەی ئامۆژگارییەکەیان، مایەوە سەر ڕۆمانتیکییەکان، ئەوانیش پشتگیری ئەم نرخ دانانەیان کرد لە شۆڕشەکەیاندا بەرامبەر بەکلاسیکییەکان. وە ماوەیان دا لە مەرگەساتەکانیاندا بەزمەسات یاخود پێکەنین بکەوێتە ناوەوە. بەڵام بەئەندازەیەک کە تێکی نەدا، ئەو کاتە سەدەی نۆزدەهەم بوو، کە جگە لە تێکەڵکردنی مەرگەسات و بەزمەسات (مەرگەساتی نوێی)یشی تیا پەیدا بوو، مەرگەساتی نوێ لە دوای پەیدابوونی هەردووکیان کاریان کردبووە ناخی چیرۆکی لاسایییەوە. مەرگەساتی نوێ بەهونەرمەندیی وێژەوانەکانەوە لە (مەرگەسات)ەوە دەرهێنرا؛ بایەخ نادات بەژیانی خونکار و سەرۆک و خانەدانەکان. بایەخ ئەدا بەژینی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەگیروگرفتەکانیان بەکاروبارەکانیان بەتاک و تەراکانی کۆمەڵ.

ئا بەم ڕەنگە چیرۆکی لاسایی گۆڕا، بەهۆی ئەو تەماشاکەرانەوە کە تەماشایان دەکرد، هەروا بەهۆی ئەو گۆڕانە فراوانەوە کە تووشی ژیانی ڕۆژئاوایییەکان بوو لەم سەردەمی تازەیەدا. واتا:

هەروەکو لە ئامانجدا (مەرگەسات لەگەڵ بەزمەسات) بوون بەیەک. هەروەها لە شێوەی نووسینیشا یەجگار لەیەک نزیکبوونەوە. تەنانەت ئەو دیوارەش کە بەهۆی کلاسیکییەکانەوە پارێزرابوو لە ناوەند هەردووکیاندا، لەم سەردەمی تازەیەدا ڕووخێنرا، ئیتر هەردوو جۆرە چیرۆکە لاسایییەکان بۆ کەڵکی کۆمەڵ تێ ئەکۆشان، شێوە و ئامانجیان وەک یەکی لێ هات.

جیاوازی ناوەند چیرۆک و چیرۆکی لاسایی

١- چیرۆک پێویستی بە(شانۆ) نییە، بەڵام چیرۆکی لاسایی پێویستی بەشانۆیە، بێ شانۆ ناگات بەمەبەستی، چونکە بنچینەکەی لەسەر کۆمەڵێک گوێگرە کە بەهۆی لاسایی کەرەکانەوە، نووسەر بتوانێ بیروباوەڕی خۆی بخاتە مێشکیانەوە. بەڵام چیرۆک لەسەر زیانی یەکێک ئەنووسرێ، چۆن بخوێنرێتەوە، کەی بخوێنرێتەوە و لە کوێ... ئەشێ، وەک چیرۆکی لاسایی نییە کە لە کاتێکی دانراو جێگایەکی زانراو بۆ کۆمەڵێک گوێگر پێشان بدرێ.

٢- چیرۆک بۆی هەیە لەهەر شێوەیەکدا بێ بنووسرێتەوە، وەک: ڕۆژانە، یادنامە، پێ لێنان، گەشتوگوزار، نامە. بەڵام چیرۆکی لاسایی بەتەنیا شێوەیەک نەبێ نابێ بنووسرێتەوە ئەویش شێوەی گفتوگۆیە.

٣- چیرۆک بۆی هەیە بەکورتی بنووسرێتەوە یا بەدرێژیی، ئەندازەی بۆ نییە. بەڵام چیرۆکی لاسایی نابێ لە سەد لاپەرە تێپەڕ بکات، ئەبێ ئەویش بکرێ بەچەند (پەردە)یەکەوە، نابێ لە پێنج پەردە تێپەڕ بکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نە گوێگر لە وزەیدایە لە سێ کات پتر تەماشا بکات و گوێ بگرێ، نە لاسایی کەرەوەکانیش لە وزەیاندایە لە سێ کات پتر لاسایی بکەنەوە و چاوەڕوانی بکەن.

٤- ئامانجی چیرۆکنووس پێشاندانی ژیانە بەهەموو لکێکییەوە بەگەورە و بچووکی و گرنگ و بێ فەڕەیەوە، بەکارەساتی سامناک و بێ سامیەوە، بۆ ئەمەی بەشێنەیی و زرنگییەوە ژیانمان تێ بگەیێنێ و بۆ ئەو شتەی کە مەبەستیشیەتی دڵ و دەروونمان بجزوێنێ.

بەڵام ئامانجی چیرۆکنووسی لاسایی تەنیا پێشاندانی سوچێکی ژیانە، هەڵی دەبژێرێ پاشان بەجۆرێکی گرنگ و جوان و کاریگەرەوە پێشانمانی ئەدا، بۆ ئەمەی بەتوندیی کار لەدڵ و دەروونمان بکاو بمانوروژێنێ بۆ مەبەستێکی تایبەتی.

٥-ماوەی چیرۆکنووس فراوانە، نەبەستراوە بەکات و جێگاو بابەتەوە، ئازادە هەرچۆنێکی ئەوێ ئەتوانێ چیرۆکەکەی بنووسێ. بەڵام ماوەی چیرۆکنووسی لاسایی تەنگە، بەستراوە بەجێگاو بابەتەوە، بەئاماژەیەکی کەمی لاساییکەرەوە کە ئەبنە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە، بەستراوە بەکارەساتی گرنگ و بەنرخ و کاریگەرەوە کە ئەبێ زۆر بەوردی لە ژیاندا هەڵیان بژێرێ، بەستراوە بەجۆری نووسینەکەوە کە هەر ئەبێ لە شێوەی گفتوگۆدابێ، دوور لە درێژەپێدان. کورت و ناژک و کاریگەر، بەستراوە بە(پێشاندان، کارەسات، تەنگ و چەڵەمە و چارەکردنی). بەستراوە بەدروستکردنی شەڕ و شۆڕ و بەرەنگاری لەناو پاڵەوانەکاندا تا یەک لەدوای یەک کارەساتی ناکاو و سامناک پێشاندات؛ تا کار لە دڵ و دەروونی تەماشاکەران و گوێگران بکات، بەستراوە بەهەڵبژاردنی (بابەت و کارەسات و پاڵەوان)ەوە، تا بیروباوەڕی خۆی بەگورجی و کاریگەری فرێ داتە مێشکی گوێگران و تەماشا کەرانەوە.

٦- چیرۆک نزیکترە بەگەل لە چیرۆکی لاسایی، چونکە هەر لە زووەوە بابەتی گەل بووە، ئازار و ئاواتی پێشان داوە، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، توانی زۆر بەوردی ژیانی گەلان پێشان بدات. لەبەر ئەوە چیرۆک خۆشەویستی زۆرترە لە هی لاسایی واتا خوێندەواری زۆرترە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە چیرۆک هەموو سوچێکی ژیان و مرۆڤ و سروشت پێشان ئەدات، بەڵام هی لاسایی تەنیا سوچێکی گرنگ و بەنرخی ژیان و سروشت و مرۆڤ پێشان ئەدات.

٧- لە چیرۆکدا هەموو شتێک بەدرێژی باسی ئەکرێ؛ بەهێمنی بۆ تێگەیشتن، بەڵام لە هی لاساییدا بەڕاز و نیاز و نیشانەگەریی دڵ و دەروونی تەماشاکەران ئەبزوێنرێ، ئەویش بەکوت و پڕی و کورتی و گورجی، کەواتە هەست بزواندن لە چیرۆکدا کەمتر سست ترە وەک ئەوی تر.

٨- هونەری چیرۆکی لاسایی گرانترە لە هونەری چیرۆک، هەرچەندە هەردووکیان لە ڕووی ڕەوتی مێژووییەوە گرنگی و مەزنی و کۆڕی خۆی هەیە بۆ کەڵکی مرۆڤایەتی، بەڵام چیرۆکی لاسایی هەر تەنیا چیرۆک نییە، چیرۆکیشە و چیرۆکێکی لاسایی گرێدراریشە.

شێوەی چیرۆکنووسین

١- دارشتنی: چیرۆکنووس لە نووسینی چیرۆکەکەیدا ئازادە لە چ شێوەیەکدا بیەوێ ئەتوانێ دایڕێژێ، ئەتوانێ بیخاتە شێوەی: ڕۆژانە، یادنامە، پێلێنان، نامەکاری، گەشتنامە، گێڕانەوەی سەرگوروشتە، لەسەر زبانی: چاوئەنداز شاهد عیان، یا یەکێک لە زەلامەکانی ناو چیرۆکەکە یا زبانی نووسەر خۆی.

٢- پێشان دانی: سەربەستە لە پێشاندانی ناوەرۆکی چیرۆکەکەیدا، ئەتوانێ لە یەکەم کارەساتییەوە دەست پێ بکات پاشان یەک لە دوای یەک کارەساتەکانی تریش بگێڕێتەوە، ئەشتوانێ لە دواترینیانەوە بێ و پاشان ڕووناکی بکاتەوە کە چۆن بەو ئەنجامە گەیشتوون. هەروا ئەتوانێ لە تافێکی دیاریکراوی ژیانی پاڵەوانی چیرۆکەکەیەوە دەست پێ بکات، پاشان بەرەو پاش بڕوا تا پێشانمان بدات کە چۆن ئەم تافە پەیدابووە، هەروەها چۆن ڕوویانداوە.

٣- بنچینەی چیرۆک: چیرۆکنووس ئەتوانێ بایەخ بەکارەسات بدات لە پێش زەلامەکاندا، واتە کارەساتەکان بکاتە بنچینەی چیرۆکەکە، زەلامەکان بەبۆنەیانەوە کردەوە و ڕەوشت و خوویان پێشان بدات، ئەبێ کارەساتی وروژێنەر و گرێداری ڕێکوپێکیان تا فرێ بدات تا خوێندەوار ببزوێنێ بۆ تەواوکردنی، چیرۆکنووس ئەتوانێ لەسەر ئەم دەستوورە بڕوات: لە چیرۆکی گەشتوگوزار و جەربەزەیی: مغامەرە و تاواندا.

هەروا ئەتوانێ ئەم شتانە بکاتە بنچینەی چیرۆک: پاڵەوانێکی چیرۆکەکە، چەند پاڵەوانێکی یەک دەنگی چیرۆکەکەی.

٤- کەرەستەی چیرۆک: ئەتوانێ کەرەستەی چیرۆکەکەی لە کارەساتی ئیمڕۆوە وەرگرێ، یا لە کارەساتی مێژوو، لە کاروباری کۆمەڵێکی دیاریکراو و گیروگرفتەکانی ژیان، لە مرۆڤایەتی بدوێ کە بایەخ بەکانگای ژیانی مرۆڤ و گەوهەرەکانی ئەدات، هەروا دەتوانێ بایەخ بدات بەدەروون، بەشیکردنەوەی دەروونی زەلامەکان وە چۆنێتی بزوتنی هەستیان بەرامبەر بەو کارەساتانەی لێیان ئەقەومێ، یا لە بەرچاویاندا دەقەومێ.

٥- دروستکردنی چیرۆک: دەبێ چیرۆکنووس زۆر بایەخ بدات بەدروستکردنی چیرۆکەکەی، دەبێ بەشەکانی باش بەیەکەوە بسازێن، بگونجێن، بنووسێن تا لە هەموویانەوە چیرۆکێکی تەواو دروست بێ، چونکو چیرۆک ئەبێ ژیان نیشان بدات بەهەموو کەرەستەیەکی ڕوودا و مرۆڤایەتییەوە، بەهەموو هەستێکی دەروونی و تاسەی دڵ و پرشنگێکی هۆشیەوە، ئەویش بەشێوەیەکی وا جوان و گرنگ و بڵند کە خوێندەوار بەتاسوقەوە بیخوێننەوە و خۆرشتی گیان و دڵ و هۆشیانی لێ وەرگرن، چونکە ئاشنایەتی لەگەڵ ژیان و ڕووداو و هەستی خۆیاندا هەیە.

٦- ئامانجی چیرۆک: نابێ دڵخۆشکردنێکی سەرپێی خوێندەوار ئامانجی چیرۆکنووسبێ، بەڵکو بەهۆی ئەو کۆمەڵەوە کە لێی ئەکۆڵێتەوە بکاتە بنج و بناوانی ڕاز و نیاز و ڕاستی مرۆڤایەتی، ئینجا ئەو گەوهەرە بەنرخانەی ژیان و مرۆڤایەتییەمان بۆ دەرخات کە لە گەنجینەی وێژەدا تاسەر بمێننەوە، بۆ ئەمەی ئادەمیزاد تا ئەمێنێ کەڵکیان لێ وەرگرێ. یاخود بۆ ئەمەی کۆمەڵەکەمان لەم ژیانە

دەمدەمیەوە بگوێزێتەوە بۆ ژیانێکی زیندوو و تاسەر بڵند، نابێ چیرۆکنووس بەوە وازبهێنێ کە ژیان وەک ئەیبینێ لە چیرۆکەکەیدا پێشانی بدات. بەڵکو ئەبێ هەندێک لە هونەرمەندیی و زرنگی و بلیمەتی خۆیشی بخاتە سەر، بۆ ئەمەی بەهۆی چیرۆکەکەیەوە کۆمەڵ ئاراستەی ژیانێکی چاکتر و خۆشتر و بڵندتر بکات.

چیرۆکنووسی شارەزا ئەتوانێ لە ساکارترین ڕووداوی ژیان چیرۆکێکی ناوازە و ڕەنگینمان بۆ هەڵبەستێ، کە دڵمان کێش کات و گەشکەدارمان بکات و بمانخاتە سەر ئەو ڕێگا باشانەی کە بۆ ژیانێکی باشتر و پڕ کامەرانیترمان ئەبات.

٧- زمانی چیرۆک: هەموو چیرۆکنووسێک ئەبێ شێوەی خۆی هەبێ لە دەربڕینی بیروباوەڕ و هەستی خۆیا؛ جوێ بێ لەهی تر.

ئەمەش بەهۆی مەشقکردنێکی زۆرەوە بۆی پەیدا ئەبێ، ئەبێ شێوەی نووسینەکە سووک و ناسک و ڕەوانبێ، شەنگ و شۆخ زیندوو پڕ ئاهەنگ بێ، نزیکبێ لە دڵ و دەروونی خوێندەوارەوە، نزیکبێ لە تێگەیشتنەوە، گیان و سەردەمی ژیانی چیرۆکنووسەکە و خوێەتی تیا دیاربێ، چەن شتێکی تازە داهاتووی دەستی چیرۆکنووسەکەشی تیابێ، بۆ ئەوەی تەڕی و تازەییەک بدا بەوێژەکە و بەرهەمی وێژەیی، زمانی ڕەمەکی بەکاری چیرۆک نایەت، چونکە پلەی هونەری چیرۆکەکە ئەهێنێتە خوارێ، چیرۆکنووسێ هونەرێکی بڵندی جوانی پڕ لە گیروگرفتە. بەڵام چیرۆکنووسی زرنگ و بەکار و تێکۆشەر ئەتوانێ فێری ببێ و بەکاری بهێنێ، چیرۆک لە هەموو هونەرەکانی تری وێژە لە ڕووداوی کۆمەڵایەتیمان نزیکترە، لە نەتەوەوە نزیکترە.

ئێمە ئەمانەوێ چیرۆکنووسەکانمان ئەم ڕووداوە کۆمەڵایەتیانە بەهۆی چیرۆکەکانیانەوە دەربڕن؛ بەڵام دەربڕینێکی وا کە جوان و ڕازاوەبێ، پڕ بێ لە ساز و ئاوازی گیانیی وا کە کار لە دڵ و دەروون و گیانمان بکات و ئاراستەشمان بکات بۆ چاکەی گشتی.

شێوەی نووسینی چیرۆکی لاسایی

١- هەڵبژاردنی بابەت: چیرۆکنووس پێویستە بابەتێکی باش هەڵبژێرێ بۆ چیرۆکە لاساییەکەی کە پڕ بێ لە زۆرانبازی و بەرەنگاری و شەڕ و شۆڕ، کارەساتی تازە تازە و ڕووداوی لەناکاوی لێ پەیدا ببێ، ئەتوانێ بابەتەکەی لە چیرۆکە هەڵبەستراوەکانی نەتەوەیی یا لە مێژوو، لە کارەساتی شۆڕشەکان، لە ژیانی ڕۆژانەی گەلەکەی خۆی و گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی و کاروبارەکانی نەتەوەکەی هەڵبژێرێ.

٢- شێوەی پێکهێنانی: خاوەن چیرۆک پێویستە پێڕەوییەکی ورد و باش دابنێ بۆ دروستکردنی چیرۆکەکەی؛ بۆ دابەشکردنی بەسەر چەند بەشێکا، نە کەمبێ نە زۆر بەڵام لە (٥) بەشی یاخود پەردە تێپەڕ نەکات، هەروەها چاوئەندازەکانیش وەک بەشەکان کەمبن لەگەڵ یەکا ڕێککەون و لەنگەر بگرن، هەریەک ئەوی پێشووی تەواوکات، پێویستە زەلامەکان ڕەوشت و خوو و کرداریان دیاریکرێ بۆ ئەمەی کە لاساییەکە دەستپێکرا وەک مرۆڤی ڕاستەقینە زیندویی پێشان بدەن،

ئەبێ ژمارەی زەلامەکانیش لە ئەندازە دەرنەچێ، کاتی لاسایی کردنەوەکە کەمبێ، لە سێ کات تێپەڕ نەکات، جێگای لاسایی کردنەکە یەکبێ نەگۆڕێ، بۆ هەر پەردەیەکیش وەک چیرۆکەکە بەگشتی سەرەتا و ناوەڕاست و دوایی، دیاریکرێ، وەک یەک لەش هەر پەردەیەک لەگەڵ ئەوی پاش و پێشی خۆی رێککەوێ و بەشێک لە چیرۆکەکە تەواوکات. ئەبێ لە شێوەی گفتوگۆشدا چیرۆکەکە داڕێژرێ.

٣- زبانی چیرۆک: ئەبێ زۆر کورت و پڕ واتا و جوان و ئاسان و ئاهەنگدار و کاریگەربێ. پێویست نییە هەموو شتێک بەئاشکرا دەربخرێ، مەبەسی زۆر ئەوەیە کە دڵ و دەروونی گوێگران و تەماشاکەران بسزوێنرێ. لەبەر ئەوە زۆرتر ئەبێ بایەخ بدرێ بەو وشانە. بەو توانج و پلارانە. بەو تەوسانە. بەو نیشانەگەریانە کە سۆزی دڵ و دەروون گرتێبەرئەدەن لە شێوەی کوتوپڕ و ناکاو و گورج و گۆڵدا.

خاوەن چیرۆک ئەبێ هونەر زۆر بنوێنێ؛ لە گفتوگۆکاندا بۆ ئەمەی هەست بزوێن و نیاز بەخش و ناڕاستەکەرێن بەرامبەر تەماشاکەران.

ئەگەر چیرۆکەکە لە جۆری مەرگەسات بوو ترس و سام و ڕاچەنێن و داچڵەکێن بەزەیی بخەنە دڵی گوێگرانەوە، ئەگەر لە جۆری بەزمەساتبوو، خوتوکەی پێکەنێن و دڵخۆشی و تیز پێکردن بخەنە دڵەوە.

پێویست بەوتن ناکات کە بڵێم ئەبێ وشەکان لە تێگەیشتنی گوێگر و دڵ و دەروونییەوە نزیک بن، تا بەزوویی کاری لێ بکەن.

چیرۆکی کورت

کورتە چیرۆکیش جۆرە چیرۆکێکە داڕشتنی تایبەتی خۆی و شێوەی نووسینی تایبەتی خۆی هەیە، بەکورتی ئەنووسرێ، لە بابەت تاکە بیرێکەوە یاخود تاکە کارەساتێکەوە، یا لەبابەت کەسێکەوە ئەدوێ بەڵام بەشێوەیەکی ئاشکراو سووک و ئاسان. لەم هونەرەدا، دەستەیەک نووسەر و وێژەوانان پێگەیشتن، توانیان ڕووەکانی ژیان جیا بەجیا لە شێوەیەکی باش و جواندا دەربخەن، بایەخیان بەکورتیی و وێنەی وێژەیی کاریگەر ئەدا، هۆی پەیدابوونیشی ژیانی پڕوچڕی ئەمڕۆیە کە ماوە بەزۆر کەس نادا چیرۆکی درێژ بخوێنێتەوە، لەبەرئەوە زۆر کەس ئێستا هۆگری ئەم کورتە چیرۆکانە بوون، کە بێجگە لە خۆشیەکەیان کات کەمتر لە خوێندەوار داگیر ئەکەن.

ڕۆژنامەکان ئەم جۆرە چیرۆکانە زۆرتر بەکار ئەهێنن، چونکە بەکەڵکیان دێن، لەگەڵ ئەمەشا چیرۆکی درێژ هێشتا پەسەندە و جێگای خۆی بەجێ نەهێشتووە، چونکە لەگەڵ سەردەمدا ئەسازێ، بەشی زۆری بابەتەکانی وێژەشی تیا جێ ئەبێتەوە، لە خۆیدا جوانی هۆنراوە و ڕاستیی ژیانیش کۆ ئەکاتەوە، لە هەموو هونەرێکی تر پتر کاروباری ژیانمان، بەرجەستە و واتایی، بەئاشکرا بۆ دەرئەخا.

نرخی وێژیی بۆ چیرۆک چۆن دائەنرێ

لە دوو ڕووەوە نرخی وێژەیی بۆ چیرۆک دائەنرێ:

١- لەڕووی کەرەستەی چیرۆکەکەوە کە بریتییە لە (پێرەوی چیرۆکەکە) و ئەو (زەلامانەی لە چیرۆکەکە)دا سنوور بۆ ئەو پێرەویە دائەنێن و ڕەنگی بۆ ئەڕێژن.

هەروا بریتییە لەو بابەتەی کە بۆ چیرۆکەکە هەڵ ئەبژێرێ، ئەمەش بەوە کێشانە ئەکرێ کە تا چ ئەندازەیەک هەستی دڵ و دەروون ئەبزوێنێ؟

دەستووری بەرز و پیرۆز بۆ ژیان ئەدۆزێتەوە؟ ئامانجەکانیشی تا چەند نەژاد و بڵندن؟. گرنگترین پێوانەی سۆزیش هێزێتی، پلەیەتی.

نرخی وێژەیی تەماشای ئەوە ناکات کەرەستەی چیرۆکەکە پڕ بێ لە جەربەزەیی و تەنگوچەڵەمە و کردەوەی نەبینراو و نەبیستراو (اعمال شاذة)، بەڵام ڕێز لەو کەرەستەیە ئەگرێ کە دڵمان خۆش ئەکات؛ بەپێشاندانی ڕەوشت و خوو و کردەوەی بڵند و پەسەند، هەروەها بەنواندنی ژیانی مرۆڤ لە سوچە گرنگەکانییەوە، دیسان نرخی وێژەیی ڕێز لەو کەرەستەیە ئەگرێ کە ئەو کارەسات و زەلام و کردەوانەی هەڵیان ئەبژێرێ لەوانەبن کە ڕاستترین سۆز و بڵندترین سۆز لە دڵ و دەروونماندا بوروژێنێ.

٢- لە ڕووی نووسینی چیرۆکەکەوە: هەرچەندە نرخی وێژەیی ئەمەی داناوە بۆ ئارەزووی نووسەرەکە خۆی، بەڵام ئەویش ئەبێ زەلامەکانی بەهەموو هێز و هەرەتێکیانەوە فرمانەکانیان ببینن، ڕەوشت و خووی خۆیان دەربخەن، دڵمان کێشکەن تا چیرۆکەکە کۆتایی دێ، دوور بەدوور لە دوایانەوە بڕۆین. هەروەها ئەبێ تێمانگەێنێ کە ئەو پاڵەوانانە چی خستوینیەتە گەڕ؟ ئەمەش لە زبانی پاڵەوانەکان خۆیان و کردەوەکانیان بەدەرکەون، نەک لە زبانی نووسەر خۆیەوە.

چیرۆکنووسی شارەزا لە چیرۆکەکەیدا دوو شت کۆ ئەکاتەوە: (بڵندی هۆنراوە، نواندنی ڕووداو). (نەژادترین کردەوە و ڕەوشت) و (ڕاستترین سۆز) لە کردەوە و کار و زبانی مرۆڤدا پێشان ئەدا، بۆ ئەمەی چەند نموونەیەک بخەینە مێشکمانەوە و بۆشمان نەیەتەدی. بام نرخزانی وێژەییش لە بیری بێ:

«کە هونەر بریتی نییە لە ژین، بەڵکو بریتییە لە وێنەیەکی پوختەکراوی ژین، لە کێشانەی ژین بەوردی لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنێکی باش و لێکدانەوەیەکی ڕاست.»

دڵداری لە چیرۆکدا

لە زۆر چیرۆکدا، دڵداری بەشی گرنگی کەرەستەکەیەتی، هۆی ئەمەش ئەوەیە کە دڵداری سۆزێکە لە هەموو کەسێکا هەیە، کەس نییە بەدڵداری دڵی نەکرێتەوە، چاوی بەجوانی بەژن و باڵاو ڕوو نەگەشێتەوە، یا ئاخ نەخوازێ بۆ تافی کوڕێنی یا کچێنی خۆی و حەز لە هێز و هەرەتی لاوان و هەست و بزوت و گەشی ڕووخۆشی یان نەکات.

ئینجا دڵدارییەک کە لەناوەند کوڕ و کچی جواندا ڕوو بدات زۆرتر دڵی خوێندەوارانی چیرۆک کێش ئەکات. دڵداری ئەگەر ئاسایی و ڕاستبێ، دەروون پاک ئەکاتەوە، سەر بڵند ئەکاتەوە، نەژادترین ڕەوشت ئەبەخشێ، خاوەنەکەشی ئەگەیێنێ بەپایەی هەرە بڵند لە ژیانا؛ دڵداریی سۆزێکی پیرۆزو بەرزە، پیاوو ژن بەرەو گەورەیی ئەبات، ئەندێشە زیندوو ئەکاتەوە، کارگوزاریی قاڵ و پوختە ئەکات. لەبەر ئەوە بۆ پێشاندانی دڵداریی ڕۆشنبیری و ئەندێشەیەکی جوانی پێ ئەوێ.

دڵداریی لە دڵ و دەروونماندا هەستێکی لاوێتی زیندوو ئەکاتەوە، لەبەر ئەمە یاریدەی چیرۆکنووس

ئەدا لە دانایی پێڕەویی چیرۆکەکەیدا. چونکە دوور نییە ئەو دڵداریە بگاتە ئەنجامی مارەکردن. دووریش نییە ژن و مێردێتییەکە ببێتە سەرگەردانییەک بۆ کوڕ و کچەکە، ئەوساکە چیرۆکنووس ناچارە چیرۆکەکەی بگەیێنێتە ئەنجامی دوایی.

لەگەڵ ئەمەشا ئەگەر دڵداریی تەنیا کەرەستەی چیرۆکەکە بێ و هۆی دروستکردنی بێ، ئەوا چیرۆکەکە نرخێکی وێژەیی گەورە وەرناگرێ، هێزێکی گرنگی ئەمری نابێ...! چونکە وێژەی مەزن ئەوەیە مرۆڤایەتی پێشان بدا بەهێز و توانا و تێکۆشانە گەورەکانیەوە، وەک (سۆزی بەهێز، خواستی پۆڵایی، کارەساتە فراوانەکان).

چیرۆکی دڵداریش کە کوڕ و کچەکەی. بچووک بن، هەرچەندە شتێکی جوانە و دڵی خوێنەوار ڕائەکێشێ، بەڵام ئەو دوو پاڵەوانە ئەوەندە جیهانیان تاقی نەکردۆتەوە کە فێری ژیریی و کاردروستی و ڕاستبینی (صدق النظر) و هەستی قووڵ ببن، لەبەر ئەوە سەرمایەیەکی وێژەیی گەورە لەسەر زبانی ئەو دووانە بۆ چیرۆکنووس نایەتەکایەوە، لێرەدا نووسەر تووشی گیروگرفتێکی وێژەیی دێ، بۆ ئەمەی لەمە ڕزگاری ببێ؛ دێنێ دڵدارییەکە ئەخاتە ناوەند کچێکی تازە تەمەن و پیاوێکی دنیا دیدەوە. لە کچەکەدا گەرمایی لاویی هەیە، لە پیاوەکەشا دروستیی پیاو، کچە هەرچەندە گەورە نییە بەڵام بەجوانییەکەی پرشنگ ئەدا بۆ گەورەیی. واتا نیاز ئەخاتە دڵی پیاوەکەوە کە بۆ گەورەیی تێکۆشێ.

نووسەر دڵداریی و پاڵەوانەکانی دڵداریی ئەکات بەهۆیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیان و پێشاندانێکی ڕاستەقینەی ژیان... هەروەها نووسەر ئەهێنێ:

دڵداری ئەخاتە ناوەند دوو پاڵەوانی تێگەیشتووەوە، بۆ ئەمەی لە چیرۆکەکەیدا دوو شت کۆ بکاتەوە: شارەزاییەکی تێگەیشتووانە لە ژیان، وە سۆزێکی گشتی خۆشەویست.

جاری واش هەیە چیرۆکنووس دڵداریی لە شێوەیەکی ناسازدا پێشان ئەدا، بەرەنگاری یاساکانی کۆمەڵایەتی ئەکات، بۆ ئەمەی زەبروزەنگ و مەرگەساتەکانی دڵدارییەکە دەرخات.

جاری واش هەیە دڵداریی ئەخاتە شێوەیەکی دڕندەیی و ئەنگەوە، ڕەوشت و خوو لەناو ئەبات، ژن لە شێوەیەکی هەرزان و تاڵاندا پێشان ئەدات؛ وەک بابەتی بازرگانی، ئەکڕێت و ئەفرۆشرێ. یاخود پیاو ئەخاتە شێوەی گیانلەبەرێکی شێتەوە. هەستی خۆی پیس ئەکات و پیاوەتی خۆی کەم ئەکاتەوە.

ڕووداوە دڵدارییەکە هەر چۆنێک بێ، پێویستە چیرۆکنووس لە شێوەیەکی وادا دایڕێژێ کە دڵ و دەروونی خوێنەواران و گوێگران پاککاتەوە؛ کردەوە و ڕەوشتیان بڵندکاتەوە، ڕێگای گەورەییان پێشان بدات، هێز بدا بەدڵیان و مێشکیان پڕ کات لە هیوا و ئاوات و نیازی بڵند بۆ پاشەڕۆژ.

ئەم دەستوورە نەک هەر بۆ (دڵداریی) ئەبێ بۆ بابەتی (نیشتمانپەروەریی) و (پیاوەتی) و (مرۆڤایەتی) و (تووڕەیی) و (بەزەیی پیاهاتنەوە) و هەموو سۆزێکی تریش کە چیرۆک ئەیخاتە دڵ و دەروونی خوێنەوار و گوێگرەوە، بەکار بهێنرێ، بۆ ئەمەی چیرۆکەکە بەکەڵکی گوێگران و خوێنەواران بێت و بەمەبەستی وێژەیی خۆیشی بگات.

نموونەی پەخشانی کوردی

«شیکردنەوە و نرخی وێژەییان»

(١)

(چیرۆکی شاروخ و گوڵڕوخ)- مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سەججادی. ل ٨٩ «دوو برا هەبوون، یەکێکیان ناوی (بالی)بوو، یەکێکیان ناوی (بارام) بوو.

لەبەر هەژاری و بێ نەوایی هەستان، سەری خۆیانیسان هەڵگرت و کەوتنە وڵاتان، هەتا چوونە شارێکەوە. سەیریان کرد ئەم شارە هەمووی بەرگی ماتەمی پۆشیوە و کز و مەلولن. پرسیان ئەوە بۆ چ خەڵکی ئەم شارە ڕەشپۆشی بوون؟ وتیان: بەڵێ دوێنێ پادشای ئەم شارە مردووە و کەسیش لە شوێنی بەجێ نەماوە. لە زەمانێکی زۆر کۆنەوە لەم شارەدا بۆ دانانی پادشا: بازگەردان بووە، باز نیشتبێتەوە سەر هەر کەسێکەوە کردوویانە بەپادشا. ئێستەش ناچار ئەبێ سەرلەنوێ دەست بکەنەوە بەبازگەردان.

لە پاش چل ڕۆژی تر دیسان باز ئەگێڕنەوە بۆ ئەوە یەکێک بکەن بەپادشا. ئەمانیش هەروا بۆ خۆیان لەوێدا مانەوە بۆ ئەوە ئەو ڕۆژی بازگەردانە ببینن، کە چۆن باز ئەسووڕێتەوە و ئەنیشێتەوە بەسەر یەکێکەوە!؟»

***

لەم چیرۆکەدا، کە دیارە زۆر کۆنە، ئەم وشانە ئەبینین کە ئێستاکە بەکار ناهێنرێن، لەبەر گۆڕانی ڕەوشت و کردار و شارستانێتی، وەک: (بازگەردان، چەرخ و فەلەک، سێو خواردن بۆ سک و زا، تەلیسم، جادوگەری، قسەکردنی ڕێوی، لەشکری پەلەوەر و گیانلەبەر، سیمرغ، شاری گومەتە).

نووسینی چیرۆکەکە زۆر سووک و ڕەوانە. دڵی پیاو کێش ئەکا بەکارەساتە ڕەنگاوڕەنگ و سەیر سەیر و ناکاو و گرنگەکانی، بەپاڵەوانە نەبیستراو و نەبینراوەکانی، لە لایەکییەوە ڕەوشتێکی پاک و پوختەمان بۆ دەرخات، لەلایەکی تریشەوە ڕەوشت و خوویەکی زۆر نامەردانە و فڕوفێڵاویمان بۆ دەرئەخات. بەڵام ئەنجامی چیرۆک بەسەرکەوتنی پیاوی چاک و پاک و کردەوە جوان دوایی دێت. بەدوو پیاو خراپ ژێر ئەکەوێ. بەشادمانی و ئاشتی و دۆستایەتی و پەشیمانی لە گوناهـ و پێکگەیشتنی شاروخ و گوڵڕوخ و سەندنەوەی شایەتی و ئازادی بۆ شاروخ گەلەکەی ئەبڕێتەوە.

پیاو هەست بەخۆشییەک ئەکات لە بەرەنگاری کردنی زۆرداری و بەدکرداریدا، گێڕانەوەی مافی مرۆڤایەتی و سەر نەنگری بوونی پیاوخراپی بێ ئامان و سەرکەوتنی پیاوچاک و دادپەرست و سەربەرز دڵی خوێندەوارانی ئەم چیرۆکە خۆش ئەکات. چونکە هەستی دڵی کوردایەتی دەرئەبڕێ بەرامبەر ئەو گیروگرفتە کۆمەڵیانە کە هەموو دەم لەکۆڵی ئەبۆتەوە و تێکۆشاوە بۆ چارکردنیان. ئەم چیرۆکە خووڕەوشت و ناو دڵ و دەروونی کوردەواری زۆر بەجوانی و ڕووناکی پێشان ئەدا، لەبەر ئەوە نرخێکی وێژەیی بڵندی هەیە، چ لە شێوەی نووسینەکەدا، چ لە شێوەی داڕشتنەکەیدا وە چ لە ئەنجامەکەیدا، لەبەر ئەوە بەچیرۆکێکی وێژەیی نەتەوەیی کوردیی پەسەند ئەژمێرێ.

(٢)

(میوان و خانەخوێ)

-مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەدین سەججادی ل: ١٢٤ «جارێک سێ کابرای کورد ئەچن بۆ شوێنێکی دوور بۆ کاسبی، چەند ساڵێکیان پێ ئەچێ و هەریەکە سی دراوی ئەو دەورە پەیدا ئەکەن و ئەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، دنیا زستان ئەبێ، شەوێ ڕێیان لەو کوێستانە ئەکەوێتە گوندێک و ئەبن بەمیوانی ماڵێک... زۆر ماندوو ئەبن، دوویان خەویان لێ ئەکەوێ، یەکێکیان هەرچەندە ئەکا لەبەر پەژارەیی خۆی خەوی لێ ناکەوێ، هەڵئەستێ ئەچێتە گوێ ئاگردانەکە، کە خاوەن ماڵەکە ڕیشە سپییەکەی شۆڕکردۆتەوە بەسەریا ئەمیش وەکو ئەو کزۆڵە ئەکا!... گەلێ دائەنیشێ هیچیان دەنگ ناکەن.

دواجار میوانەکە ئەڵێ: مامە بۆ چ قسە ناکەی؟، ئەویش ئەڵێ: کەسی مامی من قسە بەپارە ئەکەم!، ئەڵێ: قسەیەک بەچەند؟، ئەڵێ: بەدە پارە!، کوڕە لەبەری گران ئەبێ، لە پاشان زۆر تامەزرۆی قسە ئەبێ، ئەڵێ: ها مامە ئەوە دە پارە قسەم بۆ بکە!...، پارەکەی لێ وەرئەگرێت و ئەڵێ: کەسی مامی ئەگەر دنیا زستان بوو بەفر لە زەویدابوو، ڕێت کەوتە شوێنێک و شەوتیامایتەوە، بەیانی کە هەستایت دنیا ساماڵە هیچ هەور بەعاسمانەوە نییە بەڵام کزە بای دێت، ئەگەر دەریشیان کردیت نەکەی لەو ماڵە دەرچیت تا کزە باکەی لەسەر ئەچێت!...، ئەمەی گوت و بێدەنگ بوو!...

***

ئەم چیرۆکە نموونەیەکی زۆر بڵندی پەخشانی کۆنی کوردییە، ڕەوشت و خووی کوردەوارییی، کەژی کوردستان لە زستاندا، پلەی زرنگی ڕیش سپیانی کورد، ئامۆژگاریی بەرز و بڵندی کورد، کارەساتی ئەنگ و ناپەسەندی کۆمەلایەتی و چارکردنیان کە لەکانی دڵی کوردەوارییەوە دێتە دەرێ، لەگەڵ سەرکەوتنی دەسپاکی ژیری و هێمنیدا، بەسەر ناپاکی و بەدخوویی و سەرچڵیدا پێشان ئەدا.

نووسینەکە سووک و ڕەوانە، هەرچەندە وشە و واژەی بێگانە و ناسازی تیایە، کارگوزاریی پاڵەوانەکانی و ڕەنگاوڕەنگی کارەساتەکانی لەگەڵ ئەو شتانەدا کە لەناکاو ڕوو ئەدەن و سەر لێیان سوڕ ئەمێنێ، هەروەها پێکهاتنی ئاواتی هەموو دەمەی کوردەواری کە لەناوبردنی زۆرداری و بەدکرداری و سەرخستنی دادپەروەری و کردەوەی بڵندە، دەرئەخا.

چیرۆکەکە چ لەشێوەی داڕشتنی و زبانەکەیا چ لە بابەت و مەبەسەکانیا، چ لەو ئامۆژگارییە بڵندانەدا کە پێشانمان ئەدا، دڵ و دەروونی کوردەواری و گیروگرفتی کۆمەلایەتیمان و چارکردنی پێشان ئەدا. لەبەر ئەوە پیاو هەست بەخۆشییەک ئەکات لە خوێندنەوەیدا، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی پیاوی ژیر و کردەوە بڵندی تیا سەر ئەکەوێ.

چیرۆکەکە، نموونەیەکە لەوێژەی کۆنی نەتەوەییمان، بەچیرۆکێکی بڵندی وێژەییمان ئەژمێرێ.

(٣)

قسەی پێشینان

(هاورێی منداڵ- شاکر فتاح- ل: ٣٩)

١- چاکە بکە و بیدە بەدەم ئاوەوە.

٢- کابە بڕوخێنە و دڵێ مەرەنجێنە.

٣- پرسابە و زانابە.

٤- شەڕ لە بێکاری چاکترە.

٥- ئەو جێیە خۆشە کە دڵ پێی خۆشە.

٦- قسە لە پاش حەو کێو ئەگاتەوە بەخێو.

٧- سەر بۆ سەربڕین نەک بۆ سەر زەنشت.

٨- کانییەک ئاوت لێ خواردەوە بەردی تێ مەخە.

٩- برا لەپشت برابێ مەرگ مەگەر لەلای خوابێ.

١٠- پاروو لەدەمدا کەوت بۆ کۆش باشە.

١١- ئەوەندەی بەرەی خۆت پێت ڕاکێشە.

١٢- زۆر ببیە بام لەکەم بکەی.

١٣- دۆست ئەوەتا ئەتگرێنێ، دوژمن ئەوەتا پێت پێ ئەکەنێ.

١٤- بۆیە پێت ئەڵێم کاکە، کە چۆلەکەم بۆ بگری.

(٤)

مەتەڵ

(هاورێی منداڵ- شاکر فتاح. ل: ٦١)

ئەمە چییە؟:

١- هەر ئەڕۆیت و نایگەیتێ؟

٢- بەسێ برا کلاوێکیان هەیە؟

٣- ئەملا پەرژین ئەولا پەرژین، تیایەتی کۆترێکی ئەخشین؟

٤- دەسی پیانەنێی دەم دائەچەقێنێ؟

٥- قەڵای گەچین، ڕێ نییە تێی چین؟

٦- کۆتکە دارێکە و ناوبژی کەری شارێکە؟

٧- هەناسە ئەدا، خاک ئەخوا، گیانلەبەر ئەخوا، دارئەخوا، کەچی کە ئاوی ئەدەیتێ ئەمرێ؟ [١]

---

(١) دیارە، ڕستەکان (ڕستەی پرس) نین، بەڵام ئەو نیشانە پرسانە نیشانەن بۆ ئەوەی ئەو ڕستانە مەتەڵن و داوای وەڵام دەکەن (هەڵهێنانیان).

(٥)

قسەی نەستەق

(فۆلکلۆر)

١- بانێکە و دوو هەوا.

٢- لە پاش باران کەپەنەک.

٣- سەگی کوونە ماسی باسی جرتاوا ئەکا.

٤- دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە.

٥- ماڵی خۆنە خۆر بۆ چەکمە بۆر.

٦- تۆبەی گورگ مەرگە.

٧- قسە هەزارە و دووانی بەکارە.

٨- تۆبەی گورگ مەرگە.

٩- چووم بۆ سمێڵ ڕیشم نایەبانی.

١٠- بەتەمای دراوسێ بی، بێ شێو سەر ئەنێیتەوە.

(٦)

مام ڕێوی

(هاوڕێی مناڵ- شاکر فتاح- ل ٤٣)

«مرهێلکە بۆ وەستاکە، وەستاکەوش کا. بۆ کێژکا، کێژ چۆپیکا. لە کانی کا. کانی ئاودا. بۆ داردا، دار گەڵادا. بۆ بز دا. بز شیردا. بۆ داپیرە دا، داپیر کلکە قوڵێم بداتەوە.»

(٧)

کۆمەڵی دەستەبرا

(هاوڕێی مناڵ- شاکر فتاح- ل: ٧) لە ١٩٣٣دانووسراوە، لە ١٩٤٨ لە چاپدراوە.

«بابەگیان.. سلێمانی: ١/ خەرمانان/ ١٩٦٠

ئەوەتی تۆ چوویتە شەقڵاوە بۆ سەرپەرشتی کاروبارت، من خەریکی کۆششم، بەسایەی خواو سەری تۆوە، لە تاقیکردنەوەدا بەیەکەم دەرچووم، مامۆستاکانیش بەبۆنەی لێ بوونەوەی تاقیکردنەوەوە ئاهەنگێکی گەورەیان لە خوێندنگادا کرد. هەرچی کەسوکاری شاگردەکان و پیاوی گەورە و زانست و تێگەیشتوانی شار هەیە، بەژن و پیاوەوە بانگ کرا بوون».

(٨)

انجمن ادیبان

(امین فیضی- استەمول- ربیع الأول سنە ١٣٣٩)

«مقدمە

ادباو شعـرای کـورد زورن. لاکن آثاریان بەتواوی جـمع و تالیف نکراو. من نیـتم کرد کە بعـضی لە اشعار کورد بابان طبع و نشربکم تا بزانری ملک بابان چند منبع فیض و ذکایە.

لشعر هر شاعری چند پارچەییکم انتخاب کرد. لو منتخبان رسالەی (انجمن ادیبان)م هینایە وجود. بم وسیلیە طالبان و راغبان کمیک خلاص بون لە شعر نوسینو لسر دفتر پارچە پارچە.»

(٩)

قسەی چاپ کرو بلاو کر

(کومەڵە شعری حاجی قادری کویی-عبدالرحمن سعید- بەغدا ١٩٢٥)

«هموکس دزانی کـە ملت بەتاریخ و ادبیاتیـەوە خوی دنوینی، و بواصـتـە ئەم دو چک گـوریە و همیش ژین و سربخویی خوی ڕاگرتو وایدکری. بلام بو گیشتن بم هیوایە لازم تاریخ ادبیاتی بیگری و آگاداری بکری. امش بچاپ کردنو مومکن دبی. چونک لچاپ ندری برابوردنی زمان دفوتی.

بلی! وکـو اودباو حکمای کـورد زور کارشیان (آثار) لە ژماردن نـایی، بلام لەبەر فقیری و جور زمان- هموش نبی- گلیکی فـوتاو و بم ترح نسل حازر کوردان لگنج علم و معـاقی اودباو حکمـای پیشـودا بی بەش کراو. ولسر گوزشتی (حاجی) وهادیار کە اشعـاری زوربوە بلام لبر اوێ کە لچاپ ندراو دیسان فوتاون. حیف و مخابن!... لگل امشدا براستی آواتم اخواست کە اشعاری ام ملتپروری پر عزم و متانت کوبکمو لچاپی بدم».

(١٠)

میرانی سۆرانی

(مێژووی میرانی سۆران -حسێن حزنی- ڕەواندز ١٩٣٥)

«دەمەویست بەدوور و درێژی مێژووی میرانی سۆرانی ڕەواندز لە چاپ بدەم وە بەگەلێک وێنەی کێو و شار و قەلاّ و کونگرە و پردەکان و آثاری سۆران برازێنمەوە، بەلاّم چەندە تەقەلاّمدا، بۆم ڕێک نەکەوت، هێندێک چت بوونە بەرهەڵست لەبەر ئەوە پێم نەکرا درێژە بەمێژووی ئەم بنەماڵە گەورەی کوردی سۆرانە بەم کە لەهەمـوو لاپەڕەیکی دێرێک (مێـژوو)یاندا هەزاران سەربەرزی و گەردان فرازی کـوردی تێدایە و شـایانی هەمـوو سـپـاسـێک و پێـدا هەڵگوتنێکن. تنوکی ڕەش و ڕەخنە لەسـەر هیچ لاپەڕەیکیـاندا پەیدانابێ، ویەکسەر بەآزادی و آرەزویکی خاوێنەوە بەبێ دەسیسە فەرمان ڕەواییان کردوە.»

(١١)

پێشکەش

(بەرگی دووەمی شعر و أدبیاتی کوردی- ڕەفیق حلمی بغداد١٩٥٦)

«بوێژەکان و ئەدیبەکانی کورد، بەرامبەر بەقەومی خۆیان پێویستییەکی گەورەیان لەسەرە. مێژوو لە داڕۆژا لەناو (ویژە) و (وتار)ەکانی ئەوانا بۆ هۆی دواکەوتن، وە یا پێشکەوتنی کورد ئەگەری، لەبەر ئەمە ئەبێ ئێمەیش وشیار بین و ڕێی ئەوەیان نەدەین کە سەرمایەکانیان بەفیڕۆ بدۆڕێنن، واتە پێویستە لە (ویژە) و (وتار)ەکانیان وردبینەوە و سەرنجیان بدەینێ تاکو بیانکەین بەرانبەری قەومەکەیان. بەم ڕەنگە ئەو پێویستەی لە سەریانە سووک ئەبێ و بەجێی ئەهێنن و لە ڕاست پرسینەوەی مێژوودا شەرمەسار نابن، ئینجا لەبەر ئەمەیە کە ئێمە ئەم نامیلکەیە پێشکەشی ئەو خوێنەرە بەڕێزانە و بەتایبەتی پێشکەشی ئەو لاوانە ئەکەین کە لە باریانا هەیە خزمەتی قەومەکەیان وە ولاتیان بکەن و نرخێک نادەن بەچرپە چرپی هەندێ کەس کە لەجیاتی تێ بکۆشن و یارمەتی خۆیان پێشکەش خاوەن تەقەلاکان بکەن- تەنیا بەتوانج و ڕەغنەی پووچ و عەزم شکێن کە لە بناغەی یەکێتییان ئەکەن!»

(١٢)

حاجی لە حەج هاتەوە

(خانزاد- جمال عبدالقادر بابان- بەغدا ١٩٥٧)

«لەتەلارە دوو نهۆمەکەی ماڵی کاکلی حاجی مەحمو عەشاماتێکی زۆر لە خەڵکی دێیەکە گرد بووبوونەوە، هەر کەسە تەکانی ئەدا بۆ پێشەوە و هەوڵی ئەوەی بوو کەلەبەرێک بخاتە قەڵەباڵغەکەوە تا خۆی بگەیەنێتە دەستە پیرۆزەکانی مام کوێخا و ماچیان بکات بەهۆی گەڕانەوەیەوە لە ماڵی خوا، بەڵام هەریەکێک لەوانەی بەپێوە وەستابوون هەنگاوێکیان نەئەنا بۆ پێشەوە تا شەش هەنگاویان ئەبردنەوە دواوە لە کاتێکا کە لێشاوی خەڵکەکەیەقی ئەدایەوە بۆ پاشەوە. خۆ بۆنی هەناسە و چەرە دوکەڵی جگەرە و قەندە و سەبیل کە لەگەڵ بۆنی خەڵوزی ئەگەشاوەی چا لێنانا و دوکەڵی داری تەڕی خۆش نەکراوی چێشت لێ نانا تێکەڵاو ئەبوون، بەمە زۆربەی خەڵکەکە تەنگەنەفەس ئەبوون و ئارەقیان ئەڕشت. بەڵام کێ گوێی ئەدایە خۆی؟»

(١٣)

ڕێگای کامەرانی

(هیوا- ژمارە-١- بەغدا ١٩٥٧ شاکر فتاح)

«کامەرانی یان سعادت ئەوەیە مرازی هەموو لایەکمانە. کەس نییە بۆ کامەرانی تێنەکۆشێ، لە ڕاستیدا هەموو کردەوە و کارێکمان ڕووە و کامەرانی ئەچێ، ئەگەر ژین کامەرانی لێ بکەیتە دەرێ ئەبێتە دۆزەخ کە لە مردنیشی خراپترە، کەواتە کامەرانی ئامانجی هەموو کەسێکە و نیازی هەرە نازداری هەموو گیانلەبەرێکە، بۆ هەر بابەتێکی ژیان تێکۆشین هەر شتومەکێ پەیداکەین، بەهەر جۆرێک

بجوڵێینەوە مەبەسمان گەیشتن بەکامەرانییە.

کەواتە کامەرانی ئاواتی ژیانە، نیشانەی زیندوێتی و سەرکەوتن و بەرکەوتنە لە ژیانا، بەڵکو جوانی ژین و گیانی ژیانە».

(١٤)

کوردایەتی

(کوردایەتی - کامل ژیر - بەغدا ١٩٦٠)

«کوردایەتی بیروباوەڕە و بەرزترین بیروباوەڕمانە. کوردایەتی ئامانجە و ئامانجی نزیک و دوورمانە. کوردایەتی ڕژێمە و ڕژێمی گونجاوی پاشەڕۆژمانە، کوردایەتی: یەکسانییە و هەموو کوردێک لە سایەیدا چوون یەک ئەژین.

کوردایەتی مرۆڤایەتییە و بەیەک چاو ئەڕوانێتە هەموو نەتەوەکانی سەر زەمین. کوردایەتی: ڕاستییە و ڕاستییەکی مێژوویی چەسپیوی هەمیشەیی نەمری بێ هاوتایە. کوردایەتی: بزووتنەوەیە و بزووتنەوەیەکی بێ وچانی ڕێکوپێکی ئازادی خوازانەی هەتا هەتایە.

کوردایەتی: خواپەرستی و بێ زیانی و ئاشتیخوازی و دۆستایەتیی دۆست پەروەرانە. کوردایەتی چالاکی و جەربەزەییە، لە خۆبوردن و فیداکاری و بەربەرچدانەوەی زۆردار و داگیرکەر و هێرشی هێنەرانە.

کوردایەتی: سەربەستی و سەربەخۆیی و خۆشەویستی و ڕەوشتپاکی و بەختیاریی ژیانە...

ئەم دیوانە پێشکەشە بەشاگردانی ئەم بیروباوەڕە پیرۆز و جوانە».

(١٥)

لەنگەری پێشکەوتن

(ڕۆژی نوێ- ژمارە-٥- ساڵی-٢- ئاب ١٩٦١ شاکر فتاح)

«ئەی کاربەدەستانی جیهان! ئێبالمان بەئەستۆتان، گەلی کوردیش وەک گەلی خۆتان تەماشاکەن. لە دۆستایەتیمان کەڵک وەرئەگرن، نەک لە دوژمنایەتیمان.»

(١٦)

دوا تکام

(ژیانێکی پڕ ئەندێشە- پاکیزە ڕەفیق حلمی. بەغدا ١٩٦١)

«کوردی خۆشەویست

ئەم سکالایە... چەند ساڵێکە لە دڵمدا دەکوڵێ! ... تا لەم دواییەدا بەتەواوی جۆشی سەند، بەبۆنەی کۆچی دوایی باوکمەوە هەڵچوو... وا ئەوەی توانیم بۆم خستنە ئەم چەند لاپەڕەیەوە... بەڵکو دڵی ئێوەش بخرۆشێنێ، هەستی کوردایەتیتان ئەوەندەی تر ببزوێنێ.

ئێوەش...! كوردایەتی بكەن وەک من... بی پەرستن! خۆتانی بۆ بەخت كەن، خوێنی گەرمی پڕ جۆشی پاكی بۆ بڕێژن، بەڵكو...! داری سەربەستی ببوژێتەوە لە كوردستانی ئازیزدا و بێتەوە بەر. بەڵكو...!».

پەیمانگای بڵندی زبان

بەشی كوردی

نرخی وێژەیی- پۆلی چوارەم

تاقیكردنەوەی دوایی -١-

ماوە: سێ كات

پ١/ جیاوازی ناوەند چیرۆک و چیرۆكی لاسایی بنووسە.

پ ٢/ هۆی پاشكەوتوویی وێژەی پەخشانی كوردی چییە؟

پ ٣/ سۆز چییە؟

ئەندازەكانی نرخی وێژەیی سۆز چین؟

پ٤/ نرخێكی وێژەیی (لە بابەت ئەندێشەوە) بۆ ئەم بەرهەمە دابنێ: (ماڵمان باخ، ژوورمان ژێر چنار، قالیچەمان سەوزەگیا بوو... بۆن و مێخەكمان گوڵەباخ، گۆرانی بێژمان بلبل و قومری، ساز و ئاوازمان دەنگی قاز و قولنگ. تافە تافی تاڤگە، خوڕەی ئاو، ورشەی گیا، دەنگی شەكانەوەی لقی چنار بوو. چراخانمان مانگ و ئەستێرە، باوەشێنكەرمان لقی شۆڕەبی بوو).[1]

شاكر فتاح

١٩٦٤/٥/٨

(١) نموونەی پرسیاری تاقیكردنەوەكانی مامۆستا، كە لە ناو دەفتەری موحازەراتەكانیدا پاراستبوونی.

مێژووی پرۆژەی خوێندەواری کورد

نوسینی: شاکر فتاح

لە بابەت مێژووی (پرۆژەی خوێندەواری کورد) و (ژیانی خۆم)ەوە گەلێک جار مامۆستایان و خوێندکاران و شاگردان و رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران داوای زانیارییان کرد، بەرە بەرە یادنامەکانی خۆم بلاوبکەمەوە. لەبەر ئەوە بەپێویستم زانی نووسراوێکی وا پێشکەشی خوێندەوارە خۆشەویستەکانم بکەم، تا ئەوانەی دڵیان بەنووسراوەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد) داچووە، یاخود بەپێی پیشەکەیان پێویستییان بەم جۆرە زانیارییە هەیە، بتوانن بیکەن بەسەرچاوەیەک بۆ خۆیان و، کەڵک و خۆشیی لێ وەربگرن. ئەم (٥٧) ساڵە بەسەر دامەزراندنی ئەم (پرۆژە)یەدا تێپەڕیوە.

لەسەر بنچینەی ئەو بروانامانە (وثائق)ی لەبەردەستمدان ئەم یادنامەیەم نووسیوەتەوە. ئەگەر کەموکورییەکی هەبوو، تکایە ببەخشن. لە راستیدا (نەتەوەی کورد) داماوی (نووسراوخانەیەکی گەورە)یە کە هەموو لکێکی (خوێندەواری) بگرێتەوە. منیش خەبات بۆ ئەوە دەکەم کە کەلێنێک لەو داماوییە پڕ بکەمەوە، خودا یار بێ و یارمەتیی دۆستان لە ئارادابێ، (پرۆژەی خوێندەواری کورد هەر لە گەشەکردن و پەرەسەندندا دەبێ یا بەو ئامانجە دەگات لە خودام دەوێ بەو ئامانجەم بگەیێنێ، چونکە بەبێ خوێندەواری هیچمان سەرناگرێ.

ئەمەندە و رێز و سوپاسی گەرم و گوڕم بۆ ئەو دەسگایانەی یارمەتی یان داوم پێشکەش دەکەم.

شاکر فتاح

خاوەنی پرۆژەی خوێندەواری کورد

سلێمانی ١٩٨٤/٣/١٨

پرۆژەی خوێندەواری کورد چییە و چ ئامانجێکی هەیە؟

(١)

مەبەس لە (پرۆژەی خوێندەواری کورد) ئەوەیە: بەهۆی وتار- خوێندنەوە و، وتار نووسین و، نووسراودانان و، نووسراو پەرچڤەکردن و بلاوکردنەوەیانەوە، مێشکی هاونیشتمانە کوردەکان رۆشن بکرێتەوە و ئاراستەیش بکرێن بۆ ئەمەی بەکەڵکی (کورد) و (کوردستان) بێن و مرۆڤایەتی هەروەها مەبەس لە (پرۆژەی خوێندەواری کورد) ئەمەیە: دەستی یارمەتی درێژ بکات بۆ هەموو خوێندەوارێک و، بۆ هەموو دەسگایەکی خوێندەواری و، بۆ هەموو کوردێکی داماو و لێ قەوماو کە هەڵبگرن یارمەتی یان بدرێت و، لەوانەیش بن بەکەڵکی (کورد و کوردستان) بێن و مرۆڤایەتی، ئامانی ئەم پرۆژەیەیش پێشکەشکردنی خۆرشتی گیان و، زاخاوی مێشک و رۆشنکردنەوەی دەروونە بۆ (خوێندەوارانی کورد) بزواندنی دەماری مەردایەتیی (خوێندەوارانی کورد)ە بۆ فرمانکردن، لە کۆڕی نیشتمانپەروەریدا بۆ (پێشکەوتنی کوردەواری).

هەروەها گەشەکردن بە(وێژە) و (زمانی کوردی)یە، کە پەل بۆ ناو هەموو و زانست و هونەرێک بهاوێژێت و تێیدا بلاوبێتەوە. دروستکردنی (خوێندەواریەکی بلاو) و (نووسراوخانەیەکی نوێ)یە، کە بۆ هەموو لکێکی ژیان کەلکی لێ وەربگیرێت.

پرۆژەکە بریتییە لە (١١٩) نووسراوی هەلبژاردە و ناوازە، لە بەرهەمە هەرە گرنگ و هەرە بەناوبانگەکانی رۆشنبیرانی رۆژئاوا و رۆژهەلات، کە دابەش کراون بەسەر (٢٠) زنجیرە نووسراوی جۆیَ جۆیدا.

نووسراوەکان بەپوختەی خوێندەواریی کۆن و نوێی جیهان دەژمێرێن.

نووسراوەکان هەموویان لەلایەن (شاکر فتاح) خۆیەوە گۆراونەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی بەشێوەکی وەهایش نووسراونەتەوە کە هەموو کەس بەئاسانی تێیان بگات و، خۆشی و کەلکیشیان لێ وەربگرێت. تەنیا لەسەر خواستی هەندێک رۆشنبیران، ئەو نووسراوانەی خۆیشم دامنابوون کە بریتین لە (٤٦). نووسراو، لە نووسراوانی پرۆژەکە دانران. بەهەموویانەوە دەبێتە (١٦٥) نووسراو لە (٢٠) زنجیرەدا.

مێژووی پرۆژەی خوێندەواری کورد

(٢)

هەر چەندە ئەم پرۆژەیە لە سالی ١٩٦٧دا ناوی نرا: (پرۆژەی خوێندەواری کورد) و، لە پایزی ئەو سالەوە سەرلەنوێ بلاوکرایەوە، بەلام لە راستیدا سەرەتای دامەزراندنی دەگەرێتەوە بۆ سالی ١٩٢٧ چونکە لە سالی ١٩٢٧دا بوو کە یەکەم وتاری خۆم لە رۆژنامەی (ژیان)دا لە شاری (سلێمانی)دا بلاوکردەوە، لەژێر ناوی (هاواری وەتەنە خۆشەویستەکەمان)دا. ئەوساکە تازە تەمەنم لە چواردە سالی تێپەری کردبوو. شاگردێکی پۆلی شەشەمی خوێندنگای سەرەتایی یەکەمی سلێمانی بووم. ئەوساکە نووسراوانی کوردی لە رێزەی نەبوواندا بوو بەزەییم بەنەتەوەکەماندا دەهاتەوە، کە نووسراوەکانمان وا بەجگار کەم بوون. لەبەر ئەوە بەپێویستم زانی، منیش بەشی خۆم لەم مەیدانەدا خەبات بکەم تا سامانی نەتەواتییمان لە کۆری خوێندەواریدا بێتە بەرهەم و گەشە بکات و پەرەبستێنێت.

هەر لەوسالەدا دوو نووسراوم: (گۆرانیی کوردی) و ژمێر و هەلهێنانی هەندێک مەتەلی ژمێر) هەروەها (١٥٠) چامەیشم لە بەرهەمی بوێژەکانمان: (نالی) و (سالم) و (کوردی) و (حەریق) و (غەریق) کۆکردەوە و ناردم بەدیاری بۆ خوالێخۆشبوو (داماوی موکریانی) لە رەواندز کە لە گۆڤارەکەیدا چاپیان بکات.

هەروەها زۆربەی چامەکانی بوێژی بەناوبانگ (مستەفا بەگی کوردی)یشم کۆکردەوە و، ناردم بۆ خوالێخۆش بوو (کاک فەتحوللا ئەسعەد) بەدیاری، لەسەر خواستی خۆی، کە لەسەر ئەرکی خۆی چاپیان بکات.

لە ساڵی ١٩٢٨یشەوە دەستم کرد بەنووسینی گەشتنامەکانم لە بابەت ناوچەکانی (کوردستان)ەوە کە هاوینان بۆیان دەچووم. لە ساڵی (١٩٣٠)یشەوە دەستم کرد بەنووسینی (بیرەوەری) و (یادنامە)کانم. لەساڵەکانی ١٩٣٢ و ١٩٣٣ و ١٩٣٤یشدا گەلێک وتارم لە گۆڤارەکانی (هاوار) و (دیاریی لاوان) و (یادگاری لاوان) و ڕۆژنامەی (ژیان)دا بڵاوکردەوە. یەکەم نووسراویشم کە بریتی بوو لە چیرۆکی (خانووی تازە) لە ساڵی ١٩٣٣دا چاپ کرد و بڵاوکردەوە.

ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان دانرابوو. لە عەرەبییەوە گۆڕیبوومە سەر زمانی کوردی ئیتر لەوە دواوە هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی کوردی دەرچوو بێت و داوای وتاری لێ کردبم بۆم ناردووە. لەوانە گۆڤارەکانی (گەلاوێژ) و (نزار) و (هیوا) و (ڕۆژی نوێ) و (هەتاو) و (ڕووناکی) و (بەیان) و (ئەستێرە) و (برایی) و (برایەتی) و (کاروان) و (شەفەق) و (ڕزگاری) و ڕۆژنامەکانی (ژین) و (هەولێر) و (زبان) و (برایی: التآخی) و (خەبات)... بەنموونە دەهێنمەوە.

لە ساڵی ١٩٣١دا نووسراوخانەیەکی تایبەتیم لە ماڵی خۆماندا دامەزراند، ناوم نا: (نووسراوخانەی گوڵزاری کوردستان). بەرە بەرە هەرچیم دەستکەوت لە گۆڤار و نووسراو و ڕۆژنامەی کوردی، لە چاپکرا و، دەستنووس لەم کون و لەو قوژبن، لەم ماڵ و دووکان و لەو مزگەوت لەو نووسراوخانەیەمدا کۆم کردنەوە. لە پایزی ساڵی ١٩٦٧دا ناوی پرۆژەکەمم لە ڕۆژنامەی (برایی: التآخي)دا، ژمارە (٢٩) و (٣٠) بڵاوکردەوە، ناوم نا: (پرۆژەی خوێندەواری کورد).

لە ساڵی ١٩٦٨دا نووسراوخانەیەکم لە بازاڕدا دامەزراند بۆ هەمووان، ناوم نا: (نووسراوخانەی پرشنگ). لە ساڵی ١٩٧١دا نووسراوخانەکەم گواستەوە بۆ گۆشەیەکی جیاکراوە لە خانووەکەی خۆمدا لە (سلێمانی). بەڵام ناوەکەیم گۆڕی و کردم بە(نووسراوخانەی پرۆژەی کورد). هەر لەسەرەتای تێکۆشانمەوە تا ئێستا (١٦٥) نووسراوم هێناوەتە بەرهەم. لەمانە (١١٩) نووسراویانم لە زمانی ترەوە کردووە بەکوردی (٤٦) نووسراویشیان هی خۆمن، خۆم دامناون لە هەموویان تا ئێستا (٦٤) نووسراو چاپکراوە بێجگە لەمانە تا ئێستا پتر لە (٢٠٤) وتاریشم بەکوردی و عەرەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکردۆتەوە. (١١٢) وتاریشم لە (ڕادیۆی کوردی)دا لە (بەغدا)دا (٦) وتاریشم لە (تەلەفیزیۆنی کوردی)دا لە (کەرکوک)دا بڵاوکردۆتەوە. لە (٦) نووسراویشدا کە بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی: المديرية العامة للدراسة الكردية) پەرچڤە کراوە هاوبەشیم کردووە.

ئامانجی هەرە گەورەی پرۆژەکەم ئەمەتا هەموو نووسراوەکانم لەچاپ بدات. بەڵام داخەکەم چاپکردن ئەمەندە بەگران دەست دەکەوێت و بەگرانیش دەکەوێتە سەر پرۆژەکە، دەرفەتێکی زۆر تەنگ و تەسکم پڕ تەنگ و چەڵەمەم بۆ ماوەتەوە و کە نووسراوەکانی تێدا چاپ بکەم. لە ڕاستیدا چاپکردنی ئەم هەموو نووسراوانەم مەگەر هەر لە دەست دەسگایەکی چاپەمەنیی نیشتمانی بێت کە بیگرێتە ئەستۆی خۆی. لەگەڵ ئەمیشدا هەر هیوام بەخودایە کە کارم بۆ ئاسان بکات لەسەر دەستی کاربەدەستە بەڕێزەکانی کوردستاندا. چونکە وەک زانیوم کۆشش لە ئارادایە کە دەسگای (ڕۆشنبیری و لاوان) لە ناوچەی (فەرمانداریی خۆیی کوردستان)دا، چاپخانەیەکی گەورە لە شاری (هەولێر)دا دابمەزرێنێ، بۆ

یارمەتیدانی چاپەمەنیی کوردی. کاشکی ئەم ئاواتە زوو بهاتایەدی. تا منیش و کەسانی تریش لە گیروگرفت و بارە ناهەموارە ڕزگارمان ببووایە. تا نەتەوەکەمان و نیشتمانەکەمان زووتر و زۆرتر تیشکی خوێندەوارییان تێدا بلاوببووایەتەوە چونکە (خوێندەواری) کە (زانیاری) و (کردەوەی بلند)یش دەگرێتەوە تەنیا بنچینەیەکی سەرگرتنی هەموو کارێکی پەسند و بلندە و، بێ ئەویش هیچ کارێکمان سەرناگرێت و پێک نایەت.

پێش ئەمەش ئەم بەشە لە نووسراوەکەمدا تەواو بکەم، بەپێویستی دەزانم سوپاسێکی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییانە بکەم کە وتارەکانمیان بلاوکردۆتەوە، هەروەها پێشکەش ئەو دەسگا ڕۆشنبیرییە کوردییانە بکەم کە ئێستا لە کاردان وەک: (دەسگای خوێندنی کوردی) و، (دەسگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی)، (دەسگای ڕۆشنبیری و لاوان) و (دەسگای زانکۆی سلێمانی) و (دەسگای تەلەفزیۆنی کوردی) و (دەسگای ڕادیۆی کوردی) کە هەریەکەیان بەپێی توانا یارمەتیی پرۆژەکەمیان داوە و، تا ئەندازەیەکیش بەرهەمەکانمیان بلاوکردۆتەوە. بێجگە لەوە لە کانگای دلیشمەوە لە خودا داوا دەکەم زۆرتر سەریان بخات لەم کارە پیرۆزانەیاندا کە کەلکێکی زۆری هەیە بۆ نەتەوەکەمان و نیشتمانەکەمان.

ناوی زنجیرەی نووسراوەکانی پرۆژەی خوێندەواری کورد

(پرۆژەی خوێندەواری کورد) نووسراوەکانی بەسەر (٢٠) زنجیرەدا دابەش کراون کە ئەمانەن:

١- ئایینی
٢- زرنگکاری (سیاسی)
٣- وێژەیی
٤- زانستی ڕەگەز (علم الجنس)
٥- دادپەروەران
٦- زانستی خۆناسین (علم النفس)
٧- تەندروستی
٨- لەبەردەم دادگاهدا
٩- هونەرەکانی ژیان
١٠- زانستی پەروەردەکردن (علم التربية)
١١- ژیانی هونەرمەندان
١٢- خۆش ڕابواردن (التسلية)
١٣- ڕاستی پەرستی (الفلسفة)
١٤- زمان
١٥- نیشتمانپەروەران
١٦- کار و پیشە

١٧- دوارۆژی مرۆڤایەتی
١٨- گۆڤار و ڕۆژنامە
١٩- گەشتوگوزار
٢٠- زانستی گشت لایی، یاخود (زانیاریی هەموو جۆرە)

ڕستەی ناوی ئەو نووسراوانەی
دامناون لە ساڵەکانی ماوەی (١٩٢٧)ەوە تا (١٩٨٤)

(٥)

تا ئێستا (٤٦) نووسراوم داناوە کە ئەمانەن:
١- ژمێر هەڵهێنانی هەندێ مەتەڵی ژمێر: ساڵی ١٩٢٧
٢- گۆرانیی کوردی: ساڵی ١٩٢٧
٣- گەشتی شارباژێر: ساڵی ١٩٢٩
٤- گەشتی پێنجوێن: ساڵی ١٩٣٠
٥- یادنامەی: ساڵی ١٩٣٠
٦- یادنامەی: ساڵی ١٩٣١
٧- یادنامەی: ساڵی ١٩٣٢
٨- گەشتی سوریە و لوبنان: ساڵی ١٩٣٢
٩- گەشتی هەڵەبجە و هەورامان: ساڵی ١٩٣٢
١٠- یادنامەی: ساڵی ١٩٣٣
١١- گەشتی سرۆچک: ساڵی ١٩٣٣
١٢- فەرهەنگۆک بەکوردی و ئینگلیزی: ساڵی ١٩٣٤
١٣- کۆمەڵە ڕۆژنامەی خورماڵ: ساڵی ١٩٤٠
١٤- کۆمەڵە ڕۆژنامەی باسەرە: ساڵی ١٩٤٢
١٥- کۆمەڵە ڕۆژنامەی چەمچەماڵ: ساڵی ١٩٤٦
١٦- پرشنگ: ساڵی ١٩٤٧
١٧- شەبەنگەبەڕۆژ: ساڵی ١٩٤٧
١٨- گەورە پیاوان: ساڵی ١٩٤٨
١٩- هاوڕێی مناڵ: ساڵی ١٩٤٨
٢٠- فێربوونی زمانی کوردی و عەرەبی: ساڵی ١٩٤٩
٢١- کۆمەڵە ڕۆژنامەی ئاکرێ: ساڵی ١٩٥٠
٢٢- نووسراوی ئاکرێ (بەعەرەبی): ساڵی ١٩٥١

٢٣- ئافرەتی کورد: ساڵی ١٩٥٨
٢٤- ژینی نوێ: ساڵی ١٩٥٩
٢٥- ئاوێنەی ژینم: ساڵی ١٩٦٢
٢٦- خوێندنەوەی باو: ساڵی ١٩٦٢
٢٧- هاواری پێشکەوتن/١: ساڵی ١٩٦٣
٢٨- چیرۆکی مەم و زین لە تەرازوودا: ساڵی ١٩٦٩
٢٩- یەزیدییەکان و ئایینی یەزیدی: ساڵی ١٩٦٩
٣٠- زێوەر: ساڵی ١٩٧٢
٣١- مەلا کاکە حەمە: ساڵی ١٩٧٢
٣٢- بێکەس: ساڵی ١٩٧٢
٣٣- داماوی موکریانی: ساڵی ١٩٧٢
٣٤- حاجی قادری کۆیی: ساڵی ١٩٧٢
٣٥- بیرەوەری و یادگار: ساڵی ١٩٧٢
٣٦- ژن هێنان لەناو کوردەواریدا: ساڵی ١٩٧٣
٣٧- گیروگرفتەکانی ڕۆشنبیریی کوردی و شێوەی چارەکردنیان: ساڵی ١٩٧٧
٣٨- المرأة الكردية: ساڵی ١٩٧٧
٣٩- هاواری پێشکەوتن/٢: ساڵی ١٩٧٧
٤٠- مشاكل الثقافة الكردية وطرق معالجتها: ساڵی ١٩٧٧
٤١- خودای هەژاران: ساڵی ١٩٧٨
٤٢- مێژووی پرۆژەی خوێندەواری کورد: ساڵی ١٩٧٩
٤٣- گیروگرفتەکانی ڕێنووسی کوردی و شێوەی چارەکردنیان: ساڵی ١٩٨٠
٤٤- ئاهەنگی ڕۆشنبیران: ساڵی ١٩٨٠
٤٥- خەباتی ڕۆشنبیران: ساڵی ١٩٨٣
٤٦- ڕێگایەک بۆ پێشکەوتن: ساڵی ١٩٨٤

ڕستەی ناوی ئەو نووسراوانەی کردوومن بەکوردی
(١٩٣٣) لە ساڵەکانی ناوەند و (١٩٨٤) دا

(١)

لەم ماوەیەدا (١١٩) نووسراوم کردووە بەکوردی کە ئەمانەن:

* ئایینی: ٢٥ نووسراوە:

١- مووسا: دانالی
٢- کۆنفۆچۆوس: هەنری تۆماس
٣- عیسا: فۆلتۆن ئۆسار
٤- ڕابیعەی عەدەوی: کامیل موحەمد کامیل
٥- شێخ محەممەد عەبدە: عوسمان ئەمین
٦- ڕۆژ و فرمان: هەسیود
٧- بوودا: ئەحمدول شەنتەناوی
٨- محەممەد: محەممەد بەدرەدین خەلیل
٩- ئایینی بەهائی: سەلمان حەلیم
١٠- زەردەشت: ئەحمەدول شەنتەناوی
١١- ئینجیلی یووحەننا بەکوردی
١٢- ئینجیلی یووحەننا بەعەرەبی
١٣- ئینجیلی لۆقا بەکوردی
١٤- ئینجیلی لۆقا بەعەرەبی
١٥- ئینجیلی حەتتا بەکوردی
١٦- ئینجیلی حەتتا بەعەرەبی
١٧- ئینجیلی مەرقۆس بەکوردی
١٨- ئینجیلی مەرقۆس بەعەرەبی
١٩- کردەوەی نێرراوان
٢٠- زامەکان
٢١- خەوەکەی یووحەننا
٢٢- زەبوور
٢٣- پەندەکان
٢٤- تەورات بەکوردی
٢٥- تەورات بەعەرەبی

(٢)

* زرنگکاری «سیاسی»: ٩ نووسراو:

٢٦- نووسەرانی شۆڕش: سەلامە مووسا

٢٧- هەریەک جیهانە: وێندل ویلکی

٢٨- (کۆمار)ی ئەفلاتوون: ئەفلاتوون

٢٩- رزنگ کاری: ئەرەستوو

٣٠- ڕیشیلیۆ: ڕیشیلیۆ

٣١- شاهزادە: نیکۆلۆمیکیاڤیللی

٣٢- بیروباوەڕی سەربەست لە زرنگکاریدا: بەرناردشۆ

٣٣- یوتۆپیا: تۆماس موور

٣٤- پەیمانی کۆمەلایەتی: ژان ژاک رۆسۆ

(٣)

* ویژەیی: (١) نووسراوە:

٣٥- هەڵبژاردەی چیرۆکی هیندی: محەمەد عیتانی

٣٦- مەم وزین- ئەحمەدی خانی: محەمەد سەعید

٣٧- گرۆزی: ئەلبەرتۆ مۆراڤیا

٣٨- پیاوی چارەنووس: بەرنادشۆ

٣٩- دۆن کیشۆت: سێرڤانتس

٤٠- ئەلیادە: هۆمیرۆس

٤١- ئۆدیسە: هۆمیرۆس

٤٢- بەزمی خودایی: دانتی

٤٣- بەڵقیس کچەشای سەبە ء: ساڵی ١٩٣٣

٤٤- خانووی تازە/ کامیل گیلانی: ساڵی ١٩٣٣

٤٥- چیرۆک بۆ منداڵان/ کامیل گیلانی: ساڵی ١٩٣٣

(٤)

* زانستی ڕەگەز: (٥) نووسراوە:

٤٦- زیندویی ڕەگەز: بەرنار ماکفادن

٤٧- دڵداری و ژن و مێردیی: محەمەد فائیقول جەوهەری

٤٨- دڵداری، ڕەگەز، ناپاکی: لویس بیش

٤٩- سۆسان ئەنتۆنی: هەنری و داناتۆماس

٥٠- جوانیی ئافرەت: لویس ستانلی

(٥)

* دادپەروەران: (٥) نووسراوە:

٥١- ئەبراهام لینکۆلن: قەدری قەلعەچی

٥٢- جەمالەدینی ئەفغانی: قەدری قەلعەچی

٥٣- مەدحەت پاش: قەدری قەلعەچی

٥٤- سەلاحەدینی ئەییووبی: محەمەد سەبیح عەبدولقار

٥٥- ژیانی نەهرۆ: نەهرۆ

(٦)

* زانستی خۆناسین: (١٦) نووسراوە:

٥٦- هونەری سرەوت بەخۆدان: وێلفرید نۆرثفیلد

٥٧- سامانێک بۆ دابەش کردن: ڤاش یۆن

٥٨- ڕێگای سەرکەوتن: والتەر .ب. پەتکین

٥٩- ترس: و. ج. ماکیراید

٦٠- کلیلی کەسایەتی: ڤەرجینیاکایس

٦١- نیاز بەخشین بەخۆ: ولیەم فیلدینگ

٦٢- نوواندنی موگناتیسی: ئەبومیدیەنولشافیعی

٦٣- خەولێکدانەوە: سیگمۆند فرۆید

٦٤- زانستی خۆناسین دەبێتە ڕابەت: ڕیجبنیالد وایلد

٦٥- چۆن دەنوویت: نۆرڤیلد

٦٦- خۆت بپارێزە لە خەم: جۆن کەنەدی

٦٧- نەمێنێ شەرمنی: س. هـ. تیر

٦٨- هەست بەکەم و کووڕی کردن: ولیم والش

٦٩- نەمێنێ ماندوێتی: ماری یانیۆن ڕای

٧٠- دەمارتوندی: ویلفرید نۆثفیلد

٧١- هونەری دۆستایەتی: س. هـ. تییر. ب. أ.

(٧)

* تەندروستی: (٥) نووسراوە:

٧٢- لە خاکی ڕووتەکاندا: لوی شارل ڕوایێە

٧٣- باش بخۆو خۆش بژی: ج. ف. سکۆتس کلارک

٧٤- شێوەی ژاپۆنی: مامۆستا کۆلینگرگ

٧٥- ڕێگاکەی من: ج. ب. مۆللەر

٧٦- لە خاکی ڕووتەکاندا: ڕۆجێە سالاردین

(٨)

* لە بەردەم دادگاهدا: (٦) نوسراوە:

٧٧- سۆکرات: ئەفلاتوون

٧٨- راسپۆتین: پاتریک هاستینگر

٧٩- کوشتویتی یان تاوانبار نییە؟: ئەدگار لیست گارتن

٨٠- چەند و چوون کردن لەگەڵ ولتەر رالیدا: سێرپاتریک هاستینگر

٨١- چارلسی یەکەم: سێرپاتریک هاستینگر

٨٢- کەینەو بەینەکەی دریفوس: و. ت. ستید

(٩)

* هونەرەکانی ژیان: (٧) نووسراوە:

٨٣- هونەری کاروفرمان کردن: ئەندرێ مۆروا

٨٤- هونەری ژیانی خێزانی: ئەندرێ مۆراو

٨٥- هونەری کامەرانی: ئەندرێ مۆروا

٨٦- هونەری پێشەوایی: ئەندرێ مۆروا

٨٧- هونەری خۆش رابواردن لەتەمەنی پیریدا: ئەندرێ مۆروا

٨٨- هونەری دڵداری: ئەندرێ مۆروا

٨٩- هونەری ژنهێنان: ئەندرێ مۆروا

(١٠)

* زانستی پەروردەکردن: (٦) نووسراوە:

٩٠- کیژە هەرزەکارەکانمان: پزیشک سۆزان برونیێە

٩١- گیروگرفتی رێککەوتنی ژن و مێردی: فەرناند ئیزانبیر

٩٢- گیروگرفتی هەرزەکاری: پزیشک ژۆلێیت بۆتۆینێە

٩٣- کاتێ برا و خوشکەکان بەگژیەکدادەچن: پۆلیت کۆهن

٩٤- ئارەزووی دزی کردن لە دڵی منداڵان چۆن دەردەهێنین؟: ماریان رۆدۆرف

٩٥- ئیمیل: ژان ژاک رۆسۆ

(١١)

* ژیانی هونەرمەندان: (٥) نووسراوە:

٩٦- مۆزار: هەنری تۆماس

٩٧- میکیل ئەنجیلۆ: هەنری تۆماس

٩٨- عومەر خەییام: مانویل کۆمرۆف

٩٩- مەریەمی مەجدەلی: ڤرانک سلۆتەر

١٠٠- ڤۆلتێر: داناولی تۆماس

(١٢)

* خۆش ڕابواردن: (٤) نووسراوە:
١٠١- دەست خوێندنەوە: حیلمی محەمەد
١٠٢- یاریی جادوگەری: خەلیل سابا
١٠٣- لێک دانەوەی خەو: هەربەرت هەسپرۆ
١٠٤- پێکەنین بۆ ژین: شاکر فتاح

(١٣)

* ڕاستی پەرستی (الفلسفة): (١) نووسراوە:
١٠٥- گفتوگۆی گەورە پیاوان: پاول ئەرنست

(١٤)

* زمان: (٢) نووسراوە:
١٠٦- خوێندنەوەی نوێ - بەرلتز: شاکر فتاح ١٩٣٤
١٠٧- گفتوگۆ بەئینگلیزی و کوردی - بەرلتز: شاکر فتاح ١٩٤٣

(١٥)

* نیشتمانپەروەران: (٤) نووسراوە:
١٠٨- دیڤالێرا: سین ئۆفۆلین
١٠٩- گاریبالدی: هەنری تۆماس
١١٠- لویس پاستێر: دانالی
١١١- مادام کوری: دانالی

(١٦)

* کار و پیشە: (٣) نووسراوە:
١١٢- بەخێوکردنی کرمی ئاوریشم: ئەحمەد عەبدولئاخیرو ئەحمەد عیوەز سەلامە
١١٣- بەخێوکردنی هەنگ: موحیەددین شەریف دۆغرەمەچی
١١٤- باخچە ڕێکخستن: بەسیمە زەکی ئیبراهیم

(١٧)

* داڕۆژی مرۆڤایەتی: (٥) نووسراوە:
١١٥- جیهان لە ساڵی ٢٠٠٠ هەمدا: بەرتراند ڕەسڵ
١١٦- پێش بینیی گەشەکردن: چارلس داروین
١١٧- ساڵی یەکەم: ڕۆبێر دیودۆنییە
١١٨- چارەی دڵداری (چیرۆکی جیهان لە ساڵی دووهەزارەمدا): هـ. ج. وێلز

تێبینی:

لەم ڕستەیەدا (٥) نووسراوی لێ دەربچێ کە لە ساڵەکانی (١٩٣٣) و (١٩٣٤)دا بەرچڤەم کردوون و، لێرەیشدا دەستنیشانم کردوون، ئیتر نووسراوەکانی تر کە بریتین لە (١١٤) نووسراو لە ناوەند ساڵەکانی (١٩٦٣) و (١٩٧٧)دا، واتا لە ماوەی (١٤) ساڵدا بەرچڤەم کردوون.

ڕستەی ناوی ئەو نووسراوانەی لەگەڵ لێژنەکاندا کردوومن بەکوردی

(٧)

من ئەم نووسراوانەم لەگەڵ لێژنەکاندا بۆ (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردی: المديرية العامة للدراسة الكردية) کردووە بەکوردی:

١- دروستی (الصحة) بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی ساڵی ١٩٧١دا.

٢- زاراوەی زانستی (المصطلحات العلمية) لە ساڵی ١٩٧٢دا.

٣- جوغرافیای سروشتی: بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی وێژەیی- ١٩٧٣.

٤- مێژووی شارستانێتیی عەرەبی ئیسلامی: بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی وێژەیی ساڵی ١٩٧٤.

٥- پەروەردەی نیشتمانی: بۆ پۆلی سێهەمی ناوەندی ساڵی ١٩٨٣.

چاپکراوانی نووسراوەکانی پرۆژەی خوێندەواری کورە لە ساڵی (١٩٣٣) وە تا ساڵی (١٩٨٤)

(٨)

لەم ماوەیەدا (٦٤) نووسراوم چاپ کردووە کە ئەمانەن:

١- چیرۆکی خانووی تازە: کامیل کیلانی: لە ساڵی ١٩٣٣

٢- فەرهەنگۆک: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٣٤

٣- چیرۆک بۆ منالان: کامیل کیلانی: لە ساڵی ١٩٣٥

٤- پرشنگ: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٤٧

٥- شەبەنگەبەرۆژ: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٤٧

٦- گەورەپیاوان: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٤٨

٧- هاوڕێی منال: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٤٨

٨- ئافرەتی کورد: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٥٨

٩- ژینی نوێ: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٥٩

١٠- زەردەشت: ئەحمەدول شەنتەناوی: لە ساڵی ١٩٦٧

١١- سۆکرات: ئەفلاتوون: لە ساڵی ١٩٦٨

١٢- گاريبالدی: هەنری تۆماس: لە ساڵی ١٩٦٨
١٣- ديڤاليرا: سين ئوفۆلين: لە ساڵی ١٩٦٨
١٤- لويس پاستێر: دانالی: لە ساڵی ١٩٦٨
١٥- مادام کوری: دانالی: لە ساڵی ١٩٦٨
١٦- چيرۆکی مەم و زين لە تەرازوودا: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٦٩
١٧- کۆماری ئەفلاتوون: ئەفلاتوون: لە ساڵی ١٩٦٩
١٨- يەزيدييەکان و ئاينی يەزيدی: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٦٩
١٩- چارلسی يەکەم: پارتريک هێستينگز: لە ساڵی ١٩٧٠
٢٠- سۆسان ئەنتۆنی: هەنری و داناتۆماس: لە ساڵی ١٩٧٠
٢١- ڤۆلتێر: دانالی و تۆماس: لە ساڵی ١٩٧٠
٢٢- عومەر خەييام: مانوێل کۆمرۆف: لە ساڵی ١٩٧٢
٢٣- مەلا کاکە حەمە: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٢
٢٤- داماوی موکريانی: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٢
٢٥- گەشتی شارباژێر: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٢
٢٦- گەشتی سرۆچک: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٢
٢٧- گەشتی پێنجوين: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٣
٢٨- گەشتی هەڵەبجە و هەورامان: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٣
٢٩- زێوەر: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٤
٣٠- بێکەس: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٤
٣١- مشاکل الثقافة الکردية وطرق معالجتها: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٨
٣٢- گيروگرفتەکانی رۆشنبيريی کوردی و شێوەی چارەکردنيان: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٨
٣٣- المرأة الکردية: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٨
٣٤- حاجی قادری کۆيی: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٨
٣٥- يوتۆپيا ياخود بەهەشتی سەرزەمين: تۆماس مورو: لە ساڵی ١٩٧٨
٣٦- زرنگ کاری: ئەرەستوو: لە ساڵی ١٩٧٩
٣٧- خودای هەژاران: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٩
٣٨- هاواری پێشکەوتن (ج): شاکر فتاح: لە ساڵی١٩٧٩
٣٩- ژنهێنان لەناو کوردەواريدا: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٧٩
٤٠- جيهان لە ساڵی ٢٠٠٠دا: بەرتراند رەسڵ: لە ساڵی ١٩٨٠
٤١- ئاگری (بەعەرەبی): شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٨٠
٤٢- کۆگرەی منداڵان: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٨٠
٤٣- کاتێ برا و خوشکەکان بەگژيەکدا دەچن: پۆلين کۆهن: لە ساڵی ١٩٨٠

٤٤- ئارەزووی دزی کردن لە دڵی منداڵ چۆن دەردەهێنین؟: ماریان رۆدۆرف: لە ساڵی ١٩٨٠:
٤٥- گیروگرفتی هەرزەکاری بۆ تۆ نییە: پەزیشک ژۆلیێت: لە ساڵی١٩٨١
٤٦- مۆزار: هەنری تۆماس: لە ساڵی ١٩٨٢
٤٧- میکیل ئەنجیلۆ: هەنری تۆماس: لە ساڵی ١٩٨٢
٤٨- پەیمانی کۆمەڵایەتی: ژان ژاک رۆسۆ: لە ساڵی ١٩٨٢
٤٩- ریشیلیۆ: ریشیلیۆ: لە ساڵی ١٩٨٢
٥٠- زانستی خۆناسین دەبێتە رابەرت: رێجینالد وایلد: لە ساڵی ١٩٨٢
٥١- سامانێک بۆ دابەش کردن: ڤاش یۆنغ: لە ساڵی ١٩٨٢
٥٢- رێگای سەرکەوتن: والتەر.ب. پەتکین: لە ساڵی ١٩٨٢
٥٣- هونەری سرەوت بەخۆدان: ویلفرید نۆرثفیلد: لە ساڵی ١٩٨٢
٥٤- گیروگرفتەکانی رێنووسی کوردی و شێوەی چارەکردنیان: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٨٣
٥٥- کوشتوێتی یان تاوانبار نییە؟: ئەدگار لیست گارتن: لە ساڵی ١٩٨٣
٥٦- ئاهەنگی رۆشنبیران: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٨٣
٥٧- رۆژنامەی خورماڵ: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٨٣
٥٨- رۆژنامەی چەمچەماڵ: شاکر فتاح: لە ساڵی ١٩٨٣
٥٩- هونەری ژیانی ژن و مێردی: ئەندرێ مۆروا: لە ساڵی ١٩٨٣
٦٠- هونەری دڵداری: ئەندرێ مۆروا: لە ساڵی ١٩٨٣
٦١- ئەلیادە: هۆمیرۆس: لە ساڵی ١٩٨٣
٦٢-ئۆدیسا: هۆمیرۆس: لە ساڵی ١٩٨٣
٦٣- سێروولتر راڵی: سێر پاتریک هاستینگز: لە ساڵی ١٩٨٣
٦٤- ئیمیل: ژان ژاک رۆسۆ: لە ساڵی ١٩٨٤

ئەو وتارانەی لە تەلەفزیۆنی کوردیی کەرکووکدا بلاوم کردوونەتەوە

(٩)

لە ناوەند ساڵەکانی (١٩٧٠) و (١٩٨٠)دا (٦) وتارم بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

١- زێوەر: لە ساڵی ١٩٧٠دا
٢- مەلا کاکە حەمە: لە ساڵی ١٩٧٠دا
٣- بەیادی جەژنی ١١ی ئادار و نەورۆزەوە: لە ساڵی ١٩٧١
٤- بەیادی جەژنی ١١ی ئادار و نەورۆزەوە: لە ساڵی ١٩٧٢
٥- بانگەوازێک بۆ یارمەتی دانی کۆمەڵی نەخۆشییەکانی سنگ: لە ساڵی ١٩٧٧
٦- خۆپالاوتن و هەڵبژاردن بۆ کۆری یاسادانانی ناوچەی فەرمانداریی خۆیی کوردستان: لە ساڵی ١٩٨٠.

سەرنج:

(شاکر فتاح) وتارێکی بێ شوماری خوێندووەتەوە لە کۆڕە گشتییەکاندا و لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵی زانستی کوردانەدا و، کۆنگرەکانی مامۆستایان لە شەقلاوەدا و، لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی گەلدا لە سلێمانی و هەڵەبجە و، لە کۆبوونەوەکانی مامۆستایانی ناوچەی سلێمانیدا و، لە یانەکانی فەرمانبەرانی دهۆک و شێخان و ئاکرێ و زاخۆ و شەقلاوە و چەمچەماڵدا، لە کۆبوونەوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورددا لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و، لە کۆڕەکانی زانکۆی سلێمانیدا و گەلێک شوێنانی تر وەک، کۆڕەکانی ئەنجوومەنی یاسادانان، کۆڕەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانیدا...

بەڵام داخەکەم لە کاتی خۆیاندا ناوی وتارەکان و ڕۆژیان تۆمار نەکراون لەبەرئەوەی حەزم کرد تەنیا بەشێوەیەکی گشتیی و تێکڕایی پەنجەیان بۆ بکێشم. لەگەڵ ئەمەیشدا لە کاتی خۆیدا ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان و عەرەبییەکان لە بەشێکی زۆری ئەو ووتارانە دەدوان و ناویان دەبردن و ناوەڕۆکیشیان بڵاودەکردنەوە.

ش. ف

ناوی ئەو وتارانەی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدادا بڵاوم کردوونەتەوە

لەناوەند ساڵەکانی (١٩٧٥) و (١٩٨٠)دا، (١١٢) وتارم لە ڕادیۆ کوردییەکەی بەغدادا بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمانەن:

١- نیشتمان:	لە ساڵی ١٩٧٥دا
٢- قەڵەم:	لە ساڵی ١٩٧٥
٣- ئێمە و گەورەکانمان:	لە ساڵی ١٩٧٥
٤- بۆ خانەدانەکان:	لە ساڵی ١٩٧٥
٥- من و تۆ:	لە ساڵ ١٩٧٥
٦- مودیربەگ:	لە ساڵی ١٩٧٥
٧- مام شێخ:	لە ساڵی ١٩٧٥
٨- جوانیی ئافرەتی کورد:	لە ساڵی ١٩٧٥
٩- بەرگ و پۆشەنیی ئافرەتی کورد:	لە ساڵی ١٩٧٥
١٠- مامۆستای ئافرەت:	لە ساڵی ١٩٧٥
١١- دڵداری و ژن و مێردی لەناو کوردەواریدا:	لە ساڵی ١٩٧٥
١٢- ژینی خێزانی لەناو کوردەواریدا:	لە ساڵی ١٩٧٥
١٣- وولبەرفۆرس:	لە ساڵی ١٩٧٥
١٤- هۆرد:	لە ساڵی ١٩٧٥
١٥- بەرخەکە:	لە ساڵی ١٩٧٦دا

١٦- زۆرداری بەرۆژ: لە ساڵی ١٩٧٦
١٧- ڕاپەرینی گەل: لە ساڵی ١٩٧٦
١٨- گوندی ئازاد: لە ساڵی ١٩٧٦
١٩- خەبات بۆ سەربەستی: لە ساڵی ١٩٧٦
٢٠- دوژمنی خوێندنگا: لە ساڵی ١٩٧٦
٢١- حەپسەخانی نەقیب: لە ساڵی ١٩٧٦
٢٢- قاڵی چن: لە ساڵی ١٩٧٦
٢٣- دیدەوان: لە ساڵی ١٩٧٦
٢٤- سەربەرزیی ژنێک: لە ساڵی ١٩٧٦
٢٥- سەربەستی: لە ساڵی ١٩٧٦
٢٦- نزیک بوونەوەی نووسەرانی کورد و عەرەب لە یەکتری مایەی پێشکەوتنمانە: لە ساڵی ١٩٧٦
٢٧- ئاوازی هەژار: لە ساڵی ١٩٧٦
٢٨- خۆشەویستیی ژیان: لە ساڵی ١٩٧٦
٢٩- هاودەم: لە ساڵی ١٩٧٦
٣٠- سۆلاف: لە ساڵی ١٩٧٦
٣١- تاسەی نیگایەک: لە ساڵی ١٩٧٦
٣٢- ناسکە قسە: لە ساڵی ١٩٧٦
٣٣- فەرمانداریی خۆیی کوردستان: لە ساڵی ١٩٧٧
٣٤- مێژووی برایەتیی کورد عەرەب: لە ساتی ١٩٧٧
٣٥- بزووتنەوەی وێژەیی کوردی: لە ساڵی ١٩٧٧
٣٦- گۆرانیی نیوەڕۆ: لە ساڵی ١٩٧٧
٣٧- کورد و کوردستان: لە ساڵی ١٩٧٧
٣٨- سوڵتان سەلاحەدین: لە ساڵی ١٩٧٧
٣٩- نەورۆز: لە ساڵی ١٩٧٧
٤٠- سەیران: لە ساڵی ١٩٧٧
٤١- سەمەنی: لە ساڵی ١٩٧٧
٤٢- مەڕ: لە ساڵی ١٩٧٧
٤٣- گەزۆ: لە ساڵی ١٩٧٧
٤٤- ترێ: لە ساڵی ١٩٧٧
٤٥- بەفر: لە ساڵی ١٩٧٧
٤٦- هەرەوەزی دار مازوو: لە ساڵی ١٩٧٧
٤٧- ژینی تایبەتی: لە ساڵی ١٩٧٧

٤٨- ماڵ ڕێک خستن:	له ساڵی ١٩٧٧
٤٩- قسەی پێشینان:	له ساڵی ١٩٧٧
٥٠- شاگردی سەرکەوتوو:	له ساڵی ١٩٧٧
٥١- ڕاوکەری ئەستێران:	له ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩
٥٢- خانووی تازە:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٥٣- گوڵچین و گورگ:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٥٤- شوعالی چەپخوون:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٥٥- مام ڕێوی:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٥٦- پیرۆز و هەنگ:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٥٧- کۆترو بێچووەکانی:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٦٨- مریشکە سوورە بچکۆلە:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٦٩- پرچ زێڕین:	له ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩
٦٠- وورچەکەی کورەکاژاو:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٦١- بەرازەکەی شارەزوور:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٦٢- قاڵی چن:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٦٣- ئەوی بەرهەمی نەبێت نان ناخوات:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٦٤- کۆنگرەی منداڵان:	له ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩
٦٥- منداڵەکانمان یاریدەی خێزانەکانیان دەدەن:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٦٧- ژیانی لادێ پڕە لە خۆشی و وەرزشی بەکەڵک:	له ساڵی ١٩٧٨- ١٩٧٩
٦٨- میوە خۆشەکانی کوردستان:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٦٩- ماسییش سەرچاوەیەکە بۆ ژیان:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٧٠- هاوینەهەوارە جوانەکانی کوردستان:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٧١- کارگەی هەنگوین هەنگ بەڕێوەی دەبات:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٧٢- جلوبەرگی کوردی:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٧٣- دەستکرد لەناو کوردەواریدا مایەی دڵخۆشییە:	له ساڵی ١٩٧٨-١٩٧٩
٧٤- ئاوریشمیش سەرچاوەیەکی ژینمانە:	له ساڵی - ١٩٧٩
٧٥- سامانەکانمان بەجگار زۆرن:	له ساڵی - ١٩٧٩
٧٦- بازاڕی کوردستان لە مێژەوە لە گەڕدایە:	له ساڵی - ١٩٧٩
٧٧- زمانی کوردی زمانێکی خۆش و پڕ ئاهەنگ و پەسەندە:	له ساڵی - ١٩٧٩
٧٨- مەڕ گیانلەبەرێکی باش و بەکەڵکە:	له ساڵی - ١٩٧٩
٧٩- گەزۆ:	له ساڵی - ١٩٧٩
٨٠- بەفریش سامانێکە بۆ خۆی:	له ساڵی - ١٩٧٩

٨١- خۆشەویستی: له سالی - ١٩٨٠
٨٢- گەورە کێیە؟: له سالی ١٩٨٠
٨٣- چاک بە و چاکە بکە!: له سالی ١٩٨٠
٨٤- جوانی بەخشینێکی خوداییە: له سالی ١٩٨٠
٨٥- پیاوێ پیاوەبێ قومار ناکات: له سالی ١٩٨٠
٨٦- خۆشی ببەخشە نەک ناخۆشی: له سالی ١٩٨٠
٨٧- خوازەلۆکی: له سالی ١٩٨٠
٨٨- دادپەروەری: له سالی ١٩٨٠
٨٩- بیروباوەری دیوکراتی: له سالی ١٩٨٠
٩٠- چاکەخوازی: له سالی ١٩٨٠
٩١- خۆشەویستی، نەک پوولپەرستی: له سالی ١٩٨٠
٩٢- ئەم سامانەت لەکوێ بوو؟!: له سالی ١٩٨٠
٩٣- پارە بەفیرۆ بەخت مەکەن: له سالی ١٩٨٠
٩٤- خەڵکت خۆشی بوێ، خەڵک خۆشی دەوێی: له سالی ١٩٨٠
٩٥- لە چیرۆکی ئادەم و حەوا چی تێ دەگەین؟: له سالی ١٩٨٠
٩٦ لە چیرۆکی هابیل و قابیل چی تێ دەگەین؟: له سالی ١٩٨٠
٩٧- لە چیرۆکی ئیبراهیم چی تێ دەگەین؟: له سالی ١٩٨٠
٩٨- لە چیرۆکی یوسف چی تێ دەگەین؟: له سالی ١٩٨٠
٩٩- لە چیرۆکی قاروون چی تێ دەگەین؟: له سالی ١٩٨٠
١٠٠- لە چیرۆکی داوود چی تێ دەگەین؟: له سالی ١٩٨٠
١٠١- لە چیرۆکی سولەیمانی و بەلقیس چی تێ دەگەین؟: له سالی ١٩٨٠
١٠٢- شاهکارێک لە شاهکارەکانی عیسا: له سالی ١٩٨٠
١٠٣- شاهکارێکی محەممەد: له سالی ١٩٨٠
١٠٤- لاپەرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی سەلاحەددیندا: له سالی ١٩٨٠
١٠٥- لاپەرەیەکی پرشنگدار لە مێژووی کەریم خانی زەندا: له سالی ١٩٨٠
١٠٦- یەکەم مامۆستامان خودایە: له سالی ١٩٨٠
١٠٧- ئیسلامەتی هەر بەقسە پێک نایەت نیازی پاک و کردەوەی بڵندیشی دەوێ: له سالی ١٩٨٠
١٠٨- ئیسلامەتی دەستوورێکە بۆ فەرمانداری: له سالی ١٩٨٠

ڕستەی ناوی وتارەکانم کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە[*]

(١٢)

لەناوەند ساڵەکانی (١٩٢٧) و (١٩٨٤)دا لە (٢٠٤) ووتارم پتر بڵاکردۆتەوە بەڵام هەر ئەمانەم بۆ دۆزراوەتەوە:

ناوی وتار	ناوی ڕۆژنامە و گۆڤار	ژمارەی	ڕۆژی
١- هاواری وەتەنە خۆشەویستەکەمان	ڕۆژنامەی ژیان: سلێمانی	٥٢	١٩٢٧-٢-٣
٢- خوێندن بەزمانی کوردی	ڕۆژنامەی ژیان: سلێمانی[١]		١٩٢٨
٣- هاوار	گۆڤاری هاوار: شام	٦	١٩٣٢-٨-٨
٤- گەشتێک بەسەر باڵی پەڕەندەی خەیاڵەوە	ژیان: سلێمانی		١٩٣٣
٥- فرمێسکی مەم	ژیان: سلێمانی		١٩٣٣
٦- شەو	ژیان: سلێمانی		١٩٣٣
٧- پێککەیشتن	ژیان: سلێمانی		١٩٣٣[**]
٨- مام وورچ	یادگاری لاوان: بەغدا		١٩٣٣
٩- جەمیل سدقی زەهاوی[٢]	ژیان	١	١٩٣٤
١٠- فرمێسکی کاکە مەم	دیاریی لاوان: بەغدا	١	١٩٣٤
١١- دانشتن بەبن کورسی	دیاریی لاوان: بەغدا	١	١٩٣٤
١٢- ژینێکی بەرز	دیاریی لاوان: بەغدا		١٩٣٤
١٣- نامەیەکی کراوە بۆ عەلی کەمال بەگ[٣]	ژیان: سلێمانی		١٩٣٥
١٤- نامەیەکی کراوە بۆ عەلی کەمال بەگ	گۆڤاری ڕۆناکی: هەولێر		١٩٣٦
١٥- کاژی بکلێف	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغداد	١	١٩٣٩
١٦- ئاوازی هەژاری	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغدا	٤،٣	١٩٤٢
١٧- بەندی دەوڵەمەندی	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغدا	٦،٥	١٩٤٢
١٨- هاودەم	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغدا	٨،٧	١٩٤٢
١٩- سەیران	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغدا	٤	١٩٤٣
٢٠- سەرێکی هەیە و هەزار سەودا	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغدا	١٢	١٩٤٣
٢١- بووک و خەسوو	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغداد	٥	١٩٤٤
٢٢- دەس پاکی	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغداد	٧	١٩٤٤

(*) پەراوێزی ڕستەی ناوی وتارەکانم لە لاپەرە ١٤٧ی ئەم کتێبە دانراون.

٢٣- چەقاوەسور	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغداد	١٢	١٩٤٤
٢٤- گرامەفۆنەکەم چۆن کری؟	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغداد	٢	١٩٤٥
٢٥- مام شێخ	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغداد	٦	١٩٤٥
٢٦- هەر بژیت ئەی دوژمن	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغداد	٤	١٩٤٧
٢٧- بەهەشتی ژین	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغداد	٨	١٩٤٧
٢٨- مەشکە	گۆڤاری گەلاوێژ: بەغداد	١١	١٩٤٨
٢٩- بۆخانەدانەکان	ڕۆژنامەی کوهستان - تاران	٨٤	١٩٤٧
٣٠- ئافرەتی کورد	گۆڤاری نزار: بەغدا	٢	١٩٤٨-٤-١٥
٣١- ئافرەتی کورد	گۆڤاری نزار: بەغدا	١٣	١٩٤٨-٤-٣٠
٣٢- خانووی کوردەواری	گۆڤاری نزار: بەغدا	١٤	١٩٤٨ ١٠ -٢٢
٣٣- مەلاکانمان	گۆڤاری نزار: بەغدا	١٥	١٩٤٨ -١٠-٣١
٣٤-لە کونێکەوە سەیرکە	گۆڤاری نزار: بەغدا	١٧	١٩٤٨-١١-٣٠
٣٥- ڕەووشت و خوو	گۆڤاری نزار: بەغدا	١٦	١٩٥١
٣٦- ضريبة الرأس	جريدة المثال: الموصل	٩، ١٠، ١١	١٩٥١
٣٧- سكان قضاء عقرة	جريده الايام: بغداد	٤٦	١٩٥١-١-٥
٣٨- عقره ستصبح مصيفا منظما ممتازا	جريدة الفجر: الموصل	٢١	١٩٥١-٤-٢٨
٣٩- مجتمع قضاء عقرة	جريدة الايام: بغداد	٥، ٦، ٧	١٩٥١ ٥-٥
٤٠- في مصائف عقرة	جريدة المثال	٣١	١٩٥١-١١-٢٢
٤١- المدارس المتوسطة الحالية لاتفي بالحاجة	جريدة المثال	٣٧	١٩٥٢ ٢-١٥
٤٢- فلتحي ياعدوا	جريدة المثال	٨.٧	
٤٣- الصديق	جريدة المثال	٣٩	١٩٥١-٢-٢٩
٤٤- الحق والحقيقة	جريدة المثال	٤٠	١٩٥٢-٣-٧
٤٥- الى ابناء الذوات	جريدة المثال	٤١	١٩٥٢-٣-١٤
٤٦- الزواج السعيد	جريدة المثال	٤٢	١٩٥٢-٣-٢١
٤٧- الوطن[٥]	جريدة المثال	٤٣	١٩٤٢-٣ -٢٨
٤٨- القلم	جريدة المثال	٤٤	١٩٥٢ -٤-٤
٤٩- سبع صنايع والبخت ضائع	جريدة المثال	٤٧	١٩٥٢-٥-٩
٥٠- الثقافة في قضاء عقرة	جريدة اربيل: (هەولێر)	٢٢	١٩٥٢-٥-١٢
٥١- هەواڵی شەقڵاوە	جريدة اربيل (هەولێر)	٢٣	١٩٥٢ ٥-١٩

٥٢- بیری سەربەست:	جريدة اربيل: (هەولێر)	١٠٢	١٩٥٣-١-١٣
٥٣- پێبکەنە	ڕۆژنامەی هەولێر	١٠٧	١٩٥٣-٢-١٧
٥٤- زانستی گشت لای:	ڕۆژنامەی هەولێر	١٠٨	١٩٥٣-٢-٢٤
٥٥- رازی سەرکەوتن	ڕۆژنامەی هەولێر	١١٠	١٩٥٣ -٣- ١٠
٥٦- هاوینەهەوارەکانمان	ڕۆژنامەی هەولێر	١١١	١٩٥٣-٣-١٧
٥٧- بەرتیل	ڕۆژنامەی هەولێر	١١٥	١٩٥٣-٣-٢٥
٥٨- بام فێربین لە ژینەوە	ڕۆژنامەی هەولێر	١١٧	١٩٥٣-٤-٢٨
٥٩- بام پێبکەنین	ڕۆژنامەی هەولێر	١١٨	١٩٥٣-٥-٥
٦٠- بەختیاری، خەفەت، ترس	ڕۆژنامەی هەولێر	١١٩	١٩٥٣-٥-١٢
٦١- دەستووری سەرکەوتن	ڕۆژنامەی هەولێر	١٢١	١٩٥٣-٥-٢٦
٦٢- کۆمەڵی چاکان	ڕۆژنامەی هەولێر	١٢٩	١٩٥٣-١٠-١٥
٦٣- ئافرەتی کورد کلۆڵن	ڕۆژنامەی هەولێر	١٣٠	١٩٥٣-١٠-٢٢
٦٤- خاوەن کچ لە خودا بترسن!	ڕۆژنامەی هەولێر	١٣١	١٩٥٣-١٠-٣٠
٦٥- خانمەکەم ژنێکی باش بە!	ڕۆژنامەی هەولێر	١٣٢	١٩٥٣-١١-٥
٦٦- ئافرەت بۆ چ خراپ دەبێ؟	ڕۆژنامەی هەولێر	١٣٤	١٩٥٣-١١ -١٩
٦٧- محەمەد (د خ)	ڕۆژنامەی هەولێر	١٣٧	١٩٥٣-١-٧
٦٨- چۆن دەوڵەمەند دەبین؟	ڕۆژنامەی هەولێر	١٣٨	١٩٥٣-١٢-٢١
٦٩- لاسایی کردنەوە:مەلای مەزبووره و جوولەکەکە	ڕۆژنامەی هەولێر	١٤٠	١٩٥٣-١٢-٢٨
٧٠- مصائبنا متي تنال الأصلاح	جريدة العاصفة: الموصل	٤	١٩٥٣ -٦-٢٩
٧١- مووچەی فەرمانبەران	ڕۆژنامەی ژین: سلێمانی	١١٨٤	١٩٥٤-١-٢٨
٧٢- کاتی فرمان بینینی فەرمانبەران	ڕۆژنامەی ژین: سلێمانی	١١٨٥	١٩٥٤-٢-٤
٧٣- الاقطاعي رقم (١)	جريدة المثال: الموصل	٨٦	١٩٥٤ -٤-١٥
٧٤- المتشيخ	جريدة المثال: الموصل	٩٠	١٩٥٤-٥-١٣
٧٥- الاقطاعي رقم (٢)	جريدة المثال: الموصل	٩١	١٩٥٤-٥-٢٠
٧٦- الاقطاعيان رقم (٣) و (٤)	جريدة المثال: الموصل	٩٢	١٩٥٤ -٥ -٢٧
٧٧- القرابة، الوطن	جريدة الصياد : بغداد	١٢	١٩٥٤-٥-٢٩
٧٨- الاقطاعي رقم (٥)	جريدة المثال: الموصل	٩٣	١٩٥٤-٦-٦
٧٩- ناودارەکان: ئەمین زەکی	ڕۆژنامەی ژین: سلێمانی	١٢٠٣	١٩٥٤-٦-١٧
٨٠- شرف المرأة	جريدة اخبار اليوم: بغداد	٦١	١٩٥٤-٦-٢٣
٨١- خروف؟!	جريدة المثال: الموصل	٩٦	١٩٥٤-٦-٢٤
٨٢- الحب الرخيص	جريدة المثال: الموصل	٩٧	١٩٥٤-٧-١
٨٣- شجاعة امرأة	جريدة المثال: الموصل	٩٨	١٩٥٤-٧-٨

٨٤- المصائف العراقية	جريدة عالم اليوم: بغداد	٢	١٩٥٤-٧-٨
٨٥- مطاليب الشعب	جريدة عالم اليوم: بغداد	٣	١٩٥٤-٧-٩
٨٦- طبيب، مدرسة، متوسطة	جريدة عالم اليوم: بغداد	٢	١٩٥٤-٥-٣٠
٨٧- حوزنیی موكریانی	گۆڤاری هەتاو: هەولێر		١٩٥٤-٦-١٦
٨٨- پیرەمێرد	گۆڤاری هەتاو: هەولێر		١٩٥٤
٨٩- ئەمین زەكی بەگ	گۆڤاری هەتاو: هەولێر		١٩٥٤
٩٠- برابارزانییەكانمان	گۆڤاری هەتاو: هەولێر	١٢٤٢	١٩٥٥-٣-٢٤
٩١- كۆچەرەكانمان تاكەی وابمێننەوە؟	گۆڤاری هەتاو: هەولێر	٥	١٩٥٧-٣-٥
٩٢- ژین	گۆڤاری هەتاو: هەولێر	٨	١٩٥٧-٣-٢٦
٩٣- بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە	رۆژنامەی ژین: سلێمانی	٧	١٩٥٧-٣-١٩
٩٤- مجتمعنا: مجتمع عدائي	جريدة الوقائع: الموصل	١١	١٩٥٧-٤-١٦
٩٥- اوقاف فراغنا	جريدة الوقائع: الموصل	٤١	١٩٥٧-٥-٩
٩٦- خير الناس انفعهم للناس	جريدة الوقائع: الموصل	٤٣	١٩٥٧-١١-١٨
٩٧- الجمال	جريدة الوقائع: الموصل	٦٢	١٩٥٧-٥-٢٣
٩٨- السرور قوة	جريدة الوقائع: الموصل		١٩٥٧ ٩ -٢٦
٩٩- سازو ئاوازی كوردی	رۆژنامەی ژین: سلێمانی		١٩٥٧-١٠-٣
١٠٠- گەورە كێیە؟	رۆژنامەی ژین: سلێمانی		١٩٥٧-١٠-١٠
١٠١- گۆرانی و ساز و ئاواز لە ئاكرێدا	رۆژنامەی ژین: سلێمانی		١٩٥٧-١٠-١٧
١٠٢- خۆشەویستی نیشانەی پێشكەوتنە	رۆژنامەی ژین: سلێمانی		١٩٥٧-١١-٧
١٠٣- ببەخشن	رۆژنامەی ژین: سلێمانی		١٩٥٧-١١-١٤
١٠٤- ژینی كوردەواری:ئافرەتی كورد:(سەربڵند)	رۆژنامەی ژین: سلێمانی		١٩٥٧-١١-٢٨
١٠٥- ئافرەتی كورد: (قاڵی چن)	رۆژنامەی ژین: سلێمانی		١٩٥٧-١٢-١٥
١٠٦- رێگای سەركەوتن	گۆڤاری هیوا: بەغدا	١	١٩٥٧-٧-
١٠٧- رێگای سەركەوتن	گۆڤاری هیوا: بەغدا	٢	١٩٥٧-٨-
١٠٨- مێژووی ئاكرێ	گۆڤاری هیوا: بەغدا	٣	١٩٥٧-٩ -
١٠٩- جوانی	گۆڤاری هیوا: بەغدا	٤	١٩٥٧-١٠-
١١٠- رەوشەن بەدرخان	رۆژنامەی ژین: سلێمانی	١٣٧٧	١٩٥٨-١-١٦
١١١- ئافرەتی كورد: (دیدەوان)	رۆژنامەی ژین: سلێمانی	١٣٨٠	١٩٥٨-٢-٦
١١٢- كارتێكردنی پرۆژەكانی ئاواكردنەوەی عێراق لە ژیانی گەل و دەرەوەدا	گۆڤاری پەیام: بەغداد	٣٨٣	١٩٥٨-٢-١٥
١١٣- بەرخەكە	گۆڤاری هیوا: بەغدا	٩	١٩٥٨-٢-
١١٤- زانیاریی كوردستان و جوغرافیای	رۆژنامەی ژین: سلێمانی	١٤٧٣	١٩٥٩-٩-١٧

کوردستان دوو ئاواتی گرنگی نەتەوەی کوردن.

١١٥- گۆرانیی کرێکار	گۆڤاری نەورۆز: سلێمانی	١	نەورۆزی ١٩٥٩
١١٦- وتارێک بۆ کۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورد[٧]	ڕۆژنامەی ژین: سلێمانی	١٥٥٦	١٩٦٠-٩-٨
١١٧- گلەیی لە کێ بکرێ؟	گۆڤاری شەفەق: کەرکوک	١٣	١٩٦٠-٢-
١١٨- لە نەورۆزدا چی بکەین؟	گۆڤاری ڕۆژی نوێ: سلێمانی	١	گولانی ١٩٦٠
١١٩- یەکێتیی نووسەرانی کورد	گۆڤاری ڕۆژی نوێ: سلێمانی	٢	١٩٦٠-٥-
١٢٠- گوندی سووتاو	ڕۆژی نوێ: سلێمانی	٣	١٩٦٠-٦ -
١٢١- ئاگرێ	ڕۆژی نوێ: سلێمانی	٤	١٩٦٠-٧-
١٢٢- فرمانی دواکەوتوو	ڕۆژی نوێ: سلێمانی	٩	١٩٦٠-١٢-
١٢٣- چی هەیە لە گۆڕێ؟	ڕۆژی نوێ: سلێمانی	١٠	١٩٦٠-١١-
١٢٤- خۆشەویستی	گۆڤاری ڕۆژی نوێ	٢٠	١٩٦١-١-١٥
١٢٥- پیشەسازی لە کوردستاندا	شەفەق: کەرکوک	٣	
١٢٦- هاوینەهەوارەکانی کوردستان	گۆڤاری ڕۆژی نوێ	٤	١٩٦١-٦-
١٢٧- لەنگەری پێشکەوتن	گۆڤاری ڕۆژی نوێ	٥	١٩٦١-٧-
١٢٨- ئاوات	گۆڤاری ڕۆژی	١١	١٩٦١-٨-
١٢٩- جوانی	ڕۆژی نوێ: سلێمانی	١٢	١٩٦١-٢-
١٣٠- پرۆژەی خوێندەواری کورد	گۆڤاری ڕۆژی نوێ: سلێمانی	٢٩	١٩٦١-٣-
١٣١- نیشتمان	ڕۆژی نوێ	١٧	١٩٦٧-١٢-٢
١٣٢- شۆڕشی هیندستان (پەرچڤەی)	گۆڤاری ڕۆژی نوێ: سلێمانی	٢٠	
١٣٣- جوانی	ڕۆژی نوێ	٢١	١٩٦٧-٩-٩[١]
١٣٤- پرسە	گۆڤاری ڕۆژی نوێ: سلێمانی	٢٢	١٩٦٧-٩-٣٠
١٣٥- مێژووی یەزیدییەکان و ئایینی یەزیدی	ڕۆژنامەی برای: بەغدا	٤	١٩٦٧-١٠-٧
١٣٦- چارەیەک بۆ خوازەلۆکی	ڕۆژنامەی برایی: بەغدا	١، ٢، ٣	
١٣٧- دەنگ نەرمی نیشانەی پێشکەوتنە	ڕۆژنامەی برایی: بەغدا	١	١٩٦٨-١٠-١٤
١٣٨- میوانداری نەک قبوول	گۆڤاری سلێمانی	٥	١٩٦٨-٩-
١٣٩- شۆڕشی گەورەی کورد مژدەی پێشکەوتنی بەدەمەوەبوو	سلێمانی: گۆڤاری سلێمانی	٧	١٩٧-١٢-١٠
١٤٠- هاوینەهەوارەکانی کوردستان	ڕزگاری: سلێمانی	٨	١٩٦٩-١٢-١٤
١٤١- زمان بڕین نەک خەتەنەکردن	ڕۆژنامەی ژین: سلێمانی	١	پایزی ١٩٧٠

---

(١) لەو بەروارەدا گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) نەبووە، دەبێ هەڵەی چاپبێ.

١٤٢- دادگاهێک بۆ شارەوانی	سلێمانی	٢١	١٩٧٠
١٤٣- بام مامۆستاو شاگرد بین تا دەمێنین	ڕۆژنامەی ژین: سلێمانی	٢	١٩٧٠-١٠-
١٤٤- ژن ژیانە نەک ژان	گۆڤاری سلێمانی	٨	١٩٧١-٢-١١
١٤٥- نوێژی دوایی	سلێمانی: سلێمانی	١٣	١٩٧١-٤-١
١٤٦- جەژن بۆ ژیانە، نەک ژان	گۆڤاری برایەتی: بەغدا	٢	١٩٧١-٥-٦
١٤٧- ڕەوشت یان زانست؟	گۆڤاری برایەتی: بەغدا	٤	١٩٧١-٥-٣١
١٤٨- دۆست بین چاکترە یان دوژمن؟	ڕۆژنامەی ژین:	٣	١٩٧١-٦-٢١
١٤٩- پێ نەزانین تاکەی؟	سلێمانی	٢	١٩٧١-٧-٢٠
١٥٠- بەخشین، نەک پچڕین!	گۆڤاری پاشکۆی برایەتی	١	١٩٧١-٤-
١٥١- ڕاستە ڕەشەبا دایەنێکی خراپمانە؟	ڕۆژنامەی ژین: سلێمانی	١	٩٧١-٥-
١٥٢- ڕاوکەری ئەستێران	ئەستێرە: سلێمانی		بەهاری ١٩٧٢
١٥٣- ئەنجامی نازداری	پاشکۆی برایەتی	٣	١٩٧٢-٩-
١٥٤- پرسە	پاشکۆی برایەتی	١٣	١٩٧٣
١٥٥- وتووێژێک لەگەڵ مامۆستا شاکر فتاحی ئەدیبدا/پاشکۆی برایەتی		١٣	١٩٧٠/١٠/١١
١٥٦- چەند پرسیارێک لە مامۆستا شاکر فتاح/پاشکۆی برایەتی		١٣	١٩٧٤
١٥٧- مریشکە سوورە بچکۆلە	مامۆستا: سلێمانی	١٧	١٩٧٤-٣-
١٥٨- نەورۆز	گۆڤاری دەنگی مامۆستا	١٧	١٩٧٤-٣-
١٥٩- سەیران	دەنگی مامۆستا: سلێمانی	١٧	١٩٧٤-٣-
١٦٠- سەمەنی	گۆڤاری پەروەردە و زانست، بەغدا	١٧	١٩٧٤-٣-
١٦١- گەزۆ	پەروەردە و زانست: بەغدا		١٩٧٤-٣-
١٦٢- ترێ	گۆڤاری ئەستێرە: بەغدا		١٩٧٤-٩-
١٦٣- مەڕ			١٩٧٤-٩-
١٦٤- خانوو			١٩٧٤-٩-
١٦٥- باخچەی ماڵ		٢	١٩٧٤-٩-
١٦٦- ماڵ ڕازاندنەوە		١	١٩٧٤-٩-
١٦٧- نووسراوخانە		٢	١٩٧٤-٩-
١٦٨- ساز و ئاواز و گۆرانی	ڕۆژنامەی ژین:	٣	١٩٧٥
١٦٩- گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش	سلێمانی	٤	١٩٧٥
١٧٠- چۆن ڕاببوێرین؟	گۆڤاری نووسەری کورد	٥	١٩٧٥-٦-
١٧١- سینەماکانمان	بەغدا	١	١٩٧٨
١٧٢- خانووی تازە	گۆڤاری ئەستێرە:		١٩٧٨
١٧٣- کوردستان و سوشیالیستی	بەغدا		١٩٧٨

١٧٤- كردستان والاشتراكية	گۆڤاری بەیان: بەغدا		١٩٧٨
١٧٥- دیموكراتیی شۆڕشگێرانە	گۆڤاری بەیان: بەغدا		١٩٧٨
١٧٦- الديمقراطية الثورية	گۆڤاری بەیان: بەغدا		١٩٧٨
١٧٧- جووڵەی ئافرەتی كورد	گۆڤاری بەیان: بەغدا		١٩٧٨
١٧٨- حركة المراة الكردية	گۆڤاری بەیان: بەغدا		
١٧٩- منداڵی كوردیش شاهێكە بۆ خۆی	گۆڤاری بەیان: بەغدا		
١٨٠- الطفل الكردي ملك غير متوج	گۆڤاری بەیان: بەغدا		١٩٧٩
١٨١- گیروگرفتەكانی ڕۆشنبیریی			١٩٧٩
كوردی و شێوەی چارەكردنیان	گۆڤاری بەیان: بەغدا		١٩٧٩
١٨٢- صفحات مشرقة من تاريخ	گۆڤاری ئۆتۆنۆمی هەولێر		١٩٧٩
مكافحة الامية في كردستان			
١٨٣- كوتک دەزانێ قۆناغ لە كوێیە!	گۆڤاری بەیان: بەغدا		١٩٧٩
١٨٤- پەرچڤەكردنی نووسراوانی جیهانی بە زمانی كوردی	گۆڤاری بەیان: بەغدا		١٩٧٩
١٨٥- ترجمة الكتب العالمية الي اللغة الكرديه	گۆڤاری ئۆتۆنۆمی - هەولێر		١٩٧٩
١٨٦- ژیانی هەروەزی	بڵاوكراوەی ئۆتۆنۆمی	١	١٩٧٩
١٨٧- سعادتنا من سعادة اطفالنا	-هەولێر-	١	١٩٧٩
١٨٨- قاڵی چن (چیرۆكە)	گۆڤاری ئۆتۆنۆمی -هەولێر-	١	١٩٧٩
١٨٩-اعياد اذار وطدت الاخوة العربية الكردية	-هەولێر-	٢	١٩٧٩ (السنة الخامسة)
١٩٠- نەورۆز		٣	
١٩١- كۆمەڵی دیدەوانی		٣	١٩٧٩
١٩٢- لاسایی كردنەوەی گەزۆ		٣	١٩٧٩
١٩٣- المراة الكردية	ئۆتۆنۆمی -هەولێر-	٣	١٩٨٠
١٩٤- ڕەنج نەدەیت نان ناخۆیت	گۆڤاری نووسەری	٤	١٩٨٠
١٩٥- منداڵەكانمان یاریدەی خێزانەكانیان دەدەن	ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)	٤	١٩٨٠
١٩٦- المراة الكردية	(هەولێر)		١٩٨٠
١٩٧- ژن هێنان لەناو كوردەواریدا بۆتە	ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)		١٩٨٠
١٩٨- گیروگرفت و ژان پێویستە چارەی بكرێ	ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)		١٩٨٠
١٩٩- المراة الكردية ٣	ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)		
٢٠٠- المراة الكردية ٤	ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)		
٢٠١- جیهان لە ساڵی دوو هەزارەمدا (پەرچڤە	ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)		
٢٠٢- (اكري او قضاء عقرة) ١	ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)		
٢٠٣- كاتێ كە برا و خوشكەكان بەگژ یەكدا دەچن	ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)		

ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)

٢٠٤- اكرى/٢ ئۆتۆمی: (هەولێر)

٢٠٥- عيد المراة العالمية ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)

٢٠٦- ئارەزووی دزی کردن لە دڵی منداڵ چۆن دەردەهێنین؟ ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)

٢٠٧- اكرى/٣ ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)

٢٠٨- گیروگرفتی هەرزەکاری ئۆتۆنۆمی: (هەولێر)

ئاماژەکان

(١) خوالێخۆشبوو (ئەمین زەکی بەگ) کە کاربەدەستی زانست بوو، چوو بووە سلێمانی و پێی گوتبوون، خوێندن لە خوێندنگاکاندا بەزمانی (عارەبی) بێ چاکترە لە کوردی، جا ئەم وتارەم لە دژی ئەم قسەیە نارد بۆ ڕۆژنامەی ژین بەڵام بڵاوی نەکردەوە.

(٢) داخم لە ژینی جمیل صدقی زەهاوی بوو، نەک شینی، بڵاونەکرایەوە.

(٣) علی کمال کە نوێنەری کوردبوو لە کۆڕی نەتەوەدا، بەرپەرچم دایەوە.

(٤) ونشرتة جريدة (القافلة)-حمص- سوريا بعددها (١٦٢) في ١٩٥٢/٣/١٣ بعد ان تصرفت فية بعض التصرف ونشرت ايضا في جريدة (اخبار اليوم) بغداد / عدد (٣٩) في ١٩٥٤/٥/٢٥.

(٥) ونشرت هذا المقال ايضا جريدة (اربيل) في عددها (٦٥) الصادر في ١٩٥٢/٤/١، وكذلك جريدة (الصياد) بغداد في عددها المرقم (١٠) في ١٩٥٤/٣/١٢.

(٦) ونشرت ايضا (الوطن) في نفس العدد (١٠) ١٩٥٤

(٧) لەکۆنگرەی دووەمی مامۆستایانی کورددا لە شەقڵاوە خوێندمەوە بەناوی وێژەوانانی کوردەوە لە سلێمانی.

(٨) بەهەڵە لەهەندێ جێیدا چاپ کرابوو، ڕاستمان کردەوە، لەوکاتەدا قایمقامی (زاخۆ) بووم، ئەم بابەتە خرابوە (گرەو)ەوە و، من بەیەکەم دەرچووم... (٢٥) دینار پاداشم وەرگرت.

(٩) ئەو وتارانەی کە ئامادەکراون و نەنێرراون بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، یاخود نێراون بەڵام بڵاونەکراونەتەوە لێرەدا ناویان نەنووسراوە (یەکێکیان نەبێ)!!(١)

***

(١) وەک لە لیستەکەدا دەردەکەوێ، بەتایبەت لە کۆتاییدا، بێ سەروبەرییەکی پێوە دیارە، چ لە ناوی گۆڤارەکان و چ لە ژمارە و بەرواری دەرچوونیاندا، جا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی هەڵەچن لە (ڕۆشنبیری نوێ) کە لیستەکەی کاتی خۆی بڵاوکردۆتەوە، هەروا لەو کتێبەی کە مامۆستا فەلەکەددین کاکەیی و مەحموود زامدار ئامادەیان کردبوو (دەستنووسێکی شاکر فەتاحی شەهید) کە وا دیارە هەردوولا یەک سەرچاوەیان هەبووە.

ڕازەکانی تری پرۆژەی خوێندەواری کورد

(١٣)

بێجگە لەو ڕاژانە (خزمەتانە)ی لەمەوپێش لێ یان دواین (پرۆژەی خوێندەواری کورد) ئەم ڕاژانەیشی پێشکەشی نەتەوەی کورد و جیهان کردووە:-

١- بۆ ئەم نووسراوخانە گشتییانەی کوردستان هەر یەک پێنج سەد نووسراو و گۆڤاری گرنگ و بەکەڵکی کوردی و عەرەبی و زمانانی تری بەدیاری پێشکەش کردووە:-

أ- نووسراوخانەی گشتیی سلێمانی- لە ساڵی ١٩٦٤دا.

ب- نووسراوخانەی چاودێری کردنی نەوجەوانانی سلێمانی - لە ساڵی ١٩٨١دا.

ج- نووسراوخانەی گشتیی چاودێری کردنی کچانی سلێمانی- لە ساڵی ١٩٨٢دا.

د- نووسراوخانەی گشتیی چەمچەماڵ - لە ساڵی ١٩٧٦دا.

هـ- نووسراوخانەی گشتیی کۆیسنجەق - لە ساڵی ١٩٧٧دا.

و- نووسراوخانەی گشتیی هەولێر- لە ساڵی ١٩٧٨دا.

ز- نووسراوخانەی گشتیی دهۆک- لە ساڵی ١٩٧٨دا.

ح- نووسراوخانەی گشتیی زاخۆ - لە ساڵی ١٩٧٨دا.

ط- نووسراوخانەی گشتیی ڕەواندز - لە ساڵی ١٩٧٩دا.

ی- نووسراوخانەی گشتیی مەخموور - لە ساڵی ١٩٧٩دا.

ک- نووسراوخانەی گشتیی هەڵەبجە - لە ساڵی ١٩٨٠دا.

ل- نووسراوخانەی گشتیی ڕانیە - لە ساڵی ١٩٨٠دا.

لە هەر یەکێک لەو نووسراوخانانەدا گۆشەیەکیان بەناوی خاوەنی پرۆژەکەوە بۆ تەرخان کراوە. تا لە دوا ڕۆژیشدا بتوانێت پەیتا پەیتا نووسراوانی گرنگ و بەکەڵکی تریان بۆ بنێرێت.

٢- ئەم نووسراوخانانەی لەم جێگایانەدا دامەزراندووە:

أ- لە خوێندنگای سەرەتایی گوندی (ئەترووش)دا کە لە لادێی (مزووری) دایە، نووسراوخانەیەکی، لە ساڵی ١٩٣٦دا بۆ شاگردەکان دامەزراند: نووسراوانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیی تێدا دانا.

ب- لە خوێندنگای سەرەتایی گوندی (پێدە)دا کە لە لادێی (مزووری)دایە، لە ساڵی ١٩٣٦دا بۆ شاگردەکان دامەزراند: نووسراوانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزیی تێدا دانا.

ج- لە یانەی فەرمانبەرانی (شێخان = عێن سفنی)دا لە ساڵی ١٩٥٠دا.

د- لە یانەی فەرمانبەرانی (ئاکرێ)دا لە ساڵی ١٩٥١دا.

هـ- لە یانەی فەرمانبەرانی (شەقلاوە)دا لە ساڵی ١٩٥٣دا.

و- لە یانەی فەرمانبەرانی (دهۆک)دا سەر لە نوێ ساڵی ١٩٥٦دا.

ز- لە بەشی کوردیی زانستگای وێژەی بەغدادا ساڵی ١٩٦٢دا.

٣- بەدیاری کۆمەڵە نووسراوانی بۆ ئەم نووسراوخانانە پێشکەش کردووە:-
أ- نووسراوخانەی (ناوازگاە = متحف)ی سلێمانی لە ساڵی ١٩٦٤دا.
ب- نووسراوخانەی (کۆڕی زانیاریی کورد) لە بەغداد ساڵی ١٩٧٢دا.
جـ- نووسراوخانەی (گەلاڵە) ناوچەی ڕەواندز ساڵی ١٩٧٣دا.
د- نووسراوخانەی (ماینز) لە ئەڵمانیادا ساڵی ١٩٧٤دا.
هـ- نووسراوخانەی زانکۆی (سۆربۆن) لە پاریسدا ساڵی ١٩٧٤.
ز- نووسراوخانەی (بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی کوردی) لە بەغدادا ساڵی ١٩٧٧دا.
ح- نووسراوخانەی (ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردستان) لە بەغدادا ساڵی ١٩٧٧دا.
ط- نووسراوخانەی (بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی) لە بەغدادا ساڵی ١٩٧٢دا.
ی- نووسراوخانەی (دەسگای ڕۆشنبیری و لاوان) لە هەولێردا ساڵی ١٩٨١دا.

٤- بێجگە لەمانە، بەکۆمەڵ و بەتاک تاک، نووسراوەکانی خۆی، بەناوی دیاری و ڕێزگرتنەوە پێشکەشی گەلێک وێژەوانان و زانایان و ڕۆشنبیرانی کورد کردووە چ لە کوردستاندا، چ لە دەرەوەی کوردستاندا.

٥- هەر دەسگایەکی ڕۆشنبیریی کوردی یاخود هەر مامۆستا و خوێندکارێک، هەر خاوەن ڕۆژنامە و گۆڤارێک هەر کەسێک یان هەر دەسگایەکی زرنگکاری، یاخود خوێندەواریی جیهان، داوای یارمەتییەکی لێ کردبێت، لە کۆڕی ڕۆشنبیریدا و بۆ کورد کەڵکی هەبووبێت بێ پارە بەخۆڕایی، یارمەتیی داوە.

٦- گەلێک جار، بەتێکۆشان و پارەبووبێ یان بەنووسین، یارمەتیی کڵۆڵ و داماو و لێ قەوماوانی کوردی داوە. ئەمانە نموونەی ئەو یارمەتییانەن:-

أ- لە ساڵی ١٩٣٦دا، پارەی کۆکردەوە لە خوێندکارە کوردەکان لە بەغدادا و، دوکانێکی چێشتخانەی بچووکی بۆ دوو شاگردی هەژار و داماوی کورد کردەوە و دامەزراند کە یەکێکیان (کۆیی)بوو، ئەویتریشیان (ڕواندزی). هەردوو شاگرد بەمزی ئەو چێشتخانەیە ژیان تا لە دەسکاکانی میریدا فرمانیان دەستکەوت و دامەزران.

ب- لە ساڵی ١٩٥٧دا (٣٥) دیناری خۆی پێشکەش کرد بۆ یارمەتیدانی لێ قەوماوانی لافاوی (سلێمانی) بێجگە لەوە خانووەکەی خۆیشی بۆ ماوەی ساڵێکی خشت تەرخان کرد بۆ حەواندنەوەی شەش خێزانی هەژاری سلێمانی بەخۆڕایی، کە ئەوساکە کرێی ساڵانەی خانووەکە دەیکردە (٢٤٠) دینار.

جـ- لە ساڵی ١٩٦١دا کچێکی داماو و لێ قەوماوی بێ باوکی چوار ساڵیی گرتە ئەستۆی خۆی کە بەخێوی بکات. تا بیست ساڵی خشت بەپەروەردەکردن و پێگەیاندنیەوە خەریک بوو، تا خوێندنی ئامادەیشی پێ تەواو کرد و کردیە فەرمانبەری میری لە فەرمانداریی خۆیی کوردستاندا.

د- لە ساڵی ١٩٦٠دا (١٧٠) کەس برا کوردەکانی ئێرانمان بەئاوارەیی لە دەست شاهی ئێران ڕەویان کرد

و هاتنه شاری سلێمانی. خاوەنی پڕۆژەی خوێندەواری کورد، فریایان کەوت (١٣٠٠) دیناری بۆ کۆکردنەوە لەگەڵ لیژنەیەکدا کە پێکی هێنابوو بۆ ئەو مەبەسە، هەروەها چەند خانوویەکی بەئاووکارەبای خۆڕاییەوە لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بۆ وەرگرتن و دابەزراندن.

٧- هەروەها «پڕۆژەی خوێندەواری کورد»، پاراستنی مافی زۆر لێکراوانی کوردی خستبووە ئەستۆی خۆی، چ بەدەم، چ بەپێنووس، چ بەخەبات و تێکۆشان. لەسەر ئافرەتان و منداڵان، پەککەوتووان و وێژەوانان و، کارگەران و جووتیارانی کوردی دەکردەوە. هانەی کاربەدەستانیشی دەدا بۆ دەستگیرۆیی و چارەکردنی گیروگرفتەکانیان، لە شێوەیەکی چاکە خوازانە و، دادپەروەرانەدا ئەمەیش لە چیرۆکەکان و وتارەکان و نووسراوەکانیدا دیارە بێجگە لە کردەوەکانی.

بیروباوەڕی بوێژان و زانایان و ڕۆشنبیران بەرامبەر پڕۆژەی خوێندەواری کورد

(١٤)

لەلایەن گەلێک بوێژ و زانا و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانەوە نامەی ئافەرین و پەسەن کردن بۆ (پڕۆژەی خوێندەواری کورد) هات و، لە گەلێک ڕۆژنامە و گۆڤاریشدا وتاریانم خوێندەوە. گیانی پاکی کوردایەتی و برایەتی و مرۆڤدۆستییان کاریان تێ کردم و تیژیشیان کردمە سەر پەرەپێدانی بەرهەمەکان و گەشەپێکردنیان هەندێ دەسگای ڕۆشنبیریش وەک (بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی) و (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) و (ڕادیۆی کوردی) و (تەلەفیزیۆنی کوردی) و (ئەمینداریتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان) و (یەکێتیی گشتیی ئافرەتانی عێراق) و (زانکۆی سلیمانی) و (کۆڕی زانیاریی عیراق بەشی کوردی) بێجگە لەوەی پشتگیریان کردم، فرمانیان بۆ پڕۆژەکە پەیدا کرد و یارمەتیشیاندا.

لەبەر ئەوەی بەپێویستی دەزانم گوڵدەستەی سوپاس و نەوازشم پێشکەشی هەموویان بکەم. نامەو وتارەکانی ئەو خوشک و برا بەڕێزانەم لە ئاوازەگاهی نووسراوخانەکەمدا بەدەستی ڕێزەوە پاراستووە، تا لە ڕۆژی خۆیدا کەڵک لە بیرو باوەڕەکانیان وەربگیرێ، یاخود هەموویان بڵاوبکرێنەوە، بۆ کەڵکی گشتی لێرەدا لەو بەڕێزانە داوای بەخشین دەکەم کە ناوی هەموونامە و وتارەکانیان بڵاوبکەمەوە یاخود ناوەرۆکەکانیان پێشکەش بکەم تەنیا بۆ نموونە ناوی هەندێکیان دەخوێنمەوە بۆ ئەمەی خوێندەوارە بەڕێزەکانمان ئاگادار بکەم لە هەستی پاکی ئەو خوشک و برا گەورانە و ئەو دەسگا بەڕێزانە بەرامبەر پڕۆژەکەیان:-

١- وتاری کاک فەتحوڵڵا ئەسعد فەرمانبەرێکی نیشتمانپەروەر لە دادگاهی سلێمانیدا.

- ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (٥٦)، ڕۆژی ١٩٢٧/٣/٣- سلێمانی لە بابەت (٥٠) چامەی دیوانی (مستەفا بەگی کوردی)یەوە کە بۆم کۆکردبووەوە و بۆم ناردبوو.

٢- وتاری سەید حوسێن حوزنیی موکریانی لە گۆڤاری (زاری کرمانجی)دا.

لەڕەواندز، ژمارە (١١) ی ڕۆژی ١٩٢٧/٩/١٤. لە بابەت (١٥٠) چامەی بوێژەکانمانەوە و دوو

نووسراوی خۆمەوە کە بۆم کۆی کردبوومەوە بۆم ناردبوو بەدیاری.

٣- نامەی محەمەد ئەمین زکی، مێژوونووسی بەناوبانگی کورد لە ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/١٨دا، لە بابەت نووسراوانی (پرشنگ) و (شەبەنگە بەرۆژ)ەوە.

٤- نامەی بەڕێوەبەری زانستیی ناوچەی کەرکووک ژمارە (٤٠٣/٢٨) لە ڕۆژی ١٩٤٢/١/٢٠دا، لە بابەت بەخشینی پارە و نووسراو و دیارییەوە کە پێشکەشی شاگردەکانی (خوێندنگای قادرکەرەم)م کردبوو.

٥- وتاری (دوکتۆر طه حسین)، وێژەوانی بەناوبانگی میسر لە گۆڤاری (الكاتب المصری)ی قاهرەدا، ژمارە (١٤) لە ڕۆژی -/١٩٤٦/١١دا لە بابەت وتارەکەمەوە کە لە گۆڤاری (الثقافة الحدیثة) کە لە (کاظمیة) لە ساڵی ١٩٤٦دا دەرچوو بوو و لە (ئافرەتی کورد) دووابووم.

٦- نامەی مامۆستا (محەمەد عەلی عەونی) وێژەوان و مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، لە قاهیرەوە، لە ڕۆژی ١٩٤٧/٦/٢٩دا، لە بابەت نووسراوی (پرشنگ)ەوە.

٧- نامەی مامۆستا (عەبدولمەجید حەسەن)، بەڕێوەبەری دەسگای زانستیی سلێمانی، ژمارە (٦٧٠٤) لە ڕۆژی ١٩٤٧/١٢/٢٧دا، لە بابەت نووسراوی (شەبەنگەبەرۆژ)ەوە.

٨- وتاری دوکتۆر (محەمەد فائق ئەلجەوهری) لە گۆڤاری (الریاضة البدنیة)- القاهرەدا، ژمارە /٨١١ و ڕۆژ /١٩٤٨/٩، کە خاوەنی پەیانگای (وەرزش) و (پەروەردەکردنی لەش و هۆش و گیان)ە لە میسردا لە بابەت نووسراوی (گەورە پیاوان)ەوە.

٩- نامەی دوکتۆر (ناجی الاصیل)، بەڕێوەبەری گشتیی بەجێ ماوی کۆن (المدیر العام للآثار القدیمة)، ژمارە (٢٠٥٨/٢٥/١٤) لە ڕۆژی ١٩٥١/٩/١٦دا لە بابەت نووسراوی (ئاکرێ: عقرة)وە.

١٠- وتاری دوکتۆر (کامل بصیر)، ئەندامی کارا لە کۆڕی زانیاریی عیراقدا/ بەشی کوردی، لە ڕۆژنامەی (التآخي) ژمارە ( ) و ڕۆژی (١٩٦٧/١٠/٢٠)[1] دا لە بابەت نووسراوی (ئافرەتی کورد)ەوە.

١١- چامەی بوێژی نیشتمانپەروەر (میرزا سعیدی بەرگدروو) لە سلێمانی لە قەیسەریی وەسمان پاشادا، لە ڕۆژی ١٩٧٠/٢/١٨دا لە بابەت نووسراوی (یەزیدییەکان و ئایینی یەزیدی) ەوە.

١٢- نامەی مامۆستا (ئیحسان شێرزاد) سەرۆکی کۆڕی زانیاریی کورد و کاربەدەستی شارەوانییەکانی عێراق، ژمارە (٢٢٤) و ڕۆژی ١٩٧١/١١/٢٥ لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

١٣- وتاری مامۆستای نیشتمانپەروەر (مستەفا نەریمان) ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە ڕۆژنامەی (العراق)دا ژمارە (٢٠٤)ی ڕۆژی ١٩٧٦/٧/٢١ لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

---

(١) ئەم بەرووارە دەبێ هەڵەبێ، چونکە نە کۆڕی زانیاری کورد ئەوکاتە هەبووە و نە د. کامیل سەرۆکی بووە.

١٤- وتاری مامۆستا (عبدالستار کاظم)، نووسەری نیشتمان پەروەر و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژنامەی (العراق) دا، ژمارە ( ) و ڕۆژ (١٩٧٧/٥/٢٦)، لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

١٥- وتارەکانی مامۆستا (عەلائەدین سجادی) لە (گۆڤاری نزار)دا: ژمارە (٤) ی ڕۆژی ١٩٤٨/٥/١٥ و، ژمارە (٦) ی ڕۆژی ١٩٤٨/٦/١٥ و ژمارە (١٩)ی ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/٣١ لەبابەت نووسراوەکانی (پرشنگ) و (شەبەنگەبەرۆژ) و (گەورەپیاوان) و (هاوڕێی منال)ەوە، کە ئەو خۆی خاوەن و سەرنووسەری گۆڤاری (نزار) بوو.

١٦- نامەی خوالێخۆش بوو (سەعید قەزاز) لە ڕۆژی ١٩٤٧/٧/١دا لە بابەت نووسراوی (پرشنگ)ەوە، کە لە (کورت)ەوە ناردبووی ئەو دەمە ئەو پارێزگاری خاکی (کووت) بوو.

١٧- نامەی مامۆستا (ڕەفیق حلمی) لە ڕۆژی ١٩٥٦/٦/٦دا لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

١٨- وتاری مامۆستا (جەمیل بەندیی ڕۆژبەیانی) لە ڕۆژنامەی (ژین)دا، ژمارە (١٢٠٥)ی ڕۆژی ١٩٥٤/٧/١، لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

١٩- وتاری مامۆستای ئایینی (شیخ مستەفا قەرەداخی) لە گۆڤاری (سلێمانی)دا، ژمارە (٦)ی مانگی دەهەمی ساڵی ١٩٦٨ لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد) بەتایبەتی (پرسە هەڵگرتن) کە نووسەر پێشنیازی بۆ کردبوو.

٢٠- نامەی خاتوو (مەنال یونس عەبدولڕەزاق) سەرۆکی یەکێتی گشتیی ئافرەتانی عیراق، ژمارە (١٧٣٩/٢٣٨) لە ڕۆژی ١٩٧٨/٤/٨دا لە بابەت بایەخدانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە بە(کێشەی ئافرەتی کورد) لە ساڵەکانی پێش (١٩٥٠) وە هەتا ئیمڕۆ (ساڵی ١٩٧٨).

٢١- نامەکانی پارێزگارەکانی (سلێمانی) لە سالانی (١٩٦٤-١٩٨٠)دا لە بابەت دیارییەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە کە بۆ نووسراوخانە گشتییەکانی (سلێمانی) و (چەمچەماڵ) و (هەڵەبجە) و (ڕانیە)ی ناربوون.

٢٢- نامەکانی پارێزگارەکانی (هەولێر) لە سالانی (١٩٧٨-١٩٨٠)دا لە بابەت دیارییەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە کە بۆ نووسراوخانە گشتییەکانی (هەولێر) و (کوێسنجەق) و (ڕەواندز) و (مەخموور)ی ناردبوون.

٢٣- نامەیەکی پارێزگای (دهۆک) لە ساڵی (١٩٧٨)دا لە بابەت دیارییەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە کە بۆ نووسراوخانە گشتییەکانی (دهۆک) و (زاخۆ)ی ناردبوون.

٢٤- نامەکانی ئەمینداره گشتییەکانی کاروباری کۆمەلایەتی لە هەولێر لە سالانی (١٩٨١) و (١٩٨٢)دا لە بابەت دیارییەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە کە بۆ دەسگاکانی چاودێری کردنی (نەوجەوانان)و (کچان) و (دایەنگاه)کەیان لە سلێمانیدا ناردبوونی.

٢٥- وتاری دەستەی نووسەرانی (ڕۆژنامەی هەولێر) ژمارە (٢٢) ی ڕۆژی ١٩٥٢/٥/١٢ لەبابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

٢٦- وتاری مامۆستا (عەبدولباست یونس) خاوەنی ڕۆژنامەی (الفجر) لە (موصل)دا، ژمارە (٤٧)ی ڕۆژی ١٩٥١/١/١٩ لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە لە (ئاکرێ)دا.

٢٧- وتاری مامۆستا (فەریق عەزیز عەقراوی) خاوەنی ڕۆژنامەی (الایام)ی بەغداد، لە ڕۆژنامەکەیدا ژمارە (٣٠)ی ڕۆژی ١٩٥١/٩/١٩ لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

٢٨- وتاری مامۆستای خوێندنگای دووەمینی (موصل)، ژمارە (٩٢٠)ی ڕۆژی ١٩٥٠/١١/٣ لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە لە (ئاکرێ).

٢٩- نامەی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی ژمارە (١٨٢٨٢/٤٤/٧)ی ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٣، لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

٣٠- وتاری (ڕۆژنامەی هاوکاری)، ژمارە (٥٠٢)ی ڕۆژی ١٩٧٩/١٢/٣، لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

٣١- وتاری مامۆستا (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) لە ڕۆژنامەی (عێراق)دا ژمارە (١٨٨٦)ی ڕۆژی ١٩٨٢/٤/١٩ لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە، بەتایبەتی لە بابەت (پرۆژەی کۆگرەی منداڵان)ەوە.

٣٢- نامەی (جویس بلۆ) مامۆستای زمانی کوردی لە (زانستگای سۆربۆن)دا کە لە شاری (باریس) دایە، پایتەختی (فەرەنسە)، لە ڕۆژی ١٩٨٠/٩/١١دا لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

٣٣- نامەی دوکتۆر (جەمال نەبەز) مامۆستا لە (زانکۆی بەرلین/ بەشی کوردی) لە لە ڕۆژی ١٩٨١/١٠/١٤دا لە بابەت بەرهەمەکانی (پرۆژەی خوێندەواری کورد)ەوە.

٣٤- نامەی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە بەغداوە، ژمارە (٥١١)ی ڕۆژی ١٩٧٩/١١/٦، لە بابەت نووسراوی (مێژووی پرۆژەی خوێندەواری کورد) و بەرهەمەکانی تری پرۆژەکەوە.

٣٥- نامەی مامۆستا (ئەحمەد شەریفی) لە شاری (مەهاباد)ەوە کە لە (کوردستان ئێران) دایە، لە ڕۆژی ١٩٧٩/٤/١٥دا لە بابەت نووسراوەکەمەوە (یەزیدییەکان و ئایینی یەزیدی) و بەرهەمەکانی تری (پرۆژەی خوێندەواری کورد).

چیرۆک و پەخشان

هاواری وەتەنە خۆشەویستەکەمان[1]

کوڕ: دایە چییە؟ ئەوەندە بۆچی ڕەنگ زەرد و عاجزی؟

دایک: ڕۆڵە بڕۆ هەقت چییە بەسەرمەوە، تازە خەبەرت بۆتەوە هەواڵم ئەپرسی؟

کوڕ: ئاخر بڵێم چی، ئەرێ وەڵڵا تازە لە خەو هەستاوم، توخوا عاجزیەکەت چییە بیڵێ!

دایک: ڕۆڵەگیان هاوارە، بۆ خاتری شیری دایکت، هەموو ناو جەرگم سووتاوە. بووە بەکۆی زوخاڵ و جەرگم لەت لەت بووە ڕەنگم زەرد بوو، دڵم هەڵقرچا لەبەر بێ خوێنی و هەناسەم لێ بڕا، دەرگام لێ کەرەوە لەم ژوورە تاریکەم ڕزگارکە. هەر هیچ نەبێ مۆمێ، چرایەک داگیرسێنە و بمدۆزەرەوە لەم دەلیا تاریکە بێ بنەدا تا بتوانم بەری پێی خۆم ببینم، خۆم ڕزگارکەم لەمە.

تۆزێ هەناسە بدەم تا نەختێ خوێنەکەم سووربێتەوە، هەموو سییەکانم شەقار بووە لەبەر بێ هەوایی. ئاخ ئەم هاوارە هی سەد ساڵەمە لێت دەکەم، تازە خەبەرت دەبێتەوە؟

کوڕ: دایە لە قسەکانت نەگەیشتم، دەرگاکردنەوە و چراداگیرسان و جگەر لەتبوون و هەوا و هەناسەدان چییە؟ بەمعەمما پێم مەڵێ!

دایک: ئای ئای! ئەوە ئیشی ئەوەیە منت لەبیر ناکەومەوە، ئەگەر وانەبوایە من ئەمە سەد ساڵە هاوار دەکەم دەڵێم لە ڕێی خودادا دەرمانێ دەردمی بێ سارێژکەم!

کوڕ: دایە قسەکانت زەریفە! بەڵام بەکوردی پێم بڵێ، یەعنی بەبێ چاڵ و چۆڵ. دەرمانی دەردت چییە بیڵێ.

دایک: دەرمانی دەردم ئەمەیە وەکو وتم؛ لەم ژوورە تاریکە وەک (جهل) بێ کە ئەمە سەد ساڵە تیاگیرم خواردووە بەچرایەکەوە کە وەکو (معارف) بێ، بیهێنەرە ناوی و ڕووناکی کەرەوە، تا بەرپێی خۆم ببینم و خۆم ڕزگارکەم لە دەستی.

کوڕ: ئەی هەوا. هەناسەدان یەعنی چی؟

دایک: بەخوا بڵێم چی، ئەویش هەر معارفە معاریف، بۆنەی دەرهێنانی من معاریفە بووژانەوەم هەر معاریفە. یەعنی ئەگەر هەر لەم جەهلەدا بمهێڵینەوە دەمرم، زاتەن هەموو لەشیشم بووە بەداسک و دەرزی و گیانم تیا نەماوە، چونکە ئێستا ئەوەندە کاربۆنم هەڵمژیوە کە هەردوو سیەکانم خوێنەکەی لە بریتی ئەمەی کە سووربێ چونکە هەواکە کاربۆنە و ڕەشە، ڕەشی کردووە؛ ئەوەتا بووە بەکۆی زوخاڵ،

---

(١) ژیان، ڕۆژنامە، ژ ٥٢، ساڵی ٢، پێنجشەممە ٣ شوباتی ١٩٢٧، سلێمانی ل: ١ - ٢ (شاکر فتاح، هاواری وطنە خۆشەویستەکەمان).

ئەگەر بێتو بەهۆی چراکەوە کە (معارف)ە لە مێم دەرهێنی ئەوسا هەوایەکی ساف کە وەکو معاریف بێ هەناسە دەدەم، ئۆکجسینەکەی وەردەگرم، خوێنەکەم پێی سوور دەبێتەوە و خوێنەکە دەنێرم بۆ گشت لەشم تا هەرچی چڵکێکی کاربۆنە وەکو (جهل) بێ لەگەڵ خۆی بێنێ و بەهەناسەیەک فڕێی بدەمە دەرەوە، ئینجا ئەوسا قەڵە و دەبمەوە وەک جاران ڕەنگم سوور دەبێتەوە و دەتوانم لەناو هاوڕێکانما سەرهەڵبڕم.

کوڕ: معارف وەکو چی؟

دایک: بۆچی ڕۆڵە تۆش وەکو من پەردەی جەهالەت بەری چاوی گرتوی؟ ناوت نازانم هەر بەناو پێت دەڵێم. ڕۆڵە من ناوم (وطنە). ئەیکە لەبیرت نەچێتەوە.

کوڕ: ئەرێ بەخوا دایە! منیش لە (هیجران ئەمای تۆ)[2] لەم زیندانە قوڵە و لەم ژووره تاریکە دای، پەردەیەکی ڕەش بەچاو و بەدڵما هاتووە و هەتاوەکو بەزمانیشما، ناوەکەتم لەبیر چۆتەوە، ناتوانم و زمانم گۆناکا هەر ناویشت بڵێم، پێی ناوێ ئەمنیش ناوم (میللەتە).

شاکر فەتاح

ئەمە یەکەم بەرهەمی ئەدەبی و هونەری مامۆستایە کە لە (ژیان)دا لە شوباتی ١٩٢٧ بڵاوی کردۆتەوە... پارچە پەخشانێکی هونەرییە، بەڕێنووسێکی ئەو سەردەمە نووسراوە و ئێمە بۆ زیاتر تێگەیشتنی خوێنەر گۆڕیومانەتە سەر شێوەی نووسینی ئێستا.

نووسەر هەوڵی زۆری داوە خۆی لە وشە بیانییە باوەکانی ئەو سەردەمە بپارێزێ و بەرهەمەکەی تازە گەریەکی پێوە دیاربێ، چ لە شێوەی دارشتن و سەبکدا و چ لە جۆر و بابەتی ناوەرۆکدا.

بەڵام لەگەڵ ئەو تەقەللایەشدا (ناچار) هەر پەنای بۆ زۆر وشە و زاراوەی بەکارهاتووی ئەو سەردەمە بردووە.

لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە هەرچەند تەوەرەکە باوی ئەو ڕۆژانە بوو، (نەخوێندەواری و نەزانین)؛ زۆربەی شاعیران و نووسەرانی ئەو کاتە بەدەوریدا بابەتەکانیان خولدەدا، بەڵام مامۆستا ویستوویە لە بەرگێکی تازەی (زانست ئامێز)دا باسەکە بخاتە ڕوو، هەروا هێماو ڕەمز لەو بابەتەدا بەکاربێنێ (بەڵام لەم لایەنەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە چونکە هەر خۆی گرێی ڕەمزەکانی کردۆتەوە و لە ڕێڕەوی خستنەڕووی باسەکەیدا بەوشە و دوو وشە لێکی داونەتەوە):

(لەم ژووره تاریکە وک -جهل- بێ... بەچرایەکەوە کە وەکو -معارف-بێ... هەوایەکی ساف کە وەکو -معارف-بێ... هەرچی چڵکێکی کاربۆنە وەکو -جهل-بێ... دایە. ناوەکەت چییە؟ -ڕۆڵە من ناوم- وطن-ە.... کوڕ: ئەمنیش ناوم -میللەت-ە).

ئا بەم شێوەیە نووسەر گرێ و هێماکانی بۆ خوێنەر حەل دەکا و دەیانکاتەوە، لە کاتێکدا وا شیاوتر بوو

---

(٢) لە ئەسڵەکەدا وا چاپکراوە: (... لە هجرانی امای تو لم زندانه...).

کە لە سیاقی خوێندنەوەی بابەتەکەدا خوێنەر خۆی بگەیشتایە ئەو ئەنجامە... بەڵام خۆ دەبێ بار و ئاستی ڕۆشنبیری و دەرککردنی خوێنەری ئەو ڕۆژانەش لەبەرچاوگرین.

خۆ بەکارهێنانی ئەو ڕووپۆشە زانستییەش ئەوە دەگەیەنێ کە نەوەی تازەپێگەیشتووی دەرچوو لە قوتابخانە ڕەسمییەکاندا، مێشک ئاودراو بەزانیاری زانستی سەردەمەکە، دەبێ بەرهەمەکەی ئەو تازەگەریەی تێدابێ.

(مرۆڤێکی گیرخواردوو لە دەوروبەرێکی داخراوی تاریکدا و، هەوایەکی پیسی تێربوو بەکاربێن کە ژەهرێکی ڕاستەوخۆیە بۆ کۆئەندامی هەناسەدان و لەوێشەوە بۆ خوێن و دواجار ئەندامەکانی تری لەش...)

لەمەیاندا دەتوانین مامۆستا دانێین بەخاوەنی دەستپێشکەریەک لە ڕەخساندنی بابەتی زانستی وەک (ڕاستییەکی موجەڕەد) و بۆ بەرهەمێکی هونەری ئاراستەیی.

(ئاینده) له چیرۆکێکدا...

کە مامۆستا قوتابی پەیانگەی بروممانا دەبێ بۆ زمانی ئینگلیزی، لە لوبنان، ساڵی ١٩٣٢، لە یادنامەکەی ئەو ساڵەیدا، بەبەرواری ٩/١/١٩٣٢ دەنووسێ:

(خوا هەڵناگرێ سەر مامۆستاکەمان و ئەوانی تریش لە ئینگلیزیدا زۆر لەگەڵمان خەریکن، بەتایبەت نووسین و هەڵبەست.

«میستەر ناش» لە سێ شت کە بۆ ئینشا دابووینێ یەکێکیان ئەمە بوو: باسی ئەو شتانە بکە کە لەناو ساڵی ١٩٥٠ و ساڵی ٢٠٠٠دا دادەهێنرێن.

منیش ئەمەم بەشتێکی زۆر خۆش هاتەپێش لەبەر ئەوە هیچیانم نەنووسی ئەمە نەبێ.

ناش کە خوێندیەوە گەلێ چاکێتی و خۆشێتی (شتە داهێنراوەکانی) پێشاندا، بەڵام گوتی: لە تاقیکردنەوەدا ئاگات لە خۆتبێ قسەکە مەخەرە ناو دوو کەسەوە. هەر لە خۆتەوە قسەیان لێبکە.

چونکە من بیرەکەم وا پێشاندابوو کە دوو کەس (ڕۆستەم و بارام)، لە کوردستانەوە بەفڕۆکەیەک کە بەئەلەکتریک دەڕوا بەشەش سەعات دەگەنە (نیویۆرک)، خواردنیان بۆ ئەو ڕۆژە درێژە (سێ دەنک چێشت دەبێ)، لە ڕێ کە بەسەر بۆداپێستا[*] تێپەڕ دەبن، دەبینن هاوینە. کەچی بەمەکینە باران لە ئاسمان دەهێننە بوون. لەناو دەریای ئەتلانتیکدا چەند کەسێک دەبینن بەڕووتی بەپێوە بەسەر ئاوەکەوە یاریدەکەن، پێتاوێکی کەشتی ئاساییان لە پێدایە، لە ژێریانەوە لەبنی دەریاکەدا کۆشکێک هەیە خەڵک کە لە ئەمریکا و ئەورووپاوە دێن لەوێ لادەدەن.

پاشان نزیک بەئەمریکا بەناوچەی (پاپۆرە ژێر ئاوینەی)[1] ئەمریکا دەگەن، کە ئەویش خانوویەکی گەورەیە لە بنکی دەریاوە.

(*) بۆداپێست: پایتەختی وڵاتی مەجەڕستان: هەنگاریایە.

(١) تحت البحر (ش. ف.)

لە نیـویۆرک بەئاسـمـانەوە خـانووی (شێـر و پاشـا)[1] دەبینین کـە لەلایەن (حکوومـەتی یەکـبووەی کوردستـان Unitedstate of Kurdis)ەوە نێرراوە تا فەننی خانوو دروستکردنی کورد لەو (وێنەگاھ - معرض)ی عالەمەدا پیشان بدا.

کە دادەبەزن، دەچن ئەو لەشە چڵکنەیان بەتیشکی ڕۆژ کە بەسایەی مەکینەیەکەوە وای لێدەکرێ پیاو پاک بکاتەوە، لە خـانوویەکی شـووشـەدا خـۆیان پاک دەکـەنەوە. چای ئەو ڕۆژەیان بەسـایەی (پرێمـزی تیشکی ڕۆژ)ەوە دەکوڵێنن.

ئەو شـەوە لە هەمـوو ئەمـریکادا زەماوەندی یادکـردنەوەی (ئەدیسـۆن) دەبێ. لە ئاسـمـاندا پەردەیەکی سینەمایی گەورە بەسایەی غازەوە دروست دەکرێ، وێنەی سێ دووریی تیا دەبینرێ.

کـە پیـاو لێی تێک دەچێ بزانێ ئەمـە سـینەمـاییـە یاخـود پیـاوی ڕاسـتـەقـینەن لەوێدا یاریی دەکـەن. سینەماکەی ئەمەندە گەورە دەبێ هەموو ئەمریکای ژوور و چاویان لێدەبێ.

بەیانی (بارامیان) لە ڕۆژنامەی قسەکەردا هەواڵ دەخوێنێتەوە، لەگەڵ ژنەکەیا (مێردێ) بەتەلەفۆنی وێنەگر قسە دەکا. کوڕەکەی هۆمەر) بانگ دەکەن، خۆی پێشاندەدا، کـوڕەکەی گوێی لە جووڵانەوە و گۆرانی باوکی دەبێ، هەتاوەکو چاوی لەو پۆلە مەلانەوە دەبێ کە بەئاسمانەوە دەبن؛ بەباوکی دەڵێ: بابە بەباڵەکانتەوە بفڕە ئەوانە مەلن، لە بیرت نەچێ لەگەڵ ئەو مەلانەدا (نووسراوەیەکی گۆرانی قسەکەرم) بۆ بێنی. ئێستە خوا ئاگادارتبێ بفڕە، بەڵام بەیانی چێشتەنگاو نان ناخۆم هەتا تۆ نەیەیتەوە).

***

زۆر بەداخەوە، هەرچەندە لەناو نووسراو و پاشماوەکانی مامۆستادا گەڕام ئاسەوارێکی یا دەقی ئەسڵی ئەو نووسـینە (چیرۆک)ە سەرەتاییەی نووسینی مـامۆسـتـا نەدیەوە، کە بەگێڕانەوەکەی خۆیدا دەردەکەوێ دەقی چیرۆکێکی ئەندێشاوی زانستییە، نووسەر جڵەوی خەیاڵی خۆی بەفەزایەکی فراوان و بەربڵاودا بەرەڵلا دەکات، هەموو ئەو پێشهاتانەی باسیان دەکات لە ڕۆژی ئەمرۆماندا هاتونەتەدی.

ئەم جۆرە نووسینە پێشبینی ئامێزەی مامۆستا، پڕاوپڕ چیرۆکێکی بیری زانستییە (الخیال العلمي) کە لەو سـەردەمـەدا ئاوا پێشـبینی داهاتنی ئەو جۆرە ژیانەی لە نێوان سـالانی ١٩٥٠ - ٢٠٠٠دا کردووە؛ کورتکردنەوەی ماوەی نێوان کوردستان و نیویۆرک بۆ شەش سەعات، بارانی دەستکرد، خلیسکان بەسەر ئاودا، کـە ئێسـتـا وەرزشـێکی باوی بەربڵاوە، ژیان لەژێر دەریادا، حکوومـەتی یەکـبووی کوردسـتـان - هەرچەندە حکوومەتەکە یەکبوونییە! بەڵام بەشێکی خەونەکەی هەر هاتۆتەدی-، بەکارهێنانی تیشکی خۆر وەک وزە یا بۆ چارەسەرکردن، ساڵۆگەڕی ئەدیسۆن، پەردەی سینەما یا (شاشە)یەک کە وێنەکان سێ دووری (الأبعاد الثلاث)یان هەبێ کە ئەمە وێنەی بەرجەستە (مجسم)ە ئێستا هەیە، ڕۆژنامەی قسەکەر و چۆن بارام باوکی تیـا دەبینێ و هەروا باوکـیـشی کـە دەقـاودەق ئەمـە (ئەنتـەرنێت)ی ئەمـڕۆیە، (نووسراوەی گۆرانی قسەکەر) کە پێشبینیە بۆ (CD کاسێت)ی ئێستا.

---

(١) ئەو خانوو لە کوردستانەوە گوێزراوەتەوە ئەمریکا (ش. ف.).

بەڕاستی بەم بەرهەمەی مامۆستا کە بەداخەوە هەر لێرەدا باسی دەکات و دەقەکەیم لەناو کتێبەکانیدا چاو پێنەکەوت، دەتوانین دانێین بەیەکەم چیرۆکنووسێکی کورد کە لە بواری بیری زانستیدا نووسیویە و زۆربەی بۆچوونەکانیشی ئەمڕۆ هاتوونەتەدی.

ئاواتی دڵ

«گەشتێک بەسەر باڵی پەرندەی خەیاڵەوە»

(لە ڕەشەمێی ١٩٣٣دا نووسراوە لە ٢ی نەورۆزی ١٩٣٣دا لە سلێمانی لە ڕۆژنامەی -ژیان-دا لە چاپ درا. سلێمانی)

لە پاش ئەمەی زەمین بەباری خۆیا سووڕا...

لەپاش ئەمەی تیشکی ڕۆژی ڕاستیی تاریکیی پێچوپەنای زەویی بۆ ڕووناک کردمەوە...

لە پاش ئەمەی لەسەر باڵی پەرندەی خەیاڵم فڕییم. ئاسمانێکی بێ پایانم بڕیی، ئینجا دابەزییم، بەخوام سپارد و بەجێم هێشت...

لەو کونەوە بەسەربەرشتیی ڕووناکیی ڕۆژی ڕاستییەوە بەو ڕێگا چاڵوچۆڵەدا ڕۆیشم...

لە ڕێگادا تەماشای ئەم لا و ئەولای خۆمم ئەکرد...

لە ڕێگادا شتی وام ئەدیی سەرم سووڕ ئەما، واقم وڕئەما!.

ئینجا کە لە کون و قوژبنی ڕاستەقینەی زەوییدا کنەم کرد و پاش ئەم لا و ئەولایم پشکنی...

ئینجا کە لە بنوبنچینەی کردەوەکانی نەوەی ئادەم گەیشتم و تاقیم کردنەوە...

هاتمەوە بەر دەرکی کونەکە... دەمێکی دوور و درێژ مات و بێ دەنگ ڕاوەستام... پاشان ئاهێکی ساردم هەڵکێشا و سەرم هەڵبڕی ڕووم کردە ئاسمان چەندێک لە ئەستێرەکان وردبوومەوە:

سەرنجم دایە کردگاری دەستی پەروەردگار...لەبەرخۆمەوە ئەمگوت:خوا!... ئەبێ ئەستێرەکانی کە وابن؟!

گوایە مەبەس لە دروستکردنی ئادەم: خستنەوەی ئەم تەرحە گیانلەبەرانە بوو؟

گوایە ئەم جوانییەی گەردوون، ئەم خاکە زێڕینەی زەمین، ئەم هەمموو گوڵ و نەستەرییانە، ئەم هەمموو میوە و میوەهاتە و ئەم هەمموو دڕندە و پەڕندانەت بۆ داناون...

ئەمانەت هەمموو بۆ خۆشی و دڵشادیی ئەوان دروست کردووە... ئەمانەت هەمموو بۆ تێربوونی سکی ئەوان هێناوەتە بەرهەم...

گوایە هێشتاش: ئەبێ بەرچاو تەنگ بن؟

لەسەر پارووێەک بەگژیەکدا بچن؟

لەسەر بستێ زەویی چاوی یەک دەرهێنن!؟

قەلاچۆ لەیەکتر بخەن...؟!!

***

منیش هێشتا رووم لە ئاسمان بوو، هەرچەند بیرم ئەکردەوە و سەرم ئەهێنا و سەرم ئەبرد لە سەرەوکاری ئەمە نەئەگەیشتم! بەلام پەرندەی خەیالم وەک ئاگای لەم کەینە و بەینەیە بووبێ و ویستبێتی ئەوەندە بەمەوە خەریک نەمێنم، زوو کارێکی وام بۆ بکا ئەمەم لە دلا بەگرێ نەمێنێتەوە لە پڕ دای لە شەقەی باڵ و لەبەر دەما وەستا و پێی گوتم:

«وەرە سەر باڵم بتگەڕێنم، هێشتا تینم تیاماوە، شوێنێک هەیە ئەیزانم، مەگەر هەر ئەو شوێنەبێ ئەمەت بۆ دەرخا، هەر ئەو شوێنەشە...».

بەلام هێشتا ئەو لە قسەی خۆی نەبووبووەوە من گوتم:

«ئەوێیش بارەگای پەروەردگارە... بابڕۆین».

***

کە گەیشتینە بارەگای پەروەردگار، تەماشام کرد ئاسمانێکە فراوان، بێ پایان...

لەو لەشە تیشکینیەی فریشتانەی خوا بەولاوە هیچیکەی تیا هاتوچۆ نەدەکرد هەر فریشتەیە سەرسامی کردەوەیەک بوو!

- کردەوەی نەوەی ئادەم-

هەر فریشتەیەک ئەهات لە زەمینەوە ئەهات... وەک تێسکەی تفەنگ ئەو ئاسمانە بێ پایانەی ئەبڕی...

وەک ڕۆژی ئاگرینێ ئەو ناوەی ڕووناک ئەکردەوە...

هەریەکە دڵ بریندارێ بینینی کردەوەی بەدی کوڕە ئادەمێک بوو!

وەک گەوهەری شەوچرا هەر هەناسەیە پۆلێک ئەهاتن... بەهەزاران... بەملیۆن...

پۆلێک فریشتە: هەموو گریان و هاواری بێ کەس و هەژارانی سەر زەمین یان هێنابووە بەر تەختی پەروەردگار...

***

ئەو ئەستێرە بێژمارانەش کە لەو ناوەدا خولیان ئەخوارد، بەفەرمانێک کە لە تەختی ئاگرینی پەروەردگارەوە ئەهات: هەموو هاتبوونەتە جۆش، هاتبوونە خرۆش...

ئەوانیش هەریەکە هەواڵێکی ناخۆشیان پێشان ئەدا، هەواڵێکی ناخۆشی سەر زەمین.

هەموو یا باسی مردن بوو، یا کوشتن بوو، یان سەربڕین...

***

لە پاش کشانی ئەو ئەستێرانە: بەهەزاران گیانی گیانلەبەران، لە زەوییەوە ئەهاتنە ئاسمان...

ئەیان زریکاند، ئەیان قیژاند، ئەیان نالاند...

لەبەر تەختی ئاگرینی پەروەردگارا ئەلالانەوە: چەشنی مەرێکی بێ زمان، چەشنی باڵدارێکی بێ تاوان...

یەکی ناڵەناڵی نەخۆشی لە برسا مردنی بوو...
یەکێ شین و زاریی کوڕە کوژراوی بێ تاوان و کچە مردووی بەسەزمان و هەتیوباریی بوو...
یەکێ لەبەر سەرما و ڕەشەبا و بەفروباران: چرقەچرقی دانی بوو...
یەکێ ئاهە ئاهی ناخۆشیی ناو زیندان -زیندانی دەستی دەم بەدان و بەدانوانی بوو...
یەکێ دڵشکاوی ڕوو هەڵماڵراوی ژنان و گەورەکچانی بوو... یەکێ هەناسە ساردی ڕەنجەڕۆیی کار و فرمانی بوو...
یەکێ خەفەتباری دووریی لە کەسوکار و ئاوارەیی لە وڵاتی بەناوبانگی بوو...
یەکێکیش ناڵە ناڵی زۆرکردن و دەستبەسەریی و بێگاری دەستی گەورانی بەدکارانی بوو...

***

ئیتر من حەپەسام، برستم برا، نەمئەزانی بەکوێدا بڕۆم و بەکوێدا دەرچم، لەهەرلایەکەوە ئەمڕوانی:
بروسکەی ناڵە ناڵێک بوو...
لەهەر شوێنێکەوە سەرنجم ئەدا:
ڕەشە دووکەڵی ناخی دەردی دەروونێک بوو ئەچوو بەئاسماندا...
بۆ هەر کوێیەک ڕووم وەرئەگێڕا:
کڵپەی ئاگری ئاهی سک سووتاوێک بوو...
بۆ هەر شوێنێک ئاوڕم ئەدایەوە:
شریخە و زریکە و هاواری دڵ داخورپاوێک، سەربڕاوێک بوو...
لەهەر لایێ گوێم ئەگرت:
قیژە بوو، زریکە بوو، ناڵەناڵ بوو، ئۆف و ئاخ بوو، شیوەن و قوڕپێوان بوو!
جاربەجارێکیش کە قینی خوایی ئەهاتە جۆشی: بروسکەیەکی ئەدا ئینجا هەورە تریشقەیەک دەستی پێ ئەکرد؛ لەهەر چوارلای ئاسمانەوە دەنگی ئەدایەوە. پاشان هەر ئەوەندەت ئەزانی ئاگرێکی بێ سامان لەسەر زەمینەوە کڵپەی ئەکرد، گڕی ئەگەییە کەشکەشان... بەجارێ ماڵی هەزاران گوناهبارانی وێران ئەکرد...
بەهەزاران خانوومانی تێک ئەدا...
بەملیار شارانی نوقمی ئاو ئەکرد... وڵاتی سەرەوژێر ئەکرد!

***

ئیتر ئەوەندەم نەمابوو زادەترەک ببم، بەجارێ هێزی ئەژنۆم شکا، بەتەرحێک داچڵەکیم ئەمگوت: «ئەوا بەندی جەرگم بەربووەوە» مووچڕکی وام بەلەشا ئەهات: لە تەوقەسەرمەوە ئەڕۆیشت و لەگەڵ ئەموستی پێمەوە ئەچووە دەرەوە!

***

لەگەڵ ئەوەشا پەرندەی خەیاڵم لەو جێگا سامدارەی ڕزگار کردم و بردمیە ئاسمانێکی بێ پایانی کەوە...

بەهەموو کوڵی دڵمەوە ئەمگوت:

«تووبی خوا ئەگەر بمبەیتەوە سەر زەمین!

«بێشەڵستانی نێش و ئازار... جێی گوناهکاران، دەشتی کوشتار...

«بام لەم گوڵستانی گیانانەدا وەک مەلێکی ناوچەوان بەرز و سەر ئازارە بژیم... دووربم لە ئاگرستانی لەشداران...»

***

بەلام هێشتا لە قسەکەم نەبوو بوومەوە، شریخەیەک هات: لەخەو و خەیاڵی کردم، گەزێک بەئاسمانیا بەرزکردمەوە، کە ڕوانیم:ئەوا لە زەمیندا... ئەوا لە نزیکەوە کوڕە ئادەمێک لەسەر دۆڕاندنی مشتە دراوێک برایەکی خۆی داوەتە بەر دەمانچە! لە کاژەڵەی سەری دابوو، گیانی لەلەشی جیا کردبووەوە!!

ژینێکی بەرز[١]

نموونەی کوردی پەتی

(سکالای پیرەمێردێکی بەختیار)

گوڵچین کچە جوتیارێکە، لەگەڵ ئەوەشا من لام لە کچە شایەک گەورەترە، لە پەریەک جوانتر، لە فریشتەیەک نازەنینترە!

گوڵچین منی بەدڵا چووم[٢]:

چونکی من شارییەکم سەر و سامان و خانمانم هەیە. منیش ئەوم بەدڵا چووە، چونکە ئەو لادێکە[٣] ئازا و دڵپاک، کچە خانێکە سەربەست، سڵ لە کەس ناکا!... لەبەر ئەوە کە سەری دۆستایەتیمان بەست... دەمێکی دوور و درێژمان پێکەوە ڕابووارد... لەو دەمەدا ئەو حەزی لەوەم کردبوو، کە چەشنی پەروانە بۆی سووتابووم لەگەڵ ئەوەشا لە داوێن پیسی خۆم دوور ئەخستەوە، بەچاوی دۆست تەماشام ئەکرد... منیش حەزم لەوەی ئەو کردبوو کە هە چ هەلێکی بۆ هەڵکەوتایە، کار و فرمانی خۆی بەجێ ئەهێشت و ڕای ئەکردە لام، قسەی خۆشی دڵپاکانەی لادێیانەی[٤] بۆ دەکردم، کە لە شارەوە ئەهاتم دیاری متومور و ئاڵوواڵام بۆ دەهێنا، ئەویش کە ئەهاتە شار نۆبەرەی ڕێواس و گێلاس، گوڵ و گوڵەباخ، هەنجیر و ترێی بۆ ئەهێنام...

---

(١) دیاری لاوان! بەغدا ١٩٣٤، ل ٧٩ - ٨٥.

(٢) ڕاستتر: منی بەدڵاچووبوو

(٣) ڕاستتر: لادێیەکە

(٤) لادێییانەی

ئەمبیست لەهەر شوێنێک لێم ئەدوان لەسەر ئەکردمەوە، ئەویش ئەی بیستەوە، هەر لایەک ئەچووم پاکی و بێ باکی و لەش سووکی ئەوم ئەگێڕایەوە، لەبەر ئەوە ساڵ تێ وەرنەگەڕایەوە تیشکی دڵخوازی دڵی هەردکمانی رووناک کردەوە، ئەوی بەبیری منا ئەهات بەبیری ئەویشا ئەهات! کە نیازی چوونە لایم ببووایە ئەو شەوە خەوی پێوە ئەدیم.

هەرچیم بویستایە بەهی خۆی ئەزانی، هەرچیش بەدڵی ئەوا بچوایە بۆم پەیدا ئەکرد...

لەمنەوە رەنجدان بوو، لەویشەوە پێزانین، لەمنەوە دڵسۆزی بوو، لەویشەوە پەیمان راگرتن، لەمنەوە ئازایی بوو، لەویشەوە سەربەستی، خۆشیم خۆشی بوو، تاڵیم ترشی، ئەوی من حەزم لێ ئەکرد ئەو ئەوەی پەسەند ئەکرد...

بەکورتی دوولەش بووین: و گیانێک، دوو سەر بووین و هۆشێک، دوو سنگ بووین و دڵێکمان هەبوو!

ئیتر وەکو لە خواییەوە خرابێتە دڵمانەوە، هەردووکمان دڵمان ئەخرۆشا!!... بۆ ئەوە ئەخرۆشا! بیینە جووتێک ژیانمان پێ برازێنینەوە، ئەو ببێتە گوڵێک لەشەوا بگەشێتەوە بۆن ببەخشێ، منیش ببمە بلبلێک بەرۆژیش بەسەر چڵەوە بەدیارێوەبم!

کار وابوو هەر ئەمەندەی مابوو لە دەم بترازێ!...

رۆژێک لە راو ئەهاتمەوە، وەک رۆژان بەگوێ چەمەکەدا رۆیشتم، کە لام کردەوە، دیم گوڵچین گوڵی ئەچنی... کە دیی هات بەپیرمەوە، دابەزیم کەرویشکەکانم دایە، ئەویش دەسکە گوڵێکی رەنگینی دامێ... دەستە ناسکەکانیم گوشی و چووینە بن دارسێوێکەوە، لەسەر سەوزەگیاکە لە گوێ چەمەکە دانیشتین، تەماشای وێنەی یەکترمان لە ئاوەکەدا ئەکرد.

رۆژ تارایێکی زێرینی بەسەر ئەو دار و درەختانەدا دابوو، شەماڵ شنەی ئەکرد، لقی دارەکانی ئەشەکانەوە، ورشە ورشی بەگیا خستبوو، ئەو چەم و ئاوە بلورینەش بەسەر ئەو بەردانەدا تافە تافی ئەکرد،... چاوئەندازەی رازاوە بوو، گەورەیی و جوانی بەهاری دەردەخست، نموونەیەک بوو لە دەستکردی دەستی پەروەردگار.

وتم گوڵچین! وتی بەڵێ، وتم: تەماشای دەسم کە، ئەم گوڵەباخە بۆ تۆ، ئەو لاولاوەش بۆ من، سەیرکە ئەم چەمە چەن روون و پاکە، سەیرکە رۆژ چەن رووناکە، سەیرکە بلبل لەسەر چڵ بەسەر گوڵدا ئەخوێنێ، چڵی ژیانم تاقە گوڵێکی پێوەیە، ئەویش تۆی، منیش بلبلێکم بەسەریەوە بۆ تۆ ئەخوێنم... لە جیهاندا ئەگەر تاقە گوڵێکی گیان بەخش ببێ ئەوە تۆی، منیش لاولاوێکم بەدەورتا ئەگەڕێم و هەڵ ئەگەڕێم، لە دەردی دەورویشتت ئەپارێزم! تا ئێستا پاکی دۆستایەتیمان لە دەروونی ئەو چەمە خاوێنتر بووە، لەمەودواش زیانی دەستگیرانیمان لە تیشکی ئەو رۆژە جوانتر، رۆشنتر، زێرینتر ئەبێ!

«ئێستا من حەزت لێ دەکەم» کچەیش لە پاش تاوێک بێ دەنگی، دەستی خستە دەستمەوە و کەمەکێ بەو چاوە نێرگسانە تێم وردبووەوە... ئینجا بەو دەمە نوقڵیوە وتی:

«منیش... حه... زت... لێ... ئەکەم» ئیتر قسە هەر ئەوەبوو، دەستم بەسرا، ورتەی نەما، چاو و لێو کەوتنە قسەکردن.

***

مەلا کاری بۆ سازاندین، ئینجا نۆرەی شەوی پەردە بوو.

ماڵمان باخ، ژوورمان ژێر چنار، قاڵیچەمان سەوزەگیا بوو... بۆن و مێخەکمان گوڵەباخ، گۆرانیبێژمان بلبل و قومری، ساز و سەمتورمان دەنگی قاز و قولینگ، تافە تافی تاڤگە حەوزەی ئاو، ورشەی گیا، دەنگی شکانەوەی لقی عەرعەر بوو... چراخانمان مانگ و ئەستێرە بوو، باوەشێن کەرمان لقی شۆرەبی بوو. بێ دەنگی هەموو لایەکی داگیرکردبوو. کەس لەوێ نەبوو ئێمە نەبین[1]. لە زەریای دڵداری بێگەردا نقوم بووین، نووستین تا بەیان... ئێستەیش... ئەوا پیر بووین، دانمان کەل بوو، سەرمان سپی بوو، پشتمان کۆمایەوە، لەگەڵ ئەوەشا تا ئێستا ناخۆشێکمان نەکەوتۆتە ناو، نە ئەو بەتۆراوی باوانی خۆی دیوە، نە منیش بەسەرزاری و پاشملە سەرشکێنەی ئەوم کردوە و لێی دوام، هێشتا هەر دۆستە خۆشەویستەکانی جارانین، ئێستەیش حەزم لێ ئەکا و کاری یەکتر شەوانی پایزمان بەئاهەنگ ڕۆژ ئەکردەوە، ڕۆژانی بەهاریشمان بەسەیران ئاوا کردەوە و لەم دەمەدا لە زستانا بەلای ئاگری نێڵەنێڵی کورەوە دڵمان بەئاوازی ساز و سەمتوری مناڵەکانمان ئەکردەوە، لە هاوینیشا چاومان بەیاری و گەمەیان ئەگەشانەوە. ئیتر بەختیاری ئێمە بەسە کە لە ماڵمانا ناوی دش و هێوەرژن[2] نەبووە، لە دەریشەوە ناوی

---

(١) وا دیارە مامۆستا لە چاپی (یادگاری لاوان)دا دوای ئەم ڕستەیە ئەو بەشەی لە دەسنووسی (خۆشخوانی)دا کە ساڵی ١٩٣١ نووسیویە، لای بردووە، هەر بۆ ئەمانەت، وا لێرەدا دەینووسینەوە: «چووینە سەر جێگایەکی سەوزەگیای نەرمان دانیشتین، بەدەستێکم ئەو قەدە عەرعەرەیم گرت. دەستەکەی تریشم خستە سەر ئەو شانە نەرم و شلەی. بەلەشم ئەو لەشە بلوورینییە گەرم و نەرمەیم پێوا... ئینجا (هەناسەکەم زولفەکەی لادا) و دەمم خستە سەردەمی. ئینجا لە درزی لێوەوە گیانم نارده کن دڵی. ئینجا دەم بەسترا، زمان پەکی کەوت...» ئینجا چاو و لێو، لەش و هۆش دەستیان کرد بەقسەکردن. «شەوبۆی سەری سونبولی زوڵفی لەسەری دام»، مەستی کردم لەشم فڕیی، هۆشم چوو، تا خەوم لێکەوت. لەگەڵ ئەو لەشە تەڕ و پڕە خڕ و پڕە، ئەو سنگ و مەمکە نەرمۆڵە، لەگەڵ ئەو چاو نێرگسەی لێو ئەتڵەسە، بەبەرچاوی تریفەی مانگەشەو و جریوانەوەی ئەستێرانەوە، لەبەردەمی چریکەی بلبل و گەشانەوەی گوڵا، بەتەنشت خوڕەی ئاو و هاژەیەوە، لە ژێر شنەی گەڵای درەخت و لەناو ورشەی گیادا تا بەیان نووستم».

ئەم بەشە لە بڵاوکردنەوەکەی یادگاری لاواندا لابراوە، دیارە لەو ڕۆژەدا ئەم دیمەنە تا ڕادەیەک سێکسیە ڕۆمانسیانەیان بەلاوە باش نەبووە، بۆیە گۆڕیویە بەو دێرەی لە دواییدا نووسیویە: «لە زەریای دڵداری بێگەردا... تا بەیان). هەر لەو دەسنووسەیدا مامۆستا ئەم بەروارەی لەسەر داناوە:

(سلێمانی: ١٩٣٣/٤/٣)

(٢) دش: بەمانا خوشکی مێرد. هێوەرژن: هێور! بەمانا براژنی مێرد یا دوو بووک مێردەکانیان برابن یەک هێوەری ئەوی ترە.

بێگانە و خزمان نەزانیوە...

خواش بەو سەرەوە ئاگادارە کە دڵ و دەروونی ئێمە لە ئاوێنەی کردەوەی مناڵەکانمانا دیارە:

شێرۆیان -دڵنەرمی و لێ بوردنی و نازکی و ڕێکوپێکی لە دایکیەوە. لە منیشەوە ڕاستگۆیی و پەیمانداری و ئازایی و ڕاستیی و ڕەوانی فێر بووە- بێ گومان ئەویش سبەی ڕۆژ لەگەڵ هاودڵی خۆیا وا ڕێک ئەبێ...

خۆشە بۆ ئێمە کە کزەی جەرگی خۆمان ئەبینین لە خۆمان ئەچێ. بۆ کاروباری کۆمەڵ و نیشتمانەکەی ئەکۆشێ، دڵی ئەم و ئەو ڕائەگرێ، زانین بڵاو ئەکاتەوە، بەبێکەس و هەژاران ئەخوێنێ. دەرمانی دەردی بیماران ئەکا...

وا دیارە شێرۆش وەک پێشووی من. بای دڵداری دڵی باوەشێن ئەکا، هەڵبەت فریشتەی حەز لێکردن بەگوێیا چرپاندووە. ئاخۆ حەزی لە کێ کردووە... حەزی لە هە چ کەسێ کردووە پیرۆزی بێ.

خوا بکەم بەخۆشی پێک بێت... خۆشیەکەشی تا سەر بێ.

ش.ف.

شەبەنگەبەڕۆژ

کۆمەڵە چیرۆکێکی پێکەنین هێنەرە، ئامانجی:

پێکهێنانی گیان و کرد و کۆششێکی مەردانەیە بۆ پێشکەوتنی کوردەواری

***

* گۆڤاری (گەلاوێژ) لە پێشەکیەکیدا بۆ چیرۆکی شەبەنگەبەڕۆژ (مدیر بەگ)، ئاوا باسی کتێبەکە دەکات: «نووسەر بەناوی -شەبەنگەبەڕۆژەوە- نووسراوێکی داناوە، لە شێوەیەکی پێکەنین ئاوەردا، لە هەموو گیر و چەوتییەکی ژیانی کۆمەڵایەتیمان دواوە، بەم مەبەسە کە کار بکاتە دڵی کاربەدەستانمان، تا لە ڕووی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەرییەوە بکۆشن، چینەکانی هەموو ڕەنگەی کۆمەڵایەتی (طبقاتە مختلفەی اجتماعی) بخەنەوە سەر ڕێی ڕاست و دروست وە بەکۆمەڵە نیشتمانە خۆشەویستە پاشکەوتووەکەمان پێش بخەینەوە»(١)

* مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، هەر لە گەلاوێژدا، دوای چاپ و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (شەبەنگەبەڕۆژ)، دەربارەی نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە:(٢)

---

(١) گەلاوێژ - گ: ژ (١٠) س (٤) تشرینی یەکی ١٩٤٣، ل ٦٤.

(٢) گەلاوێژ - گ: ژ (٢) س (٩) شوباتی ١٩٤٨، ل ١٥ - ١٧.

وا دیارە جیاوازییەک بووە لە نێوان مامۆستا و شێخی خاڵدا دەربارەی جۆری گۆکردنی وشەی (شەبەنگ - شەبەند) کە (الطیف) دەبەخشێ، مەسەلەش دەنگی - پیتی (نگ)ە کە هێشتا نیشانەیەکی دیاری بۆ دانەنراوە لە پیتە عەرەبییەکانی ئێستا پێی دەنووسین.

شەبەندەبەڕۆژ

سلێمانی - شێخ محەممەدی خاڵ

شەبەندە بەڕۆژ، چەند مەقالەیەکی جوانی ڕەنگاوڕەنگی شیرینە وەک (شەبەندە بەڕۆژ) خۆی ئەنوێنێ وە بۆ هەریەکێک بەڕەنگێک خۆی پێشان ئەدا، خاوەنەکەی بەرو دوا هەمووی لە گەلاوێژ پەخشان کردووە (جگەرەکێشان) و (دادگاهی سەرچنار)ی نەبێ، هەر مقالەی جۆرە نەخۆشییەکی کۆمەلایەتی پێشان ئەدا، تا چارەیەکی بۆ بدۆزیتەوە.

١- مدیر بەگ: باسی ئەمە ئەکا کە هێندێک لە مدیری ناوچە (ناحیە)کان بەبێ بەرتیل ئیش بۆ کەس ناکەن، هەروەک دەست درێژی ئەکەن بۆ ماڵی مەردوم، دەستدرێژیی نامەردانەی تریش ئەکەن، وا ڕوویان هەڵماڵراوە داوای زین و ئەسپ و تفەنگ و خورج و سەماوەر و هەزاران شتی تر ئەکەن، ئینجا ئەگەر مەردووم شتی دانێ ئەوا غەدر ئەکەن لە دەوڵەت بۆ میللەت و، ئەگەر هیچی نەدانێ ئەوا غەدر ئەکەن لە میللەت بۆ حکوومەت، تا لە پاش چەند ساڵێ خانووبەرەی لێ ڕائەکێشن وە ئەبن بەخاوەن داراییەکی وا کە هەرگیز لەبن نەیەت. سا مەگەر خوا ئاه و نزولەی هەژاران سەرەنگریان کا و گلۆلەیان بخاتە لێژی.

٢- مام شێخ: باسی فروفێڵی شێخە درۆزنەکان ئەکا کە دینیان کردووە بەفاقە بۆ ڕاوی دنیا، نایێن ئەگەر بۆ خوایە ئیتر ئەم دەهۆڵ و زوڕنا و شەق وەشاندن و هەڵپەڕینەی بۆ چییە؟. بەلام شێخە درۆزنەکان، کوشتەی دنیان، هەر دنیایان دەسکەوێ با لە سایەی کەرەشینیشەوە بێ، هەروەک سەگی سپی بۆ بارخانەی لۆکە خراپە ئەم شێخە درۆزنانەش وانە، بەسای ئەوانەوە گەلێ شێخ خوێندەواری خواپەرستی بەڕاستیش بەدناو بوون، نەک ئەمان بەڵکو دینیشیان بەدناو کردووە.

٣- مامۆستا بیژەن: باسی ئەمە ئەکا کە گەورە ئەبێ بەچاوی سەنگین و گران تەماشای بچووکی خۆی بکا وەزمانی لەگەڵیا شیرین و ناوچەوانی لەگەڵیا ڕوون بێ، جنێوی پێ نەدا، ناوی بەسووکی نەبا، ئەگەر خوانەخواستە گەورە لەگەڵ بچووکا خراپ بوو ئەو حەلە چە گوناهێکی تیایە؟، ئەگەر ئەو بچووکە لە پەردەیەکی شەرم و هێمنیدا ئیشێکی وا بکا کە گەورەکەی بێدار بکاتەوە بەهەڵەکەی.

٤- بووک و خەسوو: باسی ئەمە ئەکا کە بووک لەگەڵ خەسووی خۆیا هەمیشە خراپ ئەبێ، سامەگەر بەدەگمەن، وە بەهەر جۆرێ لە دەستی بێ ئازار و سزای ئەدا، بەلام ئەبێ کوڕەکەی مەردبێ وە دایکی نەدا بەدەم ژنەوە.

٥- دەستپاکی: باسی ئەوە ئەکا کە هەر کەسێ دەسپاکبێ بەپاداشی خۆی ئەگا، وە هەر کەسێکیش دەستپیسبێ تۆڵەی خۆی ئەبینێ، ڕۆڵە و جگەرگۆشە ئەگەر نەنگ و دەستپیسییەکی بۆ پێویستە باوک چاوی لێ نەقوچێنێ وەزوبەزو تەمێی بکا تا جارێکی تر کاری ناشیرین نەکا.

٦- جگەرەکێشان: باسی خراپی جگەرە و باسی ئەمە ئەکا کە مەردوم ئەگەر خۆی کارێکی خراپی کرد ئیتر هەزار جار بەم و بەو بڵێ ئەم کارەی کە من ئەیکەم خراپە ئێوە مەیکەن، کەس بەگوێی ناکا، وە



باسی ئەوە ئەکا کە باوک ئەبێ منالّی خۆی بەنەرم و شل بێ بگەیەنێ نەک بەتوندوتیژی.

٧- گرامەفۆنەکەم چۆن کری: باسی ئەمە ئەکا کە مەردوم نابێ وشکو برنگ و پرپوچ پەرست بێ، وە هەرچی لەوەختی باووباپیریا نەبوو ئەویش نەیەوێ، هەزاران شتی وا هەیە ئەمرۆ داهاتووە کەچی زۆرباش و بەکەڵکە، هەروەک هەزاران شتی واش هەیە کە لەوەختی باووباپیرا بووە کەچی خراپ و بەکەڵکە، (غرامەفۆن) یا (ڕادیۆ) بۆچی ئەبێ خراپ بێ؟ وە ئایین دەخلی چییە بەسەر ئەم شتانەوە؟ تاکەی ئایین کوتەکی دەستی نەخوێندەوارێ؟

٨- چەقاوەسوو: هەرچەند باسی ڕژدی کوردێک ئەکا بەرامبەر بەمیوانێکی، بەڵام بەتێکڕایی ئەمەش ئەگەیەنێت کە کورد هەمووو ئازا و مەرد و نان بدە و سەربەرز و دەست و دڵ فراوانن.

٩- سەرێکی هەیە و هەزار سەودا: باسی ئەمە ئەکا کە پێویستە بۆ هەموو کەسێک لەجیهانا ئەمەندە ئیش بگرێتە دەست کە بۆی هەڵسوڕێ، چونکە کە لە ئەندازەی خۆی زیاتر بوو بەدان ئەکەوێ.

١٠- دادگاهی سەرچنار: چەن ئامۆژارییەکی جوانن لە پەردەیەکی گاڵتە و پێکەنینا بۆ ئەوەی هەموو کەس بیخوێنێتەوە، وە لێی پەند پەزیر و بەهرەمەندبێ.

سەرەتا

نووسراوی (شەبەنگەبەڕۆژ)، ئەگەرچی لە سەروسیما و بەژن و باڵادا جوێیە، بەڵام لە ڕاستی و ئامانجا لەگەڵ نووسراوی (پرشنگ)دا یەکە. لێرەدا، هەژار و زۆرلێکراو و لێقەوماوەکان ئەبینێ، بەدڵێکی بەتین وە چاوێکی دووربینەوە، بەهێزێکی مەردانە و سەرێکی هونەرمەندانەوە، بەڕوویەکی خۆش و دەمێکی بەپێکەنینەوە، لە زۆردارەکان هەڵئەسنە سەرپێ، وە تا سەر ئەنگرییان نەکەن وە ئازادی و شادمانی و کامەرانی خۆیانیان لێ نەسێننەوە وازیان لێ ناهێنن. ئەوەی لەم (شەبەنگەبەڕۆژ)ەم ئەوێ بۆم بهێنێتەدی وریاکردنەوەی دڵ و دەروون و بزواندنی دەست و باز و دەماری هونەرمەندی و مەردایەتییە لە کۆڕی نیشتمانپەروەریدا بۆ پێشکەوتنی کوردەواری.

کە نووسراوی (پرشنگ)م لە چاپ دا و بڵاوم کردەوە. لە برا شیرینەکانمەوە گەلێ یارمەتیم دی. وە لە گەلێ لاوی بەنرخەوە نووسراوی پیرۆزبایی و ستایش و ئامۆژگاریم بۆ هات کە هەتا هەم لەسەر ئەم ڕێگایە بڕۆم. گەلێکیش مژدەی دامێ کە (پرشنگ) کاری خۆی کردووە بەئامانجی خۆی گەیشتووە. جا ئەمانە هەمووی منی تیژکردە سەر پێکهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم (شەبەنگە بەڕۆژ)ە. لەبەر ئەوە

بەپێویستی ئەزانم کە لە کانی دڵمەوە سوپاسی برایەتی و گیانی نیشتمانپەروەرییان بکەم. وە ئاواتەخوازم لە خوا کە (شەبەنگە بەرۆژ)یش وەک (پرشنگ) لە دڵیانا جێی خۆی بگرێ، وە ئەو ئامانجەی کە بۆم داناوە پێی بگات.

شاکر فەتاح

قائیمقامی سلێمانی

مدیر بەگ

... مدیر بەگ بێ چاوێنی بێ، کە بڕۆی توند ئەکرد، پیاو نەبوو بوێری لە بەردەمیا بوەستێ!... لەگەڵ ئەمەشا ئەوی بەدڵی ئەو ببزوایەوە و دەمی شیرین کردایە، ئەگەر هەزار دەرد و ئازاریشی بوایە، بەدەمیەوە پێئەکەنی و ئەیگوت: «کوڕە ئادەی! جگەرەی بۆ بێنن. ئادەی چای بۆ بێنن. ئادەی قاوە!».

بەڵام قوڕبەسەر ئەوەی دەست قوچاو بوایە لە عاست مدیر بەگا. ئەگەر پاشاش بوایە، نەئەهێڵرا بێتە ژوورەکەی!... ئەگەر کاروباری حکوومەتیشی بکەوتایە لای، ئەوە قاو نەدرا، تەریق ئەکرایەوە، هەر هیچ نەبوایە ئەمەندە کاروبارەکەی دوا ئەخرا، کابرا وەرس ئەبوو لە گیانی خۆی، وە ناچار ئەبوو کە واز لە کاروبارەکەی خۆی بینی، هەتا خوا مدیر بەگی بەلایەکا بۆ تەفروتونا ئەکرد!... بەڵام چی بێ لە تۆ نهێنی بێ، کچ و ژنانی جوان کاروباریان زوو ڕاهی ئەکرا!... چونکە مدیر بەگ دڵی تەڕبوو، وە دڵتەڕی خۆی بەفیزەوە ئەنواند لەبەر ئەوە، بەناوی خۆشەویستییەوە، تا چەند ڕۆژێک لە ماڵی خۆیدا میوانداری نەکردنایە، کاروبارەکەی بۆ ڕاهی نەئەکردن!؟

مدیر بەگ حەزی لە هەموو شتێک ئەکرد!... کە بچووایە شوێنێک ئەیگوت: «بەخوا پیرۆزتان بێ، زینی وڵاخەکەتان جوانە! خورجی بارگەکەتان شایانی تەماشاکردنە! سەماوەرەکەتان بۆ دیوەخانی پیاوی گەورە دروست کراوە ئاغا ئەم ئەسپە نایابەت لە کوێ بوو؟... ئەی کوێخا تۆ ئەم تفەنگە دانسقەیەت بەچەند کڕی؟... باوکم بەخۆڕاییم ناوێ. بەچەندی ئەدەی پارەکەت بدەمەوە»!

نیتر ئەبوو کوێخا ئەو شتانەی پێشکەش بەمدیر بەگ بکردایە، ئەگینا بەرەنگاری پشم و قینی ئەبوو!... ئەوسا خوا نەبێ کەس لە دەستی ڕزگاری نەئەکرد!... سا یان مەڕەکانی خراپ ئەژمارد، یان دەغڵ و دانی بەزۆر ئەدایە قەڵەم. یا خەڵکی ئاواییەکەی لێ هەڵئەگێڕایەوە...

سا ئەگەر لە بنی عەردیش بوایە دەردی سەرییەکی بۆ ئەدۆزیەوە وە وازی لێ نەئەهێنا تا بەناخی عەردا نەیبردە خوارەوە!

بەڵام ئەگەر کابرا پیاوانە بهاتایە پێشەوە و بیگوتایە: «بەگم سەروماڵ هی کێیە، پێشکەشت بێ»، نیتر ئەو کابرایە لای مدیر بەگ لە پێش ئەبوو. سەری ببڕیایە، ماڵی بدزیایە، هەموو شتێکی سەری ئەگرت. وە هەموو تکایەکی بۆ ئەچووە سەر. بام حکوومەت و خەڵکیش تیا بچوونایە قسەی هەر بەجێ ئەبوو. ئینجا کە کوێخا ئەیگوت: «قوربان هەڵیگرە پێشکەشتبێ»! مدیریش بانگی ئەکردە پیاوەکەی خۆی ئەیگوت: «هەتیو بارام! ئائەوە بخەرە خورجەکەوە تا ئەڕۆینەوە!...». لەبەر ئەمە، خوا ڕاگیراوی کا،

له سایەی مدیر بەگەوە، کردەوەی دەست بڵاویی ناوچەکەی داگیر کرد بوو هەتاکو مام چەوەندەریش بەچەوەندەرەکانی خۆی وازی نەنەهێنا شێلمیشی ئەبەشیەوە!

***

لە پڕ خوا نووسەر (کاتب)ێکی عەنتیکەی بۆ مدیر بەگ ڕەوانە کرد. نووسەر دەس و دامێن پاک و سەرڕاست، تورت و توند، بلیمەتێک بوو بۆ خۆی. ڕۆژێک کابرایەک هاواری هێنا، گوتی: «مدیر بەگ خوا بتهێڵی بفەرموو ئەسپەکەت بگرنەوە، هەموو قەرسیلەکەمی خوارد»!... مدیر بەگ گوتی: «مردوت مرێ نابێ قسەیەکی ڕێکوپێک بکەی. ئەسپی من چۆن قەرسیلی ئێوە ئەخوات؟ بۆ چ وەک وڵاخەکانی خۆتان نارەسەنە؟!. هەستە بڕۆدەرێ ئەگینا گاڵ ئەدەم هەزار شەقت تێهەڵدەن»!. نووسەری بلیمەت کە ئەمەی دی، دەستبەجێ نووسی بۆ گوێزانەوەی خۆی بۆ ناوچەیەکی تر. نووسی: «ئەگەر لە مانگانەکەم سەیەکیشی ببڕن، هێشتا هەر ئەوەم پێ خۆشترە کە لە دەست ئەم مدیرە ڕزگارم بێ!...» گوتیان: «بۆ چ وا نانی خۆت ئەبڕی؟» گوتی: «خزمە ئەم بارە بەکەس هەڵناگیرێ. بەڵکو سبەینێ خۆیشی هات ماڵەکەمی تالان کرد. ئەوسا کە پێم بڵێ: بۆ چ وا ئەکەی بێنە کەلوپەلەکەم بدەرەوە. بەبیرتانایەت کە پێم بڵێ: من ڕەسەنم چۆن ماڵی تۆ ئەبەم؟ خوا یەکە و نەبووە بەدوو لێرە نامینمەوە. وە لەمە بەولاوە یەک ڕۆژ لەم تەنگ و چەڵەمەیەدا خۆم ناهێڵمەوە!...»،.

***

زۆری پێ نەچوو مدیر بەگ، خانوو و ماڵی ڕازایەوە. پڕ بوو لە شتومەکی ڕەنگاوڕەنگ. گیرفانەکانی کە جاران کێچ (سەوزەڵە گیانم)ی تیا ئەوت لە پارەی ئەم و ئەو پڕبوونەوە. پۆشتە و پەرداخی ڕووی کردە خێزانەکەی. بەیانیان لەبەر دەنگی بارەباری کاوڕ و بەران و قوقە قوقەی کەلەشێر و حەپە حەپی سەگان، لەبەر حیلەحیلی ئەسپ و زەڕە زەڕی نێرەکەران، کە لادێییەکان بەدیاری بۆ ماڵی مدیر بەگیان ئەهێنا، لەگەڵ هەچە هەچەی لادێیی و بگرە و بەردەی کەنیزەک و کاباندا، گوێی پیاو کەڕ ئەبوو... تەپ و تۆز کۆڵان و ڕێگای داگیر ئەکرد. پیاو ڕێی بۆ نەئەمایەوە کە بچێتە لای مدیر بەگ!. خۆ لەبەرە و قالیچە و خورجی نایاب نایاب و دەمانچە و خەنجەر و تفەنگی چاک چاک و ئەسپ و تووڵە و تانجی ڕەسەن و چالاکدا کەس نەبوو خۆی لە قەرەی ماڵی مدیر بەگ بدا. بەڕاستی ئەم شتانە مدیر بەگی لە خۆی بایی کردبوو. ئەوەندەی تر فیزی پێ پەیدا کردبوو. کەس نەیئەتوانی بەئارەزووی ئەو هەڵنەپەڕێ! کەس ڕایەی نەئەکەوت بەشتێکی بڵێ ناشیرینە. یان لە کردەوەیەکی ڕەخنە بگرێ!.

ڕۆژی دە جار بتدیایە، دەبوو بتگوتایە: «بەسەری تۆ، لەبەرەو ڕووی خۆت نەبێ بڵێم دانیشتووی، هێشتا وڵاخی وەک هینەکەی تۆم لەژێر کەسا نەدیوە! مەگەر لای سەرکردە فەرەنگەکە ئەم دووربینەم چاو پێکەوتبێ!... خۆ دەمانچەکەت بەخوا هێشتا باوکی متەسەریفی بەقەد خۆیەوە نەدیوە!...» کە ئەمەت نەگوتایە ئیتر ئەوە بەشت ئازاردان و بەندیخانە بوو... بەڵام ئەگەر وات بگوتایە، ئەوە نازت ئەکێشرا، چات بۆ تێ ئەکرا، جگەرت ئەدرایە، ئەبوویتە هاودەم و هاونان و خوانی!

***

شەوێکی تۆف و باران، کابرایەکی زۆرزان بۆ مدیر بەگ نان و چێشتێکی نایاب دروست ئەکا. گەلێک پیاوی گەورە گەورە بانگ ئەکا لە پاش خواردنەوە و سەرگەرم بوون دەماری مدیر بەگ ئەبزوێنی. باسی ئەسپ و سوارچاکیی بۆ ئەکاتەوە، لە پاشا دەست ئەکا بەهەڵدانی سوارچاکیی مدیر بەگ وە ڕەسەنی ئەسپەکەی. لێت ناشارمەوە بەتەرحێکی وا هەلی ئەدا، مدیر بەگ هەر بەوشەوە سەرماویارانە ئەنێری بەشوێن ئەسپەکەیا، بۆی زین ئەکەن. بەمبەر و بەوبەری شەقامەکەوە میوانەکان ڕائەوەستێنی وە ئەڵێ: «سەیرم کەن چۆن غار بەم ئەسپە ئەکەم». مدیر بەگ ئەوەندە بەناو قوڕ و چلپاو و بەردەلانیدا غار ئەکا... کاتێک ئەزانن لە ئەسپەکەی کەوتۆتە خوارەوە، ئەسپ بەرەڵا بووە، مدیر بەگیش دەس و پلی تێک شکاوە.

***

زۆری پێ نەچوو ئەسپەشێی مدیر بەگ تۆپی. لە ترسا فرمانبەر و خەڵکەکە دەستە دەستە ئەهاتن بەپرسەیەوە. کە ئەهاتن ناچار ئەبوون هەر کەسە باسی چاکەیەکی ئەسپەشێ بگێڕێتەوە. بەڵام ئەو چاکەیەی کە مدیر بەگ خۆی بۆی ئەگێڕانەوە کەسیان نەیان گوتبوو وە نەیان بیستبوو!...

گوتی: «ئەسپەشێ ئەمەندە نەژاد و ڕەسەن بوو کە کۆچی دوایی کرد، خۆم چاوم لێ بوو، ڕووی کردە قیبلە و دەسی کرد بەگریان. فرمێسک خوڕخوڕ بەچاویا ئەهاتە خوارەوە!... منیش لەبەر ئەم ڕەسەنییەی، ئەسپەشێم پاک پاک لەسەر تەختەیەک شت وەبەرگم لەبەر کرد، وە لەبەردەم خانووەکەما گۆڕێکم بۆ هەڵکەند و ناشتم. بۆشی پاڕامەوە لە خوا ئەگەر باوەڕناکەن ئەوێش کێلی گۆڕەکەیەتی ببینن!»

***

چەند ساڵێک بەسەرچوو. مدیر بەگ هیچ کڕین و فرۆشتنێک نەما نەیکا، مەڕ بەخێوکردن نەبێت. لەبەر ئەوە کە گوتیان ئەوا (شاە) بەناوچەکەی ئەوا تێئەپەڕێ، دەستبەجێ کردیە سەردێهاتەکان لەهەر گوندە کاوڕێکی هێنا بەناوی ئەوەوە کە لەبەرپێیا سەری بڕێ... بەم فێڵە حەفتا هەشتا سەر کاوڕێکی کۆ کردەوە. سەچوارێکی لەبەردەم (شاە)دا سەربڕی. کاوڕەکانی تریشی ناردە ماڵەوە، لەوێ ڕیزە ناخوری بۆ هەڵبەستن. تا دانی بەشوان. بەم ڕەنگە مدیر بەگ گەلە ڕانێکی باشی لە کاوڕ و بەران بەخێوڕایی پێکەوەنا و هەموو ساڵێ کوڵێ ڕوون و خوری لێ ئەفرۆشت.

***

مدیر بەگ ئینجا چاوی بڕییە دز و جەردەکان. لەگەڵ ئەوانیشا خۆی پێک خست و ماڵی دزی و تاڵانی دابەش کرد. پاشان لەگەڵ قۆڵچی و مەئمووری ئیستهلاکەکان و خاوەن زەوی و زارەکانیشا پەیماننامەی دزی و هاوبەشیی دامەزراند.

***

چەند ساڵێکی پێ چوو، چەرخی فەلەک بەباری ڕاستی و دروستیا سووڕایەوە. گلۆڵەی مدیر بەگ کەوتە لێژی. ناوچە تێکچوو. دز و درۆزن زۆر بوون. مەترسی لە هەموو لایەکیا پەیدا بوو. داد و فەریاد

لە گشت لایەکەوە هەڵسا. ئینجا یەخەگری مدیر بەگ تاک و تەرا پەیدابوون. خێزانەکەی لێی تەکینەوە. کچەکەی دەستی کرد بەدەستبازی لەگەڵ ئەم و ئەو. فرمانبەر و هەندێ لە خەڵکی ناوچەکە لێی ڕاستبوونەوە. دەردی سەری و خەفەت و سزا سەری تێکرد. ئەرک و ئازاری نەخۆشی هەراسی پێ هەڵگرت. هەرچی دەستکەوتبوو هەمووی بەفیڕۆ لەناو بردەوە!؟

زۆری پێ نەچوو ئەمانە دەم سەردارەکانی مدیر بەگ کەوتنەوە. ئێوارەیەک لە تەنگی بانگی شێواندا، لەناکاو مدیر بەگ بەفەرمانێکی کوتوپڕ، دەسی لە فرمان کێشرایەوە. کە بەیانی لادێییەکان بۆ نوێژ هەڵسان، تەماشیان کرد ئەوا مدیر بەگ بەخۆی و دوو بار کەلوپەلی ناوماڵەوە، بەکزولەیی کۆچ ئەکاتەوە بۆ شار!

پاشان زانییان کە مدیر بەگ پارەی چوونەوە شاری نەبووە، بەناچاری گەلێک شتومەکی ناوماڵی فرۆشتووە، کە هەندێک لەو شتانە تەختی نووستن و دانیشتن و هەندێ چیوینە و مسینە و سەعاتی باخەڵی بووە و ئەسپەکەی!...

بەم ڕەنگە ئەنجامی مدیر بەگ بەکاری ئەندازە سزا بەخشە گەیشت بەڵام هەر چۆنێک بێ، مدیر بەگ بەکاری مدیرەکانی تر هات. چونکە ئەم سەرئەنجامە ناشیرینەی چاوی گەلێک مدیرانی ترساند. وە لە گەلێکیشیانی گەیاند: «کە ئەگەر گەل و نیشتمان ئاوارە و بێچارەش بن، خوایەک بەو سەرەوە هەیە کە لە ڕۆژی تەنگانەدا بکەوێتە فریایان. دەستی پیرۆزی نیگەهبانییان بەسەرا بکێشێ. تەخت و تاجی ئازادی و زیندەگانییان دووبارە پێ ببەخشێتەوە وە تۆڵەی چەند ساڵانەیان لە ناکەس بەچەو زۆرداران و نەیاران بۆ بکاتەوە!...».

مام شێخ

کابرایەکی لادێیی نابوت ئەبێ. ئەچێتە تەکیە لای شێخێک. شپرزەیی و کەساسیی خۆی تێئەگەیێنێ. شێخەکەش کەرەشینێکی پێ ئەبەخشێ. کابرا ئەڕوا بەم لاو بەولادا. چەند دەشت و بیابانێک ئەبڕێ. زۆری پێ ناچێ کەرەکەشی ئەتۆپێ. تێروپڕ بەسەر کەرەشینا ئەگری. پاشان گۆڕێکی بۆ هەڵئەکەنێ و تیایا ئەنێژێ. ئینجا بەم سەر و بەوسەری گۆڕی کەرەشینەوە چەند کێلێک دائەمەزرێنێ. وە ڕۆژ تا ئێوارەی بەسەر گۆڕەکەدا ئەگری و ئەپاڕێتەوە لە خوا. ڕێبوار کە لێی ئەپرسن: «ئەوە بۆ چ ئەگریت؟» ئەڵێ: «براگەل چی بێ لە ئێوە نهێنی بێ باوکم پیاوێکی یەجگار نوێژکەر و خواناس بوو. لە سامانی جیهانا هەر ئەوم هەبوو. خوا ئەویشی لێرەدا بردەوە بۆ خۆی. بەم ڕەنگە منیش بێکەس و کەساس ماومەتەوە بۆ خۆم. هیچ دەرەتانێکم نییە ئێرە نەبێ. چاوم لە خوا و دەستی ڕێبوارەوەیە. ئەڵێم بەڵکو ئەمە خوایە، دڵیان نەرم ببێ، شتێکم بدەنێ، پێوەی بەڕێوە بچم». ڕێبوار گەلێکیان دڵیان پێی ئەسووتێ. تێکڕا هەر کەسێ بەوێدا ئەڕوا شتێکی ئەداتێ. کابرا وردە وردە ئەبووژێتەوە. پارە و مارەی گەلێک بۆ کۆئەبێتەوە. زۆری پێ ناچێ بەسایەی گۆڕی کەرەشینەوە ڕوو ئەکاتە دەوڵەمەندی. ئینجا گومەزێکی گەورەی نایاب بەسەر گۆڕی کەرەشینەوە دروست ئەکات. وە ناو گومەز و سەر گۆڕی کەرەشین بەپوپەشمین و فەرش و ئاوێنە و شتی تازە و ناوازە ئەڕازێنێتەوە. بەم تەرحە، لەو چەقی ڕێیەدا، گۆڕی

کەرەشین ئەبێتە شتێکی سەیر، وە بەرە بەرە ئەچەسپێتە دڵی لادێییەکانەوە: «کە خاوەنی ئەم گۆڕە پیاوێکی خواناس و گەورە و چاک بووە. وە کابرای لادێییش کە بەسەر ئەم گۆڕەوەیە، چونکە لە خویا پیاوێکی نوێژکەر و خواناس و بێ دەنگە، وە شەو و ڕۆژ تەزبێحی بەدەستەوەیە و ناوی خوادێنێ، بێگومان ئەمیش هەر ئەچێتەوە سەر کردەوە و ڕەوشتی باوکی خۆی هەر لە ئێستاوە شێخێتی لەناوچەوانیا نووسراوە. دوایی هەر ئەبێتەوە بەشێخێک وەک باوکی، کە لەناو گومەزە گەورەیەدا کۆچی دوایی کردووە»!...

زۆری پێ نەچوو، سەرگوزەشتەی شێخی ناو گومەز بەهەموو لایەکا بڵاوبووەوە. دوایی کابرای لادێیی کرا بەشێخ!. ڕۆژ نەبوو لە هەموو لایەکەوە، لادێییەکان، دەستە بەدەستە، بەدەستی پڕ لە دیارییەوە نەیەن بۆ دیەنیی گۆڕی شێخ و شێخی تازە لەناو ئەو گومەزە تازەیەدا. کابرای لادێیی، یاخود بڵێین (شێخی کەرەشین)، زۆرزان بوو، ئەیزانی لەگەڵ لادێییەکاندا چۆن بدوێ و بەدەوروپشتیاندا بێت و، خۆی لایان خۆشەویست کات و، شێخێتی خۆی بچەسپێنێتە دڵی هەموو لایەکیانەوە.

ئەوەندەی پێ نەچوو، شێخێتییەکەی ناوی دەرکرد. سایە و مایەی لە ئەندازە دەرچوو. وە بووەیە کە شێخ و یەکە دەوڵەمەندی ئەو ناوە!.

***

بەڵام پیاو هەرچەندە خراپیش بێ، چونکە لە بنچینەدا خوا بەپاکی دروستی کردووە، دوایی هەر ئەبێ بچێتەوە سەر ڕێی چاکە. وە هەر ئەبێ ڕێی چاکە بگرێتەوە و وە هەر ئەبێ (دەروون)ی لێی بێتە زوبان و، لەسەر خراپە لێ پرسینەوەی لەگەڵا بکات. لەبەر ئەوە (شێخی کەرەشین)یش، لە پاش ئەوەی کە خۆشیی سایە و مایە و پایەی شێخێتییە دڕۆکەی ئازاری زەللەی جارانی لەبیر ئەباتەوە، دەروونی ڕائەچەنێ و وریا ئەبێتەوە و لێی دێتە زوبان و پێی ئەڵێ: «تۆ ئەزانیت بەچەفروفێڵو و چاو و ڕاوێک، ئەم هەموو خەڵکە دڵپاکە بەسزمانانە ئەڕوتێنێتەوە؟ ئەزانی خوا لە ڕۆژی دواییدا، لەسەر ئەمە، بەچە دەردێکت ئەبا؟ هەستە. هەتا زوو بچیت درەنگە. بچۆرە کن شێخەکەت. ئەم کجینە و بەینەیەی خۆتی بەنهێنی بۆ بگێڕەرەوە. بەڵکو ئەو چارەیەکت بۆ بدۆزێتەوە و لەم تەنگوچەڵەمەیە ڕزگارت کات».

(شێخی کەرەشین)یش بەگوێی دەروونی ئەکات. دەست بەجێ ئەچێ دیارییەکی گران بۆ شێخ ئەبا. لەوێ تێروپڕ سکاڵای دەردی خۆی بۆ ئەکات. سەرگوروشتەی خۆی بۆ ئەگێڕێتەوە. (شێخی گەورە) کە تەماشا ئەکات، نانی خۆی لەمەدایە کە (شێخی کەرەشین) و خەڵکەکە بەو تەرحە بمێننەوە: دەم ئەنێتە بناگوێی کابرا و پێی ئەڵێ: «خوابتگری، واز لە خۆت بێنە. خوا ئەم هەموو نیاز و جیازەی پێ بەخشیویت، بۆ چ بەدەستی خۆت نانی خۆت ئەبڕی؟ تازە ئەم هەموو سەروسامانە، لە کوێ بۆ تۆ کۆ ئەبێتەوە؟. چۆنت خواردووە هەروا بیخۆ. چۆنیشت ڕابوواردوە هەروا ڕابوێرە. زمانی خۆت ببڕە. جارێکی تر ئەمە لای کەس نەڵێی. ئەگینە پارچە پارچەت ئەکەن!».

(شێخی کەرەشین)یش ئەڵێ: «ئاخر ئەمە نانی دزی و درۆزنییە، سایە و مایەی فروفێڵ و دەستبڕینە... کەرەشینێک چۆن ئەبێتە شێخ؟ تەکیە چۆن بەسەر کەرەشینێکەوە ئەکرێ؟ خوا چۆن لەمە دەست بەردار

ئەبێ؟...». شێخیش ئەڵێ: «خوا لە ناوی دەمت دا وس بە! ئاخر ئەم تەکیە و خانەقایەی منیش هەر لە سایەی دایکی ئەو کەرەشینەی تووە هاتۆتە بوون».

کابرا دەست ئەکاتەوە بەشێخێتییەکەی خۆی. شێخی گەورەش ئەوەندەی تر هۆگری شێخێتییەکەی خۆی ئەبێتەوە وە هەردووکیان، لە سایەی گۆڕی هەردوو کەرەشینەوە، ئەوەندەی تر دەوڵەمەند ئەبن. وە هێندەی تر پایەدار و دەستدار ئەبن، بەڵام هەردووکیان بەسەرهاتی پێشووی خۆیان لەبیر ئەچێتەوە. وە لە بڕێتی ئەمەی لە کردەوەی خراپی پێشووی خۆیان پەشیمان بنەوە و بەرامبەر بەخوا بڕیارێکی ڕاستەقینە بدەن کە ئیتر توخنی کاروباری خراپ نەکەون و لە کرداری باش بەولاوە هیچی تر نەکەن، تا خوا لەگوناهیان خۆش بێ. بەشێخێتییە درۆکەیشیا تێر ناخۆن، لە خۆبایی ئەبن. وە لەژێر پەردەی شێخێتیدا دەست ئەکەن بەزۆر و زۆرداری، گیانو سامان و ئابڕوی گەلێ کەس پایەماڵ ئەکەن و وە هەرچی خوا حەزی پێ نەکات لەژێرەوە ئەوە ئەکەن!؟.

***

لەو حەلەدا کە هەردوو شێخ گفتوگۆ نهێنییەکەی خۆیان ئەکرد: گەلێ لە دەس و پێوەند لە درزی دەرگاوە گوێیان لێ بوو، گەلێکیشیان ئاگایان لە بنچینەی شێخێتی هەردوو شێخ بوو. بەڵام چونکە لە وەرزی ئەوسایان چەور بوو، وە شێخەکانیش هێشتا زۆرداریان لێ نەکردبوون، لەو حەلەدا بێ دەنگییان بەباشتر ئەزانی، لەبەر ئەوە هیچیان لە شێخەکان نەکرد. بەڵام لە پاشا کە دییان ئەوا خەڵکەکە خەریکن لە شێخەکان ئەکەونە تەقەوە بەرە بەرە خۆیان لێ ئەکێشنە دواوە. وە دیاری و دەرامەتیان کەوتۆتە کزی. وە شێخەکانیش زۆرداریان لێ ئەکەن، ئەمانیش گەلێکیان لە هەردوو شێخ تەکینەوە و دەستیان کرد بەڕاز دەرخستنیان بۆ ئەم و ئەو، تا ڕاستیی شێخێتیی هەردووکیانیان لە هەموو خەڵکەکە گەیاند. خەڵک وریابوونەوە. لە ژێرەوە دەستیان کرد بەپشکنین و تاقی کردنەوەی شێخێتیی ئەم شێخانە. کە سەرنجیان دا و بۆیان دەرکەوت: هەرچی ئەوان ئەیکەن لە دەست هیچ دڕندە و پیاوخراپێک ناوەشێتەوە، ڕۆژێک هەموو قسەیان کرد بەیەک. وە بەجارێک هوروژمیان بردە سەریان. دار و بەردی هەردوو تەکیەکەیان تێک دا، وە سەری هەردوو گۆڕەکەیان هەڵدایەوە. ئینجا کە سەرنجیان دا، قسەی بەردەستەکانی شێخەکان دەرچوو، وە لە هەردوو گۆڕەکەدا ئێسک و پروسکی کەرەشینیان دۆزیەوە، شێخەکانیشیان پارچە پارچە کرد، وە ماڵەکانیان تالان و زەویوزار و دوکان و خانووەکانیان داگیر کردن!... بەڵام لەسەر ماڵی تالانی لێیان بوو بەمقۆمقۆ. نەیان ئەزانی چی لێ بکەن! یەکێک ئەیگوت: «بام بیبەشینەوە بەسەرخۆمانا. یەکێکی تر ئەیگوت: «بام بیسووتێنین و لەناوی بەین». یەکێک دەیگوت: بی بەشینەوە بەسەر بێکەس و هەژاراندا». لەناو هەموویاندا یەکێک هەبوو، هەرچەندە بێ ماڵ و منال و ولات و نابوت بوو بەڵام ئەوەندە چاوتێر و دڵتەڕ و گەش و ڕۆخۆش و جوامێر و قسەخۆش و پیاوێکی سەیر بوو، لادێیەکان بەدڵ خۆشیان ئەویست وە بەپیاوچاکیان ئەدایە قەڵەم. لەبەر ئەوە هەموو جارێ لە شتی وەهادا ڕاوێژیان بەو ئەکرد.

ئینجا کە خەڵکەکە هاتنە لای پرسی پێبکەن، لێیان ڕاپەڕی، پێی گوتن: «هەرچییەک من پێتان بڵێم

بەقسەم ئەکەن؟ هەموو دەستیان کرد بەقاقای پێکەنین و پێیان گوت: «بەڵێ بەقسەت ئەکەین». گوتی: چونکو ئەم گەنج و سامانە لە سایەی گۆڕی کەرەشینەوە کۆبووتەوە بۆ هەردوو شێخ، وە چونکو ئەم گەنج و سامانە لە ئێوە بەفروفێڵ و دەست بڕین سێنراوە: پێویستە هیچی پێ نەکرێ کەرەشین نەبێ. سا چەند کەرەشینی، پێ کرا بام پێی بکڕێ. من بەهەریەکەتان کەرەشینێک ئەدەم». گوتیان: «ئەی بۆ خۆت؟». گوتی: «من چونکو وەک ئێوە بەم شێخانە هەڵنەخەڵەتاوم وە هیچم نەداونەتێ، هیچ وەرناگرم. بەڵام لە بریتی ئەو شتێکتان پێ ئەڵێم بەگوێم بکەن». گوتیان: «فەرموو. هەرچی تۆ بیڵێیت بەسەرچاو بەگوێت نەکەین». گوتی: «من ناڵێم شێخێتی خراپە. بەڵام ئەڵێم پێویستە شێخێتی ڕاست لە شێخێتی خراپ جیاکەنەوە، وە هەرچی گوتی من شێخم کوتوپڕ بڕوای پێ نەکەن. کردەوەی بخەنە ژێر تاقی کردنەوە و پشکنینەوە، بزانن، شێخێتییەکەی تەنیا بۆ خوایە، وە لە سایەی شێخێتییەکەی ئەوەوە ڕۆژ بەڕۆژ هەژاری و نەخوێندەواری و زۆرداری و نالەباری لەناو گەل و نیشتمانەکەتاندا کەم ئەبێتەوە، وە ئێوە ڕۆژ بەڕۆژ ئەکەونە خۆشی و کامەرانی و پێشکەوتنەوە. ئەوا بەشێخێتییەکەی بڕوا بکەن، وە هەتا ئەتوانن یارمەتیی بدەن. ئەگین ئەگەر بۆتان دەرکەوت کە مەبەستی لە شێخێتی تەنیا دەوڵەمەندی و پایە بڵندی و خۆشگوزەرانی خۆیەتی وە بەتەنگ گەل و نیشتمانەکەیەوە نییە». ئەوا پێویستە بڕوای پێ نەکەن، وە وەک ئەم شێخی کەرەشینانەی لێ بکەن». ئینجا کە کابرای ڕووتە لە قسەکەی بووەوە، پێی گوتن: «قسەکەم باشە؟». گوتیان «قەت قسە لەمە جوانتر نەبووە. هەتا ئەمرین و ڕەوشتی پێ ئەکەین». گوتی: «کەواتە هەر کەسە کەرەشینێکی پێشکەش ئەکەم. بەڵام ئێوەیش سوێندم بۆ ئەخۆن: کە هەرچی کەرەشینی وەرگرت شێخێتی پێوە نەکات؟!». گوتیان: «سوێند ئەخۆین».

زۆری پێ نەچوو، کەلوپەل و سامانی هەردوو شێخ فرۆشرا. وە هەتا بڵێیت کەرەشینی پێ کرا. ڕۆژی دابەشکردن، دەرودەشت پڕ بوو لە کەرەشین، تەپ و تۆزی چوارناڵە و دەنگی زەڕەزەڕی کەرەشینەکان ئەگەیشتە ئاسمان. وە لە پاش سوێندخواردن، ئەو هەموو کەرەشینانە بەسەرپەرشتی کابرای عەنتیکەوە بەسەر لادێیەکاندا دابەش کران... منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ. بەڵام ئەوەندە ئەزانم، کە لەو ڕۆژەوە تا ئیمڕۆ، لەو ناوەدا شێخێتی پەیدا نەبووەتەوە!؟.

***

مامۆستا بێژەن

دوژمنی گیانت بێ! هەرچی گوێی لە گۆرانی گوتنی (چەکۆ)ی هاوڕێم بگرتایە، ئەبوو تا سە ڕۆژ گوێی بزرنگایەوە و پەزیشک (دکتۆر) گوێی دەرمان کردایە ئینجا چاک ئەبووەوە! لەبەر ئەوە هەرچەند بمانزانیایە (چەکۆ) نیازی گۆرانی گوتنی هەیە: یان لۆکەمان ئەخنینە گوێمان، وەیان هەریەکە بەلایەکا خۆمان دەرباز ئەکرد!. بەڵام دڵنیابە کە عود لێدانەکەی منیش، هەزار بەردیدا بوو بەپشت گۆرانی گوتنەکەی (چەکۆ)دا. برای باوکیشم لابوایە، کە عودم لێ ئەدا هەموو لەشی گرژ ئەبوو. وەدانەکانی دەستیان ئەکرد بەقرچەقرچ! ئێستاش لەبیرمە کە پشیلەیەکی زۆر چەقاوەسووم بەلێدانێکی ئەو عودە

ریاز کردا. ئەگینا هیچ شتێک چارەی مام پشیلەی نەئەکردا. لەبەر ئەوە شتێکی ئاشکرا بوو، کە من(*) و چەکۆ ببینە هاودەمێکی گیانی بەگیانی!

***

بەڵام هەر من و چەکۆ نەبووین کە لە خوێندنگای ماڵیدا (مدرسەی داخلی) نانمان ئەخوارد و ئەخەوتین. گەلێکی تریشمان لەگەڵا بوو. هەرچەند ئەمانە لە ترسی گۆرانی گوتنەکەی چەکۆ و عود لێدانەکەی من، کۆڵان بەکۆڵان، لێمان پەرەوازە ئەبوون. بەڵام کە عود و گۆرانی لە ئارادا نەبوونایە، لە دەورمان گرد ئەبوونەوە، وەک برا بەقسەی خۆش و بەزم و ڕەزم و سکاڵا بۆ یەککردنەوە شەومان بەسەر ئەبرد. بەڕاستی کەم کۆمەڵی شاگردانم دیبوو، کە ئەوەندەی دەستەی ئێمە دۆست و یەکدڵ و یەک زمان بووبین!.

ڕۆژێ لە ڕۆژان مامۆستایەکمان بۆ هات. ناوی (بێژەن) بوو. چونکە خۆی ناشی و نەزان بوو، هە چ پرسیارێکمان لێ ئەکرد، لە بریتی ئەمەی تێمانگەیینێ، تووڕە ئەبوو، بەڵکو گەلێ جار جنێو و قسەی زۆر ناشیرینی پێ ئەگوتین! ئێمەیش چونکو، ئەو گرژومۆن بوو، ئەوەندەی تر ڕقمان لێی ئەبووەوە!. جگە لەوە، ئەمان بیستەوە، کە لەم لا و لەولاش گەلێک جوێن و قسەی خراپمان پێ ئەڵێ!. لەبەر ئەوە شاگردەکانی، ژووری ئێمە کۆمەڵێکیان بەست. وە هەموو پێکەوە چەند بڕیارێکیان دا، کە چەند کاروبارێک هەڵسووڕێنین، بەڵکو (مامۆستا بێژەن) لە جوێندان و لە قسەی خراپ و تووڕەیی بخەین! بەڵام ڕەنجمان بەبا چوو. وە هەرچییەکمان کرد سەری نەگرت. وە (مامۆستا بێژەن) لە سەرزەنشتکردن و ڕووشکاندن و جوێندان و تووڕەیی خۆی نەکەوت!.

شاگردەکان لە دەست (مامۆستا بێژەن) وەڕس بوون. کەوتنە ئەوەی لەتاو ئازاری گیانی خۆیان شتی ناشایستەی دەربارە بکەن. ئەوەندەی نەمابوو، شتی ناشیرین لە شاگردەکانەوە ڕووبدات، وە ئابڕووی دەستەکەمان بچێت!. لە پڕ (من و چەکۆ)ی هاوڕێم، لەناو شاگردەکانت دا سەرمان بەرز کردەوە. وە هەردووکمان بەیەک دەنگ ئەمەمان پێگوتن: «براگەل. مامۆستا بێژەن هەرچەندەی خراپیش بێ، ئێمە کە شاگردین، جوان نییە شتی وەهای دەربارە بکەین کە ئابڕووی ژوورەکەمان بچێت. وە پاشەجار ڕوومان نەیەت بەخۆمان بڵێین شاگرد. ئەگەر ئێوە بەهەردوومانداا ڕاتەپەڕموون ئێمە تۆڵەی ئێوە لە مامۆستا بێژەن ئەکەینەوە. بەڵام وایشی ئەکەینەوە کە ئابڕووی کەسمان نەچێت. وە سەر مامۆستایش پێمان بڵێ دەستان خۆش بێت. بەڵام تکاتان لێ ئەکەین، کە ئێوە هیچ دەربارەی مامۆستا بێژەن مەکەن. وە ئەمە بخەنە سەر ئەستۆی ئێمە. ئینجا ئەگەر ئێوەمان دڵخۆش نەکرد، هەر چەکمان پێ ئەڵێن دەمتان خۆش بێت».

هاوڕێکانیشمان بەیەک دەنگ گوتیان: «باشە ئەوا ئێمە وازمان هێنا لە مامۆستا بێژەن. بزانین ئێوە چی ئەکەن؟». بەم ڕەنگە، تەمێکردنی مامۆستا بێژەن کەوتە سەر ئەستۆی من و چەکۆ. جا سەیر کە چیمان بەسەرهێنا!.

(*) مەبەس لە وشەی (من) نووسەر نییە. تەنیا بەئارەزوو وەها دانراوە. لە شوێنەکانی تریشا وشەی (من) هەروەها بەئارەزوو بەکاهێنراوە (ش. ف).

مامۆستا بێژەن و مامۆستایەکی تر لە ژوورێکابوون. هەموو شەو تا درەنگ ئەکوشان. خوێندنەکانی سبەینێیان ئامادە و ڕەوان ئەکرد. بەڵام ئێمە بەپێچەوانەی ئەوان، شەوی هەینی (جمعە)مان بۆ بەزم و ڕەزم دانابوو. لەبەر ئەوە تا درەنگ ئاهەنگ و زەمــاوەندمــان ئەکــرد ئینجــا ئەخــەوتین. پێــڕەوی خوێندنگاکەشمان وەهابوو، کە لەو شەوەدا سەربەست ئەکراین، هەر چۆنێکمان ڕابواردایە، کەس لێی نەئەپرسینەوە!.

لەبەر ئەوە شەوی ئەو هەینییە، هەر لە بانگی شێوانەوە، چەکۆ قورگی خۆی پاککردەوە، منیش عودی خۆم ساز کرد. وە چووینە بەر ئەو هەیوانەی کە ژووری مامۆستا بێژەن و هاوڕێکەی لە پشتەوە بوو. وە کوتوپڕ دەستمان کرد بەگۆرانی و بەزمی خۆمان!.

هەرچەند مامۆستا بێژەن پەنجەرە و دەرگای داخست و، کون و قوژبنی ژووری کون پڕ کرد و، گوێی خۆی بەلۆکە ئاخنی، کۆششی بۆ نەکرا و کەڵکێکی نەگرت!. لەگەڵ ئەمەشا فیزی نەیهێنا کە پێمان بڵێ بۆچی وا ئەکەن؟!. بەڵام لەو حەلەدا کە من و چەکۆ خەریکی ئەوەبووین تۆزێ پشوو بدەین. مامۆستا بێژەن سەرێکی هەیوانەکەی دا وە بەبەردەمماندا پیاسەیەکی بۆ کرد. بەڵام ئێمە نەمان هێشت بگاتە ڕاستی ئێمە، گورج بەهەرچی هێز و تەوانایەک کە تیاماندا بوو دەنگمان هەڵبڕی وە بەعود و گۆرانی شاباشمان کردا. بێژەن خۆی گەیاندەوە ژووری. دەنگمان نزم کردەوە. بێژەن هاتەوە دەرێ. دەنگمان بەرز کردەوە. بێژەن خۆی هاوێشتە ژووری. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو پەتی پچڕی. هاتەوە سەرمان. گوتی: «ئاخر ئێوە هیچ لەمە بیرناکەنەوە کە من تێئەکۆشم؟». گوتمان: «ئەی مامۆستا خوا هەڵئەگرێ ئێمە لە هەفتەیەکا هەر ئەم شەوەمان هەبێ و تۆزێکیش ڕانەبوێرین؟». گوتی: «ڕابواردن باشە. بەڵام هیچ کوێتان نەدۆزیەوە ئەم بەردەم ژوورەی من نەبێ؟». گوتمان: «ئەم بەر هەیوانە نەبێ، هیچ کوێیەک هەیە ئەوەندە نەشئە بەپیاو ببەخشێ؟ مامۆستا ئەبوایە تۆ شاباشت بکردینایە ئەمەندە گۆرانیمان بۆ گوتووی. لە شوێنێکی تر بوایە ئەمەت بەپارەش دەست نەئەکەوت. مامۆستا سوپاسی خوا بکە خوا. با خوا لەم ناز و جیازەت بێ بەش نەکات!». گوتی: «خوا ئەم نان و جیازەم لێ ببڕێ. ئەمە باشە ئێوە سەربەستی لە من بار ئەکەن؟». گوتمان: «تۆیش ئەتوانیت لەم شەوەدا سەربەستی لە ئێمە بار بکەیت ئێمە بەپێی ڕەوشتی خوێندنگاکەمان سەربەستین. وە لە ئەندازەی سەربەستی خۆماندا هەرچییەک ئەکەین تا بەیانی لێمان ناپرسرێتەوە!».

مامۆستا بێژەن بەتووڕەییەکەوە بەجێی هێشتین. وە هەتا گەیشتە ژوورەکەی خۆی، لە بۆڵەبۆڵ و وردە جنێو، درێغی لێ نەکردین. بەڵام من و چەکۆیش بەگۆرانی و عود لێدان درێغیمان لەو نەکرد، وە جارێکی تریش دار و بەردی خوێندنگاکەمان هێنایەوە لەرزە، ئەها دەرکەوت! کاتێکمان زانی مامۆستا بێژەن بەخۆی و سەرمامۆستاکەمانەوە هاتەوە سەرمان!. بەڵام سەرمامۆستاکەمان، وەک مامۆستا بێژەن نەبوو. پیاوێکی زرنگ و تێگەیشتوو، جوامێر و کارگوزار بوو. دەمێک بوو لە کەینە و بەینەی ئێمە و مامۆستا بێژەن گەیشتبوو. کە هاتە پێشەوە لەبەری هەڵسایین ئەویش نەیکردە نامەردی بەڕوویەکی گەش و خۆشەوە چاکو چۆنی لەگەڵ کردین. وە بەزۆر گۆرانی و عودێکی پێ لێداین!. من و چەکۆش وەختبوو لە خۆشیانا گەشکەداربین. لەبەر ئەوە تا بڵێی کۆششمان کرد کە گۆرانی و عودێکی پاک و پوختەی

لەسەرخۆی بۆ، بلێین. چەکۆ قورگی پاککردەوە. و دەسەسرێکی پچکۆلەی خستە ناو دەستی. منیش تەلەکانی عودەکەم بەزۆر و بەخواهیش بادا. چەکۆ دەسی کرد بەگۆرانی گوتن و منیش دەستم کرد بەعود لێدان. لە پێشەوە دەنگێکی نەرم و نزم ئەهات بەڵام دەسەسرِ هەناسەی چەکۆی سوار کرد. تینی دایە خۆی. کاتێکم زانی دەسەسرِ لە دەمی چەکۆ دەرپەڕی. وە وەک گوللەدای لە سەروچاوی مامۆستا بێژەن. دەنگ دەرچوو. بەڵام دەنگ چە دەنگی؟ ماڵی بەقورگیری. گوتی هەموومانی کەڕ کرد! منیش وامزانی فنی مۆسیقی وای پێ ئەوێ کە منیش بەقایم دەست ببزوێنم. کاتێکم زانی دوو سەتەلی عود تەقی. کلیلێکی دەرپەڕی. دای لە شووشەی پەنجەرەی ژوورەکەی مامۆستا بێژەن، شکاندی. کە بێژەن، ئەمەی دی، گڕی تێ بەربوو. لە ڤینا تووکی سەری ڕاست بووەوە. دەسی کرد بەجنێودان و قیرەقیر. بەرچاوی تاریک بوو. ئەوەی لەبیرچووەوە کە لەگەڵ سەر مامۆستاکەماندایە. لە داخا بەقایم پێی دا بەزەویدا. بەڵام پێی کەوتە سەر کلکی توتکە سەگەکەی مامۆستا. توتکە سەگ دەسی کرد بەقورەقور. بەڵام لە عەزرەت. ئیشی کلکەکەی وەرگەڕایەوە و بەقاچی مامۆستا بێژەنا نووسا. بێژەن کەوتە هاوار هاوار. شاگردەکان لە دەورمان کۆبوونەوە. لەگەڵ ئەوەشا من و چەکۆ هەر لە گۆرانی و عود لێدانی خۆمان نەکەوتین. بەڵام سەرمامۆستا و شاگردەکان لە پێکەنینا لە هۆش خۆیان چوون! بەڵام من و چەکۆ شێوەی میوانداری خۆمان تێک ئەدا: کە زانیمان کەس پێمان ناڵێ دەستتان خۆش بێ. خۆمان بۆ خۆمان دەسمان کرد بەچەپڵەلێدان.

***

ئینجا سەرمامۆستا ڕووی تێکردین. گوتی: «پێم ناڵێن ئێوە لەبەرچی ئەم مامۆستایەی خۆتان ئەمەندە ئازار ئەدەن؟» گوتمان: «ئێمە ڕایەمان ناکەوێ مامۆستا خۆمان ئازار بدەین. ئێمە بۆیەکا گۆرانی بۆ ئەڵێین و عودی بۆ لێ ئەدەین کە دڵی خۆشکەین!». بەڵام کە سەرئەنجامدا سەرمامۆستا حەز بەم گاڵتەیەمان ناکا، وە خەریکە لە وەرامەکەمان تووڕە بێ، پێمان گوت: «ڕاستت ئەوێ پێت بڵێین؟». گوتی: «ئا ڕاست بڕۆن مەترسن». گوتمان: «مەبەسمان، لەمە، ئەوەبوو کە خۆیشت بێیت بەچاوی خۆت بمانبینی کە هەموو دەم مامۆستا بێژەن چیمان پێ ئەکات!. جا ئەگەر پێت خۆشە مامۆستا بێژەن جوێنمان پێ بدات، ئەوا ئێمەیش، جاروبار، دڵی خۆمان بەم عود و گۆرانییە خۆش ئەکەین. وە ئەگەر پێشت ناخۆشە جوێنمان پێ بدات، تۆ گەورەی هەموومانی، ئێمەش و ئەویش تەمێ بکە!».

کە ئەمەمان گوت مامۆستا بێژەن ئەوەندەی تر تووڕە بوو. بەڵام سەرمامۆستا بێدەنگی کرد، وە لەگەڵ خۆیا بردیە ماڵەوە. بەئێمەشی گوت: «چاوەڕوان بن تا ئەنێرم بەشوێنتانا». لە پاش هەندێک، سەرمامۆستا، من و چەکۆ. و هەموو هاوڕێکانمانی بانگ کردە ماڵەوە. لە پاش ئاهەنگ و بەزمێکی خۆش و شەوچەرە خواردنێکی نایاب، ئێمە و مامۆستا بێژەنی ئاشت کردەوە. وە بڕیاری بەهەردوو لاماندا کە بێ دڵی یەک نەکەین، وە لەگەڵە یەکا چاک و دڵسۆز و بەنەوازش بین. ئیتر لەو شەوەوە مامۆستا بێژەن وازی لە جنێودان هێنا. وە هیچ پرسیار و گوفتارێکیشیمان لەگەڵا ئەکرد لێمان تووڕە نەئەبوو، وە بەجوانی وەرامی ئەدایەوە. ئێمەش ئیتر ببڕای ببڕای ئاهەنگ و زەماوەندی وا بۆ مامۆستا بێژەن

بگێـڕین. وە ئیـتـر وازمـان لە بەزمی شـەوی هەینی هێنا!. بەڵام لە بیـرت نەچێ، کـە لەو شـەوەوە شاگردەکانی هاوڕێمان، من و چەکۆیان کرد بە(ڕیش سپی)ی خۆیان، وە ئیتر بۆ هەر کاروبارێک کە وەها بوایە، خۆیان ئەدایەوە دەست ئێمە.

بووک و خەسو

... (ئازیزخـان) کە ئەچێتـەوە دەرەوە بۆ چەرچێتـی بەژنەکەی ئەڵێ: «هەتا پێت ئەکرێ بەدەوروپشـتی دایکمابێ و دڵی مەیەشێنە». بەڵام هێشتا کابرا ئەوەندە لە ماڵ دوورناکەوێتەوە، بووکە زۆر لە خەسو ئەکات کە جوجەڵە هەڵبێنێ!. خەسوی بەسەزمان لە ترسی بووک ناچار ئەبێ بەسەرچەند هێلکەیەکا کڕ ئەکـەوێ، وە لەسـەریان هەڵناسێ تا هەڵیـان ئەهێنێ وە جـوجـەڵەیان لێ دێتـە دەرەوە!. پرپۆڵە و دان و ئاوپێـدانیـشـیـان لەوێ بووەستێ، جـوجـەڵەکـان چونکە دایکی خـۆیان نابێن، پیـرێژن بەدایکی خـۆیان دائەنێن، خەسو بۆ هەر کوێیەک ئەچێ جوکەجوک دوای ئەکەون. کە نوێژ ئەکات ئەچنە سەر بەرماڵەکەی. کە نان ئەخوات ئەچنە سەر سینییەکەی کە ئەشنوێ، ئەچنە ژێر لێفەکەیەوە وە لە باخەڵی پیرێژندا نەبێ، بەدڵ خەویان لێ ناکەوێ!. کە کابرای چەرچی ئەگەڕێتـەوە مـاڵێ، وە دایکی بەوتەرحە ئەبینێ، ئەڵێ: «دایە ئەمە چییە؟». داپیرەی بەسەزمان، لە ترسا ناوێرێ بڵێ: «ژنەکەت وای بەسەرهێنام» ئەڵێ: «ڕۆڵە ئەوە جوجەڵەکان دایکیان مردووە. منیش چونکە بەخێوم کردوون، لەبەر ئەوەیە کە دوام ئەکەون».

ئەمجارە کە کابرای چەرچی ئەچێتەوە دەرەوە، بووکە، پەڵپی کڵاودوورین لە خەسوی ئەگرێ!. بەوەش وازناهێنی، ڕۆژێک مـەیموونەوانێک بەوێدا ڕائەبوورێ، بووکـە خەسـوەکـەی خۆی پێ ئەفرۆشێ. وە پێی ئەڵێ کـە خەسوەکەی هەم هەڵپەڕین ئەزانێ وە هەم گۆرانی گوتن! مەیموونەوان، شار بەشار و دێ بەدێ بەپیـرێژنی بەسـەزمـان ئەکـات. وە هەر کـوێیـەک ئەچێ، چەشنی مـەیموون هەڵی ئەپەڕێنێ. بەوەش وازناهێنێ، بەزۆر گـۆرانیـشـی پێ ئەڵێ!. وا ڕێک ئەکـەوێ، ڕۆژێ لە شـارێک، ئازیزخـانی چەرچی تووشیان دێ کە تەماشا ئەکات ئەوا کابرایەک دایکی وەک مەیموون هەڵ ئەپەڕێنێ و ئەم گۆرانییەی پێ ئەڵێ: «من دایکی ئازیزخانم. جوجەڵە هەڵهێنان دەزانم. بۆم بێنن ساوەر و پیرخەنیلە. دەسم لە هەویرە. هەر ئەوەندەم لەبیـرە». کـابرای چەرچی زۆر بەزەیی بەدایکیـا دێتـەوە. هەرچی چۆنێک ئەبێ، بەزۆر و بەخواهیش، بەپارە و بەتکا دایکی لە کابرای مەیموونەوان ئەکڕێتەوە. کە کەینە و بەینەی ئەو چەند وەختە لە دایکیەوە تێ ئەگات، دایکی ئەخاتە سنووقێکەوە و ڕووەو ماڵ ئەڕواتەوە.

بێـینەوە سەر ژنی ئازیزخـان. کـە دایکی ئازیزخـانی مێردی ئەفرۆشێ بەو مـەیموونەوانـە، دەست بەجێ بزنێک سەرئەبڕێ وە لە مـاڵی خۆیاندا ئەینێژێ پاشان لەناو دەرودراوسێکانیا ئەیکا بەچاوەڕوا و ئەڵێ: «خەسـووم مردووە» وە لەناو مـاڵی خۆمـاندا ناشتوومە. وەرن بەپرسەوە»!. بەم فێڵە خۆی لە دەست دەم و زمانی دراوسێکانی ڕزگار ئەکات. بەڵام ئەوەندە نابات مێردەکەشی دێتەوە. کە لێی ئەپرسێ: «دایکم کوا؟». ئەڵێ: «بەخوا چی بێ لە تۆ نهێنی بێ، دەسم شکێ، خوا بردیەوە بۆ خۆی. ئەوەیش گۆڕەکەیەتی لەناو مـاڵەکەدا». مێـردەش ئەڵێ: «دەبچوو دەرودراوسێکان کۆبکەرەوە. من ئەم دایکی خۆمـە لە گۆڕە دەرئەهێنم. وە ئەیبەم لە شوێنێکی باشتر ئەینێژم». ژنە ئەڵێ: «مەکە توبی خوا. ئەوەک شتێکی خراپمان

بەسەر بێت». مێردەش ئەڵێ: «خوایەکە و نەبووە بەدوو. ئەبێ من ئەم دایکی خۆمە لەم گۆڕە دەربهێنم». کە گۆڕە هەڵئەداتەوە، تەماشا ئەکات ئەوا بزنێکی نێژراوە!.

مێردە سەیرێکی ژنە ئەکات. ژنە ئەڵێ: «مێردەکە نەمگوت دەست لە کاری خوا مەدە، ئەم گۆڕە هەڵ مەکەنە. نەوەک شتێکی خراپمان بەسەر بێت؟». مێردەش ئەڵێ: «شتی خراپی چیمان بەسەر بێت. هەی وا وا لێ کراوا. دایکی من کەی مردووە؟ ئەوەتا زیندووە لەم سندووقەدا! جوجەڵەت پێ هەڵهێنا. کردت بەمەیموون. هەرچی پەنگی جیهانە بەسەرت هێنا. ئێستایش بزنێکت خستۆتە ئەم گۆڕەوە. ئەڵێی مردووە؟». ئازیزخان ئەوە ئەڵێت و سەری سندووقەکە هەڵ ئەداتەوە. دەرودراوسێ دایکی ئازیزخان بەزیندوویتی لە سندوق ئەهێننە دەرەوە. کە تەماشا ئەکەن ئەوا پیرێژن چاوی زەق ئەکاتەوە. هێشتا بەرگەی ژیانێکی دە سالیی تر ئەگرێ. ئازیزخانیش ناکاتە نامەردی: تا ئەتوانی ژنەکەی شلکوتی مەرگ ئەکات. پاشان بەرەڵلای ئەکات وە لە ماڵ ئەیکاتە دەرەوە، ئینجا دایکەکەشی ئەخاتەوە سەر ماڵ و منداڵی خۆی. دوایی ڕوو ئەکاتە دایکەکەی و پێی ئەڵێ: «ئاخر ئەمە گوناهی خۆت بوو هاتەوە ڕێت. چەند جارم پێ گوتیت کە ئەچینە خوازبێنی کچان، لەخوابترسە وە بەدوو قسەی ڕەنگین و پیالەچایەکی شیرین تەفرە مەخۆ؟ تەماشای دوارۆژی من بکە چاوت لە خزمایەتی و دەوڵەمەندی و پایەداری و ناوبانگی باوکی کچەوە نەبێ. چاوت لە کردەوە و ڕەوشتی جوان و دڵ و دەروونی پاک و خاوێن و سەروسیمای ناسک و نازداری کچەوەبێ. تا نەزانیت کچێک لە هەموو بابەتێکەوە لەگەڵما یەک ئەکەوێ و بەدڵەوە ئەبەستریێ بۆمی مەخوازە...» پیرێژنیش ئەڵێ: «ئەوا لەسەر ئەمجارەدا، ئەگەر جارێکی تر شتی وەهام کرد سەرم بتاشە. پەیمان بێ یان کچ پێشانی خۆت بدەم و پێتی بناسم، یاخود بتگۆڕم جلوبەرگی ژنانەت لەبەرکەم و لەگەڵ خۆما بتبەم بۆ خوازبێنی. هەتا خۆت نەڵێی باشە بۆتی نەخوازم»!.

دەسپاکی

مام هۆمەر، هەرچەند لە منالیا عەنتیکە و قسەخۆش بوو، بەلام کە بکەوتایە تەنگ و چەڵەمەوە زۆر سەری لێ تێک ئەچوو. وە هەرچی یەجگار خراپ نەبوایە لە دەسی نەئەوشایەوە!. جارێک مام هۆمەر لەناو برسێتی ئەمەندە شپرزە ئەبێ، ناوەستێ گوێچکەنانێ بخوا تا چێشت پێ ئەگات، دەس ئەکا بەمەنجەڵە گەرم و لە کولەکەی ماڵی باوکیا، وازناهێنێ تا سەلکە مریشک دەرئەهێنێ!. سەلکە مریشک گەرم و داغ و کاڵ و نە کولێو ئەبێ. بەلام هۆمەر گوێی ناداتە کاڵ و کولێو و سارد و گەرمی. سەلکە مریشکی بۆ ناجورێ. گوێی ناداتێ، سەلکە مریشک بەتەواوەتی قوت ئەدا!. بەلام چەقوت دانی؟ چاوێکی مام هۆمەر ئەنووسێنێ. وە چاوەکەی تری لە تاوا دەرئەپەڕێ!. مام هۆمەر وەک سکی گری گرتبێ، هاوار ئەکات: «ئاوم بگەیێنێ» کوندەیەک ئاوی ئەکەن بەدەما، تا چۆڕبڕی ئەکات وازناهێنێ!. هۆمەر کڵپەی دەروونی ئەکوژێتەوە. بەلام دەنگی نزگەرەی ئەگاتە کەشکەشانی فەلەک. نزگەرەی دوابڕاو هۆمەر بەدەردێک ئەبات، تا دووسە ڕۆژیش وەک کەلەشێری سەربارەدار، بەهەرچی ئەگەیشت، ئەی قرتاند بەسەریا!.

***

هۆمەر لە دوکانی باوکیا کاری ئەکرد. هەرچەند باوکی بچوایە بۆ نوێژ ئەوی بەسەر دوکانەکەیەوە دائەنا. باوکی ڕۆژێ ویستی تاقی بکاتەوە. بەدزی هۆمەرەوە پولێکی فڕێدایە ناو دوکانەکەیەوە و چووە دەرەوە بۆ نوێژ. ڕۆژەکەی گەرم بوو. هۆمەر تینوێتی تەنگی پێ هەڵچنی بوو. دڵی چووە سەر شەربەتی مێوژ. بەڵام ڕۆژانەکەی خۆی لەناوبردبوو. هیچ چارەی نەمابوو ئەوە نەبێ کە چاوبگێڕی بەدوکانەکەدا، بەڵکو پولێک بدۆزێتەوە و بیدا بەشەربەت. لە پڕ ئەو پولەی بەدی کرد. هەڵیگرت و دای بەشەربەت. بەم ڕەنگە هۆمەر دەماخی خۆی تەخت کرد!.

بەڵام زۆری پێ نەچوو باوکی هاتەوە. کە هەستی کرد هۆمەر پولەکەی دۆزیوەتەوە و شەربەتی پێ کڕیوە، دەم و دەست دوکانی داخست، هۆمەری خستەپێش خۆی و ڕووی کردە ماڵەوە.

هۆمەری بەسەزمان کاتێکی زانی ڕووت و قووت کرایەوە وە بەکۆڵەکەی هەیوانەکەی ماڵی خۆیانەوە بەسترایەوە. ئینجا دەم و چاو و سەر وگوێلاکی بەدۆشاو و هەنگوین سواخ درا، مێش و مەگەز و زەردەواڵە تێی ئالان. ئەمەش بەهەرجا بەڵام ئەوی دڵی هۆمەری تەنگ کردبوو، کۆکردنەوەی خاوخێزان و کەسوکار بوو لەسەری، بۆ سەیری!. باوکی هۆمەر کردیە هەرا. جگە لەوە کە هەر تاوە ناتاوێ زرمەی لە بناگوێی هۆمەر هەڵئەساند و ئەم هەموو مێش و مەگەز و زەردەواڵەیەی لێ ئەورژاند و دابوویە بەر هەتاو (فێنکی بێتەوە؟)، خزمەکانیشی لەسەر کۆکردبووەوە، تێزیان پێ کرد و فێزیان بەسەرا ئەکرد و پێی پێ نەکەنین، هۆمەر دەسی کرد بەزیرەزیر. دەنگی ئەگەیشتە ئاسمان. دوای ئاخ و ئۆف و پەشیمانییەکی زۆر، دڵی مامی نەرم کرد. مامی بۆی پاڕایەوە کە ئەمجارە باوکی بیبەخشی، ئەگەر دەسپیسیەکی تری لێ ڕوودا ئەوسا هەر چییەک ئەکا بیکا. خزمانیش هەموو تکایان بۆ کرد. باوکی بەخشی وە هۆمەر لە پەند پێدان ڕزگار کرا پاشان سەر و لەشی شۆرا. بەڵام تا درەنگێ هۆمەر، لە شەرما، ڕووی نەئەهات بچێتە دەرەوە. دوایی هاتەوە دوکان. لە کردەوەی خۆی پەشیمان بووەوە. وە ئیتر لەو ڕۆژەوە لیرەشی بدیایە دەسی بۆ نەئەبرد. پارێزگاری ئەکرد تا باوکی ئەهاتەوە دوکان، ئینجا دەیدایەوە دەستی. باوکیشی کە ئەم دەسپاکییەی لە هۆمەر بینی، ئیتر دەستی کردەوە بەلاواندنەوەی، تا ئەهات نازی زۆرتر ئەگرت. وە هەر ڕۆژە نارۆژێ ئافەرین و شاباشی ئەکرد. زۆری پێ نەچوو دەسپاکیی مام هۆمەر دەنگی دایەوە. وە لە پاش چەندساڵێک بووە یەکەم بازرگانی شاری خۆی. بەڵام هەموو جارێ ئەیگوت: «ئەم سەر و سامانەم هەموو لە سایەی خوا و پەروەردەکردنی باوکمەوەیە»![1]

---

(١) ئەم چیرۆکە دەبوو - بەپێی ناوەرۆک و ئەنجامی- لەو چیرۆکانە بووایە کە تایبەتە بەمناڵان، بەڵام بەپێی ڕێوشوێن و پرەنسیپە پەروەردەیی و ڕێنماییەکانی زانستی دەروونناسی ئەمڕۆ، گەلێ مەترسیدار و ناشیاوە کە بۆ مناڵانیشبێ... خوێنەری وریا لەسەرنجدانی لە ناوەرۆکەکەی ئەمەی لەلا دەرەوێتەوە.

جگەرەکێشان

لە منداڵیا، فەرهاد، بەقەد عزرائیل لە باوکی ئەترسا. گرژ و مۆنی باوکی لەوێ بووەستێ، تووڕەیی و قسە ناشیرینەکانی لە هەموو خەیاڵێکی فەرهادی ئەدا. هەرچەندە فەرهاد، لە خۆیا، عال و ساڵ نەبوو، بەڵام لە ترسی باوکی بووبووە فریشتەی سەر زەمین. لەگەڵ ئەوەشا، کە ئەهاتە سەر باسی جگەرە نەخواردن، چونکی باوکی خۆی جگەرەی ئەخوارد هەرچی ئامۆژگارییەکی فەرهادی ئەکرد بەبا ئەچوو! کە شیرەشیری ئەکرد بەسەر فەرهادا، وەک گوێزی بۆ بژماردایە وا بوو. سەرتان نەیەشێنم ئاخری فەرهاد فێری جگەرە خواردن بوو. هەر ئەوەندە دەستی بگەیشتایە قووتووە جگەرەکەی باوکی، جگەرە بەحاڵ لە دەستی ڕزگاری ئەبوو. ئەگەر تفەنگیشیان پێوە بنایە، ئەبوو، یەک دوانێکی هەر لێ بکێشایە!. هەرچەند باوکی بچووایە بۆ دەستنوێژ شتن، تا ئەهاتەوە سەری، فەرهاد جگەرەیەکی لە قووتووەکەی پەنا ئەداو بەسەرخۆشییەکەوە ئەیکێشا. ئەگەر بەدەمیشیەوە نەمایە بۆ جگەرەکێشانێکی تر جگەرەیەکی تری ئەخستە گیرفانیەوە، وە تا باوکی لە نوێژ ئەبووەوە ئەچووە بن پاسارێکەوە، قاچی لێ ئەخستە سەر قاچ، وە وەک بەرزەکی بانان بەفیزێکەوە ئەویشی ئەکێشا. بەڕاستی تا باوکی لەسەر جگەرەخواردن ئازاری ئەدا، فەرهاد زۆرتر دڵی بەجگەرەکێشاندا ئەچوو. کە ئەشی خوارد بەدزییەوە، وەک لەشکری ڕۆمی شکاندبێ، قسە شکاندنی باوکی ئەوەندە لاخۆش بوو لە ڕاستیا. فەرهاد لە دڵا ئەم جگەرەکێشانەی، بەسەرکەوتنێکی سەیر ئەدایە قەڵەم!. فەرهاد ئەوەندەی پێ نەچوو، بیری بەلای هەزار لای تریشا چوو. ئینجا جگەرەی بەلووت ئەکێشا. جارێکیان، دوو جگەرەی خستە هەردوو کونەلووتەکانیەوە وە هەردووکیانی بەجارێک کێشا. کاتێک زانرا فەرهاد هەناسەی سوار بوو، ئەگینا لە دەست شەپازلەکانی باوکی قوتار نەئەبوو. جارێکیان، هەرچەندی کرد و کۆشا فەرهاد، جگەرەی بەردەست نەکەوت. هێنا هەندێ توتنی کردە ناو گوڵە هەنارێکەوە و پوشکەیەکی بەبنەکەیەوە قایم کرد و ئاگرێک خستە سەر دەمەکەی. کە تەماشای کرد جگە لەوەی جگەرە دووکەڵی بۆ ئەکات، ڕەنگ و بۆیەکی یەجگار جوان و ڕەنگینیشی هەیە، ئیتر سەری تێ کرد، وە هەتا قەڵاچۆی لە گوڵە هەناری باخەکە نەخست وازی نەهێنا. کە باوکی سەرنجی دا، نە بارەش لە ئارادا هەیە و نە گوڵە هەناریش لەبن دارەکاندا کەوتووە. کەوتە پرس و پشکنینەوە، دوایی بەم کەینە و بەینەیەی فەرهادی زانی، وە لەسەر ئەوە جارێکی تریش تۆزی لە بناگوێی هەڵساندەوە. فەرهاد، تا چەند ڕۆژێک، وازی لە دووکەڵکردن هێنا. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، چووە وزەی نێرگەلەکەی ماڵی پووری، وە ئەوەندەی کێشا تا لە هۆش خۆی چوو. لەوە پاش حەز لێکردنی جگەرە وا لێ کرد، ناچارما قوتوی بۆ هەڵگرێ. لە بستێک چیت و کەرتێک مقەبا و تۆزێ جەوی و دەرزی و دەزویەک، فەرهاد، قوتوویەکی جگەرەی پێکهێنا. بەڵام ئەوەندە فێڵبازی کرد لەگەڵ باوکیا، چەواشەی کرد: هێنای تا یەک دوو ڕۆژ لەباتی جگەرە، لەبەر چاوی ئەو، قەڵەم و قەڵەمبڕ و لاستیکی تێ کرد و، قوتووەکەی خستە ناو باخەڵی سەڵتەکەیەوە. لە پاشا جگەرە و شقارتەی تێ کرد وە هەر هەڵێکی بۆ هەڵکەوتایە دەماخی خۆی بەجگەرەکێشان تەخت ئەکرد. بەوەش وازی نەهێنا. ئینجا خووی دایە جگەرەی هەموو ڕەنگەی ئەوروپا. پاشان سەری کردە سەر سیغار و چروت و سەبیل وقەندەوە دوایی بایدایەوە سەر نێرگەلە.

بەلام چە تەرحە نێرکەلەیەک؟ لە گولاودانێکی بچووک و لاسکە هێرۆیەکی کونکراو و لەتە توێکلە گوێزێک ویستن پوشکە و هەندێ میوە و چۆرێک ئاو و تۆزێک توتن و پشکۆیەک ئاگر، نێرگەلەیەکی جوانکیلانەی بچکۆلانەی خنجیلانەی پێک هێنا. نێرگەلە تام و بۆنی خۆشی توتنەکەی لەوێ بوەستێ، فلقە فلق و کەش و فشەکەی، بەتەرحێک فەرهادی گەشکەدار کردبوو، لەبەرچاویا لە سینەمایەک خۆشتر بوو.

فەرهاد، ئەمانەی هەموو بەدزی باوکیەوە ئەکرد. لە ترسی باوکی فێری گەلێ درۆو فروفێڵ و کاروباری نهێنی و زیان بەخشی و نالەباری بووبوو کە گەورە بوو و سەربەستی وەرگرت لە باوکی، ئینجا بەئاشکرا هەموو جۆرە جگەرەیەکی ئەکێشا. بەلام کە تامی سەربەستیی چێشت و هەستی بەسەربەخۆیی و هێز و دەسەلاتی خۆی کرد، وردە وردە لە خراپە گەڕایەوە و کردەوە و ڕەوشتی جوان و مەردانەی گرتەوە. ئینجا لە خۆیەوە لە خراپی جگەرە گەیشت وە لە پڕ بڕیاری دا کە لە جگەرەکێشان وازبهێنێ وە ئیتر وازی لێ هێنا.

هەمــوو جارێ کــە باسی جگەرەکـێشــان ئەکرایەوە، فـەرهـاد، بەباوکی ئەگـوت: «بابە! ئەگـەر خـۆت جگەرەت نەکـێـشــایە، وە ئەوەندە زەبر و زەنـگ و زۆرداریت بەسـەرا نەنواندمــایە، قــەت من فــێــری جگەرەکێشان نەئەبووم. وە ئەگەر ئەمەندە سەربەستیت لە من نەبردایە بەست، منیش هێندە دڵم بۆ دزی و درۆزنی و کاری نهێنی نەئەخرۆشا. ئەگەر بتهێشتایە تەنیا دووسە جارێک جگەرە لەبەردەمتا بخۆم، هەر لەبەر تامە تاڵ و بۆنە ناخۆشەکەی کە دەم و دانم و دەس و پەنجەمی لە کەلک ئەخست، من لە خۆمەوە وازم لە جگەرەکـێشـان ئەهێنا. منداڵ شاهەنشاهێکە و سەربەست و زەبر بەدەست. ئەگەر نەهێڵرێ زۆر لە کەس بکا، خۆ ئەبێ نەشهێڵرێ کە کەس زۆری لێ بکا. منداڵ کردەوەیەکی خواییە پاک و پوختە و بەرز و پیرۆز. پێویستە هەموو پیاوێک کرنۆشی نەوازشی بۆ بکێشی. وە لە بریتی ئەمەی بکرێ بەدیل و بەندە، یان بهێـلرێ ئەو خەلک بکا بەدیل و بەندەی خۆی، پێویستـە بەنەرم و نیـانی و شیـرینییـەوە، باوک و مـامۆسـتـا، پێشرەوی و سـەربەرشتی بـکەن وە ڕایبهێنن کە بەجـوانی و ڕێکوپێکی سەربەسـتی و هێز و دەسـەلاتی خۆی بەکاربێنی. ئەوەتا من، هەتا سەربەستی و سەربەخۆییم بەزۆری خۆم ئەسەند، وە هەستم بەدەسەلات و هێزی خۆم نەکرد، لە خراپە نەگەڕامەوە، وە وازم لە جگەرەکێشان نەهێنا!».

باوکیشی گوتی: «کوڕم خوا هەڵناگری دەمەقاڵێت لەگەلا بکەم. بەخواڕاست ئەکەیت قسەی تۆیە بەلام من چی بکەم کە هەموولایەکی ژیان لەسەر بنچینەی زۆرداری و نەخوێندەواری دامەزراوە؟!. داخەکەم لە دەسم چوو. خراپەم زۆر لەگەڵ کردیت. تکادارم کە ببەخشی. مەگەر دڵـی خۆم بەوە بدەمەوە کـە لەگەڵ خۆتا، کوڕە بچکولەکەت، وەها پێ بگەیێنم کە خۆت حەزی پێ ئەکەی». زۆری پێ نەچوو باوک و کوڕ، کوڕە بچکۆڵیان لەسەر شێوەی نوێ پێ گەیاند. لە سەرەتاوە سەربەستی جگەرەکێشانیان دایە. منداڵ لە پاش چەند جـارێک جگەرەکـێشـان لەبەردەمیـاندا، جگەرەی لەبەرچاو کەوت وە ئیـتر ناوی نەهێنایەوە!. هەر لەســەر ئەو شـێــوەیەش منداڵ پێ گــەیێنرا، وە کــە گــەورەبوو، لەناوبانگی چاکی و کــارگــوزاری و نیشتمانپەروەریدا باوی لە هەموو هاوڕێکانی سەند!.

گرامەفۆنەکەم چۆن کڕی[1]

... کاکم هەرچەندە قورئانیش بوو کە ئەیخوێند، بەڵام ئەوەندە دەنگی ناخۆش بوو، یان هەردوو گوێی خۆمم بەلۆکە قایم ئەکرد، وە یاخود بەلای کەمەوە هەزار هەنگاوێک لە ماڵ دوور ئەکەوتمەوە، تا خۆمم لە دەست گوێگرتنی دەنگی ڕزگار ئەکرد!. وام لێ هاتبوو، هەرچەند بەبرا بچکۆلەکەمی بگوتایە: «ئادەی قورئانەکەم بدەرێ». دەم و دەست پەلاماری کەوشەکانم ئەدا و خۆم دەرباز ئەکرد!. لام وایە هەر لەبەر ناخۆشی دەنگی کاکم بوو، کە من دەنگی خۆمم بەدڵا چوو بوو. ئەگین وەک لە هاودەمەکانی خۆمم بیستبوو، دەنگی منیش لەوانە نەبوو کە ئاواتی بۆ بخوازرێ. واتا هەر لەبەر ئاهی سوێند بوو کە پێیان ئەگوتم دەنگ خۆش!؟. لەگەڵ ئەمەشا کاکم هەر شەوێک دەستی بپەرژایە گۆرانیی هەمەڕەنگەی پێ ئەگوتم. ئەیگوت: «ئەم گۆرانیانە خۆشن، چونکە کوڕێنی خۆمم ئەخەنەوە بیر!؟».



***

کە شایی خەتەنە سوورانیان بۆ کردم، لە شارەکەدا کەم کەس گرامەفۆنی هەبوو. لەبەر ئەوە کە گرامەفۆنێکیان بۆ شاییەکەم هێنا. وەختبوو لە خۆشیانا بیخۆم. بەڵام داخەکەم، زۆری پێ نەچوو، گرامەفۆنیان بردەوە. وە هەرچەندە هەڵپە و هاوارم کرد بۆیان نەهێنامەوە. لەبەر ئەوە هەتا بڵێی دڵم چوو بەگرامەفۆنا. وە ئەوەندە بەمەراقیەوە ئەنووستم، لە خەویشما بەشەو هەر لە گرامەفۆن کڕین خەریک ئەبووم!.

جا چونکە کاکم ئەوەندە حەزی لە دەنگی خۆش و گۆرانی ئەکرد، لام وابوو، هەر ئەوەندەیی بڵێم کە گرامەفۆنێکم دۆزیوەتەوە، گورج بۆم ئەکڕی وە لەو نەخۆشییەدا دڵم ناشکێنی. کەچی داخەکەم بەهەڵەدا چووم. هەر ئەوەندەم خۆش بوو تا لام ئاشکرا کرد. دوژمنی گیانت بێ، زمانی بەتەرحێک لێ کردمەوە و بەجۆرێک دەستی لێ دامە هەڕەشەکردن، وەختبوو لە عاستی خۆم ببم بەتنۆکێک ئاو. کە دایکم لەسەری کردمەوە قیژاندی بەسەریا پێی گوت: «هەمووی تۆ خوی هەتیوەکەت خراپ کردووە. من بەم ڕیشی سپییەوە وەختی گرامەفۆن کڕینمە؟ ئینجا نۆرەی ئەمەمە خەڵک پێم بڵێن ماڵەکەی کردووە بەلۆتی خانە؟ ئایا نازانی هەر ماڵێک گرامەفۆنی تیابێ فریشتە ڕووی تێ ناکات؟ وەڕووت و نابووت ئەبی و ئەکەویتە سەر ساجی عەلی؟!». ئەمجارە کە دایکم بەریەرچی دایەوە، کاکم دەسی کرد بەجوێندانی. ئەوەندەی نەمابوو هەڵسیتە سەرێ، وە توکی سەری بڕوتێنیتەوە!. بەڵام لەم ناوەدا هەر من تیا چووم. چونکە ئیتر لەو ڕۆژەوە کاکم ڕووی نەئەدامێ. منیش نەم ئەوێرا توخنی ئەو بکەوم!. بەڵام ئەنکم زۆرزان بوو. کە ئەو

(١) ئەم چیرۆکەش لە (گەلاوێژ) ژ (٢) س(٦) شوباتی ١٩٤٥ لەلاپەڕە (٤ - ١٢)دا بلاوکراوەتەوە.

ئەچووە دەرەوە هەمـوو جـارێ دڵخـۆشی ئەدامـەوە. ئەیگوت: «کـوڕم خەفـەت مـەخۆ. خـۆت خـۆش بی گرامەفۆنیشت ئەبی. من دەردی کاکت ئەزانم چییە. بەخوا نە لەبەر خوا و نە لەبەر نە هاتنی فریشتەی خوایەتی کە گرامەفۆنت بۆ ناکڕێ. وە نە لەقسەی خەڵکیش ئەترسێ، ئێستا ئەگەر یەکێ گرامەفۆنێکی بۆ بنێری بەدیاری دەستی مـاچ ئەکـات. وە لە خۆشیـان پێی ناکەوێتـە عـەرد. وە شـەو و ڕۆژ لە لێدانی ناکەوێ! ئینجا ئەگەر بەقسەی نەنکی خۆت ئەکەی، لەمەودوا، هەر ڕۆژە هەندێ لە ڕۆژانەکەتم بدەرێ بۆتی کۆ ئەکەمەوە، تا زۆر ئەبێ. ئەوسا بەو پوڵە و بەهەندێ پوڵی دایکت گرامەفۆنێکی خنجیلانەی پێ ئەکڕین!.

بەڕاستی قسـەی نەنکم زۆر پێ خۆش بوو. ئەم پیرێژنە زۆر ژیر بوو. گەلێ جار لە تەنگ و چەڵەمەی وەهای ڕزگار کردبووم. لەبەر ئەوە بێ پەروا جڵەوی خۆم دایە دەستی. زۆری پێ نەچوو پوڵێکی باشی پێ کۆکردمەوە. بەڵام دیسانەوە بەشی کڕینی گرامەفۆنێکی نەئەکردا. لەبەر ئەوە بەم لا و بەولادا تەقەلام دا گرامەفۆنێکی کۆنەم دۆزیەوە. هەرچەندە پیرەگرامەفۆن لە تەمەنی نەنکیشما نەبوو، بەڵام من لام لە ساز و سەمتورێکی شاهانی گەلێک خۆشەویست تر بوو!.

لەو چەندانەدا، کاکم هەستی بەکۆمەڵی یەکێتی من و دایکم و نەنکم کردبوو. لەبەر ئەوە دیکتـاتۆریی خۆی لە ماڵدا ئاشکرا کرد. ئیتر لەو ڕۆژەوە هەر کەسێ ناوی گۆرانی و گرامەفۆنی بهێنایە، یان بەدار، یان بەزار، شلکوتی مـەرگی ئەکرد. خۆ من لە ڕستـەی ڕەشی کاکـما سـەر دەستـەبووم. قـەت مەپرسـە. بەجارێک تۆقـاندوومی!. دوایی چووم بەلای دایکمـەوە. ئەو پارەی زۆر بوو. سـەرت نەیەشێنم ئەوەندە دەستم ماچ کرد و هێندە سوێندە گورگانەم بۆ خوارد کە ئیتر هەرچی ئەو بیڵێ بەقسەی بکەم و قەت بێ دڵی نەکەم، تەفرەم دا، وە بەڵێنم لێ سەند کە لە پارەی گرامەفۆنەکە هەرچی مایەوە ئەو بیدا. بەڕاستی ئەمـەندە لە دڵپـاکی و خـۆشـەویسـتی دایکم دڵنیـا بووم، بێ خـەم، پاڵم دایەوە، وە ئیـتـر ئەو شـەوە بەخۆشییەوە نووستم تا بەیان.

سەرت نەیەشێنم. دوایی من و دایکم و دوو کارەکەر چووینە ماڵی خاوەن گرامەفۆن. دەستـمان کرد بەلێدان و کڕینی گرامەفۆنەکەی. بەڵام چی بێ لە تۆ نهێنی بێ، ئەوەندە پەلەی کڕینیم هەبوو، هەرچەند دایکم بیگوتایە بەوەندە پێم بفرۆشە، من ئەوەندەی ترم بۆ ئەخستنە سەر بەڵام کە تەماشام کرد دایکم لێم مۆڕ ئەبێتەوە، ترسام کە لە کڕینی گرامەفۆنەکە پەشیمان بیتەوە، ناچار بووم دەستم کردەوە بەمیـچکە مێچکە!. سا بەدەست ماچکردن بێ یان بەپاڕانەوە، گرامەفۆنم بەنرخێکی گران بەدایکم کڕی!. هەرچەند کە لەژێریشـەوە کسپـە لە جگەرمـەوە ئەهات بۆ ئەو نرخە گرانە کە دامـانێ، بەڵام کە بیری ناهەنگ و زەماوەندی پیرە گرامەفۆنم ئەکردەوە، ئەو نرخەم لەبەرچاو نەئەهات!.

لە کورتی بیبڕمەوە: لە سایەی سەرپۆش و بەرماڵ و چارۆکە و کۆڵوانە و سەبەتەوە مام گرامەفۆنمان وەها شاردەوە، کە هێنامانە ماڵەوە، نەک کاکم کەسی تریش هەستی پێ نەکردین. بەپەلە تا ئەوان هاتنە ژوورەوە من یەغدانێکی کۆنی باپیرم هەبوو، پاکم کردەوە و پیرە گرامەفۆنم تیا شاردەوە و کلیل و کلومی یەغدانم کرد. ئیتر هەر خوا خوای ئەوەم بوو کاکم لە ماڵ بەدەربێ، تا تێروپڕ گرامەفۆنەکەم لێ بدەم. لێت

ناشارمەوە تا مانگێکیش گرامەفۆنم بێ بۆڕییە لێ ئەدا. کەلێشم ئەدا پەنجەرە و دەرگاکانم توند دائەخست و کەلوقوژبنی ژوورەکەم باش کونبڕ ئەکرد. کاکم بلیمەتێک بوو بۆ خۆی. قەت مەپرسە. وەک دێوو درنج سامێکی هەبوو لە ماڵێدا، هەر لە دوورەوە زەندەقی پیاوی ئەبرد!. لە ترسی کاکم خاوەن گرامەفۆنیش کە ناسیاومان بوو ئامۆژگاریان کردبوو کە لای کەس نەڵێ گرامەفۆنەکەی بەنێمە فرۆشتووە. بەڵام کاکم تۆزێک لە هەڕەشە و گوڕەشەی خۆی ساردبووبووەوە. گەلێکمان بەگوێیدا دا کە ئەو ناسیاوەمان گرامەفۆنێکی باش و قەوانی قورئانی دەنگ خۆشی هەیە. لەبەر ئەوە تا جەژن ئێمە بەهەمووومان توانیمان کاکم بهێنینە سەر ڕێ. وە ئەو گرامەفۆنە بۆ جەژن لەو ناسیاوەمان بخوازین. بەڵکو تۆزێ گوێی لە قەوانی دەنگ خۆشی قورئان بگرین. ناسیاوەکەشمان -خاوەن گرامەفۆنەکەمان- ڕۆژ بەڕۆژ لەم کەینە و بەینە ئاگادار ئەکرد. ئیتر هەر ئەوەندەی پێ چوو کرا بەجەژن. بۆ سبەینێ منت ئەبینی پیرە گرامەفۆن لێ ئەم. وە کاکم بەدڵ گوێی لە قەوانی قورئانەکە ئەگرێ. وە ئەڵێ ئەمجارەیش لێی دەرەوە و دەرزییەکەی تازە کەرەوە!. منیش ئەوەندەم قەوانی قورئان بۆ لێدا وەڕسم کرد، تا خۆی ناچار بوو گوتی: «ئەی قەوانەکانی تر چین؟!» ئەنکم زەردەخەنەیەکی کرد. دایکم دایە قاقای پێکەنین. بەڵام من نەمهێشت کاکم بەم تیزە پێ بزانێ، گورج قەوانێکی (مثنویی فارسی)م بۆ خستە سەری. پاش ئەوە قەوانێکی (بەرزاوی)شم بۆ لێدا. لەژێرەوە سەیرێکی کاکم کرد. خەریک بوو ئەگەشایەوە. وا دیار بوو کوڕێنی خۆی کەوتبووەوە بیر. بەڕاستی توکەی سمێڵی ئەهات.

هەر ئەوەندەم زانی قۆڵی لێ هەڵکرد و قاچی خستە سەر ئەژنۆی. دەستێکی خستە سەر قاچی و بەدەستەکەی تریشی کڵاو و جامانەکەی هێنایە سەر لووتی. ئینجا ئانیشکی دادا بەسەر ئەژنۆی. چەناگەی خستە ناو مستیەوە و دەستی کرد بەگۆرانی گوتن!. منیش کە زانیم کاکم گۆرانی ئەڵێ، قورئان خوێندنە ناخۆشەکەیم کەوتەوە بیر. گورج پەلاماری کەوشەکانم دا و خەریک بووم ڕابکەم. بەڵام ئەنکم تونگ چکی کەواکەی ڕاکێشام و دایناممەوە. ئینجا بەگوێیا چرپاندم: «نەکەی بڕۆی. وەختی ڕۆیین نییە. دان بەخۆتا بگرە. ئەوەندەی ئەماوە کۆمەڵی خۆمان سەرکەوێ. کاتێکت زانی جلەوی کاکیشتمان کەوتە دەست. دانیشە مەڕۆ. گرامەفۆنی خۆت لێ بدە» بەڕاستی ئەنکم ژنێکی تێگەیشتوو بوو نازانم چۆن وا دەماری کاکمی ناسیبوو!. ئەوەندەی پێ نەچوو کاکم هاتە سەربار وە لە پاش جەژن -کە بەفروفێڵ وامان تێگەیاندبوو کە گرامەفۆنەکەمان ناردۆتەوە ماڵی خاوەنی- تکای کردەوە کە بچم گرامەفۆنەکە لە ماڵی ناسیاوەکەمان بخوازمەوە. زۆری پێ نەچوو قەوانەکانی تریشی یەک بەیەک پێ لێ دام، وە ئەوەندە گیرۆدەی دەنگی پیرەگرامەفۆن بوو بوو، کە من دیار نەئەبووم خۆی لێی ئەدا.

ڕۆژێک هاتمەوە. کە سەیرم کرد ئەوا پیرە گرامەفۆن یاخی بوو. دەسکەکەی با ئەدەم بانا خوا. بەزۆر بای ئەدەم دەسکەکەی ئەگەڕێتەوە توند ئەدا لە دەستم، مەچەکم ئەشکێنێ، دوایی ناچار بووم سنگێکم بۆ داکوتا. وەکە دەسکەکەیم با ئەدا گورج بەگوریسێک دەسکەکەیم بەو سنگەوە ئەبەستەوە. بەم تەرحە لە دەست خاوبوونەوەی زەمبەلەک و شەڕوشۆڕی دەسکەکەی ڕزگارم بووا دەستم کرد بەلێدانی، بەڵام کە سەرنجم دا، لە جیاتی دەنگ، قەوانەکە زیڕەی دێ. تومەز ئەمە کاکم ویستبووی میناکەی پاککاتەوە،

ئەمەندە فوی لە کونە لووتییەوە (جێ دەرزییەکەی) پیا کردبوو باغەی میناکەی تەقاندبوو.

هەرچی چۆنێک بێ، بەقاقەز و جەوی میناکەیشم چاککردەوە. بەڵام کە سەیرم کرد، چونکە دەورییەکەی بەخێرا خولی ئەخوارد، کام قەوان دەنگی زڕ بوو، وەک دەنگی منالی لێ ئەهات. پاشان ئەمەندە خاو ئەبووەوە، دەنگی ژنیش بوایە وەک هی پیاوێکی پیری لێ ئەهات، کە دەسکەکەیم بائەدایەوە، دەنگەکە ئەبووەوە بەدەنگی منال. کە تۆزێ دەستم لێ بەر ئەدا. دەنگەکە ئەبووەوە بەهی پیرەمێرد. دوایی ناچار بووم (کۆمەڵی دیموکراتی - من و نەنکم و دایکم) کردە سەر کاکم وە بەهەر پلار و توانجێک بوو، چەند پوڵێکمان لە دەست کردەوە. کاکم ئەو شەوە لە داخی ئەو پارەیە نانی نەخوارد. وەتا چەند سەعاتێک بەوداخەوە تلایەوە تا خەوی لێکەوت. بۆ ڕۆژی دوایی، تا توانی قەوانی پێ لێ دام. وا دیاربوو ئەیویست تۆڵەی ئەو چەند پوڵە بکاتەوە. بەڵام لەم وەختە تەنگ و چەڵەمەیەدا، نەنکم لەگەڵ من و دایکما دەنگی کرد بەیەک. دامانئا: «ئەگەر کاکم نەهاتە سەر ڕێ و لاساریی لەگەڵ کردین، هەرچییەکی لێ کردین لێی بکەینەوە. وە هەر چییەکیشی پێ گوتین پێی بڵێینەوە». وە چەند قسەیەکیشمان ڕێکخست کە بەکاکمی بڵێین. نەنکم لە پێشەوە، من و دایکیشم لە دوایەوە، بەمەشقی سە کەسی ڕۆیشتین تا گەیشتینە ژووری کاکم. ئینجا نەنکم پێی گوت: «ئەمەی تۆ ئەیکەی بۆ ئێمە باش نییە. ماڵەکەت تەواو لە تام خستووە. ئێرەت کردووە بەلۆتییخانە. شەو و ڕۆژ گرامەفۆن!. جا ئیتر چۆن خوا چاوی لەسەرمان ئەبێت چۆن فریشتە ڕوومان تێ ئەکات. وە چۆن نانمان نابڕێ و ناکەوینە سەر ساجی عەلی». ئینجا ڕوویشی کردە من و گوتی: «هەستە کوڕە هەستە، هەر ئێستە ئەبێ ئەم گرامەفۆنە بەریتەوە ماڵی خاوەنی. ئیتر نامەوێ بیهێننەوە بەم ماڵەدا». هێشتا نەنکم قسەی خۆی تەواو نەکردبوو من پیرەگرامەفۆنم فڕاند و گەیاندمە سەر پلیکانەکان. بەڵام کاتێکم زانی کاکم بەسەری قوتین و پێی خاوس، بەهەڵەداوان گەیشتە سەرم وە گرامەفۆنی پێ گێڕامەوە سەرێ! گوتی: «نەنکت هەزار قسەی وا بکات بەخوا نەبێ گرامەفۆنم هەر بۆ لێدەی». نەنکیشم گوتی: «کەواتە لە قسەی خەڵک و لە فریشتە نەهاتن و لەنان بڕین و لە دڵی خوا شکاندن ناترسیت». کاکم گوتی: «نا!». نەنکم گوتی: «کەواتە ئەگەر بەخۆڕاییش دەستکەوتبێ تووڕە نابی!». کاکم گوتی: «پەشیمان بوومەوە!». نەنکم گوتی: «ئەی ئەگەر گرامەفۆنەکە لە چوار مانگ لەمەوپێشەوە بەدزی تووە بەپارەی براکەت و دایکی کڕابێ ئەڵێی چی». کاکم گوتی: «ئەڵێم سەد جار پیرۆزمان بێت!». کاکم ئەوەی گوت و لە خۆشیانا دەسی کرد بەبازدان و هەڵپەڕین!. ئینجا نەنکم دەستی کردە قاقای پێکەنین و بەمن و دایکمی گوت: «هەرچییێکم گوت نەهاتە دیی...؟».

گوتمان: «بەڵێ». پاشان هەرسێکمان بەکاکمان گوت: «خوا هەر ئەو خوایەیە کە چروکی پیاو فێری خواناسین ئەکات. وە ڕەوشت و خۆی چاکی پێ ئەگری و زمانی تەڕوپاراوی پێ پەیدا ئەکات و شەڕ و شۆڕ و تووڕەیی فێر ئەکات. ئاخ ئایین و دین و ڕەوشتی چاکی بەسەزمان!. چەند خراپە و دزی و درۆزنی و شەڕ و شۆڕ و جوێن و زۆر و ستەم لەژێر پەردەی پاکی ئاسکی ئێوەدا ئەکرێ!». کاکم سەری داخست. ئێمەش هەموومان پێکەنین. بەڵام کاکم گوێی نەدایە، لە شەرما دەسی کرد بەگرامەفۆن لێدان. بەڵام تا

ئەو قەوانێکی خستە سەر، من سنگێک و گوریسێک و هەندێ جەوی و چەند پارچە قاقەزێکم بۆ ئامادە کرد و خستمە بەردەمی!. کە ئاوڕی دایەوە، دایە پرمەی پێکەنین. ئاشتێکی کردم و ناوچەوانی ماچ کردم. وە چو دەستی ئەنکم و دایکیشمی ماچ کرد. بەلام تا ئەو سەری هەڵبڕی، کیسە باخەڵەکەیم دەرهێنا، کە تەماشای کرد ئەوا پیشەکی پارەی چاککردنەوەی گرامەفۆنەکەی لێ دەرئەهێنم، زوو لە مەبەستم گەیشت. دەست بەجێ گرامەفۆنەکەی بۆ بەجێ هێشتم. ئیتر لەو ڕۆژەوە، بیرای بیرای کاکم بتوانێ بێ دڵیمان بکات و (دیکتاتۆری)مان بەسەرا بکات. وە ئیتر کاروباری ماڵ بەهونەرمەندی و ژیری ئەنکم و پولی من و دایکم و هێزی (کۆمەڵی دیوکراتی ڕاستەقینە)ی هەرسێکمانەوە، بەجوانی و پەسەندی و شادمانی هەڵئەسووڕێنرا.

چەقاوەسو

میوانداری لە کوردەواریدا ئەمەندە باوە کەس ناوبانگی بەدەست بلاوی دەرناچێ، تەنیا چروک و دەست قوچاوەکان لەناویادا ناو دەرئەکەن. بۆ پیاوەتی و بەدەورپشتا هاتنی میوان ناسیاوبی یان نەناسیاو، هەژارەکانیش وەک دەوڵەمەندەکان میواندارییان گەیاندۆتە ئەوپەڕی چاکی. هەتا گەلێ جاری وا بووە کە خانەخوێ خۆی دووچاری قەرد و نابوتی کردووە، بەلام میوانی لە ماڵ دەرنەکردووە. خەڵکی دێی (ئەتروش)یش هەروەها سەرگەردانی دەستی میوانداری بوون. بەوەخت و بێ وەخت، جگە لە پۆلیس و فەرمانبەرانی حکوومەت، ئەگەر میوانێکی زۆریش ڕووی بکردایە ماڵە گەورەیەک هەمیسانەوە بەسەر ماڵەکانی تری ئەتروشا دابەش ئەکران. لەبەر ئەوە خەڵکی دێی (ئەتروش) گەلێکیان کەوتبوونە ساجی عەلی. وە لەبەر بەدخوویی هەندێ میوانی ناچیزە گەلێکیان لە میوان وەڕس بووبوون، وە گەلێ جار سکالای دەردی خۆیان بۆ ئەم و ئەو ئەکرد. سەرت نەیەشێنم جارێکی تریش نزیکەی پانزە بیست کەسێک لە کرێکاری تەلگراف بەسەر ماڵەکانی ئەتروشا دابەش کران. هەرچەندە کەسیان بەخەڵکی دێیەکە ناسیاو نەبوون. بەلام گشتیان میواندارییان کرا یەکێکیان نەبێ. کە ئەویش تووشی ماڵێکی بێ دەست و لە میوان وەڕس بووبوو، بەلام چەقاوەسو. لە کورتی بیبڕمەوە، خانەخوێ بەکابرای کرێکاری گوت: «میوانداریت ناکەم برۆ برۆ بۆ ماڵێکی تر».

کابراش پێی گوت: «بەخوا خۆشت بێ و ناخۆش، تازە بەم درەنگ وەختە سەر بەماڵی کەسا ناکەم ماڵی تۆ نەبێ». لەم قسەیەک و لەو قسەیەک، دوایی لێیان بووە چەقەچەق. تا ئەو جنێوێکی بەکابرای کرێکار ئەدا، ئەم دوانی پێ ئەدایەوە. ئینجا لە پاش ئەمەی هەردوولا بەقاوقیژ دەنگیان نووسا، کابرای کرێکارم کرێکار، لە خاوەن ماڵ چەقاوەسوتر دەرچوو، سەری کرد بەمالا. هەرچەندە خاوەن ماڵ پالی پێوە ئەنا و ژنەکەی قسەی پێ ئەگوت و منالەکانیشی دامێنیان ڕائەکێشا، بەلام کرێکار لە جێی خۆی نەئەبزوت. ئەو دانیشتنەی دانیشت، لێی هەڵنەسا تاکو بەیانی. کابرای خاوەن ماڵ گوتی: «گیانت دەرچێ، نە پێخەفت ئەدەمێ نە تیکەیێ نان». کرێکاریش پێی گوت: «شەقیش بەری، نانیشت ئەخۆم و بێ خەفیشت لێ ئەسێنم، خۆ خۆم بۆ تۆ ناکوژم. وە خۆیشم لەسەرمانا ڕەق ناکەمەوە». ئەمجارەیش

لەمەوە قسەیەک و لەوەوە قسەیەک لێیان بووەوە بەشەڕ و هەڵڵا، تێروێر جوێنیان بەیەکتر دایەوە. وە هەتا لە پەلوپۆکەوتن لەیەکیان دا. خاوەن ماڵ و منداڵەکانی تا درەنگ نانیان نەخوارد. بەڵام کرێکار وەڕس نەبوو. هەر دانی بەخۆیا گرت هەتا ئەوان ناچاربوون نانیان هێنایە پێشەوە بیخۆن. هەرچەندە خاوەن ماڵ و منداڵەکانی تامی تامییان ئەدا و پێیان ئەگوت: «بەخوا بشمری چێشکەی ناکەیت» بەڵام کرێکار هەر پێئەکەنی، هەتا هەڵی لێ هەڵکەت، لەپڕ پەلاماری نان و چێشتەکەی دان وە بەهەڵپە هەڵپە دەستی کرد بەخواردنی. هەر چەند کە ئەمانیش هەڵمەتیان ئەبردە سەریو سەروگوێلاکیان ئەکوتا و کەلوپەلیان ڕائەکێشا، بەڵام لە چەند گوێچکە نانێک و سە چوار تیکە چێشتێک بەولاوە هیچیان لە دەست دەرنەهێنا. ئینجا کە مامەی کرێکار تێری خوارد، بەپێکەنینێکەوە ڕووی تێ کردن و گوتی: «ئافەرین بۆ خانەخوێ کانم، ئەوەندە ئازان بەزۆر نەبێ، نان دەرخواردی میوانی خۆیان نادەن. بەخوا – نۆشی گیانیم بێ– نانەکەتان خۆش بوو. یاخوا ئەو دەس و پەنجەیە خۆش بێ کە دروستی کردووە».

زۆری پێ نەچوو لەسەر چایش لێیان بووەوە بەشەڕ. سەروگوێلاکی یەکتریان شکان. هێشتا هەر نەئەبەزین. کابرای کرێکار ناوی خوای لێ ئەهێنا، هەر چایەک خانەخوێ بۆ خۆی و منداڵەکانی تێی ئەکرد، ئەم گورج ئەی فڕاند و ئەی خواردەوە. یان نەیئەهێشت ئەوان تامی بکەن ئەیڕژاند، هەتا وای لێ کردن بەناچاری لەگەڵیا ئاشتبوونەوە و ئیتر چا کەیان پێکەوە بەئاسوودەیی خواردەوە.

لەگەڵ ئەمەشا کە کاتی نووستن هات بێخەفیان نەدایە. کابرا وەختبوو لەسەرمانا زیرە بکا. بەڵام خۆی ڕاگرت تا ئەوان خەویان لێکەوت. ئینجا چوو بەئەسپایی لێفەکەی لەسەر لادان وە دۆشەک و سەرینێکی لەژێر دەرهانین. شەڕ هەڵگیرسایەوە. بەڵام تازە لە پەلوپۆکەوتبوون وە بەتەواوەتی بڕستیان بڕابوو. ئەمجارە پێیان نەکرا ئەوەندە لەسەری بڕۆن. زوو بەزوو ئاشت بوونەوە و ڕێککەوتنەوە و هەردوولا نوستن تا بەیان. کە سبەینێ خەبەریان بووەوە و تێروێر سەیری چرچاو و سەر و پۆتەلاکی یەکتریان کرد، هەردوولا، قاقا، دەستیان کردە پێکەنین. ئینجا پێکەوە، بەیەک دەنگ، بەیەکیان گوت: «بەڵێ ڕاستە، خانەخوێی وا چەقاوەسو، میوانی وا چەقاوەسوی ئەوێ!». بەڵام لەو ساوە تاکو ئێستا، ئیتر ببڕای ببڕای، جارێکی تر (ئەتروش)، میوانداری وەهای تیا ڕوو بداتەوە!.

سەرێکی هەیە و هەزار سەودا

میرزای خورماڵی، یەکێک بوو ئازا و وریا، چوارپەل قەوی، کارگوزار و خۆشزار. سەری لە هەموو کاروباری دەرئەچوو. هە چ کار و فەرمانێکیشی پێشان درایە تێی هەڵئەچوو. لەگەڵ ئەمەشا نانی شەوی نەبوو! پاسەوانی دوکانەکانی خورماڵی ئەکرد، لەگەڵ ئەوەشا بتکوشتایە تفەنگی هەڵ نەئەگرت. سەریشت ببڕیایە چرای بەو گوزەرەدا هەڵنەئەگیرساند. سا خۆی و خوای خۆی ئەگەر ئارەزووشی نەبوایە، گوێی نەئەدایە هۆشیاری. خرپ خەوی لێ ئەکەوت تا بەیان!. لەگەڵ ئەمەشا پاسەوان (حەسحەس) بوو وە بیست دوکاندار تروتفاق و کەلوپەلیان بەو سپاردبوو بیانپارێزی. بانگێڕ بوو لەگەڵ ئەمەشا تا باران خۆشی نەکردایەوە نە ئەچووە سەربانەکان بیانگێڕێ و وە هەتا دڵۆپە و چۆڕاوگە کەلوپەلی ناوماڵ و

دوکانەکانی ئەشتایەوە، حەزی بەئازاردانی سەربانەکان نەئەکرد. ئەگەر لێت پرسیایە «بانەکەمت بۆ چ نەگیڕاوە؟». ئەیگوت: «چاوەکەم! بۆچی من شێت بووم بەو شەوە هەمووتان لەخەو هەراسان کەم!».

هەتا بڵێی چیرۆکی خۆش خۆشی لەبەر بوو. دڵتەڕ بوو، وە حەزی لە شتومەکی جوان ئەکرد. لەگەڵ ئەمەشا، هەر کەس ژنەکەی میرزای بدیایە، دڵی ئەگیرا، وە تا سە ڕۆژ نانی پێ نەئەخورا. کە لێت پرسیایە: «خوا بتگرێ بۆ چ ملی خۆت بەپەتەوە کردووە؟». ئەیگوت «چی بکەم لە کۆڵم نابێتەوە. تا من بەرەڵلای ئەکەم، ئەو مارەم ئەکاتەوە».

پینەچی بوو. لەگەڵ ئەمەشا کە پێت ئەگوت: «میرزا ئا ئەو کەوشەم بوو پینەکە»، تا نیوەڕۆ بەدوی دەرزی و درەوشەکەیا ئەگەڕا ئینجا ئەیدۆزیەوە!.

خۆ سەریشت هەڵکەندایە، وازی لە خانوو دروستکردنی خۆی نەئەهێنا. بەڵام تا قوڕی بۆ دیوارەکەی تر ئەگرتەوە دروستی کات، دیوارەکەی پێشووی هەرەسی ئەهێنا. وە تا ئەمی هەڵئەچنیەوە قوڕەکەی وشک ئەبووەو و لە کەڵکی دیوار دروستکردن ئەکەوت.

هەر بیزانیایە برسیتە، دەست بەجێ چوار شیش کەبابی بۆ دروست ئەکردیت. بەڵام دوژمنی گیانت بێ، مەگەر ئارەقەت بکردایە بەمەزەی ئەگینا هەموو دەمت ئەسووتا، وە هەموو ناو دەمت بلوقی ئەکرد.

نانەوانەیەکیش بوو وێنەی لە ڕۆم و عەجەما نەبوو. بەڵام هەر ئەوەندەت خۆش بوو تا بایەک بەر سەمونەکەی ئەکەوت. بۆ چ ئەگەر دارتاشیشت بهێنایە سەری، پارچەیەکت لێ ئەکردەوە!.

خۆشت بکردایە بەدارا، میرزا نەی ئەهێشت بەکەس ئاو بهێنیت، بەڵام ئەگەر لە تێنوانا کوێر بوویتایە ئینجا تا دوو ڕۆژ لەسەریەک تێر ئاوت نەئەخواردەوە، ئەبوو دوو ئەوەندەی نرخی ئاوەکە پارەت بدایە بەخەڵک، بەدویا بگەڕانایە تا میرزایان بۆ ئەدۆزیتەوە، ئینجا ئاوت دەستگیر ئەبوو. کە ئاویشی بۆ ئەهێنای، تا ئەیگەیاندە لات، تنەکەکانی هیچیان تیا نەئەما!.

میرزای غەفور، هەموو ڕۆژ ئەم حەوت پەندەی ئەنواند بەسەزمان، هەر لەبەیانییەوە هەتا ئێواری، وە هەر لە ئێوارەوە هەتا بەیانی خۆی ئەتەقاندەوە کەچی ئەوەندەی دەست نەئەکەوت کە خۆی و خانمەکەی تێری پێ بخۆن و بڵێن ئۆخەی!. لەبەر ئەوە میرزا بڕوای بەخوا کەم مابوو!. خۆ پیر و پیاوچاکان هەر بەبیریشیا نەئەهاتن! لەگەڵ ئەمەشا کە کاری بکەوتایە ئەوان، دەستی ئەکردەوە بەنوێژکردن. بەبیری خۆی چەواشەی ئەکردن، تا لە فەرمانەکەی ئەبووەوە. کە فرمانەکەی جێبەجێ ئەبوو، ئیتر بیرای بیرای هەر ناویشی نەئەبردن!.

ڕۆژێک میرزا قاچی دەسی کرد بەئاوسان. کە تەماشای کرد ئەوا ڕۆژ بەڕۆژ خراپتری لێ دێت، دەستی کردەوە بەنوێژکردن و تەزبێح بەدەستەوە گرتن و خواناسین. دوای چەن ڕۆژێک چووە سەر شەخسێک لە نزیک خورماڵەوە. پەیمانی دا، ئەگەر شەخس چاکی بکاتەوە سویجگەرێکی بۆ بکا بەخێر، وە لە ڕێی خوادا بیبەشێتەوە. لەوێ چەند ڕۆژێک نوست زۆری پێ نەچوو. چاک بووەوە. بەڵام کە هاتەوە بۆ ماڵەوە و سوێجگەرەکەی کڕی، ڕووی کردە لای شەخسەکەوە و دەنگی هەڵبڕی، گوتی: «بۆ چ من کەربووم سویجگەر بۆ تۆ بکەم بەخێر؟ ئەی خۆم و منداڵەکانم چی بخۆین». ئەوەی گوت و بیرە سویجگەری

بەخاتوونی ژنی لێ نا بەچێشت و دەسی کرد بەخواردنی. بەڵام زۆری پێ نەچوو قاچەکەی ئاوسایەوە. ئەمجارە چووەوە سەر شەخسەکە و رووی تێ کردەوە. گوتی: «بابە ئەمجارە چاکم بکەرەوە، پەیمان بێ جگە لە سویجگەر سەر و پێیە گەیشت بۆ بەبەشمەوە!». بەڵام قاچ چاک نەبووەوە. وە تا چەند مانگێک نەیخست و پزیشک (دکتۆر) دەرمانی نەکرد و میرزاش وازی لە فروفێڵی خۆی نەهێنا و ڕێگای ڕاستی نەگرت و «خۆی بەیەک فرمانەوە بەند نەکرد و خۆی تیا قاڵ نەکرد»، قاچەکەی چاک نەبووەوە و خوا دەرووی دەرامەت و خۆشگوزەرانی و کامەرانی لێ نەکردەوە!.

ڕاستت ئەوێ ئەم میرزایە، تا لە چووختێتی خۆی وازی نەهێنا، من و فەرمانبەرەکانی تری خورماڵ، لە خۆمان زۆر ئەترساین کە کار و فەرمانمان لە دەست بکاتەوە و نانمان ببڕێ!. چونکە یەکێک ئەم هەموو کاروبارە، ڕۆژی بەپەنجا فلس کەمتر بکات و و ڕایبەڕێنێ، بەزۆرت نەئەزانی کە بچێتە سەر حکوومەت، بڵێ: «من پەیمان ئەدەم هەموو کار و باری مدیر و قۆمیسەر و مامۆستا و فەرمانبەری گومرگ و نیستهلاک مانگی بەدوو دینار ڕاپەڕێنم!».

بەڵام لە سایەی خواوە میرزای خورماڵی کەوتە سەر ڕێی ڕاست. ئەم پەیماننامەیەی لەگەڵ حکوومەت نەکرد. ئێمەیش نانمان نەبڕا وە لە دەستی ڕزگارمان بوو. وەکو وتمان میرزا لە لەش و هۆشا رووی کردە چاکی. وە ئیتر لەو ڕۆژەوە میرزا لە خۆشیانا نەئەچووە ماڵەوە وە لە گوزەری دوکانەکاندا لەسەر تەخت ئەنوست. بەڵام چە تەختێک... تا تەختێکی بۆ خۆی بەکردن دا، هەشت کورسی بچکۆلەی لە چایخانەکەی خورماڵ ئەخواست، وە بەتەنشت یەکەوە دای ئەنان، ئینجا لەسەر ئەوانە ئەنوست!. کە لێیان ئەپرسی: «بۆ چ بەم تەرحە ئەنوویت؟» ئەیگوت: «خوا پێداو ئەبێ وا بخەفێ. بەڵام ئێوە ئەم پەندە نازانن. ئەگەر لەسەر یەک تەخت بنووم خەبەرم نابێتەوە. بەڵام چونکو ئەم تەختە هەشتە کەرتە، هیچ نەبێ یەکێکی لەژێرما ئەجووڵێتەوە. ئەوسا منیش زوو زوو خەبەرم ئەبێتەوە.وە باشتر ئاگام لە دوکانەکان ئەبێ. دڵنیابن هاکا تفەنگیم کڕی. وەهاکا چرایشم لە گوزەری دوکانەکان داگیرساند. ئەوسا ئێوە ئازان بەمیرزای خورماڵی پێبکەنن!».

دادگاهی سەرچنار

لەخەوما سەیران بوو. خەڵکی سلێمانی بەدەستووری جارانیان هەرچی پیاوی کە دڵتەڕ و ئەرباب و دەست بڵاو و جەنگاوەر و نیشتمانپەروەر و گاڵتەوگەپ کەربێ، کۆیان کردبووەوە. وە لەسەر ڕێدانی حکوومەت، حکوومەتێکی جمهوریان پێکەوە نابوو، بەم مەرجە، لە خاکی کوردەواریدا تا پێنج ساڵ هەرچی فەرمانێک بدا بۆی بهێنرێتە جێ، وە هەرچیش بکات لێی نەپرسرێتەوە. سەیرانی ئەمجارەیان لە هی جاران گەلێک بەئاهەنگتر و گەلێ شۆخ و شەنگتر و تەمەن درێژتر، وە حکوومەتەکەشیان گەلێک بەزەبر و زەنگتر و کار دروستتر و بەکارتر بوو. لە گشت لایەکەوە ئەدیب و شاعیر و پیاوی زانست و فەن و لاوچاک و نیشتمانپەروەر بانگ کرابوون. (حاجی قادری کۆیی)یان کردبووە (سەرۆکی جمهوری سەرچنار). بەڵام لە هەموو خۆشتر و جوانتر و بەگۆبەندتر دادگاهە (محکمە)کەی بوو کە دروست بووبوو لە (کفر ئەحمەد) و (مەلا حەمدوون) و (فایەق بێکەس) و (ئەحمەدی خانی) و (مەلا قانع) و (زیوەر

ئەفـەندی) لەمـانە دۆسـەیەکیـان دانرابوون و داد پرسین و سکالا نووسین، بەگـەلەش هەمـوویان لەسـەر شتێک دەمودەست بریاریان ئەدا. پاشان ئەو بریارە لەلایەن (سەرۆکی جمهوریەتی سەرچنار)ەوە پەسەند ئەکرا. ئینجا بەهۆی هێز و دەسەلاتدارانی جمهوریەتەوە بەسەر گوناهبارەکاندا ئەنوێنرا. وا لە خوارەوە ریزێک لەو گوناهباریی و بریارانە کە لە بیرماماون ئەخەمە بەرچاو.

جاسوس

گوناهباریی: ئەمانە لەژێر پەردەی دنیا جاسوسی ئەکەن بەسەر گەل و نیشتمانەکەی خۆیانەوە.

بریار: نیوەی روویان رەش کرێ، نیوەشی سپی. جلوبەرگیشیان هەر بەو رەنگە.

تەمەڵی

– ئەم زەلامە تەمەڵ و تەوەزەلن. ماڵ و منداڵی خۆیان بەخێو ناکەن، ژنەکانیان بەخێویان ئەکەن.

– پێویستـە هەردوولایان لای پزیشک (دکـتـۆر)ێک دەسـتکاری کـەین. پیـاوەکـانیـان بکرێن بەژن، ژنەکانیشیان بکرێن بەپیاو. ئەوساش هەرلایە فەرمانی خۆی ببینێ.

کۆلکە خوێندەوار

– ئەمانە فریان بەسەر خوێندەوارییەوە نییە. کەچی نووسراو ئەنووسنەوە و بلاوی ئەکەنەوە.

– چل تۆپ گەلا جگەرەیان بۆ بکرێ و نووسراوەکانیان پێ بکرێ بەبنە جگەرە و ئەم گەلا جگەرانەیان پێ پرکرێتەوە.

دەنگ ناخۆش

– ئەمانە گۆرانی نەزان و دەنگ ناخۆشن. کەچی قەوانیان دەرکردووە.

– قـەوانەکـانی خـۆیان پێ بـکرێتـەوە و پێـیـان بکرێ بەدوگـمـە. جگە لەوە تا دوو مـانگ ترشی سماقیشیان دەرخوارد درێ تا دەنگیان ئەنووسێ.

کەش و فش

– ئەم فـەرمـانـبـەر و دەوڵەمـەندانە، لە خـۆیان بایی بوون و لە خەڵک لووتیان گەیاندۆتە ئاسـمان. چە بەزمان وە چە بەکردەوە، بەبێ گوناه دڵی خەڵک ئازار ئەدەن.

– تا مانگێک هەموو رۆژ دەرمـانێکی وایان بدرێتێ کە بایان لێ بەربێتەوە و خەڵک پێیان پێبکەنێ. وەتا سە مانگیش بکرێن بەشوانی عەلیشیش تا لە کەش و فشی خۆیان ئەکەون.

شاگردی خوێرەبی

– ئەم شاگردانە فریان بەسەر خوێندنەکانیانەوە نییـە. هەر لە خوێرێتی خەریکن. لەوپەری سـاڵیـشا بەقوپیەکردن و تکاکردن لەم و لەو لە تاقی کردنەوە خوێندنەکانیاندا دەرئەچن.

– بکرێن بەشـاگـرد زەرەنگەر تا چەند مـانگێک. پاشـان تاقـیکردنەوەی سـاڵی هەڵگیـرێ. لە خوێندنگاکاندا، شاگردان هەموو رۆژ تاقی کرێنەوە.

ناکۆکی ناو ماڵ

- ئەمانە لەگەڵ ژن و منالی خۆیاندا هەڵناکەن. لەسەر هەموو شتێک چەقەچەق و شاتەشات ئەکەن.

ژنەکانیان لێ جیاکرێنەوە. هەر چەکیشیان هەیە بەسەر منالەکانیاندا دابەش کرێت. خۆیشیان بکرێن بەسەگەوان تا دێنەوە سەربار.

خوێندەواری بێ کەڵک

- ئەم خوێندەوارانە ئەنووسراوێک ئەنووسنەوە خەڵک کەڵکی لێ وەرگرێ. نەهەوڵێکیش ئەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و پێشکەوتنێکی گشت لایی.

- بکرێن بەقەتارچی.

دزی و جەردەیی

- ئەمانە خەریکی دزی و جەردەیین.

- پێویستە حکوومەت فێری پێشەوەری و کار و فەرمانی بەکەڵکیان کات هەر یەکەش بەپێی توانا و ئارەزووی خۆی فەرمانێکی بەکەڵکی بۆ بدۆزێتەوە تا پێوەی بەڕێوە بچێ.

فەرمانبەری خراپ

- ئەم فەرمانبەرانە هەر لەبەزم و ڕەزم و گیرفان پڕکردنی خۆیان خەریکن. خەڵکەکەیان بەجنێودان و بەرتیل سەندن و زۆرداریی وەڕس کردووە.

- هەرچیەکیان هەیە لێیان بسێنرێتەوە. وە بەنرخی ئەو شتانە ڕێگای ناو شار و دێهاتەکانی پێ بکرێتەوە و تەخت کرێ. خۆیشیان کرێکارییان پێ بکرێ لەو ڕێگایانەدا تا تەواو ئەبن.

دەوڵەمەندی نارەسەن

- ئەم لاوانە لە باوک و کەس و کاریانەوە پارەیەکی زۆریان بۆ بەجێ ماوە. بەڵام لە بریتی ئەمەی کار و فەرمانی بەکەڵکی پێ هەڵسوڕێنن و، بەختی کەن بۆ کەڵکی گشت لایی، ئەچن بەخواردنەوە و داوێنپیسی و قومار و خوێڕێتییەوە لە ناوی ئەبن.

- ماڵیان تالان کرێ. زەویەکانیان زەوت کرێ. بەنرخی ئەو شتانە خەستەخانەی لەش و هۆش بکرێتەوە. خۆیشیان دەماری نێرێتییان ببڕی. کرێکارییان پێ بکرێ لەو خەستەخانانەدا تا تەواو ئەبن. پاشان لەو خەستەخانەشا تیمار کرێن تا چاک ئەبنەوە.

خوێندەواری نالەبار

- ئەمانە خۆیان بەخوێندەوار و تێگەیشتوو دائەنێن کەچی کەسیان لەگەڵ یەکا پاک نین. وە لە هەوڵی ئەوەدان کە یەکتر ڕیسوا و سەرگەردان بکەن.

- هە چ نووسراوێک نووسیویانەتەوە بسووتێنرێن. پاشان گشتیان بخرێنە بیرێکی قوڵەوە، تا لەمیان دێنە دەرەوە. بخرێنە بیرێکی قوڵترەوە. تا فێری نازی یەکگرتن و یارمەتیدانی یەکتر ئەبن.

خزمی زۆردار

– ئەمانە بەناوی خزمایەتییەوە، هەتا ئەم هەتیوانەیان پێگەیاندووەس سەرمایە و زەوی و زارەکانیان لێ داگیرکردوون و ئێستا نایاندەنەوە.

– هەرچییەکیان هەیە بدرێ بەو هەتیوانە. خۆیشیان بکرێن بەتونچی تا باوەڕ بەخوا ئەهێننەوە.

داوێنپیسی

– ئەم ئافرەتانە داوێنپیسی ئەکەن. وەک زانراوە هەندێ لەتاو بەزۆرەدان بەشوو و زۆرداریی مێرد و باوکەکانیان، وە هەندێکیش لەبەر نەدان بەشوو لەبەر پولپەرستی گەورەکانیان، وە هەندێکیش لەبەر دەست کورتی تووشی ئەم خوە ناشیرینە بوون. لە بەندیخانەی ژناندا فێری پیشەوەری و خوێندەواری بکرێن. پاشان هەر کەسیان بەدڵی خۆیان بدرێن بەشوو وە پارەی باوک و مێردە پیشەوە خراپەکانیان بدرێتە دەست خۆیان و مێردە تازەکانیان کار و فەرمانی بازرگانیی پێ هەڵسوورێنن

دۆستایەتی درۆ

ئەمانە دۆستایەتی بۆ سایە و مایە ئەگرن لەگەڵ پیاوی گەورە و دەوڵەمەندا. کە کاروباریان نامێنێ بەکەس، دەست ئەدەنە دوژمنایەتی.

– بکرێنە سەگەوان، تا لەوانەوە فێری دۆستایەتی و چاکەدانەوە ئەبن.

گرانجانی

– ئەم دوکاندارانە لە کێشانە و کڕین و فرۆشتنا گزی ئەکەن، بەگرانیش شت ئەفرۆشن.

– بەسەرمایەکانیان دوکان بۆ دز و جەردە و پیاوچاکان دانرێ. خۆشیان بکرێن بەجووتیار تا فێری ڕاستی و دروستی ئەبن.

زۆری سەردار

– ئەم سەردارانە بەدی ئەکەن لەگەڵ ژێر دەستەکانیاندا. هەر خەریکی زۆردارین. نە خزمایەتی ئەخوێننەوە نە هاوزمانی نە هاوخوێنی.

– بکرێن بەحوشترەوان. تا فێری ڕام کردنی خەڵک و کەڵکداری ئەبن.

وەستای ناشی

– ئەمانە لە کار و فەرمانی خۆیاندا ناشێن و زیان بەخەڵک ئەگەیێنن.

– یان ئەوەتا سەرلەنوێ بخرێنەوە بەوەستا تا بەتەواوی فێری پیشە و فەرمانەکانیان ئەبن. یان بکرێن بەبۆیاخچی تا زوو ناشیتییان دەرکەوێ و فێری خەڵک هەڵنەخەڵەتاندن ئەبن.

لاسایی ڕۆژئاوایی

- ئەمانە هەر لاسایی ڕۆژئاواییەکان ئەکەنەوە لە شتی پڕوپوچا، کەچی فیز بەسەر خەڵکا لێ ئەدەن و قیزیان لێ ئەکەنەوە.

- چەند ساڵێک لەلادێدا بهێڵرێتەوە تا باووباپیری خۆیان بیر ئەکەوێتەوە.

دووڕوویی و بەدخویی

- ئەم مەلا و مـتقـاعـدانە قـەت بەفـەرمـانێکی جوانەوە خـۆیان خـەریک ناکـەن. هەمـوودەم خـەریکی هاتوچۆی چایخانە و دیواخانەکانن بۆ قسە گێڕانەوە و خەڵک بەگژیەکا کردن و قسە بەخەڵک گوتن.

- ئەمە دەردی برسێتی و بێ کار و فەرمانییە. پێویستە حکوومەت موچەیەکی باشیان بۆ ببڕێتەوە و بیـانکانی بەمـامۆسـتـای خوێندنگا شـەوییـەکانی دێهاتەکـان. جگە لەوە دەسـەڵاتێکی باشیـشیـان پێ ببـەخـشێ بۆ ڕێکوپێـک خـسـتنی ژیان و کـاروباری لادێیـەکـان. ئەوسـا لە خـۆیانەوە دەمکوت ئەبن و بەکەڵکی خەڵکیش و خۆشیان دێن. لە ئێستا بەدواوە ناهێلرێ هیچ فەقێیەک لە مزگەوتا بخوێنێ تا شان بەشانی خوێندنەکەی فێری پیشەیەک نەبێ لەسەر دەستی وەستایەکا.

لە متقـاعدەکانیش چوونە چایخانە و دیواخانان بەربەست کرێ، هەتا کار و فەرمـانێکی بەکەڵک و خۆیان ئەدۆزنەوە.

کچانی

- ئەم کوڕانە یەجگار خۆیان تاس و لوس ئەدەن. بەسـمێڵ تاشین و چاکـەتی کـورت و شـتی ئاڵوواڵا لەبەرکردنەوە باویان لە کچ سەندووە. نە گوێ ئەدەنە خوێندن و نە گوێ ئەدەنە باوک و دایکیان. هەموو دەم لە دوی شتی سووک و نامەردانە ئەگەڕێن.

- بکرێن بەشاگرد کەبابچی و شاگرد ئاسنگەر و کاروانچی و خەڵوز دروستکەر. تا دەماری پیاوەتی تیایانا پەیدا ئەبێتەوە.

دەوڵەمەندی بێ قەدر

- ئەم دەوڵەمەندانە لە عاستی بێ دەست و هەژاراندا دەست قوچاون مەگەر زەبریان پێ گەیاندرابێ، یاخود شەرمەزار کرابن لەبەردەم خەڵکا، ئەگین ئەگەر بۆ کەڵکی خۆیان نەبووبێ، قەت یارمەتیی بێکەس و هەژاریان نەداوە و فەرمانێکی باشی گشت لایییان نەکردووە.

هەموو دەم بۆ ئەوە گەڕاون کە بەفڕوفێڵ هاونیشتمانەکانیان بڕوتێننەوە.

- پێویستە سە بەشی سەرمایەکانیان لێ بسێنرێ. وە بەو پارەیە چەند خوێندنگایەک بکرێتەوە کە منالانی بێکەس و هەژارانیـان بەخـۆڕایی تیـا پەروەردەکـرێ تا فـێـری خـوێندەوارییـەکی تەواو و پیشەوەرییەکی بەکەڵک ئەبن. هەرچی زەویوزار و خانوو دوکانێکیشیان هەیە لێیان داگیر کرێ و بکرێ بەدەستمایە بۆ ژیاندنی ئەو خوێندنگایانە.

هەر دەوڵەمەندەشیان چۆغەیەکی سوور بنرێ بەسەرشانیانەوە. وە تا خەڵکی ئەڵێن کە بەڕاستی کردەوە و ڕەوشتی مەردانە و نیشتمانپەروەرانەیان گرتووە چۆغەسوورەکان لە شانیان نەکرێتەوە.

پزیشکی نەشارەزا

– ئەم پزیشکە دانسازانە، لە بریتی دانی کلۆر، دانی تەواوی چەند کەسێکیان بەهەڵە کێشاوە. ئەمانەی تریش بەپارەیەکی زۆر نەبێ کەس چاک ناکەنەوە. هەژارەکان ڕەنجەڕۆ و، دەوڵەمەندەکانیش وەڕس بوون بەدەستیانەوە.

– هەر کەسێ بەهەڵە دانی تەواوی کێشراوە گازێکی بدرێتە دەست دانی پزیشکەکە بکێشێتەوە. بەپارەی پزیشکەکانی تریش خەستەخانەیەک بکرێتەوە بۆ هەژاران. چوونە لای هەر خاوەن دووکانێکیش بۆ شت کڕین، شتیان بەدوو نرخ پێ بفرۆشرێ تا بەڕاستی و دروستی فێری فەرمان بەجێهێنانی خۆیان ئەبن.

سەربەستی

– ئەم هەتیوانە، لە کۆلاناندا، هەموو دەم خەریکی جرتکەندن و قاوقیژ و شەڕە جنێون. لە نیوەشەوا بەدەنگێکی بەرزی ناخۆش گۆرانی ئەڵێن و خەڵک لەخەو و ماندووحەساندنەوە ئەکەن.

–لەژێرەوە، هەموو ڕۆژ، تا چارەکێک بایان تێکرێ، تا لە جرتکەندن ئەکەون. خوێندنگایەکی مۆسیقیشیان بۆ بکرێتەوە کە تیایا فێری مۆسیقە و گۆرانی گوتنێکی جوان و ڕێکوپێک ئەبن، وە تا لە قاووقیژ و بێ شەرمی و جوێندان واز ئەهێنن.

دەس بڕین

– ئەمانە هەندێکیان بەبەرگ و پۆشەنی و سەروسیما، هەندێکیشیان بەناو و ناوبانگ دەستی خەڵک ئەبڕن و زیان بەهەستی گشت لایی ئەگەیێنن.

– جارێ لە پێش هەموو شتێکا پاش ناو و ناوبانگی خێزان و هۆز وەک (سەید، شێخ، حاجی، مەلا، بەگ، پاشا، ئەفەندی، ئاغا، میر سوڵتان) هەڵگیرێ. تەنیا ناوی ئە و ناوی باوکی ئەبرێ بەڕووتی. بەلام بۆ نەوازش ئەتوانن بەیەکتر بڵێن (کاک). دووەم نەهێڵرێ کەس بەمێزەر، کەشیدە، شالی سەوز، ریش، پرچ و بابەتی کەش و فشەوە بسووڕێتەوە.

سەیەم چونکە گەلێک جار پەچە و عەبا ئافرەتی خراپ ئەشارێتەوە. ئەمانەش نەهێڵرێ بپۆشرێن. هەروەها چەک و خشڵ لەناو ژناندا و، خەنجەر و شیو تیر و تفەنگ لەناو پیاواندا و زەرگ و شمشێر و سەربڕین و شاپلیتە خواردن و مار و دووپشک گرتن و بەردکرۆشتنی لەناو دەروێشاندا هەڵگیرێ.

نیتر سوێند نابی بخورێ. هەموو کەسێکیش ئەبێ دەفتەرێکی خۆ پێناسینی پێ بێ کە وێنە و ناو و تەمەن و کار و پیشە و شوێنی تیا ناو برابێ. ئەوی ئەمانە نەکات لە خاکی جمهووریەت دەرئەکرێ.

##ناپوختەیی

- ئەم کەبابچی و چێشتکەر و چایچییانە دوکانەکانیان ناپوختە و نارێک و بێکن. شاگردەکانیان چڵکن و بڵکنن. کڕیار تا لە دوکانەکانیاندا شتێک ئەخۆن، گەلێک قێز و بێزیان لێ ئەکاتەوە و پەشیمانی لە هاتن ئەنوێنێ.

- خوێندنگایەکی بۆ بکرێتەوە فێری دڵتەڕی و پاک و تەمیزی و ڕێکوپێکی و کردەوەی شیرینیان کات لەگەڵ خوێندەواری.

وە لەلایەن لێژنەیەکی خوێندەواری دڵتەڕەوە هەمیشە دەم سەرپەرشتی کرێن تا خەڵک وایان لێ دێ ئاوات بخوازن کە بێنە دوکانەکانیان.

بیانو کەیبانو

- ئەم کایبانوانە دڵی مێردەکانی خۆیان دەرهێناوە بەپەڵپی زۆر و بیانوی گەورە گەورە گرتن. لەبەر ئەوە مێردەکانیان نابوت کردووە و ناوخێزانیان پڕ کردووە لە ئاژاوە و ناخۆشی.

- خشڵ و بەرگ و پۆشەنیی کوردی لەناو ژنان و پیاواندا هەڵگیرێ. پێویستە هەردوولا بەرگ و پۆشەنیی ڕۆژئاوایی لەبەرکەن بۆ ئەمەی ژن و پیاو لە دەردی یەکتر بگەن، پێویستە فێری فەرمانی یەکتر کرێن. وە هەر مانگە سە ڕۆژ ژن فەرمانی پیاو وە پیاو فەرمانی ژن ببینێ. ئیتر نابی کەس کارەکەر و ڕەنجبەر و نۆکەر ڕاگرێ. پێویستە ژنیش وەک پیاو فەرمان بکا وە دەستکەوتی هەردوو بەخت کرێ بۆ ماڵەکە. بۆ ئەمەی بەم ژیانە ڕابێن پێویستە خوێندنگایان بۆ بکرێتەوە.

یانەی ژنان

- ژنان کۆڵانیان کردووە بەیانە. هەر ژنە لەبەر دەرگای خۆیا دائەنیشێ. بەچەقە چەق و قاووقیژ و گفتوگۆ لەگەڵ ژنەکانی ترا سەر لە ڕێبواران و ماڵە دراوسێکان ئەشێوێنێ.

- یانە و خوێندنگایان بۆ بکرێتەوە کە فێری ڕابواردنێکی جوان و ڕێکوپێک و بەکەڵکیان بکا.

باخچەی منداڵان

- ئەم منداڵە وردانە بەیاری کردن و قاووقیژ و جنێودان و شەڕەشەق و بەردهاوێشتن لە کۆڵانەکاندا ڕێبوار و ماڵانیان لە گیانی خۆیان وەڕس کردووە.

- بەپارەی حکوومەت و پارەی باوکەکانیان چەند باخچەیەکی منداڵانیان بۆ بکرێتەوە کە لەوێدا هەموو جۆرە یاری و بابەتی یاریی منداڵانەیان بۆ دامەزرێنرێ وە لەژێر سەرپەرشتی چەند مامۆستایەکی شارەزا و چاکا ڕاهێنرێن و خەریک کرێن بەڕابواردنێکی خۆشی بەکەڵکەوە.

خوێنمژۆک

- ئەمانە بەخوانزملۆکی هەموو لایەکیان هەراسان کردووە. وە گەلێ نەخۆشی لەش و هۆش و کردەوەی خراپیان بڵاوکردۆتەوە.

- چەند هەژارخانەیەک بکرێتەوە و بۆ پەککەوتە و داماوەکان. تیا بەخێو بکرێن وە بەپێی توانایان فێری پیشەوەری و کار و فەرمانی بەکەڵک کرێن.

بەڵام خوازەڵۆکە چوار پەل قەویەکان بکرێن بەشاگرد ئاسنگەر و دارتاش و خانوو دروستکەر تا فێری نان پەیداکردنێکی پاک و خاوێن ئەبن.

باج

- خەڵک هاواریەتی لە دەست باجی حکوومەتی کە ژمارەی لە (١٥٠) تەرح تێپەڕ ئەکات جگە لەوەی کە بۆتە بۆنەی پەیدابوونی دزی و جەردەیی و بارکردنی سەربەستی لە خەڵک. گەنجینەی بەخت و وەخت و پارەی حکوومەتیشی وێران کردووە.

- بەم مەرجە کە دەستکەوتی حکوومەتی کورت نەهێنی، هەموو باجەکان هەڵگیرا، یەک باج نەبێ کە ئەویش بەپێی سەرساڵانە لە هەموو خێزانێک ئەسێنرێ.

ژینی ناخۆش

- تێکرا هەموو هاونیشتمانەکان هاواریانە لە دەست هەژاری و زۆرداری و نەخوێندەواری و نەخۆشی و ناخۆشی ژیانیان.

- پاش فەرمانێکی بیست ساڵی لە کن حکوومەت بەهەر مامۆستا و عەسکەر و پۆلیسێک ئەگەر شاری بێ خانوویەکی نایاب، وە ئەگەر دیهاتیش بێ خانوویەک و پێنج هەکتار زەویی بەرا و ببەخشرێ. جگە لەوە بەپارە و سەربەرشتیی حکوومەتەوە هاوبەشی (شرکت)ێک بەرێوە ببری، وە دەستکەوتەکەی ساڵ بەساڵ دابەشکرێ بەسەر ئەوان و ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دانگی ئەواندان.

بۆ هەموو پیاوێکی زانست و فەن خانوویەکی نایاب و ساڵانەیەکی شایستە ببڕێنرێتەوە.

زەوییوزاری ئەمیری بەسەر کۆچەر و متەقاعد و لێقەوماوەکاندا دابەش کرێ بەم مەرجەی هەر کەسە لە پێنج هەکتار کەمتری بەرنەکەوێ.

ئاوی پاک و ئەلەکتریک و ڕێگای ئۆتۆمبێل بۆ هەموو شار و دێهاتەکان لەگەڵ دادگا و خەستەخانەیەکی تەواو بۆ هەر ١٠,٠٠٠ کەسێک پێک بهێنرێ.

بانک لە هەموو ناوچەیەکا بکرێتەوە، وە ماکینەی کشتوکاڵ بەکرێی کەم بەهەموو دیهاتییەکان بدرێ.

بۆ بێ کار و فەرمان کارخانەی خواردەمەنی و کەلوپەلی ناوماڵ و پۆشەنی بەپارە و سەربەرشتی حکوومەت دامەزرێنرێ. مانگانەی تەقاعدی هەڵگیرێ. لە پاش پرسش و لێ وردبوونەوە، هەموو ساڵی، لەناو هەموو چینەکانی کۆمەڵدا کێ بەیەکەم و دووەم و سێیەم دەرچوو لە کارگوزاری و کەڵک بەخشی و کردەوە جوانیدا بەخششێکی پەسەندی بدرێتێ. خوێندنگاە. ئەبێ کاربەدەستان و سەرۆک و کوێخاکان لە پێناوی خوێندەوار و کارگوزار هەڵبژێرێن.

بۆ هەر چینە و کۆمەڵ و دەستەی کار و فەرمانێک ڕۆژنامە و گۆڤاری حکوومەتی دامەزرێنەری بۆ

پێگەیاندن و شارەزاکردن و ڕاپەڕاندنیان لە کار و فەرمانەکانیاندا. تا ئازاری کەسێک نەدا بەبێ تاوان، هەموو کەس لە گفتوگۆ و نووسین و کۆبوونەوە و کۆمەڵ پێک هێناندا سەربەست کرێ.

بەندیخانەکان بخرێنە سەر شێوەیەکی نوێ. واتا: کۆشکی هەرەخۆش و نایابیان بۆ دروست کرێ. وە لەوێدا بۆ پێگەیاندن و چاککردنەوەی لەش و هۆشی بەندییەکان خەستخانەی لەش و خەستەخانەی هۆش و سینەما، یاریخانە، نووسراوخانە، تیاترۆ، مۆسیقەخانە و خوێندنگای پیشەوەری و خوێندەواری و باخچەی ڕەنگینیان بۆ دامەزرێنری.

وە لەژێر سەرپەرشتیی پزیشکی زرنگ و شارەزا و زانایانی زانستی خۆناسین (عالم النفس)ەوە ئوستادانی پێخوێندن و پێگەیاندن کاروباری بەندیخانەکان هەڵسوڕێنەری.

بۆ دڵخۆشی و پێگەیاندن و بەرهەمهێنانی دڵتەڕی هاونیشتمانەکان، لە هەموو ناوچەیەکا دائرەیەکی گەورەی دەسەلاتداری حکوومەتی دامەزرێنرێ کە بۆ پێکهێنان و هەڵسوڕاندنی هاوینەهەوار و باخچەی گشت لایی، نووسراوخانە، وەرزشخانە، سینەما و تیاترۆ و مۆسیقاخانە بکۆشێ.

***

ئەم بڕیارانە هەر قسە و نووسین نەبوون. مەردانە و گورج و گۆڵانە لەلایەن وەزارەتەکانی حکوومەتی جمهوریێتی سەرچنارەوە بەجوانی و ڕێکوپێکی پوختەیی بەجێهێنران. ژینێکی گشت لایی پڕ گوشایش و خۆشی و سەربەستی هاتبووە بوون. خەوەکەم زۆر خۆش بوو.

کە خەبەرم بووەوە، چاوم نوقاندەوە و سەرم بەسەرینەکەوە نووساندەوە کە خەوەکەم تەواوکەم، بەڵام داخەکەم خەوم لێ نەکەوتەوە!.

چیرۆک

ئەنجامی ئالزداری

کوردایەتییەکمان ئەوێ لەسەر بنچینەی خواناسی و
دیوکراسی و سۆسیالیستی و دادپەروەری دامەزرابێ
هەرگیز لەو ئامانجە لانادەین!

(جووکل)... تاقانە کوڕی باوک و دایکی خۆی بوو... باوک و دایکەکەی ئەوەندەی هەرچوار کچەکەیان نازیان ئەکێشا و ئەیانلاواندەوە... هەرچییەکی ئەگوت، بۆیان جێبەجێ ئەکرد... هەرچییەکی ئەکرد، چاویان لێ ئەپۆشی... (جووکل)یش کە ئەم ناز و جیازەی بەخۆیەوە ئەدی، لە خۆیبایی ئەبوو. هەرچی دڵی بیویستایە و خوا حەزی پێ ئەکات، پەلپی لێ ئەگرتن و داوای لێ ئەکرن... ڕقی ئەگرت و مانی ئەگرت... ئەیڕژاند و ئەیپژاند و ئەیشکاند... ئەگریا و ئەیقیژاند، وازی ئەهێنا، هەتا ئارەزووەکەی دڵیان بۆ بەجێ ئەهێنا... (جووکل)یش کە ئەم ناز و جیازەی درابوویە، وەنەبێ، برا گەورەی منداڵەکان بووبێ... وەنەبێ جوان و شەنگ و شۆخ و کردەوە شیرین بووبێ... بەپێچەوانەوە. دووچاری بەقوولا چووی پچکۆڵەی پشم و قیین و، لووتێکی درێژی قۆقز و ناشیرین و دەموچاوێکی درێژکۆلە و ناقۆڵای بەد فەساڵی پێوەبوو، لەگەڵ پشتێکی کۆماوە و دەمێکی زلی ناپەسەندا... کەچی لەگەڵ ئەم هەموو ئێسک قورسی و شێوە ناشیرینەیشدا، ئەچوو جلوبەرگی فش و فۆڵی لەبەر ئەکرد. بەو نیازە کە سامی زۆر تریێ و کەش و فشی زۆرتر پێوە بکات. ئەمەیش ئەبوو بەهۆی ئەوەی کە پیاو ئەوەندەی تر ڕقی لێ هەڵئەستا! لەناو ددانە گرە نارێک و پێکەکانیشیەوە، کە پێئەکەنی، یاخود بەکوڵ قسەی ئەکرد، لە کاتی نانخواردندا لیکی ناو دەمی ئەهاتە دەرەوە... یاخود پارچە چێشت لە دەمی دەرباز ئەبوو، پیاو ئەوەندەی تر بێزی لێ ئەکردەوە و، دڵی لێی تێکەڵ ئەهات... ئەوەندەیش نازیرەک و کەمتەرخەم بوو، بۆ دڵ ڕاگرتنی کەسانی تر، هەر بەو پەنجە پیسەوە کە بەناو لووتی خۆیدا ئەکرد، ئەچوو خواردەمەنیشی پێ ئەخوارد، هەروەها خواردەمەنیشی ئەگرت بەدەستەوە و پێشکەشی هاودەمەکەی خۆی ئەکرد! (جووکل) هەموو دەم خۆپەرستی لێ ئەتکا... هەموو دەم دڵی پڕ بوو لە پشم و قیین... دەم و چاویشی پڕ بوو لە نیشانەی چاوپیسی و چاوچنۆکی و چڵێسی... بەڵام هەرچی خوویەکی ئەنگ و کردەوەیەکی ناپیاوانەی هەبوو، لە زمانە لاڵەکەیەوە دەرئەکەوت کە هەرگیز نەئەسرەوت! خۆشترین کات بەلای (جووکل)ی لاڵەپە ترەوە، ئەوەبوو کە چوارکەس گوێی لێ بگرێ و لە پاشملە، بەو زمانە لاڵەوە کە هەیبوو، خراپی لە کەسانی تر بدوێ... کە دەنگوباسی ناخۆش و پڕ شوورەیی و ئابڕووچوونی ئەم و ئەو بگێڕێتەوە!

(لاڵەپەترە) کانگای خراپە و بێ فەڕی بوو... هەرگیز چاکیی کەسی بەدەمدا نەئەهات مەگەر کەڵکێکی بۆ خۆی تیسا بوایە!... (لاڵەپەترە) هەر بەد سروشت و بەدڕەوشت نەبوو تا زیرەک و ناڕاست و درۆ هەڵبەستیش بوو... ئەو هەر بەتەنگ ئەوەوە بوو قسە بکات... سا قسەکەی سەروگوێلاکی ئەمی ئەشکاند، یاخود ئابڕووی ئەوی ئەبرد، یان خێزانێکی لەیەک بەرئەدا، یان دۆستی لەیەک ئەکرد،

مەبەستی نەبوو!... ئەو هەر ئەوەی ئەویست کە لە کۆڕی دانیشتوواندا خۆی ببینێ و خۆی بنوێنێ و خۆی گەورە بکات... لە خۆپەرستی و پووڵپەرستی خۆی بەولاوە هیچ ئامانجێکی تری نەبوو!...

***

(جووکل) چاوچڵێسی و نامەردی و چاوتێبڕین و چاو پێهەڵهێنان و قسە دزیینەکەی لە باوکیەوە فێر بووبوو... لووت بەرزی و خۆنواندن و کەش و فشەکەیشی لە دایکیەوە فێر بووبوو... دایک و باوکی ناشی و نەزان کە بریتی بوون لە (ماڵە دەوڵەمەندێکی ناوەنجی) ئەمەندە لە پەروەردەکردنی منداڵەکەیاندا نازکێشانیان بەکارئەهێنا، کوڕەکەیان لەکەڵک خست! تەنانەت کە گەورە بوو و خوێندنی بەرزیشی تەواو کرد، هەروەک منداڵێکی تاوانبار مایەوە. ئەو هەمموو خوێندنەی کە خوێندبووی و ئەو هەمموو تەمەنەی کە بەختی کردبوو لە فەرمانداریدا هیچیان بەکەڵکی نەهاتن هەتا ئەهات خراپەی زۆرتر لە دەست ئەوەشایەوە. هەتا ئەهات کەسانی تر زۆرتر ئازاریان لەدەست ئەچێشت!...

لەناو گەڕەکەکەدا، دوو سێ ماڵە دەوڵەمەندی تریش هەبوون. خزمی ماڵی باوکی (جووکل) بوون... باوکی (جووکل) هەرچەند زۆر نزیکیش بوو بەوان، بەڵام لەژێرەوە پێشی لێ ئەخواردنەوە و چاوی پێ هەڵنەهێنان و، بەربەرەکانێشی لەگەڵدا ئەکردن ئەوان هەرچییەکیان بۆ کوڕەکانی خۆیان بکردایە، باوکی (جووکل) کە هەممو دەم چاوی تێ بڕیبوون و چاویشی پێ هەڵنەهێنان، ئەوەی بۆ (جووکل)ی لاڵە پەترەی ئەکرد. هەردەم لەلەیەکیان لەگەڵ (جووکل)دا ئەناردە دەرەوە. لە پشتیەوە ئەڕۆیشت. بای ئاغایەتی یان ئەخستە لەش و هۆشیەوە. تەنانەت کە (لاڵەپەترە) چووە سەرپێشاویش ئەبوو نۆکەرەکەی دوای کەوتایە تا بەردەرگای پێشاوەکە و، لەودیو دەرگاکەوە چیرۆکی بۆ بکردایە، تا لە خۆ پاککردنەوەکەی خۆی ئەبووەوە!...

جا ئەم خووە ناشیرین و نەنگ و ناپەسەندانە، کە ئەو دایک و باوکە ناشیانە فێری (جووکل)یان ئەکرد، وای لێکرد کە تەمەنیشی لە پەنجا ساڵی تێپەڕی کرد هەر بەمنداڵی مایەوە!... خۆپەرستی و کەش و فشە (ئاغایەتی) و پووڵپەرستی (دەوڵەمەندانە)ی هەر پێوە مایەوە! ئێستاکەیش کە (جووکل) بڕوات بەلایەکدا تا یەک دوو کەسی لەگەڵدا نەبێ، دڵی ئۆخەی ناکات! تا پێش هاوڕێکانیشی نەکەوێت، یاخود لەسەرروویانەوە دانەنیشێ دڵی ئاو ناخواتەوە... هەتا ئۆتۆمبێلیشی لێ هەڵکەوتبێ، پێی شوورەییە بەپێ بڕوات... کە سواری ئۆتۆمبێلیش بوو، بەپارەی خۆی بێ، نایەوێ سواری بێ... (جووکل) هەروەک لە منداڵیی خۆیدا مابێ و ئێستاکەیش هەر بەئۆتۆمبێلی بڵێ (عووعە) وایە!... لای ئەو سواربوونی ئۆتۆمبێل، بەهەر جۆرێک دەستی بکەوێ، مەرجێکە بۆ کامەرانیی... کەچی لەگەڵ ئەوەیشا کە دایکی پارەی کڕینی ئۆتۆمبێلێکی بۆ ڕەوانە کرد، پارەکەی خوارد، نەیدا بەئۆتۆمبێل!... دڵی بڕوایی نەدا ئۆتۆمبێل بەپارەی خۆی بکڕێ و سواری ببێ!.

***

(لاڵە پەترە)، کوێرایی دائەهات، لە کوڕە دەوڵەمەندەکانی تر کەمتر بێ... بەڵام لە ڕووکەشا، نەک لە گەوهەری کاردا. لەبەر ئەوە بۆ ئەمەی ساڵ بەساڵ، لە خوێندنگادا دەربچێ، بەتەنگ ئەوەوە نەبوو، کە

قۆپیە نەکات!... کە لە مامۆستاکانی ئەپاڕێتەوە بۆ دەرچوون!...

لەبەر ئەوە شاگردە هەژارەکان ڕقیان لێی ئەبووەوە... هەروەها ڕقیان لەکاربەدەستانی خوێندنگاکەیشیان هەڵئەسا، کە ڕێیان ئەدا بەیەکێکی کەودەن و گەوج و نازیرەک و بەدخوو، دەربچێ و شان بەشانی شاگردە زیرەک و تێکۆشەرەکان بوەستێ لە دەرچووندا... شاگردەکان ئەمەیان بەزۆرداربیەکی گەورە دائەنا. بەکەتنێکی گەورەیان دائەنا، کە شاگردی چاک و شاگردی خراپ لەیەکتر جیا نەکرێتەوە!. کە شاگردی دەوڵەمەندی خراپ لەگەڵ شاگردی چاکی هەژاردا، بخرێنە تای تەرازوویەکەوە!... باوک و کەسوکاری (لالە پەترە)یش، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەئاشکرا ئەیانزانی ئەو شاگردێکی خواروخێچ و بێ کەڵک و نالەبارێوو، کەچی ئەوانیش شەرمیان لە خوا و دادپەروەری نەئەکرد، ئەچوون بۆی تێئەکۆشان و، لە تاقیکردنەوەدا، بەناڕەوا سەریان ئەخست!؟ لە کۆمەڵایەتییەکەیشماندا کەسێ نەبوو، بەرەنگاری ئەم بارەبێ... یاخود هەبوو بەڵام کەس گوێی لێ نەئەگرت... یاخود ئەگەر گوێیشیان لێ بگرتایە، بەهۆی فەرمانڕەواییەوە تووشی دەردی سەرییان ئەکرد!...

بەم ڕەنگە دەوڵەمەندی و، خووی ناهەمواری دەوڵەمەندی و، یاسای زەویداریی و، ئەو فەرمانڕەواییەی کە بۆ پاراستنی ئەم دوو جۆرە یاسایە دانرابوو، شیرازەی خوێندەوارییان لەناو نەتەوەکەماندا تێک دابوو.

لەبەر ئەوە کۆمەڵایەتییەکەمان، هەتا ئەهات، ئازار و زیانی لەدەست ئەم چینی دەوڵەمەند و زەویدارانە و فەرمانڕەواییەکەیان، زۆرتر ئەچێشت!...

***

کاتێکمان زانی (لالە پەترە) خوێندنگای هەرە بەرزی بۆ تەواو کرا! ئینجا نۆرەی باوکی بوو کە بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە، بەیارمەتی خزمە دەوڵەمەندەکانییەوە کە ئەوانیش لە دانگی خۆیدا بوون، تێبکۆشێ بۆ دامەزراندنی (لالە پەترە) لە فەرمانێکی گرنگی فەرمانڕەواییدا. زۆری پێ نەچوو ئەمیش سەری گرت!...

(لالە پەترە) جێگایەکی گرنگی لە هەژارە بەکار و خوێندەوارەکان داگیرکرد... (لالە پەترە) لە خوای ئەویست ڕۆژێکی وای بۆ هەڵبکەوێ و ببێتە کارگێری ناوچەیەک... فەرمان بدات و فەرمانی بەجێ بهێنرێ... باڵباز کڕنووشی بۆ بکێشێ و هەرچێ ئارەزوویش بکات بۆ جێبەجێ بکات!. بەڵام کاروباری لادێییەکان دوا ئەکەوت، مافی ئەم و ئەو ئەخرایە ژێر پێوە زۆرداری لەم و لەو ئەکرا، دزی و درۆزنی بۆ ئەو و بەناوی ئەوەوە ئەکران (لالە پەترە) بەتەنگەوە نەبوو!

دیاری و بەرتیل خۆش بێ، لایەنگیری و تکاوپاڕانەوە خۆش بێ، بۆ باوکە دەوڵەمەندەکەی و کەسوکارە دەوڵەمەندەکانی گران نەبوو، کە ساڵ بەساڵ (لالە پەترە) لە پایەی فەرمانبەرییدا پێش بخەن و جێگای فەرمانبەرە چاکەکانی پێ لەق بکەن!. کەچی سەدانیش لەو فەرمانبەرە چاکانە. بەرزبوونەوەیان دوا ئەخرا و لەبەرزبوونەوە بێ بەش ئەهێڵرانەوە... یاخود تووشی پشم و قینی کاربەدەستانی خراپ

نەبوون، هەر لەبەر ئەوەی کە ئەوان ڕاست بوون و پێیان شەرم بوو، بەرتیلیان بدەنێ و پشی پشییان بۆ بکەن، دووچاری تەفروتوناکردن و دەرکردن و بەندیخانە نەبوون!...

***

(لالە پەترە) کە نموونەیەک بوو لە هەزاران کوڕە دەوڵەمەندی خراپ، کە بەهۆی نازگرتنی بێ ئەندازەیانەوە لە منالیدا، خراپ پێ گەیێنرابوون، تا سالانی سالێ ئازاری گەیاند بەنەتەوەکەمان و زیانیشی بەخشی بەنیشتمانەکەمان!...

بەلام هەموو شتێک ئەندازەی خۆی هەیە. کە لەوە ترازا سەرەوژێر ئەبێتەوە...

یاسای کۆمەلایەتییەکەیشمان کە لەسەر بنچینەی (سەرمایەداری) و (زەویداری) دامەزرابوو، ئەمەندە لێوەشا بووەوە، کەتن و ڕیسوایی ئەمەندە لێ پەیدابووبوو، کاسەی دڵی نەتەوە لەوە بەولاوە ئاخ و داخی تیا جێ نەئەبووەوە... کاسەکە پڕ بوو بوو... سەرڕێژی ئەکرد... کاتێک زانرا (شۆڕشی گەورەی گەل) دەستی پێ کرد. ئەو یاسا ڕزیوەی لەناو برد... ئەو دەزگا و دووکانی (زەویداریی)یەی[1] تێک و مەکان دا... یاسایەکی سۆشیالیستی وای دامەزراند کە لە سنووری دادپەروەر نەچێتە دەرەوە. کە بایەخ بدات بەزانست و هونەر و کردەوە و ڕەوشت پاک و بلند بۆ کەلکی گشتی... هێز و دەسەلاتی (زەویداریی) و (سەرمایەداریی) نە ناویان ما و نە نیشان؛ هەروەها دەستدرێژیی و زۆر و ستەم و چەوساندنەوەیش لە ئارادا نەمان...

لە (فەرمانڕەوایی)یە تازەکەدا، (لیژنە)یەکی زانا و هونەرمەند و نیشتمانپەرست دانرا... بەشێنەیی و لەسەرخۆوە لیژنەکە دەستی کرد بەپرس و لێکۆڵینەوە لە بابەت ئەو فەرمانبەرانەوە کە کاری گرنگیان کەوتبووە دەست... لەسەر بنچینەیەکی زانست و دادپەروەری، لێکۆڵینەوەی خۆیان بەئەنجام گەیاند، لەسەر ئەم ئەنجامە، بژارێکی گرنگ لەناو فەرمانبەرەکاندا کرا... هەرچی خراپ بوو، لە فەرمان دەستیان کێشانەوە و ئاراستەی دادگاهیان کردن... تا سزای دادپەروەرانەی خۆیان بدرێتێ!... لەجێی ئەوانیش لەو کەسانەیان دانا، کە بەزانایی و کارامەیی و دەسپاکی و دڵسۆزی بەناوبانگن. لە ئەنجامی ئەم کارەدا، زۆربەی کوڕە دەوڵەمەندەکان کە لە منالیدا بەنازدارییەوە پەروەردە کرابوون و لە گەورەییدا بوو بوونە تاوانبار و زۆردار و خوێنی نەتەوەکەمانیان ئەمژی، دەرکران و سزا دران... یەکێک لەوانەیش (لالە پەترە) بوو. کە ئەویش کوڕە دەوڵەمەندێکی خوێڕیی زیانبەخشی وەک ئەو فەرمانبەرانە بوو، کە لە پاش دەرکردنیش لە فرمانەکەی تاوان و کەتنەکانی ئەمەندە زۆر بوون هەرچی سامانێکی هەبوو تالان کرا کەچی هێشتا بەشی سزادانەکەی نەکر. لەبەر ئەوە دادگاه ناچاربوو، بۆ چەند سالێکیش خستیە بەندیخانەوە، بەمەرجێ سەرلەنوێ لە (خوێندنگای بەندیخانە)دا پێی بخوێننەوە و پێشی بگەیێننەوە، بەڵکو ئەمە خوایە ببێتە ئەندامێکی بەکەلک و بەفەڕ بۆ گەلەکەی خۆی!...

***

---

[1] زەویداری: إقطاعی.

بەم ڕەنگە (خۆپەرستی) و (پوولپەرستی)ی دەوڵەمەندانە لە شێوەی ئازگرتنی بێ ئەندازەدا، لە منالێکی ساوای بێ گوناه، دڕندە و تاوانبارێکی پێ گەیاند، کە بەسالآنی ساڵ زیانی بەخشی و کەتنی کرد و تاوانی نوواند لەناو نەتەوەکەماندا...

هەروەها بەم ڕەنگەیش ئەو جۆرە پێگەیاندنی منالە بوو بەهۆی بێزاری و وەڕسبوونی گەل، لەدەست یاسای (زەویداریی) و (سەرمایەداریی) و ئەو (فەرمانڕەوایی)یەی کە پشتگیرییان ئەکات!. (شۆڕشی گەورەی ئەتەوە) بۆ ڕزگاری لە دەست (زۆرداریی) و (هەژاری) و (نەخۆشی) و (نەخوێندەواری) بەرپابوو...

یاسای کۆنی هەڵتەکاند و، لەجێی ئەویش یاسایەکی (دیموکراتی)ی وای دامەزراند کە سەر بە (سۆسیالیستی)بێ، نەک بە(زەویداریی) و (سەرمایەداریی)... واتا (نەتەوە) هەموو ئەندامەکانی لە (ڕەنج) و (بەرهەم)دا هاوبەش بن، نەک لایەک بچەوسێتەوە بۆ لایەکی تر... (سۆسیالیستی) یەکەیشی لەسەر بنچینیەکی (دیموکراتی) دابمەزرێ، نەک (دیکتاتۆری)... هەروەها یاساکە لە هەموو بڕێکیشیا لە سنووری (دادپەروەری) تێپەڕ نەکات... واتا -بسازێ لەگەڵ (خواناسی) و (کردەوە و ڕەوشتی پاک و بلند)دا... نەک لەگەڵ (خوانەناسی) و (زۆرداری)دا... بەواتایەکی ڕۆشنبیر- لەجیاتی ناشی و نەزان بەدکردار، خوێندەوار و نیشتمانپەروەر و کارامە بکات بەفەرمانبەر و سەردارو فەرماندار... هەروەها لەباتی پیاوی بەد و بێ فەڕ و خراپیش پیاوی زانا و هونەرمەند و بەکەڵک، بەری ڕەنجی هەزاران ساڵەی نەتەوە بخوا و، دادپەروارنەیش ماف و ئەرک دابەشی بکات بەسەر ئەندامانی نەتەوەدا...

***

سەرنجێک لە چیرۆکەکە:

مامۆستا ئەم چیرۆکەی لە؛ وەرزی یەکەمی ڕۆشنبیری زانکۆی سلێمانیدا پێشکەش کردووە، کە لە ١٥ ئازار بۆ ١٥ مایسی ١٩٧٣ی خایاندووە.

لەگەڵ سادەیی و ساکاریی شێوازی خستنەڕوویدا، کە تا ماوەیەک هەست دەکەیت چیرۆکەکە تایبەتە بەمندالآن، بەزمانێکی ڕەوان و ئاسان داڕێژراوە، وەک تاقیکردنەوەیەکی بەرجەستەی ژیانی خۆیبێ و پێیدا تێپەڕیبێ ئاوایە، یا پاڵەوانەکە لێیەوە نێزیک بووە و قۆناغ بەقۆناغ لەگەڵیدا بووە و دیقەتی پلەکانی گۆڕانی ژیانی داوە. هەروەها لە جۆرە ئاواتە خواستنێکیش دەکا کە مرۆڤ بەخەیاڵ حەز بەو کۆتاییە دەکات بۆ هەموو کاربەدەستێکی ناڕاست و پیاوخراپی نالەبار.

نووسەر دەیەوێ کاردانەوەی پەروەردەکردنی خراپی ناو خێزانمان پیشاندات کە تا چ ڕادەیەک کاریگەرە لەسەر هەڵسوکەوت و دواڕۆژی مرۆڤ، بەتایبەت ئەو کەسە ئەگەر خاوەنی ئەو سیمایە بێ کە لە سەرەتادا بۆ پاڵەوانەکە (جووکل)ی دەکات؛ لە ناشیرینی هەڵکەوتنی جەستەیی و کارکردنە سەر دەروونی وە ئاڵۆزاندنی بەرەو هەقکردنەوە لەو (کەمی - نقص)ەی هەستی پێدەکات، خۆ باری دارایی باش و دەسڕۆیی خێزانەکەشی ئەوە فاکتەرێکی لەباری ڕەخساوە بۆ ئەو قەرەبووکردنەوەیە... هەر بەم توانا

باشەیەوە هەرچی (کەم و کوڕیەکی دەروونی هەیە لە جەستە و فیکریدا) بەخەڵکەکەی ژێردەستی دەڕێژێ، پلەوپایەی وەزیفە دەکاتە پەیژەیەک بۆ بەرزبوونەوە و گەیشتن بەدەسەلاتی زیاتر لە کۆمەڵدا. دیارە ئەمەش لە ژێر سایەی ڕژێمێکی دوور لە دادپەروەری، داسەپاوی دواکەوتووەوە زەمینەیەکی لەبار دەخولقێنێ بۆی و بۆ بەرەڵلایی و لێنەپرسینەوە. نووسەر لە رووی دەروونییەوە دوو رەوتی دژ بەیەک لە پاڵەوانەکەدا دیاری دەکات؛ بەرزکردنەوە (تصعید) کە تەواوکردنی خوێندن و گەیشتن بەپلە وەزیفەکەیە. داچوون (تسفیل) کە بوغرایی و زۆرداری و چەوتیە لە کارە ڕۆژانەکانیدا.

بەڵام (وەک وتم) ئاواتەخوازییەکەی بەو (شۆڕشی گەورەی گەل)ە دێنێتەدی کە (لەپڕ) بەرپا دەبێ و سەرجەم یاسا و نەریتە خراپەکانی پێشوو هەڵدەتەکێنێ و باروڕەوشێکی شۆڕشگێڕانەی دیموکرات و یەکسانی دێنێتە کایەوە؛ لە سایەی ئەم رەوشە نوێیەشدا پاڵەوانەکەی بەسزای خۆی دەگەیەنێ؛ (دەستبەسەرا گرتنی سامان و موڵک و بەندیخانەی ئیسلاحی)ش بۆی. تا سەرلەنوێ بیکەنەوە بەئەندامێکی سوودبەخش بۆ نەتەوەکەی. دیارە ئەم سەرەنجامەش لەگەڵ ڕێبازی (لاعنف)ی نووسەر خۆیدا هاوتەریبن و دەگونجێ، ئەگینا چاوەڕوان دەکرا کە (سزا شۆڕشگێڕانەکە) توندتربێ... کە ئێمە حەز بەوە ناکەین و حوکمەکەی نووسەرمان بەلاوە شیاو و لەبارترە.

ئەوەی جێی پرسیارە؛ نووسەر ئەو (شۆڕشی گەورەی گەل)ەی ڕاستەوخۆ دەستنیشان نەکردووە: ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ یا شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ی کورد وە یا ١٧ - ٣٠ تەمووزی ١٩٦٨؟ (بەپێی تێڕوانینی ئەو ڕۆژەی ١٩٧٣). دەستنیشان نەکردنەکە دەگەڕێتەوە بۆ:

١- حەزی دەکرد شۆڕشی کورد بوایە بەڵام ئەو شۆڕشە لەو قۆناغەدا نەبوو کە دەستکاتە دامەزراندن و گۆڕین و بنیاتنانی تازە.

٢- شۆڕشی ١٩٥٨یش هەرچەندە لە سەرەتادا هەوڵی ئەو چاکسازییانەی دەدا و تا ڕادەیە کردیشنی، بەڵام بەلای مامۆستاوە نە (تەواو)بوون و نە لەئاستی خۆزگە و ئاواتەکاندا بوون... جگە لە دیاردەی توندوتیژییە بێ سەروبەرە لە ڕادەبەدەرکەش (هەر لە یەکەم ڕۆژەیەوە) کەسانی وەک ئەوی لێ تۆرانبوو، بۆیە ڕاستەوخۆ ناوی ئەمیش نابات.

٣- دەمێنێتەوە ١٧ - ٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ کە نووسەر مەبەستی نەبووە.

جا سەربەستی لەمەدا، داوەتە دەست گوێگر یا خوێنەر... خۆی سەرپشکبێ.

نووسەر بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، لە کۆتاییدا دێتەوە سەر شێوازی وتار ئامێز و ڕاڤەکردنی مەبەست و خواستەکانی؛ یانی بزانێ یان نا چیرۆکەکەی لێدەبێتە وتارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەمەش لە بەشی کۆتایی دایە، کە پاڵەوانەکە دەوری نامێنێ و قەڵەم دەکەوێتە دەست نووسەر.

هەرچەندە بەدرێژایی چیرۆکەکە پاڵەوان لە پشت پەردەوەیە و نادیارە، خوێنەر بەوەسف و باسی نووسەردا دەیناسێ، بەڕاناوی کەسی سێهەم باسی لێدەکرێ... بەمەش بوعدی سێهەمی لە چیرۆکەکەدا ون کردووە، جا هەر لە تەوەری شێوازە تەقلیدیەکەی چیرۆکی چلەکاندا خۆی دەبینێ، کە ئەمە دەڵێم دەبێ بزانین ئەو چیرۆکە بەرهەمی حەفتاکانێتی... بەلانی کەمەوە.

لێرە و لەوێ

ناسکە قسە

(سلێمانی حوزەیران ١٩٣٣)

هەر شتێ رووبدا، پاڵەوانەکانی: لە گوڵ و چڵ و بلبل و چقڵ بەدەر نین. ئەمانیش هەریەکە دەرگایەکی ئەکەنەوە.

***

«ئەوی شینبێ شین ئەپۆشێ؛ کەچی شین پۆشی من لە خۆشیایە!»

***

«ژیین: بێ ژنی ژێر ژانە.»

***

«شیرین بەو شیرینییەی خۆیەوە، لەگەڵ فەرهاددا شیرینی پێکگەیشتنی نەچێشت – مرد.»

***

«لە کوردا مەردی وا هەیە وەکو بەرد، کەچی هەر بەشی: دەردە و ئاهی سەردا!»

***

«تۆ نەرمی دڵڕەقی، بەڵام من ڕەقی دڵ نەرمم.»

***

ڕەنجەڕۆ ئەڵێ: «ئەوی من ئەیچێنم ئەیچنن، ئەوی منیش ئەیچنم ئەیچنن».

***

«سەماوەر ئەسیرێنێ، دلاوەر ئەزیرێنێ، ئەو لەبەر جۆشی ئاگر، ئەمیش لەبەر جۆشی دڵ».

***

«دوگمەی سوخمەکەیم ترازاند، نازی کرد، دەسم برد بۆ مەمکی، گازی کرد، خەریک بووم ماچی کەم گازی گرت.»

***

«شاناز دڵنەوازیم ناکا، بەڵام ناوازە بەناز و جیازە.»

***

«گەردنت بێ گەرد، وێنەت ئاوێنە، بالات والا، بالاگەردانی سەرتبم بۆ چ بەشت ناو عەرد و بەربوو؟!»

***

کڵاولار وتی: «بۆ چ ئەوەندە ئەپرسی؟» وتم: «گیانەکەم دوور لە هەوارم، خەفەتبارم، بۆیە ئەوەندە پرسیارم».

***

«خواستم، گواستمەوە، جێی خۆش بوو، پێی خۆش بوو، دڵ یەک بوو، لای یەک بوو، لەبەر ئەوە، ژیاین، ماڵمان ژیاند، مناڵمان ژیاند، وڵاتمان ژیاند!...»

***

«گەڵا وەک پلـپلـەی پشتـە سـەر و گـێل گـێلە و گـەردانەی سـەر و پۆتەڵاکی یار، لق و پۆپی دار ئەڕازێنێتەوە.»

***

«دووڕوو، بەسەرزاریی، زارییەتی، لە پاشملە، تلی لیلییەتی.»

***

«لێرە تێر برسیترە لە برسی، خوێندەوار بەهاوارترە لە نەخوێندەوار.»

هاوار!!

(سولەیمانی لە تەمموزی ١٩٣٢دا لە گۆڤاری هاواردا لە شام لەچاپ درا)

***

هاوار!... گوایا چە ناوێک لەمە جوانتر بۆ ڕۆژنامەیەکی ئێمڕۆی کورد ڕێک ئەکەوێ؟

هاوار: لە چاوی هەموو کوردێکا دەخوێندرێتەوە، هەتاکو داروبەردی وڵاتەکەشمان دەقیژێنێ: هاوار!... هاوار!...

هاوار: دووکەڵێکی ڕەشی تاهونالەی لێ قەوماوانی کوردە لە دەروونی ساڵحییەوە[1] دێتە دەرەوە...

هاوار: ئاوازێکی توند و کاریگەرە، لە کۆمەڵە گۆڕی مردووانی ئەیوبی و بەدرخانییەوە[2] دێتە دەرێ...

هاوار: ناڵەیەکە لە شوێنێک دێتە دەرەوە، ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، شوێنی دوارۆژی عالەم[3]، بەڵام جێی شینی ئێستای کورد...

هاوار: نەمامێکە بەدەستێکی زانا لە زەوییەکی بەپیتا نێژاوە؛ بەڵام بۆ ئەمەی بەروبووم بدا دەبێ چاودێری بکرێ تاگەورە دەبێ... ئینجا بەهەموو هێزی خۆمەوە دەقیژێنم: هاوار دێنمە بەر ئەو کەسانەی دوو پوولێکیان لە گیروفاندایە: کەرتێکی بۆ ژیانی ئەم گۆڤارە دابنێن.

هاوار دێنمە بەر ئەو بوێژ و نووسەرانەمان، بۆ ئەو زانا و تێگەیشتووانەمان، کە پەردەی زەمانە لە گۆشەی پەنهانیدا شاردونیەوە؛ خۆیان دەرخەن، قەڵەم بخەنە کار بەنووسینێ توزێ یارمەتیی ئەم ڕۆژنامە نەونەمامە بدەن...

***

(١) صالحیە: ئەو گەڕەکەیە کوردەکانی دیمەشقی لێ نیشتەجێن، هەروا گۆڕی سەلاحەدینی ئەیوبیشی لێیە.

(٢) مەبەست لە سەلاحەدین و خانەوادەی بەدرخانیانە.

(٣) بەو پێیەی کە لەڕۆژی قیامەتدا ئادەمیزاد لەشام حەشر دەکرێن و خوای گەورە لێپرسینەوەمان لەگەڵدا دەکات.

هاوار دێنمە بەر ئەوانەی کە پارەتیی پووڵ و نووسینیان پێ ناکرێ. بکۆشن ئەم گۆڤارە بەناو گەورە و بچووکی کورداندا بلاوبکەنەوە. هاوار دێنمە بەر ئەوانەی کە هەر هیچیان پێ ناکرێ، هەوڵ بدەن ئەم (کۆمەڵە)یان دەستکەوێ بیخوێننەوە، یاخود بەخەڵکی بخوێننەوە تا لە خۆیان و لە خەڵک بگەن!...

چونکی ئەم گۆڤارە هەر پیتە(قسەیەی)ی بەدەستی یەکێکی زانا و تێگەیشتوو نووسراوەتەوە، هەر قسەیەی لە دڵێک هاتۆتە دەرەوە، بەناسکی وەک پەڕەی گوڵ، بەقایی (بۆ پاراستنی خۆشەویستی کورد) وەک سنووقی پۆڵا وەهایە... هەر بیرەی لەمێشکی یەکێک هاتۆتە دەرەوە، کورد و کوردستان وەک هەیکەلێکی گەورە و بڵند هەمیشە لە پێش چاویانە، لەخەودا بەوەوە خەریکە، لە بێداریشدا هەر بەوەوە خەریکە.

چونکی ئەم گۆڤارە هی یەکێکە بێچووی گەورەترین و پایەدارترینی خانەدانی کوردە؛ خانەدانێک نەوە و نەتەوەیان بۆ پێگەیاندن و تێگەیاندنی کورد خەریک بوون...

***

ئۆ هاوار!... نەزانم لە کوێوە دێیت و لە قورگی کێ دێیتە دەرەوە!... ئەگەر لەشیش لە شوێنی خۆی نەتوانێ بجووڵێ، بەخوا گیانی هەموو کوردپەروەرێک؛ لەسەر و خواری کوردستانەوە دەفڕێتە لات، ئەو دەنگە بێ هێزەت بەهێز دەکا... دەبێ ئەو دەنگە ڕاست و کاریگەرەت بەگوێی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا بچێ!... دڵی مردوو و زیندووی ڕاستپەرستی پێ ڕاچەنێ! ئێشی زامی چەند سەد ساڵەی کوردی بەسەزمانیان تێگەیێنێ![1]

فرمێسکی کاکە مەم[2]

غوونەی کوردی پەتی

زین...!

باڵاگەردانی سەرت بم! تۆ کێیی؟ فریشتەیت یان پەریت؟...

زین...!

جگەرسۆزەکەم، تۆ لە چیت؟ لە تیشکی مانگ دروستکراوی، یان لە کزەبای بەیان؟...

ڕاستە؟ نێرگس لەبەرچاوی کاڵتا، سێو لەبەر کوڵمی ئاڵتا، بنەوشە لەبەر ئەگریجەی خاوتا، خونچە لەبەر لێوی ئاڵتا، بلوور لەبەر گەردنی پاکتا، سنەوبەر لەبەر کەمەرتا، عەرعەر لەبەر باڵاتا، سەرشۆڕ و شەرمەزارن؟

---

(١) هاوار - ک، ژ (٦) س ١٩٢٣، ل (١)، دیمەشق. شام.

(٢) دیوانی لاوانی پەشێوا ١٩٣٤، ل ٢٢ - ٢٤.

بەپێی دەستکاری و تێبینییەکانی و هەرووەک خۆی. بەلام لە دەستنووسی (خۆشخوانی) خۆیدا، لەلای سەرەوەی نووسیویە [illegible] ١٩٢٣ لە (ژیان)دا چاپکرا). دیسان لە (پرشنگ)یشدا. ل ٢٦دا بلاوکراوەتەوە.

ڕاستە؟ سەرکردان بەلەشکریانەوە. شازادان بەنۆکەریانەوە. سەرداران بەهێز و دەست و پێوەنیانەوە. چاوەڕوانی زەردەخەنەیەکتن؟

زین...!

ڕاستە؟ لە ناسکیتا گوڵ، لە ڕۆشنیتا ڕۆژ، لە زۆرداریتا شاە پەنجە لە پەنجەت نادا؟...

ڕاستە لەگەڵ ئەو هەموو حەزلێکردنە پاک و خاوێنەمانا، لەگەڵ ئەو هەموو دڵسۆزییەی تۆ و ئازاییبیەی منا لەگەڵ ئەو هەموو جوانییەی تۆ و ئازاییبیەی منا، لەگەڵ ئەو هەموو جوانیەی تۆ و قەهرەمانیەی منا، لەگەڵ ئەو هەموو میوان نەوازیەی براکانی تۆ و لاوچاکی منا، لەگەڵ ئەو هەموو نزیکبوونەوەی پێک گەیشتنەمانا:

دەستی بەدکار کەوتنە کار، هەردووکمانی لەیەک کرد، منی بەگل دا و تۆشی بەئاهونالە سپارد؟!

زین...!

ڕاستە لەو دەمولێوە نوقڵیەت. لەو سنگە گەرم و نەرمە و مەمکە خڕوپڕەت، لەو لەشە نەرم و نۆڵەت، لەو قەدە باریکە و بالا بڵندەت، لەو دڵە ناسک و نازدارەت بێ بەش بمێنمەوە... بڕیت؟

زین...!

بالاگەردانی سەرت بم! تۆ کێی؟ فریشتەیت یان پەریت؟...

زین...!

جگەرسۆزەکەم، تۆ لە چیت؟ لە تیشکی مانگی دروستکراوی، یان لە کزەبای بەیان؟...

ئایا لە پاش ئەم هەموو ڕەنج و کوێرەوەرییە؛ بەشمان دڵسۆتان بێ؟، لەش سووتانبێ. جگەر سووتان بێ؟

جگەر سووتان...؟

ژینی نوێ

(پێویستە تێکۆشین بۆ (ژینێکی نوێ): دووربێ لە ئازار و هاوار. پڕبێ لە ئازادیی و کامەرانی. دامەزرابێ لەسەر بنچینەی زانست و هونەر و دادپەروەریی. جا ئەم نووسراوە ڕێگای ئەو ژینەمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە...)

ژینی نوێ

تێنوو، کە خەو ئەبینێ، لەسەر چاوە ئاوێکی سازگار ئاو ئەخواتەوە... برسی، کە خەو ئەبینێ، لەسەر نان و خوانێکی ناوازە، ناشتا ئەکا... شڕوپڕ، کە خەو ئەبینێ، بەبەرگ و پۆشەنییەکی ڕازاوەوە، خۆی پۆشتە ئەکاتەوە... زۆر لێکراویش، کە خەو ئەبینێ، دوژمنەکەی وا بەسێدارەوە گیانەلاو ئەدا؛ هەروەها کوردیش، لەم گێژاوی سەرگەردانی و پەرێشانییەدا خەو بە(ژینێکی نوێ)وە ئەبینێ، دووربێ لە ئازار و هاوار، پڕبێ لە ئازادیی و کامەرانی... دووربێ لە زۆرداری و هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری. پڕبێ

لە خۆشەویستی و ئاسایش و یارمەتی و دادپەروری.

هەمــووشــمــان بڕوامــان وایە کــە هۆی ئەم هەمــوو ناخۆشیـیانەمان زۆرداریـیە!... بەڵێ... کوردەواری ئەڵێ: «بەسـیـەتی شـەوگـاری دوور و درێژ!... ئەمـانەوێ ڕۆژگارێکی نەوبەهار ببینین!.



ئەمـانەوێ بژین... بەڵام ژینێـک: کـە لەسـەر بنچـینەی زانست و هونەر و دادپەروەریی دامـەزرابێ. پێـویسـتـە یاسای کونی ڕزیوی کۆمـەڵایەتیـمـان بگۆڕین. تا لەگەڵ کاروانی پێشکەوتنا بەرێوە بچین!... ئەمەش هەر بەئاوات پێک نایەت. هەر بەقسە سەر ناگرێ.

ڕەنج و کـۆشـشی ئەوێ. لێکۆڵینەوەی ئەوێ. ژیریی و کـردەوە و ڕەوشـتی مـەردانەی ئەوێ. بڕیاری پۆڵایی و بەرەنگاری کـردنی شـێـرانەی ئەوێ. ئارامی پیـاوانەی ئەوێ.

نەتەوەی مـەردی کـورد، لە هەزاران سـاڵانەوە تا ئیـمـڕۆ و بەم جۆرە ڕەنجی داوە و کـۆششی کـردووە و هەڵـمـەتی بردووە. جـوولانەوەکـانی ئەم چەرخـەشی نموونەیەکن لەو خـەبات و تەقـەلایانە. ئەوەندەی لە جوولانەوەکانیا، ڕاست بۆی ڕۆیوە، سەرکەوتووە. ئەوەندەی هەڵەشی کردووە، ژێرکەوتووە!...

ئەم نووسـراوەش، ئاوێنەیەکـە، لە چیـرۆکـەکـانیـا، بەشی زۆری ئەو جوولانەوە و ئاوات و کـارەسـاتانە پێشان ئەدات. هەروەها ڕێگای گەیشتن بەئامانجیش ڕۆشن ئەکاتەوە. لەبەر ئەوە هیوادارم کە بێ کەڵک نەبێ(*). گـۆڕان یاسـایەکی خواییـیـە. نەتەوەی نەژادی کـورد باوەڕی پێ هێناوە و خـەریکیـشـە خـۆی ئەگۆڕێ. لەبەر ئەوە، دڵنیام، کە بەرەو پێشکەوتن ئەڕوا. بەرەو کامەرانی. بەرەو ئازادیی.

جا ئەگەر زۆردارێک چەقی ڕێگای لێ بگرن، ئۆباڵی بەئەستۆی خۆی، پاشەجار ملی ئەشکێ!؟.

لەگەڵ ئەوەشا بڕوام وایە، کە لەسەر بنچینەیەکی تێگەیشتن و خۆشەویستی و دادپەروەریی، ئەتوانرێ بەشیرینی، هەموو گیروگرفتێک لە ناوەند زۆردار و زۆرلێکراو لابرێ. ئەوسا چاکە و فەڕی (ژینێکی نوێ)ش هەردوولا ئەگرێتەوە.

جا لە خوای پاکی بێ هاوتا ئەخوازم کە ئەم (ژینی نوێ)یەمان بۆ پێکبێنێ.

شاکر فەتاح

***

(*) ئەم نووسراوە بەبۆنەی نەورۆزەوە لە ١٩٥٨/٣/٣١دا پێکهێنرا. بەڵام گەلێک لە لاپەڕەکانی لە ساڵەکانی ٩٥٣ و ٩٥٤ و ١٩٥٨دا بڵاوکراونەتەوە. (ش.ف)

شەڕ و ئاشتی[1]

شەڕ دوو جۆرە:

شەڕ دوو جۆرە. شەڕ هەیە ئەکرێ بۆ مەبەستی خۆپەرستی. واتا بۆ داگیرکردن، بۆ دیلکردن، بۆ خۆهەڵکێشان، بۆ ئازاردان، شەڕیش هەیە ئەکرێ بۆ سەندنەوەی ئازادی و سەربەستی، بۆ گێڕانەوەی زەوی و سامان، بۆ لابردنی تەنگ و چەڵەمەی زۆرداری و هەژاری و ناڵەباری و نەخۆشی. لەبەر ئەوە جۆرە شەڕی یەکەمیان شەڕی دوژمنایەتی لێ پەیدا ئەبێ. جۆرە شەڕی دووەمیشیان پێی ئەڵێن شەڕی دۆستایەتی. چونکە دۆستایەتیی لێ پەیدا ئەبێ.

شەڕ هەر خراپە:

شەڕ هەر خراپە، لەبەر ئەوە شەڕی دوژمنایەتی خراپە، کە ئەنجامی دوژمنایەتی. هیچ کەڵکێکی تیا نابێ و بۆ ئەولایەی کە شەڕەکە هەڵئەگیرسێنی، تەنانەت ئەگەر سەریشکەوێ. چونکە خوا جەورروستەم لە کەس پەسەند ناکات. دوایی زۆرداریش هەر سەرئەنگری ئەکاتەوە. جگە لەوە هەر وەک لای شکا و زیانی لێ ئەکەوێ، لای سەرکوتوویش زیانی لێ ئەکەوێ!...

شەڕی دۆستایەتیش هەرچەندە بەپێی ئەنجام بەکەڵکە، بەڵام دیسانەوە زیان و سەرگەردانی بۆ هەردوو لا تیایە وەک شەڕی دوژمنایەتی...

من دڵنیام کە ڕۆژێک دێت لە دانیشتووانی هەموو سەر زەمین بەچاوێکی سووک سەیری شەڕ ئەکەن. هیچ جۆرە شەڕێکیش پەسەند ناکەن. هیچ شەڕێکیش ناکەن. چونکە هەرچۆنێکی لێک دەیتەوە، شەڕکردنە کە پڕە لە کردەوەی نەنگی و خۆپەسەندی. ئەنجامەکەی پڕە لەسەرگەردانی و ماڵوێرانی. لە ئەنجامی هەموو شەڕێکا: هەمیشە بارستایی ڕەوشت و خوی بڵند نیشتۆتەوە. نەخۆشیی لەش و هۆش و گیان داکەوتوون و بڵاوبوونەتەوە... هەمیشە لاوە هەرە بەهێز و تواناکان کوژراون و لەناوچوون، نەخۆش و پەککەوتە و داماوەکان ماونەتەوە... لەبەر ئەوە کۆمەڵ بەجۆرێ تێکڕایی کزتر بووە لە لەش و لە هۆش و لە گیان و لە ساماندا. جگە لەوە هەموو شەڕێکیش، تۆوی هەڵگیرساندنی شەڕێکی سامناکتر و گەورەتری چاندووە ئینجا بڕاوەتەوە...

لەبەر ئەوە پێویستە شەڕی دۆستایەتی ئەکرێ هەتا هەموو جۆرە تەقەلا و کۆششێک بەفیڕۆ ئەڕوا بۆ سەندنەوەی ئازادی و سەربەستی و مافی داگیرکراو. بەڵام شەڕی دوژمنایەتی هەر نابێ بکرێ...

هۆی شەڕ:

شەڕی دوژمنایەتی هۆی زۆرە. وەک خۆپەرستی، چاوبرسێتی، ئارەزووی زۆرداری و دەسەڵاتداری، ئارەزووی ناوبانگ و خۆپێشاندان، ئارەزووی سەرداریی.

---

(١) لە هیوا. گ. ژ (٦) س(١) کانوونی یەکەمی ١٩٥٧، ل: ٢٠ بڵاوکراوەتەوە.

ئەگەر بهاتایە هەموو تاک و تەرایەکی گەلمان بۆ تێ بگەیێنرایە لە هەست و نەستی شەڕ و ئەنجامی شەڕی دوژمنایەتی، لام وایە هیچ گەلێک ئارەزووی شەڕی نەئەکرد، ماوەی سەرکردەکانی خۆیشی نەئەدا کە بەناوی ئەوەوە شەڕ هەڵ بگیرسێنن لەگەڵ گەلانی بەسەزەمان و بێ تاوانی تردا...

بەڵام داخەکەم هێشتا ئەو گەلە خوێندەوارە تێگەیشتووە پێگەیشتووانە لە جیهاندا پەیدا نەبوون!... هێشتا ئەو سەرکردە پاک و دڵسۆز و کردەوە بڵندانە زۆر نەبوون کە بتوانن واز لە کەڵکەی خۆیان بهێنن بۆ کەڵکی گەلەکانیان. یان گەلەکانیان لە خراپیی شەڕی دوژمنایەتی تێبگەیەنن و ماوەی شەڕکردنیان نەدەن. لەبەر ئەوە هێشتا گەلە بەسەزمانەکانی جیهان، وەک مەڕ بەدەست سەرکردە گورگەکانیانەوە سەر ئەبڕێن و ئەکوژرێن و لەناو ئەبرێن!... سەرکردەی جەنگاوەرەکان بۆ دەستکەوتنی ناوبانگ و پایە و نیشان، دەوڵەمەندەکانی بۆ دەستکەوتنی پوڵ و سامان. سەرکردە فروفێڵبازەکان بۆ چنگکەوتنی پایە و مایە و ناو، یان بۆ سارێژکردنی دەردی دڵی خۆیان لە پایە ماڵکردنی دوژمنەکانیاندا، هەروەها سەرۆکە ئاینییەکان بۆ مانەوەی نەوازش و دەستکەوت و ئارەزووەتی خۆیان... ئەم دڕندانە هەموو، هەمیشە ئاواتەخوازی شەڕی دوژمنایەتی هەڵگیرساندنن. لە کۆشش و تەقەلای ئەومشدان کە گەلەکانیان چەواشەکەن و بیانکەن بەگژ گەلەکانی تردا، بۆ کەڵکی ناپەسەندی خۆیان!...

(پاپا)ی ئەوروپا و شاهەکانی ئەوروپا و سەرکردەکانی جەنگ و بازرگانە گەورەکان، شەڕی دوژمنایەتییان چەند سەد ساڵێک لەمەوپێش هەڵگیرساند لەناو گاورەکان و ئیسلامەکاندا، بەناوی پاراستنی جێگا پیرۆزەکانی گاورەوە... کەچی لە ڕاستیدا شەڕی دوژمنایەتی و زەوی داگیرکردن و پارە دەس خۆخستن و دەسەڵاتداری و خۆپەرستی بوو![1].

لە شەڕی (قریم)دا قەیسەری ڕووس لەلایەکەوە، خونکاری تورکیش لەلایەکی ترەوە، ئاڵای پاراستنی ئاینیان هەڵکرد و هەردوو لایان بەبیانوی خواناسییەوە گەلەکانی خۆیان بەشەڕدا[2]... کەچی لە ڕاستیدا بۆ دەستکەوتنی زەوی و سامان و کەش و فشی سەرداریی بوو!... هەروەها جووەکانی ئەمریکا و ئەوروپاش بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی کارخانەکانیان، بەهەزار فروفێڵ و چاوڕاو توانیان شەڕی گەورەی یەکەم و دووەم هەڵگیرسێنن لەناو گەلانی جیهاندا... وا ئێستاش خەریکن شەڕێکی تر هەڵگیرسێنن بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆیان... (ئەندەلوس)ی گاور کە داگیرکرا لەلایەن ئیسلامەکانەوە بەهاندانی بازرگانی جوولەکەبوو... (ئەندەلووس)ی ئیسلامیش کە داگیرکرایەوە لەلایەن گاورەکانی ئیسپانیاوە هەر بەهاندانی بازرگانەکان جوولەکەبوو!...

---

(١) مەبەستی لە شەڕی خاوەن خاچەکانە -الحروب الصليبية-.

(٢) شەڕی قرم: ١٨٥٤ - ١٨٥٦ لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و بەریتانیا لەلایەک و ڕووسیای قەیسەریدا بەرپابوو، زۆرترین ڕووداوەکانی ئەو شەڕە خوێناویە لە سوچی خوارووی نیوەدوورگەی قرمدا بوو کە بەسەدان سەربازی تیا کوژرا و دواجار قەڵای (سیواستپول) لە ڕووسەکان گیرا. قەیسەر هەستی کرد کە نەمساش لەوەدایە بچێتە پاڵ دووانەکەی تر و دژی بووەستێ. بۆیە خێرا پەیماننامەی پاریسی لە ١٨٥٦دا مۆرکرا بۆ وەستانی شەڕ.

شەڕی پەسەند:

ئەگەر تەنیا شەڕێک هەبێ کە پیرۆز و بەرز بژمێرێ، مەگەر ئەو شەڕەبێ، کە گەلەکانی سەر زەمین هەموو چاو بکەنەوە و ئەو سەکردە خراپانەیان لابەرن کە هەمیشە بۆ کەلکی خۆیان، بۆ کەلکی ناپوختە و نەنگ و ناپەسەندی خۆیان، گەلەکانی جیهان ئەکەن بەگژ یەکا... بەڵێ ئەو ڕۆژەی کە تێگەیشتن و پێکەیشتن بەتەواوەتی بلاوئەبێتەوە بەناو هەموو گەلەکانی جیهاندا. ئیتر ئەو جۆرە سەرکردە درۆزنە فرۆفێڵبازە ناپاکانە نان ناخۆن. لەسەر دەزگای دەسەلات و سەرکردەیی ئەمێنن. ئیتر ناشتوانن گەلان چەواشە کەن و بۆ کەلکی خۆیان شەڕیان لەناودا هەڵگیرسێنن کە هەتا هەتایێ نەکوژرێتەوە...

بەڵێ ئەم جۆرە شەڕی دۆستایەتی، یاخود شەڕی ئاشتییە پێویستە بکرێ. بەڵام پێویستە لە پاش وەرگرتنەوەی بەشی خوراو لە ئازادی و سەربەستی و زەوی و سامان، بنچینەی ئاشتی و دۆستایەتی و ئاسایش دامەزرێنرێ لەگەڵ گەلاندا. ئینجا لەناو چینەکانی ناوخۆدا... پێویستە دەزگایەکی حکومەتی وەها دامەزرێنرێ بۆ گەل کە ئیتر ئەڵقوە چینە چینە هەڵبوەشێنەوە. ئیتر شۆڕش و شەڕ و ناکۆکیی بەبیرداڵەبێتەوە. بەڵکو لە برێتیی ئەوە هۆگری: پارێزەتی و گۆڕانی و برایەتی و خۆشەویستی بێ لەناو خۆیدا و لەگەڵ گەلانی تری سەر زەمینەشا.

وەکو گوتمان تەنانەت ئەم شەڕی دۆستایەتی و ئاشتییەش نابێ بکرێ هەتا لە هەموو تەقەلا و کۆششێک وەڕس نەبین. ئەگین تەنگ و چەڵەمە و گیروگرفتی ژیان، هەمووی، ئەتوانرێ لەسەر بنچینەی برایەتی و ئاسایش و تێگەیشتن ببڕێنرێتەوە... واتا پێویستی بەشەڕ و شۆڕ نییە... ئەم دەستوورەش هەروەک بۆ ناو گەلان ئەتوانرێ بەکاربهێنرێ، ئەتوانرێ بۆ تاک و تەراکانیش (اقراد) بەکاربهێنرێ...

شەڕی تاک و تەرا:

شـــەڕی ناو ئەم و ئەو، یاخـود شـــەڕی ناو تاک و تەرا لە زۆرداریی یەکـتـیـکیـان، یان لە زۆرداری هەردووکیان پەیدا ئەبێ. پیاوی زۆردار پیاوێکی تێگەیشتوو پێگەیشتوو نییە. پیاوێکی ژیر نییە. پیاوێکی کردەوە نەنگ و بەدخوو ناشیبە. پیاوێکی خۆپەرست و چاوبرسی و بێڕەحمە. پیاوێکی بەکەش و فش و خۆهەڵکێشـە. پیـاوێک دڵی بەگوێی هۆشی ناکات... لەبەر ئەوە دڵی چی ئارەزوو بکا ئەوە ئەکات. دڵی ماوەی هۆشی نادات لەشت بکۆڵێتەوە، ئەنجامی کارەسات لێک بداتەوە، ئەوی بۆ ئاسایش و سەربەرزی پێویستە بیکات. دڵی ڕێی ئەوانەی نادات. دڵی هۆشی کردووە بەدیل. لەبەر ئەوە دەست ئەبات بۆ سەر و سامان و ئابڕووی ئەم و ئەو. زۆرداری لەم و لەو ئەکات... دڵی ئەم ئەشکێنی. ئابڕووی ئەو ئەبات. زەویی ئەو داگیر ئەکات. دزی لەوی تر ئەکات. ئەم ئەکوژێ. بەوی تر ئەو داگیر ئەکات. بەڵێ پیاوی بێ هۆش، زۆرداریی وا ئەکات.

بەڵام ئەنجام!؟

ئەنجامی ئەم زۆردارە ئەوەیە، ڕۆژێک تووشی یەکێک لە خۆی بەهێزتر دێت. ئەچی بەگژیا ئەیشکێنێ.

تۆڵەی هەموو کەسێکیشی لێ ئەکاتەوە... یاخود ئەو زۆرلێکراوانە بەرە بەرە هۆشیان دێتەوە بەرخۆیان. لەژێرەوە یەک ئەگرن. هورووژمێکی بەهێز ئەبەنە سەر ئەو زۆرداره. تا تەخت و تاراجی تێک نەدەن و تۆڵەی خۆیانی لێ نەکەنەوە وازی لێ ناهێنن.

کەس زۆرداریی بۆ ناچێتە سەر:

زۆرداریی پەتۆ نابات. ئەتۆپێ. کەس زۆرداریی بۆ ناچێتە سەر. چونکە خوایەک هەیە بەو سەرەوە چاودێریی دادخواهی ئەکات. دەستی زۆرلێکراو و داماوان ئەگرێ. پشتیوانیی لێ قەوماوان ئەکات. زۆرداران سەرئەنگری ئەکات. بۆ ئەمەی دووبارە دادخواهی بلاوبێتەوە بەناو گەلا، بەناو هەموو گەلاندا.

شاهەنشاهەکانی عەجەم، ئیمپراتۆرەکانی ڕۆما، خونکارەکانی تورک، کە مەستی دەسەلات و هێز و سامان بوون، ڕێیان دایە گەلە بەسەرزمانەکانی خۆیان و ئەم لا و ئەولایان... دەستیان کرد بەزۆرداری. دوایی لە مێژوودا چاوتان پێکەوت، کە چۆن زۆرلێکراوان لێیان ڕاستبوونەوە، چوون سەر ئەنگریشیان کردن!...

سەرەک هۆزێک لە هەورامان، چاوی بڕییە نۆکەرێکی خزمی خۆی، لە شەوی بۆکێتیدا کچەکەی خراپ کرد... بەلام ئەزانن چە وەرامێکی لە نۆکەرەکەیەوە وەرگرتەوە؟... پانزە ڕۆژێکی پێ نەچوو، نۆکەرەکەی خۆی گوللەیەکی نا بەکەللەی سەریەوە، گیانی لەبەر بڕی!.

خێزانێک ئەناسم، باوک و دایک و کوڕ، هەرسێکیان، بەقسەی ڕەق و ناخۆش، بەقیرەقیر و شاتەشات دلی گەلێک کەسیان شکاند. زۆریان لە زۆر کەس کرد. لە ئەنجاما هەرسێکیان لە ماوەی دە سالێکدا بەگوللەی زۆرلێکراوان گیانیان لە لەشیان جوێ کرایەوە!؟...

(هیتلەر) و (مۆسۆلینی) هەردووکیان گەلی خۆیان تووشی دیلی و بەندەیی کرد، کردیانن بەگژ جیهاندا، دوایی هەردووکیان هەریەکە بەگوللەیەک دوایی بەژیانیان هێنرا!...

مەبەسی ژیان چییە؟:

مەبەسی ژیان ئەوەیە کە خۆشی لە ژیان ببینین. وەختێکیش ئێمە ئەتوانین خۆشی لە ژیان ببینین کە خۆشەویستی و برایەتی و یەکێتی و یارمەتیمان لەناودا هەبێ. ئەمانەش تا سەرێ تاکو لەناوماندا ئاسایشی تاسەر پێک بێ. ئەو بەختیاری و کامەرانییەش کە ئاواتی هەموو لایەکمانە، تەنیا لە سەرچاوەی خۆشەویستی و برایەتی و یارمەتیی گشت لایییەوە هەلئەقولێ.

ئەو وەختەی کە هەموو کەس لەسەر زەمینا، ئەبێتە خوێندەواری تەواو، ئەبێتە خاوەن دلی پاک و زبانی پاک و کردەوەی چاک، ئەبێتە گەورەی خۆی، واتا جلەوی دلی بەدەست هۆشیەوە ئەبێ و بەسەرپەرشتیی هۆشیەوە ئەڕوات بەڕێوە... ئەو وەختە ئاسایش و خۆشەویستی و کامەرانی لە هەموو کلاوەی سەر زەمینا فەرمانڕەوا ئەبێ... ئەو وەختە شەڕ و شۆڕ و جوێن و خوێن و ناکۆکی نامێنێ... ئەو وەختە دانیشتوانی سەر زەمین وەک یەک خێزانیان لێ دێ. ئینجا جیهان ئەبێتە خانوویێکی هەموویان.

یەک حکوومەتیان ئەبێ. یەک زبانیان ئەبێ. یەک پارە و یەک پۆستە و یەک جۆرە خوێندەوارییان ئەبێ... ئەو وەختە جیهان وەک بەهەشتی لێ دێ. ئامانجی هەموو: ڕابواردنێکی ئاوازەی خۆشی پڕ تەندروستی و سەربەستی بەختیاری و کامەرانی ئەبێ.

جا کەوای لێ هات بام هەر لە ئێستاوە، هەر کەسمان خۆی بۆ ئەو ژینە ئامادەکات. یارمەتیی براکانیشی بدات بۆ ئەو ئامادەبوونە. واتا: بام هەر لە ئێستاوە تێکۆشین ببین بەپیاوێکی تەواو، یەکتر بکەین بەپیاوی تەواو. دڵێکی پاک و زبانێکی پاک و کردەوەیەکی چاک بۆ خۆمان و بۆ هەموو لا پێک بێنین. تا بەو ئامانجە پیرۆز و بەرزەمان بگەین.

جیهان بەرەو چاکی ئەڕوا:

لەگەڵ ئەم هەموو شەڕ و شۆڕ و بەدکردارییەشدا کە ئیمڕۆ لەناو جیهاندا ئەیبینین، من باوەڕم وایە کە جیهان بەرەو چاکی ئەڕوا و دوایی هەر ئەگاتە ئەو ئامانجەی ئاواتی بۆ ئەخوازین. واتا ئەبێتە یەک خێزان لەناو یەک خانوا. بەڵا خێزانێکی بەختیار لەناو خانووێکی ئاوازەدا.

هەست پێ ئەکەم کە لەم ئاواتە زۆر کەس پێ ئەکەنێ. زۆر کەس سەری سوڕئەمێنێ. چونکە ئەو هیوایە لەم دانیشتوانی جیهانە خراپانە ناکات. بەڵام بڕوا بکەن کە ئاواتەکەم ڕاستە و دێتەدی. نە،، ببەخشن ئەمە ئاواتی من نییە. ئاواتی خوایە. بەڵکو ئامانجی خوایە. مەبەسی خوا لە ناردنی پێغەمبەرەکانی بۆ ناو دانیشتوانی جیهان هەر ئەمە بووە کە بیانخەنە سەر ئەم ڕێگایە، کە بیانگەیێنە ئەم ئامانجە. ئەم شەڕ و شۆڕ و جوێن و خوێنەش کە ئێستا ئەیبینین لە جیهاندا و مێژوو بینوێنێ لە جیهاندا، دیسانەوە هەموو هەنگاوێکن دانیشتوانی جیهان ئەیهاوێژن لەم ڕێگایەدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. ئەم سەرگەردانی و کوشتاری ناو جیهانە وەک هاوار و فریادی ئەو نەخۆشە وایە کە لەژێر نەشتەرکاریی پزیشکێکی پسپۆڕدا ئەیکات.

چەند ڕۆژێکی پێ ناچێ نەخۆشەکە چاک ئەبێتەوە و سوپاسی پزیشکەکە ئەکات. دانیشتوانی جیهانیش لە پاش ئەم شەڕ و کوشتار و سەرگەردانییە، هۆشیان دێتەوە بەرخۆیان. ڕێگای چاکە ئەگرنە بەر و بەم ئامانجە پیرۆز و بەرزە ئەگەن. ئەوسا کە سوپاسی پزیشکی مەزن و واتا خوای بێ هاوتا ئەکەن کە ئەم نەشتەرکارییە و ئەم ئامۆژگارییەی کردون.

دیسانەوە ئەیڵێمەوە: جیهان بەرەو چاکی ئەڕوا. زۆر بەتیژیش بەرەو چاکی ئەڕوا.

تەلەفۆن و بێ تەل و ڕادیۆ، لە هەناسەیەکدا لە دەرد و ئازار و خۆشی و بەختیاری هەموو دانیشوانی جیهانمان ئاگادار ئەکەن. شاخ و کێو و دەشت و دەر و زرێ و ڕووبار ڕێگە و بانی دوور و درێژ لە بەرامبەر هێزی بروسکەیی تەلەفۆن و بێ تەل و ڕادیۆدا خۆیان پێ ناگیرێ، بەرگە ناگرن، هەروەک نەبن وایە. لە بەرامبەر فڕۆکە و ئۆتۆمۆبیل و شەمەندەفەر و کەشتیدا، ماوەی ڕێگا دوورەکان نەماوە، وەک تەنگی هەرد کێشرابێتەوە وەهایە. ڕۆژ بەڕۆژ تێکەڵ بوونی گەلان بەیەکتر و خوێندەواری گشت لایی لەناو دانیشتوانی جیهاندا زۆرتر بڵاوئەبێتەوە. گیانی چاکە و کۆششی مەردانە بۆ پێشخستنی هەموو

دانیشتوانی جیهان رۆژ بەرۆژ لە پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەدایە، (کۆمەڵی گەلان)، (کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان)، (یەکێتیی پۆستە و تەلگراف)، (دادخانەی گشت لایی لە لاهای)، (ئەنجوومەنانی گەلان) کە لەم حکوومەت و لەو حکوومەتا ئەگیرێن بۆ بەرەنگاری کردنی نەخۆشی و پێشخستنی کاروباری شینایی (زراعە) و کشتوکاڵ و ئاوەدانی و رێکخستنی گوند... داهێنانی ئەلەکتریک و سینەما و چاپ و تەلەفزیۆن... ئەمانە، هەمموو، بەڵگەن کە دانیشتوانی جیهان بەرەبەرە چاو ئەکەنەوە. وریا ئەبنەوە. لەوە تێ ئەگەن کە هەمموو یەک خێزانن. خۆشی و ناخۆشیان یەکە. یەک خانوویان هەیە، پێویستە ئاوەدانی بکەنەوە. ئەویش کڵاوەی زەمینە. پێویستیشە تیا بەخۆشی بژین.[1]

بەڵی ئەمانە و گەلێ شتی تریش بەڵگەن کە دانیشتوانی جیهان. هەمموو، تەکان ئەدەن بۆ پێشەوە. بۆ یەکناسین، بۆ یەکبوون، بۆ یەک خێزانی، بۆ برایەتی، بۆ خۆشەویستی، بۆ ژینێکی پڕ بەختیاری.

سا خوا ئەم ئاواتە بڵند و پیرۆزەمان بهێنێتەدی. جیهان لە ژینێکی پڕ ئاسایش و ئاشتی و خۆشەویستی کامەرانیدا ببینین... لە جیهان نیشتمانی ئاوەدان، لە دانیشتوانی جیهانیش گەلێکی ئازاد و بەختیار پێک بێت...

بەرخەکە[2]

کوڕەکەم لە تەمەنی دوانزە ساڵاندا بوو. رۆژێک هەستی کرد بەئاوارەیی تەنیایی. ئەگەڕا بۆ شتێک دڵی خۆی پێ خۆش کات: خۆشەویستی و دڵسۆزی و چاودێریی خۆی تیا بەخت کات. ناچاری کردم بەرخۆلەیەکی بۆ بکڕم لە مەڕسەربڕێک (قصاب). زۆری پێ نەچوو کوڕەکەم بوو بەدۆستێکی گیانی بەگیانی بەرخەکە. بەرخە بەسەزمانەکە وا هۆگری بووبوو، کە کوڕەکەم ئەڕۆیشت ڕای ئەکرد بەدوایا. لێی ئەچووە پێشەوە. خۆی تێ هەڵئەسوو. یاری لەگەڵ ئەکرد. کوڕەکەمی لە جێگای دایکی دانابوو ئەو دایکەی کە خۆپەرستی ناپەسەندی ئەوەی ئادەم لەوی جوێ کردبووەوە.

هەرچەند بەرخەکە بەتەنیا مایەوە، ئەی باڕاند: کوڕەکەمی بانگ ئەکرد پێویستی جێبەجێ بکات، هاودەمی بکات، دڵی خۆش بکات. جا کوڕەکەم چەند بەختیار بووبوو بەو بەرخە بەسەزمانە!... بەرخەکە هەمموو کاتێکی، هەمموو بیرەوەرییەکی کوڕەکەی داگیر کردبوو. کوڕەکەم ئەوەندەی بەتەنگ دڵی ئەو بەرخەوە بوو بەتەنگ دڵی کەسی ترەوە نەبوو...

بەڵام، بەلای منەوە، باڕاندنی بەرخەکە لە بانگکردنی کوڕەکەم زۆرتری تیابوو. شتێکی گرنگتری تیابوو. دیلی و بەندەیی بێ دەسەڵاتیی بەرخەکەشی ئەنواند بەرامبەر بەهێزێکی وا کە نەیئەتوانی بەرەنگاریی بکا!... بەرخەکە لە خۆشەویستی و دڵسۆزی و چاودێریی دایکی بێ بەش کرابوو. لە

---

(١) ئەم ئاواتەخوازی و پێشبینیە وردانەی مامۆستا، بەتایبەت لە بواری گەیاندن و تەکنەلۆژیاوە، خۆشبەختانە زۆر زۆریان هاتوونەتە دی و دنیای ئەمڕۆ بۆتە گوندێکی گەورە، بەڵام بەداخەوە بەرەی شەڕ و شەڕانگێزان هێشتا ماون و ئەو خەونە خۆشە لە مرۆڤایەتی دەشێوێنن.

(٢) ئەم بابەتە لە: هیوا - گ ژ (٩) ساڵی (١) مارتی ١٩٥٨ ل ١٩ - بڵاوکراوەتەوە.

خۆشەویستیی و دڵسۆزی و چاودێریی کوڕەکەم دڵنیا نەبوو. بەشتێکی دەسکردی ئەدایە قەڵەم. ئەو حەزی ئەکرد بچێتەوە لای دایکی. حەزی ئەکرد سەربەستیی خۆی دەست کەوێتەوە. لە زۆرداریی دوورکەوێتەوە. لەبەر ئەوە هەستی بەترس ئەکرد. ئەترسا لەوەی شتێکی بەسەربێ!.

لە ڕاستیدا بەرخەکە بەهەڵەدا نەچووبوو...

چۆن ئەبوو باوەڕ بکا بەدۆستایەتیی کوڕەکەم و ئەو مەڕسەربڕەی کە ئەو بەسەزمانەیان لە دایکی جوێ کردبووەوە!؟... بەرخەکە بەدڵ هەستی ئەکرد بەجیاوازییەکی گەورە لە ناوەند خۆشەویستی دایکی کە پڕ بوو لە دڵسۆزی و خۆبەختکردن و خۆشەویستی کوڕەکەم مەڕسەربڕەکە کە پڕ بوون لە خۆپەرستی!... لەبەر ئەوە هەرچەند بەتەنیا بمایەوە ئەیباراند، ئەلالایەوە. چونکە خۆی لە تەنگ و چەڵەمەدا ئەدی. ئەترسا لەوەی لەناو بچێ. وا تێگەیشتبوو کە ئەگەر بەهۆی کەمتەرخەمی کوڕەکەمەوە لەبەر بێ ئاوی و بێ خۆراکی نەمرێ، دوور نییە سەگ و گورگ لە پەرژینی خانووەکەوە باز بدەنە ژوورەوە، پەلاماری بدەن، بیخۆن یاخود دز و درۆزن و زۆردارێک بەشەو بیدزن و سەری برێ، بیبرژێنێ و بیخوا. ئەمە ڕاستە کوڕەکەم دۆستێتی دڵسۆزێتی، بەڵام تەق و ئارەزووی چووە سەر گۆشتە ناسکە خۆشەکەی!... کێ ئەڵێ سەری نابڕێ؟ بۆ چ هەموو ڕۆژ هەزاران بەرخی وەک خۆی سەر نابڕێن بۆ خۆشیی بن دانی کوڕەکەم و هاوتای کوڕەکەم؟!

لەبەر ئەوە بارە باری ئەو بەرخە لە باوک و دایک بڕاوە کلۆڵە، کە وەک هاوارێکی بێ دەسەڵات و بێ چاران ئەهاتە بەرگوێ، کە سێدارە لە نزیکیانەوە هەڵخرابێ دڵمی ئەسووتاند، جەرگمی ئەبرژاند. تەنانەت ئەوەشی لەبیر ئەبردمەوە کە کوڕەکەم و هەموو خێزان نازیان ئەکێشا و چاودێرییان ئەکرد!... بەڵام منیش بەهەڵەدا نەچووبووم. زۆری پێ نەچوو، دۆستایەتی و نازکێشان و دڵسۆزی بەرامبەر بەرخەکە لەبیر کوڕەکەم و خێزان چووەوە. کاتێکم زانی بەرخی بەسەزمانیان داوە بەزەویدا ئەیانەوێ سەریبڕن و گۆشتەکەی بکەن بەچێشت کە لە سەیرانگا دەرخواردی چەند میوانێکی زۆرداریی وەک خۆیانیان بدەن!. باش بوو فریاکەوتم و بەرخی بەسەزمانم لە دەستیان ڕزگار کرد!.

گەلێک لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیش، داخەکەم، لەو بەرخە بەسەزمانە ئەکەن!. ئەوانیش هەرچەندە سەرۆکە خۆپەرستەکانیان خۆشەویستییان بۆ ئەنوێنن و یارمەتییان ئەدەن و چاودێرییان پێشکەش ئەکەن... بەڵام، هەی هوو!... تازە چاویان کراوەتەوە، قەت چەواشە نابن. لە ترسی گیانی خۆیان ناچارن هەر هاوار فەریاد بکەن تا خوا دەرگایەکی ڕزگاربوونیان لێ ئەکاتەوە!...

زۆرداری بەڕێز

(بێژەن) لە باوکیەوە زەوی و سامان و سەرۆکایەتیی بۆ مایەوە. خۆیشی بەچاکی و بەخراپی خۆی لە فەرمانڕەوایی (حکوومەت) بردە پێشەوە تا بووە ئەندامێکی کۆڕی نەتەوە (نائب). بەڕاست و بەدرۆ گەلێ دۆستی لە دەسەڵاتدار و کاربەدەستان پەیدا کرد. بەڵام لەم بەدبەختییی ئەو گوندەکەی بووە ناوچەیەکی فەرمانڕەوایی گرنگ!... لەبەر ئەوە (بێژەن) داچڵەکی. دڵەکوتێ و گلاراویی پێکەوت. بەم لاو و بەولای خۆیا ئەیڕوانی کە ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی دەسەڵاتە ناپوختەکەی لە گوند و

هۆزەکەیا!... دوایی گەلێ ڕێگای خوار و خێچی دۆزییەوە کە بیگەیێنێ بەمەبەسی خۆی. دەسی کرد بەبەرتیلدان و مێچکەکردن و خۆ بردنە پێشەوە لای گەورە گەوران و خۆنووساندن بەم دەستە (حزب) و بەو دەستەوە...

لەوانەش مەبەسی ئەوەبوو کە دانیشتوانی گوندەکەی و هۆزەکەی چەواشە و بەچەترسێن بکات بۆ ئەمەی بەئارەزووی خۆی بیان ڕووتێنێتەوە و بیانچەوسێنێتەوە. لە ئەنجامدا هۆزە بەسەزمانەکەی خۆی تووشی هەژاری و ڕووت و قووتی و ملکەچی و چارەڕەشی کرد. بەلام زۆری پێ نەچوو ئەم زۆرداریەی لە وزە دەرچوو! ئیتر هۆز چاوی کردەوە... وای لێ هات ڕاست لە درۆ، چاک لە خراپ، دڵسۆزی لە چەواشەکردن جیا بکاتەوە. هێزی ژیان کەوتە گیانیەوە. ئینجا چەند کەسێکی ئازا و بەجەرگی لێ هاتە کۆڕەوە. دەستیان کرد بەبەرەنگاری کردنی زۆرداری و دەستدرێژیی (بێژەن) و نەهێشتنی دەسەلاتی ناپەسەندی! ئیتر هیچ بۆ (بێژەن) نەمایەوە ئەوە نەبێ دەست بداتە بەدگۆیی و تەلەنانەوە لای فەرمانڕەوایی بۆ ئەو لاوە سەر بڵندانەوە؛ داخەکەم هەندێ لەو کاربەدەستانە گەلێک جار بڕوایان پێ ئەکرد و لەبەر نەشارەزایی و کەلک پەرستیی خۆیان، لەبەر دڵی (بێژەن) زۆرکەسیان لەو لاوە بەنرخانە ئازار ئەدا و تەفروتونا ئەکرد! لەگەڵ ئەوەشا ئەو زۆرداریانە گەڕان بەچاکە بۆ هۆزا... زۆری پێ نەچوو گیانی بەرەنگاری کردنی زۆرداری و دەستدرێژی، زۆربەی هۆزی گرتەوە. دەنگیان کرد بەیەک و ڕاستییان گەیاندە کاربەدەستان. ئینجا زۆرداریی بەڕێز، بالاپۆش (عبا)ەکەی لە خۆیەوە پێچا و سواری ئۆتۆمبێلە شەنگ و شۆخەکەی بوو ڕووی کردە هەندێک لەو کاربەدەستانە. پاش ئەوەی کڕنۆشی نەوازشی بۆ کێشان، ڕستەیەکی لەناوی هەندێ فەرمانبەرانی بێ تاوان پێشکەش کردن. گوناهی ئەو فەرمانبەرانە ئەوەبوو یارمەتی بێژەنییان نەئەدا لە زۆرداریی و ڕووتکردنەوەی هۆزەکەیا!... تێکۆشا ئەو کاربەدەستانە بخاتە سەر ئەوەی ئەو فەرمانبەرانە تەفروتونا کەن، لەناو بەرن. بێژەن وای ئەزانی هەموو کاربەدەستێک وەک یەکە. بەبیریا نەئەهات کە هەروەکو کاربەدەستی بەرتیل خۆر و دز و زۆردار هەیە، کاربەدەستی دادپەروەر و تێگەیشتوویش هەیە. لە پاش ئەمەی کاربەدەستەکان گوێیان لە درۆودەلەسەکانی گرت، بەدزیی ئەوەوە پرسیان لە فەرمانبەران و دانیشتوانی گوند و هۆزەکە کرد. ئەوەندەی پێ نەچوو درۆ و مەبەسی ناپوختەی سەرەک هۆزی بەڕێزیان بۆ دەرکەوت. ڕاستی و دڵسۆزی و بێ تاوانی ئەو فەرمانبەرە بەسەزمانانەشیان بۆ ئاشکرابوو. مەردانە پشتی فەرمانبەرەکانیان گرت و بەئافەرینەوە لە شوێنی خۆیان هێشتیانەوە!... بەو ڕەنگە ڕۆژگار، تەنیا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەو ناوچەیەدا، لە پێکی لە دەمی سەرۆکی خۆپەرست و ئەندامی کۆڕی نەتەوەی ناپاکدا!... بێژەنیش بەسەرشۆڕی و دڵشکاوی و ڕووڕەشییەوە گەڕایەوە گوندەکەی خۆی تا ئەو فەرمانبەرە هۆزپەروەرە، سەر بڵندانە، واتا دوژمنەکانی خۆی، بەگەشی و خۆشیی سەرکەوتنیانەوە ببینێ!...

ئا بەم ڕەنگەیە ژیانی گەلە هەژارەکەمان!...

ئەی خوا! تاکەی وا ئەمێنینەوە ؟!...

تاکەی ؟!...

ڕاپەڕینی گەل

(بیوراسپ) لاوێک بوو، لە هەڕەتی کوڕێنیا!... هەندێکی خوێندبوو. بەڵام لە پاش مردنی باوکی کە سەرەک هۆزێکی بەچنگ بوو گۆڕا. دەستی دایە زۆرداریی و دەستدرێژی. بەڵێنی بەخۆی دا، کە زەبر و زەنگی (تەیموور لەنگ) و زۆرداریی (جەنگیزخان) و وێران کردنی (هۆلاکۆ) بژێنێتەوە!... چەقۆی نایە سەر ملی هۆزەکەی خۆی و هەموو جۆرە زۆرێکی لێکردن. لەلایەکەوە لێی ئەدان. لەلایەکەوە لێی ئەکوشتن. لەلایەکی ترەوە لەلای فەرمانڕەوایی بەدناوی ئەکردن. بەوەش وازی نەهێنا هەندێکیانی لە کرد و کۆشی و گوزەرانی سەر بڵندانە بەربەست کردا... تەنانەت ئەو فەرمانبەرانەی کە لە هۆزی خۆی بوون و بەرەنگاریی زۆرداریی و چاوبرسێتی و بەدگۆیی ئەویان ئەکرد لە دەستی ڕزگاریان نەبوو، تێکۆشانیان بیری، ئاوارەیان کات، بیانخاتە بەندیخانەوە!...

یەکێ لە زۆردارییەکانی ئەوە بوو هەر کەسێ کار و فەرمانێکی بەکەڵکی بۆ خۆی بدۆزیایەوە، یان بچوایە گرەوی وەرگرتنی پرۆژەکانی فەرمانڕەواییەوە، یاخود بیویستایە سامانێک بۆ خۆی پێکەوەنێ، (بیوراسپ) بەرەنگاریی ئەکرد، هەڕەشەی لێ ئەکرد، جەزرەبەی پێ ئەگەیاند: بەکوشتن، بەبڕین، بەلێدان، بەخانوو سووتاندن، بەکەتن پێکردن، بۆ ئەمەی کەسی تر نەتوانێ بەربەرەکانێی بکا و سایە و پایە و مایە هەر بۆ خۆی بهێنێتەوە!...

بەم ڕەنگە (بیوراسپ) توانی پێوەندی دیلی و بەندەیی بخاتە پێی هۆزەکەیەوە. ئەم هێزەشی لە ڕۆژگاری کەچ ڕەفتار و هەژاری و نەخوێندەواری و دەردەداریی کۆمەڵەوە دەستکەوتبوو لەگەڵ فرۆفێڵبازی و چاوڕاوی بلیمەتانەی خۆیەوە!... ئەگەر تەماشای دەموچاوی تاک و تەرای هۆزەکەیت بکردایە بەئاشکرا ترس و لەرز و سستی و بێ کارەییت تیا ئەبینی!... بەم ڕەنگە ئەو هۆزە کلۆڵە بەترس و لەرزەوە ئەژیا. نەیان ئەوێرا، نە بەتاک و تەرا، نە بەکۆمەڵ هیچ کار و فەرمانێکی گرنگ و بەکەڵک بینێ تا گوزەرانی پێوە بکەن!... بەڵکو نەیانئەوێرا لە دەست زۆر و ستەمی (بیوراسپ) و دەس و پێوەند و هاوکارانی، لای فەرمانڕەوایی سکاڵای دەردی خۆیان بکەن!. ئەگەر بیانویستایە فرمانێک بینێ ئەبوو لە پێشەوە بەرتیلیان بەو بدایە!...

بەم ڕەنگە گەلێک ساڵ تێپەڕی...

بەڵام جیهانیش هەندێک گۆڕا...

هۆز چاوی کردەوە... ڕاستی و دروستیی بینی... کەمێکیش خۆی ڕاست کردەوە... ئینجا هێزی گرتەوە... لە پڕ هەستایە سەرپێ و داوای گێڕانەوەی مافی داگیرکراوی خۆی کردا... پاش ئەوە مەردانە و گورج و گۆڵانە ڕەنجی دا و تێکۆشا و بەرەنگاریی کرد تا لە شەڕی یەکەما بێ شەڕ و شۆڕ بێ کوشتن و بڕین سەرکەت!... زۆری پێ نەچوو پاوانەکەی خۆی لە دەست زۆرداری نەگریس سەندەوە!...

هەروەها ڕێگایەکی پان و فراوانی ڕاست و ڕەوانی بۆ ئازادی و سەربەستی پاشەڕۆژی خۆی کردەوە!... ئینجا بەهەڕەت تیژ بووە سەر داواکردنی بەشە خوراوەکانی تری. یەکێک لە تاک و تەراکانی ئەو هۆزە چووە ناو گرەوی بەمزگرتنی چایخانەیەکەوە کە ساڵەهای ساڵ بوو لە ترسی هەڕەشەی ئەو زۆردارە نەی

ئەوێرا لە شارەوانی (بلدیە) بیگری. ئەبوو زۆردارەکە لە شارەوانیی بگری، پاشان ئەویش بەمزێکی زۆر لە زۆردارەکەی بگرێتەوە!... بەڵام کە چاپچییەکە لەلایەن کاربەدەستانی فەرمانڕەواییەوە دڵنیا کرا و باوەڕی بەدادخواهی و نیشتمانپەروەرییان کرد، ترسی لە زۆردارەکە نەما، خۆی هاوێشتە پێشەوە و بەنرخێکی گەلێک هەرزانتر لە جاران و دووریش لە دیلی و بەندەیی بۆ زۆرداران، چاپخانەکەی لە شارەوانی وەرگرت. بەم ڕەنگە جارێکی تریش هۆز سەرکەوتەوە!...

ئینجا بێ پەروا دەستی دایە کار و فەرمانی چاک و بەکەڵک بۆ خۆی و بۆ هەمووان!؛ هۆز وردە وردە پێشکەوت و بووژایەوە و ئازادیی دەستکەوتەوە.

بۆ (بیوراسپ)ی بەڕێزیش ڕەنجەڕۆیی و شەرمەزاریی نەبێ هیچی تر نەمایەوە!؟.

بەڵێ. ئەگەر گەل بزانێ مافی خۆی چییە و چۆن داوای ئەکا و چۆن لە داواکردنیا مەردانە و گورج و گۆڵانە تێ ئەکۆشێ، ئەتوانێ، تاسەر، بەسەر هەموو زۆردارێکا سەرکەوێ!...

ئایا زۆردارەکانی ترمان لەم پەندە تێ ئەگەن؟!...

گوندی ئازاد

گوندی مەزن و لەژێر باری گرانی جووتە برای زۆردارا ئەینالاند. چونکە ئەبوو هەموو گوندییەک لەو گوندەدا، هەر ساڵێ چەند جارێک، سەرانە بەو دوو ئاغایە بدات!... جگە لەوە، ئەبوو لە کاتی ژنهێنانا پێشەکی سوورانەیان بداتێ!... ئەوی بییتە فەرمانبەری فەرمانڕەوایی هەمیسان بەرتیلیان بداتێ!... ئەوی ببیتە خۆشەویستی ناوخۆی و ئاغاکان بپارێزی هەموو دەم دیارییان پێشکەش بکات!...

چونکە ئەگەر وایان نەکردایە: نەیان ئەتوانی لەو فەرمانانەیان بمێننەوە!...

ئەمانە لەوێ بووەستێ. ئەبو دانیشتوانی گوند گەلێک شتی تریش بۆ ئاغاکانیان بکەن وەک: بێگار و باربوکردن و شەڕ بۆ کردن بەخۆڕاییی!... ئەگینا زەوییە فەرمانڕەواییەکانیان لەدەست ئەسێنرایەوە، فرمانە فەرمانڕەواییەکانیان لێ وەرگیرایەوە، هەروەها لە بەخششی رووخۆشی جووتە ئاغاش بێ بەش ئەمانەوە!...

بەم ڕەنگە ئەو گوندە بەسەزمانە، دەمێکی دوور و درێژ، لەژێر مۆتەکەی هەژاری و دیلی و بەندەیی ئەو دوو ئاغا بەرێزەدا مایەوە!...

بەڵام سەیر ئەوەیە، ئەو دوو ئاغایە، ئەو هێز و دەسەڵاتەیان بەهۆی فەرمانڕەواییەوە دەستکەوتبوو!؟... چونکە هەموو دەم هاتوچۆیان ئەکرد بۆ لای فەرمانبەران. دانیشتوانی گوندەکەیان وا چەواشە کردبوو کە فەرمانڕەوایی لە پشت هەردووکیانەوەیە. چییان لێ بکەن بۆیان ئەچێتە سەرا؟... ئاغاکان: یەکێکیان ڕەزەکانی فەرمانڕەوایی لە فەرمانڕەوایی وەرگرتبوو، بەمزێکی کەم. بەڵام خۆی بەمزێکی مەزن ئەیدایەوە بەلادێییەکان.

ئاغاکەی تریشیان ببووە فەرمانبەرێک زەوی و ڕازەکانی فەرمانڕەوایی ئەپارلست لەو گوندەدا. ئەو دوو ئاغایە کە چەند ساڵێک لەوە پێش کێچ لە باخەڵیاندا سەموزەڵەگیاغیان ئەگوت و کەسیش لە

دانیشتوانی ئەو گوندە سەری بۆ دانەئەنواندن و گوێی نەئەدانێ و سەرانەی پێ نەئەدان... بەهۆی ئەو دوو فەرمانەوە کە لە سەرەوە پێشانمان دان، وا خۆیان لە فەرمانبەران نزیک خستبووەوە، وا گوندییەکانیان چەواشە کردبوو ترساندبوویان، زۆری پێ نەچوو هێز و دەسەڵاتەکەی پێشوویان بۆ خۆیان گێڕایەوە و ئەو گوندییە بەسەزمانانەیان بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆیان ڕووت و نابوون و کز کردووە!... خۆیشیان گەیاندوە پلەی هەرە دەوڵەمەند و هەرە دەسەڵاتداری ئەو ناوە...!

بەم ڕەنگە لەگەڵ گوندییەکاندا: هەژارییان گۆڕییەوە بەدەوڵەمەندیی، بێ دەسەڵاتیشیان گۆڕییەوە بەگەورەیی!...

بەم ڕەنگە چەرخی ڕۆژگار چەند شاڵێکی وا ناخۆشی ڕابووراند بەسەر ئەو گوندە کاولەدا!...

بەڵام... زۆرداریی لە وزە دەرچوو!؟...

ڕۆژگار گۆڕا...

گوند چاوی کردەوە...

لە فەرمانبەرانی ئەو وەختەشا تاک و تەرا هۆگری دادخواهی و چاکی پەیدابوون...

گوند لە پڕ ڕاپەڕیی!؟...

لە پڕ هورووژمی هێنا!؟...

مافی خۆی لە فەرمانڕەوایی گەیاند و بێ شەڕ و بێ خوێن پێوەندی زۆرداریی پچڕاند!؟...

بەم ڕەنگە، سەرداریی گوند، کەوتەوە دەست دانیشتوانی گوند...

سەربەستی و ئازادییان بوونە پێشەنگ بۆ بووژانەوە و ڕزگارییان لە هەژاری و لە نەخوێندەواری و لە دەردەداری...

گوندی مەزن ئازادیی خۆی سەندەوە...

ئاغاکان ناچارمان بەسەر شۆڕییەوە دەست لە کاروباری گوندەکە بکێشنەوە...

بەم ڕەنگە ڕاستی و دروستی و دادخواهی سەرکەوتنەوە...

بەم ڕەنگەش گەلی نەژاد مەردایەتی و ئازادی پەروەریی خۆی نواندەوە!...

خەبات بۆ سەربەستی

هاوڕێی ئوێمان لە باوک و باپیریەوە دەسەڵاتێکی خواناسی بۆمابووەوە. بەڵام زیرەک بوو، زۆر تێگەیشت کە (شێخێتی) بەرەو نەمان ئەڕوا. هەروەها لە وزەشیا نییە کە لەم چەرخەدا سامانی زۆر و دەسەڵاتی گەورە بەرهەم بێنی... دەسی دایە (ئاغایەتی). زۆری دەس و پێوەند و ئۆتۆمبیل و تفەنگچی و گەلێک جووتیار و سەپان کە بەوەش وازی نەهێنا. هێرشی هێنایە ناو لاوە خوێندەوارەکانەوە توانی تا ئەندازەیەک گەلێک لەو لاوانە چەواشە کات!... بەڵام زۆری پێ نەچوو، تەڵەکەبازییەکەی دەرکەوت... دڵ و دەروون و نیازی ناپەسەندی لە توێی پەردەی شێخێتییە درۆزنەکەیەوە لە لاوان ئاشکرابوو!؟... لە پڕ

هێزی ڕاستی و دروستی و دادپەروەری و سەربەستییەکی گرت و بەسەرکردەیی لاوە تێگەیشتووە بەهێزەکانەوە دەرکەوت و سەرکەوت!... لەشکری (شێخ ئاغا) لە کۆڕی نەتەوە و نیشتماندا شکا و بەشپرزەیی و سەرشۆڕییەوە تەفروتونا بوو!...

بەم ڕەنگە کەڵەکی هاوڕێی نوێمان ڕووخا!... هەر کۆشش و پارەیەکیشی لەپێناو شکاندنی لەشکری گەلا بەختکردبوو بەفیڕۆچوو!... ئەممەش یەکەم جاری بوو لە ژیانیا کە هەستی بەگەورەیی (نەتەوە) و هێز و توانای (لاوی تێگەیشتوو) کردبێ!؟...

ئەم کارەساتەش لەوەوە ڕوویدا: کە لاوەکان ویستیان ئاهەنگێک بگێڕن بەبۆنەی جەژنێکی نەتەوە. (شێخ ئاغا) بۆ کەڵکی ناپەسەندی خۆی هەندێ لە کۆنەپەرست و کاربەدەستانی لە نەتەوە ورووژاند. گەلێک بەرهەڵست و کۆسپیشی خستە بەر ڕێگای گەل تا ئەم ئاهەنگە نەکا!...

بەڵام... ئاهەنگ هەر کرا!... لاوان سەرکەوتن و ئەو سەرنەکەوت!.

بەڵێ... ڕاستە، پاشەجار، ئەو توانی هەندێ لەو لاوانە بدا بەکوشت، هەندێکیشیان بەهۆی فەرمانڕەواییەوە بخاتە زیندانەوە... بەڵام ئێستاش لاوەکان چاویان لەوە نەترساوە. هەر بەهەڕەتی نیشتمانپەروەرییەوە خەبات ئەکەن بۆ گەیشتن بەئامانجی سەربەستی!...

ئێستاش وەک ئەو ساڵە، هەموو ساڵێک، ئاهەنگ بەو جەژنە پیرۆزەوە ئەکەن و پەروا لە پەنگ و پەراوێز و تەڵەکەبازیی کاکی بەڕێزمان ناکەن!؟.

دوژمنی خوێندنگا

گوندەکە گەورە بوو... جوان بوو. ئاو و بای سازگار بوو. پڕ بوو لە کانیاو و دار و درەخت و میوەهات، بەڵام بەهۆی شێخی بەڕێزەوە، لەژێر بارێکی گرانی زۆر و ستەمابوو!...

شێخ بەهۆی دەسەڵاتی باوک و باپیریەوە، فەرمانڕەوایی بەسەر دانیشتوانی گوندە کلۆڵەکەی خۆیا ئەکرد. لەژێر پەردەی خواناسیدا ڕووت و قووتی کردبوونەوە!...

بەڵێ شێخ تەکیە و خانەقا و دەروێش و ڕستە (تسبیح) و ڕیش و مێزەر و لبادەی هەبوو!؟. بەڵام ئەمانە هەمووی وەک پەردەیەکی تەنک وابوون، پیاوی هۆشیار و تێگەیشتوو لەژێریەوە ئەیبینی کە بەچە جۆرێک شێخی بەڕێز ئەو گوندە بەسەزمانانە ئەڕوتێنێتەوە و ئەچەوسێنێتەوە!... شێخ پەروای ئەبوو لە هیچ. باکی ئەبوو لە کەس. دەمێک بەفروفێڵ و چاوڕا و، دەمێکیش بەکوشتن و بڕینی نهێنییەوە کە لەو گوندی بەسەرگەردانانەی ئەکرد، مەبەس و ئارەزووی دڕندانەی خۆی ئەبردەسەرا!؟.

لە وتارەکانی پێشومدا باسی هەندێک زۆردارانم کرد، لە ئاغا و شێخەکان، لام وایە پێویست ناکات دووبارە باسیان بکەمەوە. چونکە لایەکی گەورەی ژیانی شێخ، ئاغایەتی بوو!... بەڵام لایەکەی تری ژیانی شێخ بۆ ئەوە تەرخانکرابوو، کە بیری بەرز و سەربەست، بەربەست بکا. بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لە گوندەکەیا بەرەنگاری بکا!... گەلێک جار فەرمانبەرە دڵسۆزەکان ویستبویان لە گوندەکەی (شێخ)دا خوێندنگا بکەنەوە، بەڵام بۆیان نەچووبووە سەرا.

چونکە شێخ بەرەنگاریی کردنەوەی خوێندنگای ئەکرد. تەگەرەی ئەهێنایە بەر... جارێک بەناوی خواناسییەوە، جارێکیش بەناوی شتی ترەوە، فروفێلێکی رێک ئەخست نەی ئەهێشت بکرێتەوە!... داخەکەم جاری واش هەبوو گوندییەکان خۆشیان لەوەدا، پشتی شێخیان ئەگرت!... چونکە چاویان نەکرابووەوە تا کەڵکی خوێندەواری بزانن!...

بەڵام کاری شێخ ڕاست بێ، بەهۆی زەبر و زەنگ و زۆروستەمی خۆی و کوردەکانیەوە، دانیشتوانی گوندەکەی وریاکردەوە. چاویانی کردەوە. ئینجا گوێیان دایە بانگی یەکێک لە فەرمانبەرە دڵسۆزەکان... بەدەنگیەوە چوون... واتا بڕوایان پێ کرد کە خوێندنگا بۆیان بەکەڵکە. ئینجا هەموو بەجارێک داوای کردنەوەی خوێندنگایەکیان لە فەرمانڕەوایی کرد، شێخ هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێ گەلێک کۆسپ و بەرهەڵست بخاتە بەر ئەو فەرمانبەرە و گوندییەکان، تا لە کردنەوەی خوێندنگاکەدا سەرنەکەون!.

بەڵام خەباتی پیرۆزی شێخی بەڕیز بەفیڕۆچوو!...

فەرمانبەر و گوندییەکان گەیشتنە ئامانج...

خوێندنگا کرایەوە...

شاگردان، پۆڵ، پۆڵ، ڕژانە ناویانەوە...

گەشی و دڵخۆشی و ڕۆشنایی کەوتە گوندەوە...

شێخیش شەرمەزاری نەبێ، هیچی تری بۆ نەمایەوە!...

لە پاش چەند مانگێک مێژوو (تأریخ) هەستایە سەرپێ و قاقا پێکەنی!.

چونکە لەلایەکەوە تەکیەیەک و شێخێتییەکی درۆی ئەبینی، لە باتی ئایینی ڕاستەقینە، ڕێژگاوی و فروفێڵی، بەناوی خواناسییەوە بڵاو ئەکردەوە!... کە لە ڕاستیا خواناسی بەرەنگاری ئەو ڕێژگاوی و فروفێڵانە ئەکات!...

لەلایەکی تریشەوە خوێندنگایەکی گورج و گۆڵ و وریای ئەدیی: خوێندەواری و ڕەوشت و کردەوەی پاک و نیشتمانپەروەری و جیهانپەروەری و خواناسیی ڕاستەقینەی بڵاو ئەکردەوە بەناو گوندییەکاندا، ڕێگای ژیانێکی پڕ ئازادی و کامەرانیشی بۆ ڕۆشن ئەکردنەوە!...

دالپەرومران

پەردەی یەکەم

(١)

(جێگا: دیوەخانەیەکی کوردانەیە. سەردار بەگ، جوامێر ئاغا، مەلا پیرۆت، شێخ وەیس، حاجی شوکل، بارام ئەفەندی دانیشتوون، فەرهادی نۆکەریش لە پشت دەرگاکەوە ڕاوەستاوە).

سەردار بەگ: برا خۆشەویستەکان، سەرچاو هاتن، شەوتان باش.

هەموو بەیەک دەنگ: سوپاست ئەکەین. خوا خۆشت کات. بەخۆشی هاتیتەوە.

جوامێر ئاغا: ئۆخەی، سەد ئۆخەی، کە خوا تۆی بەتەندروستی و سەرئەفرازییەوە بۆ هێنایینەوە. بەڕاستی سەردار بەگ زۆر بیرمان ئەکردیت. نۆ مانگ بوو، هەموو، بەتاسوقەوە چاوەڕوانیمان ئەکردیت. لە بریتی هەموو براکان پیرۆزبایت لێ ئەکەم.

سەردار بەگ: سوپاستان ئەکەم براکان. بەڕاستی منیش زۆر بیرم ئەکردن. بەڵام داخەکەم زۆر کزتان ئەبینم. کسپەم لە جەرگەوە دێ. پێم نالێن بۆ چ گەشی و ڕووخۆشییەکەی جارانتان نەماوە؟.

جوامێر ئاغا: چی بێ لە تۆ نهێنی بێ. دەردێک داکەوتە ناو پەزەکانمەوە هەمووی کوشتن. دەغڵەکانیشم ئەمساڵ هیچ بڕشتیان نەبوو، وەختە تابینا قاقام بکەوێتە دەستیا و (قرض)ەوە.

مەلا پیرۆرت: منیش لێت ناشارمەوە لەم ماوەیەدا کە تۆ لێرە نەبووی کوڕە گەورەکەم بوو بەژێر ئۆتۆمبێلەوە، مرد. جا کەسم بەدەستەوە نەماوە کە یارمەتییەکم بدا لە گوزەراندا.

شێخ وەیس: بەڕاستی ئەوی لە من قەوماوە یاخوا لە کەس نەقەومێ!... دوو مانگ لەمەوپێش ئاگرێک بەردرایە خانووەکەمان. هەرچییەک خوا پێیدابووم سووتا. هەر خۆمان بەبێ وەی ڕزگارمان بوو!...

حاجی شوکل: بەگم لەمە زۆرتر چیم بەسەربێ؟! سێ مانگ لەمەو پێش هەرچیم هەبوو لەدوکانەکەما دز بردیی!... بەڕاستی کەوتوومەتە سەر ساجی عەلی!... وەختە جەرگم بەربێتە خوارەوە.

بارام ئەفەندی: پاش تۆ ئەوەندەی پێ نەچوو، فەرمانڕەوایی دەستی لە فەرمان کێشامەوە. لەوساوە تا ئێستا منیش دەستە ئەژنۆ دانیشتووم. بەکوڵەمەرگی، بەموچەیەکی کەم ئەژیم. ڕووتی و برسێتی سەریان کردۆتە خۆم و منداڵم.

فەرهادی نۆکەر: (لەبەرخۆیەوە) ئێوە هەروا زۆردارین خوایش واتان بەسەر ئەهێنێ!...

سەردار بەگ: داخەکەم نە ئێوە، نە من، هیچمان لەم ماوە کەمەدا، لە دەست کارەساتی ناخۆشی ڕۆژگار ڕزگارمان نەبووە. بەڵام بڕوام پێ بفەرموون، ئەوی بەسەرمندا هاتووە، بەسەر کەستاندا نەهاتووە. ژنە خۆشەویستەکەم لە ڕێگا گیانی بەخاک سپارد. خۆیشم تووشی شەڕێک بووم، سێ مانگ خرامە بەندیخانەوە. پاش ئەوە تووشی دوو نەخۆشی گەورەش هاتم. ناچار مام نەشتەرکاریی خۆم بکەم. ئینجا دوو مانگ لە خەستەخانەدا مامەوە تا چاک بوومەوە. هەر

پارەیەکم لەگەڵ خۆم بردبوو، بۆ گەشتوگوزاری ئەوروپا و خۆش ڕابواردن، لە ئەنجاما بەفیڕۆ ڕۆی!.

جوامێر ئاغا: لەگەڵ ئەمەشا، من وام دێتە پێش چاو کە تەندروستی و شۆخ و شەنگیی ئێستات لە هی پێش ڕۆیشتنت چاکتربێ. پێویستە ڕازی ئەمەمان پێ بڵێیت، سەردار بەگ، ئەگین قسان دەکەین!...

سەردار بەگ: (بەپێ کەنینەوە)، براشیرینەکان ئەمە ڕازێکی خواییە. هەڵبەت ئێستا لە پێشووم چاکترم بۆیە بەخوا وا چاکی بۆ کردووم!... من ئامادەم ئەو ڕازەتان پێ بڵێم. بەڵام بەخوا پێتان ناڵێم تا بەڵێنم نەدەنێ هەرچیتان پێ ئەڵێم بەگوێم بکەن.

هەموو بەیەک دەنگ: دەفەرموو پێمان بڵێ بەسەرچاو بەگوێت ئەکەین.

سەردار بەگ: براکانم، تا ئەو شار و دێهاتانەی خاکی ڕۆژئاوایەم نەدی، لە جیهان و خواناسی و چاکی و پیاوەتی و نیشتمانپەروەریی تێ نەگەیشتم. تا ئەو هەموو دەرد و ئازارانەشم نەچێشت نەهاتمەوە هۆش خۆم و تێ نەگەیشتم کە چۆن ژیانمان بەفیڕۆ چووە!. ئەوەندەی نەمابوو گیانم دەرچێ. لە شەوێک لەو شەوانەدا کە لە تاو ئازاری دڵ و لەشم لە گیانی خۆم وەڕس بووبووم، وەک سینەما هەموو ژیانی بێ فەرانەی خۆم هاتەوە پێش چاو. ئینجا تێ گەیشتم کە هۆی ئەو دڵتەنگی و سەرگەردانیانەم: ئەو خۆپەرستی و خراپیانەی خۆم بووە! لە ترسی خوا، لەپڕ، دڵم ڕاچەنی و لەشم دەسی کرد بەلەرزین!... ئەم ئەزانی، کە مردم، بەچەرویەکەوە بچمە بەردەمی خوای پاکیی بێ هاوتا!...

بەڵام، لەپڕ، شتێکی بچووکم بەدڵدا هات... بڕیارم لەسەردا... کاتێکم زانی دڵم ڕۆشن بووەوە... بووژامەوە... گەشی و خۆشی کەوتە لەشمەوە!.

ئەو شتەش ئەوەبوو، بڕیارم دا: «کە ئیتر واز لە خۆپەرستی و خراپیی خۆم بهێنم... خوا بناسم... ڕێگای چاکەش بگرمەبەر... هەتا ماویشم، تا لە توانامابێ، بۆ کەڵکی نەتەوە و نیشتمان تێ بکۆشم»!... تا ئەو گوناه و تاوانانەی خۆم لەگەڵ نەتەوە و نیشتماندا کردومە بەچاکە بیان سڕمەوە. هەروەها پاداشتی خواییش بەچاکەکردن لەگەڵ نەتەوە و نیشتمانە ئازدارەکەما بکرم.

ئینجا برا شیرینەکان، ئەو خوا ناسین و بیروباوەڕ و بڕیارە بوو کە کاری کردە سەر لەش و هۆشم و چاکی کردمەوە. ئەم گەشی و ڕووخۆشییەشم کە ئێوە ئەیبینن لە سایەی بەجێهێنانی ئەو بڕیارەوەیە.

مەلا پیرۆت: بەڕاستی سەردار بەگ نیاز و بڕیارەکەت ڕاست و جوان و پەسەندن. خوا سەر ئەفرازت کات. ئەی ئێمەش بۆ چ وەک تۆ نەکەین؟ خۆ، لەپێی خۆمان، لە تۆ کەمترمان نەکردوە و بەسەر پشمان نەهاتووە!...

سەردار بەگ: براکانم! پێشنیار (إقتراح)ەکەی منیش ئەمەیە: بام سبەی شەویش لێرە کۆببینەوە. ئەوسا هەریەکەمان لەبەردەم هەمووماندا پێ لە بەسەرهات و کردەوەی خراپی خۆی بنێ. لە بریتیی ئەمەی -هەروەکو جاران ئەمان کرد- ناوی ئەم و ئەو بەخراپی بهێنین و بەند و باویان بۆ دەرکەین

و لای فەرمانڕەوایی بەدگۆییان بۆ بکەین یاخود تەڵەیان بۆ بنێینەوە تا تووشی داوێکیان بکەین... لە بریتی ئەمەی بەو شتە ناخۆش و ناشایستانەوە دڵی خۆمان تەنگ بکەین و خۆمان تووشی تۆڵەسەندنەوەی ئەتەوە و سزای خوایی بکەین... بەڵێ لە بڕێتیی ئەمانە بام پێ لە خراپی خۆمان بنێین و کردەوەی خۆمان ڕاستکەینەوە و چاکە لەگەڵ هەمووکەسدا بکەین، بەڵکو خوا لە پاداشتی ئەمەدا بمانبەخشی و چاکەشمان بداتەوە و بشمانخاتەوە سەر دۆخی جاران.

هەموو بەیەک دەنگ: قەت قسە لەمە چاکتر نەبووە. خراپە و دوژمنایەتی لە خراپە بەولاوە هیچیتریان لێ پەیدا نابێ. بەگوێت ئەکەین.

هەموو بەیەک دەنگ: سوپاست ئەکەین سەردار بەگ.

فەرهادی نۆکەر: بەگم لە دەرەوە پیاوێکی کەڵەگەتی چوار شانەی پیری سەروچاو جوان حەز ئەکا بتانبینی ئەم نامەیەشی بۆ هێناوی (نامەکە ئەداتە دەست سەردار بەگ، لێی وەردەگرێ) ڕێ هەیە بێتە ژوورەوە؟.

سەردار بەگ: (نامەکە ئەخوێنێتەوە) «برا خۆشەویستەکەم. سەردار بەگ. ڕۆژتان باش. بەیادی ئەو چەند ڕۆژە خۆشەوە کە لە ئەورووپادا پێکەوە ڕامانبوارد، ئەوا لەسەر بەڵێنەکەی خۆم، نووسەری گەورە و ڕۆژنامەنووسی نیشتمانپەروەر مامۆستا بلەچ شێرکۆ پێشکەش کردن. بەمەبەستێکی پاک و بڵندەوە هاتووتە لاتان. تکایە بیناسن و ڕێزی لێ بگرن. هیواداریشم کە لە بیروباوەڕ و کردارە بەنرخەکانی کەڵک وەرگرن. چاوەڕوانی مژدەی خۆشتان ئەکەم. ئیتر خۆشیتان گیانەکەم. برات: جەمشید.»

فەرهاد پێی بڵێ بام بفەرموێ.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: (دێتە ژوورەوە). شەوتان باش. خۆش هاتن براگیان.

(یەک بەیەک دەستی ئەگوشن و خۆیانی پێشکەشی ئەکەن. دائەنیشنەوە).

(ئینجا فەرهاد خەریک ئەبێ جگەرە و چاو قاوە و دیاری و میوەیان پێشکەش ئەکا.

(پەردە دائەدرێتەوە)

پەردەی دووەم

(٢)

(جێگا: دیواخانەیەکی کوردانەیە. سەردار بەگ، جوامێرئاغا، مەلا پیرۆت، شێخ وەیس، حاجی شوکل، بارام ئەفەندی، مامۆستا بلەچ دانیشتوون. نۆکەرێکیش فەرهاد ناو لە پشت دەرگاکەوە بەپێوە ڕاوەستاوە).

سەردار بەگ: براکان ئەوا من لەسەر بەڵێنی دوێنێ شەومان پێ لە خراپەکانی خۆم ئەنێم. ئایا ئێوەیش ئامادەن بەڵێنەکەتان بهێننە جێ؟

هەموو بەیەک دەنگ: بەڵێ ئامادەین. فەرموو تۆ دەس پێ بکە.

سەردار بەگ: من لە کانی دڵمەوە حەز لە کەش و فش ئەکەم. کە یەکێک بانگم بکا و نەڵێ (بەگ) بەدڵ زیز ئەبم. کە لەگەڵ خەڵکا ئەڕۆم، حەز ئەکەم پێشیان کەوم. کە لە شوێنێکا لە گەڵیاندا دائەنیشم حەز ئەکەم سەرویان کەوم. نانی شەویشم نەبێ، خۆم پۆشتە و پەرداخ پێشان ئەدەم. بەکولەمەرگیش بێ، هەر ئەبێ دوو نۆکەر پەیدا بکەم، تا لە پشتمەوە بڕۆن و فەرمانم جێبەجێ بکەن. کەس لە خۆم بەگەورەتر نازانم. هەر کەسێ بەدڵم نەجووڵایەوە بەچاک و خراپ بەگژیا ئەچم، قسەی ڕەقی پێ ئەڵێم. ئەگەر لە برسا بمرم و پێم ناشیرینە وەک خەڵک کار و فەرمان بکەم و خۆم بژێنم. حەز ئەکەم فەرمانێک ببینم. ناویانگی تیابێ، بێ ئەرک بێ، ئاسودەبێ، بۆ کەس خۆم ماندوو نەکەم، بەڵام هەموو کەس خۆی بۆ من ماندوو بکا!... جا لە ڕووی ئەم خۆپەرستی و لووت بەرزییەوە گەلێک جار تووشی گێرە و کێشە و تەنگ و چەڵەمە بووم، بەزۆریش وەختم بەدڵ تەنگی ڕائەبوێرم. جار جارێکیش کە زۆر ئەکەومە تەنگانەوە، شەرمەزاری خۆم و خەڵک و خوا ئەبم و لە خوا ئەخازم کە یان کردەوە و ڕەوشتم ڕاستکاتەوە، یاخود بم کوژێ!... جا کە خۆم وەهابم شوورەیی نییە ناوی خەڵک بەخراپە بەرم؟!.

فەرهادی نۆکەر: بەڵێ بەخوا شوورەییییە!.

هەموویان بەیەک دەنگ: ها ها ها!...

جوامێر ئاغا: منیش وەنەبێ لە (سەردار بەگ) چاکتربم. بەڵکو پێی لێ ئەنێم کە خراپترم. ئەم لادێییە ڕەش و ڕووتانە شەو و ڕۆژشان و قۆڵ ئەکوتن ک دەرامەتێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن. بەڵام من وەک کوللە بەر ئەبمەگیانیان. هەرچییەک پەیدا ئەکەن نیوەیان بەفرۆفێڵ لێ ئەسێنم. کە میوان هاتن: ئەیان نێرمە سەر ورگی ئەوان. کە پارەم پێویست بوو: لە وانی کۆنەکەمەوە، هیچیشیان نادەمەوە. کە ژن بهێنن، یان بێ دڵیم بکەن، یان مەڕومالات و دەغڵودان بەرهەم بهێنن: باجی خۆمیان لێ ئەستێنم. هەر وەختێکیش شەرم بوو، بەتفەنگی خۆیان شەڕیان پێ ئەکەم. ئەمە جگە لە هەرەوەز پێکردن و دارکاری کردن و ئەتک پێ کردن. لەگەڵ ئەمەشا کە ئەزانم ئەم کڵۆڵانە هەموو هەژار و داماو و شپرزەی دەستی منن، بەزەییەکم پیایاندا نایەتەوە.

نە تێ ئەکۆشم بۆ حەسانەوەیەکیان، نە بۆ خوێندەواری و تەندروستی و پێشکەوتن و بووژانەوەیەکیان. جا لەم ڕووەوە خۆیشم بەرەبەرە کەوتوومەتە ماڵوێرانی و سەرگەردانییەوە. شەو و ڕۆژ بیر لە چارەڕەشیی خۆم ئەکەمەوە. تازە وا لەم ڕۆژانەدا هۆشم هاتووەتەوە سەر خۆم، کە تێ ئەگەم نەخۆشی و خەفەتباری و دەستکورتی و دوژمنداریی خۆم، هەموی، لە ڕووی ئەم زۆرداریانەوەیە کە لەگەڵ ئەو لادێییە بەسەزمانانەدا کردوومە. تازە وا هەست بەخراپیی خۆم ئەکەم و لەبەردەم خوادا شەرمەزاریی ئەمگرێ!

جا کە ئەکەومە تەنگانەوە لە خوا ئەپاڕێمەوە: یان چاکم کاتەوە، یاخود لەناوم بەرێ؛ تا خۆیشم و ئەو لادێییە کڵۆڵانەش لە دەست ئەم ئازار و نەخۆشییە ڕزگارمان بێ.

جا توخوا شوورەیی نییە کە لەسەر خراپیی خۆما ناوی خەڵک بەخراپە بەرم!...

فەرهادی نۆکەر: ئەی دەمت خۆش ئاغا. کەواتە بەم زووانە زەوییەکەی لە نەنکمت داگیر کرد ئەیدەیتەوە.

هەموو بەیەک دەنگ: ها ها ها!...

شێخ وەیس: قەت من پەیڕەوی باوک و باپیری خۆم نەکردووە. ئەوان خوێندەواری تەواو، خواناسی تەواو، سەرکردەی گەلەکەی خۆیان بوون. بەڵام، من، ئەوەی ئەوان پێکیانەوە نابوو لە سامان و جێگا و ناوونیشان، لە ناوم بردا... بەدیمەن وەک ئەوان بووم. بەڵام لە پێستی مەڕا گورگێکی دڕندەبووم!... تا توانیم چاوەڕاو و فروفێڵم لە ناشی و نەزانان کرد. داوێن پیسیم کرد. دزی و درۆزنیم کرد. زۆرداریم لە هەژاران کرد. ئەوی بەدڵم نەجولایەوە بەخۆڕایی بەدناوم کرد، یان پێم ئەگوت دەسی بۆ ژنی خەڵک بردووە، یاخود ئەمگوت جوێنی بەخوا و پێغەمبەر و ئایین داوە!... بەکورتی بووبوومە یەکەم گزیری شەیتان و نەتەوەم بەرەو خراپی و ناپاکی ئەبردا... جا تا بەجارێ نوقمی دەستکورتی و نابوتی و سووکی نەبووم، هۆشم نەهاتەوە بەرخۆم!... ئاخ شەرمەزاری خوا و خۆم و باووباپیری خۆم!... کاشکی هەر نەهاتمایە جیهانەوە!... جا کە خۆم بەم جۆرە بووبم، شوورەیی نییە ناوی کەس بەخراپە بێنم!...

فەرهادی نۆکەر: دە نوشتەیەکیش بۆ خۆت بکە بەڵکو پێی چاک ببێتەوە!...

مەلا پیرۆت: (لە خواناسیا شەرم نییە) بەمنیش (مەلا) ئەڵێن... یاخود خۆم بەخۆم ئەڵێم (مەلا)!... بەڵام لە ڕاستیا من مەلای لابەلام!... مەرەکەب... و قاقەز چەرمەگام!... ئەگین کە خوێندەوارنیم بۆ چ ئەڵێم خوێندەوارم؟!.

بۆ چ ئەم هەموو کەسە بەمێزەرێک و ڕستەیەک و ڕیشێک و سیواکێک چەواشە ئەکەم؟!

مەلا ئەوەتا: تا ئەتوانی بخوێنیتەوە، بکوڵێتەوە، لە خوا و یاسای خوایی بیر بکاتەوە. مەلا ئەوەتا: دڵ و زوبان و دەستی یەکبێ، قسە و کردەوەی یەک بگرێتەوە، هەرچی ئەکا لە یاسای خوایی نەچێتە دەرەوە، بیری نەتەوە ڕۆشن بکاتەوە، وریایان بکاتەوە، بیانخاتە سەر ڕێگەی چاکی و خۆشی و کامەرانی.

بەڵام من تا (فەقێ) بووم نانی خۆم بەدەقنە و ڕاتو پێک ئەهێنا. سەرشۆڕیم بۆ هەموو کەسێک ئەنواند کە پوڵ و پارەیەک، یان پارچەنانێکی پێ ببەخشیمایە. قەت بەبیرما نەئەهات فرمانێک بۆ خۆم بدۆزمەوە. تا خۆمی پێوە بەڕێوە بەرم و ئیتر بێزم نەیەت ئەمەندە دەست لەم و لەو پان کەمەوە!...

کەی زانست و هونەر و خواناسین سەرشۆڕی سەرکزی پەسەند ئەکات؟ کە بووشم بەمەلا، هەر چاوم لە خەڵات و بەرات و سەرفترەی ئەم و ئەو بوو. بۆ ئەمەی نانی خۆم نەبڕم، مەرایی و دووریی و درۆزنیم بۆ هەزار دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران ئەکرد. کەی خواناس چاوی لە تفەنگ و شیر و تیر ترساوە؟! کەی بەزەبری پوڵ و پارە نوشتاوەتەوە؟!. تا ئێستایش لەگەڵ مەلایەتییەکەما فرمانێکم نەدۆزیوەتەوە بۆ خۆم کە بەناوچەوان بەرزی و سەربەفرازییەوە نانێک بۆ خۆم پەیدا بکەم!... هێشتا هەر چاوم لە دەست ئەم و ئەوەوەیە!... باوکیشم مەلایەک بووە: هەموو ئاغا و بەگ و حاجییەکان لێی سڵەمیونەتەوە. لە ترسی ئەو

نەیان وێراوە خراپە لەگەڵ کەسا بکەن!... بەنان بدەیی و چاکەکردن لەگەڵ ئەم و ئەوا هەموو کەسێکی وەکو ئەموستیلە خستبووە پەنجەیەوە!... ئەی دەستی شکاوم بۆ ئەم ڕۆژە ڕەشە کە خۆم تێ خستووە. کاشکی هەر لە دایک نەبوومایە!.

جا منێک کە ئاوەها گوناهباریم لە بەرامبەر خوادا، ڕەوایە کە ناوی کەس بەخراپە بێنم؟!.

فەرهادی نۆکەر: نە ،. من بوومایە لە جیاتی تۆ شەپقەم لەسەر ئەکرد!.

هەموو بەیەک دەنگ: ها ها ها! خوا بتگرێ فەرهاد بۆ خۆت و قسەت!...

حاجی شوکل: پاش ئەوەی گەلێک جووتیاری و کرێکاریم کرد بووم بەسەرکاری ئاغایەک کە زۆر لەگەڵم باش بوو. لەگەڵ ئەوەشا تا پێم کرا دزیم لەویش و لە لادێییەکانیش کرد. زۆری پێ نەچوو دەوڵەمەند بووم. بەڵام لەبەر سپڵەیی خۆم لەو ئاغا باشەم جیابوومەوە. چووم دوکانێکم کردەوە. بۆ ئەمەی، لە کڕین و فرۆشتنا، باشتر بتوانم هەژار و ناشییەکان چەواشە بکەم حەجێکم کرد. ئینجا کەشیدەیەکی زلی ڕەنگ زەردی زەرقیم بەسەرمەوە بەست. پاشان بەهەڵلا و بەزمێکی گەورەوە گەڕامەوە گوندی خۆم و حاجییەکەی خۆم لە گوندییەکان گەیاند. نانێکی زۆرم بەشییەوە. دیارییەکی زۆرم نارد بۆ ئەم و ئەو. ئینجا بەئاهەنگێکی پڕ لە تەپڵ و دەفەوە حاجیەتییەکەی خۆم بۆ هەمووان ئاشکرا کرد!...

هەموو کەس وا تێگەیشت کە ڕێی چاکەم گرتبووە بەرا... ئەهاتن شتم لێ بکڕن. بەڵام، من، هەم لە کڕینا، هەم لە فرۆشتنا گزیم لێ ئەکردن!... کەچی بەحەجەکەم سوێندم بۆ ئەخواردن کە لە نرخا درۆیان لەگەڵ ناکەم!... یان لە کێشانەدا گزییان لێ ناکەم!...

دەوڵەمەندی ڕووی تێ کردم!؟

بەڵام خوا تۆڵەی هەژار و بەسەزمانانی لێ کردمەوە!...

جارێک دز. جارێک زۆردار. جارێک نەخۆشیی بۆ ئەناردم هەتا سامانەکەم هەمووی لە دەست چووەوە. ڕیسوایی و خەفەتباریش سەری تێ کردمەوە. وا بیر لەوە ئەکەمەوە کە جارێکی تر بچمەوە لای ئەو ئاغا باشەم! بەڵام نازانم، بەچە ڕوویەکەوە بچمەوە لای؟ یان بەچە ڕوویەکیشەوە ژێردەستی پەسەند بکەمەوە؟!. جا کە خۆم وەهابم ڕەوایە ناوی کەسی تر بەخراپە بێنم؟!.

فەرهادی نۆکەر: نە بەخوا. هەر خۆت بەخۆت بێ!...

هەموو بەیەک دەنگ: ها ها ها! هەتیو فەرهاد وس! تۆیش بەشێکی ئەوت پێوەیە!...

بارام ئەفەندی: من پێی لێ ئەنێم کە گوناهی من لە هی هەمووتان گەورەترە. چونکە تا شاگرد بوم و ئەم خوێند لە خوێندنگاکاندا قسەم لە هەموو کەسێک ئەکرد کە خراپەی لەگەڵ نەتەوە و نیشتمانەکەما ئەکرد. لێیان ئەدوام. ئەچووم بەگژیاندا. کەچی کە لە خوێندن بوومەوە و هاتمە سەر کورسیی فەرمانڕەوایی، نە نیشتمان لە بیرم ما، نە گەل لە بیرم ما!... هەر خەریکی بەزم و ڕەزم و قومار و هەتیوبازی و مێبازی خۆم بووم!... هەتا توانیم زۆرم کرد لە بێکەس و هەژاران و

لام کردەوە لە دەوڵەمەند و زۆرداران. تا پێم کرا بەرتیلم وەرگرت و ناوچەکانی خۆم وێران کرد و دانیشتوانی ناوچەکەم نابوت و سەرگەردان کرد. خێزان و خزم و دۆست و گەل و نیشتمانم، هەموو، فرۆشت بۆ کەیف و بەزمی خۆم! هەتا ڕۆژگاریش لێم وەرنەگەڕایەوە و سەرنەنگریی نەکردم هۆشیار نەبوومەوە!... تا ناوونیشانم نەچوو، سامانم نەچوو، فرمانیشم لە دەست دەرنەچوو نەهاتمەوە هۆش خۆم و تێ نەگەیشتم کە چیم کردووە بەخۆم! هەی ڕوو ڕەش خۆم!؟.

جا کە منیش ئەوەهابم، ئیتر چۆن ڕووم بێ ناوی کەس بەخراپە بێنم؟!...

فەرهادی نۆکەر: ئەفەندی مسگەرت ناوێ بۆت بێنم!.

هەموو بەیەک دەنگ: ها ها ها! هەتیو نابێ ئابڕوت بێ؟!.

سەردار بەگ: فەرهاد! کوڕم وەرە جگەرەمان بدەرێ چایان بۆ بێنە. پاشان نانمان بۆ تێکەن. ماندووبووین بام بحەسێینەوە.

فەرهادی نۆکەر: باشە بەگم. (جگەرەیان ئەداتێ. چایان بۆ ئەهێنێ).

سەردار بەگ: ها برا خۆشەویستەکان، ئیمشەوتان چۆن هاتە پێش چاو؟ ئایا لەو شەوانە خۆشتر نەبوو کە ناوی ئەم و ئەومان بەخراپە ئەهێنا؟ داومان بۆ ئەم و ئەو ئەنایەوە؟!.

هەموو بەیەک دەنگ: بەڕاستی شەوێکی ناوازە و خۆشمان ڕابوارد. بەتەواوەتی دڵمان خاوێن بووەوە، گەشایەوە، چونکە ڕووناکی خوای تێکەوت کە ئەویش ڕاستی و خۆشەویستیی گشتی و بێ نان لە گوناهی خۆمانە بەمەبەسی خۆ ڕاستکردنەوە.

سەردار بەگ: مامۆستا بلەچ شێرکۆی بەڕێز، تکایە لە بیروباوەڕ و ئامۆژگارییە نایابەکانت بێ بەشمان مەفەرموو.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: برا گەورەکان! نازانم بەچە زوبانێک سوپاستان بکەم کە ڕاز و نهێنیی خۆتان لەبەردەم کابرایەکی ئاوارە و بێچارە و نەناسراوی وەک منا ئاشکرا کرد. هەروەها نازانم بەچە زوبانێک سوپاسی خوای بێ هاوتا بکەم کە لە پێش مردنا بەم ئاواتە بەرزەی گەیاندم، کە گەورە و دەسەڵاتدارانی کورد ببینم، لە ڕووی نەژادی و دڵپاکی خۆیانەوە بێ لە گوناهەکانی خۆیان بنێن و پەشیمان بنەوە لەو کەمتەرخەمی و کردەوە خراپانەی کە دەربارەی نەتەوەی مەردی خۆیان کردووە. لەم دەمودەستەدا، هەر ئەوەندەم لەدەست دێ کە پیرۆزباییتان لێ بکەم و پڕ بەدڵیش لە خوای مەزن بپاڕێمەوە کە لەم نیازە پاکەتاندا پشتتان بگرێ و کۆمەکیتان بکات و سەرتان خات، تا لە ژیانتاندا کامەرانیی ڕاستەقینەی خۆتان و گەلی نەژادی کورد بچێژن.

برا بەڕێزەکان! من خۆیشم یەکێک بووم وەک ئێوە. هیچ بەزم و ڕەزمێک نەما لە جیهاندا نەیبینم. هیچ خۆشی و شرینییەکی ژیانیش نەما نەیچێژم. بەڵام هیچی نەگەیشتە ئەو کامەرانییەی کە لە یارمەتیدانی کۆمەڵا دەستم کەوت. بەڵێ گەورەیی ڕاستەقینە، کامەرانیی ڕاستەقینە، هەمووی لەوەدا دەست ئەکەویت کە پیاو ڕەنج بدا بۆ پێشکەوتنی نەتەوەی خۆی و تێبکۆشی بۆ ڕزگارکردنی لە دەست

زۆرداری و هەژاری و نەخـوێندەواری و نەخـۆشی و ناڵەباری. تەنانەت ئەگـەر هاتوو لەم ڕێگەیەدا تەنگانەشی هاتەبەر، دیسانەوە هەر پێی کامەران و سەربڵند ئەبێ. چونکە خۆشەویستی گەلی پێ دەست ئەکەوێ کە لە هەموو شتێک بەنرخترە.

برا گـیانەکـەم! دڵنیـابن، بەو مـەرجەی نەچنەوە سـەرکـردەوەکـانی پێشـووتان، خـوا بەشی خـۆی لە گوناهەکانتان خۆش ئەبێ. بەڵام بەشی نەتەوە ناتان بەخشێ، تا نەتەوە خۆی نەتان بەخشێ. ئەوەندە هەیە ئێوە ماوەتان زۆرە. ئەتوانن بەکردەوەی چاک نواندن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە خراپەتان لەگەڵ کردوون، پاش ئەوە بەکردەوەی چاک نواندن لەگەڵ نەتەوەدا، ئەو گوناهانەتان بسڕنەوە. ئەوساکـە خوایش ئەتان بەخشێ. جگە لەوە بەئامانجی پاشی خۆیشتان ئەگەیێنێ.

جا بۆ ئەمەی خۆتان پاک بکەنەوە لەو گوناهانەی پێشـووتان کـە دەربارەی گەل و نیشـتمانی خۆتان کردووتانە، پێویستە ئەم قسـانەی ئێستـاتان لەناو کۆمەڵێکی گەورە و تێگەیشـتووی گەلەکەشـتاندا دووبارە بکەنەوە. جگە لەوە داوای گوناه بەخشینی خـۆتان لە گەل بکەن. بەڵێنیشیـان بدەنێ کە ئیـتر خراپە دەربارەی کەس نەکەن، دەربارەی نەتەوە نەکەن. ئەوی خراپەشتان لەگەڵ کردووە تۆڵەی بۆ بکەنەوە و دڵی خۆش بکەن. هەروەها لەگەڵ هەموو کەسێکا، لەگەڵ نەتەوەشا لە چاکە بەولاوە هیچیتر نەکەن. بەکورتی پێویستە لە ژیانتاندا لە دەستووری خوایی و نیشتمانپەروەریی نەچنە دەرەوە.

هەمـوو بەیەک دەنگ: سوپاست ئەکـەین مـامـۆسـتـای بەڕێز. ئـامـۆژگـاریەکانت، هەموو، جوان و بەچێن، بەڵێنت ئەدەینێ کە بەدڵ پێڕەویی بکەین.

سەردار بەگ: براکـان! من وای بەچاک ئەزانم، مـامۆسـتـای بەڕێز بلەچ شێرکۆ سبیەنێ لە برێتیی ئێمە بچێتە ناو گوندی، ئەم بیروباوەڕ و بڕیارانەی ئێمەیان تێ بگەیێنێ.

پاش ئەوە، بام بەسەرپەرشتی ئەوەوە گوندییەکان شەش برا گەورە و دەم ڕاست لەناو خۆیاندا هەڵبژێرن کە بەناوی ئەوانەوە بمانبینن و گفـتوگـۆمـان لەگەڵ بکەن، تا بەجـۆرێکی ببـڕا ببـڕایی ئەم دوژمنایەتی و ناکـۆکـییـە لە ناوەند خـۆمـان و ئەوانەدا هەڵگرین و پەیمانێکی برایانە ببەسـتین بۆ تێکۆشین و ڕەنجدان لەپێناو پێشکەوتنی گونددا.

هەموو بەیەک دەنگ: فەرموودەت پەسەند ئەکەین. تکا لە مامۆستا بلەچ شێرکۆیش ئەکەین کە ئەم ئەرکە بخاتە سەرشانی خۆی.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: زۆر سوپاسی جوامێریتان ئەکەم. ئامادەم بۆ بەجێهێنانی هەموو فەرمانێکتان، هەر ئێمشەو ئەو فەرموودەیەتان جێبەجێ ئەکەم.

فەرهادی نۆکەر: بەگم نان ئامادە کراوە.

سەردار بەگ: فەرموون بام بچین شێو بخۆین.

جوامێر ئاغا: تکا ئەکەم سبەی شەو لە ماڵی برای خۆتان نان بخۆن.

هەموو بەیەک دەنگ: باشە. سوپاست ئەکەین. (ئەچنە دەرەوە. پەردە دائەدرێتەوە).

پەردەی سێهەم

(٣)

(جێگا: دیوانخانەیەکی لادێیانەیە. مامۆستا بلەچ شێرکۆ لە سەرەوە دانیشتووە. شەش کەسی تریش دانیشتوون، هەریەکە گەورەی گەڕەکێکە: بایز، سالار، شاباز، کاوە، خورشید، هیوا).

(مامۆستا بلەچ شێرکۆ): کاک بایز، ئاخۆ ئەوە ئەزانیت کە من زۆر بەهەڵەداوان هاتووم بۆ لاتان؟ کە کاک جەمشید لە کەینە و بەینەکەی ئێوە و سەردار بەگ و هاوڕێکانی ئاگادار کردم، ترسم لێ نیشت کە خوا نەخواستە هەرایەکی گەورە بقەومێ لە ناوتاندا. جا لەبەر ئەوەی هەردووکمان لەو بڕوایە داین کە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و شیرینی ئەتوانرێ هەموو گیروگرفت و دوژمنایەتییەکی ناوەندتان ببڕێنرێتەوە هاتووم بەمەبەستێکی نیشتمانپەروەرانەوە ئاوێک بەم ئاگرەدا بکەم. ئایا ئامادەیت قسەکەم نەشکێنیت؟

بایز: مامۆستا گیان. پیاوێکی بەڕێز و دڵسۆزی نەتەوەی وەک تۆ سەر بەگوندی ئێمەدا بکا بۆ شتێکی وا چاک و نایاب بۆ هەمووان، چۆن بەقسەی ناکەین؟

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: کە وایلێ هات مزگێنیت ئەدەمێ بەهونەرمەندیی کاک جەمشیدەوە تا هاتم نیوەی فەرمانەکەمان تەواو بووبوو. ماوەتەوە سەر نیوەکەی تری ئەویش بەهیوام کە لە سایەی نەژادی و دڵپاکی ئێوەوە تەواو ببێ.

بایز: سوپاسی ئێوە و کاک جەمشید ئەکەین. خوابتانهێڵێ بۆ سەر ئەفرازی نەتەوە و نیشتمان. ئێمەش ئامادەین نیوەکەی تری فەرمانەکە، بەدڵی ئێوە و بۆ کەڵکی گشتلایی تەواو بکەین.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: سوپاستان ئەکەم.

چاوپۆش کراوێک دێتە ژوورەوە: مام بایز، تفەنگەکان گەیشتن.

بایز: چۆنتان هێنابوون؟

چاوپۆشکراو: لەناو باری کادا!...

بایز: دەرتان هێنان؟ پاکتان کردنەوە؟ چەندن؟ چەند فیشەکیان لەگەڵە؟ ئەی شەستتیرەکانتان نەهێناوە؟

چاوپۆشکراو: بەڵێ دەرمانهێنان. پاکیشمان کردنەوە. شەست تفەنگ و سێ شەستتیر و نۆ هەزا فیشەکن.

بایز: ئافەرین کوڕم! هەر بژین. سەرچاو هاتنەوە. فەرموون لەو ژوورەوەی ئەودیو دانیشن. پشو بدەن. شێو بخۆن. چایی بخۆنەوە. تا بیرێکیان لێ ئەکەمەوە.

چاوپۆشکراو: سوپاست ئەکەین مامەگیان.

بایز: کوڕە! شاسوار. (شاسواری کوڕی مام بایز دێتە ژوورەوە).

شاسوار: بەڵێ بابە. چی ئەفەرمووی؟

بایز: کوڕم جاریَ میواندارییەکی جوانی ئەو برایانەمان بکە. هەر ئێستا بنێرە بەشوێن هەر شەش کوێخای گەڕەکەکاندا. بەپێی ئەو ڕستەیەی کە ئێوارە پێشانم دایت، بەسەرپەرشتیی کوێخاکانەوە فیشەک و تفەنگەکان دابەشکەن بەسەر گەڕەکەکاندا. شەستتیرەکانیش یەکێکیان لای خۆمان گل بدەنەوە بەهەزار فیشەکەوە. دوانەکەی تریش یەکێکیان لەگەڵ هەزار فیشەکا بنێرە بۆ ماڵی (کاک شاباز). ئەویتریشیان بەهەزار فیشەکەوە بنێرە بۆ ماڵی (کاک هیوا).

شاسوار، ئەمەوێ تا نیوەی شەو، ئەمانەم هەمووی بۆ تەواوکەیت. پاشان دووبارە کوێخاکان و گیانبەخش (فیدایی)ەکانم بۆ کۆ بکەمەوە بۆ فەرمانی دوایی. تێگەیشتیت؟

شاسوار: بەڵێ تێگەیشتم هەر ئێستە فەرموودەکانت جێبەجێ ئەکەم. (ئەچێتە دەرەوە).

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: (بەسەرسوڕمانێکەوە). کاک بایز پێم بڵێ تۆبی خوا ئەوە چی ئەکەیت؟

بایز: تکا ئەکەم کاک سالار تۆ تێی بگەیینە تا من ئەچم سێ مانگە لە پارێزدابن. بەپێی چاووڕاوێک کە لێمان کراوە، هەموو شەو چاوەڕوانی ئەوەین تفەنگچیی دوژمنەکانمان - مەبەسم سەردار بەگ و دەستە و خزمایەتی- بدەن بەسەر ئاواییدا. لەبەر ئەوە هەرچەندە، لە حەوت ساڵ لەمەو پێشەوە، لە ترسی گیانی خۆمان، خەریکی تفەنگ پێکەوە نانێن و هەتا ئیمرۆ (٢٤٠) دوو سەد و چل تفەنگمان پێکەوە ناوە، بەڵام بەپێویستمان زانی کە ئەم شەست تفەنگ و سێ شەستتیرەش لەگەڵ ئەو نۆ هەزار فیشەکەدا بکڕین، تا بەتەواوەتی بەهێز بین. ئەوا بەمانەی ئیمشەوەوە (٣٠٠) سێ سەد تفەنگ و سێ شەستتیرمان هەیە. بەم ڕەنگە ئاوایی گوندەکە (٩٠٠) نۆ سەد ماڵە، هەر سێ ماڵەی تفەنگێکی بەرنەکەوێ. جگە لەوە خەنجەر و دەمانچەش لە ئاواییدا گەلێک هەیە.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: بۆ چ هێزی دوژمنەکانتان چەندە؟

شاباز: لەناو گوندەکەماندا، هەمووی دە ماڵ نابن. بەخزمەکانیانەوە کە لە گوندەکانی ترن دەگەنە پەنجا ماڵێک. بەڵام ئێمە مەترسی لە هۆزی تر ئەکەین بیانهێننە سەرمان. لەبەر ئەوە بەپێویستی ئەزانین کە زۆر بەدووربینییەوە بجوولێینەوە.

کاوە: ئەگەر ئەوان هۆزی تر بهێننە سەرمان. ئێمەیش بیست گوندی ترمان بەدەستەوە هەیە، کە هەموو لەگەڵماندا سوێندخوارن، ئەتوانین بیانکەین بەگژیاندا.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: بەڵام من وام بۆ دەرنەکەوێ مەبەسی ئیمشەوتان هەر ئەمەندە نییە!...

خورشید: مامۆستا گیان! ڕاستیت ئەوێ زۆروستەم و کەمتەرخەمی و گزی و دزیی ئەو دوژمنانەمان کاری لە ئێسکمان کردووە. ئێمە تا حەوت ساڵیش لەمەوبەر، هەر بەشیرینی و پیاوەتی و دەروون فراوانییەوە لەگەڵمان بەسەر ئەبردن. بەڵام کە زانیمان تا یەن تیژتر ئەبن لە سەرمان، ناچاربووین دەستمان لێ کردنەوە. ئەمساڵ دوکانی حاجی شوکل مان بریی. کوڕی مەلا پیرۆزمان بەئوتۆمبێل پلیشاندەوە. خانووی شێخ وەیسمان ئاگر تێبەردا. بارام ئەفەندیشمان لە فرمانەکەی بەدەر

کردندا. وا خەریکین ئیمشەویش بدەین بەسەر ماڵی جوامێر ئاغا و سەردار بەگدا تا بەخۆیان و دەس و پێوەندیانەوە بیانکوژین و ماڵیان تالان کەین. تا تۆڵەی چەند سەد ساڵەی خۆمان و باووباپیرمانیان لێ بکەینەوە و گوندەکەشمان لە دیلی و بەندەیی ڕزگار کەین.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: بەڕاستی من لەم قسانەتان داتەچڵەکێم. ئەگەر ئیمشەو ئێوە ئەمە بکەن، خوا ئەیزانێ من خۆم ئەکوژم!...

هیوا: مامۆستای خۆشەویست. تۆ دڵنیابە: هیچی وا لە ئێمە ناوەشێتەوە کە تۆی پێ بڕەنجێنی. کاک خورشید گوتی نیازمان وایە بیکەین. نەیگوت هەر ئەیکەین. بەڵام ئەگەر بڕوا ئەفەرموون؛ حەوت ساڵ لەمەوپێش بەهۆی فڕوفێڵ و تەڵەکەبازیی ئەو دوژمنانەمانەوە ناکۆکی کەوتبووە ناو خۆمانەوە لە تاقە شەوێکا هەشت کەسمان لە خۆمان کوشتا؟... جگە لەوە ئەوانیش تا ئێستا بیست خوێنی تریان لە ئێمە کردووە. کە لەسەر داواکردنی مافی خۆمان لە زەوی و سامانداو، یاخود لەسەر گوتنی ڕاستی لەبەردەم دادگاه (محکمە)دا کوشتویانن!... نزیکەی پەنجا پارچە زەویمانیان بەو جۆرە هەڕەشە و کوشتن و بڕینە و بەهۆی فەرمانڕەوایی داگیرکردووە!؟. ئەمە بێجگە لە دەستبردن بۆ ئابڕومان، دزی لێ کردنمان و جەریمەکردن و دارکاری کردن و بێگار پێکردن و سووککردن و ڕووتاندنەوەمان!...

سالار: بەڵام لەگەڵ ئەوەشا، لە سایەی گەورەیی خواوە، لەو ساوە هۆشمان هاتۆتەوە سەر خۆمان. ئاوایی هەمووی‌ەکمان گرت و هێزمان پێکەوە ناو ئاش و ماش (مقاطعە)مان لەگەڵ ئەوان کرد. جگە لەوە بیست گوندی تریشمان بەدڵ و گیان نووساند بەخۆمانەوە، لەهەر کاتێکا بمانەوێ لەگەڵمان ئەبن و ئامادەن بۆ بەختکردنی سەر و سامانیان لەپێناو سوودی گشتی ئێمە و خۆیاندا. لەبەر ئەوە دوژمنەکانمان ڕۆژ بەڕۆژ کزتر ئەبن، بەڵام ئێمە بەهێزتر ئەبین.

شاباز: ئەمە ڕاستە ئێمە وەک سایە و پایە و مایەمان نییە، وەک ئەوان کاربەدەستانی فەرمانڕەوایی ناناسین و کاریان تێ ناکەین... بەڵام چونکە هۆگریی یەکین و کۆمەکین، هێزی گشتیمان، لەگەڵ خواناسی و بیروباوەڕی نیشتمانیمان لە هی ئەوان بەهێزترە. جگە لەوە توانیمان لە فەرمانڕەوایی بگەیێنین کە ئێمە ئامادەین: سەرباز بدەین، بەرەنگاریی گوناهکاریی و تاوانکردن لەناو گوندەکەماندا بکەین، فەرمانی باشی فەرمانڕەوایی جێبەجێ بکەین، تەنیا بەو مەرجەی لە ئەندازەی دادپەروەریی تێ نەپەڕێ. لەبەر ئەوە فەرمانڕەواییش خەریکە لەگەڵمان ئەبێ بەدۆست وە بەچاوی پارێز لێ کردن تەماشای (سەردار بەگ) و هاوڕێکانی ئەکات. چونکە بۆی دەرکەوتووە کە هۆی سەرکێشیمان لە یاسا و تاوانکردنمان دوژمنەکانمان بوون، خۆمان نەبووین!؟.

کاوە: لەبەر ئەوە هیوامان بەخوا وایە، کە دوژمنەکانمان سەرنەنگری کەین و ئازادی و مافی خۆمان دەست خەینەوە. ئینجا هەمووشمان بەگشتی لە ڕێگای چاک و پاکەوە بەکامەرانی و سەربڵندییەوە بژین.

(بایز دێتە ژوورەوە. هەموو لەبەری هەڵئەستن).

بایز: هیوادارم کە مامۆستای خۆشەویست لە هەموو شت تێگەیشتبێت. ئەگەر هیچی ترماوە بفەرموو بام پێت بڵێم.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: برا بەڕێزەکان! پڕ بەدڵ پیرۆزبایی گیانی پاک و نیشتمانپەروەرانەتان ئەکەم. بەراستی ئەم تێگەیشتن و وریایی و ڕاپەڕینە و کاردروستییەتان شایانی سەربەرزیی هەموو کوردەوارییە. ئەوەندە هەیە، تکا ئەکەم، کە هاتنی من بەخۆڕایی نەڕوات. ئیتر لەمەولاش کارەساتی وا ناخۆش و سامناک لەناوتاندا ڕوونەداتەوە. تکا ئەکەم هەر بڕیارێکتان داوە ئێستا بیوەستێنن تا ئەو فەرمانەی بۆی هاتووم باش تێتانی بگەیێنم.

براکان! ئیمشەو لە ماڵی سەردار بەگ بووم. ئایا خۆی، ئایا هاوڕێکانی، هەموو لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بوونەتەوە. بڕیاریشیان وا داوە کە لە گەڵتاندا ئاشت ببنەوە. هەر فەرمانێکتان بەسەریانەوە ماوە بۆتانی بگێڕنەوە. بۆ لەمەودواش وەک برا لەگەڵتاندا بجووڵێنەوە. جگە لەوە، لەگەڵ ئێوەشا، پێکەوە، تێکۆشن و ڕەنج بدەن بۆ سوودی گشتی، بۆ پێشکەوتنی گوندەکەتان.

ئەگەر ئەتانەوێ ڕاستی قسەکەشمتان بۆ دەرکەوێ فەرموون ئەوە وتارەکانیانە بیان خوێننەوە. ئەوە (فەرهادی نۆکەر)یشیان لەبەر دەرگایە لێی بپرسن و ڕاستیی قسەکانمی لێ تاقی بکەنەوە.

فەرهادی نۆکەر: (دێتە ژوورەوە). هەرچی مامۆستا بلەچ پێی فەرموون ڕاستە تەنیا ئەوەندەی لەبیرچوو کە بڵێ فەرهادیش لە تەختی نۆکەریی هاتە خوارەوە و وازی لە پایە بڵندی خۆی هێنا!... (فەرهاد ئەچێتە دەرەوە).

هەموو بەیەک دەنگ: ها ها ها! بژیی فەرهادی ئازاد!...

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: جا بڕیارمان وایە، سبەی شەو شەش کەسی هەڵبژاردە لە گوند لەگەڵ خۆم ببەمە ماڵی (جوامێرئاغا) و لەوێ لەگەڵ ئەواندا ئاشتتان بکەمەوە و پاش پاکانەکردن بۆ یەک و سوێند بۆ یەکتر خواردن، هەر کەسە زەویی خۆی و نرخی خوێن و سامانی دزراو و داگیرکراوی خۆی لەوان وەرگرێتەوە. ئینجا بکرێ بەشایەییەکی گشتی کە هەموو گوند تیا شادمان و کامەران بن. ئیتر (ژینێکی نوێ) ڕابوێرن، پێکەوە، دووربن لە ئازار و هاوار، پڕبن لە خۆشەویستی و دادخواهی و ئازادی و کامەرانی. ئایا مژدە لەمە گەورەتر ئەبێ برا گەورەکان؟!. (ورتارەکانیان ئەداتێ بیخوێننەوە).

هەموو بەیەک دەنگ: زۆر سوپاسی جوامێریت ئەکەین مامۆستای بەڕێز. هەر بژیت. ڕاست ئەکەی قەت مژدە لەمە گەورەتر نەبووە. هەرچی تۆ ئەفەرموویت بەگوێت ئەکەین.

(وتارەکان بەبێ دەنگی ئەخوێننەوە). (کوێخاکان دێنە ژوورەوە).

بایز: براکان! لەبەر ئەوەی لە سایەی خوا و هونەرمەندیی کاک جەمشید و مامۆستا بلەچ شێرکۆوە، تاریکی ژینمان خەریکە لابچێ و بکەوینە (ژینێکی نوێ) وە کە پڕبێ لە ئازادی و کامەرانی، ئەو فەرمانانەی ئێواری دابووم بەسەرتانا، جارێ دەستی لێ هەڵبگرن. هەر ئێستا، لە هەموو

ئاوایی و گیان بەخشەکان و جەنگاوەرەکان بگێڕنەوە کە دەس لە کەس نەوەشێن. سبەینێش کەسیان لەماڵ دەرنەچن. تا خۆم ئاگاداریان ئەکەم!...

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: زۆر سوپاستان ئەکەم کاک بایز. کە وای لێ هات تکا ئەکەم تا سبەینێ ڕستە (لیستە)ی ئەو کەسانەی کە مافیان ماوە بەسەر سەردار بەگ و هاوڕێکانیەوە بۆم بنووسن و بۆم ڕەوانە فەرموون، بەڵکو تا ئێوارێ خۆم هەموویان لەگەڵا ڕاست بکەمەوە. تاکو لە وەختی کۆبوونەوەتاندا زوو بەزوو ڕێککەون. ئێوارەش لێرە کۆببنەوە. خۆم دێم بەشوێنتاندا، تا پێکەوە بچینە ماڵی جوامێر ئاغا. باشە براکان؟.

هەموو بەیەک دەنگ: باشە. بەسەرچاو. چۆن ئەفەرمووی وا ئەکەین.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: کەواتە من ئەڕۆمەوە بۆ لای سەردار بەگ. شەوتان باش.

هەموو بەیەک دەنگ: خوات لەگەڵ ژیانت باش.

(پەردە دائەدرێتەوە).

پەردەی چوارەم

(٤)

«جێگا: دیوەخانێکی ڕازاوەی جوانی لادێییانەیە لە ماڵی جوامێر ئاغادا. لەسەرەوە مامۆستا بلەچ شێرکۆ لە ناوەڕاستی سەردار بەگ و کاک بایزدا دانیشتووە. لەم لا و لەولایشەوە هاوڕێکانی سەردار بەگ و کاک بایز دانیشتوون. بەهەموو، سیانزە کەسن. لە پشت دەرگاکەشەوە نۆکەری جوامێرئاغا (شوان) ڕاوەستاوە. لەبەردەم مامۆستا بلەچ شێرکۆدا مێزێکی گەورە دانراوە، دەسکێ گوڵی نێرگس و گوڵاڵەکە سوورە و گوڵەوەنەوشەی لەسەر دانراوە، هەندێ قاقەز و ڕستە و قەڵەم و ستامپا و سندیش لەگەڵ هەندێ پارەدا لەسەر مێزەکە کەڵەکە کراوە».

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: بەناوی خوای گەورەی بێ هاوتاوە!

لە پێش هەموو شتێکا، سوپاسی بێ پایانی هەموو نەتەوەی نەژادی کورد پێشکەش بەبارەگای یەزدان ئەکەم، کە لەم شەوە پیرۆز و خۆشەویستەی (نەورۆز)ەدا هەموومانت بەئاواتی ئاشت بوونەوە و ئاسایش و برایەتی و یەکیەتی و خۆشەویستی گەیاند. ئەو ڕۆژی (نەورۆز)ەی کە ساڵەهای ساڵ بوو، بەڕەنگی زەرد و لێوی بەبارەوە، بەهەناسەی سارد و دڵی خەفەتبارەوە ڕامان ئەبوارد، سبەینێ بەڕەنگی سوور و لێوی پڕ لە پێکەنین و دەروونی پڕ لە خواناس و دڵی پڕ لە کامەرانییەوە ڕای ئەبوێرین. خوایە بەگەورەیی و میهرەبانی خۆت، هەروەک لەم گوندە نازەنینەدا بەئاواتت گەیاندین، هەروەها، لە هەموو کوردستانی گەورەشدا، ئاوەها بەئاواتی ئاشتی و خۆشەویستی و ئاسایشمان بگەیێنی. بەئاواتی ئازادی و کامەرانیمان بگەیێنی و بمانکەیت بەگەلێکی چاک و پاک و بڵند بۆ خۆمان و بۆ هەموو جیهان.

(هەموو دەست ئەکەن بەچەپڵە لێدان)

برا بەڕێزە خۆشەویستەکان!

پڕ بەدڵ خۆش هاتنتـان ئەکـەم. پیـرۆزبایی ئەم ئاشت بوونەوەیەتان لێ ئەکـەم لە خـوام ئەوێ بۆ (نەورۆز)ێکی کە، پیرۆزبایی پێشکەوتنی ئاوایی و ئاوەدانبوونی گوندتان لێ بکەم. پیرۆزبایی ژینێکی پڕ تەندروستی و ئازادی و خۆشگوزەرانیتان لێ بکەم.

هەموو بەیەک دەنگ: سوپاست ئەکەین. هەر بژیت.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: برا گەورەکان!

ئەمە نزیکەی بیـست و پێنج ساڵی دوور و درێژە وێڵ و دەربەدەر بەشاران و گوندانی کـوردستاندا ئەگەڕێم. ئاوی تاڵ و سوێرم خواردەوە. ماندوێتـیم دی. شڕوپڕی و برسـیەتیم دی. شپرزەیی و سەرگەردانیم دی. لە هیچ شوێنێکا تروسکەی دادپەروەری و زانستی و چاکیم نەدی، تەنیا لەم گوندە شەنگ و شۆخەی ئێوەدانەبێ. هەڵبەت خوای گەورە نیـازێکی زۆر ژیرانە و بڵندانەی خۆی هەیە، بۆیەکا وا یەجگار دڵخۆشی کردووم، کە لەم شەوی نەورۆزەدا، کە جەژنێکی ڕاستەقینەی کوردە و ڕزگاربوونی نەتەوەی کورد لە دەست زەبر و زەنگی سروشت و زۆروستەمی (بیوراسپ = ضـحـاک = ئەژدەهاک)مـان ئەخـاتەوە یاد... کـە لەم شـەوە پیـرۆز و بەرزەدا بەم ئاواتی چەند ساڵەیەی گەیاندم!...

لەبەر ئەوە نازانم بەچە زوبانێک خۆشـیی دڵم ئاشکرا بکەم و بەچە زوبانێـک سـوپاسی ئێـوە و سوپاسی یەزدانی پاک بکەم!...

برا گـیـانەکـان! ئەوە بوو ئـیـمـڕۆ لە پاش چەند کـۆبوونەوە و گـفـتـوگـۆیەکی جـوێ جـوێ لەگەڵ هەردوولاتاندا، بەجـۆرێکی جـوان و جـوامـێرانە پەیماننامـەی ئاشـتی و دۆسـتـایەتی لەناوتاندا بەسترا.

ئێـستـایش، وای بەباش ئەزانم کە پەیماننامە کە لەبەردەم هەردوولاتاندا بخوێنمەوە، تا لەبەردەم یەکتریشا پەسـەندی بکەن، ئینجا مۆریـشی بکەن. پاشان یەکـتری ببەخشن و ئەم لا و ئەولای یەکتر وەک دوو برای باوک و دایکی ماچ بکەن.

هەموو بەیەک دەنگ: فەرموو پەیماننامەکە بخوێنەرەوە. چۆن ئەفەرموویت وا ئەکەین.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: سوپاستان ئەکەم، ئەمە پەیماننامەکەیە

(پەیماننامەی ژینی نوێ)

(ئێـمـە کـە باوەڕپێکراو و هەڵـبـژێرراوی (دەسـتـەی دەسـەڵاتداران) و (دەسـتـەی نەتەوە)ین لە گوندەکەماندا، بۆ هەمـوولا ئاشکرای ئەکەین کە لەگەڵ یەکا بەدڵ و بەگیان وەک برا ئاشتبووینەوە و یەکتریان بەخشی و بڕیاریشـمان دا لەسەر ئەم شتانەی خوارەوە. بەخوای مەزن و خاکی پاکی کوردستـان و نەتەوەی خۆشەویستی کورد سوێند ئەخۆین کە بڕیارەکانمان جێبەجێ بکەین:

١- دەسـتـەی دەسـەڵاتداران بەسـەرپەرشـتی سـەردار بەگـەوە ئەو پەنجـا پارچە زەوییـەی کـە لە تاک و

تەراکانی نەتەوە داگیریان کردووە، بیاندەنەوە بەخاوەنەکانیان لەگەڵ (سندي تسويه)کانیاندا. هەروەها نرخی بیست و هەشت خوێنیش کە ئەکاتە دوو هەزار و هەشت سەد دینار بدەن بەکەسوکاری ئەو کەسانەی کە لەسەر شەڕوشۆڕی زەوی و ناکۆکیدا لە نەتەوە کوژراون. دیسانەوە نرخی ئەو زیانانەش کە لە خەرمان سووتاندن و داربڕین و کەلوپەل دزین و ئاژەڵ کوشتنا لە دەستەی نەتەوە کەوتەوە و ئەکاتە دوو هەزار و دوو سەد دینار بیاندەنەوە بەخاوەنەکانیان یاخود بەنەوەی خاوەکانیان کە لە دامێنی ئەم پەیاننامەیەدا ناویان نووسراوە.

٢- دەستەی نەتەوە، بەسەرپەرشتی کاک بایزەوە نرخی خوێنێک و دزینی دوکانێک و سووتاندنی خانوویەک کە ئەکاتە دوو هەزار و پێنج سەد دینار بدەنەوە بەخاوەنەکانیان کە لە دامێنی ئەم پەیاننامەیەدا ناویان نووسراوە.

٣- هەر دوو دەستە پێی لێ ئەنێن کە ئیتر لەمە بەولاوە هیچ لایەک مافی بەسەر ئەویترەوە نەماوە.

٤- جوامێرئاغا و سەرداڕ بەگ بڕیاریان دا تاسەر نەتەوە ببەخشن لە مافی بەگێتی و ئاغایەتی وەک (سوڕانەوە و مەڕانە و دارانە و سەرانە و خەرمانانە و هەروەز و جەریەکردن و دارکاریی کردن و بێگار پێکردن و ڕیسواکردن و تفەنگ پێ کڕین و پیتاک پێ کۆکردنەوە...! هەر کەسێ زیانی لێ کەوت لە بریتی بەگ و ئاغا لای فەرمانڕەوایی سکالای خۆی بکات.

٥- هەردوولا بۆ کاروباری گشتی ڕاوێژ بەیەکتر بکەن. یارمەتی یەکتر بدەن. بڕیاری هەردوورنزەشیان، ئەگەر لە بابەت شتی گرنگەوە بوو، لە ئاوایی بگەیێنین، ئەگەر پەسەندی کرد ئەوسا جێبەجێی بکەن. بڕیاریش بەزۆریەی دەنگ ئەدرێ. ئەندام و سەرۆکی ئەم کۆڕەش بەهەڵبژاردن ئەبێ. هەموو ساڵ لە شەوی جەژنی نەورۆزدا نوێ ئەکرێتەوە. لەبەر ئەمەی هەموو گوند بە(دەستەی دەسەڵاتداران) و (دەستەی نەتەوە)وە یەکی گرت ئەم کۆڕەمان ناونا (کۆڕی نەتەوە).

٥- هەر کەسێ ئەم پەیاننامەیە بشکێنێ لە گوند دەرئەکرێ.

٢١ی نەورۆز ساڵی ١٩٦٠

دەستەی دەسەڵاتداران		دەستەی نەتەوە	
سەردار	وەیس	بایز	کاوە
جوامێر	شوکل	سالار	خورشید
پیرۆت	بارام	شاباز	هیوا

بلەچ شێرکۆ

برا بەڕێزەکان، ئایا هەردوولاتان واتان پەیمان داوە یان نا؟

هەموو بەیەک دەنگ: بەڵێ ڕاست ئەفەرموویت وامان پەیمان بەیەکتر داوە.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: کەواتە، تکا ئەکەم، فەرموون پەیاننامەکەتان مۆرکەن.

هەموو بەیەک دەنگ: بەڵێ باشە.

برا بەرێزە خۆشەویستەکان!

پڕ بەدڵ خۆش هاتنتـان ئەکـەم. پیـرۆزبایی ئەم ئاشت بوونەوەیەتان لێ ئەکەم لە خـوام ئەوێ بۆ (نەورۆز)ێکی کە، پیرۆزبایی پێشکەوتنی ئاوایی و ئاوەدانبوونی گوندتان لێ بکەم. پیرۆزبایی ژینێکی پڕ تەندروستی و ئازادی و خۆشگوزەرانیتان لێ بکەم.

هەموو بەیەک دەنگ: سوپاست ئەکەین. هەر بژیت.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: برا گەورەکان!

ئەمە نزیکەی بیست و پێنج ساڵی دوور و درێژە وێڵ و دەربەدەر بەشاران و گوندانی کوردستاندا ئەگەڕێم. ئاوی تاڵ و سوێرم خواردەوە. ماندوێتیم دی. شروپری و برسیەتیم دی. شپرزەیی و سەرگەردانیم دی. لە هیچ شوێنێکا تروسکەی دادپەروەری و زانستی و چاکیم نەدی، تەنیا لەم گوندە شەنگ و شۆخەی ئێوەدانەبێ. هەڵبەت خوای گەورە نیازێکی زۆر ژیرانە و بڵندانەی خۆی هەیە، بۆیەکا وا یەجگار دڵخۆشی کردووم، کە لەم شەوی نەورۆزەدا، کە جەژنێکی ڕاستەقینەی کوردە و ڕزگاربوونی نەتەوەی کورد لە دەست زەبر و زەنگی سروشت و زۆروستەمی (بیوراسپ = ضـحـاک = ئەژدەهاک)مـان ئەخـاتەوە یاد... کـە لەم شـەوە پیـرۆز و بەرزەدا بەم ئاواتی چەند ساڵەیەی گەیاندم!...

لەبەر ئەوە نازانم بەچە زوبـانێک خـۆشـیی دڵم ئاشـکرا بکەم و بەچە زوبانێـک سـوپاسی ئێـوە و سوپاسی یەزدانی پاک بکەم!...

برا گـیـانەکـان! ئەوە بوو ئیـمـڕۆ لە پاش چەند کـۆبوونەوە و گـفـتـوگـۆیەکی جـوێ جـوێ لەگـەڵ هەردوولاتاندا، بەجـۆرێکی جـوان و جـوامـێرانە پەیماننامـەی ئاشـتی و دۆسـتـایەتی لەناوتاندا بەسترا.

ئێسـتـایـش، وای بەباش ئەزانم کە پەیماننامـە کە لەبەردەم هەردوولاتاندا بخوێنمەوە، تا لەبەردەم یەکتریشـا پەسەندی بکەن، ئینجا مۆریشی بکەن. پاشـان یەکـتری ببـەخشن و ئەم لا و ئەولای یەکتر وەک دوو برای باوک و دایکی ماچ بکەن.

هەموو بەیەک دەنگ: فەرموو پەیماننامەکە بخوێنەرەوە. چۆن ئەفەرموویت وا ئەکەین.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: سوپاستان ئەکەم، ئەمە پەیماننامەکەیە

(پەیماننامەی ژینی نوێ)

(ئێـمـە کـە باوەڕپێکراو و هەڵبـژێرراوی (دەسـتـەی دەسـەڵاتداران) و (دەسـتـەی نەتەوە)ین لە گوندەکەماندا، بۆ هەموولا ئاشکرای ئەکەین کە لەگەڵ یەکا بەدڵ و بەگیـان وەک برا ئاشتبووینەوە و یەکتریان بەخشی و بڕیاریشـمان دا لەسەر ئەم شتانەی خوارەوە. بەخوای مەزن و خاکی پاکی کوردستان و نەتەوەی خۆشەویستی کورد سوێند ئەخۆین کە بڕیارەکانمان جێبەجێ بکەین:

١- دەسـتـەی دەسـەڵاتداران بەسـەرپەرشـتی سـەردار بەگـەوە ئەو پەنجـا پارچە زەوییـەی کـە لە تاک و

(هەموویان هەڵئەسن، یەک بەیەک پەیماننامەکە مۆر ئەکەن. مامۆستا بلەچ شێرکۆیش بۆ بەڵگەمۆری ئەکات).

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: ئینجا براکان نۆرەی دەستگوشین و یەکتر بەخشین و ماچکردنە. تکا ئەکەم دەست پێ بکەن.

هەموو بەیەک دەنگ: بەڵێ باشە.

(هەردوولا هەڵئەستن یەکتری ئەبەخشن و گەردنی یەکتر ئازاد ئەکەن و یەکتری ماچ ئەکەن و دەستی یەکتر ئەگوشن و دائەنیشنەوە).

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: منیش سەربەرز ئەبم کە بەناوی سوپاسکردنی نەژادی و چاکیتانەوە هەڵسم دەستان بگوشم و پیرۆزبایيتان لێ بکەم. (هەڵئەستێ دەستی هەموویان ئەگوشێ و دائەنیشێتەوە).

هەموو بەیەک دەنگ: سوپاست ئەکەین. بەڕاستی گەورەییت بەجێ هێنا. هەر بژیت مامۆستای بەڕێز. هەر بژیت.

(دەست ئەکەن بەچەپڵەلێدان)

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: گەورەکانم سوپاستان ئەکەم. من لە فەرمانی نیشتمانیی خۆم بەولاوە هیچی ترم نەکردووە. شایستەی سوپاس نیم. ئێوە شایستەی سوپاسن، سوپاسی هەموو کوردەواری. سوپاسی هەموو کەس.

جوامێر ئاغا: کوڕە (شوان)! ئادەی شەکراومان بۆ بێنە بیخۆینەوە.

شوانی نۆکەر: بەڵێ ئاغا. (شەکروایان بۆ ئەهێنی ئەیانداتێ).

جوامێر ئاغا: برا بەڕێزەکان! لەسەر فەرمایشی مامۆستا بلەچ شێرکۆ، خاوەن زەوی و خوێن و زیان لێ دراوەکانم هەموو لە ماڵی خۆماندا کۆکردۆتەوە. تا زووە بام دەست بکەین بەماف پێدانەوەیان.

(هەموویان چەپڵە لێ ئەدەن)

هەموو بەیەک دەنگ: باشە بام یەکە بەیەکە بێنە ژوورەوە بیاندەینێ.

جوامێر ئاغا: شوان! بانگ کە بام لەسەر ڕستەکەی پێم داوێ بێنە ژوورەوە.

شوانی نۆکەر: بەڵێ ئاغا. (ڕوو ئەکاتە دەرەوە). فەرموون براکان وەرن. مافەکانتان وەرگرن.

(خاوەن مافەکان دێنە ژوورەوە هەر کەسە بەشی خۆی وەرئەگرێ و لەسەر ڕستەیەک، لەلایەن مامۆستا بلەچ شێرکۆوە پەنجەی وەرئەگیرێ پاشان هەر سیانزە کەسەکە بۆ بەڵگە ڕستەکە مۆر ئەکەن).

جوامێر ئاغا: کوڕم شوان! مەهێڵە ئەو برا و خوشکانە بچنەوە ماڵی خۆیان، تا نان ئەخۆن. زووکە نان بۆ ئێمەیش و بۆ ئەوانیش تێکەن!

شوانی نۆکەر: بەڵێ ئاغام.

مـاف پێدراوەکـان: (لە دەرەوە). هەر بژی (کۆڕی نەتەوە). هەر بژی مـامۆستـا بلەچ شێرکـۆ. هەر بژی جـوامـێـر ئاغـا و سـەردار بەگ و هاوڕێکانیـان. پایەداربێ (پەیماننامـەی ژینی نـوێ). هەر بژی جەژنی نەورۆز.

فەرهادی نۆکەر: (دێتـە ژوورەوە) هەر بژی فـەرهادی نۆکـەر. هەر بژی فـەرهاد بەگ ئاغـا. هەر بژی شـێـخ مەلا فەرهاد. هەر بژی حاجی فەرهادی ئەفەندی!...

هەموو بەیەک دەنگ: ها ها ها!... (چەپڵە لێئەدەن).

کاک بایز: برا بەڕێزەکـان! ئەوەتی ژیاوم، لەم شەوەم خۆشـتـر نەدیوە!. جا لەبەر ئەوەی سـبـەینێ نەورۆزە، من وای بەجوان ئەزانم کە هەر لە ئێـسـتاوە دەنگ بدەینە ئاوایی، تا سـەیرانێکی گـەورەی گشـتی بکـەین. تـا بەئارەزووی دڵـی خـۆمـان بەکـەیف و شـایی و بـەزم و ڕەزمـەوە ڕابوێرن. جا تکـا ئەکـەم ئێوەش هەمووتان بفەرموونە جێگا سەیرانەکە تا لەسەر خوانی بچووکی خۆتان نان بخۆن.

سـەردار بەگ: فەرمایشـەکـەتان بەجێیـە کـاک بایز. منیش وای بەباش ئەزانم. بۆ بانگێشـتـنـەکـەشت دێین. سوپاست ئەکـەین. بەڵام، هەر لە ئێستاوە لەسـەر لوتکـەی شاخەکـەی پشت گـوندی، ئاگری نەورۆز هەڵکری. دەهۆڵ و زوڕناش لێرە و لەناو کۆڕی ناو گوندا لێ درێ. تا نەتەوەی خۆشەویست هەر لەم شەوەوە چێشکەی ئەم ئاشتی و ئاسایش و ئازادییە بکەن.

هەمـوو بەیەک دەنگ: فـەرمـایشـی هەردووکـتـان بەجێیـە. بـام هەر لە ئێـسـتـاوە جێـبـەجێ کـرێن. سوپاسی هەردووکتان ئەکەین.

(چەپڵە لێ ئەدەن)

شوانی نۆکەر: ئاغا نان تێ کراوە، خاوەن مافەکانیش هەموو نانیان بۆ تێ کرا. وا ئەیخۆن.

جوامـێر ئاغا: باشـە کـوڕم. تا ئێـمـە نان ئەخـۆین. تۆ بنێـرە دەهۆڵ و زوڕناژەنـەکـان بێنە ئێـرە و کـۆڕی ناو گوند. تا دەس بکەن بەدەهۆڵ و زوڕنا لێدان.

(ڕوو ئەکاتە میوانەکان). فەرموون بام نان بخۆین.

(هەموو ئەچنە دەرەوە بۆ نانخواردن. پەردە دائەدرێتەوە. دەهۆڵ و زوورنا دەست پێ ئەکات).

پەردەی پێنجەم
(٥)

جێگا: ڕۆژی نەورۆزە، ٢١/مارت/١٩٦٠. لە پاڵ چیایەکدا، لەسەر کانی و ئاوێک، لەبن شوورەبی و دارقەیسی و دارستو و دار قۆخ و کاژدا، دەستەی ئەتەوە: بایز، سالار، شاباز، کاوە، خورشید، هیوا، دانیشتوون. لە دووریشەوە دەس و پێوەند بەلای سەماوەر و کەلوپەلی سەیرانەوە کۆبوونەتەوە. لە دوورتریشەوە، لەم لا و ئەولادا، کۆمەڵ، کۆمەڵ، کوڕ و کچ، ژن و پیاو خەریکی هەڵپەڕکێ و یاریی و گەمە و پێکەنین و چایی خواردنەوە و بەزموڕەزمن.

بایز: براکان جەژنی نەورۆزتان پیرۆزبێ.

هەموو بەیەک دەنگ: خوا لە تۆشی پیرۆز کات.

ئازاد: (دێتە ژوورەوە). بابەگیان ئەوا سەردار بەگ و هاوڕێکانی لەگەڵ مامۆستا بلەچ شێرکۆدا هاتن. (ئەچێتەوە دەرێ).

بایز: باشە کوڕم. وەک پێم گوتن هەمووتان بچن بەپیریانەوە. (سەردار بەگ و هاوڕێکانی دێنە ژوورەوە).

بایز: فەرموون برا بەڕێزەکان، یاخوا بەخۆشی بێن، سەرچاوی من بێن جەژنتان پیرۆزبێ).

هەموو بەیەک دەنگ: ئێوەیش جەژنتان پیرۆزبێ. سوپاستان ئەکەین. (هەموو دەستی یەک ئەگوشن و گەردن ئازادیی لەیەک ئەکەن. دائەنیشن، بایز بەدەستی خۆی جگەرە و چا و قاوەیان ئەداتێ).

سەردار بەگ: خوا ئەم ڕۆژە لە هەموو ئاوایی و لە هەموو کوردەواری پیرۆز کات.

هەموو بەیەک دەنگ: خوانزات گیرا کات. بام بەخۆشی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە، هەندێک هەڵئەپەڕین.
(دەهۆڵ و زوڕنا دەس پێ ئەکات. هەڵ ئەپەڕن. پاشان دائەنیشنەوە).

جوامێر ئاغا: براکان! لە جەژنی نەورۆزدا پێویستە سێ شت بکرێ: یەکەم: نواندنی خۆشەویستی بۆ یەکتر و بۆ گەل. دووەم: بەزموڕەزم و پێکەنین بۆ دڵخۆشی گشتی. سێهەم: چاکەکردن لەگەڵ یەک و نەتەوەدا. ئەوا ئێمە بەشی یەکەم و دووەممان کرد. ماوەتەوە سەر بەشی سێهەم کە چاکەکردنە لەگەڵ یەک و نەتەوەدا. ئەگەر بەقسەی برای خۆتان ئەکەن بام ئەمیش بکەین.

هەموو بەیەک دەنگ: قسەکانت بەجێن. باشە بەگوێت ئەکەین.

جوامێر ئاغا: لەبەر ئەوەی زۆر هەتیو و هەژار بەهۆی ناکۆکی و دوژمنایەتی ناو ئێمە پەیدابوون لە گونددا؛ بەڵام وایە ئەم گوناهانەمان بەهیچ ناسڕێنەوە بەوەنەبێ کە خوێندنگایەکی باش و ڕێکوپێکیان بۆ بکەینەوە بەخۆڕایی تیابخوێن و بنون و بخوێن و فێری پیشەوەری بکرێن و ڕابهێنرێن بەژینێکی سەربەستانە و مەردانەوە تاخوێندنی سەرەتایی تەواو ئەکەن.

هەموو بەیەک دەنگ: زۆرمان پێ باشە. ئامادەین یارمەتیت بدەین.

جوامێر ئاغا: کە وای لێ هات زەوی و ساختمانی خوێندنگاکە و جێگای کۆبوونەوە و لاسایی کردنەوە و

یاریکردن و تەختە و کورسی و نووسراو و قەڵەم و قاقەز و هەرچی کەلوپەلی پێویستیتر هەیە لەسەر من.

(چەپڵە لێ ئەدرێ)

سەردار بەگ: هەرچی بۆ خواردن و پۆشین و نوستن و سرەوتی ئەو شاگردانەش پێویست بێ لەسەر من.

حاجی شوکل: مانگانەی تا سەری سێ مامۆستایان لەسەر من.

(چەپڵەی بۆ لێ ئەدرێ)

شێخ وەیس: مانگانەی تا سەری سێ مامۆستای تریشیان لەسەر من.

(چەپڵە لێ ئەدرێ)

مەلا پیرۆت: من یەکێکم لەو مامۆستایانەی کە بەخۆڕایی بەشاگردەکان ئەخوێنن.

(چەپڵە لێ ئەدرێ)

بارام ئەفەندی: منیش یەکێکم لەو مامۆستایانەی کاروباری خوێندنگاکە بەخۆڕایی هەڵئەسوڕێنن. ئەشتوانم پێیان بخوێنم.

(چەپڵە لێ ئەدرێ)

پایز: منیش خۆم و هاوڕێکانم و نەتەوە تەختکردن و قیرتاوکردنی ڕێگاکانی ناو گوند،ئامادەکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هەموو گەڕەکەکان، دروستکردنی شەش سەرشۆرک، یانەیەک، باخچەیەکی گشت لایی، لەگەڵ دامەزراندنی ڕووناکی بۆ ناو کۆڵانەکانی ناو گوند ئەخەمە سەر ئەستۆی خۆمان.

(چەپڵە ڕێزانی بۆ ئەکرێ)

جوامێر ئاغا: براکان پێویستە هیچمان چاکەی مامۆستا بلەچ شێرکۆ و مامۆستا جەمشید لەبیر نەکەین. ئەگەر ئەو دوو برا گەورەیە نەبوونایە ئێمە بەم ڕۆژە خۆشە نەئەگەیشتین.

هەموو بەیەک دەنگ: فەرمایشی تۆ بەجێیە. ئامادەین بۆ پاداشتی هەردووکیان.

سەردار بەگ: من وای بەجوان ئەزانم، ئەگەر مامۆستا بلەچ شێرکۆ لای خۆش بێ، لای خۆمان گلی بدەینەوە و بیکەین بەسەرۆکی گوند، ژنی بۆ بهێنین، مووچەی باشی بۆ ببڕینەوە. خانووی نایابی بۆ دروست بکەین. تا ژیانی گوندەکەمان بەسەرپەرشتی ئەوەوە ڕۆژ بەڕۆژ پێشکەوێ.

هەموو بەیەک دەنگ: فەرمودەت بەجێیە، بام بیکەین، تکایە لەو پارمەتییەدا هەموو بەشدارین.

مامۆستا بلەچ شێرکۆ: پیاوەتییەکەتانم زۆر پێ خۆشە، سوپاسی گەورەییتان ئەکەم. خوا لە مەردایەتیتان کەم نەکات. هەر بژین بۆ کەڵکی گوند. بۆ کەڵکی کوردەواریی. من خۆم بەبرا بچووک و فەرمانبەری هەمووتان ئەزانم سەردار بەگ. (چەپڵە لێ ئەدرێ... هەموو هەڵئەسن دەستی مامۆستا بلەچ/شێرکۆ ئەگوشن، بیرۆزبایی لێ ئەکەن).

پایز: منیش بەناوی نەتەوە و هەموومانەوە یادگارێکم بۆ مامۆستا جەمشید ئامادە کردووە بیدەمێ. ئێوە چی ئەفەرموون؟

جوامێر ئاغا: زۆرمان پێ خۆشه. بزانین دیارییەکەت چییە؟
بایز: دیاریەکە بریتییە لە گوڵدانێکی گەورەی زیوی نایاب. دەسکە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگی دەستکردی تیایە پڕە لە گوڵە نێرگس و گوڵاڵکە سوورکە و گوڵە وەنەوشە. لەسەری نووسراوە: «یادگاری ژینی نوێ لە نەورۆزی (١٩٦٠)دا بۆ مامۆستا جەمشیدی کوردپەروەری بەڕێز». لە خواریشەوە ناوی هەر سیانزەمانی لەسەر هەڵکەنراوە.
هەموو بەیەک دەنگ: ئافەرین کاک بایز بۆ خۆت و کردەوەی ڕەندیت. هەر بژیت.
مامۆستا بلەچ شێرکۆ: ئەوا لە دوورەوە ئۆتۆمبیلێک هات یەکێکی لێ دابەزی. وا بزانم مامۆستا جەمشیدە. دیارە نامەکەی پێ گەیشتووە. فەرموون بابچین بەپیریەوە.
(هەڵئەسن ئەچنە دەرەوە. پاش تاوێک لەگەڵ مامۆستا جەمشید دێنەوە ژوورەوە)[1]
مامۆستا جەمشید: برا خۆشەویستەکان و ڕۆژتان باش. جەژنی نەورۆزتان پیرۆزبێ. هەروەها پیرۆزتان بێ (ژینی نوێ)، ژینی ئاشتی و یەکێتی و ئاسایش و تێکۆشانی مەردانەتان بۆ پێشکەوتنی نیشتمانەکەتان. خوایە! سەد جار سوپاست ئەکەم کە بەئاواتی خۆمت گەیاندم. هەروەها سوپاسی مامۆستا بلەچ شێرکۆ و ئێوەیش ئەکەم کەوا کوردانە و مەردانە هاتنە پێشەوە بۆ سەربەرزی گوندەکەتان.
هەموو بەیەک دەنگ: خۆش هاتی برای نیشتمانپەروەری خۆشەویستمان. سەرمان بەرزبووەوە بەتێکۆشین و هاتنت. هەرچیمان کردووە، هەمووی، لە سایەی ڕەنج و کۆششی تۆ و مامۆستا بلەچەوە بووە. خوا جەژنی نەورۆز لە تۆیش و لە هەموو کوردێکیش پیرۆز کات.
(هەموو دەستی ئەگوشن و پیرۆزبایی لێ ئەکەن. ئینجا مامۆستا جەمشید لە ژوور خۆیانەوە دائەنێن. بایز جگەرەی پێشکەش ئەکا. پاشان شەکراو بۆ ئەو و بۆ هەموویان ئەهێنن).
بایز: گەورەی بەڕێز، مامۆستا جەمشید! نازانم بەچە زوبانێک سوپاس و ستایشی ئێوە بکەم لە بەرامبەر ئەم تێکۆشانە مەردانەیەتاندا بۆ کەلکی ئەم گوندە، کە ئەویش وێنەیەکە لە کوردەواری و کوردستان. تەنیا لەم دەم و دەستەدا هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە بەناوی ئەتەوەوە ئەم یادگارە بچکۆلەیەتان پێشکەش بکەم. تکایە لە بچووکی خۆتانی وەرگرن.
(گوڵدانە زیوەکەی ئەداتێ)
مامۆستا جەمشید: کاک بایزی جوامێر و سەربڵند!
سوپاسی پیاوەتی و هونەرمەندیتان ئەکەم. دیارییەکەتان گەلێک لام پیرۆز و خۆشەویستە. بەسەرچاو وەری ئەگرم. (گوڵدانەکەی لێ وەرئەگرێ. چەپڵە ڕێزانی بۆ ئەکرێ). دەست ئەکرێ بەدەهۆڵ و زورنا لێدان و هەڵپەرکێ. دائەنیشنەوە).

(١) لێرەدا وەک دەردەکەوێ مامۆستا تووشی غافڵگیرییەک بووە، چونکە لە پێشاندانی دیمەنی (پەردەی پێنجەم) وای دەردەخات کە وان لە سەرکانی و تاوێک لە بن شۆڕەبی و دار و درەختدا. کەچی لێرەدا وەک لە ژوورێکدابن!!. دەبوو مامۆستا ئاگاداری ئەمە بووایە.

هەموو بەیەک دەنگ: هەر بژی کورد و کوردستان. هەر بژی کۆڕی نەتەوە. هەر بژی مامۆستا جەمشید.
هەر بژی مامۆستا بلەچ شێرکۆ. سەرگری ژینی نوێ. پایەداربێ ڕۆژی نەورۆز.

مامۆستا جەمشید: برا بەڕێزەکان!
بەڕاستی ئەمە (ژینێکی نوێ)یە. ئەوەتی من لە بیرم دێ لە کوردستاندا شتی وا ڕووی نەداوە. خوا لێتانی پیرۆز کات. بەڵام ئەبێ تێکۆشین، نەک هەر ئەم گوندە، بەڵکو هەموو کوردەواری وەها بژین. وا تا ژینێک بژین؛ کە پڕ بێ لە ئازادی و کامەرانی و دادپەروەری. دووربێ لە زۆرداری و هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری. ژینێک؛ کە دامەزرێ لەسەر بنچینەی زانست و هونەر و خواناسی و نیشتمانپەروەری، تاکو ئیتر، هەتا سەر تەنگانەمان نەیەتەوە ڕێ، پێشکەوتنیشمان لە خۆیەوە جێبەجێ ببێ!...

هەموو بەیەک دەنگ: ئەو ژینە ئامانجمانە. ژیرانە بیری لێ ئەکەینەوە. گورج و گۆڵانە بۆی ئەجوولێینەوە. مەردانە بۆی تێ ئەکۆشین. دەرکەوێ کوردستانی ئاوەدان. سەرکەوێ کوردی ئازا و قارەمان.
(چەپڵە ڕێزان دەست پێ ئەکرێ)

فەرهادی نۆکەر: (لە بەرگی کەڵەشێرێکی شەنگ و شۆخدا کە پانتۆڵ و سوخمە و کراس و بۆیباغی لە بەرایی دێتە ژوورەوە گۆچانێکی بەدەستەوەیە، پەنجەیەکی خستۆتە بن باخەڵی سوخمەکەیەوە. ئەقوقێنی): ئا ئە ئا ئازادیی!...

هەموو بەیەک دەنگ: ها ها ها!

فەرهاد: برا بەڕێزەکان! خوا جەژنی نەورۆز و ژینی نوێ لە هەمووتان و لە هەموو کوردەواری پیرۆز کات. بەڕاستی هەمووتان جێگای ستایش و سوپاسی نەتەوەن. خوابتان هێلی بۆ سوودی گشت لایی.
(هەموو چەپڵەی بۆ لێ ئەدەن)
گەورەکان! منیش لەم ڕۆژەم پیرۆزتر دەست ناکەوێت کە بەرگی نۆکەری تیا داکەنم و بەرگی ئازادیی تیا لەبەرکەم. لەبەر ئەوە بڕیارم داوە کە ئیتر نۆکەریی نەکەم؟... بڕواش بفەرموون کە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا کە نۆکەریم کردووە لای سەردار بەگ لە چاکە بەولاوە هیچی ترم نەدیوە. بەڵام داخی هیچ ناکوژێ ئەوە نەبێ کە چەند جار خوازبێنی کچی مەلا پیرۆزتم کردووە، لەگەڵ ئەوەشا کە هەردووکمان دڵخوازی یەکین، کەچی مەلاژن پێم ئەڵێن تۆ نۆکەری، کچت نادەینێ!؟...

سەردار بەگ: بەڕاستی ئەمە زیانێکی گەورەیە لە من ئەکەوێ. چونکو فەرهاد جگە لە دڵسۆزی و سەر ڕاستی و گیان سووکی، بەپێچەوانەی گەلێک کەسی تر، لەسەر خراپەی خۆم و هاوڕێکانم هەموو جار بەرەنگاری ئەکردم. لایەنی نەتەوەی ئەگرت، بۆ سەر چاکەی خۆم و گشتی هانەی ئەدام. هەرچەندە تووڕەی ئەکردم، بەڵام کە ئەهاتمەوە سەر خۆم لەسەر ئەو چاکە پەروەرییەی زووتر ئەچوو بەدڵما.

بایز: خوا ئاگاداره لێت ناشارمەوە، هەر چەند ئێمەشی ئەدی ستایشی تۆی ئەکرد، لەسەری ئەکردیتەوە، بەلآم بەرەنگاری ئێمە نەبوو تا لەگەڵ تۆ و هاوڕێکانتا بمانکاتەوە بەیەک.

سەردار بەگ: کە وای لێ هات من ناهێڵم فەرهاد لەلام بڕوا. ئێوەیش یارمەتیم بدەن. بەڵام بەنۆکەریش نای هێڵمەوە. ئەیکەم بەکوڕی خۆم. هەر لە ئێستاوە وەک یەکێ لە کوڕەکانم بەشە زەوی و سامان و خانووی خۆی بۆ جیا ئەکەمەوە و پێی ئەبەخشم.

فەرهاد: سوپاست ئەکەم گەورەم. (ئەچێ دەستی سەردار بەگ ماچ ئەکات). هەر بژیت بۆ جوامێریت.

(ڕوو ئەکاتە مەلا پیرۆت): ئا ئە ئا ئازادیی!... کەواتە من بووم بە(فەرهاد بەگ)!... احم مامۆستا مەلا پیرۆت!... کەی تۆیش ئەمکەیت بەکوڕی خۆت؟!...

مەلا پیرۆت: هەتیمە، ئەگەر من نەبام، قەت ئەتۆ لە نۆکەری ڕزگارت ئەبوو؟ قەت ئەبووی بەبەگ؟ باشە منیش لەبەر دڵی خۆت و دڵی هەمووان ئەتکەم بەکوڕی خۆم!...

فەرهاد: سوپاست ئەکەم گەورەم. (ئەچی دەستی مەلا پیرۆتیش ماچ ئەکات). هەر بژیت! ئا ئە ئا ئازادیی!... کەواتە من بووم بەمەلا فەرهاد بەگ!! (ڕوو ئەکاتە مامۆستا جەمشید): تۆ خوا مامۆستا جەمشید من پیاوێکی کەمم؟!...

مامۆستا جەمشید: (دەست ئەکات بەپێکەنین). نەبەخوا مەلا فەرهاد بەگ پیاوێکی کەم نییت!...

(ڕوو ئەکاتە ئەوانی تر): براکان ئێوە وەک من فەرهاد ناناسن. فەرهاد یەکێکە لە لێ قەوماوە خانەدانە باشەکانی کوردی ئێران. نیشتمانپەروەر و خوێندەوارێکی ڕاستەقینەیە. بەڵام ڕۆژگار ناچاری کردووە بووە بەنۆکەر. هەروەها (مامۆستا بلەچ شێرکۆ)یش یەکێکە لە نیشتمانپەروەرە مەزنەکانی کوردی تورکیا. جگەرسۆزی و کوردپەروەریی خۆی گەیاندوویەتە ئێرە. لەبەر ئەوە تکا لە (کۆڕی نەتەوە)ی بەڕێزتان ئەکەم کە (فەرهاد) بکەن بەسەر مامۆستای ئەو خوێندنگایەتان کە خەریکن بۆ هەتیوان و هەژارانی بکەنەوە.

هەموو بەیەک دەنگ: فەرمایشت پەسەندە. بەسەرچاو ئەیکەین.

بایز: کاک فەرهاد، پیرۆزت بێ ئەم هەموو بەخشندانە. هەرچی بۆ ژنهێنانەکەشت پێویست بێ لەسەر مامی خۆت.

فەرهاد: سوپاسی تۆیش ئەکەم گەورەم (دەستی بایزیش ماچ ئەکات). سوپاسی هەمووتان ئەکەم گەورەکانم خوا بتانهێڵێ بۆ من و بۆ کەڵکی گشتی.

(چەپڵە ڕێزانی بۆ ئەکەن)

کە وای لێ هات منیش زوڕناتان بۆ لێ ئەدەم، ئێوەیش لە شاییەکەما هەڵپەڕن. (فەرهاد زوڕنایەک لەبن باخەڵی دەرئەهێنی و دەست ئەکات بەلێدانی. دانیشتووانیش هەموو دەست ئەکەن بەپێکەنین و هەڵپەڕین).

(پەردە دائەدرێتەوە)

زانستی خۆناسین

ڕێگای سەرکەوتن[1]

ئەگەر لەو کەسانەی کە هەمیشە لە ژینا دوا ئەکەون، لە تەنگانە و دەستکورتی و کەموکوڕیدا گیرماون و داماون نازانن چۆن پێشکەون، چۆن بەئاواتی خۆیان بگەن... وە ئەیانەوێ لە ژیاندا سەرکەون... گوێ گرە: بام ئەم ڕێگای سەرکەوتنەت پێ بڵێم!

مەترسە:

هیچ شتێک وەک ترس تەگەرە لە سەرکەوتن نادا. ترس گەورەترین دوژمنی گیانە. ناهێڵێ پیاو لە ژینا سەرکەوێ و بەخۆشییەوە بژی. ترس ژەنگێکە خۆی ئەدا لە پەلوپۆی پیاو. لە هۆش و لەشی مرۆڤ، ئەندامەکانی سست ئەکا و لە کەڵکی پیاوەتیی ئەخا. بەشی زۆری نەخۆشی و سەرگەردانی بەهۆی ترسەوە پەیدا ئەبێ. لەبەر ئەوە ترس لە دڵی خۆت دەرکە. کە ئەڵێم ترس مەبەسیشم لەمانەیە: پەشم و قین، تووڕەیی، چاوپیسی، دوودڵی، گلاراوی، پەلەپەلکردن، ئارام نەگرتن سەرچڵی، ورەبەردان، بڕست بڕان، دەمار کزی... چونکە ئەمانە هەموو ترسن. وە لەش و ژیان بەرباد ئەکەن. لەبەر ئەوە هەچ ترسێک لە دڵتا هەیە دەریکە. وە لە بریتی ئەوە (باوەڕ بەخۆکردن) بخەرە دڵتەوە.

باوەڕ بەخۆکردن:

باوەڕ بەخۆکردن، بەپێچەوانەی ترس، یاریدەی مرۆڤ ئەدا لە سەرکەوتندا. پیاو ئەخاتە گەڕ بۆ کرد و کۆشش، بۆ تەندروستی، بۆ ژینێکی پڕ سەرکەوتن و بەختیاری. لەبەر ئەوە پەروەردەی گیانی خۆت وەها بکە کە (باوەڕت بەخۆت بێ). تا بتوانی بۆ هەموو کاروبارێکی پەسەند و بەکەڵک پڕ لە ئاوات خۆت بکوتی و تیا سەرکەوی.

باوەڕکە بەخوا:

بۆ ئەوەی باوەڕ پەیداکەیت بەخۆت، پێویستە باوەڕبکەی بەخوا. چونکە خوا یەکە تۆی دروست کردووە. وە ئەم هەموو جیهان و ژیانە خوایە بۆ تۆ و بۆ هەموو کەسێکی ئافەریدە کردووە. جا ئەو خوایەی تۆی هێنابێتە بوون، هەڵبەت بەتەنگ تەندروستی و بەختیاری و سەرکەوتنی تۆشەوەیە، بۆیەکا ئەم هەموو بابەتی ژین و خۆشییەی بۆ پێکهێناوی. کەواتە بۆ نەیناسی؟ بۆ چ خۆشت ئەوێ؟ بۆ چ بەدڵی ئەو ئەجووڵێیتەوە. تا لە ژیانتا سەرکەوی و بەرکەوی و دەرکەوی.

---

(١) گۆڤاری هیوا. ژ (٢) س (١) ئابی ١٩٥٧.

خوا چییە؟

خوا نابینرێ بەچاو. چونکە گیانە. هێزێکی گەورەی گیانییە. بەڵام بەبیر هەستی پێ ئەکرێ. وە بەهۆی بیرەوە پیاو ئەیناسێ، تێی ئەگات، وە پێی ئەگات. وە ئەتوانێ گفتوگۆی لەگەڵ بکات. بەڵکو ئەتوانێ بەکاری بهێنێ بۆ گەیشتن بەئاواتی پەسەندی خۆی!

بەڵام کەی؟

وەختێک کە پیاو لەسەر پێڕەویی خوایی بجووڵێتەوە. پیاو ناتوانێ پێڕەویی خوایی بجووڵێتەوە. ناشتوانی خۆی لە رێگای خوایی لادا. ئەگینێ تووشی دەرد و سەرگەردانی دێ و سەرناکەوێ چونکە دەستووری خوایی فەرمانڕەوایە بەسەر هەموو شتێکی جیهاندا وە تەنیا دەستوورێکە کە لەو بەولاوە دەستوورێکی تر نییە جیهان بەڕێوەبەری!

دەستووری خوایی:

جا ئەگەر پێڕەویی ئەم دەستوورەت کرد ئەوا سەر ئەکەوێ. وە ئەگەر نەت کرد ئەوا ژێر ئەکەوێ. ئەم دەستوورە زۆر سادە و سووکە. (چاکە کردن و خراپە نەکردنە). بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبار و سەرکەوتن بەسەر گیروگرفتی ژیاندا و گەیشتن بەهەموو ئاواتێکت: هیچی پێ ناوێ ئەوە نەبێ: «بڕوات بەخوا هەبێ. بڕوات بەدەسەڵاتی هەبێ. پاشان داوای یارمەتیی لێ بکەی بەدڵ. پاشان گوێگری کە لە رێگای بیرتەوە چیت پێ ئەڵێ. ئەوەی پێتی ئەڵێ بیکە». ئەمە رێگایەکە خوا پیشانتی ئەدا بۆ سەرکەوتنت. کە کردت دڵنیابە بەئاواتی خۆت ئەگەیت لە ژیانتا سەریش ئەکەوێ.

بڕوات بەبەخت نەبێ:

بەخت درۆیە. بڕوات پێی نەبێ. ئەوی ڕاستە (دەستووری خوایی)یە. تەنیا پێڕەویی دەستووری خوایی بکە. بێگومان سەرئەکەوێ. جا ئەمەت لەبیر نەچێ!

(قەزا و قەدەر) خراپ تێ نەگەیت:

خەڵک خراپ لە قەزا و قەدەر گەیشتوون. وا ئەزانن هەرچی دەردی سەری و گیروگرفتێک لە ژیاندا هەیە، خوا لە چارەی نووسیون!. خوا نووسیوێتی کە دزی و درۆزنی بکەن. خوا دایناوە کە بکوژن و ببڕن زۆرداری بکەن. خوا هەژاریان ئەکات. خوا بەدناویان ئەکات. لەبەر ئەوە پێویستە بەبەشی خوایی بێ دەنگ بن. بەڵێ خەڵک وا لە قەزا و قەدەر گەیشتوون. بەڵام ئەو خەڵکانە خراپ لە قەزا و قەدەر گەیشتوون. زۆر بەهەڵەدا چوون!. بڕوایان پێ مەکە!. چونکە خوای گەورە لەوە دوورە کە خۆی زۆرداریو دزی و خراپی بەپیاو بکات و پاشان خۆیشی گوناهباری بکات و تەمێ خوارووی بکات!... هەموو ئاینێکی خوایی ئەم قسەیە پەسند ئەکات کە خوا رێگایەکی داناوە هەر کەسێ لەسەری ڕۆیشت سەر ئەکەوێ. هەر کەسێ لەسەری نەڕۆیشت سەر ئەنگری ئەبێ. هەرگیز ناگۆڕێ. بۆ هەموو کەس، بۆ هەموو

شوێنێک هەریەکە لایەنگیریش بۆ کەس ناکات.

چۆن ئەوەتەی جیهان هەبوو و هەیە، ڕۆژ و شەو بەرەو دوای یەک پەیدابوون، وە چوار گونەر (فصل)ی ساڵ بەرەو دوای یەک هاتوون چۆن هەموو کەس وەک یەک لەدایک ئەبێ، وەک یەک ئەمرێ، چۆن پەل و پۆ و ئەندامی هەموو کەس وەک یەکن، چۆن وەک یەکیش بەخواردەمەنی و ئاو و با ئەژین... بەڵێ: چۆن ئەم دەستوورانە ئەبینن کە دەستووری خوایین و هەرگیز ناشگۆڕێن... ئا وەهاش ئەو دەستوورە کە فەرمانڕەوایە بەسەر سەرکەوتنی تۆ و من و هەموو کەسێکا ناگۆڕێ و لایەنگیری بۆ هیچ کەسێ ناکات.

ئەم دەستوورە ئامادەیە بۆ پێکهێنانی هەموو ئاواتێکت بەو مەرجەی پێڕەویی بکەیت. لەبەر ئەوە تەنیا پێڕەویی ئەم (دەستووری خوایی)یە بکە. ئەمەشت لەبیر نەچێ!

بیر چییە؟

بیر هێزێکی گەورەیە، یەکجار گەورەیە. چونکە بەشێکە لە گیانی مەزن. ڕێیەکە ڕاستە و ڕاست ئەتگەیێنێ بەهێزی (گیانی مەزن) ئەتگەیێنێ بە(خوا). هێزی بیر لە هێزی ئەلەکتریک و ئاو و زەوی، لە هێزی هەموو شتێک گەورەترە... بەهۆی بیرەوە لە خوا تێ ئەگەیت. بەهۆی بیرەوە بەخوا ئەگەیت. بەهۆی بیرەوە پرسیار لە خوا ئەکەیت. لە ڕێگای بیریشەوە خوا وەرامت ئەداتەوە. واتا بۆ سەرکەوتنت ڕێگات پێشان ئەدات... جگە لەوە: بیرەکە بنچینەی ژیانت بۆ دائەمەزرێنێ. تۆی ئێستات ئەنجامی بیری کۆنی خۆتی، ئەنجامی بیری ئەو کەسانەشی کە کاریان تێ کردوویت. تۆی لەمەودوا ئەنجامی بیری ئێستاتی و بیری ئەو کەسانەش کە کارت تێ ئەکەن.

کەواتە چۆن بیر لە پاشەڕۆژی خۆت بکەیتەوە وا ئەبیت. ئەگەر خۆت بەسەرکەوتوویی هێنایە پێش چاوی خۆت ئەوا سەرئەکەوی. ئەگەر بەژێرکەوتوویش خۆت هێنایە پێش چاوی خۆت ئەوا ژێرئەکەوی. لەبەر ئەوە قەت بەنەخۆشی و سەرگەردانی و هەژارییەوە خۆت مەهێنە پێش چاوی خۆت. هەمیشە خۆت بەتەن دروستی و بەختیاری و دەوڵەمەندی و سەرکەوتووییەوە بهێنەوە پێش چاوی خۆت تا خۆشی بێ و خۆش بژی و سەرکەوی.

لەش و گیان:

ڕاستە پیاو لە (لەش) و (گیان) هاتۆتە بوون. بەڵام بابەتی (گیان) لە مرۆڤدا مەزنتر و لە پێش ترە. بەڵکو پیاو بەپیاو ناناسرێ بە(گیان)ی نەبێ. خۆ ئەگەر (لەش) گیانی لەتەکا نەبێ، نەک هەر بێ نرخە، بەهیچیش ناژمێررێ.

هەروەها هەموو شتێکیش، لە جیهاندا، لە سەرەتادا، لە (بیر) دروست ئەکرێ. پاشان ئەو بیرە ئەبێتە بەرجەستە، ئینجا (لەش)ی لێ پەیدا ئەبێ. لە پێش ئەمەدا خانووەکەت دروست بکەیت، لە بیرتا دروستی ئەکەیت. پاشان بیرەکەت ئەخەیتە سەر قاقەز. واتا ئەخشەی خانووەکەت بۆ دروست بکات. هەروەها ئەبێ هەر ئاواتێکیشت هەبێ، لە پێشا لە بیرتا (ئەخشەی سەرکەوتن)ی بۆ دروست بکەیت. پاشان ئەو ئاواتەت بەش بەش کەیت، بیریش لەوە بکەیتەوە بەش بەش چی پێویستە بکرێ بۆ جێبەجێ

کردنی. ئینجا هەنگاو بنێیت بەش بەش ئاواتەکەت پێکبهێنی. کەواتە تا ئەتوانی بیر لە پێکهێنانی ئاواتەکەت بکەرەوە، بیر لەسەرکەوتنی فەرمانەکەت بکەرەوە. لە خوا داواکە بۆ پێکهێنانی ئەو ئاواتە بۆ سەرگرتنی ئەو فەرمانە ڕێگات پێشان بدات، یارمەتیت دا... ئەمە هەموو جارێک لە پەنایەکی بێ دەنگ و سەنگا، لەسەرخۆ، بەنەرم و نیانی لە خوا داواکە و دووبارەی بکەرەوە. زۆری پێ ناچێ، کاتێک ئەزانی پاش چەند ڕۆژ یان چەند مانگ یان چەند ساڵێک خوا ئاواتەکەت ئەهێنێتە جێ. ئەو فەرمانەش کە بۆی تێ ئەکۆشی جێبەجێ ئەبێ. حەز ئەکەم بزانی کە لەو وەختەوەی داوای یارمەتی ئەکەیت لە خوا بۆ سەرگرتنی فەرمانەکەت، خوا هەموو هێزێکی جیهانی ئەخاتە گەڕ یارمەتیت بدەن تا سەرئەکەوێ. جگە لەوە ئەو وەختەی نیازی دڵت لەسەر باڵی بیرت بەهێز و هەڕەت ئەنێریتە کن پەروەردگار، پەروەردگاریش هەر لەسەر باڵی بیر وەرامەکەت ئەداتەوە، واتا ڕێگایەکی ڕاست و ڕەوانت پێشان ئەدات کە چۆن دەستبکەی بەفەرمانەکەت وە چۆن تیا سەرئەکەوێ. ئینجا تۆ پێویستە نەوەستی، دەم و دەست، دەس بکەی بەپێڕەویی ئەو فەرمانی خوایە، واتا لەسەر ئەو ڕێگایە برۆی کە خوا پێشانتی ئەدا... جا لەو وەختەدا کە لەسەر ئەو ڕێگایە ئەڕۆیت، (گیانی مەزن = خوا) هەموو هێزێکی خۆیت پێشکەش نەکات، پشتت ئەگرێ، یارمەتیت ئەدا تا لە فەرمانەکەتا سەرئەکەوی، تا بەئامانجەکەت ئەگەیت، تا ئاواتەکەت ئەهێنیتە بوون. بەڵام ئەوەندە هەیە خوا یارمەتی کەسێک ئەدات کە ئامانجەکەی پاک و پەسندبێ، وەیی بۆ کەس تیا نەبێ، خۆیشی کردەوە جوان و ڕەوشت پوختە بێ، لەگەڵ باوەڕکردنا بەخوا پێڕەویی دەستووری خوایش بکات. کەس لەگەڵی ئێمە ژێرکەوتووتر نییە. خۆزگە لەسەر ئەم ڕێگای خواییە بڕۆیشتینایە تا لە ژینا سەرکەوتینایە.

ڕێگای کامەرانی[1]

کامەرانی:

کامەرانی یان سەعادەت ئەوپەڕی مرازی هەموو لایەکمانە. کەس نییە بۆ کامەرانی تێنەکۆشێ، لە ڕاستی یا هەموو کردەوە و کارێکمان ڕووەو کامەرانی ئەچێ. وە ئەگەر ژین کامەرانیی لێ بکەیتە دەرێ ئەبێتە دۆزەخ کە لە مردنیش خراپترە. کەواتە کامەرانی ئامانجی هەموو کەسێکە وە نیازی هەرە نازداری هەموو گیانلەبەرێکە. وە بۆ هەر بابەتێکی ژیان تێکۆشین، وە هەر شتومەکی پەیدا کەین وە بەهەر جۆرێک بجووڵێینەوە مەبەسمان گەیشتن بەکامەرانییە.

کەواتە کامەرانی ئاواتی ژیانە، نیشانەی زیندەگانی و سەرکەوتن و بەرکەوتنە لە ژیانا بەڵکو جوانیی ژین و گیانی ژیانە. کامەرانیش کە هێندە نازەنین و نازدار و نرخدارە لە بەرچاوی هەموولایەکمان ڕازێکی خواییە، خوا بۆیە وای لێ کردووە کە پیاو تێکۆشی و کەڵک ببەخشی و لە دەستووری خوایی شارەزایی و لە ڕێگەی پێڕەوی کردنی دەستووری خواییەوە لە خوا نزیک بێتەوە وە پیاو لە ڕێزی

(١) گۆڤاری هیوا. ژ (١) س (١) تەمووزی ١٩٥٧.

گیانلەبەر و دڕندەوە بۆ پایەی پیاوچاکی وەبێتە یەکێک لە کەڵک بەخشی و چاکیا وە فریشتەیی. ئەوسا سەر زەوی بێتە یانەیەکی پیاوچاکان، برازێتەوە بەداد و چاکەپەروەرییەوە، ببێتە بەهەشتێکی خوایی کە هەمـوو کـەس تیـا دڵخۆشی و سـەرفـراز و کـامـەران بێ. کەوابوو کـامـەرانی شـتێکی پیرۆز و بەرزە، خـۆشـەویسـتـیی خـەڵک و خـوایە وە ئـامـانجی هەردوولایە. بەڵام ئایا ئەتوانین بەئاسـانی بگەین بەکـامـەرانی؟... ڕێگایەک هەیە بیگرین تا بۆ کامـەرانی مـان بەرێت؟... کـامـەتا ئەو ڕێگایە؟... وە چۆن ئەبێ بەو ڕێگایەدا بڕۆین؟... گوێگرن بام هەنگاو بەهەنگاو بۆ ئەم ڕێگایەتان ببەم.

کـە پیـاو لەدایک ئەبێ خـوا لە دڵیـا سـیـانزە جـۆر (ئارەزووی نەژاد) دروست ئەکـات. لەم ئارەزووە نەژادانەش پەلوپۆ ئەبێتەوە. لەم ئارەزووە گەورانە و بچووکانەش کە جاروبار یەک ئەگرن و تێکەڵ ئەبن و گەلێ ئارەزوو و ئاواتی تر پەیدا ئەبن ئەمـانە هەر کـامـێکیـان پێکهـاتن، کـامـەرانی پێکدێت وە پیـاو هەست بەکـامـەرانی ئەکـات. بەڵام کـە بچنەوە سـەر بنج و بنـاوانیـان هەمـوو ئەچنەوە سـەر ئەو سـیـانزە ئارەزووە نەژادە. جا ئەم ئارەزووانەن کە پیاو ئەخەنەگەڕ، وە پیاو بەم ئارەزووانەوە هەستی خۆی ئەتوانی بپارێزی، وە ئەتوانی ژیانی خۆی بەرێوەبەری. وە کۆمەڵەی ئادەمیزادیش بەرەوپێشکەوتن وە کامەرانی وەتەن دروستی بەری لە ژیانا. وەیان بەرەو دواخستن و سەرگەردانی و هەژاری و نەخۆشی و دڵتـەنگی بەریت. کـەواتە ئەم ئارەزووانە لە خۆیانا نە خـراپن و نە چاکن. بەڵام ئەو ڕێگایەی کە ئێـمـە ئەیگرین تا پێکیـان بهێنین وە بەکـامی دڵی خـۆمـان بگەین، چاکی و خـراپیـمـان دەرئەخات. بـام نموونەیەکـتـان لەم بابەتەوە نیشان بدەم.

یەکێ لەو ئارەزووانە ئەوەیە کە پیاو حەز لە ڕەگەزی ژن ئەکات. ئەم ئارەزووە خۆی ئەنگیی تیا نییە و خراپ نییە. بەڵام ئەگەر هات و ئێمە ئەو ژنەی حەزی لێ ئەکەین بەزۆر لە ماڵی باوکیمان داگیر کرد، یاخود فـرانمان، ئەوە دیارە کـە کردەوەیەکی خراپمـان کردووە وە ئەوەندەی لە دەستکەوتنی ئەو ژنەدا پێی کامەران ئەبین، ئەوەندەش ناخۆشیمـان دێتە ڕێ لەو زۆرداریییەوە کە کردمان لە ژنەکـە و لە کەسوکاری ژنەکە و لە کۆمەڵایەتی و لە حکوومەت. لە ئەنجامـا شـیرینی و تاڵیـمان وەک یەکی لێ دێتەوە بگرە تاڵیمان لە شیرینیمان پتر ئەبێ. چونکە ئەو ڕەوشتەی گرتمان بۆ پێکهێنانی ئەو ئارزووەمان ڕەوشتێکی خراپە، نە خەڵک، نە حکوومـەت، وە نەخوا پەسـەندی ناکـات بەڵام ئەگـەر ئێـمـە ئەو ژنەمـان لەسـەر دەسـتووری خوایی خـواست لە باوکی وە بەخۆشـیی خۆی مـارەمـان کرد دیارە کـە کـامـەرانییـەکـەمـان کامەرانییەکی تەواو پەسەند ئەبێ. چونکە هەم ئارەزوویەکی دڵی خۆمانمان بەجێ هێنا، هەم ئازاری دڵی کەسیشمان نەدا وە هەم فەرمانی خوایی و کۆمەڵایەتی و حکوومەتیشمان نەشکان.

کـەواتە هـەر تەنیـا بەئارەزوو پێکهـێنان، کـامـەرانیـمـان بێک نایەت، ئەبێ ڕێگای ئارەزوو پێکهێنانیشمان لە دەستووری خوایی و خەڵک و حکوومەت نەچێتە دەرەوە.

دەستووری خوایی لەسەر دوو بنچینەیە:

١ – چاکە کردن، ٢– خراپە نەکردن.

جا هەر شتێک ئەکەین بەلای خواوە دروست و پەسندە بەو مەرجەی شتێکی چاک بێ بۆ خۆمان یان بۆ

خەڵکی، پاش ئەوەی ئەو شتە زیانیشی بۆ کەس تیا نەبێ.

دادپەروەری راستگۆیی، سەرراستی، دڵسۆزی، دەسپاکی، سەربەستی، ئازادی، داوێنپاکی، دڵ خاوێنی، بەئارامی، رووخۆشی ئەم رەوشتە چاکانە هەموو بابەتی ژینێکی پڕ کامەرانین. چونکە هەموو بەڵگەی ئەوەن کە خوا ئەناسین وە باوەڕ بەخوا و بەدەسەڵاتی خوا ئەکەین کە بەپێی کردەوەمان یان سزامان ئەدات وەیان چاکەمان ئەداتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە بزانین کە خواناسی و کردەوە و رەوشتی چاکیش رێگایەکی گرنگن بۆ کامەرانی، وە هەر رێگایەک بگرین بۆ پێکهێنانی ئارەزووەکانی دڵمان ئەبێ لەسەر ئەم بنچینەی خواناسی و چاکیە دایمەزرێنین ئەگینی بەکامەرانی ناگەین. وە ئەگەر بەکامەرانیش بگەین تەمەنی زۆر درێژ نابێت وە زۆری پێ ناچێ ئەوەندەی کامەرانیێکە و پتریش تەنگانە و تەنگوچەڵەمەمان دێتە رێ وە کامەرانییەکەمان لەبیر ئەباتەوە.

دەستووری کۆمەڵایەتی:

لە هەموو گەل و کۆمەڵێکا رەوشت و خو پەیدا ئەبێت وە ئەم رەوشت و خووانە لە ئەنجاما ئەبنە دەستووری ژیانی ئەو کۆمەڵە ئەم دەستوورانەش ئەگەر بشکێنرێن ئەوە دیارە لەلایەن کۆمەڵەوە پیاو تووشی گیروگرفت و دەردیسەری دێت وە ئەگەر پێڕەوی کرێن ئەوە دیارە پیاو خۆی لەوەیی کۆمەڵ و ئازاردانی ئەپارێزیت. جا کە وەختی تێئەکۆشین بۆ پێکهێنانی ئارەزووی دڵمان پێویستە هەر وەک پێڕەوی دەستووری خوایی بکەین هەروەها . پێڕەوی ئەم دەستووری کۆمەڵایەتییەش بکەین. وە هیچ گێرە و کێشەیەک بۆ خۆمان پەیدا نەکەین.

دەستووری حکوومەتی:

دەستووری حکوومەتی یان لەسەر بنچینەی رەوشت و خوو دەستووری کۆمەڵایەتی وەیان لەسەر دەستووری خوایی وەیان لەسەر هەردوو دەستوور دائەمەزرێ. جا کەواتە دەستووری حکوومەتیش پێویستە راگیرێ و نەشکێنرێ.

بەڵام ئەگەر هاتوو دەستووری کۆمەڵایەتی وەیان دەستووری حکوومەتی پێچەوانەی دەستووری خوایی وەستان، تۆ پێویستە دەستووری خوایی راگریت لە پێکهێنانی ئارەزووەکانتا ، چونکە لە جیهاندا لە دەستووری خوایی بەولاوە هیچ دەستوورێکی تر ناتوانی پیاو بەرەو کامەرانی بەریت.

ئەنجامی قسە:

کەواتە تێ گەیشتین کە کامەرانیمان بەوە پێک دیت کە سیانزە ئارەزووەکانی دڵمان بەجێ بهێنین بەو مەرجەی ئەو رێگایانە بگرین بۆ پێکهێنانیان کە لە دەستووری خوایی و حکوومەتی و کۆمەڵایەتی نەچنە دەرەوە. ئێستە ئایا ئەم سیانزە ئارەزوو نەژادانە چین؟... ئارەزووە نەژادەکان ئەمانە:

١- خۆ دوورخستنەوە لەو شتانەی ئازارمان ئەدەن.

٢- بەرەنگاری کردنی ئەو شتانەی کە ئازارمان ئەدەن، یان زیانمان پێ ئەگەین.

٣- نواندنی گەورەیی وەک هی دایک و باوک بۆ کوڕ و کچیان وەک هی سەرۆکان بۆ بەر دەستیان.
٤- حەزکردن لە ڕەگەزی تر وەک حەزکردنی پیاو لە ژن، وەهی ژن لە پیاو.
٥- لێ پرسینەوە، لێ کۆڵینەوە، بەدواداگەڕان.
٦- ئارەزووکردنی ملکەچی بۆ ئەوانەی دەسەلاتیان هەیە وە ترسی ئازاردانیان لێ ئەکرێ، یان هیوای چاکەیان لێ ئەکرێ.
٧- سەرکەوتن، پێشکەوتن، بەسەرا زاڵبوون.
٨- ئارەزووی کۆمەلایەتی، هاوڕێ دۆزینەوە.
٩- ڕاوکردن، بەدووی ناندا گەڕان.
١٠- ئارەزووی شت پەیداکردن، شت کۆکردنەوە.
١١- ئارەزووی شت پێکهێنان، شت دامەزراندن، شت دروستکردن.
١٢- ئارەزووی لەشخۆشی، دڵخۆشی، بەزم و ڕەزم.
١٣- ئارەزووی یاریدەدان، یەکگرتن، هاوکاری.

خوا ڕێمان پێشان ئەدا

جا هەروەکو وتمان بۆ پێکهێنانی ئەم ئارەزووە نەژادانە، هەزاران ڕێگا هەیە کە بیگرین، بەلام ئەو ڕێگایانە هەموو باش نین. ئەبێ ئەو ڕێگایانە هەڵبژێرین کە باش بن. واتا پێچەوانەی دەستووری خوایی و کۆمەلایەتی و حکومەتی نەکەین لە پێکهێنانی ئارەزووەکەماندا ئەتوانین بەهۆی بیرەوە خوا بناسین، بەخوا بگەین، وە لەگەڵیا گفتوگۆ بکەین، وەلێ داوای پێشاندانی ڕێگا بکەین بۆ سەرکەوتن و تەندروستی و کامەرانیمان. پێویستە پێڕەوی ئەو ڕێگایانە بکەین کە خوا پێشانمانی ئەدا بۆ پێکهێنانی کامەرانیمان.

چونکە ڕێگای خوایی ڕاستە، دروستە، هەڵە ناکات، وە جێگای باوەڕە کە بەتەواوەتی ئەمانگەیێنێ بەئارەزووی دڵمان، کەواتە بۆ کامەرانیشمان هەر بام ئەم دەستوورە بەرزە پیرۆزە بگرین.

کامەرانی بەدەست خۆمانە:

کامەرانی بەدەست خۆمانە. چونکە تەنیا خۆمان گەورەی خۆمانین. وە هەموو کەسێکمان دەسەلاتی تەواومان هەیە کە خۆمان کامەران کەین. چونکە کامەرانیش وەک هەموو شتێکی تر لە ژیاندا لە ئەنجامی پێڕەوی کردنی دەستووری خوایی و تێکۆشینەوە پەیدا ئەبێ. لەبەر ئەوە قەت بڕوا بەوە نەکەی کە خوا تۆی بەکلۆلی و سەرگەردانی دروست کردبێ. هەرچۆنی بێ بارت، هەر چۆنی بێ نیشتمانت، حکومەتت، دەوروپشتت، ئەتوانی زاڵ بیت بەسەر هەموو گیروگرفتێکی ژیانتا وە بگەی بەکامەرانی.
لەبەر ئەوە ئەگەر دڵتەنگییەکت هەیە، بزانە لە چییەوەیە؟ بۆچی پەیدا بووە؟ بێگومان ئەبێ دەستوورێکی خراییت شکاندبێ بۆیەکا ئەو دڵتەنگییەت ڕووی داوە. ئینجا کە هۆی دڵتەنگییەکەی خۆتت دۆزیەوە، خۆتی لێ لادە، بەپێچەوانەی ئەو، پێڕەوی دەستووری خوایی بکە، زۆری پێ ناچێ دڵتەنگییەکەت لە

کۆڵ نەبێتەوە، وە کامەرانی هەست ئەکەیت خوا پیاوی بۆ ئەوە دروست نەکردووە کە هەمیشە لە گێرەوکێشە و گیروگرفت و دڵتەنگیا بێت. بەڵکو بۆ ئەوەی دروست کردووە کە هەمیشە وەک هەمیشە بەهار لە کامەرانیا گەش و ڕووخۆش و شەنگ و شۆخ بێ ئەوانەی کە چەوت ئەڕۆن لە ژیاندا: واتا ئەوانەی دزی و درۆزنی و زۆرداری ئەکەن، هەروەها ئەوانەی تەمەڵ و تەوەززەل و بێکارەن وە ئەبن بەبار بەسەر خەڵکەوە، وە ئەوانەی فەرمانی خۆیان بەجێ ناهێنن وە ئەوانەی دەستووری خوایی ئەشکێنن لە خواردن و خواردنەوە و نوستن و هەڵسان و دانیشتن و فەرمانکردن و بەزم و ڕەزم و کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا... ئەوانە هەموو دوور ئەبن لە بەختیاری و کامەرانیەوە. جا بۆ ئەمەی بگەیت بەکامەرانی پێویستە دەستوورەکانی خوا کە بۆ هەموو لکێکی ژینی داناوە شارەزابیت وە پێڕەوییان بکەیت.

بەهەڵەدا نەچیت!!

زۆر کەس هەیە وا تێ ئەگەن کە کامەرانی تەنیا لەوەدایە کە سامان و دەسەڵات و پایەی بڵند و شتومەکی زۆریان دەستکەوێ. بەڵام ئەوانە بەهەڵەدا چوون. چونکە ئەو شتانە نیوەی کامەرانین. نیوەکەی تری کامەرانیش پێویستە وەدەست خەن، ئینجا تەواو ئەگەن بەکامەرانی. ئەو نیوەیەش (کامەرانیی گیان)یە. بەڵکو ئەتوانم بڵێم (کامەرانیی گیان)ی هەموو کامەرانییە. چونکو (کامەرانیی شتومەکیشن) هەر ئەچیتەوە سەر (کامەرانیی گیان). چونکو پیاو لە ڕاستیا (گیانی)یە. یاخود بەشی گیانی زۆرترە لە بەشی (لەشی)ی.

لەبەر ئەوە قەت بڕوا نەکەیت کە کامەرانیت بەمە پێک بێت کە سامان و ژن و ماڵ و کۆشکی جوان و دەسەڵات کۆکەیتەوە. زۆری وا هەن دەوڵەمەند و پایەبڵند و دەسەڵاتدارن، کەچی لەگەڵ ئەوەشا زۆر سەرشۆڕ و دڵتەنگن. زۆر لە وەزیر و شاهەنشاهان بەدڵتەنگییەوە ژیانیان بەسەر بردووە وە لە کامەرانی دووربوون.

لێم ناپرسی بۆ چ وابوون؟

لەبەر ئەوە وابوون کە بەتەنیا بە(کامەرانی شتومەک) وازیان هێناوە. هەوڵی دەستکەوتنی (کامەرانیی گیان)یان نەداوە. ئەم کامەرانیی گیانە لەوەوە دەستئەکەوێ کە پیاو لە هەموو وەختێکا وە لە هەموو شوێنێکا وە لە هەموو بارێکا، لە هەموو ژیانیا لەسەر دەستووری خوایی بڕوات. ئەمە یەک، دووەم تێکۆشی بەهۆی بیریەوە بگات بەخوا. جا کە گەیشت بەخوا، خوا ئارامێکی گیانی، ئاسایشێکی دڵی پێ ئەبەخشی، وە بەهێمنی وە ئەرمونیانی و بێ دەنگیەوە، بەدڵخۆشی و کامەرانییەوە ژیان بەسەر ئەبا.

ئەوی کامەرانیی گیانیی دەستکەوی، ئەوەندە باکی بوون و نەبوونی شتومەکی جیهانیی نییە. ئەگەر لە ڕێگای سەربڵندییەوە شتومەکی جیهانیی دەستکەوت ئەوا دڵی خۆی پێ خۆش ئەکات، وە ئەگەر دەستی نەکەوت، لە ڕێگای چەوتەوە بۆی تێ ناکۆشی دەست خۆی خات، وە بەتەنگ ئەوەشەوە نایێ کە دەستی بکەوێ.

پیاوێک کە بوو بەدۆستی خوا و توانیی پێی بکات و لەگەڵیا یەککەوێ، وە هەمیشە لەسەر ڕێگای خوا بڕوات، هەمیشە کامەران ئەبێ، چونکە خراپی لێ ناوەشێتەوە، وەیی بۆ کەس تا بێ، بەپێچەوانەی ئەوە حەز بەچاکەکردن ئەکات لەگەڵ هەموو کەسێکا چونکە هەموو کەسێکی خۆش ئەوێ، بەهەموو جێگایەک دڵی ئەکرێتەوە تەنانەت ئەیەوێ لەگەڵ دوژمنی خۆشیا چاکە بکات. جا ئەو خۆشەویستییە کە تروسکەیەکی چرای خواییە ئەکەوێتە دڵی پیاوەوە و ڕۆشنی ئەکاتەوە ئەبێتە هێزێکی مەزنی گیانی، ئارام ئەبەخشی بەگیان سرەوت ئەدا بەدڵ، وە پیاو تا سەر کامەران ئەکات، هیچ گومان نییە کە هەبوونی خانوویەکی خنجیلانە و خانمێکی جوانکیلانە و ئۆتۆمبیلێکی ناوازە و سامانێکی زۆربە و دەسەلاتێکی گەورە دڵی پیاو خۆش ئەکا و ئەیخاتە کامەرانییەوە. بەڵام ئەو کامەرانییە تا سەر بۆ پیاو نامێنێ. ئەگەر پیاو فەرمانی خوایی کە لەسەر شانیەتی بەرامبەر ئەو ناز و نیازانە، جێبەجێی نەکات. واتا: تا دڵێکی چاک و ڕەوشتێکی چاک و کردەوەیەکی چاکی خۆیشی نەخاتە گەڕ بەرامبەر خۆی و خزم و کەسوکار و هاونیشتمان و برا دانیشتووەکانی جیهانی، کامەرانییەکەی تەواو نابێ، وە تا سەر نابێ، وە زوو لەناو ئەچێ.

خواناسی، ترس لە دڵی پیاو ئەکاتە دەرەوە. وە دڵی بەهێز ئەکات. ڕەوشت و کردەوەی چاک و چاکەکردن لەگەڵ خەڵک پیاو لە خەڵک و خوا نزیک ئەخەنەوە، پیاو بەهێز ئەکەن. وە چرای خۆشبەختی لە دڵی پیاوا هەڵئەگیرسێنن وە پیاو ئەکەن بە(گەورەی خۆی) و نازداریی خەڵک و خوا... لەبەر ئەوە هیوادارم کە هەموومان بەتەنشت کامەرانیی شتومەکەوە بۆ کامەرانیی گیانیش تێ بکۆشین تا کامەرانییەکەمان تەواو و تا سەر بێ.

لەنگەری پێشکەوتن[1]

گیان و لەش

مرۆڤ لە دوو شت دروست بووە: (گیان) و (لەش). هەرچیش لە جیهاندا ئافەریدە بووە لەناو و با و ڕۆژ و ئاگر و گڵ و بەرد و دار و درەخت و دڕندە و پەرندە و مار و مێرو بۆ ژیاندن و گەشەپێکردن و بوژاندنەوەی (گیان) و (لەش) دروست کراوە.

بەڵام ئەگەر هاتوو لە ئەندازە بەدەر (گیان)پەروەر دەکرا، یاخود لە ئەندازە بەدەر (لەش) پەروەردە کرا. ئەوا ئەو لەنگەرەی کە هەیە لە ناوەندی (گیان) و (لەش)دا تێک ئەچێ، کە ئەو لەنگەرەش تێکچوو ژیان و نەخۆشییان لە لەش یان لە گیان یان لە هەردووکیان ئەکەوێ... بەکورتی پێشکەوتنی (گیان) و (لەش) ئەبێ شان بەشانی یەکتر بڕۆن. ئەگینا ئەگەر لایەکیان بەرەڵا کرێ و ئەوی تریان خەمخۆریی کرێ، زیان و نەخۆشی بۆ مرۆڤ پەیدا ئەبێ.

---

(١) ڕۆژی نوێ -گ: ژ (٥) س(٢) تابی ١٩٦١، ل ٦٢ - ٦٩.

گەشەی گیان

گیان بەوە گەشە ئەکات: خۆشەویستی بکەوێتە دڵەوە. جوانی بکەوێتە بەرچاو ڕەوشت و خووی پەسند و کردەوەی بڵند لە دەست بووەشێنەوە. سرەوت و ئاسایش و چاکە لە نێواندا بێتە بەرهەم.

گەشەی لەش

لەشیش بەوە گەشە ئەکات: خواردن و خواردنەوەی خۆش و جلوبەرگی ئایاب و خانووبەرەی ڕێکوپێک و سرەوت و بەزموڕەزم بۆ پیاو پەیدابێ.

بەراوردێکی جیهان

بەڵام ئەگەر سەیرێکی مێژوویی ژیان بکەین، لە جیهاندا: ئەبینین ئەوەندەی خەمی لەش خوراوە، هێندە خەمی گیان نەخوراوە. بەواتایەکی تر ئەوەندەی زانست و پیشەسازیی و شارستانێتی پێش خراوە، هێندە کردەوەی بڵند و ڕەوشت و خوی پەسەند و گیانی مرۆڤایەتی پێش نەخراوە.

لەبەر ئەوە بەجۆرێکی تێکرایی ئەبینین کە مرۆڤ لە جیهاندا لە شارستانێتیدا زۆر پێشکەوتووە، بەڵام لە مرۆڤایەتیدا پێش نەکەوتووە، بەڵکو زۆر دواکەوتووە! پوولپەرستی، ئەمرۆ گەیشتۆتە ڕادەیەک. زۆربەی فەرمانڕەوایانی جیهان کەوتوونەتە ژێر چنگی سەرمایەدارانەوە. بۆ کەڵکی ناپوختەی خۆیان فەرمانڕەوایانی جیهان ئەکەن بەگژ یەکا، بەملیۆن مرۆڤ بەکوشت ئەدەن، بەهەزاران دێهات و شاران وێران ئەکەن، دوژمنایەتی و نەخۆشی و خەفەتباریی ئەخەنە ناو گەلانی جیهانەوە کە تا سەر نەکوژێتەوە.

مەیدانی شەڕی ناولەشکرانی جاران کە لە چەند کیلۆمەترێک تێپەڕی نەئەکرد ئێستا لە هەزاران کیلۆمەترە تیپەڕ ئەکات، کوشتاری جەنگی جاران کە لە چەند هەزار کەسێک زۆرتر نەئەبوو، کوشتاری جەنگی ئێستا لە دەیان ملیۆن پتر ئەبێ.

ئەگەر بهاتایە ئەو پارەیەی لە پێناوی جەنگا بەخت ئەکرا، لە پێناوی ئاوەدانکردنەوەی دێهات و شاران و نەهێشتنی هەژاریی و نەخۆشی و نەخوێندەواریدا بەخت کرایە، ئێستاکە لە هەموو سەرزەمینا وێرانی و نەخۆشی و نەخوێندەواریی بەرچاو نەئەکەوتن.

جاران کە درۆزن لە ڕووی نەئەهات لە کون سەردەرهێنی، ئێستاکە درۆزنی و فروفێڵکردن و چەواشەکردن بوون بەهونەرمەندیی، نەک تەنها تاک و تەرای مرۆڤ، بەڵکو فەرمانڕەوایانیش بەڕادیۆ درۆودەلەسە و تەڵەکەبازیی و چاوڕاو و بڵاو ئەکەنەوە.

بەکورتی بازاڕی خواناسی و ڕاستی و دروستی و جوامێریی لە زۆر بەشی جیهاندا کەوتۆتە کزی. داخەکەم نە فرۆک نە تەلەفزیۆن نە ڕادیۆ نە ئەم تانک و تۆپ و شەستتیرانە، نە ئەم هەموو خوێندنگا و خەستەخانە و کۆشک و تەلارە باشانە. نە ئەم هەموو هێز و سامان و هونەرانە، نەیانتوانیوە مرۆڤایەتی بخەنە سرەوت و ئاسایش و کامەرانییەوە.

جیهان بەپرتاو بەرەو دوژمنایەتی و شەڕ و شۆڕ و جوێن و خوێن و وێرانی و نەخۆشی و شپرزەیەتی

ئەڕوا. ئەمەیش هەمووی لەبەر ئەوەیە کە لەنگەری ناوەند (لەش) و (گیان) یاخود (خۆپەرستی) و (خواپەرستی) تێک چووە. هەمووی لەبەر ئەوەیە شان بەشانی شارستانێتی مرۆڤایەتی پێش ناخرێ، ئەوەندەی خەمی لەشمان ئەخۆین خەمی گیانمان ناخۆین. داخەکەم جیهان لە شەڕێکی خوێنیندا ئەبینم، کە هەتا هەتایە ئەنجامی کارەساتی پڕ سزا و ئازار و ناخۆشیمان لە بیر نەچێتەوە.

پێشکەوتنی ڕاستەقینە

پێشکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە: هەموو گەلێک بەدڵی خۆی ئازاد و سەربەخۆبێ. نە زۆردار و داگیرکەر بمێنێ. نە زۆرلێکراو و داگیرکراو بمێنێ... پێشکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە: ئاسایش و ئارام و ئاشتیی گشتی لە جیهاندا جێگیربێ. نە دوژمنایەتی بمێنێ لەناو گەلاندا، نە ڕقەبەریی، نە شەڕ و شۆڕ بمێنێ. نە جوێن و خوێن.

پێشکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە: پەیوەندیی ناو گەلان لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و دۆستایەتی و برایەتی و یارمەتیدان یەکتری دابمەزرێ.

پێشکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە: فەرمانڕەوا پێگەیشتووە گەورە بەهێزەکان دەستی برایەتی و یارمەتی درێژکەن بۆ گەلە زۆرلێکراوەکان، لە دەست دیلی ڕزگاریان کەن. هەژاریی و نەخوێندەواریی و دەردەدارییان لە کۆڵ بخەنەوە.

پێشکەوتنی ڕاستەقینە ئەوەیە: هۆشمان زاڵبێ بەسەر دڵماندا، خوا ناسی و کردەوەی چاک و ڕەوشتی بڵند و دڵی پاک لە سەروی هەموو شتێکی جیهانیەوە دانێین؛ وازبهێنین لە خۆپەرستی، لە تەنپەرستی، لە پولپەرستی، هۆگری مرۆڤپەرستی بین، وە لەگەڵ هەموو براکانی سەرزەمینماندا ڕەنج بدەین بۆ کەلک و کامەرانیی گشتی.

دەستووری خوایی

خوا بەخۆڕایی ئێمەی دروست نەکردووە. ئەم بەهەشتی سەر زەمینە و ئەم ئاسمانە شینە ڕەنگینە ئەو ڕۆژە و ئەستێرە جوانانەی بۆ ژیان و کامەرانی و سەربەرزیی ئێمەی دروست کردووە. خوا بۆیەکی ئافەریدە نەکردوین کە تا سەر لە دیلی و بەندەیی و ئازار و هاوارر و نەخۆشی و هەژاریدا بتلێینەوە؛ بۆیەکی دروست کردووین بەهۆی ئەو زەمین و ئاسمانەوە ژیانێکی زۆر بڵندی پەسەندی پڕ کامەرانی بژین. بۆیەکی دروست کردووین کە لە دڕندەیەتییەوە بگەینە پایەی فریشتەیی لە ڕەوشت و خووی پاک و جوان و کردەوەی بەرزا.

بۆ ئەمەی بشگەین بەم ئامانجە پیرۆز و بڵندە. بەهۆی پێغەمبەران و پیاوچاکانەوە دەستوورێکی خوایی پێشان داوین، ئەم دەستوورە فەرمانڕەوایە بەسەر ئێمە و بەسەر هەموو گیانلەبەر و دارودرەخت و ئاو و بەردێکا. ئەم دەستوورە ئاشکرا و ئاسان و ڕاست و ڕەوانە. لە خۆیەوە فەرمانڕەوایی ئەکات، هەر کەس پێڕەوی بکات سەر ئەکەوێ لە ژیانیا. هەر کەس پێڕەوی نەکات ژێرئەکەوێ.

ئێمە ناتوانین لەم دەستوورە لادەین. ئێمە ناتوانین بەرەنگاریی ئەم دەستوورە بکەین، ئەگەر کردمان

تووشی سەرگەردانی و هەژاریی و نەخۆشی و دیلی و خەفەتباریی ئەبین.

جا ئەم هەموو شەڕ و شۆڕی جیهانە، ئەم هەموو سەرگەردانی و ناخۆشییەی لەناومان دایە، هەمووی لەوەوە پەیدا ئەبێ کە پێڕەویی ئەم دەستووری خواییە ناکەین.

ئەم دەستوورە داوامان لێ ئەکات سەر ڕاست و کار دروست و دادپەروەر بین. ئەم دەستوورە داوامان لێ ئەکات لەگەڵ یەکا خۆشەویستی و برایەتی و یارمەتی بکەین، هەروەها تێکۆشین بۆ کەڵکی گشتی.

ئەم دەستوورە داوای ڕەوشت و خوی پاک و پوختە و کردەوەی مەردانەمان لێ ئەکات. نایەوێ، ئەم دەستوورە، خۆپەرست و پووڵپەرست و بەدخوو زبانبەخش بین. نایەوێ، ئەم دەستوورە، قین لە دڵ و بەدگۆ و لەگەڵ یەکا دوژمن بین، نایەوێ زۆرداری بکەین؛ بەکورتی ئەم دەستوورە پشتیوانمانە لە چاکەکردندا، دوژمنمانە لە خراپەکردندا. کەی دانیشتووانی سەر زەمین پەیڕەوی ئەم دەستوورەیان کرد. زۆری پێ ناچێ خۆشەویستی و ئاشتی و ئاسایش هەموو جیهان ئەگرێتەوە، زۆری پێ ناچێ تەندروستی و خوێندەواری و دەوڵەمەندی و ئازادی و کامەرانی هەموو دانیشتوانی ڕووی زەمین ئەگرێتەوە.

نە زۆرداریی ئەمینێ. نە داگیرکردن ئەمینێ. نە شەڕ و شۆڕ ئەمینێ. نە جوێن و خوێن ئەمینێ. نە شێرزەیی و سەرگەردانی و هەژاریی ئەمینێ. نە نەخۆشی و نە خوێندەواریی ئەمینێ.

جیهان وەک خانوویەکی لێدێ ئاوەدان و پێشکەوتوو، دانیشتوانی جیهانیش وەک خێزانێکی لێ دێ، کامەران و سەرکەوتوو.

تروسکەی هیوا

کاکەی خوێندەوار! ڕەنگە زۆر بەڕیشی من پێبکەنی کە ئەم قسانەت بۆ ئەکەم، بەڵام لە خوام ئەوێ تەمەنی تۆ و من ئەمەندە درێژبێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پێت بڵێم: ئەوا ئاواتەکانم هاتنە دێ!.

ئەمە ڕاستە، هەروەکو لە پێشەوە گوتم جیهان ئەمڕۆ بەرەو جەنگێکی خوێنینی سامناک ئەڕوات؛ بەهۆی خۆپەرستی و دڵڕەقی و کەمتەرخەمی هەندێ لە کاربەدەستانی جیهانەوە، بەڵام زۆر دڵنیام کە سەرئەنجامی ئەو جەنگە خوێنینە ئەمەندە ئازار و زیانمان، پێ ئەگەیەنێت، وریامان ئەکاتەوە لە هەڵەکانمان، پەشیمانمان ئەکاتەوە لە کردەوە خراپەکانمان. ڕوومان وەرئەگێڕێتەوە بۆ خوای پاکی بێ هاوتا، داوای پیشاندانی ڕێگای ڕزگاری لێ ئەکەین لە زۆرداریی و هەژاریی و نەخوێندەواریی و دەردەداریی، ئەویش لە ڕێگای بیرەوە پێمان ئەڵێ: «ڕێگاتان دەستووری خواییە، دەستووری دۆستی و ئاشتی و ئاسایش. دەستووری ڕەوشتی بەرز و کرداری بڵند، دەستووری چاکی و دادپەروەریی».

لەنگەری پێشکەوتن

دڵنیام ئەو پێشکەوتنەی هەیە لە جیهاندا لە زانست و پیشەسازی و هونەردا، واتا لە شارستانێتیدا، دانیشتوانی سەرزەمین بەرەو سەرگەردانی و کەساسی و دیلی ئەبات، ئەگەر بێتو (لەنگەر)ێ نەگری بەپێڕەوی کردنی (دەستووری خوایی)، لەلایەن کاربەدەستانی جیهانەوە، بەواتەیەکی تر هەر تەنگ و

چەڵەمە و گیروگرفت و جەنگ کارەساتێکی ناخۆش لەمەولا رووبدات لە جیهاندا ئۆباڵی بەئەستۆی کاربەدەستانی جیهانە!

ئەم قسەیەی ئەیکەم، راست و رەوان، ئاوازی دەروونی زامداری هەزاران هەزارانی گەلە کڵۆڵە سەرگەردانە هەژارەکانی سەر زەمینە دڵسۆزی راستەقینە بن بۆ گەلەکانی خۆیان، کە هەریەکە ئەندامێکن لە لەشی گشت دانیشتوانی سەرزەمین، ئەگەر دڵسۆزی راستەقینە بن بۆ پێشکەوتنی راستەقینەی هەموومان، ئەبێ گەلەکانی خۆیان تێ بگەیەنن کە: شەڕ و شۆڕ و دوژمنایەتی باوی نەماوە.

ئەبێ ئەو کۆشکە گەورانەی بۆ هەڵگرتنی تانک و تۆپ و فیشەک و تفەنگ و بۆمبای ئەتۆم دروستیان ئەکەن. بەکاریان بهێنن بۆ هەڵگرتنی داوودەرمان و بۆ کوشتنی مار و مێروو و میکرۆب و ئەو دڕندانەی کە کشتوکاڵی دانیشتوانی سەرزەمین ئەخۆن.

ئەو لەشکرانەی بەکلۆر دیناریان تیا سەرف ئەکرێ، لە بریتی کوشتار پێکردنیان بەرامبەر براکانی سەر زەمینیان ئەبێ بەکاربهێنرێن بۆ بەختکردنی رێگاوبان دروستکردنی ساختمان، بۆ خوێندنگا و خەستەخانەکان، بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و سەوزەوات و میوەهات بۆ خورشتی هەژاران.

ئەبێ ئەو پارەیەی بەخت ئەکرێ لە جەنگ و شەڕ و شۆڕا بۆ لەناوبردنی برایانی سەر زەمین و کاولکردنی دێهات و شاران. بەختکرێ بۆ نەهێشتنی هەژاریی و نەخۆشی و نەخوێندەواریی لەناو گەلە دواکەوتووەکانی سەر زەمینا.

ئەبێ ئەو فرۆکێڵەی بەکارئەهێنرێن بۆ لەناوبردنی براکانی سەر زەمینیان، بەکاربهێنرێن بۆ ئازادکردنی گەلە زۆرلێکراوەکانی سەرزەمین و رزگارکردنیان لەدەست زۆرداره داگیرکەرە خوێنمژەکانیان.

بەڵێ (لەنگەری پێشکەوتن) بەهیچ شتێک ناگیرێ، بەپێڕەویی کردنی (دەستووری خوایی) نەبێ کە بریتییە لە خۆشەویستی و برایەتی و یارمەتی و چاکەکردن بەرامبەر هەموو دانیشتوانی سەر زەمین، کە ئەمەش لە پێش هەموو کەسێکا پێویستی سەرشانی کاربەدەستەکانی جیهانە.

کوردستانی خوێنین

کوردستانی خوێنینیش کە پارچەیەکە لە بەهەشتەکانی رووی زەمین. ئەبو ئەو پانزە ملیۆن کوردەی تیایەتی لەوپەڕی ئازادی و کامەرانیدا بژین. بەڵام داخەکەم لەوپەڕی کڵۆڵی و سەرگەردانیدا، لەوپەڕی نەخوێندەواری و هەژاری و دەردەداریدا ئەژین!

دوژمنەکانمان چەقۆیان بۆ ملمان ئامادە کردووە، هەر رۆژە ئازادیەکمان لە دەست ئەچێ، هەر رۆژە کارەساتێکی پڕ لە ئازار و هاوارمان لێ روونەدا.

لەلایەکەوە زۆرداران و داگیرکەرانی دەرەوە، لەلایەکیشەوە زۆرداران و ستەمکارانی ناوەوە رەگ و ریشەی ژیان و کامەرانیمان لەبن دەردەکێشن، ناکۆکی و دوژمنایەتی شار و دێهاتەکانی کاول کردووە، تروسکەی خۆشی لە دڵماندا نەهێشتووە.

ئا لەم کاتە ناسک و گرنگەماندا هیچ دالڵەیەکمان نییە پەنای بەرینە بەر خوا نەبێ. تەنیا پەیرەوی کـردنی (دەسـتـووری خـوایی)یە کـە ڕزگـارمـان کـات لە دەس زۆرداریی و هەژاریی و نەخـۆشی و نەخوێندەواریی.

ئەی کاربەدەستانی جیهان! ئۆبالْمان بەئەستۆتان، گەلی کوردیش وەک گەلی خۆتان تەماشاکەن. لە دۆستایەتیمان کەڵک وەرئەگرن نەک لە دوژمنایەتیمان.

ئاوات[1]

ڕاست ئەکەیت ئەی دڵ!... شەوەکەی تاریک و توونەکە. ڕەشەبا و بەفر و باران، داروپەردوی داوە بەیەکا.

لێرە تەقە و ڕەقەیە، لەولا وژە وژی با و خوڕە خوڕی چۆڕاوگەی بارانە، لەم لاوە: دڵۆپەیە تکەتک ئەکات. ناو ژوورەکانی هەموو تەڕ کردووە، بۆ دانیشتن جێگای نەهێشتۆتەوە.

لەولاوە گـوێسـوانەیە: ئەڕوخێ. سـەربانە: ئەتەپێ. زێرابە: ئەتەقێ. خـانوو ڕێگایە پڕ بوون لە ئاوی لافاو.

هەر خەڵکە و ئەخنکێ. خێزانە و دەرئەپەڕێ. شتومەکە و ئاو ئەیبا.

لە هەموو لایەکەوە. دەنگە دەنگە، زریکەیە. شین و گرینە قوڕپێوانە، ئازار و هاوارە، تریشقەیە، گرمە گرمە، بروسکەیە، شریخەیە... لەگەڵ ئەمانەشا، هەموو، ئەی دڵ!... مەرەنجێ!.

هیوات بەخوابێ، بەسەر ئەم گیروگرفتەشا زاڵ ئەبین.

زۆری پێ ناچێ: شـەوگـار بەسـەر ئەچێ، لافـاو ئەگـیـرسـێـتـەوە، ئاسـمـان ڕۆشن ئەبێـتـەوە، ڕۆژ دەرئەکەوێتەوە، دەماری مەردایەتیمان ئەبزوێتەوە، هەرەوەز ئەکەینەوە، پیتاکیش کۆ ئەکەیتەوە، دەستی هەژاران و بێچاران و بیمارانیش ئەگرینەوە.

ئینجا کڵپەی دەروون دائەمرکێتەوە.

فرمێسکی چاو وشک ئەبێتەوە.

برینی دڵ سارێژ ئەبێتەوە.

هێز و تین بۆ لەش و هۆش تازە ئەبێتەوە

نیشتمانەکەمان ئاوەدان ئەبێتەوە.

بەم کـۆشش و ئەنجـامـەمـان سـەری گـەل بڵـند ئەبێـتـەوە جـا هـیـوات بەخـوابێ ئەی دڵ. وەڕس نەبیت. بەئاوات ئەگەین.

***

---

(١) ڕۆژی نوێ - گ؛ ژ (١١) س(١) شوباتی ١٩٦١، ل ١٩-٢٥.

ڕاست ئەکەیت ئەی دڵ! ئەو جێگایەی بۆی ئەچین دوورە. ئەو ڕێگایەی پیانەڕۆین؛ درێژە، هەوراز و نشێوە، سەخت و ڕەقەنە، پڕە لە کەند و کۆسپ و درک و داڵ، پڕە لە گڵ و بەرد و قوڕ و لیتە، تەسک و تروسکە، خێچ و خوارە.

دز و ڕێگریش سەرلوتکەی شاخەکانی لێ گرتووین، ڕووتمان ئەکەنەوە، گروتاوی خۆریش؛ ئەمان برژێنێ، ئەمان پروکێنێ، شپرزەمان ئەکات.

گێژەڵوکە و تەپ و تۆز و ڕەشەبایش؛ ئەوەندەی تر سەرمان لێ ئەشێوێنێ، تینوێتی زمانی شکاندووین، لەم دەشت و بیابانە چۆڵ و هۆڵەدا، لەو شاخ و کێوە سەخت و سامناکەدا، ئاومان دەسناکەوێ، ئامان دەس ناکەوێ، دەنگمان بەخوا دانەبێ، بەکەسدا ناگات.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەشا هەموو، ئەی دڵ مەڕەنجێ. هیوات بەخوابێ، بەسەر ئەم گیروگرفتەشا زاڵ ئەبین.

ها! گوێم لە زەنگی کاروانێکە لە پێشمانەوەیە، ئەڕوا، چاوم لە سێ کاروانی تریشە، یەک لە دوای یەکەوە بەدوامانەوەن.

زۆری پێ ناچێ؛ ئەگەین بەو کاروانەی لە پێشمانەوەیە.

زۆری پێ ناچێ؛ ئەو سێ کاروانەی تریش پێمان ئەگەن.

ئینجا هەموو یەک ئەگرین.

بۆ یارمەتیدانی یەکتریش دەست درێژ ئەکەین.

ڕێگاکەمان پان و تەخت و ئاسان ئەکەین.

تینوێتیمان ئەشکێ

برسێتیمان لێ لائەچێ... ماندوومان ئەحەسێتەوە، ئینجا هێواش هێواش، لەسەرخۆ ڕێگا ئەگرینە بەر و بەرامبەر ئامانجمان ئەڕۆین، دز و ڕێگریش تەفروتونا ئەکەین. ئینجا ئەگەینە هاوینەهەوار. جێگای سرەوت. جێگای خۆشی و ئازادیمان.

لەوێ سەری سەربەستی و بەرزی گشتیمان بڵند ئەکەینەوە.

جا هیوات بەخوابێ ئەی دڵ. وەڕس نەبیت! بەئاوات ئەگەین.

***

ڕاست ئەکەیت ئەی دڵ!. دوژمنەکانمان؛ زۆرن، هەر چوار لایان لێ گرتووین. دوژمنەکانمان؛ خوێن خوارن، سامناکن، بەچنگن، درندەن، دوژمنەکانمان؛ لە پەنادا خۆیان شاردۆتەوە، تا لە پڕ پەلامارمان بدەن و لەناومان ببەن.

ڕاست ئەکەیت، دوژمنەکانمان؛ بەهێزن، خوانەناسن، هەموو خراپەیەکیان لێ ئەوەشێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشا، هەموو، ئەی دڵ مەڕەنجێ، هیوات بەخوابێ، بەسەر ئەم گیروگرفتەشا زاڵ ئەبین. زۆری پێ ناچێ؛ وریا ئەبینەوە، ڕوو ئەکەینەوە خوا و ڕێگای چاکی ئەگرینەوە. دڵمان بەیەک ئەسووتێتەوە، هۆگر ئەبینەوە، بۆ کەڵکی گشت لاییش کۆشش ئەکەینەوە.

خوێندەوارەکانمان؛ خۆیان تەرخان ئەکەن، ئاشییەکانمان پێ بگەیەنن.

پزیشکەکانمان؛ خۆیان تەرخان ئەکەن، نەخۆشەکانمان چاک بکەنەوە.

دەوڵەمەندەکانمان؛ خۆیان تەرخان ئەکەن، کار و فەرمان بۆ هەژارەکانمان بدۆزنەوە، دەستی یارمەتییان بۆ درێژ بکەنەوە.

جەنگاوەرەکانمان؛ خۆیان تەرخان ئەکەن، بەروبوومی باش و پوختە و هەرزانمان بۆ ئامادە بکەن.

پیشەوەرەکانمان؛ خۆیان تەرخان ئەکەن، دەستکردی پێویستمان بەچاکی و جوانی و هەرزانییەوە بۆ دروست بکەن.

بوێژ و وێژەوان و خواناس و هونەرمەند و زاناکانیشمان؛ خۆیان تەرخان ئەکەن، ئامۆژگاریمان بکەن، وریامان بکەنەوە، پێشڕەویمان بکەن بۆ ژینێکی پڕ چاکی و خۆشەویستی و شادمانی و ئازادیی.

ئینجا کۆششی هەموو لایەکمان یەک ئەگرێتەوە... ئەبنەوە بەگەلێکی یەک دڵ و یەک زوبان... ئەبینەوە بەگەلێکی پێ گەیشتوو، ئەبینە نەتەوەیەکی ئازاد لە هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواریی.

ئینجا بەم چەکە بەهێزە تازەیەمانەوە. بەرەنگاریی دوژمن ئەکەینەوە، وازیشی لێ ناهێنین تا تەفروتونای ئەکەین!

کەواتە هیوات بەخواین ئەی دڵ... وەڕس نەبیت، هەر بەئاوات ئەگەین!.

***

ڕاست ئەکەیت ئەی دڵ... کوردستان ئەو بەهەشتە نازەنینەی گەلی کوردە، لەت لەت کراوە، بەش بەش کراوە لەناو دوژمناندا... پڕ بووە لەوێرانە... پڕ بووە لە کەلاوە... پڕ بووە لە قەل و داڵ؛ پڕ بووە لە گورگ و چەقەڵ.

سامانی گشتی بەدەست دوژمنەوەیە، بلاوی ئەکاتەوە، بەئارەزووی خۆی!. کوردەوارییەکەش هەر کلۆڵی بۆ ماوەتەوە و شپرزەیی و سەرگەردانی... لە هەژاری و نەخوێندەواری و دەردەداریدا ناوبانگی دەرکردووە، گەیشتۆتە ئەوپەری!.

ڕاست ئەکەیت ئەی دڵ... ئێمە زۆر پاشکەوتووین، پەنجەی دوژمن بۆ لەناوبردنمان لە کاردایە، لە هەزاران ساڵاوە. خۆپەرستی و دوودڵی و دووبەرەکیش کۆمەڵی کوردەواری لەت و پەت کردووە. دای ڕزاندووە، وەختە بڵێم لە کەڵکی ژیانی خستووە.

لەگەڵ ئەمانەشا هەموو. ئەی دڵ مەڕەنجێ، هیوات بەخواین، بەسەر ئەم گیروگرفتەشا زاڵ ئەبین.

زۆربەی گەلانی جیهان؛ ئەم بارەی ئێمەیان بەسەرا هاتووە. بەم دەردەی ئێمە گەیشتوون لەم ڕێگایەوە تێپەڕیون. بەڵام لە پڕ ڕاپەڕیون و وریا بوونەتەوە! ڕوویان کردۆتە خوا و ڕێگای چاکەیان گرتۆتەبەر.

پیاوی گەورە و هەڵکەوتوویان تیا پەیدا بووە؛ خاوەنی بیروباوەڕی بەهێز و کرداری بڵند، خاوەنی دڵی پاک و فراوانی پڕ لە خۆشەویستی گشتی... خۆیان تەرخان کردووە؛ بۆ ڕزگارکردنی گەلەکەیان لە دەست زۆرداری و هەژاری و نەخوێندەواری و دەردەداری!

بۆ پێشخستنی گەلەکەیان، بۆ ئاوەدانکردنەوەی نیشتمانەکەیان رەنجیان داوە و خۆیان ماندوو کردووە، کۆمەڵیان پێک هێناوە و گەلەکەی خۆیان خستۆتە سەر رێگای یەکبوون و یارمەتیدان و چاکەی گشتی، دوایی بەئامانجی خۆیان گەیشتوون؛ نیشتمان ئازاد بووە و گەلیش کامەران.

ئێمەش، گەلی کورد، ئەی دڵ، لەو گەلانە کەمتر نین، مێژوویەکی زۆر کۆن و پاک و رووناک و پڕ لە چاکی و بڵندیان هەیە؛ نەک تەنیا کەڵکمان بۆ خۆمان بووە، کەڵکمان بۆ هەموو جیهانیش بووە.

لە کۆڕی نیشتمانپەروەری و زانست و وێژە و هونەردا، لە کۆڕی جیهانپەروەریدا پیاوی کەڵکەڵەمان پێ گەیاندووە، کە هەموو جیهان ئێستایش کرنۆشی نەوازشیان بۆ ئەکێشن.

نیشتمانێکی وەک بەهەشتمان هەیە، جوان و ڕازاوە، پڕ پیت و فەڕ، ئێمەیش ئەتوانین، ئەی دڵ، وەک ئەو گەلانە بکەین کە وەک ئێستای ئێمە بوون پاشان خۆیان ڕزگار کردووە.

ئەتوانین ڕووبکەینە خوا و لە ڕێگای چاکە لانەدەین. ئەتوانین مەردانە تێبکۆشین بۆ پێگەیاندنی خۆمان!

بۆ نەهێشتنی هۆی هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی.

ئەتوانین؛ ئەو ڕێگایە هەندێکیمان لێ بڕیوە، تەواوی بکەین. ئەتوانین بگەین بەئامانجی هەزار ساڵەمان، کوردەوارییەکی ئازاد و کوردستانێکی ئاوەدان پێک بهێنین.

ئەمە ڕاستە، لە ئەنجامی خەباتی دوور و درێژماندا، تووشی گەلێک بەسەرهاتی سامناک و خوێناوی بووین. ئەمە ڕاستە هێشتا بەئامانجی خۆمان نەگەیشتووین، بەڵام بڕوات بێ، ئەی دڵ، بەرەو ئامانجمان زۆر نزیک بووینەتەوە.

بیروباوەڕی پۆڵاینی کوردایەتیمان، هێشتا لە دڵ و هۆشماندایە، بەهێز و هەرەتەوە ئەجووڵێتەوە.

گیانی بەرزی کوردایەتیمان بەتوندیەوە خەبات ئەکات و ئەنەڕێنێ ئەڵێ: ئەی دوژمنانی چاکی و ئاشتی و ئازادی، ڕێژگاو مەبن کورد نەمردووە، کوردیش نامرێ! چونکە لە بەختکردنی سەر و سامان و چوونە ناو زیندان چاوی ناترسێ! مـوژدەتان ئەدەینێ، سەرئەکەوین بەسەرتاندا، چونکە لە ڕاستی و دروستی و دادپەروەریی لانادەین... هەر ئەشگەین بەئامانج.

ئامانجی ئازادی. کەواتە هیوات بەخوابێ، ئەی دڵ، وەڕس نەبیت، هەر بەئاوات ئەگەین!.

جوانی[1]

جوانی لە بەژن و باڵا و لەش و لاری ڕێک و پێک دایە. جوانی لە بیری ڕۆشن و هەستی بڵند و کردەوەی شیرین دایە.

جوانی لە ئاشتی دایە، لە خۆشەویستی دایە، لە برایەتی دایە، لە یەکێتی دایە، لە یارمەتی دایە.

جوانی لە خەبات و کۆششی گشت لایی دایە، بۆ بەرەنگاری کردنی زۆرداریی بۆ نەهێشتنی هەژاریی و نەخۆشی و نەخوێندەواریی، بۆ ئازادکردنی کوردان، بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان. بۆ یاریدەدانی داماوانی جیهان.

جوانی لەو گەورەیە دایە کە خەمی بچووک نەخوات، لەو بیروهۆشەدایە کە چارەسەری گیروگرفت ئەکات، لەو هێزە دایە کە پارێزگاری دادپەروەری ئەکات، لەو خوێندەواریە دایە کە نەخوێندەواری لائەبات. لەو سامانە دایە کە هەژاری لەناو ئەبات، لەو پزیشکایەتیە دایە کە نەخۆشی چار ئەکات.

جوانی لەو دڵ تەڕیە دایە کە ژیانی هەموان پڕ لە ساز و ئاواز و بەزم و ڕەزم و شادمانی ئەکات.

جوانی لە سروشتی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ پیت و فەڕەدایە لەگەڵ ئەوەی ئادەم دا کە هونەرمەندی خوای پاکی بێ هاوتا دەرئەخەن.

کوا ئەو ڕۆژەی جوانی لە جیهانپەروەری دانیشتوانی جیهاندا ببینم؛ دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ کەن، کوردەواریەکی ئازاد و پێشکەوتوو، کوردستانێکی ڕازاوە و ئاوەدان پێک بهێنن تا ئێمە ببینە ئەندامێکی بەهێز و بەکەڵک و دەستی یارمەتی درێژ کەین بۆ ئەو گەلانەی لە کورد کاولترن و نیشتمانەکەیان لە کوردستان کاولترە.

---

(١) ڕۆژی نوێ - گ: ژ (١٢) س(١) مارتی ١٩٦١، ل١٩.

شیعر

شاکر فەتاحی شاعیر

هەروەک مامۆستا خۆی بۆمان باس دەکات؛ «... هەتا ئێستاش لەبیرم دێ کە لە تەمەنی ١٢ ساڵاندا بووم خۆشخوانییم هەڵبەستووە. بەڵام گێرە و کێشەی گەردوون هەروەکو لە شتی کەی کردم لەویشی دەستخەڕۆ کردم، فڕێم دایە ئەولاوە...».

لەناو دەستنووسەکانیدا دەفتەرێکی ڕێکوپێک بەناوی (خۆشخوانی)یەوە بەخەتێکی جوان نووسراوەتەوە (هەڵبەستی شاکر فەتاح -لە قوتابییانی سانەوی مەرکەزیی بەغدا- کووزی چوارەم ١٩٢١). کە تایبەتە بەکۆمەڵە شیعر و هەڵبەستێکی خۆی لەگەڵ پێشەکییەک.

لەمەوە دەردەکەوێ کە ئەویش وەک زۆربەی نووسەر و ئەدیبانمان سەرەتا بەشیعر دەستی داوەتێ و باوکیشی لەم بوارەدە هاندەرێکی چاکی بووە، لەو بڕوایەیەوە کە: «زۆر جار پێم دەڵێ: حەڵێک زمانت دەکرێتەوە. فێری خۆشخوانی وتن دەبی، کە کۆمەڵێکی گەورە خۆشخوانی کوردی و هیتر لەبەر بکەی بەرەنگێ تێیان گەیشتبی!»

جا بەپێی ئەو گەڕانە بەدوای هەڵبەستەکانیدا، دەردەکەوێ مامۆستا لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٣١ەوە کانی شیعر وتنی تەقیوەتەوە و کۆمەڵێ شیعری لە بابەتەکانی: دڵداری، نیشتمانی، کۆمەڵایەتیدا هۆنیوەتەوە و زۆربەشیانی پاراستوون و وەک ئەوانەی پێشوو و کاتی مێرد منالی، تووڕی هەڵنەداونەتە ئەولاوە! جگە لەمە لە یادنامەی ساڵی ١٩٣١یدا بەشێکی تەرخان کردووە بۆ شیعر و باسکردنی خۆی لەگەڵ شیعر وتندا.

لە ڕاستیشدا بابەتی شیعرەکانی لە دەروونی لاوێکی دڵسۆزی بەئەمەکەوە بەرامبەر نەتەوەکەی هەستاوە و سەریان کردووە، وشەکانی کوردیەکی ڕەوانی سادە، زۆر هەوڵی داوە وشەی بیانی تیا بەکار نەهێنێ، جاری واش هەیە وەک تێبینی لە پەراوێزی شیعرەکەدا نووسیویە:

هەروەک لە (کوردستان - ٤ مارتی ١٩٣١)دا نووسیویە: لەم ١٥ کەرتەدا ١٦ پیتی بێگانەی تیایە، ئەمەش لە ڕاستیدا زۆر بەناشرینی دەزانم، چونکە شت کە کوردی بوو دەشێ لە هەموویدا کوردی بێ، کەچی ئەمە هیچ نایەتە بەرچاو بوێژەکانی کورد، بەڵکو تورک و عەجەمیش بەزمانی خۆیان...

وە لە شیعرێکیدا کە بۆ عەلی عارف ئاغای شاعیری ناردووە، لە پەراوێزیدا دەڵێ: «ئەم قسانەی هیچی بێگانە تیا نییە، هەمووی کوردی پەتییە.»

لەو سەرەتای نووسینەیەوە ویستوویە ڕێبازێکی نوێ لە هۆنینەوەدا بگرێ و خۆی دەرباز کات لە شێوە تەقلیدییەکەی شاعیرانی تر کە پابەندی کێش و سەروا و بەحرە شیعریە بیانییەکان دەبوون، وا بزانم ئەم کارەی هاوزەمانبووە لەگەڵ تەقەللاکانی: ئەوڕەحمان بەگی نفوس و شێخ نوری شێخ سالح و گۆراندا، بەڵام داخەکەم مامۆستا نەبەردەوام بوو لە وتنی شیعردا و نە تاسەر شیعری وت، من بزانم لە سەرەتای پەنجاکانەوە، ئەو تاکوتەرایەی کە ناو بەناو دەیوت، ئەوەشی نەما. بڕوانە لە نامەیەکیدا بۆ کاک: س.ع.

شادمان (شێخ سەعید شێخ عەلی) دەڵێ: «هەر چەندە من خۆم بەبوێژ -شاعیر- نازانم... هەڵبەستی تازەم نییە، ئەگەر خۆتان لە نووسراوەکانم -پرشنگ، ئافرەتی کورد- یاخود گۆڤاری نەورۆز -ژمارەی یەکەم- هەڵبژێرن پێم باشترە.) بەرواری ئەو نامەیە: ١٩٦٠/٢/٢٤ کە کاک شێخ سەعید بەسوپاسەوە بەفۆتۆکراوی دامێ.

جا لەوە دواشی مەگەر ئەو یەک دوو پارچەی وتبێ و ئێستا دیارنین.

لە (پێک گەیشتنا) کە (ژیان) لە ١٩٣٣/٦/١دا بلاوی کردۆتەوە دەڵێ:

هاتە خوارێ
چاو خومارێ
شەدەلارێ
سنگی وەک جامی بلور
وا لەسەر پەنجە، بەلەنجە هاتە لام
شینی لێ کردم بەسوور

هەروا لە (گۆرانی کرێکار)دا کە لە گۆڤاری (نەورۆز) ژ (١) ١٩٥٩دایە:

منیش کوردم بەلام کوردێک
کە ئاشتیخواز و دڵسۆزبێ
لە بۆ چینی کرێکاران
خەباتی بەرز و پیرۆز بێ.

دیاردەیەکی جیاواز لە نووسەرانی سەردەمی خۆی، چ لە شیعر و چ لە چیرۆکدا، کە من هەستی پێ دەکەم، ڕوو هەڵماڵینە لە هەندێ دیمەن و وێنەی شیعریی و چیرۆکەکانی لە ڕووی ئەدەبێکی جنسییەوە، کە ئەم دیاردەیە تەنیا تا سالانی چلەکان بووە و ئیدی لە بەرهەمەکانیدا کز کز بوون و ئەسەریان نەماوە:

لە (یار)دا -١٦ مارتی ١٩٣١- دەڵێ:

خۆ ئەگەر بێتو ڕووت بکاتەوە خۆی
مانگی تابانە، ڕۆژی تیشکینە
خۆ ئەمەندە ناسک و سپی و تەنکە
شتی تیا دیارە چەشنی ئاوێنە
تیشکی سووری بەیانیان و لەشی
مەی لەناو کاسەیی بلوورینە
ماچی لێوانی هەڵکوشینی لەشی
لام بەنرخی خەتا و ماچینە

---

(١) لە وەرگێرانێکی تایبەتی دوکتۆرەوە بۆ ئەم پرۆژەیەکە لە: ل١٩٠-١٩٢ی چاپی ڕووسی (مێژووی ئەدەبی کوردی نوێ) بەکورتی... لەگەڵ سوپاسمدا.

جگە لەمانە مامۆستا زۆربەی شیعرەکانی تری لەسەر شێوە تەقلیدیە کلاسیکە هۆنیونەتەوە و بۆ مەبەستی هەمە چەشنە، بەتایبەت دلداری و کۆمەلآیەتی و نیشتمانی.

لە زۆر کەرەتدا شێوە و (نزعە)ی نووسینی پەخشان زالبووە بەسەر مەبەستی هۆنینەوەکانیدا، بۆیە دەبینین مامۆستا دەستی داوەتە (پەخشانە شیعر) و یا لە ناوەراستی شیعرەکانیدا گۆڕیویەتە سەر پەخشان و پارچەیەکی هونەریی تێهەلکێش کردووە... ئەم نموونەیە لە بابەتەکانی ناو پرشنگدا زۆر بەرچاو دەکەون. لەم ڕووەشەوە دەسپێشخەری ئەم لەبەر چاوە. من ئەمە وا لێکدەدەمەوە کە بەهرە و توانستی شاکیر فەتاح بەرووکارێکی پەخشاندا خولقاوە زیاتر لەوەی بەرەو ڕووی شیعر و شاعیریەتی.

جا وەک د. مارف خەزنەدار دەلێ: «لەو ڕۆژگارەدا چیرۆک و وتار بوو بەهونەرێکی تایبەتی لە بەرهەمی شاکیر فەتاح. بەرهەمەکانی ئامانجی بلاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییان هەیە».

وەیان: ئەوەی ئەو دەیویست دەریبڕێ و ئامانجی پێ بپێکێ لە چیرۆک و پەخشاندا زیاتر و سەربەستانەتر بۆی دەچووە سەر و دەردەبڕا. ئەوەی من ویستم لەم بواری (شیعر)ەدا، لە بەرهەمەکانی مامۆستا، بێنم هەرچی هۆنراوەکانێتی تیا کۆبکەمەوە، دیارە بەکتێبی (پرشنگ)ەوە کە زیاتر لە نیوەی بابەتەکانی بریتین لە شیعرەکانی خۆی، کە چی بەداخەوە هەندێ (پەخشان)یشی تێکەل کردوون کە نەدەبوو وابێ و، ئەو بەرهەمەی تایبەت بوایە بەشیعر و وەک دیوانێکی شیعری دەردەچوو.

هەر چۆنێکبێ ئێمە ئەو بەرهەمەمان خستە ناو ئەم بەشەوە، بەپەخشانەکانیشەوە (وەک کتێبێکی مامۆستا) بەلآم ئەوەندە هەیە هەندێ بابەتی -پەخشانەکانی- لە گۆڤار و ڕۆژنامەی تردا بلاوکراونەتەوە، جا لەجێی خۆیاندا ئاماژەمان پێکردون و بواردومانن، تەنیا ناونیشانەکەیانمان هێشتوونەتەوە. بەپێی تواناش شیعرەکانیمان بەپێی سالی وتنیان داناوە.

خۆشخوانی

بەناوی خوا!

یەکێ لە کردەوە جوانەکانی باوکم ئەوەیە لەو ساوەی من پێم ناوەتە تەمەنی حەوت سالی بەقسە و بەکردن ئارەزووی خستوومەتە سەر خوێندن، بەتایبەتی زمان فێربوون، خۆشخوانی[1] و گەلێ شتی ترکە بەزبانەوە بەندە!!.

ڕەنگە هەتا ئێستا بەچەندان چیرۆک و نووسراوانی پێ لەبەر کردبم کە بەخۆشخوانی نووسراونەوە. لەگەل پیریشیا هەموو حەلی خۆشخوانیی پێ خوندوومەوە پیت بەپیتێ تێگەیاندووم بۆ ئەوە دەمێکی دوورودرێژ خەریک بووە وازی نەهێناوە.

زۆر جار پێم دەلێ: «حەلێک زمانت دەکرێتەوە، فێری خۆشخوانی وتن دەبی، کە کۆمەلێکی گەورە خۆشخوانی کوردی و هیتر لەبەر بکەی بەرەنگی تێیان گەیشتبی!»...

---

(١) خۆشخوانی: هەلبەست، هۆنراوە، شیعر... دەستنووسێکی ١٩٣١ی مامۆستایە.

جا ئەم ئامۆژگاریەی چەند سالانە دلمی بۆ وتنی هێنا بووە خرۆش، جاری وا هەبوو شەو و ڕۆژم لە نووسینەوەی خۆشخوانی کوردیا بەخت دەکرد کە لە لایەکی ترەوە بارێک خوێندنی قوتابخانەم بەسەرا کەوتبوو، بۆ ئەمەی بیان خۆیندەوە لەبەریان بکەم.

هەتا ئێستاش لە بیرم دێ کە لە تەمەنی ١٢ سالاندا بووم خۆشخوانیم هەڵبەستووە.

بەلام گێرە و کێشەی گەردوون هەروەکو لە شتی کەی کردم لەوێش دەستخەڕۆی کردم، فرێم دایە ئەولاوە...

بەلام لەم چەند سالی دواییەدا کە دیم لە زمانی کوردیدا چۆنم داوەتە دواوە خەلکی تریش لە زبانی خۆیاندا چۆنن، پێم لە ناتوانایی خۆم نا ئینجا خووم دایە کۆکردنەوەی خۆشخوانی جوان، چیرۆک و قسەی تێگەیشتوانی کوردی پاشان بەوەش وازم نەهێنا لە سالی ١٩٣٠دا دەستم کرد بەنووسینی یادگارنامەیەک هەتا دوایی سال، ئێستاش بەهی ئەم سالەوە ١٩٣١م خەریکم. مەبەستم لەمانە ئەوە بوو بەتۆزە تۆزە نووسینم باش ببێ، لە ڕاستیشا گەلێک نووسینم جوان بووە.

بەلام ئەم چەند ڕۆژی ئەم سالە کە لە ناوەڕاستی سالدا چوومەوە سلێمانی، کاتێکی زۆر نازەنین بوو کە لەوەدا کەوتمە ژیانێکی تازەوە... چونکو باوکم بەهەموو دەم هەر هەلێکی دەست بکەوتایە باسی خۆشخوانی و چیرۆکی بۆ دەکردم، پێی دەخوێندمەوە... خۆ ئەو کۆمەلە نووسراوانە کە لەو دەمەدا دەستم کەوتن وەک «ڕۆژنامەی پێشکەوتن، داستانی ڕوستەم و جیهانگیر...» لەوەش بەولاوە چاوئەندازە ڕەنگینەکانی سلێمانی کە هەموو کەسی گروفتار کردووە، ئەمانە کارێکی باشیان کردە دڵ و دەروونم، ئیتر دلم کرایەوە، بەتەرحێکم لێ هات پەرستنی خوایم پەرستنی چیا و ئاو و سەوزایی و بەفر و ڕۆژ و ئاسمان و مانگ و ئەستێرە بوو... ئیتر بەیانییەک بوو لە جێگاکەم سەرم دەرهێنا، پەردەی عورووسی یەکەم لادا، چاوئەندازی ئەو شاخە ڕەنگینەم دی، کاری کردە دلم، ئیتر هەر ئەوە دلم جۆشا پەڕ و پەڕە (قەلەم و قاقەزە)ەکەم بەدەستەوە گرت، هەلئەسام هەتا ئەم ١٥ خۆشخوانییەم لە سێ چارەکدا تەواو کردا...

منیش بەمە حەز دەکەم، هەموو حەلێ ئاواتم خواستووە و ئێستەش ئاوات دەخوازم کە ببمە نووسەرێک یاخود بوێژێک چەشنی شوبنهوری ئینگلیزی یاخود گۆتێی ئەلمانی، یان ئەناتۆل فرانسی فەرانسزی.

ئەمە ئاواتی گەورەی ژیانمە، ئیتر گەورەیی و دەولەمەندی و شتی تر بۆ براکانی تر بەجێ دەهێلم هەر ئەمەم دەوێ چونکی ئەو حەلە خۆم بەگەورە دەزانم کە ئەو ڕەنجەی شکسبیر و ئەوانەی تر بۆ زبانی خۆیان داوە منیش بۆ زوبانی کوردی بدەم تا وەکو زبانی ئینگلیزی و ئەوانی تر زمانی کوردیش بکاتە پایەی بلندی، ئینجا ئەو حەلە «شاکر» گەورە دەبێ، بەشەرەف دەبێ، پالەوان دەبێ، چونکو کوردی بلند کردۆتەوە، کوردستانی پێشخستووە!...

٤-٣- ١٩٣١ بەغداد

قوتابی سانەوی مەرکەزی کووزی چوارەم

شاکر فەتاح

یار

١٦ی مارت ١٩٣١م

چاوەکـــەی جـــوانە مـــانگو پەروینە
رووومـــەتی ئالـە لێـــوی نەخـــشـــینە
رووی لەناو ئەگـریجـە و قـژی سـەریا
چەشنـی ڕۆژە شــــــەوێکی هاوینە
مەمکەکەی چەشنی سێوی سەردە شتە
سنگەکــەی گــەرم و نەرم و بێ کــینە
بەکەمەر چەشنی موو. ئەمەند شیرین
لە لـەشـــــا چەشنی ئاسکی چینە
خـۆ ئەگـەر بێـتـو ڕووت بکاتەوە خۆی
مـــانگی تابانە ڕۆژی تیـــشکینە،
خـو ئەمـەند ناسک و سـپی و تەنکە
شـــتی تیـــا دیارە چەشنی ئاوێنە
تیـــشکی سـووری بەیانیـــان و لەش
مـــەی لە ناو کـــاســـەیی بلوورینە
مـــاچی لێـــوانی هەلـْکوشـــینی لەش
لام بەنـرخی خـــــەتا و مــــاچینە
بەخـــتـــیـــاریم، خـــوایە هەر بەمـــەیە
دڵ و گـــیـــانم ویـســـاڵی شـــیـــرینە

***

ئەمەم لە ١٩٣١/٤/٧ دا

بۆ فائیق بێکەس، بوێژی لاوڕەوانە کردووە

(١)

کـاکـە گـیـان فـائیق دۆسـتی دڵسـۆزم
بێ تـینـم لـە بـۆت زۆر جگـەر ســـۆزم
هەمــیـــشـــەوە دەم بەبای ســبــەینان
عــــەتری ســـەلامم بەدڵ و بەگـــیـــان
خـۆشـیی تۆ خـۆشـیی لەش و هوشـمـە
هەواڵی چاکـــیـت بادەی نۆشـــمـــە

نامـەتم وەرگـرت وورد وورد خـوێندمـەنە
عـەبیـری قـــەت دڵی کـردمــەوە
ڕەغنەت گـرتبـوو زۆر لەجـێـدا بوو
ســـەرکـــەوتنی من لەوە بەدوا بوو
لای عـەڵی عـارف مـەلای مـەزیووره
بۆ تۆم داناوە گـــــورج وەریگـرە[1]
بەلام عـەباسی کـوڕی کـاک سەعـیـد
نەینارد شـیـعـرەکـان کـردمی نائومـێـد
بچـــۆ! پێی بڵێ تکای لێ دەکـــەم
زوو بۆم بنێـــرێ با مــەراق نەکـــەم
ئینجـا: بێـینە سـەر هەواڵی بەغـدا
با بۆت بنووسم بتکەم دڵنیـــــا
(یانەی سـەرکـەوتن) لە سـەرکـەوتنە
ڕابوردووی وەسـتـان ئێـسـتـای ڕۆیشتنە
هەینی ڕابوردوو گـەورە بچـووکـمـــان
تیـــا کـــۆبووینەوە بۆ ئەغـــرا دانان
لەلایەن (چیــاووک) کــــردەوەی یانە
پێــــــشــــــانمان درا دانـە بەدانە
ئینجا (ئەمین بەگ) خۆی ڕاستەوە کرد
بەدەنگ چەشنی شیـر ئاوازی بەرز کـرد
وتی: «مـەئیـوسی پیشـەی کورد نییە
یا نەهەوڵ نەدا وەسـتـانی نیـیـە.[2]

(١) دیارە کتێبی(مەلای مەزیووره-مەشهوره)ی لەلای عەلی عارف ئاغای شاعیر بۆ بێکەس داناوە تا وەری بگرێ.

(٢) باسی ئەو کۆبوونەوەیە دەکات کە یانەی سەرکەوتنی کوردان لە هەینی ١٩٣١/٤/٣ لە بارەگای یانە گرتیان بۆهەڵبـژاردنی دەسـتـەی بەڕێوەبردن تازە، مـەعـروف چیـاوک ١٨٨٥-١٩٥٨ تیـایدا وتارێکی خـوێندەوە چالاکییەکانی یانەی باسکرد و باسی ئەو ئاستەنگانە کرد کە بەربەستی کارەکانیان دەکات.
ئەمین زەکی بەگیش وتەیەکیدا و هانی دان کە ڕەشبین نەبن و مەئیوس نەبن لە تەقەللا و تێکۆشان و دوایی هەڵبژاردنی دەستەی تازە کرا. مامۆستا لە (ئاوێنەی ژینم) دا بەدرێژی باسی ئەمە دەکات.

له سـالی پاردا ئیـمـلامـان چاپ کـرد
دوێنێش تەئریخمـان بۆ چاپخـانە برد[1]
(بێکەس) فـرگـێنی ئەگـەر نەنیـرێ
مـوژدە نانێـرێ (شـاکـر) بەفـێـری

(٢)

ئەمـیش نامـەیەکـە بۆ عـەلی عـارف ئاغـام ناردووە کـە ئەویش هەر بەخـۆشـخـوانی لە پێشـەوە بۆی نووسیبوم:[2]

برای دڵسـۆزم بینـایـی چـاوم
هەمـیـشـە بۆ تۆ بێ تین و تاوم
نامـەتم هەڵگرت بەدڵ و بەگـیـان
ورد ورد خـوێندمـەوە نامـە سەرچاوان
سـەرم هەڵبـڕی بۆ یەزدانی پاک
پێتکاتە خـاوەن زەوییزار و خـاک
هەر تۆی لە یاران دڵسـۆز و پاکـبی
بۆ هاورێت بەکـار چەشنی برابی
ئەوەندە هەیە دڵتـەنگت نەکـەم
شـتـێکت دابێ سـا زۆربێ یا کـەم
ئەمـەند دەیدەیتـە بەچاوی پیـاودا
بەهـای ناهێـڵی دەیدەی بەبادا
هەر بیـرکـەیتـەوە تۆزێ. دەبینی
چەندە چاکـەی من خـۆشت چلۆنی؟!
زۆر ناشـیـرینە برام بۆ ئێـمـە
بژمـێرین بۆ یەک چاکـەی پێشـینە
چونکی بۆ خـزم و برای چەند سـاڵان
هیچ نرخی نیـیـە کـردەوە و کـاران

---

(١) یانەی سەرکەوتن لە ١٩٣٠دا نامیلکەیەکی مەعروف چیاووگی چاپ و بڵاوکردەوە: (بەرگی املای کوردی - نووسراوی معروف چیاووک، ناردراوی هەولێر، چاپی یەکەم - چاپخانەی نەجاح ١٩٣٠ بەغدا).
ئەو کاتەش ١٩٣١ یانە دەستی کردووە بەچاپکردنی (خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان)ەکەی مێژوونووس محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

(٢) واتا عـەلی عـارف ئاغـا (شاری) پێشـتـر نامـەیەکی بەشـیعـر بۆ مـامـۆستـا ناردووە، هەندێ لاو ناوەڕۆکی نامەکەی لەم هەڵبەستەدا بەدیار دەخات.

بەندە بەڵێنم بەجێ هێناوە
ڕۆژنامە و نامە و نووسراو نێرراوە
قەت وا تێنەگەی برای دڵسۆزم
تۆم لەبیر ناچێ زۆر بۆت بەسۆزم
هەتا دەمێنم برای جارانم
لەسەر گفت دەڕۆم هەر بەپەیمانم
هەر بۆت دەنێرم ڕۆژنامە و نامە
بەڵام درەنگ بێ ئەوسا بەتامە
ئیتر براکیان نۆرەی ئێوەیە
بۆ نووسراوەکان چاوم لێوەیە
خۆ ئەمانەشت گەر بۆ دەست نەخرێ
ڕۆژنامەی کوردی[1] زوو پەیدا دەکرێ
خۆشەویستەکەم لەسەر پەیمان بە
بەڵێنت بەجێ، بێنە و ئازاد بە
ئەگەر هەردووکمان یاریدەی یەکدەین
بۆ یەک برابین، بۆ هیچ کۆڵ نەدەین؟!
کەریم و جەمال تاهیر - براکان
دەستیان دەگوشم بەدڵ و بەگیان
کاکەگیان (ئەتۆش) ئەسپەردەی خوابی
سەربەرز و ئازا جێ لە بالابی

لەگەڵ دڵ

١٦-٣-١٩٣١

یەک شەو لە خەوا، خەم لە دڵ و مات و پەرێشان
بیرم لە ژیانێک بوو پڕی دەرد و سەرێشان
بۆم هەڵنەدەهێنرا بەچە جۆرێکبم و بیخۆم
خۆم کەم بەئەمیر، یان بەمەلا، یاخود بەشێخان

(١) زاری کرمانجی: ژمارە - ١، ٧
بانگی کوردستان: ژمارە ١١
بانگی حەق: هەر سێکی
پێشکەوتن: ژمارە ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦
ئەم قسانەم هیچی پیتێکی بێگانەی تیا نییە، هەمووی کوردی پەتییە. (ش.ف)

پاشـــــان لە دڵی ناسکەوە گـــــوێم لەشـــتێ بوو
دەنگێک: کـــە بووە بۆنەیی بووژانەوەیی گـــیـــان
قـــیـــرانـدی! وتی چیـــتـــە ئـەوەنـدە بەپەرۆشی
بۆ منتـە ئەمـە؟ دەردە، مـەکـە. مـەمـدە بەتاڵان
بۆم دەبیـە ئەمـیـر - کـورد بکەیە بەندەیی نادۆست؟
زۆر و ستـەمت بێنێـتـە دەر، گـیـانی هەژاران!؟
یاخـود بەمـەلا: کـورد بخـەیە چاڵی نەزانین
دوایخـەی، کـەری کـەی، بیـخـەیە ژێر باری نەیاران؟!
یاخـۆت کـەیە شـێخ: کـورد بکەیە لەشکری دەروێش
هەوڵ دەی بۆ تەمـەڵکردنی خـەڵق بردن و تاڵان؟
سەر ڕاستبە لەگەڵ خۆت و لەگەڵ خەڵکی جگەرسۆز
کـێت دی کـە لە ڕێی ڕاسـتـەوە گـوم بووبی بەقـوربان؟
ئەم پەندە لە(شـاکـر) بگرە گـەر ئەتەوێ ژین:
(سەربەرز) و (گیان-سووک)بە، بەسەر زاریی، بەپەنهان

قوتابی کووزی چوارەمی سانەوی

بۆ پێکەنین

١٩٣١-٨-١

ماینە بۆرە

ئەمەم لەگەڵ (عەلی ناجی) ناو هاوڕێیەکمدا بەسەر ماینێکی هاوڕێ یەکماندا[1] هەڵداوە کە لە (١٥)ی تەممووز ١٩٣١ دا ئەسپەر دەی گڵ بووە.[2]

***

مـــــاینە بۆرەی پەرندە
داردەسـتی خـدری زیندە
سـوبحـانەڵلا کـە چەندە
قـەشـەنگ و شـۆخ و شـەنگە
تەییـارەیە بۆ سـەفـەر
تەختـە ڕەوان بۆ حـەزەر

(١) ئیسماعیل مەلا عەلی مامە شێخە. (ش.ف).

(٢) مەبەست ئەوەیە کە: ئەسپەکە لەو بەروارەدا ئەسپەردەی گڵ کراوە، دەقی ڕوداوی تۆپینی ئەو ماینە و هۆکەی لەگەڵ سەرەنجامەکەی وا لە(پێکەنین پرشنگ دەدات لە ژین) لاپەرە(٦٩)، کە لەگەڵ ئەم کتێبی دووەمە دایە.

خەمخۆرە وەقتی خەتەر
ئەجاتدەرە بۆ بەشەر
کلکی دەڵێی بەیداغە
چوار پەل ئەمامی باغە
ئەمەند جوان و بۆشناغە
هەزار جەرگی بۆ داغە
چاو ئاسکی فەرەنگی
عالەم لە کۆرەی دەنگی
لەرزەی پالە هەندی
کەڕ دەبوو وەقتی جەنگی

*

بەڵام لە وەقتی تاوا[1]
دەتووت تانجیی راوە
ملی سوواری دەشکاند
جەرگی دەبرد بەتاوا

*

وەلێ زەمانی بەد خوو
ئەیهێشت بمێنێ وا زوو؛
ئەویشی خستە ناو خاک
دەستی خستینە زانوو.[2]

*

ئەی فەلەکی بەدسوورشت
تۆ بۆ چ ئەم تاووسەت کوشت
یان هەر پیشەتە دائیم
بکەیتە دۆزەق بەهێشت.[3]

*

ڕەفیقی ڕۆژ و شەوان
مەنعم مەکەن لە گریان

(١) تاو: غار
(٢) زانو: ئەژنۆ
(٣) یان هەمیشە پیشەت ئەوەیە کە بەهەشتیان لێ بکەیتە دۆزەخ.

بەهارم بۆتە خەزان
دەرچۆە لەتەن رۆح و گیان

*

هەروە نەبێ وابم من
عالەم خانە خرابن
بوومەلەرزەیان تێکەوت
بێ سایەمان پیاو و ژن

*

حەتتا لەبەر شینی ئەو
زۆریان دەسی کرد بەرەو
بێ خانەمان لە دەشتی
نە خۆراکیان ما نە خەو

*

ئێستەش لە یەزدانی پاک
دەخوازم بەدڵێکی پاک
سەبووری خاوەندی دات
ئێمەش نەبینە غەمناک.

شافیعی و حەنەفی

سولەیمانی: ٧-٩-١٩٣١

شافیعی عارەبێکە لەو چۆڵە
حەنەفی کوردی شاخ و ناو دۆڵە
کورد ئەچن رێی یەکەم کەسیان ئەگرن
توخوا واز بێنە بام وەها بمرن!؟

بەڵێن

[سەفەد - فەلەستین ١٩٣١]

هێندە ئەی شاخی بەرزی کوردستان
دیقەتم کردە بەژنو بالاکەت
دەنگم بەرز کرد لە بۆ حەقی کوردان!
زۆری پێ ناچێ: «هەڵکەم ئالاکەت»

ئینسان و شەیتان

بروممانا – لوبنان ١٩٣٢

ئەگـــەر دڵپـــاکی ئینســـــانی
ئەگــەر دڵپــیــسی شــەیتــانی

کوردستان

ئەم هەڵبەستە وەک دەردەکەوێ یەکەم بەرهەمی شیعریی مامۆستا بووە، لە یادنامەی ساڵی ١٩٣١دا -دەستنووس- بەشێکی سەربەخۆی، نۆ لاپەرەیی، بۆ تەرخان کردووە کە بریتییە لە: پێشەکییەک و هەڵبەستی (کوردستان) پاشان شیعرێکی ئەحمەد بەگی فەتاح بەگی ساحێبقران کە (بەسەر هەراکەی سلێمانیدا – ٦ ئەیلوولی ١٩٣٠ – هەڵیداوە):

بۆ چ هەوا ئاڵۆزە لێڵ و سـووره ئاســمـان
گیژە لووکەی نەگبەتە یا فیتنەیی ئاخرزەمان

دوای ئەم هەڵبەستێکی (شێخ سەلام)ە کە: (لە کۆمەڵی گەلان – عوسبەتولئومەم–ی نووسیوە، لەسەر ئەوەدا کە بەڵێنەکەیان وەک سێبەرە، قەت کورد نایگاتێ):

عـوسبـەتولئـومـەم کـۆمـەڵی گـەورە
پڕ پێچ و پەتا بەفـــێڵ و دەورە
لە دوور بەدرۆ بۆ هەقی کـــوردان
تەکـانت دەدا، خـۆت دادەشـرنگان

دوا بەدوای ئەمیش هەڵبەستێکی حاجی تۆفیق (پیرەمێرد)ەکە بەسەر (وەفدی کوردستان)دا هەڵیداوە (کە لە پاش هەراکە – شەشی ئەیلول .ا.ب – چوو بوون بەپیر پاشای عێراقەوە -بەزۆری حکوومەت- فائیق بێکەسیش کردوویەتی بەپێنجی -تەخمیس-):

قـەدری میللەتتـان بەجارێ شکاند
نە حـەیاتان مـا نە ناوونیـشـــان
باری تەعنەتان وا هاتە سـەر شـان
«وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان
هەرزە وەکیـلی شـاری خامـۆشانە

جا بابێینەوە سەر بەرهەمە شیعرییەکەی مـامۆستا کە پێشەکییەکەی بەسەردێڕی (خۆشخوانی)یەوەیە دەڵێ:

«ئەو با خۆشە، ئەو ئاوە سازگارە، ئەو داروبەردە خومارە، ئەو کیژ و کورە نازدارە، ئەو چاوئەندازە جوانانەی لە سلێمانی چاوم پێکەوت، تیری حەزلێکەریی هاوێشتبووە دڵمەوە، بەئاو و سەوزایی و رووی

جوانەوە شێت و سەرمەستی کرد بووم، لەبەر ئەوە زۆری بۆ نەبوو، ئاگری ئەو خۆشەویستیانە لە کانی دڵمەوە هەڵقوڵینە دەرەوە، برژێتە (تا برژێتە - أ.ب) سەر لاپەڕەی قاقەز، بەتەرحێک بیسوتێنێ تا ئەمێنم لەبەر چاومدا بێ.

حەلی خۆی، منالانە تۆزێ دەمم لە خۆشخوانیەوە دەدا، بەلام دەمێکی دووردرێژە ئەوە ڕۆیشت.

ئەمجارە ئەوا تازە بووەوە... هەر بەیانییەک بوو لەپێخەف ڕاسبوومەوە. هەر ئاورێک بوو لە شووشەی عوروسییەکەی پشت سەرمەوە دامەوە، ئەو شاخ و بیابانەم لە لاپەڕەی دڵا نیگارکێشا، هەر کاتێک بوو قاقەز و پەڕەم داگرت و دەستم کرد بەبێژینی خۆشخوانی...

شاکر یەکەم کۆی بوو لە ژیانیا بەدڵێکی کەیلەوە خۆشخوانی بڵێ!... باوکم دەڵێی خۆشخوانی و تووە، هەتا خوا حەز کات حەز لە خۆشخوانی دەکا، هەر ئەویشە منی خستۆتە سەر ئەوەی ئەمەندە خۆم بەخۆشخوانییەوە خەریک کەم، لەوەش بەولاوە مامێکیشم هەیە هەردەم لەمەوە دەدات، خۆشمان لە تیرەی هەمەوەندین کە لە ئاو و سەوزایی شتی جوان، ئەسپ و تفەنگ بەولاوە هیچی تری بەرچاو ناکەوێ،... سا بۆیەکا ئەمەندە بۆی بەپەرۆشم، ئەگەر ئیتر هەوڵ بدەم، تیا قووڵ ببمەوە، ئەوە بێ گومانە بەم ئارەزووەوە کە من هەمە ئەچمە ڕیزی بوێژە چاکەکانی کوردەوە.

ئێستە لە دەروازەدا وەستاوم، بۆی هەیە بچمە ژوورەوە، بۆی هەیە بەرەو دوا بگەڕێمەوە، سا خوایە یاریدەدەرم بێ، بمکەیتە بوێژ، چونکی بوێژێکی کوردی تر دێتە کۆڕەوە، بەوە، زوبانەکەمان بەهێز دەبێ، پێش دەکەوێ... ئەمە خۆشخوانی یەکەم:-

کوردستان(١)

«هەڵبەستەری: شاکیر فەتاح - ڕۆژی ٤ی مارتی ١٩٣١»

ئەگەر نەتدیوە کوردستان ببینە
کە چەند شیرینە، جوانە، چەند بەتینە
کە ئەو ڕۆژەی بڵێن ڕۆژی بەهارە
ئیتر پیاو بۆ دەرودەشت بێ قەرارە
لەوێدا بەزمە، سەیرانە، زەماوەند
لە لایەک مەل دەخوێنێ، لایە چاز بەند
لەلایەک کیژ و کوڕ ئالاوی یەکترین
سەما و ڕەقس دەکەن بۆ کەیفی نەسرین
لە نەسرین گەر دەپرسی پێت بڵێم با
زەمین و ئاسمانە هەرچی تێدا

---

(١) ئەمە یەکەم هەڵبەستە لە دەسنووسی (خۆشخوانی) مامۆستادا.

ئەمـــانە بوونەتە ســـیحـــری تەبیـــعـــەت
کە خوا بەخشیویە بەم کوردە لە خیلقەت

چیـــا و شیـــو و دەرەی بۆتە ســـوێیـــری
ملوک و پادشـــاهان و ئەمـــیـــــری
چیـــایێکی لە جـــیـــاتی ســـەد تەیارە
لە بۆ ســـەرداری کـــوردە زۆر بەکـــارە
لە گـــەڵ کـــوردێکی دەڵـــێ: خـــۆ جـــاتوانم
ئەوا کـــە بە باشی چاکـــیـــان وەک دەزانم
هەمـــوو زیرەکن، تەوانان، جـــوان و ئازا
بە کـــار و چابووک و تەشـــیـــوان ئەوازا
لە زۆریکی کـــە تەکـــوردە هاتوتە دونیـــا
دەبینی کـــورد لە کـــاری دین و دونیـــا
هەزاران فەسل و عیلم و مەعریفەت بوو
بە کـــشتی قـــەرلە خـــاتووی کـــورد دەرچوو
لە کاتیکدا کە کورد یەک دەنگ و را بوون
هەمـــوو خـــاوەن حـــوکـــومـــەت جـــاهـــوار بوون
ئەمـــیـــستـــا چونکی بۆ یەک ناکـــر و پروشن
لە لای یار و نەیاران چەشـــنـــی پروشـــن
(خـــوایـــە!) بێنیـــە جێ ئاواتی (ئاشـــکیـــر)
بکەی کـــورد خـــاوەنی تەپڵ و عـــەسـاکـــیـــر

***

لەم (١٥) کەرتەدا (١٦) بێتی بێگانەی تیایە، ئەمەش لە راستیدا زۆر بەناشیرینی دەزانم، چونکە شت کە کـوردی بوو دەشێ لە هەمـوویدا کـوردی بێ، کـەچی ئەمـە هیچ نایەتە بەرچاو بوتژەکـانم (کەوەم، بەلکو تورک و عـەجـەمـیش بەزمانی خۆیان. بەڵام بەرە بەرە لەو بیتانە خۆم رزگار دەکەم، هەروەک لەم نووسینانەدا خۆم رزگار کردووە.

***

نامه و شیعرێکی مامۆستا بۆ شێخ محمدی خاڵ[1]

ئەترووش - دهوک
١٩٣٧/٥/١٤

برای شیرینم محترم شێخ محەمەد

دەستەکانتان ئەگوشم وە بەم کزە با خۆشەی بەهارەدا، کە لەسەر شاخەکانی مزووریەوە تێپەڕ ئەکات عطر و عبیری سلام و احتراماتی برای خوشەویستی خۆت پێشکەش ئەکەم.

وا بیر ئەکەیت لە بیرم چوویتەوە، خوا ئەیزانی دڵم لاتە، وە تا لێت دوورکەومەوە، زیاتر بیرت ئەکەم، و زۆرتر تاسەی قسە خۆشەکان و ڕابواردنە خوشەکانت ئەکەم.

داخەکەم لێرە نە ئەو مەلایەم دەست ئەکەوێت نە ئەو مزگەوتە کە تێروپڕ سکاڵای دڵی خۆمی لەلا بکەم. هەواڵی قەومەکەی خۆت ئەپرسیت. شپرزە و شێواوە، هێشتا لە ژەنگی زەبر و زەنگی کۆن پاک نەبوونەتەوە. خرافات، فسادی، جهالت بەربۆتە گیانیان.

مەگەر نوری عیلم و عرفان و شیری عەدالەت بێت بتوانی بیانخاتەوە سەر ڕێگەی ڕاست. ئەو ڕوحە عەزیزەی کە هەموو دڵسۆزێک ئەیپەرستی هێشتا نەکەوتۆتە ناویان. ئێمەش مەگەر لە کوولەکەدا بانگ بدەین ئەگین زروف و موحیت لەوە زیاتر ڕێ نادات.

لەمەدا چونکی بەمەلایەکی ڕاستەقینەتان ئەزانم، ناترسم لە دڵشکانتان، پێویستە بڵێم تاوانی ئەم پاشکەوتنە بەشی گەورەی ئەکەوێتە سەر ئاغا و مەلا و شێخەکانی مزوری، خوا هەڵناگرێ هەندێکی بەغیرەتی تیایە، بەڵام هی خراپ گەلی بەقوتیشی تیایە، پەکی گەلێ مەشروعی خێری من ئەخەن.

تەکیەی شێخ نوری بریفکانی لە ناحیەکەماندایە لە علیە مکتب مەزبەتە ئەکەنەوە. تا ئێستا چەند جار تشبثاتم کردووە بۆ مەکتەب. ئەوان بلعەکس هەوڵیان داوە لە گوندەکەیاندا نەکرێتەوە. بەڵام لە سایەی خواوە زەفەر بۆ ئێمە بووە، وەعدێکی بەقوەتم وەرگرتووە ئەمساڵ بێتەوە مەکتەبێکمان لە بریفکاندا بۆ بکەنەوە بەرامبەر بەتەکیەی شێخ!... لەم بەینەدا پێنج شەش جار کردمانە سەری بۆ تەبەرعی مناڵە فەقیرەکانی مەکتەبی پیرەواتروش، لەپاش ئیغفالاتێکی زۆر ئاخریش نەیناردا!... کەچی أهالیەکە (٣٢) دیناریان تبرع کردا...

جا شێخم، شتی وا کەمنیە کە دەمارەکەم بجووڵێنێتەوە و، شعورێکی فەوقەلعادەم. بخاتە خەیاڵەوە!... وە لە ڕەغمی ئەوەی کە شاعیرنیم و خۆم بەشاعیر نازانم، لە سایەی شێخەوە فێری شیعر گوێگرتن بووم!... ئەوا بۆ یادگار تەقدیم کردن، لە بریتی هاتنە مزگەوتێکم کە لە مجلسەکەی ئێوەدا سکاڵای دڵی خۆم ئەکرد، تکا ئەکەم، و بەو رابطە علمی و وادبیەیە کە لە بەینماندایە سوێندت ئەدەم، تنقیدێکی ڕاستەقینەم بکە. یا ئەم موضوعە بێنێتە سەر گوڵی مخابەراتمان.

***

(١) بەسوپاسەوە ئەم نامەیە مامۆستا (خالد محمد خاڵ) دایێ.

شێخم ئێستا ناحیەکەمان خانمانە، بەبۆنەی بەهارەوە خۆی ڕازاندووەتەوە، شاخەکان گوڵاڵکە سورکە و گوڵە وەنەوشە و بەیبوون و گوڵە زەرد و گوڵە سپیان لە سنگ و بەرۆکی خۆیان داوە. ئێمەش لەم کەژ و کێوەدا ئەو حەیاتە سادە بێگەردەی فەقێیانەیە ڕائەبوێرین کە لای خۆتان باوە، هەر ئێوارەیە لە چیمەن و لالەزارێکا کۆڕی دۆستان دەورەی سەماوەر و قۆریە ئەدەین!... خۆزگەم لامان بونایە!...

ئێمە و گەورەکانمان[1]

١٩٣٧/٢/٤

(١)

ئەمــــە بۆتـە ڕەوشت و کــــردەوەمـــــان
هەرچی دەســتـداره خـێـوی نان و خـوان
بێ ئەمـەی تێی بگەین چییـە و چە نییـە
دیـن و ئایـین و باوەڕی بەچـیــــــیـە
خـوا ئەناسێ بەراسـتی یان بۆ مـەبەس
هاودەمی چاک و باشـــە یان ناکـــەس
کـــــاروباری یەکـــە لەگـــەڵ زاری
دڵی خـــــاوێنە، جــــوانە کــــرداری
ڕەگـــەزی خـــۆی ئەوێ، ئەکـــۆشێ بۆی
یاخـــود ئەیفـرۆشێ بۆ مـــەرامی خـــۆی!...
پێی ئەڵێن: دەرگـــەوان و نۆکـــەرتین
بۆ هەمـــوو کـــاروبارێ ڕەنجـبـــەرتین
چەشنی کـوێر؛ هەرچی ئەو بڵێ ئەیکەین
هەرچی پێویستی بێ بەدەستی ئەخەین!...

(٢)

ئەویش ســـاســــەیدە ئەگـــەر پیـــرە
یاخــــود ســـەردارە یان کـــوڕی مـــیـــرە
تـاکـــــــو چەنـد ڕێ بـدا دەروون و دڵی
زیرەکـــیـی بریـکـا: ئەوەنـدە بەکـــوڵی
بەفــــروفـــــێـڵ و تەفــــرەدان و درۆ
قــڕ ئەکـا گـیـــان و مـــاڵی قـــومی خـــوا!...

---

(١) شیعرەکە لە لاپەڕە دووی نامەکەوە دەست پێدەکات.

(٣)

ئێمەش هێندە تەزان و پاشکەوتین

هێند لەگەڵ یەکتری بەد و چەوتین

تێ نەگەیشتووین لە دەردی خۆ هێشتا

دوژمن و دۆست ... هێشتا

وا نەزانین کە فەرمووەی خوایە:

شێخ و سەردارمان کە ناوایە!...

(٤)

شێخ ئەگەر شێخی راستەقینە، ئەبوو

بۆچی چاوی لە ماڵی خەڵقی ئەبوو؟

لەم هەموو دیاریە کە شێخ وەری ئەگرێ

پێم بڵێ «تەکیە»کەی ئەبێ چی کرد؟!

«تەکیە»کەی فاقیە بە تۆزی نان

کەر و گیا ئەگرێ پێی، دزی ئیمان...

شێخ بە دوعا و رموز و نیازگەرێ

نانی دوقتوور و خوێندەواری برێ!...

دەبیستان، خەستەخانە، علم و فن:

شێخ ئەڵێ: «دوژمنن بە دین و وطن»!...

شێخ ئەگەر تۆزێ خوای بناسیایە،

بێ زبان، راست و دڵ دروست بوایە:

نەی ئەخوێند خۆی و خەڵقی ئەخوێنن؛

تاکو هەرچی بڵێ بە جێی بێنن!...

بۆچی نەی فەرموو پێغەمبەری دین:

«اطلبوا العلم ولو بالصین»؟!

(٥)

لەمەدا سەرکۆمار[1] وەکو شێخن

هێندەیە شێخ نین بەڵام مێخن!...

هەرچی وڵاتی بەر ناو ... شێخان

رووت ئەکەن قەومەکە لە نان و خوان

(١) سەرکۆمار: لێرەدا مەبەستی ئاغاکانە.

تاوەکـــو چەک بەدەست و بەردەست بن
بۆ هەمـــوو کـــاروباری دەردەست بن
تاوەکـــو چەشنی ڕانی بزن و مـــەڕان
بیـــانفـــرۆشن بەئارەزوی خـــۆیان!...

(٦)

کـــاکی خـــۆم وازبهـــێنە لەم بیـــرە
گـەورەیی نە بەشێـخـە نە مـیـرە!...
هەر کـەس هات بەکـردەوەی جـوانی؛
برسی تێـر کـرد بەسـفـرە و خـوانی؛
وازی هێنا لە خـۆپەرسـتـیی خـۆی؛
مـالی کـردە فـیـدای ولاتی خـۆی؛
یـاریـدەی بـێـکـەس و هـەژاری دا،
پیـــاوی زانا و فن و کـــاری دا؛
چوو بەگـــــژ بەدڕەوشت و زۆردارا
هاتە مـــــەیدان لە ڕۆژی هاوار؛
بەخـــتـــیـــاریی ولاتی ئازادیی:
کـردە ئامـانجی خـۆی بەدڵشـادی
ئەوەتا پیـــاوی میلت و گـــەورەی
کـەمە، هەرچەندی بەندەێتیی بکەی!...

(٧)

قـــسەیێکم هەیە بچـووک و ڕەقـە
تیـژ و کـاریگەرە، ئەوەندە حـەقـە
«ئەگـــەر بینین و فـــام و هۆشت بێ
مـەکـە بڕوا کـە گـەورەیێکت هەبێ!...»
دوو هەزار شـێخ و پیـر و سـەردارت
دەسـتـدەنە کـاروبار کـەس و کـارت
پشـتـیـان پێ مـەبەسـتە سەد ئامـان
گورگی خـونخـوارن، دوژمنی ئیـمـان!...
ترس نەکەی، سەربەخۆ، گەش و سەرا ڕاست
پێشی بخە قومی خۆت لە سەر ڕێی ڕاست
تا خـوا ڕۆسـتـەمـێکی داسـتـانێک
شـێـری مـەیدان وەکـو کـەریم خـانێک

ئەرەخسێنێ بۆ خاکی کوردستان
رستگاری ئەکا لە دەست فەوتان
ئەگینا تاکو شێخ و میر مابێ
کوردی بێچارە هەر ئەبێ وا بێ؟!!...

ئەمەندە و احتراماتم بۆ براکانتان تکا ئەکەم هەواڵی خوتانم بۆ بنووسە. ئیتر حرمت گیانەکەم.

برای دڵسوزتان

مدیری ناحیەی مزوری

شاکیر فتاح

پرشنگ

کۆمەڵە وتارێکە؛ هەژاری، نەخوێندەواری، زۆرداری و ناڵەباری لەناو کوردەواریدا دەرئەخا.

١٩٤٧ - نرخی ١٠٠ فلسە. چاپخانەی معارف - بغداد

سەرەتا

داخەکەم گیانی بازرگانی و خۆپەرستی بەتەرحێک کاری کردۆتە ژینمان؛ هەموو رەوشت و دین و ئاین و ئادابێکمان، وەک بابەتی بازرگانی بازارمان بۆ داناون، ئەیان کرین و ئەیان فرۆشین!... لەبەر ئەوە - تاک و تەرامانی لێ دەرکەی - تێکرا کەسمان و هیچ چینە و دەستەیەکمان لەسەر فرمانی راستەقینەی خۆمان نەماوین وە هەموو لە رێگای راست لامان داوە!.

بۆیە هەموو بەرەو نەمانی و پەرێشانی و سەرگەردانی ئەرۆین!... وە بۆیە تادێت: زۆرداری و هەژاری و نەخوێندەواری و ناڵەباریی لەناومانا بڵاو ئەبێتەوە!... بەڵام لە دوورەوە تیشکێکی چرای هیوا دیارە. ئەویش راپەرین و کۆششی مەردانەی هەندێ لاوانە بۆ بەربەستکردنی بۆنەی پاشکەوتن و بەرهەمهێنانی هۆی پێشکەتن. جا بۆ ئەمەی ئەو تیشک ببیتە پرشنگ: ئەم نوسراوی (پرشنگ)ەم نووسیەوە. پێشینان وتویانە: «دۆست ئەوەتا ئەتگریێنێ، دوژمنیش ئەوەتا پێت پێئەکەنێ». لەبەر ئەوە هیوادارم کە هەموو لایەک بەچاوی برایانە سەیری وتارەکانم بکەن وە قسەکانم وەرنەگێرنە سەرباری خراپی بەڵکو هێندە کار لە دەماری مەردایەتیان بکا پێکەوە تا سەر بەرەنگاریی هۆی هەژاری و زۆرداری و نەخوێندواری و خەفەتباری و ناڵەباری بکەن لەناو (کوردەواری)دا وە بۆ پێکهێنانی گەل و نیشتمانێکی ئازاد و شادمان هەوڵ بدەن.

سا دەست لە دەست و هێز لە خوا براکانم.

شاکیر فتاح - ١٩٤٧/٤/١٢

قایمقامی سلیمانی

نیشتمان

عەردت ڕەنگین
ئاوت شیرین
بادت موشکین
خاک و خۆڵت وەک بلور
نیشتمان!
پڕ لە باغ و میوەهات و دەغڵ و دان و سەوزەواتی
پڕ ژیان

***

سەیری گەشتی
ناو بەهەشتی
دۆڵ و دەشتی
سەرچەم و باغ و چیای!
تاکو چاوم پڕ ئەکات
چاوەیی خوشی و زەماوەند، عیش و نوش، ئازادییە
ژین لە شادی پڕ ئەکات!...

***

تۆیش بەچنگ بووی
سەر بڵند بووی
شۆخ و شەنگ بووی
دەوڵەمەند بووی وەختی خۆی
وا دیارە
ئەم هەموو سامان و شوێنەت کردەی سەردارییە
ئاشکارە!...

***

تێک شکاوی
ناتەواوی
نان براوی
زۆر شپرزەی ئێستەکە!...
بۆچ وەهای؟
یان سەبارەت دوو دڵی و بەدخواهی و گومڕاهییە

بێ بەهای؟!...

***

لاوەکانت
پەریەکانت
زەویەکانت
ڕۆژ بەڕۆژ وا گوم ئەبن!...
بۆ چ ئەهێلی!
حەیف نییە بۆ تۆ لەسەر خۆتا کە خەڵک داخت بخۆن؟
هێندە لێڵی؟!...

***

هەستە، ڕابە!
ڕوو لە خوابە!
دڵنیابە!
تێ بکۆشیی چەشنی مەرد
زوو ئەگەیتە تەخت و بەخت
زۆری وەک تۆ هەوڵیان دا و پێگەیین
بوون بەشاهەنشاهی وەخت!...[1]

بانگی زانستی[2]

وا وەرن! وا وەرن! کۆمەڵی لاوان
یەک گرین، پێش بخەین زانستیمان
زانستی جێگای علم و عرفانە
شوێنی ڕووناکی و ژینی کوردانە
واوەرن لاوەکان یەکگرین، یەکگرین
زانستی ڕا گرین

***

(١) ئەم پەخشانە شیعرەی (نیشتمان) لە (گەلاوێژ)ی ژ (١٢) س(٦) کانونی یەکی ١٩٤٥، ل ٣٨-٣٩ بلاوکراوەتەوە.
(٢) لە دەستنووسی (خۆشخوانی)دا نووسراوە: (لە مایسی ١٩٢٣ دا نووسراوە لەسەر ئاوازی بەیداغی لوبنان - کلنا للوطن - وتراوە بۆ کۆمەڵەی زانستی.

ئیمڕۆ لاوی هەموو میللەتانی سەرزەوی
هەوڵ ئەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی زانین
بۆیە وا گەورەن و بەرزن و دووربین
ئێمە پاشکەوتووی دەستی نەزانین
وا وەرن لاوەکان یەک گرین یەک گرین
زانستی ڕا گرین

یاریدەی لاو نەبێ، کوششی لاو نەبێ
هەوڵ و کۆششمان، شەو لەگەڵ ڕۆژ نەبێ
بۆ بڵند کردنەوەی، زانستیی کوردانە
ناگرین جێگەمان، ون ئەکەین نیشتمان
وا وەرن لاوەکان یەک گرین یەک گرین
زانستی ڕاگرین(*)

قەڵەم

قەڵەم! سەرسوڕماو و هێز و گوڕی تۆم
دڵبەستەی گیرفتەی جەشنی بەری تۆم
هێندەی بێ دەنگی، ئەوەندە بەزاری
ئەوەندەی سەرسامی، هێند کارگوزاری
ئەگەر چەز بکەی کۆشک و تەخت و بەخت
دێنیتە بەرزە بەوەخت و بێ وەخت
نارەزووش بکەی زنجیر گەدایی
ئەگەیەنیتە نشینگەی شایی
دڵەی پڕ ئازار بەهیوڵێکی کەم
ڕزگار ئەکەی لە دەس خەم و تەم
لەگیوڵ ئەبەخشیا چونکە نەژادی
هاوڕێی چراستێر و دەروون ئازادی
بەم هۆیەوە هێز و کیردارانەوە
خۆت لێ ناگۆڕی و ئیستیکایەوە

(*) ئەمە بەگۆرانی لەسەر لەنگەری «کلنا للوطن» بۆ «کۆمەڵی زانستیی کوردان» لە وەختی خۆیا هەڵبەستراوە.

ملکەچ بۆ خێوت خۆت ئەرەنجێنی
دڵسۆز، گوێڕایەڵ، خۆت ئەنوێنی
ڕۆشنکەرەوەی نشینگەی ڕازی
چونکە چەشنی نەی پڕ لە ئاوازی
چەکی بەکاری ڕۆژی تەنگانەی
بەڵام ئاخ داخم قەدرت ناگرین
بۆیەکا بۆ یەک پوشوو ناگرین
ئەگەر شان بەشان تفەنگ، شیر و تیر
ئەمان کردیتە چەکی جوان و پیر
بەم ئەندازەیە دوا نەئەکەوتین!...
بەرچنگی دوژمن وا نەئەکەوتین!...
ئەوسا کە کورد و کوردستانمان
جۆری تر ئەبوون، سەر و سامانمان!؟...

راستی و دروستی

راستی و دروستی جێیان بۆ نییە
ناو ئاوونیشان وریان بۆ نییە
بەچاو نابینرێن، ناگیرێن بەدەس
سەر نانەوێنن بە ئارەزوی کەس
گەورە و سەربەرزن، سەربەست و ئازان
بۆ هەموو شوێنێک ئەچن، شارەزان
جوان و شیرینن، ئاسک و نازدارن
بنچینەی هێزی ڕەوشت و کارن
شیرازەی ژیان بەوان پێچراوە
خۆشی و سەرکەوتن بەوان بەستراوە
دوژمنیان دز و درۆزنانە
پیاوی پولەکی و کوژراوی نانە
هێندەش نازکن تۆزە ئازارێک
زۆردارێک بیکا یاخود بەدکارێک
نەیان ڕەوێنی، هەوار بەهەوار
تا لە هەواردا ئەبێتە هاوار!...

لەگەڵ ئەمەشا چونکە لەسەرخۆن
تۆ لە سینەوەن گیانی سەربەخون!...
کاتێک ئەزانی وەک مەردی چالاک
خۆیان دەرئەخەن، سەبەست و بێ باک
زۆردار و ناکەس لە شەق تێر ئەکەن
کۆشکی بەدڕەوشت سەرەوژێر ئەکەن
جوامێر و پیاو چاک ئەخەنە سەر تەخت
تەختی سەربەرزی، سەر ئەنجامی بەخت
دڵەی بێ ئارام ئەمرکێنن
چرای خۆشبەختی تیا ئەسوتێنن
ساڕێژی ئەکەن زامی دەروونی
ڕزگاری ئەکەن ن لە چەندوچوونی
چونکە هەموو کەس بەئاوات ئەگا
تۆڵە ئەسێنێ و بەشی خۆی ئەبا
ئەگەر سەرڕاست و کاردروست ئەبووین
بۆ چ وا لە ژینا سەر نوشوست ئەبووین؟
لە عاستی ڕاستا بەد هەر ئەنەوێ
خوا ڕاستە و پیاوی ڕاستی خۆش ئەوێ.

خێزان

مامە!... بۆ چ وا داماوی؟ هەمووی لەبەر من؟
بۆ چ وەها ماتی؟ لەبەر چوونی من؟!.
پێت خۆشبێ یان ناخۆش، تازە نایەمەوە بەماڵتا!. ئەمەوێ سەربەست بژیم. دڵم ئەڵێ: «بۆ خۆم، لەگەڵ خۆم، بەرەنجی شانی خۆم بژیمە!... بیرنەکەی! تازە نایەمەوە... دڵت خۆش نەکەی!...

***

خانووەکەت: بام کۆشک و باڵەخانەبێ
خوانەکەت: بام دەوڵەمەندانە و شاهانەبێ.
بەرگ و پوشتە نیم: بام شازاردا نەبێ.
بیرنەکەی!... تازە نایەمەوە بەکالتا. دڵت خوش نەکەی!...

***

پێم ئەڵێی: مۆنی، بۆیە ناتدوێنم.

پێم ئەڵێی: گرژی. بۆیە بەدەمتەوە پێ ناکەنم.

پێم ئەڵێی: سست و شل و شێواوی، بۆیە کەمتر لەگەڵت ناکەم؟ بەڵام نازانیت؟ چەوتیەکم ئەگەر هەبێ: لە بەدخواهیی خۆت و لە فێڵ و کوتەی ڕەوشتی کردەوەی دوڕوومەندانەی ماڵی خۆتەوەیە ؟!.

ئێستا - کە خۆم لە دەست ماڵی تۆ ڕزگار کردووە و بەندی ماڵی تۆم پچڕاندووە: مۆن و گرژ و شل و شێواو نەماوم!... ئەی گەش و لەش خۆش و دڵخۆشیم نابینی؟!

ئیتر من بیری خۆت و بەندیخانەکەت ناکەمەوە، تازەش بە ماڵتا نایەمەوە.

بیرنەکەی!... دڵت خۆش نەکەی!...

***

منت بەخێو ئەکرد بەناوی مامێتی و خزمایەتییەوە...

خەڵکیش خەڵەتابوو، بەچاکی ئەیدایە قەڵەم!.

کەچی ڕاستییەکەی: نۆکەرێکت لێ ڕائەگرتم، ڕەنجبەریی خۆت و ماڵ و منداڵت بکەم!...

کەی تۆ وەک کوڕەکەت تەماشات ئەکردم؟!...

کەی وەک ئەو سەربەستیی هەڵسان و جوڵان و قسەکردن و ڕابواردنت ئەدامێ؟!...

کەی ئەتهێشت شتێک بکەم، تۆزێک پێچەوانەی ئارەزووی خۆت بێ؟!.

چەند کەسێک هەبوون خۆشیان ئەویستم و دۆستایەتیان لەگەڵم ئەکرت و بۆم ئەکۆشان. ئایا منت لەوان و ئەوانت لە من نەکرد؟

چونکە دوژمنی خۆت یا هی باوو باپیرت بوون؟!...

ئێستا کە وا لە دەست ماڵی تۆ ڕزگارم بووە، بەدەست و سەرمەست و سەربەستم.. تازەش نایەمەوە بەماڵتا... بیرنەکەی!. دڵت خۆش نەکەی!

***

لای تۆ خۆشیی من بەندێتی بوو و وەکو جوانەکانی ماڵی خۆشەویستیی هێنانەوەی لە نێوانی کە خۆپەرستیی و دڵپەستی و سەر نەوی و دۆستایەتی و ترسنۆکی و خۆشیی لە ماڵەکەتا بە هێشتنی.

لای من بەختیاری: بەخۆشەویستی و دڵشادی و سەر ئازادییەوەیە.

ئەو جێیەم پێخۆشە کە دڵ تیا خۆشە...

ئێستا کە من لە تۆ ڕزگار بووم: ڕۆژ بەڕۆژ لە بالادام. تازەش بەدڵی نایەمەوە لاتا، بەسەرێشی ناکەمەوە بەماڵتا!... بیرنەکەی!... دڵت خۆش نەکەی!...[1]

---

(١) ئەم پەخشانە شیعرییەی لەوە دەچێ، دەربڕینی ژان و ئازارەکانی ساڵی یەکەمی خوێندنی بێ لە بەغدا ١٩٢٨ - ١٩٢٩.

***

خزمایەتی

لەم جیهانەدا هەرچی هاودڵمە
ڕۆژی تەنگانە و خۆشی لەگەڵمە
بەو دڵ و چاوم ئەگەشێتەوە
پایەی بڵندیم بەرز ئەبێتەوە
خەو و هۆشیاری لە خەیاڵی دام
بۆ پاریزگاری لەژێر باڵی دام
ئارەزوی دڵ و دەرون و هۆشم
هاوتای هی ئەوە کردەوە و کۆشم
چرای خۆش بەختیم هەڵئەگیرسێنێ
خەم و ئازارم لێ ئەڕەوێنێ
ئەوە دایک و باوک، برای بەکارم
ئەوە لە جێگەی گشت کەس و کارم!...

***

ڕێی خوایەک بگرە گەورەی هەموانە
سەرکردەی هەموو چاک و پاکانە
بزانە لای ئەو کەسوکار هەیە؟
خزم و دایک و باوک،دۆست و یار هەیە؟
هەرچی چاک نەبێ و بەدڵی نەبێ
قەت لای نازدار و خۆشەویست نەبی؟!.

فنی ژین

یەک شەو لە خەوا: خەم لە دڵ و مات و پەرێشان
بیرم لە ژیانێک بوو پڕی دەرد و سەرئێشان
بۆم هەڵنەدە هێنرا بەچە جۆرێک بم و بێخۆم
خۆم کە بەمەلا، یان بەئەمیر، یاخود بەشێخان
پاشان لە دڵی ناسکەوە گوێم لە شتێ بوو
دەنگێک کە بووە بۆنەیی بووژانەوەیی گیان
قیژاندی!. وتی: چیتە ئەمەندە بەپەرۆشی؟!...
بۆ منتە ئەمە؟ دەردە. مەکە. مەمەدە بەتالان!...

بۆم ئەبیـــە امـــیـــر: کـــورد بکەیە بەندەیی نادۆست؟[*]
زۆر و ســـتـــەمت بێنیستـــەدەر گـــیـــانی هەژاران!...
یاخـــود بەمـــەلا: کـــورد خـــەیە ناو چاڵی نەزانین؟
دوای خـەی، کـەری کـەی، بیـخـەیە ژێر باری نەیاران!...
یان خـۆت کـەیە شـێخ: کـورد بکەیە لەشکری دەروێش؟
هەوڵ دەی بۆ تەمـــەڵکردنی خـــەڵک بردن و تاڵان!...
ئەم پەندە لە (شـــاکـــر) بگرە گـــەر ئەتەوێ ژین
(سەربەرز) و (گیان سووک)بە، بەسەرزاریی، بەپەنهان
(سەرڕاستبە) لەگەڵ خۆت و لەگەڵ خەڵکی (جگەرسۆز)
کـێت دی کـە لە ڕێی ڕاستـەوە ون بووبێ بەقـوربان؟!...[1]

بۆ خانەدانەکان

بەس خـۆت هەڵکێـشـە بەباوانتـەوە!...
بەس نیـــازی بەخـــزمـــانتـــەوە!...
وەرە بـەر دیـوان قـــــــەومی هـەژارت
بۆیان بژمـــێـــرە کـــردەوە و کـــارت
چەند تێکوشـــاوی؟ چیت بۆ کـــردوون؟
چەند جـــار تەنگانە، دەســتت گــرتوون؟
ئەوســـا تەرازووی تاســـەی هەژاران؛
پێشـــانتی ئەدا: ســووکی یان گـران!...
ئنجـــا تێ ئەگـــەیت کـــە خـــانەدانی؛
بۆ تۆ وەک یەکـــە: مـــانی، نەمـــانی!...
کـە خۆت هیچ نەبی... خەڵکی بەتوچی؟!...
ســکـەی نـارەوا!... وەک ڕەوا ئـەچی؟!...

بۆ دەست بڕەکان

بۆی لوا لەم جـــیـــهـــانەدا زۆر کـــەس
خـــواردی بۆ خـــۆی و ڕێی نەدا بەر کـــەس

(*) لێرەدا پلارە کە گیراوەتە تەنیا ئەم میر و مەلا و شێخانە کە لە فرمانی ڕاستەقینەی خۆیان داوە. ئەگینا پیاوی دینی و پیاوی جیهانی ڕاستەقینە، لە کۆمەڵدا بوونیان پێویست و بەکەڵکە. (ش.ف).

(1) دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ کە لە دەستنوسی (خۆشخوانی - ١٩٣١/٣/١٦) ئەم هەڵبەستەی بەناوی (لەگەڵ دڵا) نووسیوە. لەگەڵ کەمێ دەستکاری و ئەو پەراوێزەی بۆی داناوە.

خواردنەوە و کەیف و بەزم و ڕەزمی کرد
بۆ هەموو جۆ گوناهی عەزمی کرد
هەندێ نەیتوانی نەیگو ناتوانم!...
گوتی: من دوژمنی خراپانم!...
زۆری بێ دەست ولات و بێ دەسەلات
خۆی نیشاندا لە زومرەیی سادات
دەست بەجێ مێزەرێکی سەوزی کڕی
بەدرۆ دەستی میللەتێکی بڕی؟!...

ئێمە و گەورەکانمان

ئەمە بۆتە ڕەوشت و کردەوەمان
هەرچی دەسدارە، خێوی نان و خوان
بێ ئەمەی تێی بگەین چییە و چەنییە
دین و آیین و باوەڕی بەچییە
خوا ئەناسێ بەڕاستی یان بۆ مەبەس
هاودەمی پیاوی باشە یان ناکەس
کاروباری یەکە لەگەڵ زاری
دڵی خاوێنە، جوانە کرداری
ڕەگەزی خۆی ئەوێ، ئەگۆشێ بۆی
یاخو ئەیفرۆشێ بۆ مەرامی خۆی
پێی ئەڵێین: دەرگەوان و نۆکەرتین،
بۆ هەموو کاروبارێ ڕەنجبەرتین
چەشنی کوێر هەرچی ئەو بڵێ ئەیکەین!...
هەرچی پێویستی بێ بەدەستی ئەخەین!...

***

ئەویش ساسیدە[1] ئەگەر پیرە
یاخو سەردارەیان کوڕی میرە
تاکو چەند ڕێی بدا دەروون و دڵی
زیرەکی بڕ بکا، ئەوەندە بەکوڵی
بەفروفێڵ و تەفرەدان و درۆ
قڕ ئەکا گیان و ماڵی قەومی خۆ!...

(١) ساسەییدە

ئێـــمـــەش هێندە نەزان و پاشکەتووین
خـۆ بەخـۆ چەوت و دوو دڵ و بەدخـووین
تێ نەگـەیشـتووین لە دەردی خۆ، هێشـتا
دوژمـن و یار و مـــەردی خـۆ هێـشــتـــا
وا ئەزانین کـــە فـــەرمـــودەی خـــوایە
شــێخ و ســەردارمـــان کــە ئاوایە!؟...

***

شێخ ئەگـەر شـێـخی راسـتـەقـینە ئەبوو
بۆ چ بەرِو و باش و دڵ بەکـینە ئەبوو؟!...
بەم خــــــــەڵات و بـەراتـە بـۆیـان بـرد
پێم بڵێ: تەکـیـەیەک نەبێ چی کـرد؟!...
تەکـیـەکـەی فـاقـەیە بەتۆزێ نـان
کـەر و گـا ئەگـرێ پێی دزی ایمان!؟.
شـێخ بەدوعـا و رمـوز و نیـازگـەری
نانی دوکـتـۆر و خـوێندەواری بری!...
دەبسـتـان، خـەسـتـەخـانە، علم و فن
شـــێخ ئەڵێ: «دوژمـنن بەدین و وطن»!.
شـێخ ئەگـەر تۆزێ خـوای بناسـیـایە،
بـێ زیـان، راسـت و دڵ دروسـت بـوایـە
نەی ئەفـەرمـوو بەخـەڵکی مـەخـوێنن.
خـوێندن هی شـێـخـە وازی لێ بێنن»!...
بۆچی نەیفـــەرمـــووە رسـولی أمین:
«اطلبـــــوا العلم ولو بالصین» ؟!.

***

لە مـەدا سـەرکـۆمـار وەکـو شـێـخن
هێند هەیە شـێخ نین بەڵام مـێـخن!...
هەرچی وانن بەرِاوێژی شـــێـــخـــان
روت ئەکـەن قـەومـە کە لە نان و خـوان!...
تا وەکـــو چەک بەدەست و بەردەست بن
بۆ هەمـــوو کـــاروبـارێ دەردەست بن
یاخـــو هەر چەشنی رانی بزن و مـــەران:
بـفـــرۆشـــرێن بەئـارەزوی ئـەوان!...

کاکی خۆم واز بهێننە لەم بیرە
گەورەیی نە بەشێخە نە میرە!...
هەر کەسێ هات بەکرەوەی جوانی
برسی تێر کرد بەسفرە و خوانی
یاریدەی بێکەس و هەژاری دا
پیاوی زانست و فن و کاری دا
وازی هێنا لە خۆپەرستی خۆی
تەخت و بەختی لە ڕێی ولاتیا ڕۆی
چوو بەگژ بەدڕەوشت و زۆرداردا
هاتە مەیدان لە ڕۆژی هاوارا
بەختیاریی ولاتی، ئازادیی:
کردە ئامانجی خۆی بەدڵشادی
ئەوەتا «پیاوی میللەت و گەورەی»
«کەمە هەر چەندی بەندەیتی بکەی»

***

قسەیێکم هەیە پچوک و ڕەقە
تیژ و کاریگەرە ئەوەندە حەقە
ئەگەر بینین و فام و هۆشت بێ
مەکە بڕوا کە گەورەیێکت هەبێ!؟.
دوو هەزار شێخ و پیر و سەردارت
دەست دەنە کاروبار کەس و کارت
پشتیان پێ نەبەستی سەد ئامان
تا نەهێنی بەڕاستییان ایمان
خۆ بەخۆ تێبکۆشە مەردانە
پێش بخە کورد کە قەومی کوردانە
تا خوا ڕۆستەمێکی داستانێک
شێری مەیدان وەکو «کریم خان»ێک
ئەڕەخسێنێ بۆ خاکی کوردستان
ڕستگاری ئەکا لە زۆر دەستان

ئەگـــینا تا کـــو شـــێخ و مـــیـــر وا بێ
کـــوردی بێـــچـــارە قـــەت بەهێچ نابێ!؟...[1]

ئاوازی هەژار

دەوڵەمەند!...

تۆش یەکێکی وەک من. نەپتری، نەکەمتر...

ئەو پەلۆپەیەی خوا بەتۆی داوە، بەمنیشی داوە...

هەر دوو وەک یەک لە دایک بووین...

یەک ئاسمان دامان ئەپۆشێ...

یەک ڕۆژ تیشکمان بۆ ئەهاوێژێ...

هەر مانگێک و چەند ئەستێرەیەکیشە ناو جەرگی ئاسمانمان بۆ ئەڕازێنێتەوە...

یەک بایە هەناسەی پێ ئەدەین...

یەک ئاوە تێنوێتیمان ئەشکێنێ...

هەر یەک زەویشە لە دەمە و مردنا ئەمان گرێتە باوەش...

ئەی بۆ چ خۆتم لێ ئەگۆڕی؟!...

بۆ چ لووتم لێ ئەکەیتە ئاسمان؟!...

بۆ چ ئەمخەیتە کۆتە و بەندی ئارەزوی خۆتەوە؟!...

***

دەوڵەمەند!...

تا دوێنێ بوو، هەژارێک بووی وەک من...

بەڵام فەلەک بەدڵی تۆ سووڕا...

تۆزێ هێزت لە من پتر بوو، بەو بەشەی کە خوا دابوێتێ وازت نەهێنا، بەشەکەی منیشت داگیر کرد!...

بۆی بەدەوڵەمەند! منیش بووم بەهەژار!

بووی بەدەوڵەمەند! منیش بووم بەهەژار!

هێزی لێ دەرکەی چت لە من پتر بوو؟!.

ئەوا من ملم بۆ زەمانە کەچ کرد. بەڵام تۆ بۆ بەدوو بەش تێر ناخۆی؟.

بۆ دانامرکێی؟!. بۆ چ بەچاوی سووک سەیرم ئەکەی؟!. بۆ چ ئەتەوێ بمخەیتە بەند و کۆتەی ئارەزوی خوتەوە؟!.

***

---

(١) هەر ئەم چامەیەیە لە ١٩٣٧/٥/١٤دا بۆ مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵی ناردبووە لە ئەتروشەوە، لێرەدا کەمێ دەستکاری کردووە.

که له لاوازیی خۆم گەیشتم: هەوڵم دا له تۆ بەهێزتر بم، تا بەشەکەمت لێ بسێنمەوه...

بەڵام تۆ لەو دەمەدا که من کۆستم کەوتبوو، بەنەشئەی سەرکەوتنتەوه هەلێکی باشت دەست خوت خست هۆشی خۆت بەهێز کرد... بەدرۆ هەزار دەستووری وەک: گەوره و پچووکی، بێ دەنگی و گوێی - دەبری، ملکەچی و سەربەرزی، خواناسی و گەل و نیشتمان پەروەریت لێ کردم بەچەک!... گیانی سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستن و بەختیاریت تیا کوشتم...

گیانلەبەرێکی، باربەری، کزی، ملکەچی، ترسنۆکی، چارەڕەشت لێ هێنامە بوون...

تا پایه و سایه، مایه و خۆشی و بەختیاریت تا سەربێ!

خەمی پەیداکردنی نان و بەرگی چەند ساڵانەش، و چانی نەدام فێربم، منی نەزان هێشتەوه...

کردمی بەنێچیرێکی دەستوبرد گرت!.

کەواته بۆ چ شەرمی خوا ناتگرێ و بەزەییت پیاما نایێتەوه؟.

بۆ چ له دڵڕەقی و زۆرداریی خۆت ناکەوی؟!.

***

دەوڵەمەند!...

بەخواناس خۆتم پیشان ئەدەیت، کوا دینت؟

بەجوامێر خوت ئەنوێنی: کوا کرداری شیرینت؟

بەسەربەرز خۆت دەرئەخەیت: کوا ابروت؟ کوا دەروونی خاوێنت؟!

کەی تۆ هەژارێکت حەساندەوه؟... کەی دڵت بۆ بەردەستێکت خرۆشا؟!

***

دەوڵەمەند!

کام خواردن خۆشه: بۆ خۆتی ئەبەی!

کام بەرگت جوانه: خۆت لەبەری ئەکەی!

کام شت نایابه: بەهی خۆتی ئەکەی!

کام ژن جوانه: بۆ خۆتی داگیر ئەکەی!

کەچی لەگەڵ ئەمانەشا: له من چاوبرسیتر، له من دڵ تەنگتر، له من بێ هێزتری؟!

نه دینت هەیه، نه ڕەوشتی چاک!

نه پیاوەتیت هەیه، نه هۆش، نه ئاداب!

درندەیەکی بێ سامانی. لەگەڵ ئەمەشا خۆت له من ئەخەیته ڕیزەی جوامێر و لاوچاکانەوه!. تا چەواشەم کەیت و تا سەر له کۆتەی دیلی و هەژارادا بم هێڵیتەوه!. تا خۆشی و جوانی جیهان له خوێنی من دەربێنی و بەرەنجی شانی من پێکی بێنی؟...

***

دەوڵەمەند!...

تۆ دینت بەرباد کرد!

تۆ ڕەوشتی چاکت لە ناودا نەهێشت!

تۆ جوامێری و لەش و هۆشی تەواوت پایەماڵ کرد!

تۆ ناکۆکی و شەڕوشۆڕ و جوێن و خوێن و درۆ و دووڕوویی و دزی و هەژاری و نالەباریت خستە ناوەوە!

***

دەوڵەمەند!

ڕۆژێک دێت: ئەم کڵپەی دەروونەم دامرکێتەوە

ڕۆژێک ئەبێ: ئەم ئایینە بەهێزە پیرۆزەم، بەسەر خۆت و تەخت بەختتا زاڵ بێ!... نەناوت بهێڵم نەنیشان!

ئینجا هەموو وەک یەک بووەستینەوە...

بەروبوومی جیهان، برایانە پێکەوە بخۆی...

کردەوە و ڕەوشتی جوان، سروە و نەشئەی بیری بەرز و کرداری گەورە، خۆشییەکی گشت لایی بینێتە بوون.

ئینجا ئەوسا ئەزانیت: کێمان لە بنچینەدا، بەشدار بووە، دیندار و ڕەوشتدار بووە، پایەدار!؟

کێمان: گیانێکی پاک و دەروونێکی خاوێن.

کێمان: دڵێکی ڕۆشن و ڕوویەکی خۆشی بووە!؟

کێمان: پیاوێکی تەواو بووە!؟

ڕاستی و سەربەستی

وەک هەندێ سۆفی بەڕیش و سیواک

یان هەندێ مەلا بەمێزەری پاک

یان هەندێ سەید بەشالێکی کەسک

یان هەندێ حاجی بەکەشیدەی تەسک

نیم: بەسیاست، بەزمانی لوس

بەفێڵ سوێند بخۆم: بەخوا و بەناموس

خۆم لای هەموو کەس وەها پیشان دەم

پیاوی چاکم و خواناس و هاودەم

چەواشەیان کەم، تەفرەیان بدەم

تا لە ژێرەوە کاری خۆم بکەم!...

یەزدانی گــەورە وای دروست کــردووم
بۆ ڕاســتی و جـوانی وەها شــەیدا بووم
لە تەقــەی ناحــەز ناترسم، ســەربەست
ئاشکرا هەرچی ســەرم بکا مــەست
ئەیکەم، ئەینوێنم، ســــەرم نانەوێ
خوا ڕاستە و پیاوی ڕاستی خۆش ئەوێ

***

دڵم بۆ جــوانێک ئەگــەر بخــرۆشێ
بۆ ئازەنینێک ئەگــــەر بجــۆشێ
یان تاســەی گـەمـە و زەمــاوەندی کـا
یان مــەی و نەی و شــەوئاهەنگی کــا
یان بەستەی گەشی و جوامێری لاوێ
خــواناس، کــافرێ، ژنێ، یا پیــاوێ
یان سەرمەست جوانیی ڕەز و ئاو باخی
دوور لە نیشــتمــان بەهەشــتە شـاخی
یان ســەرســوڕمــاوی مــەردی، زانایی
بێگانە، خــزم، شــایی، گــەردایی
یەزدانی گــەورەوای دروست کــردووم
بۆ ڕاســتی و جـوانی وەها شــەیدا بووم
لە تەقــەی ناحــەز ناترسم، ســەربەست
ئاشکرا هەرچی ســەرم بکا مــەست
ئەیکەم، ئەینوێنم، ســــەرم نانەوێ
خوا ڕاستە و پیاوی ڕاستی خۆش ئەوێ

***

کــــە من ئەهاتم بەرەنگاریت کــــەم
وەیم بۆ هیچ کــەس نەبێ زۆر و کــەم
بۆ نیــشــتــمــانی بێکەس و هەژار
تــێکــۆشم بــەدڵ بــەدەســت و بــەزار
نەزانی بەدخــــو ئەگـــــەر زۆرداریی
بۆ گــیــانی ئاسک دەســتــە و ئازاریی

بۆ چ خەریک نابیت بەکاری خووە؟
سەربار ئەخەیتە سەرباریخووە؟
کورتی و بێ شەرمی و ناتەواوی خۆت
ڕێک و پێک ناخەیت پەشێواوی خۆت؟!
نازانی؟ یەزدان وای دروست کردووم
بۆ ڕاستی و جوانی وەها شەیدا بووم
لە تەقەی ناحەز ناترسم سەربەست
ئاشکرا هەرچی سەرم بکا مەست
ئەیکەم، ئەینوێنم، سەرم نانەوێ
خوا ڕاستە و پیاوی ڕاستی خۆش ئەوێ

***

بەسیە چەند کەست لە یەکتری کردا
چەند کەست تووشی دەردی سەری کردا...
بەبۆنەی دین و هۆی ایمانەوە
دڵی هەزارت خستە ژانەوە!
بۆ دینت نییە کە تۆ وا ئەکەی!...
بۆ چاکەیش نییە. خۆت ڕسوا ئەکەی!؟
ژین و سەربەستی لە خەڵک بار ئەکەی
نازانی چاکان لە خۆت هار ئەکەی؟!
بۆ کەڵکی خۆتە ئەم ڕاو و ڕووتە!...
ئەم تەفرەدانەت پیشەی نابووتە!؟
بزانە، یەزدان وای دروست کردووم
بۆ ڕاستی و جوانی وەها شەیدا بووم
لە تەقەی ناحەز ناترسم سەربەست
ئاشکرا هەرچی سەرم بکا مەست
ئەیکەم، ئەینوێنم، سەرم نانەوێ
خوا ڕاستە و پیاوی ڕاستی خوش ئەوێ

***

ڕۆژێک دێ بڵێم بۆ چ خۆت ڕانەگرت؟
ئەو ڕەغنەیەی خۆت لە خەڵکت ئەگرت

نانت پێی نەخوارد، بۆ چ خۆت لەناو برد؟
بەدبەختی ڕووڕەش، هەی خۆڵت بەسەر
خواناسی و چاکیت وەها بردەسەر؟!
نەتزانی؟ زۆردار هەر بێزار ئەبێ
زۆروستەمی لەسەر بار ئەبێ
ئەوەندەی خەڵکت تۆ بەو دەردە برد
ئۆخەی سەد ئۆخەی خوا تۆی ڕسوا کرد
جا تێگەیشتی؟ کە خوا وای کردووم
بۆ ڕاستی و جوانی وەها شەیدا بووم
لە تەقەی ناحەز ناترسم، سەربەست
ئاشکرا هەرچی سەرم بکا مەبەست
ئەیکەم، ئەینووێنم، سەرم نانەوێ
خوا ڕاستە و پیاوی ڕاستی خۆش ئەوێ

خۆشیی ژیان

هاتمە جیهانەوە بۆ ئەمەی لە جیهاندا بژیم...

جیهان بۆ من کراوە. لەبەر ئەوە بەروبوومیشی بەرەو ڕووی من کراوەتەوە... بۆ چ لەبەر چرای ڕۆژیا: خۆشی لە کار و فرمانی کەلکداری نەبینم؟ بۆ چ لەژێر خیوەتی شەویا: خۆشی لە ماندوو و حەسانەوە و نووستن نەبینم؟!...

بۆ چ بەتەماشاکردنی شاخ و باخی ڕەنگین و چیمەن و لالەزاری شیرینی، چاوئەندازی دەمی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای، بەتریفەی مانگەشەو و جریوەی ئەستێرانی، بەخوڕەی ئاو و تافەتافی چەمانی... خۆم دڵگەشاو نەکەم، خۆم نەشئەدار نەکەم؟...

بۆ چ بەهەڵمژینی کزەبای فێنکی، بەخواردنەوەی ئاوی سازگاری، بەخواردنی میوەی زەرد و سووری پێگەیشتووی چەند ڕەنگەی مزر و ترش و شیرینی و، سەوزاواتی تەڕ و تازە ئاسک و ئاوداری، یان خورشتی جوانی ڕەنگینی، خۆم تێر و کامەران نەکەم؟...

بۆ چ لە بەخێوکردنی پەڕندە و ڕام کردنی دڕندەی جوانی و نازەنینی لە ڕۆیشتنی ناو کۆشک و هەواری ڕازاوەی پاک و خاوێنی، لەپۆشینی پوشتەنی ڕەنگاوڕەنگ و نایابی: خۆشییەک وەرنەگرم، گەشایشێک؟

بۆ چ بەو پەلوپۆیانە کە خوا لەشی منی پێ ڕێکخستوە لێی ناوەتە بوون، کە بەهۆی ئەوانەوە خۆشیی خواردن و ڕۆیشتن و بینین و گەڕان، گوتن و خوێندن و بیرکردنەوە و بیستن و پێکەنین و نووسین و گەشت و سەیران کردنم پێ نەگات: سەرێکی پڕ ئاسایش و دڵێکی ڕۆشنی سوپاس و تاسەم نەبێ؟

***

ئەشێ! لە خوێندنەوەی ئەم نوسراوە خۆشانە، لە وەرگرتنی ئەم زانست و فەنە بەکەڵکانە، لە بیستنی ئەم گۆرانی و ئاواز و سازەی خوا کرد و خۆ کردانە، لە فێربوون و فێرکردن، سروەیەکی خۆشیم تێکەوی، گەشییەک!...

ئەشێ! بەو خوشەویستییە کە هەموو کار و فرمانم لەگەڵ هەڤاڵەکانما بەند ئەکا و رێکوپێک ئەخا، بەو خوشەویستییە کە زنجیرەی ڕابواردنی ژیانمان پڕ لە ئاهەنگ و بەزموڕەزم و یاریدە و یەکپەرەوەری ئەکا، بەتاسەیە کە من جووتی نازەنینێکی پەری ڕووی هاو دڵ ئەکا... بەمانە خۆم بەختیار بزانم سەر ئازاد...

***

بەڵام ئاخ جیهان! ئاخ!

پڕت شین و شەپۆڕ و ئازار و ئاوات و هاوارە!...

ئەم هەموو گەنج و مایەی خۆشییەت تا سەر دڵێکی خۆش نەکردا...

تەموغەمی لەسەر لانەبردا!...دوژمن

ئەی دوژمن!...

دوژمن

تۆم دی: لە خێزانێکی پەشێواو و شڕ و پڕا، لە خزمایەتییەکی سارد و سڕا، لە کۆمەڵایەتییەکی پچڕ پچڕا...

تۆم دی: لەسەر دارێکی بێ سەرا، لەبەر دەستێکی بێ فەڕا، لە گەورەیەکی بێ هونەرا...

تۆم دی: لە شێخێکی وەک مێخدا، لە مەلایەکی لابەلادا، خانەدانێکی بێ خاداندا، لە بازرگانێکی گرانجاندا، لە خوێندەوارێکی بێ گیاندا...

تۆم دی: لە ڕێبوارێکی بەجەنگا، لە هاودەمێکی بێ کەڵکا...

تۆم دی: لە شێوەی زۆرداری و هەژاری و نەخوێندەواری و نالەبارییدا، لە هەموو نەنگی و ناشیرینی و ناتەواوی یەکدا...

***

لە منالیدا: تێزم پێ کرا، فێزم بەسەرا کرا، شەڕ و شۆڕم لەگەڵ کرا.

چونکە داوای یەکسانیم ئەکرد لەگەڵ بەچکە دەوڵەمەند و زۆردارەکاندا...

لە فرمانبەریدا: دوو جار ماڵم دزرا، سەجار نیازی کوشتنم کرا.

چونکە زەویوزاری جوتیارە بێکەس و هەژارەکانم نەئەدایە تالانی بەئاغا و بەگەکان!...

ئەویش هەر لەبەر ئەوەیە کە تۆ هی هەمووانی. کەچی هەر کەس ئەیەوێ بەتەنیا بۆ خۆیت داگیر و ئەوانی کەت لێ بێ بەش بکا!... لەبەر ئەوە تا وەها بێ لەناو خۆماندا: هەر کوشتن و بڕین، زۆر و ستەم، گرتن و دوو دڵی ئەبینین!...

داخەکەم! دوورە ئەو ڕۆژەی هەمووان بتوانن بەختیار و سەرئازارد بژین!...

دووریشە تا هەبێت و ئەشبێت یەکێک بتوانێ تا سەر داگیرت بکا و پێتەوە بەختیاربێ!...

چونکە ئەگەر بشتوانێ، بڕواناکەم شێن و هاواری بیماران و بێچاران بهێڵێ ساتێ دڵی ئاسودەبێ!...

ئەمەی لە پێشەوە گوتم ڕاستە. بەڵام ئێستە نا!... ئەوسا کە گشت لا وەک خۆت پێکەوە بڵێن جیهان هی هەمووانە، هەمووان ئەبێ وەک یەک پێکەوە، برایانە تیا بەسەر ئازادی بژین!...

بەچاووڕراو: کرام بەفاشیستی، کرام بەنازی، کرام بەکۆمۆنیست، کرام بەئەندام و سەرۆکی کۆمەڵانی نهێنی... چونکە ئەمگوت بەشێخ و مەلا و خوێندەوار و سەردار و بەردەستەکان: «ئەبێ لە فرمانی ڕاستەقینەی خوتان لا نەدەن...، لەگەڵ گەل و نیشتماندا دۆژمنایەتی نەکەن»!...

هەوڵ درا: نانم ببڕرێ، فرمانم لە دەست دەربکێشرێ، بەنەخوێندەوار بهێڵرێمەوە، بخرێمە بەندیخانەوە، تەفروتونا بکرێم... چونکە لەسەر هەژار و بێکەس و لێقەوماوم ئەکردەوە!...

***

لەگەڵ ئەمانەشتا ئەی دوژمن! زانیوتە؟ کە نەتتوانیوە بەربەستی سەربەستی و سەرکەوتن و بەرکەوتنم بکەی؟ وە لە گەیشتن بەئامانجی پیرۆز و بەرزم ڕەنجەڕۆم بکەی؟!... زانیوتە؟ کە لە زۆرداریتەوە دادخواهی، لە خەم پێ دانتەوە دڵخۆشی و بەختیاریی، لە تاڵان کردنتەوە ماڵداری و دەوڵەمەند بوون، لە دەست قوچاندنتەوە دەستبڵاوی و پیاوەتی، وە لە پشم و قینتەوە خۆ خۆشەویست کردن و دڵپاکی، لە کز کردنتەوە خۆ بەهێزکردن و یارمەتیدان و پێشەواییکردن بەکورتی لە بەدکرداری و نالەباریتەوە فێری هەموو کردەوە و ڕەوشتێکی جوانی و بەهێزت کردوم؟!...

لەبەر ئەوە ئەی دوژمن!. لەبەر ئەم هەموو چاکە و بەهرە و هونەرمەندیەش کە لە سایەی دوژمنایەتیی تۆوە دەستم کەوتووە، سوپاست ئەکەم لە بارەگاهی خوادایش بەڵێنت ئەدەمێ: «کە تا ئەمێنم بەدڵ خۆشم بوێی و قینت لە دڵا بۆ هەڵنەگرم، وە دوژمنایەتیت لەگەڵ نەکەم!... بەڵکو وەک دۆستێکی دڵسوز، کۆشش و هەوڵ بدەم بۆ چاک بوونت، وە لە ڕێی چاکەدا بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنت»!...

***

لەمە قەت سەرت سوڕنەمێنێ ئەی دوژمن! چونکە منیش لە پێش چەند ساڵێکا وەک تۆ بووم. وام ئەزانی: ئەگەر خراپە لە خراپەکەر نەکەم وە دوژمنایەتی بەدوژمن نەنوێنم، ناپیاوەتی ئەکەم!... وام ئەزانی کە تەنیا لە تۆڵەسەندندایە، ئاسودەیی دڵ و ئارامی گیان!...

بەڵام کە سەرەنجم دا: لە تۆڵەسەندندا دڵ و دەروونم زامدارتر و بەئازارتر ئەبێ، وە لە دوژمنایەتیا بەختیاری لێم بار ئەکا. پاشان کە ورد بوومەوە: خۆشم بۆ خۆم هەرە گەورە دوژمنێک بووم!... بامدایەوە!؟... چونکە دیاردی دابۆم، کە هونەرمەندی و گەورەیی لەوە دایە کە لەجێ و وەختی خۆیا: پاداشی خراپە کەر بەچاکە بدەمەوە، وە دوژمنایەتی بگۆڕمە سەر دۆستایەتی!... بەڵێ... کە ئەمانم بۆ دەرکەوت: بڕیارم دا کە -لە پاش پاراستنی گیان و سەربەرزی- «قەت لەگەڵ دوژمنا دوژمنایەتی نەکەم»!.

***

لە ڕاستیا ئەی دوژمن!... من و تۆ زۆر لە یەک جیاوازین:-

خراپەکردنی تۆ لەگەڵ چاکاندایە، بۆ کەڵکی خۆت و بۆ ئازاردانی خەڵک!... خراپەکردنی من لەگەڵ دوژمنانی کۆمەڵدایە، بۆ چاککردنەوەی خۆیان و بۆ کەڵکی گشت لایی.

تۆ بەرچاو تەنگی. نیشتمانت ئەو زەوی و خانوەیە کە بەهی خۆتی ئەزانی، وە گەلیشت تەنیا خۆت و ئەو کەسانەیە کە بەکارت دێن!... بەڵام من نیشتمانم هەموو سەرزەمینە. وە گەلیشم هەموو دانیشتوانی سەرزەمینە، بەچاک و خراپیانەوە!...

تۆ وا تێگەیشتوویت کە چاکەی کەست بەسەرەوە نییە!... بەڵام من بڕوام وایە کە چاکەی گشت کەسم بەسەرەوەیە!... لەبەر ئەوە یارمەتیی چاکەکانیان ئەدەم. وە لەگەڵ ئەوانیشا هەوڵ ئەدەم بۆ چاکردنەوەی خراپەکانیان، وە بۆ چاکەی گشت لایی!...

تۆ لە خراپەی خوتەوە: ڕۆژ بەڕۆژ کزتر و دڵزیزتر و بێ هێزتر ئەبی!؟ بەڵام من لە خراپەکانی تووە فێری چاکە و گەورەیی و دەستداری ئەبم.

وە لە چاکە لەگەڵ کردنیشتا دڵم ئاسودەتر و گیانم بەئارامتر و لەشم بەهێزتر ئەبێ!...

لەبەر ئەوە سەرت سوڕ نەمێنێ ئەی دوژمن! کە بۆچ بەسەرتا زاڵ ئەبم. وە هەتا دێی، تۆ بەناخی عەردا ئەچیتە خوارەوە. کەچی من هەتا دێم لە بەرزبونەوە و پەسند بوون دام!...

***

ئەی دوژمن من!...

پێویستە بزانیت: تەنیا هێزێک کە بتوانێ دەرەقەتی هەموو شتێک بێت، خوشەویستییە!... تەنیا، لە سایەی ئەو سەرچاوەی خواییەوەیە کە ژیان و گوزەران و کامەرانیی گشت لاییمان پێک دێت. بەڵام داخەکەم تۆ لەو خۆشەویستییە بێ بەشی!؟... لەبەر ئەوە قەت بڕوا مەکە هەتا پشم و قین دڵت داگیر کات، بتوانیت ساتێ دڵت ئاسودەبی!؟... قەت بڕواش مەکە، کە بتوانیت بەسەر هەموو کاروبارێکا زاڵ بیت!... بەڵێ، تۆ وەختێ ئەتوانیت بەسەر هەموو گیروگرفتێکی ژیانتا زاڵ بیت!... وە تەواو بگەیت بەهەموو شادمانی و کامەرانییەکت، کە دڵت لە پشم و قین و خۆپەرستی پاککەیتەوە، وە پڕیکەی لەو ڕۆشنایی خوایەکە پێی ئەڵێن خۆشەویستی!... ئەوسا: کە شادمانی و کامەرانیی گشت لایی بەشادمانی و کامەرانیی خۆت بزانیت.

وە بەسەرپەرشتیی چرای خۆشەویستیی گشت لاییەوە، دەست خەیتە ناو دەست هەموو براکانی سەر زەمینتەوە، وە هەوڵ و کۆشش بکەی بۆ پێشکەوتنی هەموو لایەک. کە هەموو لا بەچاک و خراپیەوە چاکەیان بەسەرتەوە هەیە!... ئەوسا تۆیش منت خۆش ئەوێ. ئینجا ئەوساکە منیش ئەڵێم دوژمنەکەم - نا- دۆستەکەم هەربژیت»!؟...

شعر

نەی و مـــەی و یار نیـــیـــە لە دەورم
کـز و شـپـرزە و گـیـرەوەی جـەورم
تاسەی دڵداری... کوانیی لە سەرما؟
قـەڵەم تۆ بشکێ کـارم پێت نەمـا!
نەی و مـــەی نەبێ و یار دیار نەبێ
کەی شعـری جوانم لەسەر زار ئەبێ؟!

شەو[1]

شەوا... تۆ سامداری بەتاریکیت، مەندی بەبێ دەنگیت، دڵگیری بەرازاوەییت.

شەوا باڵی فراوانی تۆ سەر زەمینی دانەپۆشیایە: ئەم شورەیی و ئابڕوو چوونە، ئەم هەمـوو گـریان و شینە، ئەم هەموو کوشتن و برینە، لە دەست گیان لەبەر نەئەوەشایەوە...

شەوا... سێبەری باڵی تۆ نەبوایە: ئەم هەمـوو دڵدارانە بەنازدارانیـان نەئەگەیشـتن، سنگی ئاسـمـان و تریفـەی مـانگ و جریوەی ئەسـتێـران هێندە جـوان نەئەبوون. ئاهەنـگ و زەمـاوەند نەئەگێـڕرا. ئینجـا دڵ نەئەکرایەوە.

فرمێسـک وشک نەئەبووەوە. چاو نەئەگەشـایەوە. لەش نەئەبووژایەوە. بەڵکو خـەفـەت و سزا پیـاوی لەناو ئەبرد...

شەوا... تۆ نەبویتـایە: جوانیی ڕۆژ دەرنەئەکەوت. ڕۆژ هێندە خۆشەویست نەئەبوو. ڕۆشنـایی ئەمـەندە نازی نەئەکێشرا بەڵکو پیاوچاکی لە خراپ، ڕووناکی لە تاریکی، خۆشی لە ترشی، درۆی لە ڕاست جیـا نەئەکردەوە...

شـەوا... تۆ پەنای دز و درۆزنانی. ڕابەری دۆست و دڵدارانی. لە مـەندیتـا بلبل تەفـرە ئەدەی: بەدیار خونچەوە بووەستێ تا بەیان. خونچەش پێ ئەگەیێنێ تا دەمەو ڕۆژ. کەچی کە دێنە سەر پێککەیشتن: خەو لە بلبل ئەخەی، خۆشت هەڵدێی. خونچە ئەدەی بەبێگانەیەک. خونچە ئەکرێتەوە، بلبلیش دڵی ڕا ئەچەنێ. ئەویان پێ ئەگەیێنی، ئەمیشیان لەناو ئەبەی!...[2]

---

(١) لە دەستنووسی (خۆشخوانی)دا مـامۆستـا نووسـیویە: لە مارتی ١٩٣٣دا نووسراوە لە ٤ مـایـسی ١٩٣٣ لە ڕۆژنامەی -ژیان-دا چاپکراوە.

(٢) لەمەدایە شاعیری فارسی دەڵێ:

عطر گل بلبل کـــشـــیـــد و رنج بلبل باد بود
بیـسـتـون را عـیـشق کند و شـهـرتش فرهاد بود

یەکێکی خۆشمان دەڵێ:

شەوا... تۆ داخی. گوڵی باخی. نازداری. نازەنینی. گەورەیەکی زەبر بەدەست و دڵ نەرمی. لەبەر ئەوە لە هەموو دڵێکا جێت بەرزە. ئەگەر گەورە نەبویتایە: ئەم سەر و سامانەت نەئەبوو. ئەگەر ئەم گاز و بازەشت نەبوایە: وا خۆشەویست نەئەبووی!...

شەوا... تۆ تۆمارێکی بەشت زۆریت. ئەوی من نووسیومە لاپەڕەیەکتە. بەڵام تۆ سەد لاپەڕەیت!...

بۆ پەزیشک

توخوا پێم بڵێ: تۆش هەروەک من لە گۆشت و خوێن و ڕەگ و ئێسک دروست نەکراوی؟!... ئەی بۆ چ؟... ئەوی تۆ ئەیزانی من ڕێی پێ نابەم ئەوی تۆ ئەیکەی من لە توانامدا نییە. ئەوی تۆ بەدڵتا یەت من بەبیریشما نایەت؟!...

سەیر نییە؟... کە تۆ سامدارێکی ترسنۆک و زۆردارێکی دڵ نەرم و پەلەپەل کەرێکی لەسەرخۆ و بەجەرگێکی بێ جەرگی؟!...

سەیر نییە؟... کە هەموو دەم لەگەڵ نەخۆشایت و کەچی خۆت خۆشی؟!

شەو و ڕۆژ دەستت لە برین و برینایە، کەچی خاوێنی؟! هەموو دەم گوێت لە ئاخ و ئۆفی دەردەدار و نەخۆشانە، کەچی خۆت ڕووخۆش و دڵخوشی؟! ئەی توخوا سەیر نییە؟... کە تۆ ئازارم ئەدەیت و بیزارم ئەکەیت و ئەمگرێنی، کەچی من لە پاش چاکبوونەوە، لەگەڵ پاداشدانەوەشا، سوپاست ئەکەم و بەدەمتەوە پێ ئەکەنم؟!...

هاودەم

نەخۆم بەئارەزووی ماڵەوە بەند ئەکەم، نە بەهی خزمانەوە... نە دیلی بەندی کردەوە و ڕەوشتی کۆنی ڕزیوی کۆمەڵایەتی ئەبم، نە هی دین نە هی ئایین...

نە ڕەگەز لێک ئەدەمەوە، نە شار، نە نیشتمان... نە لە تەمەن ورد ئەبمەوە، نە لە هەژاری، نە لە پایەداری...

= گوڵ بەدەم بادی سەباوە پێکەنی و بولبول فری
یەعنی عاشق لازمە دووربێ لە یاری بێ وەفا

مەولەویش هەر لەم تەوەرەدا دەفەرموێ:

ڕەمەزان طلوع، شوال شام شەن
أول ڕۆژ ئەو نامەواری شەن
غورە غورەی ئەو، سەفاش پەی غەیرەن
ئازیز قیبلەی من، وەفاش پەی غەیرەن

ئەم سێ پارچەیەم لە مامۆستا ئەورەحمان مەسرەفییەوە وەرگرت، وەک لێکچوون و خولانەوە بەدەوری مەبەستیکدا، سوپاسی دەکەم.

چونکە لەم جیهانەدا، بەتەنیایی بووم، بەسەربەستی بووم، بەئازادی هاتوومە ئاوەوە...
خۆم گیرۆدەی هیچ کۆتە و زنجیرێک ناکەم!...

***

لەم جیهانەدا: ئەگەڕێم بۆ یەکێ؛ لە هۆش و تاسەدا لە خۆم بچێ ئەوی بەمن خۆشە بەویش خۆش بێ...
ئەوی دڵم نایگرێ، دڵی ئەویش نەیگرێ...

لە خۆشیا لەگەڵما بێ، لە تەنگانەیشا هەر لە گەڵما بێ... یارمەتیم بدا و یارمەتیی بدەم. درێخیم لێ نەکا و دریخی لێ نەکەم. هەموو دەم تێرم لێ نەخوا و منیش بێ هاودەمی ئەو هەڵنەکەم، بەیەک شت پێ بکەنین، بەیەک شتیش بگریێین!...

***

سا کچ بێ یان کوڕ، ژن بێ یان پیاو، هاو ڕەگەز و نیشتمان و ئایین بێ، یا جیاواز. دەوڵەمەند بێ یان هەژار. هاوکار و فەرمان بێ یان نا.... ئەبم بەهاودەمێکی تا سەری: تا گیانێکی پاکی هەبێ، دەروونێکی خاوێن. تا دڵێکی پڕ تاسە و بەجۆش و خرۆشی هەبێ، کردەوەیەکی جوان و ڕەنگین - لەگەڵما ڕێککەوێ و لە تەکما ڕێککەوێ!...

***

برا دۆست! گەڵێک لام پیرۆزی چونکە تاسە و بزەکەت، هەموو دەم لە خەو و بێداریدا ئەمگەشێنێتەوە دڵم پڕ ئەکاتەوە...

چەند خۆشە؟!. کە لەبەر گوێ ئاگرە نیڵە نیڵەکەی شەوانی زستان دا، بێ ترس و لەرز هەموو ڕازێکی دڵی خۆمت پێ ئەڵێم و هەموو پەنهانییەکی ژیانمت لێ ئاشکرا ئەکەم!... تۆش بەو چاوە گەشانەتەوە کە پرشنگی خۆشەویستیی تیا ئەچریسکێتەوە تەماشام ئەکەیت و کون و قوژبنی دەردە و ئازارم ئەپشکنی.

یا بەنەرمی و شیرینی برایانەوە برینم سارێژ ئەکەیت و کڵپەی دەروونم دەکوژێنیتەوە!...
چەند خۆشە! کە لە نەخۆشیا سەرم لێ ئەدەیت و لە تەنگانەدا بەهاوارمەوە دێیت.
چەند خۆشە! کە لەسەر خراپە، بەسەرما دێ و ڕێی چاکەم پیشان ئەدەیت.
چەند خۆشە! ڕاز و گلەییەکانت: کە بێ پەیمانیت لە گەڵا ئەکەم و گفت و بەڵێن بەجێ ناهێنم.
چەند خۆشە! کە تورەت ئەکەم و ئاشتت ئەکەمەوە؛ هیچت لە دڵا نامینێ و هیچم بەدڵەوە نامینێ.
چەند خۆشە! ڕابواردنی ئاهەنگان و سەیران و گەشتوگوزارانت.
برا! تۆ دەرمانی دەردمی. شنۆی ژینمی. ڕووناکی دڵمی. تۆ سروەی خۆشیمی...
لە تۆوە شادیم دەست کەوت. لە تۆوە بەختیاری... لە تۆوە سەربەرزی...
چونکە خۆم یەکێک بووم، بەتۆوە بووم بەدوان!...

سولاڤ

سۆلاڤ(*) ڕوخسارت! سۆلاڤ ڕوخسارت!
سـۆلاڤ ڕەنگینیی هەردە و کـوهسـارت!
کـــام زەردەخــــەنە وێنەی هەڵاتن
ڕۆژی ســەر کـــەلی بەیانیـــانتــە؟
کـام خـاڵ وێنەی مـاڵ سـەر کـێـوانتـە؛
کــام چاو بەجـــوانی وەک چاوانتــە؟
کام سـوخمـە و کـەوا، کراس و دەسـماڵ
ئارایشـــدەر وەک دارســـتـــانتــــە؟
کـەی زرنگەی بازن، قـەتارە و خـرخـاڵ
شـــیـرین وەک هاژەی تافـــاوانتـــە؟!...

***

سـولاڤ ڕوخسـارت! سۆلاڤ ڕوخسـارت!
سـۆلاڤ ڕەنگینی هەردە و کـۆهسـارت!
عطر و عـــبـــیـــری بای بەیانیـــانت
زەرپۆشـی دڵـگیـــــر چاوئـەندازانت
بـاوەشـــــێـن بەدەست دار چنـارانت
ســـاز بەدەم کـــەوی ســەر کـۆســارانت
ئاوی ســـازگـــار، مـــیـــوەی باخــانت
گــۆرانی و بەســتــەی تەڕ دەمـاخـانت
تافــەی سـۆلاڤت، خـــوڕەی چەمـــانت
ســەمــا و هەڵـپـەرکـێی دیدەکـاڵانت
عـیــشــوە و گــوریشـمـەی دیدەکـاڵانت
ڕازاندوویـتـیـــیـــەوە کـچی خـوا کـردووم
چاوبەستت کردووم، وەها سەرمەست بووم
سەربەست بووم تا هەم لە کەس ناکەم سڵ
ئازاری جـیـهـان قـەت ناگـرمـە دڵ!...

***

(*) سولاڤ تەماشاگایەکی زۆر ڕەنگینە لە تەنیشت عەمادیییەوە. لە هاوینەهەوارەکانی کوردستانی عێراقە.
(ش.ف)

سۆلاف ڕوخسارت! سۆلاف ڕوخسارت!
سۆلاف ڕەنگینی شێوەی کوهسارت!
هێندە لە دڵم کاری کردووە
تاریکی ژینم باری کردووە
سوێند بەو نێزەدەی دروستی کردووی،
وەها جوانتر و تەردەستی کردووی،
دڵخواستم وایە تاکو ئەمێنم
«ڕووخۆش بم وەک تۆ. کەس نەڕەنجێنم»!

کاژی بلکیف[*]

سوار: دارە کاژەکەی چیاکەی بلکیف
چیتە وا شەیدای خوت داوەتە کیف
کاژ: هۆ سوارا... شێت نیم بەدەمە کێوان
لەیلام نەفریوە وەکو مەجنونان
لەیلام فیرییە، هەر ئەم چیایە
ئازادی و خۆشی ئەوم هیوایە
سەیری ناکەی؟ سنگی بێ گەردی سپی
ڕوو بەژن و بالای ئاسک وەک پەری
ئارای زێڕینی، پشتێن زیوینی
گەشە و نەشئەکەی شیرین، ڕەنگینی
دامێنی سووری، چڕ و جنوری
چەماوی خوڕی وەکو بلووری
باخ و بێستانی بەدارستانی
مەل و بلبلی ناو گولستانی
چەدڵکێشێکە و چەندە دلگیرە!...
پێ بەستەی ئەکا شێت ئەگەر ژیرە!...
من و لەیلای خۆم هەرد و هاودەمین
دەست لە ملانی یەک، دەم لەناو دەمین[1]

(*) (بلکیف) سەیرانگا و هاوینەهەوارێکی بەناوبانگە، کە لە ناوچەی مزوورییەوە لە قەزای دهۆکدا. (کیف) بەشێوەی ئەوێ بە(فیری) بە(نیرە) (کاژ) بە(سنەوبەر) ئەڵێن.
(1) ڕاستتر: دەست لەملان و دەم لەناو دەمین.

تۆ شـەرم ناکـەیت بەخـۆت ئەنازی؟
لە خـۆت گـۆڕیوە ئەکـەی شـانازی؟
لەیلای تۆنیـیـە دیلی زسـتـانە؟
بەندیی لەشکری بەفـری کـوێسـتـانە؟
بەخـۆت نازانی کـە سـاردی و سـری؟
وەهای تەزاندویت کـردوویـتـیـە گـری؟!
کـاژ: سـوار نەزانی، سـوار نەزانی!...
فنی شـەڕ و شـوڕ تۆ شـارەزانی!...
بەبەرگ و شـێـوە هەڵـمـەخـەڵەتێ!
زەندەقت نەبا هەڵـپـە و هەڵـمـەتێ!
مـەزانە بەفـر، بەفـرەیی خـۆی[1]
لەیلام بسـتـێنی بیکاتە هی خـۆی
رەنجـەڕۆم بکا، شـەرمـەزارم کـا
تووشی ئازار و شین و زارم کـا
کـێـمـانە سـەری بڵند کـردووە؟
کـێـیـە لە پایین منا کـەوتووە؟
نابینی دەسـتـە و دامـێنی لەیلا
تکای لێ ئەکـا بی بەخـشی بەخـوا؟
پاش گـوناهبـاری بەپەشـیـمـانی
بەجۆگـەی فرمێسـک خۆی ئەشواتەوە
ڕووسـووریی لەیلا دەرئەخـاتەوە؟!...
نابینی ڕووخـۆش، چەند شۆخ و شەنگم
پۆشـتـە و نەخشـینم، لای ڕۆژ پەسـەنگم[2]
کـە هەڵدێ بەیان بـەزەردەخـەنە
«ڕۆژباشی»م ئەکـا، ئەڵێ: پێکەنە!...
بەکـزەبای بەیان ئەشـەکـێـمـەوە
بۆ دۆسـتی دڵسـوز ئەگـەشـێـمـەوە
ئێسـتـەش چاودێری ئەو لەیلا جـوانەم
چەتر هەڵـگری ئەو گـوێ گـوڵانەم

---

(١) بەفرەیی: بەزۆریی
(٢) پەسەنگ: پەسەند.

ســایە و ســێبــەر و نیگا هبــانیم
لە لەیلا نابڕێ تاکــــو نەمــــانیم
گــەر زســتــان وەها بیــتــە زانمایە
بەزەبری ســــەرمـــا بیگریانمانە
ڕەشــەبا و بەفــر و تەزرە و بارانی
دایەزراندایە شکوە و شـــــانی
ئێــســتــێکە منیش وەک ئەو دارانە
ڕەنگ زەرد، پەشوکا و، بەسەر کزانە
ئەژیام. بێ بەرگ و بێ نەوا ئەبووم
خــۆم نەگــرتایە: ئاوەها ئەبووم؟!
هەرچی خــۆی ئەگــری، پرزەی نابری
بەرامبــەر ســەختی بەرگە ئەگــری
کــردە و کــۆششــە ســەرچاوەی جوانی
راســتــەوخــۆ ئەتیــا بۆ کــامــەرانی
سوار: سەرم سوڕ ماوە لە گەشی و جوانیت!...
ئەی کاژ بۆ چ هێندە دڵ ڕەق ئەڕوانیت؟
بۆ ڕەگەزی خۆت بۆ چ هێند بێ خەمی؟
لە شیوەنیاندا وا کەمتەرخەمی!؟...
نابینی چۆنە شین و زاریــــــان
بەدەست ســەرمــاوە دەردی کــارییــان
تۆش وای هەڵ ئەگــرت کــز و دڵ زیزبی
نەک وەکو ئێستا گەش و بەفیزبی!...
کــاژ: ســووار لێم گــەڕێ! وازم لێ بێــرە!...
لە کــاری خــوادا پەنجــەت مــەگێــرە!...
کــەس ناگـــاتە ئەو بۆ دادپەرســتی
وێنەی کــەس نیــیــە بۆ کــار دروســتی
ئەم دارە کــــاژە کـــــە وای ئەبینی
هاوین دیار نادا جـــوانی و ڕەنگینی
ئەمــانەش خــۆیان وا ئەنەخــشــێنن
خـــۆ بەبەرووبووم ئەپەســـەنگێنن

لەیلا بەتەرحـــــێک ئەرازێننەوە
تۆڵەی چەند ساڵم لێ ئەسێننەوە!...
لە خـۆشی ئەوان جـوانیم نانوێنی!
مـەگـەر وەک تۆ بێ، بێ بم لاوێنێ!
لەگـەڵ ئەوەشـا بۆ خـۆشی لەیلا
خـۆم نارەنجـێنم، ناکـەم سکالا
هەروا گـەش و خـۆش، بالا بڵندم
دەم بەپێکەنین، هەر شـۆخ و شـەنگم
خـۆشـیم بەوە دێ کـە ئەم دارانە
ئـەرازێـنـەوە وا نـازدارانـە
ئاڵووالا و گـەش، زەرپۆشی دڵگیـر
هەزارکـێش ئەکـەن لە جـوان و لە پیـر
ئەیکەنە سـەیران لە گـۆیی ئەو چەمـە
بەزم و شـادییـە، دەم لە بان دەمـە
لەو خـۆشـیـیـەدان هەتاکـو زسـتـان
لەشکر ئەنێری بۆ چیـای کـوێسـتـان
جـا وایـان لێ دێ کـە ئەیان بینی
نۆرەی من نـیـیـە کـە وام ببـینی؟!...
وەفـادارییـە کـە من بەزسـتـان
ئەی رازێنمـەوە وەکـو گـوڵسـتـان
لە تەنگـانەدا دڵسـۆزیی دیارە
لەیلا من نەبم کـێی لە سـەرکـارە؟
گـەر رەنگ و شـێـوەم وا رەنگین نەبێ
لەیلا ئەو وەختە کـەی شـیرین ئەبێ؟
جـا تێگەیشـتی رازی جـوانی من
«دادی خـوا»یە کـامـەرانی من؟
سـوار: دار، تێگەیشم لە ئاخـافـتنت!
لە کـردەوە و کـار تێگەیشـتنت!
بەلام تو بی خـوا ئەگـەر راست ناڵێیت
ئاخـوا ئەزانی چەند خـۆشم ئەوێیت؟
کـاژ: بەڵێ ئەزانم ئەمنت خـۆش ئەوێ
لە دەردی دووریم دڵت ناسـرەوێ

گەر نەتویستمایە بەدڵ و گیانت
ڕۆشن نەبووایە بەمن ژیانت!
تۆ بەم زستانە ماندوێتی ڕێگات
ئەخستە بەرخۆ و خۆشیت پێی ئەهات؟
ئەگەر هاودەمیم شیرین نابینی
بۆ چ هێندە وەستای کە بمدوێنی؟
بەڵام ڕۆشنایم وا لە دڵ ئەبری
حەیف ناکەی، سەرڕاست قەت سوێندی ئەدریّ!؟
سوار: دارکاژ! ڕاست ئەکەی زۆر قسە جوانی
بەهێز و گورتا ڕاست و ڕەوانی
بەژن باڵا جوان، چاومەست ئەنوێنی
دڵ نەرم و سەر ڕەق، سەربەست ئەنوێنی
دڵسوز و هاودەم، برای تەنگانەی
سەربەرز و ڕووخوش شۆخ و شەنگانەی
چاکە دەرەوەی، لە سەرخۆ و ژیری
لە چاو داراندا چەشنی ئەمیری!
بەخوا ڕاست ئەکەی من خۆشم ئەوێی
چی بکەم من لە وێم کەچی تۆ لە مێی
تۆش گەر وەک من بی بۆ خۆشەویستیت
بۆ چ دیاری نەدا میوان پەرستیت؟!...
کاژ: خوا هەڵناگریّ!... سوار بروانە!
چەند جوانە شێوەی ئەم درەختانە
لەم بەر ئەو بەری ڕێوە وەک سوپا
چۆن ڕیز وەستاون لە خۆشیت برا!
بۆ نازگرتنت یەکسەر پەیوەستە
مەستی هاتنتن هەموو دڵ بەستە
سوار: کاژە ڕەنگینە سوپاست ئەکەم
تاسەی جوامێریی بەڕاستت ئەکەم
یاخوا تا سەر بێ دۆستایەتیمان
قەت نەکوژێتەوە برایەتیمان

ئەی نایەی هەوای دەمـــاخم بدەی؟
پـەرداخـی دڵــی پــڕ داخـم بــدەی؟
کاژ: هاودەرد! پەیان بێ، سـەد جار پەیان بێ
گـــفت و بەڵێنی نەوجـــەوانان بێ
نـەیێـــــــڵم دابـێ، بەهـاری تـازە
پـــــــۆشم بـەرگی تـازە و نـاوازە
بگەمــە (ئەتروش) بێم بەمـــیـوانیت(*)
بـیـــرازێنمــــەوە تـەخـــتی دیوانیت(۱)

تاسەی نیگایەک

بەو چاوە گـەشــەی لە توێی عـەباوە
خستـمیـە خرۆش، جۆشی سەوداوە
بەو تیـلایی یکەی کـە تێم ئەنواڕێ
لەت لـەتی ئـەکـــا دڵم بەجـــاری
ساوەرە توخوا دەم دەمـانێ کـەین!
زەمزە مەوشادیی کامەرانی کەین!
لەبن دارێکا، لەسەر گوێی چەمێ:
جـووت دابنیـشین دەمێ سـا دەمێ
سـاز و سـەمـتـوری هاژە هاژی ئاو
شنەی شەنگە بێ،یانەی گوێی چەماو
چریکەی بلبل، دڵ ڕاچەنی گـــوڵ
بێنێـــتـــە دەرێ ڕازی پشـــەی دڵ
خـەمی چەند ســاڵە بدەین بەبادا
بدەین دیدە و دڵ بەبای صــفـــادا
بەنەشئەی جوانی لەنجە و لارەکەت
شەو بۆی هەناسەت، لێو گوڵنارەکەت

(*) (ئەتروش) ناوچەی ناحیەی مزوریيە. نووسەر لە ساڵی ۱۹۳۷دا لەوێ مدیری ناحیەوە بووە. (ش.ف)
(۱) ئەم شیعرە، کاتی خۆی بەناوی (من و کـاژی بلکێف)ەوە لە (گەلاوێژ)ی ژ (۱). س(۱) کانوونی یەکی ۱۹۳۹، ل ۲۳-۲۹دا بلاوکراوەتەوە.

بەگەردنی بلوور، ئەگریجەی خاوت
پرشنگی کوڵمت، تیشکی ناو چاوت
بەشۆخ و شەنگی باڵا بەرزەکەت
بەزەردەخەنەی نازک تەرزەکەت
مەست بین بەجامی مەیی دڵداری
قەت لەیەک نەبین: خەو و بێداریی!

من و تۆ[1]

تاکو یەک نەگرێ دڵی من و تۆ
وەک یەک نەنوێنێ گوڵی من و تۆ
وەک یەک نەچێژێ دەمی من و تۆ
بەیەکتر نەگات: غەمی من و تۆ
مایەی من و تۆ، پیری من و تۆ
سایەی من و تۆ، ژیری من و تۆ
قەت بڕوا مەکە هەتا نەمێنین
ژن و مێردیتی بەجێ بهێنین

***

هەڵسە و دانیشە! وەک من تێکوشە!
ژیانی ڕاستی هەر عەیش و نۆشە
مۆسیقا فێربە! شتێکی خۆشە
بۆ بەزمی شەوان جۆش و خرۆشە
لە قومار گەڕێ! سەراپا بۆشە
چونکە کردەوەی پیاوی بێ هۆشە
ئەگەر وانەکەی هەتا نەمێنین
ژن و مێردیتی بەجێ ناهێنین!...

***

یاری و وەرزشە هۆی زیندەگانی
گەشی و لەش خۆشی و هێز و جوانی

(١) ئەم هەڵبەستە دیسان لە کتێبی (ئافرەتی کورد)دا بڵاوکراوەتەوە لە ل: ٤٨

سواری و گەشت بکە! نێچیرەوانی
شاخەوانی کە! هەم دارەوانی
بەسەختی رابێ! بەمەلەوانی
ئەمانە خۆشن، ئەگەر نەیزانی[1]
قەت بڕوا مەکە هەتا ئەمێنین
ژن و مێردێتی بەجێ بهێنین!...

***

ئامۆژگاری من ئەمەندەیە و بەس
ڕووخۆش و گەشبە لەگەڵ هەموو کەس!
مەڕوخێ بەسەر کەسا وەک هەرەس
لەگەڵ جوامێران دەس بدەرە دەس
کاروباری خۆت، هی بێگانە و کەس
دوا مەخە! بیکە! بەخۆشی و هەوەس
ئەگەر وا نەبێ هەتا ئەمێنین
ژن و مێردێتی بەجێ ناهێنین!

***

فێری زانست بە! ئاداب و فنون
بنچینەی هێزی گشت ڕەوشت و خون
زەوق و شەوق ئەدەن بەدڵ و دەروون
ژینت شاد ئەکەن بەبوون و نەبوون
هاودەمی مەن، یاری خۆش ڕوون
بەهاودەمیان کە! بەبێ چەند و چوون
ئەگەر وا نەکەی هەتا ئەمێنین
ژن و مێردێتی بەجێ ناهێنین!...

---

(١) دەبوو: (ئەگەر نایزانی) بووایە.

سەیران[1]

بەری بەیان، مەلا بانگان هەموو کەس روویان کردە مزگەوت...

پۆل پۆل، لادێییەکان روویان کردە بارەگای خوایی...

بەرامبەر پەروەردگار: پاڕانەوەی خۆش ڕابواردنی ئەورۆژیان بوو.

درندە و پەرندەش بەزبانی خۆیان ئەلالانەوە کە خوا لە گوناهیان خوشبێ!...

پیاو و ژن بەزمان، مەرومالات بەباڕان، پەلەوەر بەچریکاندن، ئاو بەخورە، کزەبا بەشنە... هەموو لەخوا ئەپاڕانەوە کە ئەم رۆژەیان لێ پیرۆز کا!...

منیش یەکێک بووم لەوانە. بەڵام کە ئاوڕم دایەوە دیار نەبووی!.

گەڕام بۆت نەمدۆزیتەوە!

خانە گوڵ بۆ چ نەهاتی؟!

نازدارەکەم بۆ چ نەهاتی؟!

***

رۆژ خۆی دەرخست لە کەلەوە. کێو و کەژ و دەشت و دەری بەتارایەکی زێڕین ڕازاندەوە...

بلبل دەرکەوت لە چلەوە. دای لە شەقەی باڵ و چوو بۆ گەشتوگوزار... خونچە لە خۆشی نەوبەهار و ڕازاوەی مێرگ و مێرغوزار پێکەنی...

پەرەکانی کردەوە، بەسەر لقەکانیا شەوغی کرد و کزەبای گرتە باوەش...

دارکەوتە شەکانەوە. گیا لە خۆشیا دەستی کرد بەوورشە ورش...

کچ و لاو بەڕازاوەیی لە تاریکی ماڵ ڕەویان کرد و روویان کردە گوڵ و گوڵزار، چیمەن و لالەزار...

منیش لە گەڵیاندا بووم...

بەڵام کە ئاوڕم دایەوە: تۆم نەدی!

گەڕام بۆت: نەمدۆزیتەوە!

خانە گوڵ بۆ چ نەهاتی؟!...

دڵ رفێنەکەم بۆ چ نەهاتی؟!...

***

ئینجا لە گوێی کانییەک، لەژێر سێبەری شۆڕەبییەکدا بەرە و قالیچە لەم بەر و لەوبەری ئاوەکەوە ڕاخرا...

---

(١) ئەم پەخشانە کاتی خۆی لە(گەلاوێژ)ی ژ(٤) س(٤) نیسانی ١٩٤٢، ل ٤٢ - ٤٦، بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا هەندێ دەسکاری کراوە. هەروا لە دەستنووسی (خۆشخوانی)دا نووسیویە: سلێمانی لە ١٩٣٣/٤/٢٢ نووسراوە.

سەماوەر و قۆری لەبەر تیشکی ڕۆژ ئەبریسکانەوە. ماست و هێلکە و پەنیر و خورما و تەرەپیاز: خوانەکەی ئەڕازاندەوە...

ئینجا سەیرانکەران، دەستە دەستە لە گوێی ئاوەکە دانیشتن...

ئاوەکە: کەمەر و کێلانە خەنجەری کوڕان، و پلپلەی لاگیرە و گێل گێلە و گەردانە، پشتە سەر و هەیاسە و بەرگی ئاڵوواڵای کچ و ژنانی ئەنواند...

بەقسەی خۆش و گەمە و پێکەنین و مەتەڵ هەڵهێنانەوە ئەو نان و چایە خورا...

منیش دەستم برد نان بخۆم...

چونکە تۆم لاوە نەبووی: پارووەکەم لە قورگ گیرا!...

ئاوڕم دایەوە: دیار نەبووی!...

گەڕام بەشوێنتا: نەم دۆزیتەوە!...

هەموو کەس لای دەزگیرانی خۆیەوە دانیشتبوو نانی ئەخوارد...

هەموو کەس دەزگیرانی هاتبوو. من نەبم!

دەزگیرانەکەم: بۆ چ نەهاتی؟!

***

کە پاش نیوەڕۆ فێنکی کرد؛ لەناو جەرگی شینی ئاسماندا: پەڵە هەورەکان، بەتیشکی جوانی ڕۆژی گەوهەرین، زەرد و سوور ڕازانەوە...

لەژێر سێبەری ئەو دارانەدا: گوریس هەڵخرا. دەستەی کچان دەستیان کرد بەدیلانێ...

لەسەر کانیش کوڕ و کیژ دەستیان کرد بەڕەشبەڵەک و هەڵپەڕین...

گوڵاڵەسوورکە و گوڵەوەنەوشە چاوبازەش چەشنی ئەمان: لەناو ئەو گژوگیایەدا، بەخۆشی شنەی شەماڵەوە دەستیان کرد بەدەست لە ملکردن...

ئاسمان لەلایەک. گوڵ و لالەگوڵ لە لایەک. کچ و کوڕ لە لایەک.

چەم و کانیاو لەلایەک. شمشاڵ و بلوێر و دەهۆڵ و زوڕنا لە لایەک

هەریەکە لە جۆش و خرۆشێک، لە بەزموڕەزمێکا بوون...

گیانەکەم! لەم ڕۆژە خۆشەدا، هەر کەسە بەدڵخوازی خۆی گەیشت.

من نەبێ!...

ئەو ڕۆژگارە درێژەم بەچاوەڕوانیی تۆوە ڕابوارد!...

تو نەهاتی!...

خانەگوڵ! بۆ چ نەهاتی؟!

خۆشەویستەکەم! بۆ چ نەهاتی؟!

دڵ ڕفێنەکەم! بۆ چ نەهاتی؟!

دەزگیرانەکەم! بۆ چ نەهاتی؟!

بەهەشتی ژین[1]

گۆرانیی بەیانی

ئازیزا درەنگە، گـولّی باخـەکـەم
خـانمە شـۆخـەکـەی بەدەمـاخـەکـەم!
بەری بەیـانە خـەبەر بەرەوە!
عطر پەخـشـان کـە! دەم بکەرەوە!
لێـفـەکـەت لادە، سنگتم بۆ دەرخـە
فەقیانەت هەڵکە، دەستەکەت سەرخە
گـەردن بڵندکـە، بام کـزەی بەیان
ئەگریجەت چین کا، بگری دڵ و گیان
بەڵکو ئەو کوڵمەی کە هەروەک گوڵە
دەرکـەوێ و پرشنگ بدا لەم دڵە
چاوێک هەڵبـرە، بەنیگای سـحـرێ
بەڵکو تەم و خـەم لە دڵ بسـرێ
پێـبکەنە بەڵکو لێـوی لەعلینت
بکشێ و دەربخـا دانی دوورپینت
خـرنگەی بازنەکـەت، شنە شنەکـەت
عـیشـوە و نازەکـەی تەرز ڕەنگینەکەت
ببـێـتـە بادە و گـیـانم بینۆشێ
گـەشی و دڵداریم یەکـسـەر بجـۆشێ
خـۆت بکێـشـەوە سنگت سـەرکـەوێ
دوگـمـەت بتـرازێ، مـەمکت دەرکەوێ
جارێ تێـر مـاچی سنگی گـەرمت کـەم
مـەمکۆڵەی ناسک نۆڵونەرمت کـەم
سنگە، بەیانە، باخـچـەی ئەو گـوڵە
مـۆسـیـقـەگـاهی ئاوازەی دڵە

---

(١) (بەهەشتی ژین) ئەم چیرۆکە لە دەستنووسی (خۆشخوانی)دا بەناوی (ژینێکی بەرز)ەوە نووسراوە کە لە ١٩٣٣/٤/٣دا نووسـراوە، دیسـان هەروا لە (دیاری لاوان) ١٩٣٤ ل ٧٩ - ٨٥، بەڵام لێـرەدا ناو نیشانەکەی گۆڕیوە. لە شوێنی خۆیدا دانراوە.

ئەو لەش و لارەش کــە وەک کــەلەرمــە
بیگوشم بام، ئازیز چە وەختی شەرمە؟!
ئیجـــا سنگ بنێم وەبان سنگتـــەوە
دەستـــخەم لە باسک ئاسک ڕەنگتـەوە
ئازیزا دەســــتــــەکــــەت بیکەرە ملم
ماچێک، لەو دەمەی ڕەنگین وەک گوڵم
دڵ نەی،ڕوو گوڵزار، دەم شەراب و مەی
چاویش ئاوێنەی خـۆشـیی مــەی و نەی
یاران! شـــادییـــە و گـــیـــان ئازادییـــە
ژین هەر سـەربەستی و بەزم و شـادییە!

گۆرانیی نیوەڕۆ[1]

ئازیزا برســـــیـــــمـــــە وا نـیـــــوەڕۆیە
برسـێـــتـیم ئۆباڵ بەئەســتـــۆی تۆیە!
خــورشت ئایابە، ســفـرەت ڕەنگین کــە!
دانیـشـە و وەک گوهەوار نەخشین کە!
بگەشـــــێنەوە و بخـــــۆ لەگـــــەڵم!
بەگــفــتگۆی خــۆش ڕۆشن کــە دڵم
بەڵکو پێــمکەوێ و نۆشی گــیــانبێ
فـریشـتـەی خـۆشی دەست لە مـلانم بێ
ئـــازیـــز لـــەرزانـــە! نـــازک تـــەرزانـــە
ژیـن عـــــیــش و نۆشـی نـاو نـازدارانـە

***

کراس و دەسماڵ، سوخمە و کەوای شەنگ
پیـــرۆزبێ ئازیزا بەرگی ڕەنگاوڕەنگ
لە لەش چەسپیون، جوان و تونگ و تۆڵ
گوڵ بۆ گـوڵ باشـە، شۆخی گـورجوگۆڵ
هەستە، سەرمەستکە، دڵم پەیوەست کە!
گیانم لە کوتە و بەندیی سەربەست کە!

(١) لە (ئافرەتی کورد)یشدا بڵاوکراوەتەوە - ل ٦٠-٦٣ ساڵی ١٩٥٨.

دڵ داخوریێنە! شێوەت شیرینە
شەماڵ بۆی شەوبۆی قژیم بۆ بینە!
ئازیز لەرزانە! کۆڕی یارانە
بەلارولەنجە وەرە ئێرانە!

***

بەناز و عیشوە هەستە هەڵپەڕە!
هەڵپەڕە ئازیز! توخوا داپەڕە!
پانیبەرز شەقەقە و تەقەقەی بێ لە دوور
پاوانە و بازن بکەن خرنگ و هۆڕ
سرنگەی قەتارە و گەردانەی لا مل[1]
ورشەی دەسماڵی ڕازاوە وەک گوڵ
مۆسیقەییکن گیان ئەهێننە جۆش
گورەی کوڕێنیم ئەهێننە خرۆش
ئازیز لەرزانە! بالا بەرزانە
تافی هەڵپەڕکێ و بەزمی یارانە

***

پلپەی گەردانەت بلەرێتەوە
کەمەرە و لولەت بچێ و بێتەوە
گوڵی لاگیرەت بچریسکێتەوە
لەڕەی گوارەی گوێت نەگیرسێتەوە
سنگ و مەمم بەرز و نزم بێتەوە
مێخەک بەند جووڵەی نەوەستێتەوە
آرەق لە گۆنات گلۆر بێتەوە
مەستم کا و هۆشم هەر نەیێتەوە!...
ئازیز لەرزانە! شاییی یارانە
ژین بەزم و ڕەزمی ناو نازدارنە

***

سەماوەر! بەزمی، شۆخی زێڕین پۆش
سازی، ئاوازی، توخوا بێرە جۆش

---

(١) ڕاستتر: زرنگەی قەتارە...

سەری شاهانیت، قۆریەی گوڵ ڕەنگی
کەلارەی سەرخە! شاهان پەسەنگی
پرشنگی زێڕین، چۆری زیوینت
قۆریە! ڕەنگ لەعلت، لەعلی ڕەنگینت
ئازیز دڵخۆش بێ و بنەخشێتەوە
نەشئە پەخشان کا و بدرەوشێتەوە
ئازیز لەرزانە! نەشئە بارانە
سەماوەر گوڵی کۆری یارانە

***

هەڵپەرکێ بەسیە، ئازیز وچانە
وەرە سا نۆرەی دەست لەملانە!
سەماوەر جۆشا ئاو هاتۆتە کوڵ
چا دەمی کێشا، بۆن خۆشە وەک گوڵ
سینی و جامی زەرد پیاڵە و شەکردان
چاوەڕوان لەبەر پەنجەی ئاسکتان
توخوا دەی ئازیز پڕکە ئێستیکان!
چاو و دەم بۆ چای دەسی تۆ شەیدان
ئازیز لەرزانە! چای ئێوارانە
ئاهەنگی چایی شایی یارانە

***

خواردنی ئاوازە لەگەڵ شۆخ و شەنگ
ڕازاوە بەچەک، بەرگی ڕەنگاوڕەنگ
پشووی ئێوارێ و نەی و سازی خۆش
ئاهەنگی چایی و هەڵپەرکێی بەجۆش
ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی ژیانن
بووژێنەرەوەی دڵان و گیانن
بێ آهەنگ آزیز! ڕۆژێ مەبوێرە
تا پێت نەکرێ خۆش ڕابوێرە!
ئازیز لەرزانە! جێی نازدارانە
ژین کەیف و شایی و بەزمی یارانە

گۆرانیی نیوەشەو[1]

هاتە خواری
چاو خوماری
شەدەلاری
سنگی وەک جامی بلورێ
وا لەسەر پەنجە بەلەنجە هاتە لام
شینی لێ کردم بەسوور.

***

کەوتمە داوی
زولفی خاوی
بوومە ڕاوی
پێکەنینْ و نازەکەی
شێت و شەیدای لار و لەنجەی جوانی بووم،
نازی بێ ئەندازەکەی

***

کەوتمە دەستم
دیدە مەستم
دڵ پەرستم
گەرم و نەرمە و نەرموشل؛
سنگت لەسەر سنگ، ڕان لەسەر ڕان، پێکەوە
لێو لەسەر لێو، دەس لەمل!...

***

ناسکەکەم!
چاو ئاسکەکەم!
گێلاسەکەم!
عشقی تۆیە ڕەهبەرم
مایەی ژینی منیت و هەر سوپاسی تۆ ئەکەم
تاکو ئەمرم نۆکەرم!...

---

(١) ئەم هەڵبەستە لە دەسنووسی (خۆشخوانی)دایە، نووسراوە: لە (١) حوزەیرانی ١٩٣٣ لە ڕۆژنامەی ژیاندا بلاوکراوەتەوە، بەلام بەناوونیشانی (پێکگەیشتن)، لێرەدا بووە بە(گۆرانی نیوەشەو). بڕوانە: ژیان - ژ ٣٦٥ سالی ٨.١/٦/١٩٣٣ ل٣.

کۆمەڵە شیعرێکی تر

تاسەی نیگایەک[1]

بەو چاوە گەشەی لە تویی پەردەوە
بەجاری خەمی دڵمی بردەوە...
بەو تیلاییەی کە تێم ئەنواری
لەت لەتی ئەکا دڵم بەجاری
سا وەرە توخوا دەم دەمانێ کەین!
زەمزەمە و شادیی کامەرانی کەین!
لەبن دارێکا، لەسەر گوێ چەمێ
جووت دابنیشین، دەمێ، سا دەمێ
ساز و سەمتووری هاژە هاژی ئاو
شنەی شەنگە بێ، یانەی گوێی چەماو
چریکەی بولبول، دڵ ڕاچەینی گوڵ
بێنێتەوە دەرێ ڕازی بێشەی دڵ[2]
خەمی چەند ساڵە بدەین بەبادا
دڵداری لە دڵ بام پرشنگ بدا
بەنەشئەی جوانیی لەنجەولارەکەت
شەوبۆی هەناسەت، لێو گوڵنارەکەت
بەگەردنی بلور، ئەگریجەی خاوت
پرشنگی کوڵمت، تیشکی ناو چاوت
بەشۆخ و شەنگیی باڵابەرزەکەت
بەزەردەخەنەی نازک تەرزەکەت
مەست بین بەجامی مەیی دڵداریی
قەت لەیەک نەبین: خەو و بێداری!

---

(١) لە نامیلکەی (ئافرەتی کورد) ١٩٥٨، ل ٥٠-٥١
(٢) بێشەی دڵ: واتە (ناخی دڵ).

گۆرانی کرێکار[1]

کــــە تۆ کـــوردی بڵــێ کـــوردم
بـــــرای هـــاوڕاز و هـــــاوەدەرم
ئەگــەر ئێــستــاکــە سـەربەرزیت
ئەوە بۆ خـــوت: بڵــێ کـــوردم

***

بـــەشـــم ئـــازار و هـــاواریـــێ
فـــەلاقـــە و کـــوتەیی زیندان
بەپەتماکـــەن، بەســـێـــدارە
درۆ نـاکـــەم ئـەڵـێم کـــوردم

***

برانی ســــایە و مــــایە!
مـــەترسی مـــەرگ و بێ نانی!
هەزار گـەفـتـان بەفلســیکە![2]
بەســـەربەرزی ئەژیم، کـــوردم

***

منیش کـــوردم بەڵام کـــوردێک:
کـە ئاشــتــیـخـواز و دڵســۆزبێ
لـە بـۆ چیـنـی کــــرێـکاران:
خـــەباتی بەرز و پیـــرۆز بێ.

---

(١) نەورۆز: گۆڤار - ژ (١) ساڵی ١٩٥٩ سلێمانی - چاپخانەی کامەران، ل ٥٥
(٢) گەفتان = گەفتتان = گەف - سوعبەت و قسەی خۆش. لێرەدا پەیمان - وعد)ە.

ئەدەبی منداڵان

ئەدەبی منداڵان لەلای شاکر فەتتاح

بەبێ هیچ سێ و دوویەک، هەر کەس بیەوێ لە بواری ئەدەبی منداڵان بکۆڵێتەوە لە کوردستاندا، ناتوانێ ناوی مامۆستا بیوێرێ و فەرامۆشی بکات؛ وەک پێشەنگێ لەوانەی بەشدارییەکی کاریگەرییان کردووە لە دانانی بنچینەی ئەم بوارە لە ئەدەبی کوردیدا.

بیرکردنەوەی مامۆستا لە نووسین بۆ منداڵانی کورد و ئاراستەکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی لە (پەیمانگەی بروممانا) دەبێ لە لوبنان بۆ خوێندنی زمانی ئینگلیزی ساڵی ۱۹۳۲، لە بەرواری ١٩٣٢/١/٤دا دەنووسێ: «لەم ناوەدا پێنج چیرۆکی ئینگلیزیم خوێندەوە، بەتەواوەتی لە هەموو سەرەوکارێکی گەیشتم، کەڵکێکی گەورەم لێیان دەستکەوت.... چیرۆکەکان بۆ منداڵ دانرابوون، هەریەکە ٣٠-٣٢ لاپەڕەیەکی بچووک بوون، هەمووشی باسی جنۆکە و شتی سەیر سەیر بوون. کەچی لای ئێمە ئەم هەموو چیرۆکە هەیە کە دایکمان بۆماندەکا فرێمان داوەتە ئەولاوە دەڵێین: بۆ منداڵ ناشێ.

زۆر حەزم لێکردن، لەبەر ئەوە نیازم کردووە لەم هاوینەدا بیانگۆڕمە سەر کوردی».

لەم کاتە سەرەتاییەوە مامۆستا بیر لە نووسین و وەرگێڕان دەکاتەوە بۆ منداڵان و خەمی ئەو منداڵە بێ نازانە دەخوات، جا دەبینین دوای گەڕانەوەی بەردەوام دەبێ لە گەڕان و پشکنین بۆ بەرهەمێ کە بشێ بۆ منداڵان، ئەمە لە چیرۆکەکانی (کامل گەیلانی)دا دەبینێتەوە و دەست دەکات بەگۆڕینیان بۆ سەر زمانی کوردی.

لەو دەسنووسانەی بەرچاوم کەوتوون ئەو شەش زنجیرە چیرۆکەی گەیلانییە کە لە ئەسڵدا هەشت بووە و بەداخەوە دوانی نەماوە، لە دەفتەری بچووکی خنجیلانەی جواندا بەخەتێکی ڕەنگاوڕەنگی جوان نووسیونیەتەوە و هەرچی وێنەکانیشە مامۆستا خۆی بەدەست و خامەی ڕەنگینی خۆی نەخشاندوونی. لەوانە:

(ڕاوکەری ئەستێران، خانووی تازە، گوڵچین و گورگ، مریشکە سوورە، بچکۆڵە، مام ڕێوی، پرچ زێڕین).

کە ئەمانە لە نێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٣دا نووسیونیەتەوە و هەتا شێوە و چۆنێتی چاپکردنەکەشی دیاری کردووە، بەڵام وەک دەردەکەوێ دەستکورتی و نەدارایی بۆتە ئاستەنگێ لە ڕێی چاپکردنیاندا.

مامۆستا لەو ڕۆژانەشدا هەوڵی داوە کە لەلایەن میریەوە هەندێ لەو چیرۆکانەی چاپکرێن، جا دەبینین بۆ یەکەمجار (وەزارەتی معارف)ی ئەو کاتە کۆمەڵێ لەو چیرۆکانەی بەشێوەیەکی جوان و ناوازە چاپ دەکا و بەقوتابخانەکانیدا بڵاو دەکاتەوە، بەرامبەریش پاداشتێک دەدا بەخاوەنەکەی و مامۆستا ئەمە لە یادداشتەکانیدا دەگێڕێتەوە. بڕوانە کتێبی یەکەم.

ئەمەش کارێکی وا دەکات کە شاکر فەتاح یەکەم نووسەرێکی کوردی باشووره کە کۆمەڵە چیرۆکیی تایبەتی بەمنداڵان چاپکرێ و بخرێتە بەردەست.

لە ساڵی ١٩٣٣، لەسەر مەسرەفی خۆی (خانووی تازە) لە چاپخانەی ژیان لە سلێمانی بەقەوارەیەکی بچووک ١٢×١٦سم و بەکاغەزێکی ئاسایی (جەریدە) چاپ دەکا لە (٢٠) لاپەڕەدا و بلاوی دەکاتەوە، بەنرخی (هەشت فلس).

مامۆستا پێشەکییەکی بچووکی بۆ ئەم نامیلکەیە نووسیوە بەسەردێڕی (سەرپەڕە)، تیایدا دەڵێ: «هەشت چیرۆکم نووسیوە، گەلێ کەس پەسەندی کرد و تیژی کردمە سەر چاپکردنیان، بەلام لەبەر گرانجانی چاپخانە و زینکۆغراف خانەکان و یارمەتی نەدانی کەس، هە چ ڕەنج و کۆششێکم بۆ لە چاپدانیان داوە، لە عێراق و سوریە و میسردا، بەبا چوو).

لەگەڵ ئەم گیروگرفتانەشدا مامۆستا هەر هەڵێکی بۆ ڕەخسابێ و هەر دەرفەتێکی بۆ لوابێ درێغی نەکردووە و بەرهەمی پوخت و جوانی لە (چیرۆک و پەخشان و ئامۆژگاری) بۆ منداڵان نووسیوە.

شێوەی زمانێکی ڕەوان و پوخت، بەکارهێنانی وشەی ئاسایی ناو کۆمەڵ و بابەت و ناوەرۆکێ کە منداڵ ئاراستە بکات بۆ کار و خوو و ڕەوشە پەسەندەکان، ئەمانە بەچری سیمای نووسینەکانێتی لەم بوارەدا.

هەروا سوود وەرگرتن لە کەلەپوور و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکان، ئەمانە بەباشی لە کۆمەڵە چیرۆکی (خودای هەژاران)دا بەدیار دەکەون کە لە ١٩٧٩دا بەچاپی گەیاندووە.

مەبەستەکانی نووسەر تەنیا بۆ تەمەنێکی دیاریکراوی منالان نەبووە بەڵکو لە (هاوڕێی منال - ١٩٤٨)دا ڕوو دەکاتە مێردمنالان و دەیەوێ لە پەنا ئامۆژگاری و ڕێنماییەکاندا شارەزاشیان کات بەدنیای پێشکەوتووی ئەو ڕۆژگارە و شتێ لە مێژووی نەتەوەکەشیان.

تا بەمجۆرە دەبینین کە مامۆستا لە پاڵ دوانی ڕاستەوخۆی لەگەڵ منالانی کورددا خەریکی ئەو لێکۆڵینەوانەش بووە کە دەربارەی منال نووسراون و تەقەللای وەرگێڕانیانی داوە.

جا لەم ڕووەوە شاکر فەتاح بەپێشەنگێکی دیار و دەستڕۆیشتوو دادەنرێ لە بواری نووسین لە ئەدەبی منالاندا و جێگای شیاوی خۆی کردۆتەوە.

چیرۆک بۆ منالان

ژمارە (١)

ڕاوکەری ئەستێران

دانەری: کامیل گەیلانی
کوردیی نووسی: شاکر فەتاح
١٩٣٢/١٢/٣٠

بۆ:

ئەو نەمامەی سبەی ئەبێ بەدرەختێکی بەردار بۆ وڵاتەکەی؛ بۆ ئەو دڵەی لەمەولا بۆ خۆشی و ناخۆشی هاوخوێنەکانی ئەخرۆشێ؛ بۆ ئەو مۆمەی چەند ساڵێکی تر ئەبێتە چرایەکی پرشنگدەر بۆ ڕووناک کردنەوەی تاریکیی کوردستان؛ بۆ گوڵی کورد... بۆ منالانی کورد... ئەم چیرۆکە بچکۆلەیەم پێشکەشە.

١٩٣٢/١٢/٣٠
شاکر فەتاح
(یەکێ لە قوتابییانی بیعسەی هەندەسە بۆ ئینگلتەرە)

ڕاوکەری ئەستێران

لە بەیاندا

(١)

لە بەیاندا شێرۆ بەزەردەخەنەیەکەوە بەدایکی گوت:

«دایەگیان ئەزانی دوێنێ شەو لە کوێ بووم من؟».

دایکیشی بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

«شێرۆ تۆ لە جێگاکەتا نوستبووی».

لەناو کەشتییە بچکۆلەکەدا

(٢)

ئینجا شێرۆ بەسەرسوڕمانێکەوە بەدایکی گوت:

«دایە! کەوایە دوێ شەو هەرسێکمانت نەدی – من و ئەرچۆی برام و گورنەتەڵەی هاوڕێم لەناو کەشتییە بچکۆلەکەدا بووین؟»

دایکیشی بەسەرسوڕمانێکەوە پێی گوت:

«شێرۆ لە کام کەشتی دابووی تۆ؟».

«من ئەو شەوگارە درێژەی دوێنێ شەو تۆم دیی هەر لە جێگاکەتا نوستبووی!»

شێرۆ ئەستێرە ڕاو ئەکا

(٣)

ئینجا شێرۆ بەزەردەخەنەیەکەوە بەدایکی وتەوە: «من دوێنێ شەو سواری کەشتییەکی بچووک بوویووم، ئەرچۆی برام و گورنەتەڵەی هاوڕێشم لەگەڵا بوون. دایە مانگ جوان بوو لە ئاسماندا. کە سەرنجمان ئەدا: ئەستێرەکان لە ئاسمانیش و لە ئاویشدا دەدرەوشانەوە. ئێمەش لەناو کەشتییەکەماندا بەناو ئاوەکەدا ئەڕۆیشتین و ئەستێرەمان ڕاو ئەکرد.

ئاخ دایە چەند خۆشە ڕاوی ئەستێرە! ئێستەش لە بیرم نەچۆتەوە».

دیارە شێرۆ خەوی بینیوە

(٤)

کە دایکی ئەمەی بیست قاقا دەستی کرد بەپێکەنین. بەزەردەخەنەیەکەوە بەشێرۆی گوت:

«ڕۆڵە ئەوە تۆ خەوت دیوە دوێنێ شەو. سا بۆیە شێرۆ من تۆم نەدیوە دوێنێ شەو کە ڕاوی ئەستێرەت کردووە لەناو کەشتییە بچکۆلەکەتا لەگەڵ ئەرچۆی برات و گورنەتەڵەی هاودەمت».

ژمارە (٢)

خانووی تازە

دانەری: کامیل گەیلانی
کوردیی نووسی: شاکر فەتاح
١٩٣٣م - ١٣٥٢
سلێمانی - چاپخانەی ژیان

شەوی ٢١-١٩٣٣/٨/٢٢ کە مامۆستا لە ماڵی (شێخ حیسامەددین) دەنوێ و لە ژوورەوە دەینوێن، لەبەر (وردە گەرما و مێشوولە) خەوی لێ دەزڕێ، دەڵێ: «شەپۆلی ئەندێشە هێنامیە سەر بیری چاپکردنی دووەم چیرۆک لەو هەشت چیرۆکانەی کە لە عەرەبییەوە بۆ منداڵانی کوردم کردبوو بەکوردی - هەر هەشتی بەناوی- چیرۆک بۆ منالان-ەوە لە ساڵی ١٩٣٥دا لە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە و نایابدا، لەلایەن میرییەوە چاپ کرا، تا منالانی کورد، هی پۆلی دووەمی سەرەتایی بیخوێنن.

ئەم ژمارەی دووەمەیان بۆ دەستەی کچان دەشیا، لەبەر ئەوە، هەر لەو ژوورە گەرمەدا بەبیر ئەم هەڵبەستەی خوارەوەم بۆ بەشی پێشکەشیی چیرۆکەکە دانا:

بۆ دەستەی کچان دایکانی دوارۆژ
کە پێگەیێنن چرۆی هیوامان

بەکـردەوەی جـوان، بەکـاری ڕەنگین
ئاواکـەنەوە خـاکی کـوردسـتـان

ئەم چیرۆکانەم ئەوا پێشکەش کرد. ل٣٦ (گەشتی هەڵەبجە و هەورامان ١٩٧٤ چاپخانەی کامەرانی)

پێشکەشیی

بۆ ئەو نەو نەمامەی سبەی ئەبێ بەدرەختێکی بەردار بۆ وڵاتەکەی؛ بۆ ئەو دڵەی لەمەولا بۆ خۆشی و ناخۆشی هاوخوێنەکانی ئەخرۆشێ؛ بۆ ئەو مۆمەی چەند ساڵێکی تر ئەبێتە چرایەکی پرشنگدەر بۆ ڕووناک کردنەوەی تاریکی، کوردستان؛ بۆکولی(*) کورد... بۆ منداڵانی کورد... ئەم چیرۆکە بچکۆلەیەم پێشکەشە.

سەربردە

مناڵ، بەدڵ حەز لە شتی ئاڵوواڵا، قسە و چیرۆکی خۆش ئەکا، ڕقی لە نووسینی ڕەق و ناشیرین ئەبێتەوە، کە شتێک ئەگێڕێتەوە قسەکان دووبارە ئەکاتەوە...

کەواتە: بام چیرۆکێکی بۆ دابنێین، بەپێی تەمەنی خۆی بێ، نووسینەکانی گەورە و جوان قسەکانی ڕاست و ڕەوان، ناسک و ئاوداربێ، بەوێنەی ڕەنگاوڕەنگ بەزمانە سووکەکەی خۆی بۆی بنووسینەوە بەتەرحێکی وابێ خوێندنەوەی لا شیرین کا، نەک بەچاوێکی قینەوە تەماشای بکا. جگە لەوە خووی جوامێریی، لاوچاکی، دڵنەرمیی و پیاوەتی و سەربەرزیی، پێ بگرێ. ئەوی من ئەمویست؛ لە کۆمەڵە چیرۆکی (کامل گەیلانی)دا دیم. ئەم نووسەرە گەورەیە، بەهۆی ئەمانەیەوە، لە میسرا ناوێکی وا گەورەی دەرکرد، نیشتمانییەکانی یارمەتییەکی وایان دا، ساڵ تێ وەرنەگەڕایەوە بەچیرۆکە خنجیلانەکانی خۆی، ژوورێکی خوێندنەوەی نایابی بۆ منالانی وڵاتەکەی ڕازاندەوە. منیش بەزیانم زانی منالانی کورد لەم گەنجە گەوهەرییە بێ بەش بهێڵمەوە هێنام کۆمەڵەیەک لەم چیرۆکانەم بەئاوداریی و ناوداریی قسەکانیانەوە، بەسووکی و ڕەوانیی شێوەکانیانەوە، بەرەنگینی و ڕەندینی نووسینەکانیانەوە، بەڕازاوەیی و دڵگیریی وێنە و نیگارەکانیانەوە بەڕاستی و دڵسۆزییەکی تەواوەوە لە عەرەبییەوە گۆڕییە سەر کوردیی. لەسەر ئەم شێوەیە: هەشت چیرۆکم نووسییەوە، گەلێ کەس پەسندی کرد و تیژی کردمە سەر چاپکردنیان. بەڵام لەبەر گرانجاتیی چاپخانە و زینکۆغرافخانەکان و یارمەتیی نەدانی کەس، هەچ ڕەنج و کۆششێکم بۆ لە چاپدانیان، لە عێراق و سوریە و میسردا بەبا چوو. هەڵبەت خوێندەواران لەم بەرگ و شێوەیەدا لە کورتی و ناشیرینیم ئەبوورن. ئەگەر یارمەتیی دۆستان ببێ، خوایاربێ ئەمجارە هەنگاوێکی گەورەتر ئەنێم، بەشکو بەهۆی ئەم چیرۆکانەوە تۆزە بەربەستێکی لافاوی نەزانین بکەین پشت بەخوا.

شاکر فەتاح
دەرچووی مەتریکولیشنی ئۆکسفۆرد - کمبرج
سلێمانی: ٣١ میوەگەنان ١٩٣٣

(*) لە چاپەکەدا هەروا نووسراوە، لەوانەیە (گەلی)بێ یا (گوڵی) بێ، بەڵام بەهەڵە چاپکرابێ. (ئاراس).

بەرخ و بەراز

(١)

بەرازێک بەبەرخێکی هاورێی گوت: «نیازم هەیە خانووێک بکەم تیا بحەوێمەوە».

بەرخەکەش بەبەرازەکەی وت: «منیش یاریدەت ئەدەم؛ خانوویەک ئەکەین هەردووکمان تیا ئەحەوێینەوە».

ئینجا بەرازەکە بەبەرخەکەی هاورێی گوت: «من عەرد هەڵئەدرم خانووەکەی تیا دروست کەین».

بەرخەکەش بەبەرازەکەی گوت: «منیش دار لە درەخت ئەبڕمەوە خانووەکەی پێ دروست بکەین».

ئینجا لە خۆشیانا بەرخەکە و بەرازەکە دەستیان کرد بەهەڵپەڕین.

لە ناوەڕاستی دارستانەکەدا

(٢)

ئینجا بەرخەکە بەبەرازەکەی گوت: «کاکە، لە کوێ خانووەکەمان دروست بکەین؟».

بەرازەکەش بەبەرخەکەی گوت: «برام! خانووەکەمان لە ناوەڕاستی ئەم دارستانەدا دروست ئەکەین».

بەرخەکەش بەبەرازەکەی گوتەوە: «دەی! بام خانووەکەمان لە ناوەڕاستی ئەم دارستانەدا دروست بکەین».

ئینجا بەرازەکەش گوتی: «دەی! بام خانووەکەمان لە ناوەڕاستی ئەم دارستانەدا دروست بکەین».

قازە زیرەک

(٣)

کە بەراز و بەرخەکە چوون خانووەکەیان دروست بکەن. لە رێ قازێکی زیرەکیان پێ گەیشت.

قازە زیرەکەکە لە بەرازەکەی دۆستی و بەرخەکەی هاودەمی پرسی: «کوێوە ئەچن؟»

بەراز و بەرخەکەش بەقازە زیرەکەکەیان گوت: «پێوەین خانووێک لە ناوەڕاستی ئەم دارستانەدا دروست بکەین».

قازە زیرەکەکەش بەبەراز و بەرخەکەی گوت: «منیش

خانووەکەتان لەگەڵ دروست ئەکەم، ئینجا هەموومان پێکەوە تیا ئەحەوێینەوە».

بەراز و بەرخەکەش بەقازەکەیان گوت: «چۆن یاریدەمان ئەدەی؟».

قازە زیرەکەکەش بەبەراز و بەرخەکەی گوت: بەدەندووکە درێژەکەم پووشتان بۆ کۆ ئەکەمەوە، درز و قلیشەکانی خانووەکەی پێ ئەگرم تا سەرما و باران کارتان لێ نەکا».

ئینجا بەرازەکە و بەرخەکەیش بەقازە زیرەکیان گوت: «ئەمە زۆر باشە، وەرە لەگەڵماندا پێکەوە خانووەکە دروست بکەین و هەرسێکمان تیا بحەوێینەوە».

کەروێشکە سپییە بچکۆڵە

(٤)

ئینجا بەرازەکە و بەرخەکە و قازەکە هەرسێکیان ڕۆیشتن خانووەکە دروست بکەن. لە ڕێ کەروێشکە سپییە بچکۆلەی هاودەمیان پێ گەیشت

لێی پرسین: «ئەچن بۆ کوێ؟»

ئەوانیش پێیان گوت: «ئەچین خانووێک دروست بکەین».

ئەویش پێی گوتن: منیش لە دروستکردنی خانووەکەدا یاریدەتان ئەدەم».

ئەوانیش پرسییانەوە: «چۆن یاریدەمان ئەدەی؟».

کەروێشکە سپییە بچکۆلەش وتی: بەدانە تیژەکانم دارتان بۆ ئەقرتێنم و بۆتان ئەهێنمە ناو خانووەکەتانەوە».

ئەوانیش پێیان گوت: «زۆر چاکە... زۆر چاکە... وەرە لەگەڵماندا؛ خانووەکەمان ئەکەین و پێکەوە تیا ئەحەوێینەوە».

ئینجا بەرازەکە و بەرخەکە و قازەکە و کەروێشکەکە، هەر چواریان لە خۆشیدا دەستیان کرد بەهەڵپەڕین.

کەڵەشێری خوێندەوار

(٥)

ئینجا بەرازەکە و بەرخەکە و قازەکە و کەروێشکەکە چوون خانووەکەیان دروست بکەن. لە پڕ کەڵەشێرە بانگدەرەی هاوڕێیان پێ گەیشت. پرسی: «دۆستینە بۆ کوێ ئەچن؟»

ئەوانیش وتیان: «نیازی خانووێکمان هەیە لە ناوەڕاستی ئەم دارستانەدا دروستی بکەین تیا بحەوێینەوە».



کەڵەشێرە بانگدەرەش گوتی: «منیش یاریدەتان ئەدەم بام پێکەوە دروستی بکەین».

ئەوانیش پرسییان وتیان: «چیمان بۆ ئەکەی؟»

کەڵەشێرە بانگدەرەش گوتی: «من خانووەکەتان بۆ پاک ئەکەمەوە».

ئەوانیش پێیان گوت: «ئەمەش چاکە».

لەپاشا کەڵەشێرە بانگدەرە پێی گوتن: «ئەی ناتانەوێ لە خانووەکەتاندا سەعاتێک ببێ دەرەنگ و زوویی شەو و ڕۆژتان پێشان بدا؟».

من ئەو سەعاتەم کە دەرەنگ و زوویی شەو و ڕۆژتان پێشان بدەم. ئەوە هەر منم کە دەرەنگ و زوویی شەو و ڕۆژ لە خەڵک ئەگەیێنم. لەبەر ئەمەشە کە خەڵک ناویان ناوم «کەڵەشێرە بانگدەرە».

ئەوانیش قیژاندیان وتیان: «ئەمە زۆر باشە، شت لەمە چاکتر نەبۆتەوە، وەرە لەگەڵماندا خانووەکە دروست بکە».

ئیتر ئەمەندە خۆشی خۆشییان پێکەوت هەموو لە خۆشیانا دەستیان کرد بەهەڵپەڕین.

ئینجا خانووەکەیان ئەکەن

(٦)

ئینجا پێکەوە، هەموو ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە ناوەڕاستی دارستانەکە. کە گەیشتنە ئەوێ دەستیان کرد بەدروستکردنی خانووە تازەکەیان.

بەرازەکە عەردی عەڵدری، بەرخەکە داری بڕیی، قازەکە بەدەندووکە درێژەکەی پووشی کۆکردەوە، تا درز و قڵیشی خانووەکەی پێ بگرێ و سەرما کاریان لێ نەکا، کەروێشکەکەش لەوەدا یاریدەی قازەکەی ئەدا، مایەوە سەر کەڵەشێرەکە ئەویش ناو خانووەکەی پاک کردەوە.

له خانووه تازەکەدا

(٧)

کە خانووەکەیان تەواو کرد، کەوتنە شایی و زەماوەندەوە هەموو بەجارێ هاتنە جۆش لە خرۆشا دەستیان کرد بەهەڵپەڕین.



ئیتر بەرازەکە و بەرخەکە و قازە زیرەکەکە و کەروێشکە سپییە بچکۆلەکە و کەڵەشێرە بانگدەرەکە هەموو پێکەوە لەناو ئەو خانووە تازەیەدا ژیان.

هەموو شەو و ڕۆژیان بەکەیف و خۆشییەوە ڕائەبوارد.

لەبەری بەیاندا زوو، هەموو ڕۆژێک کەڵەشێرە بانگدەرە، لە پێش هەتاو کەوتنا خەبەری ئەکردنەوە تا زوو دەست بدەنە کار و فەرمانیان.

کەڵەشێرە بانگدەرە هەموو ڕۆژ لە بەیاندا ئەیخوێند. پێی ئەگوتن:

«هەڵسن لەخەو عووعوو عوعوو
بێ فەڕ مەبن عووعوو عوعوو
دەست کەن بەکارتان زوو بەزوو
هەڵسن لەخەو عووعوو عوعوو
عوو عوو عوعوو».

ژماره (۳)

گوڵچین و گورگ

دانەری: کامیل گەیلانی
کوردیی نووسی: شاکر فەتاح
یەکێ لە قوتابییانی بیعسەی هەندەسە بۆ ئینگلتەرا
۱۳۵۱: ۱۹۳۳/۱/۲٦ سولەیمانی

گوڵچین کولیچە بۆ نەنکی ئەبا

(۱)

دایکی گوڵچین بەگوڵچینی گوت: «گوڵچینە! کچم بچۆرە لای نەنکت، خۆشیی و چلۆنی لەگەڵا بکە و ئەم کولیچەیەشی بدەرێ بیخوا».

گـوڵچـینیش بەدایکی گـوت: «دایە خـۆشم زۆر بیـری ئەکەم، دەمێکە نەمدیوە. هەر ئێستا ئەچم ئەم کولیچانە بۆ نەنکم ئەبەم و خۆشیی و چلۆنیشی لەگەڵا ئەکەم».

گورگێک لە ڕێ بەگوڵچین ئەگا

(۲)

گـوڵچین بەتاقی تەنیا بەخۆی و کولیـچەوە ڕووی کردە مـاڵی نەنکی. ڕێ چۆڵ بوو، کـەسی تیـا نەبوو. لە پڕ گورگێک بەگوڵچین گەیشت، خۆشیی و چلۆنی لەگەڵا کرد و لێی پرسی: «کچە بچکۆلە ناوت چییە؟».

کچەش پێی وت: «ناوم گوڵچینە».

ئینجا گـورگە لێی پرسـییـەوە وتی: «گـیانەکەم نیـازی کوێت هەیە بچیت؟».

گـوڵچـینیش بەگـورگی گـوت: «ئەمـەوێ بچـمە کن داپیـرەم خـۆشـیی و چلۆنیـتی لەگـەڵا بکەم و ئەم کولیچانەی بۆ بەرم».

گورگەکە لە گوڵچین ئەپرسێ ماڵی نەنکی نیشان بدا

(۳)

ئینجا گورگ وتی:

«گوڵچین کامەیە ماڵی داپیرەت؟».

گوڵچینیش بەگورگی وت: «ئەو خانووە سپییە بچکۆلەت چاولێیە بەسەر شاخەکەوە لەوپەڕی ئەم ڕێگا درەختدارەوە؟ ئەوە ماڵی نەنکمە».

ئینجا گورگە پێی وت: «کە خۆشیی و چلۆنیت لەگەڵ داپیرەت کرد لە بیرت نەچێ پێی بڵێ مام گورگی برازات زۆر بیرت ئەکا و زۆر حەز بەبینینت ئەکا».

مام گورگ داپیرەی گوڵچین ئەخوا

(٤)

گورگی بەدخوو بەنیشانەکردنی گوڵچینەوە خانووەکەی نەنکی دۆزییەوە. ئەوەندەی پێ نەچوو کە گوڵچینی بەجێ هێشت گەیشتە خانووەکە. کە دیی دەرگا دانەخراوە چووە ژوورەوە، پەلاماری نەنکی گوڵچینی دا و خواردیی. خێرا جلەکانیشی لەبەرکرد و لە جێگاکەیا نوست.

مام گورگ چاوەڕوانی گوڵچین ئەکا بیخوا

(٥)

کە گوڵچین گەیشتە ماڵی نەنکی بەقایم بانگی کرد: «نەنێ! منم دەرگام لێ بکەرەوە».

گورگیش چەشنی داپیرەی گوڵچین بەدەنگێکی نەرمەوە پێی گوت: «گوڵچین وەرە ژوورێ دەرگا دانەخراوە».

مام گورگ خۆی ئەباتە شێوەی نەنکی گوڵچینەوە

(٦)

کە گوڵچین هاتە ژوورەوە، وای زانی، نەنکێتی لە جێگادا کەوتووە. گوڵچین گوتی: نەنە ئەو کولیچانەم لێ بگرە. ئەوە دایکم بۆی ناردوویت».

مام گورگیش وتی: «بێنە کولیچەکان لێرە دانێ و وەرە لەگەڵ نەنکی خۆتا لەم جێگەیەدا بنووین».

گوڵچینیش بەقسەی گورگە بەدخووەکە چوو کولیچەکانی دانا و هاتە ناو جێگاکەوە لەگەڵیا بنوێ.

گوڵچین لە مام گورگ سەری سوڕئەمێنێ

(٧)

پاشان گوڵچین بەسەرسوڕمانێکەوە پرسی: «ئەرێ نەنە! ئەرێ نەنە! ئەوە چیتە وا دەستەکانت درێژ بوون؟».

مام گورگیش پێی وت: «کزەی جەرگم تا چاک دەست لە ملت کەم».

گوڵچین دیسان پرسییەوە: «ئەی نەنە! ئەی نەنە! قاچەکانت بۆ چ وا درێژ بوون؟».

مام گورگیش پێی وتەوە: «گیانەکەم ئەوە تاکو چاک هەرا بکەم»

گوڵچین پرسی: دایە پیرە! دایە پیرە! ئەی گوێچکەکانت بۆ چ وا درێژ بوون؟»

گورگەش وتی: «بەقوربان! هەتا چاک لە قسەکانت تێ بگەم».

ئینجا گوڵچین پرسی: «ئەی نەنە! ئەی نەنە! چاوەکانت بۆ چ وا فراوان بوون؟».

گورگیش پێی گوت: «گیانە هەتا باشتر تۆ ببینم».

ئەمجارە کە گوڵچین لێی پرسی: «ئەی نەنە دانەکانت بۆ چ درێژ بوون؟»

مام گورگ پێی گوت: «نازدارەکەم تا تۆی پێ بخۆم».

لالەی گوڵچین گورگەکە ئەکوژێ

(٨)

کە گوڵچین ئەمەی لە گورگە بیست لە ترسا بەهەرچی هێزی خۆی هەیە قیژاندیی. خواوراستان ئەو ڕۆژە لالەی گوڵچینیش ئارەزووی چاوپێکەوتنی ئەنکی

گوڵچینی کربوو: کە هات و گەیشتە بەر دەرگاکە و زریکەی گوڵچینی هاتە بەرگوێ؛ دەستبەجێ هەڵمەتی بردە سەر گورگە و گورگەی لەوێدا کوشت.

بەم ڕەنگە گوڵچین لە دەست ئەو گورگە بەدخووە ڕزگار بوو.

ئینجا بەرەو پەروەردگار سەری دانەواند و سوپاسی ئەو خوایەی بەجێ هێنا کە لە دەست مردن ڕزگاری کرد.

ژمارە (٤)

مریشکە سوورە بچکۆڵە

مریشکە سوورە بچکۆڵە
دانەری: کامیل گەیلانی
کوردیی نووسیٚ: شاکر فەتاح
٢ی ڕەشەمێ، ١٩٣٣

دەنکە گەنم

(١)

مریشکە سوورە بچکۆڵە لە عەردا چینەی ئەکرد. لە پڕ مریشکە سوورە بچکۆڵەکە لە عەردەکەدا دەنکە گەنمێکی بەدیی کرد. کە مریشکە سوورە بچکۆڵە ئەو دەنکە گەنمەی لە عەردەکەدا دۆزییەوە گەلێ دڵخۆش بوو. ئینجا مریشکە سوورە بچکۆڵە ویستی ئەو دەنکە گەنمە لە زەوییەکەیدا بچێنێ تا گەنمێکی زۆری لێ وەدەست کەوێ.

کێ دەنکە گەنمەکە بچێنێ؟

(٢)

مریشکە سوورە بچکۆڵە عەلیشیشی هاودەمی و مراویی هاوڕێشی لەگەڵدا بوو. ئینجا مریشکە سوورە بچکۆڵە بەعەلیشیشی هاودەمی و مراویی هاوڕێی گوت: «من دەنکە گەنمەکەم دۆزیوەتەوە و منیش ئەمەوێ بیچێنم؛ ئەی کامتان ئەی چێنن؟».

عەلیشیش گوتی: «من نایچێنم»

مراویش گوتی: «منیش نایچێنم»

ئینجا مریشکە سوورە بچکۆڵە بەعەلیشیشی هاودەمی و مراویی هاوڕێی گوت: «من ئەیچێنم».

لە پاش ئەوە مریشکە سوورە بچکۆڵە چوو دەنکە گەنمەکەی چاند.

کێ گەغەکە بهاڕێ؟

(٣)

زۆری پێ نەچوو: کە مریشکە سوورە بچکۆڵە ڕۆژێک سەیری کرد تەماشای کرد دەنکە گەغەکەی گەغێکی زۆری لێ پەیدا بووە. ئینجا مریشکە سوورە بچکۆڵە چوو بەعەلیشیشی هاودەمی و مراویی هاوڕێی گوت: «ئەوا دەنکە گەغەکەم گەغێکی زۆری لێ پەیدا بووە! ئینجا کێ ئەچێ ئەم گەغە بەرێتە ئاشی و بیهاڕێ؟»

عەلیشیش گوتی: «من ئەم گەغە نابەمە ئاشی بیهاڕم».

مراویش گوتی: «منیش ئەم گەغە نابەمە ئاشی بیهاڕم».

ئینجا مریشکە سوورە بچکۆڵە گوتی: «من ئەم گەغە ئەبەمە ئاشی و ئەیهاڕم»

کە ئەوەی گوت. دەستبەجێ مریشکە سوورە بچکۆڵە چوو گەغەکەی بردە ئاشیی و هاڕیی.

کێ هەویرەکە ئەشێلێ؟

(٤)

کە مریشکە سوورە بچکۆڵە گەغەکەی هاڕیی گەڕایەوە کن عەلیشیشی هاودەمی و مراویی هاوڕێی.

ئینجا مریشکە سوورە بچکۆڵە بەعەلیشیشیی هاودەمی و مراویی هاوڕێی گوت: «من دەنکە گەغەکەم دۆزییەوە، من دەنکە گەغەکەم چاند، من گەغەکەم بردە ئاشی، من گەغەکەم لە ئاشەکەدا هاڕیی و منیش ئاردەکەم هێنایەوە. ئینجا کێ هەویرەکە ئەشێلێ؟»

عەلیشیش گوتی: «من هەویرەکە ناشێلم».

مراویش گوتی: «منیش هەویرەکە ناشێلم»

ئینجا مریشکە سوورە بچکۆڵە گوتی: «من هەویرەکە ئەشێلم».

هەر ئەوەی گوت و چوو ئاردەکەی کرد بەهەویر.

کێ نانەکە بکاتەوە

(٥)

کە هەویرەکەی شێلا؛ مریشکە سوورە بچکۆڵە بەعەلیشیشی هاودەمی و مراویی هاوڕێی گوت: «من دەنکە گەنمەکەم دۆزییەوە، من دەنکە گەنمەکەم چاند، من گەنمەکەم بردە ئاشی، من گەنمەکەم لە ئاشەکەدا هاڕیی و منیش هەویرەکەم شێلا؛ بزانم کامتان نانەکە ئەکەنەوە؟».

عەلیشیش گوتی: من نان ناکەمەوە».

مراویش گوتی: منیش هەویرەکە ناکەمەوە بەنان».

ئینجا مریشکە سوورە بچکۆڵە بەعەلیشیشی هاودەمی و مراویی هاوڕێی گوت: «من نانەکە ئەکەمەوە».

پاشان چوو هەویرەکەی کردەوە بەنان.

کێ نانەکە ئەخوا

(٦)



کە هەویرەکەی کردەوە بەنان، مریشکە سوورە بچکۆڵە بەعەلیشیشی هاودەمی و مراویی هاوڕێی گوت: «من دەنکە گەنمەکەم دۆزییەوە، من دەنکە گەنمەکەم چاند، من گەنمەکەم بردە ئاشی، من گەنمەکەم لە ئاشەکەدا هاڕیی،

من ئاردەکەم کرد بەهەویر و منیش هەویرەکەم کردەوە بەنان؛ کەواتە کێ نانەکە ئەخوا؟»

عەلیشیش گوتی: «من نانەکە ئەخۆم»

مراویش گوتی: منیش نانەکە ئەخۆم».

ئینجا مریشکە سوورە بچکۆڵە بەعەلیشیشی هاودەمی گوت: «نابێ تۆ نانەکە بخۆی».

پاشان مریشکە سوورە بچکۆلە بەمراویی هاوڕێی گوت: «تۆش نابێ لە نانەکە بخۆی» «ئەبێ من نانەکە لەگەڵ جووجەڵەکانما بخۆم».

ژمارە (٦)

مام ڕێوی

دانەری: کامیل گەیلانی
کوردیی نووسی: شاکر فەتاح
دەرچووی «مەتریکۆلێشنی ئۆکسفۆردکەمبرج» و
یەکێ لە قوتابیانی بیعسەی هەندەسە بۆ ئینگلتەرە.
١٦ی بەختە باران ١٩٣٣ سولەیمانی

مام ڕێوی بەتەڵەوەبوون

(١)

مام ڕێوی ویستی مریشکێک لە ماڵی جووتیار بفڕێنێ و بیخوا. جووتیارەکەش لە ماڵەوە تەڵەیەکی نابووەوە، هەچ ڕێوییەک بهاتایە بۆ مریشک خواردن پێی ئەگرت.

لەبەر ئەوە کە مام ڕێوی هاتە ماڵی جووتیارەکە مریشکەکەی بفڕێنێ: تەڵەکە تەقی، کلکی مام ڕێوی پێوەبوو! مام ڕێویش تەکانی ئەدایە خۆی ڕابکا، ئەترسا لەوەی جووتیارەکە بێت بیبینێ و بیکوژێ.

مام ڕێوی هەر تەکانی ئەدا خۆی بەردا، لە پڕ بەربوو، بەڵام کلکی پەڕا.

ئینجا مام ڕێوی دەربەری خۆی لە دەست جووتیار ڕزگار کرد.

لەناو ڕێوییەکاندا

(٢)

ئینجا کە مام ڕێوی، ڕێوییەکانی دۆستی دی و هەموو کلکیان هەیە و خۆی کلکی نییە گەلێ خەفەتی بۆ کلکەکەی خوارد. پاشان مام ڕێوی بەڕێوییەکانی دۆستی گوت: «ڕێوی گەل! ئەم کلکانەی ئێوە هەتانە بێ کەڵکن، ئێوەش وەک من کلکی خۆتان ببڕن: جوانتر ئەبن. شیرینتر ئەبن».

بەڵام ڕێوییەکان کە مام ڕێوییان دی کلکی قرتاوە، دەستیان کرد بەپێکەنین.

ئینجا یەکێ لە ڕێوییەکان پێی گوت: «ئەگەر تۆ لەپێش ئەمەی کلکت بقرتایە ئەمەت بەئێمە بگوتایە، باوەڕمان پێ ئەکردیت، بەڵام تۆ حەلێک پێمان ئەڵێی کە خۆت کلکت قرتاوە».

ڕێوییەکی کەش پێی گوت: «تۆ ئەگەر قاچیشت بپەڕایە ئەتگوت: قاچمان بپەڕێنین».

لەولاشەو ڕێوییەکەی کە پێی گوت: «تۆ ئەگەر چاویشت هەڵبکۆڵرایە ئەتگوت چاومان هەڵبکۆڵین».

بەم چەشنە ڕێوییەکان لە فێڵی مام ڕێوی گەیشتن.

لەبەر ئەوە ڕێوییەکان ئەم ئامۆژگارییە خراپەی مام ڕێوییان لەگوێ نەگرت.

پیرۆز و هەنگ

پیـرۆز هەرچەند هەنگێکی بدیایە: لێی ئەدا و ئازاری ئەدا. باوکی پیـرۆزیش لە ڕەوشت و خـووی هەنگ شارەزابوو. لەبەر ئەوە هەموو جارێ چاکەی هەنگی بۆ پیرۆز ئەگێڕایەوە: تا پیرۆز واز لە لێدانی هەنگ بێنێ

بەڵام پیرۆز لاسار بوو، گوێی نەئەدایە قسەی باوکی.

پیرۆزیش کە بۆقێکی ئەدی زمان درێژ ئەکا بۆ ئەو هەنگەی لە نزیکییەوەیە: بیگرێ و بیخوا؛ ئەچوو یاریدەی بۆقەکەی ئەدا ئەیهێنا ئەو گوڵانەی هەنگی پێوە نیشتۆتەوە لە بۆقەکەی نزیک ئەخستەوە؛ تا بۆقەکە بەئاسانی هەنگەکە بگرێ و بیخوا.

زۆری پێ نەچوو پیرۆز نەخۆشییەکی گرانی گرت. بەڵام کە چاک بووەوە پزیشک پێی گوت هەنگوین بخوا تا هێز بگرێتەوە و بێتەوە سەر دۆخی جاران. ئینجا پیرۆز تێگەیشت کە هەنگ چەند بەکەڵکە. لەبەر ئەوە پیرۆز لە کردەوەی پێشووی پەشیمان بووەوە. ئیتر لەو ڕۆژەوە پیرۆز هەنگی خۆش ئەویست، ئاگاداریی ئەکرد و لە دوژمنەکانی ئەپاراست.

ئیتر لەو ساوە پیرۆز بەهەموو شەوێک داوای ئەکرد لە باوکی ڕەوشت و خووی هەنگی بۆ بگێڕێتەوە. باوکیشی زۆر چیرۆک و سەرگوروشتەی سەیر و جوانی بۆ ئەگێڕایەوە.

کۆتر و بێچووەکانی

جارێک کۆترێک لە هێلانەدا بەبێچووەکانی ئەگوت مەچنە دەر منالەکانم.

بەڵام بێچووەکان گاڵتەیان پێ کرد نەترسان لەوەی تووشی داوێ بن لەلانە دەرچوون چوونە دەشتودەر نەترسان لەوەی تووشی داوێ بن.

زۆری پێ نەچوو ڕێوییەکیان تووش بوو بێچووەکانی گرت یەک یەک خواردنی چونکو کەس نەبوو لەو دەوروپشتە بێچووەکانی گرت یەک یەک خواردنی.

هەرچی لاساربوون وایان بەسەرهات، چونکی بێ گوێیی قسەی دایکیان کرد بێچووەکان بۆیە وایان بەسەرهات، چونکی بێ گوێیی قسەی دایکیان کرد.

ژماره (٨)

پرچ زێرین

بەقەڵەمی: کامیل گەیلانی
کوردیی نووسی: شاکر فەتاح
دەرچووی مەتریکولیشنی ئۆکسفۆرد - کمبرج
٢٦/میوەگەنان/ ١٩٣٣ سولەیمانی

ورچەزلە، ورچە ناوونجی، ورچەی بچکۆڵە و پرچ زێرین

لە بێشەکەدا

(١)

ورچەزلە لەگەڵ ورچە ناوونجی و ورچە بچکۆڵەدا لە بێشەیەکدا ئەژیان. ئەزانن بێشە چییە؟
بێشە زەوییەکی فراوان، زۆر فراوانە پڕە لە داری گەورە گەورە، داری زۆر گەورە.
هەرسیە ورچەکە بەخۆشییەوە لە بێشەیەدا لە یەک ماڵدا ئەژیان.

سێ ورچەکە

(٢)

ورچە زلەکەیان زۆر زەلام بوو. دەنگیشی یەجگار زل بوو.
ورچە ناوونجیش نە زۆر گەورە، نە زۆر بچووک بوو، دەنگیشی نە زۆر گەورە نە زۆر بچووک بوو.
بەڵام ورچە بچکۆڵە زۆر بچووک بوو، دەنگیشی زۆر نەرم بوو.

خانووی سێ ورچەکە

(٣)

وەکو وتمان: خانووی سێ ورچەکە لە دارستانەکەدابوو.
ئەزانن دارستان چییە؟
دارستان -وەکو پێتم گوتن- زەوییەکی فراوان، زۆر فراوان، پڕە لەداری گەورە گەورە، داری زۆر گەورە.
ورچەزلە لەگەڵ ورچە ناوونجی و ورچە بچکۆڵەدا لەو خانووەدا ئەژیان. خانووی سێ ورچەکە دوو ژووری هەبوو: یەکێکیان هی خواردن ئەویکەیان هی نوستن بوو.

ژووری خواردن

(٤)

لە ژووری خواردنا مێزێک دانرابوو ورچەکان نانیان لەسەر ئەخوارد، سێ کورسیش دانرابوون؛ ورچەکان لەسەری دائەنیشتن.

یەکەم کورسییان زۆر گەورە و زۆر بەرزبوو.
کورسیی دووەمیان نە زۆر گەورە نە زۆر بچووک بوو، نە زۆریش بەرز نە زۆریش نەویی بوو.
بەڵام کورسی سێیەم زۆر بچووک و زۆر نزم بوو.
کورسیی یەکەم هی ورچەزلە بوو.
کورسیی دووەم هی ورچە ناوونجی بوو.
کورسیی سێیەمیش هی ورچە بچکۆڵە بوو.

ژووری نوستن

(٥)

ژووری نووستنیش سێ تەختی تیابوو. تەختی یەکەم زۆر بەرز و زۆر گەورە بوو. تەختی دووەم نە زۆر بەرز و نە زۆر نزم بوو، نە زۆریش گەور و نە زۆر بچووک بوو

بەڵام تەختی سێیەم زۆر بچووک و زۆر نزم بوو.

ورچەزلە لە تەختی یەکەمیانا ئەنوست ورچە ناوونجی لە تەختی دووەمیان ئەنوست. ورچە بچکۆڵەش لە تەختی سێیەمیانا ئەنوست.

لەسەر مێزەکە

(٦)

ورچەکان، لە بەیاندا، هەرسێکیان شیر و هەنگوینیان گەرم ئەکرد، پاشان شیر و هەنگوینەکەیان ئەکردە سێ کاشییەوە و لەسەر مێزەکەیان دائەنان.

١- یەکەم کاشییان زۆر گەورە بوو.
٢- دووەم کاشییان نە زۆر گەورە، نە زۆر بچووک.
٣- سێیەم کاشییان زۆر بچووک.

ورچەزلە لەناو کاشیی یەکەمیانا ئەیخوارد. ورچە ناوونجی لەناو کاشیی دووەمیانا ئەیخوارد.
ورچە بچکۆڵە لەناو کاشیی سێیەمیانا ئەیخوارد.

ورچەکان هەوای باڵی خۆیان ئەدەن

(٧)

بەیانیان لە پاش ئەمەی ورچەکان شیر و هەنگوینەکەیان ئەکردە ناو کاشییەکانیانەوە، هەرسێکیان ئەچوونە دەرێ لە بێشەکەدا ئەگەڕان هەوای باڵی خۆیان ئەدا.

ورچەزلە لەگەڵ ورچە ناوونجی و ورچە بچکۆڵەدا ئەچووە دارستانەکەوە هەوای باڵی خۆی ئەدا. هەتا شیر و هەنگوینەکە سارد ئەبووەوە. پاشان ورچەزلە لەگەڵ ورچە ناوونجی و ورچە بچکۆڵەدا ئەگەڕانەوە ماڵێ. ئینجا هەرسێ ورچەکە دەستیان ئەکرد بەخواردنی شیر و هەنگوینەکەیان.

پرچ زێڕین

(٨)

لەلایەکی دارستانەکەوە ماڵێکی بچووک هەبوو، کچێکی بچکۆڵەی تیا دائەنیشت. پرچی ئەم کچە زۆر درێژ بوو، ئەم پرچە زەرد و ڕەنگێکی هێندە جوان بوو، وەک زێڕ ئەدرەوشایەوە، لەبەر ئەوە لە ماڵەوە ناویان نابوو (پرچ زێڕین). (پرچ زێڕین) لەو ماڵە بچووکەدا دائەنیشت، ماڵەکەی لە خانووی سێ ورچەکەوە زۆر دوور بوو.

بەیانییەک (پرچ زێڕین) لە خانووەکەی خۆی چووە دەرەوە.

(پرچ زێڕین، بەناو بێشەکەدا ڕێگایەکی زۆری بڕیی هەتا گەیشتە خانووی سێ ورچەکە.

لەو حەلەدا ورچەزلە لەگەڵ ورچە ناوونجی و ورچە بچکۆڵەدا چووبووە دارستانەکەوە بۆ گەڕان.

پرچ زێڕین ئەچێتە خانووی ورچەکانەوە

(٩)

(پرچ زێڕین) چووە خانووی سێ ورچەکەوە.

(پرچ زێڕین) لە خانووی سێ ورچەکەدا چاوی بەژووری نان خواردن کەوت، مێزێکیشی لە ژووری نان خواردندا دیی.

(پرچ زێڕین) سێ کاشیی پڕ لە هەنگوین و شیریشی دیی لەسەر مێزەکە دانرابوون.

(پرچ زێڕین) وتی: «کەس لە ماڵیدا نییە، ئەمەش خۆرشتێکی خۆشە، منیش برسیمە چونکی ئەم بەیانییە ناشتام نەکردووە، لەبەر ئەوە وا چاکە من لەم چێشتە بخۆم».

پرچ زێڕین ئەچێتە سەر خوانی ورچەکان

(١٠)

(پرچ زێڕین) ئەیزانی کە ئەمە خۆرشتی سێ ورچەکەیە.

ئینجا (پرچ زێڕین) چووە سەر خوانەکە، لە هەرسێ کاشییەکە، یەکی کەوچکێکی خواردەوە، تەماشای کرد زۆر خۆشە.

لەبەر ئەوە (پرچ زێڕین) گوتی: «وا لەسەر کورسیی دائەنیشم و هەرچی لە کاشییەکە دایە ئەیخۆم».

پرچ زێڕین بەشە چێشتی ورچە بچکۆڵە ئەخوات

(١١)

(پرچ زێڕین) ویستی لەسەر کورسییە گەورەکە دابنیشێ. لەبەر ئەوە (پرچ زێڕین) چوو کورسییە گەورەکەی جووڵاند لەسەری دابنیشێ بەڵام تەماشای کرد بەرزە.

ئینجا (پرچ زێڕین) چوو بەلای کورسیی دووەمەوە، جووڵاندی کە لەسەری دابنیشێ، تەماشای کرد ئەویش بەرزە.

بەڵام کە (پرچ زێڕین) لەسەر کورسییە بچکۆڵەکە دانیشت، تەماشای کرد باشە وەک بۆ خۆی دروست کرابێ وایە.

ئینجا (پرچ زێڕین) دەستی کرد بەخواردنی شیر و هەنگوینی کاشییە بچکۆڵەکە تا چۆڕی لە چێشتەکە بڕیی.

لە ژووری نوستندا

(١٢)

ئینجا (پرچ زێڕین) چووە ژووری دووەمەوە کە سێ ورچەکە تیا ئەنوستن. تەماشای کرد لە ژووری نوستنا سێ تەخت هەیە. (پرچ زێڕین) گوتی: «گەڕانی ناو بێشەکە ماندووی کردم، لەبەر ئەوە وا چاکە ئێستا بنووم».

***

(پرچ زێڕین) ویستی لە تەختە گەورەکەدا بنوێ، تەماشای کرد زۆر بەرزە، پاشان ویستی لە تەختە ناوونجییەکەدا بنوێ، تەماشای کرد ئەویش زۆر بەرزە. ئینجا چوو لە تەختە بچکۆڵەکەدا نوست، تەماشای کرد باشە، وەک بۆ خۆی دروست کرابێ وایە.

نیتر (پرچ زێڕین) لە تەختە بچکۆڵەکەدا نوست خەبەری نەبووەوە تا سێ ورچەکە پەیدا بوونەوە.

لە ژووری نان خواردنا

(١٣)

کە سێ ورچەکە هاتنە ژووری نانخواردنەوە، ورچەزلە بەدەنگێکی زۆر زلەوە گوتی: «کێیە؛ ئەم کورسییەی منی لە جێی خۆی بزواندووە؟».

پاش ئەو، ورچە ناونجیش بەدەنگێکی نە زۆر زل و نە زۆر بچووکەوە گوتی: «کێیە! ئەم کورسییەی منی لە جێی خۆی بزواندووە؟

ئینجا ورچە بچکۆڵەکەش بەدەنگێکی زۆر نەرمەوە گوتی:

«کێیە: لەسەر کورسیی من دانیشتووە؟»

پاشان ورچەزلە بەدەنگێکی زۆر بەرزەوە گوتی:

«کێیە: لە خۆرشتی منی چێشتووە؟»

پاش ئەو ورچە ناونجیش بەدەنگێکی نە زۆر بەرز و نە زۆر نەرمەوە گوتی:

«کێیە: لە خۆرشتی منی چێشتووە؟»

ئینجا ورچە پچکۆلەش بەدەنگێکی زۆر نەرمەوە گوتی:

کێیە: هەموو خۆرشتەکەی منی خواردووە؟

لە ژووری نوستنا

(١٤)

پاشان سێ ورچەکە چوونە ژووری نوستنەوە.

ئینجا ورچەزلە بەدەنگێکی زلەوە گوتی:

«کێیە: لەسەر تەختی من نوستووە؟»

ورچە ناونجیش بەدەنگێکی نە زۆر گەورە و نە زۆر پچووکەوە گوتی:

«کێیە لەسەر تەختی من نوستووە؟»

ورچە بچکۆڵەش بەدەنگێکی زۆر نەرمەوە گوتی: «کێیە نوستووە؟... ئاخ! ئەوەتا. ئەم کچە بەدخووەیە! لەسەر کورسییەی من دانیشتووە،خۆرشتەکەیشی خواردووم و لەسەر تەختەکەیشم نوستووە».

ئینجا بەجارێ هەرسێ ورچەکە قیژاندیان وتیان:«ئەمە ئەم کچە بەدخووەیە! بێ پرسی ئێمە هاتۆتە ماڵەکەمانەوە».

پرچ زێرین لە ورچەکان هەڕا ئەکا

(١٥)

پرچ زێرین لە دەنگە دەنگی ورچەکان وریا بووەوە. چاوی کردەوە. تەماشای کرد ئەوا هەرسێ ورچەکە لەبەردەمیا وەستاون بۆڵە بۆڵ ئەکەن. ئیتر هەر ئەوەندەی پێ کرا لە پەنجەرەکانەوە بازدی دایە خوارەوە بەڵام تاکێ پێڵاوی لێ بەجێما ورچێکیان هەڵی گرت.

بەڵام (پرچ زێرین) بەناو دار و درەختی بێشەکەدا هەر هەڕای ئەکرد تا لەبەرچاوی سێ ورچەکە ون بوون.

سێ ورچەکەیش، بەشوێنیا، هەر کوێیەک ئەگەڕان نەیان ئەدۆزییەوە. ئێستاش لەو سێ ورچە کەسیان نەیان دۆزیبوەتەوە. ئیتر لەو ڕۆژەشەوە (پرچ زێرین) نەچۆتەوە بەماڵی ورچەکاندا.

دانیشتن بەبێ کورسی[1]

ئەگەر بەبیست سی منداڵێکیان گوت: دانیشن و هیچ شتێکیان نەدانێ کە لەسەری دانیشن، بێگومان بیر لەوە ئەکەنەوە کە لەسەر عەرد دانیشن، لەگەڵ ئەوەشا بێ ئەوەی ماندووی خۆیان لەسەر عەرد بحەسێننەوە ئەتوانن بەبێ کورسی زۆر بەئاسانی دانیشن.

وێنەکە چۆنێتی ئەم دانیشتنە دەردەخا[2]، منداڵەکان بەئەڵقە دائەنیشن، هەریەکەیان لەسەر ئەژنۆی

---

(١) دیاری لاوان: بەغدا ١٩٣٤، ل ٦٨-٧٠.

(٢) لەگەڵ باسەکەدا وێنەیەک هەیە بۆ پێشاندانی چۆنێتی دانیشتنەکە. بەبێ دەستکاری ڕێنووسەکەی و هەروەک خۆی.

ئەوی دواوەی دائەنیشێ، ئەژنۆی دوا منالیان ئەبێتە کورسییەک بۆ یەکەمیان، هی ئەمیش ئەبێتە کورسییەک بۆ دووەم منالیان لەسەری دائەنیشێ. هەروەها تا ئەلقەکە تەواو ئەبێ. ئەم تەرحە ماندوو حەسانەوەیە بۆ چەند منالێک یاخود چەند پیاوێک دانراوە کە بەناوی فێلەوە یاخود یارییەوە بیکەن.

عەسکەری فەرەنسزەکان لە جەزائیر و گەلێ جێگای تری ئەفریقادا هەمیشە ئەمەیان بەکارهێناوە، کە جێگایەک تەڕ و، قوڕ و لیتەبێ لێی دانیشتن عەسکەرەکان ئەخۆش ئەخا. لەسەر فەرمانی سەردارەکانیان بەو چەشنە دائەنیشن.

ئەم جۆرە دانیشتنە وەک وێنەکە دەری دەخا، هێندە ئاسان نییە، بەڵام لە پاش تۆزێ پێوە خەریک بوون چەند منالّ بیەوێ ئەتوانێ بەو تەرحە دانیشێ.

دیارە بۆ پێکهێنانی ئەم فێڵە سەیرە ژمارەیێکی گەورە پێویست نییە، بەشکو شەش کەس ئەتوانن بەم جۆرە لەسەر ئەژنۆی یەکتر دانیشن، ئەوەندە هەیە بەقەد دانیشتنێکی وا کە ژمارەیێکی گەورە بیکا ماندوویان ناحەسێتەوە چونکە ئەلقەکە هەتا بچووک بێ، منالەکان لە ڕاستی یەکتردا باش ناکەونە بەردەمی یەک. لەو شوێنەدا کە کورسی تیا دەست ناکەوێ ئەمە ڕێیەکی باشە بۆ ماندوو حەساندنەوەی دەستەیەکی گەورەی منالان.

لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕاوە
ش. ف.

هاوڕێی منداڵان

خوێندنەوەیەکی نوێیە ئامانجی:

پێگەیاندنی منالانی کوردە، لەسەر بنچینەیەکی زانست و فەن و گیانی نیشتمانپەروەری

سەرنجێک لەم (هاوڕێی منال)ە

ئەم نووسراوە یەکێکە لە بەرهەمە بەناوێکانی مامۆستان لە بواری ئەدەبی منالاندا، ویستوویە بابەتەکانی دووتوێی ئەم بەرگە فرەلایی بن، یانی تەنیا چیرۆک یا شیعر یا موچیاری نەبن.

بەڵکو هەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی منالان و چێژ وەرگرتنیان، پەند و ئامۆژگارییەکانی بەشێوازی جیاجیا بخاتە ڕوو، لە شێوەی نامە ئالوگۆڕکردندا لەلایەن دوو منالی دوو شاری جیای کوردستان، ناساندنی ناودارانی کورد و باسی ژیان و کردەوە چاکەکانیان، هەندێ بەروبوومی ناو کوردەواری و خواردەمەنی وا کە ئەمڕۆ بوونەتە فۆلکلۆر!

دیارە دڵسۆزی و شەیدایی مامۆستا بۆ هێنانەدی کۆمەڵێکی بەختەوەر و سەرفراز و تەواو لە کوردستاندا لەو بابەتانەدا ڕەنگیان داوەتەوە و وەک شتێ (دەستە و کۆمەڵە و دامەزراوی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری) وای باس کردووە کە بەخەیاڵێکی یۆتۆپیایانەوە ئاواتەخواز بووە کە ئەو شتانە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بۆ سوودی گشتی بێن و کورد سوودیان لێ ببینێ.

ئەوەی لێرەدا بوترێ شیعرێکی مامۆستا زێوەری شاعیرە (فرۆک) کە لەلاپەڕە (٤٠-٤١)دا دایناوە، ئێمە لامانبرد؛ چونکە هەر ئەو شیعرە لە نامیلکەی (زێوەر)ی مامۆستا خۆیدا بڵاوکراوەتەوە.

دیارە نووسینەکانیش بۆ منالانی ١٠ - ١٥ ساڵە و لە ئاستی ئەواندایە، بەڵام درێژدادڕی بەزۆریانەوە دەبینرێ، کە ئەمەش دەرچوونە لە شێوازی نووسینی تایبەت بەمندالان.

هاوڕێی منال

هاوڕێ بچکۆڵە خۆشەویستەکەم

من هەر هاوڕێ دڵسۆزە خۆشەویستەکەی جارانتم. ئەمجارەش، ئەوا نووسراوی (هاوڕێی منال)م پێشکەش کردی. بەمە نووسراوێکیتریشم خستە ناو نووسراودان (کتێبخانە)ە جوانکیلانە خنجیلانەکەتەوە. خۆت ئەزانی: من هەر لە مێژەوە بڕیارم داوە کە خەمخۆری خوێندەواری تۆ بکەم. وە تا لەتوانام دابێ، بکوشم نووسراوی جوان و نایاب نایابت بۆ لە چاپ بدەم. بۆ ئەمەی دڵخۆشت کەم، بەهۆشت کەم، وە بتخەمە سەر ڕێگای ڕاستەقینەی پیاوەتی و گەورەیی. وە من خۆم بەهاوڕێی تۆ ئەزانم، بۆیەکا تا ئێستا نووسراوانی (خانووی تازە، فەرهەنگۆک، چیرۆک بۆ منالان، پرشنگ، شەبەنگەبەرۆژ، گەورە پیاوان) وە ئەم (هاوڕێی منال)م بۆ نووسیویەتەوە و پێشکەشم کردویت. وە ئەگەر مام، بڕیارم وایە، ساڵ بەساڵ، نووسراوی جوانتر و نایابتر و بەکەڵک ترت پێشکەش بکەم. تا نووسراودانە خۆشەویستەکەت پڕ کەم لەو نووسراوانەی کە بەدڵتن وە بەکارت دێن.

من هاورێتم لەبەر ئەوە بەدڵ خۆشم ئەوێی. تەنگانەت بەتەنگانەی خۆم وە شادمانیشت بەشادمانیی خۆم ئەزانم. وە هەموودەم تێ ئەکۆشم بۆ پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و کامەرانیت، لە ڕێگەی پێگەیاندن و تێگەیاندن و ڕاپەڕاندنتەوە. لە ڕاستیا منیش هاورێیەکتم، دۆستێکتم وەک مامۆستا بەڕێزەکان و دایک و باوکە خۆشەویستەکانت. بەڵام دۆست ئەوەتا ئەتگرێێنی دوژمنیش ئەوەتا پێت پێئەکەنێ. لەبەر ئەوە ڕاست و ڕەوان پێت ئەڵێم: تا خۆت نەڕەنجێنی و تێ نەکۆشی بۆ پێگەیاندن و تێگەیاندن و پێشخستنی خۆت، من و مامۆستا و دایک و باوکت بەکەڵکت نایەین. وە تۆیش بەئاواتی خۆت ناگەیت.

بەکورتی: یەکەم هاورێی تۆ، خۆتی. یەکەم مامۆستای تۆ، خۆتی یەکەم دایک و باوکی تۆ، خۆتی. تەنیا خۆت ئەتوانی، خۆت پێ بگەیێنی. وە بەرەنجی شان و کۆششی مەردانەی خۆت نەبێ، نابیتە پیاو، نابیتە گەورە وە ناگەیت بەهیچ ئارەزوو و مەبەستێکت!...

بەڵام تۆ هاورێیەکی تریشت هەیە. هێشتا پێم نەگوتری. ئەو هاورێیەت زۆر گەورەیە، بەجگار بەدەسەڵاتەو وە لە ئەندازە بەدەر بەتەنگ چاکە و بەختیاریتەوەیە. ئەو لەگەڵ ئێمەماناندا -من و باوک و دایک و مامۆستاکانت- بەراورد ناکرێ. ئەو هاورێیەت خوایە. بەڵێ. خوای پاک و گەورە و بێ هاوتایە!... ئەمە ڕاستە تۆ ناتوانی ئەم هاورێیەت ببینی. بەڵام بڕوات بێ کە هەیە، وە نیگەهبانیشت ئەکا. خوا هێزێکی گەورەی گیانییە. کەس هێشتا نەی دیوە، وە لە ڕازی تێ نەگەیوە. بەڵام کردەوەیان بینیوە. لەگەڵ ئەوەشا، بۆ هەموو کەس، لە دەماری لەش نزیکترە. هەر کەسێ داوای یارمەتی لێ بکا، فریای ئەکەوێ. بەو مەرجەی یارمەتییەکەی بۆ چاکەبێ، وە خراپەی کەسی تیا نەبێ. خوایە: ئێمەی دروست کردووە. وە ئەم زەمین و ئاسمان و خۆشی پێشکەوتن و سەرکەوتن و بەختیاری مانەوەبێ. ئەوەندە هەیە: ئەبێ باوەڕمان پێی بێ. وە لەسەر ڕێیەک بڕۆین کە ئەو بیەوێ. ئەویش: چاکەکردن و خراپە نەکردنە، داوای یارمەتی و کۆشش کردنە. خوا بۆیە باوک و دایک و مامۆستا و هاورێی دروست کردووە: کە منداڵ بەخێوکەن، پێی گەیەنن و پێشیخەن. لەبەر ئەوە خواش وای پێ خۆشە: کە منداڵ دڵی دایک و باوک و مامۆستا و هاورێی خۆی ڕاگری، لە ئامۆژگارییان گوێگرێ، وە یارمەتییان بدات: لە پێگەیاندنی خۆیدا. کە منداڵ ئەوانەی کرد، ئیتر هەر شتێکی پەسەند لە خوا داواکات و کۆششی بۆ بکات، خوا بۆی ئەکات. چونکە خوا هاورێی منداڵە، وە هاوڕیش دریغی لە هاورێی خۆی ناکات!...

بەڵام، منداڵ، کە پێگەیشت، بوو بەپیاو و بوو بەخوێندەواری تەواو، کە کەوتە ژیانەوە و هاتە ناو کاروباری جیهانەوە: ئەبێ ئەویش بۆ باوک و دایک و کەسوکار و مامۆستا و هاورێکانی، بۆ نەتەوە و نیشتمانی، بۆ برا دانیشتووەکانی جیهان، تێ بکۆشێ و کەڵکیان پێ ببەخشێ. چونکە ئەمانە، هەموو، چاکەیان بەسەریەوە هەیە، وە ئەویش پێویستە چاکەیان بداتەوە. پێویستە ئەویش، وەک درەختێکی شۆخ و شەنگی بەرداری سێبەرداربێ؛ هەموو کەس خۆشی بوێ، هەموو کەس لە سایە و پەنایدا بحەسێتەوە.

نووسراوی (هاورێی منداڵ)، هاورێی تۆیە. بۆیەکا بۆم نووسیویتەوە کە بتخاتە سەر ئەو ڕێیەی، ڕاستەوڕاست ئەتگەیێنێ بەپلەی گەورەیی و پیاوەتییێکی وەها؛ کە باوک و دایک و مامۆستا و هاورێ و

ئەتەوە و دانیشتوانی جیهان، هەموو، خۆشیان بوێت و پێتەوە بنازن. ساخوا من و تۆ بەم ئاواتە پیرۆز و بەرزە بگەینیّ گیانەکەم.

هاوڕێت:
شاکر فەتاح
قایمقامی سلێمانی
١٩٤٨/٩/١٥

کۆمەڵی دەستەبرا

سلێمانی: ١/خەرمانان/ ١٩٦٠

بابەگیان:

ئەوەتی تۆ چوویتە شەقلاوە، بۆ سەرپەرشتیی کاروبارت، من خەریکی کۆششم. بەسایەی خوا و سەری تۆوە، لە تاقیکردنەوە (امتحان)دا بەیەکەم دەرچووم. مامۆستاکانیش، بەبۆنەی لێ بوونەوەی تاقیکردنەوە، ئاهەنگێکی گەورەیان، لە خوێندنگادا کرد، هەرچی کەسی و کاری شاگردەکان و پیاوی گەورە و زانست و تێگەیشتووانی شار هەیە، بەژن و پیاوەوە بانگ کرابوون. سەرمامۆستاکەمان هەندێ بەخششی (خەلات) لەسەر مێزێک دانابوو، بیدا بەو شاگردانەی کە لە تاقیکردنەوەدا هونەریان نواندبوو. ئاهەنگ دەسی پێ کرد سەرمامۆستا، بەناوی خوێندنگاوە. ماندوونەبوونی و خۆشهاتنی لە میوانەکان کرد پاشان دەستەی ساز و گۆرانی، کردیانە زەماوەند. دڵی هەموانیان گەشاندەوە.ئینجا خواردەمەنییان پێشکەش کرا. پاش ئەوە چەند شاگردێک وتاریان خوێندەوە. منیش یەکێک بووم لەوان. سەرمامۆستاش بۆیەکا منی بەقسەکەر دانابوو، چونکە لە زبانی کوردیدا، لە هەموو شاگردەکان باشتر دەرچووبووم. وە سەرمامۆستا ئەمانەی، هەموو، لە دانیشتوان گەیاند.

مانگی پێشوو بەڵێنم دابوونێ کە باسی (کۆمەڵی دەستەبرا)ت بۆ بکەم. ئەم کۆمەڵە، لە سلێمانی، چەند مامۆستایەکی زرنگ دایانمەزراندەوە. مەبەسیان ئەوەیە، هەموو شاگردەکانی کورد، لە کوردستاندا دۆسایەتی بکرن. هەر شاگردە شتومەکی دەستکردی کوردی شاری خۆی لەگەڵ ئەوی تردا بگۆڕێتەوە وێنەی شاران و جێگاکانی کوردستان نووسراو و هەڵبەستی زانست و تێگەیشتووانی کورد، پولی پۆستە و دراوی حکوومەتانی کورد، بەرگ، چەکی کوشندە. وردە دەستکرد، تۆ و، پەپوولە، درندە و پەرندە، تەنانەت خواردەمەنی: لەناو ئەو شاگردانەدا کە ئەندامی ئەم کۆمەڵەن ئەگۆڕێتەوە!... ناوونیشانی ئەو شاگردانەش، مانگ بەمانگ، لە چەند لاپەڕەیەکدا لە چاپ ئەدرێ و بەناو ئەندامی کۆمەڵدا بلاو ئەکرێتەوە.

هەندێ لە شاگردەکان شتی سەیر سەیریان کۆکردۆتەوە، شاهۆی سەرخر، کوڕی جووتیارەکە، هەندێ وێنەی سەیر سەیری بەدەستی خۆی کێشابوو، ناردی بۆ شارەزایەک لە (دیاربەکر)، ئەوانیش لە جیاتی ئەوە کۆمەڵەیەک وێنەی ژنانی کوردی بەبەرگی جوێ جوێ و ڕەنگاوڕەنگەوە بۆ ناردبوو. فەرهادی کوڕی گەورەی شار، هەر بەشت گۆڕینەوە، دەستێ بەرگی تەواوی کوردانەی دەستکردی کوردی پێکەوە ناوە.

خۆی ئەڵێ: «ئەمـانـەم هەریەکـە لەلایەکـەوە کـۆکـردۆتەوە شـاگـردێکی (زاخـۆ)، ڕانکوچۆغـەیەکی شـاڵی زاخۆیی بۆ ناردووم. لە (دیاربەکر)ەوە پەستەکێک، لە (وان)ەوە مرادخانەیەکی ئاوریشم، لە هەولێرەوە کراسێکی ئاوریش، لە بانەوە دەست کێشێـک و گـۆرەوییـەکی کـورک، لە ڕەواندزەوە کـلاوێکی سـەید طەیی، لە کۆیەوە کالەیەک، لە کرماشانەوە کلاشێک، لە هەورامانەوە فەرەنجییەک، لە سلێمانییەوە خەنجەر و چەقۆی ئاسنبڕ و دەمانچە و تفەنگێکی بێ دەنگ، لە کەرکوکەوە سەبیلێک، لە ئامێدییەوە قەندەفەیەک، لە سنە و سابلاغیشەوە مشکی و پشتێن و دەسەسرێکی ئاوریشمم بۆ هاتووە»!.

شاسواری کوڕی پیرێژنە ئانەواش. بەسزمانە، هەر کۆمەڵەیەک پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگی بۆ کۆبووەوە، ئەویشی ئادربوو بۆ کوڕە باخەوانێک لە ئامێدی، ئەویش لە نامەیەکدا کە بۆی نووسیبوو، بەڵێنی دابوویە کە مانگی مشتاخان داهات بەرچنەیەک هەرمیی ناوازەی بەشەمەندەفەری ئامێدی - سلێمانیدا بۆ ڕەوانە بکا.

بابەگیـان! چەند کـۆمـەڵێکی جـوانە!... جگە لەوەی کـە شـتومـەکی سـەیر سـەیرمـان لا کـۆ ئەبێـتـەوە، برایەتیشمان لەناودا تازە ئەبێتەوە. ئەگەر جارێکیش پیاو ڕێی کەوتە شوێنێک لەو شوێنانە، دەستە برای ئەوەندە لێ کۆبێتەوە، هیچ خۆی بەبێگانە نازانێ!... دەمێک بوو، لە دڵمابوو بۆت بنووسم کە بمخەیتە ئەم کۆمەڵەوە. بەڵام ئەمویست هەڵیگرم شتی وات لێ داواکەم.ئینجا بۆت بنووسم. وا ئێستا بەکامی خۆم گەیشـتم تۆیش هیـچت لەدەست نەچوو. چونکە خـوێندنگا، لەبەر ئەم سـەرکـەوتنەم، بەناوی پاداشـەوە بەپارەی خۆی، کردمی بەئەندامێکی ئەم کۆمەڵە. سەرمامۆستاکەمان، لەبەرچاوی میوانەکان بانگی کردم، سـەرپەرەی کـۆمـەڵەکـەی دامێ. ئەوانیش لە خـۆشـیـانا دەسـتـیـان کـرد بەچەپڵەڕێزان. بەڵام من هێـشـتـا نەچووبوومەوە جێی خـۆم (شـیـرین خـان)، بوێژ (شـاعـر)ی بەناوبانگ، لەشـانشـینەکـەوە هاتە خـوارێ، سەرمێزەکە. بەبانگ کراوەکانی گوت: «گەورەکانم! من زۆر دڵشام کە ئەبینم، منالێک لەم تەمـەنەدا، ئەمـەندە بۆ زبانەکـەی خـۆی بەپەرۆشـە. ئەمـە نیـشـانەی بەخـتـیـاریی کـوردە. ئەوا من بەبۆنەی ئەم سـەرکـەوتنەیەوە، ئەم دیارییـە بچکۆڵەیەم پێشکـەش کـرد». ئەوەی گـوت و دەسـتی برد، نووسـراوێکی جوانی. نایابی (مەموزین)ی دامێ. ئیتر دەست کرایەوە بەچەپڵەڕێزان منیش چوومەوە جێی خۆم.

(شـیـرین خـان) ژنێکی زۆر دڵ چاکـە. تا ئەمـرم ئەوەم لەبیـر ناچێـتـەوە، کـە لە پاش تەواوبوونی ئاهەنگەکە، بەڕوویەکی خۆشەوە بەرەو پیریم هات، دەستی گرتم و گوشی و پێی گوتم: «شێرکۆ! بەقسەی پوری خـۆت ئەکـەی، بۆ هەر شـاگـردێک شت ئەنێـری، داوای نووسـراوی کـوردی لێ بکە. ئەوانە زۆر بەکەڵکن. لە زبانەکەتدا شارەزات ئەکەن. بزانە لەگەڵ شاگردانی هەورامان و کرماشان و خاکی موکری و جزیر و بۆتاندا ئاشنایەتی پەیدا بکە. چونکە ئەو شوێنانە گەلێک پیاوی زانا و تێگەیشـتووی گەورەیان پێگەیاندووە. هە چ وەخـتـێکیش تەنگانەی پارە، یان نووسـینت هاتەبەر، بەمن بڵێ، من بـەهەمـوو ئارەزووی دڵمەوە یارمەتیت ئەدەم».

کوڕت: شێرکۆ

چاپخانەی کوردستان

کۆیە: ٧/خەرمانان/ ١٩٦٠

کورە خۆشەویستەکەم شێرکۆ

بەنامەکەت گەلێک گەشامەوە. منیش هەر وام لە تۆ ڕانەپەرموو. لەبەر ئەوە، لە پاداشی ئەو سەرکەوتنە تا ئەوا بیست دینارم بۆ ناردیت کە لە گەشتی هاوینەهەوارە خۆشەکانی ناوچەی هەولێردا بەختی کەی. بەڵام حەز ئەکەم بێیتەوە لام بۆ کۆیە چونکە ئەمە چەند ڕۆژێکە بەهۆی کار و فەرمانەوە گوێزراومەتەوە ئێرە. ئیمڕۆ لە زەماوەندێکی ڕەندین و شیریندا بووم. خۆزگە لەگەڵما ئەبووی. زەماوەندەکە بەبۆنەی تەمەنی هەشت ساڵەی (چاپخانەی کوردستان)ەوە کرابوو. لە گشت لایەکەوە بوێژ و ئەدیب و خوێندەواران و زانایانی کورد بانگ کرابوون. شەو و ڕۆژێکی یەجگار خۆش و ناوازەمان ڕابووارد. گەلێک وتار خوێندرایەوە لە بابەت بنچینەی دامەزراندنی ئەم چاپخانەیە و کردەوە ڕەنگینانەی کە پێکی هانیوە و بڵاوکردنەوەی زانست و ئەدیبانی کوردی. لەلایەن دانیشتووانیشەوە سوپاسێکی بەگەرمی خاوەن چاپخانەکان کرا. لە ئەنجامی پرسین و لێ کۆڵینەوەیەکی زۆرا بووم دەرکەوت، کە ئەم چاپخانەیە لە ساڵی ١٩٥٢دا لەلایەن چەند خوێندەوارێکی کارگوزاری نیشتمانپەروەرەوە دامەزرێنراوە. بەهونەرمەندی و زرنگی خۆیان توانیویانە، بەدەست مایەیەکی زۆر کەمەوە چاپخانەیەکی وەها گەورە دابمەزرێنن، کە ئیمڕۆ لە هەموو کوردستاندا هاوتایەکی نییە. لە چاپخانەکەدا گەلێک ژوور و بابەتی حەسانەوە دروست کراوە بۆ سرەوت و خۆش ڕابواردنی فەرمانبەر و کرێکارانی چاپخانەکە. باخچەیەکی ڕەنگین و نووسراوخانەیەکی بەنرخیش تیا دامەزرێنراوە، بۆ خوێندنەوە و نووسراو نووسینەوەی خۆیان و بۆ بڵاوکردنەوەی خوێندەواریش لەناو خەڵکا. کرێکار و فەرمانبەرەکانی بەدڵی خۆیان مانگانەیان بۆ بڕاوەتەوە. وە گشتیان برایانە، بەخۆشی ئازادییەوە وەخت بەسەر ئەبەن. مانگی چوار جار ئاهەنگ ئەگێڕن بۆ خۆیان و بۆ ئاشنایان و خوێندەوارانی چاپخانەکە. وە لەوێدا گەلێک وتاری زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ئەخوێندرێتەوە، وە گەلێک چیرۆکیش بەلاسایی ئەگێڕێتەوە. چاپخانەی کوردستان خوێندنگایەکی شەوی یەک ساڵیشی کردۆتەوە بۆ نەخوێندەواران بەخۆڕایی تیا ئەخوێنن. گەلێک لە شاگردانی ئەم خوێندنگایەی فێری چاپگەریی و نووسراو بەندکردن کردووە وە گەلێکیانی خستۆتە سەر ڕێگای خوێندەوارییەکی تەواو. جا لەمانە، هەر ساڵە، چەند شاگردێک ئەنێرێتە دەرەوە بۆ ناو شار و دێهاتەکانی کوردستان، بۆ کۆکردنەوەی: «وشە و چیرۆک و گەمە و یاریی کوردی». هەنێکیش ئەنێرێ بۆ پرس و پشکنین و تاقیکردنەوە و لێ کۆڵینەوە لەبابەت مێژوو و ناسیاویی شێوەی ژیانی ناو تیرە و هۆزەکان. پاشان لە ئەنجامی ئەم کۆشش و تەقەلایانەدا، چی کۆبووەوە، لەلایەن لیژنەیەکی شارەزای زانستی و فەنەوە، بژار و بەراورد و هەڵگێڕ و وەرگێڕ و پاک و پوختە ئەکرێ، ئینجا لە چاپ ئەدرێ. ئەو شاگردانەی کە ئەم هونەرمەندیانە ئەکەن پاداشی گەورە گەورەیان ئەدرێتەوە. تا ئێستا، چاپخانەی کوردستان، بەجوانی و ڕێکوپێکی و بەکەڵکی، سەد نووسراوی نایاب نایابی لە چاپداوە. زۆر لەم نووسراوانە بەوێنە و نیگار و نەخشە ڕازێنراونەتەوە. هەندێک لەمانە: سەرگوروشتەکانی (مەم و زین،

سەلاحەدین، کەریم خانی زەند)، دیوانەکانی (حاجی قادری کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی)، مێژووی هۆزەکان (خۆناسین = سایکۆلۆجی)، (فەنی چاککردنەوەی نەخۆش بەبێ دەرمان)، (فەنی دڵداری و سک و زا)، (گەورە پیاوان)، (گەورە شاهان)، (سەرکردانی سەربەستی)، (پەزیشکی خێزانی)، (ژینی تایبەتی)، (کۆمەڵە چیرۆکی جیهانی) و (خوێندەواریی منداڵ)ە. بۆ یاریدەدانی ئەم چاپخانە بەنرخە بەرێزە و نواندنی سوپاسگوزارییان بەرامبەر خاوەنە نیشتمانپەروەرەکانی، گەلێک لە بانگ کراوەکان سەر و سەدە نووسراویان لە نووسراوەکانی کڕی. منیش یەکێک بووم لەوان. ئەوا بەپۆستەدا (١٠٠) دانەم لەو نووسراوانەم بۆ ناردی. هیوادارم کە دڵت خۆش بکەن و بەکەڵکت بێن. تکا ئەکەم باش بیان پارێزە لە نووسراودانە خنجیلانەکەتا. بەڵام هاورێکانیشت لە خوێندنەوەیان بێ بەش مەکە.

چاپخانەی کوردستان، جگە لەوەی کە بۆتە گەوهەرێکی زانست و فەن، وە بەپرشنگی خۆی هەموو کوردستانی رووناک کردۆتەوە، کار و باری چاپ کردنیشی بۆ هەموو کوردێک ئەوەندە ئاسان و هەرزان و پوختە و جوان کردووە، لەوێ بەولاوە، بۆ چاپکردن، روو ناکەنە شوێنێکی تر. هەروەها دەرگای دەرامەت و خۆشگوزەرانیشی لە سەدان خێزانانی کورد کردۆتەوە، لە هەمولایەکی کوردستاندا.

ئینجا، شێرکۆ، کە لە گەشتوگوزار بوویتەوە، حەز ئەکەم بێیتە ئێرە لای باوکی خۆت. تا ئەگەر پێت باش بێ، بتکەم بەئەندامێکی کارگوزار و بەکەڵک لەم چاپخانەیەدا. بەڵکو تۆیش بتوانی لەم رووەوە - کە بەنرخترین و بەکەڵکترین شتە بۆ کوردستان- هەندێک بەکاری نیشتمانە نازدارەکەت بێیت.

باوکت: ئازاد

شاگردی سەرکەوتوو

شێرکۆ، شاگردێکی چست و چالاک و زیرەکە. بەیانیان زوو لەخەو هەڵئەستێ. دەس و دەموچاوی ئەشوا. بەرگی خاوێن لەبەر ئەکا. چایی و بەرچایی ئەخوات. نووسراوەکانی ئەگری بەدەستەوە. دەستی دایک و باوکی ماچ ئەکا و ئەچێت بۆ خوێندنگا. لە رێدا، خۆی بەهیچەوە خەریک ناکات، راست و رەوان، تا ئەگاتە خوێندنگا. کە تووشی هاورێ یان ئاسیاوێک دێ، خۆشی و چلۆنی لەگەڵ ئەکا، کە بەپیر و پەککەوتوویەکیش ئەگات، خۆ لائەدا، رێی بۆ بکاتەوە بروا. لە خوێندنگادا، لەگەڵ هاورێکانیا بەیاری و گفتوگۆی خۆش رائەبوێرێ. لە ژووری خوێندنیشا دڵ ئەداتە قسەی مامۆستاکانی، وە بێ دەنگ گوێ ئەگرێ. کە لە شتێک نەگەیشت، شەرم ناکا لە هاورێ و مامۆستاکانی ئەپرسی. ئێوارانیش کە هاتەوە ماڵێ، بەخوێندنەکانی خۆیەوە خەریک ئەبێ تا رەوانیان ئەکا.

شێرکۆ، جگە لە وریایی و زیرەکی، دڵێکی چاکیشی هەیە. وەیی بۆ کەس نییە یارمەتیی بێکەس و هەژاران ئەدا. دڵی کەس نارەنجێنی. لەبەر ئەوە خۆشەویستی هەموانە.

شێرکۆ، جگە لە کردەوە جوانەکانی، لە خوێندەواریشا لە هەموو هاورێکانی لە پێشترە. سا بۆیە، هەموو دەم، لەلایەن هاورێ و باوک و دایک و مامۆستاکانیەوە ئافەرین ئەکرێ.

خوێندنگای پیاوەتی

خانەقین ١/میوەخۆش/ ١٩٦٠

براگیان شێرکۆ.

زۆر دڵخۆش بووم کە تۆیش هاتیە ناومان، وە بووی بەیەکێ لە ئەندامی (کۆمەڵی دەستەبرا). جا چونکە منیش وەک تۆ ئارەزووی دەنگوباسی پێشکەوتن و خوێندەواری ئەکەم لە کوردستاندا، ئەوا ئەم باسەم بۆ نووسیت. هیوادارم کە تۆیش دەنگوباسی لای خۆتانم بۆ بنووسی. لە بابەت مێژووی (خوێندنگای پیاوەتی)یەوە پرسیارت کردبوو. چوومە بنج و بناوانیەوە. بۆم دەرکەوت کە لە ساڵی ١٩٥٤دا، لە خانەقین، لەلایەن چەند مامۆستایەکی ئاوارە و پەرێشان، بەڵام هونەرمەند و نیشتمانپەروەر کارگوزارەوە کراوەتەوە. بەدەستمایەیەکی زۆر کەمەوە دەستیان پێ کردووە. بەڵام لە سایەی کۆشش و تەقەلای مەردانەیانەوە توانیویانە (خوێندنگای پیاوەتی) بگەیننە ڕێزی خوێندنگا هەرە پێشکەوتووەکانی جیهان. ئێستا (١٢) مامۆستا و (٣٠٠) شاگردی تیایە. لە مامۆستاکاندا وەستای (خانوو دروست کردن) و (ئاسنگەریی) و (تەنەکەچیێتی) و (دارتاشی) و (ڕەنگ و نەخش و نیگارکردن)، شارەزاییەکی زانستی (خۆناسین و پێگەیاندن و خواناسین)، مامۆستایەکی (ساز و ئاواز) هەیە.

پێڕەویی خوێندنگای پیاوەتی، هێندە پان و فراوانە، جگە لە تەواوکردنی خوێندەواریی حکوومەتی - متوسطة و ثانوي- لە ماوەی پێنج ساڵدا شاگرد فێری پێنج شەش تەرح پیشەوەری و فەنی دیدەوانی و پیاوەتی و مەردایەتی ئەکات. ژینی ناو ئەم خوێندنگایە، ئەمەندە خۆشە، پیاو بەخۆی نازانی تیایەتی تا ئەو پێنج ساڵە تەواو ئەکا. لێرەدا هەموو کاروباری لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و برایەتی و هاودەمی هەڵئەسووڕێنرێ. ترس و لەرز و شەڕوشۆڕ و پشم و قین نییە. لەگەڵ ئەوەشا، نازی بەیەکتر زۆر ئەگیری، هەموو کەس خوا خوایەتی یارمەتیی ئەویتر بدات، گشت لا ئەیەوێ ڕۆژ بەڕۆژ خوێندنگا، بەکردەوەی پەسەند و پیاوانە، پێشخرێ. لێرەدا تا نیوەڕۆ خوێندن. پاش نیوەڕۆش پێشەوەریی لە کارگەکانی خوێندنگادا. هەفتەی شەوێکیش ئاهەنگ و زەماوەند و یاری و لاسایی کردنەوە. مانگێ جارێکیش ڕۆژێک بۆ سەیرانکردن ساڵی دووجاریش، هەر جاری دوو هەفتە، بۆ گەشتوگوزار و دیدەوانی دانراوە.

پاش نیوەڕوانی چوارەم هەفتەی هەموو مانگێک، (٢٠٠) شاگرد، بەسەرپەرشتی مامۆستاکانیانەوە دابەش ئەبن بەسەر خانوو و دوکان و کۆڵان و زەویوزازەکانی ناو شاردا. تا بانگی شێوان، بۆ حکوومەت و بۆ بەلەدیە و بۆ خەڵکی خانەقین، فەرمان، دارتاشی و ئاسنگەریی و تەنەکەچێتی و کرێکاری و خانوو دروستکردن و ڕەنگ و نەخش و نیگارکردن و زەوی کێڵان و داربڕین و دروێنە و کاروانچێتی ئەکەن بەخۆڕایی!...

لە بەهار و پایزیشدا، هەر جارەی دوو هەفتە دابەش ئەبن بەسەر دێهاتەکانی ناوچەی خانەقیندا، بۆ یاریدەدانی حکوومەت و لادێیەکان بەخۆڕایی؛ لە دروێنەکردن و ڕێگا تەختکردن و خانوو دروستکردن و زەوی کێڵان و داربڕین و کاروانچێتی و کوللەکوشتن و فەرمانەکانی تریاندا. بۆ دڵخۆشکردن و

ئامۆژگاری و چاوکردنەوەی لادێییەکان، تا ئەو (١٥) ڕۆژانە تەواو ئەبن، شاگردەکان لەژێر سەرپەرشتی مامۆستاکانیاندا، هەموو شەو بەخۆڕایی؛ ئاهەنگ و زەماوەند ئەگێڕن، وتاری نایاب و جوان و بەکەڵک ئەخوێننەوە، یاری لاسایی و گەمە ئەکەن. ئەوا بۆ تاسوق هەندێکم لەو وتار و چیرۆکانە بۆ ناردیت کە ئەمانەن: (کورد و کوردستان، سەلاحەدینی ئەیوبی، نەورۆز، سەیران، ماڵ ڕێکخستن، شار ڕێکخستن، مەڕ، سەمەنی، بەفر، گەزۆ، قسەی پێشینان، فرۆک، تری، یاریی مام ڕێوی، یاریی مامۆستا و شاگرد، یاریی زانستی گشت لایی).

شاگردەکانی خۆشیان لەم یارمەتیەدا بەشدران. تا ئێستا بەهەر یەکەیان دەستەیەک کورسی و دوو مێز و نووسراودانێک و چوار تەپلەک و تەختێکی نوستنی نایاب بەخشراوە. جگە لەوە مانگ بەمانگ نیوەی دەستکورتی کارگەکانی خوێندنگاکەیان بەسەرا دابەشکراوە و ئەکرێ. خوێندنگا؛ یاریخانەیەک، هۆڵ (صالون)ێک و شانۆیەک، سینەمایەک، یانەیەک باخچەیەکی جوانکیلانە و نووسراوخانەیەکی بەکەڵکیشی بۆ شاگرد و مامۆستاکان پێک هێناوە مامۆستاکان، هەر یەکەیان خانوویێکی نایابی بۆ تەرخان کراوە بەمز (کری)یەکی کەم تیا ئەبێ تا لەوێدابێ. هەموویان مانگانەی باشیان بۆ براوەتەوە بەدڵی خۆیان. جگە لەوە نیوەی دەستکەوتی کارگەکان بەسەر ئەواندا دابەش ئەکرێ.

بەڕاستی خوێندەوار و هەژار لە سایەی ئەم (خوێندنگای پیاوەتی)یەوە کەوتۆتە حەسانەوە!...

دەرامەتی خوێندنگا لە مزی خوێندنی شاگردەکان -هەریەکە ساڵی ١٢ دینار ئەدات- و دەستکەوتی (ئاهەنگ) و لاسایی کردنەوە (تمثیل) و (سینەما) و خانوو و دوکانەکان و فرۆتن و دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ و هی کاروباری کشتوکاڵ دێتە بوون. کارگەکانی خوێندنگا، تەنانەت یاریی مناڵانەی ڕەنگاوڕەنگ دروست ئەکەن و ئەفرۆشن. خوێندنگا لە گەڵێ لادا کۆگای کردوەتەوە بۆ فرۆشتنی ئەو جۆرە کەلوپەل و بابەتانە. بەهەرزانی و سەرڕاستی و ڕێکوپێکی هەموو کوردێکی دڵخۆش و سوپاس گوزار کردووە.

خوێندنگا، لە پێشا، لە خانوویێکی بچووکی ناخۆشی کرێ گرتەدابوو. ئێستا کە تەنیا حەوت ساڵە دامەزراوە، لەناو زەویەکی (٣٠،٠٠٠) مەترە چوارگۆشەیی خۆیدا ئەم کۆشکە زەلامانەی خوێندنگایە و (١٥) خانوو و (٥٠) دوکانی پێکەوە ناوە. لە هەمووی سەیرتر ئەمەیە کە ئەمانەی هەموو بەدەس و پەنجە و ڕەنجی شانی مامۆستا و شاگردەکان دروست کردووە و پێک هێناوە!... هێشتا بەمەش وازی نەهێناوە، وا خەریکە لەم زەمینەدا (٤٠) خانووی تر دروست بکات بۆ ڕزگارکردنی دانیشتوانی خانەقین لە دەست تەنگ و چەڵەمەی بێ خانوێتی!...

خوێندنگای پیاوەتی، ڕۆژ بەڕۆژ لە پێشکەوتن و سەرکەوتن و دەوڵەمەندبوون دایە. بەکردەوەی پەسەند و بڵندی خۆی دەرگای خۆشگوزەرانی و کامەرانی و پێشکەوتنی لە هەزاران کردۆتەوە. لەبەر ئەوە جێی بەرز و پیرۆزیشی لە دڵی هەموو کەسێکا، بۆ خۆی کردۆتەوە. وا حکومەت و بەلەدیە و دانیشتوانی خانەقین، خەریکن. پاداشی چاکەی بدەنەوە. پیتاکێکی (٥٠٠) دیناریان بەدەستەوەیە بۆی بدەن بەدوکان و کرێکەی بەرەڕوو بکەنەوە.

من یەکێکم لە شاگردەکانی ئەم خوێندنگایە. بەدڵ خۆشم ئەوێ. وە تا ئەمێنم بۆ سەرکەوتن و پێشکەوتنی تێ ئەکۆشم. چونکە بەکەڵکی من و بەکەڵکی هەموو خەڵکی ناوچەی خانەقین هاتووە. ئایا نافەرمووی لە پایزی ئەمساڵدا سەرێکمان لێ بدەی وە پێکەوە گەشتوگوزاری (١٥) ڕۆژییەکەمان بکەین!.

هاورێت: فەرهاد

کورد و کوردستان

کورد لە کۆنترین نەتەوەکانی ئارین. لە پێش هەموویشیاندا خانمان و تەخت و بەختیان لەلای ژووروی خاکی ئێراندا دامەزراندووە. نوخشەی حکومەتەکانیان (مەد) بووە. جگە لەوە لە گەلێ جێگای تردا، چە لە کوردستان وە چە لە خاکی دراوسێکاندا، حکومەتی گەورە گەورەیان پێک هێناوە وە ئەو خاکانەیان ئاوا کردۆتەوە.

کورد ناوی خۆی بەخۆیەوەیە. ئازایەتیی کورد بێ هاوتایە. بۆیە هەموو دەم. بێگانەش سەرکردەی لەشکریان لە کورد داناوە. کورد پیاوی وەک (سەلاحەدینی ئەیوبی) و (کەریم خانی زەند)ی پێ گەیاندووە، کە لە هەموو مێژووی جیهاندا تەنیا چەند شاهێکی وەک ئەو دووانە گەورە و خواناس و دادخواە و نیشتمانپەروەر و بەفەڕ و خۆشەویستی هەموولایەک ئەدۆزیتەوە!.

کورد هەر بەئازایەتی بەناوبانگ نین. لە دۆستایەتی و پیاوەتی و میوانداریشا ناویان دەرکردووە. سەریان لە پێناو دۆستێکیاندا داناوە. وە هەرچی پەنای بردبنە بەر داڵڵایان داوە.

ئافرەتی کورد لە ئافرەتی هەموو دراوسێکانی سەربەستتر و بۆ مێرد بەکەڵکترە. زۆریان لە ئازادیی و فەرمانڕەوایی و ژیری و زانایی و نیشتمانپەروەردا ناویان دەرکردووە. قەرەفاتم، قەدەم خێر، عادلەخانمی عوسمان پاشا، ماهشرفخانی ئەردەلانی، لەیلا بەدرخان، حەپسەخانی نەقیب، بەهیە فەرەجوڵڵا لەو جۆرە ژنانەن.

زمانی کۆنی کورد ئەچێتەوە سەر زمانی (ئاوێستا). (زەردەشت) پێغەمبەری کورد بووە. بەو زمانە ئایننامەی (زەندەوستا)ی نووسیتەوە، کە لە گەلێک ڕووەوە لە دینی ئیسلام ئەکات!... نووسینیان لە ڕاستەوە بۆ چەپ بووە. بەڵام لە هی ئێستامان ناکات.

کورد گەلێ پیاوی. ژیر و زانا و بوێژ و ئەدیبی بەناوبانگی پێ گەیاندووە کە ئەمانە نەک هەر بۆ کورد، بۆ بێگانەش بەکەڵک بوون. بابە تاهیری هەمەدانی، ئەحمەدی خانی، شەرەفخانی بیدلیسی، حاجی قادری کۆیی، مەلا محەمەدی کۆیی، نالی، مەولەوی، کوردی، سالم، مەحوی، عیلی بەگی، شێخ مارفی نۆدێ... لەو پیاوانەن.

کوردستانیش نیشتمانی کوردە. تا بڵێی دڵگیر و دەوڵەمەندە. خوا کێو و کەژی بڵند بڵندی دار و دەشتی ڕەندینی پڕ دەغڵ و دان و چەم و کانیاوی شیرین و سازگار و باغ و بێستان و مێرگ و مێرخوزاری جوانی پێ بەخشیوە. جگە لەوە مەڕومالات و دڕندە و پەڕندەیەکی زۆریشی داوەتێ.

کورد ئێمەین. کوردستانیش نیشتمانی ئێمەیە. لەبەر ئەوە لەسەرمان پێویستە تا ئەتوانین خۆمان پێ بگەیەنین و پێشخەین و نیشتمانەکەیشمان ئاوا بکەینەوە. وە خۆمان بخەینە ڕیزی نەتەوە پێشکەوتووەکانی جیهان وە لەگەڵیاندا دۆستانە و برایانە بەخۆشی و سەربەرزییەوە بژین.

سوڵتان سەلاحەدین

سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبی، لە شاهە تاقانەکانی جیهانە. ئەم شاهە کوردە، لە تکریتدا لەدایک بووە. لە مووسڵ و شامدا خوێندنی تەواو کردووە. لەگەڵ ئەوەشا کە بەناپەڵ چووەتە لەشکرەوە، سەلاحەدین لە بەرامبەر دوژمنا ئازایەتییەکی زۆری نواندووە. بەژیریی و چوست و چالاکیی خۆی توانیوێتی دەوڵەتێکی گەورە لە میسردا دامەزرێنێ. ئەگەر سەلاحەدین نەبوایە گاورەکانی ئەورووپای ئەوحەلە ئیسلامەکانیان تەفروتونا ئەکرد. بەڵام سەلاحەدین جگە لە دەرکردنی دوژمن، توانی ئەو هەموو خاکە ئیسلامانە هەر لە تەرابلوسەوە هەتا عێراق وە هەر لە کوردستانەوە هەتا یەمەن بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە. سەلاحەدین ئەوەندە کردەوەی مەردانەی هەبووە، لەگەڵ دوژمنیشا پیاوەتی نواندووە. وا ئەگێڕنەوە جارێک کە (شێرەدڵ - ڕێکاردۆس) ناو شاهی ئینگلیزی دوژمنی نەخۆش ئەکەوێ، سەلاحەدین، خۆی ئەخاتە شێوەی پەزیشکێکەوە، وە لەگەڵ پیاوێکیا ئەچێ چاکی ئەکاتەوە. پەیتا پەیتاش پەزیشک ئەنێرێتە ناو لەشکری دوژمن نەخۆشەکانیان چاک ئەکاتەوە. جارێکی تر لە شەڕا، ئەسپی (ڕێکاردۆس) ئەکوژرێ، سەلاحەدین ئەسپەکەی خۆی بۆ ئەنێرێ سواری بێ تا بتوانی شەڕی لەگەڵ بکا!... لەگەڵ ئەوەشا کە سەلاحەدین، ئارەزووی گرتنی خاکی دراوسێکانی زۆر بووە، بەڵام گەلێک بەتەنگ ئاوەدانی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانییانەوە بووە. سەلاحەدین ئازادیپەروەر بوو گشت کەسی خۆش ئەویست. وەک برا لەگەڵیان ئەجوولایەوە. وە بەیەک چاو سەیری ئەکردن. ئێستەش لە شام و لە میسردا شوێن خوێندنگا و مزگەوت و بیمارخانە و نووسراوخانەکانی سەلاحەدینی دیارن وە لەبیر نەچوونەوە. سەلاحەدین وەک شاهەکانی تر چاوی لە خۆش ڕابواردنی خۆیەوە نەبووە. هەر چییەکی بووە دەرخواردی هەژار و لێ قەوماوانی داوە. سەلاحەدین کە مرد تەنیا (٤٧) درهەمی زیو و تۆزقالی زێڕی لە پاش بەجێما!... بەهۆی کردەوە و کاری مەردانەیەوە خۆی لای هەموو کەس شیرین کردبوو کوردی کردبووە گەورەی هەمووان. کوردی بەهەموو کەس ناسیبوو، وە لای هەموویان خۆشەویستی کردبوو لە ڕاستیا گەورەیی کورد، زۆرتر، لە دەمی سەلاحەدینەوە ناوی دەرکرد. سەلاحەدین لە شام نێژراوە. ئێستەش بۆ بینینی گۆڕی سەلاحەدین دەستە دەستە، گەورە و بچووک، بەپەرۆشەوە ئەچنە ئەوێ یەکێک لەوانە شاهەنشاهی ئەڵمانیا غەلیومی دووەم بوو کە بەبینینی گۆڕی سەلاحەدینەوە شانازیی ئەکرد. لە بەردێکی مەرمەڕی نایاب، گۆڕێکی جوانی پڕ نەخش و نیگاری بۆ هەڵکەندراوە. شا کلاوەکەشی بەسەرەوە دانراوە لە تەنیشت گۆڕەکەشیەوە نووسراودانە بەکەلکەی دامەزرێنراوە. ئەمانە هەمووی لە خانوویەکی خنجیلانەی جوانکیلانە دایە، پڕە لە دارودرەخت بەدەوری سۆرک و ئەستێرکێکی جوان و ڕەنگینەوە. ئێستەش گۆڕی سەلاحەدین لەلایەن خێزانێکی کوردی بنەماڵەی ئەیوبییەوە پارێزگاری ئەکرێ. وە لە جێگە پیرۆز و بەرزەکانی کورد و ئیسلام ئەژمێرێ.

نەورۆز[1]

نەورۆز جەژنی ڕاستەقینەی کوردە. جەژنێکی پیرۆز و بەرزیەتی. چونکە بەر یەکەم ڕۆژی بەهار و سەری ساڵ ئەکەوێ. وە لەم ڕۆژەدا هەموو ساڵێ، کوردستان لە زەبر و زەنگی زستان ڕزگاری ئەبێ و تازە ئەبێتەوە و، کاروباری کشتوکاڵ و دەرامەدی تر دەست پێ ئەکاتەوە. شەوی ئەم جەژنە لە هەموو لایەکی کوردستاندا ئاگر نێڵەنێڵ ئەگرێتەوە. پیاو و ژن، کوڕ و کچ، منداڵان بەدەوریا گرد ئەبنەوە. بەگۆرانی و هەڵپەڕکێ ڕائەبوێرن بەیانی لە هەموو لایەکەوە بەزەموڕەزم و ئاهەنگ و زەماوەند دەست پێ ئەکرێ. دوکان و بازاڕ هەڵئەگیرێ هەموو کار و فەرمان ئەوەستێنرێ کوردەکان بەرگی جوان ئەپۆشن و خۆیان ئەڕازێننەوە خواردەمەنیی خۆش دروست ئەکەن و دەستە دەستە ڕوو ئەکەنە دەرودەشت. بەسەیران و گەشت و گەڕانەوە ڕۆژ ئاوا ئەکەنەوە.

منداڵانی خوێندنگا کۆنەکانیش بەخۆشیی ئەم ڕۆژەوە، هەریەکە لەلایەن مامۆستای خۆیەوە (نەورۆزنامە)یەکی بۆ ئەنووسرێتەوە، کە لەبەری کا و لەبەردەم دایک و باوکیا بیخوێنێتەوە. ئەوانیش شاباش بەخۆیان و پاداشی بەمامۆستاکانیان ئەدەن.

بەڵام شاگردانی خوێندنگا تازەکان لە هەموو لایەکی کوردستان، وە لەو شوێنانەشا کە کوردی تیا کۆبۆتەوە، ئاهەنگ و زەماوەندی گەورە گەورە و نایاب و ناوازە ئەکەن بەبۆنەی نەورۆزەوە. لەوێدا هەرچی گەورە پیاو و خوێندەوار هەیە لە کورد و لە بێگانە بانگ ئەکەن، ئەو ڕۆژە بەگوتنی وتار و لێدانی ساز و ئاواز و کردنی هەڵپەڕکێی کوردانە و خواردنی خۆرشتی نایابەوە وەخت بەسەر ئەبەن. گیانی نیشتمانپەروەری و برایەتی و سەربەستی و خۆشگوزەرانی زیندوو ئەکەنەوە. وە بۆ پێشخستنی کورد و کوردستان دەماری مەردایەتیی نیشتمانپەروەران ئەبزوێننەوە.

جەژنی کورد، یاخود نەورۆز، سەرگوروشتەیەکی خۆشی هەیە. سا سەرگوروشتەکە، لە بنج و بناوانیا، ڕاستبێ یان درۆ، مەبەس نییە. بەڵام هەرچییەک بێ، ئەوە ئەگەیێنی کە کورد لە هەموو دەمێکا مەرد و ئازا و ئازادی پەروەر بووە. وا ئەگێڕنەوە کە چەند هەزار ساڵێک لەمەوپێش لە کوردستانی ئێراندا شاهێکی بێگانەی زۆردار هەڵکەوتووە ناوی (بیوراسب) بووە. گەلێ زۆروستەمی لە کوردەکان کردووە. دوو ماری گەورەی بووە، پەرستونی. هەر ڕۆژەی دوو کەسی بۆ سەربڕیون و دەرخواردی داون. کوردەکان لەمە گەلێک بێزار ئەبن، وە لەوە بەولاوە ناتوانن بەرگەی ئەو بەدکارییەی بگرن. لە ناویاندا ئاسنگەرێکی ئازا و ژیر پەیدا ئەبێ ناوی (کاوە) ئەبێ. بەزەیی بەهاوخوێنەکانی خۆیا دێتەوە ئەچێ هانەهانەی هاونیشتمانەکانی خۆی ئەدا پیستەکەی بەرۆکی کە لە ئاسنگەریدا بەکاری ئەهێنا ئەکا بەئاڵا. بەخۆی و ئاڵاکەیەوە پێشیان ئەکەوێ و ئەدا بەسەر سەرای شاەدا. شاە ئەگرێ و ئەیخاتە زیندانەوە. لە جێی ئەو شاەزادەیەکی کوردی سەر ڕاست و نیشتمانپەرست کە ناوی (فەرەیدون) ئەبێ، لەسەر تەخت

---

(١) لە گۆڤاری (بەیان) ژ (١٣)ی ١٩٧٤، ل(٨)دا بڵاوکراوەتەوە.

دائەنێ و ئەیکا بەشاە. بەم ڕەنگە کوردەکان، لە دەست زۆر و ستەم و بەدکاریی ئەو شاهە بەدخووە ڕزگار ئەکا.

جا بەخۆشیی ئەو سەرکەوتنەوە، کوردەکان ئەو ڕۆژە ئەکەن بەجەژنێکی گەورە و بەرز و پیرۆز، ناوی ئەنێن (نەورۆز).

سەیران[1]

لە بەهارا، گژوگیا دەرئەچن. دار و درەخت گەڵا ئەکەن. گیانلەبەر ئەبووژێنەوە. ئاو ئەژێتەوە. دەرودەشت سەوز و ڕەنگین ئەبن. سەرما ئەشکێ. هەموو کەس ئارەزووی گەشتوگوزار ئەکا. لە هەموو لایەکەوە سەیران دەس پێ ئەکرێ. لەناو کورددا، هەموو چوار شەممۆانێ، دەستە دەستە، کوڕ و کچ بەرگی جوان لەبەر ئەکەن، خواردەمەنی لەگەڵ خۆیان هەڵئەگرن و لەوێ بەبەزم و خۆشی ڕائەبوێرن تا ئێوارێ.

لە سلێمانیدا، ئەو ساڵەی دڵخۆش بێ و کار و فەرمان باش هەڵسوڕێ، لە کورە کوری شار دەستەیەک کۆ ئەبنەوە، سەیرانێکی گەورە ڕێک ئەخەن. لەناو خۆیانا، چەند کەسێ هەڵئەبژێرن و دائەنێن بەپاشا و گزیر و ناوبژیکەر و بەردەست و سەرباز و میوان بەرێکەر. دەستەیەکیش بۆ بەزم و پێکەنین بەپێستە بزن و زەنگۆڵە و دەهۆڵ و زوڕناوە ئەڕازێننەوە. کۆمەڵێکی تریش بۆ کوژاندنەوەی شەڕوشۆڕ و هەراوزەنا دائەنێن. ئەمجارە شاە بەخۆی و بارەگایەوە بەناو گۆرانی گوتن و دەهۆڵ و زوڕنالێدان و چەپڵە ڕێزانی سەیرانکەرەکاندا تێپەڕ ئەکا و ڕوو ئەکاتە جێی سەیران. لەوێ خیوەت و بارەگاە هەڵئەدەن. تا دووسە ڕۆژ بەئاهەنگ و زەماوەند و یاری و گەمەی خۆش خۆش و ڕمبازی و نیشان نانەوەوە ڕائەبوێرن. کە میوان هات بەپیریەوە ئەچن. میوانداریی‌یەکی باشی ئەکەن. لەم سەیرانەدا هەرچی شاە ئارەزوو بکا ئەیکا. ناوبژیی شەڕکەران ئەکا. سەرکێش و بزێو ئەخاتە ناو ئاوەوە و تەمێی ئەکا. ئەو زۆردارانەش کە لەوەپێش زۆرێکیان لە دوکاندار یان هەژارێکی ناو شار کردبێ، لەو ڕۆژەدا تۆڵەیان لێ ئەسێنرێ و جەریمەش ئەکرێن. پاشان کە گەڕانەوە لە سەیران، هەرچی پارەیەک بۆیان کۆبووەتەوە دابەشی ئەکەن بەسەر هەژاراندا.

ماڵ ڕێکخستن

ماڵ یەکەم شوێنی منالە کە چاوی تیا ئەپشکوێ، هەناسەی تیا ئەدا، تیا ئەخوا، تیا ئەنوێ، تیا یاری ئەکا و ئەحەسێتەوە. تا گەورە ئەبێ و ئەمینێ ئەو ماڵە لە سەرمای زستان و گەرمای هاوین، لە دز و درۆزن ئەیپارێزێ و ئاگاداری ئەکا. کە بوو بەپیاو جێگای ژن و ماڵ و کوڕ و کچی ئەبێ، شوێنی خزمان و میوانانی ئەبێ. لەبەر ئەوە پێویستە ئەوەندەی خۆمان خۆش ئەوێ، هێندەش ماڵەکەمان خۆش بوێ. ئەوەندەی بۆ خۆمان بەپەرۆشین، هێندەش بۆ ڕازاندنەوە و ڕێکخستنی ئەو بکۆشین. کە کەلەبەر و درز و قلیشی تێ بوو، دیوار و گوێسوانەکانی ڕووخا، کە ڕەنگی دیوارەکان و نەخش و نیگاری ژوورەکانی

---

(١) لە گۆڤاری (بەیان) ژ (١٣)ی ١٩٧٤، ل (٩) بلاوکراوەتەوە.

تێک چوون و پلیکانەکانی هەڵوەشان پێویستە دەس بەجێ وەستایان بینینە سەر: چاکیان بکەنەوە، ڕێکیان بخەنەوە، تازەیان بکەنەوە. ماڵ چەند جوان بێ ئەوەندەش دانیشتووەکانی دڵیان خۆش ئەبێ و خۆش ڕائەبوێرن. پیاوێک چەند دڵتەڕ و پاک و ڕێکوپێک بێ ماڵەکەشی هێندە ڕازاوە و جوان ئەبێ. ئەبێ خانووەکە وا هەڵکەوێ پشتی لە ڕەشەبا و بەری لە ڕۆژبێ. ژوورەکانی، هەموو، پەنجەرەی سەر و خواریان بێ کە بای ژوورەکەی پێ تازە کرێتەوە. پێویستە بۆ هەر مەبەسێ ژوورێ دانرێ. بۆ میوان ژوورێک، بۆ نان و خوان ژوورێک، بۆ نووستن، بۆ خوێندنەوە و نووسین، بۆ سەرشتن، بۆ چێشت لێنان، بۆ چاوەڕوانیی میوان... بۆ هەر کاروبارە ژوورێکی تایبەتی دابنرێ.

لە خاکە پێشکەوتووەکاندا، جگە لەمانە، بۆ منالان و دەس و پێوەندان، بۆ یاریکردنیش ژووریان داناوە. ئەبێ ئەم ژوورانە، هەر یەکەیان، بەپێی خۆیان، بەتەرحە ڕەنگێک دیوارەکانیان ڕەنگ بکرێ و وێنە و نیگار و پەیکەر (هیکل، تمثال)یان تیا هەڵبواسرێ و دابنرێ و برازێنرێنەوە. ئەبێ هەموو ڕۆژێک ناوماڵ پاک بکرێتەوە گەسک بدرێ. هەر هەفتەی جارێکیش نوێن و پێخەف و دۆشەک بخرێنە بەرهەتاو. ئەگەر ماڵ بکەوێتە پەڕی شارەوە یان ناو باغچەیەکەوە گەلێ باشترە. ئەگەر دەستیش بدا هەر لەوێدا -لەماڵێدا- جێگایەک بۆ یاریکردن تەرخان کرێ، گەلێ تەواوتر ئەبێ.

ئەمە شێوەی ماڵ ڕێکخستنی پێشکەوتووانە. ئەو خێزانەی ماڵێکی وای پێ ڕێکخرێ، ئەخۆشیی تێ ناکەوێ، تا بەت دڵخۆش ئەبێ، لای یەکتری شیرین و لای دەرودراوسێ خۆشەویستتر ئەبن. وە لە هەموو شتێک و لە هەموو دەمێکا سەر ئەکەون!...

شار ڕێکخستن

شاریش وەکو ماڵ پێویستە برازێنرێتەوە. ئەمەش بەسایەی کۆشش و تەقەلای گەورەی شار (رئیس بلدیة)ەوە پێک دێ. ئەبێ لە شارا شەقامی ڕاست و پان بکرێتەوە. کۆڵانەکان پاک و خاوێن ڕاگیرێن. جۆگەلە و شیو داپۆشرێن. لەم بەر و لەوبەری شەقامەکانەوە ڕیزە درەخت لێ بدرێ. لە هەندێ شوێنێدا باخچەی ڕێکوپێک و خۆش پێک بهێنرێ سۆرک (فوارة) و ئەستێرک (حوض) بەهەموو لایەکیا بلاوبکرێتەوە. سەرپەرشتیی پاکی و خاوێنیی ناو بازاڕ و ماڵان و کۆڵانان بکرێ. بۆ پاراستنی شار لە ئاوی لافاو. لەم بەر و لەوبەری شارەوە بەند (سدة) دروست بکرێ. ئەو شوێنانەی کە ڕێبوار پیا دێتە ناو شارەوە بەدار و درەخت و ساختمان (بناء)ی جوان برازێنرێنەوە. جگە لەمانە پێویستە ئاوێکی خۆش و ڕوون بەتایبەتی بۆ خواردنەوەی دانیشتوانی شار دابنرێ و بەلولە بەماڵاندا بلاوبکرێتەوە.

هێزی کارەبا (ئەلەکتریک)یش پێویستییەکی تری شارە، بۆ ڕۆشنکردنەوەی ناو ماڵان و کۆڵانان و خستنەگەڕی چەرخ (ماکینە)ی ناو کارگەکان و سووڕاندنەوەی باوەشێن و ڕادیۆ لێدان...

بەکورتی هەرچی خۆشگوزەرانی و کامەرانی پێک بهێنێ بۆ دانیشتووانی شار، (بلدیە) ئەبێ بیکا. چونکە ئەوی بەلەدیە هەیەتی هی دانیشتووەکانی شارە. لەگەڵ ئەوەشا، هەمیسان پێویستە ئێمەیش یارمەتیی بدەین. ئەو خانوانەی سەرلەنوێ دروستیان ئەکەنەوە لەسەر شێوەی تازەبن. ناو ماڵ و بەردەرگامان پاک ڕاگرین. بۆ خۆمان و بۆ ئەوانەش کە ڕوو ئەکەنە شارەکەمان میوانخانە و جێگای

حەسانەوە و خۆشڕابواردن دروست بکەین. چونکە تا شارەکەمان جوان و پاک و ڕێک و پێک بێ، ئەوەندەش میوان ڕووی تێ ئەکا، ئەوەندەش دەرامەت، گوزەرانی باش، وە ئاوەدان ئەبێتەوە.

مەڕ

مەڕ گیانلەبەرێکی بەسەزمانی بەکەڵکە. لە نیشتمانی خۆماندا گەلێ کەس بەمەڕەوە بەڕێوە ئەچن. بەهاران شوان ئەیانبەنە کەژ و کێو بۆ لەوەڕاندن، لەوێ گیا ئەخۆن. لە هاوینا بەپوش ئەژین، لە پایز و زستانیشا بەگەڵاوە بەڕێوە ئەچن.

لە بەهارا کە گیانلەبەر سک و زا ئەکا، مەڕیش ئەزێ و ئەبووژێتەوە و شیری زۆر ئەبێ. لادێیەکان لە شیرەکەی گەلێ خواردەمەنی دروست ئەکەن. لە شیر. ماست، فرۆ، دەڵەمە، لۆرک، پەنیر، لە ماستیش؛ دۆ لە دۆیش؛ کەرە و دۆینە و شیرێژ. لە شیرێژیش؛ سوێرەکە و کەشک. لە کەشکیش؛ دۆکەشک. لە کەرەش؛ ڕۆن دروست ئەکرێ.

خورییەکەشی گەلێ نایاب و بەکەڵکە. ئەمیش لە بەهارا ئەبڕێ و پاک ئەکرێتەوە و ئەنێرێتە شاران بۆ فرۆشتن. لە خوریەکەی شالی ڕانک و چۆغە، فەرەنجی، پەستەک، گۆرەوی، دەسکێش، تەقیلە و کڵاو، پەتۆ، دەوار، گوریس، خەرار، جاجم و پوپەشمێن و بەرماڵ بەڕە و قالیچە و گەلێ شتی نایابی تر دروست ئەکرێ.

لە شاخەکانی دەسکی چەقۆ و کێرد و خەنجەر، دوگمە و شانە و دارجگەرە دروست ئەکرێ. پشقلەکەشی بۆ سووتەمەنی و بەهێزکردنی زەوی و زار بەکارئەهێنرێ. پیستەکەی ئەکرێ بەکاڵە و پیتا و، بەمەشکە و کوندە و هەمانە بەتەپڵ و دەف و کەلوپەلی وڵاخ و گەلێ شتی تر.

کە سەربڕا گۆشت و سەروپێکەی ئەخورێ. ڕیخۆڵەکانیشی ژێ و گەلێ شتی تری لێ دروست ئەکرێ.

دراوسێکانمان هەموو ساڵێ دێنە کوردستان بۆ کڕینی ڕانەمەڕەکە بیبەنەوە خاکی خۆیان جا لەمەوە دەستکەوتێکی باشمان دەس ئەکەوێ.

لەبەر ئەوەی مەڕ هێندە بەکەڵکمان دێ، پێویستە زۆر باش بەخێوی کەین، ئازاری نەدەین، وە زۆر بەتەنگ خۆشی و حەسانەوەیەوە بێین.

سەمەنی

سەمەنی خواردەمەنییێکی ناوازەی کوردانەیە. بەڕەنگ لە دۆشاو ئەکا تام و بۆنیشی خۆش و شیرینە. ئەم خواردەمەنییە نایابە لە چلەی زستاندا دروست ئەکرێ. سەمەنی ئەرکی زۆرە لەبەر ئەوە هەموو کەس ناتوانێ دروستی بکا. ئەوانەی سەمەنی ئەکەن، دێن؛ گەنمەکە ئەشۆنەوە لەسەر سەبەتەیەک بڵاوی ئەکەنەوە، ڕۆژ بەڕۆژ ئاوی لێ ئەپرژێنن هەتا چەکەرە ئەکا و گیایەکی ناسکی تەڕوبڕی لێ دێتە دەرەوە. لە دوای ئەوە، بەگیا و چەکەرەوە لەناو دۆڵێکا ئەکوترێ و لەناو شتێکا ئەگلوفرێ و ئەگوشرێ تاتلپە ڕونەکەی ئەمینێتەوە. ئینجا ئەو تلپە فڕێ ئەدرێ. ئاوەکەشی ئەپاڵێورێ و ئەکرێتە مەنجەڵێکی گەورەوە.

پاش ئەوە بەپێی خۆی ئارد و ئاوی تێکەڵ ئەکرێ و ئەکوڵێنرێ تا توند ئەبێتەوە. ئەمە لە ئێوارێوە تا نیوەشەو ئەخایێنێ. لەم دەمەدا کوڕ و کچی کەس کار و دەرودراوسێ کۆ ئەبنەوە بەگۆرانی و ڕەشبەڵەک شەوگار بەسەر ئەبەن.

سەمەنی کە پێگەیی دائەگیرێ و دائەنرێ تا بەیانی. کە بەیان هات و تەماشای مەنجەڵەکەیان کرد، ئەبینن ئاوێکی زرنگ و ڕوون بەسەر سەمەنییەکەوە وەستاوە، سەمەنییەکەش ئاڵ هەڵگەڕاوە. ئینجا تێی ئەکەن، بەخزم و دەرودراسێدا ئەیبەشنەوە.

سەمەنی خواردەمەنییەکی تایبەتیی کوردە. جگە لەوەی کە خۆشە، بەبۆنەی دروست کردنیەوە کەسوکار و دەرودراوسێش لەیەک جێدا کۆئەبنەوە خۆشەویستی و دۆستایەتییان تازە ئەکەنەوە، وە کەمەری یەکێتی و برایەتی ئەبەستنەوە. کورد لەم جۆرە خورشتە خۆشەویستانەی زۆرە. گیپە و کەشکەک و ساوەر و دانولەش وەک سەمەنی سەرچاوەی خۆشی و بەزموڕەزمی و هۆی بەهێزکردنی کۆمەڵایەتیمانن. لەبەر ئەوە پێویستە بەچاوێکی خۆشەویستانە سەیریان بکەین.

بەفر

زستانان، لە کوردستاندا، هەندێ ڕۆژ کە پیاو بەیانیان لەخەو هەڵئەسێ. سەیر ئەکا؛ ناو ماڵ و سەربان و کۆڵانان سپی ئەکەنەوە، شتێکی سپی لق و پۆپی درەختانی شاردۆتەوە، کێوانیش سەراپا بەرگێکی سپیی بێ گەردیان پۆشیوە، تێ ئەگا بەفرە باریوە. ئەمجا لەو ڕۆژەدا ماڵان ئەکەونە خۆیان. لەسەر ڕەوشتی کوردەواری دۆینە و دۆکەشک لێ ئەنێن. بان گوشان بەخۆیان و بەفرماڵەکانیانەوە ئەکەونە سەریان بەفر ئەماڵن. هەرزەکاران ئەچنە کێوان بوراوی نێچیر. منالان کۆ ئەبنەوە بۆ شەڕە تۆپەڵکردن و شێرە بەفرینە دروستکردن. بەفر فرۆشەکانیش سەرلەبەیانی ڕوو ئەکەنە ئەو شاخ و کێوانە، هەر کەسە لە چاڵە بەفری خۆیا دەس ئەکا بەبەفر شاردنەوە. بۆ ئەمەی کە هاوین هات بیفرۆشن وە بەدەستکەوتەکەی ماڵ و منداڵی خۆیانی پێوە بەڕێوە ببەن.

بەفر کەڵکی زۆرە. لە زستانا شاخ و کێو و دەرودەشت ئەڕازێنێتەوە. هە چ کرم و مێروویەک کە زیانی بۆ زەویوزار و کشتوکاڵ بێ ئەیکوژێ لە بەهارا ئاو ئەژێنێتەوە. لە هاوینیشا بۆ بەفراو و شەکراو و ماستاو و بەستەنی (دۆندرمە) بەکارئەهێنرێ. چێشت و میوەش لە ترشان و ڕزین ئەپارێزێ.

لەو خاکانەدا کە بەفری خوا کرد دەست ناکەوێ، بەفر بەچەرخ (ماکینە) دروست ئەکەن. بەڵام بەفری کوردستانی خۆمان کە خوا کردە، گەلێک هەرزانتر و خۆشتر و نایابتر و بەکەڵکترە. ئێمە سەهۆڵیشمان هەیە کە لە بەفریش پوختەترە.

لاسایی کردنەوە (تمثیل)ی: گەزۆ

(پەردە ئەکرێتەوە. جێگا: دوکانی وەستایەکی پەپکەگەزۆیە. دوو شاگرد: یەکێکیان ئەبێ بەکوڕ، یەکێکیشیان ئەبێ بەباوک. لاسایی وەستای پەپکەگەزۆ (حەلواچی) و کوڕەکەی ئەکەنەوە. کوڕەکە پەپکەگەزۆیەک ئەگرێ بەدەستیەوە و ئەیخوا. ئینجا ڕوونەکاتە باوکی. کە ئەویش بەبەرزەوە دانیشتووە، دەستەیەک قامیشی بەدەستەوەیە بەقایم لەناو مەرکانەیەکی زلی وەرئەدا).

کوڕ: بابەگیان! سوپاست ئەکەم بۆ ئەم پەپکە گەزۆوە جوانە بۆن خۆشەی کە بۆت دروست کردووم. ئەی پێم نافەرمووی چۆن دروست ئەکرێ؟

باوک: رۆڵە لە گەزۆ دروست ئەکرێ.

کوڕ: گەزۆ چییە؟

باوک: گەزۆ شتێکی سپییە، شیرینە وەک شەکر.

کوڕ: گەزۆ چۆن پەیدا ئەبێ؟

باوک: شەو لە خواییەوە ئەبارێتە سەر گەڵای درەخت. کە ڕۆژ بووەوە لادێییەکان ئەو گەڵایانە بەتوڵەکانیانەوە ئەبڕن. لە جێگایەک کۆمەڵەیان ئەکەن و ئەیان خەنە بەر خۆر تا وشک ئەبنەوە. پاشان لەسەر مەوجێک گەڵاکان ئەوەرێنن و لاسکەکان فڕێ ئەدەن. ئینجا بەگەڵا کوتک، گەڵاکان ئەکوتن تا ورد ئەبن. کە ورد بوون لە بێژنگیان ئەدەن تا هەر پوش و پەلاشێکیان پێوەبێ لێیان جیاکەنەوە. ئینجا هەمانە و تورەکە دێنن، ئەیەک ئاویان لەناو ئەدەن و گەڵا ورد کراوەکانیان ئەخەنە ناوەوە. پاشان ئەو هەمانە و تورەکانە لەبەر ڕۆژا دائەنێن تا گەز و گەڵا وردکەکان یەک ئەگرن و پێکەوە ئەلکێن. ئەمە، لادێییەکان (تۆڵا)ی پێ ئەڵێن. ئەوسا بەبار ئەیهێننە شار ئەیفرۆشن. جا (دۆشاوی گەزۆ) و (پەپکە گەزۆ) لەمە دروست ئەکرێ.

کوڕ: ئەی بابەگیان پەپکە گەزۆ چۆن دروست ئەکرێ؟

باوک: وەستاکان (تۆڵا) کە ورد ئەکەن و ئەیخەنە ناو ئاوەوە. تا وردە گەڵاکان سەر ئاوەکە ئەکەون و گەز و کەش ئەنیشێ. ئینجا ئەیپاڵێون و هێلکەی لێ ئەدەن تا ئاوێکی زرنگی ڕۆنی لێ پەیدا ئەبێ. ئەمیش ئەکوڵێنن تا بەتەواوەتی توند ئەبێتەوە. تۆزێ ئەسپۆن یان شەکرێ لێ ئەدەن. ئینجا دایئەگرن تا سارد ئەبێتەوە. ئەوساکە پەپکە پەپکە ئەیبڕن و ئەم پەپکە گەزۆیەی لێ دروست ئەکەن.

کوڕ: بابە ئەم گەزۆیە لە کوێ ئەبارێ؟

باوک: رۆڵە، گەزۆ لە گەلێ شوێن ئەبارێ. بەڵام زۆری لە کوێستان و دارستانەکانی کوردستاندا پەیدا ئەبێ. -وەکو ئەڵێن- هەرچەند ئەبارێتە سەر گەڵای هەموو دار و درەختێک، بەڵام ئەوی لەسەر گەڵای دار بەڕوو و دار ماز و ئەبارێ بەکەڵک نایە.

کوڕ: بابەگیان سوپاست ئەکەم. تێگەیشتم. ئەم پایزە بێتەوە منیش لەگەڵ برا لادێییەکانما ئەچمە شاخی، گەڵا ئەڕنم و تولا ساز ئەکەم و بەسەرپەرشتی تووە پەپکە گەزۆ دروست ئەکەم.[1]

(پەردە دائەدرێتەوە)

قسەی پێشینیان

باو و باپیرمان ئەوەندە لە دەستووری ژیان گەیشتوون و هێندە پێرەویی خواییان دۆزیوەتەوە، ئێستەش کە ئەمە هەزاران ساڵە بەسەر ئەو قسانەیاندا تێپەڕیوە، هێشتا قسەکانیان ڕێگای ژین و بەختیاری و سەرکەوتنمان بۆ ڕۆشن ئەکەنەوە. وا هەندێ لە قسەی ئەو پیاوە ژیرانە بۆ وێنە ئەخەینە بەرچاو:

١- چاکە بکە و بیکە بەدەم ئاوەوە.

٢- کابە بڕوخێنە و دڵێ مەڕەنجێنە.

٣- پرسابە و زانابە.

٤- شەڕ لە بێ کاری چاکترە.

٥- ئەو جێیە خۆشە کە دڵ پێی خۆشە.

٦- قسە لە پاش حەوت کێو ئەگاتەوە بەختێو.

٧- سەر بۆ سەربڕین نەک بۆ سەر زەنشت.

٨- کانییەک ئاوت لێ خواردەوە بەردی تێمەخە.

٩- برا لە پشت برابێ، مەرگ مەگەر لەلای خوابێ.

١٠- پارو لە دەمدا کەم بۆ کۆش باشە.

١١- ئەوەندەی بەرەی خۆت پێت ڕاکێشە.

١٢- زۆر ببیە با لە کەم بگەی.

١٣- دۆست ئەوەتا ئەتگرێینی دوژمن ئەوەتا پێت پێ ئەکەنی.

١٤- بۆیە پێت ئەڵێم کاکە، کە چۆڵەکەم بۆ بگری.

ترێ[2]

لە هەموو میوەیەک زۆرتر و نایابتر لە کوردستاندا ترێیە. لە هاوینا کە گەرما تین ئەسێنی ترێ پێ ئەگا. لادێییەکان پەیتا پەیتا ئەیبەنە ناو شار ئەیفرۆشن. ترێ گەلێ بابەتی هەیە. بەناوبانگەکانیان ترێی سەعدانی، سەرقولە، ڕەشمیری، مام برایە، تایەفی، کشمیشی، دۆشاویی، ڕەشکەیە. دار ترێ (مێو)

---

(١) لە (بەیان) گ. ژ (١٥)ی ١٩٧٤، ل ١٦دا بلاوکراوەتەوە.

(٢) ئەو بابەتانەی پێشوو: (مەڕ، سەمەنی، بەفر، گەزۆ) لە گۆڤاری (بەیان)دا ژمارە (١٤، ١٥)ی ١٩٧٤ بلاو کراونەتەوە.

بەدێمی و بەراوی لە شاخەکانی کوردستان ئەڕوێنرێ. گەڵاکەی (گەڵامێو) ئەکرێ بەچێشت. بەرسیلەکەشی بۆ خۆشاو (شربت) و بۆ چێشت بەکارئەهێنرێ.

لە ترێش گەلێ خواردەمەنی دروست ئەکرێ: وەک سرکە، ڕەنگاو، دۆشاو، باسوق، سجوق و مێوژ.

کە چلەی هاوین ڕەزدارەکان، بۆ دروستکردنی هەندێ لەو خواردەمەنییانە بەخاووخێزانەوە ئەکەنە ناو ڕەزەکانیان. هەر دەستەیەی لەلایەکەوە، خەریکی شتێک ئەبێ. هەندێکیان مێوژ دروست ئەکەن. دێنن ترێ کە بەهێشویی لە خوڵەمێشاوێکی پالاوتە هەڵئەکێشن وە لەسەر مەوجێک بڵاوی ئەکەنەوە تا وشک ئەبێتەوە. مێوژە مام برایە و مێوژە سوورکە و مێوژە خولاو بەو ڕەنگە دروست ئەکرێن.

هەندێکیش خەریکی دۆشاو ئەبن. ترێ کە ئەکەن بەبۆڵ. لەناو تەشتا ئەیفلیقێننەوە و بەدەست و پێ ئەیشێلن. پاشان ئاوەکەی ئەگرن و تلپەکەی فڕێ ئەدەن. ئینجا ئاوەکەی ئەپاڵێون. کە پالاوتیان ئەیکەنە ناو مەنجەڵی گەورەوە و لەسەر ئاگر ئەیکوڵێنن. هێلکەشی لێ ئەدەن بۆ ئەوەی هەرچی پوش و پەلاش و لیلییەکی تیا هەبێ سەرکەوێتە سەر ئاوەکە و بگیرێ و فڕێ درێ. ئینجا کە زۆر چاک لەسەر ئاگرەکە کولاو و لینج بوو، دائەگیرێتە خوارێ، تا سارد ئەبێتەوە و ئەبێ بە(دۆشاو).

ئەگەر ئەم دۆشاوەش بکوڵێنرێتەوە و بەرە بەرە نیشاستەی تێ بکرێ و باش تێک هەڵ بدرێ هەتا وەک پەلولەی لێ دێ، ئینجا دابگیرێ و لەسەر مەوجێکی کەشکۆڵی پان بکرێتەوە دابنرێ تا سارد ئەبێتەوە پاشان خشت ببڕێ و بکرێ بەسەلک ئەو سەلکانە (سەلکە باسوق)ی پێ ئەڵێن.

(سجوق)یش هەروەک باسوق دروست ئەکرێ. ئەوەندە هەیە لێرەدا کاکلەگوێز و بادام ئەکرێ بەپەتەوە و لە پەلولە دۆشاوەکە هەڵئەکێشرێ و هەڵئەواسرێ تا وشک ئەبێتەوە.

ترێ و ئەوی لە ترێ دروست ئەکرێ سامانێکی گەورەیە بۆ کوردەواری. ئەوەندە هەیە ئەگەر لەسەر شێوەی نوێ کارگە و چەرخی بۆ دامەزرێنرێ و خواردەمەنییەکان بخرێتە ناو قوتوو و شووشەوە و بازرگانییان پێوە بکرێ لەگەڵ دراوسێکانماندا، گەلێک گەلێک باشتر لە ئێستا ئەکەوینە خۆش گوزەرانییەوە.

لاسایی کردنەوەی سەرگوروشتەی مام ڕێوی

(پەردەی ١)

جێگا: هەوارێکی لادێیانەیە. پیرێژنێکی کورد بزنێکی لەبەردەمایە ئەیدۆشێ. پاش دۆشینی بزنەکە بەرەڵڵا ئەکا. ئینجا مەنجەڵە شیرەکەی دائەپۆشێ. پاشان تەوراسێک ئەگرێ بەدەستیەوە و لە پەنایەکا خۆی مات ئەدا.

داپیرە: ئەمە چەند جارە ئەم ڕێوییە بەدبەختە بەشیرەکەم فێربووە؟!... چۆنم بۆ ناهێڵێتەوە. هەمووی ئەخواتەوە. پەیمان بێ ئەمجارە بێتەوە کەتنێکی وای پێ بکەم ببێ بەواتەی ڕۆژگار. ئەبێ بەم تەوراسە کلکی بپەڕێنم!...

(مام ڕێوی دێتە ژوورەوە)

مام ڕێوی: وەی لە دەورت گەڕێم میمکەی خاوەن شیرا... خۆ تۆ نەبوویتایە من ئەمساڵ لە برسا ئەمردم. ئاخۆ تۆ بڵێی ئەمجارەش داپیرە مەنجەڵەکەی بۆ پڕ کردبم لە شیر؟

(مام ڕێوی سەری مەنجەڵەکە هەڵ ئەداتەوە و دەست ئەکا بەشیر خواردنەوە). نۆخەی داپیرە یاخوا کارت ڕاست بێ. ئاهی سکم شکا!... (داپیرە بەئەسپایی لێی دێتە پێشەوە، دەسی لێ ئەوەشێنێ. تەوراسێک لە کلکی ئەدا ئەیپەڕێنێ).

داپیرە: منیش نۆخەی کزەی جەرگەکەم، مام ڕێوی! دڵم دامرکا! (ڕێوی بەواقەواق و هەڵەداوان دەرباز ئەبێ. پەردە دائەدرێتەوە).

(پەردە ٢)

جێگا: هەوارێکی کوردانەیە. داپیرە لەناو منداڵەکانیا دانیشتووە ماستیان بۆ تێ ئەکا. لەولاشەوە سەماوەر و بەرچایی دانراوە. دێ لەبەر دەمیاندایە. لە دوورەوە ئەمانە دیارن: (چیمەن و دارستان و کانیاو، بزن، دەستەیەک کیژ، کەوش درو، مریشک، سەپانێک شەنێکی بەدەستەوەیە بەدیار خەرمانەکەیەوە).

داپیرە: نۆخەی ڕۆڵە! باش بوو لە دەست ئەو ڕێوییە زۆردارە کە چ ڕەفتارە ڕزگارتان بوو. هیچ شیری بۆ نەئەهێشتنەوە بۆتان بکەم بەماست. لەوەتی کلکیم پەڕاندووە چارەیم نەدیوەتەوە. وا ئەمجارە شیرەکەم بۆ کردوون بەماست، ها بیخۆن بەنان و چایەکەتانەوە. نۆشی گیانتان بێ!.

(منداڵەکان بەتریق و هۆڕێکەوە ناون و ماست و چایەکەیان ئەخۆن).

منداڵەکان: باشە دایەگیان دەستت خۆش بێ. خوا تۆمان بۆ بهێڵێ کە ئەوەندە بەتەنگ خواردن و ڕابواردنی ئێمەوەی. ئەی ئەگەر هاتەوە نەی کوژین؟

داپیرە: نەء ڕۆڵە. کوشتن بدەنە دەست خوا. پیاوی زۆردار و فروفێڵباز پەندی پێ بدرێ چاکترە لەوەی لەناو ببرێ!.

(لەم وەختەدا ڕێوی دێتە ژوورەوە، دەس ئەکا بەپاڕانەوە لە داپیرە).

مام ڕێوی: ڕۆژتان باش داپیرە. ڕۆژتان باش منالە خۆشەویستەکان. داپیرە خۆت ئەزانی، من هەر لە باووباپیرمەوە نۆکەری ئەو دەرگایەی ئێوە بووم. ئێستەش کە کلکت پەڕاندووم قەی ناکا، تۆ گەورەمی، دەستت خۆشبێ. بەڵام هاوڕێکانم تیزم پێ ئەکەن. بیکە لەڕێی خوادا کلکەکەم پێوە بنێرەوە. بام لەمە زۆرتر ئابڕووم نەچێ. پەیمان بێ تا هەم خراپەم بۆ کەس لێ نەوەشێتەوە!...

منالەکان: (بەپێ کەنینەوە). های ڕێوی کلکی پەڕاوە!... های ڕێوی کلکی پەڕاوە!... لەسەر خواردنەوەی شیری ئێمە، ئۆخەی ئابڕووی براوە!...

داپیرە: مام ڕێوی! چونکە خۆت هاوێشتۆتە مالی ئێمە و ئەپاڕێیتەوە، بەشی خۆم ئەت بەخشم. بەڵام بەخوا هەتا شیری منالەکان نەهێنیتەوە کلکەکەت نادەمەوە!...

مام ڕێوی: (ئەچێ بەلای بزنەوە). بز شیردە، بۆ داپیردە، داپیر کلکە قولیم بداتەوە.

بزن: بچۆ گەلام بۆ بێنە تا شیرت بدەمێ.

مام ڕێوی: (ئەچێ بەلای دارەوە). دار گەلادە، بۆ بزدە، بز شیردا. بۆ داپیر کلکە قولیم بداتەوە.

دار: ئاوم بدە تا گەلات بدەمێ.

مام ڕێوی: (ئەچێ بەلای کانییەوە). کانی ئاودە، بۆ داردە، دار گەلادا، بۆ بزندا، بز شیردا، داپیر کلکە قولیم بداتەوە.

کانی: بچۆ دەستەیەک کیژێنە. چۆپیم لەسەر بکەن. ئاوت ئەدەمێ.

مام ڕێوی: (ئەچێ بەلای دەستەی کیژانەوە). کیژ چۆپی کەن. لە کانی کەن، کانی ئاودا، بۆ داردا، دار گەلادا، بۆ بزدا، بز شیردا، بۆ داپیردا، داپیر کلکە قولیم بداتەوە.

کیژەکان: بچۆ کەوشمان بۆ بێنە تا چۆپیت بۆ بکەین.

مام ڕێوی: (ئەچێ بەلای وەستای کەوش دوورووەوە). وەستا کەوش کە، بۆ کیژکە، کیژ چۆپی کا، لە کانی کا، کانی ئاودا، بۆ داردا، دارگەلادا، بۆ بزدا، بز شیردا، بۆ داپیردا، داپیر کلکە قولیم بداتەوە.

کەوش دروو: بچۆ هێلکەم بۆ بێنە کەوشت ئەدەمێ.

مام ڕێوی: (ئەچێ بەلای مریشکەوە). مر هێلکە کە، بۆ وەستا کە، وەستا کەوش کا، بۆ کیژ کا، کیژ چۆپی کا، کانی ئاودا، بۆ داردا، دار گەلادا، بۆ بزدا، بز شیردا، بۆ داپیردا، داپیر کلکە قولیم بداتەوە.

مریشک: بچۆ دانم بۆ بێنە بیخۆم هێلکەت ئەدەمێ.

مام ڕێوی: (ئەچێ بەلای سەپانەوە). لالەی سەپان خوا خەرمانەکەت بەپیت کا. هەندێ گەنم پێ نابەخشی لەسەری داماوم؟

سەپان: بەسەرچاو مام ڕێوی. فەرموو چەند هەڵئەگری هەڵگرە.

مام ڕێوی: (هەندێ گەنم هەڵئەگرێ و ئەیبا بۆ مریشک). لالۆی سەپان سوپاست ئەکەم. خوا هەربتان هێڵێ بۆ چاکەی گشت لایی بەخوا ئابڕوی منت کڕییەوە!. (ئەگاتە لای مریشک). فەرموو مریشک ئەوە دان.

مریشک: فەرموو ڕێوی ئەوە هێلکە.

مام ڕێوی: (هێلکە کە ئەبا بۆ کەوش دروو). فەرموو وەستا ئەوە هێلکە.

کەوش دروو: فەرموو ڕێوی ئەوە کەوش.

مام ڕێوی: (جووتە کەوشەکان هەڵئەگرێ و ئەیان با بۆ کیژەکان). فەرموو کیژەکانم ئەوە کەوشەکانتان.

کیژەکان: فەرموو مام ڕێوی بام بچینە سەر کانی چۆپیت بۆ بکەین.

مام ڕێوی: (لەگەڵ کیژەکاندا ئەچێتە سەر کانی). فەرموو کانی. ئەوا کیژەکانم بۆ هێنایت. چۆپیت لەسەر بکەن.

کانی: فەرموو ڕێوی. ئەوا ئاوم دایتێ بیبە بۆ دار.

مام ڕێوی: (ئاو ئەبا بۆ دار). فەرموو دار. ئەوا کوندەیەک ئاوم بۆ هێناوی ئەیکەمە بنت.

دار: فەرموو ڕێوی. ئەوە گەڵا بیبە بۆ بزن.

مام ڕێوی: (گەڵا ئەبا بۆ بزن). فەرموو مام بزن ئەوە گەڵا.

بزن: فەرموو مام ڕێوی ئەوە شیر. (ڕێوی دەس ئەکا بەدۆشینی شیر لە بزن).

مام ڕێوی: (بەخۆی و مەنجەڵی شیرەوە ئەچێتە ماڵی داپیرە). فەرموو داپیرەگیان ئەوە شیرەکەتان.

منداڵەکان: ئای!... ئەوە مام ڕێوییە شیرەکەی بۆ هێناوینەوە.ماندوو نەبی مام ڕێوی. دایەگیان بۆمان بکە بەماست. بۆمان بکە بەپەنیر.

داپیرە: ئافەرم مام ڕێوی!... (مەنجەڵە شیرەکەی لێ وەرئەگرێ).

وەرە کلکەکەت پێوە بنێمەوە. بەڵام بەڵێنم ئەدەیتێ کە ئیتر بێ فەڕی نەکەی؟ (کلکەکەی بەقیر پێوە ئەنووسێنێتەوە).

مام ڕێوی: داپیرە خوا سەرئەفرازت کا. تا ئەمرم ئەم چاکەیەتم لەبیر ناچێتەوە پەیمان بێ تا هەم ئازاری کەس نەدەم. وە دڵسۆزی خۆت و منداڵ و کەس و کارت بم. خوا ماڵت ئاواکا. (ئەچێتە دەرەوە).

داپیرە و منداڵەکانی: (بەیەک دەنگ) خوات لەگەڵ مام ڕێوی.

(پەردە دائەدرێتەوە)

(پەردەی ٣)

جێگا: دارستانێکە بەپاڵ شاخێکەوە. لە نزیک دارستانەکەوە شەش ڕێوی وەستاون لەپڕ مام ڕێوی بەخۆی و کلکە قیرینەکەیەوە دەرئەکەوێ و دێتە ناویانەوە).

مام ڕێوی: ڕۆژتان باش. برا ڕێوییەکان.

ڕێوییەکان: (بەیەک دەنگ). ئای ئەوە ڕێویی کاک قرتاوە!... ئای ئەوە ڕێویی کلک قرتاوە!... مام ڕێوی ماندوونەبی!... ئەوە کەی کلکەکەتیان پێوە نایتەوە؟

مام ڕێوی: ئەی نازانن داپیرەم ئاشت کردۆتەوە و ئەویش کلکەکەی داومەتەوە؟

ڕێوییەک: کامەتا بزانم؟ (ئەچێ بەلای کلکیەوە سەیری ئەکا) ئای خۆ ئەمە بەقیر کلکەکەیان پێوە نووساندۆتەوە!... بڕۆ بەولاوە بۆنی قیرت لێ دێ!...

ڕێوییەکانی تر: (هەموو دێنە پێشەوە لێی نزیک ئەبنەوە سەیری ئەکەن و بۆنی کلکی ئەکەن) ها!... ها!... ها...!. ڕاست ئەکا بەخوا. بەقیر کلکیان پێوە ناوەتەوە!. بڕۆ بەولاوە بۆنی قیرت لێ دێ!... هێی!... مام ڕێوی کلکی قرتاوە و بەقیر کلکیان پێوە ناوە!... هێی...!...

مام ڕێوی: (ڕائەکا لە دەستیان. لەبەر خۆیەوە ئەڵێ): ڕاوەستن بۆم تا دێمەوە وێزەتان. پەیمان بێ پەندێکتان پێ بدەم تا ئەمرن لە بیرتان نەچێتەوە!...

(پەردە دائەدرێتەوە)

(پەردە ٤)

جێگا: هەواری ماڵە کوردێکە. شاخ و داخ و چیمەن و دارستان لە دوورەوە دیارە. ژن و مێردێکی شۆخ و شەنگ بەبەرگی کوردییەوە وەستاون. لە دوورەوە ڕێوییەک بەدی ئەکەن ڕائەکا و بوخچەیەکی بەکۆڵەوەیە).

ژن: براژۆ! باوکەڕۆ، مام ڕێوی بەرگەکانی ڕفاندم. (ڕوو ئەکاتە مێردەکەی) ئەها! لەولای دارستانەکەوەیە ڕائەکا. چاوت لێیە بوخچەی بەرگەکانی بەکۆڵەوەیە ڕائەکا؟!.

مێرد: بەڵێ چاوم لێیە. ژنەکە، سەرنج بدە. بەتەکەتەکی کلکیا وا دیارە کە مام ڕێویی لەمەڕ دایکت بێ. بیرتە داپیرە لەسەر شیر خواردنەوە، کلکی ڕێوییەکی پەڕاند و پاشان بەقیر پێوەی نوساندەوە؟... تۆ بڵێی ئەو نەبێ؟

ژن: ڕاست ئەکەی بەخوا خۆیەتی. دەک بەردت لێ بواری، ڕێوییە بۆرەی چەپەڵەی ئەگریسە!... خۆ تۆ بەڵێنت دا بەدایکم کە ئیتر بێ فەڕی ئەکەیت و وەیت بۆ کەسمان ئەبێ. کوێرا دەستی کردەوە بەبەدکرداریی؟!

مێرد: خوایاربێ و تۆم بۆ خۆش بێ، مام ڕێوی لەبەدکردایی ئەخەم. وە ئاشهێلم پرزۆڵەی جلت بڕوا بۆتی ئەستێنمەوە. ئادەی ئەو تفەنگەم بدەرێ! هەر ئێستا دوای ئەو ڕێوییە خوێڕییە ئەکەوم. پەیمان بێ هەتا تۆڵەی تۆ و تۆڵەی گشت کەسی لێ ئەکەمەوە. وازی لێ ئەهێنم!...

ژن: (تفەنگەکەی ئەداتێ). ئەسپەردەی خوابی.

(مێردەکە ئەڕواتە دەرەوە. پەردە دائەدرێتەوە).

(پەردە ٥)

جێگا: شاخ و داخ و ناو دارستانە. مام ڕێوی دەستێ جلی بوکانەی لەبەرایە. لەگەڵ ڕێوییەکانی تر قسە ئەکا. لە دوورەوە گۆمێک دیارە لە بناری شاخەکەدایە شین ئەکاتەوە).

مام ڕێوی: براکان ڕۆژتان باش. بەسایەی خواوە خاسن؟ خوا ئاگادارە من بیرم ئەکردن.

ڕێوییەکان: (بەیەک دەنگ) خوا خۆشت کا مام ڕێوی. ماندوو نەبی. ئەم بەرگە جوانانەت لە کوێ بوو؟

مام ڕێوی: حەز ئەکەن هەریەکە دەستێ بەرگی واتان چنگ کەوێ؟ ڕێوییەکان: ئەی چۆن حەز ناکەین؟

مام ڕێوی: هاهاها! چاوتان لەو گۆمە شینەیە لە بناری شاخەکەدا؟

ڕێوییەکان: بەڵێ چاومان لێیە.

مام ڕێوی: دەمن ئەم بەرگە جوانانەم لەبن ئەو گۆمە دەرهێناوە. ئینجا ئەگەر ئێوەش حەز ئەکەن بەرگی واتان چنگ کەوێ، وەرن بچینە سەر ئەو گۆمە. خۆتان فڕێ دەنە ئاوەکەوە و بەرگی جوان بۆ خۆتان دەربێنن.

ڕێوییەکان: باشە بام بڕۆین. (لەگەڵ مام ڕێویدا هەموو ئەچنە سەر گۆمەکە. لەوێ یەکێ لە ڕێوییەکان خۆی فڕێ ئەداتە ناو گۆمەکەوە).

مام ڕێوی: ئافەرم ڕێوی. بەشی ئێمەش شتی جوان بێنە؟

ڕێوییەکان: مام ڕێوی. بزانین ڕێویی هاوڕێمان نەهاتە دەرەوە؟

مام ڕێوی: (بلقە بلق لە ئاوەکەوە دێت). ئەی گوێتان لێ نییە لەبن ئاوەکەوە بانگتان ئەکا؟ گوێتان لەو بلقە بلقە نییە؟ تا زووە خۆتان فڕێ دەنە ناوی. ئەو بەرگە ڕەنگاوڕەنگانە لە دەس خۆتان مەدەن!...

یەکێ لە ڕێوییەکان: ڕاست ئەکا بەخوا. وا دیارە ڕێوییەکەی هاوڕێمان بانگمان ئەکا. بام خۆمان فڕێ دەینە ناو گۆمەکەوە. بەرگی جوان دەرهێنین. (ئەویش خۆی فڕێ ئەداتە ئاو ئاوەکەوە).

مام ڕێوی: ئارەزووی خۆتانە هەرچی زووتر خۆی بخاتە گۆمەکەوە شتی باشتری چنگ ئەکەوێ.

ڕێوییەکان: برا گەل دەی. (ڕێوییەکانی تریش)، یەک لە دوای یەک خۆیان فڕێ ئەدەنە ناو ئاوەکەوە).

مام ڕێوی: ئۆخەی برا ناپاکەکان. ئەوە ئێوەن بەخنکاوی ئەتان بێنم چەند هەڵاتان لێ کێشام و تیزتان پێ کردم و فیزتان بەسەرا کردم؟ دەبخۆن دەی ئەوە دەردتان بێ!... (ڕێوییەکان لە پاش خنکان سەر ئاوەکە ئەکەون).

زاوای داپیرە: (بەخۆی و تفەنگەکەیەوە بەئەسپایی لە پەنا بەردێکەوە سەربەرز ئەکاتەوە. نیشان ئەگرێتە مام ڕێوی و ئەیپێکی).

ئۆخەی مام ڕێوی ناپاک. ئەویشە تۆی بەپێکراوی ئەت بینم؟ هەی سپڵەی بێ ئابڕو! خۆتۆ لەکن خۆت، بەڵێنت دا بەداپیرەی خەسوم کە ئیتر زیانت بۆ کەس نەبێ. چۆن دڵت بڕوایی دا، لە پاش ئەو هەموو چاکەیەی خەسوم کە لەگەڵی کردیت، بچیت بەرگی بوکێنی کچەکەی بدزی؟!.

ئەی چاکەی خۆیشت بیر ناکەویتەوە! وەختێ کە لە هەموو کەس ئەپارایتەوە یارمەتیت بدا بۆ سەندنەوەی کلکەکەت لە داپیرە. کەس فریات نەکەوت من نەبێ ئەوە بوو لەسەر خەرمانەکەم گەنم دایتێ. هەرماما بەرگی ژنەکەم بدزیت؟!

مام ڕێوی: ئەی هاوار! ئەی هاوار! کوشتمیان!...

زاوای داپیرە: (مام ڕێوی ئەگری و ڕووتی ئەکاتەوە. بەرگی ژنەکەی لەبەر دائەکەنێ و کۆی ئەکاتەوە).
تۆیش بخۆ ئەوە دەردت بێ. ئەت ئەزانی فروفێڵبازی و زۆرداریی بۆ کەس سەرناگرێ؟ (دەس ئەخاتە بینا قاقای. کلکی دەرئەکێشی و، ئەیبڕێتە دەمی. پاشان فڕێی ئەداتە گۆمەکەوە تا ئەخنکێ). ئینجا لەبەرخۆیەوە ئەڵێ: لە عاستی ڕاستابەد هەر ئەنەوێ، خوا ڕاستە و پیاوی ڕاستی ئەوێ.

کچی داپیرە: (بەهەڵەداوان دێتە ژوورەوە). ئۆخەی مێردەکە ئەوە تۆی!

زاوای داپیرە: ئۆخەی ژنەکە ئەوە تۆی؟ ئەمگوت ناهێڵم پڕ زۆڵی جلت بروا. فەرموو ئەوە بەرگەکانت.
(خۆی فڕێ ئەداتە گۆمەکەوە هەر حەوت ڕێوورییەکەی ئەگرێ و فڕێیان ئەداتە بەردەمی ژنەکەی).
فەرموو ئەویش کەولی حەوت ڕێوی لە تۆڵەی دڵ ئازاریتا! (لە ئاوەکە دێتە دەرەوە).

کچی داپیرە: (دەستی مێردەکەی ئەگوشی). سوپاس ئەکەم پورزا خوا تۆم لێ نەسێنێ و هەر پایەدارت کا بۆ سەندنی تۆڵەی هەژار و لێ قەوماوان.

زاوای داپیرە: نوخشەبێ لەوانەش کە ئازاری کورد ئەدەن، خوایاربێ ئەوانیش بەو دەردە ئەبەم. پەیمانی کوردانەبێ، تا تنۆکی خوێنم لە لەشابێ بەرەنگاریی زۆرداری بکەم لە کوردستاندا. وە ئەوانەی کە زۆرداری و ناپاکی ئەکەن لەگەڵ ئەتەوە و نیشتمانما بەو دەردەی مام ڕێوییان ببەم. هەستە بام بڕۆینەوە پورزا. مژدە بەرین بۆ دایکت. بەڵام پێویستە بەدەسی بێ دیاری نەڕۆینەوە. بام لەم کەوڵانە پێنج کەولی پێشکەش کەین. دوانیشی بۆ خۆم و خۆت!

گەمەی مامۆستا و شاگرد

جارێک مامۆستایەک شاگردەکانی ئەبا بۆ سەیران. لە پاش یاریکردن و نانخواردن، دێن دابنیشن چای بخۆنەوە. مامۆستا لێیان هەڵئەستێتە سەرپێ ئەڵێ: «ئەوا چا لێنراوە. هەرچی قسەیەکی وا سەیر ئەکات بمان هێنێتە پێکەنین نایەڵم چا بخواتەوە».

لەولاوە پەرویز ڕاست ئەبێتەوە ئەڵێ: جارێک منالێک بەدایکی ئەڵێ: «دایە بەخوا من لە تۆ زۆرتر حەز ئەکەم گەورە ببم. دایکی ئەڵێ بۆچی؟ ئەڵێ: ئەو حەلە تا بەیانی لە ئاهەنگ ئەبم نانووم. ئیتر تۆیش ئەوەندە سەرم ناکەیتە سەر دەم و چاوم پێ بشوی و خۆشم پێ پۆشتە کەیتەوە»!؟

لە سوچێکەوە شوغالە کەچەڵیش هەڵئەسێ. هەر لەدەم و چاوییەوە دیار ئەبێ کە ئەیان هێنێتە پێکەنین ئەڵێ: «بەخوا چی بێ لە ئێوە نهێنی.

جارێ مامۆستایەک لە شاگردێکی خۆی ئەپرسی: شەڕی گەورە، کەی پەیدا بووە؟ کێ و کێ کردویانە؟ لەسەر چی بووە؟ وە دواییەکەی بەچی گەیبوە؟ ئەویش ئەڵێ: شەڕی گەورە دوێنێ ڕووی داوە. دایکم و

باوکم کردوویانه. لەسەر ئەوە بوو دایکم پێڵاوی پاژنە ئانەیی داوا ئەکرد[١]. باوکیشم دڵی نەئەهات بۆی بکڕێ. دوایی لەیەکیان دا. باوکم سوێندی خوارد ئیتر نەی بینێتەوە. دایکیشم وتی هەتا بۆم نەکڕی نایەمەوە ماڵەوە»!.

هێشتا ئەم لە قسەی خۆی نابێتەوە گۆران هەڵئەسێ ئەڵێ: «جارێک کابرایەکی لادێیی برایەکی ئەمرێ. کە دێن بەپرسەیەوە: لە کردەوە و ڕەوشتی چاکی ئەدوێن. کابراش لەگن خۆی قسە ئەکا ئەڵێ: برا قسەی پێ ناوێ! بەخوا بۆیە مرد ساڵ دوانزەی مانگ ئەمە کاری بوو -گوایا ئەیەوێ بڵێ نوێژی ئەکرد- وەکو سنجوق ئەچەقیا، وەکو گۆچان ئەچەمیا، وەکو تولەش بۆنی وە زەوییەوە ئەکرد!؟».

هەر گورنەتەڵەی گوێ ڕەپ مابوو قسەی خۆی بڵێ، ئەویش دێتەوە پێشەوە ئەڵێ: «کە مام هۆمەری کوردە و ئەفغانییەکە لەسەر هەمانەبۆر شەڕیان ئەبێ و ئەبرێنە لای ناوبژی کەر (حاکم)، هەر کەسەیان هەڵئەسێ و ناوونیشانی هەمانەکەی خۆی هەڵ ئەدا. ئەفغانییەکە ئەڵێ: «تیایەتی: کاوکلتور و خەیار. ئەسکەند و تەشوی و مشار. شاخ و باخ و میرغوزار. دەریای سپی و شاری شام. سە تۆپ چۆغە و نۆ گز خام. گورز و گوپاڵی سام سام»!.

مام هۆمەریش ئەڵێ: تیایەتی: «زەویی ماچین و خەتا. مارومور و ئەژدەها. ڕەشەبا و ئاو و دەریا. چل کۆیان و حەوت کەوا. هەندێ هەسان و شانە. مشتێ دوری یەک دانە. دۆباخ و سەرچایخانە!!». ناوبژیکەر لە داخی ئەم درۆیانە هەمانەکەیان ئەدڕێنێ و ئەیانکاتە دەرەوە[٢]. ئینجا کە لە قسەکانیان بوونەوە، مامۆستا ڕێی شاگردەکانی دا هەر کەسە هات چای خۆی تێ کرد و خواردیەوە.

یاریی:

زانستی گشت لایی

ئەم یارییە لەناو کۆمەڵێک دۆست و برادەرا ئەکرێ. منداڵەکان دێن لەناو خۆیاندا شاە و گزیر هەڵئەبژێرن. شاە لەو سەرەوە لەسەر شتێکی بەرز دائەنیشێ. گزیریش لەم سەرەوە بەرامبەری ڕائەوەستێ، قەمچییەکی بەدەستەوە ئەبێ، چاوەڕوانی فەرمانی[*] شاە ئەکا.

لەم لاو و لەولای شاهیشەوە دوو مامۆستا بەچۆکا دێن دائەنیشن. لەبەردەمی شاەدا دوو سندوق دائەنرێ. شاە ئەوەندەی ژمارەی سەری یاریکەران پارچە قاقەزی بچوک ئەبڕێ، لەهەر یەکەیاندا (پرسێک) و (وەڵامەکەی) ئەنووسێت. پاشان لولیان ئەدا و فڕێیان ئەداتە ناو سندوقی دەستە ڕاستەوە. ئەوەندەی تریش پارچە قاقەزی بچووکی تر ئەبڕێ و لەهەر یەکەیاندا چوار شت ئەنوسێ: «پاداشتێک. سزایەک. جەریمەیەک. دارکارییەک». ئەم قاقەزانەش لول ئەدا و فڕێیان ئەداتە سندوقەکەی ترەوە کە لە دەستە چەپییەوە دای ناوە. ئینجا یاری دەست پێ ئەکرێ. شاە، یەکە یەکە، یاریکەرەکان، بانگ ئەکا.

---

(١) پاژنەی باریک و بەرز: ئەوساکە وای پێدەوترا.

(٢) ئەمە بەشێکە لە هەقایەتی (هەزار و یەک شەوە).

(*) فەرمان: ئەمر. وەڵام: جواب. پاداش: مکافات. سزا: عقاب. جەریمە: غرامە (ش.ف)

ئەوی هات ئەبێ دەست بکا بەسندوقی دەستە ڕاست و دەستە چەپا. لەهەر یەکە قاقەزێک دەربێنی. ئەیاندا بەشاە. ئەویش بەدەنگێکی بەرز ئەیان خوێنێتەوە. ئەگەر یاریکەرەکە توانی وەڵامی ڕاستەقینەی پرسەکە بداتەوە.

ئەوا لە قاقەزەکەی ترا چە پاداشێک نووسرابوو، شاە ئەیداتێ. خۆ ئەگەر یاریکەر نەیزانی وەڵامەکە بداتەوە، ئەوا سزا ئەدرێ. ئەگەر سزاکەی بۆ بەجێ نەهێنرا، جەریمە ئەکرێ. ئەگەر جەریمەکەشی بۆ نەدرا، بەپێی نووسینی ناو قاقەزەکە دارکاری ئەکرێ.

ئەوا لێرەدا هەندێ لەو پرس و وەڵامانە نووسراونەوە بۆ نموونەش یەکێ لەو پاداش و سزا و جەریمە و دارکارییانە پیشان ئەدەین. پاداش: سەلکی باسوق. سزا: یان زەڕین وەک کەر. یان پەنجا فلس جەریمە. یان دە دار لە بەری دەست».

شاە پاداشەکان لەبەردەستی ڕاستیا دائەنێ. جەریمەکانیش کە وەریان ئەگرێ لە ناشییەکان، ئەیان خاتە لای دەستی چەپییەوە. ئەگەر مقۆمقۆیش ڕووی دا لەسەر وەڵامەکان، لە دوو مامۆستاکەی دەستە چەپ و دەستە ڕاست ئەپرسێ تا بەلایەکا ڕاست ئەبێتەوە. دارکاریش گزیر ئەیکا بەڵام لەسەر فەرمانی شاە.

کە یارییەکە تەواو بوو هە چ پارەیەک لە جەریمەکان کۆ ئەبێتەوە، ئەدرێ بەخواردەمەنی خۆش و دەرخواری یاریکەرکان ئەدرێ. هەندێکیشی لێ ئەدرێ بەدەس و پێوەند.

***

پرس: ئافرەت لە ڕۆژئاوادا چۆنە؟

وەڵام: ئافرەت لە ڕۆژئاوادا یەجگار سەربەستە. لە خوێندەواری کارگوزاری و نیشتمانپەروەریدا پەنجە لە پەنجەی پیاو ئەدەن. نوێنەر، سەرکردە، زانا، هونەرمەند (فنان)، نووسەر، بوێژ، دلێر، سینەماکەر، فڕۆکەوان، گەمێوان... لەناو ئافرەتی ڕۆژئاوایی دا زۆر هەڵئەکەوێ.

***

پرس: ئایا کوردیش ساڵ و مانگی هەیە؟

وەڵام: کورد هەر لەمێژە ساڵیان بەدوانزە مانگ داناوە. مانگەکانیش لەسەر هی ڕۆژئاوا ڕێکئەکەون. سەری ساڵیشیان لە یەکەم مانگی بەهارەوە (مارت) دەست پێ ئەکات. مانگەکان ئەمانەن: نەورۆز (مارت)، گوڵان (نیسان)، بەختەباران (مایس)، خەرمانان (حزیران)، میوەخۆش (تموز)، گەلاوێژ (آغستوس)، مشتاخان (ایلول)، پەڵە (تشرین آول)، گەڵاڕێزان (تشرینی ثانی)، شێن بر (کانون آول)، چلە (کانون ثانی)، ڕەشەمێ (شباط).

***

پرس: ئایا ڕۆژوو، جگە لە بەجێ هێنانی فەرمانی خوایی بەکاری هیچ دێ؟

وەڵام: ڕۆژوو بەکەڵکی خۆمان زۆرتر دێ لە خوا. ڕۆژووگرتن، جگە لەوەی کە لەشمان بەهێز ئەکا و لە زۆر نەخۆشیمان ڕزگار ئەکا، فێری ڕەوشتی پیاوەتی و مەردایەتیشمان ئەکا. سەیر ئەوەیە پەزیشکەکانی

ڕۆژئاوا زۆر لە نەخۆشەکانیان بەهۆی ڕۆژوو و پارێزەوە چاک ئەکەنەوە. تەنانەت دڕندە و پەڕندەش کە نەخۆش ئەکەون بەڕۆژوو ئەبن تا چاک ئەبنەوە.

***

پرس: کورد بەچی پێش ئەکەوێ؟

وەڵام: بەخوێندەواری و خواناسی و کۆششی مەردانە و پشت بەستن بەخوا.

***

پرس: ئایا کوردیش وەک دراوسێکانی بەشی لە پەیکەرتاشی (هیکل تاشی) و ساز و ئاواز و نووسینا هەیە؟

وەڵام: ئێستایش لە دەوروپشتی کرماشان و قەرەداغ و سورداش و پەیکولی و ڕەواندزدا گەلێ پەیکەر و نووسین و کۆشک و قەڵا و خانووی دەستکردی کۆنی کورد بەپێوە ماون. لە ساز و ئاواز (مۆسیقە)یشا کورد گەلێک پێشکەوتوون (لاووک، حەیران، قەتار، ئەڵڵاوەیسی، ڕاست، نیوەشەوی، بەری بەیان، خاوکەر...) ئاوازی جوان و ناوازەی کوردن.

نووسینیش هەر لە (١٢٠٠)ی پێش لەدایکبوونی عیسا پێغەمبەرەوە تا ئیمڕۆ و ژیر و زانایانی کورد لە هەڵبەستن و دانانی خۆشخوانی (شیعر) و چیرۆک و قسەی نەستەق و نووسراوانی زانست و هونەر (فن) دوانەکەوتوون. ئەوەندە هەیە ڕۆژگار زۆریانی لەناو بردووە.

***

پرس: کورد ئێستا چەند ملیۆنە؟ لە کوێ و کوێدا دابەش بووە؟ حکوومەتە بەناوبانگە کۆنەکانی کورد کامانەن؟

وەڵام: کورد هەشت ملیۆنە[1]. لە خاکی ئێران و تورکیا و ڕووسیا و سوریا و عێراقدا دابەش بووە. هەندێکیشیان لەم لاو لەولای جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. حکوومەتە کۆنە بەناوبانگەکانی کورد ئەمانەن: (میدیا، ئەردەڵان، لوڕی بچووک، زەند، بابان، سۆران، بەدرخان، ئەیوبی).

***

پرس: لە شاهە گەورەکانی جیهاندا کێ و کێ بەناوبانگن؟

وەڵام: شاهی گەورە ئەوەتا کە دادپەروەر و چاکەکەر و نیشتمانپەرست بووبێ و لە سنووری پیاوەتیش نەچوویتە دەرەوە. لەوانە بەناوبانگەکانیان ئەمانەن: لە عەجەما (نەوشیروان)، لە عەرەبا (عمر بن خطاب و عمر بن عبدالعزیز)، لە تورکیا (مدحت پاشا)، لە کورددا (سەلاحەدینی ئەیوبی و کەریم خانی زەند)، لە ڕووسا (پەترۆی گەورە)، لە ئینگلیزدا (کرۆمۆیل)، لە ئەمریکاییدا (ئەبراهام لینکۆلن).

***

(١) بەپێی بۆچوونی ئەوکاتە ١٩٤٨، ئێستا نزیکەی چل ملیۆن دەبێ.

پرس: نووسەر و بوێژە بەناوبانگەکانی جیهان کێ بوون؟

وەڵام: هەندێ لە نووسەر و بوێژی هەرە بەکەڵک و هەرە بەناوبانگی جیهان ئەمانەن: لە یۆنانییەکاندا (هۆمەر و ئەفلاتۆن)، لە ئینگلیزا (شکسپیر، کارلایل، بەرنادشۆ) لە رووسا (تۆلستۆی)، لە عەجەما (شێخی سەعدی، عومەر خەیام) لە کورددا (بابا تاهیری هەمەدانی، ئەحمەدی خانی، حاجی قادری کۆیی)، لە عەرەبا (شێخ محەممەد عەبدە، جبران خلیل جبران، سەلامە موسا)، لە فەرەنسزا (جان جاک رۆسۆ، ڤۆلتێر، ڤیکتۆر هۆگۆ).

***

پرس: دیدەوانی (کشافە) کێ دای هێنا؟

وەڵام: سێربادین باولی ئینگلیزی دای هێنا.

***

پرس: ئەم مەتەڵانە هەڵبێنە: ئەمە چییە:

١- هەر ئەڕۆیت و نایگەیتێ؟

٢- بەسەبرا کڵاوێکیان هەیە؟

٣- ئەم لا پەرژین ئەولا پەرژین تیایەتی کۆترێکی نەخشین؟

٤- دەسی پیا ئەنێی دەم دائەچەقێنی؟

٥- قەڵای گەچین، رێ نییە تێی چین؟

٦- کوتکە دارێکە و ناوبژیکەری شارێکە؟

٧- هەناسە ئەدا، خاک ئەخوا، گیانلەبەر ئەخوا، دار ئەخوا، کەچی کە ئاوی ئەدەیتێ ئەمری؟

٨- چل تاق، چل نیو تاق، تیایەتی چاوزاق چاوزاق؟

وەڵام: ١- سێبەرە. ٢- سێپایە. ٣- چاوە. ٤- برنگە (مەقەستە). ٥- هێلکەیە. ٦- مەنە. ٧- ئاگرە. ٨- هەنارە.

پرس: قسەخۆش و گاڵتەوگەپ کەرە بەناوبانگەکانی کورد کێن؟

وەڵام: کفر ئەحمەد، مەلا حەمدون، خلە کزی، شێخ رەزای تاڵەبانی.

پرس: شارە بەناوبانگەکانی جیهان کامانەن؟

وەڵام: نیوۆیۆرک، لەندەن، مۆسکۆ، پاریس، بەرلین، ڤیانا، ئەستەموڵ، بەغداد، تاران، سلێمانی، شام، قاهرە، کەرکووک، مەکە، قدس....

خانەدانی نیشتمانپەروەر

کەرکوک: ١٠/میوەخۆش/ ١٩٦٠

براگیان شێرکۆ.

سوپاست ئەکەم بۆ خۆناسینت بەمن. خۆم بەبەختیار ئەزانم کە بەهۆی تۆوە برایەکی تریشم پەیدا کرد. خوا لە خۆشەویستیمان کەم نەکا. گوێگرە وا منیش دەنگوباسی کەرکووکت بۆ ئەنووسم.

لە کەرکوکدا خانەدانێکی زرنگی دەوڵەمەندی قسەخۆشی پایە بڵند هەیە. چەند ساڵێک بۆ لەدەستکەوتی هەر بیست دێیەکەی، کەمەکێک نەبێ کە بۆ ماڵ و منداڵی خۆی گل ئەدایەوە، هەرچی پێ ئەبرا، بۆ میوانداری و هەژار و رێبوار و دۆست و یاری بەخت ئەکرد. هەموو دەم یاریدەی داما و لێ قەوماوی پێ ئەدا، پشتیوانیی زۆرلێکراوانی پێ ئەکرا. لەگەڵ ئەوەشا تۆزقاڵێ دیاریی لە کەس وەرنەگرت. بەڵام پێنج ساڵ لەمەوپێش کوڕێکی پێگەیشتووی، لە خاکی رۆژئاوادا خوێندەواری تەواو کرد و گەڕایەوە. وە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆیا سەری کردە سەر باوکی، وە لە کۆڵی نەبووەوە هەتا باری بەخشین و پیاوەتی و میوانداریەکەی پێ گۆڕییە سەربارێکی نوێتر و جوانتر و بەهێزتر و بەکەڵکتر بۆ هەموان. ئیتر ئەمەیش لەو ساوە میوانخانەکەی داخست و بڵاوی کردەوە بەناو هەموولایەکا» کە ئیتر دەستکەوتی دێهاتەکانی بۆ دێهاتییەکانی خۆیان بەخت ئەکاتەوە».

ئیتر لەو رۆژەوە تا ئیمرۆ ئەم پیاوە زرنگە بەکەڵکە، بەکۆمەکی کوڕە خوێندەوارە نیشتمانپەروەرەکە و هاوڕێ بەنرخەکانیەوە، خەریکی رازاندنەوە و رێکخستن و پێشخستنی ئەم بیست گوندە و کامەرانی و خۆشگوزەرانی دانیشتووەکانیەتی. تا ئێستا لە هەموو گوندێکا شەقامی پاک و پوختەی کردۆتەوە. لەسەر شێوەی نوێ: کانی ئاو، سەرشۆرک، میوانخانە، هۆڵی کۆبوونەوە، خوێندنگای شەو، یانە، باخچەی گشت لایی دروست کردووە و پێک هێناوە. لە هەر دێیەکا، بەمانگانەیەکی باش مەلایەکی باشی نیشتمانپەروەری دامەزراندووە، بۆ سەرپەرشتی کاروباری خواناسی و پێگەیاندنی لادێیەکان و بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لەناویاندا. رەنجبەر و فەرمانبەریشی داناوە بۆ پاککردنەوەی کۆڵان و شەقامەکان، لە خۆڵ و شتیتر بەرۆژ، وە رووناککردنەوەیان بەچراخان بەشەو. تیا ئەحەوێنەوە و ئەپارێزرێن، وە ناهێنرێنە ناو دێ وە لەبەر پاک و تەمیزی. چەرخی کشتوکاڵیشی بۆ دامەزراندن بەمز (کرێ)یەکی کەم ئەیانداتێ بۆ کێڵان و دروێنە و شتی تر.

لادێیەکان ساڵی دووجار، پایز و بەهار، لەلایەن ئەم خانەدانە نیشتمانپەروەرەوە، بەگەورە و بچووک و ژن و پیاوەوە بانگ ئەکرێنە سەر نانخواردن ئەو رۆژە بەگاڵتەوگەپ و گۆرانی و هەڵپەرکێ و بەزمورەزمەوە رائەبوێرن. کە سەیران تەواو بوو هەر کەسە بەپێی خۆی دیارییەکی جوانی پێشکەش ئەکرێ و بەدڵخۆشی ئەنێرێتەوە ماڵی خۆی.

جا دوێنێ بەبۆنەی رابواردنی پێنج ساڵەوە بەسەر رۆژی دامەزراندنی ئەم فەرمانە پیاوانەیەوە، لە کەرکووکدا، لەلایەن هەندێ لاوانی تێگەیشتووەوە بۆ سوپاسکردنی ئەم خانەدانە گەورەیە، زەماوەندێک

کرا. لەهەر بیست گوندەکەوە مەلا و کوێخا و شاگرد، لە کەرکووک و لەگەڵی لای تریشەوە گەلێک دەوڵەمەند و خوێندەوار و نیشتمانپەروەر بانگکرابوون. پاش ڕابواردنێکی پڕ لە ئاهەنگ و بەزمورەزم، لەلایەن، چەند کەسێکەوە وتار خوێندرایەوە. وە بۆ دانیشتووان ڕەنج و کۆششی مەردانە و نیشتمانپەروەرانەی خاوەن دێهات کە لەو پێنج ساڵەدا دابووی لەپێناو پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی ئەو دێهاتانەدا پێشان درا. وە لەلایەن هەموانەوە سوپاسی گەرم و گوڕ کرا. بەڕاستی جێی بەختیاری کوردە کە هەر لەوێدا گەلێک لە دەوڵەمەند و سەرۆکەکان بڕیاریان دا کە ئەوانیش وەک خاوەن دێهات - خانەدانی بەڕێز- سەر و سامانی خۆیان بەختکەن لەپێناو پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی دانیشتوانی دێهاتەکانیاندا.

برات: بەختیار
شاگردێک لە دانیشتووانی یەکێک لەو دێهاتانە

فەرمانبەرێکی بەنرخ

قادرکەرەم: ١٥/گەلاوێژ/ ١٩٦٠

براگیان شێرکۆ.

لە گۆڤاری (کۆمەڵی دستەبرا)دا باسی سەرکەوتنی تۆ و تێکەڵبوونت بەکۆمەڵەکەمانم خوێندەوە. خوا لێت پیرۆزکا، وە لە یارمەتیت بدا کە ببیتە نووسەرێکی باشی بەکەڵک بۆ کوردەواری. بەناوی نوخشەی نامەکاری (مراسلە)ی برایانەمانەوە ئەوا ئەم نامەیەم بۆ ناردی. لەگەڵ دانەیەک لە نووسراوی لە چاپ نەدراوی (شیرین و فەرهاد). تکا ئەکەم تۆیش بۆ چەند ڕۆژێک ئەو نووسراوی (مەم و زین)ەی خۆتم بۆ ڕەوانە بکە، لە پاش لەبەر نووسینەوەی بۆتی ڕەوانە ئەکەمەوە. دوو مانگ لەمەوپێش لەگەڵ برا و خزمەکانما لە خوێندنگاکانی کەرکووک و بەغداد گەڕاینەوە (قادرکەرەم). وامان ئەزانی کە ئەم ساڵیش وەک ساڵانیتر زۆر ناخۆش ڕائەبوێرین. بەڵام بەهۆی هونەرمەندی و نیشتمانپەروەریی گەورەی ناوچەوە، گشت کەس کەوتۆتە خۆشی و کامەرانییەوە. ناوچەش کەوتۆتە ئاوەدانییەوە. گەورەی ناوچە، فەرمانبەرێکی لاوی تێگەیشتووی پێگەیشتووی خوێندەواری نیشتمانپەروەرە. ئەمە ساڵێکە هاتۆتە ئێرە. تا ئێستا ئازاری کەسێکی نەداوە. بەپێچەوانەی فەرمانبەرەکانی پێشووەوە، خەمخۆری هەموو کەسێک ئەکا. دزی و درۆزنی و بەرتیل و زۆرداری و پشێوی و ناکۆکی لەناوچەدا نەهێشتووە. لادێییەکان یەجگار خۆشیان ئەوێ، هەر کە هاتبووە ناوچەکە دەسی کرد بوو بەکۆکردنەوەی پیتاک بۆ پۆشتەکردنەوە و یاریدەدانی شاگردە هەژارەکانی خوێندنگاکانی ناوچەی (قادرکەرەم). تەنانەت لە پارەی باخەڵی خۆی کڵاو و کڵاشی بۆ گشت شاگردەکان کڕی بوو، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە دیاریی بۆ مامۆستاکانیش ناردبوو. چەند جارێکیش گرەوی خوێندەوارانەی لەناو شاگردەکاندا دامەزراند بوو لە نووسینی چەند وتارێکدا لە بابەت بەسەرهات و ژیانی ناوچە و دانیشتووانی ناوچەکەوە، وە بەخششی بەشاگردە دەرچووەکان دابوو.

دوو مانگ لەمەوپێش کە هاتینەوە (قادرکەرەم)، سەرێکمان لێدا. میوانداریيەکی پیاوانە و خۆشەویستانەی کردین. پاشان پێی گوتین: «ئەگەر بەگوێی. برای خۆتان ئەکەن، مەهێڵن ئەم وەختە جوانانەتان بەفیرۆبڕوا. وەرن منیش لەگەڵتاندام پێکەوە بام تێکۆشین بۆ پێشکەوتن و کامەرانی و خۆشگوزەرانی ناوچەکە». ئێمەیش بەڵێنمان داین. ئەمە دوو مانگە لەگەڵیا خەریکین، وە پێکەوە سە خوێندنگای شەو و باخچەیەکی گشت لایی و ڕۆژنامەیەکمان پێک هێناوە. کە باخچەکەمان تەواوکرد، لە هەموو لایەکەوە دانیشتووانی دێی قادرکەرەم و سەرکۆمارەکانی ناوچەکەمان بانگ کرد. وە لە باخچەکەدا زەماوەندێکی شۆخ و شەنگی بێ هاوتامان کرد. لەوێدا کورە سەرۆکەکان، لە ڕووی گیانی کوردایەتییەوە بەدەستی خۆیان جگەرە و چاوقاوە و خورشتیان ئەدا بەجووتیار و ڕەنجبەر و دوکاندارەکان. بەچەند وتارێکی نایاب و چەند ساز و ئاوازێکی خۆش و چەند هەڵپەرکێیەکی بەخۆشەوە شەوگارێکی ناوازەمان بردە سەر. ئینجا (باخچەی گشت لایی قادرکەرەم). پێشکەش بەدانیشتووانی ناوچەکە کرا. کە بەشەو و ئێواران بێن وەختی تیا ڕابوێرن. باخچەکە هەموو ڕەنگە گوڵ و سەوزە و میوەهاتێکی نایابی تیایەوە بەخۆرایی پێشکەشی ئەوانە ئەکرێ کە دێن و تیایا دائەنیشن.

خوێندنگا شەوییەکانیشمان جگە لەوەی کە لادێییەکان فێری خوێندەواری ئەکەن و پێیان ئەگەیێنێ، هەفتەی دووجاریش ئاهەنگ و زەماوەند ئەگێڕن. بەشەوچەرە خواردن و گۆرانی گوتن و وتار خوێندنەوە و یاریکردن و هەڵپەرکێ وە ڕائەبوێرن لەناو باخچەی گشت لاییەکەدا.

ڕۆژنامەکەش کە ناوی نراوە (باسەرە)، ڕۆژنامەیەکی بچکۆلانەی خنجیلانەی هەفتەییە. بەدەست ئەنووسرێتەوە، بەیەک دانەش دەرئەچێ. وە بۆ پێگەیاندنی شاگردە لادێییەکان ئەوی پێویست بێ تیا ئەنووسرێ و لەو شەوانەدا ئەخوێندرێتەوە. پاش ئەوە بۆ دوو خوێندنگاکەی تریش کە لە (قەشقە و قەلامکایل)دان ڕەوانە ئەکرێ کە لەویانەش بۆ شاگردەکان بخوێنرێتەوە. ئەوا بۆ تاسوق چەند ژمارەیەکم لەم ڕۆژنامەیە بۆ ناردیت، تکایە لە بارەی ئەوەوە چیت بەبیردادێ بۆمی بنووسە و ڕۆژنامەکانیشم بۆ بنێرەوە.

ئەم فەرمانبەرە بەنرخە، هەر لێرەدا ئەمەی نەکردووە. لەگەڵێ ناوچەی تریشا وەک (ئەتروش)، (چەمچەماڵ)، (خورماڵ)، چەشنی ئەم کردەوە پەسندانەی نواندووە. ئێستایش بەمە وازی نەهێناوە. بڕیاری داوە کە ئەگەر لە ناوچەکەماندا مایەوە لە گەڵێ دێی ترا ئەم جۆرە خوێندنگایانە بکاتەوە. لە سەرۆکی خۆی و لە سەرۆکی فەرهەنگ (معارف)ەوە، سوپاسنامەیەکی بەنرخی بۆ هاتووە لە پاداشی ئەم کۆششە بەکەڵکانەیا دانیشتووانی ناوچەکەش بەگەورە و بچووک و دەوڵەمەند و هەژاریانەوە، لە خوا ئەپاڕێنەوە کە ئەم فەرمانبەرە نیشتمانپەروەرەیان تاسەر بۆ بهێڵێ بەڵکو لەسایە و پەنایا بحەسێینەوە.

برات: کاوە

وەرزین(*)

تێکڕا هەمـوو منداڵێکی لادێیی ڕەنگ سـوور و گـورج و گـۆڵ و وریا و توانا و چوارشـانەیە. کـار و فەرمانی خۆی و باوکی، لە سەرمای زستان و گەرمای هاوینا، بەئاسانییەکی تەواوەوە ڕائەپەڕێنێ.

بەڵام منداڵی شـاریی، بەزۆری، ڕەنگ زەرد و گـێـژوێژ و تەمـەڵن، جگە لەوەی کـە کـاروباری خوێندنگاشیـان بەجێ ناهێنن، بەتۆزە بزوتنێک بینینی کـاروبارێک مـاندوو ئەبن و لە پەلوپۆ ئەکەون. کەچی بێچووە لادێییەکەش ئەوەندەی منداڵی ئێمە جێگای خۆش و خواردنی ناوازە و بەرگی نایابی نییە. کە بەیانی هات ئەبێ زوو لەخەو ڕاپەڕێ و بچێتە سەر جوتەکەی یاریدەی باوکی بدا. یان بچێتە شاخی دار بکات، یان سەوزە و میوەهات و دەغڵودان بەرێتە شار بیانفرۆشێ. لەگەڵ ئەوەشا نەخۆش ناکەوێ، هەمـوو دەم گەش و ڕووخۆشە. منداڵی ئێـمەش بەتۆزە گەڕانێ مـاندوو، بەتۆزە جوڵانێـک پەککەوتوو، کە بایەکیشی لێ بدا دەمودەست نەخۆش ئەکەوێ. گویا ئەبێ منداڵی لادێیی بۆ چ وا و منداڵی شـاریش بۆ چ وا بێ؟ لەبەر ئەوەیە کە منداڵی لادێیی: ئەجوڵێ، ئەگەڕێ، کار و فەرمان ئەکا، شاخەوانی و دارەوانی و مەلەوانی و سواریی ئەکات. خۆی بەسەرما و گەرما ڕائەهێنێ. لە جێی بای پاکدا ئەژی، خۆی ئەداتە بەرخۆر. منداڵی شـاریش هەر ئەوە ئەزانێ کە لە خوێندنگا هاتەوە، بخوات و بنوێ، ئەجوڵێ و بەتەمەڵی ڕابوێرێ!. لەشی پیـاو پەل پەلە، ئەندام ئەندامـە. هەر پەلێکی کـاری پێ کـرا بەهێـز و گـەورە، وە ئەوی گوێی نەدرا بەلاواز و بێ کەڵک ئەبێ. تەماشای قۆڵی ئاسنگەر کەن چەند ئەستوور و پتەوە!. تەماشای سنگی مەلەوان کەن چەند پانە!. تەمـاشـای قاچی کـاروانچی کەن چەند توند و بەهێزە!. ئەمـانە هەمـووی لەبەر ئەوەیە کە ئەجوڵێنرێن و کاریـان پێ ئەکرێ. کەوابوو ئەگەر ئەم پەلانەمـان یەک یەک بزواند، زۆری پێ ناچێ، هەمـوو لەشـمـان بەهێـز ئەبێ. ئێـمـە چونکە لە شاردایـن، پێـمـان ناکرێ ئەوی لادێیی ئەیکا بیکەین. لەبەر ئەوە ئەبێ شتێکی وا بدۆزینەوە کە هەم لە خوێندن و کار و فەرمانی خۆمان نەکا وە هەم بەهێـزیشـمـان کـا. لەبەر ئەوە وەرزین و یاریکردن لە هەمـوو شـتـێـک چاکـتـرە. لە پاش ئەمـەی کـە لە خوێندنگا ئەگەڕێینەوە و مـاندوومـان ئەحەسێـتـەوە، ئەشێ یاری بکەین، سۆپ تۆپینە، قـەلـەمـی داری، بوخچە بەگـەردانی؛ کەوشەک و سەباز، ڕاکردن، بازدان، یەکە و حەیزەران. چاکـتـرین یارین کە بۆ منداڵ دەست بدەن. جگە لەمـانە گـەڕان لە دەشت و دەرا، گـەشـتـوگـوزار لە وەخـتی وچانی خـوێندنگادا، شاخەوانی، دارەوانی، مەلەوانی، سواری، لە جوانترین و خۆشترین و بەکەڵکترینی بزواندنی لەشن.

بەڵام ئەگەر یاری کردن و وەرزین لە جێگایەکا نەبێ کە بای پاکی هەبێ، بەکەڵـک نایەت. لەبەر ئەوە ڕۆژی گێژەلوکە و ڕەشەبا و تەپوتۆز بۆ یاریکردن دەست نادا. یاریکردنەکەش، ئەبێ، لە ئەندازەدا بێت. چونکە کە لە وزە بەدەر بوو ماندوو ئەبێن تووشی نەخۆشی ئەبێن.

وەکو گوتمان بزوتن لەشمـان بەهێز ئەکا. نەخۆشیمان لێ دوور ئەخاتەوە. ئەوساش کەلەشێکی دروست و خۆش و توانا و وریـامان بوو، مێشکێکی ڕوون و دڵێکی پاک و کەللەیەکی پڕ هۆشمان ئەبێ. لە خۆشی

(*) وەرزین: لەش بزواندن، الریاضة البدنية. (ش.ف)

بەولاوە بەدڵماندا نایەت. ئەوی ئەیخوێنین زوو بۆمان لەبەر ئەکرێ. ئەوی لەسەر شانمانە زوو جێبەجێ ئەکرێن. ئەوساکەش هەموو کەس خۆشی ئەوێین. چونکە نیشتمانپەروەریی لە لاوی تەندروست و هۆشیار نەبێ ناوەشێتەوە!...

سەرۆکی هونەرمەند

دهۆک: ١/مشتاخان/ ١٩٦٠

هاوڕێ خۆشەویستەکەم شێرکۆ.

لەگەڵ نامەکەتا شووشەیەک ڕەنگاو و شووشەیەک ترشیات و قوتوویەک پەپکە گەزۆ و قەڵەمێکی نایابت ڕەوانە کردبوو، چونکە دەستکردی کارگەکانی خاکی سلێمانی بوون وە لە تۆوە نێررابوون چاوم پێیان ڕوون بووەوە. بەدڵ سوپاست ئەکەم. ئەوا منیش لەگەڵ ئەم نامەیەدا قوتوویەک پەنیر و قوتوویەک دۆشاو و میوە (مرەبا) و قوتوویەک زەیتونم بەدیاری بۆ ناردن هیوادارم کە بەدیاری منەوە نۆشیان بفەرموون. ئەگەر بزانن کە ئەم سە قوتووە خورشتە دەستکردی کوردی خۆمانە وە لە کارگەکانی (زاویتە) لەسەر شێوەی ڕۆژئاوایی دروست کراون، وە ئەگەر بزانن کە خاوەنی ئەم کارگانە لاوێکی چەند بەنرخ و بەکەلکە بۆ نیشتمانەکەی خۆی، وە لە چە گیانێکەوە ئەم کارگانەی پێک هێناوە، سەرت سوڕئەمێنێ، وە ئەوەندەی تر دیارییەکانت بەدڵەوە ئەنووسێ.

(جەمشید ئاغا) کە خوێندنی لە (سویچرە) تەواو کرد، لە ساڵی ١٩٥٢دا بەدڵێکی خۆش و ڕوویەکی گەش و گیانێکی نیشتمانپەروەرانەوە گەڕایەوە ناو گەل و نیشتمانە نازدارەکەی خۆی. هەر خوا خوای ئەوەی بوو بگاتەوە ئەوێ و دەمودەست دەس بکا بەپێشخستنی و ئاوادکردنەوەی ناوچەی (دهۆک)وە بەتایبەتی ناوچەی هۆز (عشیرەت)ەکەی خۆیان. هەرچەندە (جەمشید ئاغا) پەروەردەی ناو هۆز و ئاغایەتی بوو، بەڵام لە ڕاستیا نیشتمانپەروەرێکی ڕاستەقینە بوو. وەک کوڕە ئاغاکانی تر نەبوو، حەز لە کەش و فش و خۆنواندن و زۆرداری لە مسکێن و ئازاردانی دراوسێ و خۆهەڵسواندن لە کاربەدەستانی حکوومەت بکا!. ئەیویست ژیانێکی سەربەستانەی پیاوانە ڕابوێری وە لەسایە و پەنای خۆیا هۆزەکەی و دانیشتووانی ناوچەکەی و نەتەوەکەی خۆی بحەسێنێتەوە. لەبەر ئەوە، بەسەزمانە، وای ئەزانی، هەر کە گەڕایەوە، کەسوکار و خزم و هۆز لێی کۆ ئەبنەوە و تۆڵەی دووری ئەم چەند ساڵەی بەئاهەنگ و زەماوەند بۆ ئەکەنەوە. بەڵێ. جەمشید تەماشای دڵی خۆی ئەکرد. بەبیریا نەئەهات کە ماڵە باوکێکی کپ و دڵتەنگ و کەسوکارێکی دوژمن و کردەوە ناپەسەند و هۆزێکی پچڕ پچڕی ناکۆک و پەرێشان و خاکێکی کاول و وێرانی چاو پێ ئەکەوێ!.

بەهۆی زۆروستەمی باوکی و ناشێتی براکانیەوە و بەدکرداری نۆکەرەکانیانەوە، خزمەکان لێیان تەکی بوونەوە، مسکینەکان لێیان ڕاست ببوونەوە، هیچ بەشە دەسکەوتێکیان نەئەدانێ. هۆزەکانی تریش گەلێک لە زەمینەکانیان داگیر کردبوو، هەر شەوە ناشەوێ ئەیان نارده سەریان ماڵیان ئەدانە بەرتفەنگ، خەرمانیان ئەسووتاندن، ئاژاڵیان ئەدزین. کاربەدەستانی حکوومەتیش لەسەر کەتنەکانیان هەرچی ئەتک و ڕیسواییە ئەوەیان پێ ئەکردن!...

بەلام جەمشید، مەردانە هەڵکەوتبوو. بڕوای بەخوا و بەچاکە هەبوو ورەی بەرنەدا. چاکی پیاوەتی لێ کرد بەلادا و هەڵیکوتایە سەر باوک و براکانی. پێی گوتن: «بەو منالییەی خۆمەوە چەند جارم بەئێوەم نەگوت، خراپە خراپەی لە دوە. لە فەرمانی سەرۆکی و خانەدانی و دەولەمەندی خۆتان لامەدەن. چاوتان لە دەسی خواوەبێ. چاوتان لە ڕوتاندنەوەی مسکێن و تالانکردنی دراوسێوە نەبێ. پاشە جار پەشیمان ئەبنەوە!. چەند جارم بەئێوە گوت چاکە بکەن و ببیدەن بەدەم ئاوەوە. ڕوو بکەنە خوا و دڵی کەسوکار و هۆز و دراوسێکانتان ڕاگرن. بۆ پێشکەوتنی گوندەکانتان و خۆشگوزەرانی مسکینەکانتان بکۆشن. تا خواش چاوێکی لە ئێوەوە بێ و نازتان بکێشی و دەستی گەورەییتان بەسەرا بکێشی و بتانخاتە خۆشی و کامەرانییەوە!» گوتیان: «بەخوا هەر چیمان پێ بڵێیت ڕاست ئەکەیت. تازە کراو لە دەس چووا».

گوتی: «نەء هێشتا لەدەست نەچووە!. ئەگەر لە کردەوەی خۆتان پەشیمان بنەوە و لەگەڵ منا ڕوو بکەنە خوا و داوای پیشاندانی ڕێگای ڕاستی لێ بکەن، پاشان ڕێگای خوا بگرن و کۆشش و تەقەلای مەردانە بکەن بۆ پێشکەوتنی ئەتەوە و نیشتمانەکەتان... خوایش لە ئێوە خۆش ئەبێ. دەستان ئەگری و ئەتانخاتەوە سەر دۆخی جاران لە خۆشی و کامەرانیدا». گوتیان: «پەیمان بێ لەبەر بارەگای خوادا! هەرچی باشە بۆ ئەتەوە و نیشتمان ئەوە بکەین، وە هەرچی تۆیش بڵێیت بەقسەت بکەین!». گوتی: «کەواتە واز لە من بهێنن. هەرچی ئەکەم بەربەرچم مەدەنەوە، شەش مانگم لەسەر ڕاوەستن ئەگەر لە جاران باشتر خۆتان و کەسوکار و هۆز و دراوسێکانتانم نەکردەوە بەبرای گیانی بەگیانی، وە دەرامەت و خۆشگوزەرانی هەموو لایەکیشتانم لە جاران چاکتر نەکردەوە. هەرچیم پێ ئەکەن پێم بکەن دەستان خۆش بێ!...» گوتیان: «باشە پێڕەویت ئەکەین!...».

جەمشید ئاغا، دەمودەست چوار پێنج ڕیش سپی جوامێری زرنگی ناو هۆزەکەی نوساند بەخۆیەوە. بەڕاوێژ و ئامۆژگاری و یارمەتیی ئەوان یەکە یەکە چووە مالی هەموو دوژمنەکانی باوکی. وە بەگفتوگۆی شیرین و کردەوەی ڕەندینی خۆی دڵی هەموویانی دایەوە و لەگەڵ باوکیا ئاشتی کردنەوە. کەسوکار و مسکینەکانیشی هەریەکە بەجۆرێ دڵنەوایی کرد و دووبارە نوساندنیەوە بەخۆی و مالی باوکیەوە کاربەدەستانی حکومەت مایەوە. ئەوانیشی هێمن کردەوە و دڵنیای کردن کە بەبێ فەرمانی ئەوان هیچ جوولەیەک ناکرێ.

زۆری پێ نەچوو، خۆشەویستی و ئاسایش و یارمەتی و هاتوچۆ کەوتەوە ناو هۆزەکە و دراوسێکان و مالی باوکی. هەرچی زیانی پێگەیشتبوو لە ڕووی بەدکرداریی باوک و براکانی و نۆکەرەکانیانەوە، تۆڵەی بۆ کرایەوە و پاداش درایەوە. هەر زیانێکیش بەمالی باوکی گیرایەوە. هۆز کەوتەوە گەڕ. کار و فەرمان و ژینی ڕاستەقینە لە هەموو لایەکیەوە سەرەتای دەرکەوتەوە. چەند مانگێکی پێ نەچوو ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی لە ناوچەکەدا پەیدا بووە. هەر لەو ساڵەدا، جەمشید ئاغا، مسکینەکانی مالی باوکی، تا سەر، لە باجی: «مەڕانە و سۆرانە و دارانە...» و «جەریمەکردن» و «دارکاری کردن» و «ئەتککردن» و «بێگاریی کردن»... ڕزگار کردا؟... چوار ڕیش سپی تێگەیشتووی کارگوزاریشی لەناو خۆیاندا پێ هەڵبژاردن بۆ ناوبڕی کردن و پێکخستنەوە و ئاشتکردنەوە و کاروباری هەڵسوڕاندنیان.

بەپارەی خۆی ڕێگای ناو دێهاتەکانی بۆ تەختکردن. مزگەوت، یانە، ئاوی خواردنەوە، سەرشۆرک، خوێندنگای شەوی، چشتیری گشت لایی (استطبل عمومی)ی بۆ دامەزراندن و دروستکردن و بەرهەمهێنان. بۆ پاککردنەوەی شەقامەکانی ناو دێهاتەکان و ڕۆشنکردنەوەیان بەچرا فەرمانبەری تایبەتی دامەزراند. بۆی بڕینەوە: هەر ساڵەی دوو جار، بەرگ و پۆشەنی بەهەژارەکان بدات و دیاریش بۆ دەوڵەمەندەکان بنێری.

لە هەمووی ناوازە و نایابتر، دامەزراندنی ئەو سە کارگەیە بۆ لە دێی (زاویتە)دا، کە لە خاکی ڕۆژاوادە چەرخی بۆ کێشکردن، بۆ دروستکردنی قوتووە (پەنیر) و (دۆشاو) و (زەیتون) و (میوە). ئەم کارگانە جگە لەوەی کە فەرمانیان بۆ هەزاران لە هۆزەکە دۆزییەوە، وە ڕێگای دەرامەد و خۆش گوزەرانییان بۆ کردنەوە، دیسانەوە بوون بەهۆی گیرانەوەی هۆزەکە لە دزی و درۆزنی و پیاوخراپی و، بلاوکردنەوەی خوێندەواری و ژیانێکی پڕ خۆشی و گوشایش و دۆستایەتی لەناویاندا.

جەمشید ئاغا، جگە لە مانگانەی باش لە دەسکەوتی کارگەکانیشی چواریەکێکی ئەبەشێتەوە بەسەر کرێکار و فەرمانبەرەکانیا. لەسەر شێوەی نوێ خانووی بۆ هەموویان دروست کردووە، بەمز (کرێ)ێکی کەم ئەیان داتێ. بەشەو پێیان ئەخوێنێ. هەر مانگێ جارێک ئاهەنگیان بۆ ئەگێڕێ. هەفتەی جارێکیش پزیشکیان ئەهێنێتە سەر، وە لەسەر پارەی خۆی چاکیان ئەکاتەوە. لە کەرەسە و کەلوپەل و خواردەمەنی و بەرگ و پۆشەنی، هەرچی پێویست بێ بەهۆزەکەی دوکانی بۆ داناوە کە هەرزانتر لە شار پێیان بفرۆشێ. جگە لەمانە هاوینەهەوار (مصیف)ێکی نایابیشی لە ناویدا دامەزراندووە. خانوو، دوکان، میوانخانە (اوتیل)، سینەما... بەکورتی هەرچی پێویست بێ بۆ ڕابواردنێکی زۆرنایابی ڕێبواران و گەشتوگوزارکەران دروستی کردووە و پێکی هێناوە. دووبارە بەسایەی ئەم هاوینەهەوارەشەوە سەرچاوەیەکی تری پێشکەوتن و دەرامەت و خۆشگوزەرانی و کامەرانی بۆ دانیشتووانی ناوچەی دهۆک وە بەتایبەتی بۆ هۆزەکەی خۆی دۆزیوەتەوە.

جەمشید ئاغا، لەم ڕۆژانەدا بۆ هەموو شاگردانی خوێندنگاکانی ناوچەی دهۆک دیاری ناردبوو. هەریەکەیان دوو قوتوو (پەنیر) و دوو قوتوو (دۆشاو و میوە) و دوو قوتوو (زەیتون)ی بەرکەوتبوو. ئەوا منیش لە بەشەکەی خۆم نیوەیم بۆ تۆ نارد. تکایە گەیشتنی بنووسەوە ئەم باسەش بەناو کوردەکانی لای خۆتاندا بلاو بکەرەوە. بەڵکو ئەوەندەیتر کۆششی مەردانە بۆ خاکەکەی خۆیان بکەن.

لە پاداشی ئەم کۆششە نیشتمانپەروەرانەی جەمشید ئاغادا، ئیمڕۆ لە خوێندنگای ئێمەدا ئاهەنگێکی گەورە کرا. جەمشید ئاغا و گەلێک لە سەرکۆمار و خوێندەوار و دەوڵەمەندەکانی ئاکرێ و ئامێدی و زاخۆ و سنجار و ڕەواندز و هەولێر بانگ کرابوون. لەهەموو لایەکەوە ستایش و سوپاسی جەمشید ئاغا کرا. خوێندنگا بڕیاری دا کە لەسەر پارەی خۆی و شاگردان (نووسراو)ێک لە بابەت ژینی تایبەتی و ژینی گشت لایی جەمشید ئاغاوە بنووسی، وە کردەوە و کۆششە نیشتمانپەروەرانەکانی بەنەخش و نیگارەوە پیشانی هەموو کوردەواری بدات و بلاوی کاتەوە. هەر وەختێ ئەو نووسراوە لە چاپ درا، دانەیەکت پێشکەش ئەکەم.

برات: جوامێر

دەوڵەمەندی پەسەند

سلێمانی: ١٥/مشتاخان/ ١٩٦٠

برا دڵسۆزەکەم جوامێر:

گەلێک دڵخۆش بووم بەنامە و دیارییەکانت. خوا (جەمشید ئاغا)تان بۆ بهێڵێ و هاوتای زۆر کات. بەڕاستی سوپاستان ئەکەم کە ئاوا ئاگادارتان کردم لە بەسەرهات و کۆششی مەردانەی ئەو لاوە بەنرخە. دەنگوباسی سلێمانی ئەپرسی: دوێنێ لە ئاهەنگێکی شۆخ و شەنگی یەجگار نایابدا بووم کە بۆ سوپاس و نەوازش کردنی (شاهۆ بەگ) کرابوو، لەلایەن کۆمەڵی مامۆستا و شاگردەوە. لە چەقی ڕێگاکانی ناو شاردا، پایەیەک لەسەر سەکۆیەکی خنجیلانە لەناو باخچەیەکی جوانکیلانەدا دروست کراوە، لەهەر چوار ڕوویا وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی شۆخ و شەنگ لەبەردی مەرمەڕ هەڵکەندراوە کە کارگوزاری و نیشتمانپەروەری (شاهۆ بەگ) و سوپاسگوزاری (خوێندەوارانی کورد) ئەنوێنێ بۆ ئەو بانگکراوان، لە ژن و پیاو لە گەورە و بچووک، لە دەوڵەمەند و هەژار، بەهەر چوارلای ئەو پەیکەرەدا دانیشتوون. خۆشەویستی و نەوازشی نەتەوە گەیشتبووە ئەندازەیەک بۆ (شاهۆ بەگ)، کە هەر لە دەرکەوتنیەوە -لە ئۆتۆمبیلەکەیا- تا گەیشتنی بەجێ ئاهەنگەکە، گوڵباران کرا و شادمانی بۆ نوێنرا. ئەو پەیکەرە، لەلایەن مامۆستایانی کوردەوە دروست کرابوو. زەماوەندەکەش، هەر بەسەرپەرشتی ئەوانەوە پێک هێنرابوو. ئاخۆ ئەزانی (شاهۆ بەگ) کێیە؟ و چی کردووە؟ و چۆن بووە بەم پیاوە؟ و کەی گەیشتۆتە ئەم پایەیە؟... گوێ گرە بام پێت بڵێم:

(شاهۆ بەگ)یش وەک گەلێک لە کوردە کارگوزارە زرنگ و بەکارەکان حەز لە دەسەڵات و گەورەیی و دەوڵەمەندی ئەکرد. بەڵام خراپ بۆی ئەچوو. وە گەلێک جار هەڵەی ئەکرد. و ئەکەوتە بەر شەقی نارەزووانی لەشی!... لەبەر ئەوە خۆی تووشی گەلێک تەنگ و چەڵەمە ئەکرد!. لە چەند کەسێکی ناو شار دڵی شکا. جیهانی لە خۆی هێنایەوە یەک!. خەڵکی شارەکەی بەدناو کرد و خۆی بۆ خاکی بێگانان ئاوارە کرد!. لەوێدا شانی کوتا و ڕەنجی دا. تا بووە یەکەم دەوڵەمەندی ئەو ناوە!. ئینجا خووی دایە فەرمانبەرانی حکوومەت تا خۆی گەیاندە پایەیەکی هەرە بڵند لە حکوومەتا!... بەوەش تێری نەخوارد. خووی دایە فەرمانی زلەزلەی بازرگانی تا لەوەشا گەیشتە ئەوپەڕی سەرکەوتوویی!. هێشتا ئەمەش دڵی دانەمرکاند. دەسی دایە فرۆفێڵبازی بۆ ناوبانگ و گەورەیی و سەرمایە پێکەوەنان!... ئینجا ڕووی کردە قومار و سەرخۆشی و داوێنپیسی. هەرچی خوا حەزی پێ نەکات و دڵ بیەوێ کردی!. شاران و خاکان نەما سەریان پیا نەکا. تا دوایی لە شارێک لە شارەکانی کوردستانی تورکیادا گیرسایەوە!. لە خۆش ڕابواردن و بەزمورەزما هەوای باڵی خۆی نەئەدا. خۆی لەپەلوپۆ خستبوو لەگەڵ ئەوەشا دڵی نەئەسرەوت، کامەرانی دەس نەئەکەوت. دوایی لە گلاراوی خۆیا نەخۆش کەوت. وە بەجۆرێکی وا شپرزە بوو، ئەتگوت، شاهۆ، ها ئێستا بمرێ ها تاوێکی تر!... لەودەمەدا، کە شاهۆ بەگ بەدەم تایەکەیەوە وڕێنەی ئەکرد و بیری لە ڕازی ئەوە ئەکردەوە کە لەسەر ئەو هەموو ڕەنج و تەقەلایە و بەزمورەزم و سەر و سامان و ناوبانگەدا... بۆ چ تاوێک گیانی ناسرەوێ؟ و لە چەند و چۆن ڕزگاری نابێ؟ بۆ چ قەت شەوێ

بەناسوودەیی و بێ خەمییەوە سەر نانێتە سەر سەرین؟!... لەو دەمەدا کە شاهۆ بیری لەو کڵۆڵییەی خۆی نەکردەوە... چەند بومەلەرزەیەکی توند و سامناک پەیدا بوو، شارەکەی هێنایە لەرزە و چەندییەکی گەورەشی لە نزیک شارەکەوە سەرەونگون کردا... بەسەدان ژن و پیاو و مناڵ، بریندار بوون و لەناوچوون و بوون بەژێر خۆڵەوە!. بەهەزار خێزانی کوردی بەسەزمان ئاوارە و شپرزە بوون و روویان کردە ناو شار. پەنایان بردە بەر گەورە و کاربەدەستان!... قاووقیژ و دەنگە دەنگ و ئاخ و ئۆف و هاوار و فریادی ئەو کەساس و لێ قەوماوانەش، ئەوەندەیتر سرەوتی لە شاهۆ بەگ تێکدا و دەردەکەی لێ گران کردا... شاهۆ کە سەیری شپرزەیی و بێچارەیی ئەو کڵۆڵانەی ئەکرد، سەرگەردانی خۆی ئەکەوتەوە بیر، لە داخا دایە پرمەی گریان، ئەنوست و فرمێسکی خوێنینی ئەوەستایەوە تا بەیان!... یەکێک لەو کڵۆڵانە مامۆستایەک بوو، لە هەموو سەرمایەی جیهاندا، ژنێکی نازەنین و خانوویەکی خنجیلانەی بووبوو. ئەوانیشی لەو بومەلەرزەیەدا لە دەس چووبوو!... چووبوو بەهاواری چەند شاگردێکەوە، یارمەتییان بدا و لەژێر دار و پەردەی خانوو دەریان بێنی. بەلام، بەسەزمانە، تا رزگاری کردبوون و هاتبووە ماڵەوە، وچانێ بدا (خانوو خۆشەویستەکەی) و (خاتمە نازەنینەکەی)، لەژێر چەپۆکی بومەلەرزەدا، لە دەس چووبوون و سەرەونگون بووبوون! شاهۆ، بەو هەموو خۆپەرستی و دڵرەقییەی خۆیەوە، ئەمەندە بەزەیی بەو مامۆستا لێ قەوماوەدا، هاتەوە، خۆی لە بیرچووەوە و مامۆستای هێنایە ژوورەکەیەوە. هەردووکیان کڵۆڵی خۆیان بۆ یەک ئەگێرایەوە و بەسەریەکا ئەگریان تا بەیان!... شاهۆ، دڵی بۆ یەکێ سووتابێ و مەبەسی پێی نەبووبێ!؟... بەڵێنی دایە کە هەرچییەکی لە دەس چووە بۆی بژمێری. لەگەڵ خۆیا بیباتەوە بۆ (سلێمانی). لەوێ خانوویەکی نایابی پێشکەش کا و ژنێکی بەدڵی خۆی بۆ بێنی و بەفەرمانێکی باشەوە دایەزرێنی. کابرای مامۆستای بەسەزمان، شاهۆ بەگ، لەچاو ئێش و ئازاری لەش و زامی دەروونیا، ئەو رۆژەی بەکامەرانییەکی بێ ئەندازەوە رابووارد. ئیتر لەو رۆژەوە نەخۆشییەکەی رووی کردە چاکبوونەوە. وە بەرەبەرە. لە بەختیاری راستەقینە نزیک بووەوە. شاهۆ، ئەمە یەکەم جار بوو، لە ژیانیا، کە هەستی بەخۆشی و بەختیاری راستەقینە کردبوو. شاهۆ تێگەیی کە رازی بێ ئارامی و گلاراوی تا ئەوسای هەر ئەوە بووە کە لە خۆی بەولاوە کەسی تری نەویستووە. تێگەیی کە خۆپەرستی بوو بۆ رێگای بەختیاری لێ بردبووە بەست، وە بارستاییەکی گەورەی خستبووە ناوەند خوا و خۆیەوە. وە خوای لێ شاردبووەوە!؟. تێگەیی کە تا ئەوسا فەرمانی خوایی و جیهانی و نیشتمانی خۆی بەجێ هێناوە، بۆیەکا دڵی بەهیچ نەکرایەوە!؟. تێگەیی کە تا ئەوسا پیاوەتی نەزانیوە و پیاوەتی نەنواندووە، هەر پولپەرستی و خۆپەرستی کردووە، بۆیەکا خەفەت و سزا و ئەرک و ئازار سەری لێ شێواندووە!؟

بەڵێ. شاهۆ، رازی راستەقینەی بەختیاری تێگەیشت. لە رازی ژیان گەیشت. خوای ناسی و لێی نزیک بووەوە. وە بەڵێنی دا بەخوا! کە تا ئەمێنێ یارمەتی کڵۆڵ و بێچاران و داماوان بدا. وە ئەوەندەی ماوە لە جیهاندا، تەمەنی خۆی لە پێناو پێشخستن و سەربەرزیی نەتەوە و نیشتمانەکەی خۆیا بەخت کا!.

شاهۆ بەگ، بۆ یەکەم جار، هەستی بەپیاوەتی کرد. هەستی بەهێز و گوڕ و سەربەرزی و مەردایەتی

کرد. پەردەیەکی ڕەشی بەسەر ژینی خۆپەرستانەی ناپەسەندی پێشووی خۆیا دادایەوە. ڕووی کردە خوا و ڕێی چاکەی گرتەبەر. وە لەگەڵ مامۆستاکەدا، بەبێ وەستان ڕووی کردەوە جێی فەرمانەکەی خۆی. بەزوویەکی زوو، هەرچی سامان و کەلوپەلێکی هەبوو لەوێ کۆی کردەوە و ڕووە و نیشتمانە نازدارەکەی خۆی گەڕایەوە!...

کە گەیشتە ئەوێ دەمودەست بڵاوی کردەوە کە بڕیاری داوە ٢٠,٠٠٠ دینار بەخت کا بۆ دروستکردنی خانوو بۆ مامۆستاکانی خوێندنگاکان لە هەموو ناوچەکانی خاکی سلێمانیدا. بڕیاری دا بەو پارەیە سەد خانوو دروست کا. (٣٠) خانووی لە شاری سلێمانیدا، لە هەڵەبجە و قەڵادزە و چوارتادا. هەریەکە (١٠) خانوو، لە هەردە ناوچەکانی تریشا هەریەکە (٤) خانووی لە ماوەی یەکساڵدا دروست کرد و بەمز (کرێ)یێکی کەم دابەشی کردن بەسەر مامۆستاکانی خوێندنگاکاندا. وە بڕیاری دا کە دەستکەوتی مزی ئەو خانووانە بەرەو ڕووی شاگردە هەژارەکانی ئەو خوێندنگایانە بکرێتەوە کە لەو ناوچانەدان، جگە لەوە بڕیارێکی تریشی دا کە لەوە دواش هەر ساڵێ (٢٠) خانووی تر لەو شوێنانەدا دروست بکات تا هەموو مامۆستاکان ئەخاتە حەسانەوە. ئەم کردەوە ڕەنگینە مەردانەیە، شەش ساڵی بەسەرا ڕۆیشتووە. وە ئێستا لە سایەی شاهۆ بەگەوە خاکی سلێمانی کەوتۆتە حەسانەوە و شادمانی و خۆشگوزەرانییەوە، تایبەتی خوێندەواریش بەئەندازەیەکی یەجگار گەورە و پەسەند بڵاوبووەتەوە لەناویاندا.

جا شاهۆ بەگ ئەم فەرمانە گەورە بەنرخەی، خستبووە ژێر سەرپەرشتی ئەو مامۆستا ئاوارەیەوە کە لەگەڵ خۆی لە کوردستانی تورکیاوە هێنابوویەوە. لە ڕاستیا ئەم مامۆستا بەنرخەش هونەرمەندی و کارگوزارییەکی بێ هاوتای نواند لە پێکهێنان و تەواوکردنی ئەو خانووانەدا. ئێستەش چاودێری ئەو خانووانە و دابەشکردنی دەستکەوتی مزەکانیان بەسەر شاگردە هەژارەکاندا بەسەرپەرشتی ئەوەوە ئەکرێ شاهۆ بەگیش پیاوانە لەگەڵیا هاتە پێشەوە. بەڵێنەکەی خۆی بردەسەر ژنێکی جوانی بەدڵی خۆی بۆ هێنا. خانوویێکی نایابی پێشکەش کرد. وە موچە و کار و فەرمانێکی وەها باش و نایابیشی بۆ دۆزیەوە.

جا ئەم ئاهەنگەی دوێنی بۆ ئەم پیاوە گەورە نیشتمانپەروەرە کرابوو، کە تا ئێستا لە هەموو کوردستاندا هونەرمەندێکی وەها هەڵنەکەوتووتەوە.

برات: شێرکۆ

خوداى هەژاران

ئەم نووسراوە

ئەم دە چیرۆکەی پێشکەشی منداڵە خۆشەویستەکانی دەکەم، هەندێکیشیان لەسەر بنچینەی چیرۆکە نەتەوەییەکانمان دامەزراون، هەندێکیشیان لەسەر کارەسات و ڕووداوی ژیانی کوردەواریان. بەڵام بەهەموویان یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش پەروەردەکردنی (منداڵانی کورد)ە بەگیانی (خوداپەرستی)یەوە، نەک (خۆپەرستی). لە ڕاستیدا (خوداپەرستی) و (خۆپەرستی) تەواو پێچەوانەی یەکترن. لە (خوداپەرستی)یەوە؛ نیشتمانپەروەری و، گەلپەروەری و، مرۆڤدۆستی و، هەموو چاکەخوازییەک و، هەموو کردەوەیەکی پاک و پیرۆز و، هەموو ڕەوشتێکی جوان و ڕەنگین دەوەشێتەوە، لەگەڵ ژیانی (دادپەروەری)دا.

لە (خۆپەرستی)یەوە هەموو کردەوەیەکی گەنگ و ناپەسەند دەوەشێتەوە، لەگەڵ گیانی (زۆرداری)دا.

(خوداپەرستی) بۆ پێشکەوتنمان دەبات.

(خۆپەرستی) بۆ پاشکەوتنمان دەبات.

(خوداپەرستی) سەربەرز و کامەرانمان دەکات.

(خۆپەرستی) سەرشۆڕ و سەرگەردانمان دەکات.

لەبەر ئەوە تکا لە باوک و دایک و مامۆستا بەڕێزەکان دەکەم چەندیان لە دەست دێت: واتای چیرۆکەکان و مەبەسی چیرۆکەکان بۆ منداڵەکانیان ڕۆشن بکەنەوە و، وێنەیان لەسەر (داگیرکەری) و (کۆنەپەرستی) و (هاوبەشی) و (پێشکەوتنخوازی) و (مرۆڤدۆستی) بۆ بهێننەوە، تا منداڵەکانمان هەر لە ئێستاوە دۆست و دوژمنی نەتەوەکەی خۆیان بناسن و فەرمانی سەرشانی خۆیان بەرامبەر هەر یەکەیان بزانن و، جێبەجێی بکەن.

هەروەها بایەخیش بدەن بەوەی (گیانی خۆپەرستی) لە دڵ و دەروون و مێشکی منداڵەکانمان لە ڕەگ و ڕیشەوە بهێننە دەرەوە. چونکە لە ڕاستیدا دوژمنی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمان لەناو دڵ و دەروون و مێشکی خۆماندایە. ئەگەر بمانتوانیایە بەتەواوەتی هۆگری (خوداپەرستی) ببین و، خۆیشمان لە (خۆپەرستی) دوور بخەینەوە، هەتا سەر، بەئازادی و سەربەرزی و خۆشگوزەرانی و کامەرانییەوە دەژیاین. نە جەنگمان دەدی و، نە سەرشۆڕی. نە سەرگەردانیمان تووش دەبوو و، نەماڵوێرانی.

لە چیرۆکەکاندا جێی؛ ئافرەتان، جووتیاران، کرێکاران، لاوان، گەورەپیاوان، مرۆڤدۆستان، زانا و تێگەیشتووان، هەژاران و داماوان و لێ قەوماوان، نیشتمانپەروەران، خەباتکاران، بەئاشکرا دیارە و پەنجەی بۆ کێشراوە.

هەروەها جێگای زۆرداران و دوژمنانی نەتەویش پەنجەی بۆ کێشراوە. منداڵانیش جێگای بەزەیی هاتنەوە و، خۆشەویستی و بەتەنگەوە بوونن.

زۆر بایەخم دا بەوەی، لەسەر شێوەی منداڵان خۆیان، قسەکان، لە زۆربەی چیرۆکەکاندا دووبارە بکەمەوە. بەزمانێکی کوردیی پەتیی سووک و ئاسان و پاراویش چیرۆکەکانیان بۆ بگێڕمەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا تکا لە مامۆستا و دایک و باوکەکان دەکەم؛ ئەگەر هەندێک وشە و واژەی تازە بابەتیان هاتە بەردەم، بۆ منداڵەکانی ڕۆشن بکەنەوە. وا بۆ ئەم مەبەستەش فەرهەنگۆکێکم پێشکەش کردوون.

ئیتر ئەمەندە و ئەگەر چیرۆکەکانم دڵی منداڵە خۆشەویستەکانمان خۆش بکەن و بەکەڵکیان بێن، خۆم زۆر بەبەختیار دەزانم.

هەولێر
١٩٧٨/٨/٢٥

خودای هەژاران

(١)

کچێکی هەژار

(ڤیان) لە خێزانێکی هەژار لە دایکبوو بوو. باوکی ئاشەوان بوو. دایکیشی کەیبانووی ماڵ بوو. چوار منداڵی بەخێو دەکرد و، یارمەتی مێردەکەیشی دەدا لە فەرمانەکەیدا. (ڤیان) منداڵی سێهەمیان بوو. کە باوکی مرد تەمەنی سێ ساڵان بوو. دایکی ڤیان لە کوردەکانی کوردستانی ئێران بوو. باوکی ڤیان لە کوردەکانی کوردستانی عێراق بوو. ڤیان خۆیشی نە کچێکی جوان بوو. نە کچێکی ناشیرین بوو. بەڵام ئێسک سووک و قسە خۆش بوو. زیرەک و نەرم و نیان و دەم بەپێکەنین بوو. لەبەر ئەوە ئەندامانی خێزان، هەموو، خۆشیان دەویست. هەموو دەم دەیاندواند. هەموو جار گاڵتە و قسەی نەستەقیان لەگەڵدا دەکرد.

(٢)

خێزانێکی پەرێشان

کە باوکی (ڤیان) مرد، هیچ سامانێکی ئەوتۆی لەپاش بەجێ نەما، کە خێزانەکەی بتوانێت تا سەر خۆی پێ بژێنێت. منداڵەکانی هەموو ورد بوون؛ فەرمانیان پێ نەدەکرا، تا نانی خێزانەکەی پێ پەیدا بکەن. دایکەکەیشی لەبەر جوانی و ئابڕووی خۆی نەیدەتوانی خۆی بکات بەدەس و پێوەندی ماڵە دەوڵەمەندەکان، تا نانێک بۆ خۆی و منداڵەکانی پەیدا بکات. لەبەر ناشێتی و نەخوێندەواریشی فەرمانی گشتی دەست نەدەکەوت. لەبەر ئەوە خێزانەکە کەوتبووە سەرگەردانییەکی تەواوەوە. لە پەرێشانیدا دەژیا. دامابوو نەیدەزانی؛ چی بکات؟!... ئەندامانی خێزانی بەسەزمان هەر ئەوەندەیان بۆ مابووەوە لە (خودا) بپاڕێنەوە؛ ڕێگای ژینێکی سەربەرزانەیان پێشان بدات.

(٣)

خودا دەکەوێتە فریایان

ئاشەکە هی پیاوێکی تر بوو. هی باوکی ڤیان نەبوو. ئەم پیاوە کە دایکی ڤیانی دی، وای بەسەر

هاتووە، ترسا لەوەی ئاشەکەی پەکی بکەوێت. ویستی لە ئاشەکەدا بیهێڵێتەوە تا وەک جاران کاری پێ بکات. بێجگە لەوە دایکی ڤیان جوان و هەرزەکار بوو. حەزی لێ کرد.

کە ناردی بۆی بخوازن، بیکات بەژنی خۆی، دایکی ڤیان کەوتە بیرکردنەوە. کە لێکی دایەوە؛ بۆ پاراستنی ژیانی منداڵەکانی خۆی و ئابرووی خۆی ئەمە چاکتر بوو کە شووی پێ بکات. لەگەڵیدا ڕێککەوت. ئەویش مارەی کرد. بەم ڕەنگە (خودای هەژاران) دایکی ڤیان و منداڵەکانی لە برسێتی و نەبوونی و ئابڕووچوون ڕزگار کرد. لەبەر ئەوە دایکی ڤیان و منداڵەکانی پڕ بەدڵ سوپاسی (خودای هەژاران)یان کرد، کە ئەو خاوەن ئاشەی بۆ ڕەخساندن، لەسەر دەستی ئەویشدا ڕزگاری کردن.

(٤)

باوە پیارەکەی ڤیان خراپ دەرچوو

کابرای خاوەن ئیش تا ماوەیەک لەگەڵ خێزانی تازەیدا باش بوو. بەڵام چونکە خێزانێکی تریشی هەبوو. زۆری پێ نەچوو، دەستی کرد بەتەنگەتاوکردنی منداڵە بێ باوکەکان. جارێک لێیان تووڕە دەبوو. جارێک لێی دەدان. جارێک دەری دەکردن. فەرمانی باوە پیارەیی خۆی لەگەڵ بەجێ نەدەهێنان. منداڵەکان لە کردەوەی باوە پیارەکەیان تەواو وەڕس بووبوون. خەفەتیان لێ دەخوارد. کە لەگەڵ دایکیاندا، بەتەنیا، دەمانەوە، دەکڕووزانەوە دەگریان. دایکەکەیشیان لەم بارە تەواو خەمبار بووبوو... نەیدەزانی چی بکات؟ ئەگەر لای دادگاه سکاڵای لە دەست مێردەکەی دەکرد و خۆی پێ بەرەڵڵا دەکرد. دەترسا لەوە خۆی و منداڵەکانی دووبارە تووشی سەرگەردانی و دەردەسەری بێنەوە. ئەگەر لەگەڵ مێردەکەیشیدا دەمایەوە بەزەیی بەمنداڵەکانیدا دەهاتەوە، ئەو بارە ناخۆش و ناهەمووارەی پێ هەڵ نەدەگیرا. لەبەر ئەوە هیچ جێگایەک نەمابوو پەنای بەرێتە بەر (خودا) نەبێت.

(٥)

خودا فریای خێزانەکە دەکەوێتەوە

دایکی (ڤیان) ئەم جارەیش لە خودا پاڕایەوە فریایان بکەوێتەوە زۆری پێ نەچوو خودای گەورە بەهاوارییانەوە هاتەوە. خودا دوو خێزانی خوداناسی دڵ چاکی بۆ ڕەخساندن. خێزانێکیان کوڕەکە و دوو کچەکەی بردە لای خۆی، بەخێویان بکات و فەرمانیان پێ بکات. خێزانێکیشیان (ڤیان)ی بردە لای خۆی لە ڕێی خودادا پێی بگەیێنێت، پەروەردەی بکات بۆ ئەمەی ببێتە ئەندامێکی بەکەڵک بۆ نیشتمانەکەی خۆی. ئەودەمە (ڤیان) تازە تەمەنی گەیشتبووە چوار ساڵان.

(٦)

ڤیان دەنێرنە بەر خوێندن

(ڤیان)ی بەسەزمان تا چەند ڕۆژێک لە ماڵەکەدا خۆی بێچارە و ئاوارە دەهاتە پێش چاو. دەگریا بۆ دایکی. دەیگوت: «دایکم دەوێت... بمبەنەوە لای دایکم... دەچمەوە لای دایکم... دایکم دەوێت... دایکم...» بەڵام کە دی کەیبانووی ماڵەکە، دایکانە لەگەڵیدا دەجووڵایەوە؛ سەر و لەشی شووشت و،

جلوبەرگی تازەی لەبەرکرد و، خواردنی خۆشی دایە و، ڕۆژانەی بۆ بڕییەوە، بەرە بەرە خەمی دڵی سارێژ بوو و، ڕاهات بەژیانی تازەیەوە. ئیتر ئەویش بەدەم خۆی و مێردەکەیەوە پێ دەکەنی و، وەک دایک و باوکی خۆی دادەنان. زۆری پێ نەچوو دڵی نووساند بەدڵیانەوە و قسەی خۆشی بۆ دەکردن و، دەیهێنانە پێکەنین. لە ڕاستیدا دایک و باوکە تازەکەی (ڤیان) باش دەرچوون. هەر ئەو ساڵە ناردیانە بەرخوێندن و خستیانە (باخچەی ساوایان)ەوە.

(٧)

ڤیان گەشە دەکات و پێ دەگات

ڤیان لەپاش ساڵێک تەواو گەشەی کرد و پێگەیشت. لە باخچەی ساوایان و خوێندنگای سەرەتایی و خوێندنگای ناوەندی و ئامادەیی دەرچوو. خۆشی چونکە کچێکی نەرم و نیان و ڕووخۆش و کردەوە ڕەندین بوو، لە هەموو خوێندنگاکاندا مامۆستاکانی و شاگردەکانی پۆلەکەی خۆشیان دەویست. لەبەر ئەوە گەلێک جار دەکرا بەسەرۆکی شاگردانی پۆلەکەی خۆی. گەلێک پاداشیشی لە خوێندنگاکانەوە پێ دەبەخشرا. دوایی تەواو گەشەی کرد و پێگەیشت. کە دەرچوو، لەلایەن فەرمانڕەواییشەوە، وەک فەرمانبەرێکی ئافرەت دامەزرا.

(٨)

پەیوەندی ناوەند ڤیان و دایکی و برا و خوشکەکانی

هەموو جارێک دایک و برا و خوشکەکانی ڤیان دەهاتە سەرلێدانی ڤیان. ماڵەکەیش ڕێزێکی زۆری لێ دەگرتن. ئەوانیش کە دەیاندی ماڵەکە ڤیان وەک کچی خۆیان تەماشا دەکەن، چاویان دەگەشایەوە، دڵیان شادمان دەبوو. خۆیان پێ نەدەگیرا؛ پڕ بەدڵ سوپاسی ماڵەکەیان دەکرد و، لە خودای گەورەیش دەپاڕانەوە کە ئەو ماڵە بپارێزێت و، هەمیشە دەستیان بگرێت و، سەربەرزی خۆشگوزەرانی و کامەرانییان پێ ببەخشێت.

کە (ڤیان)یش بوو بەفەرمانبەر، هەرچی دڵی پێ خۆش دەبوو. لە کەلوپەل و جلوبەرگ بۆ خۆی دەکڕی. هەروەها دیاری نایاب نایابیشی بۆ دایکی و براکەی و خوشکەکانی پێشکەش دەکرد. بۆ کچۆڵەکانی دۆستی خۆیشی دیاری دەبرد و، جلوبەرگی بۆ دەدورین و میواندارییشی دەکردن.

(٩)

خودای هەژاران

خودای هەژاران چاوی لە برا و خوشکەکانی (ڤیان)یش بوو. براکەی هەرچەندە کەمی خوێند، بەڵام بووە وێنەگرێکی سەرکەوتوو. ماڵیشی پێکەوەنا و ژنیشی هێنا و دوو منداڵی جوانیشی بوو. هەموو جارێک سەری لە (ڤیان)ی خوشکی دەدا و دیاری بۆ دەهێنا. خوشکەکانی (ڤیان)یش هەردووکیان، شووی چاکیان کرد. بوون بەخاوەن ماڵ و منداڵ. ئەوانیش لەگەڵ (ڤیان)دا جاروبار هاتوچۆی یەکتریان دەکرد و دیارییان بۆ یەکتر دەهێنا.

دایکی (ڤیان)یش، بەناچاری، هەر لەگەڵ باوە پیارەی منداڵەکانیدا مایەوە و هەڵیکرد.

هەرچەندە کابرای مێردی سەهەند بوو و، دڵی ئازار دەدا، بەڵام بەسایەی (ڤیان) و منداڵەکانی تریەوە ژیانی بۆ ئاسان بوو بوو. چونکە یاریدەیان دەدا.

باوە پیارەکەی (ڤیان)، چونکە ئازاری دڵی ئەم منداڵانە و دایکیانی دەدا، تا دەهات ژیانی سەختتر دەبوو. تەنگانەی زۆرتر دەهاتە بەر. خودا تۆڵەی ئەوانی لێ دەکردەوە.

بەڵام ئەو پیاو و ژنەی (ڤیان)یان پێکەیاند، تا دەهات خودا دەستی دەگرتن و خۆشی و ئارام و سەربەرزی پێ دەبەخشین.

بەڵێ (خودای هەژاران) وایە. هەروەک (دادپەروەر) و (کارپەسند)ە. بە(زەبروزەنگ)یشە.

هەر کەسێک چاکە بکات، چاکەی دێنێتەوە ڕێ.

هەر کەسێکیش خراپە بکات، خراپەی دێنێتەوە ڕێ.

هەر کەسێک (لا) لە (هەژاران) بکاتەوە، (بەختیار)ی دەکات.

هەر کەسێکیش ئازاری (هەژاران) بدات (جەزرەبە)ی پێ دەگەیێنێت.

ڕەنج نەدەیت نان ناخۆیت!...

(١)

کێ گەنمەکە پەیدا بکات؟

(ڕەوشەن) بە(مەنیج)ی دۆستی و (نەخشە)ی هاوڕێی گوت: «نیازم هەیە ڕەنج بدەم و، هەندێک گەنم پەیدا بکەم، بۆ ئەمەی بیچێنم و بەشی ساڵێک گەنم بۆ خۆم و خێزانەکەم بدروومەوە. کامتان یاریدەم دەدەن؟».

(مەنیج) گوتی: «من ناتوانم یاریدەت بدەم».

(نەخشە)یش گوتی: «منیش ناتوانم یاریدەت بدەم».

(ڕەوشەن)یش گوتی: «کەواتە هەر بەتەنیا خۆم ڕەنج دەدەم».

ڕەوشەن ئەوەی گوت و، داسێکی گرت بەدەستەوە. چوو بۆ گوندێک بوو بەوەرزێری خاوەن پەڵەیەک گەنم. چەند ڕۆژێک گەنمی بۆ دوورییەوە و، مزەگەنمی خۆی لێ وەرگرت و، هێنایەوە ماڵەوە بۆ خۆی و منداڵەکانی.

(٢)

کێ گەنمەکە بچێنێت؟

ڕەوشەن بەمەنیجی دۆستی و نەخشەی هاوڕێی گوت: «من پەڵە گەنمەکەم دۆزیەوە. من پەڵە گەنمەکەم دوورییەوە. من گەنمەکەی بەشی خۆم هێنایەوە. دەمەوێت هەندێک لەو گەنمە بچێنم. کامتان یاریدەم دەدەن؟».

مەنیج گوتی: «من ناتوانم یاریدەت بدەم».

نەخشەیش: «منیش ناتوانم یاریدەت بدەم».

ڕەوشەنیش پێی گوتن: «کەواتە خۆم دەچم گەنمەکە دەچێنم».

ئەوەی گوت و چوو گەنمەکەی چاند.

گەنمەکە پێ گەیشت و کاتی دروێنەکردن هات. ڕەوشەن چوو گەنمەکەی دوورییەوە، گەنمێکی زۆری لێ دەست کەوت. گەنمەکەی هێنایەوە ماڵەوە بۆ خۆی و منداڵەکانی.

(٣)

کێ گەنمەکە بهاڕێت؟

ڕەوشەن بەمەنیجی دۆستی و نەخشەی هاوڕێی گوت: «من پەڵە گەنمەکەم دۆزییەوە. من پەڵە گەنمەکەم دوورییەوە. من بەشە گەنمەکەی خۆمم هێنایەوە. من گەنمەکەم چاند. گەنمەکەم دوورییەوە. من گەنمەکەم هێنایەوە. دەمەوێت گەنمەکە ببەمە ئاشی و بیهاڕم. ئاخۆ کامتان یاریدەم دەدەن؟».

مەنیج گوتی: «من ناتوانم یاریدەت بدەم».

نەخشەیش گوتی: «منیش ناتوانم یاریدەت بدەم».

ئینجا ڕەوشەن پێی گوتن: «کەواتە من خۆم گەنمەکە دەبەمە ئاشی و دەیهاڕم». ئەوەی گوت و چوو بۆ ئاشی گەنمەکەی هاڕی و بەئاردیی هێنایەوە.

(٤)

کێ ئاردەکە بکاتەوە بەنان؟

ئینجا ڕەوشەن، بەمەنیجی دۆستی و نەخشەی هاوڕێی گوت: «من پەڵە گەنمەکەم دۆزییەوە. من گەنمەکەم دوورییەوە. من گەنمەکەم هێنایەوە. من گەنمەکەم چاند. من گەنمەکەم دوورییەوە. من گەنمەکەم بردە ئاشی. من ئاردەکەم هێنایەوە. ئەی کامتان نانەکە دەکەنەوە؟».

مەنیج گوتی: «من نانەکەت لەگەڵدا ناتوانم بکەمەوە».

نەخشەیش گوتی: «منیش نانەکەت لەگەڵدا ناتوانم بکەمەوە».

ڕەوشەنیش گوتی: «کەواتە خۆم ئاردەکە دەشێلم و، دەیکەم بەهەویر و دەیکەمەوە بەنان».

ڕەوشەن ئەوەی گوت و هەویرەکەی شێلا و کردیەوە بەنان.

(٥)

کێ نانەکە بخوات؟

ئینجا (ڕەوشەن) بە(مەنیج)ی دۆستی و (نەخشە)ی هاوڕێی گوت: «من پەڵە گەنمەکەم دۆزیەوە. من پەڵە گەنمەکەم دوورییەوە. من گەنمەکەم چاند. من گەنمەکەم دوورییەوە. من گەنمەکەم بردە ئاشی. من ئاردەکەم شێلا و، کردم بەهەویر و، کردمەوە بەنان. ئەی کامتان نانەکە دەخۆن؟!...».

مەنیج گوتی: «من نانەکە دەخۆم».

نەخشەیش گوتی: «منیش نانەکە دەخۆم».

ئینجا ڕەوشەن بەمەنیجی دۆستی گوت: «تۆ لەم نانە ناخۆیت».

هەروەها بەنەخشەی هاوڕێیشی گوت: «تۆیش لەم نانە ناخۆیت. من ڕەنجم داوە. لەبەر ئەوە هەر دەبێت خۆم و منداڵەکانم لەم نانە بخۆین. چونکە دەستوور ئەمەتا: تا ڕەنج نەدەیت نان ناخۆیت!»[1].

قاڵی چن

(١)

کۆگرەی قاڵی چنان

سێ دۆستە خوشک لە شاری (هەولێر)دا کۆبوونەوە.

یەکەمیان: ناوی (نەسرین) بوو، کە لە دانیشتووانی شاری (سلێمانی) بوو.

دووەمیان: ناوی (شیرین) بوو، کە لە دانیشتووانی شاری (هەولێر) بوو.

سێهەمیان: ناوی (زین) بوو، کە لە دانیشتووانی شاری (دهۆک) بوو.

ئەم سێ دۆستە لە کارگەی قاڵی چنیندا پێکەوە خوێندوویان. پێکەوە فێری پیشەی قاڵی چنین بووبوون. پێکەوە فێری هونەری وێنەکێشان و، نەخشکاری و، ڕەنگسازی بووبوون هەرسێکیان جوان و، ڕووخۆش و، کردەوە ڕەنگین بوون. لە هونەرمەندی پیشەی قاڵی چنینیشدا گەیشتبوونە ئەوپەڕی شارەزایی و پسپۆڕی. کە لەسەر ئەو سەرکەوتنانە گەلێک جار ئافەرین کرابوون. گەلێک جاریش پاداشیان درابووین. جا بۆیەکا لە پایتەختی کوردستاندا کۆبوونەوە، کە لە بابەت پێشخستنی پیشەسازی قاڵی چنینەوە، وتوتێژ بکەن.

(٢)

بڕیاری سێ قاڵی دەدەن دروستیان بکەن

(نەسرین) گوتی: «من وای بەباش دەزانم هەریەکەمان قاڵییەک دروست بکەین سێ گەز بەچوار گەز بێت. تا بتوانین سووک و تەنک و سفت و پتەوبن. ڕەنگەکانیشیان بسازێن لەگەڵ یەکتردا. بەمەرجێک لەو ڕەنگانەبن کە دڵی مرۆڤ دەکەنەوە و، چاوی مرۆڤ دەگەشێننەوە».

(شیرین)یش گوتی: «قسەکانت بەجێن. منیش وای بەباش دەزانم لەبەر سنگی قاڵییەکانماندا چاوئەندازێکی جوانی (کوردستان)ی تێدا بێت. بۆ ئەمەی هەر بێگانەیەک بێتە هاوینەهەوارەکانمان و یەکێک لەو قاڵییانە بکڕێت، هەموو دەم یادی هاوینەهەوارەکانمان بکاتەوە و، هانەی کەسانی تریش بدات بێنە هاوینەهەوارەکانمان».

---

(١) بیری ئەم چیرۆکە. مامۆستا لە یەکێکی (کامیل گیلانی)یەوە وەرگرتووە کە هەر خۆی لە ١٩٣٣دا بەناوی (مریشکە سوورە بچکۆلە)وە ردوویە بەکوردی.

(زین)یش گوتی: «قسەی هەردووکتان بەجێیە. منیش پێشنیازم وایە لە پەراوێزەکانی قاڵییەکانماندا وێنەی ڕاستەقینەی هەشت کەسی گەورە و بەناوبانگی (کورد)یان تێدا بکێشرێت، تا نەتەوەکەمان ئەو کەسانەی لەبیر نەچێتەوە».

(نەسرین)یش گوتی: «قسەکەت جوانە. ئەو پیاوە گەورانەمان لە چ پیشە و کارێک هەڵبژێرین؟».

(زین)یش گوتی: «لەم پیشە و کارانە: یەکێکیان زانا بێت. یەکێکیان وێژەوان بێت. یەکێکیان زرنگکار بێت. یەکێکیان جەنگاوەر بێت. یەکێکیان سازلێدەر بێت. یەکێکیان گۆرانیبێژ بێت. یەکێکیان وێنەکێش بێت. یەکێکیان پەیکەرتاش بێت».

(شیرین) و (نەسرین)یش گوتیان: «باشە. بەقسەت دەکەین».

ئینجا (زین) گوتی: «پێویستە بۆ ئەم پرۆژەیەمان کاتێکی دیاری کراویش دابنێین. من دەڵێم ساڵێکمان بۆ ئەم مەبەستە بەسە. واتا؛ تا مانگی نەورۆزی داهاتوو، هەرسێکمان قاڵییەکانمان تەواو بکەین. تا لە ڕۆژی (١١)ی ئادار و (نەورۆز)دا، لە پێشانگاهێکدا بتوانین بیانخەینە پێش چاوی هەمووان».

(شیرین) و (نەسرین)یش گوتیان: «قسەکانت دروستن. ئەوا پەسندمان کردن».

(٣)

گوڵ و دار و درەخت و گیانلەبەری کوردستان

ڕۆژی دووەم کۆگرەکە گیرایەوە: (نەسرین) گوتی: «خوشکینە! هەروەک خۆتان دەیزانن چ لە ناوەند وێنەی ناودارەکاندا و، چ لە سووچەکانی بەر سنگی قاڵییەکانماندا بۆشاییەکی زۆر دەمێنێتەوە. ئەی ئەم بۆشاییانە بەچی پڕ بکەینەوە؟».

(شیرین) گوتی: «بەوێنەی ئەو گوڵ و دار و درەختانە و، ئەو پەلەوەر و گیانلەبەرانە پڕیان دەکەینەوە کە لە (کوردستان)دا هەن و بەناوبانگن».

(زین) گوتی: «ئەمە بیرێکی باشە. پەیڕەوی دەکەم».

(نەسرین)یش گوتی: «ئەم بیرەیشت باشە. پەیڕەوی دەکەم».

(٤)

جەژنەکانی مانگی نەورۆز

کۆگرەکە لە ڕۆژی سێهەمیدا. بڕیارنامەیەکی نووسی و، هەرسێ دۆستە خوشک مۆریان کرد. هەر ئەو ڕۆژە بڵاوەیان لێ کرد و، خۆیاندا دەستیان کرد بەقاڵی چنین. هەرسێ مانگ جارێک، هەرسێکیان لە شارێک لەو سێ شارانەدا کۆ دەبوونەوە. بۆ ئەمەی سەرپەرشتی یەکتر بکەن لە بەکارهێنانی بەندەکانی بڕیارنامەکەی کۆگرەکەیاندا. دوایی کە مانگی نەورۆز هاتە پێشەوە، هەرسێکیان هاتن بۆ هاوینەهەواری (سەلاحەدین) و، لەناو هۆڵێکی گەورەدا، هەرسێ قاڵییەکەی خۆیان بەدیوارەوە هەڵواسی و، پێشانگایەکیان بۆ دامەزراندن.

لەسەر دەرگای هۆڵەکە پارچە خامێکی سپییان هەڵواسی و، لەسەریان نووسی: «ئەندامانی کۆگرەی قاڵی چنینی کوردستان پیرۆزبایی لە گەلی کورد دەکەن بەبۆنەی جەژنی (١١)ی ئادار و جەژنی (نەورۆز)ەوە».

(٥)

پێشانگای قاڵی چنینی کوردستان

مانگی نەورۆز پڕ بوو لە ئاهەنگ و زەماوەند و گەشتوگوزار بۆ خاکی کوردستان، بەتایبەتی بۆ هاوینەهەوارەکانی، کەسانێکی زۆریش هاتنە هاوینەهەواری (سەلاحەدین) بۆ بینینی ئەو سێ قاڵییەی دۆستە خوشکەکان؛ (نەسرین) و (شیرین) و (زین) دروستیان کردبوون.

بەڕاستی قاڵییەکان ئەمەندە جوان و ناوازە و ڕەنگین بوون دڵی هەموو کەسێکیان کێش کردبوو. زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی قاڵی چنینیش ئافەرینیان کردن و کارەکەیان پەسەند کردن. لەناو کاربەدەستانی کوردستانیشدا بوو بەمقۆمقۆ لەسەر شێوەی پاداشدانەوە و نرخدانان بۆ قاڵییەکانیان. دوایی لەسەر ئەوە ڕێککەوتن. بێجگە لە پاداش پێدانیان، هەرسێ قاڵییەکەیان بێ بکڕن و، هەریەکەیان بۆ نموونە بنێرنە کارگەیەکی قاڵی چنین لە شارەکانی (سلێمانی) و (هەولێر) و (دهۆک)دا، بۆ ئەمەی قاڵی چنەکانی ئەو کارگانە لەسەر ئەو شێوانە قاڵییەکانیان دروست بکەن، تا بتوانرێت بفرۆشرێن بەو کەسانەی لە هاویندا دێنە گەشتوگوزاری هاوینەهەوارەکانی کوردستان. هەروەها کاربەدەستانی کوردستان لەسەر ئەوەیش ڕێککەوتن، کە هەریەکێک لەو سێ دۆستە خوشکە دابمەزرێنرێت لە کارگەکەی شارەکەی خۆیدا، بۆ ئەمەی بووەستن بەسەر قاڵی چنەکانی ئەو کارانەوە و، سەرپەرشتییان بکەن لە قاڵی چنیندا و، ئاراستەیشیان بکەن بۆ بەرهەمی باشتر و ناوازەتر و نایابتر.

ژیانی هەرەوەزی

(١)

شایی لادێ

(شاسوار) خۆی و دایکی و هەردوو خوشکەکەی چوون بۆ گوندێکی دوور. چونکە ماڵی لالۆی شاسوار ژنیان هێنابوو بۆ کوڕەکەیان، لەو گوندەدا. بانگیان کردبوون، لەو شایی و زەماوەندەدا هاوبەشیان بن. ئەمانیش کە چوون بۆ شاییەکە، ڕۆژەکەی خۆش بوو. هەر ئەوەندە گەیشتنە ماڵی لالۆی شاسوار و، پشوویەکیان دا، دەستیان کرد بەڕەشبەڵەک و هەڵپەڕین. سێ ڕۆژی خۆشیان لەگەڵ خزم و کەسوکاری خۆیاندا بەشایی و بەزمەوە ڕابوارد.

(٢)

لافاوێکی کوتوپڕ

بەڵام چونکە زستان بوو، زۆری پێ نەچوو، کەشەکە گۆڕا. لە پڕ هەمور بەری ئاسمانی گرت و، هەورە تریشقە و ڕەشەبا و تۆف و باران و ڕەهێڵە ناوچەکەی گرتەوە. گوندی ماڵی شاسواریش تووشی ئەو

ڕەهێڵە و تۆف و بارانە بووبوو. هەتا شاسوار و دایکی و خوشکەکانی گەڕابوونەوە لافاوێک هەڵسابوو، گەلێک ماڵی ڕووخاندبوو، کە یەکێک لەو ماڵانە ماڵی شاسوار بووبوو. بەسەزمانە باوکی شاسوار بووبوو بەژێر خانووەکەوە. ئاوی لافاوەکەیش کە هورووژمی هێنابووە ناو خانووەکەوە، لەژێر دار و پەردووی خانووەکەدا باوکی شاسواری خنکاندبوو. بێجگە لەوە لافاوەکە هەرچی خواردەمەنی و دانەوێڵە و کەلوپەلێکیشیان هەبوو بوو، هەمووی بردبوو. بەم ڕەنگە، کە خێزانە بەسەزمانەکە گەیشتنەوە جێ خانووەکەیان؛ نە خانوویان مابوو، نە کەلوپەلیان مابوو، نە دانەوێڵە و خواردەمەنییان مابوو، نە پەلەوەر و نە گیانلەبەریشیان مابوو، لافاوی بێ ئامان هەموویانی لەناو بردبوو.

جا لەو کاتەدا کە لاشەکەی باوکی شاسواریان دەناشت، شاسوار و دایکەکەی و هەردوو خوشکەکەی خۆیان پێ نەگیرا، دایانە پرمەی گریان. کەسوکاریشیان لەگەڵ ئەواندا دەستیان کرد بەشین و ڕۆڕۆ.

لە ڕاستیدا خێزانی شاسوار، تا ئەو ساکە، کلۆڵی وای بەخۆیەوە نەدیبوو. نەک هەر خۆیان بەزەییان بەخۆیاندا دەهاتەوە. خەڵکی ئاواییەکەیش، هەموویان، دڵیان پێیان دەسووتا.

(٣)

کوێخا و مەلای گوندەکە دەکەونە فریایان

کوێخای گوندەکە پیاوێکی مەرد و جوامێر بوو. لە ڕاستیدا لە کەڵەپیاوان بوو. دەنگی نەکرد تا خێزانەکەی شاسوار کوڵی گریانیان نیشتەوە. ئینجا لێیان هاتە پێشەوە و گوتی:

«کوڕی خۆم شاسوار! باوکی خۆشەویستتان هەرچەندە لەم شێوە ناسۆرەدا مردووە، بەڵام خۆتان دڵتەنگ مەکەن. من دەتانبەمە ماڵی خۆم. تۆ دەکەم بەکوڕی خۆم. خوشکەکانیشت لە جێی کچی خۆم دانەنێم. دایکیشت وەک خوشکی خۆم تەماشا ئەکەم. هەموویشتان لەوە دڵنیابن کە مامی خۆتان لە ماوەی دوو سێ مانگێکدا خانوویشتان بۆ دروست ئەکاتەوە و، کەلوپەلی ناو ماڵیشتان بۆ دەکڕێتەوە و، دانەوێڵە و خواردەمەنیشتان بۆ ئامادە دەکاتەوە. لە هەمەوویشی بەنرختر خەڵکە چاکەکەی گوندەکەش وەک خوشک و برای خۆیان سەیرتان دەکەن و، یارمەتیان نەدەن. زۆری پێ ناچێ، خوا یاربێ، دەچنەوە سەر دۆخی جاران».

مەلای گوندەکەیش گوتی:

«ئەگەر دانیشتووانی بەڕێزی ئاواییەکەمان ڕێم بدەن، من هەر لەم ڕۆوە دەست دەکەم بەناونووسکردنی ئەو جوامێرانەی پیتاک پێشکەشی ئەم خێزانە سەرگەردانە دەکەن».

خەڵکی ئاواییەکەیش پیاوانە هاتنە پێشەوە، گوتیان: «ئێمە کوێخای چاک و مەلای چاکی وەک ئێوەمان هەبێ، پێشڕەویان بکەن ئامادەین بۆ هەموو یارمەتییەک». ئینجا شاسواریش هاتە زمان گوتی: «کوێخای سەربەرز! مامۆستای بەڕێز! دانیشتووە خۆشەویستە دڵسۆزەکان! نازانم بە چ زمانێک سوپاسی چاکە و جوامێری ئێوە بکەم. هەر ئەوەندەم لە خودا دەوێت: بەدڵی خۆتان چاکەتان بداتەوە. ئێمەیش ڕێ پێشان بدات، تۆڵەی ئەم چاکە و پیاوەتی و خۆشەویستییەتان بۆ بکەینەوە».

(٤)

لە دوای تەنگانە خۆشییە

(خودای گەورە) کە باوکی هەژارانە، بەم ڕەنگە دڵی دانیشتوانی گوندەکەی بۆ شاسوار و خێزانەکەی نەرم کرد.

کوێخای سەربڵند، زۆری پێ نەچوو، گفتەکانی خۆی بردەسەر. شاسواری کرد بەزاوای خۆی. خانووێکی خنجیلانەی بۆ کچەکەی خۆی کە بووبوو بەژنی، دروست کرد و، گوێزانیەوە بۆ ئەوێ. هەرچی کەلوپەلی پێویست و ئازووقەیش هەبوو، پێشکەشی کردن. دایکی شاسواریشی لە برایەکی خۆی، کە ئەو ساڵە ژنی مردبوو، مارە کرد. ئەویش گوێزرایەوە بۆ ماڵی تازەی. کچەکانی خوشکی شاسواریش، هەریەکە، لە کوڕێکی خۆی مارە کرد و، ماڵی بۆ جیاکردنەوە.

بەم ڕەنگە، لە سایەی خودای پەروەردگارەوە، شینی خێزانەکەی شاسوار بوو بەشایی.

ئەو پیتاکانەیش کە مەلای گوندەکە کۆی کردبوونەوە لە دانیشتووانی ئاواییەکە دران بەدیاریی ئایاب ئایاب و، پێشکەش بەو چوار خێزانە تازەیە کران.

(٥)

شاسوار چاکەی گوندەکە ئەداتەوە

شاسوار ئەو دەمەی ئەو مەرگەساتەی لێ قەوما، دوایین ساڵی بوو، لە زانستگای پزیشکایەتیدا. بۆ پشووی نیوەی ساڵ هاتبووەوە ماڵەوە بۆ لای باوکی و دایکی و خوشکەکانی. ئینجا کە لە زانستگا دەرچوو، بەهەرچی چلۆنێ بێ فەرمانی میری تەواو کرد و گەڕایەوە گوندەکەی خۆی. بڕیاری دا تا دەمێنێ پزیشکایەتی لەناو گوندەکەی خۆیدا بکات، کە هەمەوو دەم داماوی دەستی پزیشکێک بوون چارەی نەخۆشەکانیان بکات. بەم ڕەنگە شاسوار خۆی تەرخان کرد بۆ چارەکردنی نەخۆشی نەخۆشانی گوندەکەی خۆی، کە بەمزێکی زۆر کەم، یاخود بەخۆڕایی پزیشکایەتی بۆ دەکردن و، دڵسۆزییەکی زۆریشی بۆ بەکاردەهێنان. بێجگە لەوە بەهاوکاریی کوێخا چاکەکە و مەلا بەڕێزەکەی گوندەکەوە، دانیشتوانی گوندەکەی خۆی ئاراستە دەکرد بۆ ژیانێکی پاکتر و خۆشتر و بڵندتر. ئەمەیشی هەر بۆ ئەمەبوو کە چاکەیان بداتەوە.

(٦)

گوندی شاسوار پێش دەکەوێ

بەسایەی هونەرمەندی شاسوارەوە و یارمەتی و خەباتی کوێخا و، ڕاوێژی مەلاوە، تا دەهات گوندەکە پێش دەکەوت. گوندەکە لە جێگایەکی ناقۆڵای شاخاویدا، دامەزرابوو. هەموو دەم لافاوی شاخەکەی بەسەردا دەهاتە خوارەوە و، ماڵەکانی کاول دەکرد و، دەڕووخاند و، دەتەپاند. ڕێگاکانیشی تێک دەدا و خواروخێچ دەکرد. زیانێکی زۆری لە دانیشتوانی گوندەکە دەدا. لەبەر ئەوە یەکەم خەباتی هەرسێکیان ئەوەبوو گوندەکە بگوێزنە خوارەوە، بۆ ناو دەشتاییە پان و پۆڕەکەی بەردەمی. هەرچەندە گوندەکە خۆی

هەر پەنجا ماڵێک دەبوو، بەڵام ئەوان بەشی سەد خانوویان لە زەوییەکە ڕەنگرێژ کرد، ئەمەیشیان بەسایەی ئەندازیارێکی هونەرمەندەوە بۆ دیاری کرا کە هاوڕێیەکی خۆشەویستی شاسوار بوو.
(فەرمانداریی خۆیی کوردستان)یش، لەسەر خواستی دانیشتوانی گوندەکە، خۆیان بڕیاری دا سەد خانوو، باخچەیەکی گشت لایی، نووسراوخانەیەک، بازاڕێک، خوێندنگایەک بۆ کوڕان و، خوێندنگایەکیش بۆ کچان نەخۆشخانەیەک، مزگەوتێک، یانەیەک، یاریگایەک بۆ منداڵان لەگەڵ چشتیرێکدا دروست بکات. خانووەکان هەریەکە سێ ژوور و هەیوانێکیان تێدابوو، لەگەڵ جێگای دەستشتن و، چێشت لێنان و، گەرماو و، پێشاودا هەمووشیان حەوشیان هەبوو. گوندەکە لە شێوەیەکی چوارگۆشەییدا دروست کرا، کە هەرلایەی دوو سەد گەز درێژ بوو. لە ناوەڕاستدا، باخچەی گشت لاییەکەیان دروست کرد. شەقامی قیرتاوکراویش بەهەر چوارلای باخچەکەدا دروست کرا. ماڵەکان هەر پەنجایان، لەهەر چوارلاوە، دەیانڕوانی بەسەر باخچەکەدا. یاریگاکانی منداڵەکانیش کەوتبوونە ئەم سەر و ئەوسەری باخچەکەوە. لە ناوەڕاستی باخچەکەیشدا، یانەیەکی مینابەند دروست کرابوو، بۆ حەسانەوەی گوندییەکان. پەنجا خانووەکەی تریش کەوتبوونە ئەودیو خانووەکانەوە. بازاڕ و، نووسراوخانە و، خوێندنگا و نەخۆشخانە و مزگەوتیش لەودیوەوە، بەرامبەر ڕیزی دووەمی خانووەکان دروست کرابوون. هەرچی چشتیرەکە بوو لە ناواییەکەوە، دوو هەزار گەزێک دوور بوو. لەناو گوندەکەدا سەرەنوێل؛ قەدەغە کرا. پەرەندە و گیانلەبەرەکان، تەنیا لەناو چشتیرەکەدا دەپارێزران. پاک و خاوێنیی ئەوان و چشتیرەک لەسەر شێوەیەکی زانستییانەی تەندروستانە دەپارێزرا. (فەرمانداریی خۆیی کوردستان) لە ماوەی سێ ساڵدا گوندەکەی دروست کرد و ڕازاندیەوە و، پێشکەشی دانیشتوانی گوندەکەی کرد. پێویست ناکات بیڵێین گوندەکە پرۆژەی ئاو و کارەبا و زێرابیشی بۆ پێک هێنرا.

(٧)

کارە ڕەندینەکانی شاسوار

هەتا ئەم کار و فەرمانانە ڕاپەڕێنران پێنج ساڵێکی خایاند. تا ئەوە پێک هات، شاسوار هەموو حەفتەیەک، بێ پارە وەرگرتن، هەموو خێزانەکانی ناو گوندەکەی دەپشکنی. هەر کەسێ نەخۆش بوایە چاکی دەکردەوە. لەگەڵ ژنەکەیدا دەگەڕا بەماڵەکاندا ئامۆژگاریی دەکردن. ئاراستەی دەکردن بۆ پاکوخاوێنی و، خۆپاراستن لە نەخۆشی و، بۆ ڕێکخستنی ماڵ و ڕازاندنەوەی ژیانیان. لەسەر ئەرکی خۆی دوو (خوێندنگای شەوی)یشی بۆ کردنەوە، بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری. هەرچی (ئافرەتەکان) بوون، خۆی وانەی پێ دەگوتنەوە. ژنەکەی خۆیشی لەگەڵ ئەو ئافرەتانەدا دەیخوێند. هەرچی (مەلا)یش بوو، بە(پیاوەکان)ی دەخوێند. ئەمانەیشیان هەموو بەخۆڕایی دەکرد.

کۆمەڵی دیدەوانی

(١)

لە پڕ هاوارێک هەڵسا

لەو کاتەدا کە (فەرهاد) و (خەسرەو) و (شێرزاد) لە خوێندنگاوە دەگەڕانەوە بۆ گوندەکەی خۆیان بەرێگایەکی وادا ڕۆیشتن کە بەتەنشت ڕووبارێکەوە کشابوو.

(فەرهاد) گوتی: «چاوتان لێیە ئەو کوڕە بەم کەشە ساردە مەلە دەکات؟».

(خەسرەو)یش وەرامی دایەوە گوتی: «لە ڕاستیدا منیش حەز لە مەلەکردن دەکەم. بەلام وەک چاوتان لێیە ڕۆژەکەی تووشە. بایەکەی توندە. ئاوەکەی ئالۆزاوە، هاڕە و هاژەکەی پیاو کەڕ دەکات. ئەگینا منیش مەلەم دەکرد».

بەلام (شێرزاد) جۆرێکی تر قسەی کرد، گوتی: «ئێمە کە هەرسێکمان ئەندامین لە کۆمەڵی دیدەوانیدا و، چەند بەچەند مەشقمان کردووە لە جەربەزەییدا، نابێ چاومان بترسێ لە سەرما و گەرما و، تەووژمی ئاو و، هووروژمی با. ئەگینا فەرمانە مەردانەکانی خۆمان بۆ بەجێ ناهێنرێت!».

لە کاتێکا ئەوان لەم وتووێژەدا بوون، هاوار هەڵسا: «پیاوی چاک بن!... بگەنە فریام!... خنکام!...».
کە ڕوویان کردە جێ دەنگەکە، تەماشایان کرد ئەوا کوڕێک بەدەم شەپۆلی ئاوەکەوە ڕەت دەبات و، خەریکە بترنجێتە ناو بنی کەڵە بەردێکەوە».

ئەمانیش کە هۆگری لاوێتی و جەربەزەیی بوون، خۆیان پێ نەگیرا، هەرسێکیان بەهەڵەداوان خۆیان گەیاندە بن کەندێک و، جلەکانی خۆیان داکەند و، خۆیان فڕێ دایە ئاوەکەوە.

(٢)

کوڕەکەیش هاوڕێی خۆیان دەرچوو

تەووژمی شەپۆلەکان یەجگار بەهێز و هەڕەت بوو. هەرسێ دیدەوانەکە، ئاوە ساردەکە بەرەنگاریی دەکردن. توندە بایەکە گێژی دەکردن. لەگەڵ ئەمەیشدا هەرچی هێز و توانایەکیان بوو، بەکاریان هێنا، تا کوڕەکەیان لە بن کەڵەبەردەکەدا دۆزییەوە و، بەئەرک و ئاوازێکی زۆرەوە هێنایانە دەرەوە.

کوڕەکە، تەووژم و ساردیی ئاو و توندەبایەکە و، پەل کوتانی بێ سوودی خۆی کە خەباتی دەکرد خۆی بگەیێنێتە کەنار ڕووبارەکە و خۆی ڕزگار بکات، تەواو لە پەلوپۆی خستبوو. لە هۆش خۆی چوو بوو. بەناستەم نووزەیەکی لێوە دەهات. بڕستی بڕابوو. ڕاستەوڕاست لەسەر زەوییەکە درێژ بوو. هەرچەندە ڕەنگی پەڕیبوو و، چاوی لێک نابوو و، لەشی شین بووبووەوە، بەلام کوڕەکان ناسیانەوە. هاوڕێی خۆیان دەرچوو، کە ناوی (ئەفراسیاو) بوو.

(٣)

هۆشیارکردنەوەی ئەفراسیاو

(ئەفراسیاو) خەڵکی گوندێکی تربوو، کە لە گوندی خۆیانەوە تاکە ساتێک دوور بوو. چوون کورتەکەکانی خۆیان هێنا و ڕایانخست لە ژێریا. تا زەوییەکە ئازاری نەدات. دەمودەست ئاگرێکیشیان کردەوە و، ئەفراسیاویان لە نزیکیەوە دانا، تا بێتەوە هۆش خۆی. ئینجا فەرمانی خۆیان بەم جۆرە دابەش کرد.

(فەرهاد) چووە ئاوایی، بەماڵەوەی گوت: «جێگا ڕابخەن و نان ئامادە بکەن». بەکوێخای گوندیشی گوت: «چوار زەلام بنێرێت لەگەڵ پزیشکێکی گوندیدا، تا چارەیەکی کوڕەکە بکەن و بیگوێزنەوە بۆ ماڵی خۆمان».

(خەسرەو)یش: چوو جلەکانی کوڕەکە بدۆزێتەوە و، بۆی بهێنێتەوە. هەرچی (شێرزاد) بوو: تا ئەوان هاتنەوە بەدیار کوڕەکەوە مایەوە، خەریکی دەس و پێ بزواندن و لەش سوونەوەی و، ئاو دەرهێنان لە سکی بوو. پاش نیوە ساتێک لەشی کوڕەکە گەرم بووەوە و، خوێنی جووڵا و، هۆشی هاتەوە بەرخۆی. تاوێک چاوی هەڵبڕی و لێکی نایەوە. لەو کاتەدا (فەرهاد) و، (خەسرەو) و، کوێخای گوند و، پزیشکە گوندییەکە و، چوار زەلامەکە بەدارە مردوویەکەوە و جلوبەرگی کوڕەکەوە گەیشتنە جێ.

(٤)

پزیشکی گوند ئەفراسیاو چاک دەکاتەوە.

پزیشکەکە، کە ئەفراسیاوی دی هەموو لایەکی لەشی پشکنی و، ئەندامەکانی تاقی کردەوە. مژدەی بەهاوڕێکانی دا، گوتی: «ئازار بەهیچ ئەندامێکی نەگەیشتووە. هەر ئەوەتا زۆر ماندوو بووە و، سەرمای بووە و، ترساوە لە خنکان. هەر ئێستتا خۆراکێ لەم دەرمانەی بۆ دەکوڵێنم و دەیدەمێ. ئاوڕەگ (ئارەق) دەڕێژێ و لەشی سووک دەبێ و، چاوی هەڵدەهێنێ و، هۆشیار دەبێتەوە. بەڵام تا سبەینێ ئینجا چاک بێتەوە».

پزیشکەکە هەر لەوێدا دەرمانەکەی بۆ ئامادە کرد و کردی بەقوڕگیدا. ئینجا جلەکانیان لەبەر کردووە و، خستیانە سەر دارە مردووەکە و چوار زەلامەکە هەڵیان گرت و بردیانەوە بۆ ماڵی (فەرهاد). لە ماڵی فەرهاددا کوڕەکە خرایە سەر جێگا و، پێخەفێکی پاک و خاوێن و ئەستووری درا بەسەرا، تا تەواو بحەسێتەوە. کوڕەکە دوو سێ ساتێکی پێ نەچوو، ئاوڕەگی ڕشت و، لەشی سووک بوو و، هاتەوە هۆش خۆی. کە لێفەکەی لەسەر خۆی لادا و، چاوی هەڵبڕی: هەرسێ هاوڕێکەی خۆی دی و، ناسینیەوە. پرسی: «من لە کوێ دام؟!...».

فەرهادیش وەرامی دایەوە، گوتی:

«لە ماڵی برای خۆتدایت. ئیمشەو میوانی منیت. بەیانی دەتبەینەوە بۆ ماڵی باوکت و، ئێمە میوانی تۆ دەبین». پاشان وردە، وردە، هەموو کەینە و بەینەیەکیان بۆ گێڕایەوە.

لەو کاتەدا فەرهاد چوو، مەسینە و لەگەنی بۆ هێنا، دەم و دەستی بشوات. تا ئەفراسیاو دەم و دەستی

خۆی شوشت، کەمەکێک هێزی هاتەوە سەر خۆی. هەستایە سەر پێ و گوتی:

«براکان تا دەمێنم سوپاسی ئێوە دەکەم، کە منتان لە مردن ڕزگار کرد. خودا یاریێت ئەم چاکەیەتانم هەر لەبەرچاو دەبێت. سوپاسی خودای و پاک و یەکتایش دەکەم کە ئێوەی بۆ ڕەخساندم، هەروەها سوپاسی مام کوێخا و زەلامەکان و پزیشکی گوندیش دەکەم کە بەهۆی منەوە ئەرکیان کێشا. خودا هەمووتان پایەدار بکات و پاداشی شایستەتان بداتەوە».

ئینجا چوو ئەم لاو و ئەولای هەرسێ هاوڕێکەی خۆی ماچ کرد و، بەسوپاسێکیشەوە دەستی هەموویانی گوشی و، دانیشتەوە.

(٥)

فەرهاد ئاهەنگ بۆ ڕزگاربوونی ئەفراسیاو دەگێڕێ.

فەرهاد نان و چێشتێکی جوانی بۆ ئەفراسیاو و مێوانەکانی تری کردبوو. کە ئێواریێ نانیان خوارد، دەستیان کرد بەگۆرانی گوتن و شمشاڵ لێدان و هەڵپەڕین. بەقسەی نەستەق و گاڵتەوگەپیشەوە کاتێکی زۆر خۆشیان ڕابووارد. بەهۆی تەماشاکردنی ئەو ئاهەنگ و بەزمورەزمەوە ئەفراسیاو تەواو حەسایەوە. ئەو شەوە، هەموویان، زوو دەستیان کرد بەنوستن. بۆ ئەمەی ئەفراسیاو بەشێکی زۆرتر سرەوتی لەش و ئارامی گیانی پێ ببڕێ، کە بەیانی هەستان لەخەو ئەفراسیاو تەواو چاک بووبووەوە.

(٦)

ئەفراسیاو دەبەنەوە گوندی خۆی

بۆ ئەمەی ماڵی باوکی (ئەفراسیاو) لە نەهاتنەوەی (ئەفراسیاو) دڵیان ڕانەچەنێ و، مەترسی نەکەن، (فەرهاد) هەر لە یەکەم ڕۆژەوە[1] یەکێکی ناردبوو بۆ ماڵی باوکی (ئەفراسیاو) کە ئەفراسیاو میوانی ماڵی فەرهادەوە، دڵیان هیچ نەکات، سبەینێ هەر چواریان دێنە ئەوێ مێوانیان دەبن. ڕۆژی دوایی (فەرهاد) و (خەسرەو) و (شێرزاد) و (ئەفراسیاو) هەر چواریان بەسواری ئەسپ چوون بۆ گوندی ئەفراسیاو. کەینەوبەینەی کارەساتەکەی ئەفراسیاو لەناو گونددا دەنگی دابووەوە و، تازە گەیشتبووەوە ماڵی باوکی ئەفراسیاو. کە بەیانی هەر چوار (دیدەوان) گەیشتنە گوندی ئەفراسیاو. باوکی ئەفراسیاو و کەسوکاریان و بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی گوندەکە هاتبوون بەپیریانەوە. خانەخوێ و کەسوکارەکەی ئەفراسیاو سوپاسێکی زۆری هەرسێ دیدەوانەکەیان کرد و، مەڕیان لەبەر پێیاندا سەربڕی.

ئەو ڕۆژە لە ماڵی باوکی ئەفراسیاودا کرا بەمیوانداری و نانخواردن و ئاهەنگ و زەماوەند. پارەیەکی زۆریش بەسەر هەژاراندا بەشرایەوە.

(باوکی ئەفراسیاو) نەیهێشت میوانەکان ئەو شەوە بڕۆنەوە. بۆ بەیانی کە ڕۆیشتنەوە. (باوکی ئەفراسیاو)، بەهەریەکەیان دیارییەکی بەنرخی پێشکەش کرد، کە بریتی بوو؛ لە دەستێک (جلی تازەی کوردی).

---

(١) ڕاستتر: (هەر لە ئێوارەوە)، یا (هەر لە دوێنێوە).

ئەم دیارییانە، هەروەک نیشانەی (سوپاسگوزاری) بوون بۆ ئەوان، (دیدەوانی) و (هاورێیەتی)ی هەر چوار کوڕەکەیشیان دەرئەخست.

ورچەکەی کوڕە کاژاو

(١)

ئەحمەد پاشا و کاکە حەمە

(ئەحمەد پاشای بابان) کاربەدەستێکی گەورەی (کورد) دەبێت. لە شاری سلێمانیدا دادەنیشێت. بایەخێکی زۆر دەدات بەچاکەی گشتیی دانیشتووانی هەرێمەکەی خۆی. هەرچی بۆ خۆشگوزەرانی و سرەوت و ئارامی کوردەواری ئەو هەرێمە پێویست بووبێ ئەوە دەکات.

یەکێک لەو فەرمانبەرە گەورانەیش کە لەژێر دەستیدا دەبێت، پیاوێکی ئازا و نان بدە و بەجەرگ و کارگوزار دەبێت، ناوی (شێخ کاکە حەمە) دەبێت. ئەم شێخ کاکە حەمەیە یەکێک بووە لە سێ کوڕەکەی (شێخ عیسای بەرزنجە)، کە لەناو هەموو کوردەواریدا بەناوبانگ بووە. جا ئەم (شێخ کاکە حەمە)یە کوڕێکی زۆر لاوچاک و ئازا و پاڵەوانی دەبێت ناوی (شێخ مارف) دەبێت، کە ئازایەتییەکەی لەناو کوردەواری ناوچەی (سرۆچک)دا بەداستان دەگێڕنەوە.

(٢)

ورچێکی رێگر

لەو دەمەدا، لە شاخی (کوڕەکاژاو)دا، کە لە ناوچەی (سرۆچک) دایە، ورچێک پەیدا دەبێت. رێ لە هاتوچۆکەری ئەو دێهاتانە، کە بەردەمیا دەرۆن، دەبەستێتەوە. چەند کەسێک دەخوات و تێک دەشکێنێت. دێهاتییەکان وایان لێ دێت: ناوێرن سەر لە کون بکەنە دەرەوە. کار و فەرمانیان هەموو پەکی دەکەوێت.

(٣)

ئەحمەد پاشا لەشکر لە ورچەکە دەکات

کە ئەحمەد پاشا لەم بارە ناهەمووارە ئاگادار دەکرێت، لەشکرێکی چەند سەد سواری بەتۆپ و تفەنگەوە لە خۆی کۆ دەکاتەوە و، ڕوو دەکاتە شاخی (کوڕەکاژاو)، تا ئەو ورچە زەبر بەدەستە لەناو ببات و، ڕێی لادێییەکانیش لەو ورچە ڕزگار بکات.

(٤)

کاکە حەمە و مارف دێن بۆ یارمەتی

ئەحمەد پاشا دەنووسێت بۆ کاکە حەمە کە بێتە شاخی کوڕە کاژاو، بۆ لای، تا پێکەوە ڕاوی ئەو ورچە بەدکردارە بکەن. کاکە حەمەیش بەخۆی و چەند سوارێکەوە دەچێتە لای ئەحمەد پاشا. بەڵام ڕێ بە(مارف)ی کوڕی نادات کە خۆی بخاتە ئەو جەنگەوە. نەوەک تووشی شتێک بێت و، کوڕەکەی لە دەست بچێت.

بەلام (شێخ مارف) پیاوێکی مەرد و سەربەرز دەبێت. کە باوکی دەڕوات، شەرم دەکات لە خۆی، کە باوکی بچێتە ئەو ڕاوە و، ئەوی لەگەڵ نەبێت. لە پاش ڕۆیشتنی باوکی، بەتەنیا سوارە ڕوو دەکاتە لەشکری ئەحمەد پاشا.

کە شێخ کاکە حەمەی باوکی دەیبینێت دڵی دادەخورپێت. لە دڵی خۆیدا دەڵێت: «ئای دەستی شکاوم، کوڕەکەم لە دەست چوو». (مارف)یش کوڕێکی زیرەک دەبێت، کە تەماشای دەموچاوی باوکی دەکات، دەزانێت چی بەدڵی دادێت. دەڵێت: «بابەگیان! بم بەخشە، کە نەمتوانی لەماڵەوە بێنمەوە. حەزم نەکرد، کە تۆ بەتەنیا بێیتە ئەم جەنگەوە. خوایار بێت ڕێم بدەیت! سەری خۆم و تۆیش بەرز دەکەمەوە!». باوکیشی گوتی: «هەر ئەوەندەم لە دەست دێت بتدەمە دەست خودا. خودا بەگەورەیی خۆی بتپارێزێت!».

(٥)

مارف دەچێتە وێزەی ورچەکە

(کاکە حەمە) ڕووی کردە (ئەحمەد پاشا) و گوتی: «میرم! تکام وایە بفەرموون کە لە سوارەکانتان تەقە نەکات. وا ورچەکە دەرکەوت. خەریکە دێت. بام (مارف)ی کوڕم بچێتە وێزەی، زۆرانبازی لەگەڵدا بکات! (ئەحمەد پاشا)یش وەرامی دایەوە، گوتی: «باشە. چۆن ئارەزوو دەکەیت، بام وابێت».

لەو کاتەدا ورچەکە هاتە کۆڕی جەنگەوە. (مارف) بۆی چووە پێشەوە. ماوەیەکی زۆر بەزۆران گرتنەوە خەریک بوون. تەواو ماندوو بوون. ئاوەڕەگ (ئارەق)ی ڕەش و شینیان دەردا. بەلام (مارف) وەرەی بەرنەدا. هەر ورچەی هێناوبرد، تا تەواو برستی بڕی.

کاتێکیان زانی (مارف) ورچەکەی دا بەزەویدا و، هەر چوار پەلیشی بەستەوە!...».

(ئەحمەد پاشا) و لەشکرەکەی هەموو، بەدڵخۆشی و سەرسوڕمانێکەوە ئافەرینی (مارف)یان کرد و، پیرۆزباییان لە خۆی و باوکی کرد. چونکە بووە هۆی ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی لەو ورچە ڕزگار کرد.

(ئەحمەد پاشای بابان)یش کە خۆی مەرد و بەچنگ بوو، حەزی لە پیاوی مەرد و بەچنگ زۆر دەکرد. لەسەر ئەو ئازایەتییەی، پاداشێکی گەورەی بە(شێخ مارف)دا.

بەرازەکەی شارەزوور

(١)

بەرازێکی درندە

(شارەزوور) دەشتێکی پان و فراوانە لە ناوچەی سلێمانیدا. خاکێکی پڕ پیت و فەڕە. لەسەردەمێکی مێژووییدا شارستانێتییەکی تەواوی تیا پەیدا بووبوو. گوندی (خورماڵ) کە سەردەمێک بنکەی فەرمانداری ئەو خاکە بووە، شارێکی یەجگار گەورە و فراوان بووە. چونکە لەسەرە ڕێی هاتوچۆکەران و کاروانی بازرگانان و، ناوچەیەکی پڕ کشتوکاڵ و، ئاژاڵدار هەڵکەوتبوو.

جا لەم خاکە پڕ ژیانەدا، بەرازێکی دڕندە پەیدا بووبوو، ڕێی بەهەژاران دەگرت و، بەسەدان گیانلەبەران و پیاوانی هەڵدەدڕی، دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی خستبووە ترس و لەرزەوە. یەکی ژیان و هاتوچۆکردن و گوزەرانی خستبوون. لەبەر ئەوە پێویست بوو چارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە و لەناو ببرێت تا ئاسایش و ئارام و خۆشی لەو ناوچەیەدا بکەنەوە دۆخی جاران.

(٢)

پاشای بابان چارەی بۆ دەدۆزێتەوە

(ئەحمەد پاشای بابان) کە کارەساتی ئەم بەرازە دڕندەیەی بیستبووەوە، بەراوێژکارەکەی خۆی گوتبوو:

«پەیدابوونی ئەم جۆرە بەرازە لە خاکەکەماندا و، بەربەست کردنی ژین لە کوردەوارییەکەمان بەهۆی ئەوەوە، نابێت لێی بێ دەنگ بین. پێویستە چارەیەکی بۆ بدۆزینەوە و، لەناوی ببەین. بزانم تۆ چیت بەبیردا دێت؟».

ڕاوێژکارەکەیشی کەمێک لێکی دابووەوە و گوتبووی: «سەیرم! ئەمە شتێکی ئاسانە. پێویستە ئەم ناوچەیەی ئەو بەرازە هاتوچۆی تێدا دەکات بەلەشکر دەورەی بدەین و، بەرەبەرە بۆی بێینە پێشەوە تا دەیدۆزینەوە. جا لە هەرلایەکدا دەرکەوت دەستڕێژێکی لێ بکەین و، بیکوژین».

ئەحمەد پاشایش گوتبووی:

«ئەمە ڕێوشوێنێکی باشە بۆم دادەنێیت. بەگوێت دەکەم». (پاشا)یش ئەوەی گوتبوو و فەرمانی دابوو:

«بام بۆ سبەینێ چەند سەد سوارێک بەخۆیان و تروتفانی جەنگەوە لەبەر سەرادا ئامادە بن تا لەگەڵ خۆیدا بەرەو گوندی (بێستان سوور) بچن».

(٣)

پاشا دەنێرێت بەشوێن کاکە حەمەدا

بۆ سبەینێ (پاشای بابان) بەخۆی و بارەگایەوە دەستی کرد بەجووڵان بۆ لای گوندی (بێستان سوور)، کە لە خاکی شارەزوور دایە. هەر ئەو ڕۆژەی ناردی بەشوێن (شێخ کاکە حەمە)یشدا کە فەرمانبەری خۆی بوو لە ناوچەی (سرۆچک)دا. (کاکە حەمە) ئامۆژگاری (شێخ مارف)ی کوری کرد: نەیەت لەگەڵیدا. پێی گوت: «کوڕی خۆم! بەقسەی باوکی خۆت بکە. لەگەڵماندا مەیێ.

(مارف)یش سەری کز کرد و، دەنگی نەکرد تا باوکی ڕۆیشت. کە باوکی ڕۆیشت. خەم و پەژارە دایگرت کە لەو سەربەرزییە بێ بەش بێتەوە: «ئەو بەرازە دڕندەیە بکوژێت و نەتەوەکەی خۆی لە دەستی ڕزگار بکات». دوایی دەماری کوڕێتیی هاتە جۆش و بەبەر خۆیەوە گوتی: «باوکم لە دڵسۆزی و مەردایەتی و ئازایی خۆیەوەیە کە خۆی بەخت دەکات، بۆ ئەمەی ژیانی من بپارێزێت. ئەی من کە کوڕی پیاوێکی وام، چۆن جێگای باوکی خۆم پڕ نەکەمەوە؟!... بەخودا شەرمەزارییە بۆ من، بهێڵم باوکم بچێتە جەنگی بەرازەوە، منیش لە ماڵدا بمێنمەوە بۆ ئەمەی خۆم لە کوشتن بپارێزم. ئەوا ئەو فەرمانی سەرشانی خۆی بەرامبەرم بەجێ هێنا. ئەی من بۆ فەرمانی سەرشانی خۆم بەرامبەری بەجێ نەهێنم؟!... خودا یەکە و

نەبووە بەدوو، هەر دەبێ بۆ ئەم ڕاوە بەرازە بچم!...».

ئیتر هەر ئەوەندە بوو، (شێخ مارف) دەمودەست بەتەنیا سوارە دوای باوکی کەوت. (ئەحمەد پاشا) کاتێکی زانی، لە دوای (شێخ کاکە حەمە)، (شێخ مارف)ی کوڕیشی پەیدا بوو!...

(٤)

مارف دەچێتە جەنگی بەرازەکەوە

کاکە حەمە کە مارفی کوڕی دی، دڵی ڕاچەنی. ترسا لەوەی ئەمجارە کوڕەکەی لە ڕاوە بەرازەکەدا لەناو بچێت. لە دڵی خۆیدا گوتی: «وا دەستم لە کوڕەکەم شوشت. تاکە باڵێکم هەبوو ئەویش شکا!...». (مارف) کە باوکی خۆی دی بەو جۆرە ڕەنگی گۆڕاوە، زانی بەدڵیدا دێ، لێی چووە پێشەوە، پێی گوت: «بابەگیان! ئەم جارەیش بەم بەخشە کە هاتووم. من بەمەیش نەبێت هەر دەمرم. کەواتە پیاو بەسەربەرزییەوە بمرێ باشترە، نەک بەشەرمەزارییەوە. منیش بۆیەکا هاتووم شەرمەزاریم بەسەر نەیێت. بابەگیان دڵنیابە! چونکە لەم کردەوە و کارەی مندا ڕزگاریی هەزاران جووتیار و، ڕێبوار و، خاوەن پیشەوکاری تێدایە، خودام لەگەڵ دەبێت هەر سەردەکەوم. واتا: نامرم، بەرازەکە دەکوژم. دڵنیابە لەوە بابەگیان!... دڵنیابە!...».

(کاکە حەمە)یش کە ئەم نیازە پاکە و دڵە چاکە و ئازایەتییەی لە کوڕەکەی دی هۆشێکی هاتەوە بەرخۆی و گوتی: «برۆ، خودات لەگەڵ بێت کوڕی خۆم! بەئارەزووی خۆت بکە. لە خودای گەورە بۆت دەپاڕێمەوە: بەدڵی خۆت سەربکەویت».

(مارف) کە لە دڵی باوکی دڵنیابوو، هێز و گوڕی ئەمەندەیتر بزووتەوە. چووە بەردەم (ئەحمەد پاشا) و بەڕێزێکی بێ ئەندازەوە کڕنووشی بۆ کێشا. ئینجا گوتی: «میرم! ئەگەر ڕێ دەدەیت بەبچووکی خۆت قسەت بۆ بکات، سەرم بەرز دەبێتەوە».

(ئەحمەد پاشا)یش گوتی: «مارف! دەزانم چی بەدڵتا دێت. فەرموو چ دەڵێیت بڵێ!».

(مارف)یش گوتی: «میرم! ئەگەر ڕێ دەدەیت بەبچووکی خۆت، حەز دەکەم من ئەم بەرازە بکوژم. ئەگینا کوشتنی بەرازێک، بەمەندە سوارە و تۆپ و تفەنگە، هیچ هونەرێکی تێدا نییە!...». (پاشا)یش گوتی: «ڕێت دەدەم مارف! ئافەرین بۆ ئازایی و بەجەرگیت».

(٥)

مارف بەرازەکە دەکوژێت

ئیتر هەر ئەوەندە بوو (مارف) لە ئەسپەکەی بازی دایە خوارەوە و، ڕووی کردە بەرازەکە و، بەپیریەوە چوو. پارچە فەرەنجییەکی گرت بەدەستی چەپیەوە و، شیرێکیشی گرت بەدەستی ڕاستییەوە. کە گەیشتە بەرازەکە، بەرازەکە هەڵمەتی بۆ برد. شفرەکەی بۆ (شێخ مارف) ئاراستە کرد. لێی وەشاند. (مارف) پارچە فەرەنجییەکەی دایە بەر. شفرەکە چوو بەپارچە فەرەنجییەکەدا. هەتا بەرازەکە خەریکی دەرهێنانەوەی شفرەکەی بوو، (شێخ مارف) شیرێکی لەهەر چوار پەلی دا پەڕاندنی. بەرازەکە کەوت.

(مارف) بەیدەستی کرد. ئینجا هەڵیگرت و بردیە بەردەم (ئەحمەد پاشا). لەوێدا تۆپی.

هەر کەسێک لەوێ دابوو، لەگەڵ (ئەحمەد پاشا) خۆی دا دەسخۆشییان لە (مارف) کرد و ئافەرینیان کرد. باوکی لە هەموو کەس زۆرتر بەو ئامانجە شادمان بوو.

(ئەحمەد پاشای بابان) پاداشتێکی گەورەی بە(مارف) دا لەگەڵ سوپاس و ئافەریندا. (مارف) بەسەربەرزییەوە لەگەڵ باوکیدا لە (ئەحمەد پاشا) جیابووەوە.

چیرۆکی بزن و مەڕ

(١)

گفتوگۆی بزن و مەڕێک

بزنێک و مەڕێک دۆست بوون.

بزنەکە چست و چالاک و وریا بوو. بۆ هەموو کاروبارێکی خۆی بیری دەکردەوە و، لێکۆڵینەوەی دەکرد و، مێشک و هێز و توانایی خۆی بەکار دەهێنا.

مەڕەکە بەسەزمان و تەمەڵ و نەزان بوو. بۆ هیچ شتێک مێشک و هێز و توانایی خۆی بەکار نەدەهێنا.

بزنەکە دۆست و دوژمنی خۆی دەناسی و، بیری لە دوارۆژی خۆی دەکردەوە و، بەپێی ڕۆژگار دەجوولایەوە.

مەڕەکە دۆست و دوژمنی خۆی نەدەناسی و، بیری لە دوارۆژی خۆی نەدەکردەوە و، بەپێی ڕۆژگاریش نەدەجوولایەوە.

لەبەر ئەوە بزنەکە توانی خۆی لە دوژمن بپارێزێت و، لە کارەساتی ڕۆژگاریشدا سەربکەوێت.

کەچی مەڕەکە نەیتوانی خۆی بپارێزێت و، پاشەڕۆژیش گورگان خواردوو بوو.

بزنەکە بەمەڕەکەی دۆستی گوت: «من وای بەچاک دەزانم: من و تۆ، بەهەردووکمان، خانوویەک دروست بکەین و، تێیدا بحەوێینەوە، خۆمان لە سەرمای زستان و، گەرمای هاوین و، دوژمنی دڕندە بپارێزین».

مەڕەکەیش وەرامی دایەوە گوتی: «من خۆم بەخانوو و مانووەوە خەریک ناکەم. دووگی خۆم خۆش بێت خانووم بۆچییە؟!».

بزنەکەیش گوتی: «کەواتە من خۆم خانوویەک بۆ خۆم و کارژۆڵەکانم دروست دەکەم».

(٢)

خانووی بزنەکە

زۆری پێ نەچوو بزنەکە بەسمەکانی بناغەی خانووەکەی خۆی هەڵکەند. بەشاخەکان و ددانە تیژەکانیشی دار و چیلکە و چەوێڵی بڕییەوە و هێنایەوە. بەدەمیش پووش و زەلی بۆ کردەوە و هێنایەوە.

خانوویەکی باشی بۆ خۆی و کارژۆڵەکانی دروست کرد. تەنانەت تەندووریشی تیابوو بۆ نان برژاندن. هەموو جارێ کە خۆی و کارژۆڵەکانی دەچوونە ناویشەوە دەرگای خانووەکەیان کلیل و کلۆم دەکرد و تێیدا دەحەسانەوە. پێویستە ئەوەیش بڵێین کە کارژۆڵەکانیشی لە دروستکردنی خانووەکەدا و، کار و فەرمانی ناو خانووەکەدا یارمەتی دایکیان دەدا.

(٣)

گورگ مەڕەکە دەخوات

شەوێکیان لە زستاندا بوو بەتۆف و باران و، تەواو ساردی کرد. مەڕەکە ئەوەندەی نەمابوو لە سەرماندا زیرە بکات. لەتاو سەرما چووە لای بزنەکەی دۆستی و لێی پاڕایەوە، گوتی: «خوشکێ! ئەوەندەی نەماوە سەرما بمکوژێت. لە ڕێی خودادا جێگای شان و سەرم بکەرەوە. بام ئیمشەو ڕەق نەبمەوە».

بزنەکەیش گوتی: «چەندم پێ گوتیت: بام خانوویەکی گەورە پێکەوە دروست بکەین، هەردووکمان و خێزانمان، تێیدا بحەوێینەوە؟... بۆ بەقسەت نەکردم. ئەمە شەوەکەیە کە پێم گوتیت: «لێت دەقەومێت». ئێستاکەیش خانووەکەمان هەر بەشی خۆمان دەکات. بەڵام قەی ناکات: جێگای سەرت دەکەینەوە».

مەڕەکە جێگای سەری بووەوە و نوست. بەڵام شەو، ئاگای لە خۆی نەبووبوو. گورگێک هاتبووە سەری، هەموو لەشی خواردبوو بەدووگەکەیەوە. هەر پێست و ڕیخۆڵەکەی هێشتبووەوە!

بەم جۆرە مەڕەکە لەبەر بێ هۆش و گۆشیی خۆی و، تەمەڵی و کورتبینی خۆی، خۆی گورگان خواردوو کرد.

(٤)

کارژۆڵەکان

بزنەکە چوار کارژۆڵەی هەبوو. دوانیان نێر بوون. دوانیان مێ بوون. (شەن گوڵ) و (تیتیل) کارژۆڵەی نێر بوون، (مەن گوڵ) و (بیبیل) کارژۆڵەی مێ بوون.

ڕۆژێکیان بزنەکە چووە دەرەوە. بەکارژۆڵەکانی گوت: «کە ڕۆیشتم دەرگا لە خۆتان قایم بکەن. نەکەن بچنە دەرەوە. نەکەن دەرگا لە دوژمنە دڕندەکانمان بکەنەوە. ئەگینا ئێوە کز و بێ دەسەڵاتن، دەتانخۆن. وا من دەچم گیا دەخۆم و، گوانمتان بۆ پڕ دەکەم لە شیر، تا نەهێڵم بەبرسێتیەوە بمێننەوە».

کارژۆڵەکانیش گوتیان: «باشە، دایە، تۆ چی دەفەرموویت وا دەکەین».

(٥)

گورگێک چاو دەبڕێتە کارژۆڵەکان

گورگێکی دڕندە لە گەڕەکەکەیاندا بوو. چاوی بڕیبووە کارژۆڵەکان، هەلێکی بۆ هەڵبکەوێ و بیانخوات. جا کە دی بزنەکەی دایکیان چووە دەرەوە بۆ لەوەڕ، بەهەلی زانی، لە پاش تاوێک هاتە سەریان، لە دەرگای دا و، گوتی: «تیتیلە و بیبیلەی دایە! دەرگا بکەنەوە لە دایە. شیرم لە بن گواندایە.

گیام لە بن دداندایە».

کە کارژۆڵەکان لە کونی دەرگاکەوە سەیریان کرد، زانییان گورگە. دەرگاکەیان لێ نەکردەوە. پێیان گوت: «دایکی ئێمە ڕەنگی شینە. ڕەنگی تۆ زەردە. دایکی ئێمە ڕیشی هەیە. تۆ ڕیشت نییە. بڕۆ دەرگات لێ ناکەینەوە».

ئینجا گورگەکە چوو خۆی لە قوڕەشین هەڵکێشا و، ڕدێنێکیشی بۆ خۆ دروست کرد و، هاتەوە سەریان گوتی: «شەن گوڵ و مەنگوڵی خۆشەویستم! دەرگا لە دایکی خۆتان بکەنەوە. ماندوێتی کاری لێ کردووم».

شەن گوڵ و مەن گوڵیش وەرامیان دایەوە گوتیان: «دایکی ئێمە ڕەشە. دەرگات لێ ناکەینەوە».

ئینجا گورگەکە چوو، خۆی لە قوڕەڕەش هەڵسوو، هاتەوە سەریان. لە دەرگای دایەوە گوتی: «کارژۆڵەکانی دایە! دەرکا بکەنەوە لە دایە. شیرم لە بن گواندایە. گیام لە بن دداندایە».

کارژۆڵەکانیش پێیان گوت: «بڕۆ دەرگات لێ ناکەینەوە. دایکی ئێمە سپییە».

ئینجا گورگەکە چوو، خۆ لە قسڵەوە دا و هاتەوە سەریان گوتی: «کارژۆڵە خۆشەویستەکان! دەرگام لێ بکەنەوە. شیرم هێناوە بۆتان».

شەن گوڵیش وەرامی دایەوە گوتی: «دەستتم پێشان بدە. بزانم چنگە یان سم».

کە گورگەکە دەستی لە کونی دەرگاکەوە بردە ناوەوە و، پێشانی دا. شەن گوڵ گوتی: «ئینجا من بەتەواوەتی بۆم دەرکەوت کە تۆ چنگت هەیە و گورگیت. دوژمنی ڕەگەزی ئێمەیت. بۆیەکا دەتەوێ چەواشەمان بکەیت و بمانخۆیت.

بڕۆ هەی زۆرداری نەگریس! دەرگات لێ ناکەینەوە».

(٦)

گورگەکە پەلاماریان دەدات

کە گورگەکە زانی هیچ فڕوفێڵێکی سەری نەگرت و ناسرا، قینی هەڵسا پەلاماری دەرگاکەی دا و، شکاندی، چووە ژوورەوە. (تیتیل) و (بیبیل)ی گرت و خواردنی. بەڵام (شەن گوڵ) و (مەن گوڵ)ی بۆ نەگیرا. چونکە ئەوان خۆیان لە گوڵبێنەی تەندوورەکەدا شاردبووەوە. گورگەکە وای زانی خۆیان دەرباز کردووە. لەبەر ئەوە پێی نەکرا بیانخوات. کە کەتنەکەی کرد چووەوە بۆ خانووەکەی خۆی بیری لەوە دەکردەوە، لە دەرفەتێکدا دوو کارژۆڵەکەی تریش پەلامار بدات و بیانخوات!

(٧)

کە بزنەکە هاتەوە

کە بزنەکە هاتەوە، لە ڕێدا دڵی خۆش بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: «هەر ئێستا کە چوومەوە، کارژۆڵەکانم دێن بەپیرمەوە، دەرگاکەم بەخۆشییەوە لێ دەکەنەوە. منیش تێروپڕ شیریان دەدەمێ و گەمە و یارییان لەگەڵدا دەکەم».

کەچی کە هاتەوە: دەرگا شکابوو. ماڵ چۆڵ و هۆڵ بوو. کەلوپەلی ناو ماڵ تێک چووبوو. لە تاو ژانی دڵی خۆی باراندی و دەستی کرد بەشین و شەپۆڕ. وا تێگەیشت کە هەموو کارژۆڵەکانی خوراون و لە ناوچوون. لەگەڵ ئەوەیشدا یەک یەک بانگی کردن. کە (شەن گوڵ و مەن گوڵ) دەنگی دایکیان بیست، خۆشی خۆشییان پێ کەوت. وەرامیان دایەوە گوتیان: «دایەگیان! ئەوا هاتین». هەردووکیان لە گوڵبێنەی تەندوورەکە هاتنە دەرەوە و، کەینەوبەینەکەیان هەر لەسەرەوە هەتا خوارەوە بۆ دایکیان گێڕایەوە.

هەرچەندە بزنەکە دوو کارژۆڵەی خۆشەویستی لە دەست چووبوو، بەڵام دووانیان ماون و نەخوراون، سروەیەکی خۆشی کەوتە دڵیەوە. لە دڵی خۆیدا سوپاسی خودای کرد و گوتی: «بۆ گەورەیەکی وەک خودا چییە ئەو دوو کارژۆڵە نازدارەی تریشم بداتەوە!».

ئینجا بەدڵنیاییەکەوە شیری دا بە(شەن گوڵ) و (مەن گوڵ) و هەر لەو کاتەیشدا بڕیاری دا: تۆڵەی خۆی لە زۆرداری ناکەس بەچە بکاتەوە.

(٨)

بزنەکە چووە سەربانی مام ڕێوی

بزنەکە چووە سەربانی ماڵی مام ڕێوی و، دەستی کرد بەتەپە تەپکردن. ڕێوی گوتی: «ئەوە کێیە تەپە تەپ دەکا؟. کاسە و کەوچکم پڕ لە خۆڵ دەکا؟. میوانم شەرمەزار دەکات؟».

بزنیش گوتی: «ئەوە منم من منۆکە. دوو چاوم پێوەیە بزبزۆکە. دوو شاخم پێوەیە ڕوم ڕمۆکە. کێ خواردوێتی تیتی من؟... کێ خواردوێتی بیبی من؟... بێتە شەڕە جەنگی من!».

مام ڕێویش گوتی: «ئەم خواردووە تیتی تۆ. ئەم خواردووە بیبی تۆ. نایەمە شەڕی جەنگی تۆ».

(٩)

بزنەکە چووە سەربانی مام گورگ

ئینجا بزنەکە لە سەربانی مام ڕێوی هاتە خوارێ و، چوو بۆ سەربانی مام گورگ. دەستی کرد بەتەپە تەپکردن. مام گورگ گوتی: «ئەوە کێیە تەپە تەپ دەکات؟... کاسە و کەوچکم پڕ لە خۆڵ دەکات؟... میوانم شەرمەزار دەکات؟...».

بزنەکەیش وەرامی دایەوە گوتی: «ئەوە منم منۆکە. دوو چاوم هەیە بزبزۆکە. دوو شاخ پێوەیە ڕم ڕمۆکە. کێ خواردوێتی تیتی من؟... کێ خواردوێتی بیبی من؟... بێتە شەڕە جەنگی من!...».

مام گورگیش گوتی: «من خواردوومە تیتی تۆ. من خواردوومە بیبی تۆ. دێمە شەڕە جەنگی تۆ!».

کاتێ کە مام گورگ هاتە دەرەوە و لەگەڵ بزندا کەوتنە گڕ و گەفەوە و، دەنگە دەنگیان کەوتەبەر گوێی دراوسێ و کەسوکاریان؛ ئەوان هاتنە ناوبژییان و، خستیانە مێشکی هەردووکیانەوە، کە بچنە لای (دادگەر)، کێشەکەیان ببڕێنێتەوە، لەو شەڕ و شۆڕ و قیژە و هەرایە چاکترە. ئەمانیش، هەردووکیان، وازیان لە شەڕ هێنا خۆیا ئامادە کرد بچنە لای (دادگەر) ناوبژییان بکات.

(١٠)

هەردووکیان دەچنە لای دادگەر

بزنەکە لە شیرەکەی خۆی جامێ ماستی ناوازەی ئامادە کرد و، بردی، بۆ دادگەرەکەی پێشکەش بکات.

گورگەکەیش هەمانەیەکی پڕ کرد لە بای خۆی و، دوو دەنک نۆکی تێ خست و، بردی بۆ دادگەرەکە. پێی گوت: «ئەمە تووتنی شاوورە. بۆنی خۆشم پێوە کردووە. هەر شایستەی خۆتە!».

کە دادگەر هەمانەکەی کردەوە، بایەکەی دەرپەڕی. هەردوو دەنکە نۆکەکانیشی لێ دەرپەڕین. دایان لە چاوی دادگەر. چاویان بریندار کرد و کوێر بوو.

کە بزنەکە بەوەی زانی گوتی بەدادگەر: «گەورەم! مام گورگ مەبەستی لەم کەتنەی ئەوە بوو بتکوژێت. ئەوەک تۆڵەی منی لێ بکەیتەوە. تۆزێک لە ماستەکەی من، کە بۆم هێناویت بەدیاری، لە چاوەکانتی بدە، چاک دەبنەوە». دادگەرەکە بەقسەی بزنەکەی کرد. کە ماستەکەی لە چاوی دا، ئەوەندەی پێ نەچوو هەردوو چاوی چاک بوونەوە.

(١١)

دادگەرەکە تۆڵە لە گورگەکە دەکاتەوە.

دادگەرەکە، کە لە سکاڵای بزنەکە و، قسەکانی کارژۆڵەکان و، واتەی گورگەکە و، کردەوەکانی کۆن و نوێی گورگەکە و ڕەگەزەکەی گورگەکە سەرنجی دا و لێکۆڵینەوەی کرد، بڕیاری کوشتنی گورگەکەی دا.

بەڵام لە شێوەیەکی وا هونەرمەندانەدا بڕیارەکەی خۆی بردە سەر، کە هەموو کەس سەریان سوڕما و دڵخۆش بوون و پێکەنین.

دادگەرەکە، هێنای: لە بەردەم دانیشتوانی گەڕەکەکەدا دوو شاخی لۆکەی بۆ مام گورگ دروست کرد و، لە کەللەی قایم کرد. دوو شاخی نووک تیژی ئاسنیشی بۆ بزنەکە دروست کرد و، لە شاخەکانی هەڵکێشان.

ئینجا گوتی: «دەی! بجەنگن!».

لە پێشدا مام گورگ کەش و فش و، خۆ نواندن و، گرۆگەف و، هەڕەشە و گوڕەشەیەکی زۆری لە بزنەکە کرد. بەڵام بزنەکە، کە زۆر لێ کراو و، داخ لەدڵ و، خاوەن تۆڵە بوو، هەر ئەوەندەی پێ گوت: «فڕوفێڵی تۆ کار لە من ناکات. ئەمڕۆ ڕۆژی (داد) سەرکەوتنە. چونکە خوداپشتی زۆردار دەشکێنێت و، پشتی زۆر لێ کراو دەگرێت. بەو خوایەی کە خودایە، بڕیارێکە و داومە، تا ورگ و جەرگ و هەناوت لەت لەت نەکەم و، (تیتیل) و (بیبیل) لە ورگت نەهێنمە دەرەوە وازت لێ ناهێنم!».

لە ڕاستدا گورگەکە هەرچەندە لە داروباردا بەچنگتر و بەهێزتر بوو لە بزنەکە، بەڵام چونکە (ماف) بەلای بزنەکەوە بوو، چونکە دادگەر و دانیشتوانی گەڕەکەکە خۆشەویستییان بەرامبەر بزنەکە پێشان دە‌ دا و، بەزەیییان بەودا دەهاتەوە، ترس و لەرز چوو بوونە دڵیەوە... تا دەهات بڕستی دەبڕا و،

هەروەها پەیی بەوەیش بردبوو: ئەگەر بزنەکەیش نەیکوژێت ئەوان هەر دەیکوژن. لەبەر ئەوە هەر ئەوەندە یەک دوو جارێ ئەو و بزنەکە پەلاماری یەکتریان دا و، شۆقیان لە یەک هەڵدا، گێژ بوو. لەو کاتەدا بزنەکە بەهەلی زانی، شۆقێکی یەجگار توندی لە ورگی هەڵدا، ورگی دڕی و، جەرگ و هەناویشی لەت و پەت کرد. گورگەکە تۆپی!.

تەماشاکەران ئەم ئەنجامەیان یەجگار پێ خۆش بوو. بەتایبەتی کە سەرنجیان دا ئەوا هەردوو کارژۆڵەکە: (تیتیل) و (بیبیل)، لە ورگی گورگەکە هاتنە دەرەوە و، ئاوێتەی دایکە بزنەی خۆیان بوون و، دەستیان کرد بەشیر خواردن!. بزنەکە ئەوەندەی نەمابوو لە خۆشیاندا گەشکەدار ببێ. دانیشتوانی ئاواییەکە، هەموو، چەپڵەیان بۆ لێدا.

(شەن گوڵ) و (مەن گوڵ)یش یەجگار شادمان بوون بەوەی کە (کاکە تیتیل)[1] و (دادە بیبیل)ی خۆشەویستیان بێ وەی بۆ دۆزرایەوە. ئەوانیش بەشی خۆیان دەستخۆشی و ئافەرینیان لە دایکیان کرد و، بەشی خۆیان شیریان لە گوانی مژی...

هەر مەپرسە دانیشتوانی ئاواییەکەیش چەند دڵخۆش و شادمان بوون بەم (دادپەروەری)یەی کە (دادگەر) نواندی. لە خۆشیاندا دەستیان کرد بەبەزمورەزم و ڕەشبەڵەک و هەڵپەڕین.

گەورەی دادپەروەر

(١)

کەریم خانی زەند

شێرکۆ بەباوکی گوت: «بابە! حەز دەکەم باسی کەریم خانی زەندم بۆ بکەیت».

باوکیشی گوتی: «کەریم خان شاهێکی گەورەی کورد بووە. یەجگار گەورە و، یەجگار دادپەروەر بووە. لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە. بیست و هەشتساڵی خشت شاهێتی بەسەر خاکی هەموو ئێران و بەشێکی گەورەی کوردستاندا کردووە. کە مرد نەتەوەکانی ژێردەستی بۆی گریان. چونکە گەورەیەکی دادپەروەر و، باوکێکی دڵسۆز و، کردەوە شیرینیان لە دەست چوو. کە بەدرێژایی تەمەنی ئەو خاکانەی لەژێر دەستی دابوون شاهی وا دادپەروەر و گەورەیان بەخۆیانەوە نەدیبوو».

ئینجا شێرکۆ لە باوکی پرسی:

«بابە! کەریم خان چۆن بوو بەشاهی ئێران و بەشێکی گەورەی کوردستان؟».

باوکیشی گوتی: «کەریم خانی زەند، لەتاو زۆروستەم و ئاژاوە و پشێوی ناو ئێران و کوردستان دەستی دایە شۆڕشەکەی خۆی. هەشت ساڵی خشتی پێوە خەریک بوو، ئینجا ئێران و کوردستانی لە دەست دوژمنانی نەتەوەکانی ئێران و کوردستان پاک کردەوە. کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا، ئەمەندە پیاوێکی گیان سووک و مەند و زرنگ بوو، بەساکاری دەژیا، نەیدەویست پێی بڵێن: «شاه». دەیگوت پێم بڵێن: (جێ نوشینی گەل)».

---

(١) ڕاستتر: دادەتیتیل.

(٢)

کردەوەکانی کەریم خان

ئینجا شێرکۆ لە باوکی پرسی:

«بابە! کردەوە و کاری کەریم خان چۆن بوون؟».

باوکیشی گوتی: «(کەریم خان) پشتیوانی هەژار و داماو و لێ قەوماو بوو. دۆستی زانا و وێژەوان و هونەرمەندان بوو. باری جووتیارانی سووک کرد. گەلێک باجی لەسەر لابردن. گەلێک باجی بۆ کەم کردنەوە. یارمەتی بازرگانانی دا و، کاری بازرگانیشی بۆ ئاسان کردن. کشتوکاڵی پەرەپێدا. خوێندەواری لە سەردەمی ئەودا گەشەی کرد. کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا خۆی کورە سەرەک هۆزێک بوو. تا ما بەنەخوێندەواری مایەوە!».

شێرکۆ گوتی: «بابە! کەریم خان لە چ هۆزێک بوو؟».

باوکیشی گوتی: «لە تیرەی (لەک) بوو کە بەشێکن لە هۆزی بەختیاری».

شێرکۆ گوتی: «بابە! پایتەختی فەرمانڕەواییەکەی کەریم خان ناوی چی بوو؟».

باوکیشی گوتی: «ناوی (شیراز) بوو».

شێرکۆ پرسی: «ئەی ناوی فەرمانڕەواییەکەی چی بوو؟».

باوکیشی گوتی: «فەرمانڕەوایی زەند».

(٣)

سەر گوروشتەکانی کەریم خان

شێرکۆ لە باوکی پرسی: «بابە! لە بابەت کەریم خانی زەندەوە هیچ چیرۆکێکت نەبیستووە بۆم بگێڕیتەوە؟».

باوکیشی گوتی: «با بیستوومە. گوێ بگرە سێ چیرۆکت بۆ بگێڕمەوە:

یەکەم: چیرۆکی (بازرگانی سامان دزراو).

دووەم: چیرۆکی (دەروێشی بێ خانوو).

سێیەم: چیرۆکی (کرێکاری هەژار).

(٤)

بازرگانی سامان دزراو

باوکی شێرکۆ گوتی: «کەریم خانی زەند، خووی وا گرتبوو؛ هەموو ڕۆژێک چەند کاتێک؛ گوێی لە داد و سکاڵای نەتەوەکەی خۆی دەگرت. ڕۆژێکیان بەماندوێتییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. لە چەقی ڕێگادا

بازرگـانێکی پێ دەگـات. هاواری بۆ دەهێنێت. دەڵێت: «شـاهم!... داد!... لە ڕێی خـودادا بگەرە فـریام. هەرچیم هەبوو دز بردوێتی. تۆ بۆم نەسێنیتەوە کەس ناتوانێت بۆم بسێنێتەوە. خودام هەیە و تۆ».

(کەریم خـان)یش پێی دەڵێت: «بۆ چ نوسـتیت و، ئاگـات لە کەلوپەلی خۆت نەبوو، هێڵات بیـدزن؟ بازرگانەکانەش دەڵێت: «وام زانی تۆ ئاگاداریت!؟...».

(کەریم خـان) بەوەرامی بازرگانەکە دڵخۆش دەبێت و، پێ دەکەنێت. فەرمان دەدات بەکاربەدەستەکەی ژێر دەستی خۆی، دەڵێت: «هەرچی لێ دزراوە، لە گەنجینەی فەرمانڕەوایی بیدەنەوە و، کۆشیش بکەن؛ سامانە دزراوەکە، بەدزەکەوە بدۆزنەوە!».

(٥)

دەرویشی بێ خانوو

شـێرکۆ گوتی: «بابە! سـوپاسـت دەکـەم. چیرۆکـەکـەت خۆش بوو. دەفـەرمـوو چیرۆکی (دەرویشی بێ خانوو)یشم بۆ بکە».

باوکیشی گوتی: «جارێکیان کەریم خان فـەرمان دەدات؛ چەند خانوویەک بۆ ئاوارەکان و دەرویشەکان لە کـەنار شـار دروست بکەن. لەو کـاتەدا دەرویشـێک دێتـە لای و پێی دەڵێت: «شـاهم! منیش هەژار و پەرێشانم. لە گەورەیی خۆت بێ بەشم مەفەرموو. تکا دەکەم بفەرموو ژوورێکیش بۆ من دروست بکەن».

(کـەریم خـان)یش فـەرمـانی دا: «ژوورێکی بۆ دروست بکەن». کـاربەدەسـتێکی کـەریم خـانیش لەوێ دابوو، ڕاست بووەوە و، پێی گوت: «شاهی خۆم! ئەم دەرویشـە بەنگ کێشـە. مەیش دەخـواتەوە. بۆچی فەرمووت ژووری بۆ دروست بکەن؟».

کـەریم خـانیش گـوتی: «کـەواتە بنووسـە بام مـانگانەیشی بۆ ببڕێتـەوە، بەڵکو واز لەو بەزمـانەیش بهێنێت!؟...».

زۆری پێ نەچوو، دەرویشەکە، ژووریشی وەرگـرت و، مـانگانەیشی وەرگرت و، بەشـادمـانییـەوە ژیا. سەیر ئەوە بوو لە بەزمی بەنگ کێشان و مەی خواردنەوەیش وازی هێنا!».

(٦)

کرێکاری هەژار

شـێرکۆ گوتی: «سوپاسـت دەکەم بابەگیـان. ئەم چیرۆکـەیشـتـان خۆش و سـەیر بوو. فەرموو چیرۆکی سێهەمیشم بۆ بگێرەوە».

باوکـیشی گـوتی: «لە کـاتێکدا کـەریم خـانی زەند بەسـەر ئەو کـرێکار و وەسـتـایانە وەسـتـابوو. کـە مزگەوتێکیان لە شاری (شیـراز)دا بۆ دروست دەکرد، داوای لە پیاوەکەی کرد؛ قلیانێکی بۆ تێ کرد. کە چاوی هەڵبڕی؛ کرێکارێکی ڕووت و قووتی دی، سەری هەڵبڕییە ئاسمان و، ورتە ورتێکی بەلێوی کرد و، بەتەماشاکردنێکی سەرسوڕمانیشەوە تەماشای کەریم خانی کرد! کەریم خانیش بانگی کرێکارەکەی کرد و لێی پرسی: «ئەوە چیت گوت؟».

کـابرایش گـوتی: «گـوتم: خـودایە! تۆ ناوت (کـەریم)ە و، ئەم شـاهەنشـاهەیش کـە هەر وەکـو من بەندەیەکی تۆیە، هەر ناوی (کەریم)ە و، منیش کە هەر لە بەیانییەوە ئەچەوسێمەوە بۆ ئەو و، بەبەر ئەم هەتاوە گەرمەو فەرمـان ئەکـەم بۆ ئەو تا ئێـوارێ، بەمـزێکی کـەم هەر ناوم (کـەریم)ە. لە کـاتێکدا کـە شاهەنشاە پەنجەیەکی کێشا و، پیاوێکی شەنگ و شۆخ ئەو قلیانە زێڕینەی بۆ هێنا، کە بەبەردی نرخدار و گەوهەر رازێنراوەتەوە، قومی لێ بدا و پێی بحەسێتەوە، منی هەژار و بەسەزمانیش کە بۆ قـومێک سەبیل گیانم دەچوو، ناتوانم بەسەبیلە قوڕینەکەی خۆیشم قومێک بکێشم. ئەی خودا سەرم سوڕماوە لەم جیاوازییە، لە ناوەند ئەم سێ (کەریم)ەدا!...».

(کـەریم خـان)یش بەزەیی بەکـابرادا هاتەوە دەمـودەست قلیـانە زێڕینە گـەوهەر بەندەکـەی خـۆی بەزەردەخـەنەیەکـەوە پێ بەخشی. ئینجـا پێی گـوت: «ئەم قلیـانە نرخی گرانە. وریابە بەهەرزان لێـتی نەکڕن!» جا وەک دەگێڕنەوە: کـابرا بەنرخی ئەو قلیانە بوو بەخاوەن کـار و پیشـە و، جێگا و ڕێگا و، گەلێکیش دەوڵەمەند بوو و، بەخۆشیشەوە ژیا!».

(٧)

واتای دادپەروەری

کە باوکی شێرکۆ ئەم زانیاری و چیرۆکانەی بۆ شێرکۆ گێڕایەوە، شێرکۆ دڵی زۆر خۆش بوو، گوتی: «بابەگـیـان! سـوپاسـێکی زۆرتان پێـشـکەش دەکـەم. هەروەکـو دڵمـسـتـان دامـرکـاندەوە، داخـاوێکی مێشکیشمتان دایەوە. خۆزگە واتای دادپەروەریشتان بۆ لێک بداماینەوە».

باوکیشی وەرامی دایەوە گوتی: «دادپەروەری ئەوەتا: هەرکەسە مافی خۆی بدەیتێ. نەهێڵێت کەس مـافی کـەس داگـیـر بکات. مـافی هەمـووانیش بپـارێزێت. جـا هەر دادگـەر و کـاربەدەسـتـێـک، هەر دەسـەڵاتدارێک، هەر سـەرکـردە و سـەردارێک، هەر شـاە و مـیـر و فـەرمـانداریێک، هەر گـەورە و سەرکۆمارێک، ئەو فەرمانەی بەجێ هێنا، پێی دەڵێن: (دادپەروەر). ئەگەر بەجێی نەهێنا پێی دەڵێن: (زۆردار). هەر فـەرمـانڕەوایـیـەکـیـش (دادپەروەر) نەبێت، تێک دەچێت و، لەناو دەچێت و، دەڕووخێت. هەر فـەرمـانڕەواییـەکیش (دادپەروەری) بەجێ بهێنێت، دەمـێنێت و، پایەدار دەبێت و، گەشـە دەکات و پێش دەکەوێت».

شێرکۆ لە باوکی پرسی: «بابەگیان! کێی تر هەیە لە مێژووی کورد و کوردستاندا بە(دادپەروەری)یەوە ناوی دەرکردبێت؟».

باوکـیـشی وەرامی دایەوە، گـوتی: «(سـەلاحـەدینی ئەیوبی)یش وەک (کـەریم خـانی زەند) دادپەروەر بووە».

شێرکۆ گوتی: «ئەی لە مێژووی عەرەبەکاندا کێ و کێ هەن لە خونکاران، دادپەروەر بووبن؟».

باوکیشی گوتی: «عومەری خەتتاب و، عومەری عەبدولعەزیز».

شێرکۆ گوتی: «ئەی لە تورکەکان و فارسەکان و هیندییەکان، کێ و کێیان دادپەروەرییان نواندووە؟».

باوکیشی گوتی: «لە فەرمانداره تورکەکان (مەدحەت پاشا)، لە شاهەکانی ئێران؛ (نەوشیروان)، لە کاربەدەستانی هیندستانیش؛ (غاندی)، دادپەروەرییان نواندووە». ئینجا شێرکۆ گوتی: «ئەی بابە! پێغەمبەرەکان لە کردەوە و کاریاندا، دادپەروەر نەبوون؟».

باوکیشی گوتی: «بەڵێ هەموویان دادپەروەر بوون و، دادپەروەریشیا نە هەموو کردەوە و کارێکیاندا نواندووە. بۆ نموونە (محەمەد) و (عیسا) و (مووسا) و (زەردەشت) و (نووح) و (ئیبراهیم) و (یوسف) دەهێنینەوە، کە هەموویان دادپەروەر بوون و، هەموویشیان لە کردەوە و کاریاندا دادپەروەرییان بەکارهێناوە».

ئینجا شێرکۆ پڕ بەدڵ سوپاسی باوکی کرد و، کەوتەوە بیرکردنەوە: پرسی تری لێ بکاتەوە، تا لە (دادپەروەری)دا شارەزاتر بێت.

(٨)

چۆن دەتوانین ببینە دادپەروەر؟

شێرکۆ پرسی: «ئەی بابە! ئێمە مافمان نییە ببینە دادپەروەر؟».

باوکیشی گوتی: «بەڵێ هەموومان مافمان هەیە ببینە دادپەروەر. بەڵکو پێویستە هەموومان دادپەروەر بین. ئەگینا لە ژیانماندا سەرناکەوین».

شێرکۆ پرسی: «کەواتە چۆن دەتوانین ببینە دادپەروەر؟».

باوکیشی گوتی: «بۆ ئەمەی بتوانین ببینە دادپەروەر، پێویستە شارەزای مافی خۆمان و، مافی کەسانی تر و، مافی گشتی بین.

ئینجا مافی خۆمان و، مافی کەسانی تر و، مافی گشتیش بپارێزین».

شێرکۆ پرسی:

ئاخۆ بابە! دادپەروەری لە هەموو کەس دەوەشێتەوە؟».

باوکیشی گوتی: «تەنیا لەو کەسانە دەوەشێتەوە کە شارەزای مافەکانی خۆیان و کەسانی تر و گشتی بن و، دڵی پاک و دەروونی چاک و هۆشی تەواویش بەکاربهێنن، لەگەڵ چاکەخوازیدا».

شێرکۆ گوتی: «ئەی چۆن هەست بەخۆمان دەکەین: دادپەروەریمان نواندووە، یان زۆرداریمان کردووە؟».

باوکیشی گوتی: «ئەو کردەوەیەی لەگەڵ کەسێکی تردا دەینوێنیت، لە خۆت بپرسە: ئەگەر لەگەڵ خۆتدا بینوێنن پێت خۆشە؟ تۆ حەز دەکەیت بتکوژن؟ نە،. کەواتە کەس مەکوژە. تۆ حەز دەکەیت درۆت لەگەڵدا بکەن؟ نە،. کەواتە درۆ لەگەڵ کەسدا مەکە».

ئینجا شێرکۆ دەستی باوکی ماچ کرد و، سوپاسیشی کرد و، بەڵێنیشی دایە: هەتا هەیە (دادپەروەر) بێت».

فەرهەنگۆک بۆ منداڵان و مامۆستایان و دایک و باوکان

وشەی کوردی	وشەی عەرەبی
دادپەروەری	العدالة
زۆرداری	الظلم
داگیرکەری	الاستعمار
کۆنەپەرستی	الرجعية
هاوبەشی	الاشتراكية
پێشکەوتنخوازی	التقدمية
مرۆڤ دۆستی	الانسانية
خەباتکاران	المناضلون
مانگی نەورۆز	شهر آذار
مانگی ئاودار	شهر آذار
کۆکرە	المؤتمر
ژیانی هەرەوەزی	الحياة التعاونية
سەرکردەیی، پێشڕەوی، پێشەوایی	القيادة، الامامة، الزعامة
هاوکاری	التضامن
ڕەنگڕێژکردن	التخطيط
ئەندازیار	المهندس
چشتیر	اصطبل الدواب
خوێندنگا	المدرسة
نووسراوخانە	المكتبة
گەرماو	الحمام
پێشا	و المرحاض
میناپەند	بيت زجاجي
پەڕندە	الطيور
فەرمانداریی خۆیی کوردستان	الحكم الذاتي في كردستان
پرۆژە	المشروع
نەهێشتنی نەخوێندەواری	محو الامية
وانا	الدرس
پاداش دانەوە	المكافأة

کەش	الطقس
ڕۆژەکەی تووشە	يوم عاصف
جەربەزەیی	المجازفة
ئاورەگ (ئارەق)	العرق (عرق الجسم)
هەرێم	المنطقة
دۆخی جاران	الوضع السابق، الحالة السابقة
کڕوکەف	التبجح مع التهديد
دادگەر	القاضي، الحاكم (العدلي)
شاگرد	تلميذ

شیعر بۆ منداڵان

کۆتر و بێچووەکانی

لە نامیلکەی (خانووی تازە)دا کە لە ۱۹۳۳دا لە چاپخانەی (ژیان) بەچاپی گەیاندووە، لە کۆتاییەکەیدا ئەم شیعرەی بۆ منداڵان بلاوکردۆتەوە، جا چونکە بابەتەکە هەر بۆ منالآنە؛ بۆیە لەناو کۆمەڵە شیعرەکانیدا دامان نەنا، وا لێرەدا پێشکەشی دەکەین:

کۆتر و بێچووەکانی

ڕۆژێ کۆترێک بەبێچووەکانی؛
ئەووت: «مەچنەدەر منالەکانم»
لە هێلانەدا بەبێچووەکانی
ئەووت: «مەچنەدەر منالەکانم»

▪

بەلآم لاساربوون، گاڵتەیان پێ کرد
نەترسان لەوەی تووشی داوی بن
لە لانە دەرچوون، چوونە دەشت و دەر
نەترسان لەوەی تووشی داوێ بن

▪

زۆری پێ نەچوو ڕێویەکیان تووش بوو
بێچووەکانی گرت، یەک یەک خواردنی
چونکی کەس نەبوو لەو دەوروپشتە
بێچووەکانی گرت، یەک یەک هواردنی

*

ئەوی لاســـــاربوون وایان بەســـــەرهات
چونکی بێگوێیی قســەی دایکیــان کــرد
بێــچــووەکـــان، بۆیە وایان بەســـەرهات
چونکی بێ گوێیی قسەی دایکیـان کرد[1]

ژینی تایبەتی

لە گۆڤاری (بەیان)ەوە، ژمارە (١٧)ی ئەیلولی ١٩٧٤ - ٢٦٧٤ کوردی ل ٢٠ - ٢٣.

١- خانوو:

١- هەر خـانوویەک، پشتی لە رەشەبا بێ و رووی لە رۆژ بێ و لە پەنجـەرە و دەرگاکانیـەوە تیـروپڕ بای پاک و تیشکی رۆژ بێتە ژوورەوە و، دووربێ لە جروجانەوەر و قاووقیژ و تەپوتۆز و مێشـومەگەز و شتی تر، ئەو خانووە بۆ ژیان و گوزەرانی مرۆڤ بەکەڵکە.

٢- خـانوو چەند باش دروست کـرابێ و چەند باش رێک خـرابێ و چەند رازێنرابێتـەوە ئەوەندە ژیان و گوزەرانی تیا خۆش دەبێ.

٣- بۆ رۆژی ئیـمرۆ خانوو چەند سـاکار و چەند خنجیـلانە و جوانکیـلانە و کـەم ئەرک بێ، بۆ کـەیبانوو ئەمەندە پەسەندە.

٤- بەکورتی ئەبێ خانووەکە وابێ کە ئەو خێزانەی تیا دەژی بەتەواوی سرەوت و ئارام و دڵخۆشی خۆی تیا دەست بکەوێ.

٥- جا منالی پەسەند ئەو منالەیە کە لە ئەرکی راگرتنی خانووەکەی مالی باوکیا بەپاکی و رێکوپێکی و جوانی و رازاوەییـیــەوە، یارمـەتیی دایک و باوکی خـۆی بدات. تا دڵی دایک و باوکی خـۆی شـاد بکات و فەرمانی سەرشانی خۆیشی وەک ئەندامێکی خێزانەکەی خۆی بەجێ بهێنێ.

٢- باخچەی ماڵ

خـێزان تا پێی ئەکرێ، باخـەکـەی هەر چوار لای خـانووەکـەی بگرێتـەوە باشـترە. هەر هیـچ نەبێ لای بەردەمی بەتەواوەتی بگرێتەوە. ئەگەر ئەوەیش سەری نەگرت، بام تیلماسکە زەوییەک لەبەردەمی ژووری دانیشـتنەکەیدا بکات بەباخچە. یاخود چەند ئینجانەیەک گوڵ لەبەردەمی ژوورەکەیدا دابنێ. باخچە بۆ ماڵ زۆر پێویستە. دەیرازێنێتەوە، جوانی دەکات. بۆن خۆشی دەکات. تەپوتۆزی لێ دەگیرێتەوە. فێنکی دەکاتەوە. دڵی ئەندامانی خێزان و میوانانی خێزانیش خۆش دەکات.

جا منالی وت و وریا و شیرین کردار دەتوانێ لە ئامادەکردنی باخچەکەی ماڵی باوکیا و پاراستنیا و گەشەپێکردنـیدا یارمەتییەکی زۆری دایک و باوکی خۆی بدات. تا خۆیشی و ئەوانی تریش کەڵکی لێ ببینن.

---

(١) خانووی تازە، ل ١٨، ١٩.

٣- ماڵ ڕازاندنەوە:

١- منالّی پێشکەوتوو لەسەر عەرد دانانیشێ و نانوێ. چونکە بەوە پشت ئەکۆمێتەوە و، لەش ماندوو نەبێ و، چاوکز نەبێ و نەخۆشی نەگات بەپیاو. لەبەر ئەوە لەسەر کورسی دائەنیشێ، لەسەر تەخت ئەنوێ. ژووری خواردن و دانیشتن و نوستنەکەی بەکورسی و مێز و تەبڵەک و تەخت دەڕازێنێتەوە.

٢- بۆیەکا تەخت و کورسی و مێز و تەپڵەکیش بەکار دەهێنێت، تا زۆرتر بحەسێتەوە.

٣- کەلوپەل و مسینەر چێوینە و نووسراو و بابەتانی شووشە و بلوور لەناو سندووق و دۆلابدا دادەنێ. تا جروجانەوەریان پیا هەڵنەگەڕێت و تۆزیان لێ نەنیشێت.

٤- ژووری دانیشتن و میوان بەگوڵ و پەیکەر و وێنەی جوانی ڕەنگاوڕەنگ دەڕازێنێتەوە. هەروەها وریای ئەوەیش دبێت کە پەیکەر و وێنەکان هی نیشتمانەکەی و نەتەوەکەی خۆی بن، یاخود هی ئەو کەسانەبن کە بەکەلکی هەموو جیهان هاتبن.

٤- **نووسراوخانە:** نووسراو (کتێب)، دۆستێکی دڵسۆز و هاودەمێکی ڕووخۆش و یارێکی بەجۆش و خرۆش و مامۆستایەکی زرنگ و بەهۆشە. لەبەر ئەوە خێزانی پێشکەوتوو، نووسراوخانەیەکی خنجیلانە و جوانکیلانە لە ژووری دانیشتنەکەی خۆیدا دادەنێت و پڕیشی دەکات لە نەخشە و وێنە و گۆڤار و نووسراوانی خۆشی خۆشی و بەکەڵک و نایاب، تا لە شەوانی پاییز و زستاندا ببنە گوڵی کۆڕی خێزان و میوان، کە منالّیش ئەندامێکن لەوان.

٥- **ساز و ئاواز و گۆرانی:** لە هەموو مالّێکی پێشکەوتوودا پێویستە شمشاڵێک، یاخود تارێک، یان عود و کەمانێک، یان گرامەفۆن ڕادیۆ و تەلەفزیۆنێک هەبێ لەگەڵ چەند دەنگ خۆشێکدا. چونکە گۆرانی و ساز و ئاوازی خۆش، سەر سووک ئەکەن، دڵ خۆش ئەکەن، لەش ئەبووژێتەوە، بۆ هەموو خاوخێزان و میوانانیش دەبنە گوڵی کوڕ و پزیشکی دڵسۆز.

٦- **گاڵتەوگەپ و قسەی خۆش:** هەروەها خێزانی پێشکەوتوو، ئەندامەکانی بایەخ ئەدەن بەلەبەرکردن و گێڕانەوەی گاڵتەوگەپی خۆش و قسەی شیرین و چیرۆک و پەند و ئامۆژگاری و هۆنراوەی ناوازە و نایاب، تا لە کاتی کۆبوونەوەکانیاندا بەهۆی ئەوانەوە دڵی یەکتری خۆش بکەن و مێشکی یەکتری زاخاو بدەن و سرەوتی گیانیشی بەیەکتری ببەخشن و بەوانە خۆیان بحەسێننەوە.

***

ژیانی ڕۆژانەی هەموو خێزانێک، جاروبار دەناڵۆزێ و ناخۆش دەبێ و پڕی دەبێ لە ئەرک و ئازار. بەلام کە خێزان وەک لە سەرەوە پێشانمان دا، خۆی خەریک کرد بەو شتە ناوازە و نایاب و خۆشی و بەکەڵکانەوە، باری گرانی سووک ئەبێ و ئەو ئەرک و ئازارانەی زوو لە بیر ئەچێتەوە و ڕوو ئەکاتەوە کامەرانی. جا منالّی بەهۆش، دەتوانێت، لەم ڕووانەوە، زۆر بەکەڵکی خێزانەکەی خۆی بێت و، تا ئەندازەیەکی گەورەیش ببێتە شەوچرای دایک و باوکی و برا و خوشکەکانی. کە بەوە خۆیشی زۆر خۆشی و شادمانی پێ دەگات.

لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی

پرۆژەی دانانی کتێبخانەیەکی کوردی

لەوانەیە خوێنەری هێژا بپرسێ کە سوود لە دانانی ئەم لیستی کتێب و گۆڤارانە چییە لەناو ئەم کتێبەدا؟

مامۆستا هەر لە کاتێک قوتابی ئامادەیی مەرکەزی بووە لە بەغدا، هەوڵی دەسخستن و کۆکردنەوە و بنیاتنانی کتێبخانەیەکی کوردی داوە، بۆ ئەمەش چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی کۆکردۆتەوە و لە یادنامەکانیدا -کتێبی یەکەم- لە زیاتر جارێک باسی پرۆژەکەی دەکات.

جا ئەمەش تۆماری ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامانەیە کە لە ساڵی ١٩٣١ لە کتێبخانەکەیدا پاراستوونی و دەستی خستوون، سوودی هەر نەبێ بایی ئەوەندە کەڵک دەبەخشێ کە خوێنەری هێژا تەنیا ناوی هەندێ کتێب و نامیلکەی کوردی وا بدۆزێتەوە کە ئێستا باوەڕ ناکەم مابن یان زۆر دەگمەنن لەگەڵ ناوی دانەرەکانیان، جگە لەمە هەندێ کتێبی دی بەعەرەبی و ئینگلیزی کە دەربارەی کورد هەبوون، با وەک (سەرچاوە)یەک ئەگەر ناوەکانیشیان بێنێ هەر بەدەرنین لە کەڵک بەخشین.



ژمارە	ناوی نووسراوە	زمان	ناوی دانەر
١	شەرەفنامە	عەرەبی	ئەمیر شەرەفخانی بەدلیسی
٢	تەئریخول قەرن ئەلتاسیع عەشەر	"	موحەممەد عالم ،حوسەین حوسنی
٣	مەعالیمول قوربەتول موستا	"	
٤	موزەککەراتول تەئریخول قەدیم	"	مەتی عەقراوی
٥	غونچەی بەهارستان	کوردی	سەید حوسێنی موکریانی
٦	پێشکەوتن	"	" "
٧	ئاوێنەیکی باشەوە - (بەندی دووەم)	"	" "
٨	بەرگی دووەم " " - (جزمی سێیەم)	"	" "
٩	" " " - (جزمی چوارەم)	"	" "
١٠	کورد لەکێوەدە خەبیکە ؟ ژمارە (١)	"	علی عیرفان
١١	دوو بەد سوقتە تەئریخ	"	قوفتانجی زادە سالح سیدقی
١٢	ئەلقەزیەتول کوردیە	عەرەبی	جیاووکول کوردی: م.ج
١٣	تورکیادە کوردلەرن قەتلعامی ژمارە (١)	تورکی	کورد خۆیبوون جەمعیەتی نەشریات
١٤	Les Massacres Kurdes En Turquie	فرانسی	Publication De La Ligue National Kurde Hoyboun. No.2.
١٥	ئەلقەزیەتول کوردیە	عەرەبی	دکتور بلەج شێرکۆ
١٦	سیرەتول غازی موستەفا کەمال پاشا	عەرەبی	ئەمین موحەممەد سەعید و کەریم خەلیل ثابت
١٧	دوو بەرو سوقتە تەئریخ - لیسەخفی ل فامیل ئیبتیدائی	"	ئەلفەلاحی

ب ـ ریازیات

ناوی دانەر	زمان	ناوی نوسراوە	ژمارە
هۆل وە نایت	عەرەبی	کیتابول جەبرول موبتەدی ج ١، ٢	١٨
موحەمەد خالید حوسێن بەگ	«	حیسابول موساحاتول موتەوەسیتە (١)	١٩
« « « «	«	ئەلجەبر و المقابلة الثانویة .	٢٠
جۆرج وێنتوورث وە دایڤید یوجین سمیث	«	ئەلهەندەسەتول موستەویە ـ جوزء ١:	٢١
« « «	«	« « ـ جوزء ٢، ٣ :	٢٢
موحەمەد نەزمی ــــــ .	«	کیتابول حیساب لیلمەدارسی سانەویە (١)	٢٣
« « «	«	« « « ـ (٢)	٢٤
جەلال زریق . عەلی دەرویش زریق .	«	ئەلجەبرول موبتەدیئ ، ئەلهەندەسەتول موسەتەحە	٢٥
ئەلیستەر فەرەیدی .	«	کیتابول حیساب : ئەلجوزئول رابیع .	٢٦

ت ـ تەبیعیات

ناوی دانەر	زمان	ناوی نوسراوە	ژمارە
موحەمەد خالید عەبدولحەی	عەرەبی	ئەلحوبوب وەننەبات	٢٧
ئەلفرێد مێنچ ـ دەیڤ وۆرباینج .	«	مسائل كوتەبيبە ـ نباتات .	٢٨
حوسێن پاشا .	«	فولاسەتول تەبیعیەتول حەدیسە ، جوزء ١، ٢	٢٩
عیززەددین عەلەمەددین .	«	مەبادیئول فیزیاء . ـ	٣٠
E. M. Oldham	ئینگلیزی	The Complete School Chemistry	٣١
ئەحمەد زەکی وە عەبدولمەلیک ئەلکەرانی	عەرەبی	مەبادیئول کیمیاء . جوزء : ٢ .	٣٢
« « «	«	« « « (١) .	٣٣

ئایین

ژمارە	ناوی نووسراوە	زمانی	ناوی دانەر .
٢٤	عولومی دینی یە	کوردی	زیوەر ئەفەندی .
٢٥	پێشەوای ئایین	«	سەید حوسێن حوزنی موکریانی .
٢٦	باوەڕی ئایین	«	(شێخ یاسین)ـە «
٢٧	گاتەها، سروودەهای زەردەشت	کوردی و فارسی	پورداوود .
٢٨	سەرگاڵی پەرەستنا	کوردی	(لەندەن ١٩٢٦)

زمان و ئاداب

ژمارە	ناوی نووسراوە	زمانی	ناوی دانەر
٢٩	گۆڤاری پەیژە — ژمارە (١) —	کوردی	موستەفا شەوقی
٤٠	دیاری مەلا محەممەدی کۆیی (هۆنراوە)	«	.... — (زاری کرمانجی)
٤١	سەما و زەمین (هۆنراوە)	«	عەونی ئەفەندی — («)
٤٢	ئەحمەدی — («)	«	شێخ مارفی نۆدێی — («)
٤٣	خۆشی و ترشی — («)	«	سەید حوسێن حوزنی موکریانی .
٤٤	گۆرانی کوردی « ٦ «	«	قوتابخانەی سولەیمانی .
٤٥	گۆرانی	«	کەریم سەعید .
٤٦	پەیکی (سەیلانی) کوردی	«	مەعروف جیاووک
٤٧	چیرۆکی لەحجوبەی بالی .	«	عیسا عەلی — (زاری کرمانجی)
٤٨	کۆمەڵە گۆرانی ئەڕین	«	کۆمەڵی هێویی کورد لە ئەستەنبوڵ .
٤٩	کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی	«	عەبدوڕەحمان سەعید .
٥٠	دیوانی ئەشعاری مەحوی	«	عەلی باپیر ئاغا
٥١	دیوانی نالی	«	کوردی و مەریوانی .
٥٢	ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد (هۆنراوە)	«	ئەمین فەیزی .
٥٣	قەرائەت جوزئی یەکەم	«	سەید نوری و سەید فەتاحی بەرزنجی
٥٤	« « دووەمین	«	« «
٥٥	ئەلفبای کوردی	«	ئەحمەدی عەزیز ئاغا

ژمارە	ناوی نووسراوە	زمانی	ناوی دانەر یا ئامادەکەر
٥٦	کۆمەڵە گۆڤاری دیاریی کوردستان	کوردی	ساڵح زەکی بەگ
٥٧	کۆمەڵە ڕۆژنامەی ژیانەوە و ژیان	"	پیرەمێردی سولەیمانی
٥٨	کۆمەڵە گۆڤاری زاری کرمانجی	"	سەید حوسێنی موکوریانی
٥٩	بەنما - (بەیتە)	"	مەلا سەعیدی ئیترابی (1)
		xxx	
٦٠	حیکایات لیل ئەتفال ج2 (1)	عەرەبی	کامل کیلانی
٦١	قەسەس لیل ئەتفال ج(1)	"	"
٦٢	ئیشتیراکیوت سابیق - پرۆژە	"	نیقولا ئەبین فەرەح .
٦٣	سناعەتول ئینشاء	"	عیزەددین ئال عەلەم ددین تەنووخی
٦٤	نوزھەتول قاری ج (1)	"	ئەشیخ ئەحمەدول ئەسکەندەری .
٦٥	قەواعیدوللوغەتول عەرەبییە	"	موحیەددین فناسری .
٦٦	ئەلموجمەل فی تەئریخیل ئەدەبیل عەرەبی ج (1)	"	موحەممەد بەهجەتول ئەسەری .
٦٧	کەلیلە وە دیمنە	"	موحەممەد حەسەن نائیلول مەرسەفی .
٦٨	کۆمەڵێک گۆڤاری عەرەبی	"	- - - - - - - - - - - - - -
٦٩	ئەلئەقلام	"	عەلی زەریفول ئەعزەمی

(1) ئیمزای دی یەکەم دەستی عەزیز دایە .

ژمارە	ناوی نووسراوە	بە زمانی	ناوی دانەر یان وەرگێڕەر
٧٠	ئەلفە بە پات ــــ	عەرەبی	موستەفالوتفی مەنفەلووتی
٧١	ئەلفنادیرە وەنادیرە	"	موحەممەد عەلی قیدە .
٧٢	ئەلمونجید ــ قاموس ــ	"	ئەب لویس مەعلوف .
٧٣	قاموسول جیب :	عەرەبی ئینگلیزی × × ×	ئەلیاس ئەنتون ئەلیاس .
٧٤	Elementary Kurmanji Grammar	ئینگلیزی وکوردی	Major E.B. Soane, C.B.E., ...
٧٥	Kitabi Awalmini qiraati Kurdi	"	" " "
٧٦	قاموس لجیب : ع و ا . ا و ح		ئەلیاس ئەنتون ئەلیاس
٧٧	Chatty Readings in Elementary science (3)	ئینگلیزی	- - - -
٧٨	Macmillan's Egyptian Readers . series B (AR)		George Robb.
٧٩	" " " " third reader	"	" " "

ژمارە	ناوی نووسراوە	بەزمانی	ناوی دانەر یان وەرگێڕ
٨٠	〃 〃 〃 〃 〃 Second Reader	ئینگلیزی 〃	〃 〃 〃 〃 〃 〃
٨١	Royal Readers. series I. No III	〃	. . . .
٨٢	〃 〃 No II		. . . .
٨٣	English Grammar Series. Book II	〃	J. C. Nesfield
٨٤	English Grammar for Elementary Schools Book II	〃	J. C. Nesfield, M.A.
٨٥	〃 〃 〃 , Book III	〃	〃 〃 〃
٨٦	A school-Book of Idioms & Idiomatic phrases	〃	William J. Prior.
٨٧	Harrap books	〃	for infant and junior schools.
٨٨	رباعیاتی خیام	فارسی	. . . .

ژمارە	ناوی نووسراوە	بەزمانی	ناوی دانەر یان وەرگێڕ
٩٢	جوغرافیە تولمیرا قول صدیبە	عەرەبی	هاشم سعدی .

فنون

ناوی دانەر یان وەرگێڕەر	بەزبانی	ناوی نووسراوە	ژمارە
کۆمەڵی هێوای کورد لە ئەستەمووڵ	کوردی	تەحسیلی سیلاحەدینی ئەیوبی	٩٣
خدمی سەخوەت .	عەرەبی	ئەشغالو فیتین – (بەغداد)	٩٤
عینایەت	"	زمانی ج عینایەتە لیبر بەسەر دەوڵ ئەشغالول یەدەوییە . (قاهرە)	٩٥

ناوی دانەر یان وەرگێڕەر	بەزبانی	ناوی نووسراوە	ژمارە
عیزەددین عەلائەددین	عەرەبی	قەلبوتێغل – چیرۆکان –	٨٩
عەزیزە خەلیفە ، حەسەن عەبدولوەهاب	"	کەیفەقو بەرەبی تیغلی –	٩٠
لاوانی کورد .	کوردی	بەهەشت دەخوو	٩١

گەورەپیاوان

سەرگوروشتی چەند گەورەپیاوێکە، ئامانجی:

پێگەیاندنی گەورە و پێکهێنانی گیانی گەورەیی و پێشکەوتنە لە کوردەواریدا

پێشەکی


گەورەپیاوان

سەرگوروشتەی چەند گەورە پیاوێکە، ئامانجی:

پێگەیاندنی گەورە و پێکهێنانی گیانی گەورەیی و پێشکەوتنە

لە کوردەواریدا

نوسەری

شاکر فتاح

نرخی (١٥٠) فلس

بەغدا — چاپخانەی مەعارف، ١٩٤٨

مەبەسم لەم نووسراوە بلاوکردنەوەی گیانی گەورەیی و پێشکەوتنە لەناو کوردەواریدا. بەلام چە گەورەییەک؟... ئەو گەورەییەی کە لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و نەوازشی گەل دامەزرابێ، لە پاداشی کۆششی مەردانە و بەختکردنی گیان و سامان و ژیان، لە پێناوی پێشکەوتنی گەل و نیشتماندا.

ئەم یانزە کەسەی کە لەم نووسراوەدا گوروشتە و بەسەرهاتیان نووسراوە: هەمموو گەورە پیاو بوون. چونکە بەتەنیشت پێشکەوتنی خۆیانەوە -بەڵکو لەگەڵ وە یا لە پێش پێشکەوتنی خۆیاندا- پێشکەوتنی گەل و نیشتمان و جیهانیشیان ویستووە و بۆی تێ کۆشاون. وە ئەوەندەی بەکەڵکی خۆیان هاتوون هەزار ئەوەندە بەکەڵکی گەل و نیشتمان و جیهان هاتوون. کزی و نەبوونی و نەخۆشی و بێ دەسەلاتی، تەنگ و چەڵەمە و لێ قەومان و دوژمنایەتی: چاوی نەترساندون. سەری لێ نەشێواندن. پەکی تێ کۆشینی نەخستوون!... بەهونەر و ئارام و بەرگەگرتن و زرنگی خۆیان توانیویانە بەسەر هەمموو گیروگرفتێکی ژیانیاندا زاڵ بن. وە هەر بۆ پێشەوە رۆیشتوون، هەتا بەئامانجی خۆیان گەیشتوون.

زانیویانە کە لە جیهاندا خوایەک هەیە. گەورەترین و میهرەبانترین هێزی گیانییە. وە ئامادەیە بۆ پێکهێنانی هەمموو ئاواتێک، بۆ هەمموو کەسێک وە لە هەمموو وەخت و شوێنێکا. بەو مەرجەی ئەو کەسە باوەڕی پێ بکا، وە لەسەر پێڕەوی ئەو بجووڵێتەوە.

تێگەیشتوون: کە ئارەزووی راستەقینە، بیر لێ کردنەوەی تەواو، داواکردن لە خوا، کۆششی مەردانە و تەقەللا لەسەر پێڕەوی خوایی: ڕێگایەکن هەمموو کەس بەئامانجی خۆی ئەگەیێنن.

فێربوون: کە لە پێڕەوی خوادا، زۆرداریی و ترس و لەرز نییە. دوژمنایەتی و تەمەڵی و بەدخوویی پەسند ناکرێ. هەرچی بۆنی پێشکەوتنی لێ بێ تایەتی. بەلام هەرچی خراپەی لێ بوەشێتەوە تیا نییە.

بەڵێ. ئەو گەورە پیاوانە ئەو پێڕەویی خواییەیان زانی بوو. وە لەسەر ئەو پێڕەوییە رۆیشتوون. بۆیەکا بەئامانجی خۆیان گەیشتبوون. ئێمەیش، گەلی کورد، کە تازە خەریکی ڕاپەڕین و

وریابوونەوەیەکی کۆمەلایەتین؛ زۆر پێویستمان بەگیان و کردەوەی ئەو جۆرە پیاوانە هەیە. بۆ ئەمەی بگەین بەئامانجی پیرۆز و بەرزمان: بەپێشکەوتن و ئازادی و خۆشگوزەرانی. لاشم وایە، کە گەیشتن بەگەورەیی، لە توانای هەموو کوردێکا هەیە. بەو مەرجەی باوەڕ بکا بەخوا و بەخۆی و بەگەل و نیشتمان و جیهان!. وە لەسەر پێڕەوی خوایی بجوولێتەوە. وە ئەوی من لەم نووسراوەم ئەوێ، ئەوەیە کە کوردێک بخاتە سەر ئەوەی ڕێی گەورەیی بگرێ. تا لە تانوپۆی ئەو گەورەییە تاک تاکانە، بەرگی گەورەیی گشت لایی کوردەواریمان بچنین و بپۆشین.

برا کوردا! باش وردبەرەوە لە خۆت! وەنەبێ تۆ لە ئیمڕۆتا، لە سەرەتای ژینی ئەو پیاوە گەورانە کەمتربی، کە لەم نووسراوەدا سەرگوروشتەیان ئەخوێنیتەوە. لەهەر فەرمان و پیشە و کاروبارێکا هەی: ئەوانی وەک ئەوان تیا گەورەبێ. وە ناوبانگی گەورەیی تیا دەرکەی. بەو مەرجەی، تۆیش، لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆی کە ئەوان پیا ڕۆیشتوون!. گەورەیی تۆ، نەک تەنیا، شتێکی خۆش و بەکەلکە بۆ خۆت. بەلکو فەرمانێکی نیشتمانی و جیهانی و خواییشە بەسەرتەوە، پێویستە پێکی بینی!... ئەوەندە هەیە، لەو وەختەدا کە خەریکی گەورەیی خۆت نەبی لە فەرمانەکەتا: وریابە! لەسەر مەشقی پیاوەتی نەچیتە دەرەوە! ئامانج و ڕێگەی ئامانجت، هەردووکی پیرۆز و بەرزبێ! چونکە لە ڕاستیا سەر زەمین نیشتمانی گەورەتە، دانیشتوانی سەرزەمین گەلی گەورەتە، وە چاکەی هەموو دانیشتوانی سەر زەمینت بەسەرەوەیە، بەچاک و خراپیانەوە!. وە تۆیش ئەو کۆششەی کە ئەیکەیت بۆ گەورەیی خۆت، پێویستە، نەک تەنیا ئازار و زیانی بۆ کەس تیا نەبێ، بەلکو کەلکیشی بۆ هەموو کەس تیابێ، کە گەل و نیشتمانە نازدارەکەی خۆت و جیهان و هەموو دانیشتوان جیهانی ئەگرێتەوە.

پێویستە بزانی، کە گەورەیی، هەر بەبالای شاهان و سەرکردان نەبڕاوە. هی هەموو کەسێکە!... بەخششێکی خواییە. هەر کەسێ بیەوێ، بەری نەکەوێ. وە لە توانایدا هەیە چنگی کەوێ!... جا لە هەر کار و فەرمان و بارێکا هەی بێ! بکۆشە تا تیانەگەیتە ئەوپەڕی چاکی. واتا: کەلک و چاکەت ئەگاتە ئەوپەڕی زۆریی بۆ خۆت و بۆ گەلت و بۆ هەموو دانیشتوانی جیهان!. ئەوساکە ئەگەیتە ئەوپەڕی پێشکەوتن و سەربەرزیی ئەگەیتە گەورەیی!... دلنیاش بە، ئەو گەورەییەی تۆ لەگەل گەورەیی شاهێکی بەکەلک و گاوانێکی بەکەلکا جیاوازی نییە!.

لە ڕاستیا، ئێمە داماوی ئەو پێشکەوتنەین. وە لە دەست خۆمان دایە. کەواتە بۆ چ: دەولەمەندمان، لە دەولەمەندی خۆیا، فەرمانبەران لە فەرمانبەری خۆیا، سەرکردەمان لە سەرکردەیی خۆیا، مەلا و شێخان و کەبابچی و بازرگان و گاوان و شوان و گشت پیشەوەرانمان لە کاروباری خۆیاندا، ڕوو نەکەنە خوا، نەکۆشن، کەلک نەبەخشن وە نەگەنە ئەوپەڕی گەورەیی؟!...

تا ئیمڕۆ، چونکە هەر بەخۆپەرستی خۆمانەوە خەریک بووین، تاک و تەرامانی لێ دەرکەی، تێکڕا، کەسی وامان لێ پەیدا نەبووە، کە گەیشتبێتە پایەی گەورەیی!... ئایا، ئیتر ئەو ڕۆژە نەهاتووە: کە کۆشش و تەقەللامان ڕوو بکاتە کەلکی گشت لایی و پیاوەتی و جیهانپەروەری؟ من بڕوام وایە، کە ئەو ڕۆژە هاتبێ!. هیواشم وایە، کە ئیتر مۆتەکەی پاشکەوتنمان لەسەر لابچێ!. وە ئیتر چاو لە هەلاتنی

ڕۆژێکی پێشکەوتن و بەرزبوونەوەدا هەڵێنین!. سا خوابکا ئەم نووسراوەم بیێتە نوقولانە. وە لە زوویەکی زۆدا، بتوانم، نووسراوێک لەسەر گەورەکانی کوردیش بنووسمەوە!.

شاکر فەتاح
قائیمقامی سلێمانی
١٩٤٨/٣/١٥

ئەدیسن

باوکی ئەلەکتریک و سەرکردەی داهێنەران

١٨٤٧ - ١٩٣١

پێگەیشتنی ئەدیسن

ئەدیسن، لە ساڵی ١٨٤٧دا لە شاری (میلان ئوماهیو) لە خاکی ئەمریکای یەکگرتووا، لە باوک و دایکێکی هەژار هاتۆتە جیهانەوە. لەڕولاواز کەڵکی پێشکەوتنی پێوە نەبووە. لە خوێندنگادا، هەموو دەم، گەندی ناو شاگردەکان بووە. ڕۆژێک مامۆستایەکی گەیشتە تینی. پێی گوت: «نازانم باوک و دایکت تۆیان بۆ چ ناردۆتە بەرخوێندن. ئەگەر ئەمەندە وەخت و سامانی خۆیان لە تۆدا بەفیڕۆنەدایە باشتر نەبوو؟!...». ئەدیسن بەمە زۆر دڵی ڕەنجا. هەر بەو ئازارەوە چووە ماڵەوە. وە هەموو کەینە و بەینەیەکی لە دایکی گەیاند. بەڵام دایکی لە دایکە تێگەیشتووەکان بوو. دەمودەست دڵخۆشی ئەدیسنی دایەوە. زۆری پێ نەچوو بەهونەرمەندیی و کارڕەندنی خۆی ئەدیسنی پێ گەیاند. وە خستیە سەر ئارەزووی خوێندەواریی. وە ئەدیسنی گەیاندە ئەو پایەیە کە هەموو کەسێ ئاواتی بۆ ئەخواست!... هەموو جار کە باسی گەورەیی خۆی ئەکرا، ئەیگوت: «بەهەرچی خۆشی و گەورییەک گەیشتووم لە سایەی دایکمەوەیە».

هێشتا ئەدیسن لە تەمەنی یانزە ساڵیدا بوو، خووی دایە کیمیاگەریی. نزیکەی دووسەد شووشەی کڕیی و پڕی کردن لە دەرمانی ڕەنگاوڕەنگ. لەسەر هەموو شووشەکانی نووسیبوو (ژەهر) بۆ ئەمەی توخنیان نەکەون. ماڵەوەی کردبوو بەشوێنێکی تاقی کردنەوە. هەموو وەخت و هەموو پولێکی لە کیمیاگەرییدا بەخت ئەکردا...

ڕۆژێک دەست کورتی تەنگی پێ هەڵچنی بوو. پولی لە دەستا نەمابوو دەرمان بۆ کیمیاخانەکەی بکڕێ. کەسی نەبوو دەسی بگرێ. پەنای بردە بەر باوک و دایکی کە ڕێی بدەن کڕین و فرۆشتن بکات. ڕێیان دا. دەستی کرد بەڕۆژنامە و نان و میوە و شیرینی فرۆشتن بەو ڕێبوارانەی کە بەشەمەندەفەر ئەچوون بۆ شاری (دیترۆیت) لە (پورت هورن)ەوە. ئەدیسن بەشی خۆی پارەی دەست کەوت. وە بەو ڕەنگە بەسەر هەژاریدا سەرکەوتا.

جارێکیان ئەدیسن کوڕێکی کارگوزاری شەمەندەفەرەکەی لە دەست پلیشانەوە ڕزگار کرد. ئەم مەردایەتییەی دەرگایەکی پێشکەوتنی بۆ کردەوە. کابرای شەمەندەفەر پاداشی ئەو چاکەیەی دایەوە. ئەدیسنی فێری بەکارهێنانی تەلگراف کرد. ئەدیسن بەمە زۆر دڵشاد بوو. هەموو تینی خۆی دایە سەر فێربوونی زانستی تەلگراف و ئەلەکتریک.

جارێکیان لە ژوورێکی شەمەندەفەرەکەدا کە ڕێیان دا بوو کیمیاگەریی تیا بکا، شووشە فۆسفۆریک کەوتە خوارەوە، ڕژا وە ژوورەکەی سووتاند. چاوگێری (مراقب) شەمەندەفەرەکە لە ئەدیسن توڕە بوو. زللەیەکی لە بناگوێی دا، تا مردن ئەدیسنی بەکەڕیی هێشتەوەا...

لە ڕێی گەورەییدا

ئەدیسن، لە شانزە ساڵیدا! مانگی بەپێنج لیرە، لە تەلگرافخانەی (ستراتفورد)دا دامەزرا. فەرمانبەرەکانی ئەوێ، لەچاو ئەدیسندا هیچیان نەئەزانی. شەوێک ڕەشەبا تەلەکانی پچڕاند. بەڵام ئەدیسن نەیهێشت گفتوگۆ پەکی کەوێ. بەفیکفیکە توانی پیتەکان بدا بەفەرمانبەری ئێستگەکەی تر کە سە چارەکە میل لێی دووربوو لەوپەڕی زێیەکەوەا... ڕۆژ بەکیمیاگەریی و شەویش بەتەلگرافەوە خەریک ئەبوو. لەبەر ئەوە گەلێک جار ماندوێتی وەنەوزی پێ ئەدا لە تەلگرافخانەکەدا. وە ئەینواند. لە سەرۆکەکانیەوە ناچارکرا هەر تاوە ناتاوێک نیشانەیەک بنێری بەتەلگراف کە دڵنیابن نەنوستووە. ئەدیسن ئەمە زۆر وەڕسی کرد. هێنای شتێکی وای دروست کرد لە خۆیەوە هەر تاوە ناتاوێک ئەو نیشانەیەی ئەناردا. شەوێک بۆ تاقی کردنەوە سەرۆکەکەی گفتوگۆی لەگەڵ کرد، ئەدیسن وەرامی نەبوو. سەرۆک بەسەرسوڕمانێکەوە هاتە سەیری. تەماشای کرد ئەدیسن خەوی لێ کەوتووە، کەچی ئەو شتەی دروستی کردووە پەیتا پەیتا لەکاتی خۆیا ئەو نیشانە ویستراوە لەخۆیەوە ئەنێرێ. سەرۆک لەگەڵ ئەوەشا کە ئەو داهێنراوەیەی ئەدیسنی پەسند کرد، نەیتوانی چاوی لێ بپۆشی، لە فەرمانگەی دەری کردا. لەگەڵ ئەمەشا ئەدیسن وازی لە پرس و تاقی کردنەوە و تێ وردبوونەوە نەهێنا تا چووە بنجوبناوانی تەلگراف و ئەلەکتریکەوە. لە تەمەنی بیست و یەک ساڵیدا شتێکی تری داهێنا ناوی نا (داهێنراوەناس) کە بووە

ســەرەتای ڕێژە داهێنراوەیەکی زۆر و بەکــەڵک لە هەمــوو جــیــهــاندا. ئەدیسن پێی نایە ڕێگای گەورەییەوە!. لە بیست و دووساڵیدا ئەدیسن لە شاری (نیویۆرک)دا دەست کورتی و برسێتی شپرزەی کردبوو. ناچارما، داڵای بردە بەر (هاوبەشی لو)[1] کە فەرمانی ئەوەبوو: پەیتا پەیتا، دەنگوباسی نرخی دراوی، بەتەلگرافێکی تایبەتی ئەدا بەبازرگانە گەورەکانی شار. ئەدیسن چاوەڕوانی کار هەڵسوڕێنەری هاوبەشییەکەی کرد بینینی. لەپڕ کەلوپەلی تەلگرافەکە پەکی کەوت، فەرمانبەر و بازرگانەکان شڵەژان. دامان. نەیان ئەزانی چی بکەن!. ئەدیسن لە (میستەرلو) سەرۆکی هاوبەشییەکە چووە پێشەوە. پێی گوت ئەگەر ئارەزوو ئەکەیت من تەلگرافەکەتان بۆ چاک ئەکەمەوە، کابرا ڕێی دا. ئەدیسن گورج و گوڵانە و هونەرمەندانە کەلوپەلی تەلگرافەکەی چاککردەوە و خستییەوە گەڕ!. هاوبەشی، لە چاکەی ئەوەدا، ئەدیسنی بەمانگانەیەکی شەست لیرەیی دامەزراند. ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەدیسن دەستی دایە داهێنان، تا بوویە یەکەم داهێنەری بەکەڵکی جیهان.

داهێنراوەکانی ئەدیسن

داهێنراوەکانی ئەدیسن لە ژمارە نایەن. زۆر کەس ئەڵێن لە دوو هەزار زۆرترن. بەڵام لە هەموویان خۆشتر بەگیانی ئەدیسن چواریان بوو: «چرای ئەلەکتریک. بزوێنەری ئەلەکتریک، سینەما و گرامەفۆن».

لە ڕاستیا کەس ئەوەندەی ئەدیسن بەداهێنراوان کەڵکی نەگەیاندووە بەجیهان!. ژیانی بەجارێ گۆڕی. لە هەموو لکێکیەوە ئاسوودەیی و خۆشی و پاک و پوختەیی تێ خست. بۆ هەموو چین و کەسێک ڕێگای کامەرانی و خۆشگوزەرانی کردەوە. جیهانی بەسەد ساڵان بەرەو پێشکەوتن برد. بۆ نەهێشتنی زۆرداریی و نەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشی ماوەی فراوانی کردەوە. بەڕاستی نرخی کردەوەکانی ئەدیسن لە توانای قەڵەما نییە!. لەبەر ئەوە ئەو سامانەش کە لەم ڕووەوە بەسەریا ڕژا لە ئەندازەی ژماردن چۆتە دەرەوە!.

ڕازی سەرکەوتنی ئەدیسن

ئارەزووی ڕاستەقینە، بیرکردنەوەی قووڵ، کۆششی مەردانە، ئارامی زۆر، نووک گرتن لەسەر شت بێ خۆ ماندووکردن، بەڕووی خۆشەوە بەرگەگرتنی ئەرک و ئازار... ڕازی سەرکەوتنی ئەدیسن بوون. (٢٠,٠٠٠) بیست هەزار لیرەی لە تاقی کردنەوەدا بەخت کرد، خەو و خۆراکی لە خۆی بڕیی، چوار شەو و ڕۆژان لە کارگەکەیا مایەوە، نەچووە دەرەوە... نەسرەوت تا (چرای ئەلەکتریک)ی داهێنا. ڕۆژی شانزە سەعات، جاری وا هەبوو لەسەر یەک شەست سەعات فەرمانی ئەکرد!. ئەیگوت:

«لە سەدا یەک بەر پێگەیشتوویی و بلیمەتی ئەکەوێ. نەوەد و نۆکەی تری هۆی سەرکەوتن کرد و کۆششە»!. بڕوای وابوو کە ئەرک و ئازار بڕبڕاگەی پشتی بەهێز ئەکا!. ئەو کەرییەی تووشی بووبوو بەشتێکی نایابی ئەدایە قەڵەم!. ئەیگوت: «ناهێڵی دەنگە دەنگی ئەملا و ئەو لا بیرکردنەوەم لێ تێک

---

(١) کۆمپانیای لو.

بدا»!. لەگەڵ ئەم هەموو کردەوە گەورە گەورانەشا ئەدیسن تەنیا ٧٥٪ی بیری بەکارهێنابوو، لە پێش مردنیا، لە زیندەخەو و ڕاکشانێکیا، ئەوپەڕە ئەنکەی بەدیی کردبوو کە چاوی پیاو لە بارەگای پەروەردگار جوێ ئەکاتەوە. ئەیگوت: «لەودیو پەردەکەوە شتێکی جوان ئەبینم». ئەدیسن ڕاستی ئەکرد. چونکە لە پێش هەموو شتێکا، لەو کاتە زیندەخەوانەدا، وە لەو جیهانی بیرانەدا، داهێنراوەکانی خۆی دروست ئەکرد. ئینجا لە جیهانی هەستیشدا لە کەلوپەلی بینراو دروستی ئەکردن.

ڕەوشتی ئەدیسن

ئەدیسن بەو هەموو پایە بڵندی و گەورەیی و دەسەڵاتداری و سامان و ناوبانگ و ناوونیشانانەشەوە کە دەسگیری بووبوو لە جیهاندا، ئەمەندە سادە ڕەنگ بوو لە دیەن و لە دڵا لە منالێکی ساوا جوێ نەئەکرایەوە. لە ئەدیسن شتی سەیر سەیر ڕووی ئەدا، وە شتی سەیر سەیریشی تووش ئەبوو. جارێکیان زۆر بەگەرمی ئەیپرسی لە فەرمانبەرێکی چەند ساڵانەی تەلگرافخانەکە تەلگرافی تێ بگەینی؛ کابرا پێی گوت: «تا سەگێک ئەهێنیتە بەرچاوت، ئەمەندە درێژبێ: کلکی لە ئەینبورگ و سەلکی لە لەندەن بێ، وە تا لە ئەدینبورگ بەکلکیا ئەنووسیت ئەو لە لەندن ئەلورێنێ: تۆ لە تەلگراف ناگەیت»!؟.

کە گەیشتە تەمەنی هەشتا ساڵی، لە ئەورووپا و ئەمریکاوە سە سەد زانست و داهێنەر لە ماڵیا کۆبوونەوە، زەماوەندی لەدایکبوونی بۆ بکەن. کەچی کە ئەدیسن تێگەیشت بۆچی هاتوون، وەک منالێکی ساوا دەسی کردە پێکەنین، بەجێی هێشتن و ڕایکردە ناو کارگەکەی خۆی!... زانستەکان[1] هەرچەندە ئەمەیان لەو ڕانەپەرموکە وابکا، بەڵام لە ترسی ئەوەی سەری لێ بشێوێنن، وازیان لێ هێنا. ئەو چوو خەریکی داهێنانی خۆی بێ. ئەمانیش چوون زەماوەندی بۆ بگێڕن!؟.

کە گرامەفۆنی داهێنا، دانەیەکی بەدیاری ناردبوو (تۆلستۆی)، نووسەری بەناوبانگی ڕووس. تۆلستۆی زۆری پێ خۆش بوو. سوپاسنامەیەکی گەرم و گوڕی بۆ نارد.

ئەدیسن بەو هەموو زرنگی و هونەرمەندییەوە سەری لە پول و پارە و ژمێر و ژمارە دەرنەئەچوو!. لە نۆشین و پۆشیندا، لە گوزەران و ڕابواردندا، کەم تەرخەم و شل و شێواوبوو!. کارگەکە و خانووەکەی بەدەم یەکەوەبوون، کەچی جاری وا هەبوو چەند شەو و چەند ڕۆژێک لە کارگەکەیا ئەمایەوە نەئەچووە ماڵەوە!. خۆشی بەداهێنان داچووبوو. داهێنان یارییەک بوو بۆ ئەو. خۆی پێوە خەریک ئەکرد.

مردنی ئەدیسن

لە ساڵی ١٩٣١دا ئەدیسن مرد. ئەو پیاوە گەورەیە، کە کەلکی بۆ نیشتمانی زەمین تا ئەمێنێ نابڕێتەوە: بەسەربەرزی و ڕووسوورییەوە، چووەوە لای خوای خۆی. بۆ نەوازشی گیانی پاکی، ئەمریکا، لە داخا، بەرگی تاریکی کردەبەر: تا چەند تاوێک گشت چرا ئەلەکتریکەکانی خۆی کوژاندەوە. چرای ژینی ئەدیسن کوژایەوە. بەڵام بۆ هاونیشتمانەکانی سەرزەمینی ژینێکی وای دامەزراند کە هەتا هەبن چرای شادی و ئازادییان لێ نەکوژێتەوە!.

---

[1] یان: زاناکان

ولبەرفورس

«لابەری بازرگانی قولەڕەش و پچڕینەوەی پێوەندی بەندەیی»

١٨٣٣-١٧٥٩

پێگەیشتنی ولبەرفورس

(ولەیەم ولبەرفورس) لە شاری (هەل) لە خاکی ئینگلیزدا، لە ساڵی ١٧٥٩دا لەدایک بووە. باوکی، لە شارەکەیا بازرگانێکی دەوڵەمەندی پایە بڵندبووە. ولبەرفورس لە خوێندنگای (هەل) و (کەمبرج)دا زیرەکی و هونەرمەندییەکی تەواوی نواندووە. کە لەوێ دەرچووە، بیست و یەک ساڵ بووە، شارەکەی هەڵیان بژاردووە بۆ ئەندامێتی پارلەمان. ولبەرفورس، لاوێکی شۆخ و شەنگ و قسەخۆش و ئەرباب و کردەوە ڕەندین و دەنگ شرین بووە. وەک پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکانی بەهار کە لەم گوڵەوە هەڵ ئەفڕن بۆ ئەو گوڵ، ولبەرفورس-یش لەم یانەوە بۆ ئەو یانە، وە لەم کۆمەڵەوە بۆ ئەو دەستە ئەچوو تێکەڵی ئەکردن. ژینێکی پەسەندی پڕ لە ئاهەنگی ڕائەبوارد. هەموو کەس حەزی ئەکرد خۆی لێ نزیک خاتەوە، لەگەڵیا رابوێرێ. هەموو کەس خۆشی ئەویست.

جارێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکی وریایا کە ناوی (ئایزاک میلنەر) بوو چووە گەشتوگوزاری فەرەنسە و ئیتاڵیا و سویسرە. نووسراوی پیرۆزی (ئینجیل)یان لەگەڵ خۆیان بردبوو. لەرێ ئەیان خوێندەوە و لێی ورد ئەبوونەوە. لەو حەلەدا کە شاخەکانی (ئەڵپ)یان ئەبڕی و تەماشای ئەو سەهۆڵ بەندانەیان ئەکرد کە بەقەد ئەو شاخە بڵندانەوە کشابوون. شتێکی وا بەدڵی ولبەرفورس داهات کە بەجارێ ڕەوشتی گۆڕی لە ژیانیا.

تێگەیشت: کە تەنیا بۆ ئەوە نەهاتۆتە جیهانەوە هەر بەخۆشی و بەختیاری خۆیەوە خەریک بێ. بۆ ئەوەش هاتووە کە خەمی خەڵک بخوا. گشت کەسی خۆشی بوێ. و بۆیان تێ بکۆشێ. وە ژینی خۆی بەخت کا لە پێناو ڕاگرتنی دڵی خوا و پێشخستنی ڕەگەزی خۆیدا کە هەموو دانیشتوانی زەمینە. لەوێدا

ژیانی چارەڕەشی ئەو قولەڕەشە هەناسە ساردانەی هاتەوە بیر کە بازرگانە سپییەکانی ئەوروپا، بەزەبری تۆپ و تفەنگ ئەیان گرتن و ئەیان کردن بەدیل و بەندە. وە وەک بزن و مەڕ کڕین و فرۆشتنیان پێوە ئەکردن!. ولبەرفورس لە خەوی خۆپەرستی و بەدمەستی ڕاچەنی. بەسەر ژینی پێشوویا پەردەیەکی شینی دادایەوە. بڕیاری دا کە ژینێکی سەربەرزانە و مەردانە ڕابوێرێ. لە بارەگای خوادا بەڵێنی دا: کە تا تنۆکێ خوێنی تیابێ لەسەر ئەو کلۆڵانە بکاتەوە. وە واز نەهێنێ تا ئازادیان ئەکات!. ولبەرفورس ڕێگەی ڕاستی گرتبوو. بەرەو گەورەیی ڕۆیی!.

بازرگانی قولەڕەش

بام لێرەدا تۆزێک ولبەرفورس بەجێ بهێڵین. هەندێ باسی زۆر و ستەمی بازرگانی قولەڕەش بکەین. وا ئەم کارەساتە ئەکەین بەنموونە بۆ کردەوەی ئەو بازرگانە بەدخوانە: لە ئینگلتەرەوە چەند کەشتییەکی پڕ لە پێوەند و کوتە و زنجیر، پڕ لە تۆپ و تفەنگ و بابەتی سەرخۆشی. لەگەڵ گەلێک زەلامی کوشندە و بەندی گەریی، بەرەو خاکی ڕۆژئاوای ئەفریکا تێ ئەپەڕێ، تا گەیشتە بارەگای (باربیسیا) شاه. سەرکردەی کەشتییەکان شاهی بەبابەتی سەرخۆشی چەواشە ئەکرد. لە نیوەشەوا پیاوەکانی خۆی بەچەکە کوشندەکانی بازرگانەکانەوە ئەنارده سەر دێیەک لە دێهاتی هۆزە دراوسێکانی دوژمنی. لەهەر چوارلاوە بەیەک جار تفەنگیان ئاگر ئەدا. لادێییە بەسەزمانەکان بەشپرزەیی لە خەو ڕائەپەڕین. بەشیر و تیرەکانیانەوە، بۆ بەگژداچوونی دوژمنی دڵڕەق و لە ماڵ دەرئەپەڕین. لێیان ئەکوژرا، لێیان ئەبرا، لە زنجەکانیان ئاگر بەرئەدرا. هاوار و قیژەی ژن و ئێش و ئازاری برینداراتی پیاو ئەگەیشتە ئاسمان. جەرگی پیاوی ئەتواندەوە!. جا لەو قوربەسەرانە، ئەوانەی ئەمانەوە، ئەگیران، دەس و پێوەند ئەکران و فڕێ ئەدرانە بەندیخانەی کەشتییەکانەوە!. لە ڕێگا پاقلەی وشک و ئاوی بۆگەنیان دەرخوارد ئەدرا. ئەوی ئەیخواردایە، بەزۆرێکی بێ ئەندازە و شێوەیەکی نەنگ و ناشیرین دەرخواردی ئەدا!. کە ئەش مردن لەتاو خەفەت و ئازاری دڵی خۆیان، فڕێ ئەدرانە ناو زرێوە بۆ ناشتای سەگە ئاوابییەکان!. کە ئەگەیشتنە ئەمریکای ژوور و دوورگەکانی هیندی ڕۆژئاوا: بەتاک و بەدەستە، بەچەشنی گیانلەبەر، ئەفرۆشران بەدەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکانی ئەو ناوە بۆ ڕەنجبەریی و کرێکاریی تا مردن لەناو زەویوزاری توتن و نەی شەکرەکانیانا. ئەڵێن لە ساڵی ١٧٨٧دا فەرەنسە ٣١ هەزار، ئینگلتەرەش ٤٠ هەزار بەندەی لەم بەندانە ناردووە بۆ ئەمریکا. کەچی بەمەشەوە فیزی پێشکەوتووییان لێ ئەدا!؟.

ڕەنجدانی ولبەرفورس

ولبەرفورس لە گەشتوگوزار بووەوە. بەو بڕیارە پیرۆزەوە کە لەسەرەوە باسمان کرد گەڕایەوە لەندەن. بوو بەدۆستی کوڕێکی جوامێری تر ناوی (تۆماس کلارکسون) بوو. ئەو کوڕە دوژمنی خوێنینی کڕین و فرۆشتنی قولەڕەش بوو. کە لە خوێندنگابوو وتارێکی نایابی لەم بابەتەوە نووسیبووەوە، گرەوی تیا بردبووەوە و پاداشی لەسەر وەرگرتبوو. کە چووبووە لەندەن، لەگەڵ چەند هاودەمێکی دڵسۆزیا کۆمەڵێکی دامەزراندبوو، بۆ بەرەنگاریی بازرگانی قولەڕەش. جا (ولبەرفورس) بووە یەکێک لەو کۆمەڵە... وە

لەوساوە کۆششی مەردانەی دەسی پێ کرد. لە ئەندامێتی پێنج یانە، لە قومارکردن، لە چوونە شوێنی بەزموڕەزم وازی هێنا. وە هەموو تین و هێزی خۆی دایە سەر ئەم فەرمانە بەرێزە!. لەم ڕووەوە پرسی کرد بە(ولیەم پت) سەرەک وەزیری ئینگلتەرەی ئەوسا کە دۆستی بوو، بەڵێنی دایە کە لە پارلەمان یارمەتی بدا. هەروەها لە دوو پیاوی گەورەی تریش (چارلس جیمس فۆکس) و (ئەدمۆند بورک) بەڵێنی یارمەتی وەرگرت. کە لە ساڵی ۱۷۸۹دا ولبەرفورس کرایەوە بەئەندامی پارلەمان، بۆ نەهێشتنی بازرگانی قولەڕەش. خواستێکی پێشکەش بەپارلەمان کرد. وتارێکی ئاگرینیشی بەدوایا خوێندەوە. نیاز و وتاری ولبەرفورس کاری خۆی کرد. پارلەمانی وروژاند. لەم پەڕ و لەوپەڕی بەریتانیادا دەنگی دایەوە. ڕۆژنامەکان پشتیان گرت. تێکەیشتووەکانیش بۆی پاڕانەوە لە خوا کە سەری خا. ولبەرفورس ناوبانگی دەرکرد. وە بووە یەکەم قسەکەری دەر و ناوەوەی پارلەمان!.

ولبەرفورس لە تەنگانەدا

لەگەڵ ئەوەشا، ولبەرفورس، تەگەرەی زۆر لە فەرمانەکەی ئەدرا لەلایەکەوە شاه (جۆرجی سێیەم)، لەلایەکی تریشەوە بازرگانەکانی قولەڕەش بەرەنگارییان ئەکرد. لە داخا، ولبەرفورس، نەخۆش کەوت وەختبوو گیان بدا. نێترایە (بات)، بەڵام لەوێ لە پاش مانگێک دەرمان کاریی و پارێزگاریی، چاک بووەوە. هاتەوە. وە دووبارە خۆی هاوێشتەوە ناو کۆڕی کۆششەوە!. هێندەی نەمابوو فەرمانەکەی سەرگری. بەڵام لەناکاو (هەرای گەورەی فەرەنسە) هەڵگیرسا. بارەگای زۆروستەمی ڕماند. وە سەربەستی و برایەتی و یەکسانیی لە جێی دامەزراند. بەڵام ئینگلیزە کاربەدەستەکانی تۆقاند. لەبەر ئەوە هەر لە نووکەوە فەرمانەکەی ولبەرفورسییان لەبنەڕەت تێک دا!. پارلەمان فەرمانەکەی پەسەند نەکرد!.

لە ڕاستیا ئەمە شکستێکی گەورە بوو بۆ ولبەفورس. لەگەڵ ئەوەشا کۆڵی نەدا. ورەی بەرنەدا. دووبارە سنگی کۆششی بردەوە پێشەوە!... لە ساڵی ۱۷۹۲دا وتارێکی کاریگەری تری لە پارلەمانندادا. کارەساتی دڕندانەی ئەوروپاییەکانی -کە دەربارەی قولەڕەشەکانی دێی (کالابار) کرابوو- بۆ پارلەمان گێڕایەوە. پارلەمانی ڕاپەڕاند. گەلی ئینگلیزی وروژاند. شەکری، کە ئەمریکا، بەفرمێسک و خوێنی ئەو قولەڕەشە بەندییانە پێکی هێنابوو، بڕیار درا کەس نەیکڕێ. (ولیەم کوپەر)ی بوێژ، هەڵبەستێکی بەناوی (سکاڵای بەندە)وە نووسیوە، گڕی بەردایە گیانی بەریتانیایەکان. (ودفورد) وێنەیەکی کێشا بەندەیەکی تیابوو داوای ئازادی ئەکرد. لە پێنج سەد لاوە قاقەزیان کردە سەر پارلەمان داوای تەمێ کردنی سەرکردەی ئەو شەش کەشتییەیان ئەکرد کە ئەم زۆرداریی و بەدکردارییەیان نواندووە لەگەڵ دانیشتووەکانی (کالابار)دا. بەم ڕەنگە، لە ماوەی هەشت ساڵدا، پارلەمان، ئینجا، بۆ نەهێشتنی کڕین و فرۆشتنی قولەڕەش، بڕیاری دا. بەڵام ئەم بڕیارە لە کۆڕی ڕیش سپییاندا تووشی بەربەرچدانەوەی شاه هات. لەبەر ئەوە فەرمانی پێ نەکرا!.

سەرکەوتنی سەربەستی

دوای ئەوە، ئەورووپا، بەشەڕی ناپلیۆنەوە خەریک ما. سەرەک وەزیر (ولیەم پت)یش بەخاک سپێررا. ولبەرفورس بەمە زۆری لێ کەم بووەوە. لەگەڵ ئەمەشا چاوی نەشکا، بەهیوای هەلێکی تر کە هەڵکەوێ، دڵی خۆی دایەوە!.

لە ساڵی ١٨٠٦دا (کرنفیل) بوو بەسەرەک وەزیری حکومەت. بەدەستی خۆی خواستی ولبەرفورسی نارد بۆ کۆڕی ڕیش سپییان. لە پاش ساڵێک ئەمیش و پارلەمان و شاهیش بڕیاریان لەسەردا. وە ئیتر لەو ساوە کاری پێ کرا. پارلەمان لە خۆشی پەسەندکردنی شاە، بەجارێک دەست خۆشی و پیرۆزییان لە ولبەرفورس کرد. بەڵێ، لە ڕاستیا، ولبەرفورس نەبووایە، ئەم فەرمانە مەردانەیە سەری نەئەگرت!. ولبەرفورس لە خۆشیا چاوی پڕ بوو لە ئاو. دوو دڵۆپ فرمێسکی بەختیاریی لە چاویەوە گلۆر بووەوە، گەلی ئینگلیز، ولبەرفورسی بەهاوتای ئەو (ولینگتن)ە دائەنا کە ناپلیۆنی گەورەی شکاند!. لەگەڵ ئەوەشا، ولبەرفورس، تازە گەیشتبووە تەمەنی ٢٨ ساڵی!.

بەمەندە ولبەرفورس توانیی هێنانی قولەڕەش لە ئەفریکاوە و ناردنی بۆ ئەمریکا و دوورگەکانی هیندی ڕۆژئاوا، بەربەست کا. بەڵام هێشتا مابووی کارێکی وا بکا، نەهێڵێ ئەورووپایی بتوانی قولەڕەش بکڕێ و بیفرۆشێتەوە. لەبەر ئەوە، دووبارە، گوڕی بەستەوە و بۆ ناو ڕەنج و کۆششی مەردانە خۆی هاوێشتەوە. دوایی، لە ساڵی ١٨٣٣/٧/٢٥دا بەئامانجی خۆی گەیشت. پارلەمان بڕیاری دا کە ئیتر لە گشت خاکی شاهەنشاهی بەریتانیادا، کڕین و فرۆشتنی قولەڕەش بەهیچ جۆرێ ماوە نەدرێ. ولبەرفورس کە ئەو بڕیارەی پێ گوترا، بەو هەموو پەککەوتەیی و برست بڕاوییەی خۆیەوە، خۆی پێ نەگیرا، لە خۆشیانا دەنگی هەڵبڕیی گوتی: «ئۆخەی خوایە!. سوپاس بۆ تۆ، کە منت هێشتەوە تا بەچاوی خۆم ئەورۆژەم دیی کە حکوومەتی بەریتانیا ئامادەیی خۆی نواند: بۆ بەختکردنی بیست ملیۆن لیرەی ئینگلیزی لە پێناو نەهێشتنی بازرگانیی قولەڕەشدا لەناو خاکیا!».

مەرگی ولبەرفورس

پاش ئەو جەژنی ئازادییە بەسە ڕۆژ، واتە: لە ١٨٣٣/٧/٢٨دا ئەو پاڵەوانە گەورەیەی سەربەستی و پیاوەتییە، سەری نایەوە. لە ١٨٣٣/٧/٣١دا (٨٠٠,٠٠٠) هەشت سەد هەزار قولەڕەش، لە ڕێی خوادا ئازاد کرا!. ولبەرفورسیش، جێگەی بەرز و پیرۆزی، لە دڵی ئەو قولەڕەشانە و لە دڵی هەموو نەوەی جیهاندا بۆ خۆی کردەوە.

بیل

داهێنەری تەلەفۆن

١٩٢٢ - ١٨٤٧



(ئەسکەندەر گراهام بیل)، لە دایکێکی کەڕ و باوکێکی زبان تەڕ، لە شاری (ئەدینبورگ)، لە خاکی (سکۆتلەند)دا، لە ساڵی ١٨٤٧دا هاتۆتە جیهانەوە. لە خوێندنگا گەورەکانی (ئەدینبۆرگ) و (لەندەن)دا خوێندوویەتی. لە منداڵیا زۆر لەڕ و لاواز بووە. لە ترسی ئەوەی ئەویش وەک براکانی تری بەدەردی سیل بمرێ، لەسەر ئامۆژگاری پزیشکێک باوکی بەخاو و خێزانەوە گوێزایەوە شینایی گاهێک لە تەنیشت شاری (برانتفۆرد)ەوە لە خاکی (کەنەدە)دا. ئەوسا کە (بیل) تەمەنی ٢٣ ساڵ بوو. لەوێدا گەشی و ڕووخۆشی و گوڕەی کوڕینی تازە بووەوە. ئەوەندەی پێ نەچوو باوکی کرا بەمامۆستایەکی مناڵە کەڕولاڵەکانی شاری (بۆستن). لەوێدا مامۆستاییەکی هونەرمەندانەی کرد. دانیشتوانی شارەکەی دڵخۆش و سوپاسگوزار کرد. بیل، هەر لە مناڵییەوە چاوی بڕیبووە ئەوەی کە ئەویش وەک باوکی کەڕولاڵ فێری تێگەیشتنی قسە بکا بەتەماشاکردنی جووڵەی لچ و لێو یاخود (قسەی بینراو). دوایی بەئاواتی خۆی گەیشت.

ڕۆژێ لە ڕۆژان، لەسەر ئامۆژگاریی باوکی، حکوومەتی (بوستن)، بیلی لەجێی ئەو کردە مامۆستای مناڵە کەڕولاڵەکان، ساڵی بە(٥٠) دۆلار. بیل وەستایی و شارەزاییەکی گەورەی نواند. لە گشت لایەکی ئەمریکادا ناوبانگی دەرکرد چونکە دەرگایەکی کەڵک و شادمانیی بۆ خەڵک کردەوە.

جگە لەوە، بیل، خۆشییەکی زۆری بەمۆسیقەدا چووبوو. بێ ئەوەی فێرکرابێ، لەسەر پیانۆ، ئاوازی بیستراوەی وەهای لێ دا، پیاو سەری سوڕ ئەما، وای ئەزانی کە وەستایەکی زۆر شارەزا لێی ئەدا!. بیل، گوێی مۆسیقی هەبوو. ڕۆژێ لە ڕۆژان پیانۆکەی ساز ئەکرد. کە کلیلی سازکردنەکەی بادا دەنگێکی دایەوە. لەوساوە، بیری لەوە ئەکردەوە کە کارێکی وا بکا، دەنگی مۆسیقی بەهۆی تەلێکی مسەوە

بگەیێنێتە شـوێنێکی دوور. لە پاشا بیری لە گوێزانەوەی دەنگی گفـتوگۆ کردەوە. ئەوەبوو لە دوای ڕەنجدانێکی زۆر ئاواتی خۆی هێنایەدی. وە ئەم (تەلەفۆن)ەی ئێستای داهێنا!.

لە ڕێی کۆششا

بیل، هەر لە منالییەوە خەریکی داهێنانی تەلەفۆن بوو بەڵام تا نەگەیشتە (بۆستن) ماوەی باشی بۆ نەکرایەوە بیرەکەی خۆی بباتە سەر. بیل: بەمناڵە کەڕولاڵەکانی (میستەر ساندروس) و محامی (هوبارد)ی ئەخوێند. لە چاکەی ئەوەدا، ئەوانیش هەردووکیان، بەزمان و بەسامان یارمەتی بیلیان دا بۆ تەواوکردنی داهێنانی تەلەفۆنەکەی. بەڵام لەبەر ئەوەی بیل زۆری پێ چوو: وە ئەو هەموو ڕەنج و کۆششەیشی، لەپێناو داهێنانی تەلەفۆنەکەیا، بەبا ئەچوو هەردووکیان خۆیان لێ کێشایەوە، وە ئیتر یارمەتییان نەدا!. بیل لە دەستیاشکا. دەستێکی کەوتە ئەم لا و دەستێکی کەوتە ئەولا. ناچارما وبڕیاری دا کە بچێتە (واشینگتن) ڕێدانێک لە حکومەت وەرگری بۆ پێکهێنانی داهێنانەکەی. لەوێ چووە کن مـامـۆسـتـا (جـۆزیف هەنری) ناو کـە زانایەکی بەناوبانگ بوو. وە تکای لێ کـرد کـە (تەلەفۆن)ەکەی تاقی بکاتەوە و بیری خۆی دەربارەی بنوێنێ. کابرا پیرۆزبایی لە بیل کرد وە ئامۆژگاریی کرد کە تا تەواوی نەکا واز نەهێنێ. بیل بەڵێنی دایە کە تا تەواوی نەکاو کۆڵ نەدا. کە (ساندروس) و (هوبارد)ی دۆستی بەم کـەینە و بەینەیەیان زانی، زۆری پێ نەچوو بایان دایەوە. وە بەبیل بەڵێنیان دایەوە کە بەسامان یارمەتیی بدەن تا داهێنانەکەی تەواو ئەکا!.

لە وەختێکا، بیل لە کۆگایەکی ئەلەکتریک هەندێ وردە کەلوپەلی ئەکری بۆ سازکردنی داهێنانەکەی: (تۆماس واتسن) ناوێکی پێگەیشت، بۆ بەدۆستی. لە شارەزایی و لە یارمەتییا گەلێ بەکەڵکی هات.

سەرگرتنی تەقەلای بیل

لەپاش ڕەنجدان و ئەرک و ئازارێکی زۆری تاقیکردنەوەی چەند ساڵانە، بیل بەکامی خۆی گەیشت. تەلەفۆنەکەی گرتبوو بەدەستییەوە. لە ژوورێکی تریش (واتسن)ی دۆستی گوێی گری تەلەفۆنەکە لەمەڕ خۆی بەدەستەوە گرتبوو. لە پڕ دەنگی بیل بەپاکی و ڕەوانی لە تەلەفۆنەکەوە هات، پێی گوت: «میستەر واتسن وەرە لام فەرمانم پێتە»!. تەلەفۆن دەنگی دایەوە. وە لەگەڵ خۆیا کۆششی مەردانە وە فەرمانی هونەرمەندانە و چاکەی «بیل»ی بۆ هەموو دانیشتوانی سەرزەمین ئاشکرا کرد. بیل ئەوسا لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا بوو!.

چاکە چاکەی لە دوە

بیل، لەپێناوی داهێنانی تەلەفۆنەکەیا، گەلێک تەنگانەی دەستکورتی و کەموکوڕیی و پلاروتیز و توانجی ئەم و ئەوی هاتەبەر. بەڵام بەئارام و هێزوتینی خۆی زاڵ بوو بەسەر هەموو بارێکا. وە دوایی بەئامانجی خۆی گەیشت. وە تەلەفۆنەکەی داهێنا!... تەلەفۆنەکەی بیل، لە ڕاستیا، دەرگایەکی گەورەی بۆ گوزەران و پێشکەوتن و شادمانی و کامەرانیی جیهان کردبووەوە. بیل، ڕەنجی بەبا نەچوو. ئەو چاکەیەی کردبووی لەگەڵ هەموو کەسا بەفیڕۆ نەڕۆی. سەد چەندانە چاکەی درایەوە!.

هەر ئەو ساڵەی کە بیل داهێنراوەکەی تەواو کردبوو، لە شاری (فیلادەلفیا)دا نوێن گاه (معرض)ێکی گەورەی بۆ داهێنراوە تازەکان کرابوووەوە. پاداش بۆ سەرکەوتووەکان بڕیار درابوو. بیلیش (تەلەفۆن)ە خنجیلانەکەی خۆی لەوێدا نواند. بەڵام لەبەر دەست تەنگی نەیتوانی لە شوێنێکی وادا تەلەفۆنەکەی بنوێنی کە زۆر بەرچاوی بڕیاردەرەکان کەوێ. کە بڕیاردەرەکان گەیشتنە لای (تەلەفۆن)ەکەی بیل، لە بینین و گەڕان و پشکنینی داهێنراوان وەرس بووبوون، بڕستیان بڕابوو. ماندووبووبوون، ڕۆژیش لە ئاوابووندابوو. کە بیل تەلەفۆنەکەی پێشان دان و لە بنجوبناوانی دروست کردنی گەیاندن، بەتیز و فیزێکەوە پێیان گوت: «چۆن دەنگی پیاو لە جێیەکەوە بۆ شوێنێکی تر نەگوێزرێتەوە؟». باش بوو، شاهەنشاهی برازیل (دوم بیدرو) و مامۆستا (جۆزیف هەنری) لەناو بڕیاردەرەکاندا بوون. هەردووکیان، بەرەودوا، گوێی گری تەلەفۆنەکەیان گرت بەگوێیانەوە، کە سەرنجیان دا: دەنگەکەیان لە دوورێکەوە ئەگەیشتێ و بەپاک و ڕەوانی ئەهاتە بەرگوێی، وەختبوو لە خۆشیا گەشکەدارین!. شاهەنشاە نەیکردە نامەردی قیژاندی، گوتی: «سەیری خوایە! گوێم لێیە قسە ئەکا!؟». ئینجا هەردووکیان دەستیان کرد بەستایشی بیل. وە توانیان لەناو خەڵکەکەدا بینوێنن. بڕیاردەرەکان بیری خۆیان لە بارەی بیل گۆڕی. بڕیاریان دا کە (تەلەفۆن)ەکەی ئەو چاکترین داهێنراوە کە لەو ڕۆژەدا نوێنراوە!.

زۆری پێ نەچوو «هاوبەشی بیل» بۆ بازرگانیی تەلەفۆن دامەزرا. دەستکەوتیان لە دوای هەشت ساڵ، گەیشتە چوار ملیۆن دۆلار!. بیست و پێنج ساڵی پێ نەچوو، تەلەفۆن لە هەموولایەکی پێشکەوتووی جیهاندا بڵاوبووەوە. محامی (هوبارد)ی دۆستی، کچەکەی خۆی پێشکەش کرد. ئەمە ئەو کچە بوو کە بیل بەمناڵی و کەڕیی فێری خوێندنەوەی کردبوو. بیل دەوڵەمەندبوو، لە تەلەفۆنەکەیەوە سامانێکی زۆری بەسەرا ڕژا. لە کۆڕی زانستیشدا پایەی بڵندبووەوە. لەگەڵێ خوێندنگای بەناوبانگی ئەمریکا و ئینگلتەڕەوە، نیشانەی زانستی بۆ هات. گەل کۆمەڵی زانستی ئەوروپا و ئەمریکادا کرا بەئەندام. لەگەڵێ حکومەتەوە نیشانی پایە بڵندی پێشکەش کرا. لە هەمووی خۆشتر، ژیا، تا بەچاوی خۆی تەلەفۆنە خۆشەویستەکەی خۆی بینی بڵاوبووەتەوە بەگشت لایەکی جیهاندا.

مردنی بیل

ئەو پیاوە گەورەیەی کە باڵی بۆ گفتوگۆ دروست کرد، وە دەرگای گوزەران و کامەرانی و پێشکەوتنی بۆ هاونیشتمانەکانی سەرزەمینی کردەوە. لە ساڵی ١٩٢٢دا لە دەس چوو. دایکی زەمین جگەرگۆشەیەکی هونەرمەندی پایە بڵند و بەکار و بەکەڵکی پیاوانەی تری گرتەوە باوەش!.

نانسن

«پاڵەوانی جیهان لە پیاوەتیدا»

١٨٦١ - ١٩٣٠



پێگەیشتنی نانسن

(فریدجنوف نانسن)، لە ساڵی ١٨٦١دا لە دێی (ئایکر) نزیک بەشاری (ئۆسلۆ) لە خاکی (نەرویج)دا لە خێزانێکی بچووک لە دایک بووە. دایکی لە کچێنیدا وەرزشکارێکی سەیر بووە. (نانسن)یش لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا: کوڕێکی کەڵەگەتی چوارشانەی بەهێز و گوڕی شۆخ و شەنگ، وە(*) وەرزشکارێکی بێ هاوتا بووە. لە گرەوی بەفرەخلیسکێدا تا دوانزە ساڵ لەسەر یەک، گوێ هونەری نەدا بەکەس. لە یاری وەرزشەکانی تریشا هەمیسان لە خاکی نیشتمانەکەیا سەر دەستە بوو، سەرکردە بوو لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا گرەوی جیهانی لە بەفرەخلیسکێدا بردەوە. سەیر ئەوە بوو کچێکی وەرزشکاریشی مارە کردبوو. بۆیەکا خاکی نەرویج لەناو خاکاندا بە(نانسن)ەوە ئەنازی و سەری هونەرمەندیی بەرز ئەکردەوە!. لە نۆزدە ساڵیدا پایەی (دوکتۆری فەلسەفە)ی وەرگرت وە بۆ سەرپەرشتیکردنی ناوازاەگاە (مۆزەخانە)ی (بەرگەن) دامەزرا بەڵام نانسن خۆشی بە(زانستی گیانلەبەران)دا چووبوو. وە هەر لە کوڕێنییەوە بڕیاری دا بوو کە ئەم زانستە بکاتە فەرمانی تاقانەی لە ژیانیا. جا ئەم دوو ئارەزووە بووە -ئارەزووی وەرزشکاریی و ئارەزووی زانستیی گیانلەبەران- کە نانسنی گەیاندە پایەی هەرە گەورە پیاوی گەشت و گەڕان لەناو زرێدا. نانسن لە فەرمانی سەرپەرشتی کردنی ناوازەگاە (موزەخانە) وازی هێنا. وە بڕیاری دا کە بچێتە گەڕان بەناو بەستەڵەکانی ژووروی زەمیندا، بۆ ئەمەی ژیانی ناو گیانلەبەر و پەلەوەرانی ئەوێ تێ بگا و زانستیی گیانلەبەران پێش بخا.

(*) وەرزشکار: رياضي. وەرزش: رياضة بدنية. (ش. ف)

کۆچێکی سەخت

نانسن لە پاش لێکۆڵینەوە و چەندوچوونێکی زۆر بڕیاری دا کە گەڕانێک بکا بەناو(*) ناوچەی سەرووی زەمیندا. لە پێشا بگاتە کەناری ڕۆژهەڵاتی دوورگەی (گرینلاند). وە لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوا بەناو ئەو خاکەدا تێپەڕی و بەسەر شاخە بەستەڵەکە گەورەکەی ناوەڕاستیا هەڵگەڕێ و بڕوا تا ئەگاتە کەناری ڕۆژئاوای دوورگەکە ئەمە لە دەس کەس نەهاتبوو. لەبەر ئەوە ئەوانەی شارەزای ئەو شوێنە بەستەڵەکانە بوون تیزیان پێ ئەکرد. وە ئەیان گوت: ئەمە قەت سەرناگرێ!.

بەڵام نانسن، چاوی لە هیچ نەئەترسا. چەند هاوڕێیەکی بەکاری بۆ ئەم گەڕانە هەڵبژارد. هەرچی بابەتی ئەو گەشتە بوو: وەک چرا و(**) بەفرەخلیسکە و کەلوپەلی چێشت لێ نان -کە خۆی تازە دای هێنابوو- لەگەڵ خۆی هەڵیگرت. پشتی بەست بەخوا بەرەو ئامانج کۆچی کرد. کە گەیشتە کەنار ڕۆژهەڵاتی دوورگەی (گرینلاند)، لەگەڵ هاوڕێکانیا پێویستی ڕێگای هەڵگرت و سواری بەفرەخلیسکەکانیان بوون بەشێنەیی و ئەسپاییەکی زۆرەوە بەسەر ئەو شاخە سامناکانەدا دەستیان کردە سەرکەوتن. لە پاش دوو ساڵ ڕۆیشتن توانیی بگاتە ئەو لوتکە شاخەی کە شەش حەوت هەزار پێ لە رووی زرێوە بەرزبووتەوە. پاشان دا گەڕایەوە خوارەوە تا گەیشتە کەناری ڕۆژئاوای دوورگەکە. نانسن بەمە ناوبانگی پاڵەوانییەکی بێ هاوتای پچڕی. هێشتا کەس بەو پایەیە نەگەیشتبوو. ئەو زستانەی لەگەڵ خێزانێکی (ئەسکیمۆ)یدا ڕاییوارد. ژینی ئەسکیمۆکانی بەتەواوەتی کۆڵیبووەوە، کە گەڕایەوە نەرویج بەناوی (ژینی ئەسکیمۆ)وە نووسراوێکی بەناوبانگی لە بابەت بەسەرهات و ژیانی کۆمەڵایەتییانەوە. نووسیەوە. ئەنجامی گەڕانە زانستییەکەی خۆشی -کە لە دوورگەی گرینلاندا کردبووی- بەنووسراوێک بڵاوی کردەوە. لە نەرویجدا ناوی بڵاو وە پایەی بڵندبووەوە. نانسن کرایە گەورەی (ناوازەگاهی گیانلەبەران) لە (ئۆسلۆ)دا.

کۆچ بۆ ناوچەی سەرووی زەمین

لەژێر سەرپەرشتی و داهێنانی خۆیا کەشتییەکی وای بۆ دروست کرا تا ئەوسا وێنەی نەهاتبووە جیهانەوە. پەلی بەستەڵەک کاری لێ نەئەکرد. ناوی نا (فرام). لەگەڵ کەشتییەوانێکی ئازا و یانزە هاوڕێی نەرویجیدا، بەتەنشت کەناری ژووروی ئەوروپا و ئاسیادا، بەرەو (ناوچەی سەرووی زەمین) کەشتییان لێ خوڕی. پاش (٣٥) مانگ ڕۆیشتن، لە ١٨٩٧دا کەشتییەکەیان وەستا: ئاوەکە بەهەر چوارلایا بەستبووی نەی هێشت بڕوا. ناچارمان چەند مانگێک لە جێی خۆیان مانەوە. بەڕاوکردنی گیانلەبەرانی ناوچەی سەرووی زەمین و بەخوێندنەوەی نووسراوانی ڕەنگاوڕەنگ و بەلێدانی ساز و بەگوێ گرتن لە ئاوازی خۆش وەختیان بەسەر ئەبرد. پاشان، نانسن، لەگەڵ (جالمان جونسن) هاوڕێیەکی ئازایدا، بە ٢٨ سەگی ئەسکیمۆ و (٣٠) بەفرەخلیسکە و (٣٠) گەمی وە، بەسەر ئەو بیابانە کاکی

(*) ناوچەی سەرووی زەمین: منطقة قطبي شمالي. (ش. ف)

(**) بەفرەخلیسکە: جۆرە گالیسکەیەکە، بەسەر بەفر و سەهۆڵدا، سەگ ڕای ئەکێشن. (ش. ف)

بەکاکییە بەفرینەدا، ڕێگای گرتەبەر بۆ ناوچەی سەرووی زەمین. پیاو ناتوانێ بیگێڕێتەوە کە چە ئەرک و ئازارێکیـان تووش هات. لە پاش کـۆششـێکی مـەردانەی بێ هاوتا کە لە تـوانای کـەسـانەبوو، گـەیشـتنە شوێنێکی وا نزیک لە ناوچەی سەرووی زەمینەوە، کە تا ئەوسا کەس نەیتوانیبوو بیگاتێ. لەوێ نانسن چووە سەر جێگایەکی بڵند، وە بەدووربین سەیرێکی ئەو بڵندایییە سامناکانەی ناوچەی سەرووی زەمینی کرد. ئینجا لەگەڵ هاوڕێکەیا بەرەو دوا گەڕایەوە. لە ڕێی وەختبوو لەناوبچن. (٢٦) سەگ لە سەگەکانی تۆپین. لەپڕ شـەوە سـامناکـەکـانی ناوچەکـەیان بەسـەرا داهات. نەیان تـوانی لەجـێی خـۆیان بجـوڵێن تا ڕۆژهاتەوە سـەرهەڵاتن وەک جاران. لەپاش ڕەنج و کوێرەوەرییەکی یەجگار سەخت و ناخۆش کە لە وزەی کـەسانەبوو بەرگەی گرێ، لەو دەشـتە بەسـتەڵەکە چۆڵ و هۆڵەدا، تاقە زەلامـێکیـان تووش هات. ئەوە (میـسـتـەر جاکسن)ی ئینگلیز بوو بوو گەڕابوو، بەشـوێنیـاندا بیـان دۆزێتەوە. جـاکسـن و هـاوڕێکانی میواندارییەکی ناوازەیان کردن. وە لەگەڵ خۆیاندا و زماوەندێکی بێ هاوتای بۆ کرا. ئازایی و پاڵەوانیی نانسن لە هەمـوولایەکی زەمیندا دەنگی دایەوە. نانسن، بەم گەشـتانەی گەلێکی خـسـتە سـەر زانسـتی و شـارەزایی لە بابەت ڕەوشـتی زرێ بەسـتـەڵەکـەکـان وە بەتایبـەتی بابەتی گـێـژی ناو زرێوە. بووە بۆنەی داهێـنانگەلی بیرەوەریی باش لە کـەشـتیـیەوانیـدا. لەبەر ئەوە لە خـوێندنگا گـەورەکـەی (ئۆسلۆ)دا کـرا بەمـامـۆسـتـای زانسـتـیی گـیـانلەبەران وە شـوێنێکی تایبـەتیی بۆ تەرخـان کـرا. بێـینەوە سـەر باسی کەشتییەکەی، (فرام). هاوڕێکانی، لە پاش ئەو هەموو چاوەڕوانییە دوور و درێژە کە کردبوویان، وایان زانیـبوو کـە نـانسـن و هـاوڕێکەی لە گـەڕانەوەکـەیان بوونەتەوە و گـەڕاونەوە، پێـشـیـان کـەون، هاتبـوون بەدوایاندا بیـان دۆزنەوە. لە پـاش مـانـدووبوون و تەقـەلایەکی زۆر و تـووشی تەنگ و چەڵەمـەبوون گەیشتبوونەوە خاکی نەرویج. وە لە پاش ئەمەی لە ڕێ دەستیـان شتبوو لە گیـانی نانسن و هاوڕێکەی، بەگەیشتنەوەی هەردووکیان موژدەیان درایێ. لەبەر ئەمەی خۆشیان و (فرام)یش هیچیان لێ نەهاتبوو لە خۆشیـانا دوو تۆپیان ئاگردا... تەنیا بۆ ئەمەی نانسن، سە نامەی کورت لە بابەت ئەم گەشتوگوزارەیەوە بنووسێ و بینێرێ بۆی، ڕۆژنامەی (دیلی کرۆنیکل)ی ئینگلیزی چوار هەزار لیرەی پێ بەخشی!. ئەمە یەکـێک بوو لە فـەرمانە گەورەکـانی دوکـتـۆر نانسن بۆ جیـهـان. بەڵام تۆ چیت لێ دیوە؟ سـەیرکـە چەند ئەوەندەی تر بەکەڵکی هات!...

دیل ئازادکردن لە ڕووسیای سۆڤێتیدا

شەڕی جیهانی یەکەم تەواو بووبوو. دوو ساڵی بەسەرا تێپەڕیی بوو. کەچی هێشتا ئەو نیو ملیۆن دیلە ئەوروپاییانە کە لەلایەن حکومەتی ڕووسیاوە گیرابوون بەرەڵلا نەکرابوون. بەسەزمانانە، لەبەر بێ نانی و سارد و سڕیی و چۆڵ و هۆڵی (سیبەریا)ی بەستەڵەک و بیابان، پەیتا پەیتا هەزارانیـان لێ ئەمرد. هەروا لە کڵۆڵی و چارەڕەشیدا مابوونەوە، کەسێ نەبوو خەمێکیـان بخوا و بەزەیی پیایاندا بێتەوە تا ئەوسا!. کۆمەڵی گەلان -عصبە الامم- کە لە ساڵی ١٩٢٠دا، دەماری پیاوەتیی جوڵا، بڕیاری دا کە ئەم دیلانە بگێڕێتەوە ناو خاکی خۆیان. بەکەسیا ڕانەئەپەرمو بتوانێ ئەم کارگوزاریی و هونەرمەندییە بنوێنێ (نانسن) نەبێ. نانسن بەڕووخۆشییەکەوە ئەم فەرمانە گرانەی گرتە ئەستۆی خۆی. چووە ڕووسیا.

وه له پاش چەند و چوونێکی زۆر لەگەڵ وەزیری دەرەوەی حکومەتی رووسیای سۆڤیەتیدا -چیچەرین- فەرمانەکەی بردەسەر. بەشەمەندەفەرێکی زۆرەوە خۆی گەیاندە (سیبەریا). وە ئەو نیو ملیۆن دیلەی لەگەڵ خۆیا گێراندەوە ناو کەسوکاریان. بەم رەنگە نانسن خۆشی و بەختیاریی خستەوە دڵی نیو ملیۆن خێزان یاخود دوو ملیۆن و نیو کەسی هەناسە ساردەوە!.

تێرکردنی برسییەکانی رووسیای سۆڤێتی

زۆری پێ نەچوو، برسێتییەکی زۆر داکەوت لە رووسیای سۆڤێتیدا. بەملیۆن لەو رووسە کڵۆڵانە کەوتبووە ژێر چەپۆکی مردنەوە. گرانەتا (حمى التيفوس)ی سامناکیش لەناویاندا بڵاوبووبووەوە، گیانی هەزارانی ئەکێشا. برسێتی برسییەکانی خستبووە سەر پیاوخۆریی!. نانسن، پیاوەتی هاتە جۆش. لە ساڵی (١٩٢٠)ەوە تا ساڵی (١٩٢٢)، چوار جار چووە رووسیا. وە ئەو تەنگانە و شپرزەییەی رووسەکانی بەچاوی خۆی دی. دەماری مەردایەتیی بزووت. هاواری هێنا بۆ گەلە گەورەکانی ئەورووپا کە بەدەستیاو (قرض) یارمەتیی رووسەکان بدەن. بەڵکو ئەو برسێتی و نەخۆشی و دەرد و مەرگە لە کۆڵ ئەو کڵۆڵانە بکاتەوە. بەڵام یەک (گەل) گوێی لە (نانسن) نەگرت!. ئەیانگوت: کۆمەکی گەلی (بولشەوییک) ناکەین!؟. لەگەڵ ئەوەشا، نانسن، ورەی بەرنەدا. گەڕا بەناو خاکی ئەڵمانیا و بەریتانیای گەورە و بەلچیکا و فەرەنسە و هۆڵەندە و دانیمارک و ئیسوەچ و کەنەدە و خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا!. گفتوگۆی کرد. کۆششی کرد. تەقەلای دا. زۆری پێ نەچوو، بەزرنگی و ئازایی و هونەرمەندیی خۆی: ئەم فەرمانە پیرۆزە، بەرزە، پیاوانەیەشی بردەسەر!. دراو و کەلوپەلێکی بێ شوماری کۆ کردەوە. هێنانیە رووسیا. وە بەملیۆن گیانی جووتیارانی لە دەس برسێتی و مەرگ رزگار کرد. ئەڵێن تەنیا ئەوانەی نان و بەرگی دەست خستبوون (١,٦٠٠,٠٠٠) کەس بوون!. بەم رەنگە، نانسن، سەربەرزییەکی تریشی خستە سەر سەربەرزییەکانی تری.

پەنادان بەیۆنانیە ئاوارەکانی تورکیا

پاش شکاندنی یۆنانییەکان لە تورکیادا، ساڵی ١٩٢٢، بەچەند سەعاتێک، ئاگر بەردرایە گەڕەکی یۆنانییەکانی شاری (ئیزمەر) کە ژمارەیان (١٢٧,٠٠٠) کەس بوو. (مستەفا کەمال)یش کە سەرکردەی ئەو وەختەی تورکیا بوو، بڕیاری دا بوو کە یەک یۆنانی لە خاکی تورکیادا نەهێڵرێتەوە!. یۆنانییە قوڕبەسەرەکان، کە ژمارەیان خۆی لە ملیۆنێک ئەدا، بێ نان و بێ دەرەتان، لات و ناپووت، بەشپرزەیی و کەساسییەکی لە ئەندازە بەدەرەوە، روویان کردەوە یۆنانستان، خاکی باووباپیری خۆیان!. لێ قەومانێکی بەجگار سەخت و ناخۆش بوو. جگەری هەموو کەسێک وە بەتایبەتی جگەری یۆنانییەکان ئەسووتاند. کۆمەڵی گەلان، بۆ جارێکی تر، رووی نایەوە لە (نانسن)، کە بەدڵسۆزیی و پیاوەتی بەناوبانگی خۆی، بۆ ئەو یۆنانییە کڵۆڵانە جێی حەوانەوە و نان پەیدا کات!. خۆشی پەیداکردنی دەستیاو (قرض)ی گرتە ئەستۆی خۆی کە بیدا بەحکومەتی یۆنان بۆ چارەکردنی ئەو سەرگەردانییە. نانسن، بەشەمەندەفەر چووە ئەستەمبوڵ و ئیزمیر و ئەسینا. وە بەچاوی خۆی پەرێشانی و سەرگەردانیی ئەو یۆنانییە هەناسە

ساردانەی دی. نانسنم، نانسن بوو، داوێنی مەردایەتیی کرد بەلادا. گوڕی بەستەوە و بەهەموو هێز و توانایەکیەوە خۆی هاوێشتە ناو ئەو فەرمانە گران و بەئەرکەوە. زۆری پێ نەچوو، بەهەزاران خانووی خنجیلانەی دروست کردبوو بۆ حەواندنەوەیان. وە بەملیۆن کەلوپەلی کار و فەرمانی دانێ لەگەڵ هەموو پێویستێکی تردا، بۆ ئەمەی سەرلەنوێ ژیان و گوزەرانێکی ئاسان و خۆش دەست پێ بکەنەوە! بەم رەنگە، نانسن، گورج و گۆڵانە و پیاوانە، ژین و گوزەرانی ملیۆنێک یۆنانیی ئاوارە و بێچارەی، بەجوانی و رێکوپێکی پێک هێنا. وە فەرمان و کارگوزارییەکی بێ وێنەی تری لە مێژووی جیهاندا نووسیەوە!.

فەرمانە پیاوانەکانی تری

نانسن، بەدڵ، کۆمەکی گەلە شپرزە و کزەکانی ئەکرد. وە لە تەنگانەدا فریایان ئەکەوت و دەستی ئەگرتن. یەکێ لە سەرکردە دەربەدەرەکانی (ئەرمەن) بەناوی خۆی و گەلەکەیەوە ئەیگوت: «ئێمە، نانسن بەپێغەمبەرێک دائەنێین، خوای گەورە بۆ ئێمەی رەخساندووە، پارێزگاریی و پشتیوانیمان بکات».

کە هەرای ناو ئیتالیا و یۆنانستان، لەسەر (کورفو)، گەیشتە ئەوەی (کۆمەڵی گەلان) لەناوبەرێ: نانسن و بەکۆششی مەردانەوە کەوتە ناوەوە. نەیهێشت شەڕ هەڵگیرسێ. گەلە بچکۆلەکانی کرد بەیەک و نوساندنی بە(کۆمەڵی گەلان)ەوە. وە جیهانی لەدەست شەڕێکی گەورەی خوێنێن رزگار کرد!. کە دوژمنەکانی ئەڵمانیا، ویستیان تەگەرە بدەن لە تێکەڵبوونی ئەڵمانیا بە(کۆمەڵی گەلان)، نانسن کەوتە ناوەوە، گەلە بچکۆلەکانی کردەوە بەیەک وە ئەم گەڕ و کێچەڵەیشی لەناوا هەڵگرت!.

نانسن، ئەیویست، ئەو چەند ملیۆن کرێکارانە، کە شپرزەی دەستی زۆر و چاوبرسێتیی خاوەن کارخانەکان بوون، بخاتە ئازادیی و کامەرانییەوە. لەگەڵ (لوردسیسیل)دا کۆشا بۆ دامەزراندنی (کۆڕێکی جیهانی نوێ بۆ نەهێشتنی بەندەیی).

لە ساڵی ١٩٢٢دا بەخششی (نۆبل)ی درایە بەناوی (ئاسایش خواهی)یەوە بەڵام هەمووی لە پێناوی پیاوەتی و مەبەسی زانستییا بەخت کردا...

رەوشت و خوی نانسن

نانسن پیاوێکی کەڵەگەت، قژ سپی، دەنگ نێر، چاوشین، دڵ رۆشن، خاوەنی سەروسیما و رەوشتێکی جوان و پیاوانە بوو. گرفتاری گەشتوگوزاری دەشت و دەروشاخ و زرێ بوو. لە وێنەکێشان و زانستی زەمین (جوگرافیا) و زانستی سروشت (علم الطبیعة)دا، لە زرێ وانی و گەشتوگەڕاندا، لە کارگوزاریی و وتار خوێندنەوەدا، لە وەرزش کاریی (الریاضة البدنیة) و کردەوەی پیاوانەدا، شارەزایی و هونەرمەندیی و دەسەلاتێکی بێ هاوتای هەبوو! لەبەر ئەم رەوشت و خووە جوانانەی، نانسن، تا ما، هەرە خۆشەویست و بەرێزی جیهان بوو. گەورە و بچووک کرنۆشی نەوازشیان بۆ ئەکێشا. جارێکیان، لە ساڵی ١٩٢٨دا، چەند منداڵێکی ئینگلیز لە خوێندنگای (کەمبرج)ەوە، لەگەڵ مامۆستاکەیان چوونە (نەرویج). دیارییەکی سەیریان پێشکەشی (نانسن) کرد، نانسن زۆر سوپاسی کردن زۆر نازی کێشان.

وە میوانداریيەكی جوانی كردن. لە بابەت ڕاپەڕاندنی كار و فەرمانی پیاوانە و بەكەڵكەوە وتاێكی نایابی بۆ خوێندنەوە. دیاریی منداڵەكان ئەمە بوو: -نموونەیەكی شەش پێ- چوارگۆشەیی، یان دروست كرد نەخشاندبوویان بەوێنەی ئەو بەفر و سەهۆڵبەندانە و ئەو زرێ و زەوییانە و ئەو گیانلەبەرە ڕەنگاوڕەنگانە كە لە ژووروی ئەوروپا و ئاسیا و ناوچەی سەرووی زەمیندان، لەگەڵ ئەو كەشتییەی كە (نانسن) پێی چووبووە ئەو شوێنانە. دیارییە كە یادگارێك بوو، خۆشەویستی ئەو منداڵانەی دەرئەخست بەرامبەر (نانسن)، بۆ ئەو كردەوە گەورانەی كە لە كۆڕی زانستییا نواندبووی. نانسن، بەمە خۆشی زۆر گەیشتێ. منداڵەكانی بەشادمانییەكی بێ ئەندازەوە گەڕانەوە ئینگلتەرە.

كۆچی دوایی

لە ساڵی ١٩٣٠دا، نانسن. گیانی پاكی بەخواسپارد. وە دانیشتوانی زەمین فرمێسكی خوێنینیان بۆ لە دەست چوونی ئەم پیاوە گەورە بەنرخە ڕژاند. وە تێ گەیشتن كە جیهان، پیاوی وا بەكەڵكی كەم تیا هەڵ ئەكەوێتەوە!...

گۆتەمبەرگ

«داهێنەری چاپگەریی نوێ»

١٤٠٠ - ١٤٦٨



منالیی گۆتەمبەرگ

(جۆن گۆتەمبەرگ) لە ساڵی ١٤٠٠دا، لە ئەڵمانیا، لە شاری (مەنتز)دا لەدایك بووە. ئەو دەمە نەخوێندەواریی هەموو لایەكی ئەڵمانیای داگیر كردبوو. گۆتەمبەرگ بۆ گوزەرانی خۆی، فێری زەڕەنگەریی بوو. ئەڵێن وەستاكەی كە ناوی (كەستەر) بووە، لە ساڵی ١٤٢٣دا، ڕۆژێك، لەگەڵ منالەكانیا ئەچێتە ناو بێشەیەكەوە بۆ سەیران. ئەهێنی ناوی منالەكان لە قەد درەختێك هەڵ ئەكۆڵی. گۆتەمبەرگیش بەدیارەوە ئەبێ. وە لەوساوە بەبیریادێ: كە ئەگەر بێتو تیپەكان (حروف)، یەك یەك بەجیاواز دروست كات، لەوەپاش ئەتوانێ وشە (كلمە) لەو تیپانە پێك بێنێ. بەم ڕەنگە، ئەو یارییەی كە وەستا (كەستەر) لەگەڵ منالەكانیا ئەیكرد، بیری گۆتەمبەرگی خستە سەر داهێنانی تیپیی جوێ جوێ. كە لە پاشا بووە بنچینەی ئەم چاپە نایابانە كە ئیمرۆ ئەبینین.

چاپگەریی

لەوساوە تا ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ چاپگەریی پێش ئەکەوێ، تا گەیشتۆتە ئەم ئەندازەیەی ئیمڕۆ، کە پیاو سەری لێ سوور ئەمێنێ!... لە پێشا نووسراوەکان بەدەست چاپ ئەکران. پاشان لەبرێتی دەست، شتێک داهێنرا کە با ئەدرا نووسراوەکە چاپ ئەکرا. پاش ئەوە بەهەڵم چاپ ئەخرایەگەڕ ڕۆژنامەی (تایمس)ی لەندەنی، لە ساڵی ١٨١٤دا، بۆ یەکەم جار، بەهۆی هەڵمەوە چاپ کرا. بەڵام ئیمڕۆ ئەلەکتریک چاپ ئەخاتە گەڕ. هەتادێ، چاکتر و پاکتر و جوانتر ئەبێ. زووتر بەمەبەسمان ئەگەیێنێ کەمتر پارەمان پێ بەخت ئەکات. وە زووتر بەکەڵکمان دێ. ئیمڕۆ لە زۆرچاپخانەدا، لە پاش چاپدان، تیپەکان لە یەک جوێ ناکرێنەوە. دەمودەست فڕێ ئەدرێنە بۆتەوە. ئەتوێنرێنەوە. پاش ئەوە دائەڕێژرێنەوە بەتیپی نوێ. بەوە وەختیان زووتر بۆ ئەگەڕێتەوە. گەلێک شتی وایان داهێناوە. هەر خۆی قاقەز ئەنوشتێنێتەوە، ئەیبڕێ، ئەش دووری ڕۆژ نییە بەهەزار و بەملیۆن نووسراوان، بەجوانی و ڕێکوپێکی و گورجی لە چاپ ئەدرێن. خۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکان، ئەوەندە زوو تەواو ئەبێ، پیاو سەری سوڕئەمێنێ!... جا بزانین لەمەدوا، لە جیهانی چاپگەرییدا، شتی چەند سەیرترمان چاو پێ ئەکەوێ!...

کۆششی گۆتەمبەرگ

گۆتەمبەرگ لە ساڵی (١٤٣٤)ەوە تا ساڵی (١٤٣٩) کۆششێکی پێنج ساڵەی پاڵەوانانەی کرد تا چاپ و بابەتی چاپی داهێنا وەک: ڕەنگ، فلچە دویت، لوولە، شانەی تیپ و مەنگەنە. ئەڵێن: گۆتەمبەرگ چاپگەریی لە شاری (ستراسبورگ)دا کردووە. بۆ ئەمەی دەستکەوتی زۆر بێ، نەی هێشت کەس پێی بزانێ، خۆی وا ئەنواند کە زەڕەنگەریی ئەکا!... لە قەراغ شار، لە کەلاوەی کەنشتەیەکا، شوێنێکی بۆ خۆی دۆزیبووەوە، وە لەوێدا بەشەو، بەدزییەوە دەسی ئەکرد بەنووسراو لە چاپدان!... لای کەسیش نەی ئەدرکاند کە ئەم نووسراوانە چاپ کراون، ئەیگوت بەدەست نووسراونەتەوە!. بەڵام، ئەمەی، زۆر بۆ نەچووە سەر. پاشان پێیان زانی، هەندێ کەس پێیان ناخۆش ئەهات کە گۆتەمبەرگ دەوڵەمەندبێ!... چاویان پێ هەڵ نەهێنا!... لێی کەوتنە چاوڕاو. وازیان لێ نەهێنا تا هەر چییەکی دەست کەوتبوو لە دەستی چوو!. گۆتەمبەرگ ناچارما کۆچی کردەوە بۆ شاری (مەنتز). بەڵام لەوێ، خوا دوو کەسی بۆ ڕەخساند یارمەتییان دا. یەکێکیان (فوست)ی پارەدار، ئەویتریشیان (جوفر)ی کارگوزار، هەرسێکیان پێکەوە دەستیان کرد بەچاپگەریی بەڵام دوژمنیان زۆر لێ ڕاپەڕیی!... لە ترسی بڵاوبوونەوەی نووسراو و نەمانی نەخوێندەواریی. قەشەکانی زۆر بەرەنگارییان کرد!... ئەیان گوت: نانمان ئەبڕێ!؟... نووسراو نووسەکانیش دوژمنایەتییان ئەکرد، ترسی ئەوەی پەکی کار و فەرمانەکانیان کەوێ!... چونکە نووسراوە لە چاپ دراوەکان، گەلێک هەرزانتر ئەوەستان، لە نووسراوە بەدەس نووسراوەکان. ئەگەر نرخی ئینجیلێکی بەدەس نووسراو، بەپەنجا لیرە بوایە، یەکێکی لە چاپ دراو بەشەش لیرە چنگ ئەکەوت!... جا بزانە گۆتەمبەرگ چە زیانێکی لێ ئەدان، وە چە چاکەیەکیشی بەخەڵک ئەگەیاند!...

ئەمان نووسراوەکانیان بەڕەنگی سوور لە چاپ ئەدا. دوژمنەکانیان بۆیان هەڵبەست کە (فوست)

هاوبەشی شەیتانە!؟... خۆی فرۆشتووە بەشەیتان. شەیتانیش ئەم نووسراوانەی بەخوێنی ئەو لە چاپداوە!؟... ئەیان گوت: بەکۆمەکی شەیتانەوە نەبێ، کێ هەیە بتوانێ، لە وەختێکی هێندە کەما، ئەمەندە نووسراو لە چاپ بدا!؟...

بەم فروفێڵ و چاووراو پروپووچانەوە، پیاوخراپەکان هورووژمیان ئەبردە سەر ئەو پیاوە دڵسۆزە باشە، وە ئەیان ویست هەر لە بێشکەدا داهێنراوەکەی بخنکێنن!...

نوخشەی نووسراوی لە چاپ دراو

گۆتەمبەرگ لە ماوەی پێنج ساڵدا (١٤٥٠-١٤٥٥) بەزبانی لاتینی. لەسەر شێوەیەکی جوان و رەندین، لە دوو بەرگی گەورە و بەتیندا ئینجیلی لە چاپ دا. بەرگەکان لە داربەڕوو و پێست دروست وە کڵۆمیش کرابوون. ئەم نووسراوە، کە بە(نووسراوی گۆتەمبەرگ) ناوبانگە، یەکەم جار، لەلایەن نووسراوخانەی شاری لەندەنەوە کڕا بە (٧٩٠) لیرە. پاشان لە ساڵی ١٨٨٢دا فرۆشرایەوە بە(١٦٠٠) لیرە، لەم'دواییەشا یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا بەنرخێکی بێ هاوتا کڕییەوە و بەپارێزگارییەکی زۆرەوە گوێزایەوە شاری (واشینگتون) ئێستەش ئینجیلی گۆتەمبەرگ لە هەرەتی جوانیایە. وە ئەم (٤٩٣) ساڵە کە بەسەریا تێپەڕیوە هیچی لێ نەکردووە!...

گەورەیی گۆتەمبەرگ

تا ئەرک و ئازاری خەڵک نەزانین بەدەست نووسراو نووسینەوە و نووسراو کەمی و نووسراوگرانی و نەخوێندەوارییەوە، کە هەمووی لە ڕووی بێ چاپییەوە ڕووی ئەدا: کەڵک و چاکەی چاپ و گەورەیی و هونەرمەندیی گۆتەمبەرگ داهێنەری چاپمان باش نایەتە بەرچاو. وە نازانین بەچە جۆرێک وە تا چە ئەندازەیەک ئەم چاپە بێ هاوتایە، ئەوەی ئادەمی بەرە پێشکەوتن و ئازادیی و خۆش گوزەرانی و کامەرانی بردووە!.

نووسراو، لە پێش داهێنانی چاپدا، بەدەست ئەنووسرایەوە. درەنگ ئەهاتە بەرهەم کەمی لێ ئەهاتە ناوەوە. زۆر دانسقەبوو. کەم کەسیش لە توانایدا هەبوو بیکڕی، پیاوی زۆر دەوڵەمەند نەبێ!... لەگەڵ ئەوەشا بەدەگمەن هەڵ ئەکەوت، لە هەڵە و ناپوختەیی بەدووربێ!... لەبەر ئەوە خوێندەواریی، لە ئارەزوو و توانای کەم کەسا مابوو. وە نەخوێندەواریی بەجۆرێک فەرمانڕەوا بوو، ژیانی لە جیهان کردبووە ژان!...

بەڵام کە چاپ داهات، ئەم تاریکییە لاچوو، وە ئەو بەزمانە هیچی نەما!... ئەڵێن، پێش هەموو کەس، چینییەکان چاپیان بەکارهێناوە. لە سەدەی شەشەمی پاش لەدایکبوونی عیساوە چاپیان ناسیوە. بەڵام لەناویاندا، بڵاو نەبووتەوە تا سەدەی دەهەم. لە سەدەی سیانزەهەمدا، زۆر نووسراوە کۆنە ئەدەبییەکانیان لە چاپ دراون. بەڵام لە چاپی کۆنی ئەواندا نووسراوەکان، لەسەر کەرتە تەختە هەڵ کەندران. تیپەکان، وەک هی ئێستا، جوێ جوێ نەبوون. لە جێی خۆیان نەئەگوێزرانەوە. وە بەکاری نووسراوێکی تر نەئەهاتن. ئێستایش، چینییەکان، ئەو شێوە کۆنەیان پێ باشترە لە شێوەی چاپی ئێستا. چونکە زبانەکەیان، بەسەدان تیپی تیایە، وە ئەمە بۆ ئەو باشترە.

ژاپۆنییەکان، لەوانەوە فێری چاپگەریی بوون. بەڵام، لەم دواییەدا ئەوانیش دەستییان کرد بەبەکارهێنانی تیپی جۆێ جۆێ و بزێو، وەک هەموو لایەکی ترا... ئەڵمانییەکان ئەڵێن: ئێمە دەستکردی چاپ و قاقەز و رۆژنامەمان گەیاندۆتە ئەوروپا. لە پێشا، وێنەی قاقەزی یاریی و دەنگوباسی قەشەکانیان، لەسەر کەرتە تەختە لە چاپ ئەدا. بەڵام، لە سەرەتای سەدەی پانزەهەما دەستیان کرد بەتیپ دروست کردن لە دار و لە مز، وە لەو تیپە جۆێ جۆێ و بزێوانە، وشە و نووسراویان پێک ئەهێنا.

لە پاش چەند و چوونێکی زۆر، مێژوونووسان، بڕیاریان دا، کە داهێنەری ئەم تیپە دار و مزانە، (جۆن گۆتەمبەرگ)ی ئەڵمانییە. ئەم تیپانە بۆیەکا باشن، گەلێک جار بەکار ئەهێنرێتەوە بۆ چاپ کردنی گەلێک نووسراوان. ئینجا بەمەدا بۆمان دەرئەکەوێ، کە گۆتەمبەرگ چەند بەکەڵکی هاورەگەزی خۆی و هاونیشتمانەکانی سەر زەمینی هاتووە. گەلێک لە گەورە پیاوان ناویان لە بیر ئەچێتەوە. بەڵام تا جیهان مابێ ناوی گۆتەمبەرگ لەبیر ناچێتەوە. چونکە، ئەگەر ئەو نەبوایە. وە پیاوی وەک ئەومان بۆ هەڵنەکەوتایە، تا ئەمایین لە چرای زانستی و فەن و رەوشت و ئایینی نایاب، وە لە بەری ژینی راستەقینە، بێ بەش ئەماینەوە!...

دوارۆژی گۆتەمبەرگ

سەیر ئەوەیە، گۆتەمبەرگ، گەلێک جار، لە بابەت چاپەوە دوودڵ ئەما. وەختبوو وازی لێ بێنی. چونکە بەبیریا ئەهات کە هەروەک کەڵکی هەیە زیانیشی لێ پەیدا ئەبێ بەڵام کە لێکی دایەوە: چاکەکانی چاپ لە خراپەکانی زۆرتربوو، ملی دایەوە سەر چاپگەریی، فەرمانە بەنرخە بێ هاوتاکەی خۆی. بەڵام داخەکەم، ئەو پیاوە بەکەڵکە گەورەیە. لە تەمەنی ٦٨ساڵیدا سەری نایەوە. گۆتەمبەرگ، هەموو تەمەنی بەخت کرد بۆ سەرەوت و پێشکەوتنی هاورەگەزی خۆی. ئەوانیش بەیادی ئەو فەرمانە و رەنجە بەکەڵکانەیەوە، وە بۆ ئەمەی تا جیهان ئەمێنێ ناوی نەکوژێتەوە، لە شاری (مەنز)دا پەیکەر (هیکل، تمثال)ێکیان بۆ کرد، ئەو پەیکەرە ئێستایش بەپێوەیە، خەڵک تیژ ئەکاتە سەر چاکەکردن!...

هورد

«ڕێکخەری بەندیخانەکان»

١٧١٦ - ١٧٩٠

«قەت نەم بیستووە بەندیخانە ئارەزووی بەدکرداریی لە دڵی بەندییەک کردبێتە دەرەوە. بەڵکو بەپێچەوانەی ئەوە، هەموو ڕۆژ، ئەبینم بەچاوی خۆم، کە بەندیخانەکان، خووی گوناهکاریی و بەدکرداریی، فێری بەندییەکان ئەکەن. بەڕاستی، ڕاستی کردووە، ئەوی بەندیخانەی ناوناوە (بۆتەی بەدکردایی)!».

-دوکتۆر فرانک کراین-

پێگەیشتنی هورد

(جۆن هورد)، لەماڵی باپیریا، لە شاری (کلارکتول)، لە خاکی ئینگلیزدا، لە ساڵی ١٧١٦دا لەدایک بووە. هێشتا مناڵ بووە، کە دایکی مردووە. بەڵام لە دێیەکی تر، باوکی بەهۆی خانمێکی کردەوە بڵندەوە، هوردی بەپەسندی پێگەیاند. کە گەیشتە تەمەنی حەوت ساڵان، باوکی بردیە لای خۆی بۆ (لەندەن). وە لەوێ بەخووی سەر ڕاستی و دروستییەوە ڕای هێنا. ئینجا ناردیە خوێندنگاه. بەڵام هورد، لەوێ، زیرەکی و وریایی نەنواند. ئینجا ناردیە کن سەوزەفرۆشێک، لەبەر دەستی ئەوا، بەحەوت ساڵ فێری فەنی سەوزەفرۆشی بوو. بەڵام حەوت سەد لیرەشی لە باوکی هورد وەرگرت. هورد دابوویە باریکی و بنیسی. وەختبوو لەناوبچێ. بەڵام باوکی مرد. سامانێکی زۆر و پارەیەکی چەند هەزار لیرەیی بۆ بەجێ هێشت. هورد وازی لە سەوزەفرۆشی هێنا. تەمەنی حەڤدە ساڵ، لە هەرەتی کوڕێنی دابوو. یەک و دووی لێ نەکرد. دەسی دایە ژیانێکی پڕ بەدڵ!.

گەشتی هورد

هورد، لەسەر باوی ئەوسا، بۆ ئەمەی تەواو پێ بگا و لە جیهان تێ بگا، چووە گەشتوگوزار. بەناو ئیتالیا و گەلێ خاکی تری ئەوروپادا گەڕا. پاش ساڵێک بەخۆی و گەلێ شتی دانسقە و ناوازەوە گەڕایەوە لەندەن. چەند ساڵێکی تەنیا بێ ناخۆشی، لە لەندەندا بەسەربرد. نیازی وابوو گەشتێکی تر بکاتەوە. بەڵام کارەساتی هاتە پێشەوە. بەجارێ ژین و هۆش و بیری هوردی گۆڕییە سەر بارێکی تر.

دیلی هورد

لە (لیزبون) پایتەختی پورتەکیزدا، بوومەلەرزەیەکی سامناک ڕووی دابوو، تێکومەکانی دابوو. گەلی ئینگلیز، بەسەرکردەیی پارلەمانەوە، مەردانە هاتنە مەیدانەوە، بۆ کۆمەکییان. هورد یەکەم کەس بوو، کە خۆی پێشکەشی حکومەت کرد بۆ یارمەتیی ئەو کڵۆڵانە. بەڵام هێشتا لە کەناری زرێ ئەوەندە دوور نەکەوتبوونەوە، لەناکاو کەشتییەکی فەرەنسزی دای بەسەریاندا، کردنی بەدیل، وە هەرچییەکیشیان پێ بوو لێی داگیرکردن، تا چل سەعات بێ نان و ئاو هێشتیاننەوە، پاشان فڕێیان دانە ناو ژوورێکی بۆگەنی تەڕەوە، وە تا هەفتەیەک هەموو جۆرە کردەوەیەکی دڕندانە و نامەردانەیان لەگەڵ کردن. بەدە دە لێیان ئەمرد. جارێکیان ٣٦ کەسیان لێ فڕێ دانە تاقە چاڵێکەوە. ئەم کارەساتە، نەنگە، ناخۆشە، دەماری پیاوەتی و مەردایەتیی هوردی هێنایە جۆش. پاشان کە لە بەندیخانە ڕزگاری بوو و گەڕایەوە لەندەن بەکرد و کۆششێکی پاڵەوانانەوە هاتەمەیدان، وە توانی ئینگلیزەکان لەم پەند پێدان و ئازار و هاوارە تێ بگەیێنی. وەبیان خاتە سەر کۆمەکی و پشتیوان کردنی ئەو کڵۆڵ و بێچارانە زۆری پێ نەچوو هورد بەئامانجی خۆی گەیشت. سەکەشتی، لەو دیل و بەندییانە پڕ کرا و هێنرانەوە بەریتانیا. هاوڕێکانی دەست خۆشیان لێ کرد. بەڵام، هورد، ئەمەی بەلاوە شتێکی کەم بوو. چونکو بڕیاری دابوو واز نەهێنێ تا ڕووناکی و خۆشی و ئازادیی ئەبا بۆ هەموو بەندیخانەکانی تری جیهان!.

هورد لە خۆشی و تەنگانەدا

هورد بیری ئەو دێیەی ئەکردەوە کە تیا گەورە بووبوو. بەخۆی و کەلەپەلە نایاب و ناوازەکانیەوە گەڕایەوە ئەوێ. لە خانووبەرەیەکی جوان لەناو باخێکی ڕەنگیندا دانیشت. زۆری پێ نەچوو ژنێکی خۆشەویستی سەر ڕاستی مارە کرد. وە بەهەردووکیان ئەو دێیەیان بەرەو خۆشی و بەختیاریی پێش خست. ژنە خۆشەویستەکەی لە دەست چوو. منالێکی بەسەرا بەجێ هێشت، هورد کەوتە تەنگانەوە. جیهانی لەبەرچاو تاریک بوو. تا ما داخی مردنی ئەو ژنەی لەبیر نەئەچووەوە. وە بڕیاری دا کە هەتا بمێنێ نازی گشت ژنێ بکێشێ، وە بەدڵ یارمەتییان بدا. منالەکەی دایە دەست یەکێ پێی بگەیێنێ. خۆشی چووەوە گەشتوگوزار بۆ ناو ئەوروپا. بەڵام هێشتا نەگەیشتبووە خوارووی ئیتالیاوە، کوڕەکەی بیر کەوتەوە. خۆی پێ نەگیرا، گەڕایەوە بۆ کنی. وە هێندەی دایک و باوکی خۆی بەپێگەیاندنیەوە ماندوو کرد. دووبارە دەستی کردەوە بەپێشخستنی دێیەکەی و چاکەکردن لەگەڵ دانیشتووەکانیا. ئەم کردەوە پیاوانەیەی، لە هەموو لایەکی نیشتمانەکەیا دەنگی دایەوە. وە هوردی بەدڵی هەموو کەسێکەوە نووساند.

سەرەتای کۆششی

ئەم ناوبانگە جوانە، حکوومەتی خستە سەر دامەزراندنی هورد لە فەرمانێکی گەورەدا لە (بیدفروشیر). جا لێرەوە کردەوە پەسەندەکانی هورد دەستی پێ کرد. بەندیخانەکانی ئەو ناوچەیەی، هەموو، پشکنی. سەرگەردانی و کەساسیی بەندییەکانی لە (کۆڕی ریش سپی)یان گەیاند. لە ئەنجامدا حکوومەتی خستە سەر ئەوەی: ئیتر باج لە بەندییەکان نەسێنێ. وە ئیتر بەتەنگ، تەندروستی بەندییەکانەوەبێ!... ئەم کردەوەیەی هورد پیاوەتییەکی تاقانە بوو، کەس هێشتا نەینواندبوو!. لەگەڵ ئەوەشا، ئەمە سەرەتای کۆششی بوو!. چونکە هورد بەوە وازی نەهێنا، چوو بەندیخانەکانی سکۆتلەند و ئیرلاند و هوللاند و ئەڵمانیا و فەرەنسە و رووسیا و ئیسپانیا و گەلێ خاکی تری ئەورووپای پشکنی، وە چەند جارێکی تریش پشکنینیەوە!. زۆر گیروگرفت و ئەرک و ئازاری هاتەبەر. کەوتە، زۆر، تەنگ و چەڵەمەوە. وەختبوو سەری تیابچێ!. بەڵام توانیی، بەدڵی بەتین و چاوی دووربین و کارگوزاری و زرنگی خۆی، بەسەر هەموو تەنگانەیەکیا زاڵ بێ وە لە هەموو تەنگ و چەڵەمەیەک سەر دەرکا!. لە پاش شارەزابوونێکی بێ هاوتا، لە بابەت ژیانی ناو بەندیخانەکانی ئەورووپاوە نووسراوێکی بەنرخی لە چاپ دا و دابەشی کرد بەسەر گەورەپیاوەکانی ئینگلیزدا. بەشێوەیەکی جوان تێنی گەیاندن کە بەندیخانەکانی بەریتانیا لە بەندیخانەکانی ئەورووپا خراپترن. وە توانیی دەماری پیاوەتی و هونەرمەندیی و کارگوزارییان ببزوێنێ بۆ چاککردن و پوختەکردن و پێشخستنی بەندیخانە و ژیانی بەندییەکان.

کارەساتی سەیر

هورد شتی سەیر سەیری ئەکرد. لە فەرەنسە، نەیان ئەهێشت بەندیخانە سامناکە بەناوبانگەکەی (باستیل) ببینێ. خۆی کوتا، بچێتە ناوی. سەری نەگرت. بەزۆر کردیانە دەرەوە. زۆری نەمابوو ئازادیشی لە دەست بچێ!. لەگەڵ ئەمەشا توانیی زۆر پێچوپەنای ژیان و کردەوەی ناو باستیل دەربخا. یەکێک لەو شتانە سەرگوروشتەی (ژیانی بەندیی سەرتاسن) بوو لە بەندیخانەی باستیلدا. لەگەڵ هەموو زەبروزەنگ و پەندێکی حکوومەت، هورد، توانی، لە شێوەی ژنە لادێییەکا بەناوی میوەفرۆشتنەوە بگاتە کن ئەو کەسەی، نووسراوی نهێنیی لە بابەت باستیلەوە لا هەبوو. بەفێڵ دانەیەکی لێ سەند. وە نەیهێشت بەرازی بزانرێ تا گەیشتەوە بەریتانیا!.

لە رووسیا، هەموو بابەتێکی ئازاردانیان پێشان دا، لە بەندیخانەکاندا، شتێک نەبێ. ئەویش کەس نەی ئەوێرا لێی بدوێ. هورد ماڵی ئەو کابرایەی دۆزیەوە، کە ئەو چەکی ئازاردانە نهێنییەی لە بەندیخانەکاندا ئەخستە گەڕ. بەسواری گالیسکەیەک چووە سەری. بەپەلە و کوتوپڕ چەند پرسیارێکی لەو بابەتەوە لێ کرد. کابرا حەپەسا. وای زانی، هورد، فەرمانبەرێکی گەورەی رووسە!. هەرچیی ئەزانی، پێی گوت!؟.

جارێکیان (کاترینا)، شاهەنشا ژنی رووس، ناردیە شوێنی، کە بێت لە تەلارەکەی ئەوا بحەوێتەوە. هورد، هەر لە ترسی ئەوەی ژیانی ئاسان و نەرمونیانی ئەوێ لە فەرمانەکەی ساردی نەکاتەوە، نەچوو. وە

لەگەڵ هاوڕێ هەژار و دەردەدارەکانیا مایەوە!. کە لە ڕووسیا گەڕایەوە، حەزی کرد بەفەرەنسەدا تێپەڕی. لەگەڵ ئەوەشا کە حکومەتی فەرەنسە، ڕێی نەئەدا بچێ، وە چاوی بۆ ئەگێڕا کە بیگری، هورد، لە شێوەی پزیشکێکی فەرەنسزیبیا خۆی کرد بە(پاریس)دا. پێی زانرا. ئەوەندەی نەمابوو بخرێتە زیندانی باستیلەوە!. بەڵام ئازابوو. زوو خۆی دەرباز کرد، لەژێر پەردەی نەخۆش چاککردنەوەدا، پێ دیسکەی کرد و خۆی گەیاندە (مارسیلیا)، وە لەوێوە تێی تەقاند بۆ ئینگلتەرە!.

ڕەنج دانی تر

بۆ نەهێشتنی دەردێکی گەورە، کە لە ڕۆژهەڵاتدا پەیدابووبوو، هورد، خۆی گەیاندە (ئەستەمۆڵ). پاشان چووە (ئیزمیر)وە لەوێوە بۆ (وەندیک) لە ئیتاڵیا، تا وەک یەکێ لە نەخۆشەکانی ئەوێ دەست بەسەرکرێ، بەڵکو لەناویاندا شارەزای هۆی ئازار و هاوار و شێوەی چاک بوونەوەیان بێ. دوو مانگ لەناویاندا مایەوە. بەڵام لەشی تەواو تێک چوو، لەو دەمەدا دوو قاقەزیشی بۆ هات. یەکێک لە بابەت بەدخوویی کوڕەکەیەوە. یەکێکیش لە بابەت خەریکبوونی گەلی ئینگلیزەوە بەدامەزراندنی پیکەرێکەوە بۆ هورد، کە ببێتە یادگار بۆ کردەوە گەورەکانی. بۆ کوڕەکەی دڵشکاویی و ئامۆژگاری خۆی نواند. بۆ ئەوانی تریشی نووسیوە کە لە دامەزرانی پەیکەر چاکتر ئەوەیە کە بەندیخانەکان و کردەوەی حکومەت لەگەڵ بەندییەکاندا بخرێتە سەر ڕێکوپێکی و بارێکی چاکی!. پاشان هورد گەڕایەوە بەریتانیا، تا بەنووسراوێکی تایبەتی: تاقی کردنەوە و شارەزایی خۆی لە بابەت بەندیخانە و ژیانی بەندییەکانەوە بڵاوکاتەوە. هورد پیر بووبوو. کۆششی چەند ساڵ، برستی بڕیبوو. لەشی تێک دابوو. وای پێویست، کە ئیتر ئارامگری و بحەسێتەوە. وە لە کونێکەوە سەیری ئەنجامی هەوڵ و تەقەلا گەورەکانی خۆی بکات. بەڵام هورد لەوانە نەبوو بسرەوێ. خەمی فەرمانی پیاوانەی هەبوو. بەتەنگ خۆیەوە نەبوو. بیستبیەوە کە دەردێکی گرانتر، ڕۆژهەڵاتی ئەورووپای داگیرکردۆتەوە. وە گیانی دانیشتووەکانی ئەوێ دەرهێناوەتەوە. هورد، لە دەنگی دەروونی ڕاچەنییەوە. خۆی پێ نەگیرا تا خۆی گەیاندە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا. وە لەوێشەوە هەزار میلی تر چوو بەولاوە. بەناو ئەو ساردوسڕییەی ڕووسیایەدا تێپەڕیی تا گەیشتە (مۆسکۆ). وە لەوێ چوو بۆ یارمەتیی ئەو سەربازە هەناسە ساردانە، کە چاوەڕوانی دەستێکی دڵسۆزانە و چاوێکی باوکانە بوون.

لە دەس چوونی هورد

ئەمە دوا شەڕی ژیانی بوو، کە لە پێناو دەستگرتنی داماوان و یاریدەدانی لێ قەوماوان و پاراستنی ئازادیی و گیانی هەژاراندا ئەیبردە سەر، کچە ڕووسێک کە ٣٤ میل لە جێ فەرمانی هوردەوە دووربوو. زۆری کرد کە کەس چاکی نەکاتەوە، هورد نەبێ!... هورد، دڵی نەشکاند. دوو جار خۆی گەیاندە لای بۆ چاککردنەوەی. بەڵام نەخۆشییەکەی ئەوی تووش بوو!... ئازارەکەی بێ ئەندازەبوو. لەگەڵ ئەوەشا تا چەند ڕۆژێک بەئازاییەکی بێ هاوتاوە بەرگری گرت. بەڵام نەخۆشییەکەی زۆری بۆ هانی. کە زانی ئیتر لە وزەیا نەماوە ئارام گری: ڕووی کردە خوا و لێی پاڕایەوە کە ئاگای لە کوڕەکەی و ئەو بەندیانە بێ کە

هەمــوو ژیانی بۆ خــۆشگوزەرانی ئەوان بەخت کــردبوو. وە ڕای ســپــارد، کــە مــرد، هــیچ پەیکەرێکی بۆ دانەمەزرێنن.

هورد، لە تەمەنێکی ٦٤ ساڵی لە ١٧٩٠دا گیانی پاکی بەخاک سپارد. بەڵام تا سەر، ناوی گەورەیی و مەردایەتیی بۆ خۆی لە جیهاندا هێشتەوە.

هورد پەش مردنی

دوور لە نیشتمان و گەلی خۆی، وە لە مەیدانی پیاوەتی و خواناسیا، هورد، ئەو سەربازە ئازایە، کەوت و نێژرا. بەڵام گەلی ئینگلیز نەیانهێشت ناوی بکوژێتەوە، لە کەنشتە گەورەکەی (پولس)دا پەیکەرێکیان بۆ دروست کرد. لەوێدا، هورد، کلیلی بەندیخانەی گرتووە بەدەستێکەوە، فەرمانی بێ تاوانیشی گرتووە بەدەستەکەی تریەوە کە تیشکی هوای ئازادیی پێوەیە بۆ ڕۆشنکردنەوەی دڵی بەندییە بەسەزمانەکان. لە بنکی ئەو پەیکەرەوە، پەیکەرێکی تریشیان بۆ دروست کرد؛ هوردی تیا دیارە: لە ناوەڕاستی بەندیخانەیەکا بەندییە کڵۆڵەکان دڵخۆشی ئەداتەوە.

هاری (بیدفورد)یش پەیکەرێکیان بۆ کرد لە مەیداندا. هورد لە بەرگ و پۆشەنیی سەدەی هەژدەهەما ئەنوێنێ، وەستاوە بیرێک قووڵ ئەکاتەوە. لەژێر پەیکەرەکەوە، ئاو هەڵ ئەقوڵێ و ئەڕژێتە ناو جۆرنەیەکەوە. ئەوە ئەبەخشێ کە هورد ئاوی ساردی بۆ هەموو تینوویەک ئەبرد.

هورد هەڵی نەگرت لەوە زۆرتریشی بۆ بکرێ. چونکە هەر ڕێکوپێکی و پێشکەوتنێک کە لە بەندیخانە و ژیانی ناو بەندیخانەکانی ئیمڕۆدا ئەبینین، بنچینەکەی لە سایەی کرد و کۆششی پیاوانەی هوردەوە پێک هاتووە!...

کۆلۆمب

«دۆزەرەوەی ئەمریکا»

١٥٠٦ - ١٤٤٦

(کریستۆفورس کۆلۆمبس)، لە ساڵی ١٤٤٦دا لە شاری (جەنەوە) لە خاکی ئیتاڵیادا لەدایک بووە. باوکی کرێکاربووە، خووری شیکردۆتەوە. دوو برای لە خۆی بچووکتریشی بووە. لە خوێندنگای (پاڤیا)دا زبانی لاتینی و هەندەسە و جوگرافیای خوێندوە. بەڵام هێندە حەزی لە گەشتوگوزاری ناو زریێ کردووە، گەلێ جار خۆی لە باوکی دزیوەتەوە و چۆتە سەیری زریێ و کەشتی و کەشتییەوانی. وە هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵانەوە وازی لە خوێندنگا هێناوە و خۆی هاویشتۆتە ناو ژیانی ناو زرییەوە. چەند ساڵێک لە تەک مامیا مایەوە کە سەرکردەیەتیی گەلە کەشتییەکی بچووکی ئەکرد بۆ پاراستنی کەنار زریێ نیشتمانەکەی لە هورووژمی عەرەبەکان. لە چەند کەشتییەکی بازرگانیشا، لە زریێ سپیی ناوەڕاستدا فەرمانی بینی. لە چەند شەڕێکیشا دەستی وەشاند و ناوی ئازایی و بێ باکیی دەرکرد. لە ساڵی (١٤٨٠)دا چووە (لیزبور) پایتەختی (پورتەکیز). لەوێ کچێکی ئیتاڵیایی خانەدانی مارە کرد، کە باوکی یەکێک بوو لە گەمیوانە هەرە بەناوبانگەکانی شازادە (هەزی). لەبەر دەس کورتی، لەوێ دەستی کرد بەنەخشە (خریطە، تخطیط) کێشان، وە بەوەوە بەڕێوە ئەچوو. نەخشەکانی ڕاست و دروست بوون، لەبەر ئەوە زۆر پەسەند بوون. بەهۆی ئەم ژن هێنانەیەوە بوو بەناشنای گەلێک لە گەمیەوان و زاناکانی (پورتەکیز). ئەرک و ئازاری ڕۆژگاری ژیان و ئارەزووی خوێندەواریی و تێکەڵ لەگەڵ گەورەپیاوانی زانستی و فەندا، کۆلۆمبی پێ گەیاندبوو. کۆلۆمب گەیشتبووە هەرەتی پیاوەتی.

ئاواتی کۆلۆمب

ئارەزووی کۆلۆمب، تا ئەهات، گڕی ئەسەند بۆ گەشتوگوزار بەناو زریێ ئەتلانتیکا، بۆ گەیشتنە هیند و ئاسیای ڕۆژهەڵات لە ڕێگایەکی زۆر کورتتر و نوێ ترەوە، بەڵام بەرەو ڕۆژئاوا. دڵنیابوو کە زەمین خڕە.

هێشتا زۆر شوێن ماون نەدۆزراونەتەوە. وە ئەو ڕێگایەی کە خۆی بەهیوا بوو تاقی بکاتەوە، لە ڕێگا بەرەو ڕۆژهەڵاتییەکەی (مارکو پولو) بۆ هیند کورتتر و ئاسانترە. حەزی ئەکرد ئەو شوێنە نەناسراوانە لەسەر دەستی خۆیان بدۆزێتەوە. بڕواشی وابوو کە ئەوە فەرمانێکی خواییە هاوێژراونە سەر شانی، بۆ ئەمەی بەچرای دینی مەسیحی ئەو شوێنە بت پەرستانە لە تاریکی نەخوێندەواریی و گوناهباریی، ڕووناک کاتەوە. هیوای کۆلۆمب بەرزبوو. ئاواتەکەی ڕەنگین و پەسەند و بەکەڵک بوو. بەڵام تەگەرە و تەنگ و چەڵەمەی زۆر لە پێشەوەبوو. کۆلۆمب لەم بیروباوەڕانەدابوو لەپڕ دەنگ داکەوت، کە لە ڕۆژئاوای زریی ئەتلانتیکا زەمینێک دۆزراوەتەوە ئەمە زۆربوو بۆ کۆلۆمب کە گوێی لێ بێ!...

ئیتر هەر ئەوەبوو: بەهەموو تین و توانایەکیەوە پەلاماری پێکهێنانی ئاواتەکەی خۆی دا، وە هەتا دە ساڵ لە ئەرک و ئازار و مەینەتیا خۆی ڕاگرت، نەبەزیی، تا بەمەبەسی خۆی گەیشت!...

تەقەلای کۆلۆمب

بۆ ئەمەی ڕێ بکاتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆی، کۆلۆمب پەنای بردە بەر شاهەکانی جەنەوە و پورتەکیز و ئیسپانیا و ئینگلتەرە و گەلێ کاربەدەستانی تر، کە ڕێی بدەن و یارمەتیی بدەن لەم گەشتەیا. لەگەڵ ئەوەشا کە گشتیان بیرەکەی کۆلۆمبیان پەسەند ئەکرد، کەچی، چونکە گوێیان ئەدایە قسەی زانست و پیاوە دینییەکانیان، کەسیان دەستیان نەئەگرت. کۆلۆمبیان پەسند ئەکرد، کۆلۆمب بەناخوداخی هەڵفریوداندنی ئەو شاهانەوە دە ساڵ تلایەوە. یەکە یەکە لە هەموویان ڕقی هەڵسا و بەقینەوە بەجێی هێشتن. دوایی بڕیاری دا بچێتە فەرەنسە، داوای یارمەتی لە شاهەنشاهی ئەوێ بکا. بەڵام هاوڕێکانی نەیانهێشت بچی. کەوتنە ناوەند ئەو و (ئیزابیلا) شاژنی ئیسپانیاوە. وە لە پاش چەندوچوون و گێرەوکێشەیەکی زۆر، پێکیان هانین لە ١٤٩٢/٤/١٧دا (ئیزابیلا)، بەناوی گیانی نیشتمانپەروەریی و خواناسییەوە، لەسەر پارەی تایبەتیی خۆی، پێکهێنانی ئەم ئاواتەی گرتە ئەستۆی. بەڵێنی دا کە کۆلۆمب بکاتە سەرکردە و کاربەدەستی ئەو خاک و ئاوانەی کە ئەیان دۆزێتەوە وە پاش خۆی نەوەکانیشی ئەو نیاز و جیازەیان بۆ بمێنێتەوە. کۆلۆمب شاژنی بەجێ هێشت و چوو بۆ (پالۆس) کە لەوێوە گەمی و کەلوپەلی ئەو گەشتەی بدرێتێ.

یەکەم گەشتی کۆلۆمب

کۆلۆمب، بەسە کەشتی و (١٢٠) کەسەوە لە ١٤٩٢/٨/٣دا بەناو زریی ئەتلانتیکا ڕۆیی. وە لە پاش حەفتا ڕۆژ ڕەنج و کوێرەوەریی و ئەرک و ئازار، بەدەست سەر کێشی کەشتییەوانەکان و هورووژمی گێژەلۆکە و شەپۆل و گێژی زرێ وە، گەیشتە سەر زەمین. ناوی نا دوورگەی (سان سلڤادۆر). لەوێدا بەخۆی و بەیداخی ئیسپانیاوە لەگەڵ گەلێک لە کەشتییەوانەکان لە جلوبەرگێکی ئاوازەدا دابەزیی و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بۆ خوای پاک و بێ هاوتا کڕنۆشی سوپاسگوزاریی کێشا. کۆلۆمب ئەوێی کردە خاکی شاهەنشاهی ئیسپانیا، لەژێر فەرمانڕەوایی خۆیا. کەشتییەوانەکان، لەسەرکێشی خۆیان پەشیمان بوونەوە و لە کۆلۆمب پاڕانەوە کە بیان بەخشێ. کۆلۆمب وای زانی گەیشتونە کەناری (هیند).

بەدانیشتووەکانی ئەوێی گوت (هیندی). پاشان دورگەی (کوبا)شی دۆزییەوە، کە بەلایەوە بەهەشتێکی سەر زەمین بوو. ئینجا دورگەی (هایتی)ی دۆزییەوە، کە ناوی ئێستای (سان دۆمنێکو)یە. لەوێدا هەندێک مایەوە، چەند ئیسپانیاییەکی دامەزراند، بەلام کەشتییەکی لە دەست چوو. گەڕایەوە ئیسپانیا کە هەشت مانگ ئەبوو نەی دیبوو. بەپیرەوە چوونێکی شاهانەی بۆ کرا. ناوبانگی کۆلۆمب بەهەموو ئەورووپادا بلاوبووەوە. شاه و شاژنیش زۆر بەدەورووپشتیا هاتن. سەرگوروشتەی گەشتەکەی بۆ گێڕانەوە. ئەو زێڕ و لوکەوچەکی کوشندە و گژوگیا سەیرە و پەلەوەر و دڕندانە و ئەو نۆ کەس هیندیيانەی ئەمریکای پێشان دلن. ئەوانیش بەڵێنەکانی پێشوویان بۆ دووبارە کردەوە، وە بانگی (گەورە زانستێکی ئیسپانیا)یان بەگوێیان دا. قەلغانێکیشیان پێ بەخشی نیشانەی (کۆشک و شێر)ی خاکەکانی (کاستیل و لوین)ی تیا نوێنرابوو. بەمانە کۆلۆمب. گەیشتە ئەوپەڕی گەورەییا.

دووەم گەشت

ئەمجارە (١٧) کەشتی و (١٥٠٠) کەسی لەگەڵ بوو. جووتیار و کرێکار و دارتاش و دوانزە پیاوی دینییان لەناوابوو. گەلێک ئاژەڵ و ئەسپ و دارمێو... یشی لەگەڵ خۆی هەلگرتبوو. لە ١٤٩٣/٩/٢٥دا بەخۆی و هەردوو کورەکەیەوە (دیاگۆ) و (فەرنەندو)وە جولا. لە پاش کۆچێکی (٣٩) ڕۆژیی زەوییەکی نوێی تریان بەدیی کرد، ئەوانە دوورگەکانی (ئەنتیلس) بوون کە کەوتبوونە ڕۆژهەلاتی (هایتی)یەوە. لەوێوە گەڕایەوە (هایتی)، شارێکی تیا دروست کرد، ناوی نا (ئیزابیلا)، بەناوی شاژنەوە. ئەمە یەکەم شاری مەسیحی بوو لە جیهانی نوێدا!! لە پاش لێ هەلگەڕانەوەی هاوڕێکانی و هورووژمی خەم و خەفەت و تووشبوونی نەخۆشی؛ کۆلۆمب، ناچارما، گەڕایەوە ئیسپانیا لەسەر خۆی بکاتەوە، وە دڵی شاه و شاژن -کە بەدگۆکان لەویان ڕەش کردبوو- پاککاتەوە. ئەمجارەش هاتن بەپیریەوە و بەدەرووپشتیا هاتن بەلام وەک هی جاری پێشوو گەرم و گوڕ نەبوو!...

کۆچی سەهەم

ئەمجارە تەنیا بەشەش کەشتییەوە کۆچی کرد. ئەو دەمە سالی ١٤٩٨ بوو. دوورگەی (ترینیداد)ی دۆزییەوە کە کەوتبووە ڕۆژهەلاتی ژووروی ئەمریکای خوارووەوە. گەلێک دوورگەی تریشی دۆزیەوە. هەندێک بەکەناری ئەمریکای خوارووداا گەڕا وە بڕیاری دا کە جیهانێکی تازەی گەورەی دۆزیوەتەوە، کۆلۆمب بەکامی خۆی گەیشتا. بەلام کۆلۆمب، بەهۆی بەدخوویی پیاوەکانیەوە تووشی گەلێ گەرووگێچەڵ ئەبوو. شەڕ و کوشتار کەوتبووە ناو ئەوان و دانیشتوانی ئەو خاکانەوە کە دۆزیبوونیەوە، پیاوەکانی گەلێک تالان و بروویان لێ کردبوون. پێنج کەشتیی گەورەیان لێ گرتبوون و ناردبوویاننە ئیسپانیا کە وەک قوول و بەندە بفرۆشرێن. شاژن (ئیزابیلا) لەمە زوورقینی هەلسابوو، گوتبووی کێ بەکۆلۆمبی گوتووە ئەم بەسەرزمانانە بگرێ بەدیل؟ فەرمانی دا بوو بەهەموو لایەک کە ئەو دیلانە ئازاد کەن. خاوەن بەندەکان، لە دلی ئەو زیانە گەورەیە کە لە ڕووی کۆلۆمبەوە تووشیان بووبوو، لە کۆلۆمب کەوتنە تەقە و توانج و سکالا کردن. ئەمە کاری لە شاژن ئیزابیلا کرد. دەموودەست (بوبادلا) ناو فەرمانڕەوایەکی بۆ

(هایتی) رەوانە کرد. پێی گوت کە فەرمانڕەوایی لە چنگی کۆلۆمب بسێنێتەوە. لە سکاڵا و دادوفریادی زۆر لێ کراوان بکۆڵێتەوە. کەچی کۆلۆمبی بەسەزمانیش هەرای ناو (هایتی)ی کوژاندبووەوە. و دینی مەسیحیی لەناو دانیشتووەکانیا بلاو کردبووەوە. وە گەنجینەیەکی زێڕی (٦٠) ملیۆن ڕیالیشی دەست حکوومەتی ئیسپانیا خستبوو لە کانگا زێڕەکانی ئەمریکا!.

(بوبادلا)ی فەرمانڕەوا گەیشتە (هایتی). خانووی کۆلۆمبی داگیرکرد. کۆلۆمب و هەردوو براکەشی بەپێوەندکراویی و پەندپێدراویی ناردەوە بۆ ئیسپانیا!. ئەم کۆچی سەهەمەی کۆلۆمب، بەم ئەنجامە سزابەخشە گەیشت. ئیسپانیاییەکان ڕقیام لەم کردەوە ناپەسەندەی (بوبادلا) هەڵسا، بەزەییان بەکۆلۆمبی سەرگەرداندا هاتەوە لەپڕ ڕاپەڕین وە لە حکومەت داوای تەمێ کردنی (بوبادلا)یان کردا. (فەردنیاند) شاە، لەم کردەوەیە شەرمەزاربوو. بەنامەیەکی ناسک و شیرین دڵی کۆلۆمبی دایەوە (ئیزابیللا)ش چاوی بۆی بڕ بوو لە ناو. پێوەندیان لێ کردەوە. (بوبادلا)یان کێشایەوە گەلێک شاباش و نەوازشی کۆلۆمبیان کرد، بەڵام نەیان کردەوە بەفەرمانڕەوا!.

بەڵێ ئەوی سەری ئیسپانیای بەرز کردەوە و ڕەنجی مەردانەی بۆ گەلکی هەمووان ئەدا نەئەشیا خراپەی دەربار کرێ.

چوارەم کۆچ

بۆ جاری چوارەم کۆچێکی تری کرد بەڵام زۆر سەری نەگرت. بەشپرزەیی و ماندوێتیی چەند ساڵەوە گەڕایەوە ئیسپانیا. ئەمجارە دوورگەی (مارتینیک) و پوزەی ناوەند ئەمریکای ژوورو و ئەمریکای خوارووی دۆزیەوە. زۆری پێ نەچوو لە ١٥٠٦دا لە شاری (ڤالا دولید)دا لە تەمەنێکی حەفتا ساڵیدا گیانی شیرینی بەخاک سپارد. لە گیانەلاودا گوتی: «خوایە گیانی خۆم بەتۆ سپاردا». لەسەر ڕاسپاردەی خۆی پێوندەکەیان لەگەڵ خۆیا ناشت. کۆلۆمب هەرچەندە ڕزگاری بووبوو لە پێوەند، بەڵام ئەو پێوەندەی هەر بۆ یادگار هەڵگرتبوو تا ئەو ڕۆژە!... کۆلۆمب بەنەوازشێکی گەورەوە نێژرا. شاهەنشاە، بۆ یادگار، پەیکەرێکی بۆ دروست کرد. ئەمەی لەسەر هەڵکەندرابو: «کۆلۆمب بۆ خاکی کاستیل و لیون جیهانێکی نوێی دۆزییەوە». چەند ساڵێکی پێ چوو، لەسەر گوتەی کۆلۆمب خۆی، لاشەکەیان گواستەوە (سپانیولا) یاخود (هایتی). وە لە کەنشتەی (سان دومنیکوی گەورە)دا نێژرا بەڵام لە ساڵی ١٧٩٦دا بۆ جارێکی تر لاشەکەیان گواستەوە (کوبا) وە لە کەنشتەی (هاڤانا) لە پایتەختی دوورگەکەدا نێژرایەوە.

گەورەیی کۆلۆمب

کۆلۆمب، هەروەک لە کردەوەدا پەسەند و بڵند بوو، هەروەها لەسەروسیماشدا گەش و شۆخ و شەنگ بوو. پیاوێکی کەڵەگەت، چاو گەورەبوو. لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا سەری سپی ببووبوو. لە خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگا ڕێکوپێک نەبوو. زۆر خواناس بوو، یەجگار نوێژی ئەکرد و ڕۆژووی ئەگرت. بەکورتی وێنەیەکی بێ هاوتابوو لە هونەرمەندیی و پیاوەتی و خۆ ڕەنجاندنا بۆ گەلکی گشت لایی. دەستیاوی بەسەر هەموو جیهانەوە هەیە. لەبەر ئەوە جیهان تا بێنێ کۆلۆمب لەپەڕەی دڵیا پارێزگاریی

ئەکا، وە بەتاسە و خۆشەویستی و نەوازشەوە یادی ئەکا؟!... کێ ئەوەندە شارەزای گەمی وانی و جوگرافیا بوو، کە بڕوا بکا لەم پەڕی جیهانی کۆنەوە ڕێگایەک هەیە ئەچێتەوە سەر ئەوپەڕی؟!. کێ هێندەی ئەو بەرگەی دەرد و ئازار و تەنگ و چەڵەمەی ئەگرت لەپێناو زانستی و فەندا، لەپێناو ئایین و کردەوەی بڵندا؟!.

کۆلۆمب کە ئەمریکای دۆزیەوە، سەرانسەر نیشتەنی بوو. هەروەکو شارستانێتییەکی مەزنی تیادی، کۆچەرایەتییەکی ڕەنگاوڕەنگیشی تیا پشکنی. بەڵێ، کۆلۆمب بوو ئەو زەمینە پانە فراوانە بەکەلک و پیتە ڕەنگینەی ئەمریکای دۆزییەوە؛ کە ئەمە چوارسەد و پەنجا ساڵە وەک بەهەشتی سەرزەمین بۆتە پەناگا و سەرچاوەی دەرامەد و خۆشگوزەرانی و کامەرانی و پێشکەوتنی هەموو جیهان. کۆلۆمب بەدۆزینەوەی ئەمریکا، خۆی لە ڕیزەی هەرە گەورە پیاوەکانی جیهاندا دامەزراند. چونکە خۆی لەپێناو ژیانی ملیۆناندا مراند!؟.

سەمپسن

«داهێنەری بێهۆش دارو»

١٨٧٠ - ١٨١١

منالی و پێگەیشتنی

(جیمس یونگ سەمپسن) لە ساڵی ١٨١١دا، لە دێی (بالکایت) لەنزیک شاری (ئەدینبورگ)ەوە کە لە خاکی (سکوتلاند)دایە لە دایکبووە باوکی نانەوا بووە. بەڵام ئەم پێ گەیشتنە ناوازەیەی (سەمپسن) لەسایەی دایکە بێ باکە دڵسۆزەکەی و مامۆستا شارەزا زرنگەکەی و یەکەم خوێندنگاکەیەوە بوو. لەوەپاش هەرچەند، سەمپسن، مردنی دایکی بیر ئەکەوتەوە، هەناسەیەکی ساردی هەڵئەکێشا و چاویشی پڕ ئەبوو لە گریان. بەهونەرمەندیی ئەم هەناسە دوو کەسە جگەرسۆزەوە سەمپسن کەوتە سەر خوێندەوارییەکی مەردانە. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا چووە بەرخوێندن لە بەشی فەنیی خوێندنگا

گەورەکەی ئەدینبورگدا. لەوێدا بەزەیی بەنەناسراویی و دەستکورتی و بێ دەسەلاتی خۆیا هاتەوە. یەجگار پەروەشی بینینی دایک و باوک و هاورێ و دێیەکەی خۆی بوو. تەکانی دایە خۆی بگەڕێتەوە و لەو خەم و تەمە خۆی ڕزگار کات. بەلام لە تاقی کردنەوە (امتحان)دا باش سەرکەوت. خوێندنگاه، لە پاداشدا، موچەیەکی سالانەی پەنجا دۆلاریی بۆ بڕییەوە، بۆ یارمەتیی تا خوێندن تەواو ئەکا. ئەمە تەگەرەی دا لە گەڕانەوەی. تیژی کردە سەر مانەوەی. لە دوای کۆششێکی مەردانە، لە ١٨٣٠دا وە لە تەمەنی ١٩ سالیدا سەمپسن تاقی کردنەوەکانی بەسەربەرزییەوە بردە سەر، وە بووە پزیشک.

سەمپسن لە فەرماندا

لە ٢٦ سالیدا لە خەستەخانەیەکا دامەزرا. وە لە دێهاتەکانی ئەدینبورگیشدا دەستی کرد بەنەخۆش چاککردنەوە. پاش دوو سال کرا بەمامۆستای زانستیی نەخۆش چاککردنەوە، لە خوێندنگا گەورەکەی ئەدینبورگدا. سەمپسن لەم چەندانەدا وە لەم ناوانەدا، بەکردەوەی شیرین و پەسەندی خۆی، دلی دەولەمەند و هەژاری کێش کردبوو. ناوبانگی پیاوەتی و زرنگییەکی واشی دەرکردبوو، کە لە سالی ١٨٤٧دا بوو بەیەکێ لە پزیشکە تایبەتییەکانی شاژن (ڤیکتۆریا)، لە (سکۆتلاند)دا.

ئاواتی سەمپسن

سەمپسن، هەر لە مندالییەوە کە شاگردبوو لە خوێندنگای نەخۆش چاککردنەوەدا، لەبەر دلی ناسکی و جگەرسۆزیی خۆی، بەزەیی بەهەموو نەخۆش و دەردەدارێکا ئەهاتەوە، بەتایبەتی لەو وەختەدا کە پزیشکەکان نەشتەرکارییان (عمليات جراحيه) لە لەشی نەخۆشەکاندا ئەکرد وە نەخۆشەکان ئەکەوتنە نالە نال و نرکە نرک و هاوار. هەموو جار لە دلی خۆیا ئەیگوت: «تۆ بلێی نەتوانرێ دەرمانێکی وا بدۆزرێتەوە: کە بێ ئەمەی زیان بەنەخۆشەکە بگەیێنی، نەخۆشەکە لە هۆش خۆی ببا، تا نەشتەرکارییەکە لە لەشیا تەواو ئەبێ، وە نەهێلێ، ئەو نەخۆشە بەسەزمانە، ئەمەندە سوێ بچێتە دلیەوە و ئێش و ئازاری پێ بگا!؟». سەمپسن، گەلێک جار وای لێ ئەهات، خەستەخانە و خوێندنگا بەجێ بهێلێ. بەلام لەژێر لێوەوە، هەموو جارێ بەخۆی ئەگوت: «ئەمە ترسنۆکییە. شوورەییە پیاو لە فەرمان ڕابکا. پێویستە ئاواتی خۆم بهێنمەدی. وە ئەو بێهۆش دار و (بەنج)ە بدۆزمەوە. وە ئەم نەخۆشە کلۆلانە لەم ئازار و هاوارە ڕزگارکەم!». سەمپسن، لەم بڕیارە گەرم و گوڕە و گەورەیەدا بوو، لەپڕ لە سالی ١٨٤٧دا کۆمەلێک لە پزیشکەکانی کۆکردەوە و دەنگوباسی ئەو تەقەلایەی خۆی بۆ گێڕانەوە کە لەپێناو داهێنانی ئەم (بێهۆش دارو)ەدا نواندوێتی. هەموو بۆ سەرگرتنی ئەو بیرەی ئاواتیان خواست بەلام کەمیان بڕوایان هەبوو کە بێتەدی!؟.

کۆششی مەردانەی سەمپسن

سەمپسن خوێندبوویەوە کە لە سالی ١٨٤٦دا پزیشکەکانی ئەمریکا، دەستیان کردبوو بەبەکارهێنانی (ئیشەر) لە برینکاریی (جراحه)دا. ئەمە هەرچەندە ڕێگایەکی سامناک و ناتەواوبوو. بەلام سەمپسن بەهەنگاوێکی ڕاستەقینەی ئەدایە قەلەم، وە لەوێوە دەستی کرد بەڕۆین!. چەند جارێک. خۆی خستە

تەنگ و چەڵەمــە و نزیک مــەرگــەوە، بەهۆی تاقــیکردنەوەی ئەم دەرمــان و ئەو دەرمــانەوە. نەبەزیی. نەترسا. وە هەر لەسەر ڕێی خۆی ڕۆیشت هەتا گەیشتە ناو جەرگی ڕاستییەوە. پێش هەموو هاوڕێکانی خۆی کەوت، وە دوایی (بێهۆش دارو)ەکەی دۆزییەوە!.

دوکتۆر (لیون بلایفار)یش کە دۆستێکی (سەمپسن) و کیمیاگەرێکی بەناوبانگ بوو، هەر بەدووی (بێهۆش دارو)یەکی وادا ئەگەڕا. سەمپسن پێی گوت بام دەرمانەکەی تۆ لە خۆما تاقی بکەمەوە. بەڵام دوکتۆر (لیون بلایفار) نەیهێشت ئەوە بکا. هێنای دەرمانەکەی لە دوو کەروێشکدا تاقی کردەوە. کەروێشکەکان بەدەرمانەکە لە هۆش خۆیان چوون. پاشان هاتنەوە هۆش خۆیان. سەمپسن لە خۆشیاندا گەشکەداربوو. وە دووبارە لە دوکتۆر بلایفار پاڕایەوە کە ئەمجارە دەرمانەکەی لە خۆی و لە یاریدەدەرەکەیا تاقی بکاتەوە. یاریدەدەرەکەی بەقسەی نەکرد. گوتی جارێ بام بزانین چی بەسەر کەروێشکەکاندا دێ. پاشان کەروێشکەکان بەدەرمانەکە مردن. سەریان لەمە زۆر سوڕما!. بەڵام هەرچییەک بێ، ئەوەی باش بوو کە سەمپسن و هەڤاڵەکەی لە مەرگی ڕاستەقینە ڕزگاربوون!.

سەمپسن بەئاوات ئەگات

زۆری پێ نەچوو، لە ١٨٤٧/١١/٤دا سەمپسن (بێهۆش دارو)ەکەی دۆزیەوە. خۆی و هەردوو یاریدەدەرەکانی، یەک لەدوای یەک هێندەی نیو پیاڵە لەو دەرمانەیان هەڵمژیی. لە پاش تاوێک، هەرسێکیان، لاڵ و پاڵ لێی کەوتن هۆشیان پێ نەما!. لە پڕ ژنی سەمپسن و خوشک و خوشکەزاکەی، کردیان بەهۆورا. بەسەر سوڕماویی و داماویی و لێ قەومایی ئەو سەلاشە بێ هۆشەیان بەرچاوکەوت!. بەڕاستی تەماشاکردنێکی سەیر و سامناک بوو. بابەتی مێژوونووس بوو: کە نەزانرێ سە پزیشک بەرەو مەرگ ئەڕۆن، یان بەرەو ژین؟!. بەڵام زۆری پێ نەچوو سەمپسن و هاوڕێکانی هاتنەوە هۆش خۆیان. (سەمپسن) بەرەکەی سەری گرت. بەئاوات گەیشت!. (بێهۆش دارو)ەکەی دۆزیەوە. لە شادمانی و کامەرانیدا، قاقا دەستی کرد بەپێکەنین. چونکە بەداهێنانی ئەو دەرمانە، بەملیۆن کەسانی لە ئازار و مەرگ ڕزگار کرد. وە دەرگایەکی ژین و شادی و ئازادی و پێشکەوتنی کردەوە لە براکانی سەرزەمینی. کە تا جیهان مابێ، ناوی (سەمپسن) لە سەرەتای هەرە چاک و هەرە بەکەڵکی پیاوە گەورەکانی ڕووی زەمیندا ئەژمێری.

سەمپسن لە تەنگ و چەڵەمەدا

هێشتا داهێنانی ئەم (بێهۆش دارو)ە، بەتەواوەتی دەنگی نەدابووەوە، لەگەڵێ لاوە دوژمنی بەد ئایین بۆ (سەمپسن)ی بەسەزمان پەیدا بووبوو. ئەیانویست لەژێر پەردەی دینا، داهێنراوەکەی لە بنچینەوە تێک بدەن. وە ئەو هەموو ڕەنج و کوێرەوەرییەی سەمپسن بەبا بدەن. بەڵام (سەمپسن) لەوان ئازا و وریاتر دەرچوو. هەر لە ڕووی دینەوە، بەرەنگاریی کردن تا شکاندنی!. جگەلەوە، خوا دوو کەسی زۆر گەورەی کاربەدەستیشی بۆ ڕەخساند: شاژن (ڤیکتۆریا) و قەشە پزیشک (شالمەرز) ئەم دوانە پارێزگاریی سەمپسنیان کرد. وە خەڵکەکەیان بۆ خستە سەر پەسەندکردنی بەکارهێنانی بێ هۆش

دارەکەی. بەم ڕەنگە لە سایەی خوا و سەمپسن و ئەو دوو گەورەیەوە، دانیشتوانی سەر زەمین لەم دەرمانە نایاب و ناوازەیە بێ بەش نەمانەوە.

کۆچی دوایی

جێی داخە کە ئەم پیاوە گەورەیە، لە پاش ڕەنج و کۆششێکی دوور و درێژی مەردانە کە لە پێناو شکاندنی ئازاری نەخۆشاندا ئەیکرد، لە دوا تەمەنیا تووشی نەخۆشیی (باداریی) بوو. بەو هەموو ئێش و ئازارەی خۆشیەوە، هێشتا هەر بەتەنگ سارێژکردنی دەردی نەخۆشان و نەهێشتنی ئازاریانەوە بوو تا مردنی. ئەڵێن: ڕۆژێ ئازاری نەخۆشییەکەی تەنگی پێ هەڵچنی بوو، گەیشتبووە تینی. خەریک ئەبێ بەرگ داکەنێ و کوڵێک[*] بەهەڵم بکات.

لەپڕ بیری ئەکەوێتەوە، کە بەڵێنی داوە بەنەخۆشێک بچێتە لای. کوڵەکەی ناکا گورج خۆی پۆشتە ئەکاتەوە، گوێ ناداتە ئامۆژکاریی هەڤاڵ (هاوڕێ)ەکەی، هەر بەو ئازارەوە ئەچێ بۆ سەر نەخۆشەکەی!.

لە ساڵی ١٨٧٠دا سەمپسن کۆچی دوایی کرد. وە ناوی خۆی خستە ناو گەورە پیاوانەوە. شاژن (ڤیکتۆریا)، فەرمانی دا کە بەتەنیشت پیاوە گەورەکانەوە لە (ویست منستەرابی)دا بینێژن. بەڵام خۆی لەوەپێش گوتبووی کە لە (ورستێ) لای شاری (ئەدینبورگ)ەوە بینێژن. وە لەوێ ناشتیان.

سەمپسن نەمرد تا بەچاوی خۆی دیی: هەرە گەورە و سامناک نەشتەرگەریی، لە لەشی نەخۆشدا ئەکرا، کەچی نەخۆش، ئەوەندەی تۆزقاڵێ هەستی بەئازار نەئەکرد تا نەشتەرگەرییەکە تەواو ئەبوو!...

لەوەپێشیش، ئەبوو: نەخۆش لەسەر تەختێک توندوتۆڵ ببەسترایەوە، بەترس و لەرزینەوە نەشتەرکاری بکرایە. نەخۆشی بەسەزمان لەتاو ئازاری خۆی، هاوار و ناڵەناڵی ئەگەیشتە ئاسمان. کەچی گەلێ جاری واش هەبوو، نەخۆش بەبێ وەی دەرئەچوو، وە یا لە مردن ڕزگاری نەئەبوو!!...

(*) کول: حمام.

مارکۆنی

«داهێنەری تەلگرافی بێ تەل و تەلەفۆنی بێ تەل و ڕادیۆ»

١٩٣٧ - ١٨٧٤

پێگەیشتنی مارکۆنی

(گۆگلیامۆ مارکۆنی) لە باوکێکی ئیتاڵیایی و دایکێکی ئیرلاندەیی لە ساڵی ١٨٧٤دا، لە شاری «پۆلونا»ی خاکی ئیتاڵیادا لەدایک بووە. لە باوکە دەوڵەمەندەکەیەوە دووربینی، لە دایکە باشەکەیشیەوە گەشی و ڕووخۆشی فێر بووە. بەپشتیوانیی هەردوولاوە، خوێندەواریی لە شارەکانی (پۆلۆنا) و (فلورنسە) و (لیفورن)دا تەواو کردووە. وە لە تاقی کردنەوە و داهێنانی تەلگرافس و تەلەفۆنی بێ تەلا سەری دەرکردووە، وە چۆتە ڕیزی سەرکردە گەورەکانی پێشکەوتنی جیهانەوە. مارکۆنی، هەر لە منداڵییەوە شەیدای زانستیی سروشت و ئەلەکتریک بووە. لەم ڕووەوە، گەلێک زانا پێش مارکۆنی کەوتبوون. بەڵام هیچیان تەلەفۆن و تەلگرافی بێ تەلیان بۆ نەدۆزرابووەوە. چونکە هێشتا شارەزای ڕەوشتی ئەو هێزە نەبووبوون. ئەوەندە هەیە ڕۆژێک مارکۆنی، گوێی لە مامۆستا (ریفی) بوو، کە بەگەرمی باسی زانا (هەرتز) و کردەوە سەرگرتووەکانی ئەکرد. پیشانی ئەدان: شەپۆلی ئەلەکتریک چۆن بەرەڵلا ئەکرێ و چۆنیش ئەگیرێتەوە.

ئەو باسە نایابە، مارکۆنی خستە سەر تاقیکردنەوە و فێربوون و خوێندنەوەیەکی زۆرەوە لەم بابەتانەوە. سا ئەو کۆششە بوو، کە مارکۆنیی لە تەمەنی بیست ساڵیدا پێش هەموو هاوڕێکانی خستبوو، وە کردبوویە جێگەی بڕوا لەم جۆرە بابەتانەدا. مارکۆنی لەوەدا پێشیان کەوت، کە ئەیتوانی، بەئارەزووی خۆی شەپۆلە ئەلەکتریکەکان بەرەڵلا بکا و بیشیان وەستێنێتەوە. شەپۆلی درێژ بە[*] هێل (ـــــ) وە شەپۆلی کورت بە[**] پوچ (.) پیشان دات.

(*) هێل: خط.

(**) پوچ: صفر.

لەگەڵ ئەوەشا هیچ تەلێک نەبەستێ بە(نێرەر) و (وەرگر)ەوە. ئەوە بنچینەی ڕازی تەلگرافی بێ تەل بوو، بەم ڕەنگە، مارکۆنی، تاقە کەسێک بوو کە نیشانەی تەلگرافی بێ تەلی بۆ نزیکی میلە ڕێیەک نەگوێزایەوە. ئەم کارەی مارکۆنی سەرەتای دەمێکی نوێ بوو لە گفتوگۆکردنا. کە بەهۆی ئەوە و بەهۆی هەندێ کەلوپەلی نزیکبوونەوەی ترەوە ئەم پێشکەوتنەی ئێستامان پێکهاتووە.

دڵدارییەکی سەیر

گوایا ئەڵێن مارکۆنی لەبەر ئەوە کەوتبووە سەر کەڵکەڵەی داهێنانی تەلگرافی بێ تەل، کە بتوانێ لەگەڵ دۆستەکەیا بەشێوەیەکی وەها گفتوگۆ بکا کە نەهێڵێ کەس تێی بگا. چونکە نەیانهێشت مارکۆنی ئەو کچە جوانە ببینێ وە ئەمیش یەجگار گرفتاری بووبوو. ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، ئەبێ جیهان سوپاسگوزاری ئەو کچە بێ، کە ئاگری دڵداریی ئەو بووە گڕی بەرداوەتە زیرەکی مارکۆنی، وە بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئەم ڕادیۆ جوانە نایابە بەکەڵکانە بۆ دانیشتوانی سەرزەمین داهێنراون.

مارکۆنی لە ئینگیلتەرەدا

مارکۆنی لە ١٨٩٦دا بەنامەیەکی ئامۆژگارییەوە گەیشتە ئینگلتەرە بۆ لای (سیرولیەم پریس)، کە یەکێک بوو لە شارەزاکانی هەندەسەی تەلگراف و سەرۆکی فەنیی پۆستەخانەی هەموو بەریتانیا. ئەم زانستە ناوی بەوە دەرکردبوو، کە خەریک بوو لە بریتیی تەلگراف زەوی بەکاربێنێ. بەڵام مارکۆنی بەو تەمەنی ٢٢ ساڵییەی خۆیەوە توانی (پریس) بخاتە سەر باوەڕی خۆی؛ کە ئەو تەلەگرافی بێ تەلەی کە لەسەر (شەپۆلی هەرتز)ی بەندبێ گەلێ لەو تەلەگرافی زویە چاکترە کە (پیس) ئەیەوێ دای بهێنێ. لەگەڵ ئەوەشا ئەو کەلوپەلەی کە مارکۆنی، بیروباوەڕەکانی خۆی پێ تاقی ئەکردەوە لە ئینگلتەرەدا، زۆر سووک و سادەبوو. لەو کەلوپەلەدا کە دەنگەکەی پێ بڵاو ئەکرایەوە کلیلە بەناوبانگەکەی (مورسی)ی بەکارئەهێنا. لەو کەلوپەلەشا کە دەنگەکەی کۆ ئەکردەوە نوێنەرێکی دامەزراندبوو کە داهێنراوەی (برانلی)ی فەرەنسەیی بوو، بەڵام (لۆج)ی ئینگلیزی پوختەی کردبوو. بەڵام ئەو تەلە قوچەی کە لە زەویا ئەنێژرا، وە لەوەوە شەپۆلەکان ڕەوانە ئەکران، داهێنراوی مارکۆنی خۆی بوو. لە ڕاستیا داهێنراوەکەی مارکۆنی لەگەڵێ کەلوپەلی کۆنی ناسراو ساز کرابوو بەڵام لە شێوەیەکی نوێدا. لەگەڵ ئەمەشا داهێنراوێکی نایابی گەورە بوو. لە ١٨٩٦/٦/٢دا بۆی ناونووس کرا.

گەڕانەوەی مارکۆنی بۆ ئیتاڵیا

لەپاش ساڵێک، وە لە سەربانگ کردنەوەی حکوومەت، مارکۆنی گەڕایەوە ئیتاڵیا. لە (سبیزیا)دا ئێستگەیەکی بێ تەلی لەسەر وشکانی دامەزراند، وە لەوێوە بۆ دوورگەیەکی دوانزە میلی نیشانەی ناردە کن چەند کەشتییەکی جەنگی لەزرێدا. پاشان لە (ڕۆما)شدا، لەبەردەم (هەمبەرت) شاه و (مەرگریتا)ی شاژندا ئینجا لە ڕووی پارلەماندا، چەند تاقیکردنەوەیەکی پێشان دا. وە لە هەموویا بەسەربەرزی و ڕووسوورییەوە هاتە دەرەوە!

سەرھەڵگرتنی قسە و بیری مارکۆنی

مارکۆنی، لە پاش چەند ساڵێکی دوور و درێژ ڕەنج و کۆشش و ماندووبوون، بەئاواتی خۆی گەیشت. وە دەرگای گفتوگۆی بێ تەلی لە ١٩٠١/١٢/١٢دا کردەوە. لەگەڵ فەرمانبەرانی ئێستگە ئینگلیزییەکەی (بولدهو)دا ڕێککەوت کە لە وەختێکی دانراودا، سە پل شەپول بە(نیشانەی تەلگرافی موورس) کە تیپی (S) ئەگرێتەوە لێ بدەن و بڵاوکەنەوە بەتەلگرافە بێ تەلەکەیان. تاکو مارکۆنی و یاریدەدەرەکەشی، لە لوتکەی (سەفنەل) لە (نیوفەنلەندە)دا بەئێستگەکەی خۆی ئەو شەپۆلانە وەرگرێ. لە ئێستگەی (بولدهو)دا چەند دارتەلێکی بڕێوی دامەزراند وە تەلی ناو بای پێوە بەندکردن. وە لە چەند شوێنێکی نزیکەوە تاقیی کردنەوە، لە وەرگرتنی چەند نامەیەکی ڕەوانە کراودا. نامەکان زۆر بەئاشکرا و ئاسانی وەرئەگیران، بەڵام لەبەر ئەوەی دامەزراندنی دار تەلی بڕیو لە (نیوفەنلەندە)دا لە وزەدا نەبوو، ناچارما، بەهۆی کۆلارە و باڵۆنی مناڵانەوە، تەلی بەئاسمانەوە لەناو بادا ڕاگرت. تا چەند جارێک، ڕەشەبا، کۆلارە و باڵۆنەکانی شەق و پەق کرد. بەکاری نەهاتن. بەڵام جارێکیان کۆلارەیەک تاوێک بەئاسمانەوە وەستا. مارکۆنی توانی هەر سە پلە شەپۆلەکە وەرگرێ. زۆری پێ نەچوو ڕەشەبا ئەو کۆلارەیەشی لەت و پەت کرد وە کندرەکەشی لێ پچڕاند. مارکۆنی لەو دەمەدا لە ژوورێکی تاریک و تەنگ و ناخۆشدا دانیشتبوو. گوێگرێکی تەلەفۆنیی وریای بەهەردوو گوێیەوە گرتبوو. بەڕوویەکی گەش و خۆشەوە سەیری یاریدەدەرەکانی ئەکرد. (کەمپ)یش وەک مارکۆنی گوێگرێکی بەگوێچکەکانیەوە گرتبوو. بەجووتە، هەر سە پلە دەنگەکانیان لە دوورییەکی (١٨٠٠) میلییەوە، بەئاشکرایی هاتەبەر گوێ. «تک. تک. تک». بەڕاستی ئاوازێکی خۆش بوو بەلای مارکۆنی و هاوڕێکەیەوە. ڕۆژێکی بەنرخ و پیرۆز بوو. لە ژیانی مارکۆنیدا، سەرکەوتنێکی گەورەی ناونووس کرد. چونکە ئیتر لەو ڕۆژەوە کەوتە دەسەڵاتیەوە کە بۆ ئەم پەڕ و ئەوپەڕی سەر زەمین نامە ڕەوانەکا. وە گفتوگۆ لەگەڵ هەموو کەسا بکا.

بەم ڕەنگە قسە و بیری مارکۆنی زاڵ بوو بەسەر قسە و بیری هەموو زاناکانی ئەو دەمەدا. کە دەمێک بوو ئەیانگوت: شەپۆلی بێ تەلیش وەک شەپۆلی ڕووناکی وایە. ڕاست ئەڕوا، نانوشتێتەوە. لەبەر ئەوە بۆ جێی دوور گفتوگۆی پێ ناکرێ. ئەخوازەلا ئەو جێیانەی کە بەرهەڵستی بەرز ئەیان شارێتەوە لەچاو. وەک ئەورووپا و ئەمریکا کە کەوتوونەتە ئەم پەڕ و ئەوپەڕی زرێی ئەتلانتیکەوە، وە بارستاییەکی سەد میلی بەرزیی کەوتۆتە ناوەندیانەوە.

مارکۆنی، سەرکەوت. ئاواتەکەی هاتەدی. نەک هەر دانیشتوانی زەمین زاناکانیش کە ئەم تاقی کردنەوەیان لێ دی، باوەڕیان بەداهێنراوەکەی هێنا. دوو لەو زانایانە (ئەدیسۆن) و (دەفەرست)ی بەناوبانگ بوونا.

دۆزینەوەی لوولەی وریا

ئیتر لەو ڕۆژەوە زاناکان کەوتنە بەربەرەکانێ لە قاڵ کردن و پوختەکردنی کەلوپەلی (دەنگ دەر) و (دەنگ وەرگر)دا. تاکو زوو، وە زۆر بەووردیی هەست بەدەنگەکە بکا. لە ١٩٠٦دا (دەفەرست)، [1]لولەی وریا‌ی دۆزیەوە کە بەوە گفتوگۆی بێ تەل زۆر پێشکەوت. لە ڕاستیا لەوساوە سەردەمی بێ

تەل دەسی پێ کرد. موهەندس (فەلەمەنگ) کە بەشارەزای زانستی دامەزرابوو لە (یەکەم هاوبەشیی مارکۆنی)دا، لەپێش هەموو کەسێکا هەستی بەکەڵکی ئەم (لوولەی وریا) کردبوو. کە ئەگەر ئەم (لوولەی وریا)یە نەبوونایە گفتوگۆ و بڵاوکردنەوەی بێ تەل، دووربین (تەلەفزیۆن)، وێنەگوێزانەوەی بێ تەل و تەلدار، زۆر بەگرانی پێک ئەهات.

سەرکەوتنی تر

لەساڵی (١٩٠٢)دا بۆی دەرکەوت، کە لە شەوا نیشانەی بێ تەل، لە دوورترەوە وەرئەگیرێ تا لە رۆژ. لە (١٩١٠)دا کە لە (بونس ئایرس - ئارژنتین) بوو لە (٦٠٠٠) میل دوورییەوە نیشانە و نامەی بێ تەلی وەرگرت. لە (١٩١٢)دا پێرەوییەکی داهێنا بۆ پێکهێنانی شەپۆلی پەیتا پەیتا، ناونرا (پێرەویی وەختدانان بۆ پزیشک)، لە ئێستگە دورهاوێژەکاندا بەکارئەهێنرا. لە سایەی ئەم پێرەوییەوە، مارکۆنی، توانی، لە ساڵی (١٩١٨)دا نامەیەکی بێ تەل، لە ئینگلتەرەوە رەوانەکات بۆ ئوستورالیا!...

لە سەرەتای کاردا، ئەم هەموو گفتوگۆیانە لەسەر شێوەی نیشانەکانی (تەلگرافی مورس) پێک ئەهێنران. ئێستا بەوە ئەڵێن (تەلگرافی بێ تەل)، یان (تەلگرافی ئیثەر). بەڵام لە پاشا دەرکەوت کە لە توانادا هەیە، دەنگی پیاو لەسەر باڵی شەپۆلی بێ تەل بگوێزرێتەوە ئیتر لەوساوە (تەلەفۆنی بێ تەل)یش داهات، وە ئیتر ئێستگە گەورەکان دامەزرێنران، کە ئەتوانرێ هەموو رەنگە وتار و ئامۆژگاری و چیرۆک و گۆرانی و دەنگوباس و ساز و ئاوازێکی پێ بڵاو بکرێتەوە!. پاشان زاناکان توانییان شتێکی وا داهێنن، کە کەشتوگوزارکەرلن بتوانن بەسەرپەرشتی فرۆک و کەشتییەوە، لەناو زرێ و بەئاسمانەوە، گفتوگۆ لەگەڵ دۆست و هاوفەرمانەکانیان بکەن کە لەسەر زەمیندان. وەیا داوای یارمەتییان لێ بکەن کە کەوتنە تەنگوچەڵەمە و لێ قەومانەوە!. پاش ئەوانەش، کەلوپەلی وا داهێنرا، کە پێی بزانرێ فرۆک و کەشتی رووەو کوێ ئەچێ؟ وە لە دوورەوە شت بنێرێ، ماکینە بخرێتەگەڕ!. ئێستاش لە کۆششی ئەوەدان کە لە دوورەوە شت بنێرێ، وە بەبێ تەل، هێزی ئەلەکتریک بگوێزرێتەوە بۆ دوور!. هاکا ئەمانە و گەلێ شتی بەنرخی تریش داهێنران!.

پێرەویی بیم

بەو پێرەوییەی کە شەپۆلی بێ تەلی کورتی لەسەر بەکارئەهێنرێ (پێرەوییم بیم) ئەڵێن. مارکۆنی لە ١٩١٦ بەدواوە ئەم پێرەویی بیمەی بەکارهێنا. بڕوای وابوو کە بەکارهێنانی ئەم شەپۆلە کورتە باشترە لەهی درێژ. چونکە لە راستیا، تاقە هۆیەک بوو بۆ پێشکەوتنی کەلوپەلی دووربینی (تەلەفزیۆن). باو رەشەبا کەم کاری لێ ئەکرد. وە لە رێگاشا هێندە بەرگەی ئەگرت کە کز نەبێ. کەلوپەلی دەنگ ناردنەکەی بچووک و هەرزان بوو، وە بەکەمەکی هێزی ئەلەکتریک ئەکەوتە گەڕ. لەبەر ئەوە، لەو شەپۆلانەوە کە لە هەندێ ئێستگەدا ٢٠٠ تا ٦٠٠ مەترە، وە لە هەندێکی تردا تا ٣٠٠٠ مەترە درێژ ئەبوون، مارکۆنی شەپۆلی وا کورت کردەوە گەیاندیە ١٠٠ مەترە کەمتریش!... لەمەدا مارکۆنی زۆر سەرکەوت، ئەوەبوو ئەم رادیۆ شەپۆل کورتانە داهاتن، کە لە راستیا سەری پیاو سوڕئەمێنی لە هێز و گوڕ و ئاشکرایی

دەنگەکەیان و زوو ناردن و زوو وەرگرتنی، وە لە پاش ئەمانە هەمووی هەرزان کەوتنی!... لە سایەی رادیۆی شەپۆل کورتەوە، ئیمرۆ ئەزانین: کەشتی لە زریّ و فرۆک لە ئاسماندا و بە کویّ ئەگا!... ئەتوانین گەلێک مەکینە و کەلوپەل لە دوورەوە بخەینە گەڕ!... وە گەلیّ شتی وا سەیر سەیری تریش ببینین کە پیاو سەری لیّ سور بمێنیّ!؟.

ڕەوشت و خوی مارکۆنی

مارکۆنی بەو هەموو ناوبانگ و پایە بڵندەییەوە، لە خۆی نەگۆڕی بوو، تا ئەهات لە ڕەوشت و خویشا بڵند و پەسەند ئەبوو. ئەو هەموو ئەرک و ئازار و کۆشش و ماندووبوونی چەند ساڵەیە کە بەشێکی فرەی لە تەمەنی شیرینی بەخت کردبوو، مارکۆنی لە تەمەنی زرنگی و ملکەچی، لە گەشی و ڕووخۆشی و ئێسک سووکی نەخستبوو!. هەموو دەم لە هەڵسان و دانیشتن و گوڕی باوەڕ و ئاوات و بیرکردنەوە و دیەنا وەک لاوێکی ئەوجەوان کە لە هەرەتی کوڕێنیدا بیّ خۆی ئەنواند!... جارێک بەراسپاردەی ڕۆژنامەیەکی ئەمریکایی گوت: «کە خۆم خەریک ئەکەم بەتاقی کردنەوە لە کارگەکەما بەسەرپەرشتی کەشتییەکەم (ئەللتیرا) وە قەت وەڕس نابم!... منالیّ، چۆن، تۆپ و ئەسپەدارینە و بووکەشووشەکانی خۆی خۆش ئەویّ، منیش ئاوەها کار و فەرمان و کەلوپەلی بیّ تەلەکەی خۆم خۆش ئەویّ!».

مارکۆنی، بەپێچەوانەی گشت داهێنەرەکانی تر، پشتی نەئەبەست بەتەماشاگەریی و بیر نواندنەوە. قەت وەختی خۆی بەچەقە چەق و چەندوچوونەوە بەفیرۆ نەئەدا. تەنیا بڕوای بەکردەوە هەبوو!... بیّ دەنگ شتەکەی دائەهێنا، ئینجا لێی ئەدا و پێشانی ئەموو ئەوی ئەدا. تا باوەڕیان پیّ ئەهێنا!. گوێی نەئەدایە ناوونیشان و هەیت و هوتی زانایانە کە بۆ ئەم شت و ئەو بابەتیان دائەنا. کەشتێکی دائەهێنا، ناوی لیّ نەئەنا. زانایان ناچار ئەبوون ناوونیشانی بۆ دابنێن!؟.

کە شەڕی ساڵی ١٩٣٥ لە ناوەند ئیتالیا و حەبەشستاندا هەڵگیرسا، لەگەڵ ئەوەشا کە مارکۆنی یەجگار نیشتمانپەروەر بوو، پیاوەتیی ڕێی نەدا، کە هونەرمەندیی خۆی لە شەڕ و کوشتاری وەهادا بەخت کا!... هەر لە کەشتییەکەی خۆیا مایەوە و خۆی بەچاککردن و قاڵ کردنی کەلوپەلی دووربین (تەلەفزیۆن) و کورتکردنەوەی شەپۆلی بیّ تەل و تاقی کردنەوەیانەوە خەریک کرد، وە نەهاتە ناو شەڕەوە تا تەواو بوو!...

ئەو هەموو پێشکەوتنەی کە (ڕادیۆ) پێی گەیشتبوو، مارکۆنی، بەهیچی دائەنا، لەچاو ئەو شتانەدا کە چاوەڕوان بوو لەوەپاش دابهێنرێن. ئەیگوت: «ڕۆژێک دیّ، پیاو بتوانیّ بەهۆی ڕادیۆی بیّ تەلەوە هەمو شتێک بخاتە گەڕ. ئەوەی ڕادیۆ ئەتوانیّ پێکی بینیّ بۆ کەڵکی دانیشتوانی سەرزەمین و پێشکەوتنی گشت لایی، بیرمان پڕ ناکات بیهێنێتە پێش چاو. بەهۆی ڕادیۆوە وێنە لە دوورەوە وەرئەگیریّ بەپاکی و ڕووناکی، وە گفتوگۆی ناو ڕادیۆ پاک و ڕەوان ئەبێتەوە وەک گفتوگۆی ڕاستەقینە. تەنانەت ڕادیۆ لە باریا هەیە: ئەو دەنگانەشمان بۆ وەرگری کە بەگویّ ناتوانین پیّ ببەین: وە بەو ساز و ئاوازە خواکردانە و ئەو دەنگ و گۆرانی گیانیانە دڵمان شادکا!... بەهەموو ڕەنگ دوارۆژمان لە چنگ ڕادیۆی بیّ تەلایە!...».

مارکۆنی چاکەی ئەدرێتەوە

جا ئەم ڕەوشتە پەسەند و کارگوزاری و زیرەکی و زرنگییە بوو کە مارکۆنی گەیاندبووە ڕیزی هەرە سەرکردە گەورەکانی جیهان. مارکۆنیش بووبووە یەکێک لەوانەی کە ڕێگایان بەمێژوو گۆڕیوە و هاونیشتمانی سەر زەمینیان هەزار بەهەزار بەرەو پێشکەوتن بردووە!...

بەڕاستی جێگای شادمانییە کە ڕەنجی مارکۆنی بەبا نەدرا: جیهان وە بەتایبەتی ئیتاڵیا چاکەی ئەم ڕۆلە جوامێرە بەکەڵک و باشەی خۆی دایەوە.

لە ساڵی ١٩١٩ کرا بەڕاسپاردە و جێنوشینی شاهەنشاهی ئیتاڵیا لە (کۆڕی ئاشتی)دا کە لە شاری (پاریس)دا گیرا. وە بەناوی حکوومەتی ئیتاڵیاوە، مارکۆنی، پەیماننامەی لەگەڵ (نەمسە) و (بولگاریا)دا گرێ دا. هەر بەم ناوەوە نێرراوە ئەو کۆبوونەوانەی کە (لێژنەی سەرپەرشتی) لە (پاریس) و لە (لەندەن)دا پێکی ئەهێنا. هەر لەو ساڵەشا کرا بەئەندامێک لە (کۆڕی ڕیش سپییان)ی ئیتاڵیادا. کە تا ما تیا مایەوە.

لە ساڵی ١٩٠٩دا مارکۆنی، بەخششی (نۆبل)ی پێشکەش کرا لە (زانستیی سروشت)دا، لەبەر هونەرمەندیی و کۆششی مەردانەی لەپێناو پێشکەوتنی تەلگرافی بێ تەلا.

لە (کۆمەڵی فەنی شاهی)یشەوە (نیشانی ئەلبەرت)ی پێ بەخشرا. لەلایەن حکوومەتی خاکە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە (نیشانی فرانکلن و جۆن فەرتز)، وە لە گەلێ لای تریشەوە نیشان و شتی تری پێشکەش کرا.

کۆچی دوایی

ئەو پیاوە گەورەیەی کە توانی بەداهێنانی تەلگراف و تەلەفۆنی بێ تەل و ڕادیۆکەی، تەنگی عەرد بکێشێتەوە بۆ دانیشتوانی سەر زەمین لە یەکیان نزیک بخاتەوە، ڕێگای یەکێتیی و پێگەیشتن و خوێندەواریی و ئاشتییان بۆ بدۆزێتەوە، وە دەرگای ژیانێکی پڕ گەشایش و خۆشگوزەرانی و ئاسودە و ئاسانییان لێ بکاتەوە... بەڵێ، ئەو پیاوە گەورەیە... مارکۆنی، لە بەیانی ١٩٣٧/٧/٢٩دا گیانی بەخاکی زەمین سپارد. وە لە دوای خۆیەوە ئەو ژینی بەهەشتی سەر زەمینەی بەجێ هێشت، کە چاوڕەوان بوو بەسایەی پێشکەوتنی فەنی ڕادیۆوە پێکی بێنی. وە برا خۆشەویستەکانی جیهانی پێوە کامەران کا!

غاندی

«سەرکردەی کۆمەڵایەتی و پێشخەری هیند»

١٨٦٩ - ١٩٤٨



پێگەیشتنی غاندی

لە ١٨٦٩دا، لە (پورپاندار)، کە یەکێکە لە شارەکانی هیند، غاندی لەدایک بووە. باوکی کە ناوی (کافا غاندی) بووە، سەرەک وەزیریی (ڕاچکوت) و (فانکانار)ی کردووە. بنەچەکەشیان تا سێسەد ساڵ لەوەپێش هەر بەوەزیریی لە ناوچەکانی (کاثیاوەر)دا پایەدار بوون. باوکی غاندی، نەوبەنگی بەڕاستگۆیی و ئازایی و دەست بڵاویی و سەربەستی و لایەن نەگیریی دەرکردووە. دایکیشی ئافرەتێکی گەلێک زیرەک و خواناس بووە. وە بەکارگوزاریی و خواناسیی خۆی کارێکی باشی کردۆتە سەر دڵ و دەروون و ڕەوشت و کرداری غاندی. ئەو ئامانج و ئاواتانەی غاندی بۆی ئەکۆشا، ئەنجامی ئەو پێ گەیاندنەی دایکی بوو. غاندی لە بابەت دایکیەوە ئەیگوت: «زۆر خواناس بوو. تا نوێژی نەکردایە دەمی بۆ نان نەئەبرد. ڕۆژێک نەبوو نەچێتە پەرستگاە (معبد). نەخۆشیش بوایە وازی لە ڕۆژو نەئەهێنا. زوو ئەچووە بنچوبناوانی شتیشەوە».

لە بارەی خوێندنەکەی خۆیەوە، غاندی ئەیگوت: «لە خوێندنگادا هیچ فێر نەئەبووم «قسە گوتن بەمامۆستا نەبێ!. وا دیاربوو لەو دەمەدا، بیر و ژیریم هێشتا خاوبوو. وە درەنگ لە شت ئەگەیشتم».

لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، باوک و دایکی گوێزایانەوە (ڕاچکوت). وە لەوێ غاندییان خستە خوێندنگایەکی سەرەتاوە. دیسان لەوێشا، وەک شاگردێکی زرنگ و زیرەک خۆی ئەنواند. لە دوانزە ساڵیدا خستیانە خوێندنگایەکی بەرزەوە. تا ئەو تەمەنە، غاندی، وێنەیەکی بڵندبوو لە ڕەوشت و خوو و کردەوەی چاکدا. لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا، لەسەر پێڕەویی دینی هیندۆس، بێ ئەمەی غاندی لە ژیانی ژن و مێردی تێ بگا. ژنی بۆ هێنرا!. غاندی لەو بابەتەوە گەلێ جار ئەیگوت: «ئێستە خۆزگە بەو لاوانە

ئەخوازم، کە هەرچی چۆنێک بێ توانیویانە، لە تەمەنی وەک ئەوسای منا خۆیان لە دەس ژنهێنان ڕزگار کەن. ئێمە ئەوسا لە ژنهێنان هەر ئەوەندە تێ ئەگەیشتین کە ماڵ ئەڕازێنرێتەوە. نان و خوان ساز ئەکرێ. ئاهەنگ و زەماوەند ئەگێڕێ. گۆرانی و هەڵپەڕکێ و بەرگ و پۆشەنیی تازە و ئاوازە ئەنوێنرێ کچی نەناسراویش ئەهێنرێتە ماڵەوە پێیان ڕابوێرین!؟». غاندی، لە سەردەمێکا بەهۆی هەندێ هاوڕێیەوە، چەند بەندێکی دینەکەی خۆی شکاند. واتا گۆشتی ئەخوارد وە هەندێ شتی تریشی ئەکرد!. بەڵام نەگەیشتە تەمەنی شانزە ساڵی، بەتەواوەتی لە کردەوەی خۆی پەشیمان بووەوە. لەبەردەمی باوکیا پێی لە گوناهی خۆی نا، وە دەستی دایەوە ژینێکی نوێ. پاش ئەوە ئەوەندەی پێ نەچوو، باوکی لە دەست چوو.

لە نۆزدە ساڵیدا چووە (کۆلیجی بافنیکار). بەڵام ساڵی تێ وەرنەگەڕایەوە -غاندی بەرگەی ئەم خوێندنەی نەگرت- گەڕایەوە ماڵێ!. لە پاش چەندوچوونێکی زۆر لەگەڵ دایکیا وە بەڵێن پێدانی کە قەت توخنی داوێنپیسی و خواردنەوە و گۆشت خواردن نەکەوێ، ڕێی درا بچێتە (لەندەن) بۆ خوێندن. لە ساڵی ١٨٨٨دا گەیشە ئەوێ وە لەوێ خوێندنی پشتیوانی (محامیتی)ی تەواو کرد. ئەو بەڵێنەی دابووی بەدایکی نەیشکاند بەتاسوقەوە گەڕایەوە ماڵێ بۆ بینینی دایکی. بەڵام دەمێک بوو دایکی مردبوو. وە براکەی هێشتا ئاگاداری نەکردبوو. غاندی لە خەم و خەفەتا تلایەوە. لەگەڵ ئەوەشا نەیهێشت. کەس بەئازاری بزانێ. بەمەندیی و زرنگی و بێ دەنگییەوە دەسی کرد بەفەرمان بینین!.

غاندی لە ئەفەریکای خوارووda

که غاندی دەستی کرد بەپشتیوانی (محامات) لە هیندا، کەوتە ناو دوو شتی پێچەوانەوە. یان ئەبوو دوای هیوا و ئاواتی خۆی کەوێ و پەلاماری ڕەوشت و خووی هاونیشتمانەکانی خۆی بدات، و بەتاقی تەنیا بێتە مەیدانەوە. وە یا دووی قسەی براکەی کەوی کە ئەیویست لەسەر مەشقی دین و کۆمەلایەتیی هیندۆسی نەچێتە دەرەوە، وە هەموو کۆششێکی بخاتە پێناو بڵندیی خۆی!. لە ڕاستیا، غاندی، دەرامەدێکی وای نەبوو کە بتوانێ هەم ژیانێکی بڵندی خێزانی وە هەم ئاواتێکی کۆمەڵایەتیی خۆی پێ بهێنێتە بوون!. غاندی لەم تەنگ و چەڵەمەیەدابوو. لە پڕ خوا دەرووی لێ کردەوە. هاوبەشییەکی بازرگانی (شرکتێکی تجاری) لە هیندا، کاروبارێکی کەوتبووە دادگاهێکی (محكمة) ئەفریکای خوارووەوە، چەند ساڵێک بوو نەبڕابووەوە، نرخی گەیشتبووە (٤٠,٠٠٠) لیرەی ئینگلیزی. هاوبەشییەکە ئەمەندە بڕوای هەبوو بەکارگوزاریی و دەست پاکی و هێز و گوڕی غاندی، براکەی لێ ڕاسپارد، بەڵکو بێتە پشتیوانی و بچێتە ئەوێ ئەو فەرمانە گرانەی بۆ بگەیێ بەئەنجام. لەپاش چەندوچوونێکی زۆر، غاندی هاتە سەر قسەی براکەی. وە بەبێ سەوداکردن لەسەر کەم و زۆریی کرێ، لەگەڵ هاوبەشی (شرکة)کە ڕێککەوت و دەم و دەست چوو بۆ ئەفریکای خواروو!...

کۆششی مەردانەی غاندی

جا، ئا، لێرەدا، مەردایەتیی غاندی دەرئەکەوێ. چونکە لەوێوە، وە لەو ساوە، غاندی، دەسی کرد بەتەقەلا و کۆششی مەردانە بۆ پێشکەوتنی هاونیشتمانەکانی. و پێشکەوتنی هەموو دانیشتووانی سەر

زەمین، لێرەوە غـاندی ناوبانگی دەرکـرد وە بووە وێنەیەکی ناوازە بۆ بەرەنگاربیکردنی زۆرداریی و بانگکردنی هەموو نەوەی ئادەم بۆ برایەتی و خۆشەویستی.

لەو حەلەدا، لە ئەفریکای خوارووا گەلێک هیندی هەبوون. لە هیندەوە کۆچیان کردبووە ئەوێ. ئەو هیندییانە کرێکارییان ئەکرد لە کانگا و کارخانە و باخ و بێستانەکاندا. بەلام حکوومەتی ئەوێ کە لە رەگەزی سپی هاتبووە بوون، لایەنی سپییەکانی ئەگرت، وە هیندییەکانی بۆ ئەوان ئەشکاند و ئەیکردن بەبەندە!... نە ئەبوو هیندی بەم لا و بەولای شەقامەکاندا بڕۆن!. نەئەبوو سواری ئەو گالیسکانە بن کە ئەوروپاییەکانی تیا ئەبوون. وە تا حکوومەت ڕێی نەدانایە نەئەبوو شارە و شار بکەن. گەلێک پەندیان پێ ئەدرا. گەلێک جارس ئەکران، وە گەلێک وەڕس ئەبوون!... جا لێرەوە غاندی لە حکوومەت ڕاست بووەوە. وە لەسەر شێوەکەی خۆی بەرەنگاریی کردا... «شێوەی نەویستن و یاخی بوونی بێ شەڕ». یاخود «شەڕی بێ خوێن و یاریدەنەدان» ئەو شێوەیەی تاقانە بوو لە هەموو جیهاندا!... غاندی بەرگی ئەوروپایی فڕێدا و بەرگی هیندییانەی پۆشی!... هیندییەکانی هان دایە سەر بەرەنگاری کردنی حکوومەت!...

غاندی نووسراوەکانی (تۆلستۆی) نووسەر و فەیلەسوفی گەورەی رووسی خوێندبووەوە. غاندی چاوی بە(تۆلستـۆی) کـەوتبـوو... وە لەوەوە فـێـری ئەم جـۆرە بەرەنگارییـانە بووبوو. ئەو نووسراوانە و ئەم چاوپێکەوتنە ڕێگای تەقللای بۆ غاندی ڕۆشن کردبووەوە. ڕێگای: «خۆشەویستی و بەرگەگرتن، بروا بەسادەیی، بەکەلکی خەلک هاتن، وە گەڕانەوە بۆ سروشت»!. غاندی لەوێدا کێلگەیەکی ڕەنگینی دامەزراند. ناوی نا «کێلگەی تۆلستۆی» هاونیشتمانەکانی هان ئەدا و فێری ئەکردن: «خۆیان ڕاگرن. ئازار هەلگرن. لەسەر ناخۆشی ئارام گرن. بچن بەگژ ئارەزواتی لەشا. وە بەرەنگاریی بێ شەڕ بکەن لەگەل حکوومەتا!...».

کۆششی مەردانەی لە هیندا

غاندی لە ئەفریکای خوارووا بەئامانجی خۆی گەیشت. واتا حکوومەتی ئەوێی خستە سەر چاکەکردن لەگەل هیندییەکانی ئەوێدا. پاشان گەڕایەوە هیندستان. تا شەڕی جیهانیی یەکەم تەواو بوو، غاندی، ورتەی نەکرد. چاوەڕوان بوو حکوومەتی بەریتانیا بەلێنی خۆی بەجێ بهێنێ و هیندییەکان ئازاد کات. بەلام کە سەرنجی دا و بریاری دا. هیندستان چەواشە کرابوو، زۆروستەمی حکوومەتی بەریتانیا لەسەر هیندییەکان ڕۆژ بەڕۆژ زۆرتر ئەبوو؛ پەنای بردەوە بەر بەرەنگاریی کردنی حکوومەت بەشەڕی بێ خوێن!... دیسانەوە بروای کردەوە بەخۆی، کە ئەتوانێ ئازادی و خۆشگوزەرانیی هیندستان لەم ڕێیەوە بهێنێتە بوون!... واتا: «بەرەنگاری کردنی حکوومەت بەبێ ڕژاندنی خوێن، بەخۆ دوورخستنەوە لە حکوومەت. بەلێ تەریکبوونی. بەدامرکان بەبەشی خۆوە. وە نەویستنی هیچ شتێ لە حکوومەت». هیندییەکانی هان ئەدا: کە ئیتر بەرگی ئەوروپایی نەکەن. بەرگی دەستکردی هیندی لەبەر کەن. ئیتر لەو ڕۆژەوە دەستی کرد بەڕاهێنانی هاونیشتمانەکانی بەژینێکی ئازادیانەوە. وە لە نوکەوە ڕەنگی ژینێکی سەربەخۆیانەی لە کرد و کۆشیدا بۆ ڕشتن. بەلای غاندییەوە یەکەم هەنگاوی بەرەو ئازادیی ئەوەبوو کە کەلوپەلی بێگانە لەکۆل هیندییەکان بکرێتەوە. غاندی، بەدەستی خۆی وە بەتەشی و خەرەکە کۆنەکان لۆکە و خوری ئەڕست. لەو

تاڵەدەزو و بەنانە کوتاڵی ئەچنی. لەو کوتاڵانەش کراس و لبادەی ئەدرو و ئەیپۆشی!... غاندی خۆی کردە وێنە بۆ هیندییەکان. وە کردیە فەرمانێکی نیشتمانی: کە هەموو هیندییەک تەشی و خەرەک و تەونێک لە ماڵی خۆی دا دانێ. وە هەر رۆژە تاوێک بەکاریان بێنی، تا بەرگ و پۆشەنیی خۆی لێ پێک بێنی!... غاندی هیندییەکانی بەم فەرمانە پیرۆزەوە ڕاهێنا. وە چونکە سەر و سامانی خۆی لەپێناو بروا و ئایینی نیشتمانیی خۆیا بەخت ئەکرد، هیندییەکان باوەڕیان پێ هێنابوو. وە هەرچی ئەو بیگوتایە بەدڵ و گیان بەگوێیان ئەکرد!...

بەمە، غاندی، گەلێک پارەی بۆ هاونیشتمانەکانی خۆی گێڕایەوە وە هیندی گەلێک خستە خۆشگوزەرانی و کامەرانییەوە. زیانێکی گەورەشی بەدوژمنەکانی هیند گەیاند. وە ئەمجارەش ئەوروپایەکانی تێ گەیاند کە هیندستان هەیە. وە ئەو هیندە نییە کە تێی گەیشتوون!... هیند نامەیەکی خوایی و جیهانی و براییییە، ئەیەوێ لە خەڵکی بگەیێنی. هیند خەریکە پێ بگا، وە خەریکە خەڵکیش پێ بگەیێنی. وە چوارسەد ملیۆن هیندی، کە نەتەوەی نەژادێکی پڕ هۆشمەندی و کارگوزاری و گیانی بەرزن، ئیتر لەوە بەولاوە، بۆ ئەوروپایی هەڵنافڕیوێن، سەردانانەوێن. بەڵکو ڕاستەوخۆ بەرەو ژیانێکی ئازادی و کامەرانی ئەڕۆن!؟.

ڕۆژوی غاندی

سەرت سوڕنەمێنێ کە بڵێم: غاندی بەهەڕەشەی ڕۆژوگرتن و بەڕۆژوبوون، ئەو حکومەتە زەلامەی بەریتانیای هێنابووە لەرزین!. شتێکی بویستایە و حکومەتی بەریتانیا بۆی نەکردایە، بەڕۆژوگرتن ئەیترساند، تا ناچار ئەبوو خواستەکانی ئەهێنایە جێ!... غاندی لە ڕاستیا، دەستی بەسەر هەموو هیندا ئەڕۆیشت. کەس نەمابوو دوای قسەی نەکەوێ!... کە «کۆڕی گەورەی نیشتمان» لە هیندا دامەزرا، وە لەسەر ڕاسپاردن و ئامۆژگاریی غاندی، فەرمانی دا بەهیندییەکان کە ڕاست بنەوە و دەست دەنە «یاخی بوونی بێ خوێن»: باج دان بەحکومەت وەستێنرا. فەرمانبەران بەهەزاران لە فەرمانی حکومەتی خۆیان کێشایەوە. وە خوێش کە لە هیندییەکان قەدەغە کرابوو، وە باجێکی گرانی خرابووە سەر، غاندی بەخۆی و چەند هەزار هیندییەکەوە خۆی گەیاندە سەر کانەکانی بۆ دەرهێنانی. حکومەت گەلێکی لە هیندییەکانی کوشت، بەڵام غاندی نەیهێشت تنۆکێ خوێن لە دوژمنەکانی بڕێژرێ!. بەئارام گرتن و ئازار هەڵگرتن و خۆڕاگرتنێکی بێ شەڕ و هێمنانەوە، بەهەڕەشەی ڕۆژووەوە، غاندی، بەرەنگاریی حکومەتی کرد، تا بەسەریا زاڵ بوو وە بەئامانجی خۆی گەیشت!. لەپاش ڕۆژوێکی (١٦) ڕۆژی، حکومەت خواستەکانی جێبەجێ کرد، وە ناچاریش بوو کە غاندی لە بەندیخانە بەردا!...

غاندی، هەروەها، ئەم چەکە بەهێزەی، لە ڕووی هیندییەکانیشا ڕائەوەشاند ئەیترساندن وە لە بەرەنگاریدا ئەیشکاندن!.

غاندی لە ساڵی ١٩٢١دا بەڵێنی بەجێنشینی شای ئینگلیز دا، کە تا لە هیندابێ، هیندییەکان دڵی ئازار نەدەن. بەڵام کە هات، هیندییەکان بەڵێنەکەی غاندییان ڕانەگرت، نومایشی ناشایستەیان دەربارەی کرد. غاندی لەداخا شەو و ڕۆژێ ڕۆژوی گرت وە هیندییەکانی بەوە تەمێ کردا.

کە لە ساڵی ١٩٣٢دا، هیندییەکان پەلاماری (پیرەکانی شوریشورا)یان دا و سووتاندنیان، غاندی یەجگار تورە بووا. بۆ ئەمەی خوا لەم گوناهبارییەیان خۆشبێ، وە ئەویش دڵی برینداری خەڵکە ئازارداروەکان بداتەوە، ڕۆژوی گرتەوە، وە دیسانەوە هیندییەکانی تەمێ کردەوە! ؟...

نەنگەویستەکان

بەڵام ئەو ڕەنجەی کە غاندی بۆ نەنگەویستەکانی هیندی ئەدا، گەورە و بەرز و پیرۆزترین ڕەنجێک بوو کە تا ئەوسا لە هەموو جیهان وە بەتایبەتی لە هیندستاندا درابوو. ئەزانی (نەنگەویست)(*) کێ بوون؟... نەنگەویست ئەو شەست ملیۆن هیندییە کلۆڵە کۆستکەوتووە بەسەزمانانە بوون، کە هیندییەکان بەناوی دین و ئایین و ڕەوشتی کۆنی ڕزیوی کۆمەڵایەتییەوە، چەند سەد ساڵێک بوو، لە هەموو خۆشی و سەربەستی و سەربەرزییەکی ژیان بێ بەشیان کردبوون! ؟. لە کار و فەرماندا هیچیان بۆ نەهێشتبوونەوە هی تەنگ و سووک نەبێ!. وەک گەلاو خۆیان لێ ئەپاراستن! ؟ نەیان ئەهێشت لەناو دێهاتدا بژین. خزاندبویاننە ناو قوختە و زنجی ناشایستەوە لە جێگا ناپوختەکاندا، وە لە خۆیان دووریان خستبوونەوە!. نەیان ئەهێشت بچنە ناو کۆگا و دوکانەوە. وە ئەبوو لە شەقامەکانیشا خۆیان دەرنەخەن! ؟ ئەگەر سێبەری نەنگەویسیێک لە هیندییەکی خانەدان بکەوتایە، ئەبوو دەست بەجێ خۆی پاک بکردایە! ؟. خاوەن کەش و فشەکانی هیندی خواروو، وایان لەم بەسەزمانانە کردبوو، کە نەنگەویستێک (بوراهما)یەکی ببینیایە بەرەو ڕووی دێ، ئەبوو بیقیژاندایە: «گلاوم. گلاوم. نزیکم مەکەرەوە! ؟». بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەبوو کە ئەم بێچارانە وا بەسووکی و زۆرلێ کراوییەوە ڕاهێنرابوون، کە پێشیان بکوترایە: «ئادەی با تەقەڵلایەک بدرێ بۆ کامەرانی و خۆشگوزەرانیتان». دەمودەست بەدەنگێکی کز و چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە ئەیان گوت: «پێی ناوێ. ئێمە تازە نەنگەویستین»!...

غاندی فریای نەنگەویستەکان ئەکەوێ

جا بۆ بەرزکردنەوەی ژینی ئەم نەنگەویستانە، غاندی و هاوڕێکانی کەوتنە کۆشش بۆ پچڕاندنی پێوەندی ئایینی هیندۆسی کە چەند سەد ساڵێک بوو، ئەو کلۆڵانەی بەو ژینە نەنگە ناپەسەندەوە بەستبووەوە!. غاندی لەپێناو ئەو نەنگەویستانەدا، گەلێ ئەرک و ئازاری هاتەبەر. بەڵام چەکی ڕۆژوگرتنی لە دوژمنەکانی گرت بەدەستەوە، وە بەرەنگاریی کردن تا بەسەریاندا سەرکەوت. لە ١٩٣٣دا غاندی لە (پاروڤدا)دا جاری دا: کە هەتا چارەی ژین و سەربەستیی نەنگەویستەکان نەکرێ، ڕۆژوەکەی ناشکێنێ تا ئەمرێ!... کاربەدەستانی ئینگلیز و هیند ناچارمان خواستەکانی غاندییان بەجێ هێنا. قانونێکیان بەنەنگەویستەکان بەخشی کە خۆیان هەر بەبیریشیاندا نەهاتبوو!. شەش ڕۆژ بوو، غاندی، لە ڕۆژودابوو. کە بەم ئاواتەی گەیشت بەشادمانییەوە ڕۆژوەکەی شکاند. زۆری پێ نەچوو، لەسەر نەنگەویستەکان، جارێکی تریش ڕۆژویەکی ٣٦ سەعاتیی گرتەوە، وە نەی شکاند تا قسەکەی خۆی بردەسەرا... غاندی وای بەباش ئەزانی: کە کامەرانی و ئازادیی نەنگەویستەکان لەسەر دەستی

(*) نەنگەویست: هیندییەکان خۆیان (دۆم)یان پێ ئەڵێن. (ش.ف)

هیندییەکان پێک بێت، نەک لەسەر دەستی بێگانەکان. کەچی گەورەکانی نەنگەویستەکان، خۆیان، وایان نەدەویست. غاندی ئەیویست نەنگەویستەکانیش وەک هیندییەکان وە لەگەڵ هیندییەکان ئەندامانی پارلەمان هەڵبژێرن. بەڵام گەورەکانی نەنگەویستەکان، ئەیانەویست شوێنی تایبەتییان بۆ دانرێ هەڵبژاردنی تیا بکەن. ئینگلیزەکانیش ئەیانویست مام ناوەندی بکەن لە میانی بیری غاندی و بیری گەورەکانی نەنگەویستەکاندا. واتا: لەو شوێنانەدا کە نەنگەویستەکان کەمترن، تێکەڵ کرێن لەگەڵ هیندۆسەکاندا لەو شوێنەشا کە ئەمان زۆرترن، ئەندامی پارلەمان بەسەربەخۆیی و تایبەتی هەڵبژێرن، غاندی، بڕوای وابوو کە ئەم بیرانە دووبەرەکی و ناکۆکی ئەخەنە ناو هیندۆس و نەنگەویستەکانەوە، جگە لەوە بەکەڵکی نەنگەویستەکانیش نایەن. لەبەر ئەوە بیری هەردوولایانی بەرپەرچ دایەوە. بۆ سەرەک وەزیری ئینگلیزی نووسی: «ژینم لەپێناو بەرەنگاری کردنی بڕیارەکانتا دائەنێم. ئەوا بڕیارم دا ڕۆژو گرم. هیچیش ئەخۆم تا ئەمرم. هیچیش نەخۆمەوە ئاو نەبێ بەتۆزێ خوێ، یان بەتۆزێ سۆدەوە. ئەم ڕۆژوەشم نەشکێنم تا قسەی گشت لایی کار ئەکاتە سەر حکومەتی ئینگلیز. وە ئەو بڕیارەی کە لە بارەی نەنگەویستەکانەوە داوێتی ئەیگێڕێتە دواوە!».

غاندی گەیشتبووە تەمەنی (٦٤) ساڵی. پیری و بەندیخانە و ڕۆژو بەتەرحێ شپرزەی کردبوو، پزیشکەکان لە مردنی کەوتبوونە ترسەوە، لەگەڵ ئەو هەموو ئامۆژگارییەش کە ئەکرا، غاندی ڕۆژوەکەی خۆی نەشکاند، تا ئینگلیزەکان ناچارمان، بڕیارەکەی خۆیان لەبارەی نەنگەویستەکانەوە کێشایە دواوە!. لەپاش ڕۆژویەکی شەش ڕۆژی، غاندی لە مردن گەڕایەوە، وە بەشادمانییەوە ڕۆژوەکەی شکاند. ئیتر بڕیار درا کە نەنگەویستەکانیش وەک هیندییەکان وە لەگەڵ هیندییەکاندا ئەندامی پارلەمان هەڵبژێرن، بەم مەرجەی کە (١٤٨) کورسیشیان لە پارلەماندا بۆ تەرخان کرێ.

بەڵام غاندی بەمەندە وازی نەهێنا. لەگەڵێ لای کۆمەڵایەتیی تریشەوە ڕەنجی بەکەڵکی بۆ نەنگەویستەکان دا. وە توانیی جوامێرەکانی هیند بخاتە سەر ئەوەی بەڵێن بدەن کە پایەی نەنگەویستەکان بەرزکەنەوە، وە ڕێیان بدەن کە ئەمانیش شان بەشانی هیندۆسەکانی ترەوە نوێژ لە پەرستگاکاندا بکەن وە لە گەڵێ فەرمانی حکوومەتیدا فەرمانبەری بکەن.

لە ڕاستیا، ژینی نەنگەویستەکان، زۆرداری و نەخوێندەواری و نالەباری و پاشکەوتوویی ناو هەموو هیندی ئەنواند. وە پەڵەیەک بوو بەسەر ناوچەوانی هەموو هیندستانەوە. جا، غاندی بوو، کە بەشاپەڕی گەورەیی و هونەرمەندیی خۆی ئەم پەڵەیەی لەناوچەوانی گەلی هیندی سڕییەوە. وە بەمە بوو کە غاندی، لە کۆڕی پیاوەتی و مەردایەتی و نیشتمانپەروەریدا، گۆی هونەری بردەوە. وە ناوی خۆی، تاسەر، لە نووسراوی ڕۆژگارا نووسییەوە.

ژیانی تایبەتیی غاندی

هەڵبەت، لە پاش ئەم هەموو نووسینە، حەز ئەکەیت تۆزێ لە بابەت ژینی تایبەتیی غاندیشەوە شارەزای بەرگ و کەلوپەلی غاندی بیت: کراسێک و پێڵاوێک بوو لەگەڵ چاویلکەیەک و سەعاتێکی نرخ هەرزان. لەسەر تەنکە بەڕەوە یا دۆشەگێکی تەنک لەسەر عەردی ژوورەکەی دائەنیشت و ئەنوست.

چا، قاوه، بابەتی سەرخۆشی، گۆشت، ماسی، هێلکەی نەئەخوارد. حەزی لە سەوزەوات و میوەهات و کولیچەی بەشیر و بابەتی وردەکاریی هەویر ئەکرد. لە دیەنا، لە دڵا، لە کردەوەدا، خۆی زۆر پاک و خاوێن ڕائەگرت. ژینی نانی نا، ژینی گیانیی ئەویست گیان سووک، شیرین زبان، ڕووخۆش بوو لەگەڵ هەموو کەسا. پەنای زۆرلێکراو و لێ قەوماوبوو. خۆی بەبچووکی هەموو کەس ئەزانی. لەگەڵ ئەمەشا دوژمنێکی سامناک بوو بەرامبەر زۆردار و بەدکردارەکان. لە ساڵانەیەکی (٦٠٠) لیرەیی و خۆشگوزەرانی و شادمانیی جیهان وازی هێنا، بۆ ئەمەی بتوانێ خۆی بەخت کا، لەپێناو، بەرزبوونەوە و سەربەستی و پێشکەوتنی هیندا!...

غاندی تا تەمەنی (٧٨) ساڵیش هێز و گوڕی مابوو. وە بۆ ژیانێکی (١٢٥) ساڵی بەهیوا بوو؛ بۆ ئەمەی بەئاوات بگا و هیند بەکامەرانی و ئازادییەوە ببینێ!...

غاندی، تا، ما، هێزێکی گەورەبوو لە هیندا. لە هەموو کاروبارێکا قسەی باڵا بوو. هیندییەکان، هەموو تەرحێکیان، وە لە هەمووﻻیەکەوە، چە بۆ کاروباری تایبەتی وە چە بۆ کاروباری گشت لایی، ئەهاتنە لای پرسیان پێ ئەکرد، وە بەڕاوێژی ئەویان ئەکرد. لەگەڵ ئەوەشا گەلێک جار لەگەڵ[*] سۆسیالیستەکاندا تێک ئەچوو. چونکە ئەوان ئەیان ویست هێز و توندی، ئەمیش ئەیویست شیرینی و نەرمی بەکار بهێنرێ. غاندی نەی ئەویست خوێن بڕێژیت نە لە هیندی، نە لە ئینگلیز. دوژمنی دیکتاتۆری بوو. هەمودەم ئەیویست لە ڕێی هێمنی و خوێن نەڕشتنەوە، بێ هەرا و هۆریا، لە ڕێی خۆشەویستی و لەیەکگەیشتن و دۆستایەتییەوە. لە ڕێی خۆبەختکردنەوە: سەربەستی و کامەرانیی هیند پێک بێنی. غاندی لەم ڕووەوە ئەیگوت: «سەربەخۆیی ئەوەتا: دەسەڵاتی بەریتانیا و هێزی سەرمایەدارەکانی بەریتانیا و هیند، لە هیندستان هەڵبگیرێ. وە لە هێزی کوشندەی خۆپاراستنیش ڕزگارکرێ. چونکە ئەو گەلەی لەشکر فەرمانڕەوایی بەسەرا بکات، بەگەلێکی ئازاد نامێنێتەوە!...».

غاندی هێشتا مەترسیی هەبوو لەوەی کە سەربەخۆیی هیند بەلوولەی تفەنگ بسێنرێ لە بەریتانیا. چونکە ئەترسا لەوەی کە ئەو هێزەی سەربەخۆیی هیند پێک ئەهێنێ، هەر خۆیشی ئازادیی هیند بڕمێنێ... بەڵام سۆسیالیستەکان پێچەوانەی ئەو قسەیان ئەکرد و ئەجووڵانەوە.

غاندی نەی ئەویست، تەنیا ئامانج، پیرۆز و بەرزبێ. ئەیەویست ڕێگای ئامانجیش پیرۆز و بەرزبێ. لەبەر ئەوە لەگەڵ فاشیستەکانیشا لەمەدا تێک ئەچوو!... غاندی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە بوو. بەزرنگی و هونەرمەندی و کردەوەی پەسەندی خۆی، هیندی بەگەلێ ئامانج گەیاند وە خستیە سەر ڕێگای ئازادی و شادمانی. هەموو گیان و سامانی خۆی لە پێناوی هیندا بەخت کرد لەبەر ئەوە هەر (٤٠٠) ملیۆن هیندییەکە نازی ئەکێشا. وە لە ترسی ئەوان حکوومەتی بەریتانیایش دڵی ڕائەگرت. غاندی هیندی بوو وە کە جێگای پێشەوایەکی ئایینیی لە هیندا گرتبووەوە، ئاڵای ئازادی و خۆشەویستی و برایەتیی هەڵگرتبوو بەهیند وە خەریک بو ئەیکرد بەڕەهبەرێکی زرنگ و بڵند بۆ هەموو دانیشتوانی جیهان.

(*) سۆسیالیست: اشتراکی. (ش. ف)

دوارۆژی غاندی

لە دووەم جەنگی جیهانیشدا هیندییەکان یاریدەی ئینگلیزەکانیاندا. بەڵام ئەمجارە وەک جاری پێشوو رەنجەڕۆ نەبوون. حکوومەتی بەریتانیا بەڵێنی خۆی هێنایە جێ. وە لە هاوینی ١٩٤٧دا بەناوی (هیندستان) و (پاکستان)ەوە دوو حکوومەتی گەورەی بۆ دامەزراندن. ئەم دوو حکوومەتە هەرچەندە سەربەخۆی تەواو نەبوون وە هێشتا بەسترابوون بەشانەکلاوی بەریتانیاوە، بەڵام لەچاو جاراندا ئەمە بەهەنگاوێکی یەجگار گەورە ئەژمێررا بۆ بەرەو ئازادیی هیند و پێشکەوتن و کامەرانیی. ئەمە هەرچەند، تا ئەندازەیەکی زۆر، غاندی نەیئەویست هیند ببێتە دووبەرەکی: ئیسلام و هیندۆس. گەلێک تەقەللای دا کە هیند بکاتەوە بەیەک. بەڵام سەری نەگرت. بەڵکو ناوەندی هەردوو حکوومەت، لەسەر خاکی کشمیر، ئەوەندە تێک چوو، وەختبوو هیند بەجارێ بکەوێتە شەڕێکی خوێنینەوە، وە هە چ رەنجێک بۆ ئازادی و پێشکەوتنی درابوو بەبا بچێ... لەگەڵ ئەوەشا، غاندی، مەردانە کەوتە ناوەوە، وە لەسەری ساڵی ١٩٤٨دا هیندی بەڕۆژوویەکی تا مردن ترساندەوە. وە هەتا (هیندستان) و (پاکستان)ی پێک نەهێنایەوە، وە ئیسلام و هیندۆسی ئاشت نەکردەوە، ڕۆژوەکەی نەشکاند، کە حەوت ڕۆژی تەواوی خایاندا. لە وەختێکا غاندی بەم سەرکەوتنە پیاوانەیەوە، دڵخۆشیی خۆی ئەدایەوە. وە هیوای یەکبوون و چاکبوونی هیندی ئەکرد. وە بۆ گەیشتن بەئامانج ڕێگای کۆششی بۆ دائەمەزراند... دەستی بەکار، لێی کەوتە کار: لەو دەمەدا کە لەناو چەند هەزار هیندوسێکا نوێژی ئەکرد، لە ١٩٤٨/١/٣٠دا لەلایەن کابرایەکی هیندۆسییەوە بەدەمانچە کوژرا!. بەم ڕەنگە بەختیاریی غاندی زۆری نەخایاند. وە ئەو پیاوە گەورە بێ هاوتایە کە لە هەموو تەمەنیا ماوەی ڕشتنی تنۆکی خوێنی کەسێکی نەئەدا، بەچوار گوللە خوێنی ڕژا!. بەڕاستی کارەسات و کەتنێکی یەجگار نەنگ و ناشیرین بوو. دڵی هەموو جیهان وە بەتایبەتی دڵی هەموو هیندی خستە ژانەوە!. هیند ئێستەش فرمێسکی خوێنینی نەگیرساوەتەوە!. کڵپەی دەروونی نەکوژاوەتەوە!. غاندیی لەبیر نەچووەتەوە!. وە وا خەریکە چاکەی ئەداتەوە!... بەناوی خۆشەویستی و ئەوازشی گشت لایییەوە، وە بۆ ئەمەی کردەوەی پیاوانە و نیشتمان پەروەرانەی غاندی، هەموو دەم بیر کەوێتەوە: لە ڕۆژی ١٩٤٨/٢/٢٨دا، لە دێیەک نزیک بەشاری (بۆمبای)، لەسەر لوتکەی گردێک پەیکەرێکی نایابیان بۆ دامەزراند.

غاندی کوژرا. بەڵام هیندی خستە سەر ڕێگای ژین و پێشکەوتن و ئازادیی، کە ئیتر هەتا جیهان مابێ، جارێکی تر بەرەو پاش ناگەڕێتەوە!.

ماكفادن

«داهێنەری فەنی لەش پێگەیاندن و چاككردنەوەی نەخۆش بەبێ دەرمان

(١٨٦٨ - ...)

ماكفادن لە منالیدا

(بەرنار ماكفاندن)، لە سالی ١٨٦٨دا لە (میسوری) لە خاكی ئەمریكای یەكگرتووا لە دایک بووە. باوكی جووتیارێكی مەی خۆر، دایكیشی ئافرەتێكی سیلاویی بووە. كە باوكی مرد ماكفادن چوار سالان بوو، دایكی ناردیە كن مامی. ئەمیش لە ڕێبوارخانەكەیا هەموو فەرمانێكی ناشایستەی پێ بینی. دایكیشی مرد. شەو گوێی لە مامی بوو، بەئامۆژنی ئەگوت: «ئەترسم ماكفادنی بەسەزمانیش بەسیل بمرێ»! اماكفادن لە عەزرەتا لێفەكەی كێشا بەسەر خۆیا و بەقایم هاواری دایكی كرد!. پەشان مامی، ماكفادنی لە كۆڵ خۆی كردەوە. ناردیە كن جووتیارێک. لەوێ، لە دەست نەخۆشی و لەڕولاوزیی ڕزگاری بوو. بەرەبەرە گەورە بوو. بەلام چەند سالێكی پێ نەچوو، لەگەڵ كابرا تێک چوو. چووە كن مامێكی تری كە لە شاری (سانت لویس)دا لەگەڵ نەنكیا ئەژیا. لەوێ بوو بەپارە كۆكەرەوەی چەند هاوبەشییەک پاشان بۆ بەفەرمانبەری كۆگایەک. ئینجا بەنووسەری بازرگانێک. ماكفادن شەو تا درەنگ چیرۆک و سەرگوروشتەی ئەخوێندەوە. بەلام زۆری پێ نەچوو، لەشی تێک چووەوە. ئەپژمی!... گوێی لێ بوو ئەم مامەشی بەچرپە بەنەنكی ئەگوت: «ماكفادن سیلیەتی!». ماكفادن لە مردن تۆقی. پەنای بردە بەر داوودەرمان و پزیشک. بەلام هیچی بەكاری نەهات!. ڕەنجی بەبا چوو وە هە چ پارە و وەختێكیشی تیا بەخت كردبوو لە دەستی چوو!. بەلام زوو لە ڕازی ئەم نەخۆشی و دەردەدارییەی گەیشت. نەی ئەتوانی بەو ڕەنگە بژی. نەشی ئەتوانی بچێتەوە لادێ. ئەی چی بكا ؟!. ئەوەندەی بۆ مایەوە: پەنا بەرێتە بەر لەش جولاندن و وەرزش كردن!. گوێی نەدایە تیزوفیزی ئەم و ئەو. دەمودەست، خۆی كردە یەكێ لە ئەندامانی (یانەی وەرزشی سانت لویس). لەوێدا بەتەنیشت وەرزش كردنەوە، هەرچی لە بابەت وەرزش

و لەش پێگەیاندنەوە نووسرابووەوە خوێندیەوە و بەکاری هێنا. ماکفادن چاک بووەوە. هێز و گوڕی سەندەوە. نەخۆشی باری لێ کرد. وە لە جێی ئەو ئاوات و هیوای دەرکەوتن و بەرکەوتن و سەرکەوتن هاتە بیریەوە!...

ماکفادن لە گۆڕێنیدا

ئاواتی بەرز و کردەوەی پەسەند، بابەتی کوڕ و لاوە. ماکفادن ئەیویست «یانەیەکی وەرزش» بکاتەوە. بێ دەرمان، نەخۆشی تیا چاک بکاتەوە. بەو دراوە کە بەرەنجی شان و خو (عرق)ی ناوچەوان کۆی کردبووەوە، ئاواتەکەی خۆی هێنایەدی. تیا سەرکەوت وە بەئامانج گەیی. سامانێکی زۆری بەسەرا ڕژا. بەو هیوایەی کە یانەیەکی باشتر و جوانتر پێک بهێنێ: جاری دایخست. وە پەری دایە فێربوونی ئەو زانستی و زانانانە کە بەکەڵکی ئەو فەرمانە ئەهاتن. پاشان دەستی دایە گرەوکردن و زۆران گرتن لەگەڵ پاڵەوانە بەناوبانگەکانی ئەمریکا و ئەورووپادا!. کەس نەبوو، بەماکفادندا ڕاپەڕموێ: کە ئەمانە بەرێتە سەر. هەموو تیزیان پێ ئەکرد. بەرێزگاویان دائەنا! ماکفادن، گوێی نەدایە قسەیان. کۆشا. تەقەللای دا. زۆری پێ نەچوو لە هەموو زۆرانبازییەکاندا سەرکەوت!... وە ڕووی هەموو جیهان وە بەتایبەتی ئەمریکای، بەسەر سوڕمانێک بێ ئەندازەوە، وەرگێڕایە سەر کارگوزاریی و هونەرمەندیی و هێز و گوڕ و شارەزایی خۆی!... بەم ڕەنگە ماکفادن خوێندەواری و ناوبانگی بردەوە.

لە ڕاستیا ئەم دوو فەرمانە، دوو هەنگاوی گەورە بوون بۆ دامەزراندنی دوارۆژێکی پڕ لە کامەرانی و شادمانی بۆ ماکفادن ناسرا بەپاڵەوانی پاڵەوانان و بەمامۆستای پزیشکان، لە لەش پێگەیاندن و نەخۆش چاککردنەوەدا بەبێ دەرمان!. ماکفادن بەئاوات گەیشت. چونکە چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەی ئەکرد. لەبەر ئەوە تەنیا هەنگاوێکی تری مابوو هەڵی بێنێ. ئەویش قسەکردنێکی زرنگانە و مامۆستایانە بوو، بۆ کۆمەڵێکی گەورە، لە بابەت تەندروستی و لەش پێگەیاندن و چاککردنەوەی نەخۆشەوە بەبێ دەرمان بەسایەی وەرزش و ڕێکخستنی شێوەی ژینەوە. پاش هەفتەیەک ئەمەشی بەرێکوپێکی بردەسەرا. قسەکانی کاری کردە دڵی گوێگرەکان. چونکە خۆی بەڵگەیەک بوو بۆ ڕاستیی قسە و بیر و ئامۆژگارییەکانی خۆی. ماکفادن سەرکەوت. وە بەسەرکەوتنی خۆی، بنچینەی گەشی و لەش خۆشی و کامەرانییەکی ئاسان و هەرزانی دامەزراند بۆ هەموو دانیشتوانی سەر زەمین.

ئینجا ڕێگە کرایەوە بۆ ماکفادن، کە یانەکەی بکاتەوە. بەڵام شتێک هاتە پێشەوە، تا چەند وەختێک لەو ڕێیە لای دا، بەم ڕەنگەی کە ئەبینین.

نووسراوی ژۆرنی وەرزشکار

ماکفادن، سەروگوزشتەیەکی گەورەی نووسیوە. ناوی نا (زۆراتی وەرزشکار). کە لە ڕاستیا باسی ڕەنج و ئازار و خۆشی و کامەرانیی خۆی ئەکرد لە ژیانی وەرزشکاریدا. بردیە لای نووسراو بڵاوکەرەوەکان لە چاپی دەن. دەستیان نا بەرووێیەوە!... گوتیان: شێوەی نووسینەکەت بێ هێز و ناشیرینە، پڕە لە هەڵە و خوار و خێچی!. ماکفادن وەک شوڵێ لە سەری لوتی بدرێ وابوو. هەر لێکی ئەدایەوە..

لەبەر خۆیەوە ئەیگوت: «کەواتە هێشتا وام لێ نەهاتووە ببمە مامۆستای لەش پێگەیاندن!... دیارە کە قسەم بێ هێز و پڕ لە هەڵەبێ، کەس گوێی لێ ناگرێ»!... بەڵام... بەخەپک بوو... وازی نەهێنا تا بەتەواوەتی فێری زبان و شێوەی نووسین بوو!... بەتەنیشت فەرمانی نوێیەوە -کە لە خوێندنگایەکی شەڕا، وەرزشی فێری شاگردان ئەکرد و بیروباوەڕی خۆی لە بابەت ژینێکی تەندروستانەی پاکەوە تێ ئەگەیاندن- بەشەویش تێ ئەکۆشا کە لە خوێندەواریی و نووسین و زبان زانیندا قاڵ بێ. پاش چەند مانگێک چاوێکی گێڕایەوە بەنووسراوەکەیا. بژاری کرد. پوختەی کرد و ڕێکوپێکی خست. بردیەوە لای نوسراو فرۆشەکە. نووسراوفرۆش، ئەم جارە بۆی لە چاپ دا!... ماکفادن دیسانەوە سەرکەوتەوە. ئەمجارە ناوبانگی بە(نووسەر)یش دەرچوو. وە هەستی بەخۆی کرد، کە ئیتر مامۆستایی لەش پێگەیاندنی، پێ ئەکرێ!. وە ئەتوانێ بەهێزی قەڵەمیشەوە، بیروباوەڕی خۆی بەهەموو کەس، لە هەموو لایەکا بگەیێنێ!... وە پێشەوایی هەموو کەس بکا بۆ ڕێگای لەش خۆشی و هێز و جوانی و زرنگی. ئینجا ماکفادن ڕاڕەوێکی وەرزشی لە شاری (سدلیا) لە خاکی (میسوری)دا کردەوە. زوو بەزوو سەرکەوت. بۆ ناو دەرکردن، دووبارە چووەوە کۆڕی زۆرانگرتن لەگەڵ زۆرانبازەکاندا. پاش هەر سەرکەوتنێک، لە چاکە و کەڵکی وەرزش ئەدوا بۆ دانیشتوان، وە تێی ئەگەیاندن کە ئەمیش ڕێگایەکی یەجگار باشە بۆ تەندروستی. ساڵ تێوەرنەگەڕایەوە لەو زەماوەندانە، پوڵێکی فرە بۆ ماکفادن کۆبووەوە. پاشان چووە (شیکاگۆ) کە لە یانەی (ورلدزفیر)دا کار بکا. لەوێ زۆرانبازێکی تری ناسی، کە زۆر کاری کردە سەر ڕەوشتی لە ژیاندا.

گۆڤاری وەرزش

لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەمریکادا، تەنیا هێنەکانی ماکفادن، بەرکەوتن نەکەوتوون. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە بابەتەکانی بەستراون بەژیان و گوزەران و پێشکەوتنی ڕاستەقینەی مرۆڤەوە. (گۆڤاری وەرزش)، کە لە (٤٨) ساڵ لەمەوپێشەوە دەری هێناوە، ئێستەش گیانی کەڵک بەخشی و پیاوەتیی تیا ئەبزوێتەوە وەک یەکەم ڕۆژی، ئێستەش ڕۆژ بەڕۆژ لە سەرکەوتن و بەرکەوتنایە، وە تایەت ئەچێتە دڵی خوێندەوارانەوە. لە ڕاستیا ئەم گۆڤارەی بووبووە زبان بۆ یانە و بیروباوەڕەکەی کە لە بابەت تەندروستی و شێوەی ژیانێکی پڕ لە هێز و گەشایش و چاکەوە ئەدوا وە بۆ گەیشتن بەو ژیانە ڕێگای پیشان ئەدا. وەرزش، خواردن و خواردنەوەی پاک و پوختە و بەئەندازە، سەرەوت و نوستن و خۆش ڕابواردنێکی پەسەند، دامەزراندنی ژینێکی خێزانی لەسەر بنچینەی دڵداریی هەردوولایی، ڕەوشتی جوان و دڵی بێ گەرد و دەروونی خاوێن، گیانی بەرز و کرداری گەورە و ڕەنجی مەردانەی لەپێناو ئازادیی و شادیی و خۆشگوزەرانی براکانی سەر زەمیندا. ئەمانە هەمووی ڕێگای ئەو ژینە شیرینە بوون کە ماکفادن ئەیویست بێتە بوون.

سەیر ئەوەیە، کە ئەم (گۆڤاری وەرزش)ەی دەرهێنا. لە هەزار لاوە تیزیان پێ ئەکرد. بەرەنگارییان ئەکرد. بەگژیا ئەچوون. بەشێت و ڕێژگاویان دائەنا!... بەڵام ماکفادن لە بەرامبەر کەسیاندا سەری دانەنەواند. هەر لەسەر فەرمانی خۆی ڕۆیشت، تا وەهای لێ کردن، هەر ئەو خاوەن ڕۆژنامە و گۆڤار و

خوێندەوارانە خۆیان، لە کردەوەی خۆیان پەشیمان بوونەوە. وە لە بریتیی ڕەخنە و توانج و پلار تێ گرتن، دەستیان دایە ستایش کردنی!؟...

جارێکیان کابرایەکی داودەرمان فرۆش هاتە کنی، کە لە گۆڤارەکەیا جارێکی بۆ بدا لە بابەت دەرمانێکەوە کە گوایا دەمار بەهێز ئەکا. ماکفادن لە پلیکانەوە کابرای توڕ هەڵدایە خوارەوە!. ئینجا چووە ژووری وەرزش کە لەوێدا بیرێک لەم کارەساتە بکاتەوە. پاشە جار بڕیاری دا کە نووسراوێک دەرکات لە بابەت (ڕاستیی ژیانی سک و زا)وە، کە بەدیاری بینێری بۆ خوێندەوارانی گۆڤارەکەی. دەمودەست دەنگی دا کە لە پاش مانگێ ئەو دیارییەیان بۆ ئەنێرێ. بەڵام لەبەر هەندێ کاروباری ناکاو، ماکفادن دەستی نەپەرژا. نووسراوەکە بنووسێتەوە تا گۆڤارەکە دەرچوو بۆ ئەمەی بەدرۆ نەکەوێتەوە، ناچارما، شەویشی خستە سەر ڕۆژ، وە سرەوتی نەدا بەخۆی، تا لە درەنگە شەوێکا لە نووسراوەکەی بووەوە!. ماکفادن ئەمجارەش سەرکەوت. بەڵام چاویشی لەکار کەوت، وەختبوو!... بەڵام ئابڕووی خۆی نەبرد و نەچوو. خۆیشی هەر لەسەر ئەو ڕێ و شوێنە خواکردییە ڕۆیشت کە بۆ ئەم و ئەوی دۆزیبووەوە بۆ گەیشتن بەتەندروستی و هێز و بەختیاریی. زۆری پێ نەچوو، ماکفادن چاوی خۆی -بەوەرزش و حەسانەوە و ئەندازەگیریی لە هەڵسان و دانیشتن و خواردن و ڕابواردن دا- چاک کردەوە!... ئەم نووسراوە تازەیەشی، وەک نووسراوەکەی تری و گۆڤارەکەی، خوێندەوارانی کێش کردە سەر خوێندنەوەی وە ئەوەندی تر ناوبانگی دا بەماکفادن و گۆڤارەکەی، کە هێشتا دوو ساڵی بەسەرا تێ نەپەڕیبوو، لە (٥٠٠) دانە وە فرۆشتنی گەیشتبووە (١٠٠,٠٠٠) دانە!... بەم ڕەنگە (گۆڤاری وەرزش)، کە لە سەرەتادا جارنامەیەک بوو بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی وەرزش. لە دواییدا وای لێ هات، ماکفادن، بەکۆمەڵێکی گەورە فەرمانبەر و یاریدەدەر و نووسەر و کۆشکێکی یەجگار گەورەوە، ئینجا بۆی دەرئەهات!... تا ئەوسا، لە فرۆشتنی کەلوپەلی وەرزش، پارەیەکی مفتی دەست ئەکەوت. ماکفادن ویستی پایەی خۆی و گۆڤارەکەی بڵندتر بکاتەوە. جاری دا: «وەرزش بەبێ کەلوپەل بکرێ چاکترە!». بەوە زیانی زۆر لێ کەوت، بەڵام لەسەرێکی ترەوە، لەبەرچاو خەڵکا یەجگار بەرزبووەوە!... ئێستاش گۆڤاری وەرزش تا دێ، لای خوێندەواران خۆشەویستتر ئەبێ. چونکو ماکفادن، بەدڵ ئەیەوێ، ژینێکی پڕ لە شادی و ئازادی و کامەرانییان بۆ پێک بێنی، بەهۆی وەرزش و بەکارهێنانی ڕێگای خواییەوە لە خواردن و نوستن و هەڵسان و دانیشتنا. ماکفادن، بەگۆڤارەکەی، خەڵکی لە خەوی بێ هۆشی و نەخۆشی ڕاپەڕاند. وە تێی گەیاندن کە «لاوازیی و نەخۆشی گوناهباریە. وە لە توانای گشت کەسا هەیە کە گوناهباریی نەکا، وە بەئارەزووی خۆی، بەتەندروستی و دڵخۆشییەوە بژی!...».

خانووی چاککردنەوەی نەخۆش

شەش نەخۆش، کە چەند ساڵێک بوو پزیشک و داوودەرمان خەریکیان بووبوو، وە نەی توانیبوو چاکیان بکاتەوە، بەناچاری پەنایان بردە بەر ماکفادن. یەکێکیان باداریی وە یەکێکی تریان سیلی بوو. ماکفادن ئەمەی لە هەموو کەس گەیاند. چەند مانگێکی پێ نەچوو، بەهۆی وەرزش و پێڕەوییەکانی تریەوە، هەر شەشی چاککردنەوە. وە هەموو جیهانی سەرسوڕمانەوە!. ئەم سەرکەوتنە ماکفادنی تیژ کردە

سەر ئەوەی کە لە هاوینی دواییدا هەوار بگوێزێتەوە سەر کەناری گۆمی (ڕوکونو کوناما)، لە دوورگەی (لونگ ئایلاند)دا. لە گشت لاوە نەخۆش ڕوویان تێ کرد. جارێکیان ژمارەیان گەیشتە (١٢٥) نەخۆش!... ماکفادن هەموویانی چاک کردەوە!. بەڵام لەبەر فەرمانی گۆڤارەکەی و چاک کردنەوەی نەخۆشەکانی، دەسی نەئەپەرژا، زۆر خۆی بەهەڵسوڕاندنی کاروباری خانووەکەوە خەریک کات. دزیی و ناپاکییەکی زۆری لێ کرا. زیانی گەیشتە (١٠,٠٠٠) دۆلار لە ساڵێکدا!. ناچارما، خانووەکەی داخست، بۆ ئەمەی هەوایەکی باڵی خۆی بدات!؟...

شاری لەش پێگەیاندن

ماکفادن پیاوێکی نەبەزە. بۆیەکا وازی لەم خانووەی هێنا: کە شارێکی لەش پێگەیاندن دامەزرێنی. دەمێک بوو بەئاواتی ئەمەوەبوو. لە پاش تەقەللا و کۆششێکی زۆر، لە ساڵی ١٩٠٦دا زەوییەکی فراوانی لە شاری (هەلمینا) لە خاکی (نیوجرسی)دا کڕی. خانووی نەخۆش چاک کردنەوە و خانووی چاپ کردنی تیا دروست کرد. لەوێدا جێ خانووی هاوبیرەکانی و شەقام و شوێنی تاقیکردنەوەی بیروباوەڕەکانی نیشانە کرد. بەهۆی هاوبەشییەکەوە شەمەندەفەریشی بۆ کێش کرد. بەکورتی هەرچی لە توانایدا بوو کردی بۆ پێکهێنان و ڕازاندنەوەی ئەم (شاری لەش پێگەیاندن)ە. زۆر کەس ڕوویان کردە شارەکەی ماکفادن. بەڵام لەسەر وتارێک کەرەپ و ڕاست لە بابەت کارەساتی سک و زاوە دابووی لە گۆڤارەکەیا، ماکفادن تووشی گێرەوکێشە و تەنگ و چەڵەمەیەکی وەهابوو، شارەکەی بەجارێ سەرونگون کرد. وە لەبیر گشت کەسی بردەوە!...

چیرۆکی تۆوی نەخوێندەواریی

ماکفادن، بەهۆی نووسەری بەناوبانگ (جۆن کویل)ەوە، بەناوی (تۆوی نەخوێندەواری)یەوە چیرۆکێکی لە بابەت کەینەوبەینە و کارەساتی سک و زاوە بڵاوکردەوە. بۆ ئەمەی چاوی خەڵک بکاتەوە بۆ بینین و پێ زانینی زیان و ئەرک و ئازاری ئەو نەخۆشیانەی کە لە نەزانینی شێوە و ڕێ و شوێنی دڵداری و ژیانی ژن و مێردی و سک و زاوە پەیدا ئەبێ. چیرۆکەکە خۆش و بەجۆش بوو. هەموو کەس پەری دایە خوێندنەوەی. بەڵام دوژمنەکانی ماکفادن، بەناوی خواناسی و ئایین و شەرم و ڕەوشتی کۆمەڵایەتییەوە، حکومەتیان لێ ورووژاند. حکومەت گرتی!. کەینەوبەینەکەی لە هەر سە پلەی دادگاه تێپەڕینرا. لەلایەن هەزاران خۆشەویستانی ماکفادن و چاکە خواهانی نیشتمانەوە، تکا لە سەرۆکی جمهوریەت کرابۆ بەخشینی. ئازاد کرا. لەگەڵ ئەمەشا، ماکفادن، تا دوو ساڵ لە گێرەوکێشە و خفەت و سزا و ئەرک و ئازار، ڕزگاری نەبوو. شارە خۆشەویستەکەشی -کە لەسەری کەوتبوو بە(١٠٠,٠٠٠) دۆلار- لەناوچوو!... جگە لەوە (٢,٠٠٠) دۆلاریش جەریمە کرا. وە گۆڤارە نایابەکەشی کەوتە گیانەلاوەوە!...

بەم ڕەنگە، لە بریتیی پشتگرتن و یاریدەدانی. حکومەت، لەسەر هاندانی ڕێژگار و کۆنەپەرستەکان، ماکفادنی شکاند، وە بەدناوی کرد بەتاوانی بەدخوویی و بێ شەرمییەوە!؟... هە چ ڕەنجێکی دابوو،

بەبای دا. هەرچییەکیشی بۆ کۆبووبووەوە -بەرەنجی شان و خوی ناوچەوان، لە سایەی گۆڤارو و خانووی نەخۆش چاک کردنەوە و شاری لەش پێگەیاندنەوە.- بەفیڕۆی دا!. لەگەڵ ئەمانەشا، هەمووی، ماکفادن، چاوی نەترسا، کۆڵی نەدا!... پشت بەستە بەخوا و خۆشەویستیی چاکە پەرستانەوە، جارێکی تریش سنگی بردە پێشەوە. وە لە نوکەوە تێ هەڵچووەوە. بۆ ئەمەی بیروباوەڕی خۆی ببات سەر. وە هاونیشتمانەکانی بخاتە سەر ڕێگای تەندروستی و هێز و هۆشمەندیی!...

هەرای دەرمان

داوودەرمانی نامادەکرا و؛ کە لە ڕاستیا ژەهرێکی زیانبەخش و کوشندە بوو بەهۆی چاووڕاوی ڕۆژنامە و گۆڤار و هەندێ لە پزیشکە چاوبرسی و ناپاکەکانەوە، کڕیارێکی زۆری لە ناشی و نەزانەکانی ئەمریکا کێش کردبوو. وە گیرفانی خاوەن کارگە و دەرمانخانەکانی بەپارەی ڕووتاندنەوەی ئەو کاولانە پڕ کردبوو. جا، ماکفادن، بەفەرمانێکی نیشتمانیی دائەنا کە بەرەنگاریی ئەو داوودەرمانانە بکا، وە نەخۆشیان لێ بتەکێنێتەوە تا هێز بڕ ئەکا. وە کردی!... بەڵام دوژمنانێکی زۆربەی دەوڵەمەند و بەهێزی لە خۆی ورووژاند. لە پێشەوە بەبەرتیل دان و میچکە میچکە بۆ کردن، پاشان بەهەڕەشە و گوڕەشە، شای ژەهرەکان -داوودەرمانەکان- بەهەموو هێز و توانایانەوە چوون بەگژ ماکفادنا!... زیانێکی زۆریان لە دەرامەدی دا. بەڵام نەیان توانی پەکی بڵاوبوونەوە و کاریگەریی ئەو بیروباوەڕی بخەن. ماکفادن، وردە وردە خەڵکی وریا کردەوە وە لە بەکارهێنانی ئەو داوودەرمانە ژەهراویانە دووری خستنەوە. وە لە بریتی ئەوە هۆگری کردن بەبەکارهێنانە دەرمانی خواییەوە کە وەرزش و لەش پێ گەیاندنە. هەرچەندە، تەنیا، هەر ماکفادن نەبوو، کە بووبوو بەهۆی نەهێشتن وەیا کزکردنی بازرگانیی ئەو داوودەرمانانە. بەڵام پێش هەموو کەس، وە لە هەموو کەس بەگوڕتر و مەردانەتر ئەوبوو؛ کە دەسی بەم بەرەنگاری کردنە چاک و بەکەڵکە کردبوو. ماکفادن ناوی دەرمان فرۆشەکانی نابوو: «جادوکەر و چاووڕاوکەر، دز و جەردەی ناشی و نەخوێندەوارەکان». ماکفادن، دەسی خۆی وەشاند. هەرچەندە دەسی ئازاری گەیشت. بەڵام دوژمنەکانی خۆی و جیهانی، باش شکاند!...

شەڕ لەگەڵ پزیشکەکاندا

ماکفادن، دوژمنی فەنی نەخۆش چاککردنەوە و پزیشک نەبوو. لەناو پزیشکە باشەکاندا زۆر دۆستی هەبوو. وە زۆریان لە بیروباوەڕ و کردارەکانیا یاریدەیان ئەدا. بەڵام دوژمنی ئەو کۆمەڵی پزیشکانە بوو، کە لە فەرمانی ڕاستەقینەی پیاوانەی خۆیان، لایان دابوو. وە خوویان دابووە، خووپەرستی و چاوبرسێتیی خۆیان. نەخۆشیان چەواشە ئەکرد و ئەیان ڕووتاندنەوە. تەندروستی گشت لاییشیان خستبووە ژێر چەپۆکی مۆتەکەی گیانی بازرگانی و پولپەرستیی خۆیانەوە، بەڵێ... ماکفادن نەچوو بەگژ ئەو کۆمەڵێ پزیشک و پزیشکە ناپاکانەدا. وە نەشارەزایی و ناپاکییانی لە خەڵک ئاشکرا ئەکرد. ئەیگوت: «لەش پێویستی بەداوودەرمان و پزیشک نییە. لەش ئەتوانی خۆی چاک بکاتەوە لە هەموو نەخۆشییەک. بەو مەرجەی کە ماوەی تەواوی بدرێتێ، وە لەشتی خراپ بپارێزرێ. ئەویش بەهۆی:

ڕۆژوو و خۆپاراستن لەو خواردەمەنییانەی خراپن و بەکەڵک نایەن، ئەندازەگیریی لە خواردنا، ناشتاکردنێکی پەسەند لە پاش ڕۆژوو، وە لەسەر ئەو پێڕەوییەی کە پزیشکی تایبەتی ئەیدات. وەرزش. لەش سوونەوە. بەکارهێنانی بای خاوێن و تیشکی ڕۆژ و ئاوی پاک. هێشتنەوەی دڵ و دەروون بەپاکی و بێ گەردیی...». لەسەر ئەم بنچینەیە، ماکفادن بوو هەموو نەخۆشییەک ڕێگای چاککردنەوەی خواکردی دۆزیبووەوە. وە بۆ ڕاهێنان و فێرکردنی خەڵک بەم بیروباوەڕانەوە بوو کە ماکفادن بەرەنگاریی (کێشانی جگەرە) و (خواردنەوەی بابەتی سەرخۆشی) و (چاویلکە لەچاوکردن) و (بەکارهێنانی ئاردی بێژراوە) و (پۆشینی سوخمەی مەمک) و (شەرمی درۆ)ی ئەکرد و ئەکۆشا کە لەناو خەڵکا هەڵیان گرێ.

پزیشکە خراپەکان، وە بەتایبەتی کۆمەڵی پزیشکان کە زۆرتر لە کۆمەڵێکی سیاسیی ئەکرد، بەکردەوە و بەزبان و بەنووسین هورووژمی کوشندە کوشند، یان ئەبردە سەر ماکفادن. بەڵام ماکفادن ئەمانیشی شکاند زۆری پێ نەچوو، گەلێک لەو پزیشک و کۆمەڵانە، هاتنە سەر بیری ئەو، وە لەسەر بیروباوەڕ و ئامۆژگاریی ئەو ئەجووڵانەوە!... بەم ڕەنگە ماکفادن کۆمەڵە دوژمنێکی دڕندەی لە کۆڵ نیشتمانەکەی خۆی کردەوە. وە ڕێگایەکی تری شادمانی و کامەرانیشی بۆ جیهان دۆزیەوە.

کردەوەکانی تری ماکفادن

ئەمانە هەندێک بوون لە بەسەرهاتی ماکفادن. ئەگەر لێرەدا ماوە کەم نەبووایە، بەدرێژی باسی کردەوە نایابەکانی تریشمان ئەکرد. بەکورتی هەرچی بۆ تەندروستی و ژینێکی پڕ خۆشی و بەختیاری و کەڵک بەخشی پێویست بووبێ، ماکفادن تێ کۆشاوە بڵاوی کاتەوە بەناو جیهان وە بەتایبەتی بەناو ئەمریکادا ئەم بوو دەنگی بەرزکردەوە و تەقەللای دا بۆ پێکهێنانی سەربەستی لە لێدوانی کارەساتی سک و زادا. بۆ ڕزگاربوون لە دەست بەرگ و پۆشەنیی بێ کەڵک و خراپ. بۆ نومایشی لەشی جوان و شۆخ و شەنگ. ئەم بوو بیست چێشتخانەی پاک و پوختە و بەکەڵک و هەرزانی کردەوە بۆ خەڵک. ئەم بوو باوی نووسین و بڵاوکردنەوەی (چیرۆکی ڕاستەقینە)ی داهێنا. ماکفادن چە لەلای خۆی وە چە بەهۆی نامە ناردنەوە، هەموو جۆرە نەخۆشییەک، لە هەموو لایەکی جیهاندا چاک ئەکاتەوە، وە بۆ پێکهێنانی ئەم مەبەسە (پەیمان گاە)ێک و (خەستەخانە)یەک و گەلێک (گۆڤار) و (ڕۆژنامە) و (نووسراو)ی نایاب نایابی دامەزراندووە و سەرپەرشتییان ئەکات. ئێستێکەیە کە ناسراو و یەکە پیاوی بەڕێزە لە ئەمریکادا لە کۆڕی فەنی نەخۆش چاککردنەوە و تەندروستیدا ئەمەندە پایەی بڵندە، ناویان ناوە (باوکی لەش پێ گەیاندن). لە ڕێک و پێکخستنی وەرزشدا، یاریدەی ئەڵمانیا و ئیتالیا و ئیسپانیا و گەلێک لە حکومەتەکانی جیهانی داوە. تەنانەت حکوومەتی ئەمریکای یەکگرتوو، لەم شەڕی گەورەی جیهانیی دواییەدا، بۆ سەرپەرشتی کردنی کاروباری تەندروستی و وەرزش پەنای بردە بەر ماکفادن. گەلێک لە شاگردەکانی، لە جیهاندا، وەک ئەو، (پەیمانگای نەخۆش چاک کردنەوە)یان کردۆتەوە، وە بۆ تەندروستی گشت لایی ئەکۆشن. یەکێک لەوانە (مامۆستا فائق الجوهری)ی مسرییەی، کە ئەمە بیست ساڵە ئەویش وەک ماکفادن چە لە (پەیمانگا)کەیاوە چە بەنامەکاریی، نەخۆشیی لەش و هۆش و گیان چاک ئەکاتەوە لە میسر و لە جیهاندا.

ماکفادن، لە هەرە پیاوەکانی سەرزەمین ئەژمێررێ. چونکە لە منداڵێکی هەژاری بێ کەس و کەساس و سیلاوییەوە توانی بگاتە ئەم پلەیە کە هەموو جیهان، ئیمڕۆ، کرنۆشی نەوازشی بۆ ئەکێشێ. لە چاکەی ئەو رەنج و کۆششە مەردانە و پیاوانەیەیا کە بۆ پێکهێنانی ژینێکی پڕ تەندروستی و کەڵک و شادی و ئازادیی گشت لایێ نواندوێتی و ئەینوێنێ.

ژینی تایبەتی ماکفادن

ماکفادن بلیمەتێکە بۆ خۆی. لە هەموو لکێکی ژیانیا پیاوێکی سەیرە، سەری پیاوی لێ سوڕئەمێنێ. شەو و ڕۆژ سرەوتی نییە، بێ فەرمان، وە بێ فەرمانی گەورە و ناوازە و نایاب هەڵناکا. هەموو دەم کەللەی پڕە لە بیری نوێ، لە فەرمانی نوێ، لە تاقی کردنەوەی نوێ. کە دەستیشی دایە شتێک، تا نەیباتە سەر، هەرچی هێزی جیهان هەیە بچێ بەگژیا، سەری نانەوێ. نەبەردە، لاسارە، بەجەرگە، بەئارامە، بەرگەگرە، دڵ تەڕە، شت داهێنەرە، بێ ترس و لەرزە، پیاوانە و مەردە، ڕاستگۆ و ڕاست و ڕەوانە، خۆ بەخت کەرە، دڵسۆزە بۆ بیروباوەڕی خۆی، چاولێکەر نییە. پیاوی گیانی بە نانی نییە. لە ژینا سادە وە لە دەروون و دڵا پاک و ئازادە. هەموو دەم بەرەو پێش ئەڕوا، وە خەڵک بەرەو پێشکەوتن ئەبا، گوێی ناداتە تەنگ و چەڵەمە، ئەگەر سەر و گیان و سامانیشی تیابچێ واز لە قسەی خۆی ناهێنێ تا بەئامانج ئەگات!...

زۆر بەتەنگ دڵی فەرمانبەر و کرێکارەکانی خۆیەوەیە. وە وەک برایەکی باوک و دایکی لەگەڵیان ئەجووڵێتەوە. لەگەڵ ژن و منداڵی خۆیا یەجگار گەش و ڕووخۆش و دڵسۆزە. وەک دۆست و هاوڕێ لەگەڵیاندا ئەبزووێتەوە. لەگەڵ دوژمنەکانیشیا زۆر خۆی ماندوو ناکات. بەکردەوە بەدرۆیان ئەخاتەوە و شەرمەزاریان ئەکات.

لەگەڵ ژنەکەی پێشوویا هەڵی نەکرد، بەرەڵای کرد. بەڵام ئەم ژنی دواییەی کە لە ساڵی ١٩١٢دا لە ئینگلتەرە مارەی کرد. بۆی بووە سەرچاوەیەکی خۆشی و بەختیاریی کە تا ئەو ساتەی نەی دیبوو بەخۆیەوە. (مس ماری ولیامسۆن)، جگە لەوەی کە لە گرەوی (جوانی و تەندروستی)دا بەیەکەم دەرچووبوو، وە (١٠٠) لیرەی ئینگلیزیش پاداشی لە (ماکفادن) خۆی وەرگرتبوو ئافرەتێکی وەرزشکاری بێ هاوتابوو، ناوبانگی دەرکردبوو لە مەلەوانی و ڕاکردنا، وە تا ئەو ڕۆژەی کە ماکفادن خواستبووی (٦٠) گرەوی وەرزشی بردبووەوە!...

لەم ئافرەتە چوار کچی بوو، لە هی پێشوشی دوو کچ. بەدڵ حەزیان لە بوونی کوڕێکیش ئەکرد. ماکفادن کەوتە بنج و بناوانی ڕازی کوڕ و کچ لە دایکبوونەوە دوایی ئەو ڕازەی دۆزیەوە. وە لە گۆڤارەکەیا بڵاوی کردەوە کە هەموو کەس ئەتوانێ بەئارەزووی خۆی کوڕ یا کچی ببێ!. خەڵک وە بەتایبەتی پزیشکەکانی دوژمنی گاڵتەیان کرد، کردیان بەڕێژگاو! ماکفادن بەربەرچی دانەوە، گوتی سا ئەوا من پێتان ئەڵێم ئەمساڵ بێتەوە کوڕم ئەبێ!. ئایا سەرت سوڕنامێنێ کە بڵێم ماکفادن ئەم قسەیەشی بردە سەر!؟. لەپاش ساڵێک ماکفادن کوڕێکی بوو، پاش ئەو بەرەو دوا دوو کوڕی تریشی بوو!؟. کوڕە

نوخشەکەی یانزە مانگ ژیا، مرد. دڵی ماکفادن و ژنەکەی هەڵقرچاند. بەڵام لەگەڵ ڕژاندنی فرمێسکەکانیا، لە گۆڤارەکەیا پێی لێ نا، کە لە بەخێوکردنیا هەڵەی کردووە، وە بڕیاری دا کە ئیتر هەڵەی وا نابێ بکاتەوە!...

ماکفادن، پیریی کاری لێ نەکردووە، ئێستاش وەک جاران وازی لە وەرزش و گەڕان نەهێناوە. هەفتەی جارێ دوو جار، بەزیانی بەڕۆژەوە (٢٧) میل بەپێ ئەبڕێ تا ئەگاتە جێی کار و فەرمانەکەی. لە پاش پشوویەکی یەک سەعاتی دەست ئەکا بەفەرمان وەک ڕۆژانی تر. ئنجا ئەگەڕێتەوەماڵێ بەسواری ئۆتۆمبیلەکەی. وە تا برسیی نەبێ ڕۆژووەکەی ناشکێنێ!.

لە تەمەنی (٦٠) ساڵیا فڕۆکەیەکی کڕی و فێری گێڕانی بوو و ئەیگێڕا!.

ماکفادن، ئێستە بەکلۆرپارەی هەیە، لەگەڵ ئەوەشا لە پۆشین و ڕابواردنا هەروەک جارانە، لە خۆی نەگۆڕ بووە، لە هەموو شتێکا حەز، لە سادەیی و پاک و پوختەیی و ناوازەیی ئەکات. جگەرە، بابەتی سەرخۆشی، قومار، داوێن پیسیی نییە، لە هەفتەیەکا دوو ڕۆژ خۆی بەرێک و پێک خستنی کەلوپەلی ناوماڵ، باغچە و بەخێوکردنی هەنگ و ئەو جۆرە شتانەوە خەریک ئەکا. ژنێکی خێزانیی نایاب ڕائەبووێری، یەجگار حەز لە بینینی سینەما ئەکات. وە هەموو جارێ لەگەڵ خێزانەکەیا ئەچێتە سینەما.

ماکفادن، جیهانێکی گۆڕی و خستییە سەر ڕێگای پێشکەوتن و تەندروستی و کامەرانی. بەڵام خۆی نەگۆڕاوە وە هێشتا هەر لەسەر بیروباوەڕەکانی پێشوویەتی. وە هەرچی سایە و پایە و سەرمایە و گەشی و خۆشییەکیشی بۆ پێک هاتووە، هەمووی لە سایەی «لەش پێ گەیاندن»ەوە ئەزانێ!؟...

«بڕایەوە»

سەرچاوەی نووسراو:

١- انباء الانسانية، شاكر الدبس، سوريا.

٢- اساطين العلم الحديث، فؤاد صروف، مصر.

٣- الرواد، فؤاد صروف، مصر.

٤- ماكفادن، فولتون اورسلار، ترجمة فائق الجوهري، مصر.

٥- مجلة الرياضة البدنية ١٩٣٠ - ١٩٣٢، فائق الجوهري، مصر.

٦- الحيوية الجنسية، ماكفادن، ترجمة فائق الجوهري، مصر.

٧- منهج التربية الروحية، فائق الجوهري، مصر.

٨- مهاتما غاندي، رومن رولان، ترجمة عمر فاخوري، بيروت.

٩- مجلة المختار، عدد ابريل/١٩٤٧، فؤاد صروف، مصر.

١٠- تولستوي، حسن محمود، مصر.

١١- الشخصية، عطية الابراشي، مصر.

12- Great Leaders - Franklin J. Meine - U.S.A

پێرست

پێشدەستی 5
شاکر فەتتاح لە بواری زماندا 15
فەرهەنگۆک 17
ئینگلیزیی بۆ چ بخوێنیین؟ 19
نووسینی بەلاتینی 51
نرخی ویژەیی -١- 55
هۆنراوەی کوردی 55
کـێش: الوزن 56
ئاورێک بۆ پاشەوە 60
هۆنراوەکانی ئاڤێستا 61
سەرنجێک لە کاتەکانی زەردەشت 62
هۆنراوەکانی زمانی پەهلەوی 63
ئەو کێشە برگەییانەی ئێستا باون 64
کێشی هۆنراوەی عەرەبی 66
سەروا «قافیە» 68
سەرنجێکی کورت لە هۆنراوەی کوردیدا 71
ویژە 72
ئاینەکانی ویژە «مذاهب الأدب» 72
هۆنراوەی داستان 72
هۆنراوەی گۆرانی «الشعر الغنائي» 74
هۆنراوە «شعر» 75
کەرەستەی هۆنراوە «عناصر الشعر» 76
هۆی دەربڕین و شێوەکانی «وسائل التعبير وطرائقه» 76
کۆڕی هۆنراوە «مجالات الشعر» 77
وێنەی هۆنراوە «الصوره الشعريه» 77
کلاسیکی و ڕۆمانتیکی 77
ئاینی نیشانەگەری «المذهب الرمزي» 79

نرخی وێژەیی -٢- بۆ پۆلی چوارەمی زانستگای وێژە 80
نرخی وێژیی چییە؟ 80
پەیدابوونی نرخی وێژەیی لەزبانی کوردیدا 83
نرخی وێژەیی چییە؟ 85
چێشکەی وێژەیی 86
نرخی وێژەیی زانستەیان هونەر؟ 88
فرمانی نرخی وێژەیی 89
هەندێ ئەندازەی نرخی وێژەیی 90
شێوەی نووسین «الصورة» 95
پەخشان 97
بەشەکانی پەخشان 99
مێژووی جوولانی پەخشانی کوردی 101
چیرۆک 104
مێژووی چیرۆکی لاسایی 105
جیاوازی ناوەند چیرۆک و چیرۆکی لاسایی 107
شێوەی چیرۆکنووسین 109
شێوەی نووسینی چیرۆکی لاسایی 110
چیرۆکی کورت 111
نرخی وێژیی بۆ چیرۆک چۆن دائەنرێ 111
دڵداری لە چیرۆکدا 112
نموونەی پەخشانی کوردی 114
مێژووی پرۆژەی خوێندەواری کورد 122
پرۆژەی خوێندەواری کورد چییە و چ ئامانجێکی هەیە؟ 122
مێژووی پرۆژەی خوێندەواری کورد 123
ناوی زنجیرەی نووسراوەکانی پرۆژەی خوێندەواری کورد 125
ڕستەی ناوی ئەو نووسراوانەی دامناون لە ساڵەکانی ماوەی (١٩٢٧)ەوە تا (١٩٨٤) 126
ڕستەی ناوی ئەو نووسراوانەی کردوومن بەکوردی (١٩٣٣) لە ساڵەکانی ناوەند و (١٩٨٤)دا ... 127
ڕستەی ناوی ئەو نووسراوانەی لەگەڵ لێژنەکاندا کردوومن بەکوردی 133
چاپکراوانی نووسراوەکانی پرۆژەی خوێندەواری کورد لە ساڵانی(١٩٣٣)وە تا ساڵی(١٩٨٤) 133
ئەو وتارانەی لە تەلەفزیۆنی کوردیی کەرکوکدا بڵاوم کردوونەتەوە 135
ناوی ئەو وتارانەی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدادا بڵاوم کروونەتەوە 136

رستەی ناوی وتارەکانم کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاوم کردوونەتەوە 140
ڕاژەکانی تری پرۆژەی خوێندەواری کورد 148
بیروباوەڕی بوێژان و زانایان و ڕۆشنبیران بەرامبەر پرۆژەی خوێندەواری کورد 150
چیرۆک و پەخشان 154
هاواری وەتەنە خۆشەویستەکەمان 154
(ئاینده) لە چیرۆکێکدا 156
ئاواتی دڵ 158
ژینێکی بەرز 161
شـەبەنگەبەرۆژ 164
چیـرۆک 198
ئەنجامی ئازداری 198
لێرە و لەوێ 204
هـاوار!! 205
فرمێسکی کاکە مەم 206
ژینی نوێ 207
شەڕ و ئاشتی 209
بەرخەکە 214
زۆرداری بەرێـز 215
ڕاپەڕینی گەل 217
گوندی ئازاد 218
خەبات بۆ سەربەستی 219
دوژمنی خـوێندنگا 220
دادپەروەران 222
زانستی خۆناسین 244
ڕێگای سەرکەوتن 244
ڕێگای کامەرانی 247
لەنگەری پێشکەوتن 252
ئـاوات 257
جوانی 261
شیعر 262
خۆشخوانی 264

نامه و شیعرێکی مامۆستا بۆ شێخ محمدی خاڵ 276
پەرشنە 280
کۆمەڵە شیعرێکی تر 320
ئەدەبی منداڵان 323
چیرۆک بۆ مناڵان 325
هاورێی منداڵان 346
سەرنجێک لەم (هاورێی مناڵ)ە 346
هاورێی مناڵ 346
کۆمەڵی دەستەبرا 348
چاپخانەی کوردستان 350
شاگردی سەرکەوتوو 351
خوێندنگای پیاوەتی 352
کورد و کوردستان 354
سوڵتان سەلاحەدین 355
نەورۆز 356
سەیران 357
ماڵ رێکخستن 357
شار رێکخستن 358
مەڕ 359
سەمەنی 359
بەفر 360
لاسایی کردنەوە (تمثیل)ی: گەزۆ 361
قسەی پێشینیان 362
تری 362
لاسایی کردنەوەی سەرگوروشتەی مام رێوی 364
کەمەی مامۆستا و شاگرد 369
زانستی گشت لایی 370
خانەدانی نیشتمانپەروەر 374
فەرمانبەرێکی بەنرخ 375
وەرزین 377
سەرۆکی هونەرمەند 378

دەوڵەمەندی پەسەند 381
خودای هەژاران 384
خودای هەژاران 385
قاڵی چن 390
ژیانی هەرەوەزی 392
کۆمەڵی دیدەوانی 396
ورچەکەی کوڕە کاژاو 399
بەرازەکەی شارەزوور 400
چیرۆکی بزن و مەڕ 403
گەورەی دادپەروەر 408
شیعر بۆ منداڵان 414
ژینی تایبەتی 415
لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی 417
گەورەپیاوان 425
ئەدیسن 427
ولبەرفورس 431
بیل 435
نانسن 438
گزتەمبەرگ 443
هورد 447
کۆلۆمب 452
سەمپسن 456
مارکۆنی 460
غاندی 466
ماکفادن 474